چەند تێکستێکی وەرگێڕاو

نوسینی

کارل پۆپەر- ژۆلی سادا ژاندرۆن- ڤۆلتێر-کانت-مالکۆم هیملتۆن-کارل کۆهن-نیرا چانۆک-ستیوارت هیوز-بابەکی ئەحمەدی-حەمید عوزدانلو-رابرت هولاپ-هربرت مارکیوز-ئرنست کاسیرەر-بابەکی ئەحمەدی-ئرنست کاسیرەر-ئرنست کاسیەر-زیگمۆند باومان-چارلز چنگز-گلن ورد-حسین بششیریە-ژان فرانسوا لیوتار-هیوبرت دریفوس - بول رابینو-کیت ئانسل پیرسۆن-کیت ئانسل پیرسۆن-میشل فۆکۆ-جورج تەرابیشی-ئەریك فرۆم-ستیوارت هیوز-ستانلی بن

وەرگێڕانی

ڕێبین هەردی

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی پۆشنبیری

بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران

xaneywergeran@hotmail.com

- ناوی کتێب: چەند تێکستێکی وەرگێراو
- نووسەر: چەند نوسەرێك
- وەرگێڕانی: ڕێبین هەردی
- پیتچنین: ڕێبین هەردی
- دیزاینی ناوەرۆك: زانا کەمال
- بەرگ : ئارام عەلی
- تیراژ: ١٠٠٠
- زنجیرە: ٢٢٣
- چاپخانە: کاروّ
- چاپ: چاپی یەکەم
- ژمارەی سپاردن: (٢١٩١) ساڵی (٢٠٠٨)

پێڕست

عەلمانیەت و لێکبوردن:	
لێکبوردن و بەرپرسیارێتی فکری.....کارل پۆپەر	٩
فەزیلەتی گشتی، فەزیلەتی تایبەتی.....ژۆلی سادا ژاندرۆن	٣٤
لێبوردن لەبەرامبەر دەمارگیریدا.....قۆلتێر	٦٥
رێنمای مرۆڤ لە بواری باوەڕدا.....کانت	٧٥
عەلمانیەت.....مالکۆم هیملتۆن	٨١

دیموکراسی و کۆمەڵگای مەدەنی	
دیموکراسی چیە.....کارل کۆهن	١١٥
کۆمەڵگای مەدەنی: مێژووی چەمکەکە.....نیرا چانۆک	١٢٢
رەخنە لە کۆمەڵگای مێگەلی.....ستیوارت هیوز	١٤٢
مارکس و دیموکراسی.....بابەکی ئەحمەدی	١٨٧

بزوتنەوەی خوێندکاری	
خوێندنەوەی فکری ٦٨.....حەمید عوزدانلو	٢٤١
دیموکراسی و بزوتنەوەی خوێندکاری.....رابرت هولاپ	٢٥٤
مەسەلەی توندوتیژی و یاخیبوونی رادیکال.....هربرت مارکیوز	٢٩٣

مۆدێرنە و رۆشنگەری	
زیهنی رۆشنگەر.....ئرنست کاسیرەر	٣٢٣
مۆدێرنە و فەلسەفەی ئەخلاق.....بابەکی ئەحمەدی	٣٥٣
ئەفسانەی مەکیاڤیلی.....ئرنست کاسیرەر	٣٧٨
پێداویستیەکانی تیۆرەی تازە لەبارەی دەولەتەوە.....ئرنست کاسیەر	٤٠٧
مۆدێرنە.....زیگمۆند باومان	٤٣٩

پۆستمۆدێرنیزم	
پۆستمۆدێرنیزم چیە؟.....چارلز چنگز	٤٥٧
پۆستۆدێرنیزم لەهەموو جێگەیەکدا هەیە.....گلن ورد	٤٦٥
سەرنجێک لەژیان‌و بیروباوەڕو .....حسین بششیریە بەرهەمەکانی ژان فرانسوا لیوتار	٤٨١
لەدەسەلاتی سەرکوتەوە بۆ دەسەلاتی چاودێریکراو بەسەر ژیاندا..... هیوبرت دریفوس – بول رابینو	٥٠١
میراتی نیتچە..... کیت ئانسل پیرسۆن	٥٢٨
نیتچە و فەمەنیزم.....کیت ئانسل پیرسۆن	٥٤٥
ئایا بیرکردنەوە بە راستی گرنگە.....چاوێکەوتن لەگەڵ میشل فۆکۆ	٥٧٠

چەند تێکستێکی فکری	
قوتابخانەی فرانکفۆرت، دیدی رەخنەگرانە.....زحسین بەشیریە	٥٧٧
کتێبی رەشی کۆمنیزم.....جورج تەرابیشی	٥٩٦
پەرەسەندنی تێروانی فرۆید بۆ توندوتیژی‌و وێرانکاری.....ئەریک فرۆم	٦١٥
رەخنە لە فاشیزم.....ستیوارت هیوز	٦٢٤
ناسیۆنالیزم چیە؟.....ستانلی بن	٦٣٨

پێشەکی

یەکێك لە رۆشنبیرە ئیرانیەکان دەیگوت (لێرەدا بەپێی مانا قسەکان دەهێنمەوە) یەکێك لەئەرکە گرنگەکانی رۆشنبیر بەتایبەتی لەجیهانی سێهەمدا ئەوەیە لانیکەم کتێبێك یان دوان بۆ زمانی خۆی وەربگێرێت. ئەم قسەیە تاڕادەیەکی زۆر راستە، بەتایبەتی بۆ کۆمەڵگایەکی وەك ئێمە کە لەهەلومەرجی فەقیریەکی کوشندەی وەرگێڕاندا دەژی. رەنگە کتێبخانەی کوردی یەکیك بێت لەفەقیرترین ئەو کتێبخانانەی کەکەمترین کەرەسەی فکری و ئەدەبی و سیاسی..هتد بەخوێنەرانی دەبەخشێت. کتێبخانەیەکی هێندە فەقیر کە هیچ خوێنەرێك کە تەنها زمانی کورد دەزانێت، ناتوانێت شارەزای بوارێك لەبوارە کلتوریەکان بکات. پێویستی ئێمە بۆ وەرگێڕان لە زمانەکانی ترەوە، دەیانجار لەپێویستی ئێمە بەنوسەر گرنگتر و لەپێشترە. بەتایبەتی گەر ئەو راستیە بزانین جیهانی هەنوکەمان لەهەموو ئاستەکانیدا، لەناوەڕۆکدا بەرهەمی نوسین و داهێنانی بیریارانی بواڕە جیاوازەکان بووە. هیچ داهێنانێکی تازە نیە، گەر لەپشتیەوە نوسینێك، تیورەیەك، داهێنانێك نەبێت. جیهانی ئەمڕۆ تانوپۆی بە کتێب و نوسین دروستکراوە. بۆ گەلێکی وەك ئێمەش کە دەیەوێت لەمێژووی ئەم جیهانەدا بژی، هیچ ڕێگەیەك نیە جگە لەوەی هەوڵبدات لەڕێگەی وەرگێڕانەوە پتر ناسین و شارەزای بۆ تیورە و کلتوری کۆمەڵگاکامی تر پەرەپێبدات. وەرگێران هەمیشە لەوە دەمانپارێزێت مێژوو لەسفرەوە دەستپێبکەین. چونکە لەگەڵ خۆیدا شارەزای و ئەزمنی گەلانی دیمان بۆ دەگوێزێتەوە کە بەشێوەیەك ئاسۆی هوشیاریمان فراوانەکات کە بتوانین باشتر و عەقڵانیانەتر ژیانی هەنوکەی خۆمان بژین.

تاچەند کۆمەڵگایەك پرۆسەی وەرگێڕان تیاییا گەورەو فراوان بێت، هێندەش ئەگەری کرانەوەو هەڵکردنو قبوڵکردنی جیاوازی تیا فراوانتر دەبێت. رادەی کرانەوەو نەکرانەوەی کۆمەڵگاکان، پەیوەندیەکی تەنگاوتەنگی بەو ناسینو راهاتنو قبولکردنی دیدو بۆچونی کلتورە جیاوزەکانەوە هەیە. تا ناسینی کۆمەڵگایەك بۆ بەرهەمو شێوازی بیرکردنەوەو دابونەریتەکانی کلتورەکانی دی فراوانتر بێت، توانای ئەگەری تەحەمولکردنی جیاوازیو هەڵکردنو لێکبوردنی گەورەترو فراوانتر دەبێت. وەرگێران ئەو ئامرازەیە کە لەرێگەیەوە کۆمەڵگایەك هەم ئاسۆکانی ناسینی خۆی تیا گەورەدەکات، هەم تواناکانی هەڵکردنو تەحەمولکردنی تیا پەرەپێدەدات. لەراستیدا چۆن نوسین دەلالەت لەتواناکانی قسەکردنی کۆمەڵگایەك و ئاستی پێشکەوتنی دەکات، هێندەش وەرگێڕان دەلالەت لەتواناکانی گوێ لێگرتن و ئاستی قبوڵکردنی جیاوازی لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا دەکات. لەرێگەی وەرگێڕان و خوێندنەوەی بەرهەمی کلتورەکانی دیەوە، فێردەبین زیاتر خاکی بین و خۆمان لە نەخۆشی دۆگمابوون و خۆ بەراستزانی بپارێزین. بەم مانایەش وەرگێڕان یەکێکە لە هەرە پێداویستیە سەرەکەیەکانی ئەم قۆناغەی ژیانی رۆشنبیریمان

خۆشبەختانە لەدوای راپەڕینەوە جوڵەیەکی بەرچاوی وەرگێڕان لەکوردستاندا دەستی پێکردووە کە هێشتا لەسەرەتاکانێتی. چەندان دەزگا و گۆڤار و بڵاوکراوە لەم جوڵەیەدا بەشداریانکردووە و دەوریان هەبووە لەوەی لەبورای جیاوزادا وتار و کتێبیان وەرگێڕاوە. بەڵام ئەوەش راستە کە ئەم هەوڵانە هێشتا لەسەرەتادان و هێشتا هەم لەرووی چونایەتی و هەم لەرووی چەندایەتیەوە کەمن. ئەمڕو لەهەموو کاتێك زیاتر پێویستمان بەسەرمایەگوزاری لەم بوارەی ژیانی کلتوریدا هەیە کە بۆ خوێنەرانی نەوەی تازە یەکجار پێویستە کە زوربەیان تەنها زمانی کوردی دەزانن.

ئەم کتێبە هەوڵدانێکی بچوکە لەم جوڵەیەدا..زوربەی ئەو وتارانەی لەم کتێبەدا کۆ کراونتەوە و لەکات و شوێنی جیاوازدا بڵاوکراونتەوە و هەندێکیشیان بۆ یەکەمجارە بڵاودەکرێنەوە. هیوادارم بەم کتێبە بەشداریەکی بچوکم لە بزوتنەوەی وەرگێڕاندا کردبێت کە لەهەر شتێکی دی زیاتر پێویستمان پێیەتی

ڕێبین هەردی

عەلمانیەت و لێکبوردن:

لێکبوردن و بەرپرسیارێتی فکری.....کارل پۆپەر

فەزیلەتی گشتی، فەزیلّەتی تایبەتی....ژۆلی سادا ژاندرۆن

لێبوردن لەبەرامبەر دەمارگیریدا.....قۆلتێر

ڕێنمای مرۆڤ لە بواری باوەڕدا.....کانت

عەلمانیەت.....مالکۆم هیملّتۆن

لێکبوردن و بەرپرسیارێتیی فیکری

کارل پۆپەر

سەرەتا لەوە ناچێت چیدی "لێکبوردن" کێشەیەك دروستبكات، لایەنیكەم لەولاتە دیموكراسیەكاندا، لەئەوروپاو ئەمریكای باكوورو ئوستورالیاو نیوزلەندادا. ئاشكرایە هەموو تاكەكەسێك لەكۆمەلگا كراوەكانی رۆژئاوادا یان لەو كۆمەلگایانەدا كە بەرەو كۆمەلگای كراوە دەچن، خۆی لەهەڵوێستێكدا دەبینێتەوە كە لەلایەن كەسانی دیەوە جێی لێكبوردنەو هەموو كەسێك بەگشتی زۆر زیاتر لەوەی بڕوای بەدیموكراسی هەبێت بڕوای بە لێكبوردن هەیە، بێگومان خەڵكانێك كە باوەڕێكی بەتینو بەهێزیان بە لێكبوردن هەبێت، گرفتێكی جدی دەهێننە پێشێ: گرفتی ئەوەی ئایا لەپەیوەندی سۆزداریمان بەلێكبوردنەوە زۆر زیاتر لەپێویست نەڕۆیشتووین. چونكە ئێمە لەترسی ئەوەی وا دەركەوین كە كەسانی لێبوردوو نین، وامان لێهاتووە ئارەزووی فراوانی لێكبوردن لەشێوە یاساییەكەیدا دەكەین، بۆ ئەوەی تەنانەت ئەوانەش بگرێتەوە كە كەسانی لێبوردو نین. ئەوانەی هەوڵی بلاوكردنەوەی ئایدیۆلۆژیەكانی لێكنەبوردن دەدەن. ئەو ئایدیۆلۆژیانەی كە پەیڕەوی ئەو بنەمایە دەكەن كە دەڵێت ئەو لایەنگرەی لەگروپەكەی جیابێتەوە، دەبێت لەڕێی هێزەوە لەناوببرێت. ئەو ئایدیۆلۆژیانەی سەیری جیابووەكان، وەك كۆمەڵێك تاوانباردەكەن. ئالێرەشدا من ئەم مەسەلەیە وەك یەكێك لەمەترسیە ترسناكەكان سەیر دەكەم كە بەرەو رووبوونەوەی دەبێتەوە. ئەمەش نەك هەر لەڕووی تیوریەوە، بەڵكو لەڕوی پراكتیكشەوە. لێرەشدا دەمەوێ سەرنجتان بۆ ئەوە رابكێشم كە ئێمە بەهۆی زیادەڕۆییمان لەبیرۆكەی لێكبوردندا، خۆمان لەبەردەم مەترسی لەناوبردنی ئازادیو لێكبوردندا دەبینینەوە.

لێرەدا نامەوێ بڵێم مەترسیەكە لەبەرچاوماندایە. بەڵام هاتنە سەر دەسەڵاتی دیكتاتۆریە تۆتالیتارە جیاوازەكانو دیكتاتوریەكانی لینینو موسولینیو ستالین-

سەرەڕای كەوتنی چیكۆسلۆڤاكیای دیموكراسی لەساڵی ١٩٤٨داو داگیركردنی لەساڵی ١٩٦٨داو كۆمەڵێك نمونەی دی، هەموو ئەمانە پیشانماندەدەن دەشێ چی رووبداو چۆنیش رووبدا. بێگومان ئەركی ئێمەشە لەم رووداوانەوە فێر ببین: دەبێ لەمێژوو و لەهەڵەكانمانەوە فێربین.

لەراستیدا ئەو ترسە زیادەیەی هەمانە لەوەی ئێمەی كە بڕوامان بەلێكبوردن هەیە، رەنگە ببین بەكەسانێك كە لێبوردو نین، بۆتە هۆی هەڵوێستێكی هەڵەو پڕ مەترسی كە ناچارماندەكات لەهەموو شتێك ببورین، تەنانەت رەنگە لەكاری تۆندوتیژیش. بێگومان لێكبوردن بەرامبەر بە هەر شتێكیش كە چەند هەنگاوێكی كەم لەتوندوتیژیەوە دووەر. ئەم هەڵوێستە بەشێوەیەك لەشێوەكان قابیلی تێگەیشتنەو بگرە شایەنی سەرسام بوونیشە. چونكە لەو دیدەوە سەرچاوە دەگرێت كە لەپشت بناغەی سەرجەم بیرۆكەی لێكبوردنەوەیە: ئەو دیدەی دەڵێت ئێمە هەموومان دەشێت هەڵەبینو بانگەشە بۆ هەڵەبكەین، ئەو دیدەی دەڵێت رەنگە من هەڵەبمو تۆ راست بكەیتو پێویستە خۆم وافێربكەم چۆن لەو هەستە ترسناكە هەڵخەڵەتێنە یان بەو بڕوایەی پێم دەڵێ: ئەوە منم هەمیشە لەسەر راستیم، خۆم بپارێزم چەند بەهێزیش بێت. چونكە تاچەند ئەم هەستە بەهێز بێت، ئەوا زیاتر ئەو مەترسیە شاراوەیە زیاد ئەكات سەبارەت بەوەی بەدەستی خۆم، خۆم نائومێد بكەم. هەروەها مەترسی ئەوەی خۆشم ببم بەدەمارگیرێكی لێنەبوردە.

كەس ئەم شتەی هێندەی ڤۆڵتێر بەڕوونی نەبینی،و كەسیش هێندەی ئەو بەجوانی دەرینەبڕی كاتێك نووسی (من لێرەدا ئازادانە قسەكان دەهێنمەوە)(١).

"لێكبوردن چیە؟ لێكبوردن دەرەنجامێكی لكاوە بەبوونی مرۆڤایەتیمانەوە. ئێمە هەموومان بەرهەمی لاوازیین. هەموومان لەرزیوینو هەڵەدەكەین، لەبەر ئەوە لێگەڕێ لەیەكدی ببورینو لەشێتی یەكدی بەرامبەر بەیەك بەشێوەیەكی دوولایەنە ببورین. ئەمەیە بنەمای یەكەمی یاسای سروشت و بنەمای یەكەمی سەرجەم مافەكانی مرۆڤ"

من زۆر بەم دەربڕینەی ڤۆڵتێر سەرسامم. بەڵگەكانی لێرەدا زۆر تۆكمەنو لەسەر ئەو دیدەی سوكرات دامەزراوە كە دەڵێت: "من دەزانم كە نازانم..زۆر بەكەمكوڕیش ئەمە دەزانم"(٢). زانینی ئەم راستیەش بەسە بۆ ئەوەی داوا لەیەكدی

بکەین بەشێوەیەکی دوولایەنە لەیەکدی ببورین. بەڵام گەر هێرشکرایە سەر بیرۆکەی لێکبوردن، ئەوا ئەمە بەتەنیا بەس نیە.

ڤولتێر بەڕوونی ئەوەی دەبینی کە دەبێت لێکبوردن دوولایەنە بێت: واتە دەبێت لەسەر بنەمای بەرامبەر (تقابل) بێت. بەڵام پێشبینی دروستبوونی کۆمەڵگایەکی دیموکراسی نەکرد کە لێکبوردن تیایدا دەبێت بە بنەمایەکی قبوڵکراو نەك هەر لەڕووی لێکبوردنی دینیەوە، بەڵکو لەڕوی لێکبوردنی سیاسیشەوە. هەروەها پێشبینی ئەوەی نەکرد کە لەکۆمەڵگایەکی وادا کەمایەتیەك دروستببێت، کە ئامادەنیە هیچ شتێك لەبەرامبەر ئەو لێکبوردنەدا پێشکەشبکات کە زۆرینە پێیدەبەخشێ: کەمایەتیەك کە قبوڵی بنەماکانی لێکنەبوردنو تیورەی پێویستی تۆندوتیژی دەکاتو بگرە هەندێکجار کاری تۆندوتیژیش دەکات. ئەوەندەش هۆمان لەبەردەستدایە کەوامان لێبکات بڕوا بەوە بهێنین ئەم کەمایەتیە گەر بۆ رۆژێکیش دەستی بەدەسەڵات بگات، ئەوا دیموکراسیو ئازادی قسەو لێکبوردن لەناودەبات.

گرفتەکەشمان لێرەدایە: ئایا دەبێت لەگەڵ ئەم کەمایەتیەدا لێبوردوو بین یان نا؟ ئەگەر لێیان نەبورین ئەوا وا دەردەکەوێت کە نکوڵی لەبیروباوەڕە تایبەتیەکانمان دەکەین. وا دەردەکەوێت کە پاشەکشێدەکەین لەبەردەم لێنەبوردنداو بەمشێوەیە دەبین بەکەسانی دوو ڕوو. ئەگەر لێشیان بوراین، ئەوا بەرپرسیار دەبین لەبەرامبەر نەمانی دیموکراسیو نەمانی لێکبوردندا.

بێگومان هیچ یەك لەو گەورە بیریارانەی بەرگری لەلێکبوردن دەکەن -لەئیراز مۆسەوە تا جۆن لۆکو ستیوارت میل- پێشبینی ئەگەری گەیشتن بەهەڵوێستێکی وا نالەباریان نەدەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت لێرەدا ئەوە بڵێم کە لۆکو میلو زوربەی ئەوانەش کە پەیڕەویانکردن، توانیان بەشێوەیەك پەرە بە تیورەی لێکبوردنو دیموکراسی بدەن کە بتوانرێت بەشێوەیەکی شایستە وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە: لەم بارودۆخە تازەیەدا دەبێت چیبکرێت؟ ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە ئەوان لایان روون بوو، نابێت لێبووردن بێسنووربێت.

ئاشکرایە سەبارەت بەو هەلومەرجەی ئێستامان، وەڵامەکە لەفورمە پراکتیکیەکەیدا دەبێت بەمشێوەیە بێت: تا ئەوکاتەی ئەم کەمایەتیە لێنەبوردانەو وتوێژ دەکەنو تیورەکانیان وەك پێشنیارێکی عەقڵانی بڵاودەکەنەوە، پێویستە

لێگەڕێن بەوپەڕی ئازادیەوە ئەمکارە بکەن، بەڵام دەبێت سەرنجی ئەو راستیە بدەین کە لێکبوردن دەبێت لەسەر بنەمایەکی دوولایەنە بێت، و ئەرکی سەرشانیشمان سەبارەت بە لێکبوردن لەکەمایەتیەك لەکەمایەتیەکان دەبێت لەو خاڵەدا راوەستێت کە ئەو کەمایەتیە دەست بەکاری تۆندوتیژ دەکات. لێرەدا پرسیارێکی تازە دێتەپێشێ. ئاخۆ کەی وتوێژی عەقڵانی تەواو دەبێتو کاری تۆندوتیژی دەست پێدەکات؟ چونکە ئەم مەسەلەیە لەڕووی پراکتیکیەوە بە ئاسانی بڕیاری لەسەر نادرێت.کاری تۆندوتیژی رەنگە لەشێوەی هاندان بۆ کاری تۆندوتیژ یان لەشێوەی دەسیسەیەکدا دەرکەوێت بۆ رمانی دیموکراسی دەستوری. بێگومان چ هاندان بۆ تۆندوتیژیو چ دەسیسە کردنیش بەئاسانی لەو جووڵانانە جیاناکرێنەوە کە لێیدەبورین. ئەم مەسەلەیەش لەپەیوەندیدا بەیاساوە لەچاو زوربەی مەسەلەکانی تردا بەشتێکی رۆتین دادەنرێت. بۆ نمونە رەنگە ئەستەم بێت، کوشتنی بە ئەنقەست لەکوشتنی بێ ئەنقەست جیابکەینەوە، یان نەتوانین ناشایستەیی، لەوێرانکاری بەئەنقەست جیابکرێنەوە. من لێرەدا وای دەبینم هەلومەرجە مەعنەویو تیوریەکە لەڕووی مەبدەئیەوە زۆر روون بێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زوربەی خەڵك هەستدەکەن، پێویستە لەکارەکانیاندا پەیڕەوی لێکبوردن بکەن، تا ئەو رادەیەی ئارەزووی بینینی جیاوازیان نامێنێت. بۆ نمونە لەنێوان حیزبێکی سیاسیدا (بەمانا دیموکراسیەکەی) وەك حیزبێك کە ئامادەیە رێساکانی دیموکراسی قبوڵبکات، تەنانەت گەر زورینەشی بەدەستنەهێنا، لەگەڵ حیزبێکی دیدا کە بەشێوەیەکی ئاشکرا یان نهێنی دەسیسە بۆ سڕینەوەی دیموکراسی دەکات، ئەگەر حیزبێکی لەمچەشنەش لەرێگەی دیموکراسی یان لەرێگەیەکی دیەوە بۆ ئەم ئامانجە دەگەڕێت، ئەوا ئەمە هیچ لەباسەکە ناگۆڕێت. چونکە لەناوبردنی دیموکراسی لەهەموو حاڵەتەکاندا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کاری تۆندوتیژو نابەرپرسیارانە. پێویستە لەسەر ئێمەش مل بۆ حیزبێکی وا نەدەین، تەنانەت گەر زۆرینەش پێکبهێنێت.

لەبەردەم ئەو پرسیارەشدا کە ئایا حیزبێکی لەمچەشنە مافی ئەوەی هەیە داوامان لێبکات لێبوردوو بین لەگەڵیدا؟ بڕواموایە تیورەکان وەڵامێکی ئاشکرامان دەدەنەوە: نەخێر. ئێمە پێویستمان بە لێکبوردن نیە لەژێر هەڕەشەی لێکنەبوردنداو نابێ لێی ببورین، بە تایبەتی ئەگەر هەڕەشەکە مەترسیدار بێت.

بێگومان ئەرکی سەرشانمانەو دەتوانین تیورەی ئەو کەسانە پوچەڵبکەینەوە کە دەیانەوێت بەهانە بۆ کاری تۆندوتیژی بدۆزنەوە. ئەم تیوریانەش لەجەوهەردا بەردەوام لەیەکدەچن، سەرچاوەی ئەم تیۆرانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قسەیەی گوایە دیموکراسیو لێکبوردنەکەمان کەموکوڕە، و ئێمەش بووین یەکەمجار تۆندوتیژیمان بەکارهێناو بەدرێژایی سەردەمە جیاوازەکان بەکارمانهێناوە، و کەچی بانگەشەی ئەوە دەکەین لێبوردوین. بێگومان هەمیشە ئەم جۆرە لاف لێدانانە لەئارادایە.

هەرگیز ئەو قسەیەم لەیاد ناچێت، بەتایبەتی لەساڵەکانی ١٩١٨و ١٩١٩دا دەمبیست کە گوایە سەرمایەداری بەحوکمی تۆندوتیژی بەردەوامی، بەرپرسە لەژمارەیەک لەو قوربانیانەی کە رۆژانە دەدرانو ژمارەیان زۆر زیاتر بوو لەقوربانیەکانی شۆڕشی سوشیالیزمی بەدرێژایی مێژووی خۆی. ئەوەشم لەیاد ناچێت بەدرێژایی چەند هەفتەیەک خودی خۆم بڕوام بەم خورافەیە کرد. بەڵام بەر لەوەی بگەمە تەمەنی ١٧ ساڵی ئەو هەلەم بۆ ڕەخسا بەچاوی خۆم ژمارەیەک لەقوربانیەکانی شۆڕشی سوشیالیزمی ببینم. ئەم ئەزموونەش وایلێکردم بۆ هەتاهەتایە ڕەخنەگرێکی تۆند بم دژی ئەمجۆرە قسانەو دژی هەموو ئەو سەرچاوانەش کە هەوڵدەدەن بەهانە بۆ بەکارهێنانی تۆندوتیژی بهێننەوە، ئیدی سەرچاوەکەی لەهەر لایەنێکەوە بێت. هەروەها تاڕادەیەک بیرووڕام ئەو کاتە گۆڕی کە گوێم لە"گۆرینگ" بوو پاش هاتنە سەر حوکمی نازیەکان بەهۆی هەڵبژاردنێکی گشتیەوە، دەیگوت: ئیدی ئامادەیە پشتگیری هەموو سەربازێك لەسەربازەکانی هێزی گەردەلوول بکات کە ناچار دەبێت تۆندوتیژی بەکاربێنێت. دژی هەر کەسێك بێت، تەنانەت گەر هەڵەیەکی بچوکیشی کردو لەبری کەسی داواکراو و یەکێکی دی بەهەڵە دەستگیربکات. پاشان "شەوی خەنجەرە درێژەکان" هات. ئەو شەوەی نازیەکان بەر لەڕوودانی ناویان لێنابوو. ئەو شەوە بوو کە نازیەکان خەنجەرە درێژو دەمانچەو تفەنگەکانیان بەکارهێنا نەك دژی نەیارەکانیانو جوولەکەکان، بەڵکو دژی جەماوەریترین رابەرەکانی خۆیان (واتە) دژی نەیارەکانی هیتلەر کە لەریزی لایەنگرانی خۆیاندا بوون: لەوانەش رۆهمو زوربەی هاوڕێکانی(٣). (ئەمانە بەراوردبکەن بەوەی چۆن (لەهەمان ئەو کاتانەداو بەدیاریکراوی پێش جەنگی جیهانی دووهەم بەماوەیەك) ستالین دادگاکانی بەکارهێنا بۆ لەناوبردنی حەرەسی کۆنەکانو پاش ئەمەش ژمارەیەك لەو

کەسانەی بەوپەڕی دڵسۆزیەوە خزمەتیان کردبوو. تا ئەو کاتەی چارەنووسی خۆشی —وەك هەندێك بڕوایانوایە- بەدەستی جەلادێك کۆتایی هات کە دژی دوژمنەکانی یارمەتی دابوو. هەروەها ئەمە بەراوردبکەن بەوەی چۆن ڕۆبسپێر دەسەڵاتی خۆی دژی هاوڕێکانی بەکارهێنا، تا دواجار خۆشی چارەنووسی لەبەردەم هەمان ئەو گڕوتینەدا کۆتایی پێهات (کە هاوڕێکانی خۆی بۆ ڕاپێچ کردبوو).)

لێرەوە لەپاش ئەم ڕووداوانەی ئەڵمانیاوە، وازم لەپەیوەندی ڕەهای خۆم بە بنەماکانی ناتوندوتیژیەوە هێنا: چونکە بۆم ئاشکرابوو لێکبوردن سنوری هەیە. بەڵام ئەمڕۆ چۆن دەتوانین وەڵامی ئەو قسەڵۆکانە بدەینەوە کە دەڵێت ئێمەی لایەنگرانی دیموکراسیو ئێمەی کە پێمان دەگوترێت "سەرمایەداران"، یەکەم کەس بووین تۆندوتیژیمان بەکارهێناوەو هێشتاش تا ئەمڕۆ بەکاریدێنین؟

من پێمباشە وەڵامی ئەم قسەڵۆکانە بەقسەگەلێك بدەمەوە کە بڕوام بەراستی بوونیانە: پێموایە دەبێ داوا لەنەیارەکانمان بکەین پیشانمانبدەن لەکوێدا هەڵەمان کردووەو چۆن؟ من واقعێك لەبەرچاومدایە ئەویش ئەوەیە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییە دیموکراسیەکانمان، ئەو کۆمەڵگایانانەن کە زیاتر لەهەر کۆمەڵگایەکی دی ئازادیو لێکبوردنو دادپەروەری تیایەو کەمتر تۆندوتیژی لەسەرجەم ئەو کۆمەڵگایانە تیایە کە دەیانناسین: جگە لەکۆمەڵگای ئەسکیمۆ بەر لەسەدەی بیستەم. ئەگەرچی لەم کۆمەڵگایەدا چەند حاڵەتێکی کوشتنی ئەنقەست و نائەنقەست هەبوو، بەڵام جگە لەمە هیچ شێوەیەکی دی تۆندوتیژی تێدا نەبوو. ئەسکیمۆکان بەگشتی بێ حکومەت دەژیانو ڕەنگە بتوانین تەفسیری نەبوونی تۆندوتیژی لەجیهانی ئەسکیمۆدا بەوەبکەین، کە ئەم گەلە لەجوگرافیەیەکی گەورەی زەویدا بڵاو بوبۆوە.

پێشتر هەمیشە گوتوومە: من سەیری کۆمەڵگاکانمان وەك باشترین کۆمەڵگا کە تا ئێستا دروستبووە، دەکەم. بەتاوانیشی دەزانم مرۆڤ ئەم ڕاستیە نەدرکێنێتو بەهەموو هێزیشیەوە نەیلێت. هەروەها پێویستە لەسەر مرۆڤ بەڕەنگاری ئەو کەسانەبکات کە سوورن لەسەر ئەوەی هەندێك گەلی بچوك بەو بڕوایە نابەختەوەر بکەن کە گوایە ئێمە لەجیهانێکی ترسناکدا دەژین. لەجیهانێکدا کە لەدۆزەخی سەرمایەداری دەچێت. ڕاستیەکەی ئەوەیە ئێمە لەجیهانێکی بێوێنەدا دەژین: جیهانێکی جوانو لەناو کۆمەڵگایەکی ئازادو کراوەو سەرسوڕهێنەردا. بێگومان

چاوەڕێی ئەوە دەکرێت بەپێی مۆدەی ئەم سەردەمە، شتێکی پێچەوانەی ئەمە بگوترێت. بگرە ئەمە ئەرکی رۆشنبیرە کە وا بکات- و رەخنە لەنەخۆشیەکانی کۆمەڵگاکەمانو لەستەمە کەڵەکە بوەکانی ناوی و بەتایبەتی لەجیاوازیە ترسناکەکانی بگرێت (هەروەها هەڕەشەی رۆژی لەسێدارەدانمان لێبکرێت کاتێك لەسەر ئەو تاوانانە سزامان دەدەن کە کردوومانە). بەڵام من بڕوامایە هەموو ئەمانە هەڵەن.

راستە، زۆر راستە کەمایەتیەکی بچوك هەیە کە زۆر دەوڵەمەندە. بەڵام ئەمە چ زیانێکی بۆ منو تۆ هەیە؟ بگرە لەوە دەچێ زۆر راست بێت کە کەس بەهۆی دەوڵەمەندی ئەم کەمایەتیەوە دووچاری ناخۆشی نەبووە. ئەمە ئەگەر ئەو راستیە نەدرکێنین کە ژمارەیەك لەم کەمایەتیە بەشێکی زۆر لەسامانەکەی بۆ کۆمەڵێك شتی وەك دامەزراندنی زانکۆکانو پێشکەشکردنی دەرمالّەو پشتگیرکردنی پەروەردەو دامەزراندنی پەیمانگە پسپۆڕەکان لەبواری لێکۆڵینەوەی شێرپەنجەدا بەکاردەهێنێت...ئەمانەش تەنها چەند نمونەیەکن.

لەراستیدا گەرچی کۆمەڵگاکانی ئێمەو دیموکراسیەکەمان هێشتا لەکەمالّەوە دوورە، بەڵام بەتاکە کۆمەڵگایەك دەژمێرێت کە تا رادەیەکی زۆر ئازادی تێدایە، و هەوڵێکی زۆریش لەم کۆمەڵگایانەدا دەدرێت بۆ بەرژەوەندی فەقیرەکانو بڕێکی زۆریش یەکسانی لەبەردەم یاساداو بڕێکی زۆریش لێکبوردنی تیایە. بێگومان کۆمەڵگاکەمان هیشتا زۆر دوورە لەوەی کۆمەڵگایەکی کاملّبێت. چونکە هێشتا زۆر مادە بێهۆشکەرەکانو ئەلکهول‌و توتنی (کە خۆی لەخۆیدا بێهۆشکەرێکی ترسناکە) بەخراپی تیا بەکاردەهێنرێت. بەڵام زۆر زەحمەتە لەم گرفتانە رزگارمانبێت، مادام ئازادی ئەوەندە لامان خۆشەویستە.

لێرەدا رەنگە یەکێك وەڵامم بداتەوەو بڵێت: بەڵام ئەم مەسەلانە کۆمەڵێك نیشانەن کە ئاماژە بۆ ئەو بەدبەختیە دەکەن کە نەوە تازەکان دەیچێژن..بەدبەختیەك کە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی کۆمەڵایەتیو بێکاری.؟ بەڵام ئەگەر ئێوە مەبەستتان لەجیاوازی کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە هەندێك کەس سامانی زیاتریان لەکەسانی دی هەیە، ئەوا دەڵێم ئەم مەسەلەیە بەلای منەوە هیچ گرنگ نیە، مادام ئەو کەسانەی دی دەتوانن ژیانێکی ماقوولّ بژین. بەڵام سەبارەت بە بێکاری ئەوا ئەمە مەسەلەیەکی زۆر جیاوازە.

من دەزانم بێکاری شتێکی ترسناکەو نەخۆشیەکی کۆمەڵایەتی راستەقینەیەو بگرە لەهەموو ئەو گرفتە کۆمەڵایەتیانە ترسناکترە کە بەرەو رووبان دەبێتەوە. بێگومان ناشزانم چۆن ئەم نەخۆشیە ترسناکە چارەسەر دەکرێت. لەناو هاوڕێکانماندا ئابوریزانانی بەناوبانگ هەیە. بەڵام وابزانم پێویستناکات بڵێم چەند بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە، جیاوازیی بۆچون لەنێوانیاندا هەیە. لێرەدا من سەبارەت بەم گرفتە لایەنیکەم لەیەك شت دڵنیام (کە ئەویش ئەوەیە) گەر چارەسەرێکی زانراو بۆ بێکاری هەبوایە، ئەوا بێکاری نەدەما. چونکە هیچ حکومەتێك نیە هەلی وا لەکیس خۆیبدات کە دەرفەتی بردنەوەی هەڵبژاردنی بۆ مسۆگەر دەکات، کە ئەویش هەلی نەهێشتنی بێکاریە.

لێرەدا جارێکی دی دووبارەی دەکەمەوە، کۆمەڵگاکەمان دووبرە لەوەی کاملّ بێت. بەڵام لەدیموکراسیە رۆژئاواییەکاندا پێشوازی لەهەموو ئەو وتوویژانە دەکرێت کە لەبارەی هەڵەی کۆمەڵگاکەمانەوە ئەنجامدەدرێنو بگرە هەنگاوی کردەییش دەنرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانو بەدوای هەنگاوی دیشدا دەگەڕێت. حاڵەتێك کە لەسەرجەم دیموکراسیەکاندا زۆر زیاتر رووبەدات بەبەراورد لەگەڵ هەر سەردەمێکی تری رابردوودا. یان هەر کۆمەڵگایەکی دیدا.

هەوڵدەدەم لەبەرامبەر ئەو کەسانەشدا کە بڕوایانوایە دیموکراسیە رۆژئاواییەکان و لێکبوردنەکەمان کەموکوڕە، لەڕێی پرسیارێکەوە بە ویژدانەوە وەڵامبدەمەوە: ئایا دەکرێ دیموکراسیەکەمان بە دیسپۆنیزمێکی دەمامکدار بزانین، تەنانەت ئەگەر بەو شێوەیەش دەرکەوێت؟ دەکرێ وەڵامی ئەم پرسیارە بەمشێوەیە بدەینەوە.

با بۆ دیموکراسیەتی پراکتیزەکراو، دەسەڵاتی رای گشتی لەئەمەریکا بەنمونە بهێنینەوە. ئەم رای گشتیە بووە هۆی ئەوەی دەوڵەت نەتوانێت چەکی ئەتۆمی لەجەنگی کۆریاو ڤیتنامدا بەکاربهێنێ . . . لەکاتێکدا رەنگە بەکارهێنانی ئەو چەکە ببوایەتە هۆی سەرکەوتنی (ئەمەریکا)، نەك نیوە تێکشکانێك لەجەنگی یەکەمداو تێکشکانێکی تەواویش لەجەنگی ڤیتنامدا. هەر ئەم رای گشتیەش بووە هۆی دەست لەکار کێشانەوەی ریچارد نیسکۆن. ئاشکرایە رای گشتی ماوەیەکی دەوێت بۆ ئەوەی دروستببێت. بەڵام توانی بۆ یەکەمجار لەمێژوودا بێ هەڵبژاردن، جەنگێك ڕاگرێت کە بەردەوامبوو..ئەویش تەنها لەڕێگای ئەوەوە کە چیدی ئامادە نەبوو

پشتگیریبکات. من هیچ رووداوێکی هاوشێوە لەمێژوودا شکنابەم بووبێتە هۆی ئەم سەرکەوتنە کە دەتوانین ناوی بنێین دەرچونێکی ئەخلاقی لەجەنگ. ئەمە دەڵێین بەڵام بێئەوەی حوکم بەسەر ئەوەدا بدەین کە ئایا رای گشتی راستە یان نا، بەتایبەتی گەر ئەوە لەبەرچاوبگرین کەچی لەباشوری ئاسیادا رووید، پاش ئەوەی ئەمەریکا لێیکشایەوە. ئەو نمونانەی لێرەدا دەیهێنمەوە بۆ ئەوەیە بەڵگە بۆ ئەوە بهێنمەوە کە دیموکراسیەت عەیب نیە.

نمونەکانم بۆ ئەوە نیە بڵێم هەمیشە رای گشتی راستە یان لەو نمونانەدا کە هێنامەوە راستیکرد. یان لەداهاتوودا راستەکات. چونکە ئەمە شتێکە ناتوانین لەبارەی هیچ رایەکەوە بیڵێین، جا چ گشتی بێ یان رای دەسەڵات بێت. مەبەستم لێرەدا ئەمە نیە. بەڵکو مەبەستم ئەو پرسیارەیە ئایا دیموکراسی عەیبە یان نا. ئەو بەڵگانەی هێنامەوە بەباشترین شێوە دەریدەخات کە دیموکراسی عەیب نیە. لێرەوە دەتوانین وەڵامی ئەو بەڵگە کلێشەییانە بدەینەوە کە ئەو کەمایەتیانەی بڕوایان بە بنەمای توندوتیژی هەیە، پشتی پێدەبەستن.

لێرەدا دەتوانین شتێکیش لەبارەی مەسەلەیەکەوە بدرکێنین کە زۆر گرنگیەکی کەمتری هەیە: لەسەرەتای پەنجاکانداو پاش پووچەڵ بوونەوەی تیورەی مێژوویی مارکسیزم، هەندێك شێوەی مارکسیزم گۆڕا بۆ ئەوەی ببێت بە چەند رەخنەیەکی ئاڵۆز سەبارەت بەخراپی جیهان و ژیان، بەتایبەتی بەهۆی ناچاری ژیان لەناو دۆزەخی "سەرمایەداریدا". بەمشێوەیەش لەبری پێشکەشکردنی تیورەیەکی دیاریکراو، دەستکرا بە بەرزکردنەوەی دروشمەکان... بەتایبەتی ئەوەی لەدەوری زاراوەی "نامۆبوون" دەخولێتەوە. رەخنەکەش ئەوەیە سەرمایەداری لەژیانی سروشتی خۆمان، نامۆمان دەکات و ژینگەی سروشتیمان لێدەسێنێت.

من ئەمڕۆ ئامادەم دان بەوەدا بنێم کە هەندێ بیناو شێوەی جیاوازی پەرەسەندنی "کۆشکسازی" (معماری) "بەتایبەتی ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مارکس"، ترسناکەو ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شێوازی بەرهەمهێنانەی —لێرەدا دەربڕینە مارکسیەکان بەکاردێنین- کە مارکس ناوینابوو سەرمایەداری. هەروەها ئامادەم دان بەوەدا بنێم کە ئەو هەلومەرجەی دەبوو کرێکاران لەسایەیدا کار بکەن،

زۆر ترسناکتر بوو. دان بەوەشدا دەنێم هەلومەرجی کار لەزۆر شوێندا خراپەو پێویستی بەچاککردن هەیە.. تەنانەت گەر تا رادەیەکیش لەهەموو شوێنەکاندا بڕێك چاك بووبێت.

بەڵام من ناتوانم مارکسیەکان بەجدی وەربگرم کاتێك بەهاتوهاوارەوە رەخنە لەمەیلی گشتی بەرەو نامۆبوون دەگرن...نامۆ بونمان لەژینگەی سروشتیمان، چونکە ئەم مەیلە یەکێکە لەمەیل یان ئاراستە بنەڕەتیەکانی ژیان.. یەکێکە لەئاراستەکانی پرۆسەی "خۆگونجان" (تأقلم).(بۆ نمونە) جینی یەکەم کە ژمارەی لەناو کۆمەڵێك ئەنزیماتدا زیادیکرد (بەو گریمانەوە کە شتێکی لەم شێوەیە رووید ابێت)، یەکەم شت بوو کە خۆی لەژینگەی سروشتی خۆیو لەبواری ژینگەی هەڵبژێراوی خۆی، نامۆ کرد..(ئەمەش) کاتێك لەرێگەی گۆڕانەوە کارەکانی خۆی بەوشێوەیە مەیسەر کرد کە رووکەشی تایبەتی خۆی لەئەنزیمات دروستبکات، کاتێکیش ئەمەی کرد، توانی ژینگەی تایبەتی خۆی دروستبکات: ژینگەیەك کە بێگومان زیاتر سەقامگیرە. ئەمەش ئەو شتەیە کە بەگشتی نامۆبوون دەیکات. بۆ نمونە کاتێك ئەمڕۆ ئێمە پالتۆیەکی چەرمی دژی باران لەرۆژێکی باراناویدا لەبەردەکەین یان پالتۆیەکی ئەستوور دژی رۆژێکی سارد یان جووتێ پێڵاو کاتێك رێگایەکی بەردەڵان دەبڕین (لەپێ دەکەین)، ئەوا ئێمە خۆمان لەژینگەی سروشتیمان، نامۆ* دەکەین بەهۆی بەدەستهێنانی ژینگەیەکی تایبەتەوە لەلایەن خۆمانەوە..رێك وەك حەلەزۆن دەیکات. ئەوەی لێرەدا مانایەکی زۆری هەیە، تەنها ئەوەیە ئایا پالتۆ چەرمەکە توانای گرتنی بارانی هەیە یان پێڵاوەکە نادڕێ..ئەگەر وابوو ئەوا بێگومان هەوڵدەدین شتێکی باشتر لەوەمان دەستکەوێت. لەراستیدا مەسەلەی چاککردنی ئەو پێڵاوەی لەپێی دەکەین، مەسەلەیەکی زۆر تایبەتیە (خصوصی): لەوجۆرە گرفتانەیە کە ژیان دەستەبەری چارەسەرکردنی بەهۆی گۆڕانکاری زیاترەوە دەکات.. واتە هەنگاوی تر بەرەو نامۆبوون و گواستنەوە. وەك ئەوەی گەچێکی پارێزەری حەب بۆ پاراستنی داوو دەرمان بەکاربێنین. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی رەخنەگرتن لەنامۆبوون مەسەلەیەکی هیچوپووچە، و وەك رەخنەگرتن وایە لەنمایشکردن (استعراضات)و ددانی دروستکراوو کەرەستەی ساریژکردن و (اللحام). لەبری ئەوەی ئێمەی مرۆڤ دڵخۆشبین بەوەی دەستمان بەم شتانە گەیشتووە، ولەهەوڵی بەردەوامیشداین بۆ چاککردنیان،

بەتایبەتی ئەو کاتانەی کە پێوستیان بەچاککردن هەیە.

ئێستا بابگەڕێینەوە بۆ لێکبوردن: هەمیشە لێکبوردن و دیموکراسیو هەموو ئەو هەوڵە مەزنانەی بۆ چاککردنی هەلومەرجی ژیان بۆ هەموان دەیدەین، کۆمەڵێك هێرشی دەکرێتە سەر. بێگومان گەر ئەم هێرشانە لەسنووری ڕەخنەیەکی ماقوڵدا بوەستن، ئەوا دەبێت پێشوازیان لێبکەین. لەبەرامبەر ئەمەدا پێویستە گەر هەڵەبوو وەڵامی بدەینەوە، بەتایبەتی گەر لەلایەن ئەو کەس و گرووپانەوە بێت کە دەیانەوێت سوود لەلێکبوردن وەربگرن، بێئەوەی نیەتی ئەوەیان هەبێت شتێکی هاوتای لەبەرامبەردا پێشکەشبکەن، کە ئەویش پراکتیککردنی لێکبوردنە لەلایەن خۆیانەوە. کەسان و گروپێك کە داوای مافەکانی خۆیان دەکەن، بێ ئەوەی ئامادەبن دستەبەری مافەکانی ئەو کەسانە بکەن کە ئەمڕۆ داوای مافە تایبەتیەکانی خۆیانیان لێدەکەن. لێرەوە لەم حاڵەتەشدا نەك هەر مافی ئەوەمان هەیە، بەڵکو ئەرکی سەرشانمانە نکوولی لەلێکبوردن بۆکەسانێك بکەین کە دەسیسە بۆ لەناوبردنی لێکبوردن دەکەن. بەرپرسیارێتیشمان لەم ئاراستەیەدا زۆر گەورەیە.

لێرەدا پێویستە ئەم خاڵە بەمشێوەیە کورتبکەینەوە. ئێمە دەبێت بۆ ئەوەی بەرگری لەلێکبوردن دژی دوژمنەکانی لێکبوردن بکەین، پێویستە بەرگری لەدیموکراسیو دەزگاکانو دەستکەوتەکانی بکەین. بەڵام پێشنیاردەکەم بەشێوەیەك لەشێوەکان دوور تر بڕوانین.

ئەو لاوازیە راستەقینەیەی لەپشت دوو دڵیمانەوەیە لەبەرگریکردن لەدیموکراسیو لەوەی ناومناوە کۆمەڵگای کراوە دژی دوژمنەکانی...ئەو لاوازیەی لەپشت ترسی گەورەمانەوەیە لەوەی ببین بە کەسانی لینەبوردوو لەبەرامبەر ئەو کەسانەدا کە ئامادە نین لەگەڵماندا بیگۆڕنەوە، ئەم لاوازیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەمە: لەراستیدا ئێمە ئەو وانەیە فێربووین کە ڤۆلتێر بەشێوەیەکی جوان دایڕشتبوو..ئەو وانەیەی ناوەڕۆکەکەی بریتیە لەوەی ئێمە قابلیی هەڵەکردنین، ئێمە بوونەوەرێکی مرۆیین و زۆرجاریش دەکەوینە هەڵەوە. هەستدەکەم زۆر کەس لەنێوماندا وا لەم بیرۆکەیە تێگەیشتوون کە هەموشتێك رێکوپێکەو دەکرێت بەرگری لێبکرێت. وا لەم وانەیە تێگەیشتووین کە نەك هەر دەبێت بەیەکسانیو دادپەروەریەوە گوێ لەهەموو کەسێك بگرین، بەڵکو هەر هەڵوێستێك باشترە لەهەڵوێستێکی دیو بەتایبەتی باشتر

لەهەڵوێستەکانی ئێمە. هەروەها (وا لەم وانەیە گەیشتووین) کە بۆ ئەوەی عەقڵانی بین نەك هەر دەبێت لێبوردو و دۆگمایی نەبین، بەڵکو بەتەواوی بێلایەن بین، تەنانەت لەبەردەم خراپترین راکانیشدا. هەروەها دان بەوەشدا بنێین کە هەموو رایەك دەکرێت بەرگری لێبکرێو هەموو راکان یەکسانن، جا چ دیموکراسی بێ یان تۆتالیتاری..یان تەنانەت گەر وا هاتە پێشچاو ئەم رایە زۆر دڵڕەقانەو دۆگماییە. (هەموو ئەمانەش لەو بڕوایەوە کە) شتێك لەتوتالیتاریەتدا هەیە (بێگومان ئەمەش ڕاستە) و تەنانەت شتێکیش لەوەدا هەیە کە فێری منالاّن بکەین چۆن دڵڕەق بن (بێگومان ئەمەش ڕاست نیە).

ئەمە ئەو هەڵوێستەیە کە فەیلەسوفان ناوی "ڕێژەگەریی" لێدەنین. هەندێك کەس وا هەستدەکەن گەر بڕوامان بە بیرۆکەی "ئەگەری کەوتنە هەڵەوە" هەبێت، ئەوا دەبێت بە ناچاری قبوڵی ڕێژەگەری بکەین و بەڕێی فولتێردا بڕۆین کە دوو مەسەلەی بەجدی وەرگرت: ئەگەری کەوتنە هەڵەی مرۆڤەوەو لێکبوردن.

بەبڕوای من وەڵامدانەوەو پووچەڵکردنەوەی ڕێژەگەری مەسەلەیەکی زۆر گرنگە. مەسەلەیەکی زۆر ئاسانیشە. ئەگەری کەوتنە هەڵەی مرۆڤ، بەمانای ئەوە دێت ئێمە هەموومان دەشێت هەڵە بکەین و پێویستە لەسەرمان وا نەزانین ئەوەی لەبەرچاومان دەردەکەوێت، بریتیە لەهەموو هەقیقەت..یان لەڕووی ئەخلاقیەوە ڕاستە، چونکە ڕەنگە هەقیقەت نەبێتو لەڕووی ئەخلاقیشەوە ڕاست نەبێت.

بەڵام ئەمە پێویستی بەبوونی شتێك هەیە، وەك حەقیقەت و پێویستی بەبوونی کردارێکە کە لەڕووی ئەخلاقیەوە ڕاستبێت، یان شتی لەمشێوەیە. بێگومان ئەگەری هەڵەکردن ئەوە دەسەپێنێت کە بەگشتی هەقیقەت و ڕاستی گران بەدەستدێن، کەئەمەش بەمانای ئەوە دێت پێویستە هەمیشە ئامادەبین بۆ دۆزینەوەی ئەوەی هەڵەمانکردووە. لەلایەکی دیەوە ئەگەری هەڵەکردن ئەوە دەسەپێنێت کە دەتوانین بگەینە شوێنێك کە پتر لەهەقیقەت یان لەکۆمەڵگایەکی چاکەوە نزیکە. لەحاڵەتێکی واشدا ناتوانین خۆمان لەکردارو لەلایەنگری لایەنێك لەلایەنەکان بەدوور بگرین. چونکە بێکرداری خۆی لەخۆیدا جۆرێکە لەکردارو لێرەوە دەبێتە هۆی لایەنگیری بۆ لایەنێك. ئەوەی لەهەموو ئەمانەشەوە فێر دەبین ئەوەیە کە نابێت لەگەڕانی ڕەخنەیی (زۆر ڕەخنەیی)ماندا بۆ گەیشتن بەهەقیقەت ڕابوەستین، و پێویستە

بەردەوام هەوڵبدەین لەو کەسانەوە فێر بین کە تێڕوانینی جیاواز لەئێمەیان هەیە. ئەگەر بەشێوەیەکی جدی دەمانەوێت زیاتر لەهەقیقەتەوە نزیک بین و گەر دەمانەوێت باشترین شێوازی کارکردن بدۆزینەوە کە لەتوانامانداید پەیڕەوی بکەین، ئەوا پێویستە لەسەرمان هەوڵبدەین گوێ لەکەسانی دی بگرین و لێیانەوە فێربین. بەتایبەتی لەنەیارەکانمانەوە. لەبەر ئەم هۆیەش بەدیاریکراوی پێویستە لەسەرمان ڕێزەگەری ڕەتبکەینەوە.

ڕەنگە بکرێ هەموو ئەمانە بەمشێوەیە دابڕێژین: زۆر شتێکی جوانە مرۆڤ بڵێت"ڕەنگە من هەڵەبم و ڕەنگە تۆ ڕاستبکەی". ئەگەر دوولایەنیش پێکەوە ئەمەیان گوت ئەوا ڕەنگە ئەمە بەس بێت، بۆ گەیشتن بە لێکبوردنێکی دوولایەنە و بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی تەندروست. بەڵام بۆ خۆ دورگرتن لەڕێژەگەری دەبێت شتێکی زیاتر لەمە بڵێین. ئەوەی پێویستە بیڵێین ئەمەیە:" ڕەنگە من هەڵەبم و ڕەنگە تۆ ڕاست بکەیت، و ڕەنگە ئێمە بەهۆی وتوێژێکی عەقڵانیەوە لەبارەی شتەکانەوە بتوانین هەندێك لەهەڵەکانمان ڕاستبکەینەوە. ڕەنگە پێکەوە بەجێگایەك بگەین کە لەهەقیقەت یان ئیشکردن بەشێوەیەکی ڕاست نزیکتر ".

من وایدەبینم ئەم داڕشتنە زۆرگرنگەو دەمەوێت بۆ تەفسیرکردنی زیاتر قوڵبمەوە. بۆ ئەمەش وەك پێشنیارێك لەمنەوە داڕشتنەکەی سەرەوە دابەشدەکەین، بەسەر سێ بەش یان سێ بنەمادا:

بنەمای یەکەم

"ڕەنگە من هەڵەبم و ڕەنگە تۆ ڕاستبکەیت"، ڕەنگە بتوانین بڵێین ئەم داڕشتنە داڕشتنێکی دی بیروڕاکانی ڤۆلتێرە سەبارەت بە قابیلیەتی مرۆڤ بۆ کەوتنە ناو هەڵە یان ئارەزوو بۆ هەڵە، جا چ پەیوەندی بەهەقیقەتی گریمانەیەك لەگریمانەکانەوە بێت یان پەیوەندی بە باشترین کار —یان گونجاوترین کارەوە بێت- کەپێویستە بەرامبەر هەلومەرجێك لەهەلومەرجەکاندا پەیڕەویبکەین. ئەم بنەمایە بەئاشکرا پشتگیری لێکبوردن دەکات، وەك ڤولتێر دەیدی. بەڵام هەڵەیەکی گەورەیە وابزانین پشتگیری ڕێژەگەری دەکات. بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەم بیرۆکەیە دوورە لەوەی ببێتە هۆی ئەوەی گەر من و تۆ جیاوازبین، ڕەنگە هەردوکمان پێکەوە ڕاست بین- ڕەنگە

ڕایەکی ڕاست و ڕایەکی هەڵە سەبارەت بە بابەتێك لەبابەتەکان هەبێت و لەڕاستیشدا ڕەنگە هەردوکمان هەڵەبین.

بنەمای دووەم

"ڕەنگە بەهۆی لێکگەیشتنی عەقڵانیەوە لەبارەی شتەکانەوە هەندێك لەهەڵەکانمان ڕاستبکەینەوە"

من وای دەبینم ئەم بنەمایەی دووهەم زۆر گرنگە. ئاشکراشە ئەم بنەمایە پێویستی بەبوونی لێکبوردنی پێشوەخت هەیە. سەرەتا ئەوە ڕوونەکەمەوە مەبەستم لە"لێکگەیشتنی عەقڵانی لەبارەی شتەکان"وە چیە؟ مەبەستم لە وتوێژە لەسەر مەسەلەکان بەنیازی دۆزینەوەی ئەوەی ڕاستەو ئەوەی هەڵەیە، ئەوەی هەقیقیەو ئەوەی ساختەیە. چاوپۆشینیش-مادام ئەمە شتێکی مومکینە بۆ مرۆڤ-لەو پرسیارەی کێ ڕاستیکردوەو کێ هەڵە..ئەمەش پرسیارێکە بەلامانەوە دەلالەتێکی زۆری نیە. ئەمە ئەو وەسفەیە کە پێشنیاریدەکەم بۆ ئەو هەڵوێستەی لەئەنجامی وتوێژی عەقڵانیەوە دروستدەبێت. زۆر بەڕوونی دەڵێم کە قسەکردنو وتوێژی عەقڵانی دەبێتە هۆی هەڵوێستێك کە زۆر دوورە لەهەڵوێستی ڕێژەگەریو لەبنەمای "هەموو شتێك مومکینە"..هەڵوێستێك بەرەو گەڕان بەدوای هەقیقەتدا دەچێت و بەرەو کارکردن بەپێی توانا بۆ ئەو مەبەستە. ئەم بنەمایەی دووهەم بەباسکردنی لێکگەیشتنو بەسووربوونی لەسەر دەلالەتی وتوێژ (بێگومان بەدیاریکراوی وتوێژی عەقڵانی)، پێ لەسەر گرنگی ڕەهای زمانی مرۆیی‌و بەکارهێنانی عەقڵانی دادەگرێت. بنەمای دووهەم ئەو بنەمایەی سەرچاوەی عەقڵی ڕەخنەگرە دەڵێت "قسەکردن لەبری شمشێر" یان بە دەربڕینێکی واقعی ترو تازە تر دەڵێ "زمان لەبری دەمانچەو قومبەلەو چەکی ئەتۆمی" بەکاربهێنن.

لێرەدا دەمەوێت لەگەڵ جەختکردنی زۆرم لەسەر پێویستی بەکارهێنانی زمان و وشەکان، پێ لەسەر ئەوە داگرم کە پێویستە لەسەرمان زمانێکی سادەو ڕوون و ئاسایی‌و خاکی بەکاربهێنن..زمانێك کە زۆر بە وردی زاراوە تەکنیکیەکان بەکاردێنێت‌و دەکرێت بەهۆیەوە هەموو خاڵێك بێ هیچ ئاڵۆزیەك، بەشێوازی جیاواز بخرێتە ڕوو..ئەمەش وا دەکات مەسەلەکان نەبەسترێنەوە بە بەکارهێنانی

تایبەتیمانەوە بۆ زمان. بەکورتی: زمانێك كە وشەكان تیایدا خۆیان نەبن بە پرس (قضية). لەلایەكی دیەوە لامانوایە بەراستی وتوێژ- لێكگەیشتن بەهۆی زمانەوە- مەسەلەیەكی گرنگە. (چونكە) بێ زمان، بێ خستنە رووی نمونەكان، بێ پێشنیار و گریمانەو تیورەكان، هیچ شتێك نابێت بەناوی گەڕان بەدوای هەقیقەتدا. هەندێكجار رەنگە تێڕوانێنێكمان هەبێت یان تیورەیەك كە بیری داگیر كردووین، بێ ئەوەی هێشتا لەوشەكاندا دەرمان بڕیبێت، پاش ئەوە رەنگە لەوشەی وتراودا دایبڕێژێت.

سەرەتا وادێتە پێشچاومان كە جیاوازیەكی گەورە نیە لەنێوان ئەوەدا كە بیر دەكەینەوە —بەهەڵە- ئەمڕۆ پێنج شەمە ١٢ی ئازارە و لەنێوان ئەمەدا كە ئەمە بدركێنین. بەڵام لەراستیدا جیاوازیەكە بەتەواوی لێرەدایە: كاتێك ئێمە ئەمە دەدركێنین، ئەوا بیرەكەمان دەبێت بەشتێك لەدەرەوەی ئێمەو لێرەوە دەكرێ رەخنەی لێبگیرێ. بەڵام تاكاتی بیرۆكەیەك نەدركێنراوە، ئەوا بەشێك دەبێت لەخودی خۆمان و لێرەوە ئەستەمە هەڵە یان راستیەكەی بزانین. بەدەربڕینێكی دی دەبینین یەكێك لەئەركە بنەڕەتیەكانی زمان لەرووی گەڕان بەدوای هەقیقەتدا ئەوەیە، بیروباوەڕەكان دەخاتە بەر ئەگەری رەخنەوە، تەنانەت ئەگەر هیچ كەسێكی دیش ئامادە نەبێت. بەڵام گەر یەكێكی دی ئامادە بێت بەتایبەتی كەسێك كە بۆچوونی جیاواز لەئێمەی هەبێ، ئەوا ئەوسا زمان دەرفەتی ئەو جۆرە وتوێژە رەخنەیەمان بۆ دەڕەخسێنێ —بێ ئەوەی ئەمە لەزۆربەی حاڵەتەكاندا شتێكی زۆر گران بێت - كە یارمەتیماندەدات بۆ دورخستنەوەی ئەو هەڵە مرۆییانەی لەزەینی ڤۆڵتێردا هەبوو.

بنەمای سێهەم

"ئەگەر بەشێوەیەكی عەقڵانی لێكتێگەیشتین، ئەوا رەنگە پێكەوە لەهەقیقەت نزیكبینەوە"

خاڵی سەرەكی لێرەدا بیرۆكەی نزیكبوونەوەیە لەهەقیقەت، تەنانەت ئەگەر ناكۆكیش بین.

لێرەدا زۆر گرنگە بتوانین لەیەكدیەوە فێربین، بۆ ئەوەی دواتر بزانین ئێمە هەڵە بووین.. تەنانەت ئەگەر دواجار رێكیش نەكەوین. زۆر گرنگە لەوتوێژێكی

عەقڵانیدا زۆر زیاتر لەوەی پێویستە داوا نەكەین. لەمێژووی زانستەكانیشدا وتوێژی بەناوبانگ هەیە كە وتوێژكەرانی لەنێوان خۆیاندا نەگەیشتونەتە رێكەوتن. لەبەناوبانگترین ئەو وتوێژانەش لەسەدەی بیستەمدا، ئەو وتوێژەیە كە لەنێوان دوو گەورەترین زانای فیزیا لەم سەردەمەدا كرا: ئەلبێرت ئەینیشتاین و نیلس بوهلز٤".

ئەو وتوێژەی لەنێوان ئەم دوو زانایەدا كرا، بە هیچ رێكەوتنێك نەگەیشت. بگرە خراپتر لەمەش ئەوە بوو كە هەر دوولایەنی وتوێژەكە پارێزگاریان لەو هەڵوێستانەی خۆیان كرد كە پێش وتوێژەكە هەیانبوو. ئەگەرچی "بۆهر" ناچاربوو هەندێك لەهەڵوێستەكانی دەستكاریبكات. بەڵام ئەوەی گرنگە هەر دوولایەنەكە توانیان بیروڕاكانیان باشتر روونبكەنەوە، و هەردووكیشیان توانیان دەستیان بە بەڵگەی تازەو زۆر گرنگبگات. لەنێوان ئەم بەڵگەهێنانەدا، بەڵگە هێنانەوەیەك هەیە كە ئەنیشتاین لەگەڵ دوو هاوكاری خۆیدا لەساڵی ١٩٣٥ لەباسێكدا بڵاویكردەوە..باسێك كە تا ئەمڕۆش و پاش تێپەڕینی ٤٦ ساڵ مۆركی گەڕانی ئەزمونگەری (التنقيب التجريبى) پێوە دیارە. كەس نیە نكوڵی لەوە بكات كە دەتوانین زۆر شت تەنانەت لە وتوێژەكەوە فێربین كە بەئەنجامناگات و نابێتە هۆی گۆڕینی هەڵوێستی بەشداربوانی، بێگومان نمونەش زۆرە بۆ ئەو وتوێژانەی نەبۆتە هۆی نزیكبوونەوەی بەشداربوانی لەیەكدی یان تەنانەت رێكەوتنیان.

ئێستا بابگەڕێینەوە بۆ مەسەلەی لێكبوردن..ئێمە ئەم سێ بنەمایەمان لەزەینماندا دانا:

١)رەنگە من هەڵەبم و رەنگە تۆ راست بكەی.

٢)لێگەڕێ وتوێژێكی عەقڵانی لەسەر شتەكان بكەین.

٣)رەنگە لەهەقیقەت نزیك بینەوە، تەنانەت ئەگەر رێكیش نەكەوین.

وەك بینیمان بنەمای یەكەم لەم بنەمایانەدا، لەگەڵ تێگەیشتنی سوكرات و ڤۆڵتێردا بۆ پێویستیمان بە زانین كۆك دێتەوە. بنەمای دووهەمیش پێ لەسەر دەلالەتی زمان و قسەی ئازاد دادەگرێ، تاكو ببێتە زمانحاڵی خۆی، بەمەش پەیوەندیەكی پتەوی بەلێكبوردنەوە دەبێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە بۆ سنووری قسەی ئازاد دەكات، بە تایبەتی لەپەیوەندیدا بەسنووری لێكبوردنەوە. پێویستە ئامانجی بریتی بێت لەگەیشتن بەوتوێژێكی عەقڵانی، واتە بۆ دۆزینەوەی هەقیقەت

لەبری پێداگرتن لەسەر سەپاندنی ئارەزوەکان و بردنەوە لە وتوێژدا.

بنەمای سێهەمیش لەسەر ئەو بناغەیە وەستاوە کە ئێمە لەڕێی وتوێژەوە رەنگە لەهەقیقەت نزیکبینەوە، ئەگەرچی بەڕێکەوتنیش نەگەین. ئاشکراشە ناتوانین لەهەقیقەت نزیکبینەوە، لەڕێی وتوێژ و بەهۆی لێکبوردنێکی دوولایەنەوە نەبێتو بەهۆی ئەو هەڵوێستە دوو لایەنەوە نەبێت کە دەڵێ ئەوەی لایەنەکەی دی دەیلێت، لایەنیکەم شایەنی ئەوەیە گوێی لێگرین..بگرە رەنگە زۆر زیاتر لەگوێگرتن بەتەنها. لێکبوردن پێشمەرجی گەیشتنە بەم هەڵوێستەو پێشمەرجی ئەگەری گەیشتنە بە چاککردنێکی هاوتا و لەلایەن هەر دولاوەو دواجار (پێشمەرجی) نزیکبوونەوەیە لەهەقیقەت.

گەڕان بەدوای هەقیقەت و نزیکبونەوە لەهەقیقەت بەهۆی رەخنەیەکی دوولایەنەوە (متبادل) ناتوانێ ببێت، بەبێ بوونی رادەیەکی زۆری لێبوردنی دوولایەنە (متبادل). رێکەوتنیش بەشێوەیەکی رێژەیی گرنگ نیە لەپرۆسەی گەڕان بەدوای هەقیقەتدا: چونکە زۆر ئاسانە بۆمان، هەردوکمان پێکەوە هەڵەبین. رەنگە سەرجەم خەڵکیش بۆ ماوەیەکی درێژ لەسەر زۆر لەتیۆرە هەڵەکان رێکبکەون (وەک چۆن لەسیستەمی گەردوونی بە تلیمۆسدا وابوو). بگرە زۆرجار رووەدات رێکەوتن ئەنجامی ترسە لەلێکنەبوردن و لەبلاوبونەوەی توندو تیژی.

لەهەمانکاتدا وای دەبینم کە ئەم سێ بنەمایە، بەکورتی ئەو هەڵوێستە عەقڵیو رەخنەییە کورتدەکاتەوە کە بە بڕوای من بناغەی ئەخلاقە. هەروەها ئەمە هەڵوێستی زاناو میتودی زانستە کە زۆر بەسادەیی لەسەر بنەمایەك دروستدەبێت کەوادەکات وتوێژی رەخنەیی، لەپێناوی هەقیقەتدا بێت. جگە لەمەش ئەم سێ بنەمایە بەرەو لێکبوردنمان دەبات، بەڵام لەهەمانکاتدا بوونیان پێویستی بە بوونی پێشوەختی لێکبوردن هەیە. پێدەچێت بەدیهاتنی پێشکەوتنێکی راستەقینە لەزانستەکاندا، بێ بوونی لێکبوردن مەحاڵ بێت. هەروەها بێ بوونی دڵنیایی تەواومان لەوەی دەتوانین بیروباوەڕەکانمان بەئاشکرا بلاوبکەینەوە، جا دەرئەنجامی ئەو بیروباوەڕانە هەرچۆنێك بن. لێرەوە لێکبوردن و خۆبەختکردن لەپێناوی هەقیقەتدا، دوو بنەمای ئەخلاقین کە لەلایەك زانستەکان دادەمەزرێنێتو لەلایەکی دیەوە بەهۆی زانستەکانەوە بەرەو پێشەوەدەچێت. بەڵام دوو بنەماکەی دی بریتین

لەخاکیبوونی (تواضع) فکریو بەرپرسیاری فکری: سوربوون لەسەر ئەوەی ئێمە بیر لەخۆمان ناکەینەوە، بەڵکو بیر لەهەقیقەت دەکەینەوەو پاراستنی نزیکبوونەوەی رەخنەی لەسەرجەم گرفتەکان هەتا کۆتایی.

بێگومان زانای وامان هەیە کە لەڕووی فکریەوە خاکی نین و، بەو مانایەی مەبەستی منە بەرپرسیار نین، زانایانێك کە ناتوانن جگە لەخۆیان کە زۆرلایان بەنرخە، بیر لەهیچی دی بکەنەوەو بەهەموو توانایانەوە هەوڵدەدن هاوکاران و جەماوەرەکەیان سەرسامبکەن بەو توانایەی هەیانە. بەگشتی ئەمانە ریزی دووهەم لەزنجیرە پلەی زانستدا داگیردەکەن، تەنانەت گەر لەبەرزترین پلەی ئەم ریزەشدابن.

لێرەوە من نامەوێ زۆر زیادەڕەویبکەم و بڵێم زانست بەتەواوی توانای هەیە قوتابیەکانی لەرووی ئەخلاقیەوە ئایدیال بکات و ئەو هێرشە هاوچەرخەش کە دەکرێتە سەر زانست ئەم خاڵە گرنگەی لەبیر دەچێت. هەرچۆنێك بێت هەرگیز زانست لەوەدا شکست ناهێنێت وا لەقوتابیەکانی بکات زیاتر لێبوردوو بن لەگەڵ بیروڕاکانی دیدا (تەنانەت گەر وەك پێویستیش نەیانتوانی لێبوردە بن، لەزوربەی کاتەکاندا): زانست لەهەوڵدانیدا بۆ نزیکبوونەوە لەهەقیقەت چەند پێوەرێکی دیاریکراو سەقامگیر دەکات، لەهەمانکاتدا وا لەقوتابیانی دەکات هوشیار بن بەوەی رەنگە هەرگیز ئەو خاڵە نەدۆزینەوە کە هەڵەمان تیادا کرد. لەراستیدا لەزانستدا دەسەڵاتێکی رەها نیە. گەورەترین زانایانی سروشت کە ناویان بریتیە لە: گالیلۆ، کپلەر، نیوتن، ئەنیشتاین، رازاوە فۆرد، بوهر، ئەرینگتۆن، جینز، هایزنبرگ، شرودینگر، و دیراك..هەموو ئەمانە جارێك یان دوان هەڵەیانکردوەو هەمووشیان دانیان بەهەڵەکانیاندا ناوە. لەگەڵ ئەمەشدا زانست پێشدەکەوێتو زیاترو زیاتر لەهەقیقەت نزیکدەبێتەوە. ئێمە لەهەڵەکانمان و لەراستکردنەوەی هەڵەکانمانەوە فێردەبین.

پێموایە دەکرێت شتێکی لەمچەشنەش لەبارەی ئەخلاقەوە بڵێین: لێرەشدا دەتوانین لەهەڵەکان و راستکردنەوەی هەڵەکانمانەوە فێربین. نمونەشمان بۆ ئەمە ئەوەیە ئێمە لەرۆژئاوادا پاش چەند سەدە لەلێکنەبوردن و توندوتیژی، فێربووین کە لێبوردوو بین و رقمان لەتوندوتیژی بێت.

ئەمە بەو مانایە نایەت کە لەهەندێکجاردا هەڵەی تازە ناکەین، رەنگە (ئەم

هەڵانەش بەهۆی ئەوەوە بێت) دەچینە ژێر کاریگەری هەندێك عادەتی تازەی باوەوە، یان هەندێك عادەتی رۆشنبیری تازە کە کاریگەریەکی زۆری هەیە، وەك تیرۆر یان ڕێژەگەری یان تەنانەت پیاهەڵدانی ڕەها بە لێکبوردندا. من زۆر لەم عادەتە تازە باوانە دەترسم کە زۆرجار زمانێکی بریقەداری تازە نەك لێکبورنێکی تازە، بانگەشەو داواکاری تووندڕەوانە بەرهەمدێنێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من پیرەمێردێکم لەتەمەنی ٧٩ ساڵیدام و وەك دەزانن رقم لەعادەتە تازە باوەکانە: بەڵام ئومێدێکی گەورەم هەیە کە خۆشم ببمە دامەزرێنەری عادەتێکی تازەی باو: من خەون بەوەوە دەبینم خاکیبوونی فکری (تواضع الفكري) بکەم بە (مۆدەیەکی) باو. من بڕوامواید هەموو زانا گەورەکان لەڕووی فکریەوە خاکیبوون، بەڵام ئەوەی دەمەوێت ئەوەیە یارمەتی ئەوەبدەم کە ئەم عادەتە لەناو نێوەندی تەکنیککارو رۆشنبیران و رۆژنامەنوسان و ئەوانەی پراکتیکی زانستدەکەن، سەقامگیر بێت. ئەوەی لەخەیاڵمدایە بە دیاریکراوی ئەم کارانەیە: پیاوانی پزیشکی، دادوەرو پارێزەران، بەشێوەیەکی گشتی، ئەندازیاران و بەشێوەیەکی زۆر گرانگتریش خزمەتکارە مەدەنیەکان —براەدەرە ناشارستانیەکانمان وەك (چەرچڵ) ناوی لێنابوون- و سیاسیەکان.

لەراستیدا چەند بەڵگەیەکم لایە کە لەبەرژەوەندی ئەخلاقێکی پیشەیی تازەدایە، و دەمەوێت لێرەدا پێشکەشتانی بکەم، بۆ ئەوەی وتوێژێکی گشتی لەبارەیەوە بجوڵێنین. ئەم بەڵگانە پەیوەندیەکی پتەویان بە گرفتی لێکبوردنەوە هەیە. چونکە ئەو ئەخلاقە پیشەییە تازەیەی دەمەوێت بەرگری لێبکەم، ئەخلاقێکە دژی دەسەڵات، بەپێچەوانەی ئەوەوە کەناوی دەنێم ئەخلاقی پیشەیی کۆن. پێدەچێ دەسەڵات بەردەوام لێنەبوردوو بێت. لەم ئاراستەیەدا پێدەچێت جەنگیزخان حاڵەتێکی دەگمەن بێت، لایەنیکەم لەوەدا کە پەیوەندی بە لێکبوردنی دینیەوە هەیە.

ئەخلاقی پیشەیی کۆن —یان ئەوەی هەندێکتان پێی دەڵێن ئەخلاقی کۆن لای ڕۆشنبیران- وەك ئەخلاقی تازە، لەسەر بناغەی بیری هەقیقەت و عەقڵانیەت و بەرپرسیاری فیکری رادەوەستا. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بە ئاشکرا ڕێگەی بیرکردنەوە

لەهەقیقەت و عەقڵانیەت و بەرپرسیاری فیکری (لەهەردوو شێوەکەدا)، لەیەکدی جیاوازن.

بیرۆکەی ئایدیالی کۆن لەسەر بناغەی سەقامگیرکردنی هەقیقەت بەهۆی بەڵگەی لۆژیکیەوە ڕاوەستابوو..ئەگەر بکرایە ئامانجی گەیشتن بەهەقیقەت بوو: گەیشتن بە (پاساوی کۆتایی بۆ هەر هەڵوێستێك)(٥) بۆ هەر تێزێکی ڕاگەیەنراو.

بەڵام لەبەرامبەردا بیرۆکەی ئایدیالی شەخسی لەبەرزترین ئاستەکانیدا لەسەر بناغەی گەیشتن بە حیکمەت ڕاوەستابوو. ئەگەرچی بە مانا سوکراتیەکەیشی نەبێت (حەکیم بەو خۆت بناسە —بزانە کە نازانیت- ئەمەیە ئامۆژگاریەکەی سوکرات). بەڵام ئەو حیکمەتەی پەیوەندی بەو ئەخلاقەوە هەیە کە ناومنا ئەخلاقی پیشەیی کۆن، زۆر لەمە جیاواز بوو. داواکاریەکانی لەسەر ئەم بنەمایە ڕاوەستابوو (هەموو شتێك بزانە کە پەیوەندی بە بواری پسپۆریتەوە هەیە. شارەزا بە! ئەگەر بوارەکەت تەسك بێت، ئەوا خاوەن دەسەڵات دەبیت و لەبواریکی تەسکدا دەبێتە پسپۆڕ. بەڵام گەر بوارەکەت فراوان بێت، ئەوا خاوەن دەسەڵات دەبیت لەبواریکی فراواندا). دەبیت بە پسپۆڕێکی گەردوونی، پیاوێکی حەکیم و فەیلەسوف. لەهەموو حاڵەتەکانیشدا دەتوانێت، خاوەن دەسەڵات بێت لەو بوارەدا کە هەڵیدەبژێریت. تەنها ئەوەت لەسەرە بتوانیت بەهانە بۆ ئەو شتانە بهێنێتەوە کە دەیزانیت و بەڵگەیان بۆ بهێنیتەوە. پێویستە لەسەرت بەتەواوی بەرپرسیار بیت لەوەی دەیڵێیت، دەنا لەدەسەڵاتەکەتدا سوکایەتیت پێدەکرێتو دەبێت بە ساختەچیو پێویستە دەمامك لەسەرت لاببرێو لەڕێی سوکایەتی پێکردنتەوە لەلایەن خەڵکەوە سزا بدرێیت.

بەڵام گەر ڕەسەن و لێهاتوو بیت، ئەوا دەتوانی بەڵگە بۆ هەموو شتێك بهێنیتەوە و بەمشێوەیە ببیت بە خاوەن دەسەڵات —و گەر دەسەڵاتەکەشت دانی پیانرا کە دەسەڵاتە- ئەوا کەس ناتوانێت بەربەرەکانی دەسەڵاتەکەت بکات. گەر یەکێکیش هەڕەشەی لێکردی، ئەوا بێگومان هەڕەشەکەر لەلایەن هەموانەوە بەوشێوەیە ڕەفتاری لەگەڵ دەکرێت کە شایستەیەتی: ڕەفتاری لەگەڵ دەکرێت وەك ساختەچیەك، وەك فێڵبازێك و زۆر لەمەش خراپتر: وەك کەسێك ڕەفتاری لەگەڵ دەکرێت کە هەوڵدەدا ئەو دەزگایانە لەناوببات کەبنەمای سەرجەم پیشەکانی تەرەو

هەوڵدەدات متمانەی جیهان بەو دەزگایانە لەناو بەرێت...لەکاتێکدا خودی کۆمەڵگا لەسەر بناغەی ئەو متمانەیە راوەستاوە.

ئەم ئەخلاقە کۆنەی وەسفمکرد، رێگەت لێدەگرێت هەڵە بکەیت. پێشتر هەر رێگەی پێنەدرابوو، بەگشتیش نەدەبەخشرا، لێرەوە هەرگیز نەدەکرا قبووڵبکرێ. دەبوو خاوەن دەسەڵات مرۆڤێك بێت لەسەروو مرۆڤەکانەوە..لەسەروو هەڵەکردنەوە بێت. لێرەدا پێویست ناکات پێتان بڵێم ئەم ئەخلاقە پیشەییە جۆرێکی لێکنەبوردوە، بەردەوامیش گەورەپیاوی وا هەبووە —وەك (فۆڵتێرو برنادشۆ) دژی تێکۆشاون. بێگومان باشترین چەکیش کە لەپێناویدا بەکاریانهێنا، گاڵتەجاڕی بوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی زۆری ئەم ئەخلاقە هێشتا زیندووە. بۆ نمونە تەنها لەم دواییانەدا پیشەی پزیشکی وازی لەم شێوازەی ئەخلاق هێنا. بەڵام هێشتا لەناو جیهانی دادوەرەکاندا بااڵدەستە..ئەگەر واش نەبوایە رەنگە ئەو هەڵە دادگاییە ترسناکەی لەم دوایانەدا رووبدا، رووبنەدایە.(٦)

ئێستا پێموایە ئاشکرایە ئەوەی ناومنا "ئەخلاقی پیشەیی کۆن" ناتوانێت چیدی خۆی راگرێ. بناغەکانی ئەم ئەخلاقە هەرگیز مومکین نەبوو لەڕوی ئەخلاقییەوە قبووڵبکرێ، لەپاش شۆڕشی زانستیو ئەو گەشەسەندنە خێرایەی بەسەر زانیاریە زانستیەکان و لێکبوردندا هات، پاشەکشێیکرد. چیدی هیچکەس ناتوانێت بە تەنیا دەسەڵاتی رەهای لەبواریك لەبوارەکانی زانستدا هەبێت. گەر بۆ کەسێك رێکەوت پسپۆڕێکی گەورە بێت، ئەوا دەبێت دڵنیابێت کە ناتوانێت بۆ هەمیشە پسپۆڕ بێت. بەتایبەتی قبووڵکردنی ئەو راستیەی کە زانست مۆرکێکی کاتی هەیە، یارمەتی رودانی گۆڕانێکی قوڵیکرد لەهەڵوێستی زانایاندا سەبارەت بە شێوازەکانی رەتکردنەوە.

لەم روانگەیەوە پێموایە قبووڵکردنی ئەخلاقی پیشەیی تازە، بووە بەشتێکی ناچاری. لەم بوارەشدا پێشنیاری ئەم بنەمایە دەکەم:

١-ئێمە دەزانین —بەشێوەیەکی کاتی- زۆر زیاتر لەو کەسەی زانستێکی گشتی دەزانێت.

٢-ئەمە تەنانەت بەسەر ئەو کەسانەشدا دەگونجێت کە هێشتا خۆیان بەپسپۆڕ دادەنێن. چونکە رەنگە هەر بواریکی پسپۆڕی لەناوبچێت.

٣-زانیاریەکانمان ناتوانن کاتی نەبن، واتە یەقینی نین و کۆتاییان دێت. تەنها بێ ئاگایمان دەتوانێت بێ کۆتایی بێت. تەنها ئێستا دەزانین کەمن ئەو شتانەی دەیزانین:

ئەوە گەشەکردن و پەرەسەندنی زانیاریە، بەڵگە بۆ ئەوە دەهێنێتەوە کە سوکرات راستیدەکرد.

ئەم راستیانە ئەمڕۆ بوون بە بەشێك لەئەزموونی پراکتیکە رۆژانەیەکانی زوربەی زانایان.

٤-هەڵە هەموو رۆژێك دەکرێتو لەهەموو بوارەکانیشدا ئەو بیرۆکە کۆنەی دەیگوت خاوەن دەسەڵات دەتوانێت خۆی لەهەڵە بپارێزێتو بگرە لەسەرێتی وا بکات، پێویستە ئەمڕۆ دان بەوەدا بنێن کە بیرۆکەیەکی هەڵەیە. راستیەکی ترسناك ئەوەیە کە پێمان دەڵێت دەسەڵاتداران بەپێی ئەخلاقی کۆن لەنێوان خۆیاندا رێککەوتبوون بۆ ئەوەی هەڵەی یەکدی بشارنەوە.

٥-لێرەوەو لەم لایەنە پراکتیکەوەو لەو خاڵەوە کە ئێمە هەڵەی زۆر دەکەین، دەتوانین دەستبکەین بە ریفۆرمی ئەخلاقی: لەبەر ئەوەی راکردن لەهەڵە نیە، کەوابوو دەبێت هەڵوێستمان بەرامبەری بگۆڕێن. بێگومان هێشتا هەڵەی تاوانبار هەیە، هەڵەیەك کە دەکرێتو بێگومان دەبێت خۆمانی لێ لابدەین. هەروەها حاڵەتی وا هەیە کە سنورە مومکینەکان دەبەزێنێت. بەڵام زوربەی ئەو هەڵانەی دەیکەین ئەو هەڵانەن کە لەسروشتی مرۆیمانەوە دێن کە قابیلی هەڵەکردنە، یان لەبێ ئاگایمانەوە دێن کە ئەستەمە رزگارمانبێت لێی، یان لەو راستیەوە دێ کە بەپێی پێوست راهێنانمان نەکردووە لەسەر پراکتیکی رەخنە لەخۆگرتن. لەراستیشدا هەڵوێستی رەخنە لەخۆگرتنو پراکتیککردنی زۆر زەحمەتەو بەحاڵ بەشێك لەپەروەردەکردنمان پێکدەهێنێت.

٦-پێشنیاری ئەوە دەکەم وەسیەتی یەکەم لەناو وەسیەتی ئەخلاقە پیشەییە تازەکەمان ئەمە بێت (لەهەڵەکانتەوە خۆت فێر بکە).

هەندێك وانەی دیش هەیە کە دەکرێ لەمەوە سەرچاوە بگرێت: یەکەمیان ئەوەیە لێگەڕێین هەموان لەهەڵەکانمانەوە فێربین.

(دیارە) گرنگ نیە کێ هەڵەی کردووە: من یان دراوسێکەم. پێویستە هەموومان سەرەتا بە دوای هەڵە تایبەتیەکانماندا بگەڕێین. خۆ گەر دراوسێکەم سەرنجی بۆ

هەڵەیەك راکێشام كە كردوومە، دەبێت سوپاسی بكەم. دەبێت ئەوەش فێربین كە لەپرۆسەی گەڕان بەدوای هەڵەدا، نابێت هەرگیز هەڵوێستێکی سوکایەتی پێکردن لەو کەسە وەربگرین کە هەڵەیکردووە، پاش ئەوەی کە دۆزیمانەوە.

پێویستە لەسەرمان هەوڵبدەین ئەو هەڵوێستە بەهێز بکەین کە دەڵێت: ئێمە هەموومان هاوکاری یەکین لەگەڕان بەدوای هەڵەکاندا. پێویستە هاوکاری یەك بکەین، چونکە تەنها هاوکاریکردنە، رێگە خۆشدەکات بۆ ئەوەی سەرجەم تێڕوانینەکان بۆ چارەسەر کردنی گرفتەکانمان کۆببنەوە. ئەمەش مەسەلەیەکی زۆر گرنگە. چونکە گەر هەر یەکێك لەئێمە لەگۆشەنیگای تایبەت و دیاریکراوی خۆیەوە لەدۆخی گشتی نزیك بێتەوەو، تەنها پشت ئەستوربێت بە چەك و جبەخانە عەقڵیە دیاریکراوەکانی خۆی، ئەوا ئیتر ئەستەمە هەر یەکێك بە تەنها لای خۆیەوە لەسەرچاوە ئەگەرەکانی هەڵە بگات. ئامانجی بنەڕەتی بریتیە لەدۆزینەوەی هەڵەکان و راستکردنەوەیان بەخێراترین شێوە..واتە پێش ئەوەی زیانی زیاتر بخاتەوە. لێرەوە تاکە گوناهێك کە نابەخشرێت، گوناهی داپۆشینی هەڵەیەکە لەهەڵەکان و پێویستە لەسەریشمان ئەو پاڵنەرە بخەینەلاوە کە لەپشت ئەم داپۆشینانەوەیە. ئەم پاڵنەرانە بەهۆی ئەخلاقی کۆنەوە، زۆر بەهێز بوون.

پێویستە فێربین رەخنە لەخۆگرتن باشترەو رەخنەی دولایەنەش (متبادل) کە بەردەوام پێوستمان پێیەتی، بۆ ئەوەی فێربین چۆن رەخنە لەخۆمان بگرین، کەمتر نیە لەرەخنە لەخۆگرتن.

ئەگەر من خەون بە یۆتۆپیایەکی دیموکراسیەوە ببینم، ئەوا خەون بەیۆتۆپیایەکەوە دەبینم کە تیایدا دەکرێ پاڵێوراوێك بۆ کورسی نوێنەرایەتی ئومێدی بە بردنەوەی دەنگەکان بۆ خۆی هەبێت، کاتێك بەشانازیەوە رایدەگەیەنێت کە چۆن ٣١ هەڵەی دۆزیوەتەوە، کە لەساڵی رابردودا کردوێتیو هەوڵیداوە ١٣ یان راستبکاتەوە، ئەمەش لەکاتێکدا کە رەقیبەکەی تەنها ٢٧ هەڵەی دۆزیوەتەوە..تەنانەت گەر رایگەیاند کە ئەویش توانیوێتی ١٣ هەڵەیان راستبکاتەوە. رەنگە لێرەشدا پێویست بەوە نەکات بڵێم ئەم یۆتۆپیایەیە، یۆتۆپیای لێکبوردنە.

پەراوێزەکان

*لەراستیدا تێگەیشتنی پۆپەر بۆ نامۆبوون تاڕادەیەکی زۆر هەڵەیەو تێکەڵی دەکات لەگەڵ پرۆسەی خۆگونجاندنی مرۆڤ لەگەڵ هەلومەرجە سروشتیەکاندا، ئەوەی مارکسیەکان بەنامۆبوونی دادەنێن پەیوەندی بەدەسەلات و نامۆبوونی دەسەلاتەوە هەیە لەتاکە کەسێك.؟ مارکس نامۆبوونی بەو دۆخە دادەنا کە بەرهەمهێن پەیوەندی بە بەرهەمەوە نامێنێو لەدەرەوەی حەزو ئارەزوەکانی بەرهەمهێنەوە ئاراستە دەکرێ، مارکس باس لەدۆخێك دەکات کە تیایدا بەرهەم پێویستی دروستدەکات، نەك پێویستی بەرهەم دروستبکات. واتە دۆخێك کە تیایدا بەرهەمهێنراو دەبێ بە شتێکی سەربەخۆ لەویستی بەرهەمهێن و ئاراستەی حەزو ئارەزوەکانی دەکات. پۆپەر بە وردی لەزاراوەی نامۆبوون نەگەیشتووە. (و.ك)

١- بگەڕێوە بۆ: ڤولتێر "فەرهەنگی فەلسەفێ" بابەت "لێکبوردن" پاریس: چاپ ١٩٦٨

٢- بگەڕێوە بۆ کتێبی "کۆمەڵگای کراوەو دوژمنەکانی" بەرگی یەکەم. فەسڵی حەوتەم (لندن ١٩٤٥، ١٩٦٦)

٣- بۆ نمونە بگەڕێوە بۆ: وینستن چەرچڵ "جەنگی جیهانی دووهەم" بەرگی ١-٧٥-٧٩ (لندن ١٩٤٩-١٩٥٥)

٤- نیلس بوهر ئەم وتوێژە لەم وتارەدا کورت ئەکاتەوە "وتوێژ لەگەڵ ئەنیشتایندا لەبارەی گرفتە ئەبستمۆلۆجیەکان لەفیزیای ئەتۆمیدا" لەکتێبی "ئەلبێرت ئەنیشتاین فەیلەسوف —زانا" نوسینی بول- ئارسەر شیلب "کتێبخانەی فەیلەسوفە زیندووەکان" (ئیفانستۆن III ، ١٩٤٩)

٥- بگەڕێوە بۆ: رۆدولف کارناپ Der Logische Aufbau Der Welt (چاپی یەکەم- بەرلین ١٩٢٨)ز چاپی دووهەم، هامبورگ ١٩٦١). رستەی یەکەم لەبڕگەی یەکەمی تازە لەلاپەڕە x1x، هەروەها بگەڕێوە بۆ ئەو بەلگەهێنانەوەی پەیوەندی بە میتۆدی ئەندازیاری سپینۆزاوە هەیە stamm baumrtige zuruck

Futirung) لەلایەڕە XVIII، لەناوەراستدا، و ئەو بیرۆکە نامۆیەی دەڵێ ئەم میتۆدە باش بوو لەفەلسەفەدا.

٦- بگەڕێوە بۆ لۆدۆفیك كنیدی لە Wicked Beyond Belief: the Luton murder case (لندن ١٩٨٠) بەتایبەتی بگەڕێوە بۆ بەشداری لۆرد دیفلین. بەڵام ئەم كتێبە كە ناكرێ باوەڕ بە هەمووی بهێنین، دەبێت بخوێنرێ: چونكە لەراستیدا یاسا لەدەرەوەی بڕوا پێ بەخشینە (بۆ نمونە بگەڕێوە بۆ بەشداری نوێنەر: بریان ماگی) هەمان حاڵەت بەسەر ئەو تاوانە دزێوەدا جێ بەجێ دەبێت.

فەزیلەتی گشتی، فەزیلەتی تایبەتی:

سنوری لێكبوردن

نوسینی: ژولی سادا ژاندرۆن

پێدەچێ لێكبوردن پێدراوێكی بێ چەندوچونی عەقڵی و سیاسی و مافی ئازادیخوازی بێت. لەراستیدا ئێمە ئەوە بە بەلگەنەویست دەزانین كە نابێ بیرۆڕا یان باوەڕێك بەسەر هیچ كەسێكدا بسەپێنرێ، یان رێگەی ئەوەی لێبگیرێ، هەموو كەسێك لەم بوارەدا خاوەن ئازادی هەڵبژاردنی رەهایە. دەوڵەت یان هیچ دەزگایەكی دی تەنانەت دینیش، مافی دەستێوەردانی لەمبارەیەوە نیە.

لەلایەكەوە بناغەی ئەم ئازادیە لەجیاوازیكردنی بواری گشتی و بواری تایبەتیدایە، واتە لەدەستنیشانكردنی ئەو سنورەی كە دەوڵەت دەتوانێ تیایدا بەشێوەیەكی رەوا یاسا دابنێت: بیرۆڕاكان وەك هەر شتێك كە بەسترابێت بە ئەخلاقەوە، لەبواری شتە تایبەتیەكاندایەو ناكرێ بە مەسەلەیەكی گشتی بناسرێ. لەلایەكی دیەوە ئازادی باوەڕو بیرۆڕا دەربڕین، رەگی لەناو مافێكدایە كە هەمان مافی مرۆڤ و كۆی مافە سروشتیە نەگۆڕەكانە كە زامنی ئازادی بیرۆڕا یان باوەڕی هەر مرۆڤێك (لایەنیكەم لەپێناسەدا) تەنها لەبەر مرۆڤبوونی دەكات. لێكبوردن لێرەدا زۆرتر پشتی بە چەمكی مافەكان یان ئازادی باوەڕو بیرۆڕا بەستووە، تا جیاوازی نێوان مەسەلەی گشتی و مەسەلەی تایبەتی. تەنانەت كاتێك دەوڵەت یان دەزگایەكی زەمینی یان مەزهەبی، پێبنێتە جێگایەكەوە كە جێگەی ئەو نیەو باوەڕ و بیرۆڕا بەسەر خەڵكیدا بسەپێنێ، سەرئەنجام ئەوان خاوەن ئەو ئازادیە هەمیشەییەن كە بەو شێوەیەی خۆیان بە راستی دەزانن بڕیاربدەن و بە حوكمی ویژدانی خۆیان داوەریبكەن، جا ئیدی ئەو دەوڵەتەی حوكمیاندەكات هەر شێوەیەكی دەبێت با بیبێت، دەوڵەت بەرپرسیاری پاراستنی ئەم ئازادیە بنەڕەتیەیە. لێرەوە لێكبوردن نەك بە ناونیشانی سیاسی و یاسایی، بەڵكو بە مانای ئەخلاقی بابەتی مرۆیی،

دەردەبڕێ. لێکبوردن دەبێت بە نیشانی هەلومەرجێك کە ئەویدی دەتوانێت بەشێوەیەکی جیاواز لەوەی ئێمە بیردەکەینەوە، بیربکاتەوەو، کاربکات و دەبێت بە ئاشکراکەری حورمەتی تاك بەتاکی مرۆڤەکان. بەمشێوەیە لێکبوردن دەبێت سیمای جۆرێك ئەخلاقی رۆژانە کە یەکەم بنەمای بریتیە لەئەنجامدانی ئەرکی مرۆڤ لەپاراستنی حورمەتی ئەوی دی لەهەموو رووەکەوە. کورتەی ماناو بنەما قبوڵکراوەکانی لێکبوردن بەهەمان ئەندازەی رەوادارێتیە سیاسی و یاسایی و ئەخلاقیەکانی، هەمەڕەنگ و جۆراوجۆرە.

لێکبوردن کە لەیەککاتدا بە فەزیلەتێکی گشتی و تایبەتی زانراوە، هەندێکجار ناسیاسی و جۆرێك مەسەلەی تایبەتیە لەپەیوەندیدا بە کەسێکی دیەوەو هەندێکجاریش وەك جۆرێك لەخەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی ناسراوە. بێگومان رووی دوهەمی لێکبوردن لەهەموو رووەکانی دی بەرچاوترە. لێکبوردن بەر لەهەر شتێك وەك مافێك دەردەکەوێت کە داوا دەکرێ: مافێك لەبەرامبەر تووندڕەویە سیاسی یان مەزهەبیەکاندا و هەروەها لەبەرامبەر دەستێوەردانی دەوڵەت لەمەسەلە مەزهەبیەکان یان لەبواری مەسەلە تایبەتیەکاندا، کە هەر کاتێك: مافی تاکێك دەستدرێژی بکرێتە سەر، بۆی دەگەڕێنەوە. بەمشێوەیە لێکبوردن دەچێتە خزمەت خواستی جۆراوجۆرەوەو رەنگە خۆی هیچ سودێکی لێنەبینێت و لەرودانی ئەو خەباتە بەربلاوانەدا کە تەنها بووە بە ئالای، وێنا یان دروشمێکی لێ بمێنێتەوە.

بە وتەی پۆل ریکۆر لێکبوردن بابەتێکی تەڵەئامێزە، هەم زۆر سادەیە و هەم زۆر گرانە، لەراستیدا شکاتکردن لەدەست لێنەبوردن یان "تەحەمولنەکردن"، بێ سەرنجدان لەو بەرپرسیارێتیە جۆراوجۆرانەی لەئەستۆی هەر کەسێکە، زۆر ئاسان دێتە پێشچاو. هەروەها دروستکردنی هاوئاهەنگی لەنێوان پێویستیە جۆراوجۆرە ئەخلاقی و یاسایی و سیاسی یان مەعنەویەکاندا، کە سەلێنەری رەوایەتی لێکبوردنە، کارێکی زۆر زەحمەتە. لێکبوردن بیرۆکەیەکی چەند لایەنیە، لەبەرئەوەی وەلامدەرەوەی پێداویستی جۆراوجۆرە، هەروەها لەبەرئەوەش کە رەنگە هەمیشە رووی پێچەوانەی لێکبوردن، واتە لێکنەبوردن و تەحەمولنەکردن هۆیەکانی لەناوبردنی لێکبوردن ئامادەبکەن، هەرچەند کە دەبێت بۆ جێگای لێکبوردن لەنێوان ئەو دوانەدا بگەڕێین.

ناسینی بیری لێکبوردن بەستراوە بەوەوەی کە سنورێك بۆ لێکبوردن قبوڵنەکات، بۆئەوەی باشتر بتوانێت بەرگری لەمافێك بکات کە بەپێی ڕێساو بەها ئەخلاقی یان سیاسیەکانی خۆی بە راستی دەزانێت. ئایا ئەمەش خۆی لەخۆیدا نیشانەی ئازادی و خودموختاری ئێمە نیە؟ بەمە پرسیارێکی دیش دێتە پێشەوە: ئایا لەم حاڵەتەدا ئەگەری ئەوە نیە کە هەڵبژاردنە ئەخلاقی و مەزهەبی یان سیاسیەکان هەموو لەیەك ئاستدا ڕاوەستن و جۆرێك لەهاوئاستی بەهاکان دروستببێت، کە سەرچاوە لەیەکسانی یان باشتر بڵێین لەمافی یەکسان و نەبوونی جیاوازی بۆ هەر جۆرە بیرۆڕایەکەوە دەگرێت؟ ئەگەر لێکبوردن ناچارماندەکات کە ڕێزی هەموو بیرۆڕایەك بگرین و خۆمان لەهەڵسەنگاندن و سوك سەیرکردنیان بەدور بگرین، ئایا ئەو مەترسیەی تێدانیە کە لەپێشەوە ئەگەری هەر وتوێژێکی ڕەخنەگرانە، لەناوبەرین؟ لەم حاڵەتەدا لێکبوردن هەڵوێستێك دەبێت کە تیایدا هیچ ڕاستیەك سەقامگیر نابێت و بەرگری لەهیچ شتێك جگە لەهەقیقەتی لێکبوردن ناکرێ. لێکبوردن پەیوەست دەبێت بە گومانکاریەوەو فۆرمی ناکۆکی ئامێزی ئەخلاقی نەهلیستیانە یان قوتابخانەی بێهودەیی لەبواری ئەخلاقیدا، بەخۆیەوە وەردەگرێت، لەراستیدا

لێکبوردن دەبێت بە فەزیلەتێکی پوچ. ئەو رستەیەی "کلۆدیل"مان لەبیرە کە دەیگوت: "لێکبوردن؟ بۆ لێکبوردن، چەند مالێکیش هەیە".

بیری لێکبوردن وەك فەزیلەتێك، تەنانەت گەر هەموانیش لەسەری رێککەوتین، ئەوەندە سادە نیە. پێدەچێ دەبێت یەکێك لەمانا سەرەتاییەکانی لێکبوردن وەلاوە نرێ: قسەکردن لەبارەی لێکبوردنەوە وەك فەزیلەتێکی ئەخلاقی و هاوتاکردنی لەگەڵ شێوەیەك یان دەربڕینێکی نەریتی رێزگرتن (لەوی دی)، هاوکات دەبێت لەگەڵ گۆڕانی تەنانەت بیری رێزگرتن و وازهێنان لەبیری لێکبوردن. ئەم قسەیە مانای چیە؟ واتە ئەو بابەتانەی کە رەنگە سەلێنەری هەردوو چەمکەکە بن، یەکسان نین، ئێمە رێز لەیاسا دەگرین، بەڵام لەبارەیەوە لێبوردوو نابین. لەبەرامبەر بیروڕای ئەوانی دیدا لێبوردوو دەبین، بەڵام رێز لەخودی خۆیان کە جیاوازن لەبیروڕاکانیان دەگرین. لێرەوە دەشی رێزیان لێبگرین، بێ ئەوەی ئامادەی لێبوردن بین بەرامبەر بە بیروڕاکانیان. لەبارەی بابەتێکەوە کە ئازادو سەربەخۆ وەسفدەکرێت، واتە بیرێك لەبەرئەوەی کە بیرە "لێبوردوو" نابین (ئەگەر بمانەوێت وتەزاکانی کانت لەبارەی رێزەوە بهێنینەوە)، بەڵکو رێز لەکەس یان زیهنی سەربەخۆ دەگرین. لێرەوە تێکەڵکردنی رێزگرتن و لێکبوردن دەبێتە هۆی لەناوچونی بیری رێزگرتن کە وتەزایەکی ئەخلاقیە. یاسای ئەخلاقی ناچارماندەکات کە رێز لەکەس وەك مرۆڤێکی عاقڵ و سەربەخۆ بگرین، نەك ئەوەی لەبارەیەوە لێبوردوو بین. رێزگرتن لەم پێناسەیەدا حوکمێکی بڕاوەیە، نەك مەرجدارو ونەك دەستورێکی دوربینانە لەزۆرانبازیەکی دولایەنەدا. لەلایەکی دیەوە ئاشکرا نیە کە بنەمای لێکبوردن خەسڵەتی ئەخلاقی کەسایەتی بێت، واتە بنەماکەی مافێکی نەگۆڕ بێت کە ویژدانێك بۆ دەستنیشانکردنی رێگەو شێوازی خۆی هەیەتی. لێرەوە دەکرێ لێکبوردن لەسەر بنەمای تەکبیریی دەزگایی یان یاسایی و سیاسیەکان بونیاد بنرێت: لۆك لێکبوردن بەدەرئەنجامی جیاکردنەوەی دین لەدەوڵەت، دەزانێت، نەك بە دەرئەنجامی ئەو مافانەی کە بە ناچار بەستراون بە سروشتی مرۆڤەکانەوە. هێشتا زۆرمان ماوە بۆئەوەی بەچەمکی مافی مرۆڤ بگەین. دواجار بەیەکسانی زانینی لێکبوردن و رێزگرتن، بێگومان دەوری پەیوەندی دەسەڵات لەلێکبوردن دەگرێت و دەبێتە هۆی لەناوچونی رەهەندی میژوویی و سیاسی لێکبوردن: ئایا لەهەر قۆناغێکی میژوویدا

کە مەسەلەی لێکبوردن بەمەبەستی چاککردنەوەی پەیوەندیە ناهاوتاکانی دەسەڵات هاتۆتە پێشێ، مەبەست ناکۆکی نێوان هاوڵاتیان و فەرمانڕەوایان، یان لەنێوان هاوڵاتیان و ئەوانی دیدا یان گروپێك لەهاوڵاتیان لەگەڵ دەزگاکانی کەنیسەدا، نەبووە؟

میژووی وشەی "لێکبوردن" بە تەنیا پیشاندەری ئاڵۆزی چەمکەکەیە. نوسەرانی کاسۆلیك لێکبوردن بەسەقامگیری لەئەزموندا و توانای تەحەمولکردنی خراپە، بەدبەختی یان بەڵا سروشتیەکان دەزانن. چاوگی Tollo (بە مانای بردن، تەحەمولکردن، بەرگەگرتن (لەزمانە لاتینیەکاندا وشەی "Tolerance"لەم چاوگەوە هاتوە"و.ف) بەمانای کارێکە کە مرۆڤ لەسەر خۆی ئەنجامیدەدات. زاراوەی پزیشکی تەحەمولکردنیش هەر ئەم مانایە دەبەخشێت: تەحەمولی جەستەیی بونەوەرێکی زیندوو، بە مانای توانای تەحەمولکردنی دەرمانێك، مادەیەکی کیمیایی یان فیزیایی دیاریکراوە، بەبێ ئەوەی زیانی پێبگەیەنێت. ئەم بەکارهێنانەی وشەی لێکبوردن، چەمکی کۆمەڵناسی "ئاستی تەحەمولی" دروستکردووە کە ئاشکراکەری توانای تاك یان گروپێکە لەتەحەمولکردنی کاریگەری ئەڵتڕاژینێکدا و نەگۆڕان لەژێر کاریگەریدا.

لێکبوردن سەرەتا پەیوەستە بە پەیوەندی مرۆڤ بە شتەکانەوەو بە گۆڕینی ماناکەشی، ئاشکراکەری پەیوەندی مرۆڤە بەوانی دیەوە، بەڵام هەر لەم مانایەدایە کە چەمکی تایبەتی خۆی دەدۆزێتەوە.

میراتی مانای یەکەم دولایەنی جیاواز بە مانای لێکبوردن دەبەخشێت کە لەپێناسی فەرهەنگی رۆبەردا بەمشێوەیە هاتووە: "لێکبوردن بریتیە لەوازهێنان لەئەمرو نەهیکردن لەحاڵەتێکدا کە توانای ئەنجامدانی هەبێت، لێکبوردن ئەو ئازادیەیە کە لەم وازهێنانەوە بەدەستدێت" ئەم پێناسەیە لایەنیکەم مەتەڵئامێزە: نەرونکراوەتەوە کە چ کەسێکی وازدەهێنێت، و نە چۆن ئەم وازهێنانە دەبێتە هۆی ئازادی. ئایا لێکبوردن ئیمتیازێکە کە لەشێوەی ئازادیەکی تەواو نیگەتیڤدا بەوی دی دەدرێت؟ پێناسی دوهەم لەبواری پەیوەندی کەسەوەیە بەویدیەوە، نەك لەبواری دەزگاکاندا: "هەلومەرجێك کە ئەگەری بیرکردنەوەو کارکردن بەشێوەیەکی جیا لەوەی ئێمە قبوڵمانە، دەڕەخسێنێت". لەم پێناسەیەدا کەمتر لە"قبوڵکردنی"

ئەویدی، سەرنج لەدەرکی دیدەکانی ئەوی دی لەروی هاوڕەنگی دەرونیەوە دەدرێت .ئەم بنەمایە، بنەمایەکی ئالۆزە.لەم پێناسەیەدا لێکبوردن ئیمتیازێکە بۆ "ئەویدی" لەلایەن کەسێکەوە کە بڕوایوایە هەقیقەت لای ئەوە. جۆرێك بەرگەگرتنی هەقیقەتە لەبەرامبەر هەڵەدا. لێرەدا ئەویدی" وەك "شێوازێکی بیرکردنەوە و کارکردن" وەسفدەکرێت. ئایا پێویستەکات ئاماژە بۆ پێناسی فەرهەنگی فۆرتییر (بلاوکردنەوەی سالی ١٦٩١ی میلادی)یش بکەین": (لێکبوردن (کرداری تێپەڕ): تەحەمولکردنی شتێك، شکاتنەکردن لێی، سزا نەدانێتی: دەبێت لێبوردوو بین لەبەرامبەر هەڵەی ئەو کەسانەی لەگەڵیاندا دەژین، لەشاری رۆما لەگەڵ عەرەق خۆرەکاندا لێبوردوون، بەڵام کارەکەیان ناسەلێنن. کاتێك ناتوانین تەعەدا یان دەستدرێژیەك لەرەگەوە دەربهێنین، دەبێت لەگەڵیدا لێبوردوو بین. دەبێت لەگەڵ تاوانێکدا کە ناتوانین سزای بدەین، لێبوردوو بین". لێکبوردن جۆرێك بەرگەگرتنە کە مرۆڤ بەهۆیەوە یان شتێك، رەفتارێکی خراپ، هەڵەیەك تەحەمولەکات، یان دەیشارێتەوە. عەرەق خۆرەکان تەحەمولدەکرێن، چونکە ناکرێ ئەو خراپکارییانەی کۆنترۆڵیاندەکات، لەناوببرێت. بێ هۆ نیە کە زۆرجار بێ دینی و فەحشایان بەیەك شت دادەنا. ئەگەر تەنها لەگەڵ خراپیدا لێبوردوو بین، چیدی لێکبوردن ناتوانێ خۆی فەزیلەتێك بێت: ئەوە چ جۆرە ئەخلاقێك دەبێت ئەگەر لێبوردوو بین لەگەڵ ئەو شتەدا کە دژی ئەخلاقە؟ لەبیرمان بێت کە ئەزموون و تەحەمول بۆ کەسێکە کە لێدەبورێ و هەق بەدەست ئەوە. دیارە قبوڵنەکردن بەمانای دەرکردن و ئەشکەنجەدان و ئازاردان نیە. بەڵام لێکبوردن، بێلایەنی نیە: ئەو شتەی لێبوردوو دەبین لەگەڵی، بەهیچ شێوەیەك، هەق دروست ناکات. رێگەدان، سەلماندن نیە. ئەو شتەی لێ دەبورێ، دەچێتە ژێر باڵی هەقەوە و یاسا لەبەرامبەریدا بێدەنگ دەبێت. کاتێك لەشتێك دەبوریت، کە توانا یان جەسارەت بۆ رێگە لێگرتنی نیەو لەم حاڵەتەدا وەك "لێکبوردنگەری" مەحکوم دەکرێ، لێبوردن لەم حاڵەتەدا بە سستیەکی گوناهکارانە یان بێ هیمەتی ناودەنرێ.

پێناسی فەرهەنگی رۆبێر ئاشکراکەری دابڕانێکە: لەم پێناسەیەدا بە پەڕینەوە لەوازهێنانەوە بەرەو قبوڵکردن و هەروەها لەسڕینەوەی ماوەکانەوە، بەرەو قبوڵکردنی هەمەڕەنگی دەڕوێن. چیدی لێکبوردن ئەو مانایەی نابێت، بەڵکو دەبێت

بە بنەمایەکی پراکتیکی کە مرۆڤ بە پێی ئەوە لەچەند رویەکەوە تەسلیمی ئەویدی یان وردتر بڵێین تەسلیمی ئەویدی وەك کەسێك دەبێت، کە بیروڕاکانی لەگەڵ بیروڕاکانی ئەودا جیاواز و ناکۆکە. ئەو کەسەی لێدەبورێ، سود لەم لێبوردنە وەردەگرێ. لەم حاڵەتەدا لێکبوردن وەك ئیمپرتۆ جیانینی دەڵی وەك "دروشمی ژیانی هاوبەش "دەناسرێت، کە نمونەکەی وتوێژو زمانی هاوبەشە کە مرۆڤ ناچار دەکا "قەبوڵی ئەویدی" بکات.

سەیر ئەوەیە ئەگەر ئەم پێناسەیە لەگەڵ پێناسی "لێکنەبوردن"دا بەراورد بکەین، وەك چۆل ریکۆر دەڵێ، روبەڕوی هەلومەرجێکی پێچەوانە دەبینەوە. لەم حاڵەتەدا رەفتاری تاك پیش رێسای هاوبەش و گشتی دەکەوێت و لێکنەبوردن بریتی دەبێت لە"حاڵەتی پێچەوانەی لێکبوردن (مەزهەبی یان دینیای)" و "مەیل بۆ تەحەمولنەکردن، مەحکومکردنی ئەوەی لەرەفتارو بیرڕای ئەوانی دیدا بەدڵی ئێمە نیە". ئەم پێناسەیەی لێکنەبوردن، هەمان ئالۆزی پێناسی لێکبوردنی هەیە. ئایا دەبێت لێکبوردن وەك دەستوریکی ئەخلاقی و سەر بەئەخلاقیات بزانرێت کە بناغەکەی لەبەهای کەس یان ویژداندایە؟ یان لێکبوردن دەرئەنجامی کۆمەڵی تەکبیری دەزگاییە کە دەتوانێ زامنی ئازادی و مافێك بێت کە مەرجەعە جیاوازەکانی دەسەڵات بە تاکەکانی دەبەخشن؟ ئایا لێکبوردن بناغەی یاسا عەلمانیەکانە، بەو هۆیەی کە پشت بەستووە بەمافە ئەخلاقیە دێرینەکان یان دەبێت بە بەرهەمی ئەو یاسایەی دابنێین؟

تاوان دژی دەرونی مرۆڤ یان تاوانی زەمینی:

لێکبوردن هەمیشە بەشێکە لەکۆمەڵێك شتی دی کە ناتوانین لێی جیابیکەنەوە. کاتێك زانا دینیەکانی سەدەی سیانزەو دادگا شەرعیەکانی ئەو سەردەمە ئەو پرسیارەیان هێنایە پێشێ کە ئایا دەبێت مرۆڤ لەگەڵ بێ دیندا لێبوردوو بێت، کاتێك کە ئازادی دەربڕین وەك مافی مرۆڤ داوا دەکرا، کاتێك سەرنج لەتەکبیرە دەزگاییەکان دەدرا لەپەیوەندی لێکبوردن بەبازرگانی و ئالۆگۆڕی ئابوریەوە، هەمیشە وشەی لێکبوردن یەك مانای نەدەبەخشی. بێگومان دەکرێ لێکبوردن بگەڕێینەوە بۆ سەردەمە دێرینەکان: ئایا لەهەمان کاتەوە کە کۆمەڵگا دامەزرا، پێویست نەبوو کە

بیرۆڕاو باوەڕو تیورەکان بەیەکەوە بگونجێن، بۆ ئەوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لێك هەڵنەوەشێتەوە، بێ ئەوەی لەهەمانکاتدا پێویست بە دانانی ڕێسایەك بۆ لێکبوردن و سنورەکەی هەبێت؟ لەوێشەوە کە چونیەکی و یەك باوەڕی بوونی نەبوو، بەڵکو بیرۆڕا هەمەجۆر بوو، ئایا لێکبوردن کێشەیەك نەبوو کە دەبوو چارەسەربکرێت؟ ئەگەرچی ڤۆڵتێر ئەوەی دەسەلماند کە یۆنانیەکان و ڕۆمیەکان لێبوردوو بوون، بەڵام دەبێت سەرنج لەوە بدەین کە ئەوان وێنایەکی دروستیان بۆ لێکبوردن نەبوو: لێکبوردن بیرێکی نوێیە کە لەحاڵ و هەوای مەزهەبی ئەورووپای سەردەمی ڕێنسانسدا سەریهەڵدا.

بە کورتی دەڵێین مەسیحیەتی سەدەکانی ناوەڕاست، پاش قوستنەتین و بەهۆی باوەڕهێنانی ئیمپراتۆرەکانەوە، بوو بەدینی دەوڵەت، کەنیسە و دەوڵەت دوالیزمێکیان پێکدەهێنا کە لەناو دەرونی یەك کۆمەڵگادا جێگەیان هەبوو و ئەم کۆمەڵگایەش لەسەدەی نۆی میلادیەوە بەکۆمەڵگای مەسیحی ناودەبرا و ئەم دوو دەزگایەش (واتە کەنیسەو دەوڵەت) بەڕێوەبەرایەتی یەك سەرزەمینیان لەئەستۆ بوو. هەرچەندە لەسەرەتای سەدەی سیانزەدا هێواش هێواش نەتەوەکان بە خەبەر دێن و حکومەتی سەربەخۆ لەسنوری دەسەلاتداریتی پاپا بونیاد دەنێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا یەکێتی مەزهەب بناغەی دەوڵەت و ولات پێکدەهێنێ. بەڵام لەگەڵ ریفۆرمەکانی لوسەر و کالڤیندا، سەرجەم مەسیحیەتی ڕۆمی توشی سەرلێشێوانێکی بێوێنە دەبێت: بۆ یەکەمجار بێدنی (یان ئیرتیداد) دروستدەبێت کە بەردەوام و سەقامگیر دەبێت و کۆی سەرزەمینەکان دەگرێتەوە (ئاماژەیە بۆ ئەو ولاتانەی کە یەکپارچە بوون بە لایەنگری ریفۆرم و بوون بە پرۆتستانتی. و). بێگومان بەر لەوەش ئیرتداد دروست بووبوو (گروپەکان یان جیابونەوەکانی وەك ئاریانیزم، دوناتیزم، ئالبیژوایی) کە بە تونـدی سەرکوتدەکرا (و پاشتر بەهۆی تەفتیشی بیرۆڕاکانەوە "ئەنگیزسیۆن" سەرکوتکرا) و جیابونەوەی کەنیسەی ئۆرسۆزکس، مەسیحیەتی بە شێوەیەکی بڕاوە کرد بە دوو بەشەوە. لەسەدەی شانزەدا زۆرێك لەکەنیسە لوسەری، زوینگلینی، کالڤینی، و ئینگلیکی، دەکەونە دژایەتی ئاشکرای کەنسەیی ڕۆم (کاسۆلیکی) و هەروەها ژمارەیەکی زۆر لەگروپ و بزوتنەوە مەزهەبیەکان بەشەوق و هەوڵێکی زۆرەوە بەشی خۆیان هەڕەشە لەریفۆرمی دینی دەکەن. جیهانێك لەکەنیسەکان،

گروپەکان و بزوتنەوە دینی و عیرفانیەکان، هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی مافی ژیان دەدەن. مەسەلەی ناکۆکی مەزهەبی لەسەرتاسەری ئەوروپادا دێتە پێشەوەو بەدوای ئەمەشدا مەسەلەی لێکبوردن دێتە پێشەوە.

جیاوازی مەزهەبی چیدی لەدەرەوەی جیهانی مەسیحیەت و تەنها پەیوەندی بە نامەسیحیەکانەوە نیە، بەڵکو لەناو کۆمەڵگای مەسیحی ڕۆژئاوادا رووەدات. ئەمە پیشاندەری دوو هەلومەرجی جیاوازە: لەکاتێکدا بێباوەڕی (بە مەسیحیەت)، کە بە بڕوای کاسۆلیکەکان مەسەلەیەکە لەدەرەوەی باوەڕی ئەوانەو هاوسەنگی مەسیحیەت تێك نادات، ئیرتداد لەچاوی ئەواندا گەندەڵیە لەمەسیحیەتدا و بناغەکانی دەلەرزێنێ. لەکۆمەڵگایەکدا کە بناغەی یەکێتیە زەمینیەکەی، هاوشانی ئیمانی دینیە (ئەو ڕستە باوەی فەرەنسا دەلالەت لەمە دەکات: "یەك باوەڕ یەك یاسا، یەك شا")، بە باشی ئەوە دەردەخات کە یەکێتی باوەڕ، بناغەی یاساو یەکێتی دەسەڵاتی سەڵتەنەتە. هەر جیابونەوەیەکی مەزهەبی، وەك تەفرەقەیەکی زەمینی دەناسرێت و بە یاخیبوون دادەنرێ: مورتەدەکان تاوانبارن و بە مەترسیەك دادەنرێن هەم بۆ کەنیسەیەکان و هەم بۆ کۆمەڵگای مەدەنی.

مەسەلەی جیاوازی مەزهەبی، دوولایەنی هەیە: لەلایەکەوە ئیرتداد (کە دیارە تۆمەتی دوولایەنەی کاسۆلیك و پرۆتستانتەکانە دژی یەکدی، پرۆتستانتەکان کاسۆلیکەکان بە شێواندنی کەنیسەی سەرەتای مەسیحیەت و ناوەرۆکی کتێبی پیرۆز تاوانبار دەکەن) تاوانێکە دژی کەنیسەیەکان و هەروەها دژی سیاسەتمەداران، تەوەرەی سەرەکی یاساکانی تاوانی زەمینی و مەزهەبی، بناغەیەکی یاسایی —سیاسی تەواو دروستدەکات. لەلایەکی دیەوە بەپێی بەلگاندنێکی مەزهەبی، یەکێتی باوەڕ مەرجی ئازادی دەرونیی مرۆڤەکانە: تەنها ئازاد بوونی تاك لەئارادا نیە، بەڵکو ئازادی سەرجەم کۆمەڵگا لەئارادایە. کەوابوو لەپێناوی بەرژەوەندی ئازادی هەموانە کە دەبێت تەماشای مەترسی شێمانەیی ئیرتداد بکرێ. بڕوا وایە کە دەبێت مورتەدەکان سزای دنیایی بدرێن، بۆ ئەوەی لەوکاتەدا کە دەرونیان ئازاد دەبێت، ئەرکی چاکەکاریش بووبێت بەپراکتیکی، کە یارمەتیدانی ئازادی ئەوانیدی، بەمەبەستی زامنکردنی ئازادی خود، دەیسەپێنێ. هەروەها بەمشێوەیە ئەرکی کۆمەڵایەتی پەیوەست بە بەرژەوەندی دنیایی تاکەکانی کۆمەڵگاوەشەوە،

ئەنجامـدەدرێ. لـەم حاڵەتـەدا بـەکارهێنانی مافـە زەمینیـەکان بـۆ سـزادانی تاوانـە مەعنەویەکان و سودوەرگرتن لەدەسەڵاتی میرەکان لەم پێناوەدا، پێویست و رەوا دێتە پێشچاو.

ئـەوە بـەبیر دەهێنینـەوە کـە پرۆتـستانتەکانیش بەمـشێوەیە بیریانـدەکردەوە: لوسەر سەرەتا لایەنگری ئازادی مەزهەب و دژی بەرپابوونی کەنیسەی دەوڵەتی بـوو. بەڵام دوایی ئەڵمانیا دابەشبوو بـۆ کۆمـەڵێك شازادەنـشینی کاسـۆلیکی و پرۆتـستانتی بەپێی رێسای "Cujus regio ejus religia" (لەهەر دەوڵەت یان شازادەنـشنێکدا تەنها یـەك مەزهـەب دەتوانـێ بـوونی هـەبێت، مەزهـەبی مـیر). سیاسـەتی وتوێـژ کـە زۆرتـر لەلایـەن بزوتنـەوەی هیومانیزمـەوە دەبرێتـە پێـشێ، ناتوانێـت کەنیـسە جیاوازەکـان ئاشـتبکاتەوە. لەفەرمنـسادا حاڵـەتی ئاشـتبوونەوە کـە بـەهۆی فـەرمانی نانتەوە (١٥٩٨) بەرپا دەبێت، کاریگەریەکی روو لەکەمبوونەوەی هەیەو ناتوانێ رێگـە لەسیاسـەتە تازەکـانی ئـازارو ئەشـکەنجەدانی مورتـەدەکان، بـەکارهێنانی زۆر و ناچـارکردن بـە باوەڕهێنـان، دورخـستنوە و ناچـارکردن بـە پێـشوازی لەشـکرەکان، بگرێـت. بەمـشێوەیە پـاش ریفـۆرمی دینـی، بـۆ یەکـەمجار دوابـەدوای جیاوازیـە چارەسەرنەکراوەکانی نێوان کاسۆلیك و پرۆتستانتەکان، مەسەلەی لێکبوردن لـەمانای راستەقینەی خۆیـدا بەشـێوەیەکی توندوتیـژ رادەگەیـەنرێ: نەسیاسـەتی وتوێـژ (کـە لەبنەڕەتـدا لەسـاڵەکانی ١٥٣٠ و ١٥٥٥ پەرەیـسەند) بەمەبەسـتی لایەنیکـەمی گونجـانی تیوری، رێکەوتنێکی رەوای نێوان لایەنەکان مسۆگەر دەکـات و نـە ئـازارو ئەشـکەنجەو بەکارهێنانی کرداری توند (بە شوێنێك دەگات).

لەبەرامبـەر لێکنـەبوردنی مەزهەبیـدا کـە دەڵێـت هەرکـەس هەنـدێك لەحوکمـە شەرعیەکان قبوڵنەکات، بە زەروری نـەفرەتلێکراو و دەرکـراوە ("لـەدەرەوەی کەنیـسە ئازادی نیە") لێکنەبوردنی زەمینیە کـە ئەگـەری پێکـەوەژیانی لایـەنگرانی مەزهەبـە جۆراوجۆرەکـان لەیـەك وڵاتـدا قبوڵناکـات. بـەڵام هـەروەها لێکنـەبوردن وەك کـارێکی خێرخوازانە دەردەکەوێت: تا ماوەیەکی زۆر لەیادی شەوی سـن بارتلمیـدا، مـەراسمێك بـەرپا دەکرێـت. بـە هەڵـە وەرنـەگیرێت، لەسـەدەی شەشـدا لایـەنگرانی لێکبـوردن، نەلایەنگری دەوڵەتی عەلمانین و نە نەیاری کەنیسە. هیشتا زۆرمان ماوە بۆ ئەوەی بە

ڕۆشنگەری بگەین. وتوێژەکان لەنێوان مەسیحیەکاندایە، ئەگەرچی چیدی یـەکگرتوو نین. لێکبوردن سەرەتا مەسەلەیەکی مەزهەبیە، کە موفەسیرەکانی کتێبی پیرۆز ڕۆڵی سەرەکی تیا دەبینن. ماوەیەکی زۆر تێدەپەڕێ تا ئـەم مەسـەلەیە لەسـنوری مەزهـەب تێپەڕ دەکات و هاوهەنگاو دەبێت لەگەڵ بزوتنەوەی عەلمانیکردنی دەوڵەتدا.

دەبێـت بـە سـەرنجدان لـەم هەلومەرجـە، تـاوتوێی هۆیـەکانی بـەرگریکردن و دژایـەتی لێکبـوردن بکـرێ، دەوڵـەت چـۆن دەتوانـێ رێگـە بـە هەمـەڕەنگی بیروباوەڕە مەزهەبیـەکان بـدات؟ ئایـا ئـەم هەمەڕەنگیـە، مەزهـەب لەرەگـەوە هەڵناکێـشێ؟ بەمشێوەیە بۆ یەکەمجار مەسـەلەی لێکبـوردن لـەتۆمارکردنی یاساکانی پەیوەندیدار بـە تاوانـە مەزهەبیەکانـەوە، واتـە بـە تێکـەڵکردنی مافـە زەمینـی و کەنیسەییەکان، ئەنجامـەدرێت. لێکبـوردن لـەم ڕوانگەیـەوە مەسـەلەی هەقیقـەت، یـان رونـتر بڵـێین مەسـەلەی مەرجـەعێك دەگرێتـەوە کـە لـەروی شـەرعیەوە توانـای دەستنیـشانکردنی هەقیقەتی هەیە. مەرجەعێك کە هەقیقەت لەدەست ئەودایەو خەڵکی پـێ پـەروەردە دەکـات. ئـەو گۆڕانانـەی دواتـر لەبیرۆکـەی لێکبوردنـدا ڕووەدات، دەرئـەنجامی ئـەو هەڵبژاردنەیە کە بۆ دەستنیشانکردنی مەرجەعی هەقیقەت و داوەریکـردن دەکـرێ: ئایا ئەو مەرجەعە کەنیسەیە یان کتێبی پـیرۆز، ویـژدانی تاکـە یـان فـەرمانی میرانـی زەمینی؟

لێکبوردن و هەقیقەت:

ئیرتداد (یـان هەڵگەڕانـەوە) بـەر لـەوەی نـەزانین بێـت، تـاوانێکی گوناهکارانەیـە. لەراستیدا پاش ئەوەی کتێبی پیرۆز هەقیقەتی بەپێی پێویست ئاشکراکرد و کەنیسە بـلاوی کـردەوەو تەنانـەت وەك کۆمـەڵێ حـوکمی بنـەڕەتی گوتیـەوە، چـیدی نـاکرێ نەزانین بکرێت بە بەهانە.

جیـاوازی لەمەزهەبـەدا تاوانـە، چـونکە بەڵگـەی پێـداگرتنی سەرسـەختانەیە لەبڵندتر کردنی قسەی خود بەسـەر قسەی خـودادا. "سـن تۆمـاس داکـەن" یاساکانی پەیوەندیدار بە تاوانە مەزهەبیەکانەوە بەمـشێوەیە ڕوونـدەکاتـەوە: ئیرتـداد، بیرێکی هەڵەیـەو لاڕێیـە، راسـت نیـە، چـونکە نیـشانەی ڕاوەسـتانی ئەنقەسـتە لەبەرامبـەر ڕاستیدا، و لاڕێیە چونکە لەکەنیسە و خودا دور دەکەوێتەوە. "بۆسـۆئە" ئیرتـداد بـە

تاوانی گۆڕینی هەقیقەت دەزانێت: بەردەوامی و نەگۆڕی حوکمەکان کە کەنیسە و نەریت زامنیدەکەن، پێوەری راستیە. سەرەڕای ئەمانەش ئیرتداد تاوانێکە دژی مافە زەمینیەکان. هەرچەند زۆرتر بە سۆزانیەت بەراودریانکردووە بەلاّم سن تۆماس داکەن کردوێتی بە هاوتای "لێدانی پارەی تەزویر". لێدانی پارەی تەزویر نمونەی تاوانێکی زەمینیە. مورتەدەکان لەبەراوردکردندا، بە هەلگەڕانەوەی پەیوەندیەکانی کۆمەلگا، لەیەکی هەلّدەوەشێنن و ئەگەری ئازادی هەموان لەناو دەبەن. مورتەدەکان تاوانی سوکایەتیکردن بە خودایەتی (ئلوهیەت) -وەك تاوانی سوکایەتیکردن بە سەلّتەنەت لەعورفدا- ئەنجامدەدەن. لەبەرئەوە رەوایە کە سزای مەعنەوی، واتە تەکفیر و سزای دنیایی، واتە مردن بدرێن.

لەم دیدگایەوە هێنانە ئارای مەسەلەی لێکبوردن لایەنیکەم سەرسوڕهێنەر دەردەکەوێت. بەلاّم سن تۆماس رێسایەك بۆ لێکبوردنی زەمینی، گونجاو لەگەلّ بالاّدەستی نمونەی خودایدا لەبەرچاو دەگرێت: ئەگەر خودای خێرو بەتوانا، ئیمکانی دروستبوونی خراپی لەجیهاندا دەدا، لەبەرئەوەیە کەسڕینەوەی هەموو خراپەکان دەبێتە هۆی لەناوبردنی زۆرێك لەچاکەکانیش. هاوسەنگی خودایی لەنێوان چاکەو خراپەدا، یەك لێپرسینەوەی مرۆییە. هەر میرێك دەبێت لەبەرامبەر هەندێك پەیمانشکێنیدا کە جۆرێك خراپیە، لێبوردوو بێت بۆ ئەوەی خۆی لەخراپی گەورەتری وەك ئاژاوە کۆمەلاّیەتیەکان دوربگرێت، و رێگە بۆ هەندێك لەچاکیەکان خۆشبکات.

لەبەرامبەر راستیەکەدا کە کەنیسەی مەرجەع وەك بنەمایەکی بابەتی و گشتگیر دەیهێنێتە پێشێ، بیرۆکەی لێکبوردن وك زەرورەتێکی پراکتیکی یان سیاسی دنیایی رووەدات. لێکبوردن لەپێناوی راستیدا جۆرێك بەرگەگرتنە لەبەرامبەر هەلّەی گوناهکارانەدا، و تەنهاش تا ئەوکاتە بەردەوام دەبێت کە ئەو هەلّەیە لەناو نەچوبێت. لێکبوردن ملدانە بۆ کەمترین خراپە. ئەم مانا سەرەتاییەی لێکبوردن ناتوانین لەبەرچاو نەگرین. راو سن ئەتین چەند سەدە پاشتر لەبەرامبەر ئەنجومەنی نەتەوەیی (فەرەنسادا) وشەی پڕ ئالۆزی لێکبوردنی مەحکومکردو داوای سڕینەوەی لەراگەیاندنی مافەکانی مرۆڤدا کرد: وشەیەك کە "هاولاّتیان وەك گوناهکاران، کە دەبەخشرێن، بە شایستەی بەزەیی دەزانێت" (وتار لەئەنجومەنی نەتەوەییدا، ٢٢ی

ئۆتی ١٧٨٩) مۆری ئەم خەسلّەتە بە لێکبوردنەوە مایەوە کە بەخشینی ئیمتیازێکە بە هەلّەکەران و نەك هەر بەرگری نیە لەمافی یەکسانی هاولاّتیان، بەلّکو موداراکردنی ئەویدیەو، لێرەوە هەر ساتێك دەتوانێت فەرامۆشبکرێت.

بەلاّم چەمکی راستی بەناچار ئەوە ناهێنێتە پێشێ کە هەر دورکەوتنەوە یان گۆڕینێکی، پێویستی بە سزادانی دنیایی بێت. دەکرێ چاو لەسزادان بپۆشرێت و بەرگری لەمافی فرەیی مەزهەبەکان بکرێ و لەهەمانکاتدا لەبواری هەقیقەتدا پابەندبین بە یەك بنەمای بابەتی و گشتگیرەوە. هیومانیستەکانی سەردەمی رێنسانس بەمشێوەیە هەولّدەدەن تاسەرلەنوێ یەکێتی بنەمای باوەڕ دروستبکەنەوە، و لەهەمانکاتدا بیگونجێنن لەگەلّ ئاشتی و لێکتێگەیشتنی زەمینی لەکۆمەلگادا. هیومانیستەکان لەسەر بنەمای رێکەوتنی گروپە مەسیحیەکان لەچارەسەری لێکتێگەیشتنی جیاوازیەکاندا، زۆرتر پشت بە پەروەردەکردنی مورتەدەکان دەبەستن تا سەرکوتکردنیان، و جەخت لەکۆکردنەوەی حوکمە مەزهەبیەکان لەبنەما پراکتیکیەکان و باوەڕی سادەو زیندوو ودور لە وردبینیەکانی زانایانی مەزهەبی دەکەن. مارسیل فیسین و پیك دولامیراندول دەچنە پاڵ قوتابخانەی هیومانیستەکان کە ئامانجیان سەقامگیرکردنی ئاشتی و گونجانی مەزهەبی و مرۆیی و وتوێژی ئازادە. تەنانەت دەکرێ وەك نیکولا دۆکز رێکەوتنی ژمارەیەکی کەمی حەکیمەکانی دینە جیاوازەکان، بۆ رێکخستنی کۆمەلّێك بنەمای گشتی و هاوبەش لەبەرچاو بگرین، کە لەم حالّەتەدا رێکەوتنی بیروڕای گشتی، دەبێتە هۆی ئاشتی و رێکەوتن لەنێوان پەیرەوانی یەك دینی قبولّکراوی خودادا.

کەوابوو جیاوازی مەزهەبەکان خۆی لەخۆیدا خراپ نیە: ئەم جیاوازیە لەکتێبی یۆتۆپیاشدا هەم سروشتی و هەم خواستی خودایە. بەلاّم سەرەتا بەلگاندنی (ئیستدلال) توماس مۆر بە قازانجی ئازادی مەزهەبی، بەلگاندنێکی سیاسیە. ئۆتۆپۆس (حاکمی یۆتۆپیا) لەبەرئەوە ئازادی مەزهەبی بۆ رەعیتەکانی بە رەوا دادەنێت، چونکە دەزانێ ناکۆکی مەزهەبی ولاّت بێتوانا دەکات. لێکبوردن لەخزمەتی هاوئاهەنگی نەتەوەییدایە، ئەگەر لەیۆتۆپیادا هەم باوەڕداری تازەو هەم مولحدی بێ خودا هەردوکیان مەحکومن، لەبەرئەوەیە کە حەماسەتی مەزهەبی یەکەمیان قابیلی لێبوردن نیەو بێ باوەڕی، دوهەمیشیان دەکات بە مرۆڤێکی نائەخلاقی و لەئەنجامدا

دەیکات بە بونەوەرێکی ناکۆمەڵایەتی. لەکتێبی یۆتۆپیادا بەرگری لەدەوڵەتی زەمینی یان نادینی ناکرێت، بەڵام ئەم کتێبە هۆگەلێك دەهێنێتەوە بە قازانجی ئەو "سیاسەتانەی" خوازیاری گرنگتربوونی بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگایە، بەسەر یەکێتی مەزهەبیدا و پێشنیاری جۆرێك ئازادی بیروڕا و مەزهەب (گەرچی بە شێوەیەکی کاتی) دەکات، کە کاسۆلیکەکان و ریفۆرمیستە دینیەکان و بە گشتی هەموو ئازادیخوازێك دەگرێتەوە. میشل دۆلۆپیتاڵ بەرژەوەندیە نەتەوەیەکان کە دەبێت تەنها سەرقاڵیی دەوڵەت بێت، لەمەسەلەی هەقیقەتی مەزهەب جیادەکاتەوە. ژان بۆدۆن و بزوتنەوەی فکری ئەراستینی جیاکاری لەنێوان مەزهەب و دەوڵەتدا، بە قازانجی دوهەمیان دەکات و پەرە بەدەسەڵاتی حوکمڕانی سیاسی بەشێوەیەکی جێی سەرنج دەدا.

پێشتریش مارسێل دۆپادۆ لەکتێبی لایەنگری ئاشتی (١٣٢٤ی میلادی)دا، میری بە پێشەوای مەزهەبی وڵات دەناسی، و بڕوایوابوو کە دەبێت میر هەموو حوکمە یاساییەکان دابنێت. بە کورتی لێبوردن لەبارەی مورتەدەکانەوە بە تەواوی بەستراوە بە هەڵزاردنی میرەکان و بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی دەوڵەتەوە.

قوتابخانەی هیومانیست هەمیشە جیاوازی گروپە دینیەکان بەشتێکی خراپ دەزانێت، خراپیەك کە دەبێت لێبوردوو بین بەرامبەری، تا ئەو کاتەی کە سازشکردنی مەزهەبی، کۆتایی پێدێنێت. لێکبوردن مەسەلەیەکی کاتیە، تەنانەت ئەگەر لەگەڵ ئەو رەخنەی هەقیقەتەدا بێتەوە کە زانایانی مەزهەبی کاسۆلیك دەیگرن. یەکەم بابەت کە دێتە پێشەوە یەکێتی گروپە جیاوازەکانی مەزهەبی کاسۆلیکیەو پاش رێکەوتنی سەرجەم کاسۆلیکەکان، یەکێتی لەگەڵ مەزهەبەکانی تردا دێتە پێش کە دەبێتە هۆی کۆبونەوەی مەزهەبە جیاوازەکان لەدینێکی پێکهاتەییدا (تەرکیبی)، دیارە لەژێر پەرچەمی باوەڕی مەسیحیدا. لەیۆتۆپیادا جیاوازی مەزهەبەکان، زیان لەیەکپارچەیی مەسیحیەت نادات، چونکە یۆتۆپیا دەوڵەتێکی نادینیە و تۆماس مۆر بە سەرنجدان لەئیرادەی خوداوەند کە مەزهەبە جیاوازەکان بەرەو یەکێتی بیروڕا دەبات، دەچێتە پاڵ بیری هیومانیستەکان کە خوازیاری ئاشتی مەزهەبین، لەگەڵ سەرکەوتنی مەسیحیەتدا. ئەم سازشکردنە، جیاوازیەکان لەناو دەبات و هەڵەی مورتەدەکان چاکدەکاتەوە، بەمشێوەیە زۆرتر

بەرگری لەلێتێگەیشتن دەکرێ تا لێکبوردن.

نەریت، ئاشکراکەری هەقیقەت یان بەرهەمی دەسەڵات:

بەڵام دەکرێ تەعبیری هەقیقەت، وەك پێگەی هێزو دەسەڵاتی سیاسی، بە وەڵامدانەوەی بیرکردنەوەی جیاواز وەك تاوانێك بزانرێت. بۆسۆئەش وەك باسکال بڕوایوایە هەقیقەت نەگۆڕە: بەردەوامی و نەمری کەنیسە، پێوەری هەقیقەت و زامنی گشتگیری حوکمەکانی کەنیسەی رۆم (کاسۆلیك)ە. ئەم دەزگایە پارێزەری هەقیقەتە لەبەرامبەر هەر گۆڕانکاریەکدا، و بە زنجیرە پلەیی هەمیشەیی خۆی، خوازیاری فەرمانبەرداری پەیڕەوەکانێتی. هەر گۆڕانێك لەحوکمەکاندا، ئاشکراکەری هەڵەیە. کەوابوو ریفۆرمیستە مەزهەبیەکان کە تاوانبارن بە ئیرتداد، دەیانەوێت هەقیقەت وەك جێگەیەك بۆ دەسەڵات و هێز تەفسیربکەن. لەراستیدا لەدەزگای فکری ئەواندا کەنیسە پێگەی دەسەڵاتە: ئەوان دەڵێن کەنیسە بەرگری لەهەقیقەتێك دەکا کە هەقیقەتی دین و باوەڕ نیە، بەڵکو هەقیقەتی مەزهەبی فەرمانڕەوایە.

هانری باسناژ دۆبۆڤاڵ بەمشێوەیە دیکتاتۆریەتی قەشەکان مەحکومدەکات: ئەو قەشانەی خەڵکی دژی شازادەکان هاندەدەن و ناچار بە سەرپێچیکردن لەیاساکانی پاشاکانیان دەکەن و خۆیان دەبن بە ئەربابی مەسەلە دنیایەکان. ئەمانە نەزانی هاندەدەن و خورافات بڵاودەکەنەوە، بۆ ئەوەی باشتر تێنوێتی دەسەڵاتداریتی خۆیان تێربکەن: گەندەڵی ئەخلاقی قەشەکان لەنێوان ئەو حوکمانەدا کە بەرگری لێدەکەن و واقعیەتی رەفتاریان، جیابونەوەیەکی گوناهکارانە دروستدەکات. لێرەدا لەیەکێتی سیاسی لەسەر بناغەی یەکێتی بیروڕا، دور دەکەوینەوە: مەزهەب رەنگە هۆکارێکی یاخیبوون و داڕمانی دەزگا زەمینیەکان بێت.

ئەم رەخنەیە تازە نیە. سپینۆزاش بە تامەزۆرییەوە ئاماژەی بۆ کینتە کۆرچە دەکات کە بڕوایوایە: "هیچ ئامێرێك هێندەی خورافات بۆ حکومەتکردن کاریگەر نیە ". بەڵام رەسانەیەتی سپینۆزا زۆرتر لەوەدا نیە کە زانایانی دینی لەبەر دەسەڵاتیان بەسەر خەڵکیدا مەحکومدەکات، بەڵکو لەوەدایە کە بناغەی ئەم دەسەڵاتە دەگەڕێنێتەوە بۆ پێکهاتەی سۆزداری مرۆڤ. پێکهاتەیەك کە بە قازانجی زانایانی دینی، رەگی لەناو خودی مرۆڤدایە. مرۆڤەکان بەپێی ماهیەتیان خورافین. خورافە

دەرئەنجامی ئەو ئامادەییە سۆزداریەیە کە لەوەهمی دەسەڵاتداریّتی ئیرادەی کەس بەسەر خوّیەوە دروستدەبێت و مرۆڤەکان بەهۆیەوە هەر مەسەلەیەکی ناعەقڵانی (بێئاگایی لەهۆکارە سروشتیەکان، "رەمزەکانی" کتێبی پیرۆز") بە شێوەیەکی بان عەقڵانی (سیستەمی سروشت لەسەر بناغەی رێکخستنێکی ئامانجدار، ئیلهامە بان عەقڵانیەکانی کتێبی پیرۆز) تەفسیردەکەن. لەبەرئەوەی بڕوایانوایە قەدەر کاریگەرترە لەهێزی خودی خوّیان، لەبەرئەوە لەنێوان ترس و ئومێددا دێن و دەچن، و پەنا بۆ دەسەڵاتێك دەبەن کە بڕوایان وایە بەهێزترە. کەوابوو ناسینی هەقیقەت بەر لەهەر شتێك بەستراوە بە رزگاربوون لەپێشداوەریەکانی زانایانی دینی، بەڵام پێویستی بە رزگاربوون لەسۆزە خەمناکەکانیش هەیە. تەنها لەوڵاتێکی ئازادا کە ئەگەری بەرخوردی ئازادانەی بیرۆڕاکان هەبێت، رزگابونێکی گشتی وا قابیلی وێناکردنە. لێکبوردن بەرلەوەی دەرئەنجامی فێرکردنی خەڵکی بێت، بەستراوە بە ئامادەیی دەزگاکان بۆ قبوڵکردن یان نەکردنی ئازادی بیرۆڕا. بەڵام سپینۆزا تەفسیرە نادروستەکانی زانایانی دینی بۆ کتێبی پیرۆزو گێڕانەوەی رەمزو دۆگماتیەتیەکان بۆ ئەو کتێبە کە بە تەواوی بێ بەریە لێی، وناساندنی بدعەتەکانی خوّیان وەك قسەکانی خوداش مەحکومدەکات. دانانی دۆگمە فەلسەفیەکان بە بەشێك لەکتێبی پیرۆزو خودا، وەك ئەوە وایە بە پێوەری راستیان بزانین: هەروەها ئەمکارە سەندنەوەی ئازادی فەلسەفاندن و سنوردار کردنی ئازادیە کۆمەڵایەتیەکانە.

لێکبوردن و هەقیقەتی کتێبی پیرۆز:

ئەو هەقیقەتەی کتێبی پیرۆز ئاشکرایدەکات، خۆی دەبێتە بابەتی وتوێژێك لەبارەی لێکبوردنەوە. ئیساك لاپیرەر، ئۆربیل داکۆسنا، یان هۆبز بەر لەسپینۆزا تاوتوێی رەخنەگرانەی ئینجیلیان کرد. میتۆدی مێژوویی تەفسیرەکەی سپینوزا لەبارەی کتێبی پیرۆزەوە پیشانیدەدات، کە ئەم کتێبە هیچ حوکمێکی تیۆری بڕاوەی لە خوّیدا هەڵنەگرتووە، بەڵکو تەنها ناوەرۆکی بریتیە لەتێزە ئەخلاقیە هەمەکیەکان و دەستوری کردارکردن بەپێی دادپەروەری و چاکەخوازی (وتاری مەزهەبی- سیاسی، تەماشای دەقی ژمارە ٩ بکەن.). رێسای تەفسیرکردنی کتێب بەهۆی خودی کتێبەوەو گەڕان بەدوای مانا نەك هەقیقەتەکەیدا، ئەگەری ئەوە

دەکاتەوە کە یاسای قابیلی وتوێژ نەکردنی کتێبی پیرۆز، لەرێگەی سەلماندنی بونیادە مێژوییەکەی، بسڕینەوە، ئەوکات ئیدی ئەرکی فێرکردنی هەقیقەت، دەبێتە ئەرکی تاك و تەنیای عەقڵ. سپینۆزا بەمشێوەیە بە سڕینەوەی ئەو دۆگمایەتیەی کە زانایانی دینی داویانەتە پاڵ کتێبی پیرۆز، نەك تەنها مەزهەب رزگاردەکات، بەڵکو فەلسەفەش ئازاد دەکات، چونکە ئەوە دەردەخات کە هیچ شتێك لەکتێبی پیرۆزدا نیە کە ناکۆك بێت لەگەڵ ئازادی بیرۆڕادا.

"پیرێ بیل"یش دەیەوێت دەست "بە تەفسیرێکی تازە بکات" و پشت بە "هەمەکیترینی ئەو بنەمایانە ببەستێ کە لێکۆڵینەوە زمانیەکان، رەخنەکان، و بیرۆڕای باو، دەتوانن بیخەنە بەردەستی مرۆڤ". بەمشێوەیە "هەر مانایەکی زمانی کە هەڵگری ناچارکردن بە ئەنجامدانی تاوانێك بێت، هەڵەیە". بیل بە توندی هێرشدەکاتە سەر ئەو تەفسیرەی ئەگوستین کە بە پشت بەستن بە وێنای میواندارێتی مەسیح (ئینجیلی لۆقا، چواردەهەم،٢٣) رەوایەتی بە بەکارهێنانی زۆر لەبەرامبەر مورتەدەکاندا دەدات ، و کۆی ئەو نەریتە مەزهەبیە بە پوچ دادەنێت کە بەپشت بەستن بە وێنای دانەو تاڵکە (ئەنجیلی مەتی، سیانزەهەم. ٢٤-٢٣) (و ئەمە خوازەیە کە بۆ جیاکردنەوەی باشەکان لەخراپەکان. و)، فەرمان بە سزادانی مورتەدەکان دەدەن. سن تۆماس، سن ئەگۆستین و تەنانەت لۆسەریش دەیانەوێت تاڵکە بژار بکەن، واتە مورتەدەکان —ئەگەر بکرێ لەگەڵ باوەڕداراندا جیابکرێنەوە- لەکۆمەڵگای مەدەنی دەریانبکەن و لەچاوەڕوانی هەڵسەنگاندنی رۆژی سزادا، لێیان نەبوورن (بەو شێوەیەی کە بۆ نمونە ئەراسم یا گرۆتیس تەفسیریدەکەن). فەرمانبەرانی باوەرپێهێنانی خەڵکی، بە پشت بەستن بە مانای روکەشی ئەم وێنایە، تاوانەکانی خوّیان ئاراستە دەکەن. بیل سەرنجیان بۆ مانای کارەکەی خوّیان، بە مانای روکەشی سەرکوتکردنەکان، رادەکێشێ، ناچارکردن بە نیشتەجێ بوون و پێشوازی کردن لەلەشکرەکان، دەستبەسەراگرتنی داراییەکان، تاشینی موی سەرو سڕینەوەی مەرجەعە یاساییەکان، دورخستنەوە، دانپیانانەکان و باوەرپێهێنانی بە زۆر، تاوانگەلێکن تەنانەت دژی دین و بەر لەگەندەڵکردنی مورتەدەکان لەرێ و رەسمی کەنیسەدا، زیان بە دین دەگەیەنێت. ئیلهامەکان دەبێت لەگەڵ روناکی سروشتدا بگونجێن، چونکە ئەم روناکیە خودایی، و لێرەوە پێوەرێکە کە مانای روکەشی کتێبی

پـیـرۆز دەبێـت لەگەڵـیـدا بگوجێـت. بـیـل نـکـوڵی لەدۆگمـەکان و بایـەخیان دەکـات و بەلگانـدنی بـاوەڕداران رەددەکاتـەوەو ئـەخلاقیبوونی کـردار، بـە پێـوەری رەوایـەتی دەزانێـت. بـەڵام "جـۆری تـازەی تەفـسیر" بەتـەنیا وەڵامێکـە بـۆ دیـدی کەنیـسەی باڵادەست. بیل شێوەیەکی فەلسەفی تایبەت پێشکەشدەکات کە تیایدا شێوەیەکی تـری بیرکردنـەوە، جێگـەی سیـستماتیکی فکـر دەگرێتـەوە. بیـل بـە ئامـاژەکردن بـۆ دەزگـا کاسۆلیکیەکان لەو وڵاتانـەدا کـە لـە کەمایتیـدان،داوای گـۆڕینی تێڕوانینـەکان دەکـات. دەزگای کاسۆلیکی تەنها لەجێگەیەکدا بـەناوی هەقیقەتـەوە بـەرگری لەسـەرکوتکردن دەکات، کە خۆی فەرمانڕوا بێت. لۆك دەگەڕێتەوە بۆ گـۆڕانی دیـدی دەسـەڵات و ئـەو هەقیقەتەی بـەرگری لێـدەکات و ئـەوە دەسـەلێنێ کـە "هـەر کەنیـسەیەك بـە بـڕوای خۆی، مەسیحیەتی پەتییە، و بـەبڕوای ئەوانیـدیش هەڵـەو ئیرتـدادە. هـەمو کەسـێك بڕوایوایە ئـەوەی خـۆی بـڕوای پێیـەتی هەقیقەتـەو هەرچیـەکیش کـە جیـاوازە لـەو، وەك هەڵە مەحکومدەکات" تۆمـەتی ئیرتـداد هەمیـشە دولایەنیـەو لـەو رەوشـەوە کـە ناکرێ بەشێوەیەکی کامڵ و تەواو، مەسیحیەتی پـەتی دەسـت نیـشانبکرێت، کـەوابوو گـەر مـافی سـەرکوتکردن بـە کەنیـسەیەك بـدرێت، ئـەوا ناچـارین هـەمان مـاف بـە کەنیسەکانی دیش بدەین.

جیاوازی بەلگاندنەکەی لۆك لەگەڵ بیلدا لەوەدایە کە بناغەکەی پەناگای نـەزانی و لەهەمانکاتدا رەخنەگرتنـە لەخۆڕسکی هوشیاری. ئێمـە هـیچ بیرێکی خۆڕسکمان نیە کە ببێتە هۆی هاودەنگی هەموان لەناسـینی زاتـی خوداوەنـداو، کتێبـی پیرۆزیش حوکمگەلێکی تیۆری کەم فێر دەکەن و لێرەوە سەلماندنی ئەو مەسەلانەی پەیوەندیان بە باوەڕەوە هەیـە مـومکین نیـە. بەلگەکانـدنی لـۆك بـۆ نایـەقینبوونی مەزهەبـەکان لەشـوێنێکی دیـدا وێنـای سـێ موسـتیلە(بـۆ سـێ مەزهەبـە یەکتاپەرسـتیەکەو) بـەبیر دەهێنێتـەوە کـە لیـسنگ رونیکردۆتـەوە: تەنانـەت گـەر قبوڵیبکـەین کـە یـەکێك لەمەزهەبە یەکتاپەرستیەکان راستە، مومکین نیە بەدڵنیاییـەوە دەستنیـشانی بکـەین کە ئەو یەکە کامەیە. کـەوابوو تـەنها پێـوەری هەقیقـەت لێکبـوردنی پـەیڕەوانی ئـەو مەزهەبەیـە. ڤـۆڵتێر هـەر ئـەم بەلگاندنـە بەشـێوەیەکی دی دەهێنێتـەوە و لـەوتاری "لێکبوردن" لەئەنسکلۆپیدیادا (١٧٦٤) ئەوە دەسـەلێنێ کـە "ئێمـە هـەمومان سـەرتاپا بـێ تواناو هەڵەین"، و داوامان لێـدەکات کـە "بـێ عەقڵیـەکانی" یەکـدی بەشـێوەیەکی

دولایەنە ببەخشین. لێکبوردن لێرەدا بەرلەوەی لەسـەر بنـەمای کۆمـەڵی ئـەرك بێت کە وێژدانی مرۆڤ وەك ئەخلاقی سروشـتی دەیـسپەێنێت، پـشتی بـە بـەهرەی نـەزانی مرۆڤ بەستووە کە دەبێتە هۆی پێویستی ناسینی مافی بیرکردنەوە بەشـێوەیەکی دی. لێکبوردن، بەهای ئازادی دەباتە سەرو هەقیقەت و بەهای ئەخلاقی عەمەلیش دەباتە سەرو دۆگمەکانەوە.

هـەروەها دەکرێـت وەك لایبنیتـز هونـەری دیـالۆگ رێکبخرێـت، یـان لەدیـدی سـتاتیکیەوە تەماشـابکرێت. بیـل هەمـەڕەنگی هەقیقـەت بەشـێوەیەکی سـۆزدارانە دەردەبڕێ: جوانی هاودەنگی دەنگە جیاوازەکان، هیچی لەجوانی تاك خوێنـدن کـەمتر نیـە. بـەڵام ئەگەرچـی بیـل قـسە لـەجیاوازی و هەمـەڕەنگی لەوڵاتـدا دەکـات، بـەڵام بەلگاندنی پەیوەندیدار بـە ناهوشیاریـشەوە لای ئـەو دەدۆزینـەوە. لـەو شـوێنەدا کـە باسـکال ئـەم بەلگاندنـەی بـە سـودی ئـەرکی فەرمانبـەرداری مـرۆڤ دەبینـی، خـودای نادیاری باسناژ دۆبڤاڵ رەوایەتی بۆ وتوێژی گشتی دەهێنایـەوە: ئاڵۆزیـەکانی کتێبـی پیرۆز بەخواستی خودایە، بە قـازانجی فرەیـی حوکمـەکان و مەزهەبـەکان و هـەروەها بـەقازانجی بـەرخوردی ئازادانەیانـە. لـەمڕۆوە دەتـوانین بڵـێین هـەر وتوێـژێك، بەرهەمهێنـە: ئیرتیـدادەکان "ئەنگێزەیـەکی سـودمەندن" کـە هۆکـانی هەوڵـدان بـۆ بەلگانـدن، بـۆ لێکۆڵینـەوەی قـوڵتر و تەفـسیری کتێبـی پـیرۆز، دەڕەخـسێنن. روبەڕوبونـەوەی دۆگمـە مەزهەبیـە جیاوازەکـان، دەبێتـە هـۆی ململانێـی پـەیڕەوانی مەزهەبەکان لەگەڵ یەکدیدا. بەکورتی "وتوێژی زانایان کە قازانجی زۆری بۆ خـەڵکی هەیە و زۆر سودمەندە"، دەبێتە هۆی پێشکەوتنی هەقیقەت لەبەرامبەر خورافاتدا و ئـەخلاقی پـەیڕەوانیش بڵنددەکاتـەوە. هـەر ئـەم بەلگاندنـەش لای هلـۆتیس و جـان سـتیوارت میـل، رەنگدەداتـەوە. بـە کـورتی چـیدی بیرکردنـەوە بـە شـێوەیەکی دی مەحکوم بە لەناوچوون نیەو لەکارێکی تاوان ئامێزەوە، دەبێت بە کارێکی سـودمەندو دەبێت بە مەرجی پێویست بۆ بەدەستهێنانی هەقیقەت.

بەمـشێوەیە زنجیرەیـك بەلگانـدن کـە دەوری قبـوڵکردنی بـیروڕا جیاوازەکـان و سەلماندانی سـودمەندیانی، تەنانـەت بـۆ خـودی هەقیقـەت لەئەسـتۆ گرتـووە، دەبێتـە جێنشینی بە تاوان زانینی ناهۆشیاری و بە کفر زانینی بیرکردنەوە بەشێوەیەکی دی. مەبەست لەو بەلگاندنانەی بۆ سەلماندنی لێکبوردن دەهێنرێتەوە کە چیدی بە مانـای

مودارا‌کردنی هەڵەی گوناهکارانە نیە، بەڵکو مافی هەمەڕەنگی بیروڕا مەزهەبیەکانە، ئازادبوونە لەوتەزاکانی مەزهەبی پەتی و ئیرتداد. هەنوکە دەبێت تۆمەتی ئیرتداد بۆ ئەو کەسانە بگەڕێنینەوە کە ئەوانی دی سەرکوتدەکەن، نەك ئەوانەی کە دۆگمەکان دەگۆڕن: چیدی جیاوازی بیروڕا تاوان نیە، بەڵکو کرداریکی جیاوازە لەو دەستورە ئەخلاقیانەی کە بە رونی لەکتێبی پیرۆزدا دەربڕاوە یان وێژدانی مرۆڤ ئیلهامیان لێوە وەردەگرێ. کەوابوو ئەرسۆزکسی مانایەکی بنەڕەتی ئەخلاقی پەیدا دەکات، کە عەقڵی عەمەلی رۆڵێکی گرنگتری تیا دەبینێ. پاشان ئایا کاستلیۆن و لۆك و بیل ئەوەیان نەسەلماندووە کە سنوری نێوان ئیرتداد و ئەرسۆزۆکسی بەپێی دیدی ئەو کەسەی دەستنیشانی دەکات، بە تەواوی ڕێژەییە؟ بەمشێوەیە وێنای "مەزهەبی هەقیقی" دەگۆڕێت، بۆ قبوڵکردنی ڕێژەیی دین و باوەڕەکان. ئەزمونی ئازادیە مەزهەبی و بیروڕاکان، دەبێتە جێنشینی مەسەلەی هەقیقەتی دۆگمەکان.

لەباوەڕەوە بۆ نیەت باشی:

دەکرێ لێکبوردن لەسەر بناغەی مافی پاڕێزراوی ئازادی بیروڕاو باوەڕ، و هەروەها لەسەر بناغەی هەنگاوە بنەڕەتیەکان دابمەزرێنرێ. بیل و لۆك بەشێوەی جیاواز بەرگری لەلێکبوردن دەکەن: بیل لێکبوردنی عەلمانی، لەمافەکان یان لەئازادی بیروڕا و باوەڕەوە بەدەست دەهێنێت. لۆك سەرەتا جیاوازی لەنێوان دەزگای دەوڵەتی و دەزگا کەنیسەیەکاندا دەکات، پاشان بواری ئازادی باوەڕ و بیروڕای فەردی روندەکاتەوە. لەنێوان ئەم دوو تێڕوانینەدا، چەند ڕێگەیەکی نێوەندی هەیە کە بەهۆیەوە لێکبوردن وەك شتێکی تەواو عەلمانی دەناسرێ. سەرەتا دەبێت وێژدانی مرۆڤ بەمەرجەعێکی سەربەخۆ بناسرێتو ئازادی پێبدرێت. بابەتی ئازادی بیروڕاو باوەڕ، تەوەرەی گفتوگۆیە لەبارەی لێکبوردنەوە، کە لەسەردەمی بزوتنەوەی ریفۆرمی دینیدا دەستی پێکرد. لەراستیدا مەزهەبی لوسەر بەرگری لەئازادی مەزهەب دەکات کە پاشان ناوی ئازادی بیروڕا و باوەڕ (یان ئازادی وێژدان)ی وەرگرت: بناغەی تیۆرەکەی لۆسەر لەسەر ئەوە دامەزراوە کە لەرێگەی ویستی وێژدانەوە نەبێت، ناکرێ مل بۆ هیچ یاسایەك بدرێت و ئەگەر مرۆڤ وێژدانی نەیار بێت، مەحکوم نابێت بە فەرمانبەرداری لەدەزگا شەرعی و زەمینیەکان. لۆسەر پاشان بووە

لایەنگری کەنیسەی دەوڵەتی. کالڤن بڕوای بەسەربەخۆی وێژدان هەبوو (کە دەبێت لەعەقڵ بە جیا بزانرێت کە بەهۆی کەوتنە خوارەوەی مرۆڤەوە، بەرەو گەندەڵبوون چووە) و لەهەمانکاتدا کتێبە پیرۆزەکانی، بە پێوەری کۆنکرێتی باوەڕ دەزانی. هەمووان دەستیان بە کتێبە پیرۆزەکان کە زۆر سادەو مەفهومن دەگات، ئەم کتێبانەش دەبێت بۆ هەر وێژدانێك بە پێوەری هەقیقەت دابنرێ.

پاشان کاستلیۆن و بیل و باسناژ دۆبۆڤات بابەتی ئازادی بیروڕاو باوەڕ درێژە پێدەدەن، بەڵام تا رادەیەك دەستکاریدەکەن. ئەمان حوکمی وێژدان لەحوکمی کتێبی پیرۆز بە بەرزتر دادەنێن. کاستلیۆن خوازیاری ئەزمونکردنی بێ قەیدو شەرتی کتێبی پیرۆزە بەهۆی عەقڵەوە: عەقڵ بەو شێوەیەی کالڤین دەڵێت، بەهۆی گوناهی سەرەتاییەوە بەتەواوی گەندەڵ نەبووە، بەڵکو چرایەك ڕێنماکردنی هاوبەشە کە توانای ئەوە بە مرۆڤەکان دەدات کە لەکتێبی پیرۆزدا، تێزی پێویست و روون بۆ ئازادی بدۆزنەوە. بیل، عەقڵ بە پێوەری هەمووان و ڕێسایەکی خۆڕسك دەزانێت بۆ جیاکردنەوەی راست و هەڵەو چاکەو خراپە. بیل هەروەها پشتیوانی لەمافەکانی وێژدانی تاکەکان لەبەرامبەر دەسەڵاتی کەنیسەی ڕۆمو لەبەرامبەر ئەو مەرجەعیەتەی کە بۆ کتێبی پیرۆزیان داناوە، دەکات: حوکمەکانی کتێبی پیرۆز دەبێت بە عەقڵدا تێپەڕێت بۆئەوەی بە ڕەوا بزانرێ. ئیلهامە سروشتیەکانی مرۆڤ کە لەشکڵی بەدیهییە ئەخلاقیەکاندا، راستیە بنەڕەتیەکانمان دەخاتە بەردەست، لەهەر مەرجەعێکی دی بڵندترە: روناکیە خودایییەکانن کە دەرونی ئێمە روناك دەکەنەوە، تەلقینگەلێکی نەوتراون کە خودا بەهۆیەوە یەکەم بنەماو ئەرکەکان، فێری مرۆڤەکان دەکات. گشتیبوونی ئەرکی فەرمانبەرداری لەوێژدان، بناغەی مافی بەرامبەری وێژدانەکانەو ڕێگەدەدات کە هەر کەسێك ئەرکی فەرمانبەرداری لەحوکمی وێژدان لەبەرامبەر ئەوانی دیدا، قبوڵبکات. ناچارکردن لەدینداچەند ناڕەوایە، هێندەش ناکاریگەرە. بەڵام مافەکانی وێژدان بێ بناغە نیە، بەڵکو وێژدان ئەرکیشی لەئەستۆیە: هەرکەس دەبی پەیڕەوی لەوێژدانی خۆی بکات، چونکە وێژدان شتێکی خودایییە. بیل ئەگەری سەرکوتکردن و ئازار و ئەشکەنجەدان مەحکومدەکات و لێکبوردن لەسەر بناغەی کۆمەڵی ماف دادەمەزرێنێت کە هەر وێژدانێك خاوەنێتی، لەبەرئەمەیە کە بڕوایوایە وێژدانەکان ئەرکێکیان لەئەستۆیە و بایەخ و دەسەڵاتیان

لەدەسەلاتی خوداوەندەوە هەڵدەقوڵێت.

تێڕوانی بیل ئەو قازانجەی هەیە کە "مافەکانی ویژدانی گوناهکار"یش دەهێنێتە پێشێ، بەمشێوەیە لەبنەڕەتدا لەگەڵ هەموو بیرێکدا ناکۆکە کەهەڵە بە تاوان دەزانێت یان هۆی نەزانی وەك ئەنگێزەی ئیرتداد قبوڵنەکات. لەراستیدا مافەکانی ویژدان کە بیل بەرگری لێدەکات، دەبێت بۆ هەموو ویژدانێك بێت، لەوانەش ویژدانی تاوانبار. مرۆڤەکان تەنها یەك پێوەری زیهنیان بۆ دەست نیشانکردنی هەقیقەت هەیە، کە ویژدانیانە و ناچارن ئەوەی ویژدانیان بە دروستی دەزانێت، قبوڵبکەن. ئەو چەمکی ویژدانەی بیل و بەشێوەیەکی دی لۆك رونیدەکەنەوە، جۆرێك زیهنگەری مەزهەبیە: راست دینی (یان مەسیحیەتی پەتی) زۆرتر باوەڕو راستگۆیی وەفاداریە تا دۆگماییەت. تەنها ئاماژەی هەستپێکراوی، هەستی دەرونی کەسە. مەسەلەی هەقیقەتی راست دینی لەپلەی دوهەمدا دێت، یان باشترە بڵێین زۆرتر پەیوەندی بەو کەسەوە هەیە کە قبوڵیدەکات. هەڵە لەوروە کە پەیوەندی بە بڕوای تایبەتی مرۆڤەوە هەیە، ناتوانرێت بە تاوان بژمێرێت، و تایبەتیبوونی بڕوا، مافی رەها بۆ ویژدانی مرۆڤ دروستدەکات، بۆئەوەی هەر باوەڕێك کە بەراستی بزانێت، قبوڵیبکات. بێباکی کە تەوەرەی سەرەکی تۆمەتبارکردنی بێدینی بوو، چیدی بە بنەمایەکی نەگۆڕ بۆبیروڕای تاکەکان ناژمێرێت: ئەگەر تەنها ئەوە خودایە کە دەتوانێت دڵی مرۆژەکان بخوێنێتەوە، کەوابوو هیچکەس ناتوانێت لە راستی و دروست بیرکردنەوەی کەسانی دی بەیەقین بگات، بەڵام دەبێت گریمانەکە لەسەر ئەمە دانێت. کەوابوو دەبێت هەندێك ماف بۆ ویژدانە خراپەکارەکان و بەشێوەیەکی گشتی بۆ هەموو ویژدانەکان، دابنرێت. چونکە سەلماندنی رەهایبوونی هەقیقەتی دیار، بۆ ئێمە مومکین نیە. ئەو ویژدانەی بە نیەت باشیەکی تەواوە، هەڵەدەکات، دەبێت خاوەن هەموو ئەو مافانە بێت کە کە هەر ویژدانێکی دروستکار، خاوەنێتی. بەمشێوەیە بیل رێسایەکی زیهنی بۆ راستگۆبوون و راستی دەکاتە ئەڵتەرناتیڤی رێسای بابەتیبوونی هەقیقەتو لەئەنجامدا مەسەلەی نیەت باشتی دەکاتە ئەڵتەرناتیڤی مەسەلەی باوەڕ.

بەمشێوەیە گشتیبونی ئەرکی فەرمانبەردای لە ویژدان، دەبێتە بناغەیەك بۆ ئازادی مەزهەبی. بەڵام ئایا حاڵەتی وا نایەتە پێشێ کە هەر ئەم ویژدانە، ببێتە هۆی

هەڵەی ئەخلاقی؟ بەدەربڕینێکی تر چۆن دەکرێت بێ ویژدان، بیر لە ئازادی ویژدان بکرێتەوە؟. ئەگەرچی بیل بوونی نیەتی خراپ بە شتێکی ئەستەم نازانێت، بەڵام کانت ئەرکی پەیڕەویکردن لە ویژدان وەك "زانینێك کە دەبێتیە" شیدەکاتەوە. ئیلهامە مەزهەبیەکان یان دەسەڵاتە کەنیسەییەکان ناتوانن جێگەی هەقیقەتی ویژدانی بگرنەوە" ناتوانرێ یەقین سەبارەت بە هەقیقەتی دۆگمە مەزهەبیەکانو نەریتە دینیەکان بەدەستبهێنرێت. ناسینی یاساکانی ئەخلاق و ئەرکی فەرمانبەرداری بێمەرج لەو یاسایانە، ویژدان دەکاتە داوەری راستی کرادارى مرۆڤ.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا مەسەلەی لێکبوردن کۆتایی پێنایەت. دەتوانین جارێکی دی بە تاوتوێکردنی سنورەکانی لێکبوردن کە تەنها لەسەر بناغەی مافەکانی ویژدان بێت، باسەکە بەشێوەیەکی دی بهێنینە ئاراوە. ئەم مافانە بەر رێگرێك دەکەون کە سیاسی و یاساییە. ئەگەر بەڕاستی دەبێ پێش هەموو شتێك پەیڕەوی حوکمی ویژدان بین، ئایا _وەك هۆبز سەرنجی بۆ چوو_ مەترسی بەناڕەوا زانینی کردار بە ئەرکی فەرمانبەردای عەلمانی نایەتە پێشەوە؟ ئەمەش جارێکی دی گۆڕانی دەسەلاتە بە دەسەلاتێکی دی، دانانی دەسەلاتی ویژدان یان خودایە، لەبەرامبەر دەسەلاتی فەرمانڕوادا. ئەم وتوێژەش بەتوندی سیاسیەو ئەو چەمکانەش کە ئازادیگەری سیاسی و ئابوری دروستیکردووە، ئامێرەکانین. لەم وتوێژەدا تاوتوێی ماف و ئەرکەکانی دولایەنەی فەرامانڕەوا و هاوڵاتیان، و هەروەها سنوری ڕەوای دەستێوەردانی فەرمانڕەوا لە کاروباری تاکەکاندا، دەکرێت. لێرەوە کەمتر سەرنج لە باوەڕی دەرونی و ویژدانی تاکەکان دەدرێت، و زۆرتر سەرنج لە پێگەی لەناو بەکارهێنانی دەزگاکانداو دیاریکردنی سنوری بواری گشتی و بواری تایبەتی دەدرێت. لەگەڵ ئەمەشدا مەسەلەی مافی جیاوازی بیرکردنەوەی مەزهەبی، جێگەی خۆی بەهاوبەشی بەرژەوەندی تایبەتی و گشتی لە پەیوەندیدا بە ئازادی بازرگانیەوە دەدات. ئەم ئازادیە رێك لەبەرئەوەی سەروکاری لەگەڵ سیاسەتدا نیە، وەك باشترین هۆکار بە قازانجی فرەیی لەبواری بیروڕادا، دەردەکەوێت

سیستەمی سیاسەت، بێدینی لەگەڵ فەزێلەتدا

ئایا کاتێك یاساکانی حکومەت ناکۆك بێت لەگەڵ حوکمەکانی ویژدانی مرۆڤدا، دەکرێ بەشێوەیەکی ڕەوا سەرپێچی لێبکرێت، و بە ناوی ئەوەی کە زۆردارانە و ستەمکارانەن، بێبیاخ بکرێن؟ لۆك ئەم مەسەلەیە بەرونی بەمشێویە دەردەبڕێت: ئازادی بیڕوڕاو باوەڕ زیاتر پەیوەستە بە هەست وسۆزی مەزهەبی مرۆڤەوە، کە بتوانرێت بکرێت بە بناغەیەك بۆ لێکبوردن. ئەو زیهنیەتەی خواستی ئازادی بیروڕا و باوەڕ لەژێر کاریگەریەکانیدایە، دەتوانێت بگۆڕێت بۆ هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندیەکانی کۆمەلگا. ویژدان ناتوانێت مەرجەعی دەستنیشانکردنی ئەرکی خەڵکی بێت.

لۆك مەسەلەی عەلمانیکردنی بواری گشتیو سپاردنی مەزهەب و باوەڕ بە بواری تایبەتی دەهێنێتە پێشێ، و لێکبوردن مانایەکی تازە پەیدا دەکاتو عەلمانی دەکرێت. بەمشێوەیە مەرجی جیابونەوەی کەنیسە لەدەوڵەت، بەسەرنجدان لەو دەورانەی هەریەکێك لەو دوانە هەیەتی، ئەو ئامانجانەی کە بەدوایەوەن، و ئەو هۆکارانەی لەبەردەستیانداید‌ایە، بۆ لێکبوردن بە پێویست دەزانرێت، دەوڵەت ئەنجومەنێکە کە دەرئەنجامی ڕێکەوتنی مرۆڤەکانە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیە دنیایەکانیان، و بۆ ئازادیو مولکایەتی سامان، کۆیان دەکاتەوە. سنوری دەسەڵاتی فەرمانڕەوایان ئامانجێك دیاریدەکات کە پاڵنەری دروستبوونی دەوڵەت بووە" فەرمانڕەوایان کە هەم هێزە گشتیەکانیان لەبەردەستدایە، دەبێت سزای هەموو دەستدرێژیەك بۆ یاساکانو بەرژەوەندیە دنیاییەکانی نەتەوە بدەن، بەڵام ناتوانن نە یاسا بۆ بیروڕا مەزهەبیەکانیان دابنێن، نە دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە (هیچکەس تەنانەت بیروڕا ویژدانیەکانی خۆشی لەدەستدا نیە)، و نە مافی ئەوەیان هەیە: دۆگمە تیوریەکان لە بواری بەرژەوەندیە زەمینیەکانی نەتەوەدا، هیچ حوکمێکیان نیە. لێرەوە خەڵکی بەتەواوی خاوەن ئازادی مەزهەبو باوەڕن. لۆك کەنیسەکان وەك ئەنجومەنی تایبەتی دەناسێت کە ئامێرەکانی تەنها پەروەردە، قەناعەت پێکردن یان دەرکردنە لە ئەندامێتی کەنیسە: تەنها سەرقاڵی کەنیسەکان، رزگاری دەرونی باوەڕدارانە. کەوابوو ئازادی خەڵکی لەبواری بیروڕا مەزهەبیەکاندا، لەگەڵ ئەرکی فەرمانبەردای لەیاساکان

گونجاوە، و بەرژەوەندی گشتی بەپێوەری لێکبوردن دەناسرێت: تەنها بەرەچاوکردنی ئەم بەرژەوەندیانە، دەکرێت ڕێساگەلێك بۆ چاکەو خراپە دابنرێت. هەروەها فەرمانڕەوا دەتوانێت کەنیسەیەك کە بڵاوکەرەوەی کاروکردەوەگەلێکی ناکۆك بە بەرژەوەندی هاوبەشی هەموانە، قەدەغەبکات. ئەم بەڵگاندنە زۆر ڕاست دەردەکەوێت، لۆك تەنانەت سنوری لێکبوردن بەم بەڵگاندنە دیاریدەکات: فەرمانڕەوا نە دەتوانێت لەگەڵ ئەو کاسۆلیکانەدا لێکبوردوو بێت کە لەبری فەرمانڕەوای عەلمانی، پەیڕەوی لە پاپا، واتە میرێکی بێگانە دەکەن، نە لەگەڵ ئەو بێدینانەدا کە نکوڵی لە بوونی خودا دەکەن، و وەفادار نین بەو پەیمانانەی کە بێگومان بنەماو بناغەی کۆمەلگا پێکدەهێنن. کەوابوو مەسەلەکە ئەوەیە ئەو بڕوایانەی لەدیدی دەوڵەتەوە پێویستن، وئەو بڕوایانەی بۆ دەوڵەت گرنگ نین، دیاریبکەین. لەمبارەیەوە مەسەلەی ئەخلاق جێگەیەکی ناوەندی هەیە: ئایا هەندێك لەباوەڕەکان کارکردن بۆ فەزیلەتێك کە بۆ چاکسازی کۆمەلگا ناچاریە، سنوردار ناکات؟ هەموو بیروڕاکان بێلایەنو تایبەت نین بە بواری تایبەتی تاکەکەس. ڕۆسۆش وەك لۆك بێدینی مەحکومەکات، بەڵام مەزهەب تایبەت بە بواری تایبەتی نازانێت. بەپێچەوانەوە بەبڕوای ڕۆسۆ مەزهەب لەوشوێنەدا کە دەبێتە هۆی فەزیلەتی هاوڵاتیان، سەر بەبواری گشتیە. مەزهەبی عەلمانی بەدروستکردنی پەیوەندی لەنێوان مرۆڤەکاندا، وەك نمونەیەکی خەیاڵی و سۆزداری مۆری سەلماندن لە سازشێکی عەقڵانی دەدات کە دروستکەری پەیمانی کۆمەڵایەتیە. مەزهەب پیرۆزی پەیمانی کۆمەڵایەتی بەهێزدەکات. دەوری سەرەکی مەزهەب خزمەتکردنی مەدەنیەتە لەرێگەی پابەندکردنی هاوڵاتیانەوە، بە ئەرکە ئەخلاقیەکان.

بیل لەبەرامبەر ئەوەدا کە جۆن ستیوارت میل ناوی دەنێت دەستوەردانی ناڕەوای دەوڵەت لەبواری تایبەتی خەڵکدا، وێنەی مرۆڤی خوانەناسی پاکی دانابوو. بەبڕوای بیل بێدینی ئەگەر لەسەر بناغەی سۆزداری و بەرژەوەندیەك بێت کە پەیڕەوکردنی فەزیلەتێکی کۆمەڵایەتی بەرهەمبهێنێت، ناکۆك نیە لەگەڵ کۆمەڵایەتیبوندا. ئەگەر ئارەزوی مرۆڤەکان پتر ڕووی لەوە بێت کە پەیڕەوی لەهەستەکانی خۆیان بکەن تا فەرمانە ئەخلاقیەکان، _تەنانەت گەر فەرمانەکان لەویژدانیانەوە بەرهێنرابێت_ لەم حاڵەتەدا ئیدی دادپەروەری خودایی بوونی نابێت، تاکو ببێت بەهاندانی کراداری

چاك. فەزیلەت دەرئەنجامی خواستی قەدرزانی ئەوانی دیە لە ئێمە، دەرئەنجامی عیزەتی نەفس و بەرژەوەندی تایبەتی ئێمەیە. فەزیلەت رەزامەندیەکی رۆحی دەهێنێت کە تایبەتە بە رەچاوکردنی "یاساکانی شەرەف‌و شایستەیی". مرۆڤی بێدینیش وەك مەسیحی یان باوەڕدار بە دینە کۆنەکان، خاوەنی ئەخلاقی خودی و سروشتیە، بێدینی دەتوانێت لەگەڵ پاکێتیدا کۆبێتەوە، چونکە تەنها مەزهەب پاوانی رێسا ئەخلاقیەکانی نەکردووە. چیدی بەم مانایە بێدینی بەناوی ئەوەی دژی کۆمەلگایە، شایەنی مەحکومکردن نیە، و دەکرێت لێکبوردن تەنانەت بۆ بێدینەکانیش بەکارهێنرێت.

بازرگانی دارایی‌و بازرگانی بیروڕا

دەشێت بیروڕاکان کاتێك بەرەو بواری تایبەتی پاڵ پێوەدەنرێن، لەوکاتەدا کە لەگەڵ یەکدا ئاڵوگۆڕ دەکرێن، شێوەی رای گشتی وەربگرن. لەمڕووەوە دەکرێت ئازادی بازرگانی لەگەڵ ئاڵوگۆڕی بیروڕاکان‌و مافی بلاوبونەوەی بیروڕاکاندا بە پێکەوەبەستراو بزانرێن. ئەم بەلگاندنانە تادوا سنور ئازادیخوازانەیە. لێکبوردن لەم مانایەدا، دەبێت بەسیستەمێکی ئاڵوگۆڕ: ڤۆلتێر لەوتاری **"ویژدان" لە زاراوەنامە فەلسەفیەکانی** خۆیدا سودی بازرگانی ئەکاتە ئەڵتەرناتیڤی مافی ئازادی بیروڕاو باوەڕ، و هەروەها دەیکاتە ئەڵتەرناتیڤی مافی پاشا بۆ یاسادانان لەبارەی بیروڕاکانەوە. سودی بازرگانی قازانج بە ئازادی بیروڕا دەگەیەنێت، چونکە هاوئاهەنگە لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتدا، لەهەمانکاتدا ئازادی بیروڕاو باوەڕ لەڕوانگەی بەرژەوەندی گشتیەوە، دەگوڕێت بۆ مەسەلەیەکی بێلایەن. "هیلۆتیوس"یش بڕوایوایە ئازادی رادەربڕین لەسەر بناغەی بەرژەوەندی گشتی دامەزراوە. بەبڕوای هیلۆتیس ئازادی دەربڕین هۆکاری بلاوبونەوەی هەقیقەتە، و یارمەتی رونبونەوەی تاکەکان دەدات‌و ئەگەری پێشکەوتنی مرۆڤ دەڕەخسێنێت. جۆن ستیوارت میلیش پشت بە قازانجی ئەبستمۆلۆجی لێکبوردن دەبەستێت و دەڵێت: لەراستیدا رێگەگرتن لەهەر بیروڕایەك، لەگەڵ مەحرومکردنی مرۆڤایەتی لە هەقیقەتێك، یان (ئەگەر ئەو بیروڕایە راست نەبێت) بە مەحرومکردنی مرۆڤ لە "دەرککردنی رونتر و کاریگەری زیاتری هەقیقەت کە لەبەرکەوتنیدا بە هەڵە

بەرهەمدێت"، شتێك لەمرۆڤایەتی دەدزێت (لەبارەی ئازادیەوە.لا١٣٦). بیروڕای گشتی کاتێك فۆرمەلەبوو، جێگەی دادوەر یەیدادەکات، جا مەسەلەیەکی وەك روداوەکەی کالاس لەئارادا بێت، یان هەر بابەتێکی دی کە ناکۆکی نێوان لێکبوردن و دەمارگیری، دەوریان تیایيدا هەبێت.

لێکبوردن لە کیشەیەکی مەزهەبیەوە دەگوڕێت بۆ کێشەیەکی ئابوری‌و لێرەوە مەسەلەی هەقیقەت دەبێتە لقێکی مەسەلەی ئابوری و سودبەخشی، و لێرەوە ئازادی بازرگانی لەگەڵ ئازادی بیروڕاو باوەڕ و مەزهەبیەکاندا لێکدەئاڵێن. لەمڕووەوە شاری ئەمستردام نمونەیەکی بەرجەستەیە. ئەو ستایشەی سپینۆزا لە "وتاری مەزهەبی_فەلسەفیدا" لەم شارەی دەکات، مانایەکی ئازایخوازانە وێنە دەکات کە لەسەر بناغەکەی، ئاڵوگۆڕی ئازاد، دڵنیاترین رێگرە لەدەستیوەردانە نابەجێکانی دەوڵەت و دەزگاکان (چ زەمینی یان شەرعی) لە مەسەلە تایبەتیەکانی هاوڵاتیاندا. ئایا ماکس فیبەر بازرگانی سودخوازانەی بەهۆکاری لێکبوردن لەبەرامبەر ئاراستەی توندی پاکێتی گروپی کالڤینی‌و باپتیستەکاندا، بەرەچاوکردنی بەرژەوەندیەکانی دەوڵەت نەدەزانی؟ ئەوەی کە بازرگانی دارایی بەقازانجی بیروراکانە، مەسەلەیکی کۆنی باوە، بەڵام ئەم مەسەلەیە لای ڤۆلتێر مانایەکی تایبەتی هەیە. ڤۆلتێر چیدی بیروڕاو باوەڕە مەزهەبیەکان بە مەسەلەیەکی تایبەتی نازانێت، بەڵکو لە بواری شتە بێلایەنەکاندا (نە گشتی و نە تایبەتی)دا دایاندەنێت.

لەگەڵ ئەمەشدا بەرگریکردن لە ئازادی وتن و بیر، تەنها بە پشتبەستن بە بەرژەوەندیە تایبەتیەکان ناکرێت.سپینۆزا پیشانیدەدات کە بەرژەوەندی تایبەتی لەگەڵ بەرژەوەندی گشتیدا ناکۆك نیە. تاکەکان بەهۆی پەیمانی کۆمەڵایەتیەوە چاو لەمافە سروشتیەکانی خۆیان بە قازانجی فەرمانڕەوایەك کەدەسەڵاتی هەموانی بەیەکەوە لەدەستدایە، دەپۆشن. بەڵام دەسەڵاتی رەهای ئەم فەرمانڕەوایە لەگەڵ مافی دەربڕین و بیرکردنەوەدا ناکۆك نیە. لەراستیدا ئەم مافە بەهیچ شێوەیەك قابیلی سپاردن بەهیچ کەسێك نیە، چونکە ئەم مافە بەشێکە لە سروشتی تاکەکان، واتە دەرئەنجامی هەستەکانیانە، و ناکرێت چاوپۆشیان لێبکرێت‌و هەروا مرۆڤ بمێنیتەوە. کەوابوو هیچ فەرمانڕەوایەك توانای حوکمڕانی بەسەر دەروون‌و زمانی هاوڵاتیانی خۆیدا نیە. سپینۆزا لەمڕووەوە جیاوازی لەنێوان گوتار و کرداردا دەکات.

بۆ گۆتار تائەو شوێنەی وروژێنەری یاخیبوون نەبێت، ئازادی تەواو قبوڵدەکات، بەڵام لەبارەی کردارەوە چەند سنوریك قبوڵدەکات. ڕەخنەکردنی یاساکان تەنانەت دەکرێ بۆ خودی یاساکانیش سودمەند بێت، بەڵام تائەوە کاتەی فەرمانڕەوا یاسایەکی نەگۆڕیووە، دەبێ هەموان پەیڕەوی لێبکەن. بەمشێوەیە ئازادی بیروڕا هیچ مەترسیەکی بۆ دەوڵەتو وڵات نیە، بەڵکو مەرجی هێمنیو ئاسایشێتی.

تائێرە هێشتا لەچەمکی مافەکانی مرۆڤەوە دورین کە بنەمای ئازادی ڕا دەربڕین، بەمافێکی هەمیشەییو دەرئەنجامی مافە سروشتیەکان دەزانێت. بەڵام ئەم مافە بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ دەسەڵاتی تاکەکاندا یەکسان نیە، بەڵکو مافێکی عەقڵانیە کە بناغەی کۆمەڵێك مافو ئەرکی بەلگەنەویستە، و لەحاڵەتێکدا فەرمانڕەوا سەرپێچیان لێبکات، تاکەکان مافی ئەوەیان هەیە، سەرپێچی لێبکەن. ئەو ڕێگرانەی لەساڵی ١٧٨٩ (شۆڕشی فەڕەنسا) لەسەر ڕێی شکڵبەندی ئەم مافەدا ڕاوەستاوە، بێ پەیوەندی نیە بەلێکبوردنەوە. لەوانە رابۆ سن_ئیتین لێکبوردن مەحکومەکات، بۆئەوەی باشتر بەرگری لە یەکسانی خەڵك لەبەرامبەر یاسادا بکات:

لێکبوردن وەك گوتمان زۆرتر جۆرێك چاوپۆشیە لە هەڵە یان خراپەکاریەکانو ناکرێت بە یەکسانی مافەکانی هاوڵاتیان بزانرێت. لێکبوردن بەرلەوەی سەلماندنی یەکسانی مافەکانی هەموان بێت، سەلێنەری نەبوونی مافێکە.

چونیەکی و فرەیی کلتوری

مەسەلەی لێکبوردن بواری مەزهەبی_سیاسی بەجێدێڵێت و دەچێتە ناو بواری تازەترەوەو پەرەدەستێنێت. بەمشێوەیە لیو شتراوس سەرنج لەو ڕەهەندەی ئەم چەمکە دەدات، کە لەبنەڕەتدا کێشەئامێزە: ئەگەر لێکبوردن بۆ ئەوەی ببێت بەشتێکی پراکتیکی، دەبێت سنورێکی دیاریکراوی لەگەڵ ئەو شتانەدا هەبێت کە قابیلی لێبوردن نین، نەبوونی سنوری سروشتی لە تێزی لێکبوردندا دەبێتە هۆی مەحکومکردنی وەك مێژووگەری کە بۆ هەڵسەنگاندنی مافە پۆزەتیڤەکان، بایەخێکی ڕەهای نابێتو لێرەوە پشتبەستن بەمافی سروشتی بۆ داڕشتنی بەهاکان، دەکاتە شتێکی پێویست. جێگرتنەوەی مافی سروشتیو مێژوویی، بیرۆکەی لێکبوردن بەو بیانوەی کە لەسەر بناغەی خۆی دانەمەزراوە، بێبایەخ دەکات. ئەگەر لەروانگەی

لیبڕالیەوە تەماشای لێکبوردن بکەین، دەکرێت ئاراستەکەری بارودۆخێکی دەسەڵاتخوازانە بێت. لەگەڵ ئەوەشدا کە فۆلتێر بیروڕاکان لەروانگەی ئازادی بازرگانیەوە بەمەسەلەیەکی بێلایەن دەزانێت، بەڵام ئایا دەبێت لەگەڵ نایەکسانیە کۆمەڵایەتیە_ ئابوریەکان وەك خراپیەکی زەروری، یا وەك رویەکی تری ئازادیەکی بێسنور، لێبوردو بین؟ لەم حاڵەتەدا لێکبوردن هەڵوێستێکی بێلایەن دەبێت کە بە وتەی مارکیوز دەچێتە خزمەت تونوتیژیەوەو زەمینەیەکی گونجاو بۆ لێکنەبوردن دەڕەخسێنێت.

ئەوکاتە ئیدی سودخوازی سیستەمی بازرگانی، جیاوازی بواری تایبەتی و گشتی، یا سەرنجدان لە هێزی خەڵکی، نابێتە بناغەی بیرۆکەی لێکبوردن. راولز هەوڵیدەدا لێکبوردن لەسەر بناغەی یەکسانی سەرەتایی تاکەکان بونیاد بنێت کە لە "سەرپۆشی نەزانیدا" پەیمان لەگەڵ یەك دەبەستن. لێکبوردن ناکۆك نیە لەگەڵ یەکسانیدا، بەڵکو خاڵێکی پشتبەستنی تیا دەدۆزێتەوەو دەبێتە بەشێك لەخودی تیورەی دادپەروەری. دەوری دەوڵەتیش گۆڕانی بەسەردا دێت: دەوڵەت دەتوانێت دەستخاتە کاروباری تاك و کۆمەڵکانەوە، بۆئەوەی هاوسەنگی دولایانەیان لەپارێزگاریکردن لە فرەیی کۆمەڵگا جێگیربکات. بەڵام ئایا لەم حاڵەتەدا دەوڵەت هەروا بێلایەن دەمێنێتەوە؟ داواکردنی فرەیی لەدەوڵەت و لەهەمانکاتدا بێلایەنی، کارێك نیە بەئاسانی ئەنجامبدرێت. ئەگەر دەبێت دەوڵەت هەندێکجار بەقازانجی هەندێك گروپ، یان بەمەبەستی پارێزگاریکردن لە هاوسەنگی پەیوەندی نێوان گروپەکان دەستکاریبکات، ئەو مەترسیەی هەیە کە بێلایەنی خۆی لەدەستبدات. بەپێچەوانەوە ئەگەر دەوڵەت بێلایەن بمێنێتەوە، جیاوازی بیروڕاو باوەڕەکان یان گروپەکان لەکۆمەڵگای مەدەنیدا، دەکەونە مەترسیەوە. نیگڵ بەمشێوەیە کێشەی مەسەلەی لێکبوردن و سنورەکانی دەهێنێتە پێشێ. لەوتاری بەسودی نەتەوەگەریشدا ڕەخنە لە ئازادیگەری دەگرنو لێکبوردن لەسەر بناغەی مافی نەتەوەو کەمایەتیەکان دادەمەزرێنن، نەك لەسەر بناغەی قبوڵکردنی مافی تاکەکانو لەپێشبوونی تاك بەسەر گروپدا. فرە کلتوری واقعی توشی دژایەتیەك دەبێت، کە لەلایەك دەرئەنجامی سیاسەتەکانی شوناسە بۆ ناسینەوەی جیاوازیە کلتوریەکانی گروپە کۆمەڵایەتیەکان کە لەساڵاکانی ١٩٦٠ی میلادیەوە، خواستی کەمایەتیەکان (ڕەشەکان، هاوجنسبازان،

ژنان‌و..بە تایبەتی لەویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا) بووە، لەلایەکی دیەوە (بۆ نمونە لە فەرەنسا) دەرئەنجامی لۆژیکێکی ئازادیگەرانەیە کە مافەکانی تاك بەپێشتر لەمافەکانی گروپ دەزانێت (شێوەی سیاسی دەوڵەت_نەتەوە نمونەیەکی بەرجەستەی بیرۆکەی هاوڵاتیبوونە لەسەر بناغەی جیابونەوەو تەنانەت رزگاربوونی تاك لە کۆتی ئەو گروپانەی لەناویدا دەژی). ئەگەر چەند کلتووریی تەنانەت لەنەریتی ئازادیگەریدا، جۆرێك راوەستانە کە رووی لەراکێشان و توانەوەی تاکەکانە لەناو کلتوری باڵادەستدا، ئەوا گۆڕانکاریەکانی دوایی پرسی لێکبوردن بەشێوەیەکی تازە هێناوەتە ئاراوە. مایکل ڤالتزر لەمڕووەوە بیر لە لێکبوردنی پۆستمۆدێرنانە دەکاتەوە کە شوناس‌و جیاوازی گروپەکان دەسەلێنێت، بەڵام لەهەمانکاتدا بەشێوەیەکی شاراوە تاکەکان ناچاردەکات، کە لەگەڵ بەشێکی هەرچی گەورەتردا چونیەك بن. پەیوەستبوونی تاك بە بواڕە جیاوازەکانی شایەستەیی کلتوری، لەهەمانکاتدا مەرجی ئازادی و شێوەی نوێی لێکبوردنە.

مەسەلەی فرە کلتووریی لەئاستی نێونەتەوەییشدا لەئارادایە. ڕەخنەی سەنتەریزمی نەتەوەیی بەهۆی زانستی مرۆڤناسی هاوچەرخەوە، نکۆڵی لەو بیرۆکەیە کردووە کە دەشێت لەنێوان کلتورەکاندا زنجیرە پلەیەك هەبێت. چونکە هەر کلتورێك بەشێوەیەکی تایبەتی سەربەخۆ لەو دیاردە یان پێوەرە بێگانانەی کە دەتوانن کاری لەسەر بکەن، پەردەستێنێت. ئەم ڕەخنەیە بەرگریکردنە لەیەکسانی کلتورەکان. بەڵام قبوڵکردنی مافی یەکسانی کلتورەکانیش لەدیدی گەردونیانەی بەرهەمی قوتابخانەی هیومانیستو رۆشنگەریەوە ڕەخنەکراوە، کە بەپێچەوانەی ئەم روانینەوە، بڵاوکەرەوەی بیرۆکەی مرۆڤایەتیەکە کە ڕێکخەری کۆی مافەکانی مرۆڤە وەك بڵندکەرەوەی خەسڵەتە کلتوری‌و میـژووییەکان. بێگومان ناکۆکی لێکبوردن لەگەڵ هەندێك شێوەی قۆتابخانەی هیومانیستیدا، سەیر دێتە پێشچاو. ئایا سەلماندنی خەسڵەتە کلتوریەکان‌و بەرگریکردن لەدیدی کلتورگەر، ناتوانێت بەو بنەما وێنەیانەی دروستیدەکات، بە بەهانەی قبوڵکردنی مافی بۆ هەموو تایبەتمەندیەك، ڕێگە بە تونوتیـژترین شێوەکانی لێکنەبوردن بدات، و بگۆڕێت بۆ دژەکەی؟ ڕەنگە بەپێچەوانەوە بکرێت لەدیدی چونیەکی سەرتاپاگیرو گەردونیەوە، ئەو ڕەخنەیە بکرێت کە دەوری کلتورو میـژووو ناچاریەکانی

فەرامۆشکردووە، و دایاندەپۆشێت. لەکاتێکدا هەر ئەم شتانەیە مرۆڤەکان وەك بەرهەمی زنجیرەیەك کاروکردەی کۆمەڵایەتی‌و میـژووییی، بەشێوەیەکی ناچاری جیاواز لەیەك دەکات (هەروەها ڕەخنە لەچەمکی چونیەکی گەردونی و سەرتاپاگیر گیراوە کە خۆشی لەرووی میـژووییو کلتوریەوە، جەبریە). لەگەڵ ئەمەشدا بەبیرۆڕای لیڤی شتراوس فۆرمەلەبونی مرۆڤایەتی و هەروەها ئەگەری پێشکەوتنی، بەستراوە بە پشتگیری لە کلتورە جیاوازەکان، و دەوری مەرجەعە نێونەتەوەییەکان ڕێك ئەوەیە کلتورە جیاوازەکان لەیەك نزیکبکەنەوە، بێئەوەی هیچ شێوە کلتورێکی تایبەتی بەلاوە لە شێوەکانی تری کلتور پێ باشتر بێت.

ئەو مانا جیاوازانەی بۆ لێکبوردن پێشکەشکراوە، ئاڵۆزیەکانی لەناونابات. ئەگەرچی دڵنیا نین کە توانیومانە دەست لەدوو حاڵەتی تواندنەوەی ناچاری تاکەکان (لەکلتورێك‌و کۆمەلگایەکدا) یان دەرکردنیان، هەڵبگرین، بەڵام لەهەموو حاڵەتەکاندا لێکبوردن زەروەرتێکی عەقڵانیە، و مەرجێکی داناییە و چیدی ئیمتیازێك نیە کە بۆ هەڵە یان کەموکوڕیەك لەبەرچاو بگیرێت. لێکبوردن لەمانا کۆنەکەی ئەوەی پاراستوە کە بەر لەهەر شتێك هەوڵێکە لەلایەن مرۆڤەوە بۆ خودی خۆی. مەسەلەکە چیدی بە تەنها ئەوە نیە کە تەحەمولی هەڵەیەك، عەیبێك، ڕاکردن لە هەقیەقەتێکی بەلگەنەویست یان مەرجەعێکی فەرمانڕەوا بگرین. ئەمەش خۆی گۆڕانێکی کەم نیە. ئەو کەسەی دەبوریت، خۆی سودی لێدەبینێت. بوران، هابەشیکردنی خراپبوون نیە. لێکبوردن بۆئەوەی چیدی مەسەلەیەکی ئەخلاقی یا فەزیلەتێکی بەزەبر نەبێت، دەبێ بەچەندان هەنگاوی سیاسی، بەزمانێکی هاوبەش دەرکەوێت‌و پەرەبستێنێت.

وەرگێڕانی پێشەکی ئەم کتێبەی خوارەوە:

ژولی سادا- ژاندرۆن : تساهل در تاریخ اندیشه غرب. ت: عباس باقری .تهران، نشر نی١٣٧٨.

ڤۆڵتێر

لێبوردن لە بەرامبەر دەمارگیریدا

(لە زاروەی فەلسەفی: نوسینی ڤۆڵتێر"١". وتاری "لێکبوردن")

خەباتی ڤۆڵتێر لە پێناوی لێکبوردندا دەگەڕێتەوە بۆ روداوە دادوەریەکانی ساڵانی ٧٠-١٧٦ (کالاس"٢"، سیرۆن"٣"، و بە تایبەتی روداوی شوالیە دولابار"٤"). ئەگەرچی تەواوی بیری ڤۆڵتێر لە ساڵی ١٧٦٢وە سەرقاڵی لێکبوردن دەبێت، بەڵام کتێبی وتارێك لەبارەی لێکبوردنەوە (١٧٦٣) بەرنامەیەکی درێژخایەنە بۆ وروژاندی رای گشتی بەقازانجی دژایەتیکردنی دەمارگیری. روداوەکەی کالاس کە لەسەرەتای نوسینەکەدا رونکراوەتەوەو لەکۆتایشدا ئاماژەی بۆ کراوەتەوە، هەر تەنها پەیوەندی بە یەکێك یان خێزانێکەوە نیە، و تەنهاش روداوێکی دادوەری نیە، بەڵکو پەیوەندی بەسەرجەم مرۆڤایەتیەوە هەیە. چونکە ئاشکراکەری ئەو مەترسیەیە کە دەمارگیری و لێکنەبوردن بۆ هەموو مرۆڤەکانی هەیە. ڤۆڵتێر لەم نوسینەدا بەتوندی هێرشدەکاتە سەر کەنیسەی کاسۆلیك و بەخوازیاری دەسەڵاتی دنیایی و دروستکەری زانا دینیە بێهودەکانی دەزانێت، کە دەرئەنجامەکەی لەم رستە تۆندو کورتەدا دەربڕیوە: مەسیحیەت، مێژووی "شانزە سەدە بەربەریەتە". رستەیەکی تری ڤۆڵتێریش دەناسین کە لەنامەیەکدا بەکاریهێناوە: خەبات لە پێناوی لێکبوردندا دەبێت، ئەم "نەنگیە لەناوبات". مەبەست لە نەنگی لەم رستەیەدا هەر شێوەیەکی دەمارگیری و بەتایبەتی پەڕگیریە لە مەسیحیەتدا.

مەبەست لەدەمارگیری بە وردی چیە؟ وتاری "دەمارگیری" لە ئەنسکلۆپیدیا (١٧٦٤)دا وەك گڕگرتنی خورافە پێناسیدەکات: "پەیوەندی نێوان دەمارگیری و خورافە وەك پەیوەندی هەڵبزرکان و تا، یان تۆڕەییە" دەمارگیری نەخۆشیەکە بۆ چوارچێوەی کۆمەڵایەتی، تۆندڕەویەکە کە هەڕەشەی لەناوبردنی لێدەکات. ئەم پێناسەیە پێچەوانەی ئەو نەریتەیە کە بێدینی بە نەخۆشی یان بەنەخۆشیەکی

ساری دەزانێت: بێدینی لەم پێناسەیەدا خۆی نەخۆشیەك نیە، بەڵکو خودی دەمارگیری نەخۆشیە. دەمارگیری دەرئەنجامی زانا دینیەکان و ئەو دۆگمە زۆرانەیە کە دەبێتە هۆی خورافات و ئیحساساتی مەزهەبی و سەرکوتکردن. مەزهەبە هەبووەکان (بە دەر لە مەزهەبی "پیاوچاکان چینی") فاسدکردنی هەقیقەت، وکۆمەڵێك فێڵن بۆ فریودان و دیسپلینکردنی خەڵکی. بەڵام ئەگەر ڤۆڵتێر لەو دەرئەنجامانەدا کە وەریدەگرێ جیاوازی لەنێوان دەمارگیری و بێدینیدا دەکات، ئەوا بێدینی بە خاوەن هۆکاری سروشتی دەزانێت: گۆڕانی ڕەگەزی مرۆڤ و تەسکی دامێنی زانین، بەناچار مرۆڤەکان پاڵ پێوە دەنێت بۆ وەرگرتنی بیروباوەڕە نایەقینیەکان. لەسەرو ئەو راستیە سنوردارانەوە کە ئێمەی مرۆڤ دەتوانین بەدەستی بهێنین، شتێك جگە لە بیروڕاکان، حیزبەکان، گروپەکان و "کۆمەڵێك دودڵی و هەڵە" نیە (وتاری "گروپەکان"). بێدینی سروشتیە، چونکە دەرئەنجامی ماهیەتی سنورداری زیهنی ئێمەیەو لێرەوە شایستەی لێبوردنە. بەپێچەوانەوە دەمارگیری نەخۆشیە، چونکە بریتیە لەوەی تەنها خۆمان بە راست بزانین و لە پێناویشیدا دەست بۆ چەك بەرین. تەنها دەرمانێکی ئەم نەخۆشیە، زیهنی فەلسەفیە کە لە نزیکانەوە دەگوێزرێتەوە بۆ نزیکان و خوو و ڕەفتاری مرۆڤەکان نەرمدەکات و دەبێتە ڕێگر لە بەردەم تۆندڕەویە ناشایستەکاندا". لەبەر "سودی گشتیە" کە بەرگری لە لێکبوردن دەکرێ، نەك لەبەر ئازادی بیروڕاو باوەڕ، یان مافەکانی وێژدانی گوناهکار: بەرژەوەندی نەتەوەکان لێکبوردن دەسەپێنێت، چونکە ئەو نەتەوانەی لێکبوردنیان هەیە، ئەوانەن کە ئاشتی و لێکتێگەیشتنیان لە نێواندا هەیەو سامانی زۆر بەدەستدێنن. ئیمپراتۆریە گەورەکان فرەباوەڕن‌و لێکبوردنیان هەیە. باوەڕە مەزهەبیە جیاوازەکان بە دەرکەوتنی یەکتاپەرستی و ڕێکخستنی لە یەك کەنیسەدا، نەتواوەتەوە. مەزهەبە یەکتاپەرستەکان هەریەکەیان دابەشبوون بۆ کۆمەڵێك گروپ و ئەم گروپانەش هەریەکەیان بەرگری لە هەقیقەتی جیاواز دەکەن، هەر لەبەرئەوە دەبێت هەموویان بانگهێشت بکەین بۆ لێکبوردن.

ڤۆڵتێر وانە لە مێژووەوە وەردەگرێ: "ئەم جیاوازیە ترسناکانە کە چەند سەدەیەکی خایاندووە، وانەیەکی گرنگە سەبارەت بەوەی ئێمە دەبێ هەڵەکانی یەکدی ببەخشین، جیاوازبوون بەدبەختی گەورەی ڕەگەزی مرۆڤەو لێکبوردنیش

تەنها رێگەچارەیەتی."

لێکبوردن فەزیلەتێکی مرۆیی و هەروەها کۆمەڵایەتیە، وتارێك لە بارەی لێکبوردنەوە بە"خەسڵەتی سروشتی" دادەنێت، لەکاتێکدا ئەنسکلۆپیدیا بە "خەسڵەتی مرۆڤبوونی" دادەنێت. هەروەها لێکبوردن فەزیلەتێکی ئەخلاقیەو لەمڕوەوە هاوشانی ئاسانگیریەو وەك چاوپۆشین و تەحەمولکردن و دڵسۆزی پێناسەدەکرێت. بەڵام ئەگەر لێکبوردن تا ئاستی رەچاوکردنی گوناهباران بهێنینە خوارێ، ئایا نەمانگرانۆتەوە بۆ مانا کۆنەکەی؟ ڤولتێر ئەم مانایە بۆ لێکبوردن قایل نیە؛ چونکە نەزانی بەهرەی گشتیە، کەوابوو هەر مرۆڤێك دەبێ لەگەڵ ئەوانی دیدا لێبوردوو بێت. وتاری "لێکبوردن" بەم شێوەیە کۆتای دێت: "بەڵام ئاشکرایە ئێمە دەبێت هەموومان لەگەڵ یەکدیدا لێبوردوو بین، چونکە هەموومان بێتواناو سادەئەندێش و دوچاری گۆڕان و هەڵەین. ئایا ئەو چڵە نایەی کە با لەناو گڵ و قوڕاودا خەوانەدوێتی، دەتوانێت بەنایەکەی تەنیشتی کە بە ئاراستەی پێچەوانەی ئەوەوە خەوتووە بڵێت: "وەك من پێشبکەوە ئەی بێنەوا: ئەگینا دەیانەوێت تۆ لەزەوی هەڵکێشن و بتسوتێنن؟" لێکبوردن لەبەرئەوەی دوولایەنەیە، هاوکات دەبێت لەگەڵ چاوپۆشیندا و ئاشکراکەری پەیوەندی دەسەڵات نیە لە نێوان ئەو کەسەدا کە لێدەبوریّو ئەو کەسەی لێیبوراوە. لێکبوردن بە هەڵکێشانی دەمارگیری لەرەگەوە، دەبێت بە فەزیلەتێك کە زنجیرەیەك ئەرکی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی دروستدەکات و لە کۆمەڵێك پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا دەردەکەوێت کە بەرژەوەندیەکانی تاکەکان لە ئاڵوگۆڕی ساماندا، واتە لە بازرگانیدا بەیەکەوە گرێدەدات. لەم روانگەیەوە بۆرسەی لەندەن یەکێك لە ناوەندە گرنگەکانی لێکبوردنە: بۆرسە بە ئاسانکردنی ئاڵوگۆڕی سامان، ئازادی بیروڕا، واتە هاوتایبوونیان بڵاودەکاتەوە..

ڤولتێر پیشنیاری دوو رێگە بۆ سەقامگیربوونی لێکبوردن دەکات: یەکێکیان چالاکی لەبواری بیروڕای گشتیدا، ئەویدیان کارکردنی فەرمانڕەوایان کە بە رێگەدان بە بیروڕای جۆراجۆر لە وڵاتدا، هێواش هێواش (هەوڵبدەن) ئیحساساتە مەزهەبیەکان خاموّشبکەن. ڤولتێر رۆڵێکی گرنگ بۆ پڕوپاگەندە یان هوشیارکردنەوەی خەڵکی دادەنێت: رەوانی و فراوانی ئەو نوسینانەی سەبارەت بە روداوە دادوەریەکانن، دەبێت بیروڕای گشتی رێکبکاتەوە، فۆرمەلەیانبکات، رونیانبکاتەوە، دەرگیریان بکات و ناچار

بەهەڵسەنگاندنیان بکات. "تەنها هیوای من بە هاواری گشتیە" (نامەیەك بۆ کۆنت دارژنتاڵ"٥"، ٧ ئۆتی ١٧٦٢): خەڵکی بەرهەمهاتووی رۆشنگەرین و دەکرێ بۆ خەباتکردن لەپێناوی لێکبوردندا دژی دەمارگیری، بهێنرێنە مەیدان. دەوری میرەکان بریتیە لەڕێگرتن لەهەستە تونده‌کانی خەڵکی و ئەمەش بەدانانی کۆمەڵێك یاسا بۆ خۆلادان لە ئاژاوە مەزهەبیەکان و کۆتایهێنان بەخورافات دەکرێت. مەسەلەکە قەدەغەکردنی دینەکان نیە. ئەو رێگەیەی ڤولتێر پێشنیاریدەکات، لەناوبردنی مەزهەبەکانی لەخۆنەگرتووە. ڤولتێر خوانەناس نیە. خوانەناسی "دێوێکی ترسناکە" (وتاری "خوانەناس، خوانەناسی") وەك دەمارگیری کە هەموو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لەیەك دەپچڕێنێ و بەهێزترین پایەی ئەخلاق وێرانەدکات. میرەکان دەبێت رەواج بە خواناسی بدەن کە سەلیّنەری بوونێکی باڵاتر، خالق، فەرمانڕەوا، پاداشدەرو تۆڵەسێنە. لە دیدی رێبازە پۆزەتیڤیزمەکانەوە خواناسی، تاکە رێبازێکی پەتی و لێبوردووە. بەمشێوەیە دەبێت میرەکان چاودێری رێبازەکان بکەن: "لەهەر شوێنێك میر فەرمانڕەوای سیستەمی کەنیسە بووە، تەنانەت یەك ئاژاوەو تەفرقەیەك نەبینراوە. لەهەر شوێنێکیش کەنیسەیەکان بەتەواوی لەژێر فەرمانی میردا نەبوون، جگە لەکارەسات و ئاژاوە هیچی لێ بەرهەم نەهاتووە""٦". لێکبوردن بەرهەمی بەرنامەی درێژخایەنی میرەکانە و ئامانجیشی رێگرتنی هێواش هێواشە لە رێبازە پۆزەتیڤیزمەکان و ئەمەش لەگەڵ چەکی نادینی بوونی دەوڵەتدا هاوتا نیە. دەوڵەت نابێ بێلایەن بێت، بەڵکو دەبێت هاوکاری بەدیهاتنی مەزهەبی راستەقینە بکات کە خواناسیە، لێکبوردن دەبێت رێگە بە گروپە جیاوازەکان (بێگومان وەفادارانی دەوڵەت) بدات کە سەرەتا هەموویان بەشێوەیەکی ئاشتیانە پێکەوە بژین، و پاشان بەناچارکردنیان بە پێکەوە ژیان لەژێر چاودێری میردا، هێواش هێواش تەفرقەکە لەناوبەرێت. ڤولتێر بەپێچەوانەی بیلەوە رۆڵێکی کۆمەڵایەتی بۆ ئەو مەزهەبە دادەنێت کە لێکبوردن بڵاودەکاتەوەو بە پێچەوانەی لاکەوە خوازیاری فەرمانبەرداری کەنیسەیە لە دەوڵەت و ئەمەش بەتەنها زامنێکی لێکبوردن دەزانێت.

وتارێك لەبارەی لێکبوردنەوە بە "دوعاکردن بۆ خودا" کۆتای دێت، دوعایەك کە خودا لە بەرامبەر "سەرجەم بوونەوەرەکان، هەموو جیهانیەکان، هەموو

سەردەمەکان" و سەرجەم مرۆڤەکانـدا دادەنێـت کـە "مـەخلوقاتێکی سـست و سەرگەردانن لە فەزای بێکۆتایدا و نادیار لە دیدی بونـەوەرەکانی دیـەوە". ئـەو دوعایە گەڕانـەوە بـۆ خواناسی، واتـە یەکـەم مەزهـەبی مرۆڤەکانـە کـە عەقڵانیـەتی پەتیەو رێبازە پۆزەتیڤیزمەکان لەرێگەی زانستە مەزهـەبی و میتافیزیکیەکانـەوە لـە شانۆ دەریکردبوو، بـەڵام هێشتا پاشماوەکانی لـە بڕوابـوون بـە خـودای مەزنـدا، لای هەنـدێك نەتـەوەی شارستانی دەبینـرێ. لێکبـوردن بـەرەو ئـەم مەزهەبـە سروشـتیە دەڕوات کـە ناوەڕۆکەکـەی یـەکێتی و برایـەتی جیهانیـە. لێکبـوردن لەگـەڵ ڤـۆلتێردا ماناکـەی پێـشووی لەدەسـتەدات: چـیدی لێکبـوردن نیـشانەی سـستی و بـێ هیمـەتی گۆناهئامێز نیە لە بەرامبەر خراپیدا تا خۆدورخستنەوە لێی کـارێکی پێویـست بێـت، بەڵکو فەزیلەتێکی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیە کە دەرئەنجامی ئاشـتیخوازانەی دەبێـت و بەشێوەیەکی ناکۆك گومانخوازی و خۆشبینی تێکەڵ بەیەکدی دەکات: تواناکانی مرۆڤ سنوردارە، بەڵام دەبێت لێکبـوردن و خوداناسـی، پێـشکەوتنی مێـژوویی بـە ئاراستـەی پێشخستنی عەقڵانیەت ئاسانبکات.

(دەق)

(١)

لێکبوردن چیە؟ خەسڵەتی تایبەتی مرۆڤە، ئێمـەی مـرۆڤ هـەموومان تێکـەڵێکین لە هەڵەو سستی، کەوابوو با نەزانی و بێعـەقڵی یەکدی ببـورین، ئەمـە یەکـەم یاسای سروشتە.

لـە بۆرسـەی ئەمـستردام یـان لەنـدەن یـان بەسـرەدا کـە زەردەشـتی، و بانیـان"٧"، یەهودی، موسوڵمان، چینی خواپەرست بەرهمەن، ئۆرسۆزکس، کاسۆلیك، پرۆتستانت، هەر هەمویان پێکەوە مامەڵە دەکـەن، خەنجـەر بـەروی یەکدا هەڵناکێـشن بـۆ ئـەوەی یەکێکیان ئەویدی بێنێتە سەر دینەکەی خۆی. کەوابوو بۆچی ئێمـە (مەسـیحیەکان) پاش ئەنجومەنی نیقیە"٨" بەردەوام کوشتار لەگەڵ یەکدیدا دەکەین؟

کۆنستانتین"٩" لە سەرەتادا فـەرمانێکی دەرکـرد و هـەموو ئاینزاکـانی ئـازادکرد، بەڵام لەکۆتایـدا هـەموویانی سـەرکوتکرد. پـێش ئـەو مەسـیحیەکان تـەنها لەبەرئـەوە

ئازار دەدران و ڕاوەدوو دەنران، چونکە هێواش هێواش دەبونە حیزبێکی دەرون وڵات. ڕۆمیەکان سەرجەم ئاینزاکانیان، تەنانـەت ئـاینزای یـەهودو ئـاینزای میـسریەکانیان ئازاد کردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆر بەدزێویان دادەنا. بۆچی ڕۆم لە بەرامبـەر ئـەو ئاینزانەدا لێبوردوو بوو؟ چونکە مسریەکان و تەنانەت یەهودیەکانیش نەیاندەویست دینـی کـۆنی ئیمپراتـۆری ڕۆم لەناوبـەرن، زەمـین و دەریاکانیـان نـەدەبڕی بـۆ ئـەوەی خەڵکی ڕاکێشن بۆ دینی خۆیان، تەنها خـەیاڵیان لای بەدەسـتهێنانی پـارە بـوو. بـەڵام بێگومـان مەسـیحیەکان دەیانویـست دینـی ئـەوان فـەرمانڕەوا بێـت. یەهودیـەکان نەیاندەویست کە پەیکەری ژۆپیتەر (خودای خوداکانی ڕۆم) لە ئۆروشلیم بێت، بەڵام مەسیحیەکانیش نەیاندەویست کە ئەم پەیکەرە لە کـاپیتۆل"١٠" (ڕۆم)دا ببینـن. سـن تۆمـاس"١١" بـە نیـەتی باشـەوە دان بـەوەدا دەنێـت کـە ئەگـەر مەسـیحیەکان ئیمپراتۆرەکـان لانابـەن، لەبـەر ئەوەیـە کـە توانـای ئـەوەیان نیـە، مەسـیحیەکان بڕوایانوابوو دەبێت هەموو خەڵکی سـەر زەوی ببن بـە مەسیحی. لەبەرئـەوە لەگـەڵ سەرجەم خەڵکی زەویدا تا ئەو ڕۆژەی کە باوەڕ دەهێنن، دوژمنبوون.

جیاوازیەکانی مەسیحیەکان هەرچیەك بووبێت، لە نێـوان خۆشیاندا لەگەڵیەکـدا دوژمنبوون. یەکەم جیاوازی لەوەدا بوو کە ئایا دەبێ عیسای مەسیح بـەخودا بـزانن یـان نـا؟ ئەوانـەی نکوڵیـان لێـدەکرد بـە نـاوی "نـابیۆنی""١٢"ەوە تـەکفیردەکران، و ئەمانیش ئەوانەی مەسیحیان دەپەرست تەکفیر دەکرد.

هەنـدێك لـە مەسـیحیەکان هاوبەشـی داراییـان دەویـست و دەیـانگوت کـە لـە سـەردەمی حواریەکانـدا ئـەم هاوبەشـیە لـە ئـارادا بـووە. نـەیارەکانیان ناویـان دەنـان نیکۆلایی"١٣" و ناشرینـترین تاوانەکانیان دەدایە پاڵیان.

گروپێکـی دی لافـی عرفانیبوونیـان لێـدەدا، ئەمانـە بـە غنوسـی نـاو دەبـەن و بەتونـدی دژایەتیاندەکـەن. مارسـیۆن"١٤" قسە لـە تەسـلیس دەکـات، بـە بتپەرسـتی ناودەبەن.

ترتـۆلین، پراکـساس، ئۆریـژن، نـوات، سـایلیۆس، دونـات"١٥" هـەموویان پـێش کونستانتین بەدەستی برا دینیەکانی خۆیان سەرکوتکران. سـەردەمێکی درێـژ بەسـەر فـەرمانڕەوی مەزهـەبی مەسـیحیەتدا بـەهۆی کونـستانینەوە نەڕۆیـشتبوو کـە ئاتانازیـەکان"١٦" و ئۆسـبیەکان"١٧" کەوتنـە گیـانی یەکـدی و لەوسـاوە تـا ئـەمڕۆ

هەمیشە کەنیسەی مەسیحیەت لە خوێندا غەرقبووە.

ئەوەم قبوڵە کە گەلی یەهود زۆر دڕندە بوون. بێ بەزەیانە سەرجەم دانیشتوانی سەرزەمینێکی بچوکیان کە هیچ مافێکی زیاتر لە پاریس و لەندەنیان لەناویدا نەبوو، سەردەبڕی. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا کاتێك نوعمان حەوتجار لە روباری ئۆردنـدا خـۆی شت و نەخۆشی گەڕیەکەی چاك بۆوە، و بۆ قەدردانی لە ئەلیەسوع کە ئـەم نهێنیـەی بـۆ ئاشـکرا کردبـوو، پێیگـوت کـە خـودای یەهودیـەکان بـۆ سوپاسـگوزاری ئـەو دەپەرستێت، بەڵام ئازادە کـە خـودای پاشـای وڵاتەکـەی خۆشـی بپەرسـتێ و داوای لـە یەسوع کرد کە رێگەی ئەمەی بدات و پێغەمبەریش بێ هیچ دودڵیـەك رێگـەی پێـدا. یەهودیـەکان خـوای خۆیـان هـەبوو کـە دەیانپەرسـت، بـەڵام هـەرگیز سـەریان لـەوە نەدەسوڕما کە هەر گەلێکی دیش خودای خۆی هەبێت. بەکارێکی باشـیان دەزانـی کـە شامۆس"١٨" سەرزەمینێکی بەمۆئابیتەکان"١٩" داوە بەو مەرجـەی خـودای ئـەوانیش هەمان کار بکات. یـەعقوب بـۆ هێنـانی کـچانی بتپەرسـتێك، هـەرگیز دودڵـی لـەخۆی پیشانـنەدەدا. لابان خودای خۆی هەبوو، وەك چۆن یەعقوبیش خودای خـۆی. ئەمانـە نمونـەی لێکبـوردنن لەلایـەن نـالێبوردووترین و تووندوتیـژترین خـەڵکی سـەردەمی کۆنـەوە، ئێمـە لاسـای تووندوتیژیـە تونـدەکانیان دەکەینـەوە، نـەك لاسـای لێبـوردن و دڵفراوانیان. پـڕ ئاشـکرایە هـەر کەسـێك مرۆڤێـك، واتـە براکـەی خـۆی سـەرکوتبکات لەبەرئەوەی کە بیرۆڕای لەو جیاوازە، دیـوێکی ترسـناکە. کێشەکە لێـرەدا نیـە، بـەڵام بۆچی حکومەت، داوەران و پاشاکان ئەو کەسانە سەرکوتدەکەن کە لەسەر دینی ئەوان نین؟ ئەگەر ئەم کەسانە کۆمەڵێك بێگانەی بەهێزبن، ئەوا بێگومان میرێك دەبێت بە هاوپـەیمانیان. فرانـسوای یەکـەم (شـای فەرەنـسا) کـە زۆر مەسـیحی بـوو، دژی شـارڵی پێنجەم (ئیمپراتۆری ژێرمـەن، شـای ئیـسپانیا و سیـسیل و..) کـە زۆر کاسـۆلیك بـوو، لەگـەڵ موسـڵمانەکاندا یـەکیگرت، وبـۆ پـشتیوانیکردن لـە لۆسـەریەکانی ئـەڵمانیا لـە یاخیبونەکەیاندا دژی ئیمپراتۆریەکەیان (شـارڵی پێنجـەم)، پـارەی پێـدان. بـەڵام وەك نەریتی باو، لۆسـەریەکانی وڵاتەکـەی خـۆی لـەئاگردا سـوتان. لـە ساکسدا"٢٠" لەبـەر هۆی سیاسی پارەی بە پرۆتـستانتەکان دەدا، لـە پاریسیـشدا هـەر لەبـەر هـۆی سیاسـی ئـاگری تێبـەردان. بـەڵام دواجـار چـی رووێـدا؟ سـەرکوتکردنەکان، تونـڕەوەکـانی دروسـتکرد. زۆری پێنەچـوو فەرەنـسا پـڕبـوو لەپرۆتـستانتی تـازە. ئەمانـە سـەرەتا

دۆڕان، بەڵام پاشتر بردیانەوە. شەڕە ناوخۆیەکان دەستی پێکرد، پاشان سـەن بـارتلمی هاتـە پێـشەوەو لـە دەرئەنجامـدا ئـەم گۆشـەیەی جیهـان بـوو بـە دۆزەخێکـی خـراپتر لەوەی کە پێشینان و ئەمرۆیەکان وەسفیانکردووە.

ئەی گەمژەکان کە هەرگیز بۆ پەرستنی ئـەو خودایـەی دروسـتیکردوون، دینێکـی راسـتان نـەبووە! ئـەی بێنـەوایان کـە لـە نوئاشـیدەکان و پیاوچـاکانی چـین، پارسـی و عاقڵەکانی دیەوە هیچ پەندێك فێرنەبوون! ئەی دێوەکان کـە پێویـستان بـە خورافـات هەیە،.. پێشتر ئەوەمان بە ئێوە گوتووەو چیدی هیچمان نیە پێتان بڵێین کـە ئەگـەر لـە وڵاتـی خۆتانـدا دوو مەزهـەبتان هـەبێت، یـەکتر سـەردەبڕن. بـەڵام ئەگـەر سـێ مەزهەبتان هەبێت، ئەوا هەموو لە ئاشتیدا دەژین. تەماشای تورکی گـەورە (سـوڵتانی عوسمـانی) بکـەن: ئـەو حـوکمڕانی بەسـەر زەردەشـتیەکان، بانیـەکان، مەسـیحیەکانی یۆنـان، نەسـتوریەکان و رۆمیەکانـدا دەکـات، یەکـەم کـەس کـە ئـاژاوە بخاتـەوە، تـیر دەخەنە ناو کۆمیەوە"٢١"و هەموان ئیدی ئارامدەبنەوە.

پەراوێزەکان

١-Voltaire (١٦٩٤-١٧٧٨٧) نوسەر و فەیلەسوفی فەڕەنسی.

٢- Calas (١٦٥-١٧٦٢) رۆداوێکی دادوەری بەناوبانگە کە کەسێك بەناوی ژان کالاس (١٦٤-١٦٩٨) بووە قوربانی. ئەو کەسێکی پرۆتستانت بوو، و بەناهەق تاوانبارکرا کە کوڕەکەی خۆی لەبەرئەوەی کە دەیەوێت ببێتە کاسۆلیك، کوشتووە. ڤۆڵتێر بەرگری لێدەکات تادواجار پاش مردنی لەساڵی ١٧٩٥دا ، رەدی ئیعتیباری بۆ دەکەنەوە.

٣- Pierre Paul Sirven پرۆتستانتێکی فەڕەنسی کەهۆی نالێبوردنی(کاسۆلیکەکان) تاوانبارکرا کە کچەکەی خۆی بۆئەوەی نەبێتە کاسۆلیك کوشتووە. بە هەوڵ و خەباتی ڤۆڵتێر رەدی ئیعتباری بۆ کرایەوە.

٤) Jean Francois Fevr (Chevalier de la Barrre) نەجیبزادەیەك بوو کە بە بێدینی تاونبارکرا و سەریان لە لەشی جیاکردەوە. بەهۆی خەباتی ڤۆلتێرەوە ئەنجومەنی نیشتیمانی (شۆڕش) فەڕەنسا رەدی ئیعتباری بۆ کردەوە.

٥) comtr d argental

٦- رێگەی حەکیم، رێگەی خەڵکی.

٧- وشەیەکی تمولیە بەمانای بەشێك لەیەکێك لە کاستەکان (چینە کۆمەڵایەتیەکانی هند) کە بازرگانی گەورەیان لەبەردەستدا بوو.

٨) Dicee (نیکیە یان نیقیە=ئیسنیکی هەنوکە لە تورکیا) شارێك کەیەکەم ئەنجومەنی بریاردانی مەسیحیەت لە ساڵی ٣٢٥ میلادیدا، تیا دروستبوو؟

٩- Constantin ئیمپراتۆری رۆم، بونیادنەری رۆمی خۆرهەڵات (کنستانتیونوپل=ئەستەمبوڵی هەنوکە)

١٠- Capitol یەکێك لەحەوت گردەکەی شاری رۆم کە پەرستگای ژۆپیتر لەسەری دروستکراوە.

١١- سن تۆماس یەکێکە لەباوکانی کەنیسە

١٢-Ebionite ناوی گشتی هەموو ئەو کەسانەی دەبنە ئەندامی یەکێك لە گروپە مەسیحیەکان (بەتایبەتی لە سەدەی دوهەم و سێهەم لە ئاسیای بچوکدا)

١٣- Nicolaisme ئاینزایەکی غنوسی (عیرفانی) کە لەسەدەی یەکەمی

مەسیحیەتدا لایەنگرانی هەبوو.

١٤- مارسێۆن(١٦٠-٨٥) زانایەکی مەزهەبی مەسیحی کە بەهۆی تێزەکانیەوە تەکفیر کراو لەمەسیحیەت دەرکرا.

١٥- Donat, Sabellius, Novatien, Novat, Origene, Prans, Tertullien هەموویان لە گەورە ورۆحانیەکانی مەسیحیەت بوون کە بەهۆی بڕواکانیانەوە تەکفیر کران و ئازار و ئەشکەنجەیان بینیی.

١٦- Saint Athanase (٣٧٣-٢٩٥) رابەری کەنیسەی مەسیحەیەتی یۆنانی.

١٧- Euseb de Cesaree (٣٤٠-٢٦٥) نوسەر و یەکێك لە گەورەکانی مەسیحیەتی یۆنانی.

١٨- Chamos خودای عبرانیەکان.

١٩- Moabites خەڵکی دەوارنشینی رۆژهەڵاتی دەریای مردوو (سەدەی هەشتەمی پێش میلاد) کە خزمایەتیان لەگەڵ عبرانیەکاندا هەبوو، بەڵام هەمیشەش پێکەوە لە ناکۆکیدا بوون.

٢٠- یەکێك لەویلایەتەکانی ئەڵمانیا (بەئەڵمانی Sachsen) کە ناوەندی شارەکەی دێرسدە (Dersed).

٢١- Empaler سزادانێکی زۆر سەخت‌و دڕندانە بوو کە بریتیبوو لە تیرێکی کانزایی یان داریکیان دەکرد بە کۆمی تاوانباردا تا بچێتە ناوی و بچێتە سەرەوە تا ئەوکاتەی تاونبار دەمرێت.

سەرچاوەی ئەم وەرگێڕانە:

ژولی سادا- ژاندرون: تساهل در تاریخ اندیشه غرب. ت: عباس باقری — تهران: نشرنی ١٣٧٨.

کانت

ڕێنمای مرۆڤ لە بواری باوەڕدا

کانت لەم دەقەدا (کە دوای دەیەڤێنینەوە) ڕێسایەك بۆ بەدوکەوتنی بەکارهێنانی ویژدان لە بواری مەزهەبدا دەستنیشاندەکات. ئەم باسە بەگریمانەی حاڵەتێکی دووڵایەنە دەستپێدەکات کە دادوەرێکی پشکنینی بیروڕاکان، کاتێك دەبێت لەبارەی "کەسێکەوە کە گوایا بێدینەو تاوانبارە بەبێباوەڕی" حوکمبدات، ڕووبەڕوی دەبێتەوە. مەسەلەکە لێرەدایە ببینین ئایا دادوەر بە حوکمدانی، پەیڕەوی ویژدانی خۆی کردووە یان بەپێچەوانەوە بێویژدانی کردووە؟ ئەو گرفتەی کانت هێناویەتیە پێشەوە پەیوەندی بە ماهیەتی ویژدان و ماهیەتی باوەڕەیە هەیە، ویژدان هێزێکی مرۆیی ڕەسەنە: هەموو کەسێك ویژدانی هەیە، بەڵام ڕەنگە لە بابەتێکی تایبەتدا بێویژدانی بکات. لە بنەڕەتدا مەبەست لە ویژدان لێرەدا هێزی هەڵسەنگاندنی ئەخلاقیە. ئەم قسەیە بەچ مانایەکە؟ کانت بەمشێوەیە ویژدان پێناسەدەکات: "زانینێك کە خۆبەخۆ دەبێتیە". مەزهەب لە ڕوی زیهنیەوە ناسینی سەرجەم ئەرکەکانی مرۆڤە وەك فەرمانەکانی خوداوەند. لێرەوە ویژدان نەك هەر ناسینی ئەم ئەرکانەیە، بەڵکو ڕێنمای بڕیارە ئەخلاقیەکانە کە شێوەی ئەنجامدانی کارە تایبەتیەکان دەستنیشاندەکات. ویژدان دادوەر یان دادگایەکی دەرونیە کە بە یاسای گشتی ئەخلاقەوە، دادوەری لەبارەی چونیەکی شێوەی ئەنجامدانی کارێکی تایبەت دەکات. وردتر بڵێین ئەگەر ئیدراك (نەك ویژدان) کارێك بە دادپەروەرانە لە قەڵەمبدات، ویژدانیش دەبێت بەر لە ئەنجامدانی ئەو کارە، لە دادپەروەریبوونی دڵنیابێت. ئەمەش پێویستی بنەمای بەڵگەنەویستی ویژدانی ئەخلاقیە. بە دەربڕینێکی تر دەکرێت ویژدانی ئەخلاقی بەهێزێکی دادوەری بناسرێت کە بەتاوتوێکردنی ئەوەی ئایا بە ڕاستی کارەکانی بەپێی پێویست بە وردی هەڵسەنگاندووە، خۆی داوەری دەکات. لێرەوە بێویژدانی لە کارێکی دیاریکراودا، مانای

ئەوە نیە کە کەسەکە ئەو هێزەی نیە، بەڵکو بەو مانایەیە کە لەئەنجامدانی کارەکەدا گوێی لە حوکمی ویژدان نەگرتووە. بە کورتی ویژدانی ئەخلاقی مرۆڤ ناچار بە ئەرکێکی بێ کۆت و بەند یان بنەمایەکی بێ نیاز بە بەڵگە دەکات کە ئەویش ئەوەیە، نابێ هیچ کارێك ئەنجامبدرێت کە مەترسی ئەوەی لێبکرێ نادادپەروەرانە بێت. دەبێ هەموو شێوەیەکی گومانکاری بخەینە لاوەو نابێ مەترسی ئەنجامدانی کارێکی نادادپەروەرانە قبوڵبکەین.

مەسەلەی دادوەری پشکنینی بیروڕا چی لێدێت؟ ئەگەر ئەم دادوەرە بێویژدانی کردووە، واتە گوێی بەحوکمی ویژدانی خۆی نەداوە، کەوابوو چۆن دادوەریکردووە؟ کانت دەڵێت پێوەری حوکمدانی دادوەری تەفتیش، باوەڕی بنەڕەتیەتی. ئەم باوەڕە دەرخەری مەزهەبێکی بەڵگەنەویستە، وەك کۆمەڵێك ڕەمزی باوەڕو سروتی تایبەت. مەزهەبی پشتبەستوو بە وەحی، فەرمان بە ئەنجامدانی کۆمەڵێك کاردەکات کە وەك فەرمانی خودایە. بەدەربڕینێکی تر باوەڕی بنەڕەتی ناچارکەرە، بەڵام نەك لەبەرئەوەی من ئەو فەرمانانە بێ سێودوو بە ئەرکی خۆم دەزانم، بەڵکو لەبەرئەوەی پێشتر تەسلیمی دەسەڵاتێکی دەرەکی (خودا) بووم کە فەرمانەکانی تەنها لەبەرئەوەی لەلایەن ئەوەوەیە، ناچاریە. کاتێك ئەرکی ئەخلاقی بەمشێوەیە دەهێنرێتە پێشێ، دوو کێشە دروستدەکات: لەلایەکەوە ویژدان چیدی مەرجەعی دیاریکرادنی چونیەکی یان ناچونیەکی شێوەی کرداری من و یاسای ئەخلاقی نیە، چیدی دەوری دادوەری نیەو سەربەخۆیی خۆی لەدەستدەدات. کەوابوو کردار لەروانگەی ئەزمونی مادیەوە، تەنها لەبەر نیەتی کەس، واتە بەپێی لایەنە مولزەمەکانی یاسای ئەخلاق کە بە بڕاوە زانراوە، لە ڕوی ئەخلاقیەوە دادپەروەرانەیە، نەك لە ڕووی کردارەوە. کەوابوو مەزهەبی وەحی کە نەك لەبەر ناچارکردنی دەرونی ویژدان بەهۆی یاسای ئەخلاقەوە، بەڵکو بەهۆی فەرمانی بوونەوەرێکی دەرەکییەوە خوازیاری فەرمانبەرداریە، ڕەچاوکردنی ئەخلاق ناکات بە شتێکی پێویست و یاسای ئەخلاقیش لەبەرئەوە دانانێت کە خۆبەخۆ پیرۆزە. باوەڕی پەتی،کە عەقڵ قبوڵکەرێتی و ویژدانی ئەخلاقی دەستنیشانکەرێتی، دەتوانێت بکەوێتە ناکۆکی لەگەڵ باوەڕی بنەڕەتیدا.

لەلایەکی دیەوە حاڵەتی دووڵایەنی دادوەری پشکنینی بیروڕا، گفتوگۆ لە بارەی

پلەی وەحیەوە دەهێنێتە پێشێ. ئەزموون یان مێژوو ناتوانێت بەشێوەیەکی بڕاوە خوایبوونی ئیلهامێك بسەلمێنێ. ناتوانین بە بێگومان لەڕێی وەحیەوە لە هەقیقەتی دۆگمەکان و سروتە سەقامگیرەکان دڵنیا بین. لەبەر ئەمەشە کە لەدیدی دینی عەقڵانیەوە، حوکمەکانی مەزهەبی وەحی ئیختیاری و گریمانەین و بە زەرورەت پەیوەندی بەو ئەرکانەوە نیە کە بەحوکمی ویژدانی ئەخلاقی ناچار بە پەیڕەوکردنین، مرۆڤ ناتوانێت پەی بە خودایبوونی هیچ تێزێك بەرێت بەهۆی چەمکەکان و توانا عەقڵیەکانیەوە نەبێت، ئەگەرچی ئەو تێزانە بە تەواوی ئەخلاقی بن و جێی گومانیش نەبن. بەدەربڕینێکی دی دینی وەحی دەبێت بەجۆرێك تەفسیرو لێکبدرێتەوە کە لەگەڵ ڕێسا عەمەلیەکانی دینی عەقڵی پەتیدا بگونجێت. بۆ ئەوەی تێبگەین ئەوکارەی دەمانەوێت ئەنجامیبدەین بە دڵنیاییەوە دادپەروەرانەیە، دەبێ تەنها بۆ ویژدانی ئەخلاقی خۆمان بگەڕێینەوە. ئەو داوەرەی پشکنینی بیروڕا کە گیانی مرۆڤێك دەگرێت، تەنها فەرمان لە باوەڕی بنەڕەتیەوە وەردەگرێ (کانت دەڵێ "تەنانەت لەکاتی پێویستدا بە شەهیدبوون): لەبەرئەوە جورئەتی ئەوە دەکات کارێك بە ئەگەری کردنی گەورەترین نادادپەروەریەکان ئەنجامبدات. بەم مانایە داوەری پشکنینی بیروڕا بێویژدانی دەکات، و ئەو مەترسیە قبوڵدەکات کە بە پێچەوانەی ئەرکی مرۆڤانەی خۆیەوە کە خۆی باوەڕی پێەتی کارێك ئەنجامبدات. ئەگەر ئەو بە فەرمانی "پلەکانی بەرزتر لەخۆی" دەست بۆ ئەوکارە بەرێت، ئەوا مەسەلەکە هەر هەمان حوکمی دەبێت. لەم حاڵەتەشدا ویژدانی ئەو، دوا مەرجەعە بۆ داوەری دادپەروەرانە بوون یان نەبوونی کارێك بە شێوەیەکی یەقینی.

کانت بە لێکۆڵینەوەی پەیوەندی نێوان مەزهەب و ئازادی، بەشێوەیەك لە شێوەکان بناغە دانەری ڕەخنەی مەزهەبیە. تا جەوهەری مەزهەب لەناو باوەڕی بنەڕەتیدا بێت، مەزهەب بەرەو خورافات دەچێت و وەك سواڵکردن لە لوتفی خودای لێدێت، کە لەم حاڵەتەدا خەڵکی دەخاتە ژێر کۆنترۆڵی پێشەوایانی کەنیسەوە کە تەنها خاوانداریکی دەسەڵاتن لە بواری باوەڕداو بەسەر دەوڵەتیشدا دەسەڵاتیان هەیە، و ئەوان (خەڵکی) لە ئازادی ئەخلاقی بێبەشدەکەن. مەزهەبی وەحی تەنانەت هاوڵاتیان لەئەرکە مەدەنیەکانی خۆشیاندا بەهەڵەدا دەبات، بەپێچەوانەوە

"ڕۆشنگەران" دەیانەوێت مرۆڤ لەو حاڵەتی منالیە دەربهێنن کە بەبوونی ئەمحاڵەتە ناتوانن بەبێ ڕێنمایی ئەوانیدی، توانا عەقڵیەکانی خۆیان بەکاربهێنن. ئازادی بەکارهێنانی گشتی و ئاشکرای عەقڵ، بۆ گەیشتن بەم مەبەستە، بەسە: بڵاوکردنەوەو پروپاگەندە، ڕۆشنگەری خەڵکیە ئەو وانایەیان دەداتێت، کە فێری ماف و ئەرکەکانی خۆیان ببن لەو دەوڵەتەدا کە لەناویدا دەژین. لە هەمانکاتدا فێربن عەقڵی خۆیان بەسەربەخۆ بەکاربهێنن. لێرەوە تاوتوێکردنی گریمانەی ویژدان لە بواری باوەڕی مەزهەبیدا، ڕەخنەی بەکارهێنانی گشتی و ئاشکرای عەقڵ و هەروەها پێناسی ئازادی هاوڵاتیانیش دەگرێتەوە: ڕوناککردنەوە هاوڵاتیان نەك هەر بەستراوە بە ئازادی مەدەنیەوە، بەڵکو بەستراوە بە پەروەردە کردنیشیانەوە، (کانت وەڵامی ئەم ڕەخنەیە کە "ئەوان ئامادەیی پێویستیان بۆ ئازادی نیە" بە نەفی دەداتەوە و دەڵێ ئەم ئامادەبوونە خۆی لە پێشەوە پێویستی بە بەرقەراربوونی ئازادیە).

(دەق)

گریمان بۆ نمونە دەبێ داوەرێکی پشکنینی بیروڕا کە سەخت پابەندی باوەڕی بنەڕەتی خۆیەتی، تا ئاستی شەهیدبوون لەکاتی پێویستدا، لەبارەی کەسێکەوە داوەری بکات کە دەگوترێت بێدین (بەڵام هاوڵاتیەکی باش) و بێباوەڕە. دەپرسین ئایا ئەم داوەرە بە حوکمدانی ئەو هاوڵاتیە بە مردن، بە حوکمی ویژدانی خۆی (کە بە ڕاست لە هەڵەدایە) حوکمیداوە، یان دەتوانین بە بێویژدانی تاوانباری بکەین، جاچ هەڵەی کردبێت، یان هوشیارانە نادادپەروەری کردبێت؟ چونکە دەکرێت پێی بگوترێت لەم حاڵەتانەدا هەرگیز ناتوانیت دڵنیابیت لەوەی کە بە تەواوی دادپەروەرانە کاریکردووە. بەڕاستی ڕەنگە ئەو لەو باوەڕەدا بێت کە ئیرادەی خواوەند بەشێوەیەکی سروشتی ئیلهامی پێکردوە (ڕەنگە بەپێی پەندی: ناچاریانکە کە بێنە ژورەوە) کە ئەرکی سەرشانێتی یان لایەنیکەم ڕێگەیپێداوە تا بێباوەڕی و بێباوەڕ، یەکسەر لەناوبەرێت. بەڵام ئایا بەڕاستی ئەوەندە باوەڕی بە هەقیقەتی ئەم حوکمە خوداییە کردووە، کە جورئەتی ئەوەی کردووە گیانی مرۆڤێك بەمشێوەیە بسێنێ؟ بێگومان سەندنی گیانی کەسێك لەبەر بیروڕاکانی، کارێکی نادادپەروەرانەیە، مەگەر ئەوەی (بمانەوێت بەرزترین چاوپۆشینی لە بەرامبەردا بکەین) ئیرادەی خوداوەند کە

ئەو توانیوێتی بەشێوەیەکی نائاسایی بە تەواوی بیناسێت، فەرمانێکی جیاواز لەوەی پێدابێت.

بەڵام ئەوەی کە خوداوەمد هەمیشە وا ئیرادەی کردبێت، تەنها پشتبەستووە بە بەڵگە مێژوویییەکان و بەهیچ شێوەیەك بەڵگەنەویست نیە. حوکمەکانی وەحی لە رێی مرۆڤگەلێکەوە بەو گەیشتووەو ئەوانیش تەفسیریان کردووەو لێکیانداوەتەوە. بەڵام ئەو وای دادەنێ کە گوایا راستەوخۆ لەلایەن خوداوە بۆ ئەو هاتۆتە خوارێ (وەك ئەو فەرمانەی کە بە ئیبراهیم گەیشت بۆ ئەوەی کوڕەکەی وەك مەڕێك سەربڕێ). لایەنیکەم ئەگەری ئەوە هەیە کە هەڵەیەك رویدابێت، بەڵام لەم حاڵەتەدا ئەو (واتە دادوەر) مەترسی ئەوە قبوڵدەکات کە بااڵترین پلەی نادادپەروەری ئەنجامبدات و دروست لەبەر ئەمەشە کە بێویژدانیدەکات. حوکمی مەسەلە لەبارەی هەر باوەڕێکی پشتبەستوو بەمێژوو یان نائاساییەکی دیش هەر ئەمەیە، و لەراستیدا هەمیشە ئەگەری هەڵە لەناویاندا هەیە، وبەسەرنجدان لەوەی کە رەنگە ئەوەی ئەم باوەڕە دروستیدەکات یان رێگەی پێدەدات نادادپەروەرانەیە، واتە بە پێچەوانەی ئەرکی مرۆڤانەوەیە کە دڵنیاییە، ئەم هەڵانە دەرئەنجامی سەرپێچیکردنە لە حوکمی ویژدان، نەك فەرمانبەرداری لە ویژدان.

لەسەرو ئەمەشەوە ئەگەر ئەوکارەی یاسای بەڵگەنەویستی وەحی فەرمانی پێداوە، خۆبەخۆ رێگەپێدراو بێت، ئەو پرسیارە دێتە پێشێ کە ئایا بەرپرسیارە گەورەکان یان پێشەوایانی رۆحانی دەتوانن بە پشتبەستن بە باوەڕەکانی خۆیان، وەك مەرجی بوونی باوەڕ (کە ئەگەر رەچاو نەکرێت، باوەڕ چۆنایەتی خۆی لە دەستدەدات)، بەسەر خەڵکیدا بسەپێنن؟ چونکە باوەڕێکی لەمچەشنە تەنها پشتی بەهۆ مێژوویییەکان بەستووەو لەکاتێکدا کە بەپێی داوەری خەڵکی (لایەنیکەم ئەگەر خۆیان تاوتوێ بکەن) هەمیشە ئەگەری ئەوە هەیە هەڵەی تیا کرابێت. وەك چۆن لە بەیانی کلاسیك باودا روویداوە. قەشە خەڵك ناچاردەکات لایەنیکەم لە دەرونی خۆیاندا دان بەشتێکدا بنێن کە بڕوایانوایە بە ئەندازەی باوەڕبوون بەخودا هەقیقەتی هەیە. واتە بە دەربڕینێکی تر لەبەرامبەر خوادادا دان بە شتێکدا بنێن کە بێگومان بەوشێوەیە ناینасن: وەك قبوڵکردنی رۆژێکی دیاریکراو بۆ عیبادەت وەك کارێکی مەزهەبی کە خودا خۆی ئەمری کردووە، یان بڕوابوون بە سمبولگەلێك

کە سەری لێدەرناکەن. لەم حاڵەتانەدا پلەی رۆحانی بااڵتر لەوان، بە سەپاندنی بڕوایەك بەسەر ئەوانی دیدا کە خۆی هەرگیز بڕوای بەو باوەڕە نیە، بە پێچەوانەی ویژدانی خۆیەوە کاریکردووە. لەبەرئەوە دەبێت لەرووی دادپەروەریەوە بیر لەوشتە بکاتەوە کە دەیەوێت ئەنجامیدەدات، چونکە دەبێ وەاڵمدەرەوەی کۆی تونڕەویەکانی باوەڕێکی وا کۆیلانە بێت. رەنگە هەقیقەتێکیش لەو شتەدا هەبێت کە باوەڕیان پێیەتی، بەاڵم لە باوەڕیاندا (یان لەو دانپیانانەی لە دەرونی خۆیاندا دانی پیا دەنێن) ئەگەری هەڵە هەیە، هەڵەیەك کە شایستەی مەحکومکردنە.

سەرچاوەی ئەم وەرگێڕانە:

ژولی سادا- ژاندرون: تساهل در تاریخ اندیشه غرب. ت: عباس باقری- تهران: نشرنی ١٣٧٨

عەلمانیەت "١"

نوسینی: مالکوم هیملّتون

بەپڕوای تیۆرەسازانی مانا و هەموو ئەو تیۆرەسازانەی دی کە سەرچاوەی دین بەهەلومەرجی مرۆیی دەزانن، پرۆسەی عەلمانیەت لەکۆمەلگا پیشەسازیەکاندا کێشەئامێزە. بەپڕوای بێرگر ئەگەر دین بەربەستێك لەبەرامبەر لەخۆنامۆبووندا دروستبکات، کەوابوو مەسەلەی عەلمانیەت چۆن مومکینە؟ زۆرێك لەبیریاران و لەوانە دۆرکهایم هەوڵیانداوە نکوڵی لەهەموو جۆرە عەلمانیەتێك بکەن. بەپڕوای ئەوان ئەم وەهمە بەهۆی سستبوونی شێوە تەقلیدیەکانی دینەوە، دروستبووە. ئەم بیریارانە دەڵێن کە لەبری شێوە تەقلیدیەکان، بەردەوام شێوازی تازە دروستدەبن. بەڵام بێرگر نکوڵی لەواقیعیەتی عەلمانیەت ناکات و لەڕاستیدا بە یەکێك لەبەرجەستەترین تیۆرەسازانی ئەم دیاردەیە دەزانرێت. بەهەرحاڵ بەرلەوەی باسی تێڕوانینەکانی بێرگر بکەین، پێویستە باسێکی ئەم مەسەلەیە بکەین. لەم فەسڵەدا تێڕوانینی دیش لەبارەی پرۆسەی عەلمانیەتەوە لەبەرامبەر تیۆرەی بێرگردا دەهێنینەوە.

زۆرێك لەتیورەسازان بەتایبەتی نوسەرانی سەدەی نۆزدە، پێشبینی لەناوچوونی دینیان لەکۆمەلگای مۆدێرندا کردبوو. وەك بینیمان تایلۆر، فرێزەر، مارکس و فرۆید، هەر هەموویان پێشبینی ئەوەیان کردبوو کە بە باڵادەستبوونی زانست بەسەر شێوە بیرکردنەوەی کۆمەلگای هاوچەرخدا، دین لەناودەچێت. بیریارانی تر کە بەشێوەیەکی وەزیفیتر تەماشای دینیان دەکرد، پێشبینی ئەوەیان دەکرد دین بەشێوە باو و تەقلیدیەکانی لەناو دەچێت و جێگەکەی بڕوایەك دەیگرێتەوە کە لەسەر بناغەی میتافیزیکی و موتەعالی نییە. کۆنت دینێکی تازەی لەسەر بناغەی بونیادە عەقڵانی و زانستیەکان داهێنا، و گوتی ئەم دینە تازەیە جێگەی خاڵی دینی تەقلیدی پێشوو دەگرێتەوە. دۆرکهایم لەبەهاکانی شۆڕشی فەڕەنسیدا، دەستنیشانی

سەرەتاکانی دروستبوونی کرداریێکی نوێ و هاوتای دینی کردبوو.

بەڵام زۆرێك لەبیریارە تازەترەکان ئەمجۆرە بیرکردنەوانەیان رەتکردەوە و بڕوایانوایە کە دین وەك رابردوو بە بەشێکی گرنگ لەکۆمەلگای تازە دادەنرێت، ئەگەرچی بەگشتی ئەوەیان قبولەکە رەنگە شێوە تایبەتیەکانی دین گۆڕانێکی بەرچاوی بەسەردا بێت. بۆ نمونە بێلا (١٩٧١) بەلگاندنی کردووە کە چەمکی عەلمانیەت بەشێکە لەتیورەی کۆمەلگای مۆدێرن کە لەبنەڕەتدا سەرچاوە لەکاردانەوەی بزوتنەوەی ڕۆشنگەری لەبەرامبەر بەنەریتی ئاینزای مەسیحیدا، دەگرێت، هەمان ئەو نەریتەی کە ئاراستە وەرگرتنێکی مەعریفی توندی هەیە و جەخت لەسەر باوەڕی بەفەرمی ناسراو دەکاتەوە. بەپڕوای بێلا تیورەی عەلمانیەت وەك ئەفسانەیەك کە لەرووی سۆزداریەوە تەفسیرێکی رێکخراو لەبارەی واقعەوە بەدەستەوە دەدات، تا ئەندازەیەك کرداری هەیە. لەدیدی بێلاوە خودی ئەم تیۆرەیە لەبری ئەوەی تیۆریەکی زانستی بێت، خۆی تێزێکی دینیە. بەپڕوای بێلا لەو ڕوەوە کە دین کرداری کۆمەڵایەتی پێویستی لەسەرشانە، دوبارە ناوەندی سەرقاڵیە کلتوریەکانی ئێمە دەگرێتەوە. زۆریك لەبیریارانی دی بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا بە سەرنجدان لەپەیدابوونی بزوتنەوە جۆراوجۆر و تازەکانی دین و بەتایبەتی بونیادگەری دینی، بە دەرئەنجامی هاوشێوە گەیشتوون (کریگن ١٩٨٨، داگلس١٩٨٣، گێلسنێر١٩٧٧، گلاك و بێلا ١٩٧٦ گریلی١٩٧٣، هادین١٩٨٧، لاکمان١٩٦٧ و ١٩٩٠، مارتین١٩٦٩ و ١٩٩١. ستارك و بین بریج١٩٨٥، و وتنۆ١٩٧٦). بەپڕوای هەندێك لەم بیریارانە سەرەڕای بوونی عەقڵگەری و بناغە زانستی و تەکنەلۆژیەکانی کۆمەلگای مۆدێرن، دین خەسڵەتی بڵندایەتی (تراسندنتاڵی) خۆی لەدەستنادات.

لەلایەکی دیەوە هەروا بەرگری لەتیۆرەی عەلمانیەت دەکرێت و بەلگەکانی نەیارانی دەکەونە بەر ڕەخنە، هەرچەندە هەندێك لەلایەنگرانی ئەم تیۆرەیە قبوڵیانە کە عەلمانیەت ڕەنگە پرۆسەیەکی ناچاری و لەسەر یەك ریتم نەبێت (بێرگر١٩٧٣، دابلێر ١٩٨١، ١٩٨٧، لیچیز١٩٩١، ویلسۆن١٩٨٢). هەندێکی دی ئەم پرۆسەیە زۆر بە ئاڵۆز دەزانن و بڕوایانوایە ئەم پرۆسەیە هەم بە ئاراستەی عەلمانیەتە و هەم لەبەرامبەر هێزە عەلمانیەکاندا بەرگریدەکات و تەنانەت دژایەتیشیان دەکات (کەمپێل ١٩٧٢، ١٩٧٨، ١٩٨١، مارتین ١٩٧٨، شروت ١٩٨٩).

ئەو مەسەلەیە کە ئایا کۆمەڵگای مۆدێرن عەلمانی بووە یان بە ئاراستەی عەلمانیبوونە، پەیوەندیەکی زۆری بەوەوە هەیە چ مانایەکمان بۆ دین هەیە. زوربەی وتوێژەکان لەبارەی عەلمانیەتەوە لەو راستیەوە سەرچاوە دەگرێت کە بیریارە جیاوازەکان، تێڕوانینی زۆر جیاوازیان بۆ دین هەیە. ویلسۆن (١٩٨٢) دەڵێت ئەوانەی سود لەپێناسە وەزیفیەکان وەردەگرن، ئاراستەیان بەرەو ڕەدکردنەوەی تیورەی عەلمانیەتە، لەکاتێکدا ئەوانەی پێناسە زاتیەکان بەکاردەهێنن، ڕەنگە زیاتر بەرگری لەم تیورەیە بکەن. هەندێکی دی ئەوەندە پێناسێکی گشتگیر بۆ دین دەکەن کە وەك لەفەسڵی یەکدا بینیمان، هەمیشە شتیك دەمێنێتەوە کە بە دین دابنرێت. بۆ ئەم نوسەرانە عەلمانیەت مومکین نییە. لێرەوە پێناسی مەسەلەی عەلمانیەت بەگشتی مومکین نییە. بەڵام بەهەرجۆرێك بێت وەك بینیمان ئەم پێناسە گشتگیرانە زۆر کێشەئامێزن.

تەنانەت کاتێك دین بەشێوەیەکی سنوردارتر پێناسبکرێت، نەگونجان لەبارەی مەسەلەی عەلمانیەتەوە هەروا دەمێنێتەوە. زۆرێك لەم نەگونجانانە لەو مەسەلەیەوە سەرچاوەدەگرن کەعەلمانیەت چیە (ئەم مەسەلەیە پەیوەندیەکی نزیکی بە پێناسی دینەوە هەیە). ئەم زاراوەیە بەشێوەی جۆراوجۆر بەکارهاتووە. شاینەر لەمبارەیەوە لێکۆڵینەوەیەکی ئاماری سودمەندیکردووە (١٩٦٦) ئەو شەش مانا یان بەکارهێنانی بۆ ئەم زاراوەیە دۆزیوەتەوە. یەکەم مانا پەیوەندی بە لەناوچوونی دینەوە هەیە. بەو شێوەیەی کە ڕەمز و تێز و دەزگا دینیەکانی پێشوو بایەخ و پلەی خۆیان لەدەستەدەن و لەدەرئەنجامدا ڕێگە بۆ کۆمەڵگایەکی بێ دین دەکرێتەوە. مانای دوهەم پەیوەندی بە هەرچی زیاتر گونجانەوە هەیە لەگەڵ "ئەم دنیایە"دا، بەو مانایەی کە لەم دنیایەدا سەرنجی خەڵکی لەسەر هۆکارە میتافیزیکیەکان لاچووە و بەرەو پێداویستیەکانی ژیانی دنیایی و مەسەلەکانی ڕاکێشراوە. بەپێی ئەم مانایە پەیوەندیەکان و گروپە دینیەکان، لەگەڵ پەیوەندی و گروپە نادینیەکاندا تێکەڵدەبن، بەشێوەیەك ناکرێت لەیەك جیابکرێنەوە. عەلمانیەت لەسێهەم مانادا بەمانای جیابونەی دین و کۆمەڵگایە. لەم مانایەدا دین پاشەکشێدەکات بۆ بواری تایبەتی و تایبەت دەبێت بە ژیانی تایبەتی و خەسڵەتێکی ڕاستەوخۆ دەرونی پەیدادەکات و باڵادەستی بەسەر هەر لایەنیکی ژیانی کۆمەڵایەتی لەدەرەوەی بواری

دیندا لەدەستدەدات. عەلمانیەت لەمانای چوارهەمدا بەمانای جێگرتنەوەی شێوازە دینیەکانە لەجێی باوەڕ و دەزگا دینیەکان. لەم مانایەدا زانین، ڕەفتار و ئەو دەزگایانەی کە سەردەمانێك لەسەر بناغەی دەسەڵاتی خودایی وێنادەکران، دەبن بە کۆمەڵێك دیاردەی دروستکراوی مرۆڤ و دەکەونە ژێر بەرپرسیارێتی مرۆڤەوە. لێرەدا لەبەرامبەر دینێکی بەمرۆڤیکراوداین. عەلمانیەت لەمانای پێنجەمدا بەمانای دامالێنی پیرۆزیە لەدنیا. جیهان خەسڵەتی پیرۆزیی لەدەستدەدات و مرۆڤ و سروشت دەبنە بابەتی ڕونکردنەوەی هۆیی (علّي)ـ عەقڵانی و دەستتێوەردان. لەم جیهانەدا هێزە میتافیزیکیەکان هیچ دەورێکیان نییە. دواجار عەلمانیەت بەمانای جوڵەیە لەکۆمەڵگای "پیرۆزەوە" بۆ کۆمەڵگای "دنیایی"، بەو مانایەی کۆمەڵگا واز لەهەموجۆرە پابەندبوونێکی بە بەها و کردارە تەقلیدیەکانەوە دێنێ و هاوکات لەگەڵ قبوڵی گۆڕانکاریدا، هەموو بڕیار و کردارەکان لەسەر بناغەیەکی عەقڵانی و سودخوازانە ئەنجامدەدات. ئاشکرایە ئەم مانایەی عەلمانیەت لەهەموو ماناکانی تر کە تەنها پەیوەندی بە جێگەی گۆڕاوی دینەوە هەیە لەکۆمەڵگادا، بەرفراوانترە.

ئاشکرایە ئەم مانا جیاوازانە بەهیچ شێوەیەك ڕەدکەرەوەی یەك نین. ئەم جیاوازیە لەمانای عەلمانیەتدا پەیوەندی بە جیاوازی مانای دینەوە هەیە، و دەگاتە ئەوەی شاینەر بەپەیڕەوکردنی لەمارتین (١٩٦٥) بڵێت کە گونجاوترین دەرئەنجامێك کە لەم مەسەلەیەوە دەتوانرێ وەربگیرێ، ئەوەیە کە دەبێ ڕاستەوخۆ واز لەم زاراوەیە بهێنرێت. پێدەچێ ئەم ئەنجامگیریە هێندە هەڵسەنگێنراو نەبێت. مانای سەرەکی ئەم زاراوەیە هەمان لەناوچوون و ڕەنگە ونبوونی ئەو باوەڕ و دەزگا دینیانە بێت کە پەیوەندیان بەمانای یەکەم و دوەهەم و چوارهەم و پێنجەمەوە هەیە. پرۆسەکانی ئەم مەسەلەیە ڕەنگە لەگەڵ یەکدا جیاواز بن و ناسینی هەر یەکێکیان پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ئەزمونگەرانە هەیە، بەڵام پێدەچێت کە دوا دەرئەنجامی هەموو ئەم پرۆسانە دەبێت هەر یەك شت بێت. عەلمانیەت بەم مانایە دەشێ ڕووبدات یان نەدات، و ڕەنگە پرۆسەیەکی بەردەوامبێت و نەبێت. ئەگەر ئەمجۆرە عەلمانیەتە ڕووبدات، شتێکی وەك مانای دوهەم دەبێت، کە هەمان تایبەتبوونی دینە و یان ڕەنگە وەك یەکێك لەلایەنەکانی مانای دوهەم دەرکەوێت.

بەهەرحاڵ پێویستناکات واز لەزاراوە یان چەمکی عەلمانیەت بهێنرێ. ئەوانەی

ویستویانە چەمکی عەلمانیەت لەریزبکەنە دەرەوە، هەندێکجار لەبەرئەوەی ئەم زاراوەیە وەك چەکێك بەدەست نەیارانی دینەوە بۆ لاوازکردنی بەکاردەهێنرێ،، بۆتە هۆی ئالۆزیەکی زۆر (مارتین ١٩٦٥). ئەم هەڵوێستە لەهەڵوێستی کەسانێك راستر نیە کە دەڵێن تێکەڵکردنی باسەکان لەم مەسەلەیەدا چەکی دەستی ئەو کەسانە بووە کە چەمکی عەلمانیەتی کۆمەڵگای هاوچەرخ، بە چەمکێکی گونجاو بۆ بیرکردنەوە نازانن.

ئەم قسەیە بە مانای ئەوە نییە چەمکی عەلمانیەت چەمکێکی سادە و ڕێکوڕەوانە، یان بۆ ناسینی وردتری لایەنە جیاوازەکانی، پێویستمان بەزاراوە و چەمکی دی نییە. لەمڕووەوە دابلێر (١٩٨١) زاراوەی "دین لابردنی "Laicisation بۆ گێڕانەوە بۆ پرۆسەکانی دامالێنی پیرۆزی Desacralisation، جیاکردنەوە و جیگۆڕکێی چەمکە دینیەکان لەکۆمەڵگای هاوچەرخدا بەکاردەهێنێت و جیاکاری لەنێوان عەلمانیەت لەئاستی تاکەکەس، کۆمەڵگا و لەناو خودی دینداا دەکات (١٩٨٥،١٩٨٧).

بەهەرحاڵ جیاوازی تێڕوانین بۆ مەسەلەی عەلمانیەت، تەنها جیاوازی نییە لەسەر زاراوە و چەمکەکان. وتوێژێکی زۆر لەبارەی ئەو مەسەلەیەوە کراوە کە ئایا کۆمەڵگای هاوچەرخ لەکۆمەڵگای رابردوو کەمتر یان زۆرتر دینیە (دینیبوون بە هەموو مانایەکی). هەندێکجار بەڵگە دەهێنرێتەوە کە دەکرێت ئێمە تێڕوانینێکی دروستمان بۆ ماهیەتی دینی کۆمەڵگاکانی رابردوو نەبێت، چونکە لەرابردوشدا هێندەی ئەمڕۆ ڕەگەزی دژە دینی هەبووە. بەپێی ئەم بەڵگاندنە چەمکی "سەردەمی باوەڕ" وەهمێکە کە زۆرتر لەدەرئەنجامی گرنگیدان بە بیروڕا و ئاراستەکانی دەستەبژێرەکانی کۆمەڵگای رابردوو کە زانیاریەکی زیاترمان لەبارەیانەوە هەیە و گرنگینەدان بە خەڵکی ئاسایی، دروستبووە(گۆدریچ١٩٧٥، داگلس١٩٨٣). لەبەرامبەر ئەم تێڕوانینەدا نوسەرانی وەك ویلسۆن(١٩٨٢) وایان وەڵام داوەتەوە کە تێڕوانینێکی لەمچەشنە لەسەر ئەو گریمانەیە دامەزراوە کە عەلمانیەت هەمان دامالێنی مەسیحیەتە Dechristianisation. ئەم بانگەشەیە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە رابردوو هێندەی ئەمڕۆ لەلایەك دنیایی ولەلایەك دینیبوو، و لەراستیدا بەو بانگەشەیە دەگات کە رابردوو زیاتر لەمڕۆ مەسیحی نەبوو، لەدەرئەنجامیشدا ئەمڕۆ کەمتر لەرابردوو دینی نییە. بەڵام پاشماوەی بتپەرستی و "دینی عامیانە" لەکۆمەڵگا

بە ڕوکەش مەسیحیەکاندا، بەڵگەی ئەوەیە کە خەسڵەتی دژە دینی ئەوان، لەکۆمەڵگا هاوچەرخەکان زیاتر بووە. دیارە سڕینەوەی بتپەرستی، دینی عامیانە و باوەڕ و کرداڕە جادویەکان لەسەردەمی رابردوودا بەو ناوەی کە دینی راستەقینە نین، وەك هەمان ئەو کارەی تێرنەر کردی، کارێکی ئەوەندە راست نیە. کارێکی وا بەمانای ئەوەیە سیستەمەکانی باوەڕ لەزۆربەی کۆمەڵگا سەرەتایەکاندا بەوتەزای "دین" دانەنێین، و ئەم وتەزایە بەبێهۆ تەنها بۆ دینە گەردونیەکانی وەك مەسیحیەت و بودایی و ئیسلام دابنێین. تەنانەت لەم حاڵەتەشدا زۆرینەی خەڵك تەفسیرێکی وا بۆ ئەم دینە گەورانە دەکەن، کە هێندە لەگەڵ مانای دینی جێی سەرنجی تێرنەردا ناگونجێ.

بەهەرحاڵ تیرنەر هەڵوێستێکی راستەوخۆ دژ بە عەلمانیەت ناگرێت. ئەو دەڵێت بیریارانی تەبا و نەیاری عەلمانیەت، هەردوکیان تا ئەندازەیەك راستەکەن. لەسەردەمی دەرەبەگایەتیدا مەسیحیەتی کاسۆلیك جێی ئارەزووی چینی باڵا یان ئەرستۆکراتەکان بوو، بەڵام لەناو دیهاتیەکاندا هێندە دەسەڵاتی نەبوو. لەرابردوودا هیچ سەردەمێکی زێڕین نیە کە بکرێ وەك خاڵی بەرامبەر هەلومەرجی هەنوکە ڕابگیرێ. تەنها شتێك کە هەبوو سەردەمێکی دینی زێڕین بوو، بۆ دەستەبژێرەکانی کۆمەڵگا کە زۆرتر وەك هۆکارێکی عەقیدەتی بۆ پاراستنی مافی مولکایەتی و میرات کاریدەکرد. دین لەم قۆناغەدا یارمەتی چینی مولکداری دەدا، بۆئەوەی جنسیەت بەتایبەتی لەبارەی ژنانەوە کونترۆڵبکات، و سیستەمی دابەشکردنی دارایی لەسەر بناغەی سەرەتازایین Primogenitore بەهێزبکات، کە بەئاراستەی پاراستنی پاوانی مولکیەتی زەمین لەدەست ئەرستۆکراتەکاندا کاریدەکرد. دێهاتیە بێ زەمینەکان کەمتر ڕاکێشانیان لەکاسۆلیسیزمدا دەبینی و بەرامبەری بێهودەیی و تەنانەت دوژمنیان پیشاندەدا، لەبری ئەوە لایەنگریی نەریتە ئیلحادیەکان یان عامیانەکان لەجۆری خورافی یان جادوویان دەکرد (هەروەها تەماشای ئابێرکۆمبی و ئەوانی دی بکەن ١٩٨٠).

تەنانەت بە قبوڵکردنی ئەگەری جیاوازی نێوان باوەڕ و کرداری دینی دێهاتیەکان و نەجیبزادەکان، بەو هۆیانەی کە لەسەرەوە هێناماناوە، بە سەختی دەکرێت ئەم جیاوازیانە وەك بەڵگەیەکی دژ بە تیورەی عەلمانیەت لەبەرچاو بگیرێت. ئەم

بەڵگاندنە کە کاریگەری مەسیحیەتی کاسۆلیکی لەسەردەمی دەرەبەگایەتیدا زۆرتر لەسەر بناغەی تێبینی گواستنەوەی مۆڵکایەتی بوو، تا ئەندازەیەکی زۆر جێی گومانە. هەرچەند رەنگە چینی مووڵکداری ئەو قۆناغە سودی لەمەسیحیەتی کاسۆلیکی بەوشێوەیە وەرگرتبێ، بەڵام گوتنی ئەوەی کە لەبنەڕەتدا مەسیحیەت لەسەدەکانی ناوەڕاستدا ئەم دەورەی بینیووە، گومڕاکەر و یەکلایەنەیە. لەم ئاراستەیەدا هەرئەوەندە بەسە بیر لەئاینزای مەریەمی پاکیزە و قەدیسان بکەینەوە، بۆئەوەی لەوە تێبگەین مەسیحیەت وەك باوەڕ و کرداری خەڵکی پەسەند، چەند گرنگی هەبووە و چەند سەرنجی لەپەیوەندی دێهاتیەکان دەدا. وەك چۆن لەزۆرێك لەکۆمەڵگا دێهاتیەکانی ئەمڕۆدا بە تایبەتی لەجیهانی سێهەم و وڵاتە تازە پەرەسەندوەکاندا کاردەکات. وەك چۆن ئەمڕۆ مەسیحیەت بەگشتی لەپاڵ باوەڕ و کرداری ئیلحادی و عامیانەکاندا لەم ناوچانەدا رەونەقی هەیە، رەنگە لەئەورووپای سەردەمی فیودالیشدا هەر بەمشێوەیە پێکەوە ژیانی لەگەڵ ئیلحاد دینی عامیانەدا هەبوبێت.

بەڵگاندنێکی تری نەیارانی تیورەی عەلمانیەت جەخت لەسەر رەواجی زۆرێك لەعورفە تایبەتی و تاکانەییەکانی دەرەوەی بواری دینی رێکخراو دەکات، لەپەرستن و عیبادەتی تایبەتیەوە بگرە تا خورافات، لەگوێگرتن لەبەرنامە دینیەکانی رادیۆوە بگرە تا ئارەزووی دەستخوێندنەوە و خوێندنەوەی ئەستێرەی بەخت لەگۆڤارەکاندا. لێرەدا دوبارە مەسەلەی پێناسی دین دێتەوە پێشێ. ئەوانەی نکوڵی لەعەلمانیەت وەك خەسڵەتێکی تایبەتی کۆمەڵگای هاوچەرخدەکەن، ئارەزووی ئەوە دەکەن لایەنگری لەپێناسە گشتگیرەکان بۆ دین بکەن.

وەك وێلسۆن گوتوێتی(١٩٧٦) دوهەم مەسەلەی ئەم بەڵگاندنە ئەوەیە کە ئەگەر بڕوای دینی بااڵدەست بەسەر چااڵکیە تایبەتیەکاندا بەهیچ شێوەیەکی دەزگایی و گشتی دەرنەکەوێت، خودی ئەم مەسەلەیە بەڵگەی جێگەی لەرزیوی دینە لەکۆمەڵگای هاوچەرخدا. وێلسۆن ئەو راستیە قبووڵدەکات کە لەراستیدا زۆرێك لەتاکەکان رەنگە باوەڕ یان کرداری دینی تایبەتی لەناو کۆمەڵگایەکی بەگشتی دنیاییدا بۆ خۆیان بپارێزن. بەبڕوای ئەو **عەلمانیەت "پڕۆسەیەکە کە تیایدا دەزگاکان، کردارەکان و هوشیاری دینی، گرنگی کۆمەڵایەتی خۆیان لەدەستدەدەن"**

(١٩٦٦، لا١٤). لەدەستدانی گرنگی کۆمەڵایەتی، دەتوانێ قۆناغێك بێت تەنانەت بە ئاراستەی سڕینەوەی باوەڕی دینی تایبەتی.

دیارە دامێنی لەدەستچوون و لەدەستدانی گرنگی کۆمەڵایەتی دین، مەسەلەیەکی ئەزمونیە، بەڵام دۆزینەوەی ئامێرێکی جێی متمانە بۆ ئەندازەگیری ئەم مەسەلەیە کارێکی ئەستەمە. ئەندازەگیری دامێنی بڕوای دینی شەخسی یان تایبەتی، تەنانەت لەمەش دژوارترە. بەئاشکرا ئەو ئامارانەی پەیوەندی بە پەیوەستبونو ئامادەبوون لەکەنیسە هەیە، وەك دیاریکەری بڕوای دینی یان گرنگی دین لەژیانی کەسانێکدا کە لەکەنیسە ئامادەدەبن، جێی متمانە پێکردن نیە. بۆ نمونە لەویلایەتە یەکگرتوەکاندا ئامادەبوون لەکەنیسەدا زۆر لەئینگلتەرا و زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا زیاترە، بەڵام رەنگە ئەمە لەبەرئەوە بێت لەوڵاتە یەکگرتووەکاندا ئامادەبوون لەکەنیسە زۆرتر لەئامادەبوون لەبەریتانیا، دەرخەری ئەندامێتی لەکۆمەڵ، لایەنگری بەها کۆمەڵایەتی و نەتەوەیەکان بێت و ئاماژە بێت بۆ ناوی باش (هێربێرگ ١٩٥٦، ویلسۆن ١٩٦٦، ١٩٨٢). پاشان کەنیسە و گروپە دینیە ئەمریکیەکان، تا ئەندازەیەك دنیاییبوون (لاکمان١٩٦٧،لا٣٦). لەلایەکی دیەوە هەڵسەنگاندنی باوەڕەکان راستەوخۆ لەرێگەی لێکۆڵینەوە ئاماریەکانەوە، رەنگە دەرئەنجامی گومڕاکەرانەی لێبکەوێتەوە. بۆ نمونە ئەگەر پرسیار لەخەڵکی دەربارەی رادەی بڕوابوونیان بەخودا بکرێت، وەڵامەکانیان زۆرتر رەنگە پیشاندەری ئەو مەسەلەیە بێت کە خەڵکی چ وەڵامێك بۆ ئەمجۆرە پرسیارانە بە گونجاو دادەنێن و فێربوون چۆن وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە، و ئەم وەڵامانە رەنگە لەبارەی باوەڕی شەخسی و دەروونی خۆیانەوە، زانیاریەکی هێندە سودمەند نەدات بەدەستەوە.

بەسەرنجدان لەم مەسەلانە، بەڵگە هەبووەکان زۆرتر لەقازانجی ئەو تێڕوانینانەن کە دین بەمانا هەمەکیەکەی لایەنیکەم تائەو شوێنەی پەیوەندی بە مەسیحیەکانەوە هەیە، لەکۆمەڵگا پیشەسازیەکانی رۆژئاوادا روو لەلەناوچوونە. ئاکواویوا (١٩٧٩) لەلێکۆڵینەوەی دراوەکانی پەیوەست بە ئەمەریکای لاتین و وڵاتەیەکگرتووەکان و ئەوروپا یان هەموو جیهانی مەسیحیەوە، بەو دەرئەنجامە دەگات کە "دینامیکیەتی کارکردنی دینی لەهەموو شوێنێکدا، سستبوونی دینی کەنیسەیی و کەمتازۆر هەموجۆرە بڕوایەکی دینی و لەوانە بڕوابوون بە خودا، ئاشکرادەکات" (لا٣٨).

نمونەی ئەم لاوازیەی بڕوای دینی ئەوەیە کە دین لەوڵاتە پرۆتستانتەکانی باکوری ئەمەریکادا، زۆرتر ڕوو لەلەناوچونە تا لەوڵاتە کاسۆلیکیەکانی ناوچەی دەریای سپی. بەهەرحاڵ هوڵەندا و بەلژیکا لایەنیکەم تا ئەم دواییانەش لاوازی دینی کەمتریان لەخۆیان پیشانداوە، و ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕەنگە لەهەمووان کەمتر شایەتی لەناوچوونی مەسیحیەت بێت، دیارە لەسەر بناغەی ئامادەبوون لەکەنیسە و دیاریکەرە لێکچوەکانی دی، کە زۆر جێگەی متمانەش نین. لادێکان و ناوچە دێهاتیەکان دینیترن لەناوچە شاریەکان. ژنان لەپیاوان دینیترن و هەر بەمشێوەیە، ژنانی ماڵەوە لەژنانی ئیشکەر باوەڕدارترن. تەندروستان و لاوان لەتەمەن مامناوەندیەکان و چینی ناوەڕاست لەچینی کرێکار دینیترن. کرێکارانی پیشەسازی لەهەموو گروپ و چینە کۆمەڵایەتیەکانی دی، نادینیترن. لەناوچوونی باوەڕ و کارکردنە دینیەکان لەنێوان پرۆتستانت و کەلیمیەکاندا لەکاسۆلیکەکان زیاترە، ئەگەرچی پێدەچێ لەم بوارەدا کاسۆلیکەکانیش خەریکە لەپرۆتستانتەکان نزیکبەنەوە.

تیۆرەکان و ئەو ڕونکردنەوانەی سەبارەت بە ڕەوتی گشتی بەئاراستەی عەلمانیەتن، بەر لەهەرکەسێك دەڵێن ئەم پرۆسەیە بەئاشکرا پەیوەندی بە پلەی پیشەسازیبوون و شاریبوونەوە هەیە، ئەگەرچی ڕەنگە ئەم پەیوەندیە ئەوەندە سادە و ئاشکرا نەبێت. پەیوەندی نێوان پیشەسازیبوون و عەلمانیەت بەهیچ شێوەیەك کامڵ نییە. بۆ نمونە ویلایەتە یەکگرتووەکان یەکێك لەپیشەسازیترین نەتەوەکانی دنیایە، بەڵام بەناچار عەلمانیترین میللەت نییە. عەلمانیەت دەرئەنجامی گۆڕانی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزە کە هەم لەدەرئەنجامی پرۆسەی پیشەسازیبوون و شاریبوونەوە دروستبوون و هەم لەپەیوەندیدا بوون بەم پرۆسەیەوە و لەڕاستیدا هۆکاریبوون. هەر لەبەرئەمە بۆ ناسینی ئەوەی بۆچی عەلمانیەت ڕوویدا، دەبێت ڕوانگەیەکی مێژووی و تەتبیقی گەلێك فراوانتر بگرینەبەر.

ڕونکردنەوەی ئەم پرۆسەیە پەیوەندی بەوجۆرە تیۆرەیەوە هەیە کە کەسی ڕونکەرەوە لەبارەی دەوری دین لەکۆمەڵگادا قبوڵیدەکات. ڕونکردنەوە لەسەر بناغەی سستبوون یان لەناوچوونی دین، پەیوەندی بەوەوە هەیە ئەو کەسە لەبارەی هۆی دروستبوونی سەرەتایی دینەوە چ تێڕوانینێکی هەیە. ئەگەر دین وەك دەرئەنجام یان

کاردانەوە بەرامبەر بە مەحرومیەت و ستەمکاری ڕوونکرێتەوە، ڕونکردنەوەی عەلمانیەت دەبەسترێتەوە بەپەرەسەندنی فراوانی و دیموکراسیەوە. ئەگەر دین بە دەرئەنجامی کەمی زانین بزانرێت، عەلمانیەت بە دەرئەنجامی پەرەسەندنی زانست دادەنرێت. ئەگەر دین بەبەرهەمی ترس و نادڵنیایی بزانرێت، عەلمانیەت بە دەرئەنجامی توانای ڕوو لەزیادی ئێمە بۆ ڕونکردنەوە و کونترۆڵی جیهانی سروشتی دادەنرێت. ئەگەر دین وەك کاردانەوەیەکی نیۆرۆتیکی لەبەرامبەر هەلومەرجی ژیان لەئاستی گشتیدا دابنرێت، عەلمانیەت بەدەرئەنجامی ئەو واقعیەتە دادەنرێت کە ئێمە وەك ڕەگەزێك لەپرۆسەی پەرەسەندنماندا گەیشتوینەتە قۆناغی کاملّی. ئەگەر دین وەك هۆکارێکی ڕێکخەری کۆمەڵگا تەماشا بکرێت، عەلمانیەت بە دەرئەنجامی ئەو واقعیەتە دادەنرێت کە پێویستمان بە زنجیرەیەك بەهای گونجاوتر لەهەلومەرجی تازەدا هەیە. ئەگەر دین بە هۆکاری بەخشینی مانا بە بوونی مرۆڤ دابنرێت، ئەوا عەلمانیەت بە بەرهەمی قەیرانی مانا یان پرۆسەی گەڕان بەدوای ڕێگەیەکی تازەدا بۆ ئامادەکردنی مانایەکی گونجاوتر لەگەڵ هەلومەرجی هەبوودا دادەنرێت.

دواجار دەبێت بڵێین لەم مەسەلەیەوە وادەردەکەوێت کە ئەگەر تیۆرەیەکی قانعکەرمان لەبارەی دینەوە نەبێت، تیۆرەیەکی بەتەواوی قانعکەرمان لەبارەی عەلمانیەتیشەوە نابێت. پاشان گەر دەمانتوانی تێبگەین چ شتێك لەکۆمەڵگای هاوچەرخدایە کە بەئاراستەی لاوازکردنی دین کاردەکات، ئەوسا لەبارەی ئامادەبوون و دەسەڵاتی دینەوە لەرابردوودا و لەکۆمەڵگاکانی دیشدا، زانینێکی زیاترمان بەدەستدەهێنا. کەوابوو مەسەلەی عەلمانیەت گرنگیەکی تیۆری دەستنیشانکەری هەیە.

عەلمانیەت ئەگەرچی پەیوەندی بە پیشەسازیبوون و شاریبوونەوە هەیە، بەڵام دەبێت ئەم پرۆسەیە بەپێی گۆڕانیکی کۆمەڵایەتی فراوانتر و بنچینەیتر لەبەرچاو بگرین، کە هەم لەم گۆڕانانەوە سەرچاوەیگرتووە و هەم بەهێزیاندەکات. ڕەنگە وەك فیبەر گوتوێتی تێڕوانینی باڵادەست ئەوەبێت کە پەرەسەندنی عەقڵانیەت لەرۆژئاوادا کلیلی تێگەیشتنی پرۆسەی عەلمانیەتە. ئەم تێڕوانینە ئەو واقعیەتە ڕوونەکاتەوە کە وڵاتە پرۆتستانەکان زۆرتر لەوڵاتەکانی تر، لەژێر کاریگەری عەلمانیەتدان. ئەم پرۆسەیە دوو ڕووی هەیە کەبیریارانی جیاواز، جەختی جیاواز

لەسەر یەکێکیان دەکەن. لەرووی یەکەمەوە دەبێ بگوترێ هەندێك هۆکار هەن تایبەتن بە مەسیحیەت و بە بڕوای فیبەر بونەتە هۆی پرۆتستانیزم و بەتایبەتی پرۆتستانیزمی کالڤینی. لەلایەنی دوهەمەوە هەندێك هۆکار هەن کە تایبەت نین بە مەسیحیەت، بەڵکو پەیوەندیان بە گۆڕان و پەرەسەندنی شێوازەکانی بیرکردنەوە و شێوازەکانی بینین بۆ جیهان هەیە، و بە جەمسەرەکەی تری مەسیحیەت یان لەراستیدا دین بە مانا هەمەکیەکەی دادەنرێن.

بێرگەر لەشیکردنەوە کاریگەرەکەی خۆیدا (١٩٧٣) جەخت لەسەر کۆمەڵێك هۆکاردەکات، کە پەیوەندیان بەنەریتی مەسیحیەوە هەیە. ئەو باسی ئەم مەسەلەیە دەکات کە "نەریتی دینی رۆژئاوایی تا چ ئاستێك دەیتوانی تۆوی عەلمانیەت لەبواری خۆیدا، پەرشوبلاو بکاتەوە" (١١٦ل). دیارە ئەمە بەو مانایە نیە کە بێرگەر بڕوایوایە مەسیحیەت مەیلێکی زاتی و خۆبەخۆی تێدایە بە ئاراستەی عەلمانیەت. بێرگەر ئەم راستیە قبوڵدەکات کە زۆرێك لەم هۆکارانەی لەم مەسەلانەدا دەستیان هەیە، پەیوەندیان بە نەریتی دینیەوە نیە، بەڵکو بەتەواوی هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابورین.

بەهەرحاڵ بە بڕوای بێرگەر ئەم هۆکارانە بەمانایەکی تایبەت زیاتر کاریگەریان لەمەسیحیەت کردووە، تاکو لەدین بە مانای گشتی. ئەم هۆکارانە ئاراستەگەلێك دەهێننەئاراوە و بەهێزدەکەن کە لەناو خودی نەریتی مەسیحیەتدا بوونی هەیە. مەسیحیەت لەناو جۆرێك فەزای تایبەتی کۆمەڵایەتیدا مەیلێك بە ئاراستەی عەلمانیەت پیشاندەدا، بەهەرحاڵ لەدینەکانی تردا ئەگەر کۆمەڵگا شایەتی پەرەسەندن، پیشەسازیبوون و شاریبوون بێت، ئەم مەیلانە دروستنەدەبوون و لەدەرئەنجامدا ئەم دینانە روبەڕووی پرۆسەی عەلمانیەت نەدەبونەوە. لەمڕووەوە دەکرێ بگوترێ مەسیحیەت بەدەستی خۆی گۆڕی خۆی هەڵدەکەنێت.

بەبڕوای بێرگەر ئەم مەیلانەی تایبەت بە مەسیحیەت، پەیوەندیان بەرەگ و ریشەکانی لەکلیمیەتدا هەیە. ئەم مەیلانە لەدینی کاسۆلیکیدا "کۆنترۆلکرابوون"، بەڵام لەبزوتنەوەی پرۆتستانتی چاکسازی دینیدا ئازادکران. ئەم بزوتنەوەیە هاوکاتبوو لەگەڵ جۆرێك گۆڕانکاری لەبونیادی چینایەتی و جیگۆڕکێی فیودالیزمدا. هەر ئەم بزوتنەوەیە بوو کە هێزە عەلمانیەکانی لەناو مەسیحیەتدا رزگارکرد.

دیارە ئەم تیورەیە بە توندی بیرهێنەرەوەی ماکس فیبەرە. بێرگەر

لەشیکردنەوەکانی خۆیدا زۆر پەیڕەوی لەفیبەر دەکات. تەنها جیگۆڕکێیەك کە بێرگەر لەتێڕوانینی سەرەکی فیبەردا لەبارەی گۆڕانی مەسیحیەت و کۆمەڵگای ئەوروپاییەوە ئەنجامیدەدات، ئەوەیە کە لەبری "عەقڵانیەت"ی فیبەر، سود لەزاراوەی "هێزە هاندەرەکانی عەلمانیەت" وەردەگرێ.

بێرگەر جەخت لەسەر مەیلی پەیوەندیدار بە عەقڵانیەتی روو لەزیادبوون دەکات، کە فیبەر ناوی دەنێت "ئەفسانە دامالێن لەدنیا". کلیمیەت، سیحر و سۆفیگەری و هاوشێوەکانی ڕەدکردبۆوە، و مەسیحیەتیش وەك کلیمیەت ئەم هەڵوێستەی وەك عەقڵانیەتی ئەخلاقی قبوڵکرد. بەبڕوای فیبەر کەنیسەی مەسیحی سەرەتا، هەنگاوێکی روو لەدواوەی هەڵهێنابوو. لەڕاستیدا ئەم کەنیسەیە تاکانەیی خودایی کلیمیەتی کردبوو بە بتێك و تائەندازەیەك سۆفیگەری بەرپاکرد و ڕەگەزە سیحراوی و نهێنی ئامێزەکانی سەرلەنوێ لەناو مەسیحیەتدا هێنابووە ئاراوە. بەڵام هێزەکانی هاندەری عەقڵانیەت لەمەسیحیەتدا بەهێزتربوون لەوەی یەکسەر لەناوبچن. ئەخلاقی ئەم دنیاییە لەنەریتی مەسیحیدا پارێزراو مایەوە. لەلایەکیدیەوە ماهیەتی بونیادگەرانەی مەسیحیەت، واتە ئارەزووی بۆ تواندنەوەی جیهان، لەسەرتاسەری سەدەکانی ناوەڕاستدا بەهۆی ئەو گروپانەوە پارێزراوبوو کە ئیلهام وئومێد و ڕینماییان لەم ئارەزوەوە بۆ شۆڕشکردن وەردەگرت. ماهیەتی ئەخلاقی سەرەتای مەسیحیەت و پەیوەندی بە دادپەروەریەوە، هەرگیز فەرامۆش نەکرابوو.

بەبڕوای فیبەر مەیلەکانی هاندەری عەقڵانیەت لەمەسیحیەتدا بونە هۆی دروستبوونی پرۆتستانیزم بەتایبەتی کالڤینیزم، واتە هەمان ئەو دینەی کە بەبڕوای فیبەر لایەنیکەم لەڕووی عەقڵانیەتی وێنەییەوە، بەعەقڵانیترین شێوەی دینی لەمێژووی مرۆڤایەتیدا دادەنرێت. بەبڕوای بێرگەر هەر ئەم عەقڵانیەتە پرۆتستانتیە، لەپشت عەلمانیەتەوە رادەوەستێت. لێرەوە پرۆتستانیزم پێشەکی عەلمانیەتە. "پرۆتستانیزم لەبەراورد بەکاسۆلیزمدا، بواری شتی پیرۆزی لەواقعدا زۆر کورتکردەوە" (بێرگەر،١٩٧٣،١١٧ل). پرۆتستانیزم ڕەهەندە نەریتی و ئاینیەکانی کاسۆلیسزمی تاڕادەیەکی زۆر سڕیەوە و نهێنی و مۆجیزە و جادوی دورخستەوە.

چەمکی خودای پرۆتستانیزم راستەوخۆ ترانسندنتالیە کە لەگەڵ ئەوەشدا جیهانی دروستکرد، بەتەواوی خۆی لێ دورخستەوە. بەبڕوای بێرگەر ئەم جیابوونەوە بنەڕەتیەی بواری پیرۆز و ناپیرۆز لەپرۆتستانیزمدا گەلێك گرنگە. پرۆتستانیزم پەیوەندی و بەرکەوتنی نێوان خودا و مرۆڤی ئەوەندە کەمکردەوە کە پچڕانی ئەم زنجیرەیە، پێویستی بەهەوڵێکی زۆر نیە. ئەم مەیلەرەگ وریشەی لەیەکەمین گۆڕانکاریەکانی نەریتی مەسیحی- کلیمیەتدا هەیە: "دەبێ بۆ رەگ و ریشەکانی عەلمانیەت لەیەکەمین سەرچاوەکانی دینی ئیسرائیلی کۆنەدا بگەڕێین"(لا ١١٩). بەهەرحاڵ هەر ئەم بزوتنەوەیەی ژیاندنەوە و بەهێزکردنی دین بوو کە بە بزوتنەوەی ریفۆرمی دینی دادەنرێت، بەشێوەیەکی ناکۆکیئامێز تۆوی لەناوچونی دینی چاند.

هۆیەکی چارەنوسسازی دی ئەم مەسەلەیە کە لەناوەندی نەریتی مەسیحیدایە، ئەوجۆرە دەزگا دینیەیە کە مەسیحیەت دروستیکرد، واتە هەمان کەنیسە. ئەگەر بێرگەر لەمبارەیەوە راستی گوتبێت، ئەوا مەسەلەکە زۆر سەرسوڕهێنەر دەبێت، چونکە کاوتسکیش (١٩٢٥)بۆ سەرکەوتنی مەزن و پەرەسەندنی مەسیحیەت لەسەرتاسەری جیهانی رۆمی و مانەوەی لەم جیهانەدا، جەخت لەسەر ئەم مەسەلەیە دەکات. بەبڕوای بێرگەر دەزگای کەنیسە دواجار کەوتە ئاراستەی عەلمانیەتەوە، چونکە ئەم دەزگایە هەڵگری جۆرێك پسپۆرێتی بەزەبر و زاتی بوو. ئەم پسپۆرێتیە خەسڵەتی هاوبەشی دین لەمێژووی دینەکاندا نەبوو. ماناکانی ئەم پسپۆرێتیە ئەوەبوو کە دەکرێ بوارەکانی تری ژیان زیاتر بەبواریکی جیاو ناپیرۆز بسپێرێتو، لەدەرئەنجامدا ئەو بوارانە لەسنوری دەسەڵاتی شتە پیرۆزەکان بهێنێتە دەرەوە. ئەمە بەو مانایەیە کە دەکرا بوارە نادینیەکانی تر بەئاسانی بخرێنە ناو پرۆسەی عەقڵانیەت و بەکارهێنانی بیر و زانینی تازە و زانستەوە. بەمشێوەیە کەنیسەو دین رۆڵێکی کەمتر گرنگیان لەرێنمایکردنی ژیانو تەفسیری جیهاندا بینی، و کاریگەریەکانی زیاد لەجاران کەمدەبوّوە.

نەهێشتنی پاوانکردنی دەزگایەك بۆ بابەتە دینیەکان و پرۆسەی دامالێنی مەرکەزیەتی دینی کە هاوڕێی پرۆتستانیزم بوو، لەبەهێزکردنی عەلمانیەتدا دەورێکی گرنگی هەبوو. ویلسۆنیش (١٩٦٦) لەمڕوەوە لەگەڵ بێرگەردا هاوڕایە، بەڵام بۆ ئەم

مەسەلەیە لەپرۆسەی عەلمانیەتدا تەنها دەور بەهۆیەکی گرنگنادات، بەڵکو بە دەرئەنجامی ئەم پرۆسەیەی دەزانێت. بەبڕوای ویلسۆن دەستەی (فرقە)متودیزم زۆر گرنگی لەپەرەسەندنی عەقڵانیەت لەبەریتانیادا هەبوو، چونکە توانیبووی گروپە کرێکاریەکان بەلای خۆیدا رابکێشێ. لەدەرئەنجامدا ئەم دەستەیە، هەموو شتێکی لەنێوان گروپێکی کۆمەڵایەتی تازە لەدایکبوودا بەهێزکردبوو. ئەم دەستەیە دەستگەیشتن بە دیسپلینێکی دەرونی لەناو رێکخستنێکی کۆمەڵایەتی تازەدا بۆ ئەم گروپە ئاسانکردبوو، و ئەم دیسپلینە دەرونیەی کردبووە جێنشینی دیسپلینێکی دەرەکی کە ژیانی کۆمەڵایەتی تەقلیدی رێکدەخست، بەڵام لەئەنجامی شۆڕشی پیشەسازیەوە خەریکبوو لەناودەچوو.

بەهەرحاڵ فرەگەری دینی نەك هەر یارمەتی پەرەسەندنی عەقڵانیبوونیدا، بەڵکو کاریگەریەکی راستەوخۆی کردە زۆرێك لەخەڵکی بۆئەوەی پشتبکەنە دین. ئەو هەلومەرجەی هەرکەس دەیتوانی لەنێوان تەفسیر و دەزگا جیاواز و رەقیبە دینیەکاندا، کە بەوتەی بێرگەر لە"بازاڕی دین"دا پێکەوە ململانێیان دەکرد، یەك تەفسیرو دەزگا بۆ خۆی هەڵبژێرێ، لەدەرئەنجامدا بۆ خۆی هەڵنەبژێرێ. کاتێك تێزێك یان دەزگایەکی دینی بە دەرکردنی تێز و دەزگاکانی دی بالادەستی بەسەر کۆمەڵگادا پەیدادەکات، پەیدابوونی دیدگایەکی نادینی لەناو کۆمەڵگادا لەلایەن هیچ گروپێك یان کەسێکەوە تەحەمولناکات.

نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە فرەگەری دینی لەوڕوەوە کە جۆرێك راکردنی دینی ناڕێکخراو بۆ نەیاران و چینی کرێکار دەڕەخسێنێت، تا ئەندازەیەك رێگەی لەگەشەکردنی پرۆسەی عەلمانیەت گرتووە. ویلسۆن ئەو واقعیەتە قبوڵدەکات، میتۆدیزم نەك هەر عەقڵانیەتی بەهێزکرد، بەڵکو رووداوێکی گرنگی لەژیانەوەی دینی بەڕێخست. لەگەڵ ئەمەشدا **فرەگەری لەدور مەودادا نەك دین، بەڵکو عەلمانیەت بەهێز دەکات. پرۆسەی عەلمانیەت قۆناغێك فرەگەری دینی بەجێهێشت و ئەمجۆرە فرەگەریە، دەبێ بە یەکێك لەلایەنە گرنگەکانی پرۆسەی عەلمانیەت بژمێرێت.**

تیۆرەی عەلمانیەتی بێرگەر قانعپێکەرە و لەگەڵ ئەو راستیەدا دەگونجێ کە تەنها دنیایی مەسیحی و بەتایبەتی پرۆتستانیزمە کە زۆرترین پلەی عەلمانیەتی ئەزموونکردووە. بەڵام رەنگە بێرگەر زیاد لەسنور جەخت لەسەر هۆکارە دەرونیەکانی مەسیحیەت بکات. دەکرێ گرنگی دەزگایی کەنیسەیی و فرەگەری دینی قبوڵبکرێت، بەڵام قبوڵکردنی ئەو تێروانینەی عەلمانیەت دەرئەنجامی مەیلە زاتیەکانی مەسیحیەتە کە پاش کۆنترۆڵی هەزار و پێنج سەد ساڵەی کاسۆلیسیزم بەهۆی هەندیك گۆڕانی کۆمەڵایەتیەوە هەڵچووە، زۆر ئەستەمە. بەهەمانشێوە ئەو وتەیە راستە کە گۆرانکاریە کۆمەڵایەتیەکان گرنگیەکی بنچینەییان هەیە، بەڵام ئەستەمە بتوانرێ بگوترێ ئەم گۆڕانکاریانە کاریگەریان لەسەر وڵات و کۆمەڵگا مەسیحیەکان زیاتر لەوڵاتانی دی کردووە. رەنگە بتوانرێ بگوترێ مەسیحیەت لەم گۆڕانە کۆمەڵایەتیانەدا کەمتازۆر دەوری هەبووە یان زەمینەسازی بۆکردووە یان نەیتوانیووە رێگەیان لێبگرێت. بەکورتی ئەم پەیوەندیە ئاڵۆزتر لەوەی تیۆرەی بێرگەر باسیدەکات.

ویلسۆن جەختێکی زۆرتر لەسەر ئەو هۆکارانە دەکات کە لەدەرەوەی نەریتی مەسیحین و باڵادەستن لەپرۆسەی عەلمانیەتدا. لێرەشدا گەشەکردنی عەقڵانیەتە کە دەوری سەرەکی دەبینێ، بەڵام وێلسۆنیش وەك زۆربەی ئەو نوسەرانەی جەخت لەسەر هۆکاری دەرەکی دەکەن، گرنگیەکی زۆر بۆ گەشەکردنی سەربەخۆی زانین و میتۆدی زانستی دادەنێت، نەك مەیلە زاتیەکانی مەسیحیەت. بەلگاندنی ویلسۆن ئەوەیە کە پەرەسەندنی زانستی، تەفسیرە دینیەکانی بۆ دنیا لاوازکردووە. ویلسۆن بەتایبەتی گرنگی بۆ میتۆدی زانستی لەبارەی کۆمەڵگاوە دادەنێت، هەمان ئەو هۆکارەی بێرگەریش لەلێکۆڵینەوەکانی دواییدا (١٩٧١) جەختی لەسەر دەکاتەوە. مژدەی هەزارەیی دین و توانای رەوایەتی دروستکردن و ئاراستەکردنی رێکخستنی کۆمەڵایەتیەکەی لاوازبووە.

لێرەشدا جیابونەوەی بواره کۆمەڵایەتیەکان و پسپۆربوونی دەزگایی دین، گرنگییان هەیە. خەڵکی بۆ دادپەروەری و داواکاری هەلومەرجی باشتر، چیدی رووناکەنە کەنیسە و ژیانی ئەو دنیا، بەڵکو رودەکەنە دەزگا و پرۆسە سیاسیەکان. چاوەڕێی ئەوە لەدەوڵەت دەکرێت کە وەڵامی ئەم پێداویستیانە بداتەوە. هەنوکە

ئەنجومەنەکانی یاسارێژی و سیاسەتمەداران زیاد لەجاران رودەکەنە پێوەرە ئەخلاقیەکان، لەگرنگی دەوری کەنیسە لەپێناسکردن و ناساندنی ئەم پێوەرانە کەمبۆتەوە. گرنگترین دەورێك کە بۆ کەنیسە ماوەتەوە، ئەنجامدانی **نەریتی تێپەڕینە** (مەبەستی نوسەر نەریتی تەعمیدکردن، هاوسەرێتی و نەریتی ناشتنی مردووە) و تەنانەت ئەم دەورەی کەنیسەش رۆژ بە رۆژ گرنگی کەمتردەبێتەوە.

خاڵێکی سەرەکی دی کە ویلسۆن جەختی لەسەر دەکات (١٩٧٦، ١٩٨٢)، لەناوچوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتیە لەناو فەزای تازەی شاردا و لەدەرئەنجامدا گۆڕان لەجێگە و خەسڵەتی چاودێری کۆمەڵایەتیدا. چاودێری کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگا راستەقینەکاندا بنەمایەکی ئەخلاقی و دینی هەیە، لەکاتێکدا لەدنیای عەقڵانی، تەکنیکی و بیرۆکراتی ئەمرۆدا چاودێری ناشەخسیە و ئەو بنەما ئەخلاقیەی پێشووی لەدەستداوە. لەناو فەزایەکی وادا دین گرنگی خۆی لەدەستدەدات و ئەو بەها گشتیانەی وەك نەریتی دینی بەیاندەکرێن، چیدی وەك رابردوو گرنگ نین.

بەڵام لەگەڵ گرنگی ئەم بەلگانەدا هێشتا کەموکوڕیەکی بنەرەتی لەم پرۆسەیەدا بەرچاو دەکەوێت. ئەو پرۆسەیەی لەسەرەوە باسمانکرد، رەنگە دەورێکی لاوەکی هەبێت لەرونکردنەوەی عەلمانیەتدا و ئەو دەورە بنەڕەتیەی نەبێت. پەرەسەندنی تەفسیرە مادی و زانستیەکان لەبارەی جیهانەوە لەبری تەفسیرە دینیەکان، بەشێکە لەو پرۆسەی گۆڕانەی کە لەناوچوونی دینیش بەشێکە لێی. لەناوچوونی دین رویەکی تری ئەم گۆڕانەیە. پەرەسەندنی زانست بەهەمان ئەندازە کە هۆی لەناوچوونی دینە، کە لەناوچوونی دین یان لایەنیکەم لەناوچوونی هەندێك لەشێوەکانی دین، هۆی زەمینەسازی پەرەسەندنی زانست بوو. لەڕاستیدا پەرەسەندنی زانست و لەناچوونی دین، بەشێکن لەیەك پرۆسە. هەردووکیان دەرئەنجامی گۆڕانی زۆر بنەڕەتی و بونیادین.

بێگومان لێرەدا ئەوە جێگەی دودڵی نیە کە پەرەسەندنی زانست یارمەتی لاوازبوونی دینی داوە. لەوکاتەوەی زانست بایەخی پەیداکرد و بووە بناغەی زۆرێك لەلایەنەکانی ژیانی مرۆڤ، بە ویست و ناویست هەڕەشەی لەدیدگای دینی کرد. بەڵام ئەم مەسەلەیە ئەوەندە لەبەرئەوە نیە کە لەنێوان دیدی زانستی و دینیدا دژایەتیەك هەیە. وەك چۆن لەم کتێبەدا چەندانجار جەختمان لێکرد، دین لایەنیکەم بە

مانایەکی بنەڕەتی بەناچار وەڵامی هەمان جۆر پرسیار یان مەسەلە ناداتەوە کە بابەتی زانستە. دین بەناچار پەیوەندی بە پەیوەندی ئەزمونگەرانەی شتەکانەوە لەجیهانی سروشتیدا نیە. دین تەنها بەو پرسیارەوە سەرقاڵە کە بۆچی شتەکان بەو شێوەیە هەن. زانست دەتوانێت پێمان بڵێت کە جیهان بە چ شێوەیەك دروستکراوە، بەڵام وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە پەیوەندی بە مانای جیهان و بوونی مرۆڤەوە هەیە، ناداتەوە. هەندێکجار دەگوترێت زانست هیچ شتێکمان لەبارەی ئەو شتانەوە پێنالێت کە بەڕاستی دەمانەوێت بیزانین. ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بەوەوە هەیە، بەڕاستی ئێمە دەمانەوێت چ شتگەلێك بزانین و وادەزانین کە قابیلی زانینن و وا دەرناکەون کە زانست دەتوانێت وەڵامێکی ئەم خواستانەی ئێمە بداتەوە. **خاڵی سەرەکی ئەوەیە کە زانست و دین بە ناچار دژیەك نین** (بلا۱۹۷۱،ستارك وبین بریج۱۹۸۵).

هەرچەند دین و زانست بە ناچار دژی یەك نین، بەڵام لەنەریتی رۆژئاواییدا بەناچار ئەم دژایەتییەیان دۆزیوەتەوە، چونکە تێزە دینییەکان لەم نەریتەدا هەوڵیداوە شتە ئەزمونییەکان نەك لەسەر بناغەی بەڵگە ئەزمونییەکان، بەڵکو لەسەر بناغەی کتێبی پیرۆز رونبکاتەوە. دین لەم هەوڵانەیدا بە ویست یان ناویست دەبێت شکستی خواردبێت. شکستی تەفسیرە دینییەکان لەبارەی هەلومەرجی زەوی لەناو مەنزومەی خۆریدا و پەرەسەندنی، نمونەی دیاری ئەم مەسەلەیەیە. لەئەنجامی ئەم هەوڵانەدا دین دەبوو تا ئەندازەیەك بایەخی خۆی لەدەستبدات.

ویلسۆن بە باشی ئاگای لەو خاڵانە هەیە، بەڵام دەرئەنجامی گونجاوی لێوە وەرناگرێت. بەبڕوای ویلسۆن مەسەلەکە تەنها ئەوەیە دین بایەخی خۆی لێسەندراوەتەوە. هەرچەند رەنگە ئەو مەسەلەیە راستبێت، بەڵام خاڵی سەرەکی ئەوەیە ئەم مەسەلەیە پرۆسەیەکی بنەڕەتی نییە. لەم مەسەلەیەوە وا ئەنجامگیری ناکرێت کە پەرەسەندنی زانست خۆبەخۆ بۆتە هۆی لاوازبوونی دین یان تەنانەت مەسیحیەت. بەڕاستی هەندێك لەتێزە دینییەکان لاوازبوون، **بەڵام دیدی دینی بۆ جیهان ئەگەر تێزەکانی جێبەجێبکات یان بیگۆڕێت و چاکیبکات، بەناچار لاواز نابێت**. بۆ نمونە پەرەسەندنی ئەو نهێنی و شاراوانەی کە بەبڕوای هەندێك بیریار تێگەیشتن لەماناکەی، پێویستی بە تەفسیری دینی هەیە. خاڵی سەرەکی ئەوەیە

زانست لەچۆڵاییەوە دروستنابێت. ئاراستەوەرگرتنی رەخنەگرانە، کراوە و گومانکارانە کە خەسڵەتی زانستە، دیاردەیەکی تازەیە کە لەهەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی و میژوویی تایبەتدا دروستبووە، واتە هەمان ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و میژوویییەی کە رێگەی عەلمانیەتی هەموار کردووە. ئەم دیاردەیە تەنها دەرئەنجامی کۆکردنەوەی بەردەوامی زانین و بەڵگە زانستیەکان لەبارەی جیهانی سروشتیەوە نیە. سەدان ساڵ بوو کە لەژێر باڵادەستی کاسۆلیسیزمی سەدەکانی ناوەڕاستدا، زانست کەم پێشدەکەوت. چونکە ئەم قۆناغە قبوڵکەری ئەندێشەی نوێ نەبوو و بە بەراوردیش لەگەڵ یۆنانی کلاسیکدا تازەگەری و رەسەنایەتیەکی فیکری کەمتری لەخۆی پیشاندەدا. تەنها لەسەرەتاکانی سەردەمی تازەدابوو، زانست یەکسەر سەری بڵندکردەوە.

مارکس و ئنگڵز وایان بەڵگاندنکرد کە بەهۆی لەناوچوونی فیودالیزم و پەیدابوونی سەرمایەداریەوە، بەبوونی بزوتنەوەی ریفۆرمی دینی و ئەگەر بێرگەر دروستی گوتبێت تائەندازەیەك بەهۆی ئەم بزوتنەوەیەوە، کوتەکێکی گەورە بەر دیدی دینی لەبارەی جیهان و ڕەوایەتی رێکخستنی کۆمەڵایەتیەوە کەوت. سەرمایەداری لەگەڵ ئەوەدا کە دیدی دینی بۆخۆی پاراست، بناغەی مادی بیرکردنەوەی داڕشت. تەنها شۆڕشی مەزن و کۆتایی سەرمایەداری، واتە شۆڕشی فەرەنسا بوو کە توانی دیدی دینی راستەوخۆ بخاتە لاوە. بەڵام شۆڕشەکانی سەرمایەداری رێگەی بۆ بیرکردنەوەی مادی و دەرکردنی شێوازەکانی بیرکردنەوەی دینی خۆشکرد. هەرئەم هۆکارە بوو، ئەگەری پەرەسەندنی زانستی ڕەخساند. ئەم قۆناغە لەهەموو بوارەکانی زانیندا شایەتی رێڕەوێکی زانستی بوو بۆ جیهان و پێشکەوتن. ئەمە هەمان ئەو سەردەمە بوو کە ئەگەری خوانەناسینی بۆ هەندێك کەس ڕەخساند.

لەبواری سیاسەتدا چیدی ئەوە نەك تێزە دینیەکان و کتێبی پیرۆز، بەڵکو هاوڵاتیان بوون کە ڕەوایەتیان بە حکومەت و رژێمەکان دەبەخشی. مافی خودایی شاکان دورخرایەوە. زیاد لەجاران وا وێنا دەکرا کە شتەکانی ئەم دنیایە پەیوەندی بە خودا یان دینەوە نیە. رێکخستنی کۆمەڵایەتی چیدی بە موقەدەری خودا نەدەزانرا، بەڵکو بە دەرئەنجامی پەیمانەکان، رێکەوتنەکان و بڕیاری مرۆڤەکان دەزانرا. بە

دەربڕینێکی تر ڕێبازی بیرکردنەوەی مادی بە هاوتەریبی لەناوچوونی دین پەرەیسەند. هەر ئەم هۆکاری لەناوچوونی دینە بوو، کە هەم ئەم ڕێبازەی ئاسانکرد و هەم دەرئەنجامی بوو.

بەهەرحاڵ پرۆسەی عەلمانیەت پرۆسەیەکی بەردەوام و هەموار نەبوو. ڕووداوەکانی ژیاندنەوەی دینی و لەناوچوونی چەندانجار هاتنە پێشێ و کەوانەی بڕوای دینی سەرەوڵێژی هەبووە. هەندێك لەبیریاران بەدوای لەناوچوونی هەمەکیدا ڕۆیشتن. هەندێکی دی ئاستی فراوانتریان بینی و بەو ئەنجامە گەیشتن کە ڕەوتی عەلمانیەت بە لوتکەی خۆی گەیشتووە و هەنوکە دەکرێت ئاماژە بەرجەستەکانی پەیدابوونی دین بدۆزینەوە. پەیدابوونی بزوتنەوە دینیە تازەکان و فەندەمینتالیزمی مەسیحی، وەك بەڵگەیەکی ئەم گۆڕانە دەهێنرێنەوە. نمونەی عەلمانیەت لەکۆمەڵگا جیاوازەکانی مرۆڤایەتیدا، نمونەیەکی سەرڕاست یان چونیەك نەبووە. پرۆسەی عەلمانیەت بەتوندی لەژێر کاریگەری زەمینەی کۆمەڵایەتی یان میژووی دینی وڵاتێکدا کاردەکات.

دێپیید مارتین (١٩٧٨) کە زۆرترین سەرنجی لەنمونە جیاوازەکانی عەلمانیەت داوە، گەرچی شیکردنەوەی خۆی لەسەر بنەمای پلەی فرەگەری دینی یان پاوانکردنی دینی لەکۆمەڵگادا دامەزراندووە، بەڵام لەرونکردنەوەکەی خۆیدا جۆری بەربڵاوی گۆڕاوەکان پێکەوە دەلکێنێ، لەوانە: توانای کەمایەتیە دینیەکان و پەرشوبڵاوی جوگرافیاییەکەی، پەیوەندی نێوان گروپە دینیەکان، دەستەبژێرە فەرمانڕەواکان، خەسڵەتی زاتی نەریتە جیاوازە دینیەکان. ئەو جۆرە هەلومەرجە سەرەکیانەی کە مارتین دەستنیشانی کردووە، بریتین لە: یەکەم، هەلومەرجی پاوانکردنی کاملّی دینی لەنەریتی کاسۆلیکیدا، دوهەم، هەلومەرجی دوو دینی کە کەنیسەی پرۆتستانت ڕێکخراوی سەرەکیانە، بەڵام کەمایەتیەکی گەورەی کاسۆلیکەکانیش لەخۆ دەگرێت. سێهەم، هەلومەرجێکی فرەگەرتر کە ئینگلتەرا نمونەی ئاشکرایەتی، بەوشێوەیەی کە کەنیسەی دەوڵەتی لەپاڵ چەندان جۆری بەرفراوانی گروپە دینیە ناڕازی و جیاوازەکانی دیدا هەیە. چوارهەم، فرەگەرترین هەلومەرج کە تایبەت بە ویلایەتە یەکگرتوەکانی پرۆتستانتە. پێنجەم، هەلومەرجی وڵاتانی وەك ئەسکەندنافی و وڵاتانی ئەرسۆزۆکس دین کە کاسۆلیکەکان هیچ ئامادەبونێکیان تێدا نیە. مارتین مانا

ئالۆزەکانی دەوری گۆڕاوی دین لەناو کۆمەڵگادا و لەهەریەکێك لەم هەلومەرجانەدا تاوتوێدەکات و دوای ئەو دەرئەنجامە جیاوازانە دەکەوێت، کە ئەم دەورە گۆڕاوە لەزۆرێك لەلایەنە گشتیەکان و ژیانی تایبەتیدا دەیخاتەوە.

ستارك و بین بریج (١٩٨٥،١٩٨٠) لەبارەی مەسەلەی گرنگی بەردەوامی عەلمانیەت و ژیاندنەوەی دیندا، بەڵگاندن دەکەن کە عەلمانیەت پرۆسەیەکی خۆ سنوردارکەرە. ناکرێ شتێکی تازە لەروانگەی ئەواندا بدۆزرێتەوە. ئەم پرۆسەیە بەشێکە لەچەرخی ئاسایی بزوتنەوەی دینی. پرۆسەی گروپسازی کە لەرێگەیەوە گروپەکان خەسڵەتی جیابونەوەیان لەدەستدەن و بەئاراستەی گۆڕان بۆ کەنیسە دەجولێن، بەشێکە لەپرۆسەی عەلمانیەت. سەرئەنجام کەنیسەکان لەدەرئەنجامی مەیلیان بۆ گۆڕانی هەرچی زیاتر بەئاڕاستەی زۆرترین ئاستی دنیاییبوون، دەبنە هۆی پەیدابوونی گروپە دینیە ژیاوەکان یان گۆڕانە نوێیە بەدعەتکاریەکان. ستارك و بین بریج لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو واقعیەتەیان قبوڵە کە پەرەسەندنی زانست، عەلمانیەتێکی تۆند و بێوێنەی بەدوادا دێت، بەڵام دەڵێن زانست ناتوانێ پێداویست و ئارەزووە سەرەکیەکانی مرۆڤ جێبەجێ بکات. زانست ناتوانێ هەموو ڕەنج و نادادپەروەریەکان لەم جیهانەدا لەناو ببات و ناتوانێ ڕێگەی دەربازبونێك بۆ لەناوچونی فەردی پیشکەشبکات و دواجار زانست توانای نیە مانا بە بوونی مرۆڤ ببەخشێت. لەروانگەی خەڵکیەوە ئەوە تەنها خودایە کە دەتوانێ ئەمجۆرە کارانە بکات. لێرەوە دین نەك هەر دەمێنێتەوە و دوبارە باڵادەست دەبێتەوە، بەڵکو وێنەی ترانسندنتاڵی و میتافیزیکیشی دەپارێزێت. ڕەنگە دین زۆرتر وێنەی ڕێبازی نوێ بەخۆیەوە بگرێت، نەك ئەوەی کە دەستەکانی ژیاندنەوەی نەریتە بەجێماوەکان، دوبارە ڕەونەق پەیدا بکەنەوە، چونکە ئەم دەستانە بەویست یان نەویست دەکەونە بەرامبەر هەمان ئەو هێزانەی کە عەلمانیەتیان لەقۆناغی یەکەمدا بەبارهێناوە. بە گشتی ڕێبازە نوێکان کەموکوڕیەکانی نەریتەکانی پێشویان نیە، هەمان ئەو کەموکوڕیانەی لەجێبەجێکردنی پێداویستیە مرۆییەکان لەهەلومەرجی کۆمەڵایەتی گۆڕاودا، بێ دەسەڵاتی کردبوون.

ستارك و بین بریج ئاماژەی بەردەوامی گرنگی بنەڕەتی دین و ئەگەری بەهێزبونەوەی دوبارەی دینیان لەو ڕاستیەدا دۆزیەوە، کە ئەوانەی لەلێکۆڵینەوە

کۆمەڵایەتیەکاندا پەیوەستبوون یان بڕوای دینی خۆیان پیشاننادەن، رەنگە زۆرتر جۆرێك ئارەزووی "پاش سروشتگەری "Supernaturalism ناتەقلیدی یان پەراوێزی وەك بەختگرتنەوە، یۆگا و چاودێری تراسندنتاڵی قبوڵبکەن یان پیشانبدەن. ئەو ئەمەریکیانەی لەخانووە نادینیەکاندا گەورەبوون، رەنگە پەیوەندیان بە ئەنجومەنێکی دینیەوە هەبێت. گەرچی ئەنجومەنە دینیە عەلمانیترەکان لەئەمەریکادا روو لە لەناوچوونن، ئەنجومەنە کەمتر عەلمانیەکان لەناوچونێکی وا لەخۆیان پیشاننادەن. دواجار دەبێ بگوترێت کە دەیەکانی دوایی شایەتی پەیدابوونی سەدان بزوتنەوەی دینین.

ستارك و بین بریج ئەو بانگەشەیەی ویلسۆن(١٩٧٦) و فین (١٩٧٨) ڕەددەکەنەوە کە دەستە و ڕێبازە تازەکان لەبازاڕی دینیدا، بە شتێکی پەراوێزی و ناگرنگ دەژمێرێن. بەبڕوای ئەوان ئەم تێڕوانینە ناتوانێت گرنگی بە زەبری دینە تازەکان ببینێ و ڕەگی لەکورتبینی مەسیحی - کلیمیدا هەیە. ئەم تێڕوانینە هەروەها سەرچاوە لەجیانەکردنەوەی جۆری جیاوازی ڕێبازەکان لەیەکدی دەگرێت. ستارك و بین بریج دەڵێن بەبڕوای ئەوان ڕیبازێك کە لەسەر بناغەی جۆرێك بزوتنەوەی دینیە، گرنگی هەیە، نەك ئەو ڕێبازانەی کە هەردوکیان وەك ڕێبازی وەرگرەکان (audience cult)موشتەریەکان (client cult) ناوی دەهێنن. ڕێبازی وەرگرەکان ریکخراوێکی فەرمی نیە و جۆرێك چالاکی مەسرەفکردنە. تێز و بیرکردنەوەکانی ئەم ڕێبازە لەڕێگەی گۆڤارەکان، کتێبەکان و دەزگا گشتیەکانەوە بڵاو دەکرێتەوە و مەسرەفدەکرێت. نمونەی ئەم ڕێبازە، ئەو بەرنامە دینیە تایبەت و زۆر تەماشاکەرەیە کە لەکەناڵە تایبەتیەکانی تەلەفیزۆنەوە پەخشدەکرێن. بەڵام ڕێبازی موشتەریەکان ڕێکخراوترە، بەو شێوەیەی کە خزمەتە تایبەتیەکانی وەك تێزەکان، دەرمانەکان و لەم بابەتە شتانە، لەسەر بناغەی پەیوەندی تایبەتی نێوان موشتەری و دەرمانکەر پیشکەشدەکرێت، پەیوەندیەك کە پێویستی بەجۆرێك ڕێکخراوە لەلایەن دەرمانکەرەوە، بەڵام موشتەریەکان هیچ ڕێکخراوێکیان نیە. هەردوو ئەم ڕێبازە جیاوازن لەگەڵ بزوتنەوەی ڕێبازێکی تەواو ڕێکخراودا، چونکە ئەم بزوتنەوەیە گروپێکی تازەیە کە بەتەواوی لەدەرەوەی چوارچێوەی نەریتە دینیە کۆنتر و بەجێماوەکان کاردەکات. بەبڕوای ستارك و بین بریج مەیل بۆ تێکەڵکردنی

ئەو بزوتنەوانەی لەسەر بناغەی ڕێبازن، لەگەڵ ڕێبازی وەرگرەکان و موشتەریەکاندا، بۆتە هۆی ئەوەی هەندێك لەشیکەرەوان بە هەڵە هەموو بزوتنەوەکانی لەسەر بناغەی ڕێبازێك دروستبوون، بە دیاردەیەکی لاوەکی و پەراوێزی دابنێن.

ستارك و بین بریج سەلماندنی ئەزمونی تیورەکەیان بەشێوەی دو گریمانەی بەرهێنراو پێشکەشدەکەن، و پاشان ئەم گریمانانە لەگەڵ دراوە کۆکراوەکانیاندا تاقیدەکەنەوە. یەکەم گریمانە دەڵێت لەهەر شوێنێکدا کەنیسە باوەکان بەتوندی لاواز ببن، ڕێبازەکان زیاد دەکەن. چونکە لەم ناوچانەدا زۆرینەی خەڵك ڕەنگە بەهۆی جوڵەی جوگرافیایی، پەیوەندیەکانیان بە کەنیسەوە لەدەستبدەن و لەئەنجامدا دەتوانن بیرکردنەوەی تازە تاقیبکەنەوە. گریمانەی دوهەم دەڵێت لەو ناوچانەدا کە کەنیسە تەقلیدیەکان بەرێژە بەهێزن، گروپەکانی ژیاندنەوەی دینی زیاتر لەڕێبازە تازەکان پەیدا دەبن. ستارك و بین بریج گریمانەکانیان بە دراوە کۆکراوەکان دەسەلمێنن و بەو ئەنجامە دەگەن کە فۆرمەلەبوونی ڕێباز و دەستەکان، لایەنەکانی کارکردنی عەلمانیەت نین، بەڵکو کاردانەوەی جیاوازن. عەلمانیەت بەتوندی کەنیسە تەقلیدیەکانی لاوازکردووە، بەڵام کۆمەڵێکی نادینی بەرهەمنەهێناوە، عەلمانیەت تەنها توانیوێتی کۆمەڵی کەنیسە دروستبکات. تەنانەت لەو ناوچانەدا کە ئەندامێتی لەکەنیسەدا کەمە، بڕوابوون بە هێزە میتافیزیکیەکان هەروا تونده.

ڕەخنە لەستارك و بین بریج ئەوەیە، ئەو هاوبەستەییەی ئەوان دۆزیویانەتەوە هەرچەند بەهێزبێت، هێشتا ئەو ڕاستیە بە بەهێزی خۆیەوە ماوەتەوە کە ژمارەی ئەو کەسانەی لەڕێباز و دەستە تازەکاندا ئەندامن، زۆر کەم و ناگرنگن(بیبی و ویور١٩٨٥، لیچز١٩٩١، ڤالیس و بروس١٩٨٤). لەوەڵامدانەوەی ئەم ڕەخنەیەدا میلتۆن (١٩٩٣) دەریدەخات کە دەستەکان، ڕێبازەکان و بزوتنەوە دینیەکان لەویلایەتە یەکگرتووەکاندا ڕۆژ بە ڕۆژ زیاد دەکەن و گەرچی هەندێکیان لەناودەچن، بەڵام زوربەیان دەمێننەوە و ڕەونەق پەیدادەکەن. بەلگاندنی میلتۆن ڕاستەوخۆ لەسەر بناغەی ژمارەی دەستە و ڕێبازە تازەکانە. بەهەرحاڵ وەك چۆن لیچز، ڤالیس و بروس دەڵێن ئاماژە دیاریکەرەکان، پەیوەندی بەرادەی زیادبوونی ئەندامێتی لەناو

بزوتنەوە تازەکانداید، لەبەرامبەر کەمبونەوەی ئەندامێتی لەئەنجومەن و گروپە دینیەکانی کە پەیوەستن بە رواوی دینی کۆنەوە. هەرئەم کەمبونەوەی ئەندامێتیە کە لەئەوروپا زۆر زیاترە لەزیادبوونی ئەندامێتی لەبزوتنەوە تازەکاندا. شیکردنەوەی ستارگ و بین بریج تەنانەت گەر لەبارەی ویلایەتە یەکگرتوەکانەوە راست بێت، کەمێك سەنتەریزمی نەتەوەیی پێوە دیارە.

ستارك و بین بریج کە پێشبینی ئەم رەخنەیەیان کردبوو، زۆر هەوڵدەدەن تا ئەوە بەبیر بهێننەوە کە وا بیرناکەنەوە گروپ و رێبازە تازەکان، ئەو چۆڵاییە پڕ بکەنەوە کە نەبوونی ئەندامێتی لەکەنیسەدا دروستیدەکات، بەڵکو دەیانەوێت دەریبخەن کە لەهەرکوێیەك خەڵکی جیابۆوە لەمەسیحیەت هەبێت، هەولگەلێك بۆ پڕکردنەوەی ئەم چۆڵاییە هەیە. ئەم تێڕوانینەش روبەڕوی ئەو رەخنەیەیان دەکاتەوە، کە دیار نیە ئەم هەوڵانە دەستکەوتێکی بەرچاویان هەبێت. ئەوان باسی ئەو مەسەلەیە ناکەن، بۆچی دینی وەرگرەکان و موشتەریەکان لەدەیەکانی دواییدا وەك قارچك لەهەموو شوێنێکدا روان. رەواجی ئەمجۆرە رێبازانە کە نمایشکەری شانۆی رۆحی جیهانی نوێن و نەك بزوتنەوەیەك بن لەسەر بناغەی دین، دودڵمان دەکات سەبارەت بە رەدکردنەوەی بانگەشەی ویلسۆن لەلایەن ستارك و بین بریجەوە. ویلسۆن بانگەشەیکردبوو کە هەر ئەم خەسڵەتی پەراوێزیی ئەم دیاردانەیە، دەبێتە هۆی ئەوەی دین بۆ پاراستنی هەرجۆرە دەسەڵاتێك بەسەر زیهنی خەڵکیدا دوچاری کێشە بێت. ستارك و بین بریج پەنا بۆ ئەو بانگەشەیە دەبەن کە ئێمە نازانین کام یەك لەم بزوتنەوە تازانە، یان رەنگە تەنها یەکێکیان لەئایندەدا بگەنە لوتکە، دروست وەك چۆن بزوتنەوە نوێکان لەرابردودا لوتکەیەکی وایان تاقیکردۆتەوە. بەهەرحاڵ ئەم مەسەلەیەش قابیلی تێڕامانە و خۆبەخۆ ناتوانێت تیورەکەی ئەوان بسەلمێنێ. پاشان وەك دابلیر (١٩٨٧) دەڵێت نابێ ئەوە فەرامۆشبکەین کە زۆربەی دینە گەردونیەکان، تەنها بە هاوکاری فەرمانڕەوایان توانیویانە لەناو خەڵکیدا رەگداکوتن. بەلام ئەمڕۆ بونیادەکانی کۆمەڵگا ئەوەندە گۆڕانیان بەسەرهاتووە کە زۆر دورە پرۆسە میژوویەکان کە بوبونە هۆی بەهێزبوون و پەرەپێدانی هەندێك لەسیستەمە دینیەکان لەلایەن دەوڵەتەکانەوە دوبارە ببنەوە. تەنانەت گەر هەوڵێکی زۆریش لەلایەن کەس و گروپەکانەوە بۆ بەهێزبوونی دینە تازەکان بدرێت، دورە کە هیچ

یەك لەم هەوڵانە دەستکەوتێکی ئەوتۆ بەدەست بێنێت. بەسودوەرگرتن لەنمونەکەی بێرگەر(١٩٧١) دەبێ بگوترێ کە لەهەلومەرجی هەنوکەدا، هێزە میتافیزیکیەکان ناتوانن پلەیەکی بالاتر لەشایعە بەدەست بێنن. رەنگە مەسەلەکە بەوشێوەیە بێت کەکێشەی کۆمەڵگای هاوچەرخ ئەوەیە، خەڵکی پێویستیان بەو جۆرە مژدانە هەیە کە دین بەشێوەیەکی تەقلیدی پێشکەشیدەکات، بەڵام لایەنی کۆنی ئەم مژدانە چیدی بەجێی متمانە دانانێن.

کەمپێلیش بەگشتی وەك ستارك و بین بریج جەخت لەسەر گرنگی بەزەبری بزوتنەوە تازە دامەزراوەکان لەسەر بناغەی دین دەکات (١٩٧٢ و ١٩٨٢). کەمپڵ هاوکات لەگەڵ لێکۆڵینەوە لەبارەی دەوری زەمینە کۆمەڵایەتیەکانی مەزهەبەکان دەڵێت، لەکاتێکدا مەزهەبە تایبەتیەکان بەگشتی تێپەڕن، زەمینەی کۆمەڵایەتی مەزهەب خەسڵەتی بەردەوامی کۆمەلگایە. گەڕان (Seekershi)خەسڵەتی فەزای کۆمەڵایەتی مەزهەبە، و لەکۆمەلگای هاوچەرخدا گۆڕانی ئاراستەی سەرەکی بە ئاراستەی روو وەرگێڕان لەپابەندبوون بە تێز و دۆگمە تایبەت و لەپێشەوە دیاریکراوەکان و روکردنە گەڕان یان بەدەربڕینێکی تر، بەهادانان بۆ پەرەسەندنی عەقڵی و رۆحی تاکەکەسی بوونی هەبووە. ئەم تێڕوانینەی کەمپێل بیرهێنەرەوەی "فەردگەری ئەبستمۆلۆژی" فالیسە(فالیس١٩٨٤). بەبڕوای کەمپێل عەقلگەری، عەلمانیەتی سەقامگیر بەهێزناکات، بەڵکو لەڕاستیدا خورافات و مەیلە نهێنی ئامێزەکان، رۆحی و عاریفانەکان لەکلتوری نوێدا تونددەکات. تەنانەت ئەوانەش کە بالاتربوونی زانستیان قبوڵە، لەپلەیەکدا نین کە لەنێوان داعیە کلاسیکیەکان و بەدعەتکارەکاندا داوەریبکەن و رەنگە باوەڕ بە سەحنە فرێوەکان، ئیدراکە سەرو هەستیەکان و جۆرەکانی تری باوەڕی نیمچە زانستی بهێنن. شروت (١٩٨٩) دەڵێت لەو روەوە کە خەسڵەتی زانست ناسینی ئەو واقعەیە کە ناتوانێ وەلامی هەموو پرسیارەکان بداتەوە، ئەوا جێگە بۆ بیرکردنەوە جادویەکان دەهێلێتەوە، چونکە ئەم بیرکردنەوانە دەتوانن بانگەشەبکەن کە ئەوەی زانست ناتوانێ روونیبکاتەوە، ئەوان دەتوانن رونیبکەنەوە. لەوڕوەوە کە خەڵکی جیهانبینی زانستی بە دڵ و بە گیان ناسەلمێنن، ئامادەن هەموجۆرە باوەڕێکی جادویی و نهێنی قبوڵبکەن. ئەم باوەڕانە رەنگە زۆر فەردیانە و پەرشوبلاو بن. بەبڕوای بیبی و پێۆر (١٩٨٥) ئەمە

لەبەرئەوەیە کە لەکۆمەڵگا پیشەسازیە هاوچەرخەکاندا، تاکەکان چەندانجۆر دەوری پسپۆری دەگرنە ئەستۆ کە سیستەمە مانایی گشتگیرەکان ناتوانن هەقانیەت بە هەموویان بدەن.

لاکمان (١٩٦٧)یش دەڵێت خەسڵەتی کۆمەڵگا هاوچەرخەکان نەبوونی پێویستیە بەسیستەمە بەهایی گشتگیرەکان، چونکە ئەم خەسڵەتانە پێویستیان بە رەوایەتی دینی نیە. دین دەبێت بە لایەنەکانی ژیانی تایبەتی و دەبێت بە هەڵبژاردنێك لەناو چەندان هەڵبژاردنانەی دەکرێ بکرێن بە سیستەمێکی رازیکردنی شەخسی. هەر ئەم مەسەلەیە لاکمان رادەکێشێ بۆ ئەم بەلگاندنە کە کۆمەڵگا مۆدێرنەکان شایەتی گۆڕانێکی قوڵن لەروکردنە دینداری، بەوشێوەیەی کە رویان لەو "بڵندبونەوە گەورانە" هەڵگرتووە کە سەروکاریان لەگەڵ شتەکانی ئەو دنیا و ژیان و مەرگدایە، و رویانکردۆتە "بڵندبونەوە بچوکەکان"ی ژیان کە سەروکاریان لەگەڵ بەدیهاتنی نەفس، راگەیاندنی بوون و ئازادیە شەخسیەکاندا هەیە (١٩٩٠).

بەلگەکانی وەك بەلگەی کەمپێل و لاکمان روبەروی هەمان ئەو تۆمەتانە دەبێتەوە کە ویلسۆن دژی ئەو کەسانە بەکاریدەهێنا کە تەماشای بزوتنەوە دەستەیەکان و رێبازەکان، وەك سەرچاوەی ژیانەوەی دین دەکەن. لەو روەوە کە ئەم بڵندبونەوە بچوکانە وەك هەندێك رێبازی بەرێژە ناسەقامگیر دەردەکەون، بە دوور دەزانرێ لەبەر پشتبەستن بە هەندێك رەگەزی جادویی بتوانن ببن بە شێوەگەلێکی سەرەکی دینی.

فین لەباسە دورودرێژەکەی خۆیدا سەبارەت بە عەلمانیەت (١٩٨١،١٩٧٨،١٩٧٢) جەخت لەسەر ئەم کەمی بەها گشتگیرانە و پێویستی بوونیان بۆ دروستکردنی سیستەمە کۆمەڵایەتیە تازەکان دەکات. دەبێ بۆ رەگ و ریشەی کارەکانی فین لەناو بەرخوردیدا لەگەڵ تیورەی وەزیفی دینداری بگەڕێین، هەمان ئەو تیورەیەی دین بە هۆکاری سەرەکی رەوایەتی و گونجانی کۆمەڵگا دەزانێت. فین ئەو گریمانەیە رەد دەکاتەوە کە کۆمەڵگای مۆدێرنی وەك ویلایەتە یەکگرتووەکان، دەبێ لەگەڵ سیستەمە بەهایی گشتگیرەکاندا بگونجێن، چونکە لەم کۆمەڵگایانەدا پێویستیەك بۆ رەوایەتی دینی و بۆ رێکخستنی کۆمەڵایەتی نیە. فین پرۆسەی عەلمانیەت بەپێی

سنوری نێوان پیرۆز و ناپیرۆز لەکۆمەڵگادا تاوتوێدەکات. بەبڕوای ئەو ئەم سنورە هەمان ئەوشتەیە کە دەستەکان، کۆمەڵەکان، دەزگاکان و تاکە کەسە جیاوازەکان دایدەنێن، بۆ ئەوەی مەبەستە جیاواز و تایبەتیەکانی خۆیان دەستنیشان بکەن. کەوابوو عەلمانیەت پرۆسەیەکی خەبات، وتوێژ و ململانێیە کە تیایدا، کارەکتەرە کۆمەڵایەتیەکان هەوڵدەدەن تێڕوانینە تایبەتیەکانی خۆیان بۆ واقع دەربڕن. ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی خۆ بە خۆ و پەرەسەندنی نیە. پرۆسەی عەلمانیەت پرۆسەیەکی ئاڵۆز و ناکۆکئامێزە کە لەهەر قۆناغێکدا رەنگە ئامادەی قبوڵکردنی ئاراستەی ناکۆك بەیەك بێت. هەر لەبەر ئەمە ئەم پرۆسەیە قابیلی گەڕانەوەیە بۆ دواوە.

فین پێنج قۆناغ لەپرۆسەی عەلمانیەتدا دەستنیشان دەکات. یەکەم قۆناغ جیاوازبوونی دەور و دەزگا دینیەکانە کە لەدێر زەمانەوە دەستی پێکردووە و پەیدابوونی کەهەنوتی جیاواز بەشێکە لێی، ئەمجۆرە پسپۆریە دینیە لەسەرتاسەری مێژووی دینداری بەردەوامە. لەقۆناغی دوهەمدا سنوری نێوان مەسەلە دنیایی و دینیەکان دیاریدەکرێت. بەرلەوەی بواری دەسەڵاتی دەزگا مەزهەبی و دنیاییەکان دیاریبکرێت، بونیادە دنیایەکان بەگشتی لەبونیادە دینیەکان جیابوبوونەوە. لەڕاستیدا ئەم دوو بونیادە هەرگیز بەشێوەیەکی کامڵ لەیەك جیانابنەوە، بەڵکو سنوری نێوانیان بە کەمڕەنگی دەمێنێتەوە. پرۆسەی عەلمانیەت رەنگە ئەو ئاڵۆزیە توندتربکات کە لەجیاکردنەوەی شتە پیرۆز و شتە ناپیرۆزەکاندایە. سێهەم قۆناغ هەڵگری فۆرمەلەبوونی رەمزە دینیە گشتیکراوەکانە کە زیاتر لەبەرژەوەندی رەگەزە جیاوازەکانی دروستکەری کۆمەڵگا دەڕۆن. لێرەدا فین ئاماژە بۆ ئەو گۆڕانە دەکات کە ناو دەنرێت "دینی مەدەنی" لەدەوروبەری ویلایەتە یەکگرتوەکاندا (بیلا١٩٦٧). لەقۆناغی چوارهەمدا "پێناسکردنی هەلومەرج" کە تایبەتە بەکەمایەتیەکان و گروپە تاکانەکان، پەیدا دەبێت. لەم قۆناغەدا دەسەڵاتی سیاسی دنیایی دەبێت، بەڵام بواری پیرۆز پەرشوبڵاو دەبێتەوە و زۆرێك لەگروپەکان بەدوای رەوایەتی لەسەر بناغەی دینی دەبن. دواجار لەقۆناغی پێنجەمدا ژیانی فەردی و گشتی لەیەك جیادەبێتەوە.

دەکرێ ماهیەتی ناکۆکئامێزی ئەم پرۆسەیە لەقۆناغە جیاوازەکاندا ببینرێ.

پەیدابوونی دینی مەدەنی یەکێکە لەقۆناغەکانی ئەم پرۆسەیەیە و لەهەمانکاتدا جۆرێك روو وەرگێڕانە لەعەلمانیەت. دەوڵەت لەهەوڵدانیدا بۆ دیاریکردنی پێناس بۆ هەلومەرجەکان، هەوڵدەدات سەربەخۆیی دینی سەرکوتبکات و بواری دین و بەتایبەتی شێوە دەستەیەکان سنوردار بکات، بەڵام لەهەمانکاتدا هەوڵدەدات دەسەڵاتی ناوەرۆکەکان و بنەما پیرۆزەکان بۆ رەوایەتی بەخشین بەخۆی بەکاربهێنێت.

بەبڕوای فین وێنەیەك لەکلتوری دینی کە لەگەڵ کۆمەڵگای مۆدێرندا زۆرترین گونجانی هەیە، ئەوشێوەیەیە کە بواریکی سنوردراو بە شتە پیرۆزەکان دەدات، و پلەیەکی کەم لەگونجانی سیستەمە بەهاییە فەردی و گروپییەکان بەهێز دەکات. دینی نهێنیئامێز و پسپۆر باشترین رەنگدانەوەی ئەم کلتورە دینیەیە. دەکرێ ئەمجۆرە دینە بێ هیچ جۆرە ناکۆکیەك لەگەڵ دەوری کارکردنە رۆژانەیەکاندا بەکاربهێنرێ، چونکە چالاکیەکانی سنوردراوە بە زەمەن و جێگە و شت و مەسەلە زۆر تایبەتیەکان. ئەم دینە جۆرێك چالاکی جادویی و هەلێك بۆ سەرقاڵبوون بە مەسەلە ناعەقڵانیەکانەوە لەبەرامبەر عەقڵانیەتی سەپێنراو لەلایەن دەزگا فەرمی و بیرۆکرات و دەورەکانی ژیانی رۆژانەدا، بۆ ئەو کەسانەی باوەڕیان پێیە دەڕەخسێنێت. لێکۆڵینەوەیەکی دوایی کە خاڵەکانی جێی تێڕوانینی فین بەشێوەیەکی ئەزمونیی و هوشیارانە دەسەلێنن (لۆهەرمەن ١٩٨٩)، دەریدەخات کە زوربەی پەیڕەوانی جادو و جادوگەری لەلەندەن و ناوچەکانی باشوری ئینگلتەرا خوێندنی بالایان هەیە، و پسپۆران خاوەن هەلومەرجێکن کە پەروەردەی زانستیان دیووە و سەرقاڵی لێکۆڵینەوەی کیمیایی و پیشەسازی وەك کامپیوتەرن.

فین تەنانەت لەنوسەرانی وەك کەمپیل و ڤالیسیش زیاتر دەڕوات، چونکە جەخت لەسەر کۆمەڵێك کێشە دەکات کە روبەڕوی ئەو کلتورە دینیانە دەبێتەوە کە خاوەن سیستەمێکی بەهایی گشتگیرن. ئەم کلتورانە کە بواریکی فراوان بەشتی پیرۆز دەدەن و داوای گونجانێکی توند لەنێوان بواڕە تایبەتی و گروپیەکاندا دەکەن، کۆمەڵێك کێشەیان لەکۆمەڵگای هاوچەرخدا بۆ خەڵکی دروستکردووە کە عەقڵانیەتی تەکنیکی بالادەستە بەسەریدا و ناکرێ لەرێگەی بەها گشتگیرەکانەوە یەکپارچەبکرێن. ئەمجۆرە کلتورە دینیە، کۆمەڵێك ململانێ و گرژی لەکۆمەڵگای هاوچەرخدا دروستدەکەن.

بەبڕوای فین دین تەنانەت لەکۆمەڵگای مۆدێرنیشدا دەتوانێت بمێنێتەوە، بەو مەرجەی دەور و خەسڵەتی خۆی بگۆڕێت . لەڕاستیدا عەلمانیەت شێوازێکی جیاوازی دین بەرهەمدەهێنێ کە لەگەڵ هەلومەرجی تازەدا دەگونجێت (بیکفۆرد ١٩٨٩، لا ١١٦).

"عەلمانیەت دین لەکۆمەڵگای مۆدێرن ناکاتە دەرێ، بەڵکو جۆرێك دین نەشونما پێدەکات کە کارکردنی سەرەکی بۆ سەرتاسەری کۆمەڵگا نیە. پەیوەندی نزیکی نێوان کۆمەڵگا دنیاییەکان و هەندێك جۆری بڕوای دینی گروپی، سەرچاوە لەمەیل بۆ جیاکردنەوەی قوڵترین هاندەرەکان و بالاترین بەها فەردیەکان لەبوارەکانی کرداری سیاسی و ئابوریەوە دەگرێت" (فین ١٩٧٢، لا ٣١).

شێوازەکەی فین گەلێك ئیمتیازی هەیە، بەتایبەتی جەختکردنی لەسەر عەلمانیەت وەك سنوری نێوان شتە پیرۆزەکان و دنیاییەکان کە خودی ئەم سنوربەندیە پەیوەندی بەململانێ کۆمەڵایەتیەکانەوە هەیە، هەروەها جەختکردنی لەسەر ماهیەتی ئاڵۆز و زۆرجار دژ بەیەکی ئەم پرۆسەیە. بەهەرحاڵ کارەکەی فین جۆرێك کەموکوڕی تێدایە کە دەرئەنجامی وازهێنانی خۆویستانەیەتی لەپێناسەکردن و ڕونکردنەوەی زاراوەکان و چەمکەکان، یان دەرئەنجامی باسکردنی راستەوخۆیەتی بۆ باسە سەرەکیەکان. بە بڕوای فین هەر هەوڵێك بەئاراستەی پێناسەکردنی وردی دین یان عەلمانیەت، لەراستیدا ڕێگە لەرەنگدانەوەی مانا ئاڵۆز و زۆر جیاوازەکانی ئەم زاراوانە دەگرێت، کە لەژیانی ڕۆژانەی خەڵکیدا هەیانە. چونکە بە ئاشکرا مەبەستی ئەوەیە ئاڵۆزیەکانی ئەم مانایانە لەناوەخنی شیکردنەوەکەی خۆیدا، جێبکاتەوە. بەبڕوای فین هەر ئەم ئاڵۆزیانە زانیاری دیاریکراو لەبارەی ماهیەتی عەلمانیەتەوە بەدەستەوە دەدات، لەکاتێکدا "ئەو شیکەرەوانەی تەنها چەمکە رووبەکان بە سنوری دیاریکراوەوە بەکاردەهێنن، لەم زانیاریانە مەحرومدەبن" (١٩٨٧، لا ٢٩). بە بڕوای فین ئەو وشانەی کە کارایی تەکنیکیان هەیە، سودێکی ئەوتۆیان بۆ تەفسیری لایەنە ناکۆکەکانی عەلمانیەت نیە. لەم بانگەشانەدا سەردەرگومیەکی فراوان دەبینرێت. رەنگە ئەوە راست بێت کە ئارەزووی سەقامگیرکردنی وردی چەمکەکان، ڕێگە لەدەستگەیشتن بە زانیاریە سەرەکیەکان بگرێت، بەڵام لێرەوە نابێت بەو دەرئەنجامە بگەین کە لەباسکردنی مەسەلەکانی عەلمانیەتدا، دەبێ سود لەوشەی ئاڵۆز و ناکۆکئامێز وەربگیرێت. فین ماهیەتی ناکۆکئامێزی عەلمانیەت لەگەڵ ماهیەتی

ناکۆکئامێزی ئەو چەمکانەی کە دەبێت ئەم پرۆسەیە وەسفبکەن و هەروەها لەگەڵ ئەو ناکۆکیانەی لەناو باس و تیورەکانی سەبارەت بە عەلمانیەتدا هەیە، تێکەڵدەکات. فین بێئەوەی خودی پرۆسەی عەلمانیەت بناسێت، لەکوێوە دەتوانێ بزانێت کە ناکۆکیەکان و نەبوونی رێکەوتن لەبارەی مانای عەلمانیەتەوە، دەتوانێ زانیاری سودمەند لەبارەی ئەم پرۆسەیەوە بەدەستەوەبدات؟ لەڕاستیدا تێگەیشتنی فین بۆ پرۆسەی عەلمانیەت زۆر ناواخنیە و ئەوەندە پەیوەندی بە جیابونەوەی شتە پیرۆزەکان لەشتە دنیاییەکان نیە، لەکاتێکدا ئەو ئەم جیابونەوەیە بە خەسڵەتی ئەم پرۆسەیە دەزانێت. ئەم چەمکە بەئاشکرا پەیوەندی بە پێناسە گشتیزەکانی دین لەمیتۆدی دۆرکهایمی و وەزیفیەکاندا هەیە، چەمکی فین رەگی لەم میتۆدانەدا هەیە و ئەگەرچی زۆر رەخنەش لەرونکردنەوەی وەزیفیانەی دین دەگرێت، بەڵام پەیوەندی بەم میتۆدانەوە راستەوخۆ ناپچڕێنێت.

هەر ئەم ئاڵۆزی تێگەیشتنە لەکاری فیندایە کە کاریگەریەکی زۆر دەکاتە سەر دیاریکردنی خەسڵەتی پرۆسەی عەلمانیەت وەک پرۆسەیەکی ناکۆکئامێز و قابیلی گەڕانەوە بۆ دواوە. بۆ نمونە مەیلی گەڕانەوە لەعەلمانیەت لەقۆناغی سێهەمدا کە هاوڕێی پەیدابوونی دینی مەدەنیە، بەئاشکرا لەسەر بناغەی تێگەیشتنێکی گشتگیر بۆ دین راوەستاوە. لەکاتێکدا لایەنە عەلمانیەکانی ئەم قۆناغە پێویستی بەتێگەیشتنێکی سنوردارتر هەیە. لەئەنجامدا دیار نیە ئایا فین دەیەوێت دەریبخات کە لەراستیدا پرۆسەی عەلمانیەت شتێکی ناکۆکئامێز و دولایەنەیە، یان دەیەوێت بڵێت کە بە لەبەرچاوگرتنی چەمکە جیاوازەکانی دین کە لەناو باسەکانی عەلمانیەتدا رەواجیان هەیە، ئەم پرۆسەیە خەسڵەتێکی وا ناکۆکئامێزی پەیداکردووە. ئێمە نازانین فین دەیەوێت ناسینی ئێمە بۆ پرۆسەی عەلمانیەت زیادبکات، یان دەیەوێت ناسینی ئێمە بۆ ئەو شتانەی لەبارەی ئەم پرۆسەیەوە گوتراوە، واتە باسە تیوریەکان و تێڕوانینەکان بۆ عەلمانیەت پەرەپێبدا. پێدەچێت فین لەکاردا زۆرتر کاری دوهەم ئەنجامبدات، تا کاری یەکەم. لێرەوە رەنگە کاری ئەو رۆشنگەرانە بێت، بەڵام پیشاندانی ئەوەی کارێکی دی ئەنجامدەدات، گومڕاکەرانەیە.

دواخاڵ کە دەبێ لەبارەی فینەوە بگوترێ ئەوەیە لێکۆڵینەوەکەی زۆرتر لەبارەی ویلایەتە یەکگرتوەکانەوە قابیلی بەکارهێنانە. **لەراستیدا زوربەی باسەکانی سەبارەت**

بەعەلمانیەت، پەیوەندیان بە جیهانی مەسیحی رۆژئاواوە هەیە، بەڵام لەبارەی ئەوەی کە وڵاتە نامەسیحی و نارۆژئاواییەکان تا چ ئەندازەیەك لەژێر کاریگەری ئەم پرۆسەیەدان و بۆچی؟ کەمتر باسکراوە. بەهەرحاڵ نوسەرانی کۆمەڵە وتارێك کە بەم دوایانە لەمبارەیەوە بڵاوکراوەتەوە، لەبارەی ئەگەری رودانی پرۆسەی هاوشێوەی عەلمانیەت لەجیهانی نارۆژئاواییدا، بەگشتی دودڵبوون. پێررا دۆکوایرۆ (١٩٨٩) لەبارەی پەیدابوونی گروپە تازەکان و بەتایبەتی گروپی ئۆمباندا لەبەرازیل، دەڵێت کە ئەم گروپانە بەلگەن دژی ئەو تێڕوانینەی کە پیشەسازیبوون و عەلمانیەت لەشوێنەکانی تردا وەك رۆژئاوا و جیهانی پێشکەوتوو، رودواوێکی هاوشێوە لەلەناوچوونی دین دروستدەکات. **ئارێۆ ماند (١٩٨٩) دەریدەخات کە ئایدۆلۆژیای فەندەمینتالیزمی ئیسلامی لەشێوە جیاوازەکانیدا کە زوربەیان رەدی لیبرالیزم، ناسیۆنالیزم و سۆسیالیزم دەکەنەوە، گۆڕانێکی تازەیە کە بەپێچەوانەی چاوەڕوانیەوە عەلمانیەت و بیرکردنەوەی مادی، وەك کۆمەڵێك هێزی گەشەکردن دروستنەکردووە**. بە بڕوای ریگان (١٩٨٩) لەمالیزیا فەندەمینتالیزمی ئیسلامی کۆپی بزوتنەوە دینیە تازەکانە کە لەرۆژئاوا پەیدابوون. ئەمجۆرە فەندەمینتالیزمە تێڕوانینێکی دینی تازەی لەبارەی کلتورەوە دروستکردوە کە بەگشتی کاری کردۆتە سەر هەموو لایەنەکانی ژیانی تازە. بە بڕوای ژول روست (١٩٨٩) لەئەفریقادا کاردانەوە لەبەرامبەر گۆڕانە پیشەسازیەکاندا رەوتی نوێ و تازەی بەخۆوە گرتووە، بۆئەوەی لەڕێگەی تێکەڵکردنی بواری پیرۆزەوە لەژیانی رۆژانەدا هەستی یەکێتی دین و شوناسی کۆمەڵەیی لەخەڵکدا بە زیندوویی بهێڵێتەوە.

مارتین (١٩٩١) بە بەراوردکردنی ئەوروپا، ئەمەریکای باکور و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ئەو دەرئەنجامە وەردەگرێ کە **عەلمانیەت دیاردەیەکی پتر ئەوروپیە و پەیوەندی بە ململانێی نێوان کەنیسەکان و هێزە دنیاییەکان لەمێژووی ئەوروپا لەسەرەتای قۆناغی تازەدا هەیە، ئەم ململانێیانە کە دینیان لەرۆژئاوادا تارادەیەك لەبایەخ خستووە، لەجێگەیەکی دیدا رویانناوە**. بەهەرحاڵ مارتین دەڵێت ئەم ململانێیانە هێشتا تەواونەبوون، رەنگە دین جارێکی دی جێگەی خۆی لەکۆمەڵگادا بکاتەوە.

هەرچەندە رەنگە بوونی بەلگەی وا لەجیهانی سێهەم و روو لەپێشکەوتندا

دودڵمان بکات لەوەی کە عەلمانیەت دەرئەنجامی ناچاری مۆدێرنە بوون و پیشەسازیبوونە، بەڵام ئەم ئەنجامگیریە هیچ بناغەیەکی راستی نیە. زۆرێک لەکۆمەڵگاکانی جیهانی سێهەم بەئەندازەی بەریتانیای ئەو سەردەمە پیشەسازی نەبوون، واتە هەمان ئەو کاتەی کە گروپی متودیزم و گروپە ناسازشکارەکانی دی لەنێوان چینی تازەی کرێکارانی پیشەسازیدا، لایەنگریەکی زۆریان پەیداکردبوو. ئەمڕۆ گروپی متۆدیزم یەکێك لەو گروپانەیە کە خێراترین دابەزینی لەناو گروپە مەسیحیەکاندا هەیە. مارتین (۱۹۹۱) لایەنگرانی تیورەی عەلمانیەت ئاگادار دەکاتەوە کە ئەوەندە پشت بەم بەڵگانە نەبەستن و تووندبوونی بڕوای دینی لەئەورووپای باشوردا، وەك نەتەوەگەری لەبەرچاو نەگرن و رووە دینیەکەی بە ڕێکەوت نەزانن.

راستیەکەی ئەوەیە ئێمە هێشتا نازانین عەلمانیەت لەبنەڕەتدا دیاردەیەکی مەسیحیە و تایبەتە بە رۆژئاواو یان دەرئەنجامی پیشەسازیبوون یان پرۆسەیەکی بەرفراوانتری مۆدێرنەیە. هەر لێرەوە **وڵاتە نامەسیحیەکان یان نارۆژئاواییەکان تەنها لەحاڵەتێکدا عەلمانیەت ئەزموونەکەن کە پیشەسازیبوونیان هاوڕێی رۆژئاواییبون یان مۆدێرنەیەك بێت لەسەر شێوازی رۆژئاوا**. ئەگەر عەلمانیەت دیاردەیەکی تایبەت بە مەسیحی بێت، بەدوور دەزانرێ کە ئەم وڵاتانە ئەزموونیبکەن، چونکە رۆژئاوایبوون گەر روشبدات، دوورە بەمانای مەسیحیبوون بێت.

سەرچاوە

ئەم وتارە وەرگێڕانی فەسڵی ۱۵ی ئەم کتێبەی خوارەوەیە:

مالکوم هیملتون: جامعەشناسی دین. ت: محسن سولاسی. تهران، چاپ اول ۱۳۷۷. موسسه فرهنگی انتشاراتی تبیان؟

دیموکراسی و کۆمەڵگای مەدەنی

دیموکراسی چیە.....کارل کۆهن

کۆمەڵگای مەدەنی: مێژووی چەمکەکە.....نیرا چانۆك

رەخنە لە کۆمەڵگای مێگەلی.....ستیوارت هیوز

مارکس و دیموکراسی.....بابەکی ئەحمەدی

دیموکراسی چیە

نوسینی: کارل کۆهن

١-١ چەند پێناسێکی کورت بۆ دیموکراسی

دیموکراسی حکومەتکردنە بەهۆی خەڵکەوە. ئەمە پێناسێکە کە زوبەری کتێبەکانی فەرهەنگ هێناویانەتەوە و رەنگە پێناسێك بێت کە لەلایەن هەموانەوە سەلمێنراوە، و لەگەڵ رەگوریشەی زاراوەکەشدا دێتەوە:دەوس خەڵکی،کراتئین: حکومەتکردن رەگوریشە یۆنانیەکانی ئەم زاراوەیەن. فەیلەسوفان و دەوڵەتمەردانی دێرین ئەم چەمکەیان بەشێوەیەکی تەواو راست بەکاردەهێنا. پریکلس دەیگوت: "حکومەتی ئێمە بە دیموکراسی ناودەبرێت، چونکە بەڕێوەبردنی لەدەستی زۆرینەدایە ، نەك کەمینە". ئەرستۆش پاش دیاریکردنی چەند جۆرێکی دیموکراسی، لەکۆتاییدا دەڵێت: "بەشێوەیەکی گشتی دەکرێ بگوترێت ئەو رژێمەی رێگە بەهەموو هاوڵاتیان نادات بەشداریبکەن، رژێمێکە لەسەر بناغەی حکومەتی کەمینە (ئۆلیگارشی) (ئۆلیگۆس= چەند کەس) دامەزراوە و ئەو رژێمەش کە رێگە بە بەشداریکردنی هەمووان دەدات، رژێمێکی دیموکراتیە"(سیاسەت، چوارهەم،٦). لەسەردەمێکی تازەتردا رستە بەناوبانگەکەی ئابراهام لینکڵۆن: "حکومەتی خەڵکی، بەهۆی خەڵکیەوە و بۆ خەڵکی" ئاماژە بۆ هەمان بیرۆکە دەکات. دیموکراسی سیستەمێکە کە تیاییدا خەڵکی حکومەت بەسەر خۆیاندا دەکەن.

ئەو دەربڕینە کورتانەی پێدەچێت بۆ پێناسکردنی دیموکراسی بەکاردەبرێن، تەنانەت گەر بەرێکەوتنی گشتیش بێت، هێشتا بابەتەکە زۆر روننەکەنەوە، چونکە دەیەوێت شتێك کە بەهیچ شێوەیەك سادە نیە، زیاد لەسنور سادەبکاتەوە. نمونەکانی تر بریتین لە: "حکومەتکردن لەسەر بناغەی رازیبوون"، "فەرمانڕەوایی زۆرینە"، "حکومەت یان مافی یەکسان بۆ هەموان"، "دەسەلاتدارێتی جەماوەر" و لەم باباتە شتانە. ئەمجۆرە پێناسە کورت و سودمەندانە، بەشێوەیەکی گشتی هەڵە نین، بەڵام

ناتوانن جەوهەری بابەتەکە ئاشکرابکەن. هەرکاتێك پێناسێکی وا بەدیدێکی رەخنەگرانەوە بپشکنین، ناتەواوی ئاشکرا دەبێت. رازیبوونی کێ؟ رازیبوون لەبارەی چیەوە؟ مافی یەکسان لەچیدا؟ چ شتێك دەبێتە هۆی رازیبوون یان یەکسانی مافەکان؟ دەسەڵاتدارێتی چیە، و خەڵك کەی خاوەنێتی؟ فەرمانڕەوایی بەهۆی زۆرینەی چ کەسانێکەوە؟ ئایا فەرمانڕەوایی زۆرینە هەمیشە دیموکراتیانەیە، و ئایا بڕیارە دیموکراتیەکان هەمیشە پێویستی بە دەنگدانی زۆرینەیە؟. بێگومان جیاوازی لەنێوان حکومەت بۆ خەڵك و حکومەت بەهۆی خەڵکەوە هەیە، لەبارەی حکومەتێکەوە کە ئەمیانە و ئەویان نیە، چی دەتوانین بڵێین؟ لەکوێدا حکومەتی خەڵکی جێگە دەگرێت؟ پرسیاری لەمجۆرە گەلێك زۆرن. ئەگەر بمانەوێت بەشێوەیەکی روون و تەواو لەمەبەستی واقعی حوکمی راستی " دیموکراسی واتە حکومەت بەهۆی خەڵکەوە" تێبگەین، پێویستە لێکۆڵینەوەکە لەسەرەتاوە دەست پێبکەین.

١-٢ هەڵەی حکومەتکردن بەسەر خودا

دەڵێین لەدیموکراسیدا خەڵکی فەرمانڕوایی بەسەر خۆیاندا دەکەن، واتە خەڵکی فەرمانڕەوان. ئەم شێوە دەربڕینە لانیکەم لەدیدێکەوە، مەجازیە. چەمکەکانی "فەرمانڕەوایی" و "فەرمانڕەوا" ڕێژەیین: نەحکومەتی بێ فەرمانبەردار هەیە و نە فەرمانڕەوایی بێ ڕەعیەت. بەشێك لەو شتەی پەیوەندی بەدەوڵەتەوە هەیە بریتیە لە: توانای بااڵدەستبوون، توانای ناچارکردنی تاکەکان ژێر دەسەڵات یان توانای هەنگاونان دژی ئیرادەی ئەوان. بەم مانایە خەڵکی ناتوانن خۆیان فەرمانڕوایی بکەن، ئەگەرچی هەندێك خەڵکی لەهەندێك بەشی تردا فەرمانڕەوایی دەکەن. جۆن ستیوارت میل لەساڵی ١٨٥٩دا نوسی: "هەنوکە زانراوە کە دەستەواژەکانی وەك "حکومەتی خەڵکی" و "دەسەڵاتی خەڵك بەسەر خۆیاندا" تەعبیر لەهەلومەرجی راستەقینە ناکات. ئەو "خەڵکەی" کە پراکتیکی دەسەڵات دەکەن، هەمیشە هەمان ئەو کەسانە نین کە دەسەڵاتیان بەسەردا دەکرێت.."(لەبارەی ئازادیەوە، فەسڵی یەکەم). ئەم بابەتە نزیکەی سەدەیەك دواتر بەدەربڕینەکانی ڤاڵتەر لیپمان توندتر بوو: "خەڵکی...ناتوانن حکومەت بەڕێوەبەرن. ناتوانن کارێك ئەنجامبدەن و

بەشێوەیەکی ئاسایی ناتوانن پرۆژەسازی و پێشنیاری یاسا پێویستەکان بکەن. جەماوەر ناتوانێت حکومەت بکات" (فەلسەفەی کۆمەڵگا،۱۹۵۵،ل۱۹). هیچکەس هێندەی گلادستۆن بەو ناسکیە ئاماژەی بۆ ئەم خاڵە نەکردووە: "ئەو ژمارە خەڵکەی کە بتوانن ناوی نەتەوەیان لێبنرێت، هەرگیز بەمانای وردی وشە حکومەتیان بەسەر خۆیاندا نەکردووە، پێدەچێت بەرزترین شتێك کە لەهەلومەرجی ژیانی مرۆییدا بەدەست بێت، ئەوەیە نەتەوە دەبێت فەرمانڕەواکانی خۆی هەڵبژێرێت، و لەهەلومەرجی هەڵبژێراویشدا رابەرەیەتی کارەکانیان بکات" (سەدەی نۆزدەهەم، ژوئیەی ۱۸۷۸).

ئاشکرایە خەڵکی لەدنیای سیاسەتی پراکتیکیدا ناتوانن بەو مانایەی ئاماژەی بۆکرا، فەرمانڕەوایی بەسەر خۆیاندا بکەن. حکومەت رەنگە هەلبژێراوی خەڵکی بێت، بەڵام خەڵك یاساکان دانانێن، یان جێبەجێیبکەن. کێشانی هێلێکی جیاکەرەوە لەنێوان فەرمانڕەوایان و فەرمانبەراندا لانیکەم لە کۆمەڵگا گەورەکاندا، کارێکی ئەستەم نیە. زۆرینەی خەڵك حکومەت ناکەن، بەڵکو حکومەتیان بەسەردا دەکرێت.

لەگەڵ ئەمەشدا چەمکی حوکمڕانی بەسەر خودا، چەمکێکی ساویلکانە نیە، و کاتێك سود لەم دەربڕینە بۆ وەسفکردنی هەندێك هەلومەرج وەردەگرین، پێدەچێت قسەکانمان مانایەك پەیدادەکەن. حکومەتی دیموکراتی، حکومەتی خۆبەڕێوەبردنە، حکومەتی خەڵکە بەدەستی خۆیان. لەهەندێك بواردا حکومەتێکی لەمچەشنەی بوونی هەیە. لەگەڵ ئەمەشدا گەر رەخنەکانی پێشوو بەجدی وەربگیرێت، خەڵکی ناتوانن حکومەت بەسەر خۆیاندا بکەن. چۆن دەبێت ئەم پارادۆکسە، چارەسەربکەین؟

تێبینی بەکارهێنانی زاراوەی "خۆ بەڕێوەبردن" لەبواری ناسیاسیدا بکەن. دەڵێین تاکەکەس بەزەبر خۆبەڕێوەبەرە، واتە تەنها خۆی بەسەر خۆیدا حوکمڕانیدەکات. لێرەشدا رەنگە ئەم بەکارهێنانە مەجازی بێت، چونکە هیچکەس ناتوانێت خۆی بخاتە ژێر دەسەلاتەوە، ئەگەرچی دەکرێت وێنای ئەوەبکرێت کە توانستە بەرزەکانی بەسەر توانستە نزمەکانیدا بالادەست-دیارە ئەگەر کێشانی هێلێکی وا جیاکەرەوە، لەنێوان تواناکاندا شێکی شیاو بێت. لەگەڵ ئەمەشدا جیاکاری نێوان حوکمڕانی بەسەر خود و لەژێر حوکمڕانی کەسانی تر بوونداً، بۆ هەر

تاکەکەسێك بەرزترین پلەی گرنگی داگیردەکات. دەرککردنی خۆبەڕێوەبردن لەم ئاستە شەخسیەدا، رەنگە وەك کلیلی چارەسەری پارادۆکسی فەرمانڕەوای کۆمەڵگا بەسەر خۆیدا بەکاربهێنرێت.

من وەك تاکێك کاتێك بەسەر خۆمدا فەرمانڕەوای دەکەم، کە لەژێر رابەرایەتی و چاودێری کەسێکی تردا نەبم. کاتێك فەرمان بەسەر خۆمدا دەکەم کە خۆم بڕیار بۆ ئەو ئامانجانە بدەم کە هەمە، و خۆم ئەو هۆکارانەی بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە پێویستن هەڵبژێرم. هەر مرۆڤێك ئەم شێوەیەی دەسەلاتدارێتی بەسەر خودا، لانیکەم لەهەندێك کاروباری ژیانی خۆیدا ئەزموندەکات. کەوابوو کێشەکە لەکوێدایە؟ پاردۆکسەکە لەو راستیەوە سەرچاوە دەگرێت کە کرداری "حکومەتکردن" مانایەکی دولایەنەی هەیە. لەلایەکەوە دەسەلاتی حکومەتکردن، بەمانای هێزی دەسەلاتدارێتی و ناچارکردنە، و لێرەوە پێویستی بە دابەشبوونە بەسەر فەرمانڕەوایان و فەرمانبەراندا. دەکرێت ئەمە ناوبنێین مانای ئیداری حکومەت. لەلایەکی دیشەوە، واتە لەمانایەکی قوڵترا حکومەتکردن بریتیە لەدارشتنی ئامانجەکان و ستراتیژیە سیاسیەکان و ئاراستە بەخشین بەتاکەکەسە حکومەتکراوەکان. ئەم مانایەی دوایی مانای سەرەکی کرداری "حکومەتکردن"ە کە لەوشەی لاتینی گوبرناڕە، کە ئەمیش لەوشەی یۆنانی کۆبرنان بەمانای بەرەوپێشەوە بردن یا کەشتیوانیەوە وەرگیراوە. دەکرێ ئەمە بەمانای "ڕێنمایکاری" حکومەت ناوبنێین.

لەهەر کۆمەڵگایەکدا حکومەت دەشێت فەرمانبکات، قەدەغەبکات، بالادەستی پەیدابکات، ئەمانە ئەرکە ئیداریەکانی حکومەتە کە راستەوخۆ لەژیانی رۆژانەدا ئەزموندەکرێن، و هەمان ئەو ئەرکانەشە کە جێی تێبینی ئەو کەسانەیە کە بەڵگە بۆ ئەوە دەهێننەوە کە کۆمەڵگا ناتوانێت حوکمڕانی بەسەر خۆیدا بکات. بەڵام مەسەلەی بنەڕەتیتر ئەوەیە کە هەرکەسێك حوکمڕانی بەسەر کۆمەڵگادا بکات، رابەرایەتی و ڕێنمایدەکات. کاتێك لە حکومەتدا ئەم ئەرکی ڕێنمایکردنە وەك بنەمایەکی گرنگ دەرکبکرێت، ئەوسا پارادۆکسی حوکمڕانی بەسەر خودا دەتوێتەوە و لەناودەچێت. حکومەت تا ئەوکاتەی لەرووی ئیداریەوە وێنابکرێت، هەلگری ناکۆکی خواستەکان و هەبوونی هەندێك لەژێردەستی هەندێکی دیدایە، ودەبێت

بەشێك بێت لەکۆمەلگا، نەك هەموو کۆمەلگا. بەڵام هەرکاتێك حکومەت لەرووی ڕێنمایکردنەوە تەماشابکرێت، وەهەلگری دیاریکردنی ئەو ستراتیژ و ئامانجانە بێت کە ڕابەرایەتی ژیانی گروپی دەکەن، ڕەنگە گروپێکی کەم یان گروپێکی زۆر حکومەت بکەن. لەبنەڕەتدا دەشێت هەموو ئەندامەکانی هەر کۆمەلگایەك، بەشداری لەداڕشتنی ئەو ئامانجانەدا بکەن کە بەشێوەیەکی هاوبەش هەیانە. هەرکاتێك هەموان یان زۆرینەی خەڵکی بەشداری لەم ئەرکەدا بکەن، ئێمە ئەو کۆمەلگایە بەدروستی بەکۆمەلگایەکی خۆبەڕێوەبەر وەسفدەکەین.

٣-١ ناوەڕۆکی دیموکراسی

دیموکراسی جۆرێك حکومەتی کۆییە. لەبەرئەوە دەبێت بۆ دیاریکردنی چیەتی دیموکراسی، ئەمجۆرە حکومەتە کۆییە لەهەموو شێوەکانی تر جیابکەینەوە. ئەمکارەش خۆبەخۆ پێویستی بە ناسینی دامێنی فراوانی چەمکی کۆ یان کۆمەلگایە. لەرووی پراکتیکیەوە سنورێك بۆ جۆری کۆمەلگا مرۆییەکان نیە. ئەو مەبەستانەی مرۆڤەکان وەك کۆمەلگایەك بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ڕەنگە لەنێوان مەبەستە پەست و مەبەستەکانی کە جیهان ئەتەکێنن، ڕاوەستابێت. فراوانی کۆمەلگاکانیش دەکرێ لەزۆر بچوکەوە بێت بۆ زۆر گەورە. مەرج نیە سنورەکانی کۆمەلگا جوگرافی بن، بناغەی یەکێتی کۆمەلگا دەشێت لەسەر پەیوەندیەکانی برایەتی، خێرخوازی، خزمایەتی، دینی یان ئابوری دامەزرابن. دەشێ ئەوەی لە کۆمەلگایەکدا جێگەی ئارەزووی هەموو ئەندامەکانێتی، تێپەڕ و کاتی بن، یان نمایشی سەقامگیرترین و قوڵترین ئارەزوەکانیان بکات. لەبیرکردنەوە لەو کۆمەلگایەنی دەکرێت دیموکراسیان تیا بەرپابکرێت، گرنگترین شت ئەوەیە سەرنج تەنها بۆ دەوڵەت نەتەوەکان نەچێت. ئەمجۆرە کۆمەلگایانە زۆر گرنگن و ئارەزوی ئێمەش بۆ تێگەیشتن لەشێوەی دیموکراسی تیایاندا، بەتەواوی قابیلی دەرککردنە. بەڵام هەر تیورەیەکی باوەڕپێکراوی دیموکراسی دەبێ بۆ هەموو جۆر و ئەندازەکانی کۆمەلگاکان، کەلەسنوری دەوڵەت-نەتەوە زۆر زیاتر دەڕوات، ڕاست بێت. ئەو کۆمەلگایانەی کە جۆر و ڕەهەندی زۆر جیاوازیان هەیە، دەتوانن بەشێوەیەکی دیموکراتیانە بەڕێوەببرێن.

چ شتێك حکومەتی دیموکراتی کۆمەڵایەتی دەکاتە شتێکی پێویست؟ لێرەشدا لێکچونی ژیانی کۆمەلگایەك لەگەڵ ژیانی تاکەکەسدا، دەتوانێت هاوکاریمان بکات. تاکەکەس دەتوانێت لەهەڵبژاردنی ئامانجەکانیدا بەڕێوبەر بێت، دەتوانێت سەربەخۆ بێت و ڕابەرایەتی خۆی بکات. ئەمجۆرە خۆ ڕابەرایەتیکردن و سەربەخۆییە لە پێوەری نێوان تاکەکاندا، بە دیموکراسی ناودەبرێت.

دیموکراسی حکومەتکردنە بەدەستی خودی خەڵکەوە، چونکە سیستەمێکە کە تیاییدا خەڵك واتە ئەندامانی کۆمەلگا، بەشداری لەدیاریکردنی ستراتیژی سیاسیدا بۆ کۆی کۆمەلگادەکەن. ئەرکی ڕێنمایکردنی حکومەت، گرنگیەکی سەرەکی بۆ ڕەهەندی خۆبەڕێوەبردن هەیە، هەر ئەم ڕاستیە ئەگەری بەشداری گروپێکی زۆری خەڵك لەم کاری ڕێنمایکردنە کە دیموکراسیە، دەرەخسێنێت.

چەمکی دیاریکردنی ستراتیژی بۆ کۆی کۆمەلگا بەمانای چیە؟ ئاشکرایە ئەمە ئەرکێك نیە کە ئەندامانی کۆمەلگا بتوانن بۆ یەکجار ئەنجامیبدەن و وازی لێبهێنن. ستراتیژ بەردەوام دروستدەکرێتو بەرهەمدێنرێتەوە، بەڕێوەبردنی کۆمەلگا پێویستی بەتێبینیکردنی بەردەوام هەیە. لێرەوە خۆ بەڕێوەبردن پێویستی بە زنجیرەیەك بڕیاری پێکەگرێدراو، بەگرنگی زیاتر یان کەمتر‌ەوە هەیە، و لەئەنجامی بەگەڕخستنی ئەم بڕیار و ئەم هەڵبژاردنانەیە کە بەشداریکردن لەدیاریکردنی ستراتیژدا، بەشێوەیەکی هەستپێکراوی لێدێت. کاتێك گرنگترین بڕیارە کۆمەڵایەتیەکان لەڕێی بەشداریکردنی هەموو ئەندامانەوە بەدەستدێت، ئەوا دەکرێ ئەو کۆمەلگایە بە کۆمەلگایەکی خۆبەڕێوەبەر دابنێن.

کام بڕیارانە بەگرنگتر دەژمێرێن، ئایا ئەوانەی کە دەبێت هەموو ئەندامەکانی کۆمەلگا مافی دەنگدانیان تیاییدا هەبێت؟ وەڵامی سروشتی ئەوەیە کە دەبێت ئەندامانی کۆمەلگا لەدانی ئەو بڕیارانەدا کە کار لەهەمویان دەکات، یان بەشێوەیەکی جدی کاریگەریان تێدەکات، بیروڕایان هەبێت. بەڵام ئەم بڕیارانە کامانەن؟ ئەم پرسیارە هیچ وەڵامێکی گشتی نیە. لەزۆرێك لەبوارە تایبەتیەکاندا، چیەتی کۆمەلگا وەڵامی ڕوون و پێویستی ئەم پرسیارە دەداتەوە. ڕەنگە لەبوارکانی تردا هیچ ڕێکەوتنێك نەبێت کە لەسەر بناغەکەی بەهۆی کۆمەلگاوە بەشێوەیەکی فراوان باسی مەسەلەکان بکرێت. جیاوازی بیروڕا لەم مەسەلەیەدا، ڕەنگە دەرئەنجامی

ڕێنەکەوتن بێت لەسەر ئامانجە سەرەکیەکانی کۆمەڵگا، یا (ئەگەر لەسەر ئەم ئامانجانە ڕێکبەون) ڕەنگە جیاوازی بیرۆڕا لە ڕێنەکەوتن لەسەر ئەو مەسەلەیە بێت کە ئەگەر بڕیارە ئامانجی گەورەتر بەدی بێت، کام بوارانەی چالاکی دەبێت بکەونە ژێر دەسەڵاتی گشتیەوە. خودی ئەم پرسیارەش کە کاری ڕاستەقینەی کۆمەڵگا ڕاگەیشتنە بەکام یەک لە بابەتەکان، پرسیارێکی بەناچار وتوێژئامێزە.

خۆشبەختانە بۆ تێگەیشتن لەچیەتی سەرەکی خودی دیموکراسی پێویست ناکات وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە. هەنوکە من پێناسێك بۆ دیموکراسی پێشکەشدەکەم و بڕوامواید دەبێت هەوڵ بۆ هەرچی زیاتر وردکردنەوەی ئەم پێناسەیە بدەم:

دیموکراسی حکومەتێکی کۆییە کە تیاییدا لەزۆر ڕووە ئەندامانی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، بەشداری لەو بڕیارانەدا دەکەن کە پەیوەندی بەهەموایانەوە هەیە، یان دەتوانن بەشداریبکەن.

دەتوانین لەسەر ئەم بناغەیە تیورەیەکی هاوئاهەنگ بۆ دیموکراسی بونیاد بنێن. یەکەم هەنگاوی پێویست شیکردنەوەی هەرچی وردی بەشداریکردن و ڕەهەندەکانێتی. چونکە لەمکارەوە دوو تیر بەیەك نیشانە دەپێکین. یەکەم شیکردنەوەیەکی لەمچەشنە خودی چەمکی دیموکراسی زیاتر ڕوندەکاتەوە، چونکە بەشداریکردن بەیەکێك لە ڕەگەزە سەرەکیەکانی دیموکراسی دەزانرێت. دوهەم، تێگەیشتن لەوەی بەشداریکردن بەشێوەیکی بەدیهاتوو هەڵگری چ شتگەلێکە، هەڵسەنگاندنی عەقڵانیانەی پلەکانی دیموکراسی کە لەهەر کۆمەڵگایەکدا بەدیهاتووە شیاو دەکات.

ئەم وتراە وەرگێڕانی فەسڵی یەکەمی ئەم کتێبەی خوارەوەیە

کارل کۆهن: دموکراسی. ت:فریبرز مجیدی. شرکت سهامی نشر خوارزمی.چاپ اول .تهران ۱۳۷۳

کۆمەڵگای مەدەنی: مێژووی چەمکەکە

نیرا چاندۆك

لەفەسڵی پێشودا بەڵگەمان هێنایەوە کە بێئاماژەکردن بۆ کۆمەڵگای مەدەنی، ناتوانرێت بەدروستی دەوڵەت شیبکرێتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا لەتیورەی سیاسیدا هیچ ڕێکەوتنێك لەبارەی پێناسی کۆمەڵگای مەدەنیەوە نیە. لەدەرون و لەناو نەریتە فکریە جیاوازەکاندا لەبارەی مانای کۆمەڵگای مەدەنیەوە، بیروبۆچونی جیاواز هەبووە. لێرەوە ئەم چەمکە، چەمکێکی چەندلایەنە و ئاڵۆزە. ئەم چەمکە خاوەن ڕەهەندی مانای جیاوازە کە ئەم ڕەهەندانە لەسیستەمی فکری جیاوازەوە سەرچاوەیانگرتووە و لەهەندێك ڕووە لەیەکەوە نزیکن و لەهەندێك ڕووی دیەوە زۆر لەیەك دورن. دەکرێ هۆی ئەمە بگەڕێنرێتەوە بۆ ئەو ڕاستیەی کە لەقۆناغە مێژوویی جیاوازەکاندا، ڕەهەندی جیاوازی ئەم چەمکە بالادەستبووە، و ئەمەش چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی بەشێوەیەکی سەرەکی توشی گۆڕانکردووە.

هەرچەند باسی گەرموگوڕ لەبارەی کۆمەڵگای مەدەنیەوە هەیە، بەڵام ئەم باسانە خاوەن هاوئاهەنگیەکی بنەڕەتین، چونکە ئەگەرچی چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی ڕەنگە ماهیەتێکی نەگوڕ و یەکتای نەبێت، بەڵام خاوەن چەند خەسڵەتێکی دیاریکراوە. هەریەك لەم خەسڵەتانە بۆتە ناوەندێك بۆ شکلگرتن و وتوێژی فکری دی لەبارەی ئەم چەمکەوە. لێرەوە دەکرێت مێژووی چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی بەپێی ڕیوایەتە بەرجەستەکان و ئەو کاردانەوانەی لەبەرامبەر ئەم ڕیوایەتانەدا ئەنجامدراوە، وێنە بکەین.

لێکۆڵینەوەی مێژوویی چەمکێکی تایبەت لەو ڕووەوە گرنگە کە یارمەتی ناسین و جیاکردنەوەی تێڕوانینە جیاواز و ناکۆکەکان لەبارەی ئەو چەمکەوە دەدات. لێکۆڵینەوەی مێژوویی چەمکێك مانا جیاوازەکانی ئەو چەمکە ڕووندەکاتەوە و ئەمەش خۆی دەرگایەکمان بۆ ناسینی ئەو چەمکە بۆ دەکاتەوە. بە تاوتوێکردنی

کۆی نەریتی تیورەی سیاسی لەگۆشەی چەمکێکی تایبەتەوە و بەناسینی کەموکوڕی چاکسازیەکانی رابردوو، دەکرێ رەگەزە چارەنوسساز و زیندوەکانی ئەو چەمکە تێکئاڵێنین و بە ناسین و تێڕوانینێکی تازە بۆ ئەو چەمکە بگەین.

لەگەڵ ئەوەشدا لێکۆڵینەوەی مێژووی چەمکێك هاوکاریمان دەکات بۆ ئەوەی هەڵەکانی رابردوو دوبارە نەکەینەوە. لێرەوە ئەم لێکۆڵینەوە مێژووییە یارمەتی رونکردنەوەی ئەو چەمکە بۆ مەبەستە سیاسیەکان دەدات، چونکە ئەگەرچی کۆمەڵگای مەدەنی لەدنیای هاوچەرخدا بووە بە چەمکێکی بنەڕەتی بۆ داڕشتنی پرۆژە رادیکاڵەکان، بەڵام تێڕوانینێکی کەموکوڕ و تاکڕەهەندی و شیکاری بۆ ئەم چەمکە، دەتوانێ ببێتە هۆی ئاراستەیەکی سیاسی نادروست. ئەمە بەمانای ئەوەیە لەلێکۆڵینەوەی مێژوویی چەمکی کۆمەڵگای مەدەنیدا نەك هەر دەبێ تێڕوانینی دامەزرێنەران و لایەنگرانی هەمەرەنگی کۆمەڵگای مەدەنی، بەڵکو دەبێت تێڕوانینی رەخنەگرانی کۆمەڵگای مەدەنیش تاوتوێبکرێ. لێکۆڵینەوەی مێژووی چەمکێك وەك کارێکی فیکری و سیاسی گرنگیەکی زیندووی هەیە.

مێژووی چەمکەکە کە لەدێڕەکانی خوارەوەدا دەهێنرێتەوە، هەڵبژاردراوە و بەهیچ شێوەیەك کۆی تیورەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ناگرێتەوە. من بەپشتبەستن بەو تێڕوانینە سەرەکیانەی لەبارەی پەیوەندی دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنیەوە پێشکەشکراوون، هەوڵمداوە پەیوەستبوون و دابڕان لەچەمکی کۆمەڵگای مەدەنیدا تاوتوێبکەم. بەبڕوای من لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگای مەدەنی تەنها لەپەیوەندیدا بە دەوڵەتەوە مانای هەیە.

مێژووی تیوری

چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ ماوەیەکی درێژ بەشێکبووە لەنەریتی فکری رۆژئاوا. ئەم نەریتە فکریە هاوکات لەگەڵ گۆڕانکاریە مادی، سیاسی، و فکریەکانی کۆمەڵگای رۆژئاوادا گۆڕانی بەسەرداهاتووە. ئەم نەریتە فکریە لەگەڵ گۆڕانکاریە مێژووییەکانی کۆمەڵگای رۆژئاوادا وەك پەیدابوونی دەسەڵاتی دنیایی و نامەزهەبی، پەرەسەندنی مۆڵگایەتی تایبەتی، پەیدابوونی کلتوری شار، لەناوچوونی دەوڵەتە دەسەڵاتدارە رەهاکان، پەیدابوونی بزوتنەوە دیموکراتیەکانی سەدەی نۆزدەهەم،

مەشروتیەتگەری نوێ و باڵادەستی یاسا، پەیوەندییەکی دانەبڕاوی هەیە. ئەم نەریتە فکریە بەر لەهەموشتێك پەیوەندی لەگەڵ پەرەسەندنی ئابوری سەرمایەداری و لەدەرئەنجامدا جیابونەوەی ئابوری لەسیاسەت هەیە. بەمشێوەیە ئەم نەریتە فکریە بێ چەندوچون پەیوەندییەکی تونددوتۆڵی بەپەیدابوون و سەقامگیری سەرمایەداریەوە هەیە.

ئەو وتەیەی کین راستە کە چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی "بەر لەدەرکەوتنی بۆرژوازی هەبووەو بۆنمونە لەبیری سیاسی سەردەمی کلاسیك و ناوەڕاستدا بەباشی بڵاوبوو بووە و لەمەش گرنگتر ئەوەیە هەموو مانا سەرەتاییە تازەکانی ئەم چەمکە پەیوەندی بەمەسەلەی سیاسیو جۆر و شکڵی هەلومەرجی کونترۆڵ و رەوایەتی دەسەڵاتی دەوڵەتەوە هەیە". بەڵام وەك پاشتر دەریدەخەین بەر لەدەرکەوتنی کۆمەڵگای بۆرژوازی، چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی بە وردیەکی ئەوتۆ بەکار نەدەهات. کۆمەڵگای مەدەنی تەنها کاتێکبوو بەچەمکێکی روون و گونجاو کە بواری مەدەنی بە باشی دروستبوو. دروستبوونی بواری مەدەنیش خۆی دەرئەنجامی سەقامگیری سەرمایەداریبوو. ناوەندێتی کۆمەڵگای مەدەنی پەیوەندییەکی نزیکی بە دەرکەوتنی دەسەڵاتی سیاسی ناشەخسی و ناوەندێتی ژیانی ئابوریەوە لەکۆمەڵگای سەرمایەداریدا هەیە. بەبڕوای بۆبێۆ ئەم «زنجیرە بیروڕایە هاوکاتی دەرکەوتنی دنیای بۆرژوازیە: ناسینی مافی سروشتی تاکەکان و گروپە کۆمەڵایەتیەکان بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەدەوڵەت، بەشێوەیەك کە دەسەڵاتی سیاسی سنوردارکات، و ناسینی بواریك لەپەیوەندی نێوان تاکەکان وەك پەیوەندیە ئابوریە سەربەخۆکان کە رێکخستنیان پێویستی بە دەسەڵاتێکی سەرکوتکەرانە نیە».

سەرەڕای ئەمە لەنەریتی رۆژئاوادا ئەم زنجیرە بیروڕایە هاوکاتی ئەم مەسەلانەی خوارەوە بووە: مافە فەردیەکان بەتایبەتی مافی مولکایەتی، پیرۆزی مافەکان و ئازادیە فەردیەکان، دەسەڵاتی بازاڕ، تاکگەری، و جیابونەوەی بواری گشتی لەبواری تایبەتی. جگە لەمەش ئەم بیروڕایانە پەیوەندی بەدەزگا و تێزە پەرلەمانیەکان و هەروەها بڕوابوون بە پێویستی کۆنترۆڵکردن و سنوردارکردنی دەسەڵاتی دەوڵەتەوە هەبووە. هەریەك لەم بیروڕایانە لەقۆناغی جیاوازی پەرەسەندنی چەمکی کۆمەڵگای مەدەنیدا روونبونەتەوە. هەریەکێکیشیان لەقۆناغی مێژووی جیاوازدا باڵادەستبوون.

بـەڵام هـەمویان پێکـەوە یارمـەتی رووبـونـەوەی خەسـڵەتەکانی شـتێکیان داوە کـە دەکرێ ناوببرێ «کۆمەڵگای مەدەنی». لەدێرەکانی خوارەوەدا باسی ئـەم خەسـڵەتانە دەکەین.

لەرویەکەوە دەتوانرێ بگوترێ کۆمەڵگای مەدەنی لەبەرامبەر چەمکی ئەرستۆیی کوینونیـا پۆلیتیکـە (بـەمانای کۆمـەڵگای سیاسـی) رادەوەسـتێت. کۆمـەڵگای سیاسـی لەروانگـەی یۆنانیەکانـدا لەسروشـتی مرۆڤـەوە سەرچـاوەیدەگرت، چـونکە مـرۆڤ «ئـاژەڵێکی سیاسـی» و بونـەوەرێکی سیاسـی بـوو. مـرۆڤ عیزەتـی نـەفس و سروشـتی راسـتەقینەی خـۆی لـەبواری سیاسـیدا بەدەسـت دێنێـت، و لەبەرئـەوە چـالاکیە ناسیاسیەکانی لەپلەی دوهەمدا دەهات. بـوونی بـواریکی تایبـەتی یـان نادەوڵـەتی کـە تیایدا تاکەکان بتـوانن لەئەرکـە گشتیەکانیان دوربکەونـەوە یـان بتـوانرێ بەهۆیـەوە سنور بۆ کۆمـەڵگای سیاسـی دابنرێـت، شـتێکی قـابیلی وێنـاکردن نـەبوو. ئـەو بیرەش نەبوو کە تاکەکان دەبێ خاوەن مافی سەربەخۆ و پارێزگاریکراو بن.

ئەم تێڕوانینانە لەتیورەی یۆنانیەکاندا نەبوو. چونکە لەروانگـەی ئەوانـەوە تـاك خۆبەخۆ بەشێك بـوو لەپرۆسـەی سیاسـی، کـە تاکـەکان بەهۆیـەوە توانـاکانی خۆیـان بەدیدێنن. مافی سەرەکی تاك بریتیبوو لەبەشداریکردن لەوتوێـژی کۆمەڵگایەکـدا کـە ئەم خۆبەدیهاتنەی دەهێنایەدی. لەراستیدا ئەم مافە ئەرکێکی مەدەنیبوو.

ئەڵبەتـــە لەبنەڕەتـــدا چـــەمکی ئەرســـتۆیی «ئـــاژەڵی سیاســـی» خەســـڵەتێکی دەستەبژێرانەی هەبوو: «ئاژەڵی سیاسی» ئەرستۆ تـاکێکی نێـر، هـاوڵاتی و دەوڵەمەنـد بوو. کەسانی دی وەك ژنان یان کۆیلەکان سەر بە ئویکۆس یـان دنیـایی تایبـەتیبوون. ئویکۆس بەمانای بواریکی تایبەتی و جیاواز لەکۆمەڵگای سیاسـیبوو، بـەڵام زەحمەتـە بەشێوەیەکی سەرەتایی کۆمەڵگای مەدەنی بزانرێت، چونکە ئویکۆس بواریکی پلەدوو بـوو کـە ئـەو کەسـانەی لـەخۆدەگرت کـە لەمافـەکانی هـاوڵاتیبوون بێبەشـبوون. وەك دواتر دەیبینین لەشکڵبەندیەکانی دواییدا ئەم بواره خـودی هاوڵاتیـان لـەخۆدەگرێت، و لەبری ئەوەی لەبەرامبـەر کۆمـەڵگای سیاسـیدا بـواریکی پلـەدوو بێـت، بواریکـە کـە تیایدا گرنگترین چالاکیەکانی کۆمەڵگا دروستدەبێت. لەکۆمەڵگای یۆنانیـدا هیـچجۆرە ویناپەك بۆ ئازادی فـەردی، وەك مـافێکی زاتـی و پـارێزراوی مـرۆڤ نـەبوو. لەکاتێکدا ئەم مافە بەرجەستەترین رەگەزەکانی تێگەیشتنە سـەرەتاییەکان بـووە بـۆ کۆمـەڵگای

مەدەنی.

رۆمانیـەکانیش چـالاکی سیاسـیان بـە گـرنگترین چـالاکی تـاك و بـە رەمـزی خـود دروستکردنی تاکیان دەزانـی. لەروانگـەی رۆمانیەکانـەوە دەوڵـەت بـەمانای کۆمـەڵگای هاوڵاتیان بوو. لەگەڵ ئەوەشدا بەپەرەسەندنی یاسایی رۆمانی کە زامنی مـافی فـەردی و بەتایبـەتی مـافی مۆڵکایـەتی دەکـرد، شـێوەیەکی سـەرەتایی لەجیابونـەوەی بـواری تایبەتی لەبواری گشتی دروستبوو. مافـە تایبەتیـەکان ئاماژەی بـۆ خێـزان و بەڵگـەی پەیوەندیدار بە رێکەوتنامەکان، مۆڵکایـەتی و مـیرات دەکـرد. لەڕاسـتیدا پەیـدابوونی سیستەمێکی ئەخلاقی تاکگەریانە لەرۆمانی کۆندا پەیوەندی بـە مۆڵکایـەتی تایبـەتی و مـافی پـاوانکردنی مولکایەتیـەوە هـەبوو. بەیاسـاییبوونی مۆڵکایـەتی تایبـەتی جیاکردنەوەیەکی چەمکی لەنێوان رەهەندی گشتی ژیانی تاك لەلایەك و پێداویستیە تایبەتیەکانی خۆی کە هەنوکە ملکەچی مافی جیا و تایبـەتی خـۆی بـوو، لەلایـەکی دییەوە دروستکرد. ئەم مەسەلەیە بەفەرمی ناسرا کە تاك مافی ئـەوەی هەیـە خـاوەن ژیـانێکی سـەربەخۆ لەکۆمـەڵگای سیاسـی بێـت. ئـەم جیابونـەوەی بـواری تایبـەتی لـەبواری گـشتی، زەمینـەی چـەمکیی پێویـستی بـۆ دەرکـەوتنی چـەمکی کۆمـەڵگای مەدەنی خۆشکرد.

کۆمـــەڵگای مـــەدەنی بەشـــێوەیەکی ســـەرەکی وەك چـــەمکێکی تـــازە، لەســـەدەی هەڤدەهەم تا سەدەی نۆزدەهەمدا پەیدابوو. دەرکـەوتنی ئـەم چـەمکە پێـشکەوتنێکی گرنگبـوو لـەبواری مافـەکانی پەیوەندیـدار بـەتاك، پەیوەنـدی تـاك بـە دەوڵـەت و بەکەسانی دی کۆمەڵگاوە. کۆمەڵگای مەدەنی چـەمکێکی نوێیـە. چـونکە ئاشـکراکەری جیابونەوەی رووبی ژیانی مەدەنی و سیاسیە لەیەکـدی، جیاکاریـەك کـە لـەرابردوودا بەگشتی نەناسراوبوو. یەکـەمین نیـشانەکانی ئـەم چـەمکە تازەیـە لەشـکڵبەندیەکانی لۆك و هۆبزدا کە تیورەسازانی سەرەتایی نوێگەریبوون دەدۆزرێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی کۆمەگای مەدەنی لەکۆمەڵگای سیاسی هێشتا روون نیە. چونکە هۆبز و لۆك دوو سیفەتی مـەدەنی و سیاسیان لـەبری یـەك بـەکاردەهێنا: بـۆ نمونە لۆك باسی «کۆمەڵگای مەدەنی یان سیاسی» و روبەڕوبونەوەی «دۆخـی سروشـتی» و «دۆخـی مـەدەنی» دەکـرد. بەشـێوەیەکی سـەرەکی ئـەو ئاڵۆزیـەی لەبـەکارهێنانی چـەمکی کۆمـەڵگای مەدەنیـدا هـەبوو، دەگەڕایـەوە بۆئـەوەی ئـەم چـەمکە بـۆ ئـەو

مەبەستە بەکارهێنرا، کە شێوەیەکی تایبەت لەرێکخستنی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەدۆخی سروشتی جیابکاتەوە. یەکەم: لەروانگەی ئەم تیورەسازانەوە کۆمەڵگای مەدەنی لەرووی چەمکەوە خاڵی بەرامبەر بە دۆخی سروشتی بوو. دوەم: لەتیورەکانی پەیمانی کۆمەڵایەتیدا کۆمەڵگای مەدەنی دیاردەیەکی دروستکراوە. بەدەربڕینێکی تر دۆخی سروشتیە کە فەزای سروشتی تاکە و کۆمەڵگای مەدەنیش شتێکە کە دەبێت دروستبکرێت.

هەلومەرجی سروشتی دروستکراوی زیهنی تیورەسازانی پەیمانی کۆمەڵایەتی بوو، بۆ پیشاندانی ئەوەی کە تاك ئازادانە دەوڵەت قبوڵدەکات و هەروەها بۆ پیشاندانی ئەو مەسەلەیەی کە دەوڵەت لەسەر بناغەی رازیبوون دروستدەبێت. تیورەسازانی پەیمانی کۆمەڵایەتی لای خۆیان وا بیریان کردبۆوە کە ئەگەر هەوەس و ئارەزوەکانی مرۆڤ کۆنترۆڵنەکرێت، ژیان چ شکڵێکی دەبێت. ئەوان ئەم دۆخەیان بەدۆخی سروشتی ناودەبرد. لەدیدی هۆبزەوە ئەم دۆخە هەم دۆخێکی پێش سیاسیبوو، هەم پێش مەدەنی. لەدیدی هۆبزەوە خەسڵەتی ئەم دۆخە جەنگی هەموانە دژی هەمووان. لەو دۆخەدا هەوەس و ئارەزووەکانی مرۆڤ ژیانی تاکەکان دەخەنە مەترسیەوە. لێرەوە ئاشتی و ئاسایشی مادی کاتێك دەستەبەر دەکرێت کە هەوەس و ئارەزوەکانی مرۆڤ بەهۆی دەسەڵاتدارێکی بەهێزەوە، کۆنترۆڵدەکرێت. تاکەکان بۆ زامنکردنی مافی ژیانی خۆیان، واز لەئازادیە سروشتیەکانی خۆیان دێنن و قبوڵی دروستبوونی کۆمەڵگایەکی یاسایی دەکەن. هۆبز ئەم کۆمەڵگا یاسارێژکراو و ئاشتیخوازە کە بە رازیبوون دروستدەبێت، ناودەنێت کۆمەڵگای مەدەنی. بەمشێوەیە پەیمانی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵگای مەدەنی و سیاسی کە هەردوکیان لەرووی چەمکەوە لەبەرامبەر دۆخی سروشتیدا رادەوەستن.

بەبڕوای لۆك دۆخی سروشتی دۆخێکی تووندوتیژ نەبوو، بەڵکو دۆخێکی کۆمەڵایەتی بوو کە خەسڵەتەکەی ئاڵوگۆڕی مەدەنی نێوان تاکە سەربەخۆ و ئازادەکان دروستیدەکات. دۆخی سروشتی وەك دۆخێك کە تیایدا تاکەکان لەسەر بناغەی یاسای سروشتی کاردەکەن، هەلومەرجێکی پێش سیاسی بوو، نەك هەلومەرجێکی پێش کۆمەڵایەتی. لەگەڵ ئەمەشدا بەپێی بەلگاندنەکانی لۆك لەحاڵەتی نەبوونی مەرجێکی رێکخەر کە بتوانێ زامنی جێبەجێبوونی رێکەوتن و

پەیمانەکان بکات، پەیوەندی تاکەکان پێشبینی ناکرێت و لەدەرئەنجامدا مەترسیدار دەبێت. هەستی نەبوونی ئاسایشی گیانی و مادی بووە هۆی ئەوەی تاکەکان پەی بە گرنگیبوونی مەرجەعێکی یاسایی بەرن و لەدەرئەنجامدا دۆخی مەدەنی پێکبهێنن کە تیایدا خاوەن ئاسایش بن. لۆك بەلگەی دەهێنایەوە کە کۆمەڵگا لەسروشتی مرۆییەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام ئەم کۆمەڵگایە دەبێت بەهۆی پەیمانە کۆمەڵایەتیەکان و دەوڵەتەوە رێکبخرێت. تەنها کاتێك دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی دروستبوون، ئازادیەکانی دۆخی سروشتی دەتوانن بێنە دی. لۆکیش وەك هۆبز دۆخی مەدەنی لەرووی چەمکەوە بە خاڵی بەرامبەر دۆخی سروشتی دەزانی.

کۆمەڵگای مەدەنی و سیاسی کە بە هۆی پەیمانی کۆمەڵایەتیەوە دروستدەبوو، زامنی مەدەنیەتی دەکرد، چونکە ئەم کۆمەڵگایە بەپێچەوانەی دۆخی سروشتیەوە ئازادی هەڵسەنگێنراو، ئاسایشی گیانی و مادی، و ژیانی عەقڵانی دەستەبەردەکرد. هەنوکە تاکەکان دەچنە ناو تۆڕێك پەیوەندی سەقامگیرەوە و مافی یەکدی بەفەرمی دەناسن و رێزیان لێدەگرن. بەمشێوەیە کۆمەڵگایەك دروستدەبوو کە تەنها کۆمەڵگایەکی سیاسی واقعی بوو کە تیاییدا تاکەکان بەهۆی پەیمانی دولایەنەوە، پێکەوە دەبەستران. هەروەها رازیبوون یان پەیمانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایەکی یاسایی پێکدەهێنا کە تیایدا ژیانی تاك، داراییەکانی و ئاسایشی دەیتوانی پارێزراو بێت. بەمشێوەیە کۆمەڵگای مەدەنی یەکسان بوو بە کۆمەڵگای سیاسی، بەڵام کۆمەڵگای سیاسی تەنها کاتێك دەیتوانی هەبێت کە مەدەنیەت لەپەیوەندی مرۆڤەکاندا بەهۆی پەیمانێکەوە زامندەکرا. لەبەرامبەردا مەدەنیەتیش تەنها بەهۆی دەسەڵاتی سیاسیەوە دەیتوانی بپارێزرێت.

جەختی هەردوو بیریار لەسەر مامەڵەی کۆمەڵایەتی و سیاسی رێکخراو، باسی ئەوە دەکات کە گواستنەوە لەدۆخی سروشتیەوە یان سوکێتاس ناتورالیس (کە تیایدا مرۆڤەکان ئازاد و یەکسان بوون) بۆ کۆمەڵگای مەدەنی یان سۆکێتاس کیویلیس (کە تیادا تاکەکان ئازادانە قبوڵی هەندێك سنوردارێتی بۆ ئازادی خۆیان دەکەن)، مەسەلەیەکی لۆژیکی و تەنانەت پێویستبوو. گەر وانەبوایە تاکەکان دەبوو باجێکی گەورە بدەن. ئەگەر ئەم رێسا و سنوردارێتیانە نەبوونایە، دڵەڕاوکێ و لەرزیووی بااڵدەست دەبوو. تاکەکان یان دەبێت ئازادی رەها بەڵام بێ دڵنیایی دۆخی سروشتی،

یان ئازادی سنوردار بەڵام پڕ دڵنیایی لەکۆمەڵگای مەدەنیدا هەڵبژێرن. ئەوان بە ئاشکرا دوهەمیان هەڵبژارد.

لەوروەوە کە تیورەسازانی پەیمانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای مەدەنیان لەخاڵی بەرامبەر بەدۆخی سروشتیدا دادەنا، کۆمەڵگای مەدەنی و کۆمەڵگای سیاسیان تێکەڵ بەیەکتڕکرد. لەروانگەی ئەوانەوە تاکەکان هەرئەوەندەی لەدۆخی سروشتیەوە چونەدەرێ، دەچنە ناو کۆمەڵگای مەدەنی و سیاسیەوە. تێکەڵی کۆمەڵگای مەدەنی و سیاسی لەبەرهەمەکانی بیریارانی تریشدا دەبینین. بۆ نمونە بۆدن دەیگووت «دەوڵەت کۆمەڵگای مەدەنیە» و ئیمانۆئیل کانتیش دەیگووت «مرۆڤ دەبێت لەدۆخی سروشتی کە تیایدا هەرکەسێك بەپێی هەوەس و ئارەزوەکانی خۆی دەسوڕێتەوە، بێتە دەرێ و پەیوەندی بەکەسانی دیەوە بکات....مل بۆ سنوردارێتیەکی یاسایی و دەرەکی گشتیبدات...و بە دەربڕینێکی دی بەپلەی یەکەم بچێتە ناو دۆخی مەدەنیەوە».

مەسەلەیەکی تر ئەوەیە کە لەتیورەکانی پەیمانی کۆمەڵایەتیدا، کۆمەڵگای مەدەنی وەك خاڵی بەرامبەر دۆخی سروشتی، چەمکێکی دروستکراوە. لەتیورەی لۆکدا کۆمەڵگا سەرچاوە لەسروشتی مرۆڤەوە وەردەگرێت، بەڵام کۆمەڵگا بۆئەوەی بەردەوام بێت دەبێت کۆمەڵگایەکی مەدەنی بێت، واتە کۆمەڵگایەك بێت لەسەر بناغەی مەدەنیەت و هەنگاونانی دولایەنە راوەستابێت. کۆمەڵگایەکی یاسارێژ کە تیایدا تاکەکان سنوردارێتیەك بۆ مافی خۆیان قبوڵدەکەن و دۆخێکی سیاسی کە تیایدا تاکەکان ملکەچی یاسا مەدەنیەکان و پەیمانی دولایەنەن، شتێکە کە دەبێت هوشیارانە دروستبکرێت. بەمشێوەیە چەمکی ئەرۆستۆیی کوینونیا پۆلۆتیکە (یا کۆمەڵگای سیاسی) بەتەواوی پێچەوانە دەبێتەوە. لەڕوانگەی یۆنانیەکانەوە کۆمەڵگای مەدەنی\سیاسی مەسەلەیەکی سروشتیبوو، چونکە: بەتەواوی لەگەڵ سروشتی کۆمەڵایەتی مرۆڤدا (ئاژەڵی سیاسی) گونجاو بوو. بەڵام هەر ئەم کۆمەڵگا مەدەنیە لەروانگەی هۆبزەوە (لەبەرئەوەی خاڵی بەرامبەر دۆخی سروشتیە و لەرێگەی رێکەوتنی تاکەکانەوە بۆ دەرچوون لەدۆخی سروشتی دروستدەبێت) کۆمەڵگایەکی «دامەزراو یان دروستکراوە».

ئێستا قبوڵکردنی ئەو مەسەلەیەی تاکەکان بەشێوەیەکی هوشیارانە کۆمەڵگایەکی مەدەنی و کۆمەڵگایەکی سیاسی دروستدەکەن ، دەرئەنجامی زیندووی

دیارکراوی دەبێت. تاك لەتێڕوانینی ئەرستۆدا بۆ کوینیونیا پۆلیتیکا، توانای کەمی لەبەرامبەر کۆمەڵگای سیاسیدا هەیە، چونکە ئارەزوەکان و هەوەس و عەقڵی مرۆڤ بەشێوەیەکی سروشتی دەبێتە هۆی پەیدابوونی کۆمەڵگای سیاسی. بەڵام کاتێك تاکەکان بەشێوەی ئازادانە و هوشیارانە کۆمەڵگایەکی دروستکراو پێکدەهێنن، ئەوسا خۆبەخۆ خاوەن توانایەکی سەربەخۆ لەم کۆمەڵگا دروستکراوە دەبن. رازیبوونی تاکەکان گرنگیەکەی لەوەدایە، توانایی ئەو کەسانەی رازیدەبن پیشاندەدات. تاك لەتیورەکانی پەیمانی کۆمەڵایەتیدا خەسڵەتێکی عەقڵانی هەیە و دەتوانێت لەوە تێبگات کە لەحاڵەتی نەبوونی خەسڵەتە یاساییەکاندا، پەیوەندییە مرۆییەکان توشی کێشە دەبن و ئاسایش مومکین نابێت. پرۆسەی رازیبوون، توانای سیاسی و کۆمەڵایەتی بە تاك دەبەخشێت، چونکە دەیکاتە خاوەن تیڕ بینی و یەکسانی سیاسی. گرنگتر لەمە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی\سیاسی دروستکراو، دەبێتە هۆی ئەوەی تاکە رازیبووەکان تا رادەیەك کۆنترۆڵیان بەسەر ئەم دروستکراوەی خۆیاندا (واتە کۆمەڵگای مەدەنی و سیاسی) هەبێت. ئەم کۆنترۆڵەش لەبەرئەوە قابیلی جێبەجێبوونە کە تاکەکان لەسەر بناغەی یاسای سروشتی، خاوەن مافی سروشتین.

تیورەسازانی پەیمانی کۆمەڵایەتی گۆڕانکاریەکی یاسایی گرنگیان هێنایە دی. ئەوان مافی سروشتی فەرمانڕەوایان سەندەوە و مافە سروشتیەکانیان لەسەر بناغەی یاسای سروشتی بەتاکەکان سپارد. ئەم مافە سروشتیانەیان بەهەمیشەیی و نەگۆڕ دەزانی کە قابیلی گواستنەوە نییە. لەهەر کۆمەڵگا و هەلومەرجێکدا تاکەکەکان لەبەر مرۆڤبوونی خۆیان، خاوەن ئەم مافانەن. ئەم مەسەلەیە دەرئەنجامی گرنگی بۆ چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی هەبوو. تاکەکان بە دەستی خاڵی نەدەچونە ناو کۆمەڵگای مەدەنیەوە، بەڵکو ئەم مافانەیان لەگەڵ خۆیاندا دەبرد. یەکێك لەم مافانە، مافی هەڵبژاردنی شێوەی حکومەت بوو. بەڵام گرنگتر لەمە کاتێك حکومەت دروستبوو، وەزیفەی فەرمانڕەوا ئەوەبوو کە هەلومەرجی پێویست بۆ بەدیهاتن و بەردەوامبوونی مافی تاکەکان بێنێتەدی. لەڕاستیدا ئامانجی پەیمانی کۆمەڵایەتی، دروستکردنی کۆمەڵگایەك بوو، کە تیایدا مافی تاکەکان لەرێگەی رێکەوتنی دولایەنەوە پارێزراو بێت و بێتە دی. بەمشێوەیە ئەم مافانە بوونە هۆی سنوردارببوونی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا. نەك هەر ئەو دەوڵەتە مەشروتیەتەی کە

بەپێی بەڵگاندنەکانی لۆك بە هۆی تاکەکانەوە دروستدەبوو، بەڵکو ئەو دەوڵەتە دەسەڵاتدارەش کە بەپێی تێڕوانینی هۆبز لەلایەن تاکەکانەوە دروستدەکرا، سنوردار بوو. ئەم دەوڵەتانە بەهۆی مافی سروشتی تاکەکانەوە، سنوردار دەکرێن. بە دەربڕینێکی دی ڕەچاوکردنی مافەکانی تاك، بوو بە ئەرکی دەوڵەت و بەمشێوەیەش سنوردارێتی بۆ دەوڵەت دروستکرد.

دیارە ئەم سنوردارێتیانە لەتیورەکەی لۆکدا زۆر زیاترە. لۆك کە ڕاستەوخۆ پاش «شۆڕشی شکۆدار»ی ساڵی ١٦٨٨ تیورەکانی خۆی نوسی، مافی جۆراوجۆری، وەك مافی مۆڵکایەتی و گواستنەوەی دارایی و مافی ئازادی بۆ تاك بە ڕەوا دانا. لەروانگەی لۆکەوە تاکەکان بۆ پاراستن و بەدیهاتنی ئەم مافانە، دەچنە ناو کۆمەڵگای مەدەنیەوە. لۆك و هیگڵیش پاش ئەو، بڕوایانوابوو ئەم مافانە تەنها لەکۆمەڵگایەکدا دەتوانێت بپارێزرێت کە ئەم مافانە بەفەرمی بناسێت و پشتیوانیەکی یاسایی بۆ دابینبکات. ئەم مافانە بەهۆی زەمانەتی کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە، پیرۆزی ئەخلاقی و سیاسی بەدەستدێنن. لێرەوە ئەو دەوڵەتەی لۆك مەبەستی بوو، هەر لەسەرەتاوە دەوڵەتێکی مەشروتە بوو.

بەڵام تەنانەت هۆبزیش بەپێچەوانەی تەفسیرە باوەکانەوە، چەند سنوردارێتیەکی بۆ دەوڵەت دادەنا. ئەگەر کتێبەکەی بەقوڵتر بخوێنینەوە، دەتوانین ئەم سنوردارێتیانە دیاریبکەین. لەروانگەی هۆبزەوە تاك خاوەن دوو زنجیرە مافە کە دەوڵەت دەبێت ڕێزیان لێبگرێت. یەکێکیان ئەوەیە دەوڵەت ناتوانێت مافی ژیانی تاك پێشێلبکات. هۆبز دەنوسێت «ئامانجی گوێڕایەڵی، پاراستنە» لەروانگەی هۆبزەوە نەك مافی زیندووبوون، بەڵکو مافی خاوەندارێتی بەرهەمەکانی گوزەرانی ژیان: وەك دەستگەیشتن بە کەرەسەی خۆراك و ئاو و دەرمانیش، دەگرێتەوە.

«ئەگەر فەرمانڕەوا فەرمان بەکەسێك بدات، ئەگەرچی دادپەروەرانەش مەحکومکرابێت، خۆی بکوژێ یان بریندار یان کەمئەندام بکات، یان بەرگری لەبەرامبەر هێرش و زەبری کەسانی دیدا نەکات، یان لەبەکارهێنانی خۆراك، هەوا، دەرمان یان هەر شتێکی دی کە بۆ بەردەوامی ژیان پێویستە دەستهەڵگرێت، ئەو تاکە مافی سەرپێچیکردنی هەیە.

ئەگەر تاکێك لەرووی تاوانێکەوە کە ئەنجامیداوە، لەلایەن فەرمانڕەوا یان

نوێنەرەکەیەوە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێت، ئەو تاکە بێ دڵنیابوون لەبەخشین و لێبوردن، ناچار نیە دان بە تاوانەکەیدا بنێت...چونکە ناتوانرێت بە ڕێکەوتن و پەیمان هیچکەس ناچاربکرێت خۆی تاوانبار بکات».

ئەم مافە تایبەتیە سنوردارێتیەکی پۆزەتیڤ بۆ دەسەڵاتی فەرمانڕەوا دروستدەکات.

لەروانگەی هۆبزەوە تاکەکان خاوەن چەندان مافی نیگەتیڤیشن، واتە ئەو مافانەی لەحاڵەتی بێدەنگبوونی یاسادا مولکی تاکەکەسن: «ئازادیەکانی دی پەیوەندی بە بێدەنگبوونی یاساوە هەیە. لەحاڵەتێکدا کە فەرمانڕەوا هیچ یاسایەکی دانەناوە، تاك دەتوانێت بەپێی بڕوا و دیاریکردنی خۆی کاربکات». گرنگتر لەهەموو ئەمانە ئەوەیە، لای هۆبز گوێڕایەڵیش سنوری هەبوو : «گوێڕایەڵی خەڵکی لەفەرمانڕەوا تا کاتێك بەردەوامدەبێت کە هێشتا فەرمانڕەوا توانای پێویستی بۆ پارێزگاریکردن لەخەڵك هەبێت، چونکە تاکەکان بەشێوەیەکی سروشتی خاوەن مافی پارێزگاریکردنن لەخۆیان و کاتێکیش هیچ کەسێکی دی ناتوانێت پارێزگاریان لێبکات، ناتوانرێ مافی ناوبراو بەهیچ پەیمان یان ڕێکەوتننامەیەك بە کەسێکی دی بسپێرێت».

کین دەڵێت « هۆبز بەهیچ شێوەیەك لایەنگری بەکارهێنانی بێ قەیدوشەرتی دەسەڵات نەبوو. بەبڕوای هۆبز فەرمانڕەوا دەبێت دەسەڵاتی خۆی بەپێی «یاسا سروشتیە» گشتی و هەمەکیەکان بەکاربهێنێت، یاساگەلێك کە سەندنی ژیان و ئامرازەکانی گوزەرانی ژیان، قەدەغە دەکات. راستە هۆبز دان بە بوونی بوارێکی تایبەتی لەناو کۆمەڵگای مەدەنیدا دەنێت..بوارێك کە تاکەکان دەتوانن تیایدا هەندێك ئازادی نیگەتیڤیان هەبێت». بەڵام سەرەڕای ئەم تێڕوانینانە، کین بەو دەرئەنجامە دەگات کە ئەم سنوردارێتیانە بۆ دەسەڵات زۆرتر ڕوکەشین، تا واقعی. لەروانینی "کین"ەوە هۆبز ئارەزووی دەوڵەتێکی ئاسایشی دەکات.

کین بەپێی پێویست بەها بۆ ئەو سنوردارێتیانە دانانێ کە بنەمای پەیمانی کۆمەڵایەتی و یاسای سروشتی بۆ «مرۆڤی دروستکراوی» دروستدەکەن. لەلایەکەوە دەتوانرێ بگوترێ لەبەرئەوەی تاکەکان بۆ دروستکردنی دەوڵەتێك لەیەك کۆدەنەوە، خودی ئەم مەسەلەیە ئاشکراکەری چاوەڕوانی تایبەتیە لەبارەی ئەرکەکانی فەرمانڕەواوە. لەدیدی تیورەسازانی پەیمانی کۆمەڵایەتیدا ئەرکی دەوڵەت

دروستکردنی فەزایەکی یاساریژکراو بوو، بۆ بەدیهاتنی راستەقینەی مافە سروشتیەکان. ئێستا لەبەرئەوەی ئەم مافانە ئەوەندە گرنگن کە تاکەکان بۆ بەدیهاتنیان دەستبەرداری چەند ئازادیەکی دی دەبن کە لەدۆخی سروشتیدا هەیانبوو، کەوابوو دەبێت فەرمانڕەوا رێز لەم مافامە بگرێت. ئەم مافانە پێش دەوڵەت کەوتوون و هەر لەبەرئەمەش دەبێت رێزیان لێبگیرێت. ئەگەر دەستدرێژیش بکرێتە سەر ئەم مافانە، دەکرێ دژی دەوڵەت بەکاربهێنرێن. لەراستیدا مافەکانی تاکەکان بووە بە ئەرکی فەرمانڕەوا و دەسەلاتی فەرمانڕەوا سنوردار دەکات. دەوڵەتی ئاسایشی هۆبز بەهیچ شێوەیەك بێقەیدوشەرت نیە، بەڵکو دەوڵەتێکی سنورداراە.

بەئاشکرا تێکەڵکردنی کۆمەڵگای مەدەنی و کۆمەڵگای سیاسی لەتیورەکانی پەیمانی کۆمەڵایەتیدا دیارە. چونکە کۆمەڵگای مەدەنی و کۆمەڵگای سیاسی هەردوکیان پێکەوە لەبەرامبەر دۆخی سروشتیدا رادەوەستن. کۆمەڵگای مەدەنیش نەك لەبەرامبەر کۆمەڵگای سیاسیدا، بەڵکو لەگەڵیدا گونجاوە. لەو تیورانەدا جیاکردنەوەی کۆمەڵگای مەدەنی و سیاسی لەیەکدی بەشێوەیەکی شاراوە و ئامازەپێکردنە، چونکە تاك خاوەن مافی سەربەخۆ لەفەرمانڕەوایە. تاکی خاوەن مافە لەفەزایەکدا دەژی کە تارادەیەك لەدەسەلاتی سیاسی سەربەخۆیە. ئەم فەزایە کۆمەڵگای مەدەنیە. ئاشکرایە چۆن دەسەلاتی سیاسی لەبواری مەدەنی جیادەبێتەوە، کە فەزای تایبەتی ئەم مافانەیە. ئەوەی پەیوەندی لەنێوان دۆخی سروشتی، دروستکردنی کۆمەڵگای مەدەنی و کۆمەڵگای سیاسیو جیابونەوەی شاراوەی کۆمەڵگای مەدەنی و سیاسی لەیەکدی دروستدەکات، چەمکی مافی سروشتی هەمیشەیی و قابیلی دەستدرێژی نەکردنە. لەدواجاردا کۆمەڵگای سیاسی بەهۆی کۆمەڵگای مەدەنیەوە سنوردار دەکرێت. کۆمەڵگای مەدەنی فەزای هاوڵاتیانی خاوەن مافە. بەمشێوەیە چەمکی دۆخی سروشتی کە دروستکراوی زیهنی بیریارانی پەیمانی کۆمەڵایەتیە، دوو دەور دەبینێ: لەلایەکەوە ئاراستەی پێویستیبوونی فەرمانڕەوایەکی دەسەلاتدار دەکات و لەلایەکی دیەوە بەهۆی مافە سروشتیەکانەوە، سنورێك بۆ دەسەلاتی ئەم فەرمانڕەوایە دروستدەکات.

هەرچەندە ناکرێت بیریارانی پەیمانی کۆمەڵایەتی بەوردی بە بیریارانی کۆمەڵگای مەدەنی دابنرێن، بەڵام دەکرێت ناوەڕۆکە سەرەکیەکانی فۆرمی لیبڕالانەی

دوایی لەبارەی کۆمەڵگای مەدەنیەوە، لەتیورەکانی پەیمانی کۆمەڵایەتیدا بدۆزرێتەوە. یەکێك لەم ناوەڕۆکانە چەمکی تاکی خۆویستە کە بە دوای بەرژەوەندیەکانی خۆیدا دەگەڕێت. لەراستیدا مەك فرسۆن بڕوایوایە هۆبز یەکەمو بەرجەستەترین وتەبێژی تاکگەری نوێ بوو. تاکگەریش شتێکبوو کە دواتربوو بەپێشگریمانە بنەڕەتیەکانی بیرۆکەی کۆمەڵگای مەدەنی. چونکە چەمکی سەربەخۆیی و باڵادەستی تاکی عەقڵانی و هوشیار، بناغەی داواکاری بەدەستهێنانی سەربەخۆی تاکەکەسی لەدەوڵەت پێکدەهێنا.

ناوەڕۆکێکی دی ئەو بیرۆکەیەبوو کە تاك خاوەن کۆمەڵێك مافەو ئەم مافانە پێش دەوڵەت کەوتون و سەربەخۆییان لەدەوڵەت هەیە. لێرەدا گرنگترین مەسەلە، بیرۆکەی پیرۆزی مولکایەتی تایبەتیە کە لۆك ئاماژەی بۆکردووە. لەراستیدا لۆك مەسەلەیەکی هێنایە پێشێ کە بوو بەیەکێك لەتەوەرە سەرەکیەکانی لیبڕالیزم: بناغەی هەرجۆرە ئازادیەك بریتیە لەمافی مولکایەتی و گواستنەوەی دارایی. مافی مولکایەتی لەگەڵ ئازادیدا یەکسانکراوە و لەراستیدا بووە بە بناغەی هەرجۆرە مافێك.

سێهەم ناوەڕۆك کە بیریارانی پەیمانی کۆمەڵایەتی بۆ بیرۆکەی کۆمەڵگای مەدەنیان زیادکرد، ئەوە بوو کە پەیوەندی تاکەکان بەیەکەوە و پەیوەندی تاکەکان بە دەوڵەتە، پەیوەندیەکی پەیمانئاسایە. ئەم بیریارانە مۆدێلێکیان بۆ مامەڵەی کۆمەڵایەتی لەنێوان تاکەکان و لەنێوان تاك و دەوڵەتدا پێشکەشکرد.

چوارهەمین یارمەتی بیریارانی پەیمانی کۆمەڵایەتی بریتیبوو لەهێنانە ئارای چەمکی حکومەتی سنوردار. حکومەتێك کە لەلایەکەوە بەهۆی ئەو مەسەلەیەوە سنوردار دەکرا کە مەخلوقی مرۆڤ بوو، لەلایەکی دیەوە بەهۆی ئەوەوە کە ئەرکی سەرەکی بریتیبوو لەپارێزگاریکردن لەو مافانەی تاك لەدۆخی سروشتیەوە لەگەڵ خۆیدا هێنابووی. بیریارانی سەرەتای تازەگەری لەلایەکەوە بە کردنی تاك بەگرنگترین رەگەزی گوتاری سیاسی، و لەلایەکی دیەوە بە هێنانەئارای ئەو مەسەلەیەی کە بواری مەدەنی بواری هاوڵاتیانی خاوەن مافە، چوارچێوەی پێویستیان بۆ گوتارێك..بۆ گفتوگۆیەك پێکهێنا کە جێگەی یەکەمی بە تاك داوە و بڕوای بەتوانای تاکە بۆ هەڵبژاردنی چارەنوسی خۆی. تیورەی سیاسی لەشێوە

مۆدیرنەکەیدا چەمکی دەوڵەتی وەك خاوەنی کۆی مافەکان ڕەدکردەوە و ئەم مافانەی بۆ تاك گواستەوە. بیریارانی پەیمانی کۆمەڵایەتیش یەکەم بنەماکانی ئەم شکڵبەندیەیان بەرپاکرد.

لەگەڵ ئەمەشدا تیۆرەی بناغەدانەرانی پەیمانی کۆمەڵایەتی، چەند کێشەیەکی مێژوویی هەیە. هۆبز و لۆك لەبری تیۆرەی مافی خودایی فەرمانڕەوا، تیۆرەی مافی سروشتیان هێنایە ئاراوە، بەڵام خودی فەرمانڕەوا لەناوەندی دەوڵەت وەك دەزگایەکی سیاسی ڕێکخراو، سەرچاوە لەرەخنەگرتنێکی قوڵەوە لەکۆمەڵگا دەگرێت. بێ فەرمانڕەوایەکی بەهێز، کۆمەڵگا توشی کێشە و چەرمەسەری دەبێت. تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایە پێڕەوی پرۆژەیەکی خۆدروستکردنی بەربڵاو بەمانا هیگڵیەکەی نین. واتە گواستنەوە لەبەرژەوەندی لاوەکیەوە بۆ بەرژەوەندی گشتی. «هۆبز...هیچ چاوەڕوانیەکی ئەخلاقی یان عەقڵانی مەزنی لەبارەی سودوەرگرتنی تاکەکانەوە لەبارەی ئازادیەوە، لەسەردا نەبوو». بیریارانی پەیمانی کۆمەڵایەتی تاکی گوشەگیریان هێنایە ناو کۆمەڵگاوە، بەڵام چەمکسازی لەبارەی ئەم پرۆژەیە، واتە لەبارەی توانا و ماهیەتی خودی کۆمەڵگاوە، بە لیرالیەکانی دوایی سپێررا.

هەرچەند بیریارانی پەیمانی کۆمەڵایەتی ڕونکردنەوەی عەقڵانی و قانعکەرانەیان لەبارەی دەوڵەت و کۆمەڵگاوە پێشکەشکرد، بەڵام هەوڵەکانیان خەسڵەتێکی شەخسی هەبوو. دەکرێ یەکەمین و گرنگترین مەسەلەی تیۆرەکانی پەیمانی کۆمەڵایەتی، بەشێوەی چەمکسازی یاسای سروشتی و مافی سروشتی بزانرێت. لەروانگەی هۆبز و لۆکەوە مافی سروشتی لەیاسای سروشتیەوە سەرچاوەدەگرێت. بەپێی تەفسیری کەسانی وەك جان دانیش لەروانگەی لۆکەوە ئەم یاسا سروشتیە، دەرکەوتێکی زاتی خوداوەندە. جان گری بە قبوڵکردنی ئەم تەفسیرە دەنوسێت :

«لەروانگەی لۆکەوە مافە سروشتیەکان هەلومەرجێکن کە بۆ پارێزگاریکردن لەپاراستنی ژیانی خود، پێویستیان بەبناغەی یاسا سروشتیە خودا پێدراوەکانە. بەپێی ئەم یاسایانە ئێمە مافی ئازادی و مۆڵکایەتیمان هەیە و هیچکەس ناتوانێت پیشێلیانبکات، بەڵام لەبەرئەوەی ئێمە مولکی خوداین، کەوابوو ناتوانین بەشێوەیەکی کامڵ و هەمیشەیی دەستبەرداری ئازادی خۆمان بین...یان لەرێگەی خۆکوشتنەوە کۆتایی بە ژیانمان بێنین...ئەم دەزگا فکرییە کە تیایدا مافە

لیبرالیەکانی مۆڵکایەتی لەچوارچێوەی خواناسی مەسیحیدا ڕەوایەتی وەردەگرێت، لەئینگلتەرادا تا سێ سەدە پاش بلاوبونەوەی بەرهەمە سیاسیە سەرەکیەکانی لۆك، لەگەڵ لیبرالیزمدا تێکەڵبوو بوو».

بیریارانی یاسای سروشتی بڕوایانوابوو بەو بیرۆکەیەی تاکەکان بە پێی یاسای سروشتی خاوەن مافی تایبەتین، دەتوانن بەرەنگاری دەسەڵاتی ڕەها ببنەوە، ئەم یاسایەش لایەنیکەم لەروانگەی لۆکەوە خودا پێدراوانە بوو. بەڵام بیریارانی یاسای سروشتی ئەم یاسایەیان بە«بەڵگەنەویست و بەدیهی» دەزانی. ئەم یاسایە تایبەت نەبوو بە کۆمەڵگایەکی دیاریکراو، بەڵکو بەشێکبوو لەمرۆڤایەتی هەر تاکێك. قبوڵکردنی چەمکی یاسای سروشتی، سەرچاوە لەباوەڕێکی بێ چەندوچونەوە بەتێزێکی نامێژوویی لەبارەی یاسای سروشتیەوە دەگرێت. چەمکەکانی یاسا و ماف، چەمکی دڵخوازانەن، چونکە دروستکراوێکی زیهنین.

لەلایەکی دیشەوە تیۆرەکانی پەیمانی کۆمەڵایەتی خەسڵەتێکی شەخسی و دڵخوازانەیان هەبووە. پێویستی بوونی کۆمەڵگای مەدەنی و دەوڵەت، لەوێنایەکی گریمانەی و تێڕوانینێکی تیۆریەوە بۆ ماهیەتی مرۆڤ سەرچاوە دەگرێت. ئەم تێڕوانینەش لەتیۆرەیەکەوە بۆ تیۆرەیەکی دی دەگۆڕرا. بڕوابوون بە سەرچاوەی خودایی ئەم یاسایە و بە کۆمەڵگا و دەوڵەتێکی دروستکراو و ساختە، پاش ماوەیەکی کەم جێگەی خۆیدا بەرونکردنەوە «زانستیەکان» لەبارەی پەرەسەندنی کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکانەوە. بەمشێوەیەش فەلسەفەی تیۆری جێی خۆیدا بە«زانست»، کە تیایدا جێگەیەك بۆ چەمکی یاسای خودای هەمیشەیی و نەگۆڕ نەبوو.

سەرئەنجام ئەم تێڕوانینە تایبەتە لەبارەی دەوڵەت و شکلگیری کۆمەڵگاوە نەك تەنها تێڕوانینێکی شەخسی و دڵخوازانە بوو، بەڵکو نامێژوویش بوو. ئەم تێڕوانینە لەوروەوە نامێژووی بوو کە ئەو دەوڵەت و کۆمەڵگایەی دروستدەکرا، لەڕووی شوێن و زەمەنەوە جێگەیەکی دیاریکراوی نەبوو. ڕونکردنەوەی مێژووی دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی پێویستی بە تێڕوانینێکی وردتر هەیە، تێڕوانینێك کە لەڕووی مێژوویەوە بتوانێت دەوڵەتەکان لەناو جەرگەی کۆمەڵگا دیاریکراوەکاندا دابنێت. ئەم تێڕوانینە بۆ لێکۆڵینەوەی پەرەسەندنی کۆمەڵگاکان و دەوڵەتە جیاوازەکان و ڕونکردنەوەی جیاوازیەکانیان پێویستبوو. ئەم تێڕوانینە کە هەم ورد و هەم سەرنجی لەمێژوو

دەدا، بەهۆی ئابوری سیاسی کلاسیکییەوە پێشکەشکرا. وەك دواتر دەبینین ئابوری سیاسی کلاسیك، زانستی لەبری فەلسەفەی تیۆری داناو بیرۆکەی خۆبەڕێوەبردنی کۆمەلگای خستەبری بیرۆکەی شکڵوەرگرتنی کۆمەلگا لەرێگەی دەوڵەتەوە، و تێزی پەیوەستبوونی مافی تاکەکان بە پلەی پەرەسەندنی کۆمەلگاوەی، لەبری پەیوەستبوونی مافی تاکەکان بەیاسایەکی سروشتی هەمیشەیی و نەگۆڕەوە دانا.

ئابوری سیاسی کلاسیك و کۆمەڵگای مەدەنی

قوتابخانەی ئابوری سیاسی کلاسیك کە لەسەدەی هەژدەدا پەیدابوو، بەرهەمی سەردەمی رۆشنگەری بوو. هەر لەبەر ئەمەش تەحەدای کۆی چەمکسازیە باوەکانی لەبارەی کۆمەلگا و دەوڵەتەوە دەکرد. کلارك دەڵێت:

«بزوتنەوەی رۆشنگەری بە راشکاوی بنەما سەرەکیەکانی رەوایەتی سیاسی و ئەخلاقی لەرژێمی دەسەڵاتی رەهادا خستە ژێر پرسیارەوە. بزوتنەوەی رۆشنگەری لەبری خوداوەند، عەقڵ و سروشتی بە بنەمای رێنمایکەری سیستەمی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی دانا، لەبری وەحی ئیلاهی، لیکۆڵینەوەی زانستی بەسەرچاوەی هەقیقەت وەرگرت و لەبری قەشە و فەیلەسوفان، زانایانی بە مەرجەعی دیارکردنی راست و ناڕاست دانا».

بزوتنەوەی رۆشنگەری بە باوەڕهینان بەعەقڵی مرۆڤ و بە پشتبەستن بەیاساریژی دنیای کۆمەڵایەتی وەك دنیایی فیزیایی، ژیانی کۆمەڵایەتی بەسەربەخۆ لەزیهن و بیری مرۆڤ دانا. لەروانگەی بیریارانی رۆشنگەریەوە ئەرکی زانست و زانین ناسینی ژیانی کۆمەڵایەتی بوو، لەرێگەی عەقڵی مرۆڤەوە. دەستگەیشتن بە زانینی و ناسینی جێی باوەڕیش، لەبەرئەو هۆیە مومکینبوو، کە دنیا یاساریژ بوو. هۆی بوونی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، دۆزینەوەی ئەم یاسایانە بوو. زانستە تازەکان تاڕادەیەکی زۆر بەدوای دۆزینەوەی هەقیقەتی شاراوە لەپشت دیاردە ئاشکراکانەوە بوون. لەزانستە تازەکاندا هەوڵێکی زۆر بۆ دۆزینەوەی شێوازە ئاڵۆزەکان بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە درا. لەبەرئەوەش کە ناسین مومکین بوو، بەهەمان ئەندازە دەستگەیشتن بە زانستێکی بایەخدار کە بتوانێت دەستبکات بەشیکردنەوەو پێشبینی ورد مومکین بوو. لەسەر ئەم بناغەیە زانستە کۆمەڵایەتیەکان دەیانتوانی بەهاوکاری ئەم ئامرازە

دوبارەلێکراوانەوە، دەست بە شیکردنەوە و سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی میژووبکەن، و پێشبینی ڕەوتی شێمانەی کۆمەلگا مرۆییەکان بکەن.

ئابوری سیاسی بەپێچەوانەی فەلسەفەی تیۆریەوە، بانگەشەی زانستیبوونی دەکرد. ئابوری سیاسی تێڕوانینێکی میژووی وردی لەبری تێڕوانینە هەبوەکان لەبارەی خاڵی دەرچوونی دەوڵەتەکان و کۆمەلگاکانەوە، هێنایە پێشێ. ئەم تێڕوانینە چیدی پێویستی بەوێنای گریمانەیی یان بەو بیرۆکەیە نەبوو کە یەك یاسای سروشتی گەردونی بەسەر هەموو مرۆڤەکاندا لەهەموو قۆناغە میژویەکاندا، حوکمدەکات. ئەم تێڕوانینە دەیتوانی دەست بەشیکردنەوە، پێشبینی و وێنەکردنی کۆمەلگای جێی مەبەست ، لەسەر بنەمایەکی دی بکات کە زۆرتر سەرنجی لەسەر میژووە.

زانایانی ئابوری سیاسی کلاسیك لەژێر کاریگەری دیدی رۆشنگەریدا، گۆڕانێکی بەرجەستەیان لەمیتۆدلۆجیا و شێوازی ناسینی کۆمەلگاکاندا دروستکرد. تێڕوانینی ئەم ئابوریناسانە پوختەی تێڕوانینی نوێگەری بوو کە بەپێی ئەم تێڕوانینە کۆمەلگا مرۆییەکان بەپێی یاساگەلێکی بنەڕەتی دەچنە پێشێ کە سەربەخۆن لەخواست و ئیرادەی مرۆڤ. ئەم ئابوریناسانە بڕوایانوابوو روداوە میژوویییەکان نە بەرهەمی یاسا خواییەکان، و نە بەرهەمی مەبەستەکانی مرۆڤن. ئادام فرگسۆن دەیگووت «تەنانەت لەسەردەمی رۆشنگەریدا هەر جوڵەیەك کە لەکۆمەلگایەکەوە بکرێت، بە یەك ئەندازە هاوڕێی بێئاگاییە لەئاینده. نەتەوەکان بێ ویستی خۆیان کۆمەلگاگەلێك پێکدەهێنن کە لەراستیدا بەرهەمی کاری مرۆڤە، بەڵام بەرهەمی هیچ پڕۆژەیەکی مرۆیی لەپێشەوە دیاریکراو نیە».ئەرکی زانستە کۆمەڵایەتیەکان دۆزینەوەی ئەو یاسایانەیە کە بەسەر پەرەسەندنی کۆمەلگا مرۆییەکاندا فەرمانڕەوان.

گەڕان بەدوای ئەم یاسایانە بووە هۆی ئەوەی زانایانی ئابوری سیاسی کلاسیك بەرەو تێڕوانینێکی مادیانە بۆ میژوو بڕۆن. بەپێی ئەم قوتابخانەیە کۆمەلگاکان لەرێگەی ئەوەوە کە (میك) بە «چوار قۆناغ»ی پەرەسەندنی ناو دەنێت (راوچێتی، ئاژەڵداری، کشتوکاڵی و بازرگانی) بە پێشکەوتن و پەرەسەندن دەگەن. کۆمەلگای بازرگانی پیشاندەری دواهەمین یان کاملترین قۆناغی پەرەسەندنی ڕەگەزی مرۆڤە. دەبێ بۆ هۆکانی گواستنەوە لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دی، بەدوای گۆڕانکارییە

مادییەکاندا بگەڕێین، چونکە هەر قۆناغێك دەبێتە هۆی پەیدابوونی دابەشبوونی کاری ئالۆز، کە دەبووە هۆی پێشکەوتن و جیابونەوەی کۆمەلایەتی. ئەم مەسەلەیە دەستکەوتی کۆمەلایەتی زیاددەکرد و جولەی بەرەو قۆناغێکی پێشکەوتوتر، مومکین دەکرد.

شێوازی بەرهەمهێنان نەك هەر بە گرنگترین هۆکاری دیاریکردنی هەر قۆناغێکی پەرەسەندنی کۆمەلگا دادەنرا، بەڵکو بە هۆی دەستنیشانکەری مۆڵگایەتی، حکومەت، بنەمای ئەخلاقی و دەزگا کۆمەلایەتی و سیاسیەکانیش دادەنرا. ڕێکخستنی مادی کۆمەلگا واتە شێوازی بەرهەمهێنان و ئالۆگۆڕ و دابەشکردنی کالا لەناو کۆمەلگادا، دەبووە هۆی پەیدابوونی خەسڵەتە کۆمەلایەتیەکان و بنەما ئەخلاقیە گونجاوەکان. لێرەوە تێڕوانینی مادیانە بۆ مێژوو بۆ ناسینی ژیانی کۆمەلایەتی و دەستکەوتەکانیان لەبواره ئەخلاقی، کۆمەلایەتی، کلتووری و شارستانیەکاندا، پێویست بوو. بە دەربڕینێکی دی دەکرێ هەر قۆناغێك لەپەرەسەندنی کۆمەلگایەك بەپێی ڕێکخستنی سیستەمی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی ئەو کۆمەلگایە، بناسرێ و هەڵسەنگێنرێ.

ئێستا گەر کۆمەلگاکان قۆناغگەلێك لەپێشکەوتنی ئابوری، کۆمەلایەتی و ئەخلاقیان بەجێهێشتووە، وەهەریەك لەم قۆناغانەش پێشکەوتوترە لەقۆناغەکانی پێشوو، کەوابوو دەکرێ کۆمەلگاکان بەپێی ئەو قۆناغەی کە تێیدان پۆلێنبکرێن. ئابوری سیاسی کلاسیك وەك تێڕوانینێکی نوێ بۆ کۆمەلگا نەك هەر زانستێکی لەبارەی کۆمەلگاوە دروستکرد، بەڵکو لەسەر ئەو گریمانەیە بوو کە ئەم زانستە سروشتگەلێکی گەردوونی دروستکردووە. عەقڵ، پێشکەوتنی مادی و پێشکەوتنی ئەخلاقی پۆلێنکراون، و کۆی ئەم پێوەرانە لەچەمکی کۆمەلگای مەدەنیدا کۆدەکرێنەوە. بەدەربڕینێکی دی چەمکی کۆمەلگای مەدەنی بوو بە پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندنی پلەی پێشکەوتنی کۆمەلگاکان. رەنگە جێی سەرسوڕمانیش نەبێت کە ئەم شتە باشانەیان لەکۆمەلگاکانی ڕۆژئاوادا بینی. لێرەوە کۆمەلگای مەدەنی بوو بە ئامێری هەڵسەنگاندنی پێشکەوتن و پەرەسەندن، و کەسانی وەك ئادام فرگسۆن ئەو دەرئەنجامەیان وەرگرت کە کۆمەلگا پێشکەوتوەکان خاوەن کۆمەلگای مەدەنین، بەڵام کۆمەلگا سەرەتاییەکان خاوەنی نین.

ئالێرەدا وەرچەرخانێکی مێژووی سەرنجراکێش دەبینرێت. کۆمەلگای مەدەنی چیدی خاڵی بەرامبەر دۆخی سروشتی نیە (بەو شێوەیەی بیریارانی پەیمانی کۆمەلایەتی وێنایان دەکرد)، بەڵکو خاڵی بەرامبەر دیسپۆتیزمی رۆژهەلاتی و رۆژئاوایی و فیودالیزمە. کۆمەلگا سەرەتاییەکان لەژێر دەسەلاتی ستەمکاراندا دەژین، و بەڵام کۆمەلگا مەدەنیەکان فەزایەك بۆ رکەبەرایەتی ئازاد و مامەڵەی کۆمەلایەتی ئاشتیانە دەخولقێنن. لەروانگەی ئابوریناسانی سیاسی کلاسیکەوە، کۆمەلگا پێشکەوتوەکان ئەو بەشە لەکۆمەلگا رۆژئاواییەکانن کە گەیشتونەتە قۆناغی گەشەکردنی بازرگانی.

لێرەوە ئابوریناسانی سیاسی کلاسیك بەپێچەوانەی دامەزرێنەرانی پەیمانی کۆمەلایەتیەوە، کۆمەلگای مەدەنیان بە دیاردەیەکی دروستکراو نەدەزانی و بڕوایانوابوو پێشکەوتن و پەرەسەندنی کۆمەلگاکان، دەبێتە هۆی پەیدابوونی کۆمەلگای بازرگانی. لەراستیدا لەروانگەی ئەوانەوە کۆمەلگای مەدەنی دواهەمین و پێشکەوتوترین قۆناغی مێژوویی بوو کە باسی قۆناغێکی بالاتری پەرەسەندن و پێشکەوتنی دەکرد. بۆ نمونە فرگسۆن لەکتێبەکەی خۆیدا لەبارەی مێژووی کۆمەلگای مەدەنیەوە، پەرەسەندنی کۆمەلگای لەشێوە سەرەتاییەکانی مامەڵەی مرۆییەوە بۆ قۆناغێکی بەرزتری پێشکەوتنی تاوتوێکردووە. فرگسۆن بەلگە دێنێتەوە کە کۆمەلگای مەدەنی هاوڕێی پێشکەوتنە ئەخلاقی و کلتوریەکان، دابەشبوونی کاری ئالۆز، پابەندبوون بە یاسایە. ئادەم فرگسۆن بەرووڕی وێنەی کۆمەلگای بازرگانی دەکێشا. ئەم کۆمەلگایە دەرخەری دواهەمین و کاملترین قۆناغی پەرەسەندنی مرۆڤ بوو. لەروانگەی فرگسۆنەوە « پەیدابوونی حکومەتی یاسا و پێشکەوتنی یاسا و بەرهەمهێنانی پیشەسازی، بەگشتی دەبێتە هۆی جموجوڵ لەکۆمەلگا مەدەنیە تازەکاندا. لەم سەردەمی جیابونەوەیەدا جۆرێك زیندووی و روحی مەزنی داهێنان هەیە کە پێشتر لەسەردەمی درِندایەتی (ئاژەڵداری) و سەردەمی بەربەریەتدا (شوانی و کشتوکاڵیدا) نەبوو». رێك لەم روانگەیەوەیە دەکرێت لەو وتەیەی مارکس بگەین کە دەڵێت سەرمایەداری لەبەرهەمەکانی ئابوریناسانی سیاسی کلاسیکدا، تەنها خاوەنی مێژووی رابردووە، نەك مێژووی داهاتوو. لەم روانگەیەوە سەرمایەداری لوتکەی هەوڵ و پێشکەوتنی مرۆڤ بوو.

ئەم تێڕوانینە بۆ مێژوو و ئەو بڕوایە کە کۆمەڵگا بەپێی یاسا و پڕۆسەی سەربەخۆ دەجوڵێت، دەرئەنجامی قوڵی بۆ شیکردنەوەی دەوڵەت و کۆمەڵگا هەبوو. ئەم تێڕوانینە بووە هۆی جیابونەوەی ئابوری و سیاسەت، بڵندتر بوونی کۆمەڵگای مەدەنی و دواجار دابەزینی گرنگی سیاسەت. ئەم مەسەلانە دواتر بوون بە تەوەرەی سەرەکی زۆرێك لەتیورە لیبرالیەکان.

سەرچاوە
بەشێکە لەسێهەم فەسڵی ئەم کتێبەی خوارەوە
نیرا چانۆك: جامعه مدنی و دولت. ت: فریدون فاتمی\ وحید بزرگی. تهران، نشر مرکز چاپ اول۱۳۷۷

ڕەخنە لەکۆمەڵگای مێگەلی

ن: ستیوارت هیوز
و.ف: عزت الله فولادوند

چەمکی کۆمەڵگای مێگەلی هێواش لەدەیەکانی ۱۹۵۰دا لەلایەن ئەو بیریارانەی ئەمریکاوە قبووڵکرا کە خاوەن ئاراستەیەکی تیۆریتر بوون. بڵاوبوونەوەی کتێبی "کۆمەڵی تەنیا" نووسینی دیڤید ریسمان لەناوەڕاستی سەدەی بیستدا نەك هەر ڕەنگدانەوەی فەزای بەخۆدا چونەوە بوو لەو وڵاتەدا، بەڵکو بزوێنەری ئەو بەخۆدا چونەوەیەش بوو. ڕەگەزی هاوبەشی ئەم کتێبە لەگەڵ هەوڵەکانی دوایدا بریتیبوو لەدۆزینەوەو ئاشکراکردنی ئەو خەسڵەتانەی ئەمریکای هاوچەرخ-و هەروەها کۆمەڵگا پیشەسازیە پێشکەوتوەکانی دی- کە لەدیاردەی سەرمایەداری تەواو گەشەکردووی جیادەکردەوە.. ﴿واتە لەو سەرمایەداریەی﴾ خاوەن پۆلێنی چینایەتی ئاشکرای ئەوتۆ بوو کە ڕەخنەگرە کۆمەڵایەتیەکانی ڕابردوو- چ مارکسی یان نامارکسی- بوونیان بە بەڵگەنەویست دانابوو. شیکردنەوەی ئەمریکیەکان بۆ کۆمەڵگای مێگەلی، هەمیشە بەمەبەستی وەڵامدانەوە نەبوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەزموونی جەنگی سارد لەدەرەوەو، شێوەی بیرکردنەوەو کارکردنی سیناتۆر مەکارتی لەناوەوە، تۆنێکی ئەخلاقی بەم شیکردنەوانە دەبەخشی. لایەنیکەم گومان لەوەدا نەبوو کە پاڵنەرەکانی، جۆرێك نیگەرانی و هەستی سەرگەردانی فکریە.

زاراوەی "کۆمەڵگای مێگەلی" پڕ لەئاڵۆزیو بەمانای جیاوازو ناڕۆشن و زۆرجار دژ بە یەکیش بەکاردەهێنرا. هەندێکجار مەبەست لەم زاراوەیە کۆمەڵێك خەڵکبوو کە خاوەن کەسایەتی و تاکێتی خۆیان نەبوون و هەندێکجاریش بەمانای ئۆتۆماتیکیبوون و هەندێکجاری دی بەمانای باڵادەستی بیرۆکراسیەت بەکاردەهێنرا. بەڵام تۆیژەرەوانی کۆمەڵگای مێگەلی لەگەڵ ئەم زمانە ئاڵۆز و تەمومژاویەشدا، لەچەند خەسڵەتێکدا یەکیاندەگرتەوە. ئەوەی لەدەوروبەری خۆیان دەیاندی

هەلومەرجێکی چوونیەك و هاوڕەنگ بوو، بەڵام لەهەمانکاتدا دینامیکی: حاڵەتێك لە"ڕووت و قووتی" کۆمەڵایەتی کە هێواش هێواش چەمکی "هاوکۆمەڵی" تیا لەناو دەچوو. ﴿هەروەها هێواش هێواش﴾ تاکەکەس قەڵغانی کۆمەڵە نێوەندکارەکانی ﴿وسیگ﴾ لەدەستدەدا کە لەبەرامبەر گوشاری راستەوخۆو کۆنترۆڵکەری سەرچاوەکانی دەسەڵاتی سیاسیو ئابووریدا، پارێزگاریو پشتیوانی لێدەکرد(١).

لەفکری کۆمەڵایەتی رۆژئاوادا ئاگادارکردنەوە لەمەترسی "مێگەلەکان" شتێکی تازە نەبوو. پێشتر لەسەدەی نۆزدەدا پیاوانی وەك بۆرکهارت و نیتچەو تۆکفیل و هێنری ئادامز، لەگەڵ هەموو جیاوازیەکیاندا، ئەم مەترسیەیان راگەیاندبوو. لەیەکەم نەوەی بیریارانی سەدەی بیستدا "ئۆرتێگایی گاست" قسەی لەسەر درێغی بۆ رابردوو کردبوو، سێ بیریاری ئیتاڵی دیش "کرۆچە، مۆسکاو پاریتۆ" بەشێوەیەکی سیستماتیك و میتۆدی تر دەستیان بەشیکردنەوە کردبوو. بەڵام هەموو ئەمانە چ بەهۆی پێگەی کۆمەڵایەتی و چ بە هۆی هەڵوێستی فکریانەوە، خەڵکانێکی ئۆرستۆکراتی بوون و لەدابەزینی ئاست یان "هاوئاست" بوونی سەلیقەو بیروڕاکان کە بەهۆی بەخشینی مافی دەنگدان بە جەماوەرەوە رووبدا بوو، بێزاربوون و کشابوونە دواوە. ئەو شتە تازەو مەزنەی لەڕەخنەی کۆمەڵگای مێگەلیدا لەناوەڕاستی سەدەی بیستدا هاتە گۆڕێ، سەرچاوەی ئیلهامی دیموکراسیانەی ئەم ڕەخنەیە بوو. ئەو کەسانەی لەدەیەکانی ١٩٥٠دا لەبارەی ئەمریکاوە دەیانوسی، پەرینەوە بۆ هەلومەرجێکی پیشەسازی زۆر چڕبوونەیان ﴿متمرکز﴾ بە شتێکی بڕاوە دەزانی و قبوولیاندەکردو نەیاندەگوت کە پرۆسەی مۆدێرنبوون، رەنگە پێچەوانە بێتەوە یان ڕاوەستێت. مەبەستی ئەخلاقی ئەوان پاراستنی پاشماوەکانی کۆمەڵگایەك نەبوو کە لەسەر بناغەی پایەو پلەو ئیمتیازاتی کلتووریی دامەزراوە. ﴿بەڵکو﴾ دەیانویست بە ئاشکراکردنی ئەوەی مرۆڤی مێگەلی لەم پرۆسەیەدا چی لەدەستدایە،﴿مرۆڤ﴾لەخراپی بەرهەمەکانی ئازادی خۆی بیپارێزن.

ئەم مەسەلەیە لەبارەی زۆربەی ئەو بیریارانەوە راست بوو کە لەئەمریکا لەدایك بووبوون. کۆچکردووەکان گومانیان لەبارەی دیموکراسی سیاسیەوە هەبوو (لایەنیکەم بەو شێوەیەی کە لەچواردەوری خۆیاندا دەیاندی). و زووتر ئارەزووی ئەوەیاندەکرد لەڕووی ئایدۆلۆژیەوە باسەکان لەخاڵێکی مارکسیزمەوە دەست پێبکەن. بەڵام خاڵی

سەرسوڕهێنەر ئەوە بوو مارکسیزم واتە تاکە تیۆرەیەك کە لەڕوانگەی ئەوانەوە ماناو لۆژیکێکی هەبوو، هیچ نمونەیەکی مێژوویی پۆزەتیڤی پێشکەش نەدەکرد، و لەبری ئەمە لەجۆرێك نائومێدی و بێهیوایی گەورەوە سەرچاوەیدەگرت: بێهیوایی لەمێژووی دوایی لەستراتیژی ئەو حیزبانەوە ﴿سەرچاوەی دەگرت﴾ کە خۆیان بە میراتگری راستەقینەی مارکس دەزانی و بەتایبەتی بێهیوایی لەپرۆلیتاریا. ئەو چینەی کە ئەنگلز "بە میراتگری فەلسەفەی کلاسیك" ناویدەهێنان و ستایشی کردبوون، نەیتوانیبوو بەو جۆرە ڕەفتاربکات کە چاوەڕێی لێدەکرا. ئەم چینە ئاسودەیی لەژیاندا، لەکاری قارەمانانەو بەرهەمی هونەری ئاست نزم و دزێوی، لەبڵندبوونەوەی ئەندێشە، بەباشتر زانیبوو(٢).

لێرەوە لێکۆڵەرەوە کۆچکردووەکان کە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگای مێگەلیان کردبووە ئامانجی خۆیان، ڕەخنەی ئابووری پەیوەندیەکانی سەرمایەداریان کە لەسەدەی نۆزدەدا باوی هەبوو، گۆڕی بۆ ڕەخنەی کلتووری شارستانێتی بازرگانی کە بەرهەمی پیشەسازیە. لەشیکردنەوەکانیاندا ئەو گریمانەیە بە شاراوەیی هەبوو ﴿کە دەیگوت﴾زۆربوونی نیعمەت بە تەنها بەس نیە. دەگوترا سەرمایەداری هەرچەند لەبەدیهاتنی ئامانجی سەدسالەی سوشیالیزم کە لەناوبردنی فەقیریو سەختیە، نزیك بێتەوە (لەهەلومەرجی پڕ ڕەونەقی ١٩٥٠شدا ئەمە بەشتێکی دوور نەدەزانرا)، ئەوا دیسان هیچ گۆڕینێك لەکارەساتەکانی مرۆڤدا ڕوونادات. تا ئەو کاتەی مرۆڤ کار (وایریکردن) بە "لەخۆنامۆ" و "بەشت بوو refied" بزانێت- تا ئەو کاتەی جیهان کورتبێتەوە بۆ Entfremdung rerdi nglichung، خەڵکی لەجیهانێکی لەمچەشنەدا مل بۆ "بە شتبوون" بدەن و هیچ نەڵێن، ﴿ئەوا﴾ بێهودەیە کەسێك تەنها دڵی بە گواستنەوەی ڕووکەشانەی مولکیەتی ئامێرەکانی بەرهەمهێنان خۆش بێت. نمونەی ئەم مەسەلەیە یەکێتی سۆڤیەت بوو. ڕەخنەگرانی کۆمەڵگای مێگەلی گەرچی خوێندنەوەی زۆر جیاوازیان بۆ هەلومەرجی ژیان لەڕووسیای هاوچەرخیاندا پێشکەشدەکرد، بەڵام هەموان لەسەر ئەوە کۆکبوون کە ئەگەر ئامانج مرۆڤێکی ڕەسەنترو ڕاستەقینەتر، ئەوا ئەم مەبەستە بەهیچ شێوەیەك لەوێ نەهاتۆتەدی.

لە"بەهیموت"یشدا بەتایبەتی لەو بەشانەدا کە پەیوەندی بەچینی کرێکارەوە هەیە، یەکێك لەپێشگریمانەکانی فرانتز نوێمان هەر ئەم شێوە هەڵسەنگاندنەی

ماهیەتی کۆمەڵگای پیشەسازی لەسەدەی بیستەمدا بوو. بەڵام تێڕوانینی نوێمان بە پلەی یەکەم خەسڵەتێکی یاسایی و ئابووری هەبوو، و ئەو تەنها بەڕێکەوت و بەشێوەیەکی گشتی شتێکی لەبارەی مەسەلەی کلتووری مێگەلیەوە دەگوت. هەلومەرجەکە بەمشێوەیە مایەوە تا ئەو کاتەی پیاوانێک کە ڕۆژگارێک هاوکاریدەکردن -واتە ماکس هۆرکهایمەر و تیۆرۆ ئادرنۆو هربرت مارکیوز- ویستیان پەیوەندی عەقڵانیەتی تەکنەلۆژی بە بەهای هونەری و ئەخلاقیەکانی جەماوەری هاوچەرخەوە بدۆزنەوە. بەپێی ئەم تێڕوانینەی دوایی، فاشیزم نەک وەک جەمسەری دژ بە لیبرال دیموکراسی بەڵکو بە شێوەی "نمونەی کۆتای" ڕەوتێکی گشتی لەسەرتاسەری ڕۆژئاوای پیشەسازیدا، دەبینرا -"ڕەوتێک بەرەو دەسەڵاتی ناعەقڵانی"(٣) دواتر ئادرنۆ مەسەلەکەی بەمشێوەیە دەربڕی "دەکرێت (بەدڕەفتاری فاشیزمی) تۆندو بێ وەستان و بێبەزەیی لە"جووڵەی ئەو جەستانەدا ببینین کە ماشێن لەخزمەتکارانی داوادەکات"(٤).

ئادرنۆو هۆرکهایمەرو مارکیوز و کەسانی وەک ئەوان، چەندان ماوە پێش بەجێهێشتنی ئەڵمانیا، لەدەرئەنجامە کلتووریەکانی شارستانێتی ماشێنی، تووشی دڵەڕاوکێ بووبوون. چوونیان بۆ ئەمریکا ئەم نیگەرانیانەی کرد بەشتێکی هەنوکەیی. ئەگەر جۆرێک چوونیەکی کلتووری بنەڕەتی هەبوو کە هەموو وڵاتە پیشەسازیە پێشکەوتوەکان تیایدا هاوبەشبوون، کەوابوو ئەمریکای دیموکراتی لەچ ڕوویەکەوە لەڕایشی نازی دیسپۆتیزم، جیاواز بوو؟ ئەگەر نەزانین و دڵمردوویی ئایدیۆلۆژی و بیرکردنەوی کلێشەیی و تاک پەرستی، دەرکەوتە سیاسیە ناچارەکانی کۆمەلگای مێگەلی بوو، کەوابوو چ شتێک مومکین بوو، ڕێگە لەوە بگرێت ئەمریکیەکان بەهەمان ئەو ڕێگەیەدا نەڕۆن کە ئەڵمانیەکان پیایدا ڕۆیشتبوون؟ ئایا ئەگەری ئەوە نەبوو کۆچکردوەکان ئەمجارە لەشێوەیەکی هێواشترو لەجل و بەرگێکی گۆڕاودا لەو وڵاتەی پەنایان بۆ بردووە، ڕووبەڕووی هەمان ئەو هێزە ترسناکانە ببنەوە کە لەوڵاتی خۆیان ڕاوی نابوون؟ دیارە ئەم پرسیارە کوشندانە، ئەوانی بۆ پشکینینی ئەو لایەنەنانەی کۆمەلگای ئەمریکی ڕاکێشا کە پێدەچوو "ئامادەیی فاشیزمی" هەبێت:

واتە جۆرێکی نەرمتری ناچارکردنی کۆمەڵایەتی کە لەڕووی دەرئەنجامەوە،

هاوسەنگی تۆقاندن و تۆندوتیژی نازیەکان دەردەکەوت. ڕەفتارێك کە ریسمان پاشتر بە "ڕوو لەخاوەنداری نەبوون" ناوینا، لەوڵاتە یەکگرتووەکاندا لەباشترین هەلومەرجەکاندا، دەبینرا، ئادرنۆو هۆرکهایمەر لەکالیفۆرنیا نیشتەجێبوون و لەوێ ڕۆژانە، ئاشکرابوو کە خەڵکێکی سادە چۆن ملکەچی گوشارە ناسکتر، بەڵام کۆنترۆڵکەرانەی هاوشاریەکانی خۆیانن و هیچ هۆیەکیش نابینن بۆ ئەوەی شەرم لەمەبکەن. هەموو ئەمانە بە تەنیا بەس بوو بۆ ئەوەی کۆچکردووەکان ناچار بە بیرکردنەوەو تێفکرینبکات. هەستی بێ پشت و پەنای تۆندی شەخسیش، ئەم شتەی زیاددەکرد. لەئەوروپادا ڕۆشنبیران دەیانتوانی ژیانی تایبەتی خۆیان لەدەستی کلتووری گشتی بپارێزن و لەقەڵای حورمەت و پلەوپایەی خۆیاندا، دیاردە دزێوەکانی سەلیقەی جەماوەر لەخۆیان دووربگرن. بەڵام پاش ئەوەی چوونە ئەمریکا، دیوارەکان ڕمان و ڕووبەڕووی لێشاوێك شتی نزمبونەوەو بەهەمان ڕێژەش حاڵەتێکی جەنگاوەری تۆندیان پەیداکرد. ئەوەی لەئەوروپا هەستی "ئالۆزی سوکایەتیپێکردن" بوو، لەوڵاتە یەکگرتووەکاندا بوو بە هەستێکی "وەڕسی دوورو درێژو بێ کۆتایی"(٥).

لەگەڵ ئەمەشدا ئادرنۆ و هاوڕێکانی لەم لایەنەشدا وەك هەموو لایەنەکانی دی، ئەو خەباتەی دەستیان پێکردبوو، بەخەبات دەزانی لەدوو ئاراستەدا: لەهەمانکاتدا کە ڕەخنەیەکی تۆندیان ئاراستەی سەلیقەو دیدی مێگەلەکان دەکرد، بەڵام بە ئاشکرا دەیاندی کە بەرگریکردن لەبەهاکانی "کلتووری باڵای" تەقلیدی، بەس نیە. گوناهی جەماوەر نەبوو کە بەوشێوەیە ڕەفتاریدەکرد بەڵکو گوناهەکە لەئەستۆی پەیوەندیە ئابووریەکانی دەسەڵاتدار بەسەر ژیانیاندا یان لەئەستۆی ئەو کەسانە بوو کە بەشێوەیەکی ڕێکخراو ژیانی کەسانی دیان دەستکاری دەکردو یاریان پێدەکرد. ڕەنگە هەر لەبەر ئەمەش هۆرکهایمەر و ئادرنۆ خۆیان لەبەکارهێنانی زاراوەی "کۆمەلگای مێگەلی" دەپاراست و بە باشتریان دەزانی باسی "دنیای ژیانی بە بەڕێوەبەرایەتی کراو" Verwal tete welt بکەن. بە بڕوای ئەوان لەدنیایەکی لەمچەشنەدا چوونەپاڵ ئەو ڕەخنەگرە پارێزگارانەی کە شەیدایانە بە پارچە بەهاییە کلتووریەکانی ڕابردووەوە نووسابوون، کارێکی کۆنەپەرستانەیە. ئەمجۆرە ڕەخنەگرانە غافڵ لەوپرۆسە کۆمەڵایەتیانەی کلتووری راستەقینەی لێوە

دروستدەبێت، تووشی جۆرێك "بت دروستکردنی" تایبەت و و فێڵبازانە دەبوون، بەو مانایەی هونەرو ئەدەبیاتیان لەدەقی خۆبزوێنەری دەپچڕاندو رۆح و گیانیان لێدەسەندو بەمشێوەیەش وەك "کاڵا"یەکی دەستکەوت مامەڵەیان لەگەڵدەکرد. لەهەلومەرجێکی وادا مومکین نەبوو رەخنەگرێکی رەسەن و خاوەن هوشیاریەکی کامڵ، لایەنگری پەیڕەوانی رێبازی رۆح یان مەعنەوی بکات. جگە لەمەش لەبنەڕەتدا گومان هەبوو لەوەی ئایا بەڕاستی کلتووریکی باڵا ماوە کە دەبێت بەرگری لێبکرێ. دەڵاڵانی کلتووری باڵا ئەوەندە ئارایش و "بێلایەن " یان کردبوو کە جگە لەکۆمەڵێك شتی پڕوپوچ، هیچی لێنەمابۆوە. "قوڵبوونەوەو چاودێریکردن لەسەر بنەمای خود"یش بەهیچ نەدەگەیی، تەنانەت قسەکردن لەبارەی ئەوەوەی کە لەچ شوێنێکدا هەڵە کراوە، مومکین بوو ببێت بە زۆربلێی رووت، ئادرنۆ لەخەمناکترین هاواری نائومیدانەدا ئەو دەرئەنجامەی وەردەگرت کە "پاش ئاشڤیتز ئیدی بەربەریانە کەسێك شیعر بڵێت"(٦).

گەڕانەوە بۆ هیگڵ

پێشگریمانەی سەرەکی کۆچکردووەکان لەرەخنەی کۆمەڵگای مێگەلیدا، جۆرێك جیهانبینی بێگانەو بەگشتی نەناسراو بوو بۆ ئەمریکیەکان: واتە تیۆرەی مارکسی کە بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوە هیگڵیەکەی خۆی، تازە بوو بۆوە. لە١٩٢٣دا کە کتێبەکەی لۆکاش مێژوو و هوشیاریی چینایەتی چاپکرا "لەئەوروپای نێوەندیدا واتە لەناوەندی نەریتی مارکسیدا شتێك لە "دوبارە ژیانەوەی ئایدیالیزمی میتافیزیکی" رووبدا بوو. لۆکاش لەژێر فشاری دیسپلینی حیزبی کۆمنیستدا لادەرێتی سەردمی لاوی خۆی رەتکردبۆوەو بەکردەوە روانگەی "قوتابخانەیی" ماتریالیزمی دیالەکتیکی قبوڵکردبوو، کە لەدەوری دەرئەنجامی میکانیکی یاسا نەگۆڕەکانی ئابووری دەسوڕایەوە. بەڵام نەیدەتوانی رێ لەوە بگرێت نووسینەکانی ژیانێکی سەربەخۆ لەخۆی بەرنەسەر. ناوبانگی مێژوو و هوشیاریی چینایەتی بەنهێنی زیادیدەکردو بڵاوبوونەوەی دەستنووسە ئابووریو فەلسەفیەکان لەسەرەتاکانی دەیەی ١٩٣٠دا کە مارکسی لاو تیایدا تێڕوانینی سەرەکی خۆی بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئاشکرا کردبوو، راستی قسەکانی پێشووی لۆکاشی دەسەلماند، ئاشکرا دەبوو ئەم رەخنەگرە ئەدەبی و

شۆڕشگێڕەی دوایی ﴿واتە لۆکاش﴾، ئەوەی ماموستاکەی لەبواری ئایدیۆلۆژیادا نزیك هەشتا ساڵ پێش نووسی بووی، بەهۆی جۆرێك دووبارە بەرهەمهێنانەوە لەڕێی هاودڵیەوە، پێشبینی کردبوو(٧). ئادرنۆو هۆرکهایمەر بە دەگمەن ئاماژەیان بۆ دەستنووسەکانی پاریسی مارکس دەکرد و پەیوەندیان لەگەڵ لۆکاشدا ساردو زۆرجار دوژمنانە بوو، ئایدیالیزم بوونی خۆشیان قبوولنەدەکرد، بەڵام سەرەڕای ئەم نکوولێکردنانە، ئەگەر کەسێك لەڕوانگەیەکی فراوانتروە سەیری بەرهەمەکانیانی بکردایە، ئاشکرادەبوو کە ئەوانیش سەرقاڵی هەمان تەفسیری تازەو زیهنی مارکسیزمن کە لەماوەی چل ساڵدا لەدەیەی ١٩٢٠ تا دەیەی ١٩٦٠ ئەو تیۆرەی گەیاندە جێگەیەکی فەلسەفی تازەو بڵندتر، بەپێی ئەم تێڕوانینە ئانتۆنیوگرامشی بە پێشڕەوێکی ئیتاڵیای تاکانە دەژمێرا و پیاوێکی نیمچە لیبراڵی وەك میرلۆپۆنتی بەپەیامهێنەری مارکسیزمی نوێی سەدەی بیستەم دادەنرا، واتە مارکسیزمیك کە دوورە لەبانگەشە زانستیەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدە، و گەڕاوەتەوە بۆ سەرچاوە هیگڵیەکەی خۆی لەسەرەتاکانی ئەم سەدەیەدا. ئەم ئایدۆلۆژیستانە چەمکی لەخۆنامۆبوونیان بەکلیلی شیکردنەوەی کۆمەڵگا دادەنا. لەخۆنامۆبوون چەمکێکی رێنمایکەر بوو کە ژمارەیەکی زۆر لەبیریارانی سەرەرای ئەوپەڕی جیاوازیو هەمە رەنگیان، بەیەکەوە دەبەستەوە (چونکە نابێ لەبیرمانبچێ تەوەرەی دەستنووسەکانی مارکسی لاو باسی لەخۆنامۆبوونی کرێکار بووە. لەخۆنامۆبوون کەسەرەتا لای هیگڵ بەکارهاتبوو، پاشان لەبەرهەمی نیتچەو فرۆیدا ئاستێکی بەرفراونتری وەرگرتبوو و دواجار گشتیبوونێکی لەڕووی مانای بەرپرسیاریەوە پەیداکردبوو کە بووبووە وەسفێك بۆ سەرجەم ژیان لەجیهانی هاوچەرخدا. مژدەیەکی لەخۆ هەلگرتبوو بۆ ئەو کەسانەی لەپلەی "ئامانج" و "غایەت" دابەزێنراون،و بوون بە "ئامێر"و "هۆکار" و تەنانەت هەست بەو ستەمەش ناکەن کە لێیان دەکرێت، بۆ ئەوەی بتوانن لەمڕێگەیەوە مرۆڤبوونی خۆیان بدۆزنەوەو هوشیاربن بەوەی کە ڕەفتاری هەنووکەیی مرۆڤەکان، چ دژایەتیەکی خەمگینانە لەگەڵ توانا نەپشکوتوەکانیاندا هەیە.

سیمای باڵادەست لە"دەزگای لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتیدا" کە لە١٩٢٣ لەفرانکفۆرتدا بونیادنرا، ماکس هۆرکهایمەر بوو. "دەزگا" کە پێداویستیە

ئابووریـەکانی لەنووسـینگەی داهـاتی تایبەتیـەوە دابینـدەکراو لەگـەڵ زانکـۆی فرانکفۆرتدا کە خۆی کەمتر لەدە ساڵ پێشتر دامـەزرابوو، جۆرێك پەیوەندی ئـازادی هـەبوو. سـوربوو لەسـەر ئـەوەی دەبێـت لـەڕووی فکـرو ئایدیۆلۆژیـەوە سـەربەخۆ بمێنێتەوەو مایـەوە. مارکسیزم -دیـارە بـە تەفسیری جیـاواز- خـاڵی هاوبـەش و هـۆی پەیوەسـتبوونی هاوکـارانی "دەزگـا" بـوو. ناویـشی تـەنها بـەهۆی دووربینیـەوە لەناونیشانی "دەزگادا" نـەهاتبوو. بـەڵام هەرچـەند لێکۆڵینـەوەکانی "دەزگا" زیـاتر پەرەیدەسـەند، کاریگـەری فکـری جیـاواز دەهاتـە گـۆڕێو ئـەو شوناسـە سـەرەکیە تەمومژاوی تر دەبوو(٨).

خـاڵی هاوبەشـی دی رەگوڕیـشەی یـەهوودی بـوو، بەگـشتی زۆربـەی ئەندامـە گرنگەکانی "دەزگا"، سەربە خێزانی یەهوودی دەوڵەمەندو جێگـەگرتوو لەکۆمـەڵگادا بـوون، بـەڵام وەك زۆربـەی یەهوودیـە ئەڵمانیـەکان، یـان باسـی ئـەم مەسـەلەیەیان نـەدەکرد یـان ئەگـەر شـتێکیان دەگـوت، ئازاریـان دەچـێژا. تـا دەرکـەوتنی هیتلـەرو گواستنەوەی دەزگا بۆ ئەمەریکا هێشتا مەسەلەی "دژایـەتیکردنی یـەهوودی" یـەکێك لەو سەرقاڵیە سەرەکیانەی ئەندامان نەبوو. تا ئەوکاتە ئیمتیازی سـەرەکیان ئـەوەبوو بە نوێنەری کەمایەتیەکی ئەنتەرناسیونال و ئازادیخواز لەکۆمەڵی زانکۆیی ئـەڵمانیادا دادەنران: کەمایەتیـەك کـە سەرچاوەی ئاراستەکانی بـۆ هانیـەی فەرەنسی و خـودی مارکس دەگەڕایەوە.

ناکرێ سەرەتای هاوکاریـە سەرسـوڕهێنەرو ئاوارتنـەی ﴿اسـپنائی﴾ هۆرکهایمـەرو ئـادرنۆ بـە ئاسـانی دەستنیـشان بکرێـت. ئـەم دوانـە لـە١٩٢٢دا و یـەك سـاڵ پـێش دامەزرانـدنی دەزگـا، بەیەکـدی ئاشـنابوون، بـەڵام پەیوەنـدی رەسمـی ئـادرنۆ بـە "دەزگـا"وە پـاش پـانزە سـاڵ دەسـتی پێکـرد. پێدەچـێ رووداوی یەکیـەتی فکریـان رووداوێکی لەسەرخۆ بووبێت و سـەرئەنجام بـە ئاسـتێك لەچـوونیەکی گەیـشتووە کـە هۆرکهایمـەر رێگـەی بەخۆیـدەدا راشـکاوانە فەلـسەفەکانی هـەردووکیان بـە "یـەك" ﴿فەلسەفە﴾ رابگەیەنێ(٩). ئەمجۆرە لەپێکەوەژیان لەمێـژووی فکـردا بێەنـدازە کـەم وێنەیە: ئەو نمونانەی کە ڕاستەوخۆ بە بیرماندا دێت کاری هاوبەشی "دیتوکڤیـل و بومون" و مارکس و ئنگلزە. بەڵام لەم نمونانەدا ئاشکرابوو کە شەریکی بچوکتر کێیە. هەم لـەو سـەردەمەداو هـەم لەدوایـشدا ئاشـکرا بـوو کـە یـەکێکیان لـەڕووی زیهنیـەوە

بەسەر ئەوی دیـدا بااڵدەسـتە. بـەڵام پەیوەنـدی هۆرکهایمـەر و ئـادرنۆ بـەم ئاسـانیانە نـەبوو. ئادرنۆ زۆر زیاتر دەینووسیو هێواش هێواش ناودارتر بوو، هۆرکهایمەر پرۆژە هاوبەشـەکانیانی رێکدەخـست و هاوکارەکـەی رێـزی لێـدەگرت و توانـای لێـوەردەگرت، پێدەچێ نهێنی هاوڕێیەتی ئارام و خاڵی لەتێکچوون، کە هەم لەڕووی شەخسی و هەم لەڕووی فکریەوە قوڵبۆوە، جۆرێك دژایەتی خۆش گونجاو بوو لـەڕووی خەسڵەتەوەو هەروەها جۆرێك دابەشکردنی رێکەوتانەی بەرپرسیارێتی بوو لەنێوانیاندا.

هۆرکهایمەر هەشت ساڵ لەئادرنۆ گەورەتر بـوو. لـە١٨٩٥دا لـەدایك بووبـوو، کـوڕی یەکێك لـەخاوەنانی کارخانـە دەوڵەمەنـدەکانی شـتوتگارت بـوو. تـازە خوێندنی دوای بەکەلۆریۆسـی لەفەلـسەفەدا تـەواوکردبوو کـە بـوو بـە یـەکێك لـەهاوکاران و بونیادنـەرانی "دەزگـا". لێـرەوە لەسەرتاسـەری سـاڵەکانی باڵغبونـدا پەیوەنـدی بـە "دەزگا"وە هەبوو. لەڕاستیدا مێـژووی کۆچی "دەزگـا" لەگـەڵ مێـژووی کۆچـکردنی ئەودا یەك شت بـوو. لـە١٩٣٠دا بەڕێوەبـەرێتی دەزگاکـەی بەدەسـتەوە گـرت و کورسـی مامۆستای "فەلسەفەی کۆمەڵایەتی" وەرگـرت و بـوو بـە نوێنـەری نـەگۆڕی "دەزگـا" لەلێژنـەی زانـستی زانکـۆی فرانکفۆرتـداو لەوکاتـە بـەدواوە وەك رابـەری مەعنـەوی "دەزگـا"ی لێهـات. هۆرکهایمـەر وەك لەناونیـشانی مامۆسـتاییەکەیدا دەردەکـەوت، تێگەیشتن و تێڕوانینێکی نائاسایی بۆ فەلسەفە هـەبوو کـە هـەڵگری ئیلتزامێکـی پـڕ حەماسەت بوو بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی. هۆرکهایمەر بە کوشتنی رۆزا لۆکسۆمبۆرگ لـە١٩١٩دا نمونـەی ئایـدیۆلۆژی خـۆی لەدەسـتداو هـەرگیز رابـەرێکی سیاسـی دی نەدۆزیەوە کە بەو شێوە هاودڵو بە تەواوی لەگەڵیدا بێت، ﴿هـەروەها﴾ هۆرکهایمـەر لەپـەیرەوکردنی تەفسیری مارکسیانەی روداوەکانـداو جـەختی مارکسیانە لەیـەکێتی تیۆرەو پراکتیك، بەردەوام بە سەقامگیری مایەوە.

پێدەچـێ هۆرکهایمـەر لەلاویـدا زوو وەڕس و دڵتـەنگ بووبـێ و بـەپێی پێویـست بڕوای بەخۆی نەبووبێ، بەڵام لەدەیەی ١٩٣٠دا زیاتر بڕوای بـەخۆی کـردو هەرچـەند تەمەنی گەورە دەبوو، ئەم سیفەتە تیایدا بەهێزتر دەبوو. ئەم گۆڕانە رەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتـەوە کـە هۆرکهایمـەر لـە٢٩-١٩٢٨دا ماوەیـەکی کـورت لـەژێر ﴿چارەسـەی﴾ دەرونـشیکاریدا بـوو، هـەر ئەمـەش سـوودی بەحاڵەتەکـەی گەیانـد. بەهـەرحاڵ ئـەو کەسایەتیەی کـە دوور لـەوڵات بـە پایـەو پلەیـەکی بەرجەسـتە گەیـشت، رێکخـەرێکی

بەهێزو هەندێجار تەنانەت بی لێبوردن بوو.... هۆرکهایمەر هەرگیز نەیدەتوانی ئەو بیرانەی کە هەیبوو بە ئاسانی بخاتە سەر کاغەزو هەرچەند کەسایەتی بەهێزتر دەبوو، ئەم کارەی لا گرانتر دەبوو. لێرەوە بە تێپەڕبوونی زەمەن زۆرتر دەوری پاڕێزەرو پشتگیرو هاندەری هاوڕێ ئازیزەکەی﴿واتە ئادرنۆی﴾لەئەستۆگرتو﴿ئادرنۆ﴾ بوو کە فۆرمی کۆتایی بەو شتانە دەدا کە لەبارەیەوە گفتوگۆیان دەکرد.

تدی ئادرنۆ بەپێی وەسفی یەکێك لەهاوڕێ لاوەکانی مرۆڤێکی بێ پەروا ﴾بێ ئیحگیاگ﴿ بوو کە هەمیشە پێویستی بە پشت و پەنایەکی مرۆیانە هەبوو. "بێ پەروایی" لێرەدا بەمانای کەسێکە کە هەرگیز فێری یاسای یاریکردن لەناو جیهانی گەورەکاندا نەبووەو پەی بەو پێچوپەناو فێڵە دزێوانە نەبردووە کە کەسانەی دی بەهۆیەوە ژیان دەسوڕێنن و بەخراپی سوود لەخۆی وەردەگرن. ئادرنۆ درەنگ پەیوەندیکرد بە دەزگاوە و نەچووە ناو ململانێکانی رێکخستنیەوە. لەدوا ساتەکانی تەمەنیدا گەیشتە پلەی مامۆستایی، بەڵام بەشێوەی رۆتینی و ئاسایی زانکۆییەکان رەفتاری نەدەکرد و پێدەچوو لەو دەورە تازەیە ناڕەحەت و بێزار بێت. لەگەڵ ئەوەشدا لایەنیکەم لەچوار بواردا -فەلسەفە، مۆسیقاناسی، رەخنەی ئەدەبی و کۆمەڵناسیدا- جێگەیەکی بەرزی پەیداکرد، بەڵام تەنها لەدواهەمین دانەیاندا ﴾واتە لەبواری کۆمەڵناسیدا﴿ لەلایەن خاوەنانی پیشەکەوە بە تەواوی قبوڵکرا (کاتێ لەتەمەنێکی گەورەدا کرا بە سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمەڵناسی ئەڵمانیا، وەکو منداڵ لەخۆشیدا جێی بەخۆی نەدەگرت). لەسەرتاسەری ژیانی کارکردنیدا هەروا وەك مرۆڤێکی نامۆ ﴾غریب الحال﴿ لەپەراوێزی ریزی رۆشنبیراندا مایەوە(١٠).

ئادرنۆ لەنووسینەکانی سەردەمی ئاوارەییەتیدا، چەندجار ئاماژەی بۆ ژیانە "زیان پێگەیشتووە"کان beschadigtes کرد. بەڵام بە زەرورەت مەبەستی ژیانی خۆی نەبوو. ئەو کوڕی دایك و باوکێکی دەوڵەمەند بوو (باوکی لەفرانکفۆرتدا کاری بازرگانی شەرابی دەکرد) و منداڵی و هەرزەکاری بە خۆشییەوە بردەسەر و حەزی لەچی کرد، کردی. مۆسیقاو هەستی جیهان- نیشتمانی لەو ئاو و هەوایەدا کە هەناسەی تیادەدا، بڵاوبوو (سەرئەنجام ناوی خێزانی دەگمەن و بێگانەی دایکی لەناوی باوکانەی "ویزن گرۆند" بە باشتر زانی. ئادرنۆ ناوی ئەفسەرێکی فەرەنسی

خەڵکی دورگەی کورس بوو کە گۆرانیبێژێکی ئەڵمانی هێنابوو). ئادرنۆ پاش خوێندنی ئاهەنگسازی‌و وەرگرتنی پلەی دکتۆرای فەلسەفە لەوڵاتدا، لەبیست و دوو ساڵیدا و لەساڵی ١٩٢٥دا چوو بۆ ڤیێنا بۆ ئەوەی لەژێر دەستی (ئالبان برگ) کاربکات کە موریدی (ئارنۆلد شوئنبرگ) موسیقاری گەورە بوو. لەو شارەدا چووە ناو کۆڕی هاوڕێیانی شوئنبرگەوە -هەمان ئەو کەسانەی کە چەندان ساڵ دوای ئەوە لەکالیفۆرنیا لەگەڵیاندا ئاشنایەتی تازەکردەوە. لە١٩٢٨دا گەڕایەوە بۆ فرانکفۆرت و دووبارە رووبەرووی فەلسەفە)، بەڵام هەمیشە فەیلەسوفێك بوو وەك نیچە مۆسیقا هەموو گۆشەو کەنارێکی ژیانی داگیرئەکرد. ئادرنۆ هەرگیز بێ پارە نەمایەوەو هەمیشە خاوەن خۆشەویستی‌و وەفاداری هاوڕێی گەورەو میهرەبانی ﴾واتە هۆرکهایمەر﴿ و وەفاداری و گەرموگوڕی تەواوی هاوسەرەکەی بوو. تا دوا ساتی رووداوە سەیرو دەردناکەکەی کە بووە هۆی مەرگی، توانی بەشێوەیەکی بێوێنەو بێ هیچ سازشکاریەك بەردەوامی بە ژیانی خۆی، لەجیهانی ئەندێشەدا بدات.

هۆرکهایمەرو ئادرنۆ کارەکەی خۆیان بە "تیۆرەیو رەخنەگرانە" ناساندو مەبەستیشیان شێوازێکی بیرکردنەوە بوو کە لەنەفیەوە بۆ نەفی دەچێ تا دواجار بابەت بە زنجیرەیەك کۆتەکی بە زەبرو هەمەلایەنە سنووردار یان کون کون دەکات. کەوابوو تیۆرەی رەخنەگرانە بەپێی ماهیەت و کردەوەی، ناسیستماتیك و بە ناچاریش دوژمنی هەموو بینایەکی فەلسەفی داخراو بوو (هۆرکهایمەر، بە گشتی هەمیشە وتارنووسینی لەریسالەیەکی رێکخراو بە باشتر دەزانی‌و ئادرنۆش زۆربەی جار).

تیۆرەی رەخنەگرانە زۆرتر لەڕووی شێوازی هێرشەوە قەرزاری هێگڵ بوو تا لەڕووی پەرەسەندنی کۆتاییەوە. ئادرنۆو هۆرکهایمەریش وەك زۆربەی هیگڵیە نوێکانی سەدەی بیستەم، زۆرتر بایەخ و رێزیان بۆ نووسەری لاوی بیر کراوەو بەزەبر شۆڕشگێڕی "فینومۆلۆژیای ڕوح" دادەنا، تا بۆ ئەو مامۆستا پیرەی زانکۆی لین کە فەلسەفەی یاسا و فەلسەفەی مێژوو پۆلێن دەکردو بەمشێوەیەش بەجیاکاری لەنێوان هیگڵی پێشوو و هیگڵی دواییدا، رێگەی هیگڵیە چەپەکان و خودی مارکسیان گرتەبەر، بەو جیاوازیەوە کە بە تەواوی‌و تەنها بۆ جیهانی فکری دەیەی ١٨٤٠ نەگەڕانەوە. لەو کاتەوە ئەوەندە ڕووداو لەمێژووی فکردا ڕوویدا بووکە کارێکی وا

شیاو نەبێت. ساتەوەختی خودهوشیاری پرۆلیتاریا هاتبوو ﴿هەروەها﴾ تێپەڕیش بوو. هەروەها ژمارەیەکی زۆر فەلسەفەی نوێ، هیگڵیان لەپایەی بەرزو یەکتای پێشووی خۆی هێنابووە خوارێ، هۆرکهایمەر سەرەتا لەژێر کاریگەری دوژمنی خوێنی هیگڵ لەڕووی فەلسەفەوە، واتە لەژێر کاریگەری شوپنهاوردا بوو. نزیکی دوای نیو سەدەش دیسانەوە وەك تێکشکێنەری وەهمەکانی مرۆڤ و سەرچاوەی دەروونشیکاری، ستایشیکرد. دیارە پاش شوپنهاوەر نەك هەر فرۆید، بەڵکو دێلتای دەهات و ڤیبەر و مانهایم و کۆی خواکانی فکری ئەڵمانی کە زۆربەیان بایەخیان بە هیگڵ نەدەدا(١١).

کەوابوو تیۆرەی رەخنەگرانە ناچار دەبوو لەگەڵ میراتی هیگڵ لەفکری کۆمەڵایەتی سەدەی دوایدا یەکبگرێو لەرواوی نەوەستاوی نەفیدا سوود لە"شێوازی هیگڵ، بۆ بان سیستەم ودژی سیستەمی هیگڵ" وەربگرێ. دەرئەنجامی ئەمکارە جۆرێکی تازەی دیالەکتیك بوو کە لەڕووی میتۆدیەوە تەنانەت لەدیالەکتیکی مارکس بونیاد هەڵتەکێنەرتر دەردەکەوتو جۆرێك "دیالەکتیکی بێ سێنتز"(١٢) بوو. ئادرنۆو هۆرکهایمەریش وەك مارکس بێزار بوون لەو تەجریدانەی کە میتافیزیك و ئایدیالیزمی ئەڵمانی جیهانیان لەژێر پەچەکەیدا دەشاردەوەو رەخنەیان لەهیگڵ دەگرت کە بۆچی پلەی یەکەمی بە بناس ﴿یان زیهن﴾ داوە. بەڵام لەهەمانکاتدا نەیاندەویست لەتوندڕەویەوە بەرەو بێباکی بڕۆن و بچنە جەمسەری پێچەوانەوەو تووشی هەڵەی ماتریالسمی عامیانە یان زانستخوازی درۆزنانە بن، ئەو تیورەیەی هێنابوویان بە هاوتاییەکی ناپایەدار لەنێوان ئەو دوو ئاستەدا دەهات و دەچوو: لەلایەك پێداگرتن لەوەی "شتەکان" بەر لەهوشیاربوونی ئێمە پێیان هەن، لەلایەکی دیش دەربڕینێکی ئالۆزو لوتکەیو بێئەندازە تەجریدیانە، بەمانای دوای ئادرنۆ و هۆرکهایمەر لەهەمان قاڵبی ئایدیالیستیو میتافیزیکیدا مانەوە. جگە لەمەش چونکە بە وردیو سەختگیریەکی زیاتر لەهیگڵ بڕوایانوابوو کە ناکرێ هیچ شتێك راستەوخۆ بناسرێ و هەر شتێك لەجیهانی سروشت یان دنیای مرۆڤدا شتێکی دی "ئانتی تز" ێتی، ئەوا تیۆرەی رەخنەگرانەش وەك بیرەکانی دوای فینگشتاین فرە لایەن و گران و ئالۆز بوو.

دوو زاراوەی بنەڕەتی -یەکێکیان بۆ ئافەرین گوتن و ئەوی دیان بۆ سوکایەتیکردن- بەردەوام لەنووسینەکانی هۆرکهایمەر و ئادرنۆدا دووبارە دەبۆوە:

یەکەمیان "عەقڵ" و دوهەمیان "پۆزەتیڤزم"، "عەقڵ" لەهەمان مانای نەریتی هیگڵیدا دەلالەتی لەچۆنایەتیەك دەکرد کە سەبژیکت ﴿خود﴾ و ئۆبژێکت ﴿بابەت﴾ بەزەبر تیایدا هاوبەشبوون، واتە "بنەمایەك لەخودی واقعیەتدا" ﴿یان ئەوەی کە هەیە﴾. پۆزەتڤیزم ناوێکی هاوبەشبوو بۆ هەموو ئەو ئاراستە فکریانەی کە خاوەنانی تیۆرەی رەخنەگرانە لەگەڵیاندا کۆك نەبوون. بیریارانی کۆمەڵایەتی سەرەتاکانی سەدەی ﴿بیست﴾ هەرچیەکیان بەدڵ نەبوایە، دەیانخستە ژێر زاراوەی "پۆزەتڤیزم"ەوە. ئادرنۆ و هۆرکهایمەر تەنانەت ئەم زاراوەیان بێ قەیدو شەرت بەکارهێنا. ماتریالیزم و "زانستی پەرستی"یان کە ئامانجی هێرشی رەخنەگرانی دەیەکانی ١٨٩٠ بوو، بەو تۆمەتەوە کە "پۆزەتیڤزم"ە ڕەت دەکردەوە:(١٣) سەرەڕای ئەمەش سەرجەم قوتابخانەی ناوگەرەکان ﴿الاسمیون﴾ نەریتی ئەزموونگەریان دەخستەسەر. بەمشێوەیە پۆزەتڤیزمی لۆژیکی یا پۆزەتڤیسمی ئەزموونگەری دەیەکانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠ ش لەلای ئەوان چارەنووسێکی باشتری لەو شێوە سادانەی ئەم جۆرە تیۆرانە نەبوو کە فەیلەسوفانی سەدەی بیستەم بۆ راستکردنەوەی دەستیان لێ هەڵمالێبوو. هەموویان بە یەکسان بە دوژمنی "عەقڵ" دادەنران، چونکە هەموویان عەقڵیان بۆ ئاستی یەکێك لە"هێزە زیهنیەکان" دابەزاندبوو(١٤).

پێویست بە وتن ناکات کە بیریارانی تیۆرەی رەخنەگرانە رەوتی ناعەقڵانیشیان بەتوندی مەحکومدەکرد. دیدی ئادرنۆو هۆرکهایمەر سەبارەت بەهەر جێگەیەك - بەشێوەیەکی سەرەکیش ئەڵمانیای نازی- کە دوژمنانی عەقڵ لەوێ بووبوونە سەرچاوەی دەسەڵات (ئەو دوژمنانەی کە خۆیان رایاندەگەیاند کە دوژمنی عەقڵن) دیدێکی پڕ لەقێزکردنەوەو وەرسی بوو. جارێکی دی لەناو هەلومەرجێکی لەمچەشنەدا دەیانبینی کە دەبێت لەدوو لاوە بجەنگن: رقیان لەشێوەی ئەڵمانی "بیرکردنەوە بەخوێن" زۆر زیاتر بوو، لەرێبازی ئەزموونگەری ئینگلیزیو ئەمەریکا. بەڵام لەهەمانکاتدا بڕوایانوابوو ئەم دوو شێوازەی جیهانبینی ئەوەندەی دەزانرا بە تەواوی لەجەمسەری دژ بەیەکدا نبن و رەنگیشە یەکێکیان دەرئەنجامی میژووی ئەوی دیان بێت. بێوێنەترین و هەروەها ورژێنترین لایەنی بیرکردنەوەی ئادرنۆو هۆرکهایمەر، ئەو باوەڕە سەقامگیرەی ئەوان بوو ﴿کە دەیگوت﴾ بەربەریەتی تازەی سەدە بیستەم، کوڕی راستەوخۆی بزوتنەوەی رۆشنگەری سەدەی هەژدەیە.

لەوتارێکدا کە هۆرکهایمەر لەژێر ناونیشانی "تیۆرەی تەقلیدیو رەخنەگرانە" لەساڵی ١٩٣٧دا بە چاپی گەیاندو تیایدا دەستنیشانی بەرنامەی کاریکرد، هەموو ئەو شتانەی سەرەوە بەشێوەیەکی کورپەلەیی دەبینرا. سیفەتی "تەقلیدی" بەشێوەیەکی سەرەکی بەهەمان مانای "پۆزەتڤیزم" بەکاردەهێنرا. هۆرکهایمەر رووندەکردەوە کە لەلێکۆڵینەوەی کۆمەڵگادا ئەزموونگەران و تیۆرەسازانی تەقلیدی تەنها لەرووکەشدا لەیەک جیاوازن، چونکە هەردووکیان لەبنەڕەتدا قایلن بەیەک مۆدێلی تیۆری، مۆدێلێك کە لەزانستە سروشتیەکان و بە پلەی یەکەمیش لەماتماتیکەوە وەرگیراوە. بەبڕوای هۆرکهایمەر ئەم "لۆگۆسە نەمرە" شێوازی ئیشکردنیانی دەستنیشان دەکرد. هۆرکهایمەرو ئادرنۆ خۆیان دوور لەژیانی دەوروبەریان دەگرت و لێکۆڵینەوەکانیان بەپێی دابەشکردنێکی پسپۆڕی ﴿تخصصی﴾ بەشبەشدەکرد. ئەڵبەتە بە وتەی هۆرکهایمەر پەیڕەوانی تیۆرەی رەخنەگرانە کاتێك دەستیان بە لێکۆڵینەوە دەکرد، هەوڵیاندەدا لەجیهانی مرۆڤ "لەناو جەرگەی رووداوە واقعیو کۆمەڵایەتیەکانەوە" تێبگەن، چونکە "فەرمانڕەوای ﴿ئەم جیهانە﴾ لەهەر گۆشەیەکدا، پەیوەندی بەهەلومەرجی عەقڵی ژیان"(١٥)وە هەبوو.

هۆرکهایمەر هەموو رۆشنبیرانی خۆی بانگدەکرد بۆ ئەوەی لەجێی "یاریە رۆشنبیریە بێ ئامانجەکان کە نیوەی شیعرە لەقاڵبی چەمکە هەمەکیەکانداو نیوەی ئاشکراکردنی حاڵەتە زیهنیەکان" بوو، تیۆرە کۆمەڵایەتیە تەقلیدیەکانیش هەرگیز لەو سنوورە تێنەدەپەڕی، لەجێی ئەمە بیری خۆیان ئاراستەی رزگارکردنی مرۆڤ و "گۆڕانی سەرجەم کۆمەڵگا" بکەن. هۆرکهایمەر ڕوونیدەکردەوە کە تا ئەو کاتەی مرۆڤەکان "وەك ئەندامی بوونەوەرێکی ئورگانیك" و خاڵی لەعەقڵ ئیشبکەن "،مومکین نیە عەقڵ لەلای خۆی شەفافیەت پەیدا بکات". کەوابوو بە پێی تیۆرەی رەخنەگرانە جیاوازی رۆڵی "زانستی" لێکۆڵەرەوە، لەگەڵ رۆڵی لێکۆڵەرەوە وەك هاوولاتیەك کە ماکس فیبەر سەختگیرانە جەختی لێدەکرد، بە تەواوی بێ مانا بوو ﴿چونکە﴾ یەکێتیو یەکپارچەیی مرۆڤانەی کاری فکری، پارچەپارچەو پەرش و بلاوەدکردەوە. "لەبیرکردنەوەی ڕاستەقینەدا" لێکۆڵینەوەو بەهاو زانست و کردار بەشێوەیەکی لێك جیانەبۆوە تێك دەئاڵان. تەفسیر دەڵاڵەتی "نەك تەنها بۆ ڕووداوێکی لۆژیکی دەکرد، بەڵکو هەروەها بۆ پرۆسەی مێژووش". لەدرێژەی

ئەمەشدا هەم.. بونیادی کۆمەڵایەتی.. و هەم پەیوەندی تیۆرەساز بە کۆمەڵگاوە" گۆڕانکاری بەسەردا دەهات. تەفسیرکەریش هاوڕێ لەگەڵ بابەتی تەفسیرکراودا دەگۆڕا(١٦).

هۆرکهایمەر، لەوتارێکی تردا کە پێشتر لەهەمان ساڵدا بڵاوبۆوە بە ڕاشکاوانەتر جەختی لەپەیوەندی هاوتای دوو رۆڵی بیریار کردو نووسیبووی:

"کاتێ تاکەکەسێکی چالاك و خاوەن عەقڵێکی تەندروست هەلومەرجی نالەباری جیهان دەبینێت، ئارەزوو بۆ گۆڕینی دەبێتە بنەمایەکی رێنمایکەر کە بەهۆیەوە واقعیەتە پێدراوەکان رێکدەخات و لەشکڵی تیۆرەیەکدا دایدەڕێژێ. هەم میتۆدەکان و وتەزاکانو هەم گۆڕانەکانی تیۆرە، تەنها بەسەرنجدان لەهەڵوێست وەرگرتنی ئەو قابیلی تێگەیشتنە. وەك چۆن راست بیرکردنەوە بە راست ئیرادەگەریەوە بەستراوە، هێندەش راست ئیرادەگەری بە راست بیرکردنەوەوە بەستراوە"(١٧).

بەپێی ئەم پێناسەیەی رۆشنبیر کە تیایدا کردارو کار بە بنەما دادەنرا، ئەو چەپبوونەی کە بە ئیحساساتی ساویلکانەو بازاڕیەوە "بەوەندە وازیدەهێنا کە بە زمانێکی پڕ ستایش و ڕێزەوە هێزی خولقێنەری پرۆلیتاریا رابگەیەنێت، بە تاوانی "راکردن لەهەوڵی تیوری" مەحکومدەکرا. "خۆشبینی پیشەیی و "هەستی خۆشحاڵی" لە"پەیوەست بوون بە هێزێکی جیهانیەوە، دەشێ زۆر لە"سەردەمی شکستە وردوخاشکەرەکاندا" (وەك ئەو سەردەمەی هۆرکهایمەر ئەم شتانەی تیا دەنووسی) ببێتە هۆی نائومێدی. ڕەخنەگری کۆمەڵایەتی باشتربوو قبوولێبکات کە رەنگە لەگۆشەگیری ئایدۆلۆژیدا، بۆ خۆی بەجێدەهێڵرێ. هەروەها نەدەبوو ئەو بیرکردنەوەیەی کە سەرچاوەی لەخۆ دوورخستنەوە لەئایدیۆلۆژیاوە وەردەگرت، لەگەڵ "یۆتۆپیا تەجریدیەکاندا" تێکەڵبکرێ. بیرکردنەوەیەکی لەم چەشنە بەدەر لەلێکچونی لەگەڵ وەهمدا ، بەهەر حاڵ لەسەر ئەو باوەڕە وەك بەرد پتەوە دامەزرابوو کە "تەنها یەك هەقیقەت" هەیەو "سیفەتە پۆزەتیڤەکانی راستگۆیو گونجانی دەروونیو عەقڵانیەت و هەوڵدان بۆ ئاشتیو ئاسوودەییو ئازادیو خۆشەبەختی" مومکین نیە "بەهەمان مانا بگەڕێنرێتەوە بۆ تیۆرە یان کردارێکی تر"(١٨). هۆرکهایمەر دەیزانی باوەڕێکی لەمچەشنە بەمانای "لیبرالی نەبوونی" ڕۆح یان زیهنە Geist " ڕۆح یا زیهن دابڕاوو جیا لەژیانی کۆمەڵگا"و "لەسەرو ئەو

ژیانەوە" نەبوو، ئەم راستیەش لەگەڵ رۆڵی "ئازاد لەحەزو ئارەزوو" ی بیریار کە "رۆشنبیرانی لیبرالی" ئەوەندە بەهایان بۆ دادەنا، ناتەبا بوو. ئەرکی میانچێتی ﴿میانجیگری﴾ کە مانهایم بۆ فکری کۆمەلایەتی دانابوو، بەئاشکرا لەگەڵ ئەو فۆرمە کۆنەدەبۆوە کە بیریارانی تیۆرەی رەخنەگرانە بە مەسەلەکانیان دەدا، لەهەمانکاتدا هۆرکهایمەر بڕوای بەوەش هەبوو کە رۆح یان زیهن لیبرالیشە، بەمانای رێگەنەدان بۆ بەرگەگرتنی (هەر جۆرە ناچارکردنێك لەدەرەوەو هەر جۆرە پیاچوونەوە ﴿یان بیر تازەکردنەوە﴾ بە دەرئەنجامە بەدەستهاتووەکاندا بە بێ خواستی ئیرادەی فلان یان فیسار دەسەلات). ئادرنۆ هۆرکهایمەر بە درێژایی ٣٠ ساڵی دوایی کە رووداوەکان ناچار بەتەنیایی و گۆشەگیریکردن، بەردەوام بە پەیوەندیەکی دیالەکتیکی لەنێوان لایەنە لیبرال و نالیبرالەکانی فکری خۆیاندا دەهاتن و دەچوون.

ماکس هۆرکهایمەر و تئودرۆ ئادرنۆ: ساڵەکانی نیشتەجێ بوون لەئەمریکا

چوار ساڵ لەو ماوەیەدا کە فەیلەسووفانی فرانکفۆرت دوور لەوڵات لەئاوارەیدا بەسەریاندەبرد، پەرەو درێژەیان بەم سەرەتا تیۆریانە دەدا. بەهاتنی هیتلەر "دەزگای لێکۆڵینەوەی کۆمەلایەتی" کە پێکهاتبوو لەکۆمەڵێ بیریاری بە رەچەڵەك یەهوودی و سەر بەمارکسیزم و نازیەکانیش بێ ئەندازە رقیان لەهەردووکی بوو، مەحکوم بە لەناوچوون بوو. لەمارسی ١٩٣٣دا چالاکیەکانی لەئەڵمانیادا کۆتایی پێهات. هۆرکهایمەر رایکرد بۆ سویس و مانگی دوایش ناوی لەناو یەکەم گروپی مامۆستایانی زانکۆ کە رژێمی تازە دەری کردبوون، نووسرا.

"دەزگا"کە پاش ماوەیەکی کورت لەجنێف لەسەر بانگهێشتی زانکۆی کۆلۆمبیا ﴿لەشاری نیویۆرك﴾ لەساڵی ١٩٣٤دا چوو بۆ ئەمریکا، لەوێ ئادرنۆ کە نیو دەیەی لەئۆکسفۆردو لەندەندا بردبووە سەر، بە رەسمی لە١٩٣٨دا چوو بۆ کۆلۆمبیا. "دەرگاکە" بە هۆی نوسینگەی دەخلی تایبەتیەوە بەڕێوەدەبرا کە بەرلەوەی نازیەکان دەستی بەسەردا بگرن، پارەکەی بەدووربینیەوە نرابوو بۆ دەرەوە. لەبەر ئەمە جولەیەکی هەبوو کە رێکخراوەکانی دی نەیانبوو. بەڵام ئەم ئاسانی سەفەرکردنە بەمانای ئاسانی گونجان نەبوو لەگەڵ دەوروبەری تازەدا. هۆرکهایمەرو

هاوکارانی لە"مۆرینك سایدهایتن" هەروا سەرسەختانە بە ئەوروپی مانەوە و تەنانەت هەندێکیان تا دواسات خۆیان لەچوون بۆ ئەمریکا دەدزیەوە. لقێکی "دەزگا" کە هێشتا لەپاریس بوو، بڵاوکراوەکانی دەزگای بەشێوەیەکی بەردەوام ئامادەو بڵاودەکردەوە. بەڵام هێشتا هەر بە زمانی ئەڵمانی.

بەڵام کەوتنی فەرانسا لە١٩٤٠داو یەك ساڵ و نیو دوای ئەوەش هاتنە ناوەوەی ئەمەریکا بۆ جەنگ، هەموو شتێکی گۆڕی. هۆرکهایمەرو هاوکارانی کە بینیان دوا پەیوەندیان بە ئەوروپا پچڕاوە، بەبێ ئارەزووی خۆیان بڕیاریاندا لەمەودوا بەرهەمەکانیان بە ئینگلیزی بڵاوبکەنەوە. هێشتا زۆر تێنەپەڕی بوو کە "دەزگا" تووشی زنجیرەیەك قەیرانی ناوخۆیی بوو، باری میزانیەو سەرمایەگوزاری سەرنەکەتوو، ناچاریکرد ژمارەی فەرمانبەرانی کەمبکاتەوەو چالاکیەکانیش سنووردار بکات. خۆشبەختانە پێویستی ئەمریکا بە پسپۆڕی مەسەلەکانی ئەڵمانیا لەکاتی جەنگدا، یارمەتی دەزگاکەیدا بۆ ئەوەی کێشەکانی چارەسەر بن. چەند کەسێك لەئەندامانی چوون بۆ واشنگتۆن و یەکێکیش لەیەکەمینی ئەم گرووپە فرانز نۆیمان بوو کە لەناوەڕاستی دەیەی ١٩٣٠دا پەیوەندی کردبوو بە "دەزگا"وە. نووسەری "بەهیموت" ئەگەرچی لەئەندامە تازەکان بوو، بەڵام وەك دیاربوو لەوتوێژەکانی "دەزگا"دا رۆڵێکی بەرجەستەی دەبینی، پیاوێکی کەسایەتی بەهێز بوو و لەگەڵ هورکهایمەریشدا لەسەر تەفسیری نازیزم جیاوازی هەبوو. ﴿بەمشێوەیەش﴾ چ لەرووی ئایدۆلۆژی و چ لەڕووی رێکخستنەوە بوو بوو بەرەقیبی بەڕێوەبەری "دەزگا". رۆیشتنی ئەو بۆ واشنگتۆن رێگەی لەپێکدادانی ئەم دوو کەسایەتیە سەرسەختە گرت.

لەم بەینەدا هۆرکهایمەر ناچار بوو نیویۆرك بەجێ بهێڵێت. لەبەر نەخۆشی دڵ ناچار بوو بۆ ناوچەیەك بڕوا کە ئاو و هەوایەکی باشتری هەیە. لەساڵی ١٩٤١دا چوو بۆ کالیفۆرنیا- یان وردتر بۆ پسیفیك پلیسیدز- ئەو شوێنەی کە توماس مان نیشتەجێ بوو تیایدا. ئادرنۆش لەڕووی وەفاداریەوە بۆ هاوڕێکەی چوو بۆ ئەوێ و پاشماوەی (دەزگا)کەش لەمۆرێنگ ساید هایز هێواش هێواش وەریو وشك بوو(٩١)، بەمپێیە هۆرکهایمەر و ئادرنۆ ئەو نووسینانەی کە ئەمڕۆ ناویان لەبەر ناوی ئەوان زیندووە، لەکالیفۆرنیا نووسی، واتە جێگایەك کە کلتووری ئەڵمانیا لەئاوارەییدا

دەوڵەمەندترین پلەی بەدەستهێنا.

بە سەرنجدان لەوەی کە ئەو دوانە بە چ کەللە ڕەقییەکەوە بەمیراتی ئەوروپای خۆیانەوە نوسابوون و چ دوژمنایەتی وتوندیەکیان بەرامبەر کلتووری مێگەلی ئەمریکا پیشاندەدا، رەنگە وابزانرێ کە ئەزمونەکانیان لەئەمریکادا بە تەواوی نێگەتیف بوو، بەڵام داوەری کۆتایی ئادرنۆ بەوشێوەیە نەبوو، لەو بیرەوەریانەدا کەبەر لەمردنی بەسالێك بلاویکردەوە-و رەنگە تا ئەوکاتە نەرمتر بوو بوو- جەختی لەوشتانە کرد کە لەئەمریکیەکانەوە فێریبوون و بە قسەی خۆشی بۆتە هۆی چاککردنەوەی جۆرێك لەناهاوسەنگی لەبیرەکانیدا. ئادرنۆ بەیادی دێتەوە کە "گەرچی دوور لەهەستە ناسیونالیزمیەکان و غروری کلتووری" پێی خستبووە ئەمریکاوە، بەرهەمەکانی زیاد لەپێویست "راستەوخۆ تیۆری" و تەنها بەلای تەفسیرو ڕاڤەکردندا دەچوو. بەڵام لەئەمریکادا بینی بووی کە خەڵکی بەردەوام داوای "بەڵگەو دەلیلی" لێدەکەن بۆ ئەو شتانەی کە گوتوێتی. یەکەم کار کە پێی سپێررا لێکۆڵینەوەی مۆسیقای جازبوو کە لەگەڵ سەلیقەی پەروەردەکراویدا بەتەواوی جیاواز بوو. بەڵام ئادرنۆ لەئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دەستی بە چەمکی وەك "تاکگەری درۆینە" و "گەورەی" درۆزنانە گەیشت کە دواتر جێگەیەکی بەرجەستەی لەتیۆرە کۆمەڵایەتیەکەیدا بینی، بە گشتی وەکو نوێمان زانی کە لەوڵاتە یەکگرتووەکاندا جیاواز لەئەڵمانیا لەسەردەمی کۆماری ڤایماردا "شکلگرتنی دیموکراسیانە لەسەرتاسەری ژیاندا بلاوبۆتەوە". بەڵام جگە لەزانینی ئەمە، بێگومان گومانی بوو کە ئەم شکڵ گرتنانە تا چەند رەنگدانەوەی راستیە ژێرخانیەکانن و ئەم مەسەلەیەش بوو بە تەوەرەی سەرەکی بیرکردنەوەی لەسالّەکانی ئاوارەییدا. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا تەنانەت پاش کۆکردنەوەی سەرجەم لایەنە نێگەتیڤەکان، هەستی بەوەدەکرد کە لەڕووی فکریەوە قەرزاری ئەمریکایە. "بێهودە نیە گەر بگوترێ هەر هوشیاریەك لەم سەردەمەدا گەر ئەزموونی ئەمەریکای (ئەگەر بۆ دژایەتیکردنیش بووە) لەخۆیدا نەتوێنێتەوە، خاوەن رەگەزێکی کۆنەپەرستانەیە"(٢٠).

کتێبێك کە ئەم سەرقاڵیە تازانەی تیا دەرکەوت "کەسایەتی دەسەلاتخواز" بوو کە ئەگەرچی لەڕووی پۆلێن و نوسینەوە بەدوا بەرهەمی سەرەکی ئادرنۆو هۆرکهایمەر لەرۆژانی ئاوارەییدا دەژمێرێت، یەکەم نووسین بوو کە سەرنجی

وەرگرێکی زۆری لەئەمریکادا بۆخۆی راکێشاو جگە لەمەش کەمترین پێکدادانی لەگەڵ نەریتی رۆشنبیری ئەو وڵاتەدا هەبوو. لەبەر ئەوە لۆژیکیە گەر بەرهەمەکانی ئەو سەردەمەیان بەشێوەیەکی پێچەوانە شیبکەینەوەو هێواش هێواش بگەین بەو مەسەلانەی کەخاوەن زۆرترین رەهەندی رەخنەگرانەن.

لەساڵی ١٩٤٤دا دەستکرا بە نووسینی کەسایەتی دەسەلاتخواز و لە١٩٥٠دا بلاوکرایەوەو بەشێك بوو لەپرۆژەیەکی بەربلاوتر لەژێر ناونیشانی "چەند لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی پێشداوەریەوە". ئەندامانی "دەزگا" پێشتر ئاشنای ئەم جۆرە پرۆژانە بوبوون. فراوانترین هەوڵی پێشوو لەو زەمینەیەدا زنجیرەیەك وتاری ئاسان بوو لەبارەی مەسەلەی خێزان و دەسەلاتەوە. کەسایەتی دەسەلاتخواز لەو ڕووەوە تازە بوو کە نوسەرانی ئەمریکیو کۆچکردوو(مهاجر)، هەروەها شێوازە ئەزموونگەریو تیۆریەکان، تیایدا لەپاڵ یەکەوە هاتبوون. ئەگەرچی هۆرکهایمەر بزوێنەری سەرەتای پرۆژەکە بوو، بەڵام بەشدار نەبوو لەلێکۆڵینەوەو نووسیندا. بەرپرسیاری ئەم مەلەسەیە لەڕووی شیکردنەوەی چەندایەتیو تاقیکردنەوەکان و چاوپێکەوتنەکاندا لەئەستۆی تیپێکی دەروونناسی لەدایکبووی ئەمریکاو نیشتەجێ لەبرکلی لەکالیفۆرنیا بوو. لەڕووی تەفسیرو ڕاڤەکردنی چۆنایەتیەوە لەئەستۆی خودی ئادرنۆ بوو. دواتر ئادرنۆ بیری دێتەوە کە "هاوکاری بە رۆحیەتی دیموکراسی" کە خەسڵەتی پرۆژەی ناوبراو بوو، "بە پێچەوانەی نەریتی زانکۆیی ئەوروپاوە" "بەرهەمدارترین شتێ" بوو کە لەئەمریکادا ئەزموونی کردبوو. ئادرنۆ بەتایبەتی بە ستایشەوە یادی یەکێك لەهاوکارانی دەکرد کە ناوی (ر.نویت سنفرد) بوو کە بەوردی سەرجەم داڕشتنە ئینگلیزیەکەی ئەوی ڕێکوپێك کردبوو(٢١).

گریمانەی سەرەکی لەکەسایەتی دەسەلاتخوازدا ئەوە بوو کە لەوڵاتە یەکگرتووەکان -و سەرتاسەری جیهانی رۆژئاوادا جۆرێك "ئامادەیی فاشیزمی" هەیە کە لەتاکە کەسانێکی دیاریکراودا دەناسرێتەوە ﴿یان قابیلی دەستنیشانکردنە﴾. دەگوترا ئەمجۆرە لەپیاوان و ژنان شتێك لەخۆیان پیشاندەدەن کە لەزاراوەی دەرونشیکاریدا رەنگە ناوی "سێندروم Syndom ی دەسەلاتخواز"ی لی بنرێ. ئەم سێندرومە لە"تێکەڵبوونی گرێی ئۆدیب لەگەڵ مازوشیزم و سادیزمدا سەرچاوە دەگرێو ئاشکراکەری رقێکی ناهوشیارانەیە لەباوك.. کە گۆڕاوە.. بۆ عەشقی"

بەهێزەکان و﴿رق﴾ لەکەسانی بێتواناو بێبەرگری. بەگشتی بۆ پاشەکەوتکردنێکی دەرونی، یەهوودی دەبێتە "جێنشینی باوکی رق لێهەلگیراو". و بەمپێیەش دەکرێ پێشبینییبکرێ کە "دژایەتیکردنی یەهوودیبوون گرنگترین ئاماژەو نیشانەی ئەم تێکچوونەیە ﴿دەرونیەیە﴾. نیشانەکانی دیش رووکردنە بیرکردنەوەی قاڵبیەو ئەوەی کە تاکەکەس چ لەسیاسەت و چ لەپڕوپاگەندەی بازرگانیدا بکەوێتە ژێر کاریگەری "لایەنە شەخسیەکان"ی وتار خوێندنەوە گشتیەکان، و هەروەها نکوڵیکردن لەهەموو شێوە ئامانجێکی یۆتۆپی(٢٢).

کەسایەتی دەسەلاتخواز لەکۆڕو کۆمەڵی زانستە کۆمەڵایەتیەکانی ئەمریکادا بە فراوانی خوێندرایەوەو قسەی لەبارەوە کرا(٢٣)، تەنانەت ئەو کەسانەش کە ڕەخنەیان لەشێوازو دەرئەنجامەکانی دەگرت، دانیان بە هێزی بیرو وروژاندنی ئەم کتێبەدا دەنا. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا شتێکی سەرگەردانیکەر لەکتێبەکەدا هەبوو کە بە گشتی هیچ خوێنەرێك نەیدەتوانی بەوردی پەنجەی لەسەر دانێت. کتێبەکە شەش ساڵ بەدەستەوەبوو. ئەگەری ئەوەش هەبوو لەمە زیاتری پێ بچێت، گەر ئادرنۆ بڕیاری گەڕانەوەی بۆ ئەڵمانیا نەدایەو پەلەی لەهاوکارانی نەکردایە بۆ ئەوەی بێ چاکسازی و کورتکردنەوە کە بێگومان بەسوودی کتێبەکە تەواو دەبوو، پەلە لەتەواوکردنی کارەکە بکەن. لەسەردەمە ئارامترەکاندا تێپەڕینی کاتێکی ئاوەها جیاوازیەکی ئەوتۆی نەدەبوو. بەڵام لەمحاڵەتەدا کتێبەکە لەفەزایەکی ئایدیۆلۆژیدا بڵاوکرایەوە کە زۆر جیاواز بوو لەفەزای سەرەکی ﴿کە کتێبەکەی تیانووسراوە﴾ و وەك دەیڤید ریسمان لەڕووی گلەییەوە دەیگوت باسی گرفتی بیست ساڵ پێشی دەکرد. دژایەتیکردنی یەهوودی چیدی کێشەی ڕۆژ نەبوو. کەسێتی دەسەلاتخواز گەرچی لەهەمان ساڵدا بڵاوبۆوەو کە جۆزیف مەکارتی دەستی بە کارە دزێوەکانی کرد، تەنها لەپەراوێزدا باسی مەترسی مێگەلبوونی دەکرد کە ئەو ﴿واتە مەکارتی﴾ بە سەرکەوتوویی‌یەوە، خراپ بەکاریدەهێنا. چوارچێوەی مەرجەعی کتێبەکە فاشیزمیك بوو بە شێوازی ئەوروپا، کە جیاوازیەکی ئاشکرای هەبوو لەو مەترسیانەی هەڕەشەی لەوڵاتە یەکگرتووەکان دەکرد(٢٤).

لەڕووی مەنهەجیشەوە ڕەخنەگران دەیانگوت نووسەرانی کتێبەکە لەهونەری نموونە وەرگرتندا هەڵەیان کردووەو ئاراستەیەك پیشاندەدەن بۆ لەبەرچاونەگرتنی

ئاستی خوێندن و پێگەی کۆمەڵایەتی ئەو کەسانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە یان تاقیکراونەتەوە. و لایەنە چوونایەتیەکەش تاڕادەیەك مەزاجیانە جێبەجێکراوە. وردبینانی دی بڕوایان وابوو کە ئەم کەموکوڕیانە، دەرئەنجامی "تێکەڵکردنی" دوو مەنهەجی لێکۆڵینەوەی نەگونجاوە.

دیارە وەفاداری بۆ ئەو چەمکانەی لەفرۆیدەوە وەرگیراوە، لێکۆڵەرەوە ئەمریکی و کۆچکردووەکانی کە لەبەرهەمهێنانی کەسایەتی دەسەلاتخوازدا هاوکاریانکردبوو، بەیەکەوە گرێدەدا، بەڵام ئاشکرا بوو بۆ نەهێشتنی جیاوازی نێوان کۆکردنەوەی دراوەکان و داڕشتنی تیورە، هەر ئەمە بەس نەبووە. ودواجار وا دەردەکەوت کە ڕۆشنبیری هورنەمەندو دەست زبری تیپەکەو لەوانی دی بااڵو سەری گەورەتر، ئادرنۆیە. بەپێی نووسینی دوو ڕەخنەگر "بەداخەوە مەنهەجی سەرژمێری﴿ئاحصائیەت﴾ لەدەوری مێردێکی گەمژەو فەقیردا دەردەکەوت، کەلە بەرامبەر بیرە داهێنەرەکانی هاوسەرەکەیدا تەنها دەزانێت بڵێ "بەڵێ ئازیزم.."(٢٥).

جیاوازیەکی نەناسراو لەڕووی ئایدیۆلۆژیەوە لەژێر ئەم پێکەوەگرێدانە کەموکوڕی میتۆدەکاندا هەبوو. لەکەسایەتی دەسەلاتخوازدا وشەی "دیموکراسی" وەك سیفەتی پێچەوانەی "فاشیزم" بەکاردەهێنرا کە وەك دیارە بەشێکە لەزمان و زاراوەکانی نووسەرە ئەمریکیەکانی کتێبەکە. بەڵام ئادرنۆ کەسێ نەبوو کە بەپێی سروشتی خۆی سوود لەو وشەیە وەربگرێو ڕەنگە لەجێی ئەوە بینوسیایە"سۆشیالیستی" یا "شۆڕشگێڕانە". هاوکارانی "دەزگای لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی" بەردەوام لەپشتبەستن بە زاراوە مارکسیەکاندا ڕەزیلیان دەکردو پاش گواستنەوەی "دەزگا"ش بۆ ئەمەریکا ئارەزوو بۆ دەربڕینی مەبەستەکانیان لەقاڵبی "زمانی ئەوانی دیدا"، زیاتر لەجاران بوو(٢٦). ئادرنۆو هۆرکهایمەرو هاوکارانیان هەوڵیاندا لەژێر پاڵنەری ئەوەی ئەمڕۆ بەزیادەڕەوی لەخۆپاراستن دادەنرێ، پەیوەستبوونی هەقیقی خۆیان لەڕووی ئایدیۆلۆژیەوە بشارنەوە. لەبەر ئەوە مایەی سەرسوڕمان نیە کە خوێنەرە ئەمریکیەکان سەرگەردان دەبوون لەبەر ئەو ئەنجامگیریەی بەشێوەیەکی ناواخنی لەکەسایەتی دەسەلاتخوازدا شاراوەتەوە، و بە ئاسانی نەیاندەتوانی لەمەبەست و مانا شاراوەکانی تێبگەن.

نهێنی ئەم مەسەلەیە دەبوو بە یارمەتی بەرهەمەکانی دی ئادرنۆ، کە هاوکات

بەزمانی ئەڵمانی سەرقاڵی نووسینیان بوو بدۆزرێتەوە. هەروەها بەرهەمێکی تر بە ئینگلیزی هەبوو کە مومکین بوو یارمەتی لەناوبردنی بەدحاڵیبوونەکان بدات. لەساڵی ١٩٤٧دا کتێبێك بەناوی "عەقڵ گیران"ەوە لەهۆرکهایمەر بلاوکرایەوە کە زنجیرەی ئەو وتارانەی لەخۆگرتبوو کە لەسێ ساڵی رابردوودا لەزانکۆی کۆڵۆمبیادا، وەك وانە گوتبوونیەوەو بەشێوەیەکی سەرەکیش هەمان ئەو بابەتانەی لەخۆگرتبوو کە نووسەر لەوتارە سەرەکیەکانیدا لەساڵی ١٩٣٧ باسی کردبوون. بەڵام ئەمجارە دەربڕینی بابەتەکە ساردو بێگیان بوو، شێوازی نوسینی هۆرکهایمەر بەهۆی گواستنە لەئەڵمانیەوە بۆ ئینگلیزی گەرمیو هێزی دیالەکتیکی پێشوی خۆی لەدەستدا بوو. عەقڵ گیران نە کاریگەری کردە سەر رەخنەگران و نە خوێنەرە ئاساییەکانیش و کاریگەری لەسەر ڕوشنبیرانی ئەمریکا، لەسفرەوە نزیکبوو.

هۆرکهایمەر رەنگە بە لەبەرچاوگرتنی وەرگرە ﴿مخاگب﴾ تازەکانی کتێب، نووکی هێرشی کردبووە سەر ئامانجە بەتایبەتی بەرجەستەکانی ولاتە یەکگرتووەکان. ئاگاداری دەدا لەبارەی "روکردنی لیبرالیسم بەرەو لاربونەوە بەلای فاشیزمداو ئارەزووی نوێنەرە سیاسیە لیبرالەکان بۆ سازشکردن لەگەڵ دژەکانیدا" و بەبیریدەهێنایەوە کە ڕوانگەیەکی "وێنەیی" و "زیهنی" بۆ عەقڵ "یارمەتیمان نادات بۆ دیاریکردنی پێویستی هیچ ئامانجێك". بەڵگەی دەهێنایەوە کە ئەزموونگەرە لیبرالەکان لەچارەسەرکردنی گرفتی "بەها" ﴿قیمە﴾دا بەسەرگەردانی دەمێننەوەو خەڵکی ئەمڕۆ "بەهۆی خواردنی پاشماوەکانی ئەو بیرکردنەوانە، بەردەوامی بەژیانی خۆیان دەدەن" کە رۆژگارێك هەڵگری "چەند ڕەگەزێکی هەقیقەت" بوو، بەڵام ئەمڕۆ "هێواش هێواش توانای دروستکردنی باوەڕهێنان"ی لەدەستداوە. لەم قسەو باسانەوە تا هێرشکردنێکی تەواو بۆ تاکە فەلسەفەیەکی خۆمالّی ئەمریکا: واتە پراگماتیزم.. تەنها یەك هەنگاو دووربوو. هۆرکهایمەر بڕوایوابوو پراگماتیزم هەوڵدەدا "هەموو بواره‌کانی ژیان بکاتە ملکەچی نمونەی تاقیگا"و لەراستیدا ﴿پراگماتیزم﴾ "هاوتای پیشەسازی تازەیە کە کارخانە بە نمونەی ژیانی مرۆڤ دەزانێت". هۆرکهایمەر دەیگوت پراگماتیزمی جۆری ئەمریکی دیدی پۆزەتڤیزمی بالادەست و "دەسەلاتی سانسۆرکردنی" بە زانستەکان دەبەخشێت و "بنەمای کارخانەی تایبەت بە ئەندامانی یانە، بەسەر جیهانی بیرکردنەوەدا" گشتگیر

﴿تعمیم﴾ دەکات. ئەو والابوونەی پراگماتیزم پێوەی دەنازێت، هیچ نیە جگە لەڕەهایگەری ﴿مگلق گرایی﴾ فکری فەلسەفە پۆزەتفیسمەکانی دی. "لەرویەکیشەوە دۆگمایبوونی ناعەقلانی کەنیسە، عەقلانیترە لەڕێبازێکی عەقڵی گەرموگوڕی لەمچەشنە کە لەعەقلانیەتی خۆشی زیاتر دەڕوا"(٢٧).

هۆرکهایمەر بڕوایوابوو پۆزەتڤیزم بە جلوبەرگی هەنووکەییەوە، پتر یەکێ لەنیشانەکانی "بێتوانایی" گشتی و کلتووری تا هۆکارێکی چارەسەرکردن. "رۆحی بابەتی"-واتە ئەو رۆحەی بەسەر "سەرجەم مەسەلەکانی ژیانی کۆمەلایەتیدا" بالادەستە- پەرستشکەری "پیشەسازیو تەکنەلۆژیاو ناسیونالیزمە، ﴿بێ ئەوەی خاوەن﴾ هیچ بنەمایەك بێ کە بتوانێت مانایەك بەم وتەزایانە ببەخشێت" و نیشانەی "گوشاری سیستەمێکی ئابووریە" کە هیچجۆرە "کەمکردنەوە یان راکردنێك" لەحوکمەکانی مومکین نیە.

سوودوەرگرتن لەجیهانی سروشت کەمکەم بە پلەیەك دەگات کە وێنای هیچ ئامانجێکی عەقڵی و لێرەوە هیچ سنوورێکی بۆ ناکرێت. ئەم جەختکردنە لەسەر جیاوازی نێوان مرۆڤ و سروشت- لەسەر دەسەلاتی بێوێنەی جۆرێك گیاندار بەسەر هەموو رەگەزەکانی تردا- رەگەزێکی تازە بوو لەبیرکردنەوەی هۆرکهایمەرو ئادرنۆدا. رەگەزێك کە نەك هەر لەسەرتاسەری زۆربەی بەرهەمەکانیان لەقۆناغی نیشتەجێبوون لەئەمریکادا دەبینرا، بەڵکو بیست ساڵ دواترو لەکۆتاییەکانی دەیەی ١٩٦٠ بە هوشیاربوونی خەڵك لەواقعی ژیانی ژینگەی، راستی خۆی بەسەرکەوتوویەوە سەلماند(٢٨).

لەم ماوەیەدا ئادرنۆ سەرقاڵی نوسینی کتێبێك بوو کە تەنانەت زۆرتر لەبەرچاو ون بووبوو. ئەم کتێبە بەناوی ئەخلاقی بچوك لە١٩٤٤ وە تا ١٩٤٧ پارچە پارچە پۆلێنکراو دواجار لە١٩٥١دا- ئەویش تەنها بەزمانی ئەڵمانی بەچاپ گەیەندرا. ئادرنۆ بەبۆنەی پەنجاهەمین ساڵی لەدایکبوونی هۆرکهایمەر بەسەرنجدان لەوەی بەرپرسیاریە رێکخراویەکانی هاوڕێکەی لەپرۆژەی "لێکۆڵینەوەی لەبارەی پێشداوەریەوە" کارە هاوبەشەکانی نێوانیانی وەستاندبوو، بڕیاریدابوو کاتی خۆی بۆ بیرکردنەوە تایبەتیەکانی خۆی بەشێوەیەکی کاتی رێکبخات. لێرەوە کتێبەکەی "بە سوپاس" و "وەفاداریەوە" بێ ئەوەی ناوی خێزانی بهێنێ پێشکەش بە "ماکس"

کردبوو. ئەخلاقی بچوك بەپێی وتەی ئادرنۆ خۆی، جۆرێك وتوێژی دەروونی بووdialogve interieur. ئەو دەستەواژەو زاراوە فەرەنسیەکانی لەسەرتاسەری کتێبەکەدا بلاوبوونەوە، باسی لەقەرزاری نووسەر دەکرد بەرامبەر نەریتی فەرەنسی دەربڕینی بابەتەکان لەقاڵبی وتاری کورت و وشەگەلی کورت کە نیتچەش سودی لێوەرگرتبوو. هێڵی سەرەکی ﴿کتێبەکە﴾- ئەگەر لەبنەڕەتدا بشێ بڵێین هێڵێکی سەرەکی تێدایە- هەمان ژیان "ژیانی پێگەیشتوو" بوو کە لەناونیشانی فەرعیی کتێبەکەدا دەبینرا. ئادرنۆ رووندەکردەوە کە رۆشنبیرانی کۆچکردوو ناسینێکی بەتایبەتی دەردناکیان لەم بابەتە هەیەو هەموویان بەدەر لەوەی ئاگایان لێبێت یان نا، زیانیان پێگەیشتووەو باشتر وایە دان بەم راستیەدا بنێن "بەر لەوەی لەپشت دەرگا داخراوەکانی کەرامەتیانەوە بێ بەزەییانە زیاتر تیایدا فێربین". رۆشنبیری کۆچکردوو چەندیش لەپیشەکەی خۆیدا یان لە لێخوڕینی ئوتومبێلدا هەست بە ئارامی دەسەلات بکات، دیسان هەر هەمیشە بەهەڵەدا دەچێت. تەنها شتێك کە یارمەتی دەدات "دیاریکردنی نەگۆڕی ئازاری خۆیو ئەوانی دیە". بە شیکردنەوەیەکی لەمچەشنە لایەنیکەم دەتوانێت لە"کوێربوونی" خۆی سەبارەت بە بەدبەختی خۆی، رزگاری بێت، ﴿لێرەدا﴾ ئادرنۆ قسەیەکی "برادلی" کە فەیلەسوفێکی هیگڵی سەر بە رەوتی ئینگلیزیە دەهێنێتەوە کە گوتبووی "لەجێگەیەکدا کە هەموو شتێ خراپە، بێگومان ناسینی و زانینی خراپترین باشە".

ئادرنۆ کە پلە بە پلە زیاتر قووڵایی رەنج و دڵەڕاوکێی خۆی دەپشکنی، وشەیەکی تازە دەهاتە ناو زمان و زاراوەکانیەوە، ئەم وشەیە "نەجات"ە یان بە ئەڵمانی Erlosung کە هەڵگری هەندێ مانای دینی مەسیحیە و لەسەرەتای ئەخلاقی بچوکدا بەکارهێنرابوو. لەوێدا نووسەر گوتبووی دەمەوێ بەناوی﴾ئەو شتەدا بگەڕێم﴿ کە رۆژگارێك بواری راستەقینەی فەلسەفە بووەو بەڵام هەنووکە "بیرچوێتەوە" و کەس بایەخی پێنادا. واتە بەناو "رێساکانی راست ژیاندا" بگەڕێم و لێی بکۆڵمەوە. دەیگوت چەندان ساڵ بەدوای رێسای لەمچەشنەدا بەناو کوێرەڕێی پێچاوپێچ و ناهەموارو چۆڵەکانی بیرکردنەوەی قوونی خۆمدا هەنگاوم ناوەو سەرئەنجام بەم بڕوا پتەوە گەیشتووم، کە فەلسەفە بەرپرسیارە مەسەلەکان لەبەردەم نائومێدیدا "لەڕوانگەی نەجاتەوە" بخاتە ڕوو. لەمڕووەشەوە ئیدی "

بەگشتی مەسەلەی واقعیبوون یان واقعی نەبوونی" نەجات " گرنگ نیە"(٢٩).

★ ★ ★

ئادرنۆ هۆرکهایمەر بەرلەوەی بەرپرسیاریە نەگونجاوەکانیان لەیەکیان جیابکاتەوە، هاوکاریان لەنویسینی کتێبێکدا بەناوی "دیالەکتیکی رۆشنگەری"دوە کردبوو. ئەم کتێبە بە ڕۆیشتنیان بۆ کالیفۆرنیا لە١٩٤١دا دەستی پێکردو لە١٩٩٤دا تەواو کرا، لوتکەی کاری فکری هاوبەشی نێوانیان بوو، لەهیچ کتێبێکی تریاندا ئەوەندە وێنایەکی ڕوون لەبارەی دوورترین ئاسۆ فکریەکانیانەوە نەدەبینرا. دیالەکتیکی رۆشنگەری بەردەوامی مەسەلەکانی لەو جێگەیەوە دەست پێدەکرد کە لەوتارەکانی دەیەی ١٩٣٠ وازی لێهێنرابوو. ﴿کتێبەکە﴾ بێ هیچ تێبینیو چاوپۆشینێك ئەو پێشگریمانانەی ئاشکرا دەکرد کە ژێرخانی کەسایەتی دەسەڵاتخواز و عەقڵ گیران بوو، بەڵام بەنیوە شاراوەیی مابۆوە و دواجار کلیلێکی بۆ کردنەوەی مەبەستە سەرەکیەکانی نووسەرانی بە دەستەوەدەدا. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کتێبەکە لەپانزە ساڵی یەکەمدا تەنها لەناو هەندێ ناوەندی بچوکی پسپۆڕان و ئارەزومەنداندا ناسراو بوو، پاش چاپی ئەڵمانی لە١٩٤٧ لەئەمستردام هێشتا تا ١٩٦٩ کە لەئەڵمانیادا دووبارە چاپکرایەوە و تا ١٩٧٢ کە بۆ ئینگلیزی وەرگێڕا، لەبەردەست هەمواندا نەبوو.

مەحاڵ بوو لەخودی دەقەکەوە دیاری بکرێت کە کام بەشانە کێ نوسیوێتی. بەپێی ئەو رونکردنەوەی خۆیان داویانە "بەشێکی درێژیان پێکەوە داڕشتووە" بەڵام خۆینەر دەیتوانی هەستبکات کە لەهەر جێگەیەکدا پەخشانەکە وەك کۆتەکێك دێتە خوارێ، کاری هاوکارە پیرترەکەیەو لەهەر جێگەیەکیشدا ئاڵۆزو پێچ و پەنای تیایە نیشانەی هۆشیاری وردبینی و ناسکی ئادرنۆی تیا بەدی دەکرێت. کتێبەکە بەشێوەی زنجیرەیەك وتاری پێکەوە گرێدراو، رێك و فەسڵبەند کرابوو: سەرەتا باسێك لەبارەی چەمکی رۆشنگەری، پاشان رۆیشتن بۆ لای هومیرۆسو رۆیشتنێکی دی بەلای "دۆساد"دا، دوایی بەلگە دوورو درێژەکانی بابەتە سەرەکیەکەو وەرگیراو لە"پیشەسازی کلتوور" و دژایەتیکردنی یەهوودەوەو دواجار بۆ کاملکردنی هەموو﴾ئەمانە﴿ کۆمەڵێك "یاداشت و پێشەکی" کە بەباشی دەیتوانی لەئەخلاقی بچوکدا جێگەی بێتەوە. بەلگە هێنانەوەیان هەندێکجار دووبارەبوون، بەڵام

کاریگەریەکی کەڵەکە بوویان دروستەدکرد. تێڕوانینی نوسەرەکان سەبارەت بە مەسەلەی یەهوودیەکان زۆر رەنگی سەلیقەیەکی شەخسی هەبوو و زۆربەی ئەو مەسەلانەشی تەفسیر دەکرد کە لەکەسایەتی دەسەلاتخواز دا بووبووە هۆی سەرگەردانی و تەنهاش بەسەرنجدان لەو رەخنانەی کە پێشتر ئاراستەی کەسایەتی دەسەلاتخواز کرا، قابیلی تێگەیشتن بوو.

ئامانجی هۆرکهایمەر و ئادرنۆ وەلامدانەوەی ئەو پرسیارە بوو کە "بۆچی مرۆڤ لەجێی چوونەناو هەلومەرجێکی بە ڕاستی مرۆڤانەوە، لەجۆرێکی تازەی بەربەریەتدا غەرقبووە بەتایبەتی بۆچی رۆشنگەری تەسلیمی "خۆوێرانکردن" بووە. مەبەستی نوسەران لەرۆشنگەری شتێکی فراوانتر بوو لەبیرکردنەوەی پێشکەوتووخوازانەی سەدەی هەژدە. مەبەستیان سەرجەم پرۆسەی عەقڵانیکردن یان "ئەفسانە دامالێن" لەجیهانی مۆدێرن بوو، کە سنوور و نەریتەکەی لەلایەن ماکس فیبەرەوە بەشێوەیەکی نەمرو فەرامۆشنەکراوە، دەست نیشان کرابوو. هۆرکهایمەر و ئادرنۆ دەیانگوت رۆشنگەری هەوڵیدابوو ئەفسانەکان لەناو ببات، بەڵام لەئەنجامدانی ئەمکارەدا خۆی بووبوو بە ئەفسانەیەك، ئەفسانەی "رووتی درۆزنانە" بەپێی نووسینی ئەوان "تەنها شێوەی بیرکردنەوە کە بۆ تێکشکاندنی ئەفسانە "دەبێ ئەوەندە پتەو پۆلایین بێت" دواجار بەشوێنێك گەیشت کە شمشێری بەڕووی خۆیدا راکێشا. کەوابوو ئەرکی رۆشنبیری هاوچەرخ ئەوەبوو کە بۆ ئەوەی نەهێڵێ راستەوخۆ خیانەت لەمرۆڤەکان بکرێ، بەهۆی تێفکرینی دووبارە لەبارەی چەمکی رۆشنگەریەوە "ئومێدەکانی رابردوو" نەجات بدات(٣٠).

هۆرکهایمەر و ئادرنۆ بڕوایانوابوو رۆشنگەری بەپێی گشتیترین دەرکەوتەکانی جگە لەدەستکەوت و دەست بەسەراگرتن زیاتر نیە. ناسین بەپێی زمانی دەربڕینی زانستی –پۆزتفیزمی بەمانای دەست بەسەراگرتنی شتەکانە. "تەجرید، ئامێری کارکردنی رۆشنگەریە"و لەکاتی تێگەیشتنی شتەکاندا، بابەتەکانی کاری خۆی لەناودەبات. زاراوە سادەو زبرەکانی واقعیەتی دەسەلاتی ئاشکرا دەکات. سەرتاسەری جیهان دەگۆڕێ بۆ "یەك حوکمی شیکاری دێوئاسا" کە "دراوە سادەکان" ﴿یا واقعیەتە سادەکان﴾ بە "مولکی ڕەوای پیرۆز"﴿دادەنرێن﴾ و بەدوور لەکاریگەری رەخنەگرتن دادەنرێن(٣١).

هەموو ئەم باسانە لەبەرهەمەکانی تری هۆرکهایمەرو ئادرنۆدا دەدۆزرایەوە، بەڵام هەرگیز چ پێشترو چ دواتر، ئەم دەربڕینە سەرسەخت و سازش نەکەرەی وەرنەگرت. جگە لەمەش ئەو دوو تێپەڕینەوەی کە راستەوخۆ پاش پێشەکی دەهات، کتێبەکەی بەشێوەیەك هەنووکەیی دەکرد کە بە دەگمەن لەتیورەی رەخنەگرانەدا دەبینرا. لەتێپەڕینی یەکەمدا چیرۆکی تێپەڕینی ئۆدیسۆس بەکەشتی لەبەرامبەر دورگەی سێرینەکاندا دەهێنرایەوە. هۆرکهایمەر و ئادرنۆ ئەم ئەفسانەیەی هۆمیرۆسیان بە"نمایشێك بۆ وەسفی دیالەکتیکی رۆشنگەری" گۆڕی بوو. ئۆدیسۆس بەباشی هوشیاربوو بەئەفسوونی ئاوازی سێرینەکان، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەیویست گوێی لەو ئاوازە بێت. لەبەر ئەوە فەرمانیدا کە بە ستوونی کەشتیەکەوە ببەستنەوەو سەوڵ لێدەرانی –واتە هەمان "پرۆلیتارە نەرمو سازش کەرەکان"-بە چاوی بەستراوەو بێئاگا لەهەموو شتێك و بێماندوویی، سەوڵ لێبدەن و لەمەترسی تێپەڕن. ئەزمونی دوایی مرۆڤیش بەمشێوەیە بوو "زۆربەی مرۆڤەکان بێبەشکرابوون لەناسینی جوانیو خۆشەویستیو کەمایەتیەکیش کە خاوەن مافی ڕابەریکردنە "بە بەهای سووکایەتی پێکردن و کوشتنی غەریزەی داخوازی خۆشبەختی کامڵ و یەکپارچەو گشتی ﴿واتە بۆ هەموان﴾ بەو مافە گەیشتبوون. مێژووی شارستانێتی، مێژووی "دەسەلاتی مرۆڤ بوو بەسەر خۆیدا" و "مێژووی نکوڵیکردن بوو لەخود"(٣٢). هۆرکهایمەرو ئادرنۆ بڕیاریاندابوو بەهەموو لێهاتووی خۆیانەوە لەدیالەکتیکدا، لەبەرامبەر ئەو شتەدا ڕابوەستن کە ماکس فیبەر بەناچاری ملی بۆ داو فرۆیدیش لە"شارستانیو ناخوشنودیەکانیدا" بە بەهای حەتمی کۆنترۆڵکردنی غەریزەی وێرانکاری مرۆڤی لەقەڵەمدا بوو.

لەدووهەم تێپەڕیندا مارکس دۆساد دەناسێنرا، بەڵام نەك بەو شێوەیەی کە چەند ساڵ دوای ئەوە ئالبێر کامۆ وەك پێش نموونەی ئەشکەنجە لەئوردوگاکانی مەرگدا ناساندی. بەڵکو وەك بەرجەستەکردنی بیرکردنەوە وروژێنەتری (تاکە کەسی بورژوازی رزگاربوو لەبەرپرسیاری". هۆرکهایمەر و ئادرنۆ دەیانگوت بزوتنەوەی رۆشنگەری سەدەی هەژدە توانای دۆزینەوەی بنەمایەکی بۆ داوەری ئەخلاقی نەبووە. رەنگە تیورەیەکی گشتی "سەقامگیرو هاوڕێك"ی هەبوو بێت، بەڵام کاتێك ویستی فۆرمەلەی "تێزە ئەخلاقیەکان" بکات، تەسلیمی پڕوپاگەندەو هەستی

رووکەشی بوو. تەنانەت کانت سەرەڕای ئەو وردبینی‌و وریاییەی لەم مەسەلەیەدا بەکاریهێناو لەگەڵ بوونی ئەو دەرئەنجامە "بالاو نزیك لەپارادوکسە"ی بەدەستیهێنا، لەهەوڵی ئەوەدا کە ئەرکی ڕێزی دوولایەنە لەیاسای عەقڵەوە بەربهێنێت (ئیستنتاج بکات)، سەرکەوتوو نەبوو. میراتی کانت و هاوبیرە عەقڵانیەکانی میتۆدەکەی بۆ ڕێکخستنی بورژوازی سەدەی نۆزدە شتێکی سەروو ئەمری واقع و هاوپەیمانی یان نەریت نەبوو. ئەوەی پەردەی لەسەر ئەمە هەڵماڵی نیتچە بوو "کە بە هەر چوار دەوردا بە تەپڵ و زورناوە رایگەیاند کە مەحاڵە" بەپێی بنەمای عەقڵ (بەو مانایەی هاوچەرخانی بەکاریانەهێنا) "هیچجۆرە بەڵگەیەکی بونیادی بۆ ڕەتکردنەوەی پیاوکوژی" بهێنرێتەوە. نیتچە بەمکارەی خۆشبینی ئەخلاقی ساویلکانەو ئاسانی بورژوازی‌و "دڵنیاییەك" کە "تەنها لەدووی دڵنەوایکردنە" ڕەتکردەوە. بەدەر لەوەی مەبەستی هۆرکهایمەر و ئادرنۆ لەزاراوەی "نەجات" چی بوو- زاراوەیەك کە هەروا لەناو ئالۆزیدا ونبوو- بەڵام بێگومان دڵنەوایی یەکێك لەرەگەزو بەشەکانی نەبوو. بە بڕوای هەردووکیان ئەو "تێزە بێ بەزەیی‌و بێ لێبوردنەی" کە رایدەگەیاند ڕۆشنگەری جگە لەدەسەڵاتگەری هیچی دی نیە، باڵاتر بوو(٣٣).

ئادرنۆو هۆرکهایمەر بە ئانقەست باسی کلتووری میگەلیان وەك پیشەسازی دەکرد، بۆ ئەوەی بڵێن کە لایەنی جەماوەری بوونی(کلتوری میگەلی)، درۆزنانەو دروستکراوە(٣٤) و نەك هەر بە هیچ شێوەیەك دیموکراتی نیە، بەڵکو ئاشکراکەری واقعی دەسەڵاتخوازیە. ئەوان بڕوایانوابوو کە بەرهەمە هونەریە مەزنەکانی رابردوو بەرجەستەکردنی "هەقیقەتێکی نیگەتیف" بووە و مۆسیقای کلاسیك بنەماو ڕێساکانی "شێوازێکی بێ کەموکووڕو نزیك لەکەمالیان" تاقیکردبۆوە، بەڵام پیشەسازی کلتووری هاوچەرخ هونەر بۆ ئاستی "تەقلیدێکی رەها" دادەبەزێنێت‌و هەمان مۆر لەهەموو شتێکدەدات" و بە وازهێنان لەتراژیدیا دەیەوێت خۆراك بە هەموان بگەیەنێت‌و لەڕووی "سەرگەرمیە"وە ئامێرگەلێك ئامادەبکات کە "مرۆڤ گاڵتە بەخۆی بکات" و "دژێك Purody لەمرۆڤایەتی دابتاشێ"(٣٥). لێرەدا بە ئاشکراترین شێوە کاریگەری نیشتەجێبوونی هۆرکهایمەرو ئادرنۆ لەئەمریکادا بەرچاو دەکەوێت. لەو ماوەیەدا کە هەردووکیان دیالەکتیکی رۆشنگەریان دەنووسی لەنزیك هالیودەوە دەژیان و لەگەڵ هەندێ کۆچکردووی ئەڵمانیدا هاتوچۆیاندەکرد

کە پەیوەندیان بە پیشەسازی فیلم دروستکردنەوە هەبوو. لەم هەلومەرجەدا ئاسایی بوو کە سینەما بە باشترین نمونەی ناچارکردنی شاراوە دابنێن کە "دنیای ژیانی بە بەڕێوەبەرایەتیکراو ﴿مدیریت شدە﴾" لەسەر بناغەی دامەزراوە.

پیشەسازی کلتوور چۆنێتی گۆڕینی ڕۆشنگەری بۆ هەڵخەڵەتاندن ﴿یان فێڵکردن﴾ ئاشکرا دەکردو، دژایەتیکردنی یەهوودیش دەریدەخست. باسی هۆرکهایمەرو ئادرنۆ لەمبارەیەوە نەك تەنها ناسکترین، بەڵکو وروژێنترین باسێك بوو کە لەقەڵەمی کۆچ کردووەکانەوە دەڕژا. لەڕووی توانای خۆهەڵکێشانیش ﴿عرج ئەندام﴾ لەبەرامبەر بڕوا بێ دەردەسەریەکانی ڕۆشنبیرانی لیبرالدا، تەنانەت لەباسەکانی "هانا ئارنت"یش تێدەپەڕی. ناوەڕۆکی بەڵگەهێنانەوەکانی فەیلەسووفانی فرانکفۆرت ئەوە بوو کە تاکەکەسی بورژوازی ساویلکەو پابەندی نەریتەکان، لەبەر هۆی "بەهێز" وئەگەرچی دان پیانەنراو، رقی لەیەهوودیە. یەهوودی تەنها بەپێی بوونی خۆی داخی هاوشاریەکانی تازە دەکاتەوە کە دەبینین لەئەنجامی دەسەڵاتکردن بەسەر خۆیاندا چ شتگەلێکیان لەدەستداوە. یەهوودی بە حوکمی جێگە پەراوێزیەکەی خۆی، بیرهێنەرەوەی ئەو توانایانە دەبێت کە مرۆڤەکان کاتێك واز لەمافی خۆشبەخت بوونی خۆیان دەهێنن، لەدەستیان دەچێتە دەرەوە. "لیبرالیزم ڕێگەی مولکیەتی بەیەهوودیەکاندا، بەڵام توانای فەرمانڕەواییکردنی پێنەدان". لەجێی ئەوەی دەسەڵاتیان بداتێ لە"نمایش و دەرکەوتن"دا ئازادیکردن، واتە هەمان ئەو کارەی کەئەوانی دی خۆیان لەکردنی دەپاراست، هەمان "دەنگدانەوەی دەردناکی هێزێکی باڵاتر.. کە لەشکاتکردندا دەردەکەوێت". ناڵەو گریانی هەمیشەیی یەهودیەکان، وەك گریان و پاڕانەوەی ژنانە. چونکە هەردووکیان لەو ڕوەوە کە "هەزاران سالە" لەفەرمانڕەوایکردن بێبەشبوون، لەبەر "ترس و لاوازی" "نزیکی خۆیان لەسروشتەوە کە پەنای هەمیشەیی ستەملێکراوانە" بەردەوام پاراستووەو بیرەوەری "خۆشی‌و خۆشبەخت بوونی بێ دەسەڵاتیان" بە زیندووی هێشتۆتەوە. بۆ ئەو کەسانەی کە نە یەهوودی بوون و نەژن، تەنانەت بیری ئەمجۆرە "خۆشیە راستەقینەیە" تەحەمولناکرێت. لێرەوە کاتێك یەکێکی نازی لاسایی یەهوودیەکان دەکاتەوە، لەراستیدا ئەو حەسرەتەی کە بۆ ژیانێکی سروشتیترو ئازادتر بۆ دەرخستنی پێکهێنەرەکانی ویژدانی لەدڵیدا بووە

بەڵام سەرکوتیکردووە، لەقاڵبی دوژمنێکی خەیاڵی خۆیدا دەکاتە دەرەوە(٣٦).

کەوابوو دژایەتیکردنی یەهوود لەحەقیقەتدا هیچ نەبوو، جگە لەدیارترین دەرکەوتەی هەمان ئایدۆلۆژیای هیومانیزم دامالێن، کە رۆشنگەری بۆ ئاستی دابەزیبوو. بەڵگە بوو بۆ ئەوجۆرە "میکانیزمە کۆمەڵایەتیانەی" کە ئەزموونی تاکەکەسەکان بە تەنیایی، لەگەڵ یەهودیەکاندا بە تەنیایی هیچ رۆڵێکی تیا نەبوو." چۆنایەتی "هەموو ﴿شتێك﴾ یان هیچ"ی ئەو هەڵسەنگاندنانەی دەرئەنجامی دژایەتیکردنی یەهوودی بوو، بێئاوارتن (بێ ئیستسناء) "بەڵگەی بیرکردنەوەیەکی قاڵبیبوو". ئالێرەدا ئاشکرا دەبوو بۆچی دژایەتیکردنی یەهود ئەوەندە رۆڵێکی بەرجەستەی لەکەسایەتی دەسەڵاتخوازدا بینیبوو. هۆرکهایمەرو ئادرنۆ بەو ئەنجامە گەیشتبوون کە دژایەتیکردنی یەهوود رووترین بەڵگەی مومکینە بۆ رەفتاری بلیتی tickft- Behavior واتە ئارەزومەندی بۆ قبووڵکردنی سەرلەبەری هەر بەرنامەیەك بێ جیاوازیو جیاکردنەوە کە نەك هەر خەسڵەتی کەسانی ئارەزوومەندی دەسەڵاتخوازیە، بەڵکو خەسڵەتی قوربانیە ئاساییەکانی ژیانی بە بەڕێوەبەرایەتیکراوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خودی ئەو راستیەی کە دژایەتیکردنی یەهوودی "تەنها وەك بەشێك لەبەرنامە ئەڵتەرناتیڤەکان" رووپەدا، ئومێدێکی بەهێزی" دروستەدکرد بۆ ئەوەی دواجار "رۆژێك..کەمکەم لەناوبچێت"(٣٧). دیالەکتیکی رۆشنگەری بەم تۆنە خۆشبین و پێشبینینەکراوە، کۆتاییدەهات.

کاتێك کتێبەکە لە١٩٦٩دا دووبارە چاپ کرایەوە، نووسەرانی رەوا بوو بڵێن بۆ پێشبینی لەناوچوونی لەسەرخۆی دژایەتیکردنی یەهوودی، راستیانکردووە. بەڵام ﴿لەپێشەکی چاپی تازەدا﴾ سووربوون لەسەر ئەوەی کە وریاکردنەوەیان لەبارەی "گۆڕانی رۆشنگەریەوە بۆ پۆزەتڤیزم" و هاوکات "بەیەك دانانی عەقڵ" لەگەڵ "مەسەلە زیانبەخشەکاندا بۆ رۆح"یش "بەتەواوی سەلێنراوە". هۆرکهایمەرو ئادرنۆ لەبەرامبەر "جیهانێکی بە بەڕێوەبەرایەتیکراو"دا ڕووبەڕووبوون و تەنها دەیانتوانی خوازیاری "پشتیوانی لەپاشماوەکانی ئازادی" بن، هەرچەندە ئەم پاشماوەیە "لەبەرامبەر جوڵەی سەرەکی مێژوودا، بێچارەو کەنەفتەکار" بێتە پێشچاو(٣٨).

ماکس هۆرکهایمەر و ئادرنۆ..سەرەتاکان پاش جەنگ

هۆرکهایمەرو ئادرنۆ سەرەڕای سەرسەختیو دوژمنایەتیان لەگەڵ کلتووری مێگەلی ئەمریکاداو وەفاداریان بۆ ئەوروپا، بەڵام بەو ئاسانیەی کە پێشبینیدەکرا، نەیانتوانی بڕیاری گەڕانەوە بۆ ئەڵمانیای پاش جەنگبدەن. کاری بەردەوامیان ﴿لەپرۆژەی﴾ "لەبارەی پێشداوەریەوە"، بووە هۆی ئەوەی ئارەزوویەکیان تیا دروستبکات بۆ لێکۆڵینەوە بە شێوازی ئەمەریکی کە بڕینی ئاساننەبوو. سێسااڵ تێپەڕی تا یەکەم سەفەری هۆرکهایمەر بۆ زێدی خۆی رووپدا. بۆنەی ئەم سەفەرە جەژنی سەد ساڵ دامەزراندنی پەرلەمانی فرانکفۆرت بوو. بەڕێوەبەری "دەزگای لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی" ﴿واتە هۆرکهایمەر﴾ پێشوازیەکی گەرمی لێکراوو زانکۆی فرانکفۆرتیش داوایان لێکرد، "دەزگاکە" دووبارە بگەڕێتەوە بۆ هەمان ئەو شارەی کە چارەکە سەدەیەك پێشتر تیای دامەزرابوو. جگە لەم ناسینە فەرمیەش، پێدەچوو نەوەی تازەی خوێندکارانی زانکۆ دەیانەوێت زیاتر شت بەتامەزرۆییەوە لەبارەی تیۆرەی رەخنەگرانەوە بزانن. ئەو وەرگرە خەیاڵیانەی کە هۆرکهایمەرو ئادرنۆ چەندان ساڵ بە ئەڵمانی بۆیان نووسیبوون، سەرئەنجام واقعیەتیان پەیدادەکرد. لە١٩٤٩دا کورسی مامۆستایی هۆرکهایمەر گەڕێنرایەوە بۆیو وانەکانی ﴿سخنرانی﴾ سەرکەوتنێکی بێوێنەیان بەدەستهێنا. یەك ساڵ دوای ﴿ئەمە﴾ "دەزگای لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی" -یان بە وتەی خوێندکارانی زانکۆ، "چایخانەکەی مارکس"- لەفرانکفۆرتدا کرایەوە. ئەمجارە ئیدی ئادرنۆ بە بریکاری دەزگا دانراو پاش ماوەیەك کرا بە مامۆستای فەلسەفەو کۆمەڵناسی. ئەگەرچی ئەم دوانە لەماوەی دەیەی دوایدا چەندانجار بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان چوون، بەڵام قورسایی چالاکیەکانیان بەتەواوی گواستبۆوە بۆ ئەملای ئۆقیانووسی ئەتلەسی. "دەزگا"کە سەرکەوتنێکی بەدەستهێنابوو کە هیچ گروپێکی ئەڵمانی دامەزراو، بەدەستینەهێنابو.. بەو مانایەی ماوەی نێوان کلتووری کۆماری ڤایمار و کلتووری سەردەمی پاش نازیزمی کە تازە دەژیایەوە، پڕکردبۆوە(٣٩).

لە١٩٥١دا هۆرکهایمەر بە سەرۆکی زانکۆی فرانکفۆرت هەڵبژێرا. هۆرکهایمەر یەکەم کەسی یەهوودی بوو کە بەم پایەو پلە بەرزە دەگەیشت. هەڵبژاردنی بە

دەنگی هاوکارانی، جگە لەوەی بەڵگەی کەمبوونەوەی دژایەتیکردنی یەهوودی بوو، هەروەها ئاشکراکەری جێگەی تازەی ئەو و ئادرنۆ بوو، وەك زینەتی کلتووری کۆماری فیدرالی ئەڵمانیا کە هێشتا نەیدەتوانی لەجیهانی رۆشنبیریدا شانازی بە ژمارەیەکی کەمی ناوی دەرەوشاوە نەبێت، بەهیچی دیەوە بکات. پاش ئەوەی شەڕی سارد کەمێك خاوبۆوە، رەخنەگران سەرنجیاندا جۆرێك خۆپاراستنی ﴿احتیاگ﴾ ئایدۆلۆژی لەئاوازی رەخنەگرانەی فەیلەسووفاندا سەبارەت بە یەکێتی سوفیەتو چین هەیە. بەڵام ئەم مەسەلەیە بە ڕاستی شتێکی تازە نەبوو. هۆرکهایمەرو ئادرنۆ بەردەوام جیاوازیان لەنێوان دیسپۆتیزمی ستالین یان ماو و ڕوانگەی خۆیان بۆ کاری مارکسیزمی دەکردو، لەزۆر زووەوە و تۆقاندنی کۆمنیستیان بەناوی ئازادیەوە، مەحکومکردبوو. ئەوەی لەبەرهەمەکانی دەیەکانی ١٩٥٠و ١٩٦٠ دا تازە بوو، ئەوە بوو کە هەنووکە دژایەتی خۆیان لەگەڵ پۆزەتڤیزمدا بەرەو مەسەلە دیاریکراو و هەستپێکراوەکانی ﴿مملوس﴾ میتۆدی زانستە کۆمەڵایەتیەکان دەبرد(٤٠).

ئادرنۆو هۆرکهایمەر هەمیشە لەڕابردوودا کاری خۆیان بەخەبات (لایەنیکەم) لەدوو بەرەدا دانابوو. بەڵام لەنیوەی دووهەمی سەدەی بیستدا سەرنجیان بۆ هەندێك جێگۆڕکێی هێزەکان لەبەرەی نەیاران ﴿مخالفان﴾ چوو. ئایدیالیزمی تەجریدی بەپێچەوانەی رابردووەوە چیدی دوژمنێکی بەهێز نەبوو. فەیلەسووفانی فرانکفۆرت بەهۆی پاشماوەی ئەو چۆڵەوانیە فکریەی دەرئەنجامی بێ بایەخبوونی بیرکردنەوەی باوی ئەڵمانی بوو، لەباشترین جێگەدا بوون بۆ ئەوەی ئەوشتانەی لەبارەی زانستە کۆمەڵایەتیە ئەزمونگەریەکانی ئەمەریکاوە دەیزانن، فێری خوێندکارانی پاش جەنگبکەن، بەڵام تەنها تا سنوورێك. هونەرە ئەمەریکیەکان ئەوەندە بەخێرایی ڕەواجیان پەیداکرد، کە هیچی نەمابوو بە تەواوی شانۆکە داگیربکەن و ئادرنۆو هۆرکهایمەریش فەرمانی راوەستانیاندا. هەستیانکرد ئەرکی سەر شانیانە ڕێسا بنەڕەتیەکانی تیۆرەی رەخنەگرانە بەشێوەیەکی کاملتر دەربڕن و دەستنیشانی بکەن کە ئەم تیۆرەیە لەچ روویەکەوە لەگەڵ بیرکردنەوە کۆمەڵایەتیەکانی دیدا دەگونجێتو لەچ روویەکیشەوە ناگونجێت. ئەمکارە بەشێوەیەکی سەرەکی کەوتە ئەستۆی ئادرنۆ. هۆرکهایمەر لەبەرپرسیارێتیە ئیداریەکانداغەرق و تەنانەت لەڕابردووش کەمتر دەینووسی. لەبەرئەمە هاوڕێ گەنجترەکە ناچاربوو لەدەمی

هەردووکیانەوە قسەبکات. ئەم کارەش ئادرنۆی گەیاندە پلەی پڕ بایەختڕین و ناودارترین رۆشنبیر لەئەڵمانیادا. گێڕانەوەی دوورو درێژانەی ئەم دوا قۆناغەی ژیانی ئادرنۆ -واتە بیست ساڵ وتوێژ و وەڵامدانەوەی پاش جەنگ- لەتوانای ئەم کتێبەدا نیە. بەڵام پێویستە بۆ هەڵسەنگاندنی تیۆرەی رەخنەگرانە لەپاش دەرچوون لەگومناوی فکریو ونبوونی ئایدیۆلۆژی لەئەمەریکادا، بەکورتی باسی خەسڵەتەکانی بەرهەمەکانی ئادرنۆ لەم سەردەمەدا بکەین

★ ★ ★

لە١٩٦٦دا بەرگێکی گەورە بەناوی "دیالەکتیکی نیگەتیف"ەوە لەئادرنۆ بڵاوکرایەوە، کە زۆرکەس وایاندەزانی کۆکردنەوەو کورتەی فەلسەفەکەیەتی. ئەم کتێبەش دیسانەوە لەزنجیرەیەك وتاری درێژ پێکهاتبوو. نۆ وتاری ڕێکخراو و هەروەها پاکانەکردنی ئادرنۆ لەباوکە فەلسەفیەکانی بەتایبەتی لەنەریتی ئایدیالیزمی لەخۆگرتبوو، کە ئادرنۆ ئەگەرچی وەفادار مابۆوە بۆ زمان ودەربڕینی میتافیزیکی و نهێنیئامێزیان، بەڵام هەموو تەمەنی ﴿ئایدیالیزمی﴾ کردبووە ئامانجی هێرشەکانی. دیالەکتیکی نیگەتیف لەڕووی شێوازی نووسینەوە، گرانترین کتێبێك بوو کە ئادرنۆ تا ئەو ڕۆژە نووسیبوی. بەڵگاندنەکانی (ئیستدلال) نووسەر لەبری ئەوەی پێبەپێ هەنگاو بنێت "، بێوەستان و بەردەوام بە شێوەی کۆمەڵێك دەربڕینی دابڕاو بەرەو خوێنەر دەهاوێژرا. لەم دەربڕینانەدا هیچجۆرە ریتمێکی لۆژیکی بەرچاو نەدەکەوت" و وردیو ڕەوانی ڕستەسازیش، کەمی لۆژیکی پڕ نەدەکردەوە"(٤١). خودی ئادرنۆ دەیگوت کتێبەکەی بە پەیڕەوکردن لەنموونەی "دژە درامـا anti-drama" یـا "دژە پاڵەوان anti-hero" لەئەدەبیاتی هاوچەرخدا، جۆرێك "دژە سیستەم anti system" پێشکەشدەکات کە بە "هێزی" شتی زیهنی، "هەڵەی زهنیەت دەکوتێت"(٤٢).

"فەلسەفە کە ڕۆژگارێك بە بەجێهێڵراو ﴿مەتروك﴾ دەزانرا" بەردەوامی بەژیانیدا "چونکە ساتەوەختی جێبەجێبوونی ﴿یان بەواقعی بوونی﴾لەدەستچوو(٤٣).

بەم وشانە ئادرنۆ خوداحافیزی لەگەڵ کاری مارکسیزمیدا کرد، کە لەسەردەمی نائومێدیە گەورەکانی دەیەی ١٩٣٠دا بەردەوام لەدروستبووندا بوو. پرۆلیتاریا هیچ

سوودێکی لەمیراتی فەلسەفەی کلاسیك وەرنەگرتبوو کە مارکس و ئنگلز مژدەیان دابوو، لەجێی ئەمە ژیانێکی بەڕێوەبەرایەتیکراو دروست بووبوو. کەوابوو فەلسەفە هێشتا هەر پێویست بوو، بەڵام فەلسەفەیەك کە لەسەرتاسەری پرۆسەی بیرکردنەوە لەقاڵبی چەمکە هەمەکیەکاندا، "ئەفسوون دامالێن" دەکات. فەلسەفەیەکی لەمچەشنە ئەگەرچی بەهیچ شێوەیەك خاوەنی چەمکێکی نەگۆڕ نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ لێکچوونێکی لەگەڵ ڕێژەگەری کارل مانهایم لەکۆمەڵناسیدا یان لە"بەرپرسیاری" خوازی سەقامگیری کەسێکی وەك سارتەردا نەبوو. ئادرنۆ ڕێژەگەری بە جۆری "گشتپەسەند"ی بیرکردنەوەی مادی دەزانیو ڕەدیدەکردەوەو بڕوایوابوو بونگەری ﴿وجودیەت﴾ بەشێوە فەرهنسیەکەی، وەك خودی سارتەریش دواجار دەستنیشانی کردووە، هێشتا "لەکۆت و بەندی ئایدیالزمدایە". نووسەری بوون و نەبوون ﴿واتە ژان پۆل سارتەر﴾ بە راگەیاندنی چەمکی ئازادی ڕەهای هەڵبژاردن و بەپێچەوانەی نیەتی خۆیەوە، فەلسەفەی مەحکومکردبوو دوور لەعەقڵانیەت بێت. تاکەکەس بە پێی تێڕوانینی سارتەر ناچار بەهەڵبژاردن بوو، بێئەوەی بزانێت چ شتێك بۆتە هۆی ئەو هەڵبژاردنە. بەڵام ئادرنۆ دەیگوت سارتەر دەبێت شانازی بەوەوە بکات کە لەشانۆگەریەکانیدا کە دەبوو بەرجەستەکردنی فەلسەفە ڕەسمیەکەی بن، پاڵەوانەکانی نەك وەك کۆمەڵی بکەری ئازادی، بەڵکو وەك زنجیرکراوەکان ڕەفتار دەکەن(٤٤).

بێگومان بوونگەرەکانیش ﴿وجودیەکان﴾ وەك ئادرنۆ بۆ هیگڵ و بە گشتی بۆ هیگڵی "فینۆمۆلۆژیا ڕۆح" گەڕابوونەوە. ئادرنۆ لەم دوا هەڵسەنگاندنەدا بۆ میراتی هیگڵ، نکوڵی لەقەرزاری خۆی بۆ هیگڵ نەدەکرد، بەڵام جەختی لەسەر ئەو لایەنانە دەکرد کە ڕەوتی دیالەکتیك لەبری ئەوەی لەو لایەنەوە ئیلهامی وەرگرتبێت، پێی سنووردار دەبوو. ئادرنۆ ئەم لایەنانەی بە تایبەتیی لەچەمکی هێگڵدا بۆ ڕۆحی جیهانی دەبینی و هەروەها لەتیۆرەی "ئەفسانەیی" (ئەگەرچی نادینیو دنیایی)ی "لۆژیکی دەروونی مەسەلەکان" کە هاوڕێ لەگەڵیدا ﴿واتە لەگەڵ چەمکی ڕۆحی جیهاندا﴾ دێت. ئادرنۆ دەیگوت دەرئەنجامی ئەم مەسەلەیە جەختکردن بووە لەسەر هەمەکیەکان ﴿کلیات﴾ بە بەهای فەرامۆشکردنی هەندەکیەکان ﴿جزئیات﴾..واتە جەختکردنی زیادەڕەویانە لەسەر شتێك کە دواجار بووە هۆی پەرەستنی کۆمەڵگا.

ئادرنۆ دەیگوت بە هۆی ئەمشێوە بەلگاندنەوە کەسێکی پۆزتڤیزمی وەك دۆرکهایم توانیوێتی ڕۆحی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەبری میتافیزیکی ڕۆحی جیهان دابنێت، و بەهۆیەوە بەسەر هیگڵدا سەربکەوێ. نووسەری فینۆمۆلۆژیای ڕۆح لە"پەروەردەی ساردو بێ چێژ، وەڕس" بوو، بەڵام لەفەلسەفەی مێژوودا کەوتە ناو هەمان ئەم هەڵانەوە کە پێشتر مەحکوومیکردبوون.﴾

هیگڵ بە پێداگرتن لەسەر جێگەی سەربەخۆی﴿ "ڕۆحی نەتەوەی" Volksgeist ڕەوایەتی بەخشی بە سەپاندنی دیسپۆنیزم بەسەر مرۆڤەکاندا و ئەمەش هەمان ئەو کارە بوو کە دواتر دۆرکهایم بەهۆی چەمکی "ڕێسا کۆمەڵیەکانەوە Collectivenorms" کردیو شپلنگەریش بەهۆی تیۆرەی "ڕۆح"ی هەر کلتوورێك. بەکورتی هیگڵ لەخەباتی مێژوونووسیندا لایەنی مەسەلە جێگرو نەگۆڕو یەکسانەکانی گرت، واتە ﴿لایەنی﴾ جۆرێك "هەمەکیەت totality" کە ڕزگاربوونی تیا بینیبوو، هەر لەبەرئەمەش تۆمەتی "میسیولوجیای مێژوو"ی بەسەردا دەسەپێت(٤٥).

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئادرنۆ نکوڵی لەوە نەدەکرد کە مێژوو ڕەوتێکی هەیە، و فکرو زیهنی فەلسەفیش توانای دیاریکردنی هەیە. بەڵام دەیگوت هیگڵ بەشێوەیەکی کۆنەپەرستانە سوودی لەوتەزای وەك ئازادیو دادپەروەری وەردەگرت، پێدەچوو ئادرنۆ سەرقاڵبوون بە فەلسەفەی تیورەی مێژووەوە بەکارێکی شایستە بزانێت، بەڵام بەدەرئەنجامگەلێکی جیاواز لەوەی لەخەیاڵی هیگڵدا بوو. چەند ساڵ پێش ئەمە ئادرنۆو هۆرکهایمەر لەیەك هەڵچوونی گەرموگوڕی هەستیارانەدا لەیەکێك لەپاشکۆکانی دیالەکتیکی ڕۆشنگەریدا نەخشەیەکی گشتیان لەدیدی خۆیانەوە بۆ ڕابردوو و ئایندە کێشابوو: لەمێژوودا بەمانا جدیەکەی، هەموو بیرکردنەوەو نەفیکردنەکانو ئاینزاو باوەڕە سیاسیەکان، تەنها تا ئەوکاتە سەرنج ڕاکێشەرن کە بتوانن ئومێدی سروشتی سەرکەوتنی مرۆڤ لەسەر زەوی یان جیهان، کەم یان زیادبکەن. عەقڵ ڕۆڵی یەکێك لەئامێرەکانی گونجاندن دەبینێت...مەکری عەقڵ لەگۆڕینی مرۆڤەکاندایە بۆ جانەوەرانێك کە خاوەن هێزی زیاترو بەربلاوترن، نەك لەدروستکردنی پەیوەندیەکی یەکسان لەنێوان بناس و بابەتی ناسیندا.

دەبێ تەفسیری فەلسەفی مێژووی جیهان دەریخات کە دەسەڵاتی عەقڵانی بەسەر

سروشتدا سەرەڕای هەموو لادانەکان و وەستانەکان، چۆن رۆژ بە رۆژ زیاتر سەردەکەوێت و سەرجەم خەسڵەتە مرۆڤایەتیەکان تێکەڵ بەیەك دەکات.. مرۆڤەکان یان یەکدی پارچە پارچە دەکەن، یان سەرجەم جانەوەرو گیاکانی گۆی زەوی لەگەڵ خۆیاندا دەبەن، و ئەگەر تا ئەو کاتەش زەوی بە پێی پێویست لاوبێت، ئەوا دەبێت هەموو شتێك لەئاستێکی زۆر نزمتردا، لەسەرەتاوە دەست پێبکرێتەوە"(٤٦).

کاتێك ئەم وشانە دەنووسران، هێشتا یەکەم بۆمبی ئەتۆمی نەتەقیبۆوەو هێشتا دوو دەیەی مابوو تا هەمووان بە مەترسیەکانی ژینگە هوشیاربن.

★ ★ ★

ئادرنۆ جگە لەوەی رێکخستن و دوا سیستەمی بە فەلسەفە فەرمیەکەی خۆی دەبەخشی، بە پێویستی زانی لەجلوبەرگی کۆمەڵناسیشدا کە بە تازەیی لەئەمەریکادا لەبەریکردبوو، دەست بە بەرگریکردن لەتیۆرەی رەخنەگرانە بکات و روونیبکاتەوە. هەستی بەرپرسیاری فکری بەرەو روبەڕووبوونەوەی وای رادەکێشا (لەوانە لەگەڵ کارل پۆپەر، شێواز ناسی زانستە کۆمەڵایەتیەکان) کە بەگەرموگوورپەوە لەپێشەوە رێکەدەخراوو خوێندکارانی ئەڵمانی هەمیشە چێژیان لێدەبینی. هەروەها ﴿ئەم هەستی بەرپرسیارە فکریە﴾ بەرەو هەڵسەنگاندنی دووبارەی "پۆزەتڤیزمە" بەرجەستەکانی وەك ماکس فیبەرو فینگشتاینی برد. وەلامە باڵاکانی کە بەلگەی بەرپرسیاری قوڵی فکری ئادرنۆ بوون، لەزنجیرە وتارێکدا لەبواری تیۆرەی کۆمەڵایەتیدا تۆمارکرا کە لەنێوان ساڵەکانی ١٩٥٥ و ١٩٦٦دا نووسراو بەزووی پاش مردنی بلاوکرایەوە(٤٧). نیشانەکانی نیشتەجێبوونی ئادرنۆ لەوڵاتە یەکگرتووەکان لەهەموو شریتێکی ئەم وتارانەدا -لەوانە زاراوە ئینگلیزیو ئەمەریکیەکان کە لەدارشتنەکانیدا پەرشوبلاوبوون- بە ئاشکرا دەبینرا(٤٨).

سروشتی بوو کە لێرەشدا وەك رابردوو، پۆزەتڤیزم گرنگترین ئامانجی وەلامەکانی ئادرنۆ بێت، بەلام کاریگەری نیشتەجێبوونی دەساڵ لەوبەری ئۆقیانووسی ئەتلەسدا، لێرەشدا ئاشکرا بوو. لەم زنجیرە وتارانەدا کە لەدەیەکانی ١٩٥٠ و ١٩٦٠دا نوسرابوون، داوەریکردن لەبارەی کەسەکانەوە، ناسکترو بە پێچ و پەناتربوو ﴿لەو﴾ وتانەی پێشووی فەیلەسووفانی فرانکفۆرت کە بە مەبەستی راگەیاندنی بەرنامەی کارەکانیان ﴿دەیانگوت﴾، لێرەوە ئەگەرچی جەخت لەسەر ئەوجیاوازیە

قوولەی بۆچوونی رابردوو لەسەر مەسەلەی بەها لەگەڵ فیبەردا دەکرایەوە، بەڵام ئەمجارە هاوڕێ بوو لەگەڵ ڕێزلێنانێکی تازەدا لەفیبەر. ئادرنۆ بڕوایوابوو چەمکی بەها لەئەخلاق و ستاتیکادا، لەنرخی ئالۆگۆڕ لەئابووریدا وەرگیراوە. بە بڕوای ئادرنۆ سەرجەم ئەم مەسەلەیە وەك هاوسەنگیەك بوو، کە تیایدا کۆمەڵناسی ئامرازێکی یەدەکی رادەکێشاو و دەکرا وەلاوەبنرێت.

"دابەشکردنی دوالیزمی هەیەو دەبێت" نەك هەر "درۆ"، بەڵکو "لەڕووی میژوویشەوە دەستوپێگیر" بوو. داوەریکردن لەبارەی هەرشتێکەوە "هەمیشە- بە ڕێگەپێدانی" خودی ئەو شتەوە ئەنجامدەدراو، بە پێچەوانەوەی بڕوای فیبەرەوە "هیچ بڕیارێکی ناعەقڵانی لەلایەن بناسەوە" ﴿زیهن﴾ کۆی لایەنەکانی" نەدەگرتەوە. ئادرنۆ وەك دەکرا پێشبینیبکرێ ﴿بەمشێوەیە﴾ لەسەری دەڕواو دەیگوت کە ناسینی تەجریدیانەی کۆمەڵگا "تەنها دەشێ لەسەر تەوەرەی ئەم وێنایە ﴿تصور﴾ دروستبێت کە کۆمەڵگای پێکهاتە دروست، چۆنیە؟". ئەم ناسینەش سەرچاوە لەرەخنەکاریو "هوشیاری کۆمەڵایەتی لەدژایەتیو زەروورەت"ەوە وەردەگرێ. بەڵام ئادرنۆ لەگەڵ ئەم رەخنانەشدا قبووڵیدەکرد کاتێك سەیری نووسینەکانی خودی فیبەر دەکەین، دەبینین کە "ئاوێتەی جیاکاری بابەتیبوون و بەها ﴿واتە یان بابەتی یان بەها﴾ ی "مەرجدار" تر لەوە دەردەکەوێت کە بەپێی دروشمی کۆمەڵناسی مومکینە چاوەڕێیبکەین". بەرهەمەکانی فیبەریش دەتوانێت ببێتە بنەمایەك بۆ دووبارە بیرلێکردنەوە لەبارەی ئەو وتەزایانەوە کە وەك کۆمەڵێك دۆگما سەقامگیربوون"(٤٩).

ئادرنۆ هەر بەمشێوەیەش لەبارەی فینگشتاینەوە دانی بەوەدانا کە ئەو فەیلەسوفە ڤینایی، لەتێڕامانیدا بۆ لۆژیك بەیارمەتی ئەو کەرەسە فکریانەی لەخودی لۆژیکەوە وەرگیراون، (ئازاری) کێشاوە. ئادرنۆ دەیگوت ئەم "بیرکەرەوەترین پۆزەتفیزمە" "هوشیاربووە بە سنوورەکانی لۆژیك" و بەمشێوەیەش بڵندی بەسەر ئەندامانی دی ئەڵقەی ڤینادا، سەلماندووەو گەیشتۆتە "بەردەرگەی هوشیاری دیالەکتیکیانە". بەڵام هوشیار نەبووە بەوەی هەر شتێك کە لەسنووری ئەزموونی حسی رووت تێپەڕی، خاوەن " خەرمانەیەکە لەدەستنیشان نەکردن ﴿عدم تعین﴾ و "هیچ شتێکی موجەرەد هەرگیز بەتەواوی روون نیە" و هەر تەجریدێکی

لەمشێوەیەش "بەهۆی فرەیی ناوەڕۆکە مومکینەکانیەوە.. ناڕۆشنە"(٥٠) دیارە کورتەی قسەکانی فینگشتاینیش لە"لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکاندا" لەمە زیاتر نەبوو، بەڵام پێدەچێت ئادرنۆ هەرگیز ئەو کتێبەی نەخوێندبۆوەو سەرچاوەکانی لەوتارەکاندا بە ڕوونی دەریدەخات کە تەنها فینگشتاین یەکەم و نووسەری "وتاری لۆژیکی- فەلسەفی" ناسیوە. کاتێك ئادرنۆ وا بەڕێزەوە باسی کتێبێکی دەکرد کە خودی نووسەرەکەی نیوەی پووچەڵکردبۆوە، ئەو پرسیارە دێتە پێشێ کە ئەگەر بەرهەمەکانی دوایی بناسیایە چی دەگوت ﴿کاتێك﴾ کە زۆربەی بابەتە دۆگمایی‌و سنوردارەکانی وتار تیایدا بەشێوەیەك پوختر وردترو لەدەقێکی تازەدا بەیاندەکرا. دەکرێ بەو ئەنجامەبگەین کە بە کەمتەرخەمی ئادرنۆ لەخوێندنەوەی لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکاندا هەلێکی فکری مەزن لەدەستچوو، واتە ئەگەری هاوکاریکردنی دوو کەس لەباشترین بیریارانی سەدەی بیست بۆ دروستکردنی پردێك لەنێوان دوو نەریتی سەرەکی فەلسەفەدا، کە بەمەرگی فینگشتاین بە ناتەواوی مابۆوە.

ئادرنۆ مەسەلەکانی لەگەڵ نووسەری لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکان بەشێوەیەکی کامڵ نەبڕانەوەو لێرەوە گەڕایەوە بۆ هەمان دیالەکتیك کە لەساڵەکانی نیشتەجێبوون لەئەمەریکادا بەدەست لێنەدراوی هێشتبوویەوە. ئادرنۆ رونیدەکردەوە کە ئایدیالیزم "رۆژگارێك لەڕابردوودا ستایشی تیورەسازی دەکردو مومکین بوو لەناوبچێت"، بەڵام ئەو "لایەنە"ی تیوری کە تیۆرەی رەخنەگرانە بەلگەیەکێتی، بوونی هەروا پێویستە، بەبڕوای ئادرنۆ سەیرو لەوەدابوو کە ئەگەرچی پۆزەتقیزمەکان تەسەوریاندەکرد شێوەی بیرکردنەوەی ئایدیالیزمیان بێبایەخکردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی جەختیان لە"بکەری بناس" کردووە، ئەوا پتر لە ئایدیالیزمەوە نزیکتر بوون، تا لەبیریارانی تیۆرەی رەخنەگرانەوە. ئادرنۆ بەسەرسەختیەوە دەیگوت هەڵوێستی فکری ئەو سەرنج لەلایەنی واقعی و هەستپێکراوی شتەکان دەدا کە کۆمەڵناسی ناوەڕاستی سەدەی بیست لێی بێبەهرەیەو تەنانەت رستەسازیەکانیش ئەمە ئاشکرادەکەن. بۆ نموونە بەشێوەیەکی ئاسایی یاسا زانستیەکان بەمشێوەیە لەقاڵبی وشەکاندا دادەڕێژێ کە "هەرکاتێ ئەلف، ئەوکاتە ب". بەڵام لەبیرکردنەوەی دیالەکتیکیدا قسە لەچوارچێوە مێژوویەکاندا دەکرێت،و مەسەلەکە بەمشێوەیە لەقاڵبی وشەکاندا دادەڕێژرێ "پاش ئەوەی کە ئەمە

رووەدات، ئەو شتە دەبێ پێویست ﴿لازم﴾ بێت". ئادرنۆ بڕوایوابوو تەنها شتێك پوزەتقیزم قبوولێبکات "دیاردە"یە، بەڵام پەیڕەوانی تیۆرەی رەخنەگرانە بڕوایەکی پتەویان بەوە هەیە کە لەژێر "دیاردە"وە شتێکی دی هەیە کە دەکرێت ناوی خود Wesen ی لێ بنێین، وتنی ئەم وتەزا تەقلیدترو تەجریدیترە لەهەموو شتێك، خۆی نیشانەی هەوڵێکە بۆ گەیشتن بەواقعێکی هەستپێکراو ﴿ملموس﴾ لەژێرو دوای دنیای دەرکەوتە رووکەشیەکان. ئادرنۆ رووندەکردەوە کە جیاوازە یەکێك دیاردە مرۆڤایەتیەکان (وەك ئەو پەیڕەوانەی کۆمەڵناسی کە لەماکس فیبەرەوە سەرچاوەیانگرتووە) لەژێر وتەزای وەك "ئابڕوو" "بایەخ" و "پلەو پایە" و "پێگە"دا دابنێت، یان (وەك خودی ئادرنۆ) هەوڵبدات ئەو دیاردانە لە"پەیوەندیە بەرجەستەکانی دەسەڵاتگەریەوە ﴿سلگهگری﴾ بەربهێنێت". ئادرنۆ بڕوایوابوو وتوێژ لەسەر هەڵبژاردنی فلان "دەزگای..."system of coordinates مومکینە " بەدوور لەبەهادانان" بزانرێت، بەڵام لەراستیدا پەیوەستە بە بناغەی تەسەورە جیاوازەکانەوە بۆ کۆمەڵگا، چونکە لەناو دەروونی شێوە بیرکردنەوەی "لۆژیکی- زانستی"دا، ناکۆکیە کۆمەڵایەتیە راستەقینەکان نابینرێن. لێرەشدا وەك وەڵامە رابردووەکانی ئادرنۆ و هۆرکهایمەر، دیسان هەموو شتێك دەگەڕێنرایەوە بۆ ئەم چەمکە هیگڵی-مارکسیە کە لەتەنیشت ئەو دراوانەی پەیوەستن بە ژیانی ئابووریەوە، هەقیقەتێکی شاراوە هەیە و"تەسەوری هەقیقەتی زانستی لەتەسەوری کۆمەڵگای راستەقینە جیانابێتەوە"(٥١).

* * *

هۆرکهایمەر لە١٩٥٨دا لەبەڕێوەبەرایەتی "دەزگای لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی" خانەنشینکراو لەو کاتەوە تاکاتی مردن لە١٩٧٣دا زۆربەی کاتەکانی لەبەشی ئیتاڵیایی سویسرادا و لەخانەیەکدا کە بەسەر دەریاچەی لۆگانۆدا دەڕوانی، بردە سەر. بێگومان ئادرنۆ جێگەی ئەوی گرتەوە. بەڵام لەساتەوەختێکی سەختدا کە گوشاری باڵی توندڕەوی چەپی ئەڵمانیا، رۆژ بە رۆژ زیاتر دەبوو. تاکەکانی تازەترین نەوەی خوێندکاران، نە حسابیان بۆ فەیلەسووفانی فرانکفۆرت دەکردو نە هیچ تێگەتیشنێکیان بۆ سەختگیری‌و ناسکی فکری ئەوان هەبوو، ئەمجۆر نیگەرانیانەشیان بە خەسڵەتی بەشی باڵای چینی بۆرژوازی دەزانی. لاوە تووندڕەوو تێکۆشەرەکان پاش

چەندجار داگیرکردنی بینای "دەزگا" لەنیسانی ١٩٦٩دا هێرشیان بۆ پۆلەکەی ئادرنۆ کرد. سێ کچی خوێندکار چوونە پێشەوەو سنگی خۆیان لەبەردەمیا رووتکردەوەو بە گاڵتەجارِیەوە گوڵ و ماچیان بەسەر سەرا دابارانـدو پاشان بەهەمان بێ بەزەیی شێوەی هاوڕێکانیان، مەرگی ئەویان "وەك دەزگایەك" راگەیاند. گومانی تیانەبوو ئەم ڕووداوە جەزرەبەیەکی کوشندەی لەکەسێتیەکی ناسك و لاوازی وەك ئادرنۆداو ئیدی ئادرنۆ پاش ئەمە هەرگیز باش نەبۆوەو پاش پێنج مانگ بە هۆی جەڵدەی دڵەوە کۆچی دواییکرد(٥٢).

پاش مردنی ئادرنۆ خەڵکی لەدەرەوەی ئەڵمانیا، هێواش هێواش تێگەیشتن کە ژیانی فکری رۆژئاوا چ زیانێکی لێکەوتووە. بەڵام هۆی ئەمە هەندێکی لەئەستۆی خودی ئادرنۆ بوو کە سووربوو لەسەر ئەوەی بەزمانێکی "ئاڵۆزو ڕەمزی و دوور لەشێوە قسەی ئاساییەوە" بنووسێت. شێوازی فەرِەنسایی نووسینەکانی پێشووی‌و هەروەها شێوازی ئەمەریکی لەبەرهەمەکانی پاش کۆچکردنەدا، کۆمەڵێك بەربەستی زمانی تایبەتی لەنووسینەکانیدا دروستدەکرد. بەڵام جگە لەمەش ئەو فۆرمەی کە بەئەنقەست لەنووسیندا هەڵیبژاردبوو "ئەوەندە وردەکاری هەبوو، ئەوەندەش لەسەر تەوەرەی وێنەی قسەکان دەسووڕایەوە کە دەگەیشتە ئاستی "ساختە (تصنع)" ی کامڵ، دیارە لایەنیکەم یەکێك لەخاوەن بیران بڕوایوابوو کە ئەم "چڕی"یا "گران"یە دەرکەوتی پێویستی "سەرسەختی" و "سازشنەکەری" فکری ئادرنۆ بوو. ئەو گوتووێتی مەبەست لە"ژمارەی زۆری تەجریدەکان و گێڕانەوەکان" ﴿لەنووسینەکانی ئادرنۆ﴾دا "بە وردی ئەوە بووە.. کە ﴿ئەم شتانە﴾ بە بەراورد لەگەڵ ئاسانی موبتەزەلی" ﴿بابەتەکانی﴾ دەوروبەریان "بخوێنرێتەوە"و وەك "ئاگادارکردنەوەیەکی خوێنەر ﴿بوون﴾ سەبارەت بەو بەهایەی کە دەبێت لەپێناوی بیرکردنەوەی واقعیدا بیدەن". بەڵام ڕەخنەگرانی دی تەنانەت ئەوانەش کە ڕوانگەیەکی نەرمیان هەبووە، باسی ئەو دژایەتیەیان کردووە کە فەیلەسووفێکی ئەوەندە ئارەزوومەندی مۆسیقا، بە دارِشتنێکی ئەوەندە بەتاڵ لەمۆسیقا قسەی نوسیووە. ئەوان هەروەها سەرنجیان لەوەداوە کە چەند جیاوازی هەیە لەنێوان ئادرنۆ وەك بەرگریکەرێك لەمرۆڤە ئاساییەکانی دیلی دەردو ڕەنج و "نەتوانینی ئادرنۆ لەهەڵگەندنی زرێیەك کە هیچکەس جگە لەکۆمەڵێك نوخبەی خوێنەران

توانای پشکنینیان نیە". ئەم "نەگونجانە لەنێوان شێوەو مانای پەیام"دا یەکەم گرفت لەو دوو گرفتە سەرگەردانکەرەیە، کە ئادرنۆ لەخۆی بەجێیهێشت(٥٣).

گرفتی دووهەم کە هۆرکهایمەریش تیایدا بەرپرسیار بوو، پەیوەندی بەوەوە هەبوو کە تاچەند فەیلەسووفانی فرانکفۆرت، پەیرەوی لەفۆرم و شێوازی هیگڵ دەکەن. گومانی تیانەبوو کە لەوشەکان و رستەسازیدا، ڕەگیان بۆ ئەو قوتابخانەیە دەگەڕایەوە. سەرەڕای ئەمە دەبینرا کە بێ ئەوەی فشار لەخۆیان بکەن، بە ئاسانی لەفەلسەفەوە بۆ مێژوو یان ستاتیکا دەڕۆن‌و بە پێچەوانەوە، و لەمکارەشدا بە باشی سوود لەباشترین ڕەگەزەکانی ئەو بوارانە وەردەگرن و جگە لەمەش لەبواری تازەتری وەك دەروونناسی‌و کۆمەڵناسیشدا، دەستیان هەیە. تەنها لەئابووریدا بوو کە دەردەکەوت ئادرنۆ و هۆرکهایمەر پسپۆر نین تیایدا. فەیلەسووفانی فرانکفۆرت هەوڵیانـدەدا لەبواری بەکارهێنانی میتۆدو دیالەکتیکیدا، لەتەسەوری گشتی دوور بکەونەوەو ئەوەی لەناو ئەم میتۆدە بە وشك و قاڵبیان دەزانی دووركەونەوەو وەك فینگشتاین لەچوارچێوەی پەیوەندیە دینامیکیەکاندا بیربکەنەوە، بەڵام لێرەشدا دیسان تا سنورێك. لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆر شتیان لەقوتابخانەی هیگڵ و مارکس وەلاوە نابوو، و سەرەڕای تێگەیشتنە ئاڵۆزو فرە لایەنەی کە هەیانبوو، بەڵام هێشتا سەرسەختانە وازیان لەیەك لایەنی میراتی فەلسەفی خۆیان نەدەهێنا، واتە "بڕوای پتەو بەوەی دەکرێ "بونیادی گشتگیرو بونیادی بوون، بدۆزرێتەوە"(٥٤)...

پەراوێزەکان:

١- Bell, pp, ٢١-٢٥ Kornhauser, pp ٢٣, ٣٠, ١١٤-١١٥.

٢- Shils, pp, ٢٤٩-٢٥٢.

٣- Jay (١٩٧٣, p. ١٦٦).

٤- Adorno (١٩٥١, p, ٦).

٥- Shils, p. ٢٥٨.

٦- Adorno (١٩٥٥- English trans, pp, ٢٢-٢٣)، ٢٣, ٢٤.

٧-لەبارەی سەرجەم ئەم بابەتەوە بگەڕێوە بۆ:

Lichtheim, pp, ٢, ١٩-٢١, ٣٨.

٨-وردو درشتی مێژووی سالّە سەرەتاییەکانی دەزگاو ژیانی هۆرکهایمەرو ئادرنۆ بە دووروو درێژی لە(١٩٧٣) Juy (فەسلّی یەکەم)دا.

٩- Horkhimer (١٩٤٧ p. vil).

١٠- Jur yen. Habermus in die zeit, september, ١٩٦٩, ١٢.

١١- Jay (١٩٧٣ pp. ١٩٦٢; Horkheimer (٤١-٤٤), pp. English truns,)-

٦٤, ٧١.

١٢- Lichtheim, p. ١٤٠; Rusconi, p. ٢٤٥.

١٣-بگەڕێوە بۆ

Hushes, H, StuartConscidusess and society (New york, ١٩٥٨)

١٤- Horkhemer, Max, Eclipse of Reuson. p. (New york, ١٩٤٣).

١٥- Ibid, pp. ١٩١, ١٩٤, ١٩٧-١٩٩.

١٦- Ibid, pp, ٢٠٨-٢١١.

١٧- "Der neuste Anyriff..”- English trans, p. ١٦٢.

١٨- I bid, pp. ٢١٤, ٢١٩-٢٢٠, ٢٢٢.

١٩- Jay, Murtin, “The Diuleclecticul lmginutiom: A History of the Frankfurt school and the insitvte of social Research-١٩٢٣ -١٩٥٠ (Boston ١٩٧٣). pp. ٢٩-٣١, ٣٧ -٤٠, ١١٣ -١١٤, ١٦٧ -١٦٩, ١٧٢.

٢٠- Adorno, in Fleming and Bailiyn, p. ٣٣٩-٣٤٠,٣٦٩,٣٦٧,٣٥١,٣٤٠.

٢١- Adorno, in Fleming and Builyn. p. ٣٥٨.

٢٢- Adorno et all. (١٩٥٠ pp. l, ٦٤٤, ٦٦٥, ٦٩٥, ٧٥٩ -٧٦٠.

٢٣- بەتایبەتی بگەڕێوە بۆ:

Christie and Johado.

٢٤- Riesman, pp. ٤٧٦ -٤٧٧.

٢٥- Hyman and shatsley. pp. ٦٩ -٧١, ٩١. ١٠٢ -١٠٤, ١١٤ -١١٥.

٢٦- Juy (١٩٧٣, pp. ٢٢٦-٢٢٧).

٢٧- Horkheimer (١٩٤٧ pp. ٧) ٢٠, ٣٤, ٥٠, ٧١, ٧٧-٧٩.

٢٨- Ibid, pp. ٨٥. ١٠٨- ١٠٩) pp ١٩٧٣; Juy (٢٥٦ -٢٥٧.

٢٩- Adorno (١٩٥١, pp. ١٤), ٤٤-٤٥, ١٤٥.

٣٠- Ibid pp, ٧, ٤٨٠-٤٨١.

٣١- Horkheimer and Adorno (١٩٦٩)- English transe pp. ix, xi- xv, xii-٤.

٣٢- Ibid. pp. ٩. ١٣, ٢٧ -٢٨.

٣٣- I bid, pp. ٣٤ -٣٦, ٥٤ -٥٧.

٣٤- Ibid, pp. ٨٥ -٨٦, ١١٨ -١١٩.

٣٥- Juy ١٩٧٣, p. ٢١٦.

٣٦- Horkheimer and Adorno-١٩٦٩ English truns. pp. ١٢٠, ١٣٠ -١٣١, ١٤١, ١٤٩, ١٥٣.

٣٧- Ibid pp. ١١٢, ١٧٢, ١٨٢, ١٨٧.

٣٨- Ibid. pp. ٢٠٠ -٢٠١, ٢٠٧.

٣٩- Ibid. (Prefuce to the new edition), pp. ix- x

٤٠-بۆ ئاگاداری لەوردو درشتی ئەم باسە بگەڕێوە بۆ:

Jay ١٩٧٣, pp. (٢٨١- ٢٨٢, ٢٨٥- ٢٨٨, ٢٩٨.)

٤١- Rusconi ٢٠٧, pp. ٢٠٧- ٢٠٨.

٤٢- Adorno" in Lichtheim, p. ١٤١.

٤٣- Adorno theodor. W. Negative dialektik Frankfurt, ١٩٦٦ trans by sumuel and shierry Weber as prisms London, p. ١٩٦٧ xx.

٤٤-راستی ئەم رستە سەرسوڕهێنەرە بەمشێوەیەیە:

" Philosophy, which once seemed obsolete" lived on, beceuse the moment to realize it was missed.

رەنگە مەبەست ئەوەبێت گەر فەلسەفە لەجیهانی تەجریداتەوە بێتە ناو بونیادی واقعی و عەمەلیەوە، و زانست و کردار دەبوون بەیەك شت، ئیدی پێویستی بە فەلسەفە نەدەما (و.ف)

هەستدەکەم مانای ئەم رستەیە ئەو تێزەی مارکسە کە بڕوایوایە لەو جێگەیەدا کە ناکۆکی چینایەتی نامێنێ، فەلسەفەش پێویست نیە. واتە مەبەستی ئادۆرنۆ لەبەدیهاتنی فەلسەفە پێدەچێ بەدیهاتنی کۆمەلگای بێ چین و چەوساوە بێ (و. ك).

٤٥- Adorno ١٩٦٦ (٣, ١٣, ٣٦, ٤٩-٥٠. - English trans. pp.

٤٦- Ibid pp. ٣١٦, ٣١٩, ٣٢٦, ٣٣٨- ٣٣٧n, ٣٥٧.

هەندێك گۆڕانکاریم لەوەرگێڕانە ئینگلیزیەکەدا کردووە.

٤٧- Horkheimer and Adorno ١٩٦٩ English truns. pp. ٢٢٢- ٢٢٤.

٤٨بگەڕێوە بۆ:

Adorno, theodor w, Aufsutze zur Gesellschaftsheoric, und methodoloyie Cfrunkfurt, (١٩٧٠)

ئەم وتارانە پاشتر لەم کتێبەدا چاپکران:

Adorno theodor w, Gesummelte schriften, vll (Sozioloyische Schriften I) (Frankfurt, ١٩٧٢)

بۆ ئاگاداری لەزەمینەی ئەم وتوێژانە بگەڕێوە بۆ:

Marx or Weber: Diulecticul methodoloyy". in Lichthein, pp.٢٠٠-٢١٨.

٤٩-بۆ نموونە ئەم زاراوانە کە لەخوێندنەوەیەکی خێرادا بەرچاو دەکەون:

"heulthy sex life" "somlfun" "yo- yetteres" Sociul resseurch" "teum" eeiddle- runge theory" "trial and error"...." "udministrative rescurch" "common senus

٥٠- Zur Loyik der sofialwissenschaften" in Adorno (١٩٧٠). pp.١٢٢-١٢٤.

٥١- Der Positivismusstreit in der deutschen sozioloyie" in itid, pp.١٦٩, ١٨٩- ١٩٠, ٢٢٨.

٥٢- Zur Logik..." in itide, p. ١٨ . "Der Positivismusstreiet"

٥٣- Jay, Murtin "the permanent Exile of Theodor W. Adorno" Midstreum xv Del ١٩٦٩ pp. ٦٦-٦٧.

٥٤- Adorno" in Lichthim pp. ١٣٢, ١٣٧ Jameson, p. xiii.

٥٥- Horkheimer (١٩٤٧), p.١٢.

*ئەم وتارە وەرگێڕانی بەشێکە لەفەسڵی چوارهەمی ئەم کتێبەی خوارەوە.

هجرت اندیشه اجتماعی- ه. ستیوارت هیوز. ت: عزت الله فردلادوند گرح نو- چاپ اول ١٣٧٦

مارکس و دیموکراسی

بابەکی ئەحمەدی

دیموکراسی واتە حکومەتی خەڵکی یان بەمانایەکی رونتر حکومەتی زۆرینەی خەڵکی. بۆ ئێمە کە لەسەرەتای سەدەی بیست و یەکدا و پاش چەند دەیەیەک لەپەرەسەندنی سیستەمی سیاسی دیموکراتی (بە مانا نوێ لیبرالیەکەی) لەپانتای جیهاندا، دەژین (روسیا، ولاتانی ئەوروپای شەرقی، ولاتانی ئاسیای شەرقی و ئەمەریکای لاتین ئەم سیستەمەیان قبوڵکردووە)، مانای حکومەتی زۆرینەش خەسڵەتێکی وردتری وەرگرتووە: نەك تەنها دەوڵەتی پشتئەستور بە نوێنەرایەتی و قەتعەیتی رای هەمووان لەپیاوان و ژنان، و قەتعیەتی بە فەرمی ناسینی کۆی مافە سیاسیەکانی کەمایەتی و قبوڵکردنی مافە یەکسانەکانی ژنان و پیاوان و مافی تەواوی کەمایەتیە رەگەزی و نەتەوەیی و جنسیەکان و ئەوانی تر، بەڵکو پەیدابوونی «دەوڵەتی لایەنیکەم» واتە بچوکبونەوەی سنوری چالاکی دەوڵەت و چاودێری کۆمەڵگای مەدەنی بەسەریەوە، پەرەسەندنی دەزگا سەربەخۆکانی ئەم کۆمەڵگایە، گەشەسەندنی فەزا یان بواری گشتی کە سەربەخۆن لەدەوڵەت، پەیدابوونی دەزگاکانی راگەیاندنو هەواڵنێرە سەربەخۆکان لەدەوڵەت و دەزگاکانی پەروەردە و دەزگا کلتوریە سەربەخۆکان، جوڵە بەرەو بڕیاردانی راستەوخۆ، دۆزینەوەی ئەو رێگا و کارانەی کە سنورداری نوێنەرایەتی بە کۆمەڵێك خواستی راشکاوی دیاریکراو و رونی تاکەکان دەکەن، رونبونەوە و تەنکبونی سەرچاوەکانی داهاتی بەشی دەوڵەتی و بەرپرسیارێتی تەواوی ئەم بەشە و سەربەخۆی تەواوی هێزی دادوەری و ..هەموو ئەمانە بەشێکن لەوێنای دەوڵەتی دیموکراتی کە ئیدی بۆ ئێمە ئاشنایە. تەنانەت ئەگەر لەدەوڵەتێکیشدا بژین کە هێشتا زۆری ماوە بۆ ئەوەی دان بە هەموو ئەم مافانەدا بنێت. بەڵام هەر ئەم وێنایە بۆ دیموکراسی بۆ مارکس مومکین نەبوو. مارکس تەنانەت لەبارەی مەسەلە گەلێکەوە کە بۆ ئێمە چارەسەرکراوە بۆ نمونە رای گشتی، قبوڵی نەبوو کە دەکرێت ئەمانە لەچوارچێوەی کۆمەڵگای بۆرژوازی و

سیستەمی سەرمایەداریدا بەدەستبێت. مارکس بڕوایوابوو تەنانەت سادەترین مافی مرۆڤ، هەرکاتێك بەشێوەیەکی جدی بخرێتە بەرنامەی کارەوە و خەبات بۆ بەدیهاتنیان دەست پێبکرێ، سنورەکانی کۆمەڵگای هەبوو وسیستەمی سەرمایەداری بەجێدەهێڵرێ. هەر لەبەرئەمەش (ئەم هەوڵە) روبەروی بەرگری سەرمایەداران و دەوڵەتەکەیان دەبێتەوە. چ بگات بە مافە دیموکراتیە ئاڵۆزەکانی کە لەگەڵ بەرژەوەندی ئابوری سەرمایەداراندا لەناکۆکیدان. لەحاڵەتێکی وادا ململانێ بۆ ئەم مافانە، چوارچێوەی کۆمەڵگای بۆرژوازی لەناودەبات. مارکس تەنانەت باوەڕهێنان بە کارایی سیستەمی پەرلەمانی، بە «نەخۆشی و حەماقەت» ناودەبا. جێگەی پرسیارە کە وێنای خودی مارکس بۆ دیموکراسی چیبوو؟

مارکسیش قبوڵیبوو دیموکراسی واتە حکومەتی خەڵکی. ئەوەشی بە رازیبوونی تەواوە قبوڵدەکرد کە مانا وردەکەی بریتیە لەحکومەتی زۆرینەی خەڵکی. بەڵام تەنها تائێرە لەگەڵ مانای هەنوکەی دیموکراسیدا (کە لەقوڵایی خۆیدا چەمکێکی نوێ لیبرالیە، بەڵام چینە کۆمەڵایەتیەکان لەپێناویدا خەباتیانەکرد، بەتایبەتی چینی کرێکار لەپەیدابووینداا دەوری هەبووە) رێکدەکەوت. لێرە بەدواوە ئەو باسێکی دی دەهێنایە پێشێ. بەبڕوای مارکس حکومەتی زۆرینە، واتە حکومەتی پرۆلیتاریایی پیشەسازی کە لەلوتکەی بزوتنەوەی ستەملێکراوان و زەحمەتکێشانی کۆمەڵگادا راوەستاوە، و سەرەتا لەگەڵ ئەواندا کۆمەڵگا بەڕێوەدەبات. مارکس وەڵامی ئەو پرسیارەی (کە زۆرینە لەبنەڕەتدا چ پێویستیەکی بە حکومەت و حکومەتکردن هەیە؟)، بەمشێوەیە دەدایەوە کە لەقۆناغی گواستنەوەدا زۆرینە دەبێت پاشماوەی کۆمەڵگای چینایەتی لەناوببات و لەدەرئەنجامدا دەستبکات بە سەرکوتکردنی ئەو هێزە کۆمەڵایەتیانەی خوازیاری گەڕانەوەی سیستەمی چەوساندنەوەی چینایەتین (ئەمەش بناغەی تیورەکەیەتی لەبارەی دیکتاتۆری پرۆلیتاریاوە) و لێرەوە دەبێت دەوڵەتی لەدەستدابێت. بەڵام پاش ئەم قۆناغە چیدی پێویست بەحکومەت بەمانای ناسراوی وشە ناکات. هێزەکانی بەرهەمهێنان ئەوەندە پەرەیانسەندووە کە کەمێتی مادی لەناوبچێت، چینە بەرخۆرە کۆنەکانیش سەرکوتکراونو لێرەوە لەبری حکومەتی سیاسی، هونەری ئیدارەی کاروبارەکان دێتەپێشێ. لەو روەوە کە پرۆلیتاریا لەشۆڕشێکی جیهانی و بەردەوامدا دەسەڵاتی بەدەستهێناوە، لەبەرئەوە مەترسی

جەنگی دەرەکی و مەسەلەی بەرگریکردن لەوڵات و نەتەوەش نامێنێت (لەراستیدا خودی ئەمانەش لەناوچوون یان لەحاڵەتی لەناوچوندان). لەکۆمەڵگای ئایندەدا حکومەت بێمانا دەبێت. بەڵام تا ئەوکاتە واتە تا گەیشتن بەو بەهەشتە خەیاڵیە، قۆناغێکی گواستنەوە دەبێت کە زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگا تیایدا چەکدارن و پێویستیەك بەسوپاو هێزێکی سەربازی وەك پەیکەرێکی جیا و سەربەخۆ لەخەڵك نیە، و ئەمەش خۆی جیاوازی هەستپێکراوی دەوڵەتی پرۆلیتاریاو دەوڵەتە لەکۆمەڵگای چینایەتیدا.

هەنوکە گەر واز لەگەمەی خەیاڵ لەبارەی ئەم کۆمەڵگایەی ئایندەوە بهێنین، دیسان ئەو مەسەلەیە دێتە پێشەوە کە لەروانگەی مارکسەوە تەنانەت لەم قۆناغی گواستەوەیەشدا، دیموکراسی وەك سیستەمێکی سیاسی تایبەت لەئارادا نیە، بەڵکو بە هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی دەگوترێت. لەم هەلومەرجەدا ئێمە هێشتا روبەروی سەرکوتی چینایەتی، توندوتیژی و شێوازە بەزۆر سەپێنراوەکانین و ئەمجارە زۆرینەی کۆمەڵگا بەناوی بەرژەوەندیەکانی خۆیەوە کاردەکات، واتە "دیکتاتۆری خۆی دەکات بە شتێکی پراکتیکی". جێی پرسیارە ئایا ئەم زۆرینەیە دەتوانێت تەحەمولی هێزە سیاسیە نەیارەکان بکات؟ ئایا هێزە نەیارەکان کە لەکەمایەتیشدان و دەسەڵاتی سیاسی و زۆرێك شتی دیان لەدەستداوە، دەتوانن حیزب دروستبکەن و چالاکی سیاسیبکەن؟ ئایا لەم کۆمەڵگایەدا کە شۆڕشگێڕان، واتە زۆرینە دەسەڵاتدارن حوکمیدەکەن، هیچ کەس مافی ئەوەی هەیە ئارەزووی سیستەمی کۆن بکات، یان بەشێوەی سیاسی ببهێنێتە پێشێ؟ پێدەچێت وەڵامی مارکس یەك «نا»ی گەورە و بڕاوە بێت. دیکتاتۆری پرۆلیتاریا، واتە ئەوەی کەسێك نەتوانێت ئارەزووی گەڕانەوە دەربڕێت، چ بگات بەوەی بیەوێت چالاکی سیاسی بۆ بخاتەگەڕ. ئێمە ئەم دەربڕینەمان بەشێوەی جیاواز لەزمانی لینین، ستالین، ماو، ئەنوەر خواجە، کیم ئیل سونگ چاوچیسکۆ و پۆلپۆتیشەوە بیستووە. خاڵێکی ئاشکرا هەیە: مارکس هیچ وێنایەکی بۆ دیموکراسی بەمانای ئەمرۆیی نەبوو، هەرکاتێکیش لایەنێکی دەهێنرایە پێشێ، بەتوندی دژی دەوەستا و بەراشکاوی دەیگوت کە دەوڵەتی دیموکراتی بۆرژوازی، دژایەتیەکی بەرجەستە و ئاشکرایە.

وێنا و تێڕوانینی مارکس بۆ دیموکراسی کۆمەڵایەتی بوو، نەك سیاسی. کاتێك

مۆڵکایەتی تایبەتی بەسەر ئامێرەکانی بەرهەمهێناندا لەناوبچێت، ململانێ نەمێنێت، بەرهەمهێنان لەسەر بناغەی هاوکاری خۆبەخشانەی بەرهەمهێنەرانی پێکەوە گرێدراو ریکبخرێت، کار چیدی هێزێکی بێگانە لەمرۆڤ نەبێت، کار بگۆڕێت بۆ لەزەت، بەرهەمە مادیە زیادەکان لەدەرەوەی ڕێساکانی بازاڕی ئازاد و لەسەر بناغەی بەرنامەڕێژی عەقڵانیانە دابەشبکرێن و... (ئەوکاتە) دیموکراسی دێتە پێشێ. گەر واش نەبێت ئەوا لەکۆمەڵگای چینایەتیدا، هەموو باسکردنێکی دیموکراسی «هەڵخەڵەتاندن» و لەباشترین حاڵەتدا خۆ هەڵخەڵاتاندنە. هەر باسێکیش کە دیموکراسی کورتبکاتەوە بۆ شێوەیەکی تایبەتی ژیانی سیاسی، ئایدۆلۆژیانەیە. واتە هەڵگێڕانەوەیە، هەڵگێڕانەوەی سەرەکی واقعیەتە. ئایا ئەم تێگەیشتنە ناڕونەی مارکس، تەنها زادەی ڕۆژگارێك بوو کە تیایدا دەژیا؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ناتوانێت پۆزەتیڤ بێت. ئەگەر ئەو راستیە لەبەرچاوبگرین کە لەهەمان ئەو قۆناغەدا کە مارکس کارە فکری و تیوریەکانی خۆی دەبردە پێشێ، بیریارانێك هەبوون کە دیموکراسیان لەگەڵێك ڕووی زۆرەوە بەمانای ئەمرۆیی دەهێنایە پێشێ (تامس جفرسۆن، جیمیز مدیسۆن، جرمی بنتام، جیمز میل، جان ستیوارت میل، تامس پین، ئەلکسی دی تۆکفیل..و)، سەرنجمان بۆ ئەوە دەچێ کە تیورەسازانی لیبڕاڵی نوێ ناویانناوە «کەموکوڕی دیدی سیاسی مارکس». ئایا تێگەیشتنی کەموکوڕی مارکس بۆ دیموکراسی، ڕەنگدانەوەی خەباتی هێشتا دواکەوتووی سەدەی نوزدەهەم بوو؟ دەکرێ بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە. ئەزمونی چینی کرێکار لەرۆژگاری مارکسدا تێڕوانینێکی پێشکەوتووی بۆ دیموکراسی پێویست نەکردبوو. بەڵام لەهەمانکاتدا تیۆرەکانی مارکس لەبارەی دیموکراسیەوە جۆرێك ناوردبینی بوو لەئاستێکی فراواندا بۆ بەزموکاری سیاسی پێشکەوتووی ژیانی کۆمەڵایەتی. ئەوندە بەسبوو مارکس لەو سنورانەی کە خۆی بۆ خۆی دروستیکردبوو، واتە «تیورەسازی بزوتنەوەی کرێکاری» بێتەدەرێ بۆئەوەی وەك میل و ئەوانی دی نیشانەکانی دەرکەوتنی دەوڵەتی دیموکراتی ببینێت. نەدەبوو تێگەیشتن لەدیموکراسی وەك شێوەیەکی ڕوو لەپەرەسەندن، بۆ کەسێکی دیالەکتیکی زەحمەت بێت. ئایا ئەمە دەریناخات ئەو دیدەی لەسنوری ململانێی چینایەتیدا بمێنێتەوە، زیهن لەیەك فەزادا چالاکدەکات (فەزایەکی تایبەت بۆ شێوەیەك لەدادپەروەری و یەکسانی)، بەڵام

دەبێتە هۆی ئەوەی زیهن لەفەزاکانی تردا بێجولەو بێچالاکی بێت؟

لێرەدا پرسیارێکی دی دێتەپێشێ: ئەگەر مارکس تێگەیشتنێکی وا نارووون و رەنگە دواکەوتووی لەبارەی مەسەلەیەکی گرنگی وەك دەوڵەتی دیموکراتی و مافی دیموکراتی هەبوو، لەمڕۆشەوە لەو کەسانەی کە خۆی ناوینابوون «تیورەسازانی بۆرژوا» دواکەوتوتر بوو، کەوابوو بۆچی ئێمە کاتی خۆمان بە خوێندنەوە و تێگەیشتنی بیرکردنەوەکانیەوە بەفیڕۆ دەدەین؟ ئایا لەدەرەوەی لەزەتی فێربوون و لەزەتی کاری تیوری و پێویستی تێگەیشتن لەدیدە مێژوویەکان و وردبوونەوە لەفەلسەفە سیاسیە جیاوازەکان، خوێندنەوەی بەرهەمەکانی مارکس لەبارەی دیموکراسی و مەسەلە سیاسیەکانەوە چ نرخێکی هەیە؟

هەستدەکەم ئێمە لەبەرئەوە بیر لەتێڕوانینی مارکس بۆ دیموکراسی بەهەمان مانای کۆمەڵایەتی دەکەینەوە و بەوردی تاوتوێی دەکەین کە: ١)بێ سەرنجدان لەتێڕوانینی مارکس بۆ دیموکراسی، بە هەمان مانای کۆمەڵایەتی، ناتوانین خاڵە گرنگ و ناوەندیەکانی بیرکردنەوە سیاسیەکانی بناسین، یەکێك لەم گرنگترین خاڵانە تێگەیشتنێتی بۆ «ئازادی مرۆیی» (٢) بە سەرنجدان لەبیرکردنەوەکانی مارکس لەبارەی دیموکراسیەوە، کەموکوڕی تیۆری بزوتنەوەی سۆشیالیزمی سەردەمی مارکس کە خۆی بەرهەمی دواکەوتووی بزوتنەوەی پراکتیکی کرێکاری سەدەی نۆزدەهەم بوو، باشتر دەناسین. ٣) خودی باسی دیموکراسی دروست بەمانای ئەمڕۆیەکەی، داوامان لێدەکات بیر لەجۆرەکانی تێگەیشتن لەئازادی مرۆیی، ئازادی سیاسی و دیموکراسی بکەینەوە و بۆ ئەلتەرناتیڤە جیاوازەکان، وەلامی ئامادەمان هەبێت. ٤) گوتاری پۆستمۆدێرن جیاوازی لەنێوان ئازادی مرۆیی و چەمکی لیبرالی نوێ بۆ دیموکراسی دەکات، روونە باسە نزیکەکان لەم دیدگایەوە کە ئەلبەتە باسەکەی مارکس کە بەهەر شێوەیەك بێت لەرەخنەگرانی مۆدێرنە بوو، دەتوانن هاوکاری پێشخستنی باسەکەبکەن ٥) تەفسیرێك بۆ دیدی مارکس هاوکاری پەیدابوونی «دیموکراسیە جەماوەریەکانی»کرد. دیارە ئەم تەفسیرە لینینیە لەگەڵ تێڕوانینی مارکسدا یەك شت نیە، بۆ نمونە باسەکەی مارکس لەبارەی خۆبەڕێوەبەری کرێکاران و بنەمای خودرزگاری چینی کرێکار بە بیر بهێنینەوە. رەخنەگرتن لەلینینزیم ناتوانێت، جیا لەتەفسیری لینین و لایەنگرانی بۆ ئەوەی خۆیان بە تیورەکانی

مارکسیان ناو دەهێنا، بچێتەپێشێ. دۆزینەوەی لایەنە هاوبەشەکانی تیورەکانی لینین و مارکس لەبارەی دیموکراسیەوە، هەرچەندە بۆ هاوڕێیانی مارکس کارێکی خۆش نەبێت، بەڵام کارێکی پێویستە. بە کورتی لەبارەی مەسەلەی گرنگی دیموکراسیەوە (کە هەستدەکەم زۆرینەی خوێنەرانم لەگەڵدا بن کە ئەگەر گرنگترین مەسەلەی سیاسی سەردەمی ئێمە نەبێت، ئەوا یەکێکە لەگرنگترینیان) ئێمە بە باسکردنی بیرکردنەوەکانی مارکس، باشتر دەتوانین رەگوریشەی دەسەڵاتخوازی لەسەدەی بیستدا بناسین.

بگەڕێینەوە بۆ وشەی دیموکراسی. ماناکەی بریتیە لە«حکومەتکردن بەهۆی خەڵکەوە». یەکەمجار لەسەدەی پێنجی پێش لەدایکبوونی مەسیحدا، لەنوسینەکانی هرۆدیتدا بەکارهێنرا و پێکهاتووە لەدوو وشەی ***Demos*** بەمانای خەڵك و ***Kratein*** بەمانای حکومەتکردن. یەکێك لەبەناوبانگترین پێناسەکانی دیموکراسی لەسەردەمی مارکسدا کە لەلایەن سیاسەتمەداری مەزنی لیبرالی ئەبراهام لینکڵۆنەوە پێشکەشکراوە، بریتیە لە«حکومەتی خەڵکی بەهۆی خەڵکیەوە، بۆ خەڵکی». بە جەختکردن لەسەر حکومەتکردن، مانای وشەکە زیاتر ورد دەبێتەوە: دیموکراسی سیستەمێکی سیاسیە کە تیایدا کۆی خەڵکی، کۆی بڕیارە سەرەکیەکان لەمەسەلە گشتی و کۆمەڵایتیەکاندا دەدەن یان هاندەدرێن کە لەم بڕیارانەدا بەشداریەکی چالاکانەبکەن. بەشداری چالاك لەبڕیاردانەکاندا و قبوڵکردنی بەرپرسیاری هەموو بڕیارەکان، ئەگەر هاوکاتی رەچاوکردنی مافی کەسانی دی و بەتایبەتی نەیاران بێت و لەئەنجامی وتوێژی عەقڵانیانە و ئازادانەدا بڕواتە پێشێ، ئەمە تەنانەت گرنگترە لەو دەرئەنجامانەی کە بڕیاری دروست بەرهەمیدێنێ و دەکرێ ئەوە ببینرێ کە لەزوربەی کاتەکاندا نزیك دەبێتەوە لەدەستگەیشتن بە دەرئەنجامی دروست. دیموکراسی لەسەر بناغەی ئەو پێشگریمانە سیاسی و فەلسەفیە دامەزراوە کە هەموو خەڵکی مافی ئەوەیان هەیە بەشداری لەو بڕیارانەدابکەن کە پەیوەندی بە چارەنوسی خۆیانەوە هەیە. هەرکەس بە قبوڵکردنی نزیکی یا چونیەکی چارەنوسی خۆی لەگەڵ ئەوانی دیدا، دەبێت بەمرۆڤی کۆمەڵایەتی و سیاسی، واتە دەبێت بەمرۆڤێك خاوەن مافی مرۆڤ و لەراستیدا هاوڵاتیەك. ناکرێ بڕیارێکی گشتی بدرێت، و مافی یەکسانی بڕیاردەران رەچاونەکرێت. لەو تیورە سیاسیەدا کە دیموکراسی بە ناوەندی باسی

خۆی دادەنێت، ئەم کێشەیە هەمیشە دێتە ئاراوە: پێدەچێت بیری ئەوەی کە کۆی خەڵکی بڕیار دەدەن، دیدێکی مەزن بێت، بەڵام چۆن بڕیاری جیاوازی تاکەکان دەتوانن لەبڕیارێکی کۆتاییدا پێکبێنن؟ ڕێگەچارەی سادە و ئاسایی ئەمەیە: دیموکراسی لەسەر بناغەی ئیرادەی زۆرینە ڕاوەستاوە. دەکرێ بڕیاری زۆرینە بەبڕیاری هەمووان یان کۆی کۆمەڵگا دابنرێت. لەگەڵ ئەوەشدا دیموکراسی لێرەدا ناوەستێت. مافی کەمایەتی لەبەرجەستەکردنی تێڕوانینی نەیارید‌ا و تەنانەت مافی کەمایەتی لەئەزمونکردنی سنورداری تێروانینەکانیدا تا ئەوکاتەی زیان بە بڕیاری زۆرینە نەگەیەنێت، مەسەلەیەکی گرنگە کە دەبێت ڕەچاوبکرێت"١".

نەیاریی مارکس لەگەڵ دیموکراسی سیاسیدا، تەنها پشت ئەستور نەبوو بە بەدبینی خۆی و بێزاری سۆشیالیستێکی شۆڕشگێڕ و رادیکال لەدەوڵەت و کۆمەڵگای بۆرژوازی. مارکس بۆ قسەکانی خۆی چەند بەڵگەیەکی هەبوو کە ئێمە دەبێت سەرنجیان لێبدەین. بەرگریکەرانی دیموکراسی، یەکسانی مافەکانی مرۆڤیان وەك یەکسانی بیروبۆچونەکان دەناساند. لەیەکسانی سیاسیەوە (بە تایبەتی لەیەکسانی هاوڵاتیان لەبەرامبەر یاسادا) ئەو دەرئەنجامەیان وەردەگرت کە لەکۆمەڵگای مۆدێرندا کۆی هاوڵاتیان یەکسانن. مارکس لەگەڵ ئەم حوکمەی تیورەسازانی لیبڕاڵیدا نەبوو. ئەو سوربوو لەسەر ئەوەی یەکسانی سیاسی، یەکسانیەکی ڕوکەشیە، نەك یەکسانیەکی واقعی. لەکۆمەڵگایەکدا کە دابەشبووە بۆ چینی جیاواز و ناکۆك، یەکسانی ڕاستەقینە مومکین نیە. لەکۆمەڵگای چینایەتیدا بەشێکی سەرەکی سامانی کۆمەڵایەتی، لەڕێگەی دابەشبوونی کاری کۆمەڵایەتیەوە دەگەڕێتەوە بۆ کەمایەتیەك، کەمایەتیەك کە کارناکات، زەحمەت ناکێشێت، تەنها ئامێرەکانی بەرهەمهێنانی خستۆتە دەست خۆی و درێژە بە وەبەرهێنانی کەسانی دی، واتە زۆرینەی کۆمەڵگا دەدات. لێرەدا یەکسانی ڕاستەقینە، واتە یەکسانی مادی بوونی نیە. بەبڕوای مارکس دیموکراسی، واتە «کۆمەڵگایەك کە تیایدا بە باشترین شێوەی مومکین، یەکسانی کۆمەڵایەتی بەدەست هاتبێت». خودی مارکس لەگەلیك شوێندا ئەمەی ناو دەنا «دیموکراسی کۆمەڵایەتی». لەهەمانکاتدا مارکس بە شێوازی ڕۆسۆ ڕەخنەی لەدیموکراسی نارِاستەوخۆ دەگرت. دیموکراسی ڕاستەقینە ناتوانێت لەسەر بناغەی را و نوێنەرایەتی ڕاستەوخۆ بێت. چۆن من دەتوانم تەنانەت بۆ ماوەیەکی کورتیش

بووە، ئیرادەی خۆم بە کەسێکی دی بسپێرم؟ چۆن دەتوانم دڵنیابم کە هەر رایەکی ئەو (نوێنەرەی من) لەئاینەدا لەبارەی مەسەلەگەلێکەوە کە ئەمڕۆ بۆ من ڕوون نین، تەنانەت ناشتوانم پێشبینیان بکەم، ڕای خودی من دەبێت؟"٢".

بەڵام کێشەی مارکس ئەو ڕەخنانە نەبوو کە لەتیورەی سیاسی دیموکراسی دەیگرت، ئەم ڕەخنانە گرنگن و هەموشیان بەرهەمی بیرکردنەوەی خۆی نەبوو، هەندێکیشیان تاهەنوکە لەئارادان. هەندێکیشیان پێدەچێت ڕاست بن و ناکۆکیەکانی دیموکراسی ڕوونەکەنەوە. بەرگریکارانی دیموکراسیش بانگەشەی ئەوەناکەن کە ئەم تیورەیە هیچ کەموکوڕیەکی تێدا نیە. بانگەشەی ئەوان ئەوەیە تیورەی دەوڵەتی دیموکراتی بەپێی ئەزمونی پراکتیکیەکەی لەنیوەی دوهەمی سەدەی بیستەمەوە تا هەنوکە، باشترین تیورەی سیاسیی مومکین بووە و زۆرترین ئازادی بۆ هاوڵاتیان دابینکردووە، ولەدەرئەنجامدا عەقڵانیترین بڕیاردانی مومکینکردووە. ئەم تیورەیە ڕێگە بۆ پەرەسەندنی خۆشی دەکاتەوە، و بەردەوام ئەگەری چاککردنەوەی هەڵەکان دروستدەکات. دیسان دەنوسم کە کێشەی مارکس ڕەخنەکانی نەبوو لەتیورەی دیموکراسی، کێشەی ئەو ئەوە بوو بەتەواوی و بە یەقینێکی تەواوەوە، ئەگەری بەدیهاتنی دەوڵەتی دیموکراتی بۆرژوازی ڕەد دەکردەوە و هیچ پەرەسەندن و ئایندەیەکی بۆ نەدەبینی. مارکس دیموکراسی وەك شتێکی کۆمەڵایەتی دیکتاتۆریەتی زۆرینە، یان بەوتەی خۆی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا دەهێنایە پێشێ.

تێڕوانینی مارکس بۆ دیموکراسی بۆرژوازی

دیموکراسی شێوەیەك یان سیستەمێکی سیاسیە کە لەرووی دیدی مێژوویی‌یەوە، هێندە بەگرنگ نەدەزانرا. ڕەنگە لەبەرئەوەی هەرگیز بۆ ماوەیەکی لەروانگەی مێژوویی‌یەوە درێژ بوونی نەبوو، درێژەشی نەکێشاوە: «هەم لەرووی تیوری و هەم وەك چالاکیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی، لەزوربەی مێژوودا پایەکان ڕێسا بوون و دیموکراسیش ئاوارتن»"٣". بەکارهێنانی وشەی «دیموکراسی» یش تا سەرەتاکانی نیوەی دوهەمی سەدەی نۆزدە، ئەوەندە باو نەبوو. لەراستیدا ئەم وشەیە لەدوای شۆڕشەکانی ئەمەریکا و فەرانساوە، هاتە ناو ئەدەبیاتی کۆمەڵایەتیەوە. لەکاتێکدا لەفەڕەنسا لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا، دیموکراتەکان بەمانای ریفۆرمخوازەکان

بوون، لەئینگلتەرادا بەمانای شۆڕشگێڕە رادیکاڵەکان، کەسانێك کە خوازیاری گۆڕانی خێرای ژیانی کۆمەڵایەتی بوون، بەکاردەهات. لەوێ دیموکراتەکان بە «ئەندامە مەترسیدارەکان» ناودەبران"٤". تا پێش شۆڕشی ١٨٤٨ ، دوو تێڕوانینی مانایی بۆ دیموکراسی پێشکەشدەکرا، هەردوکیشیان بەمانایەك لەشۆڕشی ١٧٨٩وە وەرگیرابوون. یەکێکیان بە مانا کلاسیك یان یۆنانیەکەی کە هەمان حکومەتکردنە بەهۆی خەڵکیەوە، ئەم مانایە سیاسی بوو چونکە جۆرێك حکومەتی دەهێنایە پێشێ کە تیایدا هاوڵاتیان بڕیاردەدەن و جێبەجێیدەکەن یان چاودێری جێبەجێکردنی دەکەن. سودوەرگرتن لەم مانایە لەو رۆژانەدا زۆر کەمبوو. ماناکەی تر باسی ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی ژیانێکی باشتر و دروستر یان دادپەروەرانەتری هاوڵاتیانی دەکرد. زۆرتر باسی یەکسانی واقعی خەڵکی دەکرد و جەختی لەوە دەکرد کە ئەوان کاتێك بەمانای راستەقینەی وشە لەبەرامبەر یاسا و حکومەتدا خاوەن مافی یەکسانن، کە لەژیانی کۆمەڵایەتیشدا خاوەن توانای یەکسان بن و جیاوازیە چینایەتیەکان کەمڕەنگ بن. ئەڵبەتە بەپێی تێڕوانینی باو لەسەدەی نۆزدەهەمدا، لەناو کۆمەڵگایەکی واشدا پیاوانی باڵغ و یەکسان لەئەنجامی وتوێژ و ئاڵوگۆڕی بیروڕاکان و دواجار لەسەر بناغەی هەڵبژاردن (پشتئەستور بە رای زۆرینە)، بڕیارە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکان دەدەن. بەکارهێنانی ئەم مانایە بیرهێنەرەوەی رۆسۆ بوو. رۆسۆ لەکتێبی «لەبارەی سەرچاوەکانی نایەکسانی لەنێوان خەڵکدا» (١٧٥٥) نوسیبووی: «من قبوڵمە دوو جۆر نایەکسانی لەنێوان مرۆڤەکاندا هەیە. یەکێکیان ئەو نایەکسانیەی من ناویدەنێم جەستەیی یان سروشتی چونکە سروشت دروستیکردووە و لەجیاوازی نێوان تەمەن ، تەندروستی، هێزی جەستەیی، توانا فکری یان مەعنەویەکاندا دەبینرێت. ئەوی دیان ئەو نایەکسانیەیە کە دەکرێ ناوی بنرێ ئەخلاقی یان سیاسی، چونکە بە هۆی جۆرێك رێککەوتنەوە هەیە و بەهۆی رازیبوونی گشتیەوە دەمێنێتەوە، یا لایەنیکەم بەهۆی ئەوەوە ئاراستە دەکرێت. ئەم جیاوازیە، جیاوازیە لەئیمتیازاتدا کە هەندێك کەس بەهۆی چەوساندنەوەوە، باشتر لەوانی دی دەژین، دەوڵەمەندترن، بەناوبانگترن، بەهێزترن و یان تەنانەت لەهەلومەرجێکدان کە فەرمانبەرداری ئەوانی دی بەهۆی زۆرەوە بەدەست دێنن»"٥".

خاڵی گرنگ ئەوەیە لەهەردوو ماناکەی دیموکراسیدا بەر لە١٨٤٨، پەیوەندیەك

لەنێوان ئازادی و یەکسانیدا هەبوو. بەڵام لەشێوەی یەکەمدا هێڵ بەژێر ئازادی هاوڵاتیاندا دەهێنرا و ئەرکی حکومەت دەبوو بەوەی کە ئازادی خەڵکی لەدەستدرێژیە ناوەکی و دەرەکیەکان بپارێزێ. لەکاتێکدا لەشێوەی دوهەمدا هێڵ بەژێر یەکسانیدا دەهێنرا و پێ لەسەر ئەوە دادەگیرا کە ئەو کۆمەڵگایە بەڕاستی ئازاد و ئەو حکومەتە شایستەی ناوی دیموکراتیە کە تیایدا یەکسانی هاوڵاتیان مومکین و زامن بکات. تەفسیری دوهەم کە لەنێوان باڵی چەپی شۆڕشگێڕە فەرەنسیەکان و پەیڕەوانی بابۆفدا باوی هەبوو، رەگێکیشی لەبیرکردنەوەی رۆسۆدا بوو، بە قبوڵکردنی جیاوازی سروشتی نێوان مرۆڤەکان، باسی پێویستی یەکسانی تواناکانی هاوڵاتیانی دەکرد. ئەم تەفسیرە بە میرات بۆ نوسەری خۆشەویستی مارکسی لاو، واتە لۆرنز فۆن شتاین، بزوتنەوەی سۆسیالیستی و خودی مارکس مایەوە.

کانت کە ئەڵبەتە بەهیچ شێوەیەك دیدێکی نێگەتیڤی بۆبیرکردنەوەکانی رۆسۆ نەبوو، زۆریش سەرنجی لێدابوون، لەبەرامبەر ئەم تەفسیرەی دوهەمدا حوکمێکی تازەی پێشکەشکردبوو. کانت نوسی کە بوونی نایەکسانی لەنێوان خەڵکیدا «بەسەرچاوەی دەوڵەمەندی هەموو ئەو شتانەی کە خراپن و هەروەها هەموو ئەو شتانەی کە باشن، دادەنرێت»"٦". کانت رەهەندی هەمەڕەنگی جیاوازیەکان و لەدرەئەنجامدا نایەکسانیەکانی هێنایە پێشێ. لەگەڵ کانتدا بەئاسانی دەتوانرێ وتوێژ بکرێت، بەڵام نەك لەگەڵ دیدرۆدا کە لەپێشەکی «کۆمەڵگا» لەئەنسککلۆپیدیادا نوسیبووی، نایەکسانی لەقۆناغە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا، وەك نایەکسانی دەورەکانی شانۆنامەیەکە. وەك چۆن ئەو نایەکسانیە شانۆییە بەکۆتایهاتنی شانۆکە تەواو دەبێت و ئیدی بوونی نامێنێت، واتە ئەکتەرەکان یەکسان دەبنەوە، ئەم نایەکسانیەش لەکۆتای ژیاندا تەواو دەبێت. بەڵام ژیان شانۆنامە نیە و هیچ شتێکیش لەو پڕوپاگەندە مەسیحیەی تەسلیم و زاهیدبوون، ناشرینتر نیە. ئەویش لەزمانی رۆشنگەرێکەوە. لەبەرامبەردا نایەکسانی لەبەردەم ژمارەیەك نوسەر لەماوەی سااڵکانی ١٧٥٠ و ١٨٥٠دا و لەبەرامبەر خوێنەرەکانیشیاندا، لەئاستی مۆڵکایەتی تایبەتیدا دەهێنرایە پێشێ. دواجار کۆمەڵگای بێ مولکایەتی تایبەتی قابیلی وێناکردن بوو، و لەناوبردنیشی بەئامانجی سیاسی سەرەکی دادەنرا. دوو شۆڕشی گەورەی فکری بە گریمانەی ئەگەری پەیدابوونی یەکسانی واقعی، هاوبەستەیی

مرۆیی لەئەندیشەی ئەورووپاییدا رویدا. یەکێکیان ئارەزووی رۆسۆ بۆ دوبارە بەرپاکردنەوەی یەکسانی سەرەتایی مرۆیی و ئەویدیان ئارەزووی مارکس بۆ دروستکردنی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی. لەم ناوەدا میلار، فۆن نشتاین، فرگسۆن، بابۆف، سەن سیمۆن و فۆریە و هەندێك بیریاری تر، باسەکەیان بردبووە پێشێ.

یەکەم بەکارهێنانی دیموکراسی کە لەبارەی ئەم مانا کۆمەڵایەتیە رزگاریبووە و کەمتازۆر نزیکە لەمانای ئەمڕۆییەوە، دەگەڕایەوە بۆ شێوەی حکومەت و ژیانی سیاسی، لەنوسینەکانی جان ستیوارت میلدا دەدۆزرێتەوە. میل لەوتارێکدا لەساڵی ١٨٢٥دا لەبارەی ئازادی رۆژنامەگەریەوە سودی لەچەمکی دیموکراسی بەمانا سیاسیەکەی وەرگرت، و جارێکی دی لەوتاری «رۆحی سەردەمدا» لەساڵی ١٨٣١دا دوبارەیکردەوە. بەڵام بەکارهێنانی هاوکات لەگەڵ رونکردنەوەدا، واتە ئاماژەی ورد بۆ دیموکراسی لەوتارێکدا هێنایەوە کە لەساڵی ١٨٣٣دا بۆ رەخنەگرتن لەبیرکردنەوەی سیاسی بینتام بەناوی «چەند سەرنجێك لەسەر فەلسەفەی بێنتام» نوسی. لەم وتارەدا دیموکراسی وەك سیستەمێکی سیاسی پشت ئەستور بە مافی یەکسان لەهەڵبژاردنی نوێنەراندا باسدەکرێت"٧". ئەم خاڵە لەوتارێکی گرنگیدا بەناوی «دیموکراسی و حکومەت» وردکرایەوە: «دیموکراسیەکی عەقڵانیانە ئەوە نیە کە خەڵکی تیایدا حوکمبکەن، بەڵکو دەبێ زەمانەتی بونی حکومەتێکی باشیشیان بدرێتێ»"٨".

بەهای کارەکەی میل کاتێك دەزانرێت کە ئەوە بەبیر بهێنینەوە تەنانەت ئەلەکسی دی تۆکڤیلیش دیموکراسی بەمانا کۆمەڵایەتیەکەی دەهێنایەئاراوە، و پەیوەندی لەنێوان یەکسانی کۆمەڵایەتی و دیموکراسیدا دەدۆزیەوە. تۆکڤیل لەکتێبی دیموکراسی لەئەمەریکادا لەسەر بناغەی ئەم تێڕوانینە رۆیشت، هەرچەند لۆژیکی باسەکەی سەرئەنجام شیکردنەوەیەکی بۆ دیموکراسی پێشکەشدەکرد بەمانا سیاسیەکەی. ریمۆن ئارۆن نوسی: «تۆکڤیل وشەی دیموکراسی زیاتر بۆ دیاریکردنی جۆرێکی کۆمەڵگا بەکاردەهێنا تا جۆرێکی دەسەڵات...بەبڕوای تۆکڤیل دیموکراسی بریتیە لەیەکسانکردنی هەلومەرجەکان. ئەو کۆمەڵگایە دیموکراتە کە چیدی تیایدا ئەو جیاوازیانەی دەرئەنجامی پلەو چینەکانن بوونی نیە و کۆی تاکەکانی کۆمەڵگا

لەرووی کۆمەڵایەتیەوە یەکسانن، ئەم یەکسانیەش بەمانایەك لەرووی فکریەوە نیە کە شتێکی مەحاڵە، و یەکسانیش نیە لەرووی ئابوریەوە کە بەبڕوای تۆکڤیل شتێکی مومکین نیە. یەکسانی یان بەرابەری کۆمەڵایەتی، ماناکەی ئەوەیە جیاوازیە بۆماوەکان لەرووی هەلومەرجی کۆمەڵایەتیەوە نەبێت و هەموو کارەکان و هەموو پلەو پایەکان و هەموو شانازیەکان لەبەردەستی هەمووانداا بێت. کەوابوو لەچەمکی دیموکراسیدا هەم یەکسانی کۆمەڵایەتی و هەم مەیل بۆ یەك شکڵی شێوەکان و ئاستەکانی ژیان هەیە»"٩". ئارۆن لەوتاری «ئەلەکسی دی تۆکڤیل و کارل مارکس»دا ئەم خاڵەی دوبارە کردۆتەوە: « تۆکڤیل لەزوربەی شوێنەکاندا بۆ دیموکراسی هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی، نەك شکڵێکی حکومەتی لەبیردا بوو. تۆکڤیل دیموکراسی دژی ئەرستۆکراتیەت و رژێمی پێشوو کە لەسەر بناغەی نایەکسانی بوو، بەکاردەهێنا»"١٠". دەکرێت دیدی سەرەکی تۆکڤیل بەوشێوەیە تەفسیربکەین کە یەکسانی کۆمەڵایەتی و حکومەتی دیموکراتی دەبێت بەیەکەوە بوونیان هەبێت، بەدیهاتنی ئەم دوانەشی لەچوارچێوەی کۆمەڵگای هەبوودا (کۆمەڵگای سەرمایەداری بەزمانی مارکس) بەتەواوی بەشیاو (مومکین) دەزانی. تۆکڤیل بایەخی بەو کێشانە نەدەدا کە رۆسۆ هێنابویە ئاراوە، کە پێیوابوو درزێك لەنێوان یەکسانی سیاسی و هاوڵاتی لەگەڵ نایەکسانی کۆمەڵایەتیدا هەیە.

سودوەرگرتن لەمانای کۆمەڵایەتی دیموکراسی و وردنەبونەوە لەمانا سیاسیەکەی، لەنوسینەکانی پێشڕەوانی بزوتنەوەی کرێکاری لەسەدەی نۆزدەهەمدا، بە بەڵگەی روونەوە چەندانجار زیاتر لەبیریارانی دی باوبوو. بۆ نمونە چارتیستەکان دەرکی دیموکراسیان بەمانای «بزوتنەوەی جەماوەری» دەکرد. لەبەرهەمەکانیشیاندا پەیوەندی نێوان دیموکراسی و «حکومەتی خەڵکی» نەدەخرایە بەر باس. ئەنگلز لەکتێبی «هەلومەرجی چینی کرێکاری ئینگلتەرا» (١٨٤٤)دا نوسی «چارتیستی ئینگلیزی لەدیدی سیاسیەوە کۆماریخوازێکە، هەرچەند ئەو بەدەگمەن یان هەرگیز ئەم وشەیە بەکاردەهێنێت، لەکاتێکدا لایەنگری حیزبە کۆماریخوازەکانی هەموو ولاتەکانە و پێی باشترە کە ناوی خۆی بنێت دیموکرات. بەڵام ئەو زیاد لەکۆماریخوازێکی رووتە و دیموکراسی بۆ ئەو تەنها مانایەکی سیاسی نیە» (م ا٤:٥١٨

)• چەند لاپەڕە دوای ئەوە نوسی: «دەکرێ لەم خاڵەدا جیاوازی نێوان دیموکراسی چارتیستەکان لەگەڵ هەموو دیموکراسی بۆرژوازی رابردوو بدۆزرێتەوە. چارتیست لەبنەڕەتدا ماهیەتێکی کۆمەڵایەتی هەیەو بەبزوتنەوەیەکی چینایەتی دەژمێرێت. (بەرنامەی) «شەش مادەیی» چارتیستی (کەلای پێشڕەوانی رادیکاڵی بۆرژوا لەحوکمی سەرەتا و کۆتایی هەموو شتێکدایە، ولەباشترین حاڵەتدا تەنها بە ریفۆرمێکی یاسایی دەزانرێت) بۆ پرۆلیتاریا تەنها ئامرازێکە لەرێگەی گەیشتن بە ئامانجەکانی بەردەمیدا. هاواری جەنگی چارتیستی کە زۆر باش دەربڕاوە، هەنوکە بەمشێوەیەیە: ئامرازی ئێمە دەسەڵاتی سیاسیە و ئامانجمان خوشبەختی کۆمەڵایەتیە» (م ا٤:٥٢٤). لەدەقی سەرەوەدا ئاماژە بۆ بەرنامەی «شەش مادەیی»چارتیستی کراوە• گرنگترین و توندترین دروشمیان ریفۆرمی یاسای هەڵبژاردن بوو کە زۆرێك لەلیبڕاڵەکانیش لەگەڵیاندابوون. لەراستیدا ئەنگڵز ئەم دروشمانەی وەك «دروشمەکانی گواستنەوە» باسدەکرد و بڕوایوابوو خەبات بۆ بەدیهاتنی ئەم دروشمانە چوارچێوەی کۆمەڵگای باڵادەست دەگۆڕێت، و رێگە بۆ هێنانە ئارای دروشمی توندتر بەماهیەتێکی رونتری چینایەتیەوە دەکاتەوە. هەروەها دەقەکە رونیدەکاتەوە کە لەهەمان سەردەمدا وتوێژ لەبارەی جیاوازی دیموکراسی، وەك شتێکی سیاسی و وەك شتێکی کۆمەڵایەتی هەبووە، و لایەنگرانی مانای یەکەم رابردویەکی زیاتریان هەبووە. چونکە ئەنگلز باسی «دیموکراسی سیاسی بۆرژوازی رابردووی» کردووە.

دیموکراسی لەئەدەبیاتی سیاسی ئەڵمانیاشدا مانایەکی کۆمەڵایەتی هەبووە. ئەڵبەتە تاپێش شۆڕشی ١٨٤٨وشەی دیموکراسی ئەوەندە لەزمانی ئەڵمانیدا بەکار نەدەهات• ژمارەیەکی کەمی نوسەران کە بەکاریاندەهێنا، مەبەستیان لێی «دەسەڵاتی خەڵکی»بوو کە دەرخەری خواست و ئیرادەی زۆرینەی خەڵك بێت، و زۆرتر بە «بناغە و وبونیادی یەکسانی کۆمەڵایەتی تاکەکانیان» دەزانی. کریگەر لەکتێبی« چەمکی ئەڵمانی ئازادی»دا دەریخستووە کە وشەی دیموکراسی لەنوسینەکانی ئەرنۆڵد رۆگەدا هاومانای چەمکی «ریفۆرمی کۆمەڵایەتی» بوو، و رۆتکیش لە١٨٣٧دا دیموکراسی بە هەمان «دەسەڵاتداریێتی خەڵکی» زانیبوو، جەختیشی لەوە کردبوو کە پەرەسەندنی

کۆمەڵایەتی بەستراوە بەیەکسانی تاکەکان کە خاوەن مافی دەسەڵاتداریێتی بن. ویلهام شۆڵتز ئەم باسەی بە «خاوەن رۆحی لێکۆڵینەوەکانی تۆکفیل» زانیووە و بڕوایوابوو بەدیهاتنی دەسپێڕێت بەئایندە، واتە بە کاتێك کە ئامێرە کلتوریە پێویستیەکان ئامادەکرابن"١١". بەهەرحاڵ ئەم تێڕوانینە کۆمەڵایەتیە بۆ دیموکراسی، کاریکردبووە سەر بیرکردنەوەی هیگڵیە لاوەکان و مارکس. لەو رووەشەوە کە جەختی لەسەر پەیوەندی نێوان یەکسانی و ئازادی دەکرد، بۆ مارکس گرنگیەکی زیاتری هەبوو. مارکس بە خوێندنەوەی نوسینەکانی رۆسۆ ئەوە فێر بووبوو کە لەکۆمەڵگایەکی دامەزراو لەسەر بناغەی مولکایەتی تایبەتی، ئازادی تەواو مومکین نیە. هەر باسێك لەبارەی ئازادیەوە، لەخزمەتی نایەکسانی ئابوریدایە. مارکس دەیگوت لەکۆمەڵگایەکدا کە لەسەر بناغەی تاکگەری خاوەن مولك دامەزراوە، ئاراستە بەرەو یەکسانی کۆمەڵایەتی، بەناچار لەقۆناغەکانی یەکەمدا بەمانای پەرەسەندنی ئازادیەکان نابێت. ئەم خاڵە لەزیهنی مارکسدا جێگەیگرت و لێرەولەوێ بەشێوەی ئاماژە لەنوسینەکانیدا دەهێنرایەوە، تا دواجار لە«رەخنە لەبەرنامەی گۆتا»دا بەشێوەیەکی ورد دەربڕا. تێکشکانی سنورەکانی کۆمەڵگای هەبوو، بەهۆی بەردەوامی خەباتکردن بۆ ئازادی، وانەیەك بوو کە مارکس لەرۆسۆوە فێری بوو، لەباسەکەی ئێمەشدا گرنگیەکی زۆری هەیە"١٢".

بیرکردنەوە لەچەمکی کۆمەڵایەتی دیموکراسی، بەناچار ئەو خاڵە دەهێنێتە پێشێ کە ئازادی لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیدا ناگونجێ. لەنوسینە سەرەتاییەکانی مارکسدا، چەمکی دیموکراسی هەمان نەمانی دەوڵەتە. بۆ نمونە لە«پێشەکیەك بۆ رەخنە لەفەلسەفەی هەقی هیگڵ»دا دەخوێنینەوە: « فەرەنسیەکان لەسەردەمی مۆدێرندا تێگەیشتن کە لەدیموکراسیەکی واقعیدا، دەوڵەتی سیاسی لەناودەچێت» (م ا٣:٣٠)"١٣". لەراستیدا لێرەدا وێنای مارکس هەرهەمان ئەو وێنایەیە، کە چەندان ساڵ دوای ئەوە لە بەرهەمەکانیدا لەبارەی کۆمۆنەی پاریسەوە هاتووە: لەناوچوونی دەوڵەت، دۆزینەوەی پێشەکیو هەلومەرجی پێویست بۆ لەناوچوونی مولکایەتی تایبەتی، مولکایەتی گشتی ئامێرەکانی بەرهەمهێنان لەلایەن بەرهەمهێنەرە پێکەوە گرێدراوەکانەوە. مارکس بەپێی ئەم تێروانینە بۆ دیموکراسی بە زمانێك کە لەژێر

کاریگەری رۆسۆدایە، ناکۆکی بنەڕەتی لەچەمکی سیاسی دیموکراسیدا دەدۆزیەوە، و بڕوایوابوو تا ئەوکاتەی لەزەمینەی واقعی چالاکی ئابوری کۆمەڵگای مۆدێرندا بونیادی نایەکسانی هەیە، پێشمەرجی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و بەرهەمهێنان لەئارادایە، دەوڵەت وەك هێزێکی دەسەڵاتخواز بەسەر کۆمەڵگاوە، بەڵام لەخزمەت چینی بالادەستدا بوونی دەبێت و تا ئەوکاتەش کە دەوڵەت هەبێت، ناکرێت باسی یەکسانی سیاسی بکرێت. مارکس وەك رۆسۆ بڕوایوابوو لەکۆمەڵگایەکدا کە لەسەر بناغەی نایەکسانی مولکایەتی دامەزراوە، ئازادی بێسنور لەخەیاڵێك زیاتر نیە و بەدیهاتنی مومکین نیە. ئەو کەسانەی بڕواشیان پێیە (گریمان دەسەڵاتیش بگرنە دەست) ناچار دەبن لەبەرامبەر کەسانێکدا کە خوازیاری سنوردارکردنی یەکسانی و ئازادیەکانن رابوەستن، و لەپراکتیکدا ئازادیان سنوردارببەن.

مارکس لەرەخنەگرتنی بەندی ٣٠٩ی فەلسەفەی هەقی هیگڵدا و لەهەمان دەقی «پێشەکیەك بۆ رەخنەگرتن لەفەلسەفەی هەقی هیگڵ» ئاماژە بۆ جیابونەوەی ئەوانەی هەڵدەبژێرن و ئەوانەی هەڵبژێراون لەئەنجومەنەکانی بۆرژوازیدا دەکات، و تێڕوانینی رۆسۆ دوبارە دەکاتەوە کە بنەمای نوێنەرایەتی دەوڵەتی تازە، لەروانگەی وێنەییەوە روبەرووی کێشەیەکی چارەسەر هەڵنەگرە(م ا.٣:١٢٤، ن ا.١٩٤،١٩٣)• چەندان ساڵ دوای ئەمە هەمان ئەم خاڵەی لە«جەنگی ناوخۆی فەڕەنسادا» دوبارە کردەوە: «لەبری ئەوەی هەر سێ یان شەش ساڵ بڕیار وەربگیرێ کە کام ئەندامی چینی بالادەست نوێنەری درۆزنانەی خەڵکیە لەئەنجومەندا، هەڵبژاردنی گشتی لەکۆمۆنەدا کەوتە خزمەت خەڵکیەوە، خەڵکی لەکۆمۆنەکاندا فۆرمەلەبوو بوون، بەهەمانشێوە کە مافی رای فەردی دەچێتە خزمەت هەڵبژاردنی کرێکار یان بەڕێوەبەر لەپیشەی هەر خاوەن کارێکدا» (ب ن :٢١٠). ئەم دەقە دوبارەکردنەوەی بیرکردنەوەی رۆسۆیە کە لەفەسڵی پانزەی «پەیمانی کۆمەڵایەتی»دا نوسیوێتی: «دەسەڵاتداریێتی ناتوانرێ نوێنەرایەتی بکرێت، لەبەر هەمان هۆی کە ناتوانرێ (لەکەس)جیاو بێگانە بێت. دەسەڵاتداریێتی بەشێوەیەکی بونیادی لەخواستی گشتیدا شکڵوەردەگرێ، خواست ناتوانرێت نوێنەری هەبێت. خواست یان هەرئەوەیە (کە راستەوخۆ دەردەبڕێت) یان شتێکی ترە، رێگەیەکی نێوانی نیە. لێرەوە نوێنەرانی خەڵکی نوێنەریان نین و

ناتوانن ببن. ئەوان تەنها فەرمانبەری خەڵکن، ناتوانن لەبارەی هیچ شتێکەوە بڕیارێکی بڕاوە بدەن. هەر یاسایەك کە خودی تاکەکەس نەیسەلێنێت، بێبایەخەو بە یاسا دانانرێت. خەڵکی ئینگلتەرا وادەزانن خەڵکێکی ئازادن، ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە. ئەم خەڵکە تەنها لەکاتی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەندا ئازادن، هەرئەوەندەی ئەم ئەندامانە هەڵبژێران، خەڵکی کوێلەو هیچ دەبن. ئەو شێوەیەی خەڵکی ئینگلتەرا سود لەساتەوەختە کورتەکانی ئازادی خۆیان وەردەگرن، بەڕاستی پیشانیدەدات کە ئەوان شایەنی ئەوەن کە ئازادیش لەدەستبدەن"١٤".

بونیادی فکر لەبارەی شێوەی سیاسیەوە لەرەخنەگرتنی مارکس لەهیگڵدا و ئەوەی مارکس لەبارەی کۆمۆنی پاریسەوە نوسی، یەك شتە. هەرچەندە نزیك سی ساڵ کەوتۆتە نێوانیانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە لەم ماوەیەدا ئەزموونی گرنگ لەبواری پێشکەوتنی دیموکراسی لەئینگلتەرا و ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بەدەستهاتبوو، بەڵام مارکس دیدی خۆی لەبارەی سنوردارێتی دیموکراسی بۆرژوازیەوە نەگۆڕی. ئەو هەروا بە سوربونەوە رایدەگەیاند نایەکسانی ئابوری، ئەگەری دەرکەوتنی یۆتۆپیای دیموکراسی بۆرژوازی نادات. هەرکاتێك شۆڕشی کۆمەڵایەتی رێگەی بۆ لەناوبردنی نایەکسانی واقعی، واتە مادی و ئابوری کردەوە، ئەوسا خەڵکی دەتوانن نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن و لەهەر بابەتێکی تایبەتدا بۆ ئەو نوێنەرانە بگەڕێنەوە و رونکردنەوەیان لێ داوابکەن و لەهەرکاتێکیشدا کە ویستیان ئەو نوێنەرانە لابەرن. لەراستیدا مارکس نمونەی کۆمیتەکانی مانگرتنی کارخانە یان لەشێوەیەکی سیاسیتردا شورای کرێکارانی، وەك نمونەی دیموکراسی راستەوخۆ دەناساند• پێشتر لەفەسڵی شەشەمدا بینیمان مارکس جارێکیش شوراکانی ردکردەوە، و باوەڕکردن بەم شورایانەی بە وڕێنەی دیموکراتی وردە بۆرژوا ناونا. لێرەدا کارمان بەم خاڵە نیە، تەنها دەبێت جەخت لەوەبکەین کە تەنانەت بەگریمانەی بڕوای کاملی مارکس بە شوراکان (کە دیارە شوراکان لەئامانجی دیموکراسی راستەوخۆوە نزیکترن لەپەرلەمانەکان)، ئەوا هێشتا ئەو مەسەلەیەی جێی سەرنجی مارکسە، چارەسەر نابێت•

گریمان من لەشورادا دەنگ بۆ یەکێك دەدەم و مافی ئەوەم هەیە لەسەر هەر

شتێکی تایبەت لێی بپرسم کە چۆن لەبری من بڕیاردەدات. دەتوانم لەهەرکاتێکدا ویستم و بەڕاستمزانی، لایبەرم. بەروکەش پێدەچێت ئەم «دیموکراسیە راستەوخۆیە» (بەوتەی نۆربرتۆ بۆبێۆ) دەتوانێت دەربڕی بەدیهاتنی ئازادانەی خواستی من بێت، تەنها بەمەرجێك. بەو مەرجەی پەیوەندی من و ئەو، پەیوەندی نێوان تاکێك و تاکێك بێت. هەرکاتێك من ئەوم لەئەنجامی هەڵبژاردنێکی گشتیدا هەڵبژارد، واتە ناچارم تەسلیمی هەڵبژاردنی زۆرینەی دەنگدەران بم. رەنگە من دەنگم بەو نەدابێت، تەنها بەپێی رێسای دیموکراسی تەسلیمی رای زۆرینە بووبم، ئەم خاڵە لەبارەی هەر گەڕانەوەیەکی من بۆ ئەو، و لێپرسینەوەم و لەبارەی لابردنیشیەوە راستە. هەموو ئەمانە لەچوارچێوەی ئیرادەی گشتیدا و بەپێی رای زۆرینە، رووددەدن. کەوابوو ئەو ئازادیە خەیاڵیەی مارکس و لایەنگرانی شوراکان لەپراکتیکدا بەتەسلیمبوون بە رەهەندی ناچاری قبوڵکردنی رای زۆرینە، کەمڕەنگ دەبێت و تەنانەت دەکرێ گریمانەی ئەوە بکرێت کە لەهەندێك حاڵەتدا بەتەواوی لەناوبچێت. ئەو خاڵەی کە من تەنانەت گەر یەکێك بم لەبەرامبەر هەمووانداً، هێشتا خاوەن هەموو مافێکی کەمایەتیم، ئەڵبەتە دەربڕی مافێکی دیموکراتیە، بەڵام لەراستیدا لەجیابونەوەی خواست و ئیرادەی من لەبڕیارێك کە بەناوی زۆرینەوە وەردەگیرێت، کەمناکاتەوە. ئەو رەخنە سەرەکیەی لەپەرلەمانە بۆرژوازیەکان دەگیرێت، لەشوراکانیشدا وەك خۆی دەمێنێتەوە. من لەخواستی خۆم جیادەبمەوە، چونکە بنەمای نوێنەرایەتی و و بنەمای مافی زۆرینەم قبوڵکردووە. بونیادی شوراکان، هەمان ئەو «پەرلەمانتاریسم»ەیە کە مارکس نەفرەتی لێبوو، هەرچەندە شێوەکەی دیموکراتیترە. ئەوەی هەر ئەمشێوە دیموکراتیە دەبێتە هۆی چ کێشەگەلێك و تا چ سنورێك لەبڕیار وەرگرتنە خێراکاندا (بۆ نمونە لەروبەروبونەوەی سەربازی کە بەردەوام لەروانگەی مارکسدا گرنگبوون) یان لەپێشکەوتنی کارەکاندا کێشە دروستەدکات، بەناچار لەپراکتیکدا دەخرێتە ژێر پێوە. هەموو ئەمانە وەك چەندان مەسەلەی دی تەنها کاتێك دێتەپێشێ کە شوراکان بەڕاستی هەبن و چالاکیبکەن. لەپراکتیکدا شوراکان هەرگیز تەمەنێکی درێژیان نەبووە، هەرگیز جێی پەرلەمانیان نەگرتۆتەوە و هەر ئەمشێوە ناڕاستەوخۆیەی دیموکراسی (واتە پەرلەمان)، بە کاراترین شێوە ماوەتەوە، بەتایبەت لەو وڵات یان شارانەدا کە سەرژمێرێکی زۆریان هەیە، کە گەڕانەوە بۆ

وەکیل لەهەموو حاڵەتەکاندا مومکین نیە.

مارکس لەرەخنەکردنی رێبازی سیاسی هیگڵدا دەرئەنجامێکی وەرگرت کە تا کۆتایی ژیانی لەگەڵیدا مایەوە. لەناوچوونی مولکایەتی تایبەتی ئامێرەکانی بەرهەمهێنان و لەناوچوونی دەوڵەت، بە مانای سەقامگیربوونی پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی تازەیە کە راستەوخۆ لەپەیوەندیەکانی پێشوو جیاوازن، و لەم پەیوەندیە تازانەدا ئەگەری یەکسانی کۆمەڵایەتی تاکەکان و لەدەرئەنجامدا ئەگەری بەدەستهێنانی ئازادی دەڕخسێت. مارکس بەردەوام لەم مانا کۆمەڵایەتیەدا باسی دیموکراسی دەکرد و لەهەموو شوێنێکدا کێشەی دێرینی ناموکین بوونی یەکسانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگای چینایەتیدا، بەبیر دەهێنایەوە. مارکس بەدیهاتنی یەکسانی کاملی ئابوری و کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگای سەرمایەداریدا بە ناموکین دەبینی و کاتێك بەشێوەیەکی بڕاوە حوکمیدەدا (و مارکس مامۆستای حوکمە بڕاواکان بوو) کە دیموکراسی لەم کۆمەڵگایەدا بەدەستنایەت، مەبەستی ئەوەبوو دیموکراسی بەمانا کۆمەڵایەتیەکەی واتە یەکسانی کاملی ئابوری و کۆمەڵایەتی تاکەکان، لەچوارچێوە و لەناو پەیوەندی کۆمەڵایەتی و بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا ناموکینە. بەر لەمارکس ئادام فرگسۆن بەڕاشکاوی نوسیبووی کە بەبوونی سیستەمی کار لەکارگە و کارخانەکاندا، چیدی قسەکردن لەمرۆڤی ئازاد لەکۆمەڵگای مەدەنی هاوچەرخدا پتر لەنوکتەیەك دەچێت. فرگسۆن لە«میژووی کۆمەڵگای مەدەنی»دا نوسیبووی : «ئێمە گەلێکی کۆیلەمان دروستکردووە و چیدی خاوەن هاوڵاتی ئازاد نین»"١٥". ئەم قسانە هی بیریارێکی سۆسیالیست نین، بەڵکو هی فەیلەسوفێکی لایەنگری هیوم ولۆکە. دەکرێ نمونەیەکی زۆر لەسەلماندنی بیریارانی ئەو رۆژگارە بۆ خەسڵەتی نائازادی ژیان لەکۆمەڵگای مۆدێرندا، بەتایبەتی کار لەم کۆمەڵگایەدا بهێنرێتەوە. کەوابوو هیچ جێگەی سەرسوڕمان نیە مارکسیش بە سەرنجدان لەباوەڕە سیاسیەکانی، ئەوەندە دوژمنایەتی بانگەشەکانی سەرمایەداری لەبارەی ئازادی و دیموکراسیەوە، لەخۆی پیشانبدات. هەلومەرجی بەراستی نامرۆڤانەی ژیانی چینی کرێکاری سەردەمی مارکس کە لەیەکەم بەرگی «سەرمایە»دا شەرحێکی ترسناککراوە و بەهەزاران بەڵگەی دەوڵەتی و فەرمی و نوسینەکانی بیریاران و نوسەرانی دی سەدەی نۆزدەهەم (کە هەموشیان بڕوای رادیکال و

سۆسیالیستیان نەبوو) دەسەلێنرا، دەبووە هۆی ئەوەی مارکس بەدوژمنایەتیەوە تەماشای بانگەشەی ئازادیخوازی بۆرژواکان بکات"١٦".

مارکس بەتایبەتی پاش شکستی شۆڕشی ١٨٤٨، دیموکراسی بەمانای تێپەڕین لەکۆمەڵگای سەرمایەداری دەناسی و بڕوای بە بوونی دەوڵەتی دیموکراتی بۆرژوازی نەبوو. پێشتر ئەنگڵز لەساڵی ١٨٤٨دا لەوتاری «نمونەی تازەی کوشتار لەئەڵمانیادا» نوسیبووی: «دیموکراسی و کۆمۆنیزم تا ئەو جێگەیەی پەیوەندی بە چینی کرێکارەوە هەیە، یەك مانایان هەیە» (م ١ ٤٧٤:٤). مەبەستی ئەنگڵز لەدیموکراسی بریتیبوو لەچڕبونەوەی دەسەڵاتی سیاسی لەدەستی زۆرینەی خەڵکیدا، بەمەبەستی دروستکردنی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی. ئەنگڵز لەنامەیەکدا بۆ «کۆمیتەی پەیوەندیە کۆمۆنیستیەکان» لەبرۆکسێل، نوسی: «شۆڕشی دیموکراتی، تەنها بەمانای شۆڕشی کۆمەڵایەتی پرۆلیتاریایە» (م ب:٢٧). ئەم قسانە تێڕوانینی ئەنگڵز و مارکس بۆ دیموکراسی، پیشاندەدەن. مارکس لە«چارتیستەکان»دا لەدەی ئوتی ١٨٥٢دا نوسی: «لەئینگلتەرادا مافی رای گشتی ئەوەیە کە چینی کرێکار دەسەڵاتی سیاسی بگرێتە دەست» (ب ت:٢٦٤) و هاوڕێ لەگەڵ ئەنگڵزدا لەمانیفیستدا نوسی: «یەکەم هەنگاوی شۆڕشی کرێکاری بریتیە لەهێنانە سەرەوەی چینی کرێکار بۆ جێگەی چینی باڵادەست و بەدەستهێنانی دیموکراسی» (م ١ ٦:٥٠٤). بەبڕوای ئەو دیموکراسی واتە حکومەتی چینی کرێکار و لەئەنجامدا هیچ شێوەیەك حکومەتی دیموکراتی بۆرژوازی، قبوڵنەبوو. مارکس بەبیرهێنانەوەی خەسڵەتی روکەشی یەکسانی سیاسی لەکۆمەڵگای بۆرژوازیدا، بڕوایوابوو کە هەرجۆرە وێنایەکی دیموکراسی لەم کۆمەڵگایەدا ساوێلکانەیە.

مارکس لەنامەیەکدا بۆ ئەنگڵز (٨ی سپتامبری١٨٦٤) سیستەمی سیاسی ویلایەتە یەکگرتوەکانی وەك «نمونەی تەڵەکەبازی دیموکراتی» باسکرد (١ م:٢٠٢) و لە«هەژدەهەمی برۆمێر»دا ئەو دیدەی کە بەدیهاتنی دیموکراسی لەکۆمەڵگای بۆرژوازیدا بە مومکین دەزانێ، بە «نەخۆشی هیچ و پوچی پەرلەمانی» ناوهێنا و بە «نەخۆشیەکی زۆر تایبەتی» زانی کە «لەساڵی ١٨٤٨ وە لەسەرتاسەری ئەوروپادا بلاوبۆتەوە... و هەرکەس توشی بێت، دەبێ بە کۆیلەی جیهانێکی خەیاڵی کە هەر

جۆرە هۆش، هەرجۆرە بیر و هەر جۆرە تێگەیشتنێکی بۆ جیهانی سەختی واقعی لێدەسڕێ» (ه ب:١٢٠،ب ١:٤٥٤). مارکس لە«ملمانێی چینایەتی فەرەنسا»دا بوونی مافی دەنگدانی لەدەستوری بۆرژوازیدا، بەسەرچاوەی گەلێك دژایەتی دەزانی: «لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ئەو دژایەتیە سەرەکیەی لەدەستوردا هەیە بریتیە لەرای گشتی: بە ڕای گشتی و هەڵبژاردن، هەمان ئەو چینانەی کە وەك پرۆلیتاریا و جوتیاران و ورده بۆرژواکان کە بڕیارە بەم یاسایە کۆیلایەتیان بۆ هەتا هەتایە بەردەوامبێت، دەبن بە خاوەن دەسەڵاتی سیاسی. لەکاتێکدا هەر ئەم یاسایە، زەمانەتی پێویست بۆ دەسەڵاتی سیاسی لەچینێك کە دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی کۆنی پێ دەسپێرێ، واتە لەچینی بۆرژوازی درێغدەکات. ئەم یاسایە دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوازی بە پێشبینی هەنگاوی دیموکراتی کە سەرکەوتنی چینە دوژمنەکانی بۆرژوازی لەهەر ساتەوەختێکدا مومکینەکات، کۆنترۆڵدەکات و بەمشێوەیە بناغەکانی کۆمەڵگای بۆرژوازی لەهەر ساتەوەختێکدا دەخاتە بەردەم مەترسی ئەم هەنگاوانە. لەگروپێك (واتە پرۆلیتاریا، جوتیاران، ورده بۆرژواکان)داوا دەکات لەسنوری ئازادی سیاسی زیاتر نەڕۆن و لەگروپێکی دی (واتە لەبۆرژوازی) داوا دەکات کە بە رزگاربوونی کۆمەڵایەتی خۆی رازی بێت و داوای ژیانەوەی سیاسی نەکات» (ن گ:٦٣،ب ١:٢٣٦-٢٣٥)

ڕەخنەگرتن لەدیدی مارکس بۆ دەوڵەتی دیموکراتی بۆرژوازی

لەروانگەی مارکسەوە دیموکراسی لەچوارچێوەی کۆمەڵگای بۆرژوازی و شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا بەدەستنایەت. مارکس بەشێوەیەکی بڕاوە دەیگوت دیموکراسی بەمانا کۆمەڵایەتیەکەی، واتە یەکسانی تەواوی ئابوری و کۆمەڵایەتی تاکەکان لەچوارچێوە و لەناو پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا، مومکین نیە. خاڵەکە لێرەدایە کە لایەنگرێکی دیموکراسی بۆرژوازیش بانگەشەی ئەوە ناکات کە ئەم دیموکراسیە بەمانای یەکسانی کاملی کۆمەڵایەتیە، و نالێت کە بە بەرپاکردنی ئەمشێوە یەکسانیە سیاسیە و ئەم سیستەمە سیاسیە دیموکراتیە، نایەکسانی ئابوری لەناودەچێت. هەرکاتێك دیموکراسی بەمانای یەکسانی تەواو و ڕەهای تاکەکان بێت، یان بەیەکسانی کۆمەڵایەتی تەواو بناسین، نکوڵی لەوە ناکرێت کە لەهیچ حکومەتێکی دیموکراتی

هەبوودا و لەهیچ ئەزمونێکی دیموکراتی پاش مارکسدا بەدەستنەهاتووە. بەڵام چ کەسێك گوتوێتی قبوڵی دیموکراسی سیاسی و جێبەجێکردنی، بەمانای لەناوبردنی نایەکسانی مادی و ئابوریە؟

لایەنگرێکی دیموکراسی سیاسی یان بەوتەی مارکس دیموکراسی بۆرژوازی، دەڵێت ئەم شێوە سیاسیە باشترین ئەگەر، بۆ هەموو خەڵکی دەرەخسێنێت، بۆئەوەی بەشداری لەو بڕیارانەدابکەن کە پەیوەندی بەژیانی کۆمەڵایەتی خۆیانەوە هەیە. لەئەنجامدا رێگا بۆ دەستگەیشتن بەزۆرترین سنوری کارایی خۆشدەکات. دیموکراتی ئەمڕۆیی دەڵێت، ئەو بڕیارانەی لەم سیستەمە سیاسیەدا دەدرێت، زۆرتر لەگەڵ عەقڵی گشتیدا دەگونجێت. لەهەمانکاتدا هەرئەم لایەنگرەی دیموکراسی سیاسی دەڵێت ئەمشێوەیە واتە دیموکراسی پەرلەمانی، تا هەنوکە باشترین شێوەی ژیانی سیاسیبووە، بەڵام نە کاملەو نە کۆتایی هەیە. یەکسانی هاوڵاتی لەبەرامبەر یاسادا زامندەکات، دەبێتە هۆی دابەشبونی هێزەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری، یان لایەنیکەم رێگەی جوڵە بەرەو دابەشبونێکی وا دەکاتەوە، حکومەتی یاسا دادەمەزرێنێت، مافە مەدەنیەکان پەرەپێدەدا، مافی دەنگدانی هەموو ژنان و پیاوانی پێگەیشتوو قبوڵدەکات، تەمەنی دەنگدان لە٢١ وە کەمدەکاتەوە بۆ ١٨ (لەهەندێك حاڵەتدا کەمتریش) و تەنانەت لەچەمکی بەرپرسیاری هاوڵاتیانی عاقڵیشدا گۆڕانکاری دروستدەکات، لەم حاڵەتەشدا مافە کۆمەڵایەتیەکان پەرەپێدەدا (لەهەڵبژاردنی سیاسی ئینگلتەرادا لەناو خەستەخانە دەرونیەکانیشدا، رای «نەخۆشەکان»یش وەردەگیرێت). لەهەمانکاتدا شێوازە جیاوازەکانی خۆبەڕێوەبردن لەکارخانە و بەڕێوەبەرایەتیەکاندا تاقیدەکرێنەوە و تائەو شوێنەی کە لەگەڵ یاساکاندا بگونجێن، دیموکراسی کار تاقیدەکرێتەوە..بەدەربڕینێکی باشتر بە ئەزموونی دیموکراسی سیاسی، هێواش هێواش لەپرۆسەیەکی ریفۆرمی درێژخایەندا، ئەگەری پەرەسەندنی دیموکراسی کۆمەڵایەتیش دەرەخسێت. باجە روو لەزیادەکان سەبارەت بە دارایی و دەرامەت، یەکێکە لەهەزاران نمونە. ئەمانە بانگەشەکانی دیموکراتێکی ئەمڕۆییە، مارکسیش کە تەنانەت ئەم سنورەی پێشکەوتنی باس و پراکتیکی بە خەیاڵی دەزانی، کێشەی لەگەڵ ئەم وتوێژە فیکریەدا نییە، بەڵکو لەگەڵ بونەوەرێکی خەیاڵیدا وتوێژ دەکات کە گوایا دەڵێت دیموکراسی بەمانای یەکسانی

کاملّی مرۆییە.

کێشەی گەورەی لۆژیکی و سیاسی لەباسەکەی مارکسدا سەبارەت بە دیموکراسی ئەوەیە کە ئەو لەناموکین بوونی بەدیهاتنی یەکسانی کۆمەڵایەتی و ئابوریەوە لەچوارچێوەی کۆمەڵگای سەرمایەداریدا (گریمان مارکس راستەکات و رەوتی ریفۆرمی درێژخایەن، دواجار ناتوانێت ببێ بە پەرەسەندنی دیموکراسی کۆمەڵایەتی)، بە ناموکین بوونی دەستگەیشتن بە دیموکراسی سیاسی دەگەیشت. لەراستیدا مارکس کاری بەسەر کێشەکانی چەمکی یەکسانی سیاسیەوە نەبوو، بەڵکو بەشێوەیەکی بڕاوانە و بە راشکاوی ئەگەری پەیدابوونی دەوڵەتی دیموکراتی بۆرژوازی رەد دەکردەوە. مارکس لەو راستیەوە کە لەسەردەمی ژیانی خۆیدا ئازادیەکانی و مافە سیاسیەکان یەکجار سنوردارببوون و بەردەوام لەژێر هەڕەشەی پارێزگاران و کۆنەپەرستاندا بوون و لەژێر مەترسی لەناوچوندابوون، بەو دەرئەنجامە نادروستە گەیشت کە لەبنەڕەتدا لەچوارچێوەی کۆمەڵگای سەرمایەداری و سیستەمی بەرهەمهێنانی هەبوودا، دەستگەیشتن بە ئازادیە سیاسی و دیموکراتیەکان مومکین نیە. مارکس لەو خاڵەوە کە لەناکاو بەشێکی گەورە لەئازادیە سیاسیەکان پەیدانابن، بەو دەرئەنجامە گەیشت کە لەبنەڕەتدا دەوڵەتی دیموکراتی بۆرژوازی ناتوانێت پەیدا بێت. ئەو دەوڵەتی دیموکراتی بۆرژوازی بە دژایەتی لەپێناسدا دەزانی. ئەزمونی پراکتیکی و مێژوویی واتە ئەو پێوەرەی کە خۆی قبوڵیبوو، نادروستی ئەم قسانەی سەلماندووە.

ئەو هێنانەوەی لە«ململانێی چینایەتی لەفەڕانسادا» کە چەند لاپەڕەیەکی پێشوو بەشێکی پێشووم پێداخست، بەباشی پیشانیدەدات مارکس بچوکترین وێنای بۆئەوەی ئەمڕۆ لەزوربەی وڵاتەکانی جیهاندا رووەدات، نەبوو. ئەو چینە ستەملێکراوانەی مافی دەنگدانیان بەدەستهێناوە، نەبوون بەخاوەنی دەسەڵات، بەڵام بەشدارن تیایدا. واتە زۆرێك لەخواستەکانیان دێتەدی، و نوێنەریان لەناو دەوڵەت و ئەنجومەندا هەیە. بناغەکانی کۆمەڵگای بۆرژوازیش نەکەوتونەتە مەترسیەوە و بەدەر لەقەیرانە ئابوریەکان و گرفتارە سیاسیەکان، لەسەر هەمان ریتم دەڕوات کە مارکس چاوی پێی هەڵنەدەهات. بەرنامەی سیاسی بۆرژوازی لەلایەن ئەوانەوە کە هیچیان نیە،

بەشێوەی جۆراوجۆر قبوڵکراوە. حیزبگەلێك بە بناغەیەکی گەورەی کرێکاریەوە و بەرنامەی جۆراوجۆری سۆسیالیستیەوە دێنە سەرکار (وەك حیزبە سۆسیالیستەکان لەفەرەنسا، ئەڵمانیا، ئیتالیا و ئیسپانیا و حیزبی کرێکاری ئینگلتەرا). رێکخراوە کرێکاریەکان هەندێکجار دەوری زۆر گەورە دەبینن (ئینگلتەرا لەدەیەی١٩٧٠دا). ئەو دوڕیانەی مارکس باسیدەکرد دروستنەبوو، بەڵکو هەزاران رێگە دروستبوون. لەکاتێکدا مارکس «واقعیەتی جیهانی سەرسەخت و تۆندوتیژی دەرەوەی» دەبینی و بەدروستی لەژیانی سیاسی سەردەمی خۆیدا، هێندە ئاماژەی بۆ یەکسانی سیاسی و هەڵبژاردنی ئازاد نەدەدۆزیەوە (لەو سەردەمەدا مافی دەنگدانی ژنان، خەونێکی مەحاڵ دەهاتە پێشچاو)، لەدیدی تیوریشەوە دەوڵەت دیموکراتی بۆرژوازی رەد دەکردەوە، ئەمەش خۆی هەڵەبوو. هەرچەندە ئەزموونی فاشیزم لەئەورووپا، پەیدابوونی پارێزگارانی نوێ یان بەوتەی تێری ئیگڵتۆن «شەوی دوورودرێژ و تاریکی تاچەر-رێگان»"١٧" توانای شکانی دەستکەوتەکانی دیموکراسی پیشاندەدات، بەڵام مێژووی نیوەی دوهەمی سەدەی بیستەم پیشانیدەدات، کە دیموکراسی بەگشتی بەهێز و رووی لەپەرەسەندنە. واتە پانتایی مافە دیموکراتیەکان بەشێوەیەکی بەردەوام گەشەیکرد و کۆمەڵێك خاڵی تازە هاتە پێشەوە. بەدەر لەقابلیەتی شکانی هەندێك پێشنیار و هەندێك مەسەلەی پراکتیکی کە دێنە پێشەوە (مەسەلەی کۆچی نائەوروپیەکان بۆ ئەوروپا گەشەکردنی حیزبە راستڕەوە تۆندڕەوەکان لەئەوروپا)، دیسان سەرنجدەدەین کە سیستەمە دیموکراتەکان و باوەڕە لیبڕاڵیە نوێکان، توانایەکی زۆریان لەچارەسەرکردنی ئەو مەسەلانەدا هەیە کە روبەڕویان دەبێتەوە. مارکس دەیگووت دیموکراسی بۆرژوازی تەنها بە سنوردارکردنی نیازەکان دەتوانێت وەڵامی ئەو نیازانە بداتەوە و جگە لەرێگەی کەمکردنەوەی مافە مرۆییەکان، توانای زامنکردنی بەردەوامی خۆی نییە"١٨". ئەزموونی پراکتیکی رێك پێچەوانەی ئەم باوەڕەی مارکسی سەلماند. بەرهەمهێنانی بۆرژوازی بەوشێوەیەی مارکس بەباشی لەلێکۆڵینەوە ئابوریەکانی خۆیدا ئاماژەی بۆ کردووە، تەنها بۆ پێویستیی مادە دروستناکات، بەڵکو بۆ مادەش نیاز دروستدەکات. سەرمایەداری خەریکی پەرەسەندنی نیازەکانە. ئەمەش خەسڵەتی بنەڕەتی بەرهەمهێنانێتی. گرنگتر لەمە ئەوەیە، نەیدەتوانی وابێت گەر وەڵامی نیازە هەبووەکانی نەدایەوە. بیریارانی

قوتابخانەی فرانکفۆرت بیرهێنەرەوەی «نیازە ناڕاستەکان» بوون، بەتایبەتی تیۆدرۆ ئادرنۆ بەشیکردنەوەی پیشەسازی کلتور و کلتوری جەماوەری، ئەم خاڵەی بردۆتە پێشێ. دەکرێ درێژە بەم باسە بدرێت یان قبوڵبکرێ، بەڵام ئەو خاڵەی جێی سەرنجی مارکس بوو، ئەمە نەبوو. مارکس لەبنەڕەتدا نکوڵی لەتوانای وەڵامدانەوەی بۆرژوازی بە نیازەکان (چ راست یان هەڵە، غەریزەیی یان داهێنەرانە) دەکرد، (لەمەشدا) راستی نەدەکرد. ڕەخنەگرتن لەدیدی مارکس لەبارەی ناومکینبوونی بەدیهاتنی دیموکراتی بۆرژوازی، بەمانای قبوڵکردنی سیاسی ئەم دەوڵەتە نیە. ئەم دەوڵەت بابەتێکی واقعیە و مارکسیش ئەم واقعیەتەی دەرك نەکردبوو، بەڵام وتنی ئەوەی کە بابەتێکی واقعیە، هەرگیز ناتوانێت بەومانایە بێت کە بابەتێکی عەقڵانیانە، دروست و قابلی قبوڵکردنیشە. بۆ ئەمە دەبێت بەدوای وتوێژەکانی ئەمڕۆدا بچین، لەئەزمونە هەبوەکان وردبینەوە و لەهەمووشی گرنگتر بە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەوە، روبەرووی دەوڵەتە دیموکراتیەکانی سەرمایەداری ببینەوە. لەڕاستیدا ڕەخنەگرتن لەمارکس دەتوانیێ هاوڕێ بێت لەگەڵ ڕەخنەی رادیکاڵ لەبنەما میتافیزیکیەکانی مۆدێرنە و عەقڵانیەت و تێڕوانینی لیبڕاڵە نوێکان بۆ ئازادی و دیموکراسی"١٩".

ئەو خاڵە کە مارکس ئەگەری دروستبوونی دەوڵەتی دیموکراتی بۆرژوازی نەفیدەکات، بەهیچ شێوەیەك بەرگری لێناکرێت. ئاینس هیلەر نزیك بیست ساڵ لەمەوپێش نوسیبووی: «یەکسانی لەبەرامبەر یاسادا هەرگیز لەدروشمێك زیاتر نەبووە، چونکە لەدژایەتیەکی هەمیشەییدایە لەگەڵ نایەکسانی مولکایەتیدا. بۆ شاردنەوەی ئەم دژایەتیە بەردەوام سەربەخۆیی هێزی دادوەریان وەك زەمانەتێکی ڕێژەیی، هێنانەوەتە پێشێ. لەئاستی دروشمدا ئەم هێزە، لەهێزی جێبەجێکردن و یاسادانان سەربەخۆیە، بەڵام هەرگیز ناتوانێت بنەمای ئەو نایەکسانیە بریندار بکات. کۆی ئەو یاسایانەی پەیوەندیان بەم نمونەیەوە هەیە، مافی یەکسانی تاکەکان زامندەکەن، بەڵام ئەم مافانە ناتوانن جێبەجێبکەن، مەگەر لەرێگەیەکی نێگەتیڤەوە، واتە لەرێگەی قەدەغەکردنی هەندێك کرداری مرۆییەوە. حوکمە بەناوبانگەکەی ئاناتۆل فرانس کە هەر پێناسێکی یەکسانی گەر بە نەفی یان بە سلب پێناسبکرێت، شتێك نیە جگە لەئامرازێك بۆ قبوڵاندنی نایەکسانی، مانایەکی قوڵتری هەیە لەوەی

کە سەرەتا دەردەکەوێت»"٢٠". ئاینس هیلەر وەك مارکسیەك هەروا خوازیاری هەموو شتێکبوو. ئەو یەکسانی یاسایی بەکامڵ نەدەزانی، زامنکردنەکانی بە بەس نەدەناسی و ڕەخنەی لەئازادی نێگەتیف هەبوو. لەراستیدا دەیگووت یا هەر ئێستا و هەر لێرەدا هەموو ئازادیەکان دەدەن، یان درۆ دەکەن. بەڵام دیموکراسی جگە لەپرۆسەی گۆڕانکاریەکی بەردەوام هیچیدی نیە. بەردەوام دۆزینەوەی زۆرتری بواره نادیارەکانی ئازادی مرۆیی، بەردەوام چونە پێشەوە و زۆرتر ویستنە. یەکسانی لەبەرامبەر یاسادا ئامانجە، ئازادی نێگەتیف «ئازادبوون لە» بەس نیە، بەڵام هیلەر پێشنیاری کام ئەزموونی ئازادی پۆزەتیف بۆ ئێمە دەکات؟ دووبارەکردنەوەی ئەو مەسەلەیەی کە دیموکراسی لیبڕاڵی شتێکی کامڵ نیە، هیچ شتێك چارەسەرناکات، چونکە هیچ لیبڕاڵێکی ڕاستەقینە بڕوای بەوەنیە کە دیموکراسی کامڵ بتوانێت بێتەدی، بەڵام دەڵێت هەرگیز نمونەیەك تا سنوری ئەم چەمکەی دیموکراسی و کارپێکردنی، هێندە نرخ و بەهای بۆ بیروبۆچوونی نەیار دانەناوە، نەبۆتە هۆی پەرەسەندنی بواری ماف و ئازادیەکان، نیازە تازەکانی مرۆڤی نەدۆزیوەتەوە و زامنی پێویستی بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی دی پێشکەشنەکردووە .چ سودێکی هەیە گەر ڕەخنە لەئازادی لیبڕاڵی بگرین، بەڵام تەنانەت نەتوانین باسکردنی ئازادی پۆزەتیف و شێوەی دیموکراسی، تۆزقاڵێك بەرینە پێشەوە یان ڕێگەچارەیەك پێشکەشبکەین؟ بۆچی دەبێت هێرشبکەینە سەر لیبڕاڵەکان کە بەر لەسەدەونیوێك یەکێك لەبیریارەکانیان، جۆن ستیوارت میل، حوکمێکی دەربڕی کە کۆمۆنیستەکان هەرگیز نەیانتوانی تەنانەت بیری لێبکەنەوە: «ئەگەر هەموو تاکەکانی مرۆڤ جگە لەیەك کەس، یەك بڕوایان هەبوو و تەنهاش یەك کەس نەیاری ئەوبڕوایەبوو، کاری ئەمانە بۆ ئەوەی دەنگی ئەم یەك کەسە سەرکوتبکەن، هەر هێندە ناهەق و ناڕاوەیە کە ئەگەر ئەو یەك کەسە توانای ئەوەی هەبێت، دەنگی کۆی مرۆڤەکانی دی سەرکوتبکات»"٢١".

مارکس بڕوایوابوو ئازادیەکان بەردەوام لەسیستەمی سەرمایەداریدا، لەژێر مەترسیدایە. کەوابوو لەبری پێشنیاری کۆمەڵێك سیاسەتی کرێکاری کە بەرگری لەئازادیە هەبوەکان بکات، پێشنیاری سیاسەتی جەنگی چین دژی چینێکی دی دەکرد. قسەکەی مارکس بەمانای ئەوەبوو: بۆ ئازادیەکان خەباتبکەین، بەڵام نەك بۆ ئازادیەکان، بەڵکو بۆ تێکشکانی چوارچێوەی کۆمەڵگای هەبوو. مارکس و ئەنگڵز

بەشێوەیەکی ورد و کامڵ دەرکی خەسڵەتی دیموکراتی بۆرژوازییان نەکرد، کە بەهەرحاڵ خونچەکانی لەدەیەی ١٨٦٠دا لەحاڵەتی پشکوتندا بوو. هێشتا دەیەیەك بەسەر مردنی مارکسدا تێنەپەڕیبوو، کە سۆشیال دیموکراسی ڕێگەیەکی تازەی دیموکراسی دۆزیەوە. گرنگی ئازادیە بەدەستهاتووەکان بۆ کرێکاران چەندانجار زۆرتربوو لەوەی ئاگاداریەکانی تیورەسازی مەزن (واتە مارکس) بە جدی وەربگرن کە بەردەوام دەیگووت ئەمانە ئازادی نین"٢٢". بەرگریکردن لەمافە دیموکراتی و ئازادیەکان بەهۆی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی پرۆلیتاریاوە، دەبێتە هۆی پەرەسەندنی، تا ئەو شوێنەی کە زنجیرەیەك لەمافەکان و دەزگا دیموکراتیەکان دروستدەبن و ئەوندە بەربلاو و گرنگن کە کرێکاران دەتوانن باسی «دەوڵەتی دیموکراتی بۆرژوازی» بکەن، چونکە لەناویدا دەژین. بەرگریکردن لەدیموکراسی سەرەتا بۆ فۆرمەلەبوونی جێبەجێکردنی سیاسەتی جەنگی چین دژی چین ئەنجامنادرێ، بەڵکو بۆ ژیانێکی باشتر ئەنجامدەدرێ. خەباتکردن بۆ دە سەعات کار لەرۆژێکدا لەرۆژانی ژیانی مارکسدا بۆ پیشاندانی بێتوانای بۆرژوازی نەبوو لەقبوڵکردنیدا، بۆ ئەوەبوو بەڕاستی کرێکاران بەلایەنی زۆرەوە دە سەعات لەرۆژێکدا کاربکەن و نەك زۆرتر، بۆ ئەوەش بوو کە ڕێگە بکرێتەوە بۆئەوەی بۆ هەشت سەعات کاری ڕۆژانە، خەباتێکی جدی دەست پێبکەن. کاتێك هەشت سەعات کار بەدەستهات، خەبات بۆ ٣٥ سەعات کار لەهەفتەدا دەستی پێکرد.

ئەڵبەتە مارکس نکوڵی لەگرنگی خەباتی دیموکراتی چینی کرێکار نەدەکرد. بەڵام لەو ڕوەوە کە بەدەستهێنانی مافە دیموکراتیەکان، پەیوەندی و دەزگا دیموکراتیەکانی تەنها بەدەرئەنجامی خەباتی کرێکاران و چینە زەحمەتکێشەکانی دی دەبینی، هەمووشیانی تەنها بە قازانجی زەحمەتکێشان دەبینی، هەرگیز بڕوایەدەکرد ئەم ماف و پەیوەندیانە بچوکترین قازانجی بۆ بۆرژوازی هەبێت، کەوابوو بەو دەرئەنجامە گەیشت لەبنەڕەتدا بەدیهاتنیان لەکۆمەڵگای سەرمایەداری ڕکەبەرایەتیدا ناومکینە. مارکس گریمانەی ئەوەی دەکرد خەباتی دیموکراتی دەبێتە هۆی دەرکەوتنی ڕکەبەرایەتی زۆر توندی چینایەتی و شۆڕشی کۆمەڵایەتی کە لەئەنجامیدا کۆمەڵگای سەرمایەداری لەناودەچێت و هەموو ئەو شتانەی کرێکاران

داوایانەکرد و کردبویانە ئامانجی خەباتی خۆیان، واتە مافەکان، دەزگاکان و ئازادیە دیموکراتیەکان لەکۆمەڵگای «پاش سەرمایەداریدا» بەدەستدێن. بەبڕوای مارکس کرێکاران و زەحمەتکێشانی دی تەنها کاتێك لەدەرئەنجامی واقعی دیموکراسی سیاسی بەهرەمەنددەبن، کە خۆیان دەسەڵاتی سیاسی بگرنەدەست. مارکس و رابەرانی بزوتنەوەی کرێکاری سەدەی نۆزدەهەم تا سەرەتای دەیەکانی ١٨٩٠ گرنگی واقعی دیموکراسی بۆرژوازیان دەرکنەکرد، بەڵام بەپێچەوانەی ئەوانەوە هەندێك تیورەسازی بەوتەی ئەوان بۆرژوازی، تێڕوانینێکیان لەبارەی دیموکراسیەوە پێشکەشکرد کە تاهەنوکەش جێی بایەخە. هاوڕێیەتی ئامانجە دیموکراتیەکان لەگەڵ بزوتنەوە و بیری ریفۆرمخوازدا، کاروباری دینامیکیەتی گۆڕانکاری بەردەوامی خستە بەرنامەی کاریانەوە. ئەڵبەتە بەراورد بە دەسکەوتەکانی ئەمڕۆ لەپەروەدەکردندا، پێشنیاری بیریارێکی وەك ماتیۆ ئارنۆڵد لەبارەی ریفۆرمی سیستەمی پەروەردەوە، هێندە پێشکەوتوو نایەتە بەرچاو. بەڵام ئەم سیستەمەی ئێستامان نەدەبوو گەر ئارنۆڵد لەساڵی ١٨٦١دا وتاری «پەروەردەی گشتی لەفەرانسادا»ی نەدەنووسی. بۆ بیریارێکی رادیکال کە هەموو دەزگایەکی کۆمەڵگا بەئامێری دەسەڵاتی چینی باڵادەست بزانێت، وشۆڕش وەك تاکە رێگەی چارەسەر دەردەکەوێت، دەبێت زۆر هوشیار بێت کە هێواش هێواش لەگرنگی ریفۆرمی کۆمەڵایەتی تێبگات (خودی مارکس لەچەند حاڵەتێکدا باسی گواستنەوەی ئاشتیانەی بۆ سۆشیالیزم کردووە، بەڵام روون نیە کە ئەم بۆچوونانە تا چەند جدیبوون و ئایا مارکس ئامادەبوو بە نەخشەی شۆڕشی پرۆلیتاریادا بچێتەوە یان نا). بەهەرحاڵ دیموکراتی، ریفۆرمخواز فێردەکات کە لەناو هەموو دەزگایەکدا، تەنانەت سوپا و بیرۆکراسیدا رێگەی دیموکراتیتر بدۆزێتەوە و پێشنیاربکات و هێواش هێواش کارەکە لەسەردەمێکی دورودرێژتردا، بەڵام لەرووی دەرئەنجامەوە کەمتر قابیلی زیان پێگەیشتن، بەرەو پێشەوە بەرێت.

هۆکانی کەموکوڕی تێڕوانینی مارکس بۆ دیموکراسی

ئەگەر ئەوەی تا ئێستا نوسیومە بەس بێت بۆئەوەی باسی کەموکوڕی جدی تیورەی مارکس لەبارەی شێوەکانی دەوڵەت و بەتایبەتی شێوەی دیموکراتی بکەین، دەبێ زیاتر باسی هۆکانی ئەم کەموکوڕیە لەدیدگای مارکسدا بکەین. پێدەچێت

بتوانین سێ هۆی سەرەکی بۆ ئەم مەسەلەیە بهێنینەوە:

هۆی یەکەم: دەکرێ کەموکوڕی مارکس لەبارەی دیموکراسیەوە لەخەسڵەتی ناتەواوی کاری فکری مارکس خۆیدا لەبارەی دەوڵەتەوە بەشێوەیەکی گشتی و دەوڵەتی بۆرژوازی بەشێوەیەکی تایبەتی ببینین. فیلیپ لاکۆ لابارت و ژان لۆك نانسی بڕوایانوایە بابەتی سیاسی، بەشی بیرلێنەکراوەی کاری مارکسە. ئەوان لەیەکەم بەرگی کتێبی «گەمەی سەرلەنوێی سیاسەت»دا نوسیویانە لەفکری مارکسدا «فەزایەکی چۆڵی سیاسی» هەیە، چونکە مارکس لەلێکۆڵینەوە فەلسەفیەکانی خۆیەوە، بەو دەرئەنجامە گەیشتبوو کە دەبێت تیۆرەی کۆمەڵایەتی لەسەر بناغەی ئابوری سیاسی، کە ئەگەری ناسینی کۆمەڵگای مەدەنی دەدات، بینابکرێت و لەئەنجامدا «سیاسەت هەروا بابەتێکی بیر لێنەکراوە لەکارەکانیدا مایەوە"٢٣". لەم بوارەشدا تیورەی مارکس روبەروی کەموکوڕیەکی زۆر بۆوە. تەنانەت گەر ئەم حوکمەش بەمشێوە گشتیە کە پێشکەشکراوە قبوڵنەکەین، هێشتا ناتوانین نکوڵی لەوە بکەین مارکس نەیتوانی ئەوە لەرووی تیوریەوە بسەلێنێت، کە ئەگەری دەرکەوتنی دەوڵەتی دیموکراتی بوونی نیە، و نەیتوانی وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە بۆچی خەباتی دیموکراتی چینی کرێکار کە لەبواری بەرهەمهێناندا بۆتە هۆی گەلێك دەستکەوتی گرنگ بۆ ئەم چینە، لەبواری سیاسەتدا ناتوانێت ببێتە هۆی دیموکراتیزە بوونی زۆرێك لەدەزگا سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان.

هۆی دوهەم: باسی سەرەکی مارکس و ئەنگڵز لەبارەی شێوەکانی دەوڵەت و دیموکراسی، وەك کاردانەوەیەك لەبەرامبەر شکستە تونەدەکانی چینی کرێکار لەشۆڕشی ١٨٤٨دا فۆرمەلەبوو. دیارە لەبەرهەمەکانی پێشویاندا لەوانە لەمانیفێستدا وەك پێشتر بینیمان، ئەو دوانە بڕوایان بەدیموکراسی بۆرژوازی و دەرکەوتنی دەوڵەتی دیموکراتی بۆرژوازی نەبوو، بەڵام ئەزموونی بێئاکامی ئەم شۆڕشە، دەوری لەرزیوی بۆرژوازی لەسەرەتای شۆڕشدا و هاوڕێیەتی لەگەڵ کۆنەپەرستیدا لەنێوەی رێدا، ئاشکرابوونی «حکومەتی شمشێری رووت» لەئەوروپادا، سەرکوتی سەرسەختی بزوتنەوەی کرێکاری، هێندە جێگەی بۆ باسی دیموکراسی ئەم چینە بۆ سۆشیالیستەکان نەدەهێشتەوە. کاتێك ئەنجومەنی نەتەوەیی ئەڵمانیا لەهەمان ساڵی

شۆڕشـدا کـە زۆربـەیان بـۆرژوازی بـوون، توانـای روبەروبونـەوەی یۆنکرەکـان و کۆنەپەرستانی نەبوو، بۆرژوازی خەباتی بۆ لانیکەمی داوا دیموکراتیـەکان نـەکرد، و دەسـەڵاتی بـە یۆنکرەکـان و سـەڵتەنەت بەخـشی، و تەنانـەت دروشمـی کۆماریـشی نەهێنایەپێشێ، مارکس دەیتوانی چ ئومێدێکی بەم چینە هەبێت؟ ئەنگڵز لەوتارێکدا ٣١ مـەی ١٨٤٨ هێرشـیکردە سـەر ئەنجومـەنی نەتـەوەیی و ترسـی نوێنـەرانی لەکۆنەپەرستان و ئەگەری سازشکردن لەگەڵیاندا دەربـڕی (م ـ ا ٧:١٦). ئـەنگڵز نوسی تەنانەت قسەیەکیش لەبارەی حکومەتی یاساوە لەئارادا نیە و «نوێنـەرانی ترسـنۆکی بـۆرژوازی» لەگـەڵ ستەمکاری کۆنـدا، ئاشـتبونەتەوە. یـان کاتێـك لەفەرانسادا بـەپێی شـیکردنەوەی مـارکس لەهەژدەهـەمی برۆمێـردا بـۆرژوازی دەسـەڵاتی بەخـشی بـە مرۆڤکوژانی بۆناپارت و سوپای کـردە دەسـەڵاتداری فەرانسا، ئیدی چ جێگەیـەك بـۆ باسکردنی دەوڵەتی دیموکراتی دەمێنێتەوە؟ لێرەوە تیورەسازێکی سۆسیالیـستی مـاڤ ئـەوە بـەخۆی دەدات، بـڕوابـوون بـە دیموکراسـی، بەفەرامۆشـکردنی ئەزمونـەکان و تێنەگەیـشتنی دنیـای تۆندوتیـژی دەرەوە بزانێـت. ئـەزمونی ١٨٤٨ تاکـە ئـەزمونێکی شۆڕشگێڕانەی مارکس بوو تا پێش روداوی کۆمۆنەی پاریس، (ئەم ئەزمونەش) هـیچ بەڵگەیـەکی بـۆ بـەرگریکردن لـەتیورەی ئەگـەری دەرکـەوتنی دەوڵـەتی دیمـوکراتی بـۆرژوازی، بەدەسـتەوە نـەدەدا. وەك رووداوەکـانی بـەهاری ١٨٧١ لەپاریسیـشدا، هـیچ بەڵگەیـەکی بـۆ سـەلماندنی ئـەو تیورەیـە پێـشکەشنەدەکرد. لەکۆمۆنـەی کرێکارانـدا نمونەگـەلێکی دیموکراسـیان دروسـتکرد و سـیفەتی کرێکاریـان دەخـستە سـەر هـەر ئاماژەیەك بۆ ئازادی. پاش ئەوەش کە سەرکوتکردنی خوێناوی خەباتگێڕانی کۆمۆنە رووبدا. کوشـتارە بـێ دادگاکـان، ئەشکەنجەکان و تۆندوتیـژی درێندانـەی بـۆرژوازی، چ جێگـای ئومێـدێکی بەدەولـەتی دیمـوکراتی بـۆرژوازی دەهێـشتەوە؟ تیورەسـازانی سۆسیالیست لەسەر بناغەی ئەزمونە مێژوویـیەکان، دەوڵەتی بۆرژوازیان بـە دەوڵـەتی سەرکوتکەر ناودەنا.

هـۆی سـێهەم: بـەدەر لەسـەرکوتکردنەکانی بـۆرژوازی ئـەوروپا، نمونەیـەك لەدەوڵـەتی دیمـوکراتی بـۆرژوازی هـەبوو، بـەڵام مـارکس بـە جـدی وەرینـەدەگرت. لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا کۆمارێکی دیموکراتی لەسەر حوکمبـوو. بـەڵام مارکس لەبەرئەوەی تەماشای وڵاتە یەکگرتووەکانی وەك «کۆلۆنێکی ئـابوری ئـەوروپا»

دەکرد (س ـ ر ١:٧١٦) بایەخی بە بونیادە سیاسیەکەی نەدەدا. لەلایەکی دیەوە ئازادیـە سیاسیەکان و مافەکانی تاکەکەس لەویلایەتـە یەکگرتووەکانـدا، دەرئـەنجامی خـەباتی چـینی کرێکـار نـەبوو، هـەر لەبەرئەمـەش لەچـاوی مارکـسدا هـیچ زەمانـەتێك بـۆ مانەوەیان نەبوو. لەهەمووی خراپتر ئەوەبوو کە لەئەمەریکادا کۆیلەیەتی هـەبوو، وە مارکس بڕوایوابوو کە بێ کویلەیـەتی، ویلایەتـە یـەکگرتووەکان لەنەخـشەی جیهانـدا دەسڕێتەوە. هەرچەندە کویلەیەتی لەناوچوو، بەڵام مافە مەدەنیەکانی ڕەشەکان، تـا سـەد سـاڵ دوایـش بەدەسـتنەهات. ئەمـەریکا بـە جیـاوازی نـەژادی یاسـاییەوە، ناشرینترین نمونـەی نایەکسانی کۆمەڵایـەتی و ئـابوری پیشاندەدا و وەك دەوڵـەتێکی دیمـوکراتی بـۆرژوازی کـە تیایـدا مـاڤ دەنگـدانی گـشتی بەدەسـتنەهاتبوو، زۆرتـر نمونەیـەکی کۆمیـدی بـوو. لەنمونـەی کۆمـارە ئەوروپیـەکانیش کـە لەبەرامبـەر مارکسدابوون، یـەکێکیان کۆمـاری دوهـەمی فەرانـسا بـوو کـە سـوپا تیایـدا دەورێکی گرنگی هەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا توانـای ئـەوەی نـەبوو بـەرگری لـەخۆی بکات و لەبەرامبـەر هێرشـەکانی کۆنەپەرسـتان و بۆناپارتیـستەکاندا لـەرزۆك بـووە و لەناوچـووبوو، ئەویدیـشیان کۆمـاری سـێهەمی فەڕانـسا بـوو کـە لەسـەر بناغـەی سـەرکوتکردنی کۆمۆنـەی دروستبوو بـوو. لـەهیچ یەکێکیانـدا مـاڤ دەنگـدانی گـشتی بەدەسـتنەهاتبوو، هێـزە سیاسـەکانی کۆنەپەرستان لەدەسـەڵاتدا بەشـداربوون و مـاڤ ژنان و کەمایەتیە نەژادی و دینیەکان پێشێلدەکرا.

ئەم بەڵگانە نادروسن نین، بەڵام ناتوانن ئاراستەی کـەموکوڕی ڕوانگـەی مـارکس بکەن. ئەگەر مێـژوو نمونەیـەکی نەخـستبووە بـەردەم مـارکس، ئـەوا لەبـەردەم جـۆن سـتیوارت میلیـشدا دایـنەنابوو. بێگومـان میلـیش خوشـحاڵ نـەبوو بـە سـەرکوتی خوێناوی چینە زەحمەتکێشەکان لە١٨٤٨دا. ئەویش ئاگاداری کەموکوڕی ئـەو دەوڵـەتـە بۆرژوازیانە بوو کە لـەئارادا بـووە. لەراسـتیدا نـەبوونی نمونەیـەکی واقعـی ناتوانێـت بەهانەیەکی باش بۆ تیورەسازێك بێت کە بەر لەهەر بیریـارێکی تـری سـەدەی نـۆزدە پێـشبینیکردبوو. هـەر ئـەو جەختـەی مـارکس دەیکـردە سـەر خـەباتی دیمـوکراتی، دەریدەخات کە چینی کرێکار سـەبارەت بـە مەسـەلە پراکتیکیـەکانی دیموکراسـی تـاچ ئەندازەیـەك هەسـتیار بـووە،و نەیـدەتوانی بەرامبـەر بـە سـتەمێك کـە بەرامبـەری دەکرێـت، بێهـودە بمێنێتـەوە. گرنگـی دەوڵـەتی دیمـوکراتی کـە تەنانـەت تارادەیـەك

وەڵامدەرەوەی کۆمەڵگا بێت، لەسەر بناغەی مافی مرۆڤ یان تەنانەت ئەو دیدانەی کە زۆریش کاملّ نین لەبارەی ئازادی مرۆییەوە دامەزرابێت، ئەوکاتە دەرکدەکرێت کە زەحمەتکێشان روبەرووی دەوڵەتێکی ستەمکاری پشتئەستور بە یاساکانی پێش سەرمایەداری، یان روبەرووی دیکتاتۆری سەربازی، دەوڵەتی پۆپۆلیستی یان فاشیستی ببنەوە. بەڵام مارکس بە دیدێکی پەڕگیرانەوە بۆ دیموکراسی وەك ساختەکاری و هەڵخەڵەتاندن، جیاوازی دوو بونیادی سیاسی راستەوخۆ لەیەك جیاواز: یەکێکیان دەوڵەتی دیموکراسی و ئەوی دی دەوڵەتی ستەمکاری، فەرامۆشکرد. مارکس تەنانەت باسکردنی دەوڵەتی دیموکراتی بۆرژوازی بە بێسود ناودەنا، بەڵام لەسەردەمێکی نەئەوەندە دور لەمارکسدا، ئەم باسە بەشێوەیەکی جدی لەنێوان چالاکانی ئەنتەرناسیۆنالی دوهەمدا دەستی پێکرد.

خەباتی دیموکراتی

مارکس سەرەڕای کەموکوڕیە تیوریەکانی سەبارەت بە دیموکراسی بۆرژوازی، تا ئەو شوێنەی مەسەلەی خەباتی رۆژانەی چینی کرێکار دەهاتە پێشێ، تێگەیشتنێکی تەواو دروستی بۆ پێویستی بەرگریکردنی بێقەید و شەرتی کرێکاران، لەمافی چارە خۆنوسینی زەحمەتکێشان و خەباتەکەیاندا هەبوو. بەبڕوای مارکس کرێکاران ناتوانن بەئازادی خۆیان بگەن، مەگەر ئەو کاتەی لەریزی پێشەوەی بەرگریکردن لەئازادی چین و گروپە ستەملێکراوەکانی تردا رابوەستن. ئەمەش مومکین نیە مەگەر چینی کرێکار بزوتنەوەی سەربەخۆی چینایەتی خۆی رێکبخات. مەبەستی مارکس لەم سەربەخۆییە تەنها جەختکردن لەسەر رەهەندی ئاشکرای پێویستی سەربەخۆیی لەدروشم و رێنماییەکانی بۆرژوازی نەبوو، بەڵکو رەدکردنەوەی چونە ژێر کاریگەری چینەکانی دیشی دەگرتەوە. مارکس بڕوایوابوو هەموو زەحمەتکێشان دەبێت پەیڕەوی بەرنامەی سیاسی و دروشمەکانی چینی کرێکار بن و لەپشت ریزەکانی بزوتنەوەی کرێکاریەوە رابوەستن. لێرەشدا روانگەی مارکس لەبارەی خەباتی چین دژی چین، خۆی پیشاندەدات. مارکس بەرلەوەی گرنگی بە دیموکراتیزەبوونی دەزگا سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگا بدات، مەسەلەکەی زۆر بەئاسانی بریتیبوو لەدینامیکیەتی خودی خەباتی دیموکراتی، کە بەبڕوای مارکس

دەبوو ببێتە هۆی دامەزراندنی دەوڵەتی شۆڕشگێڕانەی کرێکاری.

مارکس چالاکی خۆی وەك دیموکراتێکی شۆڕشگێڕ دەست پێکردبوو، سەبارەت بەخەباتی دیموکراتی هەستیار بوو، بەڵام تیورەکەی لەبارەی خەباتی چین دژی چین رێگەی نەدەدا لەدینامیکیەتی دەرونی هەر بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی کە بەئاراستەی دیموکراتیزەبوونی دەزگا کۆمەڵایەتیەکانە وردبێتەوە. لەنوسینە سەرەتاییەکانیدا لەبارەی ئازادی رادەربڕین و بلاوکراوەکاندا، ئەڵبەتە هێشتا ئەو دیدە چینایەتیە بالادەست نەبوو بوو، بۆ بەرگریکردن لەئازادی رادەربڕین، ریفۆرمە پێشنیارکراوەکانی رژێمی فردریکی ویلهلمی چوارەمی بە کۆنەپەرستانە هەڵدەسەنگاند، و بەتایبەتی رەخنەی لەو لیستی ریفۆرمانە دەگرت کە جەختی لەسانسۆری ئەو بابەتانە دەکرد کە لەگەڵ تەفسیری فەرمی دیندا ناکۆکن و ئەوەی بەبیردەهێنایەوە کە بەمشێوەیە نوسینەکانی سپینۆزا، کانت و فیختە دەبێت سانسۆربکرێن، چونکە لەسەر بناغەی جۆرێك ئازادی بیر لەبواری گوتاری دینیدا نوسراوون کە لەگەڵ تەفسیری فەرمیدا ناگونجێن. لەدیدی مارکسی لاودا ئەم نوسینانە جەخت لەسەربەخۆیی مرۆیی دەکەن، لەکاتێکدا دین پشتی بەملکەچی مرۆڤ بۆ خوداوەند بەستووە (مە ١١٩١:١ـ١١٨). ئازادی دین دروشم و خواستی دروستکراوی بزوتنەوەی سۆسیالیستی نەبوو. پێشڕەوترین رۆشنگەران ئەم مەسەلەیەیان هێنابووەپێشێ و هەموشیان بە ناچار ماتریالیست و دژی دین نەبوون. رۆسۆ لەدوا فەسڵی «پەیمانی کۆمەڵایەتی»دا دینی وەك پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خودا، لەدینی کۆمەڵایەتی یان دینی قەشەکان جیا کردبۆوە"٢٤". ئازادی دین لەشۆڕشی فەرەنسادا درەنگ و بەگران هاتەپێشێ، کاتێك تیرۆری یاکۆبینەکان بەسەرچوو، و سەرکوتکردنی خوێناوی کەنیسە تەواوبوو. شۆڕشی فەرەنسا لەگەڵ خۆیدا چەمکی جیابونەوەی دینی و دەوڵەتی لەگەڵ خۆیداهێنا. لەئەڵمانیادا ئەم خاڵە لەباسەکانی بروٚنۆ بائیر لەبارەی یەهودیەکانەوە و بەتایبەتی لەوەڵامی مارکسدا بۆ بروٚنۆ بائیر، هاتە پێشەوە. لەگەڵ ئەوەشدا مارکس گرنگی بۆ ئازادی دین دادەنا، بەڵام ئەم خاڵە لەمانیفێستدا وەك یەکێك لەبابەتەکانی بەرنامەی بەناوبانگی «دە مادەکە» نەهات. لەم تێکستەدا مارکس و ئەنگڵز هۆکانی نەیارێتی خۆیان بۆ دین رونکردەوە و لەهەمانکاتدا نوسیان ئەو تۆمەتانەی بۆ سۆشیالیستەکان لەبارەی دینەوە دەکرێت،

بایەخی ئەوەیان نیە وەلام بدرێنەوە» (م ـ ا ٦:٥٠٢). بەڵام چەندان ساڵ دوای ئەوە لە«ڕەخنەی بەرنامەی گۆتا»دا ماركس گەڕایەوە بۆ مەسەلەی ئازادی دین. لەم تێكستەشدا ئەو هەر وەك ماركسی لاوی بێ خوا، هەڵوێستێكی دژ بە دینی هەبوو، بە تۆندیش ڕەخنەی لەو خاڵە دەگرت كە لەبەرنامەی سۆسیال دیموكراتی ئەڵمانیادا هاتبوو «ئازادی هوشیاری و لەئەنجامدا ئازادی دین». ماركس نوسیبووی كە بەرنامەیەكی كرێكاری دەبێت بە ڕاشكاوی ڕایگەیەنێت كە هەوڵدەدات هوشیاری لەدین ئازاد بكات، بەڵام پێدەچێت بەرنامەكە بیەوێت لەم خاڵەشدا هەنگاوێك نەچێتە ئەودیو سنورەكانی جێی قبوڵی بۆرژوازیەوە(ب ا٣:٢٩».

ماركس لەدیدی تیوریەوە بەو دەرئەنجامە گەیشتبوو كە هیچ یەك لەمافە دیموكراتیەكان ناتوانن ناكۆكبن لەگەڵ بەرژەوەندیەكانی چینی كرێكاردا، لێرەوە جەختی لەسەربەخۆیی بزوتنەوەی كرێكاری لەخەباتی دیموكراتیدا دەكرد. خاڵێكی زۆر گرنگ لای ماركس ئەوەبوو، لەهەر هەلومەرجێكدا خەبات لەپێناوی بەدیهاتنی كام لەو مافە دیموكراتیانە دەتوانێت بەقازانجی كرێكاران تەواو بێت. ماركس بەرلەوەی لەدادپەروەری كۆمەڵایەتی و خەباتی بەردەوام دژی ستەم، بیر لەلایەنگرانی بەزەبری كرێكاران بكاتەوە، لەبیری پێشكەوتنی خودی بزوتنەوەی كرێكاریدا بوو. دەبێت لەم ڕوانگەیەوە تەماشای سەرنجی ماركس بۆ مەسەلەی ژنان بكەین. ماركس هیچ بڕوای بەبزوتنەوەی سەربەخۆیی ژنان دژی ستەم لەكۆمەڵگای باوكسالاریدا نەبوو. مەسەلەكەی ماركس ئەوەبوو ژنان ڕێگەی رزگاری خۆیان لەبەرنامەی كرێكاریدا بدۆزنەوە و «لەپشت كرێكارانەوە ڕابوەستن». ژنی خەباتگێڕ لای ماركس ژنێك بوو كە لەحیزبە كرێكاریەكاندا، سەرەتا بۆ رزگاری چینی كرێكار و پاشان بۆ رزگاری خۆی خەباتدەكات. وەك چۆن ئەلئۆنوری كچی جارێك گوتبووی «ئێمە نەك وەك ژن، بەڵكو وەك پرۆلیتار ڕێكدەخرێین...بۆئێمە هیچ شتێك جگە لەبزوتنەوەی چینی كرێكار بوونی نیە»"٢٥". ئەبۆت و ڤالاس نوسیویانە «ماركس بایەخی بەهەلومەرجی ژنان لەكۆمەڵگەی باوكسالاریدا نەدەدا. ماركس بیروڕای پەیوەندیدار بە ئەخلاق، دادپەروەری و مافی یەكسانی، بەناوی بیروڕای بۆرژوازیەوە ڕەددەكردەوە. مەسەلەی جێی بایەخی ماركس بریتیبوو لەدۆزینەوەی ڕونكردنەوەیەك بۆ وەبەرهێنانی چینی كرێكار لەسەرمایەداریدا بەمەبەستی

ڕوخاندنی ئەم سیستەمە، نەك ڕیفۆرمی ئەم هەلومەرجە. ئەو چەمكانەی ماركس بەكاریدەهێنێت، بێلایەن دێنە بەرچاو، بەڵام لەڕاستیدا كوێر جنسن""٢٦" .

ئایا دەكرێ لێرەشدا هۆی دیدی دواكەوتوانەی ماركس بگەڕێنینەوە بۆ نەبوونی بزوتنەوەی سەربەخۆی ژنان لەزوربەی ساڵەكانی ژیانیدا؟ تەنها لەدوا ساتەكانی ژیانی ماركسدا بوو كە ئەم بزوتنەوەیە سەرەتاترین ئاماژەكانی پەیدابوونی خۆی دەرخست و ماركسیش بەتەواوی هیچ گوێی پێنەدەدا. بەرلەوەی ماركس كارە فكریەكانی دەست پێبكات، لەهەرەوەزیەكانی ئۆیندا مەسەلەی ژنان هاتبووە پێشێ. چالاكەكانی ئەم هەرەوەرزیانە باسی رزگاری ژنانیان لەكاری ماڵەوە دەكرد. ئەوان چەندان ساڵ دوای ئەوە ڕەخنەیان لەچارتیستەكان هەبوو كە لەخەباتدا بۆ مافی رای گشتی، هەروا ژنانیان فەرامۆشكردووە"٢٧". لەدەیەی ١٨٣٠ ژنانی زۆرێك لەگروپەكانی خوارەوەی چینەكانی ناوەڕاستو كرێكار، بەڕەو روی بیروڕاكانی ئۆین ڕۆیشتن. لەفەرەنساشدا فۆرێیە مەسەلەی رزگاری ژنانی هێنابووە پێشێ. فۆرێیە لەم مەسەلەیەدا ئەوەندە چووە پێشێ كە بەجورئەتەوە دەتوانرێ بگوترێت لەهەموو سەدەی نۆزدەهەمدا بزوتنەوەی سۆسیالیستی، شتێكی بۆ وتەكانی ئەو زیاد نەكرد. تەنانەت ئەمرۆش خوێنەری كتێبی «چوار جوڵە» شوباتی (١٨٠٨) لەتازەیی بابەتەكانی كتێبەكە لەبارەی دەوری كۆمەڵایەتی ژنان، سەری دەسوڕمێت. فۆرێە ژنانی ڕەها لەمەسەلەی كار و هەلومەرجی كۆمەڵایەتی، بەڵكو وەك جنسێك كە ستەمی لێدەكرێت و مافە سەرەتاییەكانیشی لێ زەوتكراوە دەهێنایەپێشێ. مەسەلەكەی ئەو جیاوازی بوو، نەك چینایەتی. ئەو دەیگوت: «گۆڕانكاریەكان لەقۆناغێكی مێژوویدا بەردەوام بەهۆی بزوتنەوەی ژنانەوە بەرەو ئازادی دەستنیشاندەكرێت و نهێنی لەناوچوونی سیستەمی كۆمەڵایەتی لەشكستی بزوتنەوەی ئازادی ژنانداە، شاراوەیە...پەرەسەندنی ئیمتیازەكانی ژنان، بنەمای پێشكەوتنی كۆمەڵایەتیە»"٢٨". فۆرێە لەكۆتای تەمەنیدا جەختی لەهەلومەرجی ژێردەستی ئابوری ژنان دەكرد و پەیوەندی ئەم ژێردەستیە ئابوریەی بە ستەمكاری جنسیەوە، دەهێنایەئاراوە.

ماركس لە«مەسەلەی یەهودا» باسی كڕین و فرۆشی لەسەرمایەداریدا دەكرد(م ا

٣:١٧٢). لە«دەستنوسەکانی ١٨٤٤»دا لەئاماژەیەکی کورتدا رزگاری ژنانی بەستەوە بە پەرەسەندنی مێژووی کۆمەلگاوە و نوسی کە لەکۆمەلگای مۆدێرندا «ژن وەك بوونی سەربەخۆ و مرۆیی لەئارادا نیە، بەڵکو وەك غەنیمەت و کەنیزەیەك بۆ پیاو لەئارادایە» (د ف١٦٧، م ا٣:٢٩٥). مارکس لەخێزانی پیرۆزدا لەباسکردنی رۆمانی رازەکانی پاریسی ئێژن سۆدا کە بەستون لەبلاوکراوەکاندا بلاودەکرایەوە، پیشانیدەدا کە لەسەرمایەداریدا پەیوەندی پیاو بەژنەوە پەیوەندی سۆبژێکتی دانا و ئەندیشمەندە لەگەڵ ئۆبژێکتی بەشتبوودا و هەلومەرجی ژیانی ژن «هەلومەرجی هەبوو، بەڵام نامرۆڤانەیە» (ا ـ ٤:١٩٥). هەلومەرجی ژیانی سۆزانی لەڕاستیدا هەلومەرجی گشتی ژیان و رێزی ژنانە. لەمانیفێستدا تێروانینی بۆرژوازی بۆ ژن وەك ئۆبژێکتێکی جنسی و وەك سۆزانی بوو، لەبەندێکی بەناوبانگدا مارکس لەتۆمەتی بۆرژوازیەکاندا بۆ کۆمۆنیستەکان کە دەیانەوێت هاوسەرێتی نەمێنێت و ژنان سۆشیالیست بکەن نوسی: «بۆرژوا وەك ئامێرێکی سادەی بەرهەمهێنان تەماشای ژن دەکات. ئەو گوێی لێدەبێت کە دەبێت ئامێرەکانی بەرهەمهێنان سودی بۆ هەمووان بێت، سروشتیە کە ناتوانێت بەو دەرئەنجامە زیاتر بگات کە ژنانیش چارەنوسێکی وایان دەبێت. . .بەڵام هاوبەشی ژنان بەگشتی هەمیشە هەبووە، هاوسەرێتی بۆرژوازی هەمان هاوبەشی ژنانە» (م ـ ا ٦:٥٠٢) پاشان مارکس رەخنەیەکی توندی دژی ئەخلاقیاتی بۆرژوازی کە لەپشت پەردەی عیفەتی ژن و پیرۆزی خێزانەوە، لەپراکتیکدا بۆتە هۆی هاوبەشی ژنان هێنایە پێشێ. مانیفێست لەبارەی هەلومەرجی ژنانەوە لەکۆمەلگای ئایندەدا بێدەنگ بوو، تەنهاش بەو حوکمە وازیهێنا کە «بە لەناوچوونی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی هەنوکە، خۆبەخۆ هاوبەشی ژنان کە دەرئەنجامی ئەم پەیوەندیانەیە لەناودەچێت». بەڵام ئەوەی کە چ شتێك دەبێتە جێگری، ئەوا بەبێدەنگی مایەوە. وتوێژە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی پاش مارکسیش هیچ شتێکیان بۆئەم خاڵە زیاد نەکرد. بەڵام باسە ئابوریەکانی زەمینەیەکی باشیان لەبارەی پەیوەندی کاری ماڵەوەی ژنان (کاری بێ دەستمایەی ژنان کە دەبێتە هۆی بەهای مەسرەف و بەهای ئاڵوگۆڕ دروستناکات، و لەئەنجامدا بە کاری بەرهەمهێنان ناژمێرێت) لەگەڵ چەمکی هەمەکی ستەملێکردنیاندا و لەئەنجامدا خەباتیاندا دەهێنێتە پێشێ"٢٩". ئەنگڵز لەنامەیەکدا بۆ گرترۆد گیوم شك (٥ ژوینی ١٨٨٥)

نوسی «بەبڕوای من یەکسانی تەواوی ژن و پیاو کاتێك دەبێت بە واقع، کە وەبەرهێنانی هەریەکێکیان بەهۆی سەرمایەوە لەناوبچێت و کاری ماڵەوەش ببێت بە کارێکی گشتی»(م ـ ب ٣٦٤ـ٣٦٣). هەمان چیرۆکی کۆن دوبارە دەبێتەوە. ئازادی لەم کۆمەلگایەدا بەدەستنایەت، ژن و پیاو دەبێت بۆئەم گۆڕانکاریەی کۆمەلگا بجەنگن و لەوێشدا هەردوکیان ئازاد دەبن و لەگەڵ یەکدا مافی یەکسانیان دەبێت. بزوتنەوەی سەربەخۆی ژنان بێ سودە، گۆڕانکاری ئەم کۆمەلگایە کاری چینی کرێکارە و بەس. ئاماژەکردن بۆ «کاری ماڵەوەی لەناوچوو»ش لەستایشی کۆمەلگای ئایندەدا هاتووە.

زوربەی ئەندامانی ئەنتەرناسێۆنالی یەکەم و هەموو رابەرەکانی پیاو بوون. ئاراستەکانی لایەنگری پرۆدۆن بەتوندی دژی هێنانە پێشێی مەسەلەی ژن بوون بە «باسێکی لادەرانەیان» ناودەبرد. تەنانەت ناوی ئەنتەرناسێۆنالیسمیش پیاوانە بوو: *WorkingmensAssociation Internationail* بەڵام پاش کۆمۆنەی پاریس، مەسەلەکە کەمێك گۆڕا. لەبەر دەوری بەرچاوی ژنان لەبەڕێوەبردنی کۆمۆنەدا، لەناو ناوەندە کرێکاریەکاندا، بایەخێکی تازە بە بزوتنەوەی ژنان دروستبوو. لەناو ئەنتەرناسێۆنالیزمیشدا، یەکەم بەشی ژنان لەئافریلی ١٨٧١دا، قبولکرا. هەروەها ڤیکتۆریا ودهاڵ و تێنسی کلافلین، لەنیوێۆرك بەشی ژنانی سەر بە ئەنتەرناسێۆنالیزمیان دروستکرد. مارکس لەئەنجامی راوەرگرتندا لەبارەی ئەم بەشەوە لەگەڵ ئەم هەنگاوەدا بوو، بەمەرجێك «لەناکۆکیدا نەبێت لەگەڵ ئەو بەشانەدا کە لەهەردوو رەگەزەکە پێکهاتوون». بەئاشکرا دیارە ژنانێکی سادە کە لەکارەساتی ژنبوون تێگەیشتبوون، لەبەناوبانگترین پیاوی تیورەسازی بزوتنەوەی کرێکاری پێشکەوتوتر بوون. لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا ئیدی ژنانێکی زۆر لەحیزبە کرێکاریەکاندا چالاکیاندەکرد. ئێمە ئاشنای هەندێك ناوی چالاکی ژنان و ئۆرگانە رابەریەکانیانین لەئەنتەرناسێۆنالیزمی دوهەمدا: رۆزا لۆکسمبۆرگ، کلارا زتکین، ئەلەکساندرا کۆلۆنتای،مینا گائۆتسکی و زۆرێکی تر. لەلایەکی دیەوە بزوتنەوەی ژنانیش چالاکبوون و نەدەکرا لەبەرچاو نەگیرێن"٣٠".

خەباتی دیموکراتی لەبواری یاسای بۆرژوازیدا

یەکەم تێکست کە مارکس بڵاویکردەوە، نوسینێکی سیاسی بوو لەبەرگریکردن لەئازادی رادەربڕین و مافی بڵاوکردنەوە. مارکسی لاو رۆژنامەنوسی سیاسی بەکاری سەرەکی و پیشەیی خۆی دەزانی. مارکس لەنوسینە شۆڕشگێڕانەکان و لیبڕاڵیەکانیدا، توندڕەوێکە کە ئازادی رادەربڕین بەمەرجی سەلماندنی ئازادی و ئازادیش بەمەرجی سروشتی پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆیی دادەنێت. کەسێك کە بەپێی نەریتی رۆشنگەری رەوایەتی یاساکان تا ئەو جێگەیە دەزانێت کە هەبونێتی ئازادی نەخاتە مەترسیەوە و دەڵێت «یاسا دەبێت لەگەڵ یاسا دەرونی چالاك و زیندووی مرۆڤەکاندا بگونجێت، واتە رەنگدانەوەی واقعیەتی ژیانی مرۆیی بێت» (م ـ ا ١٢١:١ـ١٢٠). هەوڵدان بەئاراستەی گۆڕینی یاساکان، لەهەر رێگەیەکی یاساییەوە گەر بکرێت، ئەم دروشمە لەیەکەم نوسینە سیاسیەکانی مارکسدا بوو. لەساڵەکانی دواییدا مارکس لەسنوری هەڵبژاردن لەنێوان گروپە دەسیسەچی و بێباوەڕەکان بە خەباتی جەماوەری، ئەو گروپانەی کە بەهەرحاڵ رادیکال و شۆڕشگێڕبوون و کۆمەڵگای بااڵدەست و حکومەتی بۆرژوازیان بەتەواوی رەددەکردەوە (وەك لایەنگرانی بلانکی و یەکەم خانەی ئەنارشیستەکان)، و حیزبە کرێکاریەکاندا کە تاڕادەیەك ریفۆرمخوازبوون و گۆڕانکاری کۆمەڵگای بااڵدەستیان دەبەستەوە بە کاری سیاسی دورودرێژ و خەباتی دیموکراتیەوە (چارتیستەکان لەئینگلتەرا، لایەنگرانی ریفۆرمەکانی زەوی و زار لەویلایەتە یەکگرتوەکاندا)دا، راوەستا. بەئاشکرا هەڵبژاردن بۆ مارکس زۆر گرانبوو، چونکە هەستی بەنزیکایەتی لەگەڵ رادیکاڵیەتی گروپە دەسیسەچیەکاندا دەکرد. لەهەمانکاتدا لەگەڵ شێوازەکانی ئەواندا کە دابڕاوبوو لەجەماوەر ناکۆك بوو. لەلایەکی دیەوە شێوازی چارتیستەکانی کە رووی لەجەماوەر بوو پەسەندەدەکرد، و بەڵام ریفۆرمخوازیانی بەڕاست نەدەزانی. ئەو حیزبەی خودی مارکس تیایدا چالاك و بەیەکێك لەرابەرەکانی دەزانرا، واتە یانەی کۆمۆنیستەکان زیاد لەوە بچوك و لەئاستی خەباتکردندا (بەتایبەتی لەگەرماوگەرمی شۆڕشی ١٨٤٨دا) ناگرنگ بوو، کە بتوانرێت بەنمونەیەك بژمێرێت. ئاشکرایە مارکس لەو حیزبەدا هەوڵیدەدا هاوئاهەنگی لەنێوان رادیکالیزم و کاری پڕوپاگەندەدا، بە سەودای بەشداری چالاکی

جەماوەر لەخەباتی کۆمەڵایەتیدا دورستبکات، لەئەنجامدا لەهەردوو لاوە رەخنەدەکرا و تەنانەت هێرشی توندی دەکرایەسەر. رادیکاڵە ئەوروپیەکان، بلانکیەکان و خانە سەرەتاییەکانی گروپە ئەنارشیستیەکان، یانەی کۆمۆنیستەکان و بڵاوکراوەکەیان بە ریفۆرمخواز ناودەنا و بە تانە و تەشەرەوە گاڵتەیان بەوتارە تونڕەوەکانی دەکرد، کە لەم حاڵەتانەدا قەڵەم لەدەست ئیرادەی نوسەرانی دەچووە دەرەوە، و لەلایەن حیزبە کرێکاریە گەورەترەکانی دیشەوە، لەبنەرەتدا یانەیان هێندە بەجدی وەرنەدەگرت، ئەگەرچی مانیفێست لەناو چارتیستەکاندا، تاڕادەیەك بەناوبانگ بووبوو.

ئەم کێشە تیوری و پراکتیکیە لەکاری مارکسدا، لەدەیەکانی پاش شکستی شۆڕشی ١٨٤٨دا مایەوە، بەڵام قورسایی کاری درێژخایەنی سیاسی، بەردەوام سەنگینتر دەبوو. دیارە کێشەی سەرەکی هەر مایەوە چونکە مارکس هەرگیز تێڕوانینی سەرەکی خۆی لەبارەی خەباتی چین دژی چین و رادیکالیزمی شۆڕشگێڕانەی نەخستە لاوە، بەڵکو بە تێپەڕینی رۆژەکان، باوەڕەکانی سااڵنی لاوی تیایدا بەهێزتر بوون. کۆمۆنەی پاریس لەڕوانگەی مارکسەوە زیندووکەرەوەی هەموو ئەو یادەوەری و باوەڕانەی ١٨٤٨بوو. شکستی کۆمۆنەشی بەردەوام بە شکستی ١٨٤٨ بەراوردەدەکرد. بەڵام لەهەمانکاتدا دەیبینی کە لەپێشچاویدا واقعیەت و دەرکێکی تازە بۆ سیاسەت و رێکخستنی سیاسی پرۆلیتاریا، لەحاڵەتی دروستبوندایە. تەنانەت دەکرێت رەگوریشەی ئەم گۆڕانکاریە لەتێڕوانینەکانی مارکسدا بۆ پێش کۆمۆنیش بگەڕێنرێتەوە. دەیە دورودرێژەکانی دەسەاڵتداریتی کۆنەپەرستی لەئەوروپادا، ئەویشی بزواندبوو. لەخۆی دەپرسی ئایا بێتوانایی پرۆلیتاریا لەراکێشانی هاوپەیمانانیدا لەکاتی شۆڕشدا، ناگەڕێتەوە بۆ کەموکوڕیەك لەسیاسەتی شۆڕشگێڕانەیدا؟ بەهەرحاڵ مارکس پاش شکستی تراژیدیانەی کۆمۆنە، بەشێوەیەکی جدی بڕوای بەخەباتی سیاسی درێژخایەنی کرێکاران لەئاستی کۆمەڵگادا، بەمەبەستی بەدەستهێنانی شێوەیەك لەحکومەتی بۆرژوازی کە ململانێ لەگەڵیدا ئاسانتر بێت، دەوڵەتێك زۆرتر پابەندبێت بە یاساکانی خۆیەوە کە پێویستی بەهێزکردنی پایەکانی رەوایەتی خۆی، رێگرە لەتوندوتیژی و سەرکوتی بەربڵاوهێنا. دیارە لەم ناوەدا پەیدابوونی نەوەیەکی نوێ لەچالاکانی بزوتنەوەی کرێکاری کە هیچ

ئەزمونێکی راستەوخۆیان لەشۆڕشی١٨٤٨ نەبوو، وشکستی کۆمۆنەش کاریگەرییەکی زۆری کردبونە سەر، بێ کاریگەری نەبوو.

ئاماژەکانی مارکس بۆ خەباتی یاسایی پرۆلیتاریا، بۆ ئەو نەوەیە ئەوەندە ڕێگەچارە نەبوو. هەر لەبەرئەمە ئاراستەی لایەنگرانی مارکس لەحیزبە کرێکارییەکانی ئەڵمانیا و فەڕانسادا، لەکەمایەتیدا بوون. مارکس لەژێر فشاری ڕوداوەکاندا ملی بۆ خەباتی دوورودرێژی سیاسی دابوو، بەڵام هێشتا دروشمەکانی شۆڕشی لەدڵدا بەزیندووی هێشتبۆوە. مارکس خاوەن تیورەیەکی ورد نەبوو لەبارەی دیموکراسی بۆرژوازیەوە، ئەم کەموکوڕیەش لەوەهلومەرجەدا کە خەباتی دیموکراتی ڕوو لەپەرەسەندن بوو، شتێکی بەرچاوبوو. خەبات بۆ بەدەستهێنانی شێوە دیموکراتیەکانی دەوڵەتی بۆرژوازی، لای نەوەی تازەی چالاکانی کرێکاری گرنگیەکی زۆری پەیدا کردبوو. ئەوان بەشێوەیەکی تایبەت خوازیاری دروستبوونی دەوڵەتی کۆماری لەئینگلتەرا، ئەڵمانیا و ئیتاڵیادا بوون. بەرهەمە کۆنەکانی مارکس هیچ وەڵامێکی سودبەخشی بۆ ئەوان پێنەبوو. لەهەژدەهەمی برۆمێردا مارکس نوسیبووی بەهۆی شکستی ڕاپەڕینی ژوێنی کرێکارانەوە و هەنگاوە کونەپەرستانەی کۆماری بۆرژوازیەوە، ئاشکرابوو کە: «کۆماری بۆرژوازی تەنها بەمانای ستەمکاری ڕەهای چینێکە بەسەر چینێکی دیەوە و ئاشکرایکرد کە لەو وڵاتانەدا کە خاوەن ژیارێکی کۆنن و پێکهاتەیەکی چینایەتی زۆر پەرەسەندویان هەیە، خاوەن هەلومەرجی مۆدێرنی «بەرهەمهێنانن»، و بەهرەمەندن لەهوشیاریەکی مەعنەوەی کە بیرکردنەوە کلاسیکیەکانی بەهۆی هەوڵ و تەقەلای چەند سەدەیەکەوە لەناوخۆیدا توانۆتەوە، کۆمار بەشێوەیەکی گشتی تەنها قاڵبی گۆڕانکاری سیاسی کۆمەڵگای بۆرژوازیە، نەک قاڵبی پاراستنی هەلومەرجی هەبوو، وەکو بۆنمونە لەویلایەتە یەکگرتووەکاندا دەیبینین. لەوێ چینەکانی تا هەنوکە لەکۆمەڵگادا دروستبوون، هێشتا بەشێوەیەکی تەواو سەقامگیر نەبوون، بەپێچەوانەی کۆمەڵگای کۆنەوە، بەردەوام خەریکی گۆڕانی ڕەگەزە دروستکەرەکانی خۆیان و خەریکی جێگۆڕکێ پێکردنیانن لەگەڵ ڕەگەزە تازەکاندا. ئامێرەکانی بەرهەمهێنانی «مۆدێرن» لەبری ئەوەی دەرگیری مەسەلەی زیادبوونی سەرژمێریی ڕاوەستاو بن، زۆرتر پارسەنگی کەمێتی سەرژمێر دەکەنەوە و لەئەنجامدا جوڵەی لاو و پڕ جۆشوخرۆشی بەرهەمهێنانی مادی، کە جیهانێکی تەڕ و

تازەی لەبەرامبەر خۆیدا هەیە کە دەبێ بەسەریدا زاڵ بێت، زەمان و هەلی پێویستی نەدۆزیوەتەوە بۆئەوەی جیهانی مەعنەوی کۆن لەناوبەرێت» (ھ ب٢٥-٢٦، ب ١ ١:٤٠).

بەسەرنجدان لەو دەقەی سەرەوە ڕووندەبێتەوە، مارکس لەسەرەتای ١٨٥٢دا کاتێک هەژدەهەمی برۆمێری دەنووسی، (حکومەتی) کۆماری لەئەوروپادا بەشێوازی گواستنەوەیی دەوڵەتی بۆرژوازی دەبینی، و پەیدابوونی بۆ کاتێک دەگەڕانەوە کە چینی سەرمایەدار لاوازبووە و لەبەر توندبوونی خەباتی چینایەتی، هێزی خۆی لەدەستدابێت. کۆماریخوازی کۆن (واتە مارکس) لەو دەقەدا بەو دەرئەنجامە گەیشتبوو کە مەسەلەی گرنگتر لەمەسەلەی کۆماریی یان سەڵتەنەت هەن. مارکس شێوەی کۆماری بۆ بۆرژوازی لاو و ڕوو لەپەرەسەندنی وەک بۆژوازی ویلایەتە یەکگرتووەکان بە دروستدەزانی، و بڕوایوابوو لەئەوروپای کۆماریشدا سەرکوتکەرە، و یاساگەلێک دەسەلێنێت کە ڕاستەوخۆ دژی کرێکارن. زیاد لەبیست ساڵ دوای ئەوە ئەنگڵز بێ سەرنجدان لەم خاڵە لەدەقەکەی مارکس، لەنامیلکەی «باکونینەکان لەپراکتیکدا» (١٨٧٣) لەبارەی ئیسپانیاوە نوسی: «(حکومەتی) کۆماری ئەگەرێک دەڕەخسێنێت، کە ئەم وڵاتە بتوانێت قۆناغە سەرەتاییەکانی پەرەسەندن خێراتر تێپەڕێنێت، و ڕێگرێکی زۆر بخاتە پشت سەری خۆیەوە، بەڵام ئەم ئەگەرە تەنها بە بەشداری سیاسی و چالاکی چینی کرێکار مومکین دەبێت» (ا ١:١٣٠-١٢٩). جارێکی دی ئەو خاڵە قبوڵکرابوو کە لەئەوروپای کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا وەک ئەوروپای سەرەتای ئەو سەدەیە، دەبێ خەبات بۆ (حکومەتی) کۆماری بکرێت. جیاوازی هەلومەرجی تازە ئەوەبوو، ئیدی جەخت لەسەر بەشداری کرێکاران لەخەباتی دیموکراتیدا نەک هەر تەنها وەک شتێکی مومکین، بەڵکو وەک شتێکی پێویست و چارەنوسساز دەکرا.

مارکس و ئەنگڵز پاش شکستی کۆمۆنە، بەهێزێکی زیاترەوە باسی گرنگی خەباتی یاساییانەی کرێکاران و پێویستی سودوەرگرتن لەدەزگا فەرمی و یاساییەکانی کۆمەڵگای بۆرژوازیان وەک ئەنجومەنە نەتەوەییەکان، لەرەوتی پێشکەوتنی چینی کرێکاردا دەکرد. بەر لەوان پرۆدۆن لەدوا بەرهەمی خۆیدا بەناوی «لەبارەی توانای سیاسی چینی کرێکارەوە» (١٨٦٥) گرنگی خەباتی یاسایی «وەک تەواوکەری خەباتە سەرتاسەریەکانی چینی کرێکار»ی دابوو بەگوێدا، بەڵام ئەم باسەی پرۆدۆن لەبەر

بوونی دیسپۆتیزمی بۆناپارتیستی لەفەرەنسادا، هیچ دەرئەنجامێکی ئەوتۆی نەدەبوو. لەدەیەی ١٨٧٠دا لەفەرانسا و ئەڵمانیادا چینی کرێکار هەم لەروانگەی ژمارەوە بەخێرایی گەشەیکرد، هەم خەباتی سیاسی بردەپێشەوە، و حیزبە کرێکاریەکان لەئاستی نەتەوەییدا بوون بە هێزی سیاسی جدی، و سروشتیە کە باسی خەباتی یاسایی کرێکاران گرنگی پەیدا کرد. مارکسیش لەنامەیەکدا بۆ کۆمیتەی برۆنشویك لەیەکەمی سپتامبری ١٨٧٠دا نوسیبووی کە لەئەنجامی شەڕی فەرانسا و پرۆسەوە، مێژوو چۆتە قۆناغێکی تازەوە و یەکێك لەخەسڵەتە دیارەکانی ئەم قۆناغە تازەیە گۆڕانی شێوەی خەباتی سیاسی کرێکارانە (ب ن:١٧٨ ـ ١٧٩). بەڵام هێشتا بەڕاشکاوی پرۆدۆن رونینەکردبۆوە کە ئەمشێوە تازەیە چیە. دەیەیەك دوای ئەمە هێواش هێواش ئاشکرابوو، کە مەبەستی مارکس خەباتی دیموکراتی بووە، و تەنانەت لەمەش زیاتر مارکس بیری لەخەباتی یاسایی و دەسبەسەراگرتنی یاسایی دەسەڵاتی دەوڵەت دەکردەوە.

مارکس لە١٨٨٠دا لە«پێشەکیەك بۆ بەرنامەی سیاسی حیزبی کرێکاری فەرەنسا» نوسی: «تایبەتیکردنی گشتی (ئامێرەکانی بەرهەمهێنان) بۆ پرۆلیتاریا، دەبێت لەرێگەی کۆی ئەو ئامرازانەوە ئەنجامبدرێت کە لەبەردەستیدایە. لەم ئامرازانە مافی رای گشتیە کە دەبێت بەوشێوەیەی کە تائێستا هەیبووە و ئامرازی تەڵەکەبازی چینی بالادەستبووە، بچێتە دەرێ و ببێت بەئامرازی رزگاربوونی چینی کرێکار» (ب ن ٣٧٧ـ ٣٧٦). لێرە بەدواوە مارکس ئەو رێکخراوە سیاسیانەی بە بەهانەی جیاوازەوە بەشداریان لەخەباتی یاساییدا نەدەکرد، رەخنەدەکرد و ئەوانەی بە «پەیڕەوانی سیاسەتی راکردن لەشانۆی جەنگ یان غەیبەتخوازی» ناودەهێنا. ئەنگڵزیش لەوتارێکدا «لەبارەی کاری سیاسی چینی کرێکارەوە» لە٢١ سپتامبری ١٨٧١دا نوسی کە غەیبەتخوازانێك کە سودوەرگرتن لەئامرازی پەرلەمانی و دەزگا بۆرژوازیە دیموکراتیەکان و خەباتی سیاسی، مەحکومدەکەن: "ئەوە لەبیر دەبەنەوە کە شۆڕش خۆی کردارێکی مەزنی سیاسیە" (ب ١ :٢٤٦ـ ٢٤٥). مارکس و ئەنگلز پێشنیاریان بۆ رابەرانی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا دەکرد کە رووداوی خەباتی هەڵبژاردنی ئەنجومەن و لەحاڵەتی سەرکەوتنیاندا خودی دەزگای ئەنجومەن، بگۆڕن بە مێزی

وتاربێژی خەباتی چینایەتی و پڕوپاگەندەی کرێکاری. ویلهلم لیکنشت و ئۆگست بیل لەخەباتی هەڵبژاردنی خۆیاندا پڕوپاگەندەی کاریگەریان دژی لکاندنی ئەلزاس و لۆراین بە ئەڵمانیاوە ئەنجامدا، کە لەلایەن مارکسەوە دەسەلێنرا. نمونەیەکی تر چەندان ساڵ دوای مردنی مارکس، بە ئامادەبوونی کارل لیبکنشت لەئەنجومەنی ئەڵمانیادا و نەیارێتی ئەو لەگەڵ جەنگی١٩١٤دا، لەدرەوشاوەترین ساتەوەختەکانی میژووی سۆشیالیزمە.

مارکس کە سەرەتا گومانی لەخەباتی یاسایی پرۆلیتاریا بوو، بەخێرایی بە جێگەیەك گەیشت کە رایگەیاند لەدیدی تیوریەوە ئەگەری گەیشتن بە سۆشیالیزم بە سودوەرگرتن لەئامرازی یاسایی و ئاشتیخوازانە رەد ناکرێتەوە. مارکس لەوتارەکەی خۆیدا لەئەنتەرناسیۆنالی یەکەم لەسپتامبەری ١٨٧٢دا لەئەمستردام رایگەیاند کە: «ئێمە دەزانین دەبێت بایەخێکی زۆر بە دەزگاکان، دابونەریتەکانی وڵاتە جیاوازەکان بدەین. ئەو خاڵەش نکوڵی لێناکەین کە لەوڵاتانی وەك ئەمەریکا، ئەنگلتەرا (ئەگەر ئاشنای دەزگاکانی هۆڵەندا بومایە، رەنگە ناوی ئەویشم بخستایە سەر) کرێکاران دەتوانن بە ئامرازی ئاشتیخوازانە بە ئامانجی خۆیان بگەن» (ب ن:٣٢٤). شتێکی وەك ئەمەشی لەنامەیەکدا بۆ هێنری مایر هیندمەن لە٨ دیسامبەری ١٨٨٠دا لەبارەی ئینگلتەراوە دوبارە کردۆتەوە: «ئەگەر ئێوە بڵێن لەگەڵ رای حیزبەکەی منداا لەبارەی ئینگلتەراوە نین، من تەنها دەتوانم وا وەڵام بدەمەوە کە ئەو حیزبە شۆڕشێکی ئینگلیزی بەشتێکی پێویست نازانێت، بەڵکو بەپێی پێشینە میژوویەکان بەرووداوێکی مومکینی دەزانێت. ئەگەر پەرەسەندنی ناچاری لەئینگلتەرادا بەشۆڕش بگات، ئەم رووداوە تەنها دەرئەنجامی هەڵەی چینە بالادەستەکان نیە، بەڵکو هەڵەی چینی کرێکاریش دەبێت» (م ب:٣١٤). هەستدەکەم ئەو خوێنەرەی تائێرە لەگەڵ ئەم کتێبەدا بووە، بەتەواوی سەری سوڕمابێت. ئایا نوسەری ئەم قسانە هەر هەمان مارکسی شۆڕشگێڕە؟ هەمان قسەکەری پڕ جۆش و خرۆشی خەباتی چینایەتی و پڕوپاگەندەکەری ماندوونەناسی سیاسەتە شۆڕشگێرانەکانە کە دەنوسێت «هەڵەی» رودانی شۆڕش دەکەوێتە ئەستۆی چینی کرێکاری ئینگلتەراش؟ ئایا تیورەی شۆڕشی مارکس گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە؟ چۆن دەکرێت پەرەسەندنی ناچاری سۆشیالیزم نەبێتە هۆی شۆڕش. هەنوکە دەبێ بپرسین

ئایا لەتیورەی شۆڕشی مارکسدا، ئەگەری پەرەسەندنی ئاشتیخوازانە بۆ سۆشیالیزم وەك ئاوارتەیەك دەردەکەوێت، خاڵی سەرەکیش بەردەوام پێویستی کرداری شۆڕشگێڕانەیە یان نا؟ مارکس مەرجەکەی بە سەرنجدان لەدەزگا سیاسیەکان داناوە. ئایا پاش چەند دەیەیەك لەسوکایەتی پێکردنی عەقڵ و زیهنی سیاسی، دواجار بەو دەرئەنجامە گەیشتبوو کە دەزگا سیاسیەکانی کۆمەڵگا، دیاریکەری ستراتیژی شۆڕشگێڕانە دەبن؟ ئەڵبەتە دەبێت ئەوە بڵێین مارکس لەوتارەکەی ئەمسترادامدا ئەوەی گوتووە کە لەزۆربەی وڵاتە ئەوروپیەکاندا، بەکارهێنانی زۆر ناچاریە، لەنامەکەی بۆ مایەر هیندمەنیشدا نمونەی ئینگلتەرای یەکسەر لەبەرامبەر ئەڵمانیادا داناوە کە «لەوێ ستەمکاری سەربازی، شۆڕشی کردووە بەشتێکی پێویست» پێدەچێت لەروانگەی مارکسی پیرەوە بوونی دەزگایەکی بیرۆکراتی، سوپایی، کەمێتی نەریتەکان و دەزگا مەدەنیەکان، ئادابی دیموکراتی و یاسایی، لەگرنگترین هۆکارەکانن بۆ رودانی ناچارانەی شۆڕش، بە پێچەوانەوە بوونی دەوڵەت و دەزگا دیموکراتیەکان، دەتوانێت پێویستی شۆڕش بسڕێتەوە.

رەنگە پێویستی شۆڕش بسڕێتەوە، بەڵام پێویستی تێکشکانی دەزگای دەوڵەتی بۆرژوازی، قابیلی سڕینەوە نیە. لەهەر رێگەیەکەوە کرێکاران بەدەسەڵات بگەن، دەبێت گۆڕانکاری بنەڕەتی لەژیانی ئابوری و بەدوای ئەودا لەژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، دروستبکەن. مارکس لەنامەیەکدا بۆ کۆگلمان (١٢ ئافریلی١٨٧١) بەڕاشکاوی جەختی لەم خاڵەکرد (م ب :٢٤٧). لەلایەکی دیەوە گەرچی مارکس بیری لەخەباتی یاسایی دەکردەوە، بەڵام ئاگاداری دەکردەوە کە کرێکاران دەبێت ئاگادار بن و نەکەونە داوی چونیەك بینیەوە ***(conformism)*** ئەوان دەبێت بەدوای سیاسەتی سەربەخۆی چینایەتی خۆیاندا بڕۆن و نەبن بە هاودەنگ یان پەیڕەوی بۆرژوازی. لە١٩٣٩دا ڤالتەر بنیامین لەیانزەهەمین تێزی «چەند تێزێك لەبارەی فەلسەفەی مێژوەوە» نوسی «چونیەکبینی کە لەسەرەتای پەیدابوونی سۆسیال دیموکراسیەوە بەش و پارچەیەك لەبنەماکانی بوو، نەك هەر تێکەڵ بە تاکتیکە سیاسیەکانی بووبوو، بەڵکو تێکەڵ بە دیدە ئابوریەکانیشی بوو بوو. ئەم چونیەکبینینە یەکێك لەهۆکانی تێکشکانی دوایشی بوو. هیچ شتێك هێندەی ئەم

تێڕوانینە لەشکستی چینی کرێکاری ئەڵمانیادا دەوری نەبوو کە خەریکە لەگەڵ رووداوەکاندا دەڕواتە پێشێ. ئەم تێڕوانینە تەماشای پەرەسەندنی تەکنەلۆژیای وەك رووداوێکی پێشکەوتوو دەکرد و وایدەزانی کە خۆشی لەگەڵیدا دەجوڵێت. لێرەوە تەنها هەنگاوێك مابوو تا ئەو تێڕوانینەی کە پێیوایە کاری پیشەسازی کە گوایە پەیوەندی بەگەشەکردنی تەکنەلۆژیاوە هەیە، دروستکەری دەستکەوتێکی سیاسیە. ئەخلاقی کاری کۆنی پڕۆتستانتی، لەنێوان کرێکارە ئەڵمانیاکاندا لەشێوەیەکی زەمینیدا، دوبارە دەژیایەوە. بەرنامەی گۆتاش ئەم ئالۆزیەی پتر کردبوو و کاری وەك «سەرچاوەی هەموو سامانەکان و کلتورەکان» پێناسکردبوو. مارکس هەستی بە مەترسیەکە کردبوو و نەیارێتی خۆی راگەیاندبوو: «مرۆڤ کە مولکداری هیچ شتێك نییە جگە لەکاری خۆی» بەشێوەیەکی ناچاری دەبێت بە «کۆیلەی کەسانێکی دی کە خۆیان کردووە بە مولکدار». بەڵام ئالۆزیەکە تازە دروستبوو بوو، وە کەمێك دواتر جۆزف دیتزگن رایگەیاند «رزگارکەری جیهانی مۆدێرن ناوی کارە...ریفۆرمی کار دروستکەری سامانە و ئیتر توانای ئەوەی هەیە بەو ئامانجە بگات کە هیچ رزگارکەرێك پێشتر توانای گەیشتن پێی نەبووە» ئەم چەمکە موبتەزەلە مارکسیە بۆ ماهیەتی کار، ئەو مەسەلەیەی بەبێ چارەسەر دەخستە پشت خۆیەوە کە چۆن بەرهەمی کار دەتوانێ بە قازانجی کرێکارانێك بێت کە هێشتا خاوەنی نین. پێشکەوتنی تەنها لەدەسەڵاتگرتن بەسەر سروشتدا دەزانی و چاوی لەدواکەوتن و گەڕانەوە بۆ دواوەی کۆمەڵگا دادەخست. هەر لەسەرەتاوە بووبوو بەقسەکەری سروشتە تەکنەلۆژیەکان کە دواتر کەوتە ژێردەست فاشیسزم"٣١". ناوکی سەرەکی تێڕوانینی مارکس لە«پێشەکیەك بۆ ڕەخنەی فەلسەفەی هەقی هیگڵ، پێشەکی» ئەوەبوو کە کرێکاران لەپەرەسەندنی کۆمەڵگای سەرمایەداری و ئیمتیازە مادی و مەعنەویەکانی مەحرومن، لەگەڵیدا ناگونجێن. ئەوان لەناو کۆمەڵگای مەدەنیدا دەژین، بەڵام مولکی کۆمەڵگای مەدەنی نین. شێوازی ئەوان بۆ سودوەرگرتن لەئامرازە یاساییەکان نابێت ببێتە هۆی ئەو هەڵە تێگەیشتنەی کە بەبڕوای ئەوانە رووداوی پەرەسەندنی کۆمەڵگای بۆرژوازی شەڕە، چونکە خەریکە بەدەسەڵاتیان دەگەیەنێت، تەواو بەپێچەوانەوە، ئەرکی ئەوانە بەردەوام پیشانیبدەن کە رێگەیەك جگە لەوێرانکردنی

ئـەم کۆمەڵگایـە لـەئارادا نیـە. بەمـشێوەیە وێرانـی، ئـەم ناوەڕۆکـەی بیرکردنـەوەی بنیامین، سەرچاوەی سەرەکی خۆی لەنوسینەکانی مارکسدا دەدۆزێتەوە.

چـونیەکبینی ترسـناکترین دەرئـەنجامی یاسـاگەری و خـەباتی یاسـاییە. کاتێـک ئـەنگڵز لەپێشەکی بـۆ «خـەباتی چـینایەتی لەفەڕانسادا» (١٨٩٥) دەینوسـی: «بـەڵام هەرچـیەك کـە لەوڵاتـەکانی دیـدا رووەدات سۆسـیال دیموکراسـی لەئـەڵمانیادا هەلومـەرجێکی تایبـەتی هەیـە، و پێبـەپێی ئـەوەش لایەنیکـەم لەئایندەی نزیکـدا، ئەرکێکی تایبەتی هەیە. دوو ملیۆن دەنگ کە رەوانەی سنوقەکانی دەنگدانی دەکات، لەگەڵ ئەو ژنان و پیاوە لاوانەی کە لەپشتیانەوە راوەستاون، بەڵام مافی بەشداریکردن لەهەڵبژاردنیان بەدەستنەهێناوە، بە بەرزترین ژمارە و چڕترین جەماوەر و هێزێکی چارەنوسسازی لەشکری پرۆلیتاریای نێودەوڵەتی دەژمێرێن...ئەگەر هەلومەرجەکان بەمـشێوەیە برۆنـە پێـشەوە، تـا کۆتـایی ئـەم سـەدەیە، ئێمـە گروپگـەلێکی مـەزنی ناوەڕاستی کۆمەڵگا، وردە بۆرژوازی و جوتیارانی بچوك بەلای خۆمانـدا رادەکێـشین و دەبین بە هێزێکی چارەنوسساز کـە لەبەرامبەرماندا هـەموو هێزەکانی دی، ناچـارن کرنـوش بـەرن»(ب ١ ١:٢٠١)، خـراپترین شـێوەکانی چـونیەکبینی لـەناو دەقـی نوسینەکەیدا، خۆی حەشاردابوو. مەسەلەکە ئەوە نیە ئایا ئەنگڵز خەباتی یاسایی بە تاکتیـك نـاو دەبـرد(کـە هـەر لـەم پێشەکیەدا وای ناونـاوە) یـان مەبەسـت سـتراتیژی دەستبەسەراگرتنی دەسـەڵات بووە، بەڵکو مەسـەلەکە ئەوەیـە ئـەنگڵز جـەختی لەسـەر نەك جیابونەوەی کرێکاران لەکۆمـەڵگای مـەدەنی، بـەڵکو لەسـەر چـونیەکیان لەگـەڵ هێزەکانی دیدا کردووە. ئەنگڵز رەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵگای بەو هۆیەی کە بەبڕوای ئەو چینی کرێکار بە دەسـەڵات دەگەێنێت، قبوڵکردووە. تیورەیەك کـە کـەمێك دواتـر برنشتاین پێشکەشیکرد و سەرەڕای ئەو هەموو ناڕازیبونانەی سەرەتا، لەدەرئەنجامـدا لەلایەن رابەرانی ئەنتەرناسیۆنالیزمی دووهەمـەوە قبـوڵکرا، بەناونیـشانی «سـتراتیژی بلاوبونەوە» لەسالی ١٩١١دا لەلایەن کاوتسکیەوە راگەیـەنرا، بەڕاسـتی کـە هـیچ نـاکۆك نـەبوو لەگـەڵ رۆحـی چـونیەکبینی باسـەکەی ئـەنگڵزدا. لۆچـۆ کـۆڵتی بەدروسـتی نوسیوێتی: «سۆسـیال دیموکراسـی ئـەڵمانیا لـەئرفۆرت «رێگـەی پەرلـەمانی» هەڵبـژارد، نـەك لەبەرئـەوەی وازی لەچـەمکی چـینایەتی دەوڵـەت هێنـابوو، بـەڵکو لەبەرئـەوەی

بـڕوای دیترمنیـستی و بـڕاوەی بـە پێـشکەوتنی میکـانیکی پەرەسـەندنی ئـابوری، دڵنیاییـدەکرد کـە بەدەسـتهێنانی دەسـەڵات لەڕێگەیـەکی خۆبـەخۆی سـەقامگیر و ناچـاری، رێگەیـەکی ئـارام، وەك پرۆسـەی پەرەسـەندنی سروشـت، نزیکـە»"٣٢". ئـەم باسە بەئاماژەکردن بۆ دەقێك کە چەند دەیەیەك پێش کۆڵتی هەمان خاڵی هێنابووە پێـشێ، کۆتـایی پێـدێنم. ڤالتـەر بنیـامین لـە«چـەند تێزێـك لـەبارەی فەلـسەفەی مێـژوەوە» کـە پێـشتریش چـەند رستـەیەکم لێهێنایـەوە، نوسـیبووی تیـورەی سۆسـیال دیموکراسـی و تەنانـەت کردارەکـانی، بـە چـەمکێکی پێـشکەوتن دروسـتبووبوو کـە پێـشکەوتنی بەناچاری پێناسـەدەکرد، شـتێك کـە خـۆ بـەخۆ لەراسـتەهێڵێکدا، بـەرەو پێشەوە دەڕوات. بنیامین گوتبووی ئەم پێشنیارانە راستەوخۆ کێشەئامێزن و قـابیلی ڕەخنـەگرتنن، لەهـەموو ئەمانـەش گـرنگتر "ڕەخنـەگرتن لـەم تێگەیـشتنانە بـۆ پەرەسەندن، دەبێ بناغەی هەموو ڕەخنەیەك لەخودی پەرەسەندن پێکبهێنن"٣٣".

ئامانجی کرداری سیاسی

مارکس لەنامەیەکدا بۆ فردریش بلّت لە٢٣ نۆڤەمبەری١٨٧١ نوسی"ئامانجی کۆتـایی (*Endyweck*) بزوتنـەوەی سیاسـی چـینی کرێکـار، ئەڵبەتـە بریتیـە لەدەسبەسـەراگرتنی دەسـەڵاتی سیاسی لەلایـەن ئـەم چینەوە. ئەمـەش بەشـێوەیەکی سروشتی پێویستی بەوەیە کە رێکخستنی سیاسی چینی کرێکار، رێکخستنێك کە لـەناو دەرونی خـەباتی ئابوریـەوە هەڵساوە، پێـشتر بـە ئاسـتێك لـەکاملبوون گەیـشتبێت"(م ب٢٥٤). هەنوکـە بـا ببیـنین کـە «ئامـانجی کۆتـای» لـەو رسـتانەی پێـشەوەدا بـە چ مانایەکە. مارکس و ئەنگڵز چەندانجار دەستبەسـەراگرتنی دەسـەڵاتی سیاسـی بـەهۆی چـینی کرێکـارەوە و تێکـشکانی دەوڵـەتی بۆرژوازیـان بـە پێـشمەرجی گۆڕانکـاری شۆڕشـگێڕانەی کۆمـەڵگا و تەنانـەت بـە «یەکـەم هـەنگاو» ناودەهێنـا بـۆ گەیـشتن بـە کۆمۆنیزم. چۆن مارکس توانیبووی شتێك کە خۆی وەك پێشمەرج و یەکـەم هـەنگاو بۆ گەیشتن بە ئامانجی گرنگتر پێناسیکردبوو، لەجێگەیەکی دیدا بە «ئامانجی کۆتایی» ناوبهێنێ؟ لەنێوان تەفسیرکەرانی بیرکردنـەوەکانی مـارکس و هـەموو پەیڕەوانیـشیدا، کەسێك لەگەڵ ئەو حوکمەدا ناکۆك نیە کـە ئامـانجی سـەرەکی و کۆتـایی بزوتنـەوەی پرۆلیتاری لەناوبردنی دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی، مۆڵکایەتی تایبـەتی چینەکان

و درزی چینایەتی کۆمەڵگایە، کە (هەموو ئەمانەش) بەمانای دروستکردنی کۆمەڵگایەکە پشئەستور بە کاری بەرهەمهێنەرانی پێکەوەگرێدراو. دەستبەسەراگرتنی دەسەڵاتی سیاسی تەنها بەسەرنجدان لەم ئامانجە، مانای هەیە. بەدەربڕینێکی باشتر دەستبەسەراگرتنی دەسەڵاتی سیاسی بە ئامانجی کۆتایی بزوتنەوەکە ناناسرێت. کەوابوو مەبەستی مارکس لەبەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە چیبوو؟

ئەنگڵز لە«مەسەلەی مەسکەن»دا نوسیوێتی «هەر حیزبێکی واقعی چینی کرێکار، لەچارتیستە ئینگلیزەکانەوە بەدواوە، سیاسەتی چینایەتی گرتۆتە پێش. واتە رێکخستنی پرۆلیتاریا وەك حیزبێکی سەربەخۆی سیاسی وەك مەرجی پێشەکی خەبات، و دیکتاتۆری پرۆلیتاریاش وەك ئامانجێکی خێرای ئەم خەباتە»(ب ا٢:٣٥٦) پێدەچێ ئەم وتەیە (ئێستا بەدەر لەوەی مانای دیکتاتۆری پرۆلیتاریا چییە) دەربڕینێکی باشتری تێڕوانینی مارکس بێت. لێرەدا ئامانجی دەستبەسەراگرتنی دەسەڵات لەڕاستیدا، بەئامانجی خێرا ناوبراوە، نەك بەئامانجی کۆتایی، پێدەچێت ئەمەش لەچوارچێوەی تیورەکانی مارکسدا دەربڕینێکی ورد بێت. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دەقی نامەکەی مارکس و لەرستەی «ئامانجی کۆتایی ***(Endyweck)*** بزوتنەوەی سیاسی چینی کرێکار، ئەڵبەتە دەستبەسەراگرتنی دەسەڵاتی سیاسیە بەهۆی ئەم چینەوە» وردبینەوە، رەنگە بتوانین بڵێین مەبەستی مارکس بە سەرنجدان لەوشەی «ئەڵبەتە» باشتر دەزانرێت: ئامانجی بزوتنەوەی سیاسی پرۆلیتاریا دەستبەسەراگرتنی دەسەڵاتە و ئامانجی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکەشی، بونیادنانی کۆمۆنیزم. بزوتنەوە سیاسیەکە بە دەستبەسەراگرتنی دەسەڵات تەواو دەبێت، بەڵام هێشتا دەبێت زەمینەی گواستنەوە بۆ کۆمۆنیزم خۆشبکات. ئەم تەفسیرە بەشێوەیەك دروستە کە بتوانین بزوتنەوەی سیاسیی لەبزوتنەوەی کۆمەڵایەتی و ئابوری جیابکەینەوە. لەلایەکی دیەوە ئەگەر بزوتنەوەی سیاسی بە دەستبەسەراگرتنی دەسەڵات کۆتایی پێببێت، دیکتاتۆری پرۆلیتاریا چۆن دروستدەبێت؟ دەوڵەتی گواستنەوەی کرێکاران کام شکڵی سیاسی وەردەگرێت؟

بگەڕێینەوە بۆ نوسینەکانی مارکس. مارکس لەوتارێکدا کە لەبارەی یاسا دژی دزینی دار لەئۆکتۆبری ١٨٤٢دا نوسیبووی، رەخنەی لەدیدێکی یاسایی گرت کە هەر

بابەتێکی تایبەتی کۆمەڵایەتی، بەهۆی خودی ئەو بابەتەوە تاوتوێدەکات و ناتوانێ بیبەستێت بەبابەتی سیاسیەوە. مارکس نوسی «دەبێت هەر مەسەلەیەکی تایبەتی مادی لەڕێگەی سیاسیەوە، واتە لەڕێگەی پەیوەندیکردنی بە کۆی عەقڵانیەتی دەوڵەت و ئەخلاقی دەوڵەتەوە، حەلوفەسڵ بکرێت» (م ا ١:٢٦٢ پەرەسەندنی ئەم تێڕوانینە لەنوسینەکانی دووسالّ دواتری مارکسدا، بەو دەرئەنجامە گەیشت کە بۆ چارسەرکردنی کێشەکانی ژیان کۆمەڵایەتی، دەبێت بونیادی سیاسی هەبوو تێك بشکێنرێت. لەوتارێکدا کە مارکس لەساڵی ١٨٤٤دا لەوتوێژێکدا دژ بە رۆگە بەناوی «شای پرۆس و ریفۆرمی کۆمەڵایەتی» نوسی، جەختیکرد کە «هەر شۆڕشێك کۆمەڵگای کۆن دەسرێتەوە، تا ئەو ئاستە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیە، هەر شۆڕشێکیش هێزە کۆنەکان دەروخێنێت و تا ئەم ئاستەش سیاسیە... شۆڕش بەگشتی بەروخانی دەسەڵاتە کۆنەکان و لەناوبردنی پەیوەندیە کۆنەکان، کردارێکی سیاسیە. بەڵام سۆشیالیزم ناتوانێت بێ شۆڕش بەدیبێت. پێویستی بەمکرداره سیاسیە هەیە، تا ئەو جێگەیەی کە پێویستی بەوێرانیو لەناوبردنە. بەڵام کاتێك چالاکیە رێکخراوەکانی دەستپێکرد، کاتێك کە بابەتی سەرەکی، رۆحەکەی، بێتە ئاراوە، سۆشیالیزم بەرگە سیاسیەکەی دادەکەنێت» (م ا ٣:٢٠٦ـ٢٠٥). ئاشکرایە مارکس هەر لەهەمان سەرەتای کارەوە، دەستبەسەراگرتنی دەسەڵاتی سیاسی بە پێشمەرجی پەیدابوونی کۆمۆنیزم دەزانی. لەرستەکانی سەرەوەدا خاڵێکی گرنگ هەیە کە هاوکاریمان دەکات بۆئەوەی تەفسیری ئەو رستانە بکەین کە لەنامەکەی مارکسدا بۆ بڵێت هاتووە: بەرگی سیاسی پاش دەستبەسەراگرتنی دەسەڵات، کاتێك گەوهەری سۆسیالیزم دێتە پێشێ، واتە خەسڵەتی کۆمەڵایەتیەکەی دێتە ئاراوە و گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکان دێنە ناو بەرنامەی کارەوە، دەخرێتە لاوە. واتە ئامانجی دەستبەسەراگرتنی دەسەڵاتی سیاسی بۆ بزوتنەوەی سیاسی کرێکاری کۆتاییە، بەڵام پاش دەستبەسەراگرتنی دەسەڵات چیدی بزوتنەوەی سیاسی بوونی نابێت. ئەوکاتە ئامانجی سەرەکی، یان رۆحی سۆسیالیزم، دێتە ئاراوە. چەندان ساڵ پێشتر لە«مەسەلەی یەهود»دا مارکس رزگاری سیاسی بە هەنگاوێك بەرەو پێشەوە دانابوو کە «دوا شکڵی رزگاری مرۆڤە لەچوارچێوەی سیستەمی هەبوودا، بەڵام دوا شکڵی رزگاری مرۆڤ نیە» (م ا ٣:١٥٥)

بەپرواى ماركس رزگارى لەبوارى سياسيدا بەدەستنايەت، هەرچەند لەوێدا دەست پێدەكات. بۆ رزگارى مرۆڤ دەبێت سيستەمى كۆمەڵايەتى و ئابورى بەشێوەيەكى كامڵ بگۆڕێت، و بە وتەى برنشتاين دەبێ سەرتاپاى كۆمەڵگا نوێبێتەوە. ئەم كارە مومكين نيە، مەگەر پێشتر دەسەڵاتى سياسى لەدەست كرێكاراندا بێت. ماركس لە«رێنمايى بۆ نوێنەران (ى ئەنتەرناسيۆناليزم) لەكۆنگرەى ژنێف» لەسپتامبەرى ١٨٦٦دا رايگەياندبوو كە بۆ گۆڕانى بەرهەمهێنانى كۆمەڵايەتى بۆ سيستەمێكى فراوانتر و هاوئاهەنگترى كارى ئازاد و پێكەوەگرێدراو، گۆڕانكارى گشتى كۆمەڵايەتى پێويستن و ئەم گۆڕانكاريانەش لەهەلومەرجى گشتى كۆمەلگادا روونادەن، مەگەر ئەوەى هێزە رێكخراوەكانى كۆمەلگا، واتە هێزى دەوڵەتيى لەدەستى سەرمايەداران و مولكدارە گەورەكان بستێنرێت و بگوێزرێتەوە بۆ خودى بەرهەمهێنەران» (ب ن ٨٥ـ٩٤) پێشترىش ماركس لە«پەيام بۆ ئەنتەرناسيۆنال»دا لەگەڵ ئاماژەكردن بۆ سەركەوتنى خەبات بۆ دە سەعات كارى رۆژانەى چينى كرێكارى ئينگلتەرا، باسى سەركەوتنە مەزنەكانى ئايندەى كردبوو، لەهەمانكاتيشدا جەختى لەوە كردبوو كە دەستكەوتە ئابوريەكان بەس نين. ماركس گوتبووى لەوروەوە كە خاوەنانى زەوى و سەرمايە ئيمتيازەكانى خۆيان بۆ بەرگريكردن لەپاوانكردنە ئابوريەكانى خۆيان و پاراستنى ئەم پاوانكردنانە بەكاردەهێنن، ئەوا "دەستبەسەراگرتنى دەسەلاتى سياسى، ئەركى مەزنى چينى كرێكارە" (ب ن:٨٠).

پەراوێزەكان"

1-B. Holden. Undrerstanding Liberal Democracy, Oxford, 1987. E. Spitz, Majority Rule, Chatham,Nj,1984.

٢- لەمبارەيەوەو بۆ كێشە تيوريەكانىترى ديموكراسى تەماشاى ئەم سەرچاوەيە بكەن:

ب. احمدى. "ناسازەهاى ديموكراسى" لە " معماى مدرنيته. تهران،١٣٧٧.

3- R.A. Dahl, Democracy and its Critics, Yale University, Press,1989, p.52.

4-R. Williams, Culture and Society, London, 1977, p.14.

5-j-J Rousseau, Du contrat social Paris,1978, p.298

٦- دەربڕينەكەى كانتم لەم سەرچاوەيەوە وەرگرتووە:

R. Dahrendorf, "on the origin of inequality among men", in: A. be teille ed, Social Inequality, London, 1987, p.16.

7-J.S. Mills, On Politics and Society, London, 1976, p.112.

8-ibid, p.182.

٩- ر. ارون، مراحل اساسى انديشه در جامعه سياسى، ترجمەى ب. پرهام، چاپ دوم، تهران،١٣٧٠، صص٢٤١-٢٤٢.

10-R. Aron, Essais sur les libertes, Paris, 1976, p. 21.

11- L. Krieger, The German idea of Freedom, Chicago Univerity Press,1975, pp 301-302-316-317-512.

12- G. Dellevolpe, Rosseau et marx, Paris, 1974.

١٣- لەمبارەيەوە تەماشاى پێشەكى كۆلتى بۆ بەرهەمە سەرەتاييەكانى ماركس بكەن: ن ا: ٤٢-٤٣.

14- J-j. Rousseau, Du Contral Social, Parris, 1973, p.166.

١٥- ئەو هێنانانەوەيەم لە كتێبى ريفۆرمى دينى تا شۆڕشى پيشەسازى، كريستوفر هيل هێنايەوە. لەفەسڵى چوارەەم، بەشى چوارەەمى ئەم كتێبەدا شەرحێكى سەرنجراكێش لەبارەى چينى كرێكارى ئينگەلتەراوە هەيە:

C. Hill, Reformation to Industterial Revolution, London,1983, p.260.

16- E. Paul and others eds, Marxism and Liberalism, Oxford,1986.

17-T. Eagleton, "MarXism Without Marxism: Jaques Derrida and "Specters of marx" , in The Eagleton Reader,

ed, S. Regan, London, 1998, p. 260.
18- M. Levin, Marx, Engels and Liberal Democracy, 1989.
19-N. Bobbio, Democracy and Dictatorship, The Nature and Limits of State Power, treans. P. Keneally, Cambridge, 1989.
20- A. Heller and F. Marxim et democratie, Paris, 1981, P. 160.
٢١- ج. میل، رساله درباره ازادی، ترجمەی ج. شیخ الاسلامی، تهران ١٣٥٨، ص ٥٩.
22- P. Gay. The Dilemma of Democratic Socialism. New York, 1962.
A. Bergounioux and B.Manin, La social-democratie, ou le compromise, Paris, 1979.
23- ph. Lacoue-Labarhe and J-L. Nancy , Rejouer la politique, Paris, 1981, vol.1, pp20-21.
24-Rousseau, op. cit, pp.213-214.
25-B. Taylor, "Socialist feminism, utopian or scientific" in: R. Samuel ed, People s History and Socialist Theory, London, 1981, p.242.
٢٦- پ. ابوت. و ك. والاس، پێشەکیەك بۆ کۆمەڵناسی دیدە فەمنیستەکان، ترجمە م. خراسانی و ح. احمدی، تهران،١٣٧٦.
27-Taylor, op. cit. p.242>
28-C. Fourier, Vers la liberte en amour, paris, 1975, p.109.
29-W. Scombe, "Houswife and her labour under capitalism" in: New Left Review,83,pp.3-24.
30-A. Mahaim and A. Holt and J.Heinen, Femmes et movement ouvrier, paris.1979.
31- W. Benjamin, lluminations, London,1973, pp. 260-261.
32-L. Colletti, From Rousseau to Lenin, trans. J.Merrington and J. White, London,1972, p.105.
33- Benjamin, op. cit. pp 262-263.

سەرچاوە
وەرگێڕانی بەشێکە لەفەسڵی حەوتەمی ئەم کتێبەی خوارەوە:
بابك احمدی: مارکس و سیاست مدرن. چاپ سوم ١٣٨١. تهران نشر مرکز.

بزوتنەوەی خوێندکاری

خوێندنەوەی فکری ٦٨.....حەمید عوزدانلو

دیموکراسی و بزوتنەوەی خوێندکاری.....رابرت هولاپ

مەسەلەی توندوتیژی و یاخیبوونی رادیکال...هربرت مارکیوز

خوێندنەوەی فکری ٦٨

حەمید عوزادانلو

"کۆمەڵگای نامۆ دەبێت لەشانۆی مێژوودا نەمێنێ، ئێمە سەرقاڵی

دروستکردنی دنیایەکی تازە و ڕەسەنین..خەیاڵ خەریکە دەسەڵات دەگرێتە دەست"

لەدروشمەکانی بزوتنەوەی خوێندکاری فەڕەنسا

کاتێك حکومەتی کۆمۆنەی پاریس لەئەنجامی کێشەکانی سەدەی ١٩ی ئەوروپادا تێکشکا و تاکە جێگەی بەرگری دژی دەسەڵاتی سەرکوتکەری بۆرژوازی ڕما، مارکس لەشوێنێکدا نوسی: "لەڕاستیدا دروستبونی کۆمۆنەی پاریس کۆی ئەو هێزانەی گەڕانەوە بۆ کۆمەڵگا کە بە هۆی دەوڵەتەوە تا ئەو کاتە لەپەیکەری کۆمەڵگا سەندرابوون. دەوڵەت واتە ئەو مشەخۆرەی کە لەسەر خوێنی کۆمەڵگا دەژی و جوڵە و پەرەسەندنی ئازادانەی ئیفلیجدەکات. هەر لەبەرئەوە دروستبوونی کۆمۆنە بەسەرچاوەی گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی لەتازەکردنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی فەڕەنسادا دادەنرێت"[١]. کۆمۆنەی پاریس لەو سەردەمەدا لەدەوروبەری لاشەی قوربانیکراوی خۆیدا، خەرمانێکی درەوشاوەی لەبیری بەهێزی کۆمەڵایەتی بەجێهێشت. بێگومان بەشێك لەم وێنەیە بە هەمان ئەو بەهێز و توانایەی مەبەستی مارکس بوو، لەسەدەی بیستەمدا و بەدیاریکراوی لەبزوتنەوە خوێندکاریەکانی دەیەی ١٩٦٠ و سەرەتای دەیەی ١٩٧٠ دا دەرکەوت و بە ناوی بیری ٦٨ ەوە بووە وێردی سەر زمانی هەمووان. بەبڕوای نوسەر ئەوەی لەبەراوردکردنی ئەم بزوتنەوەیە و کۆمۆنی پاریسی سەدەی نۆزدەدا جۆرێك لەپەیوەندی دروستدەکات، ئەو هێڵە سوریالیەیە کە ئەڵقەی پەیوەندی نێوان بیری بۆدلێری سومبۆلیست لەسەنگەرەکانی شەقامەکانی ساڵی ١٨٤٧ و دیدی ڕەخنەگرانەی سوریالیستی خوێندکارە ناڕازیەکانی سەنگەرەکانی شەقامەکانی ساڵی ١٩٦٨ بووە، کە بیر و باوەڕەکانیان تێکەلێك بوو لەمارکسیزم و فرۆیدیزم. بەدەربڕینێکی دی پەیوەندیەك بوو "لەنێوان بەرپرسیاری جوامێرانەی ڕۆمانسیزمی دوایی و ئامانجە فراوانەکانی گروپە خوێندکاریەکان کە دەیانتوانی لەیاخیبوونی کۆمەڵایەتیدا رایگەیێنن: "هەموو ئەو شتانە فەرامۆشبکەن کە فێربیوون و دەستبکەن بەخەیاڵکردنەوە"، و "مەرگ بۆ ریالیزمی سوشیالیزمی و بژی سوریالیزم"، "مەرگ بۆ ژدانۆڤ ستالینیستی". مەگەر ئەوە نەبوو کە سوریالیزم

شۆڕشگێڕانەترین سیاسەتەکانی ڕاگەیاندبوو؟ بە گونجاندنی بەرپرسیاری مارکس بۆ گۆڕینی دنیا و بڕیارِی رامبۆ بۆ گۆڕینی ژیان، "خوێندکارانیش" هەنوکە ئەرکی گۆڕینی واقعیان لەئەستۆی خۆیان نا"[٢].

ئەگەرلەسەدەی نۆزدەدا واتە لەسەردەمی بالآدەستی کلتوری بۆرژوازی و سەرمایەداری شەپۆلی یەکەمدا، گروپە جیاوازەکان بە تەمای دژایەتیکردنی ئەم کلتورە وێرانکەرە بوون و تا ڕادەیەکیش لەمکارەدا سەرکەوتووبوون، سەرکەوتوو لەو ڕوەوە کە ڕەهەندەکانی بیرەکانیان لەو سەردەمەوە بە قۆناغی ڕەخنەگرانەی سەدەی بیستەم گەیشت. شەپۆلێك لەنارازایبوون لەنیوەی دوهەمی سەدەکەدا بەرامبەر بە "پیشەسازی کلتوور" کە بە تەمای دروستکردنی مرۆڤی چونیەك و تاك ڕەهەند بوو، دەستی پێکرد. ئەم نارازیبوونانە هاوکات بوو لەگەڵ مەترسیەکانی سەدەدا(سەدەی بیستەم) وەك تەقینەوەی ژمارەی دانیشتوان، وێرانی ژینگە، ئیغواکردن و هەڵخەڵەتاندن و ئەنجامدانی نفوزی دەرونی، و دواجار ڕەخنەگرتن دژی جەنگی فێتنام و بەدەستهێنانی مافی ڕەشپێستەکان. ڕەخنەگرتنێکی جدی کە پاش ئەو خۆشبینیەی دەرئەنجامی سەقامگیری چەند ساڵی دوای جەنگی جیهانی دوهەم بوو، (هەروەها) پاش دامرکانەوەی هەستەکانی دەیەی ١٩٥٠ کە بە دەیەی لاوە دورو ئەندێشەکان بە دوای کار و پیشەدا گەڕان بەناوبانگ بوو، بووشە هۆی وەرزێکی خەونی زستانانە، بۆ بیرە ئەنارشیسیت و ڕەخنەگرەکان، ئەمجارە لەڕێگەی گروپە کلتوری - هونەریەکان، کرێکارانی دەستی، ڕەشەکان و خویندزانانەوە کە هێواش هێواش لەژێر چەرخی دانەکانی دەسەڵاتی سەرمایەداریدا لەت دەبوون، بڵندبۆوە[٣].

هەر لەم ساڵانەدا بوو پاش ئاشکرابوونی تاوانەکانی ستالین لەروسیا و تێگەیشتن لەقوڵایی کارەساتی مرۆیی نازیزم لەئەڵمانیا، وەك ئاشڤێتز ***Auschuits***، ڕەخنەگرێك لەقوتابخانەی فرانکفۆرت نووسی: "پاش ئاشڤێتز، گوتنی شیعر بێ مانایە"[٤]. ئێستا کاتی ئەوە هاتبوو کە تەحەدای ئەم شێوە "دیکتاتۆریە پیرەی" سیستەمی سەرمایەداری بکرێت. هەنوکە دەبوو خوێندکاران ئەم پراکتیکە جێبەجێبکەن[٥].

خوێندکارە ناڕازیەکان هەر ئەوەندەی ڕژانە ناو شەقامەکان بۆ ڕەخنەگرتن لەوەی کە پێی دەگوترا ململانێ لەگەڵ پیشەسازی کلتوردا، ڕستەکەی هۆرکهایمەریان

بەدەستەواژەی تر نوسی و تەفسیری خۆیان بۆ ئەو رستەیە پێشکەشکرد: "هونەر مردووە، لێگەڕێن ژیانی ڕۆژانەی خۆمان بخولقێنین"، "عەشقبازیبکەن، نەك جەنگ"[٦]. لەراستیدا بزوتنەوەی خوێندکاری كە پاشتر بە "ڕەخنە كۆمەلایەتیەكانی شەستەكان"[٧]ناوی دەركرد، پریشكی جولەكەی بەدەركردنی خوێندكارێكی ئەڵمانی - فەرەنسی ٢٣ ساڵە بە ناوی دانێل كوون -بندیكیت دەستی پێكرد كە بە بیانوی ئاژاوەگێڕی لەفەڕەنسا دەركرا. نوسەرێك ئەوی بە ئازادیخوازێكی راستەقینە زانیووە كە لەبەرزترین پلەی ئەكتڤیستدا بوو[٨] دانییل كۆن بندیت دەستپێكەری بزووتنەوەكە بوو لەزانكۆی نانتی فەرەنسیدا كە بەخێرایی زانكۆكانی تر و ولاتەكانی تریشی گرتەوە. گاورین بۆ بەرگریكردن لەدانییل كۆن بندیت دەنوسێت كە بێگومان بۆرژوازیەكان و ستالینیستەكان هەرگیز نایبەخشن[٩]. بندیت وەك زیخێك لەپێڵاوی دیسپۆتیزمدا، چ لەجۆری كۆمنیستیەكەی یان لەجۆری ڕۆژئاواییەكەی، ڕێگر بوو لەجولەیان. پاش دەركردنی بندیت، گروپی جیاواز كە تەنانەت ئەو كرێكارانەشی تێدا بوو كە پێیان دەگوترا یەخە ڕەشەكان ***Black Jachets*** و هەروەها گروپە نیمچە ئانارشیستەكان، ئەو ڕەشانەی كە بە دوای ماق خۆیاندا دەگەڕان، لایەنگرانی بزوتنەوەی مەدەنی ***Civil Rights*** و بزوتنەوەی ئاشتی، دەستیان بەشۆڕش كرد [١٠].

بزوتنەوەی خوێندكاری لەزەمانی خۆیدا، هاوكاتی دوو تەوژم بوو، یەكێكیان ڕەگێكی نیمچە ماركسیانەی هەبوو كە بە سودوەرگرتن لەماركسیزم ئایدیالیزمی و حیزبی كۆمۆنیست، لەبەر دواكەوتووتن لەجولە بەرەو پێشەوە، خۆیان بە قەرزاری ماركسیزم دەزانی، ڕەگی دوهەمیش ئارەزوویەكی زۆری بۆ ڕێكنەخستن و هەروەها وێرانكردن هەبوو..هەر لەبەر ئەمەش بزووتنەوەكە، ڕەخنەگرتنی كەسانێكی وروژاندووە[١١].

تیری ئیگلتۆن لەئاماژەیەكی سوكایەتی پێكەردا بۆ ئەم بزووتنەوەیە، دەنوسێ: "لەساڵی ١٩٦٨ دا بزوتنەوەی خوێندكاری سەرتاسەری ئەوروپای گرتەوە. پۆلیس و سوپا لەشەقامەكاندا كەوتنە دژایەتی خوێندكارانێك كە بۆ مسۆگەركردنی یەكێتی لەگەڵ چینی كرێكاردا، تێدەكۆشان. بزووتنەوەی خوێنكداری بێتوانا لەدەستەبەركردنی رابەرێكی سیاسی گونجاو، لەبگرەو بێنە گومراهكەرەكانی

سوشیالیزم، ئەناشیزم و زویربوون و ئاشتی منالانەدا غەرقبوو، تا لەدەرئەنجامدا ناچار بە پاشە كشێكردن بوو. لەبەرئەوە پاش بونیادگەری ***Post sturcturomism*** بەرهەمی تێكەڵبوونی سەرخۆشی و سەرگەردانی، رزگاری و پەرتبوون، شادمانی گشتی و وێرانی، واتە بەرهەمی ١٩٦٨ بوو، پاش بونیادگەری كە توانای تێكشكاندنی بونیادەكانی دەسەڵاتی دەوڵەتی نەبوو، لەبری ئەمە ژێر و ژوركردنی بونیادەكانی زمانی كرد بە شتێكی مومكین[١٢].

هەرچەندە پێدەچێت دیدی ئیگلتۆن بەشێك لەهەقیقەتی تێدا بێت، لەژێر ئەو ناونیشانەدا كە بزوتنەوەكە لەڕ وەرگێڕان لەقسەكەر یان رابەرێكی بەرجەستە، جۆرێك لەشكستی خێرای قبولكرد و بیری ٦٨ نەیتوانی بەو شێوەیەی كە پێویستە گرنگی خۆی دەربخات، بەڵام لەبنەڕەتدا ئەو بەلگەیەی لێرەدا دەهێنرێتەوە ئەوەیە كە بزووتنەوەی ناوبراو خۆی بەدوای دوركەوتنەوە لەرابەران وقسەكەرانی گەورە كە وەك حەكایەتی گەورە ***Metanarrative*** بانگەشەی زانینی هەقیقەتیان دەكرد، دوردەكەوتنەوە[١٣]. خوێندكارانی ناڕازیی لەگەڵ ئەوەشدا كە هەموو بەرهەمەكانی باكۆنین و ماركس و ئنگڵزیان خوێندبۆوە. بەڵام وا بیریان دەكردەوە كە جێبەجێكردنی ئەو تەماعانەی لەدیدی رۆشنبیرانی مولتەزیمەوە كەوتۆتەوە، ئەنجامەكەی جگە لەدەسەڵات و سەركوتكردنی بەردەوام شتێكی دی نابێت. كەوابوو دەكرێ مەزەنەی ئەوەبكەین بزووتنەوەكە هەر لەسەرەتاوەو بەشێوەیەكی سوریالیستی مەرگی خۆی قبولكردبوو، هەر لەبەرئەمەش بە توندی شەیدای دیدی هونەری و سیاسی سوریالیزم بوو. خوێندكاران بە رووەرگێڕان لەقبولكردنی "قسەكەرێك" پیشانیاندەدا كە هەنوكە مرۆڤەكان نین دەسەڵات دەگرنە دەست، یان حیزبەكان نین كە چنگدەكەن بەدەسەڵاتدا، تەنانەت خوێندكارانیش نین، بەڵكو ئەوە خەیاڵە كە دەست بە كارێكی وادەكات. بێگومان ئەمە تاكە دەست بەسەراگرتنێكی دەسەڵاتە كە دەتوانێت رووبدا، بێئەوەی فەسادێكی بەدوادا بێت. هەر لەبەر ئەمەش تەنانەت ماركیوز دەورێكی دیاری لەم بزوتنەوەیەدا وەك رابەرێك هەبوو، بانگەشەی رابەرێتی رەددەكاتەوە. ماركیوز لەچاوپێكەوتنێكدا لەگەڵ برایان ماگی لەمبارەیەوە گوتوێتی: "من لەچالاكیەكانی شەستەكان و سەرەتای حەفتاكانی خوێنكاراندا، مورشید و پێشەوای خوێندكاران نەبووم. من تەنها هەندێك بیرو

بۆچوون کە لەو سەردەم و فەزایەدا پەرشوبلاو بووبوونەوە، شکڵبەندی کرد و دەربڕی. نەوەی خوێندکاران لەو سااڵنەدا بۆ دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر بە کۆمەڵگایەك دەستیان بە چااڵکیکرد کە هەر ڕۆژەی نایەکسانی و ستەم و دڵڕەقی و وێرانکەری گشتی دەردەخست، پێویستیان بەوە نەبوو دوای سیمایەکی شێوە باوکانە یان شێوە باپیرانە بکەون، خۆیان ئەم شتانەیان ئەزموونکرد ولەپێش چاویاندا دەیانبینی"[١٤].

دیدی مارکیوز بەشێك لەبیری ٦٨ ئاشکرادەکات.لەاڵیەکەوە بێزاری گشتی لەپرۆسەی کەڵەکەکردنی مادی و نەبوونی ئیمان و ئیلتیزامی سیاسی لەدەیەی ١٩٥٠دا و لەاڵیەکی دیشەوە ئاماژە سەرەتاییەکانی ناسەقامگیری ئابوری لەسەرمایەداری ڕۆژئاوادا، هۆ و هۆکاری هاوبەشی نائارامیەکانی فراوانەکانی خوێندکارانی پێکدەهێنا. لەبەرئەمە دەرئەنجامی ئەم بزوتنەوانە، وەك لەاڵیەن یەکێك لەخوێندکارە توندڕەوەکانەوە پێشکەشکرابوو، "بانگەشەکردن بوو بۆ لەناوبردنی فەزای بۆرژوازی پەروەردە"[١٥]. بەشێکی تری هەقیقەتەکەش لەاڵیەن هابرماسەوە لەو ڕوانگەیەوە خراوەتەڕوو کە خوێندکارانی ٦٨ یەکێك لەڕەوتە گرنگەکانی نەریتی ڕۆشنگەری سیاسی بوون. ئەگەرچی هابرماس لەدرێژەی ڕێگەدا وازی لەهاوڕێیەتی بزووتنەوەکە هێنا[١٦]. بە بڕوای هابرماس خوێندکاران و ناڕازیبوونی ئەم نەوەیە، بە پێچەوانەی تێگەیشتنی هەڵەوە کە هەندێك نوسەر پێیان لەسەر داگرتووە، قڵپکەردەوەی میراتی ڕۆشنگەری نەبووە[١٧]. بەاڵکو دەکرێ لەژێر کاریگەری دیدی هابرماسدا بگوترێ، ئەم گروپانە بە دوای گەڕانەوەی ئەو ئازادی و فەزیلەتە لەدەستچووانەدا بوون کە لەئەنجامی سەقامگیربوونی سیستەمی تاك ڕەهەندی، ئازادی وەك یەکەم قوربانی لەکۆمەڵگا کردبووە دەرێ[١٨].

شۆڕشی خوێندکاری ٦٨ ناوبانگێکی بۆ بزوتنەوەکە پەیدا کرد. "شۆڕشەکە بەشکاتکردن لەسنورداریتی ئازادی ڕادەربڕین لەفەزای زانکۆدا دەستی پێکرد، بەاڵم زۆر زوو ڕاکێشرا بۆ مەسەلەی گەورەتر: ماهیەتی زانکۆی نوێ و پەیوەندی بەکۆمەڵگاوە و جێگەی خوێندکاران لەزانکۆدا"[١٩]. دیارە لەنێو ئەم مەسەلانەدا جۆرێك لەڕەخنەش لەمۆدێرنە و کلتورە چونیەککەڕەکەی هەبوو کەخوێندکاران بە دروشمی "قەدەغەکردن، قەدەغەیە"[٢٠] لەیەککاتدا ڕەخنەیان لەکرداری

قەدەغەکردنە کلتوریەکانو زۆرداری سەرمایەداری دەوڵەتی و تایبەتی دەگرت. ناوەڕۆکی یەکێك لەدروشمەکانیان واتە "هەلومەرجی کارەساتاوی خوێندکاری" بەدوای ژیانێکی نوێدا دەگەڕا، کە لەهەلومەرجی سەرکوتکەرانەی سەرمایەداری دەوڵەتی و ئازاد دا بەدەست نەدەهات.

بزووتنەوەی نیمچە شۆڕشگێرانەی خوێندکاران، هێرشکردن بوو بۆ ئەو وێنایەی زانکۆ کە پێیان دەگووت کارخانەی زانینسازی ***Knowledge Factory***، ئیرویڕنگ هاو لەبارەی زانکۆوە گوتبووی: "یاسایەك بۆ پەروەردەی بێمەبەستانە..کە بەشەوق و ئارەزووی وتوێژێك گەرم دەبێت کە بەبڕوای ئەوانەی زانکۆیی نین، بێ سودە و قابیلی تێگەیشتن نیە..پەنای بیرۆڕاکان، جێگەیەك کە تیاییدا دەتوانرێت کەسانێك ببینین وەك نمونەی دیسپلینی فکر و عەشق بۆ زانین، چااڵکی تیادەکەن". بەبڕوای خوێندکاران ڕێك لەبەرئەوەی زانکۆکان لەو کاتەدا ئاڕاستەیەکی وایان وەرنەگرتووە کە هاوو گوتوێتی، ڕووی لەاڵوازیکردووە. کەوابوو ئەم جێگایەی دووبارەکردنەوەی وتاربێژیە بی نرخەکان، دەبوو بە تونڈی ڕەخنە بکرێت، لەپێشچاوی ئەواندا زانکۆ دەزگایەکی بیرۆکراتی بوو کە بە تەواوی لەژێر دەسەاڵتی بەهاکانی کارخانە بازرگانیەکان و نوخبە کەمەکانی دەسەاڵتدایە. هیچ کەس نکوڵی لەوە ناکات زانکۆ نابێت لەژیانی کۆمەڵگای دەرەوە دوور بێت و وەك حەمامی عەقڵ، لەفەزای خۆی جیا بێت، بەاڵم خوێندکاران و دواجار زۆرێك لەمامۆستایان دەڵێن بەهاکانی زانکۆ دەبێت راستەوخۆ لەبەهاکانی جیهانی بازرگانی، پارە و سیاسەت و هاوشێوەکانی جیا بێت و ئەگەر بڕیارە پێکدادانێك لەڕووی فکری و ئایدیەوە لەنێوان ئەم جیهانانەدا ڕووبدات، لەم حاڵەتەدا دەبێت زانکۆ بتوانێت وەك لیژنەیەکی سەربەخۆ و ئەندامێکی یەکسان، بەشداری لەم وتوێژەدا بکات.

دیارە هەندێك کەس لەمەش زیاتر دەڕۆن و فەزیلەتی جۆرێك لە"دەیر" بۆ زانکۆ قایلن و دەڵێن دەبێت لەجیهانێکێکدا کە هەر ڕۆژێك زیاتر دەچێتە ژێر دەسەاڵتی بەها کاسبکاری و سەربازیەکانەوە، بە تایبەتی ئومێدێکی زۆربە زانکۆ ببەسترێ، چونکە جێگەی پەروەردەکردنی بیرۆڕای جیاواز و گەشانەوەی زیاترە.

بزوتنەوەی خوێندکاری لەو سەردەمەدا بەهەر شێوەیەك بووە، چەندان مەسەلەی گرنگ و هێشتا چارەسەر نەکراوی خوێندنی باڵای لەکۆمەڵگا پیشەسازی و

دیموکراتیە تازەکاندا، هێنایە ناو بواری گشتیەوە، بۆ ئەوەی چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە. بەڵام بەهۆی بەدبینیەکەوە کە دەرئەنجامی میراتی رابردوو بوو، بە ئەندازەیەك جوڵەکەیان توندبوو کە بە توندی هێرشیاندەکردە سەر هەموو جۆرە وێنایەکی کونزەرڤاتیڤانە. لەمڕەوەوە لەبەشێك لەم بزوتنەوە خوێندکاریانەدا کەسانێك لەجدیترین نەوەکانیان، هیچ بەهایەکیان بۆ فەیلەسوفانی فرانکفۆرت، وەك هۆرکهایمەر و ئادرنۆ دانەدەنا. تەنانەت بڕوایانوابوو ئەوانیش دەبێت وەك دەزگایەکی پاشماوەی ڕوداوی سەرمایەداری لەناوبچن.

ئەوان لەم چوار چێوەیەدا هاوڕێ لەگەل رەخنەکانی مارکیوزو تیمۆتی لێری ***Timuthu Leary*** دەیانویست دەسەڵاتی سیستەمی سەرمایەداری لەناو ببەن کە وەك مارێکی نۆ سەر (***Hydra***) لەهەموو شوێنێکدا ئامادەیە و چاودێرە. سوزان سونتاگ کە لەبارەی ڤالتەر بنیامینەوە کە یەکێکە لەرەخنەگرەکانی سەرمایەداری، گوتبووی کار و بەرهەمەکانی ڤاڵتەر بنیامین دۆزینەوەی ستاتیکای شکستە، دەتوانێت ئێمە لەو ڕاستیە ناسکە نزیکبکاتەوە کە هۆی دۆزینەوەی و سەر لەنوێ خوێندنەوەی بەرهەمەکانی بنیامین لەپاش شکستی بزووتنەوەی پێشڕەوی خوێندکاری ٦٨، جۆرێك ستاتیکای شکست و لاواندنەوەیەك بوو بۆ ئەم بزوتنەوەیە.

ناڕازیبوونی خوێندکاران بەشێوەی جیاواز، بەتەمای لەناوبردنی مۆنۆلۆگی فەرمی و تاك ڕەهەندانەی دەسەڵاتدارێتی حوکمکەرانی کۆمەڵگا بوو، ئەوەی دەبوو لەبری ئەمەش دابنرێت، جۆرێك خود بەڕێوەبردنە (***Self Management***) لەبەشە جیاوازەکاندا. بەڵام بزوتنەوەکە هیچ کاتێك بنەمای خۆ بەڕێوەبردنیان لەتیوریەوە نەکرد بەشتێکی پراکتیکی، بەڵام ئەم بیرۆکەیە کەوەك ئیلهامێکی هەمیشەیی، لەلایەن زیهنەکانەوە پێشوازی لێدەکرێت، هێشتاش دەتوانێت لایەنگرانی راستەقینەی خۆی بدۆزێتەوە.

میراتی بەجێماو لەبزوتنەوەی خوێندکاری، لەژێر ناونیشانی "بیری ٦٨"دا لایەنیکەم لەهەلومەرجی پۆستمۆدێرندا، بەباشی قابیلی تێگەیشتن و دەرککردنە. ئەم بزوتنەوەیە خاڵێ دەرچونێکە بۆ وێنەی مرۆڤێك کە بە هێرشکردن بۆ سەر ئەو بونیادانەی بەسەریدا سەپێنراوە، بەرگری لە"فرەیی گوتار" دەکات. خوێندنەوەی بیری ٦٨ لەقۆناغی ئێستادا خاڵی ناسك ئاشکرادەکات، کە ڕەنگە ببێتە هۆی

لەناوچوونی بڕێك لەو بەدحاڵیبوونانەی بزوتنەوەکە دروستیکردووە. بێگومان وێرانکردن و لێکبوردنی سیاسی کۆتایەکانی شەستەکان کە هاوکاتبوو لەگەڵ بزوتنەوەی رەخنەگرانە لەزۆربەی وڵاتەکاندا، هەنوکە دەتوانێ لەپاڵ نکوڵیکردن لەدروشمی گەورە و بونیادشکێنانە، لەپاڵ نەیارێتی لەگەڵ چەمکە گەورەکان و ناوهێنانی "کۆتایی" بەسەر هەموو حەکایەتە هەقیقەت نماکاندا، جێگەیەك بکاتەوە تا گوتاری فرە و جیاواز دەربکەوێت، بێئەوەی بیەوێت نەخشە یان پڕۆژەیەکی کۆتایی بۆ پێشکەشبکات. ڕەنگە لەمڕەوەوە فردریك جیمسۆن راستبکات کە لەدۆزینەوەی پەیوەندی نێوان بزوتنەوەی ٦٨ و پۆستمۆدێرنیزمدا، پۆستمۆدێرنیزم وەك میراتی هەمان بزوتنەوە، وەك "ئەناشیزمی نوێ"[٢١] ناودەهێنێت. ئەم ئەنارشیزمە تازەیە رایدەگەیێنێت، هەقیقەت لەهەموو شوێنێکدا هەیە و لەهیچ شوێنێکیشدا نیە. ئەم کردارخوازیە تەنها لەڕووی لوژیکی دەرونیەوە قابیلی تێگەیشتنە.

لەکۆتاییدا و لەکۆی ئەو شتانەی لێرەدا بە کورتی باسکرا، دیسان دەگەڕێمەوە بۆ رستەکەی مارکس کە لەسەرەتای ئەم وتارەدا هێنامەوە، کە هەنوکە لەسەردەمی ئێمەدا ئەویش نەك لەبەردەم جەستەی کوژراوی کۆمۆنەی پاریسدا، بەڵکو لەبەردەم جەستەی کوژراوی بزوتنەوەی ٦٨دا، بیرۆکە گەلێك کۆبونەتەوە کە بەشێوەیەکی بە زەبر و بەهێز، بیرێکی بەهێزیان لەکردارخوازی و جوڵەی کۆمەڵایەتیان لەگەڵدایە. ئەم میراتە پاش شەستەکان لەزۆرێك لەبزوتنەوەکان و بزوتنەوە خوێندکاری و ناخوێندکاریەکانی وڵاتانی دیدا، کارتێکردن و کاریگەری خۆی پیشاندا[٢٢].

پەراوێزەکان

Engels and Linin. Anarchism and Anarcho ،1-Marx 1974) p.56-57.، (Moscow: progress،Sandicalism

٢-سی. و. ای. بیگزی: دادا و سوریالیزم، وەرگێڕانی حسین ئەفشار، (تاران، نشر مرکز، ١٣٧٥) ص٥٩.

٣-دێڤید هیڵد لەمبارەیەوە بە ئاماژەکردن بۆ قەیرانەکانی پاش ١٥ ساڵ

سەقامگیری دوای جەنگی جیهانی دووهەم، ئاماژە بۆ کۆمەڵی بەرهەمی سیاسی و فەلسەفی دەکات کە لەبەرامبەر ئەو کۆمەڵە شیکەرەوە سیاسیانەی دەیەی پەنجادا و تەنانەت سەرەتای دەیەی شەست بوو، کە بە گشتی هاوکاتی خۆشبینیەکی زۆر بوو لەبارەی یەکپارچەیی، رێکەوتن، سەقامگیری سیاسی و لەم بابەتە شتانە. ئەو بیرانەی لەبەرهەمەکانی ئاگاداره سیاسیەکانی کۆتایەکانی دەیەی شەست و سەرەتاکانی حەفتاکاندا دەردەکەوت، کۆمەڵێك چەمك بوون کە بە گشتی نەیاری بیرەکانی پێشوو بوون. بەرهەمی زانایانی زانستی سیاسی و کۆمەڵناسی سیاسی و فەیلەسوفەکان لەژێر کاریگەری قەیرانەکانی سەردەمدا، و سەرقاڵی شتگەلی وەك هۆکانی تێکشکانی رێکەوتن و گونجان، لاوازی بونیادی دیموکراسی سەرمایەداری و لەناوچوونی ئابوری کلتوریەکەی بوو بوو.

دیڤید هێڵد، مۆدێلەکانی دیموکراسی، ت: عباس مخبر (تاران، رۆشنگران، ١٣٦٩) ص٣٤٧-٣٤٥.

٤-بۆ ئاگاداری زیاتر لەبارەی دوو کەس لەبیریارانی قوتابخانەی فرانکفۆرت واتە هۆرکهایمەر و ئادرنۆ و پەیوەندی بیرکردنەوەیان بە بزوتنەوەی خوێندکاریەوە، بگەڕێوە بۆ: بابك احمدی، خاطرات ظلمت. (تهران، نشر مرکز، ١٣٧٦).

٥-ریمۆن ئارۆنی گەورە بیریاری سیاسی هاوچەرخ، لەبەرگی دوهەمی یادەوەریە سیاسیەکاندا لەو فەسڵەدا کە باسی ئایدۆلۆژیەکان دەکات، بۆ بەرگریکردن لەبزوتنەوەی خوێندکاری و رەخنەگرتن لەوەی کە ژمارەیەك لەئاگاداران بزوتنەوەی خوێندکاریان بە شێوەیەك لەبونیادگەری ئاڵتۆسری داناوە، بڕوای بە تێکەڵکردنی مارکسیزم و فرۆیدیزمە کە لەنمایشەکانی شەقامەکاندا بە ئاشکرا دەردەکەوت، بەجۆرێك کە بە بڕوای ئەو وەك چاودێرێك، هەر کاتێك خوێندکاران دەهاتنە ناو شەقامەکان، ئاڵتۆسیریەکان لەو سەریەوە رایاندەکرد. لۆسیان گۆڵدمانیش ئاماژە بۆ دروشمێکی خوێندکاران دژی بونییادگەری دەکات، کە لەپۆلێکدا لەسەر تەختە ڕەشەکە نوسرا بوو "گەمژەیینە! خۆ بونیادەکان ناڕژێنە ناو شەقامەکانەوە"، بگەڕێوە بۆ: لۆسیان گولدمان و دیگران. لوسیان گولدمان، گزیدە و ترجمە محمد جعفر پیندە، (تهران نشر چشمه، ١٣٧٦).

٦-هۆرکهایمەر بەسەرنجدان لەو روداوانەی کە بە هۆی خوێندکارە ناڕازیەکانەوە

ئەنجامدەدرا، زمانی ڕەخنەی کردەوە و گوتی: کاتێك من نمونەی رەخنەگرانەم دروستکرد، هیچ بیرم لەوەنەدەکردەوە کە ڕۆژێك بیانەوێت بە کۆکتێل مۆلۆتۆف بیهێنە دی. هۆرکهایمەر لەم دەیەدا چەندانجار دژی خوێندکاران ڕاوەستا، بۆ ئەوەی لایەنەکانی بەناو هەڵخەڵەتێنەرە زێدەڕەویەکانیان ئاشکرابکات. و پیشانیبدات کە دژ بە ئەمریکایی بوونیان، بە مانای لایەنگری توتالیتاریزمە. لەیەکێك لەم وتارانەدا یەکێك لەخوێندکاران هاوار دەکات: "هۆرکهایمەر تۆ وتیورە رەخنەگرانەکەت بەیەکەوە مردوون". لەپاڵ هۆرکهایمەردا سیمایەکی بەناوبانگی تری قوتابخانەی فرانکفۆرت، واتە هربرت مارکیوز، بەرگری لەمافی سروشتی نەیارێتی، یاسای ناڕازیبوون، و بیری مەزن دەکرد. هەروەها هابرماس کە تا ماوەیەکی زۆر لایەنگری ئەم بزوتنەوەیە بوو، لەکۆبونەوەیەکی خوێندکاران لەژوینی ١٩٦٧دا بەشداریەکی چالاکیکرد و لەگەڵیاندا لەبارەی ژێر و ژورکردنی سیستەمی پەروەردە و خواستە رادیکاڵیەکانی تریاندا تەبا بوو. ئەم کۆبوونەوەیە لەپاش کوشتنی بنواهە سۆرگ، ئەو خوێندکارە لاوەی کە لەخۆپیشاندانەکەی دژی سەفەری شای ئێران بۆ ئەڵمانیا کرا، بە گلوله کوژرا بوو، ئەنجامدرا و لەهەمانکاتدا گەورەترین کۆبوونەوەی خوێندکاری ئەڵمانیا و دەستپێکی بزوتنەوەی پێشڕەوی خوێندکاری بوو.

تەماشای ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە بکەن: ستیوارت هیوز، هجرت اندیشه انتقادی، ترجمه عزت الله فولادوند (تهران، گرح نو، ١٣٧٦) ص ١٩٥ به دواوه.

٧-تام. بۆتۆمر: منتقدان جامعه. ترجمه: محمد جواهر کلام (تهران، نشر سفیر، ١٣٦٩) ص١٠١.

(New York & Loondon: ، Anarchism،8-Daniel Guerin
pp. 158-159.، 1970)،Monethly Review
p.159.،9-I bid

١٠-شۆڕشی خوێندکاران لەشەستەکاندا ڕێکەوتی وەرچەرخانێکیش بوو لەهونەری مۆسیقای ڕۆژئاوادا کە بوو بووە هاوڕێی بزوتنەوە رەخنەگرەکان. لەم ڕووەوە دەکرێت ئاماژە بۆ گروپی بیتلەکان (**Beatles**) و لینگ ستۆنەر بکەین کە بەرهەمەکانیان لەلایەکەوە رەنگدانەوەی هەست بوو، لەلایەکی دیشەوە یەکێك لەهۆکارە کاریگەرەکان بوو لەگۆڕانی فەزای فکری و سۆزداریتی بەشێك لەلاوان کە

لەشەستەکاندا بە شۆڕشەکەی خۆیان، ڕابەرێتی یەکێتی شورەویان لەبەرەی چەپدا رەتکردەوە، سیاسەتی ئەمریکایان لەفێتنامدا ریسوا کرد و کلتوری قەلەندەری و بێهودەییان بەرامبەر بە دیانەتەکان و قوتابخانە فەلسەفیەکانی ڕۆژهەلآت و بەکار هێنانی مادە بێهۆشکەرەکانیان، بە هێرشکردن بۆ مادیگەری ڕۆژئاوا، پەرە پێدا.

١١-لەپاڵ چەند رەخنەگرێکدا کە ناوی یەکێکیان لەوتارەکەدا هاتووە، دەبی ئاماژە بۆ گلن تیندەریش بکرێت کە سەرەڕای هاوڕێیەتی لەگەل ئەم ڕەخنە روکەشانەدا، خوێندکاران و بزوتنەوەکەیان تاوانبار دەکات. بە بڕوای ئەو زۆرێك لەخوێندکاران و رەشەکان بە دەستێوەردان لەهەقانیەتی دەوڵەتدا، فێری وانە مەکیافیلیەت بوو بوون. چونکە ئەوان لەپێناوی ئاشتیدا هەلومەرجی ئارمیان دەشێوان و بە مەبەستی بەدەستهێنانی عیزەت بۆ هەموان، سوکایەتیان بە کەسانێك دەکرد کە لەسەر کورسی دەسەلآت بوون. تیندەر بە ئاماژە کردن بۆ ڕەخنەی خوێندکارانی ناڕازی لەئەمریکادا، کە رەخنەیان لەشێوازی جێبەجێکردنی دەستوری ئەمەریکی دەگرت، دەنوسێ: شێوازی توتالیتاری و دیموکراتی دووڕە لەرۆح و بونیادی دەستوری ئەمریکاوە، بەڵام بینینی ئاماژەکانی لەهەستی خوێندکارانی خەباتگێڕ و رەشەکاندا، شتێکی ئەستەم نیە. بەهۆی شۆڕشە زانکۆییەکانەوە، چالاکی ئاسایی زانکۆکان شێوا و دەنگی نەیارە کپ کراوەکان و ئەو داواکاریانەی کە قابیلی جێبەجێکردن نین، هاتنە ئاراوە. کاری لەم شێوانە بە مانای قبوڵنەکردنی کێشەی جێگیری سنوردارێتیەکان و دەرکی ماهیەتی نەبوونی ڕێکەوتنەکان و بڕیاردانەکانە. خوێندکارانی یاخی بانگەشەی ئەوەیان دەکرد ئەم شێوەیەی هەڕەشە کردن بە مەبەستی پاراستنی دۆخی باو و کۆی ئەو نادادپەروەری و نایەکسانیەی کە تێیدایە، هاتۆتە ئاراوە.

تەماشای ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە بکەن: گلن تیندەر: تفکر سیاسی، ترجمە محمود صبری (تهران: علمی و فرهنگی، ١٣٧٣) ص ٧٤-٧٦.

١٢-تری ئیگڵتۆن ئەم دیدە نێگەتیڤە لەکتێبی "مقدمە بر نقد ادبی" ترجمە عەباس موخبر، دەهێنێتە ئارا و لێرەوە بەو دەرئەنجامە دەگات کە گێژاوی ناو پۆستمۆدێرنیش لەشکستی سیاسی ئەم بزوتنەوەیە بووە (واتە بزوتنەوەی ٦٨). ئەو لەیەکێك لەجیدیترین بەرهەمەکانی خۆیدا بەشێوەیەکی جێی سەرنج، پاشەکشێی کرد و مۆری سەلماندنی لەبەشێك لەرەخنەکانی شەستەکاندا، لایەنیکەم لەڕووی

هونەریەوە.

تەماشای ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە بکەن: (*Terry eagleton، the lideology of the Arthetic "London: Basill Blackwell،"1944*).

١٣-بە بڕوای نوسەرێك ئەوەی کە خوێندکارانی ناڕازی، لەرابەرە مەزنەکان بە ناوی ڕۆشنبیران، دوردەکەوتنەوە، خۆی لەخۆیدا هەقیقەتێکی دی ئاشکردەکات. سالّی ١٩٦٨، بە بڕوای ئەو سالّی کۆتایی ڕۆشنبیرانی گەورەیە و خوێندکاران ئەوانیان تا ئاستی قوتابیەك هێنایە خوارەوە. چیدی هیچ ڕۆشنبیرێك نەیدەتوانی بانگەشەی هەقیقەت زانین بۆ جەماوەر بکات.

تەماشای ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە بکەن:

in ، "Are intellectuals a dying species?"،-David. Schalk ، Jeremy Jennings ed، edited By،Intellecuals in polittics pp 271-289.، 1997)،(London: Rouledge

١٤-برایان ماگی، اشنایی با فلسفه غرب، ترجمە عزت الله فولاندوند، (تهران، خوارزمی، ١٣٧١)، ص ٩٧.

١٥-تام، باتامور، هـ. س. پ. ص١٠٩.

١٦-رتانە هالوب: هابرماس (نقد در حوزەعمومی) ترجمە حسین بشیریە، (تهران، نشر نی ١٣٧٥)

(London: ، Enemies of Hope،17-Raymond Talid pp51-67.، 1997)،Macmilan press
Negations Essays in Critical ،18-Hervert Marcuse 1969) in ، (Allen and the pengun press،Theory introduction.

١٩-تام، ب. باتامور، هـ. س. پ. ص١٠٤.

٢٠-رامین جهانبگلو، نقل عقل مدرن، (تهران: نشر فرزان، ١٣٧٦)، ص ٣٣١.

Using political ideas (New York: ،21-Barbara Goodwin 1992). P.142.،John Wiley press

٢٢-تەماشای ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە بکەن:

محمد تقی قزلسفی، "در بر تك گویی" روزنامه ایران، ۱۹ خرداد ۱۳۷۷.

۲۳- فردریك جیمسۆن: "مارکسیزم و پست مدرنیسم" ترجمه احمد تدین، در پسامدرنیسم در بوته نقد، (تهران: نشر اگه، ۱۳۷۵) ص۷۰-٤٤.

۲٤-ئاگنس هلر، لەپێشەکی کتێبی "هەلومەرجی پۆستمۆدێرن"دا، هاوکات لەگەڵ ئاماژەکردن بۆ ئەو مەسەلەیەی کە هەلومەرجی سیاسی پۆستمۆدێرن لەژێر کاریگەری رۆداوەکانی شەستەکاندایە، باسی لێکچوونی بزوتنەوەی خوێندکاری ۱۹٦۸ لەگەڵ جوڵەی خوێندکارانی ساڵەکانی ۱۹۷۹-۱۹۷۸ی ئێران دەکات و بە دەربڕینێکی تر جۆرێك لێکچوون لەهەڵوەشاندنی سیستەمی دەسەڵاتدا لەنێوان ئەم دوانەدا دەبینێ.

تەماشای ئەم سەرچاوەیە بکەن:

The postmodern political condition،Agens Heller ، 1988).،(canbridge: plity press bas. 1 Black well

تێبینی:

وەرگێڕانی بەشێکە لەفەسڵی یەکەمی ئەم کتێبەی خوارەوە

محمد تقی قزلسفلی: بازخوانی اندیشه ٦٨. تهران. فرهنگ و اندیشه. ۱۳۷۷.

دیموکراسی و بزوتنەوەی خوێندکاری

وتوێژ لەگەڵ چەپەکاندا

نوسینی: رابرت هۆلاپ

ڕەخنە سەرەتاییەکانی هابرماس لەسەر تیۆرەی ڕافەکردنی گادامێر، سەرەتا

لەساڵی ۱۹٦۷دا لەگۆڤاری فەیلەسوفیشە روندشاو، بلاوکرایەوە، دوهەم بەشداریکردنی هابرماس لەم وتوێژەدا لەساڵی ۱۹۷۰دا لەنامێلکەیەکدا کە بەبۆنەی یادی لەدایکبوونی گادامیرەوە بلاوکرایەوە دەرکەوت[1]. بەڵام ئەمە تەنها وتوێژێك نەبوو کە هابرماس بەدرێژایی ئەم ساڵانە بەشداری تێداکرد. روبەروبونەوەی لەگەڵ بزوتنەوەی خوێندکاریدا گرنگتر، خێراتر و پڕ و جۆش و خرۆشتر بوو. بزوتنەوەی خوێندکاری لەئەڵمانیادا وەك وڵاتەکانی دی ڕۆژئاوا، بەرهەمی شەستەکان بوو. بزوتنەوەی خوێندکاری ئەڵمانیا کە بەپێگەیشتنی یەکەم نەوەی سەردەمی لەدایکبووی پاش جەنگ دەرکەوت، خاوەن هەمان هۆکار و ئارەزوو بوو کە بزوتنەوە هاوشێوەکانی لەوڵاتە پیشەسازیەکانی دیدا هەیانبوو. نارەزایبوونی گشتی لەپرۆسەی کەڵەکەکردنی مادی و نەبوونی ئیمان و ئیلتزامی سیاسی لەپەنجاکاندا و هەروەها یەکەم ئاماژەکانی ناسەقامگیری ئابوری لەسەرمایەداری ڕۆژئاوادا، هۆکار و هۆی هاوبەشی پەشێویە خوێندکاریە بەربلاوەکانی پێکدەهێنا.

بەڵام دوو هۆی تایبەتیش لەئەڵمانیادا هەبوو. هۆی یەکەم و سەرەتایی رابردووی سەنگینی ناسیونال سۆسیالیزمی ئەڵمانیا بوو. بەدرێژایی ساڵەکانی سەر لەنوێ بیناکردنەوەی موعجیزە ئاسای ئابوری کە بەناوی "موعجیزەی ئابوری"یەوە بەناوبانگبوو، بەشێکی سەرەکی خەڵکی کارو کردەوەکانی ڕژێمی نازیان فەرامۆشکردبوو. بەڵام بەرپاکردنی دادگاکانی ئایشمەن لەساڵی ۱۹٦۱دا دادگاکانی ئاشقێتز لەساڵی ۱۹٦۳دا و بلاوبونەوەی شانۆنامە جەماوەریەکان لەبارەی رایشی سێهەم و لەوانە درامای وروژێنەری ڕۆلف هۆخوٓت لەژێر ناونیشانی "نوێنەر"دا، هوشیاری نەوەی تازەی سەبارەت بەپێشینەی فاشیستی ئەڵمانیا پەرەپیدا. دیارە ئەم نەوەیە چەندان پرسیاریان لەباوکان و دایکانی خۆیان هەبوو، کاتێکیش وەڵامی قانعکەریان پێنەدرایەوە، مللانێ دەستیپێکرد. مللانێی نەوەکان لەئەڵمانیادا شتێکی زیاد لەدوبارەکردنەوەی مللانێی هەمیشەیی و دێرینەی نێوان باوك و کوڕ و دایك و کچ بوو. ئەم مللانێیە ڕەهەندێکی سیاسی ئاشکرای پەیداکرد. هۆی دوهەم ئەوەبوو کە بزوتنەوەی خوێندکاری لەئەڵمانیادا بەشێك بوو لەتەوژمێکی بەر بلاوی نەیارێتی کە بەناوی "نەیارانی دەرەوەی پەرلەمان" ناسرابوون. ڕەنگە گرنگترین هۆکاری کاریگەر لەدروستبوونی ئەم تەوژمەدا، یەکێکیان دروستبوونی کۆنگرەی

حیزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا لەساڵی ١٩٥٩دا بڕیت، کە بووە هۆی پیاچونەوە بەهەندێك لەبنەماکانی سوشیالیزمدا و ئەویدیان پێکهێنانی بەرە لەنێوان هەردوو حیزبی سەرەکی سۆشیال دیموکرات مەسیحی بڕیت کە لەساڵی ١٩٦٦ دا ڕوویدا. ئەو دەرئەنجامانەی گروپە پێشکەوتوخوازەکان لەم ڕووداوانە وەریانگرت، ئەوە بوو پەرلەمان چیدی جێگەی ئەوان نیە و گروپە بەراستی نەیارەکان، دەبوو خۆیان بخەنە دەرەوەی چوارچێوەی فەرمی حکومەتەوە[٢].

هابرماس هەستی بەهاودەردی لەگەل ئەم تێڕوانینە ئۆپزسێۆنیە بان پەرلەمانیەدا دەکرد. کەوابوو نەیارێتی هابرماس لەگەڵ ئەم تەوژمەدا بەمانای ڕاستەقینەی وشە کورتدەبۆوە بۆ ڕێکنەکەوتنی لەگەڵ ڕەگەزەکان یان هەندێك لەشێوازەکانی بزوتنەوەی خوێندکاری. لەڕاستیدا هابرماس بەردەوام دەیگووت کە بەرگری لەئامانجە هەمەکیەکانی خوێندکاران کردووە و بەپێچەوانەی هەندێك لەتەفسیرکەرانەوە، هیچ کاتێك خۆی نەخستۆتە "دەرەوەی چوار چێوەی بزوتنەوەی خوێندکاری"(٣). هابرماس بەلگەی باشی هەیە بۆ ئەوەی بەیەکێك لەلایەنگرانی ئارەزووەکانی خوێندکاران دابنرێت. بەگشتی زۆربەی چاودێرانی ژیانی سیاسی ئەڵمانیا لەشەستەکاندا چ کۆنزەرڤاتیڤەکان و چ چەپەکان، بەرهەمەکانی هابرماسیان بەیەکێك لەسەرچاوەکانی ئیلهامی بزوتنەوەی خوێندکاری داناوە. هابرماس خۆی وەك یەکێك لەبەناوبانگترین ئەندامانی نەوەی دوهەمی قوتابخانەی ڕەخنەگرانە، لەسەرتاسەری شەستەکاندا بەنوێنەری سەرەکی مارکسیزمی نادۆگمایی دادەنرا. یەکەم بەرهەمی سەرەکی هابرماس واتە کتێبی "گۆڕانی بونیادی بواری گشتی" بەشێوەیەکی بەربلاو خوێندرایەوە و لەلایەن چەپەکانەوە وتوێژی لەسەرکرا بەهاوکاری تیورەیەکی سیاسیی نەیاری ڕژێم دادەنرا. هابرماس لەوتوێژێکدا کە ساڵی ١٩٧٩ ئەنجامدرا، ڕوداوەکانی سەردەمی نوسینی ئەو کتێبەی ژماردووە و لەوانە ئاماژەی بۆ دەرکردنی گروپی خوێندکارانی سۆشیالیستی ئەڵمانی (SDS) لەحیزبی سۆشیال دیموکرات کردووە. هابرماس هاوڕێ لەگەڵ گروپێکی بچوکی هاوکارە پێشکەوتوخوازەکانی خۆیدا بەمەبەستی دژایەتیکردنی ئەمجۆرە سڕینەوەیە لەحیزبی سۆشیال دیموکراتدا، "یەکێتی سۆشیالیستی" دروستکرد و گەرچی خۆی نکوڵی لەوەدەکات کە کتێبی "گۆڕانی بونیادی.." بەمەبەستی ڕاکێشانی خوێندکاران

بەلای خوێندکارانی سۆشیالیستی ئەڵمانیادا نوسیووە، بەڵام خودی هابرماس ئەم کتێبە بەبەشێك لەپڕۆژەیەکی سیاسی دەزانێت، بۆ شیکردنەوەی "لاوازیە خودیەکان" و ئەگەرە ترسناکەکانی کۆمەڵگای ئەڵمانیا(٤).

لێرەوە هێنانەئارای یەکێك لەئامانجە سەرەکیە سێ لایەنیەکانی بزوتنەوەی خوێندکاری، وەك بابەتی لێکۆڵینەوە لەکتێبی"گۆڕانی بونیادی"دا شتێکی ڕێکەوت نەبوو. باسەکەی هابرماس لەبارەی لەناوچوونی وتوێژی دیموکراتی ڕاستەقینە و ئەو دەورەی کە دەزگا ڕاگەیاندنە پاوانکراوەکان لەبێئاگاکردن و خۆشباوەڕ هێشتنەوەی زۆرینەی خەڵکدا دەیبینن، بەردەوامی ڕەخنەیەکە کە ئادرنۆ و هۆرکهایمەر لەکتێبی "دیالەکتیکی ڕۆشنگەری"دا پێشکەشیانکردووە. پێشوازیکردنی خوێندکاران لەم باسانە لەکۆتایەکانی شەستەکاندا، بووە هۆی ڕێپێوانی دەستەجەمعی دژی دەزگای بلاوکردنەوەی "شپرینگەر" کە یەکێکە لەگەورەترن و پارێزگارترین کارخانەکانی دەزگای بلاوکردنەوەی ئەڵمانیا و چاپکەری پڕ تراژترین ڕۆژنامەی نەخوێندەوارانە و پڕوپاگەندەی ئەو ولاتە، واتە بیلدتسایتونگە. ئەم ڕۆژنامەیە لەڕەخنەکردنی خوێندکاراندا زۆر سەختگیر بوو، بێگومانیش ئەو پڕوپاگەندە زێدەڕەوانە کاریگەری کردە سەر ئەو تۆندو تیژیەیی کە لەساڵەکانی ١٩٦٧ و ١٩٦٨ دا ڕوویدا.

دووهەم بابەتی سەرەکی کە بزوتنەوەی خوێندکاری لەپێشچاوی دابنابوو، مەسەلەی زانکۆکان و ریفۆرمی زانکۆیی بوو. زۆربەی ڕاپەڕینە خوێندکاریەکان لەشەستەکاندا، ئامانجی هاوشێوەی هەبوو. بەڵام لەئەڵمانیادا ئەم مەسەلەیە لەبەر چەند هۆیەك گرنگیەکی زیاتری هەبوو. سیستەمی زانکۆیی سەرکوتکەر و دامەزراو لەسەر بناغەی زنجیرە پلەیەکی سەخت کە لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا لەئەڵمانیادا هەبوو، تەنها تا ئەندازەیەکی سنوردراو بەهۆی ریفۆرمی دوای جەنگەوە گۆڕابوو. سیستەمی زانکۆی ئەڵمانیا لەسەردەمی پاش جەنگدا کە لەبنەڕەتدا نادیموکراتی و بیرۆکراتیانە بوو، لەبری ئەوەی بەدوای سڕینەوە و لەناوبردنی ئەو نایەکسانیە کۆمەڵایەتی و پەروەردەیەدا بێت کە لەولاتدا هەبوو، ئاراستەی بەرەو پارێزگاریکردن و بەردەوامی ئەو نایەکسانیە بوو. هەروەها لەزۆرێك لەزانکۆکانی ئەڵمانیادا رابردووی فاشیزم سێبەرێکی شومی بەسەر زانکۆکاندا، کێشابوو. لەکاتێکدا کە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات بەگشتی هەموو پایە و پلەی

خوێندنی بااڵی لەفاشیزمەکانی رابردوو پاککردبۆوە، لەئەڵمانیای ڕۆژئاوادا نازیە کۆنەکان هەروا پایە و پلەی خۆیان پاراستبوو و تەنها لەهەلومەرجی پێویست و ناچاریدا، شێوازە پەروەردەیەکانی خۆیان و مەیلە سیاسیەکانیان لەزانکۆدا دەگۆڕی. لێرەوە خوێندکارە چەپەکانی شەستەکان هەستیان بەناڕەزایی و ناخوشنودیەکی گەورە بەرامبەر بەنەوەی ماموستایانی پارێزگار و سەرسەختدەکرد. بەاڵم هابرماس لەکۆتایی پەنجاکانەوە خوازیاری ریفۆرمی زانکۆیی بووبوو، هەروەهاش بەدرێژایی شەستەکان چاالکانە و بەئاشکرا بەرگری لەریفۆرمی دیموکراتیانە و پەروەردەیی دەکرد[٥].

تۆمەتی فاشیزمی چەپێتی

روداوێك لەپەیوەندیدا بەسەرکوتکردنی سیاسی لەجیهانی سێهەمدا کە سێهەمین بواری گرنگی پێدانی بزوتنەوەی خوێنکاری ئەڵمانیا بوو، یەکەم روبەڕووبوونەوەی نێوان هابرماس و هەندێك گروپی توندڕەوی وروژاند. ئەم روداوە لەشەستەکاندا لەبەرلینی ڕۆژئاوا کە یەکێك بوو لەناوەندەکانی نەیارێتی خوێندکاری، هاتە ئاراوە. لەساڵی ١٩٦٤دا چەندان ڕێپێوان بەمەبەستی سەرنج راکێشانی گشتی بۆ نادادپەروەریەکانی ڕژێمە دیکتاتۆریە راستڕەوەکان لەوالتانی جیهانی سێهەمدا، ئەنجامدرابوو. لەدیسامبری ١٩٦٤دا سەردانی موسا چوبێی سەرکۆماری دەوڵەتی کۆنگۆ کە بە بەرپرسیاری کوشتنی پاتریس لۆمۆمبا دادەنرا و هەروەها لەمارسی ١٩٦٥دا سەردانی لیژنەیەك لەبەر پرسیارانی ئەفریقای باشور، روبەڕووی ناڕازیبوونی خوێندکاران بۆوە. بەدرێژایی دوو ساڵ پاش ئەمە، جەنگی ڤێتنام وەك گرنگترین بابەتی پەیوەندی دەرەکی لێهات و شاری بەرلین بوو بەشایەتی زنجیرەیەك ڕێپێوانی تووڕە دژی دەسەاڵتخوازی ئەمریکا لەئاسیای باکوری خۆرهەاڵتدا. کەوابوو فەزای سیاسی شاری بەرلین هەر لەپێشەوە خرۆشا بوو، لەم هەلومەرجەدا و لەکاتی سەردانی شای ئێران بۆ ئەو شارە لەدوهەمی ژوێنی ١٩٦٧دا، خوێندکاران جارێکی دی ناڕەزایی دەستەجەمعیان بەڕێخست. لەو پێکدانەدا کە لەنێوان الیەنگران و نەیارانی شادا رووید، یەکێك لەخوێندکاران بەناوی بنۆ ئۆنسۆرگ بەدەستی پۆلیس بەسەختی بریندارکرا. ئەم خوێنکارە لەکاتی راکردن لەشانۆی ڕێپێوانەکە پێکرا[٦].

مەرگی ئۆنسۆرگ شەپۆلێك لەچاالکی خوێندکاری لەسەرتاسەری زانکۆکانی ئەڵمانیادا وروژاند. لەوروەوە کە ناوبراو لەشاری هانۆڤەر بەخاك سپێررا، کۆنگرەیەکی تایبەت بەناوی "زانکۆ و دیموکراسی" لەزانکۆی ئەو شارەدا بەرپاکرا و هابرماس یەکێك بوو لەو حەوت وتاربێژەی کە لەو کۆنگرەیەدا بانگهێشتکرابوون. وتاربێژیەکەی هابرماس بەهێرشێکی توند بۆ سەر دەوری ڕۆژنامەکان و حیزبە سیاسیەکانی ئەڵمانیا دەستیپێکرد. بەبڕوای هابرماس ڕۆژنامەکان خەباتێکی دژە ڕۆشنبیریان بەڕێخستبوو و حیزبە سیاسیەکانیش بەدورکەوتنەوە لەخوێندکاران، بووبوونە هاندەری ڕۆحیەتی نالێکبوردن و دیدێکی دەسەاڵتخوازانە. هەروەها هابرماس لەبارەی ئەو ڕووداوانەی هەفتەی پێشوو لەبەرلین رویدا بوو، زەنگی مەترسی لێدا. کاردانەوەی بەرپرسیاران بەرامبەر بەو ڕێپێوانە، پیشاندەری هەلومەرجێك بوو کە "بۆ یەکەمجار لەسەردەمی فاشیزمەوە، لەکۆماری فیدراڵیدا دەیبینین"(ال ١٣٨). پاشماوەی وتارەکەی هابرماس لەبارەی دەورێکەوەیە کە خوێندکاران دەتوانن لەناو ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی پەرلەماندا بیبینن. هابرماس ستایشی خوێندکاران وەك یەکێك لەرەوتە گرنگەکانی ڕۆشنگەری سیاسیدەکات. خوێندکاران لەوڕووەوە کە راستەوخۆ لەژێر کاریگەری و نفوزی گروپە بەرژەوەندیدارە ئابوریەکاندا نین، دەتوانن ئەرکی گرنگی پاسەدانی سەرکوتکردنی دیدی ڕەخنەگرانە بەهۆی ڕۆژنامەکان، حیزبە سیاسیەکان و حکومەتەوە بدەنەوە.

"ئەرکی ئۆپۆزسیۆنی خوێندکاری لەکۆماری فیدراڵیدا، قەرەبووکردنی نەبوونی دیدێکی تیوری و نەبوونی هەستیاریە لەبارەی سەردەرگومیەکاندا، نەبوونی دیدێکی بونیادی لەتەعبیرکردن و حێبەجێکردنی دەستوری دیموکراتی و پێویستی پەیڕەویکردنی لەوالتدا، نەبوونی توانایی پێشبینی ئایندە و نەبوونی خەیاڵێکی بەهێز و بەکورتی قەرەبووکردنی غەفڵەتەکانی ئێمە بووە"(ال ١٣١).

لەگەڵ ئەمەشدا بەبڕوای هابرماس چاالکیە خوێندکاریەکان تاڕادەیەکی دیاریکراو دەتوانن پێشبکەون، و گەرچی هابرماس وردەکاریەکان روننەکاتەوە، بەاڵم بەگشتی "مەترسیە زیهنی و بابەتیەکانی" بزوتنەوەکە تاوتوێدەکات. مەترسیە بابەتیەکان هەر هەموویان پەیوەندی بەبونیادی زانکۆ وەك دەزگایەکی کۆمەاڵیەتیەوە هەیە. زانکۆکان ڕوبەڕوی کێشەیەکی گران بونەتەوە. یان ئەوەتا

دەتوانن توانای بەرهەمهێنانی خۆیان زیادبکەن و بەمشێوەیە خۆیان لەناو دەرونی سیستەمی کاری کۆمەڵایەتیدا تێکەڵبکەن و لەهەمانکاتدا خۆیان لەبواری گشتی سیاسی بەدوربگرن، و یان دەتوانن لەڕێگەی دیموکراتیکردنی خۆیانەوە، هەڵوێستەکانی خۆیان لەناو سیستەمی دیموکراسیدا دەربخەن. هابرماس بەهەڵبژاردنی ڕێگەی دوهەم بڕوایوایە خوێندکاران دەبێت پێ لەسەر هێنانە ناوەوەی مەسەلە سیاسیەکان لەناو پڕۆسەی پەروەردەدا و هەقی بەشداریکردن لەبەڕێوبەرایەتی زانکۆکاندا دابگرن، و لەهەمانکاتدا خەبات دژی ئامێریکردنی پەروەردە وەك دەزگاگەلێك بۆ پەروەردەکردنی نوخبە کۆمەڵایەتیەکان بکەن. مەترسیە زیهنیەکان دەرئەنجامی کۆمەڵێك ناکۆکی و گرژیە، کە لەهوشیاری خوێندکاراندا هەیە. گرژی نێوان تیورە و پراکتیك دەتوانێت بگات بەیەکێك لەدوجەمسەری زیادەڕەوی لەبێهودەیدا یان پراکتیکگەری" ناپەرپرسیارانە. هەروەها ناکۆکی نێوان بەرپرسیاری و دەرگیری سیاسی و ئامادەکردنی پێشەکیەکانی بەدەستهێنانی کار و پایە و پلەش، دەتوانێت بەیەکێك لەم دوو ڕێگەیە بگات کە هەردوکیان بەیەك ئەندازە باش نین: یەکێکیان سازشکردنی بێئەندازە بۆ بەدەستهێنانی پایەوپلەو ئەویدیان نەفیکردن و ڕەدکردنەوەی تاوتوێکردنی ئەندێشمەندانە لەوانەکان و بابەتەکانی خوێندندا. دواجار ڕەنگە ناکۆکی لەنێوان پێویستی بۆ وەرگرتنی ئاراستەیەك لەژیانی گشتی و پراکتیکیداو مەیلە سنوردارەکانی زانستخوازانە، یان ببێتە هۆی ئاراستە وەرگرتن بەرەو کورتکردنەوەی مەسەلەکان بۆ چوار چێوەیەکی پۆزەتیڤیزمانە، یان ببێتە هۆی سادەئەندێشی تیوری. لەمەش گرنگتر خوێندکاران دەبێت بەبیریان بێت کە لەهەلومەرجی ناشۆڕشگێڕی هەنوکەدا، ئامانجی سەرەکی و سەرەتایی ڕۆشنگەریبوونە، لەڕێگەی عەقڵ و بەلگاندنەوە نەك جوڵاندن و روکردنە تۆندوتیژی.

وتاربێژیەکەی هابرماس لەکۆبونەوەی یادکردنەوەی شاری هانۆڤەردا، بەهیچ شێوەیەك دژی بزوتنەوەی خوێندکاری نەبوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو سنورانەی کە بۆ خەباتی خوێندکاری لەچوار چێوەی پرۆسەی ڕزگاریخوازیدا دایدەنا، بەهەڕەشەیەك لەو چالاکیانەی کە کراوون یان لەبەردەستدان کە بکرێن دادەنران. ئەم دیدە لەوتاربێژی ڕۆدی دۆتچکەدا کە یەکێك بوو لەرابەرانی بزوتنەوەی

خوێندکاری و لەکۆبوونەوەی هانۆڤەر لەڕۆژی ٩ی ژوێندا پێشکەشکرا، دەبینرا. ڕۆدی دۆتچکە وتارەکەی خۆی بەکورتە شیکردنەوەیەکی ئابوری لەبارەی پەیدا بوونی دینامیکیەتێکی تازە لەململانێی چینایەتی و لەپەیوەندی نێوان تیورە و پراکتیکدا کەبەهۆی هەوڵی سەرمایەداری بۆ زاڵبوون بەسەر ڕێگرەکانی کەڵەکەکردندا دروستبووە، دەستیپێکرد. بەپێی تێروانینی دۆتچکە هەلومەرجی مادی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی پەیوەندی بەپێداویستیە مرۆییەکانەوە هەیە خۆشبووە، بەڵام مرۆڤەکان دەبێت کۆنترۆڵی شتەکان بگرنە دەست:

"هەموو شتێك پەیوەندی بەخواستی هوشیارانەی مرۆڤایەتیەوە هەیە بۆ ئەوەی دواجار هوشیار بێت بەرامبەر بەمێژوو، وەك شتێك کە خۆی دروستیکردووە و کۆنترۆڵ و دەستەمۆیبکات، لێرەوە دەبێت ڕوو لەپرۆفیسۆر هابرماس بکەین و بڵێین کە بابەتگەری نابەجێی ئێوە، وەکالەتێك کە دەبێت رەها بکرێت لەناودەبات"[٧].

دوتچکە بزوتنەوەی خوێندکاری بەکاردانەوەیەك لەبەرامبەر تازەکردنەوەی دەزگای سیستەمی پەروەردەی وڵاتە سەرمایەداریەکان، بەپێی پەیوەندیە ئابوریەکان دادەنێت. هەنگاوە ترسناکەکانی حکومەت دژی خوێندکاران، ئاشکراکەری گرنگی ئەم بزوتنەوە دژ بە دیسپۆتیزم و دیموکراتیەیە. بەبڕوای دۆتچکە هەنوکە ئەوەی بەر لەهەر شتێك پێویستە، کرداڕە. ئەو بەئاماژەیەکی ڕوون بۆ بەلگاندنەکانی هابرماس دەڵێت کە ڕۆشنگەری بەبێ پراکتیك، دەبێت بەوشەیەکی بێمانا. لەبەرئەمە دۆتچکە خوێندکاران بانگهێشتدەکات بۆ دروستکردنی هەماهەنگی لەخۆپێشاندان و ناڕازایی گشتی دژی یاسا لەناکاوەکانو حیزبی ڕاستڕەوی ناسیۆنالیست (NPD) و جەنگی ڤێتنام[٨].

لەچەند ڕوویەکەوە وتارە کورتەکەی دۆتچکە، وەڵامی شیکردنەوەکانی هابرماس بوو. بەڵام ئەوەی بۆ هابرماس زۆر ناڕاحەتکەر بوو، ڕەخنەی هەڵسەنگاندنی مێژوویی ئەو بۆ بزوتنەوەی خوێندکاری نەبوو، بەڵکو ئەوەی کە کاری سەرەڕۆیانە، جێگەی دید و زانین سەبارەت بەپرۆسە بابەتیەکانی کۆمەڵگا بگرێتەوە، زۆر جێگەی نیگەرانی بوو. بەدبەختانە وەڵامی هابرماس بۆ دۆتچکە لەنەبوونیدا درایەوە، چونکە دۆتچکە ناچار بوو هەرچی زوتر بگەڕێتەوە بۆ بەرلین. لەبەر ئەوە هابرماس وەڵامێکی زۆر تۆندی نەدایەوە. هابرماس بەئاشکرا لەو مەیلانەی رویان لەکرداری

ئانارشیستانە بوو، نیگەران بوو. هابرماس لەم خاڵەدا دووجۆر کاری وروژێنەرئاسا لەیەکدی جیادەکاتەوە: یەکێکیان "وروژاندنی نمایشی" کە مەبەستی سەرنجراکێشانە بۆ بەڵگاندنە عەقڵی و رەواکانی خوێندکاران و ئەویدیان کە ئامانجی گۆڕینی دەسەڵاتی بالای دەزگای خوێندکاریە، بۆ دەسەڵاتێکی ئاشکرا. وروژاندنی جۆری دوهەم وەك یاریکردنە بەشێوازی تیۆریزمانە و لەمڕۆوەوە بۆ بزوتنەوەی خوێندکاری ناڕەوایە.

هابرماس وەك چۆن خۆی غافڵناکات لەکۆی کرداری وروژێنەرئاساکانی دژ بەدیسپۆتیزم، هەروەها دژی کۆمەڵێك شێوازە کە خوێندکاران لەبارەی بەڕێوەبردن و کاری زانکۆوە دەیگرنەبەر. بانگەشەکردن بۆ "لەناوبردنی فەزای بۆرژوازی پەروەردە" لەلایەن یەکێك لەخوێندکارە تووندڕەوەکانەوە، تا ئەو جێگەیە قبوڵدەکرێت کە ماناکەی بریتی بێت لەخستنەژێر رەخنەی وانە و بەرنامەکان، و پێشکەشکردنی کۆمەڵێك پێشنیار لەلایەن خوێندکارانەوە سەبارەت بەوانە و مامۆستاکان. بەڵام کردەی کۆنترۆڵکردنی فەزای وانەکان، لەڕێگەی هەمە پرسی لەناو خوێندکاراندا، ڕێگەیەکی ترسناك و کێشەئامێزە، چونکە ئازادی زانکۆ دەشێوێنێت. بەکورتی لێرەشدا وەك مەسەلەکانی تر، هابرماس بەدوای پەرەسەندن و پاراستنی توانا دیموکراتیەکانە کە بەشێوەیەکی کردەگی بوونیان هەیە.

بەبڕوای هابرماس ناوەڕۆکی وتارەکەی دۆتچکە، بانگهێشتکردنی خوێندکارانە بۆ کارێك کە دەبێتە هۆی کاردانەوەیەکی تووندوتیژ لەلایەن حکومەتەوە، و لێرەوە دەبێتە ڕێگرێگ لەبەردەم ئەوەدا کە خوێندکاران ئەرکی سیاسی سەرەکی خۆیان لەبواری ڕۆشنگەریدا ببینن. دۆتچکە لەشوێنێکی وتارەکەیدا بەئاشکرا خوازیاری کۆبونەوەیە بەمەبەستی مانگرتن، واتە جۆرێك لەخۆپیشاندانی ناتوندوتیژ کە هابرماسیش بەرەوای دەزانێت. بەڵام هابرماس لەوە سەریسوڕماوە کە ئەگەر دۆتچکە خوازیاری کۆبونەوەو مانگرتنە، ئیدی بۆچی سێ چارەك کاتژێری تەواو سەرقاڵی رونکردنەوەو شەرحی "ئایدۆلۆژیای ئیرادەگەری" بوو. دواجار بۆچی وەفاداری خۆی بۆ بنەما ناتوندوتیژەکان، دەرنەبڕی. بەوتەی هابرماس "لەساڵی ١٨٤٨دا دەشیا هەڵوێستێکی تایبەتی لەمچەشنە بەسوشیالیزمی خەیاڵی" ناو ببەن، بەڵام لەهەلومەرجی ئێستادا ناکرێ جگە لە"فاشیزمی چەپڕەو" هیچ ناوێکی دی لێبنرێت

(وە من بۆ بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە چەند هۆیەکم هەیە) (لا ١٤٨).

ئەو بەراوردانەی لەو وتەیەدا هەیە و بووە جێگەی مشتومڕێکی زۆر لەناو دەرونی بزوتنەوەی خوێندکاریدا، بەلایەنیکەمەوە چاوەڕوانەکراو بوو. لەئاستێکدا هابرماس بزوتنەوەی خوێندکاری بەراوردەکات بەبزوتنەوە ریفۆرمە کۆمەڵایەتیەکان کە مارکس و ئنگلز لەکتێبی "بەیاننامەی کۆمۆنیست"دا (١٨٤٧) بە"سۆشیالیستەکان و کۆمۆنیستە یۆتۆپی و رەخنەگرەکان" ناویدەهێنان. مارکس و ئنگلز لەو نوسینەدا بەتایبەتی ناوی سان سیمۆن، فەوریە و ئۆین دەهێنن، بەڵام هەموو شێوە هەوڵێکیان بۆ راکێشانی کۆمەڵگا بۆ شۆڕش کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بەپرۆلیتاریاوە نیە، لەم گروپەدا دادەنێن. ئەوەی ئەم سۆشیالیستە یۆتۆپیانە لەدۆخی بەر لەشۆڕشدا دەردەکەون و ئەرکی سەرەکیان رۆشنگەریە، خاڵێکی دیە کە وایان لێدەکات بەخوێندکاران بەراورد بکرێن. بەڵام مارکس و ئەنگلز جەخت لەوە دەکەن کە سۆشیالیستە خەیاڵیەکان، تەنها بەبەکارهێنانی هۆکاری ئاشتیخوازانە، بەدوای گۆڕانی کۆمەڵگاوەن وخۆیان لەکاری سیاسی و شۆڕشگێڕانە دوردەخەنەوە. ئەو ئەنگێزانەی هابرماس دەیخاتە پال دۆتچکە، ڕێك پێچەوانەی ئەم وەسفەن. "ئیرادەگەری" کە هابرماس دەیخاتە ژێر پرسیارەوە تەنها لەچەمکی "فاشیزمی چەپڕەودا" هەیە و هەموبزوتنەوە جیاوازەکانی لاوانی راستڕەو لەسیەکاندا بەبیر دەهێنێتەوە، تەنها باسێکی روون کە لەقسەکانی هابرماسدا هەیە، ئەوەیە کە ئەو بەدەربڕینی خۆی تونەکردن و گواستنەوە لەقۆناغی نمایشیەوە بۆ قۆناغی ورژاندنی توند تیژئامێز، مەحکومدەکات (لا ٩-١٤٦).

بەداخەوە مەسەلە سەرەکیەکانی جێی سەرنجی هابرماس لەوتارەکەدا و لەوەڵامی دۆتچکەدا، بەهۆی ئەم بەراوردە نابەجێیەی بزوتنەوەی خوێندکاری لەگەل فاشیزمدا، بەئاسانی وونبوو. رونکردنەوە و پاشەکشی ڕێژەیەکانی هابرماس لەهەڵوێستی ناوبراو، لەنامەیەکی تایبەتیدا کە هاوڕی لەگەل کۆی نوسینەکانی لەبارەی ناڕەزایی خوێندکاری و ریفۆرمی زانکۆییەوە، لەساڵی ١٩٦٩دا بلاوبۆوە، کۆمەکمان دەکات بۆ تێگەیشتن لەو بەراوردە بەروکەش نابەجێیە. هابرماس لەنامەیەکدا بۆ ئیریش فرایدی شاعیری بەناوبانگی ئەڵمانییا، ئەوە رووندەکاتەوە لێکچونگەلێکی لەنێوان شێوازەکانی دۆتچکە و شێوازە سەرەتایەکانی فاشیزمی

ئیتالیادا دۆزیوەتەوە، بەتایبەتی نیگەرانە لەونبوونی ئامانجی سیاسی دیاریکراو (لەبزوتنەوەی خوێندکاریدا). ترسی هابرماس لەوەبوو کە پراکتیک تەنها لەبەر پراکتیک بێتە ئاراوە و چالاکی خوێندکاری بەئاراستەی مەبەست و خواستە راستڕەوەکان، پاڵ پێوەبنرێت. گەرچی ئەو دان بەوەدا دەنێت کە بەکارهێنانی زاراوەی "فاشیزمی چەپڕەو" موبەریری نیە، بەڵام بڕوایوایە کە بەکارهێنانی زاراوەیەکی وا کاریگەریەکی سودمەندی لەناچارکردنی رابەرانی بزوتنەوەی خوێندکاریدا ، بۆ پیاچوونەوە بەمەسەلەی تونددو تیژیدا هەیە (لا ١٤١-١٥١). هابرماس لەنامەیەکدا بۆ گرۆسنەر نەرمیەکی زیاتر بەرامبەر بەدۆتچکە و خوێندکاران پیشاندەدات. بەوتەی خۆی لەکۆنفڕانسی هانۆفەردا دەرکی ئەوەی نەکردبوو کە شێوەی تازە لەکرداری وروژێنەرئامێز پێویستە، تا وتوێژ لەبارەی کۆمەڵێك مەسەلەوە کە بەزۆر لەبازنەی باسکردن سڕاونەتەوە. مومکین ببێت. بەڵام هابرماس هەرچەندە بەها و بایەخی ڕێژەیی هەندێك شێوازی خوێندکاری قبوڵدەکات و داوای لێبوردن لەبەکارهێنانی زاراوەی "فاشیزمی چەپڕەو" دەکات، بەڵام هەروا دژی تێڕوانینی هەندێك لەرابەرانی بزوتنەوەکەیە لەبارەی شکاندنی هەمەکی و نابەرپرسیارانەی یاساکان، و بەکارهێنانی توندوتیژی لەهەلومەرجی ناشۆڕشگێڕانەی هەنوکەدا، ڕەددەکاتەوە.(لا ٢-١٥١).

شۆڕشی وەهمی و نەوەکانی

تێڕوانینە گشتیەکانی هابرماس بەدرێژایی ساڵی دوایی بۆ بەرگریکردن لەئامانجەکانی بزوتنەوەی خوێندکاری بوو. هابرماس لەوتەیەکدا کە لەنۆڤەمبەری ١٩٦٧دا لەنیویۆرك پێشکەشیکرد، تەنانەت هەنگاوێکی دی هەڵهێنا بەرەو ئارەستەی پیاچونەوە بەهەڵسەنگاندنی پەلەی خۆیدا لەبارەی "فاشیزمی چەپڕەو"ەوە. ئەوەی سەردەمێك بەبڕوای ئەو بەشێوازی بەرەی ڕاست دادەنرا، هەنوکە بەشێوەیەکی ڕەوا بۆ ڕوبەڕووبوونەوەی ئیمپریالیزم، تێکەڵ بەشێوازەکانی بەرگری لەوڵاتانی جیهانی سێهەمدا بووە، (لا ٧٧-١٥٣). هابرماس لەمیزگردێکدا لەفرانکفۆرت لەفەوریەی ساڵی

دواییدا جارێکی دی ستایشی بزوتنەوەی خوێندکاری دەکات، و لەبەرامبەر تۆمەتی پۆتۆپیاگەری و خەیاڵاویدا بەرگری لێکرد. بەبڕوای هابرماس کەسانێك کە دەیانەوێت کۆمەڵگای پیشەسازی لەڕێگەی شێوازە دیموکراتیەکانەوە بگۆڕن، بەهیچ شێوەیەك خەیاڵاوی نین و هاوەردیان لەگەڵ ڕەنج و ئازارەکانی جیهانی سێهەمدا، ئاشکراکەری هەستیاریەکی ئەخلاقی پێشکەوتووە کە پێداویستی تێگەیشتن و دەرکی ستەم و سەرکوتکردنە بەشێوەیەکی گشتی. هابرماس گەرچی دیدی ڕەخنەگرانەی خۆی هەروا دەپارێزێت، بەڵام هەڵوێستی لەمچەشنە بەئاشکرا و بەشێوەیەکی تەواو دەیخاتە بەرەی نەیارانی هەلومەرجی هەبوەوە (لا ٨٤-٤٧٨). پێدەچێ ڕوداوەکانی بەهار و هاوینی ساڵی ١٩٦٨، ئەو گومانانەی کە هابرماس لەکۆنفڕانسی هانۆفەردا پیشانیدابوو، دوبارە زیندوو کردبێتەوە. تەقەکردن لەڕۆدی دۆتچکە لەمانگی ئاڤریلدا کە نزیکبوو بێتە هۆی مردنی و ئەو ناڕازییە ئاژاوەئامێزەی ئەم ڕوداوە وروژاندنی، هەر هەموویان هەڵسەنگاندنی سەرەتایی هابرماسیان لەبارەی سنوردارێتەکان و سنوری واقیعبینانەی چالاکی خوێندکاریەوە، دەسەلماند. لەمانگی مەی ١٩٦٨دا ناڕەزایی خوێندکاریی لەپاریس سەرنجی هەموو جیهانی بەرەو خۆی ڕاکێشا. لەزانکۆی فرانکفۆرت واتە زانکۆیەك کە هابرماس وانەی تیا دەگوتەوە، لەکۆتایی مانگی مەیدا هەلومەرجەکە بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بەتوندی گرژ بوو، وە خوێندکاران دەستیان بەسەر زانکۆدا گرت و ناویان گۆڕی بۆ "زانکۆی کارل مارکس" و خۆیان سەمیناریان تیا گرت. بەڵام کاتێك گروپێك لەناڕازیان ئەرشیفی ڕەسمی زانکۆیان گرت، پۆلیس مواخەلەی کرد.

ئەمانە ئەو ڕوداوانە بوون کە ڕێك بەر لەدوهەمین بەرخوردی هابرماس لەگەڵ بزوتنەوەی خوێندکاریدا رووید. هابرماس لەیەکێك لەکۆنفڕانسەکانی یەکێتی خوێندکارانی ئەڵمانیادا (VDS). لەڕۆژی یەکەمی ژۆینداپێنج باسی لەبارەی ئاراستە و ئامانجی بزوتنەوەی خوێندکاریەوە پێشکەشکرد و لەنوسخەی نوسراوی وتەکەیدا کە چەند ڕۆژ دوایی لەوتارێکدا لەیەکێك لەڕۆژنامە لێبڕالەکانی فرانکفۆرتەوە بەناوی "فرانکفۆرت ڕۆندشاو" بڵاوکرایەوە، باسی شەشەمیشی خستە سەر. لەپێشەکی ئەم وتارەدا هابرماس جارێکی دی تێڕوانینی خۆی لەمبارەیەوە بەرووی دەردەبڕێ کە بزوتنەوەی خوێندکاری گۆڕانێکی گرنگ و پێشکەوتوخواز

بووە لەکۆمەڵگای ئەڵمانیای پاش جەنگدا. ئەو ئاسۆیانەی بەهۆی ئەم بزوتنەوەیەوە دروستبووە، "تازە و جدی" و ئاماژە بۆ تواناکانی گۆڕانکاری لەکۆمەڵگا پیشەسازیەکاندا دەکەن. ئەو دیدانە هەڵگری بنەما پێویستەکانن بۆ ڕێکخستنی سۆشیالیستانەی پڕۆسەی بەرهەمهێنان، بەدەر لەدەستێوەردان لەلایەن دەزگا دەوڵەتیەکانەوە. بەڵام هابرماس ئاماژە بۆ چەند مەترسیەکیش دەکات و بەدوای ڕەگی ئەم مەترسیانەش لەلایەنگری نەریتێکدا دەگەڕێت کە خۆشباوەڕانە و دەمارگیرانە لەلایەن رابەرانی بزووتنەوەی خوێندکاریەوە، قبوڵکراوە و پەیڕەویی لێدەکرێت. (مەبەستیش لەم نەریتە بەئاشکرا نەریتی بیرکردنەوەی مارکسیە). ئەو ئاڕاستە دۆگماییەی هابرماس لەم بزوتنەوەیەدا دەیبینێت، بەهەڕەشەیەك بۆ ئامانجەکانی بزوتنەوەکەی دەژمێرێت و ئەگەری سەرکەوتنی سیاسی دەخاتە مەترسیەوە. لەبەرئەوە ئەگەرچی هابرماس بڕوایوایە باسەکانی خۆی کاردانەوەیەك بووە بەرامبەر بەڕووداوەکانی ئەم دواییانە، بەڵام لەهەمانکاتدا ئەم باسانە بەردەوامی و پەرەپێدانی هەمان ئەو تێڕوانینانەیە کە سالّی پێشوو لەهانۆڤەر پێشکەشیکردبوو. دیارە ئەم تێڕوانینانەیە تەنانەت بەو شێوەیەی کە لەژۆێنی ١٩٦٨دا ڕاگەیەنران، بەتەواوی کامڵ و تەواو نەبوون و هابرماس دواتر لەچاوپێکەوتنێکدا ڕایگەیاند کە لەپشت هەر رستەیەکی ئەو تێڕوانین و باسانەوە، چیرۆکێك لەئارادا بووە[٩]. لەگەڵ ئەمەشدا هەمان ئەو تێڕوانینانە، وێنایەکی باشتر بۆ جێگەی بزوتنەوەی خوێندکاری لەناو شیکردنەوەکانی هابرماسدا بۆ کۆمەڵگای ئەڵمانیای پاش جەنگ، و هەروەها لەناو کۆی مەیلە تیوریەکانی هابرماسدا بەدەستەوەدەدات.

یەکەم بەڵگاندنی هابرماس ئەوەیە کە "ئامانجی یەکسەری ناڕەزاییە خوێندکاریەکان، بەسیاسیکردنی بواری گشتیە" (لا ١٨٩)[١٠]. ئەو بەڵگاندنانەی بۆ بەرگریکردن لەم هەڵوێستە هێنراوەتەوە لەشیکردنەوەکانی کتێبی "گۆڕانی بونیادی بواری گشتی" و هەروەها لەشیکردنەوەی ئاسانترەکانی کتێبی "قەیرانی ڕەوایەتی"دەوە (١٩٧٣) وەرگیراوە[١١].

هابرماس لەبەرهەمی یەکەمدا دەریدەخات چۆن بواری گشتی لیبڕاڵی کە تیایدا بیرەکان بەشێوەیەکی ئازادانە پێشکەشدەکران، بەهۆی هەلومەرجی تازەی سەرمایەداریەوە روو لەناوچوونە، هابرماس لەسەر بناغەی شیکردنەوەکانی

هۆرکهایمەر، ئادرنۆ و مارکیوز پیشانیدەدات چۆن لەناوچوونی بواری گشتی و تایبەتی، پەشێویەك دروستدەکات کە دەزگا ڕاگەیاندنە گشتیەکان و دەزگا پڕوپاگەندەکان و پەرلەمانیەکان، سودی لێوەردەگرن. لەبەرهەمی دووهەمدا هابرماس دەڵێت کە لەکۆمەڵگا سەرمایەداریە پێشکەوتوەکاندا زەمینەی قەیران لەبواری ئابوری و دەزگای بەڕێوەبەرایەتیەوە، چووە بۆ بواری سیستەمی ڕەوایەتی بەخش. دەکرێ بەڵگاندنەکانی هابرماس بەسادەترین شێوە بەمشێوەیەی خوارەوە دەربڕین: ململانێی بنەڕەتی لەکۆمەڵگای سەرمایەداریدا، سەرچاوەکەی هەمان دابەشکردنی نایەکسانی سامانە لەنێوان خەڵکیدا. بەڵام بەهۆی دەستتێوەردانی ڕوو لەزیادی دەوڵەتەوە لەڕێکخستنی بازاڕدا و بەبەخشینی مافی سیاسی بەگشتی بەهەموو دانیشتوە پێگەیشتووەکان، ئەگەری ململانێ لەبارەی ڕەوایەتیەوە زیاددەکات. هۆی ئەم گۆڕانە سادەیە: نوێنەرانی دەوڵەت ئەگەرچی بەهۆی هەموو خەڵکەوە هەڵبژێراوون، بەڵام دەبێت بەزامنکردنی بەرژەوەندی ئابوری زیاتر بۆ بەشێکی بچوکی دانیشتوان کە بەردەوام بچوکتر دەبێتەوە، ڕەوایەتی بەچالاکی خۆیان بدەن.

ڕەوایەتی لەڕێگەی جیاوازەوە بەدەستدێت، لەوانە پاراستنی دیموکراسی ڕوکەشی بێ بزواندنی بەشداریکردنی جەماوەر، پڕوپاگەندە بۆ ئەو ئایدۆلۆژیانەی کە وەفاداری جەماوەر ڕادەکێشن، و زامنکردنی وەفاداری بۆ ڕژێم لەڕێگەی دانی پارە یان زامنکردنی دەرفەتەکانەوە. بەبڕوای هابرماس بزوتنەوەی خوێندکاری گرنگیەکی زۆری هەیە، چونکە ڕەوایەتی کۆمەڵگای سەرمایەداری لەلاوازترین خاڵەکانیدا دەخاتە ژێر پرسیارەوە، ئەم بزوتنەوەیە پەردە لەسەر هەڵە ئایدۆلۆژیەکان هەڵدەماڵێت، هەوڵدان بۆ سەرگەرمکردن و دورخستنەوەی سەرنجی خەڵکی لەمەسەلە سەرەکیەکان ڕەخنە دەکات، و مەسەلە بنەڕەتیەکانی ئابوری و سیاسەت دەخاتە ژێر باسەوە. بزوتنەوەی خوێندکاری ئەم بەهانەیە قبوڵناکات کە تەنها خەبیرەکان دەتوانن لەبارەی مەسەلە ئابوری و سیاسیەکانەوە بڕیاربدەن، بەڵکو بەپێچەوانەوە خەرمانی ڕێز لەپسپۆرگەری، لەدەزگا بڕیاردەرە دەوڵەتیەکان دادەماڵێت و سیاسەتگوزاری دەکاتە بابەتی وتوێژی گشتی. بەمشێوەیە بزوتنەوەی خوێندکاری بۆ بەرانگاری ڕژێمێك کە سەرقاڵی ڕەعیەتپەروەریە دەچێتە مەیدان ، و دەیەوێت خواستی هاوڵاتیانی خۆی تەنها لەبواری تایبەتیدا سنوردارکات. بەکورتی

بزوتنەوەی خوێندکاری زۆر گرنگ و بنەڕەتیە، چونکە بواری گشتی کە سیاسەتی لێدامالڕاوە، سەرلەنوێ سیاسی دەکاتەوە. هەر لەبەرئەمە زۆرێک لەئامانجی هێرشەکان و ڕەخنەکانی خوێندکاران، دەزگاگەلێکن کە وتوێژی گشتی کۆنترۆڵدەکەن. کاتێک هابرماس بەتایبەتی ئاماژە بۆ کارخانە گەورەکانی دەزگای بلاوکردنەوە دەکات، مەبەستی گروپی بلاوکراوەکانی شپرنگەرە کە خۆپیشاندانی خوێندکاری دژی ئەم بلاوکراوانە لەدوای تەقەکردن لەرۆدی دۆتچکەوە، زیادیکرد. ڕۆژنامەکانی وەک بلاوکراوەکانی شپرنگەر لەلایەکەوە زۆرینەی خەڵک لەبەشداریکردن لەو باسانەدا کە پەیوەندی بەمەسەلە واقعیەکانەوە هەیە، قەدەغە دەکات و لەلایەکی دیشەوە خەڵکی دژی خوێندکارانی ناڕازی کە بەدوای دروستکردنی وتوێژی گشتیەوەن هاندەدات. لەو ڕوانگەیەوە هابرماس بەرگری لەخەبات دژی دەزگای بلاوکردنەوەی شپرینگەر دەکات کە یەکێک لەداهێنانەکانی خوێندکاران بوو، چونکە خەباتێکی لەمچەشنە زیان لەیەکێک لەخاڵە لاوازە سەرەکیەکانی سیستەم دەدات.

دوهەم باسی هابرماس پەیوەندی بەگرنگی مێژووی بزوتنەوەی خوێندکاریەوە هەیە. بەبڕوای هابرماس سەرکەوتنی چالاکیەکانی ئەم بزوتنەوەیە پەیوەندی بەدروستکردنی شێوازی تازەی ناڕازیبوونەوە هەیە. هابرماس سێ ڕەهەندی ئەم شێوازانە دەستنیشان دەکات:

١-ڕەهەندی یەکەم بەرگری ناتوندوتیژە کە بەتایبەتی لەسەردەمی بزوتنەوەی مافی مەدەنی لەئەمەریکادا دەرکەوت. ئەمجۆرە لەناڕازیبوون بەتایبەتی کاریگەرە، چونکە بەکەمترین مەترسی و هەوڵدان، پڕوپاگەندە دەگەیەنێتە بەرزترین ئاست.

٢-هابرماس لێکچوونی ناڕازیبوونی خوێندکاری لەگەڵ ڕەخنەی ڕەمزی لەکلتوری گشتی دەهێنێتەوە. پێدەچێ مەبەستی هابرماس لێرەدا "شانۆی شەقامی" یان "شانۆی چریکی"ە کە شێوە جیاوازەکانی کلتوری گشتین کە بابەتە قبولکراوەکانیان خستۆتە ژێر پرسیارەوە. ئەمجۆرە شێوە سیاسیە جیاوازانەی چالاکی کلتوری، کە لەمەیلە گشتیەکانی مۆدێرنیزمی هونەری و بەتایبەتی شێوەی سیاسی مۆدێرنیزمەوە وەک مۆدێرنیزمی بڕێخت و بیری نامۆبوونەوە سەرچاوەدەگرن، کوتەکێکی لەناکاو دەوەشێنن و پەردە لەسەر ماهیەتی داب و نەریتە باوەکان هەڵدەماڵن. کاریگەری ئەم شێوانە لەبەرئەوەیە کە لەهەمانکاتدا هەم گەمە و هەم

جدین. هابرماس بەچەکێکی بەهێزیان لەخەباتدا دەزانێت، ڕێک لەبەرئەوەی توندوتیژئامێز نین.

٣-هابرماس بەلگە دێنێتەوە کە شێوازەکانی بزوتنەوەی خوێندکاری، تایبەتن بەگروپێکی تەمەنیەوە و پەیوەندیان بەشێوە دەروناسیەکانی بەرگریکردنەوە لەبەرامبەر نەوەی باواندا هەیە. کەوابوو بانگکردنی خوێندکاران بۆ گروپە تەمەنیەکانی دی تا پەیوەندیان پێوە بکەن، کارێکی بێهودەیە. تەنها کەسانێک کە تێگەیشتنێکی دروستیان بۆ کارەکانی خۆیان نیە و لەڕووی دەروناسیەوە لەیەکێک لەقۆناغە پێشوەکانی پەرەسەندندا "ڕاوەستاوون"، ڕەنگە داواکاری لەمچەشنە قبوڵبکەن.

ئەم سێ ڕەهەندە واتە نەبوونی توندو تیژی، کرداری ڕەمزی و ڕەفتاری تایبەتی نەوەیەک بۆ هێرشکردنە سەر سیستەمی باو، زۆر گونجاون. چونکە ڕوبەڕووی پرۆسەی سیاسەت داماڵین دەبنە کە بۆ پاراستنی ڕەوایەتی لەکۆمەلگا سەرمایەداریە پێشکەوتووەکاندا پێویستە.

هابرماس لەسێهەم باسی خۆیدا بۆ ڕەگی ناڕەزایی خوێندکاری نەک لەبواری ئابوریدا، بەڵکو لەبواری کۆمەڵایەتی — دەروناسیدا دەگەڕێت. لەمباسەدا هابرماس لەگەڵ زۆرێک لەرابەرە بەرجەستەکانی بزوتنەوەی خوێندکاریدا، وەک دۆتچکەدا نیە کە نائارامیەکانی خوێندکاران دەگەڕێنیتەوە بۆ هۆکارە ئابوریەکان. بەپێی تێڕوانینی رابەرانی لەمچەشنە، سیستەمی پەروەردە لەکۆمەلگای سەرمایەداریدا خاڵی لاوازی سیستەمی ئابوریە کە چارەسەری قەیرانەکانی خۆی لەڕێگەی موقەرەرات و سەرکوتکردنی ناوخۆیی و وەبەرهێنانی جیهانی سێهەمەوە دەکات. لێرەوە خوێندکاران لەناو جەرگەی هەنگاوە سەرکوتکەرەکاندان. دوو خاڵی گرنگی دی یەکێکیان جیهانی سێهەمە و ئەو دیشیان پرۆلیتاریایە. هابرماس بەپێچەوانەوە بەلگە دەهێنێتەوە کە خوێندکاران هێشتا یەکێک لەگروپە مومتازەکانی کۆمەلگان. بزوتنەوەی خوێندکاری بەپێچەوانەی خەباتی رابردوو دژی دیسپۆتیزم، خەبات بۆ بەشێکی گەورەتری ساماناکات، بەڵکو لەخودی چەمکی ئیمتیازات و دەستکەوتەکان لەکۆمەلگای پیشەسازیدا ناڕازیە. ناوەڕۆکی ناڕازیبوونی خوێندکاران، ڕێک دەرئەنجامی ئەوەیە کە ئەوان لەهەلومەرجی نەبوونی پێویستی ئابوریدا گەورەبوون

و هیچ ڕۆڵ و سودێك بۆ ئەخلاقیاتی بۆرژوازی و یان ورده بۆرژوازی قایل نین. خوێندکاران هەر لەبەرئەم رزگاریە لەپێداویستی خێرا، "هەستیاریەکی تازە"یان پەیداکردووە، و بەپێی ئەمەش نەهێنانە ئارای خەسڵەتە ئەخلاقیە بنەڕەتیەکانیان لەوتوێژی گشتیدا بەناڕەوا دەزانن. هابرماس ئاماژە بۆ بواریکی تایبەتی دەکات کە ئەم خەسڵەتە تازەیە، بەشێوەیەکی کاریگەری کاری تیادەکات. لەکۆمەڵگا سەرمایەداریە پێشکەوتوەکاندا شێوەی پراکتیکی بەدەستهێنانی سامانی کۆمەڵایەتی، پەردە لەسەر نادروستی ئەو گریمانە ئەخلاقیە هەڵدەماڵێ که پێیوایە پاداشتی ڕەنج و زەحمەت سامان و بەهێزیە. هابرماس بڕوایوایە بزوتنەوەی ناڕازیی خوێندکاران لەپەیوەندیدا بەبواری ڕەوایەتیەوە، دەتوانێت ناکۆکی نێوان واقیعیەتی سامان و ئایدۆلۆژیای کرێ و پاداشت لەکۆمەڵگای سەرمایەداریدا، توندتربکات.

لەکاتێکدا سێ بەڵگەی یەکەم لەبارەی ئامانجەکان، شێوازەکان و تواناکانی بزوتنەوەی خوێندکاریە، دوو بەڵگەی دوای ئاماژە بۆ کەموکوڕیەکانی ئەم بزوتنەوەیە لەئایدۆلۆژیا و لەپراکتیکدا دەکات. هابرماس لەبەڵگەی چوارهەمدا دەڵێت کە خوێندکاران بڕوایان بەتیورەیەك لەبارەی کۆمەڵگاوە هەبوو کە یان گومانلێکراوە یان ڕاست نیە، و لێرەوە نەیانتوانیوە شێوازە گونجاوە پراکتیکیەکان لەو تیورەیەوە وەربگرن. هابرماس ئاماژە بۆ سێ بواری دۆگمایی مارکسی دەکات کە خۆشباوەڕنە وەك بناغەی شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی قبوڵکراوون.

١)بزوتنەوەی خوێندکاری تیورەیەکی بۆ قەیران قبوڵکردووە کە لەسەر بناغەی تیورەی نرخی کار دامەزراوە. مارکس لەتاوتوێکردن و شیکردنەوەی کاڵا لەکتێبی "سەرمایە"دا بڕوایوابوو کە نرخ بەهۆی ئەندازەی کاری ئەبستراکتەوە کە لەناو کاڵادایە، دەستنیشان دەکرێت. ئەندازەی کاری ئەبستراکتیش خۆی بەپێی زەمەن ئەندازە دەکرێت. هەرچی زەمەنی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی کاڵا زیاتر بێت، ئەو کاڵایە نرخی زیاتر پەیدادەکات. زیادبوونی کارایی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان (پێشکەوتنە تەکنیکیەکان، بەکارهێنانی سودمەندانەتری هێزی کار و لەم بابەتە) بەمانای کەمبوونەوەی نرخی کاڵا دەبێت. بەبڕوای مارکس قەیرانەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری کاتێك پەیدا دەبن کە سەرمایەداران ناچاردەبن بکەونە پێشبڕکێوە لەگەڵ یەکدیدا و لەدەرئەنجامی ئەمەشدا قازانج روو لەکزیبکات. لێرەوە تەنها

ڕێگەی بەدەستهێنانی قازانج بۆ سەرمایەدار، لەڕێگەی وەبەرهێنانی نرخی زیادەیە لەکرێکاران. سەرمایەدار تەنها لەبەرامبەر بەشێك لەنرخی دیاریکراوی کاڵادا، کرێ بەکرێکاردەدات، باقیەکەی کە نرخی زیادەیە دەچێت بۆ سەرمایەدار. لێرەوە کەمبونەوەی نرخی قازانج، بەشێکە لەنرخی کار و بەپێی تیورەی مارکسیستی دەبێتە هۆی پەیدابوونی قەیران لەرەوتی کەڵەکەکردنی سەرمایە، رکود و بێکاری بەربلاو.

بەبڕوای هابرماس هەرچەندە ئەم تیورە و مەیلانە لەسەدەی نۆزدەهەمدا بەکارهێنانێکی سنوردراوی هەبوو، بەڵام ئەمڕۆ بایەخیان لەژێر پرسیاردایە. بەبڕوای هابرماس ئەمڕۆ هیچ جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی ئەزمونیانە لەبارەی ئابوریەوە نیە که لەسەر بناغەی تیورەی نرخی کاربێت. جگە لەمە دەستێوەردانی دەوڵەت، جێگریەکی بۆ سەرمایەداری بەرهەمهێناوە، کە پێدەچێت تیورەی قەیران لەمارکسیزمی ئەرسۆزێکسدا بێبایەخ بکات. کەمترین شتێك کە دەتوانین بیڵێین ئەوەیە بەردەوامی و جێگیری درێژخایەنی ئابوریەکانی سەرمایەداری، چیدی بەهۆی ئەو قەیرانانەوە هەڕەشەی لێناکرێت کە لەخەیاڵی مارکسدا بوو.

٢) بەبڕوای هابرماس بزوتنەوەی خوێندکاری تێڕوانینێکی مارکسی کۆنی بۆ ململانێی چینایەتی قبوڵکردووە. چینەکان بەشێوەی باو بەهۆی شێوەی پەیوەندیان بەئامێرەکانی بەرهەمهێنانەوە پێناسە دەکرێن. شیکردنەوەکانی مارکس بۆ کۆمەڵگای سەرمایەداری ئەو باوەڕەی تیا دروستکرد که لەململانێی نێوان پڕۆلیتاریا (چینێك که هیچجۆرە دەسەڵاتێکی کاریگەری بەسەر ئامێرەکانی بەرهەمهێناندا نیە، و دەبێت هێزی کاری خۆی بۆ دەستمایە بەسەرمایەدار بفرۆشێت) و بۆرژوازی (چینێك که دەسەڵاتی بەسەر ئامێرەکانی بەرهەمهێناندا هەیە، یان مولکایەتی ئەو ئامێرانەی لەدەستدایە)، کلیلی تێگەیشتنی گۆڕانکاریە شۆڕشگێڕانەکانە. لەتیورەکەی مارکسدا پرۆلیتاریا تەنها چینێکە کە دەتوانێت سەرمایەداری سەرنگونبکات و شۆڕشی سوشیالیستی بەڕێبخات.

هابرماس راستەوخۆ شیکردنەوە چینایەتیەکانی مارکس دەخاتە ژێر پرسیارەوە، بەڵام بەهەرحاڵ بەڵگە دێنێتەوە کە سەرمایەداری سەدەی بیستەم ڕێگەی هۆشمەندانەی بۆ لەناوبردنی ململانێی نێوان پرۆلیتاریا و بۆرژوازی دۆزیوەتەوە.

کـوێ تواناکـانی کۆمـەڵگا لەدابەشـکردنی سەرچـاوەکانەوە بیگـرە تـا پڕوپاگەنـدە، بەکارهێنراوە بـۆ ئـەوەی ڕێگـە لەدەرکـەوتنی ململانێـی چـینایەتی بگرێـت. ململانـێ پەراوێزیەکان (هابرماس ڕەنگە بزوتنەوەی خوێندکاریش بەیـەکێکیان دابنێـت) ڕێـك لەبەرئـەوەی بوونەتـە جێگـەی لێکبـوردن، بـۆ سیـستەمی سـەرمایەداری مەترسـی ئـامێزنین. ئـەو گروپانـەی خـاوەن ئیمتیـاز نـین وەك ڕەشـەکانی ئەمـەریکا، نـاتوانن بەدەستهەڵگرتن لەهاوکاری هەڕەشە لەسیستەمەکە بکـەن. ئـەو گروپانەشـی دەتـوانن هەڕەشـەیەکی لەمـچەشنە دروسـتبکەن، بـەهۆی خاوانـداریێتی ئیمتیـازەوە، هەسـت بەوەفاداریدەکەن.

٣) هەروەها خوێندکاران لایـەنگری تیورەیـەکن کـە سـەقامگیری ڕێـژەیی جیهـانی یەکەم، بەوەبەرهێنانی جیهانی سێهەم دەزانێـت. پێـشتر بینیمـان کـە دۆتـچکە بـڕوای بەپـەیوەندیـەکی هـۆ و هۆکـاری لـەنێوان ولاتـە پێـشکەوتوەکانی ڕۆژئـاوا و فـەقیری نەتـەوە دواکەوتوەکانـدا هەیـە. لەڕاسـتیدا نـارەزایی بەرامبـەر بەجـەنگی ڤیێتنـام و دیداری ڕابەرانی ڕژێمە سەرکوتکەرەکان بۆ ئەڵمانیا، لەسەر بناغەی دەرگیری ئەڵمانیا لـەم مەسـەلانەدا، ئاراستە نـەدەکرا، چـونکە بەهـەرحاڵ ئـەڵمانیا بەلایـەنی زۆرەوە ڕۆڵێکی ناڕاستەوخۆی لـەم مەسـەلانەدا هـەبوو، بـەڵکو بەهانـەی نـاڕازایبوون، بـوونی پەیوەندیەکی وەبەرهێنانی بوو لەنێوان سەرمایەداری و جیهانی سێهەمدا.

هابرمـاس ماهیـەتی ئـەم پەیوەندیـە دەخاتـە ژێـر پرسـیارەوە. هابرمـاس قبوڵیدەکات کە لەڕووی مێژوویەوە ئیمپریالیزم بەرپرسیاری ئەو هەلومەرجەیـە کـە لەوڵاتـەکانی جیهـانی سـێهەمدا پەیـدابووە، بـەڵام بڕوایوایـە هەنوکـە وەبـەرهێنانی ئـابووری ڕابـردوو، جێگـەی خـۆی بەشـێوازی جۆربـەجۆری وابەسـتەیی لـەنێوان ئـەم نەتەوانـەدا داوە. لەنـەبوونی پەیوەنـدی کۆڵۆنیـالی ڕاسـتەخۆدا، ئـەوەی ماوەتـەوە تووڕەیی و ئازاری ئەخلاقیە دژی جیهانی یەکەم. بزوتنەوەی خوێندکاری ئەم تـووڕەیی و ئازارەی بەمیرات بۆ ماوەتەوە. ئەگەرچی ڕەنگـە ئـەم کاردانەوەیـە ڕەوا بێـت، بـەڵام نابێت بەدەرئەنجامی وەبەرهێنانێکی (ئیستیسمار) بزانین کە ئیدی بوونی نیە.

قبوڵکردنی ئـەم سـێ هەڵوێـستە، دەبێتـە هـۆی پەیـدا بـوونی سـێ بـەدحاڵیبوونی بنـەڕەتی لەبزوتنـەوەی خوێندکاریـدا. یەکـەم بـەدحاڵیبوون ئـەو وێنایەیـە کـە ناڕەزایبوونـەکان بەشـێکن لەشۆڕشـێك. هابرمـاس بڕوایوایـە بـەهیچ شـێوەیەك

بەڵگەیەك بۆ ئەم بانگەشەیە لەئارادا نیە. ئـەوەی پێداویـستی شۆڕشـە و بـوونی نیـە، تێڕوانینێکی زیهنیە بۆ هەلومەرجێك کە تەحـەموولناکرێت. کەسـانێك کـە وادەزانـن شـۆڕش بـەزودی ڕووەدات، خۆیـان هەڵدەخەڵـەتێنن. دووهـەم ئەوەیـە خوێنـدکاران بەهەڵـە باوەڕیانوایـە کـە لەخەباتـەکانی خۆیانـدا هاودەسـت و هـاوڕێی بزوتنـەوە دژ بـەئیمپریالزم و شۆڕشـگێڕەکانی جیهـانی سـێهەمن. بـەبڕوای هابرمـاس هەلومـەرجو شێوازەکان و پێشگریمانەکانی ئەم دووجـۆرە لەبزوتنـەوەی نـاڕازیی، بەهیچشێوەیەك بەیەك بەڕاورد ناکرێن.

هابرماس لەبەڵگاندنی پێنجـەمی خۆیـدا دەرئەنجامـە خراپـەکانی باسـی چـوارەم دەهێنێتە ئاراوە. شـیکردنەوەی نادروسـتی هەلومەرجـەکان، بۆتـە هـۆی بـەکارهێنانی کۆمەڵێك شێوازی پراکتیکی کە خوێندکارانی گۆشەگیر و هێزە پشتیوانەکانی گـۆڕانی دیموکراتی، بێتوانـا کـردووە. ڕابـەرانی بزوتنـەوەی خوێنـدکاری ڕەمزەکانیـان لەگـەڵ واقعیەتدا تێکەڵکردووە. هەڵگرتنی ئاڵای سور لەکاتی گونجاودا، دەتوانـێ پڕۆسـەیەکی فکـری تـازە دروسـتبکات. بـەڵام خوێنـدکاران نابێـت هەڵخەڵـەتێن و وابـزانن کـە لەحاڵـەتی داگیرکردنـی سـەنگەرەکانی دوژمنـدان. نابێـت داگیرکردنـی زانکۆیـەك لەڕێپێوانێکدا، لەگـەڵ کودتایەکـدا تێکەڵبکـەین. ئـەم تێکەڵکردنـە لـەنێوان واقـع و ئارەزووەکانـدا بۆتـە هـۆی شـتێك کـە هابرمـاس نـاوی دەنێـت "شۆڕشـی وەهمـی" کـە تیایـدا شـێوە دروسـتەکانی ڕۆشـنگەری، جێگـەی خۆیـان بـەدەرگیری بێمانـا دەدەن. دەرئـەنجامی بـەرخوردێکی لەمـچەشنە لایەنگریـە لەدروسـتکردنی نـاکۆکی بەهەرشێوەیەك کە بووە. هاوکاری لەگەڵ ئەو گـروپ یـان دەسـتانەدا کـە میـانڕەون و قـەدری ئازادیـە هـەبوەکان دەزانـن، ڕەد دەکرێتـەوە و لەبەرامبەریـدا پڕوپاگەنـدە بـۆ یەکێتیەکی وەهمی لەنێوان کرێکاران و خوێندکارانـدا دەکرێت کـە هـیچ بناغەیـەکی لەواقعدا نیـە. بەمـشێوەیە ئـەو سـنوردارییانەی دەزگـا واقعیـە هـەبووەکان بـۆ چالاکی دروستیدەکەن، فەرامۆشدەکرێن. لەم نمایشە پێکەناویە شۆڕشگێڕانەدا، سێ سیما بـەر لەهـەموو شـتێك خۆیـان دەردەخـەن. سـیمای یەکـەم، ئـاژاوەگێڕە کـە بەشـێوەیەکی خۆپەرسـتانە دەژی و خـۆی دەخاتـە ناوجەرگـەی چـالاکی جەماوەریـەوە، بـەڵام لەهەمانکاتـدا هـەموو جـۆرە پەیوەندیـەکی بەواقعـەوە لەدەسـتداوە. دووهـەم سـیما، سیمای ڕابەرە کە وەك چاوەدێرێکی هوشیار هیچ ئـەزمونێکی پراکتیکی نیـە و کـاری

موریدەکانی خۆی بەهۆی بەڵگاندنی ئاڵۆز و تەماویەوە ئاراستەدەکات. دواجار هابرماس ئەو کەسانەی وەك مەتحکەرانی شۆڕشی وەهمی دەردەکەون و ناوەڕۆکی تۆندڕەوانەی دەورە پێشیویەکان سەر لەنوێ وەردەگرنەوە، بە"دەلقەکە"کانی نمایشی شۆڕشیان ناودەنێت. کەسانی وا هیچ بایەخێك بەدەرئەنجامە واقعیەکانی قسەکانی خۆیان نادەن.

دوا بەڵگاندنی هابرماس کە لەنوسخەی چاپکراو لەڕۆژنامەی ناوبراودا خراوەتە سەری، دەگەڕێتەوە بۆ بابەتێکی پۆزەتیڤتر ."شۆڕی وەهمی" دەبێت شێوە کارە درێژخایەنەکانی خۆی بگۆڕێت و پەیامی خۆی لەبواری ڕۆشنگەری جەماوەریدا بسەلمێنێت. بزوتنەوەی خوێندکاری دوو کاری هەڵخەڵەتێنەرانەی ئەنجامداوە. یەکێکیان ئەوەیە ئەم بزوتنەوەیە هەوڵەکانی دەوڵەتی بۆ پاراستنی ڕێکخستنێك کە لەسەر بناغەی خەسڵەتە قبوڵکراوەکانە، لەگەڵ سەرکوتکردنی ڕژێمە فاشیستیەکاندا تێکەڵکردووە. دووهەم ئەوەی بزوتنەوەی خوێندکاری زیادەڕەوی لەبارەی هێز و توانای خۆیەوە کردووە و لەوکاتانەدا کە کردارێکی ڕەمزی گونجاو و بەسبووە، پەنای بۆ زۆربردووە. هابرماس بانگەشەی بزوتنەوەی خوێندکاری دەکات کە بەگەڕانەوە بۆ تاکتیکە گونجاوەکان لەگەڵ هەلومەرجی واقیعدا، بگەڕێنەوە بۆ ئامانجە جێی ستایش و ئازادیخوازەکانی خۆیان، واتە سەرەتا دەبێت تێبگەن کە لەهەلومەرجی شۆڕشگێڕیدا نین. لێرەوە دەبێت ئەوان بەدروستی لەهەلومەرجی یاسایی ئۆپۆزسیۆنی دیموکرات لەکۆمەڵگای ئەڵمانیا و مافە یاساییەکانی تێبگەن و هەڵیسەنگێنن. ئەوان هەروەها دەبێت حسابی مێژووی ئەڵمانیای پاش جەنگ لەگەڵ رابردوودا جیابکەنەوە و سود لەو پێشکەوتنانە وەربگرن کە تەنانەت لەسەردەمی زیندوبونەوە و گەڕانەوەی سەرمایەداریدا بەدەستهاتووە. هەروەها خوێندکاران دەبێت هاوکاری لەگەڵ کەسانێکدا بکەن کە کار لەدەزگاکانی ڕاگەیاندندا دەکەن و دەتوانن لەبڵاوکردنەوەی پەیامەکەیاندا یارمەتیانبدەن. هەروەها لەگەڵ ڕێکخراوەکاندا کە ڕەنگە پشتگیری لەمانگرتنە سیاسیەکانیان بکەن. دواجار خوێندکاران دەبێت لەبارەی پەیوەندی نێوان تیورە و پراکتیکەوە بیر بکەنەوە، و لەبەر دروشمگەلێك کە بەبڕوای ئەوان لەئایندەدا جەماوەر دەیسەلمێنێت بەپەلە کارنەکەن.

وەڵامی چەپە نوێکان

باسەکانی هابرماس لەفەزای سیاسی ناسکی ساڵی ١٩٦٨ دا، بەر لەوەی وەك جیاوازیەکی ناوخۆیی لەسەر شێوازەکانی کار و سیاسەتەکانی چەپ تەماشابکرێت، وەك ناڕەزاییەکی بنەڕەتی لەسەر بنەما تیوریەکان دانرا. بەشێك لەبزوتنەوەی رادیکاڵی خوێندکاری هابرماسیان بەخائین و ڕۆشنبیرێکی سەر بەسیستەمی جێگیر و لەبابەتی چەپە لیبراڵیەکان دانا کە لەبەرامبەر بەرخورده رادیکاڵەکاندا، لەهەڵوێستەکانی خۆی پاشگەز دەبێتەوە. بەڵام نوسەرانی کتێبی "چەپ، وەڵامی هابرماس دەداتەوە" (١٩٦٨) کە زۆربەیان لەهاوکار و خوێندکارەکانی خۆی بوون، کاردانەوەیەکی نەرمتریان بەرامبەر بەهابرماس پیشاندا. ئەم کتێبە بەهێنانەوەی شەش بەڵگەکەی هابرماس دەستپێدەکات و پاشان پێشەکیەك و چوارده وەڵام بەدوایدا دێت. نوسەرانی ئەم کتێبە زۆربەیان لەئەندامە چالاکەکانی بزوتنەوەی خوێندکاری بوون. لەسەرنجە سەرەتایەکاندا کە بەقەڵەمی ئۆسکار نێگت نوسراوە، دەگوترێت هابرماس بڕیاربووە لەکۆتایی کتێبەکەدا وەڵامی خۆی بنووسێت، بەڵام پێدەچێت ئەوەندە لەرەخنە تونەدەکانی نوسەرانی کتێبەکە پەشۆکاوە، کە وازی لەمکارە هێناوە. نوسەری پێشەکێکە لەکۆتایدا هەوڵدەدات تا لەتوندی تێڕوانین و رەخنەکان بۆ هابرماس کەمبکاتەوە. ئەو دەڵێت کەسانێك کە ئاشنای بیری هابرماسن، دەزانن نوسەرانی ئەم کتێبە تا چ ئەندازەیەك قەرزاری خودی هابرماسن و بەهەرحاڵ باسەکانی کتێبەکە جگە لەوتوێژێکی گشتی لەبارەی جیاوازی واقعی چەپی نوێی ئەڵمانیاوە، هیچیترنیە. لەدرێژەی ئەمەدا جەخت لەوە دەکرێت کە ئەم کتێبە"دژی هابرماس نیە"، بەڵکو ئامانجی سەرەکی زۆرتر پاراستنی هابرماسە لەدۆستە درۆزنەکانی بەرەی راست، تا هێرشکردنە سەر خودی ئەو لەلایەن چەپەوە[١٣]. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا شێوەی بەرخوردی رق ئامێزانەی هەندێك لەوتارەکانی ئەم کتێبە، نادروستی ئەمجۆرە دەربڕینانە ئاشکرادەکات.

دەکرێ ئەو رەخنانەی لەهابرماس گیراوە، بکەین بەسێ بەشەوە. بەگشتی هەموو نوسەرانی کتێبەکە رەخنە لەوەسفی هابرماس بۆ بزوتنەوەی خوێندکاری دەگرن. ئەوان بەتایبەتی ئاماژە بۆ وەسفە سوکایەتی پێکەرەکانی دەکەن. تێڕوانینی

هابرماس بۆ ئەوەی خوێندکاران گرفتاری وێنای منالانە، شێتی، خەیاڵی تۆندڕەو، بڕینی پەیوەندی بەواقعەوە و وەهمی خۆپەرستانەن، نەك تەنها بەسوکایەتیکردن دەژمێرێت، بەڵکو ئەمجۆرە وەسفانە بەشێکن لەنەریتی کۆنزەرفاتیفانە کە هەموو شێوە گۆڕانێکی پێشکەوتوخوازانە وەك رەفتارێکی نەشاز لەقەڵەمدەدات. بۆ نموونە کلاوس دۆرنەر ئاماژە بەوەدەکات کە خاوەنانی دەسەڵات هەمیشە بەمەبەستی ئەوەی شۆڕشگێران وەك نەخۆشی دەرونی و ناتەواو پیشانبدەن، ئەمجۆرە دەستەواژانەیان بۆ وەسفکردنیان بەکارهێناوە[١٣]. لەڕوانگەی سیستەمی جێگیرەوە، هەموو جۆرە هەنگاوێك بۆ سەرنگونکردنی هەلومەرجی باو، نا ماقوڵەو هەر جۆرە هەنگاوێکیش لەم ڕێگەیەدا، خۆی لەخۆیدا پێچەوانەی هزر و عەقڵە. هابرماس بەبەکارهێنانی ئەم وشانە ڕێگەیداوە لایەنگرانی کۆنزەرفاتیفی هەلومەرجی باو کە لەبنەڕەتدا هابرماس دژی تێڕوانینەکانیانە، سود لەباسەکانی ئەو بۆ خۆیان وەربگرن. هەروەها ئەو کاریکاتێرانەی هابرماس بۆ کەسایەتیە شۆڕشگێڕەکان (ئاژاوەگێڕ، رابەری فکری و دەلقەك) لەکۆتایی باسی پێنجەمدا دەیکێشێت، جێگەی ڕەخنەگرتنە. زۆربەی نوسەرانی کتێبەکە بڕوایانوایە ئەو زاراوانەی هابرماس بەکاریدێنێت، زیاد لەپێویست بۆ مەبەستەکانی ئەو تاڵن. ڕەخنەگرتنی جدی لەئامانج و مەسەلەکانی بزوتنەوەی خوێندکاری پێویست نیە بەزمانی "دوژمنان" بگوترێت. هەر ئەوەندەی هابرماس پەنای بۆ ئەم شێوانە بردووە، خۆی دەریدەخات کە هابرماس لەبزوتنەوەی خوێندکاری بێزارە و دەریدەخات ناونیشانی "فاشیزمی چەپڕەو" کە پێشتر بۆ وەسفی بزوتنەوەی خوێندکاری بەکاریهێناوە، ئەوەندە بێ مەبەست نەبووە.

دوهەم بواری ڕەخنەگرتن لەهابرماس پەیوەندی بەبەکارهێنانی سروشت و ڕۆڵی دەروناسانە، وەك قەدبڕێك بۆ خۆ دورخستنەوە لەشیکردنەوە مێژووی و سوسێۆلۆجیەکانەوە هەیە. لێرەدا تاوتوێی دوو بەڵگە لەبەڵگەکانی هابرماس دەکرێت. هابرماس لەبەڵگاندنی سێهەمی خۆیدا بەدوای ڕونکردنەوەی سەرچاوەکانی بزوتنەوەی خوێندکاریدا وەك کاردانەوەیەکی دەروونی بەرامبەر بەهەندێك لەخەسڵەتەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری دەگەڕێت، و بەمشێوەیە نکوڵی لەماهیەتی ئەم بزوتنەوەیە وەك بەشێکی ئابوری لەملمالانێی چینایەتی کردووە. ئەگەرچی لەبارەی جێگەی وردی خوێندکاران و زانکۆوە لەناو پرۆسەی هەمەکی سیستەمی

سەرمایەداریدا بۆچوونی جیاواز هەیە، بەڵام زۆربەی نوسەرانی کتێبی ناوبراو بڕوایانوایە هابرماس لایەنیکەم کێشەکەی زۆر سادە وەرگرتووە. تەنانەت ئەگەر قبوڵی ئەوەبکەین هابرماس بەدروستی بنەما سایکۆلۆجیەکانی ناڕەزایی خوێندکارانی دەرککردووە، وەك کلاوس ئۆفە دەڵێت، ئەمە بەمانای ئەوەنیە کە ئەو دەرئەنجامانەی هابرماس لەم باسەوە سەبارەت بەتواناکانی بزوتنەوەکە وەریدەگرێت، بەناچار دروستبێت[١٤]. بەکورتی ئۆفە بەڵگە دێنێتەوە کە کاریگەری بزوتنەوەکە پێویست ناکات کورتبکرێتەوە بۆ ڕۆشنگەری هەمەکی و یان بە سیاسیکردنی بواری گشتی، بەڵکو ئەم کاریگەریە پەیوەندی بەشیکردنەوەکانی خوێندکارانەوە هەیە بۆ هەلومەرج و چۆنێتی بەرخوردی بەشەکانی تری خەڵکی لەگەڵ خواست و کاردانەوەکانیاندا. وەك ئۆفە دەڵێت ئەو مەسەلانەی چەپی نوێ وروژاندوێتی، خاڵی دەرچوون و دەرئەنجامی سەرو هەرجۆرە وێنایەکی تاك ڕەهەندانەی سایکۆلۆجی کۆمەڵایەتی دەبێت.

لەلایەکی دیکەوە رونکردنەوە سایکۆلۆجیەکانی هابرماس لەبەڵگاندنی پێنجەمدا، باسی ئەوە دەکات کە چالاکی خوێندکاری ماهیەتێکی نیۆرۆتیکی و دەرونپەریشانەی هەیە. بەشێوەیەکی گشتی هابرماس بەڵگە دێنێتەوە کە جۆرێ کرداری ناڕازیەکان، شێوەی پەرەسەندوویی ناڕەزایی تایبەتی گروپێکی تەمەنی تایبەتە و پابەندبوونی بەردەوام بەمجۆرە چالاکیانەوە، دەلالەت لەسیفەتی منالانە دەکات. لەگەڵ ئەمەشدا لەهەلومەرجێکدا کە پێدەچێت قەیراناوی بێت، سروشتە نیۆرۆتیەکیەکان، دەردەکەون. بەڵام یەکێك لەرەخنەگرەکان بەناوی "فۆریۆ سروتی" بەڵگە دێنێتەوە کە ئەگەر وابوایە، واتە گەر ناڕازایی خوێندکاران بەڕاستی قابیلی کورتکردنەوە بوایە بۆ سرشتی دەروونی تایبەت لەرەفتارێکی نیرۆتیکیدا، ئایا خوێندکاران دەیانتوانی لەبوارەکانی تری کۆمەڵگادا ئەم هەموو سەرکەوتنە بەدەست بهێنن[١٥]. جگە لەمەش تەنانەت گەر جێگەیەکیش بۆ کاریگەری نەخۆشی دەرونی دابنێین، ئایا نابێت لەبری ڕەخنەگرتن لەو کەسانەی توشی ئەم پەشێویانە بوون، ئەو کۆمەڵگایە ڕەخنە بکەین کە بەرپرسیاری دروستبوونی ئەم پەشێویە دەرونیانەیە؟ لایەنیکەم هابرماس بە بەکارهێنانی ئەم قەدبڕە سایکۆلۆجیانە، لەبری شیکردنەوەی سیاسی توشی کەموکوڕی بووە. هابرماس بەقبولکردنی پێوەرە گومانلێکراوەکانی کۆمەڵناسی و

دەروونناسی بۆ نەخۆشی دەرونی و تەندروستی دەرونی بەشێوەیەکی نارەخنەگرانە، ئەو بەشداریەی کە خۆی لەدروستکردنی تیورەی رەخنەگرانەی کۆمەڵگادا هەیبووە. بەفیڕۆ دەدات. تەنانەت گەر بایەخێکی ڕێژەیی بۆ شیکردنەوە سایکۆلۆجیۆکانی حاڵاتی دەرونی و دەرئەنجامەکانی ئەم حاڵاتانە دابنێن، ئەوا هێشتا تیورەکەی لەبارەی رەگوریشەی کۆمەڵایەتی حاڵەتە دەروناسیەکان و دەرئەنجامەکانی، لەڕوانگەی شێواز و ئامانجەکانەوە کەموکوڕە.

رەنگە فراوانترین باسی رەخنەگرانە کە لەکتێبی "چەپ وەڵامی هابرماس دەداتەوە"دا هاتووە، پەیوەندی بەبایەخی روانگە و دیدی مارکسیانەی هابرماسەوە بێت. هابرماس بەڵگەی هێنابۆوە کە بزوتنەوەی خوێندکاری پابەندی میراتێکی سڕاوەیە کە میراتی سەدەی نۆزدەهەمە. گرنگترینی ئەم تێڕوانینانە یەکێکیان تیورەی قەیرانە کە لەسەر بناغەی نرخی کار، دوهەمیان وێنای ململانێی چینایەتیە، وەك بزوێنەری مێژوو، سێهەمیش بەیەکسان تەماشاکردنی بزوتنەوە ناڕازیەکانی جیهانی یەکەم و جیهانی سێهەم. یەکێکی دی لەرەخنەگران بەناوی ئەنسلم نوسیوس دەڵێت کە ڕێکخراوی بزوتنەوەی خوێندکاری (SDS) ئەم جۆرە تێڕوانینانە وەك پاشماوەی دۆگمە کۆمۆنیستیەکان رەددەکاتەوە، تەنانەت دێرینترین گروپی مارکسی بزوتنەوەی خوێندکاری، ئەم تێڕوانینە هەمەکیانە قبوڵناکات[١٦] لەراستیدا دەکرێ خاڵە سەرەکیەکانی بەڵگاندنەکانی هابرماس دژی ئەوەی ئەو بەهەڵوێستی سیاسی بزوتنەوەکەی دادەنێت، راستەوخۆ لەخودی بلاوکراوەکانی ڕێکخراوی خوێندکاریەوە دەربهێنین. ئەو تیورەیەی کە پێیوایە وا بەستەیی ئابووریی راستەوخۆ چیدی گرنگیان لەتێڕوانینە ئەمرۆییەکاندا بۆ ئیمپریالیزم نیە، لەشیکردنەوەکانی ڕێکخستنی خوێندکاریدا بۆ جەنگی ڤێتنام هێنراوەتەوە. هەروەها رەنگە گرنگترین بیری بزوێنەری بزوتنەوەی خوێندکاری ئەوە بوو بێت کە چیدی ململانێی چینایەتی لەناو جەرگەیی چالاکی شۆڕشگێڕانەدا نیە. دیارە دەبێت هابرماس ئاگای لەم تێڕوانینانە بەتەواوی هەبێت، چونکە تیورەکانی هربرت مارکیوز کە پاڵپشتی تیورەکانی هابرماس خۆیەتی، لەدروستکردن و پەروەردەکردنی چەمکی گروپە پەراوێزیەکاندا گەلێك کاریگەر بوو، وە هەر ئەم چەمکەش بەسەرچاوەی رەوایەتی تیوری چەپی نوێ دەژمێرێت. ستراتیژی بنەڕەتی لەکۆی

چالاکیەکانی بزوتنەوەی خوێندکاریدا لەخەبات دژی دەزگای بلاوکردنەوەی شپرنگەرەوە بیگرە تا ناڕازایبوون دژی یاسا لەناکاوەکان، تەنها کاتێك مانا پەیدا دەکات کە ململانێ لەنێوان بۆرژوازی و پرۆلیتاریادا چیدی بەهۆکاری سەرەکی رزگاریخوازی دانەنێین.

زۆرێك لەنوسەرانی کتێبی ناوبراو ناڕەزایی لەگشتگیریەکانی هابرماس لەبارەی بزوتنەوەی خوێندکاریەوە دەردەبڕن. پیتر برۆکنەر سێ گۆڕانی سەرەکی کە یارمەتی دروستبوونی ڕێکخراوی خوێندکارانی داوە، بەمشێوەیە ڕوونەدەکاتەوە: یەکەم گەڕانەوەی سیستەمی سەرمایەداری لەئەڵمانیای پاش جەنگی جیهانی دوهەمدا، دوهەم گۆڕانی هەڵوێستی حیزبی سۆشیال دیموکرات لەنەیارێتی رژێمی باڵا دەستدا و سێهەم شۆڕش و یاخیبونەکانی دژ بەدەسەڵاتخوازی لەئاستی تاکدا[١٧]. پیتر برۆکنەر بڕوایوایە نابێت بەشێوەیەکی یەکسان بڕوای ئەندامانی ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆشیالیستی ئەڵمانی و کار و ئامانجەکانیان هەڵسەنگێنین. رەخنەگرانی وەك هابرماس لەبارەی گونجان و هاوبەستەیی ریکخراوەیەوە کە کراوەتر و پڕ ناکۆکی تەرە، زیادەڕەویدەکەن. رەخنەیەکی هاوشێوە لەسەرەتای وتاری نوسەرێکی تردا بەناوی "هربرت لدەر" هاتووە کە هابرماس تاوانبار دەکات بەقبوڵکردنی ئینفیعالی و نارەخنەگرانەی بەدحاڵیبونەکانی ڕۆژنامە بۆرژوازیەکان. بەپێی ئەم تێڕوانینانە هابرماس لەبری پێشکەشکردنی وێنەیەکی ورد بۆ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و چالاکیەکانی بزوتنەوەی خوێندکاری، هەمان ئەو چەمکە سواوانە دەسەلێنێت کە بۆ بێبایەخ کردنی بزوتنەوە رەخنەگرە رەواکان، بەکار دەهێنرێن. ڕێکخراوی دیموکراتی بزوتنەوەی خوێندکاری و نەیارێتی بنەڕەتی لەگەڵ هەلومەرجی وەستاوی هەبوودا، وتوێژە تیوریەکانی فەرامۆشکراوە، و لەبری ئەوە گرنگی بەتوڕەیی سۆزدارانەی ڕێپێوانەکان و خۆپیشاندانە گشتیەکان دراوە[١٨].

بەڵام زۆرێك لەرەخنەگرانی هابرماس لەسەر ئەو باوەڕەن ئەو لەقسە گشتگیرەکانیدا و رەخنەگرتنی لەدۆگمایەتی ریکخراوی خوێندکاری، خۆشی گرفتاری هەندێك گریمانەی دۆگمایی یان لایەنیکەم ساویلکەنەیە. بۆ نموونە "ئۆکهارت کرییندرۆف" کە رەخنەگرێکی تەرە، تێڕوانینی هابرماس بۆ سیاسەت بەتێڕوانینێکی کلاسیکی دەزانێت. لەسەر ئەم بناغەیە ئۆکهارت رونیدەکاتەوە بۆچی هابرماس

ناتوانێت لەتوانا سیاسیەکانی شێوازە تازەکانی ناڕازیبوون تێبگات و دەسەڵاتی بزوتنەوەی خوێندکاری بۆ ئەرکێکی لیبڕاڵی و پەروەردەیی و ڕۆشنگەری کورتدەکاتەوە. تێڕوانینی هابرماس بۆ فاشیزمیش سنورداراە، چونکە ئەو تەنها شێوەی تۆندڕەوی ناسیونال سۆشیالیزم لەژێریدا دەهێنێتەوە[١٩]. رایمۆت ریشە (یەکێکی دی لەنوسەرانی کتێبەکە) هۆی شیکردنەوە سیاسیە کەموکوڕەکەی هابرماس، دەگەڕێنێتەوە بۆ لەبەر چاو نەگرتنی گرنگی و بەهای سیاسی کرداری نا عەقڵانیەکان. بەبڕوای ئەو هەست و وێناکانی خوێندکاران کە خۆیان بەهاوەردی ویتکونگەکان و گروپە ستەم لێکراوەکانی جیهانی سێهەم دەزانن نەك هەر سودمەندە، بەڵکو پێداویستی پاراستن و بەردەوامی ناڕازیبوونی کاریگەر و دروستکەرە[٢٠]. زۆرێك لەرەخنەگرانی ناوبراو لەوانە نویسوس رەخنە لەو وتەیەی هابرماس دەگرن کە خوێندکاران واقع و سومبلەکانیان تێکەڵکردووە. نویسوس بێ نکوڵیکردن لەجیاوازی ئەم دوانە، بەڵگە دێنێتەوە کە جیاکردنەوەو جیاوازیکردنیان، بێ ڕەچاوکردنی ساتەوەختەکانی تێکەڵبوونیان، بەهەمان ئەندازە نادیالیکتیکە کە بەیەکسان تەماشاکردنیان[٢١].

لەپشت هەموو ئەم تێڕوانینانەوە تێزێك هەیە کە "نگت" لەپێشەکیەکەی خۆیدا بەئاشکرا دەریدەبڕێت، ئەویش ئەوەیە هابرماس هەروا پابەندی تێڕوانینێکی کلاسیکیە بۆ گۆڕانی شۆڕشگێڕانە[٢٢]. گەرچی ئەو بایەخ و بەهای شیکردنەوەی مارکس بۆ هەلومەرجی هەنوکەیی ڕەددەکاتەوە، بەڵام گریمانەی بنەڕەتی بیری هابرماس ئەوەیە کە شۆڕش بەناچار هەڵگری ململانێی چینایەتی بەشێوە کلاسیکیەکەی دەبێت. خوێندکاران تەنها دەتوانن بەئەرکی ڕۆشنگەری هەڵسن، چونکە ئەوان بەمانای دروستی وشە چین نین و ناتوانن ببن بەنوێنەری مێژوو، مارکس ئەو دەورەی بۆ پڕۆلیتاریا دانابوو. یان دەکرێ بگوترێ چیدی هابرماس بڕوای بەهیچ نوێنەریك بۆ گۆڕانی واقعی لەمێژوودا نیە، یان ئەو بەشێوەیەکی شاراوە هەروا پابەندی تێڕوانینێکی کلاسیکیە بۆ شۆڕش. ئەگەر گریمانەی یەکەم ڕاست بێت، لەمحاڵەتەدا هابرماس یان لیبرالێکی ریفۆرمخوازە یان سۆشیالیستێکی نائومێدە. ئەگەر گریمانەی دوهەم ڕاست بێت، ئەوا لەمحاڵەتەدا هابرماس هەروا پابەندی تێڕوانینێکی سواو یان وەهمی یۆتۆپاییە. لەهەردوو حاڵەتدا دەکرێت

هابرماس بەکەموکوڕی لەجێبەجێکردنی تێڕوانینی خۆی بۆ شۆڕش لەگەڵ پێداویستی و هەلومەرجەکاندا تاوانبار بکەین.

پیاچوونەوە بەماتریالیزمی مێژووییدا

هەر چاودێرێکی بێلایەن دەبێت تاڕادەیەك دان بەراستی ئەو دوا ڕەخنانەی سەرەوەدا بنێت کە لەتێڕوانینی هابرماس گیراوە. بێگومان دەکرێت بەلگاندن و تێڕوانینەکانی جێی ڕەخنەی هابرماس، لەنوسین و وتەکانی هەندێك لەرابەرانی بزوتنەوەی خوێندکاریدا بدۆزینەوە. بۆ نمونە ئەگەر سەیری بەرهەمەکانی دۆتچکە بکەین، دەبینین ئەو بەردەوام بەدوای دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان خەباتە کۆمەڵایەتیەکانی ئەڵمانیا لەگەڵ بزوتنەوەکانی جیهانی سێهەمدا دەگەڕێت و زۆرێك لەگروپەکانی نزیك لەجۆرەکانی حیزبە کۆمۆنیستەکانەوە کە لایەنگری هێڵی فکری مائویستی، ترۆتسکیستی و یان مارکسیست – لینینی بوون، باسی نزیکی رودانی قەیرانیان لەسەرمایەداری و گرنگی بنەڕەتی پڕۆلیتاریا دەکرد. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بزوتنەوەی خوێندکاری لەژێر کاریگەری بیرورا نوێخوازەکاندا بوون، کە نەیاری دۆگمەکانی حیزبەجێگیرەکان و کۆمۆنیستە ئەرسۆزکسەکان بوون. لەراستیدا ناڕەزایی خوێندکاران بەهەمان ئەندازە کە لەژێر کاریگەری مارکس و ئنگلزدا بوو، لەژێر کاریگەری هەڵوێستە نائەرسۆزێکسەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرتیشدا بوو. وەك "نگت" لەپێشەکی "چەپ وەڵامی هابرماس دەداتەوە"دا رایگەیاندووە و هەروەها ڕۆژنامەکان بەردەوام جەختیان لێدەکردەوە، هابرماس خۆی هەندێك لەسەرچاوە سەرەکیە فکریەکانی ڕێکخراوی خوێندکاری و ئیلهام بەخشی بووە. کەوابوو دەکرێ موداخەلەکانی لەدوو بڕگەی هەستیاری ژوێنی ١٩٦٧ و ١٩٦٨دا نەك هەر بەڕوبەڕووبونەوەی دیدە دۆگمایەکانی بزوتنەوەی خوێندکاری دابنرێت، بەڵکو دەکرێ ئەو موداخەلانە بەبەشێك لەوتوێژی فکری هابرماس لەگەڵ نەریتی مارکسیدا دابنرێت. بەتایبەتی دەبێت تێڕوانینەکانی هابرماس لەبارەی مارکسیزمەوە، هەم وەك دەرئەنجامی هەڵوێستە تیوریەکانی لەکۆتایی شەستەکاندا و هەم وەك بناغەی "پیاچونەوە بەماتریالیزمی مێژووییدا" لەبەرهەمەکانی حەفتاکانیدا دابنرێت.

ماتریالیزمی مێژووی پێویستی بەپیاچوونەوە هەبوو، چونکە چوارچێوە تیوریەکەی بۆ سەلماندنی ئامانجە بەرزەفڕەکانی نەگونجاو دەهاتە بەرچاو. زاراوەی "ماتریالیزمی مێژوویی" گەرچی بەشێوەیەکی سەرەکی دەگێڕێتەوە بۆ مارکس، بەڵام زۆرتر ڕەنگە دروستکراوی ئەنگڵز بێت. ئەنگڵز لەپێشەکی "سۆشیالیزم: جۆری خەیاڵی یان جۆری زانستی"دا (١٨٩٢) هێناویەتیەوە کە ماتریالیزمی مێژوویی: "جەخت لەسەر ئەو پرۆسەیەی مێژوو دەکات کە بەدوای دوا هۆ و هێزی بزوێنەری مەزنی کۆی روداوە مێژوویی گرنگەکان لەپەرەسەندنی ئابووری کۆمەڵگا، لەگۆڕانەکانی سیمای بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕ، لەدابەشکردنی کۆمەڵگا بۆ چینی دیاریکراو و لەململانێی نێوان ئەم چینانەدا، دەگەڕێ"[٢٣].

کەوابوو ماتریالیزمی مێژوویی هەم دژی تیورەی "ماتریالیزمی" ڕوت و سادەیە کە جەخت لەسەر یەکەمێتی مادە دەکات و هەم نەیاری تیورەی ئایدیالیزمی مێژوویە کە بەشێوەی فەلسەفەی هیگڵ، بواری بیر یان زیهنی مرۆڤ بەئەنگێزە و بزوێنەری پێشکەوتنی مێژوویی دادەنێت. ئەوەی لەپێناسەکەی ئەنگڵزدا بۆ ماتریالیزمی مێژوویی دەردەکەوێت، ئەوەیە کە بناغەی ماتریالیزمی مێژوویی لەبواری ئابوریدایە. کەوابوو ماتریالیزمی مێژوویی تا ئەو شوێنە مادیگەرە کە بەرهەمهێنان و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ژیانی مادی، بەهۆکاری یەکەم لەتەفسیرکردنی ژیانی مرۆڤدا دادەنێت، و تا ئەو جێگەیە مێژوویە کە بڕوای بەپێشکەوتن و پەرەسەندنی جۆرە جیاوازەکانی ڕێکخستنی ئابووری کۆمەڵگا بەدرێژایی مێژوو هەیە و هۆکارێك دەدات بەدەستەوە کە بەهۆیەوە دەکرێ گۆڕان لەسیمای بەرهەمهێنانی ئابوریدا، وەك دەرئەنجامی ململانێی چینە جیاوازەکان روونبکرێتەوە.

بەناوبانگترین ڕوونکردنەوەی مارکس لەبارەی ماتریالیزمی مێژوویەوە لە"پێشەکیەك بۆ ڕەخنەگرتن لەئابووری سیاسی"دا (١٨٥٩) هاتووە[٢٤]. لێرەدا مارکس پێشگریمانە هەمەکیە تیوریەکانی خۆی دەدات بەدەستەوە. مرۆڤەکان لەهەر کۆمەڵگایەکدا بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەئیرادەی خۆیان لەناو دەرونی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێناندا، هەنگاو دەنێن کە گونجاوە لەگەڵ قۆناغێکی تایبەت لەپەرەسەندنی هێزەکانی بەرهەمهێنانی مادیدا. مەبەستی مارکس لەهێزەکانی بەرهەمهێنان، هۆکارە

مادی و نامادیەکان، واتە کەرەستە خامەکان ئامێرەکانی بەرهەمهێنان و هێزەکانی کار (کە هەموو داهێنانە ڕوو لەزیادەکانی کارایی لەبەرهەمهێناندا دەگرێتەوە). لەڕاستیدا پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان پەیوەندیەکانی مولکایەتی یان کۆنترۆڵی کاریگەری تاکەکان بەسەر هێزەکانی بەرهەمهێناندا، و هەر لەو ڕوەشەوە بەسەر هێزی کاری کەسانی دیدایە. پەیوەندی و هێزەکانی بەرهەمهێنان پێکەوە ژێر خانی ئابوری کۆمەڵگا پێکدەهێنن کە دیاریکەری شێوەکانی هوشیاری تاکەکان و هەروەها سەرخانی یاسایی و سیاسیە. بەم مانایە بناغەی مادی کۆمەڵگا یەکەم و بنەڕەتیە، لەکاتێکدا کە سەرخان و هوشیاری لاوەکیە. پێشکەوتنی مێژوویی بەپێی ململانێ بنەڕەتیەکان لەبناغەی ئابوریدا و چارەسەرکردنیان پێناسە دەکرێت. کاتێك هێزەکانی بەرهەمهێنان لەگەڵ پەیوەندیەکانی بەرهەمهێناندا دەکەونە دژایەتیەوەو پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان وەك ڕێگرێك لەبەردەم پەرەسەندنی زیاتری هێزەکانی بەرهەمهێناندا کاردەکەن، قۆناغێك لەئاژاوە و شۆڕشی کۆمەڵایەتی دێتە ئاراوە. چارەسەری دژایەتی نێوان هێزەکانی و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان، سیمایەکی تازەی بەرهەمهێنان دروستدەکات کە تا قۆناغی دەستپێکردنی ململانێیەکی تازە بەردەوامدەبێت. تەنها بەدەرکەوتنی سۆشیالیزم دواجار "پێش مێژوویی" مرۆڤایەتی کۆتایی پێدێت.

هابرماس بەردەوام دیدێکی دوولایەنەی بەرامبەر ئەم تێڕوانینە بۆ ماتریالیزمی مێژوویی هەبووە. ئەو وێنەیەی تام راکمۆر بۆ گۆڕانی هێڵی بیری هابرماس کێشاوێتی، بەتەواوی هەڵە نیە. بەپێی ئەم وێنەیە هابرماس بەشێوەیەکی ڕوو لەزیاد لەتیورەی ماتریالیزمی مێژوویی نائومێد دەبێت و دواجار بەتەواوی وازی لێدێنێت و لەبریدا تیورەی کرداری پەیوەندی، دەهێنێتە پێشێ[٢٥].

بەڵام وێنەیەکی وا ئەو خاڵە لەبەرچاو ناگرێت کە هابرماس هەمیشە دوراودور، خۆی بەهاوبیری مارکس زانیووە. لەهیچ شوێنێکدا تیورەی مارکسی بەراشکاوی و ڕاستەوخۆ ڕەد ناکرێتەوە. هابرماس سەرەڕای هەندێك تێڕوانینی جیاوازی خۆی، بەڵام هیچ کاتێك خۆی نەخستە دەرەوەی ئەو نەریتە ڕەخنەگرانەیەی کە بەرەخنەگرتنی مارکس لەهیگڵ و فەلسەفەی ئایدیالیستی دەستپێدەکات و ئاڵۆزترین شێوەی بەردەوامی ئەم نەریتە دەتوانین لەنوسینە سەرەتاییەکان جۆرج لۆکاش و

بەرهەمەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرتدا بدۆزینەوە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هیچ کاتێکیش هابرماس خۆی بەپابەندی بنەماکانی ماتریالیزمی مێژوویی بەوشێوەیەی لەبەرهەمەکانی مارکسدا هاتووە، نەزانیووە. هابرماس بەتایبەتی وەك نەوەی یەکەمی قوتابخانەی فرانکفۆرت، بیری ژێرخانی ئابوری دەستنیشانکەر، ردەدەکاتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا هابرماس لەکۆمەڵە وتارێکدا بەناوی "پیاچونەوە بەماتریالیزمی مێژوویدا" (١٩٧٦) لەکاتێکدا کە بناغەی تیورەی ئابوری مارکس، واتە تیورەی نرخی کار ردد دەکاتەوە، دیسان بڕوایوایە کە "گۆڕانی بونیادە سروشتیەکان، هەروا بەستراوە هەم بەتەحەدا روو لەپەرەسەندنەکانی کە بەهۆی مەسەلە ئابوریە چاەسەنەکراوەکانی کۆی سیستەمەکەوە دێنەپێشێ، و هەم بەپرۆسەی پەروەردەکردنەوە کە کاردانەوەیەکن بەرامبەر بەو مەسەلانە"[٢٦]. ئەم تێڕوانینە ئاڵۆز و دولایەنیە، خەسڵەتی سەرەکی دیدی هابرماسە بۆ تیورەی مارکسی، تەنانەت لەبەرهەمەکانی دوایی خۆیدا کە دەوری مارکس تیاییدا ئەوندە بەرجەستە نیە، هیچ کاتێك هەوڵنادات کاری خۆی لەنەریتی پێشکەوتوخوازانە کە بەمارکس دەست پێدەکات جیابکاتەوە.

هابرماس بەگشتی لەهەمان سەرەتای کاری خۆیدا تیورەی مارکسی بەتیورەیەکی تاك رەهەندی و نەگونجاو بۆ تاوتوێکردنی دیاردەکانی سەرمایەداری سەدەی بیستەم دادەنا، و بەهەرحاڵ وەك تیورەیەکی گشتی لەبارەی کۆمەڵگاوە، بەکەموکوڕی زانیووە. ئەم خاڵە بەتایبەتی لەکتێبێکدا بەناوی "تەکنەلۆژیا و زانست وەك تەکنەلۆژیا" (١٩٦٨) کە لەگەرمەی بزوتنەوەی خوێندکاریدا بلاوبکردەوە، بەئاشکرا دەبینرێ[٢٧]. هابرماس لەم کتێبەدا و لەنوسینەکانی تری کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا، ئەم تێزە سەرەکیە دەهێنێتە پێشێ کە مارکس لەشیکردنەوەکانی خۆیدا بۆ کۆمەڵگای سەرمایەداری بەپێی پێویست بەشێوەیەکی ئەبستراکت کاری نەکردبوو. وتەزای کاری کۆمەڵایەتی کە ناو جەرگەی شیکردنەوەکانی مارکسی پێکدەهێنا، تەنها ڕەهەندێکی پێشکەوتنی مرۆڤ لەبەرچاو دەگرێت. هابرماس بۆ چاککردنەوەی ئەم تێڕوانینە چەمکەکانی "کار" و "مامەڵە" بۆ وەسفی کاملتری دوو ڕەهەندی پرۆسەی کۆمەڵایەتی بەکار دەهێنێت. هابرماس بەلگە دێنێتەوە کە مرۆڤ لەدوو ڕێگەوە پەردەسێنێ و پێشدەکەوێت: یەکێکیان

لەشێوەی ئیدراکێك لەپەیوەندیدا بەسروشتەوە کە ناوی دەنێت بەکار و ئەویدی لەشێوەیەکی ئەخلاقیدا لەپەیوەندی نێوان زیهنی مرۆڤەکان کە لەژێر ناوی مامەڵەدا دێت. هابرماس لەوڕووەوە کە شیکردنەوەکەی مارکس نا دروست نیە، بەڵکو کەموکوڕ و بەس نیە، چەمکی پیاچونەوە و چاکسازی بۆ وەسفی بەرخودی خۆی لەگەڵ بەرهەمەکانی مارکسدا دەهێنێتە پێشێ. بەپێچەوانەی مانای ژیانەوە یان ڕیفۆرم کە بەمانای گەڕانەوە بۆ شتێکە کە پەرەیسەندووە و پاشان گەندەڵبووە، و هەرەوەها بەپێچەوانەی چەمکی نوێکردنەوەو لەدایکبوونەوە، چەمکی چاکسازی و پیاچوونەوە بەمانای پرۆژەیەکی تازەی بیرکردنەوەیە بۆ پاراستنی ئامانجی سەرەکی. ئامانجی هابرماس وەکو مارکس پێکهێنانی تیورەیەکی رزگاریخواز و گشتگیرە لەبارەی کۆمەڵگاوە، بەڵام هابرماس بەپێچەوانەی مارکسەوە، بڕوایوایە ئەگەر کۆمەڵگا و وتەزای کار، تەنها لەڕووی پەیوەندیان بەسروشتی دەرەکیەوە لەبەرچاو بگرین، ناتوانین بەئامانجێکی وا بگەین.

ئامانجی سەرەکی هابرماس لەپیاچونەوە بەماتریالیزمی مێژووییدا پیشاندانی ئەو خاڵەیە کە نەریتە کلتوریەکان و گۆڕانکاریە سروشتیەکان، خاوەن لۆژیکی پەرەسەندنی تایبەتی خۆیانن کە تەنها لەژێرخانی ئابوریەوە نەهاتوون. لەکاتێکدا مارکس پێشکەوتن و پەرەسەندنی بەدرئەنجامی زیادبوونی کەمایەتی لەهێزەکانی بەرهەمهێنان و گۆڕانی چۆنایەتی لەپەیوەندیەکانی بەرهەمهێناندا دەزانی، ئەوا بەبروای هابرماس پەرەسەندن و پێشکەوتن لەبواری کردارەکانی پەیوەندیشدا روودەدات. یەکێك لەرەهەندە گرنگەکانی هەوڵی هابرماس لەپیاچونەوە بەماتریالیزمی مێژووییدا، ڕەخنەگرتنە لەوتەزای کاری کۆمەڵایەتی وەك هۆکاری دەستنیشانکەر لەکۆی مەسەلە مرۆییەکاندا. هەر لەبەرئەمە هابرماس زۆر جەخت لەسەر لێکۆڵینەوە مرۆڤناسیەکان لەبارەی ڕەوتی تێپەڕین لەنیمچە مرۆڤەوە بۆ مرۆڤی هوشیار دەکات. هابرماس لەم لێکۆڵینانەوە ئەو دەرئەنجامە وەردەگرێت کە لەراستیدا کاری کۆمەڵایەتی دەرخەری خەسڵەتی سەرەکی نێوان شێردەرە سەرەتاییەکان و نیمچە مرۆڤە. بەڵام پەیدا بوونی پەیوەندیە خێزانیەکان، واتە ئەو بونیادانەی کە هەڵگری خەسڵەتە کۆمەڵایەتیە نێوان زیهنەکانە، نیشانەی گواستنەوەیە بۆ مرۆڤی هوشیار. بەبڕوای هابرماس دوبارە بەرهەمهێنانەوەی ژیانی

مرۆیی، بەجۆرێکی تایبەتی کار و کاردانەوە دەست پێدەکات کە خاوەن کۆمەڵێك خەسڵەتە کە لەپێشەوە هەڵگری زمانە: "پایە و پلەی شیردەرە سەرەتاییەکان تاك رەهەندی بوو، هەر تاکێك دەیتوانی تەنها و تەنها پایە و پلەیەك لەهەموو بوارەکانی کارکردندا، داگیربکات. تەنها کاتێك تاکێك دەیتوانی پێگە و پایە و پلەی جیاواز لەخۆیدا کۆبکاتەوە و یان تاکە جیاوازەکان دەیانتوانی یەك پایە و پلە داگیربکەن، کە هاتوچۆی کۆمەڵایەتی لەنێوان ئەندامەکانی کۆمەڵێکدا کە خاوەن کاری تایبەتین، مومکین دەبوو"[٢٨].

بەهەرحاڵ دروستکردنی دەورە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر بناغەی ناسینی نێوان زیهنیەکان، رەوایەتی ئەم دەورانەیە. مرۆڤەکان بەدەر لەوردەکاریەکانی کەسایەتی خۆیان، چاوەڕوانی سروشتی پەیدا دەکەن. ئالێرەدایە ئێمە شایەتی پەیدابوونی "پشتبەستن بەئەخلاقیات وەك ئەنگێزەی کارین"[٢٩]. هەر ئەم تایبەتمەندیە مرۆڤ لەدنیای کەسایەتی تاکانەیی و زۆرمەندانەی شیردەرە پلە یەکەکان دەهێنێتە دەرێ، و بەرەو دەرونی جیهانی کردار و کاردانەوە کۆمەڵایەتیە دروستکراوەکان لەرەمز و سیمبولەکان، ڕێنمایی دەکات.

سەرچاوەی رەگەزی مرۆڤ بۆ هابرماس لەو روەوە زۆر گرنگە کە دەریدەخات پێشکەوتن و پەرەسەندنی مرۆڤ دەکرێ نەك بەپێی کار، بەڵکو بەپێی کرداری کۆمەڵایەتی دیاریبکرێت. پێشنیاری هابرماس ئەوەیە ماتریالیزمی مێژوویی ببەستینەوە بەپرۆسەی پێشکەوتنی ئەخلاقیات یان خەسڵەتە کۆمەڵایەتیەکان، نەك بەپرۆسەی پێشکەوتنی ئامێری. ئەو پرسیارەی راستەوخۆ دێتە پێشێ ئەوەیە ئەو نمونانە لەکوێ بدۆزینەوە کە بتوانێت پێشکەوتنێکی وا بەرووبی وەسفبکات. هابرماس بڕوایوایە بۆ ئەم پرسیارە، وەڵامێکی لەبواری سایکۆلۆژیای پێگەیشتوودا دۆزیوەتەوە. ئەو بەپشتبەستن بە بەرهەمەکانی ژان پیاژێ، لارنس کۆلبرگ و کەسانی دی، دیدێکی نەرمتر و لەهەمانکاتدا پێشکەوتوخوازانە تر بۆ مێژووی مرۆڤ پێشکەشدەکات کە هاوتای پەرەسەندنی تاکی مرۆڤە. لەسەر بناغەی پرۆژەکەی مارکس منالٌ لەڕێگەی قۆناغی جیاوازەوە گەشە دەکات: الف (قۆناغی پێکەوە ژیان، ب) قۆناغی خودسەنتەری یان خود ناوەندی، پ (قۆناغی کۆمەڵگا سەنتەری و بابەتگەری، ت) قۆناغی گشتگیری. بەدرێژای ئەم پرۆسەی گەشەکردن و پەرەسەندنی

مرۆڤە لەقۆناغێکەوە کە تیاییدا سنوورێکی دیاریکراو بۆ زیهنیەتی تیا نیە، بەقۆناغێك دەگات کە تیاییدا "خود" دەتوانێ لەبارەی خۆی و بونیادە سروشتیەکانەوە، ئەندێشە بکات و بیر بکاتەوە. هابرماس بڕوایوایە دەکرێت ئەم چوارچێوە تیوریە، بۆ وەسفکردنی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی بەکارهێنرێت. بەبڕوای هابرماس لەنێوان وەسفی پەرەسەندنی نەفس و پەرەسەندنی جیهانبینیەکاندا، لێکچونگەلێك هەیە[٣٠]. گەرچی هابرماس بێئاگا نیە لەو کێشانەی گشتگیرکردنی چەمکەکان لەئاستی تاکەوە بۆ ئاستی کۆمەڵگا دەیهێنەپێشێ، بەڵام بڕوایوایە دەکرێ جیهانبینیەکان بۆ نمونە وەك پرۆسەی پەرەسەندن لەنمایشە ئەفسانەیەکانەوە بۆ شێوە گشتیەکانی ئاڵوگۆڕ و مامەڵە (بۆ نمونە لەنەریتی یەهودی - مەسیحیدا) و دواجار بۆ دیدی خودئەندێشانە کە خەسڵەتی جیهانی نوێیە، وەسفبکرێت.

بەدواداهاتنی جیهانبینیە جیاوازەکان تەنها دەرکەوتێکی پەرەسەندنی پەیوەندیە. هابرماس هەروەها لەسەر بناغەی شیکردنەوەی کردارەکانی ئاخاوتن، پرۆسەی پەرەسەندن و گەشەکردنی شوناسە فەردیەکان لەکۆمەڵگای قۆناغی بەردینی نوێوە تا کۆمەڵگایەکی ئایدیال کە هەر تاکێك بەهاوڵاتی جیهانی دەژمێرێت، وێنە دەکات. دەکرێت نمونەی پەرەسەندنێکی هاوشێوە لەبواری یاسایی و ئەخلاقیەکاندا کە پێشتر تاوتوێکران، لەبەرچاو بگیرێت.

هابرماس بەڵگە دێنێتەوە کە ئەم سێ جۆرە پرۆسەی پێشکەوتنی مێژوویە – واتە لەبواری جیهانبینیەکان، شوناسی تاك و دەرکەوتەکانی یاسایی -ئەخلاقی- لەسەر بناغەی "بونیادەکانی پەیوەندی نێوان زیهنیەکانن کە بەهۆی زمانەوە سەقامگیر بوون"[٣١]. تیورەی کرداری پەیوەندی کە ئەمجۆرە بونیادانە روونەدەکاتەوە، دەبێ وەك تەواوکەری تیورەی کرداری پەیوەندی ئاراستەکراو بەرەو ئامانج دابنرێت کە ماتریالیزمی مێژوویی لەسەر بناغەی دامەزراوە[٣٢].

پرۆسەی بەعەقڵانیبوون و پێشکەوتن لەهەر دوو بواردا روو دەدەن، بەڵام جیاوازیەکی گرنگ لەنێوان پێشکەوتن لەهەردوو بواری باسکراودا هەیە. عەقڵانیبوون لەبواری کرداری پەیوەندیدا، بێگومان پەرەسەندنێکی پۆزەتیڤە، لەکاتێکدا عەقڵانیبوون لەبواری کاری عەقڵانی ئاراستەکراو بەرەو ئامانج، پێویستی بەبڕیاردانی ئامانجدار و ئامێرخوازانە هەیە. عەقڵانیەتی روو لەزیاد لەم بوارەی

دواییدا، بەشێوەیەکی ئاسایی بەهۆکاری نامۆبوون و بیرۆکراتیبوونی جیهانی نوێ دەژمێرێت. بەڵام عەقڵانیبوون لەبواری کرداری پەیوەندیدا بەمانای وەلاوەخستنی ئەو ڕەهەندانەی پەیوەندیە کە دەبێتە هۆی شێواندنی پەیوەندیەکان. ئەم ڕەهەندانە یان دەرونی و یان کۆمەڵایەتین. کەوابوو پێشکەوتن لەبواری کرداری پەیوەندیدا بەهەمانشێوەی پێشکەوتن لەبواری کاری عەقڵانی ئاراستەکراو بەرەو ئامانجدا، ئەندازەگیری ناکرێت، بەڵکو دەبێ ئەم کرداره "لەسەر بناغەی ڕادەی گەشەکردنی بواری کرداری کۆگیرو هاوکات لەگەڵ دروستکردنی پەیوەندی و لیکتێگەیشتنی دور لەفرت و فێڵ"دا، ئەندازەگیری بکرێت. هابرماس تەنانەت بڕوایوایە ئەمجۆرە پێشکەوتنە سەرەکیترە لەپەرەسەندن لەبواری کرداری عەقڵانی ئاراستەکراو بەرەو ئامانجدا و هەر لێرەوە ناوی دەنێ "خێرایی پێوەری پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی"[٣٣].

ئەمجۆرە بیرکردنەوانە لەبواری پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیدا، چەندان ساڵ دوای ڕوبەڕوبونەوەی هابرماس لەگەڵ بزوتنەوەی خوێندکاریدا پێشکەشکرا. لەگەڵ ئەمەشدا ناکرێ بگوترێ ئەو لەهەمان سەردەمدا کاتێک ڕەخنەی لەدۆگماییەتی مارکسیانەی هەندێک لەپڕ هەراو هوریاترین رابەرانی بزوتنەوەی خوێندکاری دەگرت، ئەمجۆرە بیرکردنەوانەی لەسەردا نەبووە. ئامانجی ئەو لەکاردانەوە بەرامبەر بەشێوازەکان و پڕوپاگەندەی بزوتنەوەی ناڕازی خوێندکاران و هەم لەنەفیکردنی تێڕوانینی سنوردراوی ئەو بزوتنەوەیە بۆ پەرەسەندنی مێژوویی، ئەوە بوو کە لەسنوری تێڕوانینە باو و کلاسیکیەکان سەروتر بڕوات و هەڵوێستەکانی خۆی کە لەسەر بناغەی ڕێگەچارەی دیموکراتی بوو، ڕوونبکاتەوە. ڕەخنەی هابرماس لەبزوتنەوەی خوێندکاری لەسەر ئەو بڕوایە دامەزرابوو کە تێڕوانینی خوێندکاران بۆ گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵگا پێشکەوتوەکانی ڕۆژئاوا و هەروەها بۆ وابەستەیی و کۆنترۆڵکردنی جیهانی سێهەم، قاڵبی و تەسکبینانەیە. ئەو دەورەی هابرماس بۆ خوێندکاران وەک پێشەنگی وتوێژی گشتی و ئازاد لەبارەی مەسەلە گشتی و ئاڵۆزەکانەوە داینابوو، بەبڕوای ئەو دەبووە هۆی ئەوەی تا بواری گشتی پاش قۆناغێک لەوەستان لەگفتوگۆ و باسی سیاسی واقعی و ئازاد، سەر لەنوێ ڕەونەق پەیدا بکاتەوە و سیاسی بێت. هێوای هابرماس ئەوە بوو بەمشێوەیەو بەپەنجە

خستنە سەر خاڵە لاوازەکانی حکومەت، ڕەوایتیەکەی بخاتە ژێر پرسیارەوە. دیارە دەرئەنجامی ئەم چالاکیانە، ئەنجامدانی شۆڕشی سۆشیالیستی نیە بەو شێوەیەی کە هەندێك لەرابەرانی بزوتنەوەی خوێندکاری چاوەڕێیان دەکرد، بەڵام ڕەنگە بەهۆی ئەم چالاکیانەوە پێشکەوتنێکی ڕێژەیی لەبواری کرداری پەیوەندی و کۆمەڵایەتیدا بێتە پێشەوە. بەسەرنجدان لەبیرکردنەوەکانی دوایی هابرماس لەماتریالیزمی مێژوویی، دەکرێت بگوترێت هابرماس بەدروستی لەوە تێگەیشتبوو کە هەلومەرج بۆ ڕوودانی شۆڕش و گواستنەوە بۆ شێوازێکی تازەی بەرهەمهێنان، بەئەندازەی پێویست سەخت و ناکۆکئامێز نەبوو بوو. ڕەنگە لەو کۆمەڵگایانەدا کە سیستەمی ئەخلاقی و یاسایی و شوناسی فەردی خۆی لەسەر بناغەی بنەما گشتیەکانی مرۆڤ دادەمەزرێنن، گونجاوتر ئەوە بێت کە جەخت لەسەر پێوەر و بنەما قبوڵکراوەکانی خۆی بکات.

پەراوێزەکان:

1-Zur logik der Sozialwissenschaften originally appeared as Beiheft 5 in the philosophischer Rundschau in february 1967; it was republished as a separate volume by suhrkamp in 1970. Habermass Die Universaitatsanspruch der Konrad Cramer،Hermeneutik appeared in Rudiger Bubner ، Hermeneutikund Dialektik (Mohr،and Reiner Wiehl (eds) pp. 73-104.، 1970)،Tubingen

٢-لەبارەی بزوتنەوەی خوێندکاریەوە، بگەڕێوە بۆ :

die studentenbewegungen der ،see Gerhard baub
sechziger. Jahre in der bundesrepublik und westberlin (Pahl
student ، 1977); Margareth Kukuck، Cologne،– Rugenstein
und klassenkampf; studentenbewegun in der BRD seit 1967
1977); Karl-Heinz Lehnardt ، Hamburg،(Verlag Association
Politik zwischen Kopf und bauch; zur ،and Ludger Volmer
relevanz der personlichkeitsbildung in den politischen
konzepten der studenten bewegung in der BRD (Druckladen
1979); and Frank Wolff and Eberhard ، Bochum،Verlag
Windaus (eds) studentenbewegung 1967-69: protokolle und
1977)،. Frankfurt،materialien (Verlag Roter Stern
3-peter Dews (ed.) Habermas; Autonomy and solidarity:
، 1986)، London،intervieews with jurgen Habermas (verso
p.80.
p.78.،4-ibid.

٥-بگەڕیوە بۆ یەکەم وتارەکانی:

،Protest bewegung und hochschulreform (suhrkamp
1969)،Frankfurt

کۆی نوسینەکانی هابرماس لەبارەی زانکۆ و خوێندکارانەوە، لەم کتێبەدا کۆکراوەتەوە.

pp. 44-68; and uwe ، studentenbewegungen،6-see baub
bergmann et al. Rebellion der studenten oder die neue
pp. 7-32.، 1968)، Hamburg،opposition (rowohlt
Geschichte ist machbar; texte uber das ،7-rudi dutschke
herrschende Falsche und die radikalitat des friedens friedens
p. 76.، 1980)، berlin،(wagenbach

ئەم کتێبە لەناواخنیدا وتار و نوسینە سیاسیەکانی دۆتچکەی لەدەیەی ١٩٦٠ و ١٩٧٠دا تێدایە.

٨-باسێکی دورودرێژتری لەبارەی تێڕوانینی دۆتچکەوە بۆ بزوتنەوەی

خوێندکاری و جەنگو لەم بەرهەمەی خوارەوەدا بلاوکرایەوە کە لەماوەی شەش مانگدا هەشت جار چاپ کرایەوە و زیاد لە١٥٠٠٠٠ ژمارەی لێفرۆشرا: Rebellion
.der studenteb (pp. 33-93)
p. 80.، Autonomy and Solidarity،9-Dews

١٠-هابرماس لێرەدا ئاماژە بۆ خوێندکارانی دوای ناوەندی و زانکۆ بەیەکەوە دەکات.

11-The stuctural Transformation of the public sphere: an
trans. Thomas ،inquiry into a Category of Bourgeois society
Burger with the assistance of Frederick Lawrence (MIT
، 1989). Jurgen Habermas، Mass، Cambridge،Press
، trans. Thomas Mc Carthy (Beacon،Legitimation Crisis
p. 134.، 1975)،Boston
in Die Linke antwortet ، "Einleitung" ،12-Oskar negt
، Frankfurt،Jurgen habermas (Europaische Veriagsanstait
p. 32.،1968)
Uber den Gebrauch klinischer begriffe ،13-Klaus Dorner
pp. 59-69.، in die Linke،in der politischen Diskussion
kapitalismus - Analyse als ،14-Claus Offe
pp. 108-9.، in die Linke،Selbsteinschuchterung
in Die ، "Ein Brief an Jurgen Habermas"،15-Furio Cerutti
p. 44.،linke
، in Die Linke، "praxis und Theorie"،16-Anselm Neususs
pp. 49-50.
"Die Geburt der Kritik aus dem Geist ،17-peter Bruckner
pp. 72-4.، in Die linke،des Geruchts"
"Revolutionare Strategie und ،18-Herbert Lederer
p. 114.، in Die Linke،liberales Maklertum"

"Zum Verhaltnis zwisch ،19-Ekkehart Krippendorff
in Die ،Inhalt und Form von Demonstrations Techniken"
169.، pp. 164،Linke
"Verteidigung der "neuen Sensibilitat" ،20-Reimut Reiche
pp. 102-3.، in Die linke،"
pp. 54-5.، "Praxis"،21-Neususs
pp. 17-32.، "Einleitung"،22-Negt
Marx Engels Werke ،23-Karl marx and Friedrich Engels
p.298.، Vol. 22، 1972)، Berlin،(Dierz Verlag
pp. 7-11.، Vol. 13،24-ibid.
Habermas on Historical Materialism ،25-Tom Rockmore
1989).، Bloomington،(Indiana University Press
Communication and the ،26-Quoted in Jurgen Habermas
(Beacon ، trans. Thomas Mc Carthy،Evolution of Society
p. 98.، 1979)، Boston،Press

فەسڵەکانی دوو تا پێنج هەڵگری چوار وتاری سەرەکی کتێبی "پیاچوونەوە بەماتریالیزمی مێژوویی" (فرانکفۆرت ١٩٧٦) دایە.

Technik und Wissenschaft als ،27-Jurgen Habermas
1968).، Frankfurt،"Ideologie" (Suhrkamp
p. 136.،28-Communication and the Evolution of Society
29-ibid.
p. 102.،30-ibid.
p. 116.،31-ibid.
32-"Moral development and ego identity" (pp. 69-94 of communication and the Evolution of society).

هابرماس لەم وتارەدا بەدورودرێژی پەیوەندی گەشەکردنی کەسایەتی و تیورەی کرداری پەیوەندی، تاوتوێ دەکات. لێرەشدا پشت بەبەرهەمەکانی لۆرنس کلبرگ

دەبەستێتز

p. 120. ،33-Communication and the Evolution of Society

تێبینی: ئەم بەشە وەرگێڕانی فەسڵێکی ئەم کتێبەی خوارەوەیە:

رابرت هولاپ: یورگن هابرماس (نقد در حوزه عمومی). تهران - نشر نی. چاپ اول ١٣٧٥.

مەسەلەی توند و تیژی و یاخیبوونی رادیکال

نوسینی: هربرت مارکۆز

ئەمڕۆ دەکرێ تەماشای یاخیبوونی رادیکال تەنها لەچوارچێوەیەکی جیهانیدا بکەین. گەر بمانەوێت بەتەنها سەرنجی لێبدەین، هەر لەسەرەتاوە ماهییەتەکەیمان شێواندووە. من بەدیدێکی جیهانیەوە بەڵام بەسەرنجدانی تایبەتی لەئەمەریکا، باس لەم مەسەلەیە دەکەم. دەزانن بەبڕوای من یاخیبوونی هەنوکەیی خوێندکاران، یەکێك لەهۆکارە سەرەکیەکانی گۆڕانکاریە: دیارە نەك هێزێکی شۆڕشگێڕی هەنوکەیی کە بەڕاگەیاندنی سەرزەنشتی منیان کردووە، بەڵکو وەك یەکێك

لەبەهێزترین ئەو هۆکارانەی دەتوانن هێزە شۆڕشگێڕەکان دروستبکەن. لێرەوە یەکێك لەگرنگترین پێداویستیە ستراتیژیەکانی ئەم ساڵانە ئەوەیە، کە یاخیبوونی خوێندکاران لەجێگە جیاوازەکاندا بەیەکەوە گرێبدەین. بەزەحمەت دەکرێ پەیوەندی نێوان یاخیبوونی خوێندکارانی ئەمەریکا و ئەڵمانیا بدۆزرێتەوە. یاخیبوونی خوێندکارانی ئەمەریکا تەنانەت ڕێکخستنێکی ناوەندی کاریگەری نییە، (بەڵام) دەبێت بۆ جێگیرکردنی پەیوەندیەکی لەمچەشنە هەوڵبدەین و گەر دەشبینن نمونەی ئەمەریکا دەهێنمەوە، تەنها لەبەر جێگیرکردنی پەیوەندیەکی لەمچەشنەیە. یاخیبوونی خوێندکاران لەئەمەریکا خۆی بەشێکە لەیاخیبوونێکی گەورەتر کە زۆرجار پێی دەگوترێت "چەپی نوێ".

سەرەتا دەبێت جیاوازییە سەرەکیەکانی چەپی تازە و چەپی کۆن بەکورتی ڕوونبکەینەوە. چەپی تازە بەهەندێك ئاوارتنەوە زۆرتر مارکسی نوێن تا مارکسی ئاسایی، ئەم گروپە بەتوندی لەژێر کاریگەری مائویزم و بزوتنەوە شۆڕشگێڕەکانی جیهانی سێهەمدان. جگە لەمە لەناو ئەم چەپە تازانەدا مەیلی ئانارشیستی نوێ هەیە و بەبێباوەڕی قوڵیان بەحیزبەکانی چەپی کۆن و ئایدیۆلۆژیەکانی دیاری دەکرێن. چەپە تازەکان دیسان بەهەندێك ئاوارتنەوە، تەنها چینی کرێکار بەهۆکاری شۆڕشگێڕ ناناسن. ناکرێ چەپە تازەکان بەشێوەی باو پۆلێن بکرێن و لەناو گروپە ڕۆشنبیرەکان، گروپی لایەنگرەکانی بزوتنەوەکانی مافی مەدەنی، لاوان و بەتایبەتی رادیکالترین ڕەگەزەکانی لاوان و کەسانێك کە لەسەیرکردنی یەکەمدا سیاسی نایەنە پێشچاو: واتە هیپیەکان، دابنێین. دواتر باسی هیپیەکان دەکەم. خاڵی سەرنجڕاکێشەر ئەوەیە کە قسەکەرانی ئەم بزوتنەوەیە کەسانی گومانلێکراوی وەك شاعیرەکان، نوسەران و ڕۆشنبیران پێکیدەهێنن، نەك سیاسەتمەدارە تەقلیدیەکان.

ئەگەر تەماشای ئەو نەخشەیەبکەن کە بۆم وێنەکردن، دەیسەلێنن ئەم هەلومەرجە بۆ مارکسیە کۆنەکان وەك کابوسێك وایە. ئێوە لێرەدا یاخیبوونێك دەبینن کە هیچ پەیوەندی بەهێزە شۆڕشگێڕە "کلاسیکیە"کانەوە نییە: بەڵام کابوسێکە کە لەواقعەوە دێت. بەبڕوای من ئەم یاخیبوونە نائاساییانە، ڕەنگدانەوەی واقعی کۆمەڵگایەکی دیموکراسی ئۆتۆریتەری "لەحاڵەتی هەوڵداندایە" و ڕەنگدانەوەی ئەو شتەیە کە ناومناوە "کۆمەڵگای تاك ڕەهەند" کە خەسڵەتی

سەرەکی بریتیە لەوەی چینێکی باڵا دەست لەسەر بناغەی نیازە کۆنتڕۆڵکراو و تێرکراوەکان کە خۆیان پاوانکردنی کاپیتالیزمی دروستدەکەن – وێژدانێکی کۆنتڕۆڵکراو و سەرکوتکراو – بەسەر کۆی کەرەسە و بناغە واقعیەکانی کۆمەڵگادا دەسەڵاتیان هەیە. دەرئەنجامی ئەم یاخیبوونانە ئەوەیە لەکۆمەڵگایەکدا کە هۆکارە بابەتیەکانی بەم ڕادەیە ئاشکران، هۆکاری زیهنی بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری ناچارانە نین. ئا لەم هەلومەرجەشدا یاخیبوون لەلایەن کەسانێکەوە ئەنجامدەدرێت، کە لەدەرەوەی سیستەمی جێگیرن. یەکەم گروپ کۆمەڵێکی بێبەشن کە تەنانەت کاپیتالیزمی پێشکەوتووش ناتوانێت و نایەوێت پێداویستیە زیندوەکانیان جێبەجێبکات. دووەم گروپ جەمسەرەکەی تری کۆمەڵگا پێکدەهێنن، واتە چینێکی خوێندەوار کە وێژدان و غەریزەی کۆمەڵایەتیان لەکۆنتڕۆڵی کۆمەڵگا دەچێتەدەرێ. مەبەستم ئەو گروپە لەچینە کۆمەڵایەتیەکانە کە بەهۆی پێگە و خوێندنیان، هەقیقەتەکان و بونیادی هەمەکی هەقیقەتەکان دەناسن و ئەم ناسینەش بەزەحمەت بەدەستدێت. ئەم چینانە هوشیارن بەرامبەر ناکۆکیە ڕوو لەزیادەکانی ئەم کۆمەڵگا بەڕوکەش دەوڵەمەندە و هەروەها بەو باجەی ئەم کۆمەڵگا بەڕوکەش دەوڵەمەندە، لەقوربانیانی وەردەگرێ. بەکورتی لەهەردوو ئەم جەمسەرەی کۆمەڵگادا یاخیبوون هەیە و دەمەوێت لێرەدا بەکورتی ڕونیانبکەمەوە:

چینی بێبەش: لەویلایەتە یەکگرتوەکاندا ئەم چینە بێبەشە بەگشتی لەکەمایەتیە نەتەوەیی و نەژادیەکان پێکدێت کە ڕێکخستنێکی سیاسی دروستیان نییە و زۆرجاریش ناکۆکی لەنێوان خۆیاندا هەیە (بۆ نمونە لەشارە گەورەکاندا پێکدادانێکی زۆر لەنێوان ڕەشەکان و پۆرتوریکۆیەکاندا هەیە). ئەم گروپە زۆرجار جێگەیەکیان لەدیاردەی بەرهەمهێناندا نییە، لێرەوە لەڕوانگەی تیۆرەی مارکسەوە ناکرێت بەچێنگەلێکی بەزەبر شۆڕشگێڕ بزانرێ – لایەنیکەم بێ یارمەتی کەسانی دی. بەڵام لەراستیدا بەدیدێکی جیهانییەوە چینی بێبەشی واقعی کە باری ئەم سیستەمەی بەسەر شانەوەیە، خەباتگێڕی ڕێگەی ئازادین دژی کۆلۆنیالی نوێ لەجیهانی سێهەمدا و دژی کۆلۆنیالیکردنن لەویلاتە یەکگرتووەکاندا . لێرەشدا هیچجۆرە وابەستەیی و پەیوەندیەك لەنێوان کەمایەتیە نەژادی و نەتەوەییەکان لەناوەندە گەورەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداریدا و جەماوەری نوێی کۆلونیالیکراو کە

دژی ئەم کۆمەڵگایە خەباتدەکەن، نییە. دەکرێ ناوی ئەم گروپە بنێین پرۆلیتاریای نوێ کە ئەمڕۆکە بەمەترسیەکی واقعی بۆ کۆمەڵگای سەرمایەداری دەژمێرێت. ئەوەی تاچەند دەکرێ چینی کرێکاری ئەوروپا لەناو ئەم گروپە بێبەشەدا دابنێین، خۆی مەسەلەیەکە کە دەبێت بەجیا لێی بکۆڵینەوە و لێرەدا ناتوانم لێی بکۆڵمەوە و تەنها ئاماژە بۆ پرنسیپە گشتیەکانی دەکەم. لەبارەی چینی کرێکاری ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە، دەبێ بگوترێت کە زوربەیان لەسیستەمی سەرمایەداریدا جێگەیەکیان هەیە، لەبەرئەوە ئارەزووی گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی ناکەن، بەڵام هێشتا رەنگە نەتوانرێت لەبارەی چینی کرێکاری ئەوروپاوە هیچ بگوترێت.

چینی خۆشگوزەران: من چینی دوهەم کەدەستیانکردووە بەدژایەتی سیستەمی سەرمایەداری پێشکەوتوو، لەدوو بەشدا تاوتوێ دەکەم. ڕێگەمبەدەن سەرەتا لەگروپێکەوە دەست پێبکەین کە پێیان دەگوترێت کرێکارانی تازە و تەکنیکیەکان، ئەندازیاران، پسپۆرەکان، زانایان و کەسانی دی کە دەستیان لەپرۆسەی بەرهەمهێناندا هەیە، ئەگەرچی ئەم گروپە جێگەیەکی تایبەتیان هەیە. لەلایەکەوە بەهۆی ئەو پێگە تایبەتیەوە کە ئەم گروپە هەیانە، ناوکی هێزێکی شۆڕشگێڕانەی بابەتی پێکدەهێنن و لەلایەکی دیەوە بۆ سیستەم وەك منالێکی نازدارن کە لەناوەڕۆکدا ویژدانی سیستەمەکە پێکدەهێنن. لێرەوە زاراوەی "چینی کرێکاری تازە" زاراوەیەکی نەگونجاوە.

بەشی دووهەم کە ئەمڕۆ بەتایبەتی دەمەوێت قسەیان لەبارەوەبکەم، یاخیبوونی خوێندکارانە بەمانای فراوانی وشە کە دەرکراوەکانیش دەگرێتەوە. تا ئەو جێگەیەی دەتوانم هەڵیسەنگێنم، جیاوازیەکی سەرەکی لەنێوان بزوتنەوەی خوێندکارانی ئەڵمانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان هەر لەم دەرکراوانەدایە. لەئەمەریکادا زۆرێك لەخوێندکاران کە یاخیبووی چالاکن، وازیان لەخوێندکاری هێناوە، بۆئەوەی هەموو کاتی خۆیان بۆ ڕێکخستنی ئەم یاخیبوونانە تەرخانبکەن. ئەم بابەتە ترسناکە، بەڵام لەناوەڕۆکدا قازانجیشی هەیە. من یاخیبوونی خوێندکاران لەژێر سێ ناونیشاندا تاوتوێدەکەم. یەکەم ئەوەی کە یاخیبوون دژی چییە، دووهەم ئەوەی بەچ شێوەیەکە و سێهەم ئەوەی ئاسۆی ئەم یاخیبوونە چیە؟

سەرەتا ئامانجی یاخیبوون چیە؟ ئەم پرسیارە دەبێ بەجدی وەربگیرێت، چونکە

روبەڕوی یاخیبونێك وەستاوین کە لەبەرامبەر کۆمەڵگایەکی دیموکراتی چالاك و بەبەرهەمدا راوەستاوە، کە لایەنیکەم لەهەلومەرجی ئێستادا تیرۆری تێدا نییە. جگە لەمەش ئەو خاڵەی لەویلایەتە یەکگرتووەکاندا روون و ئاشکرایە، ئەوەیە کە ئەم یاخیبوونە دژی زۆرینەی کۆمەڵگا و لەوانەش چینی کرێکار ئەنجامدەدرێت. ئەمە یاخیبوونێکە دژی فشاری بەردەوام و هەمەلایەنەی ئەم سیستەمە.. فشارێك کە بەهۆی دەسەڵاتی سەرکوتکەر و وێرانکاریەوە هەموو شتەکانی بەشێوەیەکی نامرۆڤانە سڕیوەتەوە، و کردوونی بەشتگەلێك کە کڕین و فرۆشتنیان گوزەران و ناوەڕۆکی ژیان پێکدەهێنێت، یاخیبوونێکە دژی ئەخلاقیات و "بەها" درۆزنەکانی ئەم سیستەمە و دژی تیرۆرەکانی دەرەوەی شارە گەورەکان. ئەم یاخیبوونانە سەرەتا وەك بزوتنەوەی مافی مەدەنی و پاشان وەك جەنگی فێتنام دەرکەوتن. لەبزوتنەوەی مافی مەدەنیدا خوێندکاران لەباکورەوە بۆ باشور ڕۆیشتن، تاکو یارمەتی ڕەشەکان بدەن مافی خۆیان وەربگرن. ئا لێرەدابوو خوێندکاران سیمای راستەقینەی ئەم سیستەمە دیموکراتەیان بینی، بینیان کە "شەریف"ەکان چی دەکەن، بینیان کە چۆن کوشتن و کوشتاری ڕەشەکان بێ سزادان دەبێت، لەکاتێکدا کە بکوژ بەتەواوی ناسراوە. ئەمە ئەزمونێکی ڕاچڵەکێنەر بوو کە چالاکی سیاسی خوێندکاران و ڕۆشنبیرانی بەڕێخست. لەچرکەی دوهەمدا ئەم یاخیبوونە لەگەڵ جەنگی فێتنامدا توندتر بوو. جەنگ بۆ خوێندکاران خودی واقعی کۆمەڵگای جێگیری ئاشکرادەکرد: پێویستی پەرەسەندنخوازی و دەستدرێژی کە لەخودی ئەم سیستەمەدا هەیە و ئەو دڕندایەتیەی لەدژی بزوتنەوەی ئازادیخوازەکان پیشانیدەدات.

بەداخەوە لێرەدا دەرفەتی ئەوەم نییە، تاوتوێی جەنگی فێتنام بکەم و ببینین کە جەنگی ئیمپریالیانەیە یان نا. لێرەدا تەنها ئاماژەیەکی کورتدەکەم، چونکە ئەمە مەسەلەیەکە هەمیشە بەڕەو ڕومانەبێتەوە. ئەگەر ئیمپریالیزم بەمانا کۆنەکەی وەربگرین، ئەوا ئەم جەنگە ئیمپریالیانە نییە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم مەسەلەیە سەرلەنوێ بووە بەمەسەلەیەکی توند. لەگۆڤاری نیوزویك لەژمارە حەوتی جولای ١٨٦٧دا دەخوێنینەوە کە فێتنام سەرمایەیەکی بیست ملیۆن دۆلاری پێکدەهێنێت و ئەم ژمارەیەش ڕۆژ بەڕۆژ زیاد دەکات: لەگەڵ ئەمەشدا پێویست بەوە ناکات لێرەدا پێناسێکی تازە بۆ ئیمپریالیزم تاوتوێبکەین، چونکە قسەکەرانی دەوڵەتی ئەمەریکا

خۆیان ئەم کارەیانکردووە. ئامانجی ئەمەریکا لەڤێتنامدا ئەوەیە ڕێگە نەدات یەکێك لەگرنگترین ناوچە ستراتیژی و ئابوریەکانی جیهان بکەوێتە دەست کۆمۆنیستەکان. گرنگی جەنگی ڤێتنام بۆ هەموو خەباتە نەتەوەییەکانی سەرتاسەری زەوی بەهای خۆی هەیە، لەو ڕووەوە کە سەرکەوتنی ڤێتنامیەکان لەبەدەستهێنانی ئازادیدا، بزوتنەوە ئازادیخوازەکانی تری دنیا و ئەو شوێنانەی کە سەرمایەگوزاری گەورەی تیاکراوە، چالاکدەکات. ئەگەر ڤێتنام تەنها ڕەنگدانەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا نەبێت، بەڵکو پەیوەندی بەخودی سیستەمەکەوە هەبێت، ڕەنگە خاڵی وەرچەرخانێك بێت لەم سیستەمەدا و ڕەنگە سەرەتای مردنی لەناو خۆیدا هەڵگرتبێت. چونکە لێرەدا ئاشکرا بووە کە ئیرادە و جەستەی مرۆیی بەفەقیرترین چەکەکانەوە، دەتوانێت دەرەقەتی گەورەترین سیستەمی وێرانکەری هەموو سەدە و سەردەمەکان بێت، ئەمە لەمێژوودا شتێکی تازەیە.

ئێستا با بگەڕێمەوە بۆ پرسیاری دوەمی خۆم و تاوتوێی شێوەکانی ئەم یاخیبوونە بکەم. ئێمە قسە لەبارەی یاخیبوونی خوێندکارانەوە دەکەین، بەڵام دەبێت لەسەرەتادا بڵێم مەسەلەکە بەسیاسیبوونی زانکۆکان نییە، چونکە زانکۆکان لەپێشەوە سیاسیبوون. تەنها دەبێ ببینین بۆ نموونە زانستە سروشتیەکان و تەنانەت زانستی وەك ماتماتیك، تا چ ئەندازەیەك جێگەیان لەدیاردەی بەرهەمهێنان و ستراتیژی سەربازیدا هەیە. تەنها دەبێت ببینین زانستە سروشتیەکان و تەنانەت کۆمەڵناسی و دەروناسی، لەرووی مادیەوە تا چەند پشتیان بەدەوڵەت و دەزگا گەورەکان بەستووە، و ببینین دەستێوەردانی دەوڵەت و دەزگا گەورەکان لەکۆنترۆڵی مرۆڤەکان و ڕێکخستنی بازاڕدا تا چ ئەندازەیەکە. لەمڕووەوە دەبێ بگوترێت زانکۆ خۆی دەزگایەکی سیاسیە و یاخیبوونی خوێندکاران بۆ دەرکردنی سیاسەتە لەزانکۆ، نەك بۆ سیاسیکردنی زانکۆ. پێویستە جێگەیەك بۆ ڕەخنەگرتن لەپاڵ بێلایەنی پۆزەتیڤدا کە بێلایەنیەکی درۆزنانەیە، لەبەرنامەی خوێندن و لەچوارچێوەی وتوێژە ڕۆشنبیریەکاندا بکەینەوە. هەر لەبەر ئەمەیە یەکێك لەداواکاریە سەرەکیەکانی یاخیبوونی خوێندکاران ئەوەیە گۆڕانێك لەبەرنامەی خوێندندا بکرێت کە جێگەی بیر و زانیاریە ڕەخنەگرەکان لەسەر بناغەی باسە ڕۆشنبیریەکان ببێتەوە، نەك تەنها وەك شێواویەك و هەراو هوریایەکی پڕوپاگەندانە. لەو

جێگایانەشدا کە ئەم ئەگەرە مومکین نەبووە، "زانکۆی ئازاد" و "زانکۆی ڕەخنەگرانە" لەدەرەوەی زانکۆ دروستبووە کە هەر ئێستا لەبێرکلی و ستانفۆرد و هەندێك زانکۆی خۆرهەڵاتدا دەبینرێت. لەم زانکۆ ئازادانەدا، دەورە و سیمینارگەلێك بەڕێدەخرێت کە ئەو شتانەی لەبەرنامەی ئاسایی خوێندندا باسناکرێت یان بەشێوەیەکی کەموکوڕ باسدەکرێ، دەخرێتە ژێر باسەوە: وەك مارکسیزم، دەرونشیکاری، ئیمپریالیزم، سیاسەتی دەرەکی لەجەنگی ساردا و ناوچە کەمایەتی نشینەکان.

شێوەیەکی تری یاخیبوونی خوێندکاران بەناوبانگە بەوانە وتنەوەکان، دانیشتنەکان و عەشقەکان. لێرەدا تەنها دەمەوێت ئاماژە بۆ دامێن و فشارە دەرونیەکانی یاخیبوونبکەم: فێرکردن و فێرکردنی ڕەخنەگرانە کە لەلایەکەوە پەیوەندی بەتیۆرەوە هەبێت و لەلایەکی دیشەوە پەیوەندی بەشتێکەوە هەبێت، کە تەنها دەکرێت ناوی بنرێ "کۆگای بوون" یان "ئەنجامدانی کاری هەر کەسێك بەدەستی خۆی". دواتر باسی فشارەکانی ئەم یاخیبوونە دەکەم، چونکە بەبڕوای من ئەوجۆرە لەپێکهاتەی شۆڕشی سیاسی و شۆڕشی جنسی، ئەخلاقێك پیشاندەدا کە بەبڕوای من یەکێك لەهۆکارە گرنگەکانی یاخیبوونە لەئەمەریکادا. ئاشکراترین دەرکەوتی ئەم فشارە دەرونیە، خۆپیشاندان – خۆپیشاندانی بێ چەکە – کە دروستبونیان پێویستی بەهیچ هەلێکی تایبەت نییە و دۆزینەوەی بەهانە بۆ دەستپێکردنیان، پێویست نییە. بەهانە و پێکدادان لەهەموو شوێنێکدا هەیە. پێویستناکات پێکدادانەکان کۆبکەینەوە، ئەگەر بشمانەوێت بەگەڕان نیشانەیان لێبگرین، لەراستیدا یاخیبوونمان شێواندووە، چونکە ئەمڕۆ یاخیبوون پێگەیەکی بەرگریکەری هەیە، نەك هێرشبەرانە. سەرنجی ئەم نمونانەی خوارەوە بدەن:

پەرەسەندنی جەنگی ڤێتنام، دیدارەکانی نوێنەرانی سیاسەتی جەنگ، مانگرتنی کارخانەییەکان کە تیایدا ناپاڵم و چەکی کیمیایی دروستدەکرێت. ئەم خۆپیشاندانانە، ڕێکخراو و یاسایین. ئایا ئەم خۆپیشاندانە یاساییانە، پێکدادانە لەگەڵ توندوتیژی بونیادیدا کە یاخیبوون ئاشکرایدەکات؟ وەڵامی من لەبارەی ویلایەتە یەکگرتوەکانەوە ڕاستە، بەڵام ئێوە دەتوانن لەگەڵ هەلومەرجی خۆتاندا بیگونجێنن. ناکرێت ئەم خۆپیشاندانانە تا ئەو کاتەی لەچوارچێوەی یاساییدا

ئەنجامـدەدرێن، بەپێکـدادان بزانرێـت. بـەڵام کاتێـک لەچوارچـێوەیەکی یاسـاییدا ئەنجامـدران، لەراسـتیدا خۆیـان تەسـلیمی ئـەو توندوتیژیـە بونیادیـە کـردووە کـە بەشـێوەیەکی میکـانیکی چوارچـێوە یاسـاییەکەی دەستنیـشانکردووە و تـا ڕادەی خنکانـدن سـنوردارییکردووە: وەک جێبـەجێکردنی یاسـاگەلێک کـە دەسـتدرێژی بـۆ مـوڵکی تایبـەتی و دەوڵـەتی قەدەغـە کـردووە، یاسـای پەیوەندیـدار بەترافیکـەوە، شـێواندنی ئاسـایش و لـەم بابەتـە. بەمـشێوەیە ئەگـەر خۆپیـشاندانی ئـارام، ئـارامی بـشێوێنێت یـان دەسـتدرێژیەکی توند یـان نـەرم بکرێتـە سـەر موڵکـە تایبـەتیـەکان، شـتێکی یاسـایی لەچـرکەیەکدا دەبێـت بەشـتێکی نایاسـایی. لەهەلومـەرجێکی وادا پێکدادان لەگەڵ هێزەکانی دەوڵەت و توندوتیژی بونیادیدا، شتێکی ناچاریە — مەگەر یاخیبوون وەک دەربڕینێکی ئاشتیانە، وێژدانێکی ئارامکەرەوە و شایەتێکی لێبێت کـە تـەنها ئازادیـەکان و مافـەکانی هەلومـەرجی بـاو دەبینێـت. ئەمانـە ئەزمونـەکانی بزوتنەوەی مافی مەدەنی بوو: کە کەسانی دی توندوتیـژی بـەکاردەهێنن، کـە کەسـانی دی تونـدو تیـژن، کـە یاسـا هـەر لەسـەرەتاوە لەبەرامبـەر ئـەم توندوتیژیـەدا گومانلێکراوە. یاخیبوونی خوێندکارانیش ئەو کاتەی سیستەمی جێگیر خـۆی لـەژێر هەڕەشەیدا ببینێ، سەرئەنجامێکی ئاوای دەبێت. ئالێرەشدا ئیدی دەبێت یـاخیبوون بڕیـاری خۆیبـدات: یـاخیبوونی ئـارام و زاهیدانـە یـان یـاخیبوون وەک بـەرگریکردن، واتـە سەرپێچیکردن لەمافە مەدەنیەکان.

حەزدەکەم لەبارەی مافی بەرگریکردنەوە چەند قسەیەکبکەم، چونکە هەر کاتێـک سـەرنجدەدەم خـەڵکی زانیاریـەکی ئـەوتۆیان لـەم مەسـەلەیەدا نییـە کـە مـافی بـەرگریکردن، یـان سەرپێـچیکردن لەمافـە مەدەنیـەکان، دەگەڕێتـەوە بـۆ یـەکێک لەکۆنترین و پیرۆزترین رەگەزەکانی شارستانێتی ڕۆژئاوا، سەرسوڕمانم زیاتر و زیـاتر دەکـات. ئـەو مەسـەلەیەی کـە مـافو یاسـایەک هەیـە بـاڵاترە لەیاسـا دانراوەکـان ، بەئەندازەی ئەم شارستانێتیە کۆنە. لێرەدا مەسەلەی بەرخوردی مافـەکان لەئارادایـە کە لـەقۆناغی دواییـدا لەهـەر یـاخیبوونێکی تایبـەتـدا دەردەکـەوێت. چـونکە لیژنـەی فەرمانڕەوا پاوانی یاسایی توندوتیژی و مافە پۆزەتیڤەکان بۆ خۆی دەکات و تەنانەت بەئەرکی خۆی دەزانێت سـود لـەم توندوتیژیـە بـۆ بـەرگریکردن لـەخۆی وەربگرێـت. بەپێـچەوانەوە ناسـین و سـودوەرگرتن لـەمافێکی بـاڵاتر و ئـەرکی بـەرگریکردن واتـە

سەرپێچی لەمافە مەدەنیەکان، یەکێک لەهێزە بزوێنەرەکان و توندوتیژیەکی بـەزەبر ئازادیخوازە لەپەرەسەندنی مێژوویی ئازادیدا. ئەگەر ئەم مافی بەرگریکردنە نەدەبوو، وە ئەگـەر یاسـایەکی بـاڵاتر لەبەرامبـەر یاسـادا نەدەکەوتـە چـالاکی، هەلومـەرجی ئـەمڕۆی ئێمـە جیاوازیـەکی لەگـەڵ سـەردەمی بەربەریـەتـدا نـەدەبوو. لێـرەوە مـن بڕوامواییـە چـەمکی توندوتیـژی دوو شـێوە دەگرێتـە خـۆی: توندوتیـژی بونیـادی سیـستەمەکە خـۆی و توندوتیـژی بـەرگریکردن کـە بەسـەرنجدان لەیاسـا دانراوەکـان، شتێکی نایاساییە. وێنای یاسایبوونی توندوتیژی، خەیاڵێکی بێمانـا و بێهودەیـە. هـیچ سیستەمێکی کۆمەڵایەتی تەنانەت ئازادترین سیستەمەکانیش، ناتوانێت توندوتیـژی دژی خـۆی بەیاسـایی لەقەڵەمبـدات. هەریـەک لـەم شـێوانە، کردارێکـی هەیـە کـە دەکەوێتە ناکۆکیەوە لەگەڵ ئەویدیدا. هەم توندوتیـژی سـەرکوتکەرانە هەیـە و هـەم توندوتیـژی ئازادیخوازانـە، هـەم توندوتیـژی بـەرگریکردن لـەژیان هەیـە و هـەم توندوتیـژی دەسـتدرێژیکەر، هـەردوو ئـەم شـێوەیەش وەک هێـزی مێـژوویی هـەن و دەمێننـەوە. لێـرەوە هـەر لەسـەرەتاوە یـاخیبوون لەزەمینـەی توندوتیژیـدا، جێگـەی دەبێتـەوە. مافـەکان بەرامبـەر بەیـەک رادەوەسـتن و نـەک بەشـێوەیەکی ئەبـستراکت، بـەڵکو بەشـێوەیەکی پراکتیکـی. سـەرلەنوێ بـارودۆخی هـەبوو مـافی ئـەوەی هەیـە، سـنوری یاسـاییبوون دیاریبکـات. ئـەم پێکدادانـە لـەنێوان ئـەم دوو مافـەدا، واتـە پێکدادانی مـافی بـەرگریکردن و توندوتیـژی بونیـادی، هەمیـشە مەترسـی پێکـدادانی خەڵک و دەوڵەتی بەدوادا دێت، مەگەر ئەوەی کـە مـافی ئـازادیخوازی بکەینـە قوربـانی سیستەمی هەبوو، یان وەک رابردوو ژمارەی قوربانیـەکانی هێزەکـانی ڕژێمـی هـەبوو، لەقوربانیەکانی شۆڕشەکان زیاتر بێت. مانای ئەم قسانە ئەوەیە کە بانگهێشتکردن بۆ نـەرمی و ئامۆژگـاریکردن لەمبارەیـەوە، توندوتیـژی بونیـادی هـەبوو زیاددەکـات. لەکۆمـەڵگای پیـشەسازی پاوانکـەردا، ئـەم توندوتیژیـە بەشـێوەیەکی بێوێنـە لەدەسـەڵاتداریێتیدا هەیـە کـە کـۆی کۆمـەڵگا دەخاتـە ژێـر کاریگـەری خۆیـەوە. مـافی ئازادیخوازی کە لەدوای ئەم هەمەکێتیەوە دێت، مافێکی تایبەتیە (خصوصی). لێرەوە توندوتیژی وەک بەڵایەک لەنێوان توندوتیژی گشت و تایبـەتـدا یـان لـەنێوان گشتی و تایبەتیدا لێدێت و لەم بەڵایەشدا توندوتیـژی تایبـەتی تێکدەشکێت، مەگـەر ئـەوەی بتوانێت وەک مەیلێکی هاوبەشی گشتی خـۆی لەبەرامبـەر هێـزی کۆمـەڵگای هـەبوودا

رابگرێ.

تا ئەوکاتەی یاخیبوون هێزی کۆمەڵایەتی مەیلێکی هاوبەشی گشتی لەگەڵدا نەبێت، مەسەلەی تووندوتیژی مەسەلەیەکی تاکتیکی دەبێت. ئایا پێکدادان لەگەڵ دەسەڵاتەکاندا کە تیایدا هێزی بەرگریکردن لاواز دەبێت، دەتوانێ لەهەلومەرجێکی تایبەتدا هاوسەنگی هێزەکان بەبەرژەوەندی یاخیبوون بگۆڕێت؟ ئەو وەڵامەی کە زۆرجار بەم پرسیارە دەدرێتەوە، بێنرخە. ئەم وەڵامە دەڵێت لەکاتی ئەم پێکدانانەدا، "نەیارکراو" بەهێز دەبێت. (بەڵام) ئەم بەهێز بوونە، بێ ئەوەی پێویستی بەم پێکدانانە هەبێت، خۆبەخۆ بەردەوامە.

هەرجارێك یاخیبوون توندتر بێت، ئەم بەهێزبوونە روو دەدات و مەسەلەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئەم دیاردەیە بۆ قۆناغێکی مامناوەندی بگوێزینەوە. کەوابوو هەڵسەنگاندنی هەلومەرجەکە، پەیوەندی بەکاتی پێکدادان و بەتایبەتی بەرنامە هەمەلایەنیە کلتوریەکان و رێکخستنی بەرگریکردنەوە، هەیە. با نمونەیەك لەویلایەتە یەکگرتووەکان بهێنمەوە. ئەم یاخیبوونانە، جەنگی ڤێتنام بەکوتەکێك بۆ سەر پەیکەری ئازادی و خودی ژیاندا دەزانن کە کار دەکاتە سەر کۆی کۆمەڵگا و هەموویان لەحاڵەتێکی بەرگریکردندا دادەنێت. بەڵام زۆرینەی خەڵکی هێشتا بەرگری لەدەوڵەت و جەنگ دەکەن، لەکاتێکدا یاخیبوون پەرش و بڵاوەو رێکخستنی ناوچەیی هەیە. شێوەیەك لەیاخیبوون کە هێشتا لێرەدا یاساییە، بێ ویست دەگۆڕێت بۆ سەرپێچی لەمافە مەدەنیەکان، وەك مانگرتن لەچونە سەر کار و رێکخستنی ئەم مانگرتنە، دەردەکەوێت. ئەمکارە نایاساییە، هەلومەرجەکە تووندتر دەکات. لەلایەکیدیکەوە بەچالاکیە هەمەلایەنەکانی خوێندکاران لەناو خەڵکیدا، خۆپیشاندانەکان گەورەتر دەبن. ئەمە "کارێکی دەستەجەمعیە". خوێندکاران دەچن بۆ گەڕەکە فەقێرەکان تا دانیشتوانی ئەم ناوچانە هوشیاربکەنەوە و پێداویستیە رونەکانیان وەك نەبوونی سەرەتایترین هەلومەرجی تەندروستی و لەم بابەتە شتانە، لەناوببەن. خوێندکاران هەوڵدەدەن ئەم ئارەزووە هاوبەشانە رێکبخەن و لەهەمانکاتدا ویژدانی سیاسی دانیشتوانی ئەم ناوچانە، هوشیاربکەنەوە. ئەمکارەی خوێندکاران تەنها تایبەت نییە بەگەڕەکە پیس و نزمەکان. هەروەها خەباتی بەناوبانگی "دەقولباب"یش هەیە کە خوێندکاران و ژنانی ماڵەوە و مێردەکانیان

ئەگەر لەماڵەوە بن، لەوتوێژی جۆراوجۆردا، لەهەلومەرجی خۆیان ئاگادار دەکەنەوە. ئەم مەسەلەیە بەتایبەتی پێش هەڵبژاردن گرنگی هەیە. من زۆر جەخت لەوتوێژکردن لەگەڵ ژناندا دەکەم، چونکە بەگشتی دەرکەوتووە ژنان زۆرتر ئارەزووی وتوێژە مرۆییەکان دەکەن. چونکە هێشتا ژنان لەدیاردەی بەرهەمهێنانەدا نەتوانەتەوە و خۆشجێگە نەبوون. ئەمکارەی خوێندکاران زۆر زەحمەت و خاوە. ئایا سەردەکەون؟ سەرکەوتنیان قابیلی تەخمینە، بۆ نمونە بەسەرنجدان لەژمارەی ئەو دەنگانەی بەناو "نوێنەرانی ئاشتی" لەهەڵبژاردنە ناوچەیی، ویلایەتی و نەتەوەییەکاندا، بەدەستیدەهێنن.

ئەمڕۆ لەیاخیبوەکاندا مەیلێك بۆ تیۆرە دەبینرێت کە وەك گوتم بەتایبەتی بۆ چەپی نوێ گرنگە کە سەرەتا بەگومان و دوودڵیەوە تەماشای ئایدۆلۆژیایان دەکرد. بەبڕوای من هەر ڕۆژێك رونتر لەرۆژی پێشوو دەبێت، کە هەر جۆرە گۆڕانێك لەسیستەمدا، پێویستی بەرابەڕی تیۆری هەیە. ئەمڕۆ لەویلایەتە یەکگرتووەکاندا و لەیاخیبوونی خوێندکارانیدا دەبینین کە نەك تەنها هەوڵ بۆ پڕکردنەوەی درزی نێوان چەپە نوێکان و کۆنەکان دەدرێ، بەڵکو هەوڵدەدرێت تیۆریەکی ڕەخنەگرانە بۆ کاپیتالیزمی هاوچەرخ لەسەر بناغەی مارکسیزمی نوێ دابڕێژرێ.

لێرەدا وەك دوا لایەنی یاخیبوون، دەمەوێت ئاماژە بۆ ڕەهەندێکی تازە لەناڕازیبوون بکەم کە لەپێکهاتەی شۆڕشی ئەخلاقی – جنسی و لەشۆڕشی سیاسی دروستبووە. وێنەیەك کە خۆم شایەتی بووم و بۆ ئێوەی دەگێڕمەوە، بۆ ئەوەی سەرنجبدەن چ جیاوازیەك هەیە لەنێوان ئەو ڕوداوانەی لەویلایەتە یەکگرتووەکاندا ڕوودەدەن و ئەو ڕوداوانەی لێرە ڕوو دەدەن. یەکێك لەخۆپیشاندانە گەورەکان دژی جەنگ، لەبرکلی بوو. پۆلیس ئەنجامدانی خۆپیشاندانەکەی ئازاد کردبوو، بەڵام ڕێگەی لەخۆپیشاندەرەکان گرتبوو بگەنە ئامانجەکەیان کە بریتی بوو لەهێڵی ئاسنینی سەربازی ئۆکلەند. مانای ئەم قسەیە ئەوەبوو کە لەخاڵێك بەدواوە بەهۆی سەرپێچیکردن لەفەرمانی پۆلیس، خۆپیشاندانەکە ڕەهەندێکی نایاسایی وەردەگرت. کاتێك هەزاران خوێندکار گەیشتنە خاڵی قەدەغەکراو، لەبەردەم خۆیاندا دە ڕیز پۆلیسی چەکداریان بەیۆنیفۆرمی خاکی و خودەی سەربازیەوە بینی. خۆپیشاندەران لەپۆلیسەکان نزیك دەبوونەوە و وەك هەمیشەش لەپێشیانەوە کەسانێك هەبوون کە

خۆپیشاندەرانیان هاندەدا کە نەوەستن و پۆلیسەکان بېڕن و بگەنە ئامانجەکەی خۆیان کە دیارە دەرئەنجامەکەی شکستێکی خوێناوی و بێدەرئەنجام دەبوو. لەناو خودی خۆپیشاندەرانیشدا هەندێك پەیدا بووبوون کە لەگەڵ چونە پێشەوەدا نەبوون، بەشێوەیەك کە خۆپیشاندەران سەرەتا دەبوو ئەمانە بېڕن و پاشان بگەن بەپۆلیسەکان. دیارە شتێکی لەم چەشنە رووی نەدا. پاش چەند دەقەیەکی پڕ ئاژاوە، هەزاران خۆپیشاندەر لەسەر زەوی دانیشتن و گیتار و هارمۆنیکاکانی خۆیان دەرهێناو دەستیانکرد بەلێدانیان و خۆپیشاندانەکە کۆتایی پێهات. رەنگە ئەمە لەبەرچاوی ئێوە بێمانا بێت، بەڵام بەبڕوای من لێرەدا یەکێتیەکی نائیرادی و بێ ڕێکخستن دروستبوو کە رەنگە کاریگەری لەدوژمنیش کردبێت.

چەند دەقیقەیەکیش باسی ئاسۆی یاخیبوون دەکەم. من هەرگیز یاخیبوونی ئەمڕۆی خوێندکارانم بەهێزە شۆڕشگێڕەکان تەفسیر نەکردووە و هیپیەکانیشم بە"میراتگری پرۆلیتاریا" نەبینیوە. تەنها بەرەی ئازادیخوازە نیشتمانیەکان لەوڵاتانی جیهانی سێهەمدا لەهەوڵێکی شۆڕشگێڕانەدان، بەڵام تەنانەت ئەمانەش بەتەنیا خۆیان بەمەترسیەك بۆ کاپیتالیزم ناژمێرێن. هەموو هێزەکانی یاخیبوون هەنوکە لەهەنگاوە سەرەتاییەکان و تەنها لەهەنگاوە سەرەتاییەکاندان – بەڵام ئەو هەنگاوە سەرەتاییانەی کە بۆ دروستکردنی ئەگەری قەیرانێك، پێویستن. بەرەی ئازادیخوازە نیشتیمانیەکان و شۆڕشی کەمایەتیەکانیش، یارمەتی ئەم قەیرانە دەدەن. ئەم یارمەتیەش نەك هەر سەربازیە، بەڵکو لەشێوەی هاوکاری ئەخلاقی و سیاسیشدایە: نەفیکردنی مرۆییانە و زیندووی سیستەمی هەبوو. بۆ دروستکردنی هەنگاوە سەرەتاییەکان و دواجار دروستکردنی قەیران، رەنگە بکرێ چینی کرێکاریش توشی گۆڕانێکی بنەڕەتی بکرێت بەڵام نابێت ئەوە شاراوە بێت کە لەم حاڵەتەدا دیار نییە، کە ئەم گۆڕانە بنەڕەتیە بەلای چەپدا دەبێت یان بەلای راستدا. مەترسی تۆندی فاشیزم و فاشیزمی نوێ، هێشتا بەتەواوی لەناونەچووە.

من قسە لەئەگەری قەیرانێك دەکەم، باسی قەیرانێکی کۆتایی ئەم سیستەمەم کرد، ئەو هێزانەی یارمەتی پەیدابوونی ئەم قەیرانە دەدەن، خۆی پێویستی بەوتوێژی ورد و فراوانە، بەبڕوای من دەبێ ئەم قەیرانە بەپێگەیشتنی کۆمەڵێك مەیلی بابەتی و زیهنی جیا لەیەك بزانرێت کە ماهیەتێکی ئابوری، سیاسی و

ئەخلاقیان هەیە و هەم لەرۆژئاوا و هەم لەخۆرهەڵاتدا بوونیان هەیە. ئەم هێزانە هێشتا لەسەر بناغەی بەرگریکردن ڕێکنەخراون و هێشتا لەوڵاتە سەرمایەداریە پێشکەوتووەکاندا، جەماوەر پایەی ئەم هێزانە پێك ناهێنن. تەنانەت کەمایەتیەکانیش ئێستا لەویلایەتە یەکگرتوەکاندا، لەقۆناغی سەرەتایی بەسیاسیبووندان. لەناو هەلومەرجێکی واشدا من بیر دەکەمەوە ئەرکی یاخیبوون ئەوەیە کە هوشیاری تاکەکان لەدەرەوەی گروپی کۆمەڵایەتی ئێمە روونا‌کبکاتەوە، چونکە ژیانی تاك بەتاکی ئێمە لەمەترسیدایە و ئەمڕۆ هەموومان سەر بەشتێکین کە ڤێبلن ناوی ناوە "کۆمەڵەی پایە"، واتە هەموو ئەوانەین کە لەژێر دەسەڵاتداڕێتیداین. دەبێ هەمووان لەسیاسەتە ترسناکە سەربازیەکان کە هێز و فشارەکەی هاوکاتی مەترسی نەمانی تەواو دەچێتە پێشێ، هوشیار بکەینەوە. دەبێت بزانن کە هێزەکانی بەرهەمهێنان بۆ زیادکردنی بەهرە و قازانج بەکاردەهێنرێن و جیهانی بەناو ئازاد، بۆ بەرگریکردن لەبەرژەوەندیەکانی خۆی سود لەدیکتاتۆری سەربازی و پۆلیسی وەردەگرێ. ئەم سیاسەتە بەهیچ شێوەیەك تۆتالیتاریزمی جەمسەرەکەی تر ئاراستە ناکات (مەبەستی نوسەر یەکێتی سۆڤێتی جارانە – و.ك) تۆتالیتاریزمێك کە دەکرێ چەندان شت دژی بگوترێتو دەبێ بگوترێ. بەڵام ئەم تۆتالیتاریزمە هێشتا پەرەسەندوخواز و دەستدرێژیکەر نەبووە و هێشتا لەژێر دەسەڵاتی سستی و فەقیریدایە کە ئەمە نەفی هەقیقەتی خەبات دژی ئەم توتالیتاریزمە ناکات، بەڵام خەبات لەگەڵ چەپدا.

ئێستا ئەو ئازادی هوشیاریەی باسمکرد، درێژتر لەباسێك دێتە پێشچاو. ماناکەی واتە خۆپیشاندان بەمانای ئەدەبی، لەهەلومەرجی ئێستاشدا هەر دەبێت ئەم مانایە بدات. هەموو تاکەکان دەبێت ئارەزووی خۆیان بۆ ژیان، واتە خواستی خۆیان بۆ ژیان لەناو دنیایەکی ئارام و مرۆڤانەدا، پیشانبدەن. سیستەمی هەبوو بەپێچەوانەی ئەم ئاراستەیەوە دەجوڵێتەوە. ئەگەر خاوەندارێتی وێنای هەڵە، هەڵەبێت، ئەوا ئاموژگاری و بانگهێشتکردن بۆ ئارامی و ئاسانگرتن، زیانبەخشە، چونکە تەنها سود بەهەڵسوڕێنەرانی ئەم سیستەمە دەگەێنێت. راستیەکەی ئەوەیە خۆمان لەبەرامبەر سیستەمێکدا دەبینین کە لەسەرەتای فاشیزمەوە، بەکارەکانی خۆی نەفی پێشکەوتنی مێژوویبکردووە، سیستەمێك کە دژایەتیە دەرونیەکانی خۆی لەجەنگی نامرۆڤانە و

ناپێویستدا دەردەخات.. سیستەمێك کە پەرەسەندنی بەرهەمهێنانی وەك پەرەسەندنی وێرانکاری و بێهودەیی دەرکەوتووە. سیستەمێکی لەم چەشنە هەرگیز پارێزراو نییە و هەر ئێستا لەسەرتاسەری دنیادا، لەبەرامبەر یاخیبوونەکان و تەنانەت یاخیبوونی خوێندکاراندا، بەرگری لەخۆی دەکات. ئەگەر گۆڕانکاریەکیش نەبینین، ئەوا دەبێت هەر درێژە بەخەبات بدەین. ئەگەر بمانەوێت وەك مرۆڤ بژین، کاربکەین و خۆشحاڵ بین، دەبێ بەرگریبکەین، چیدی ناتوانین ژیانێکی شاد و باشمان بەئاراستەی تەبا و یەکگرتوو لەگەڵ سیستەمدا هەبێت.

پرسیار و وەڵامەکان:

ئەگەر دەڵێن پرۆلیتاریای جیهانی سێهەم، گرنگترین ئەو هێزانەن کە دەتوانن ئیمپریالیزم لەناو ببەن، کەوابوو دەبێت ئەمە لەناو بونیادی تیۆرەکەتاندا دابنێن. بەڵام ئێوە ئەم کارەتان نەکرد و لەتیۆرەی "مرۆڤی تاك رەهەندا" ئاماژەتان بۆ نەبوونی بکەری شۆڕشگێڕ کردووە و لەقسەکانیشتاندا لەبارەی بزوتنەوەی خوێندکارانەوە، گوتت کە بناغەیەکیان لەناو جەماوەردا نییە. یاخیبوون دەبێت بناغەکەی خۆی لەسەر پرۆلیتاریای جیهانی سێهەم دابنێت؟

مارکۆز: ئەم پەیوەندیە ئێستا لەواقعی بابەتیدا دروستبووە. سەرەتا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەم کە هیچشتێك "لەدەرەوەی سەرمایەداری" نییە، تەنانەت سیستەمە سۆشیالیست و کۆمۆنیستەکانیش لەیەك سیستەمی جیهانیدان کە پەیوەندیان بەسەرمایەداریەوە هەیە. کەوابوو چەمکی "دەرەوە" زۆر ڕێژەیی دەبێت. بزوتنەوە ئازادیخوازیە نیشتمانیەکانی جیهانی سێهەم، خۆبەخۆ خاوەن ئەو هێزە شۆڕشگێڕانە نین، کە بتوانن سیستەمی سەرمایەداری پێشکەوتوو لەناو ببەن. ئەم هێزە شۆڕشگێڕە تەنها دەتوانێت لەیەکێتی هێزەکانی گۆڕانکاری لەناوەندی سەرمایەداری پێشکەوتوو، و هێزەکانی جیهانی سێهەم پێکبێت. کارێکی لەمچەشنەش زۆر گرانە. دیارە ئەوە زۆر سادەیە گەر بڵێین یاخیبوونی ڕۆشنبیران دەبێت بناغەکانی خۆی لەسەر بەرەی ئازادیخوازە نیشتیمانیەکان دابنێت. دروستکردنی پەیوەندیەکی وا ڕووبەڕووە و تەنانەت دەستیشی پێنەکردووە. ڕێگری زۆر لەبەردەم ئەمەدا هەیە، جگە لەدووری ماوە، جیاوازی زمان و کلتور و شتی تر لەمەسەلە سەرەکیەکانن.

ئەمانە ڕەگەزی تازەن کە دەبێت هەم لەتیۆریدا و هەم لەپراکتیکدا، لەبەرچاو بگیرێن.

بەبڕوای من پەیدابوونی هێزێکی شۆڕشگێڕی کاریگەر، تەنها لەپێکهاتەی روداوەکانی جیهانی سێهەم لەگەڵ هێزە تەقینەرەوەکانی ناوەندی دنیای پێشکەوتوو مومکینە.

یاخیبوونی خوێندکاران ئاگادارە لەوەی کە راکێشانی پشتگیری خەڵکی لەوڵاتە سەرمایەداریە پێشکەوتوەکاندا تا چ ئەندازەیەك ئەستەمە. لە وتوێژکردن لەگەڵ کرێکاراندا زۆرجار ئەم وەڵامەیان وەرگرتۆتەوە کە "نازانم باسی چی دەکەیت – هەلومەرجی من لەئێستادا لەهەموو کاتێك باشترە" تیۆرەکانی فێتنام چ گرنگیەکی بۆ ئەم کرێکارە هەیە؟ وتوێژی مرۆڤانە هیچ دەرئەنجامێکی نییە، چونکە مرۆڤایەتی خۆی تیۆر دروستدەکات؟

مارکۆز: کاتێك کرێکارێك دەڵێت هەلومەرجی من لەهەموو کاتێك باشترە، لەحاڵەتێکدا قسەکەی ڕاستە کە بیر و ڕەفتاری لەهەلومەرجێکی ناشۆڕشگێڕانەدا، وەك هەلومەرجێکی شۆڕشگێڕانە نەبێت. ئەرکی ئێوە ئەوەیە کە سەرنجی بۆ بەهایەك ڕابکێشن کە بۆ ژیانی دزێوانەی خۆی دەیدات – زەحمەتی بەردەوامی ژیانی خۆی و بەدبەختی کەسانی دی بۆ ڕوونبکەنەوە. دواجار دەبێت بڕوا بهێنین کە لەسەرمایەداریەکی پێشکەوتوودا ناکرێت هێزە شۆڕشگێڕەکان بەهۆی فەقیری و بەدبەختیەوە، چالاکبکرێن، بەڵکو دەبێت سود لەبەرزکردنەوەی چاوەڕوانیەکان، بۆ ئاستی ژیانێکی باشتر و هوشیارکردنی ویژدانی کرێکارانی خوێندەوار و خاوەن مەرجەکان وەربگیرێ: پێشڕەوانی چینێکی تازەی کرێکاران یان بەشێکی تازە لەچینی کرێکاری کۆن.

دژایەتیە دەرونیەکانی سەرمایەداری، هەنوکە گەیشتوون بەدڕندانەترین و هەمەکیترین شێوەکانی خۆیان و دەکرێت سود لەهوشیاری تازە وەك هۆکارێك بۆ بەهرەوەرگرتن و چارەسەرکردنی ئەم دژایەتیانە وەربگیرێ. لەبارەی وتوێژی مرۆڤانەشەوە دەبێ بڵێم بەڕاستی نابێت بڕوامان بەوە بێت، کە وتوێژی مرۆڤانە بەجێگەیەك ناگەن. پرسیارێك لەهەموتان دەکەم: ئەگەر من بناغەی مرۆڤایەتی لەباسەکانی خۆم بکەمە دەرێ، ئیدی لەسەر چ بناغەیەك دەتوانم دژی سیستەمی

سەرمایەداری قسەبکەم؟ ئەگەر ئێوە تەنها لەچوارچێوەی لۆژیکی تەکنیکیدا وتوێژ بکەن و هەر لەسەرەتاوە چەمکی میژووی بالادەستی پێشوو کە لەسەر بناغەی نەفیکردنی سیستەمی هەبوو دامەزراوە، بسڕنەوە، بەسەرنجدان لەوەی کە ئەم سیستەمە مرۆڤانە نییە و بیری مرۆڤانە پەیوەندی بەنەفیکردنی ئەم سیستەمەوە هەیە- هەمیشە خۆتان روبەڕووی کۆمەڵێك پرسیار دەبینن کە ناتوانن وەڵامیبدەنەوە. بۆ نموونە بەڕاستی ترسمان لەچ شتێکی ئەم سیستەمە هەبێت؟ سیستەمێك کە هەمیشە سامانی کۆمەڵایەتی زیاددەکات و کۆی چینەکانی خەڵکی کە پێشتر لەفەقیری و بەدبەختیدا غەرق بووبوون، دەکاتە خاوەن ئۆتۆمبیل، تەلەفزیۆن و خانوو؟ بەڕاستی چ شتێکی ئەم سیستەمە ئەوەندە خراپە کە نرخی سەرنگونکردنی هەبێت؟ ئەگەر تەنها بەباسی مادی وازبهێنن و سود لەلایەنەکانی تری باسەکان وەرنەگرن، سودێکی ئەوتۆ وەرناگرن. دواجار دەبێت لەهەقیقەتێك تێبگەین کە لەقۆناغی فاشیزمدا، کە ڕەنگە ئێوە هێشتا لەدایکیش نەبووبن، تێی نەگەیشتین: وتوێژە مرۆیی و ئەخلاقیەکان تەنها ئایدیۆلۆژیاگەلێکی هەڵخەڵەتێنەر نین، بەڵکو هێزگەلێکن کە دەتوانن و دەبێت هێزە ناوەندیەکانی کۆمەڵگا پێك بهێنن. ئەگەر هەر لەسەرەتاوە ئەم وتوێژانە بسڕینەوە، لەڕاستیدا خۆمان لەبەرامبەر بەهێزترین باسەکانی بەرگریکەر لەهەلومەرجی باودا چەککردووە.

گریمان لەویلایەتە یەکگرتووەکان یاخیبوونەکان بتوانن بەسەر بونیادی هێزە جێگیرەکاندا سەرکەون، هەستدەکەن کاری داهێنەری یاخیبوون کە دەسەڵاتی دەوڵەت دەگرێتە دەست خۆی، لەچیدا دەبێت؟

مارکۆز: مەبەستتان ئەوەیە چۆن دەکرێ لەهەلومەرجی گریمانکراودا، کۆمەڵگایەکی ئازاد دروستبکرێ؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، پێویستمان بەچەندان کاتژمێر هەیە، تەنها شتێك دەڵێم، نابێت وا بزانین سەرکەوتنی یاخیبوونی خوێندکاران، ئێمە بەجێگەیەك دەگەینێت کە بتوانین بیر لەدروستکردنی کۆمەڵگایەکی ئازاد بکەینەوە. ئەگەر یاخیبوونی خوێندکاران لەگۆشەگیریدا بمێنێتەوە و نەتوانێت لەقاڵبی خۆی بێتە دەرەوە، و ئەگەر نەتوانێت ئەو چینە کۆمەڵایەتیانەی کە بەهۆی پێگەیانەوە لەناو دیاردەی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنانداودەورێکی سەرەکیان لەشۆڕشدا هەیە، ناچار بەجوڵەبکات، لەم حاڵەتەدا یاخیبوونی

خوێندکاران تەنها دەورێکی لاوەکی بینیووە. دەکرێ یاخیبوونی خوێندکاران بەناوکی شۆڕشێك دابنرێت، بەڵام خۆ بەناوکێك بەتەنها شۆڕش ناکرێت. ئەمڕۆ یاخیبوونی خوێندکاران توانای جۆراوجۆری بۆ لەناوبردنی سنووردارێتی خود و گۆڕانی هەڵوێستی ڕۆشنبیران هەیە، ڕۆشنبیرانی "بۆرژوازی" لەهەلومەرجێکی بێ دەرئەنجامەوە بۆ Paroledhonneurێك. بەڵام مانای ئەمە ئەوەیە کە سنورەکانی خۆمان بەجۆرێك بشکێنین یان فراوانبکەین تا ئەو جێگەیەی کە ئەو هێزە جۆراوجۆرانە لەخۆبگرێت کە لەرووی مادی و کلتوریەوە، بەکەڵکی شۆڕشێك دێن.

هەوڵدەدەم بابەتی بم. ببورن گەر پرسیارەکەی ئێوەم بەمانای هێزی فکری پۆزەتیف وەرگرتووە، من هێشتا بڕوام بەهێزی نەفیکردن هەیە و هەستەکەم هەمیشە زۆر زوو بەهێزی پۆزەتیف دەگەین.

لەوتارەکەمدا ڕێگاکانی خوێندکارانم پیشاندا. بەر لەهەر شتێك دەبێ بۆ ئەو کەسانەی دەپرسن کردنی ئەو پرسیارە کە چ شتێك لەم کۆمەڵگایەدا خراپە شیاو نیە، ڕوونبکرێتەوە کە ئەم پرسیارە درندانە و نامرۆڤانەیە. دەبێ ناچار بکرێن کە ڕوداوەکانی دەوروبەری خۆیان ببینن، ببیستن و هەستی پێبکەن و دەبێ هەستبکەن کە فەرمانڕەواکانیان بەرازیبوون و بێدەنگی خەڵکی، چ کارەساتگەلێك لەو وڵاتەنەدا دروستدەکەن کە لەژێر دەسەڵاتی کۆمەڵگای سەرمایەداریدان. هەنگاوی دوای بەپێی کۆمەڵگا یان ناوچە، جیاواز دەبێت. بەدەربڕینێکی تر ئەگەر ئێوە "دیموکراسی" ویلایەتە یەکگرتووەکانتان هەبێت، هەلومەرجتان جیاوازە لەوەی "دیموکراسی" بۆ نمونە بەرلینتان هەبێت. هەریەك لەم حاڵەتە پێویستی بەهەنگاوی تایبەتی خۆی هەیە. من کاتێك لەئەمەریکادا بەدروستکەری دەزانم، کە جەنگی ڤێتنام بەچوونە دەرەوەی هێزەکانی ئەمەریکا کۆتایی پێبێت، واتە یاخیبوون سەرکەوێت. بەڵام ئەم هەنگاوە لەگەڵ ئەوەشدا کە هەنگاوێکی زۆر پۆزەتیف و دروستکەرە، بەڵام لەکۆمەڵگایەکی سۆشیالیستیدا بەکەڵکی هیچ نایەت. کەوابوو دەبێت هەنگاو بەهەنگاو بچینە پێشێ. ئەگەر ئێوە لەویلایەتە یەکگرتووەکاندا بڵێن "ئامانجی ئێمە بەرپاکردنی سۆشیالیزم و نەهێشتنی مولکایەتی تایبەتی و سودوەرگرتنە لێی لەکۆنترۆڵی دەستەجەمعی و بەرهەمهێناندا" خەڵکی رادەکەن لێت. مانای ئەم کارە ئەوە نییە کە سۆشیالیزم هەڵەدەکات، بەپێچەوانەوە، بەڵکو ماناکەی ئەوەیە ئێمە

نەمانتوانیوە پێویستی سۆشیالیزم لەهوشیاریاندا رووبکەینەوە و ئەگەر نەمانەوێت تەسلیمی بەربەریەت بین و لەناوبچین، دەبێ واقعیەت بدەین بەم فکرەیە.

چۆن دەکرێت لەچینی کرێکاردا تواناگەلێك بناسینەوە کە خۆیان هەست بەپێویستیان ناکەن، کە ناچار بین سەرەتا پێویستیان بۆ ئەم توانایانە بۆ روونبکەینەوە، شتێك کە پێدەچێت لەناو سیستەمی هەنوکەدا، مومکین نەبێت؟ جگە لەمەش پێدەچێت خەڵکی سودیان لەو رەخنەیەی خۆتان لەبارەی تەحەمولکردنی هاوکاتی سەرکوتکردن وەرگرتبێت، و دەڵێن هەموو جۆرە تەحەمولێك، سەرکوتکەرە، بەشێوەیەك کە هەنوکە تەنانەت نەیاریتی لەگەڵ دەرئەنجامەکانی تێڕوانینەکانی خودی ئێوەدا لەناوچووە؟

مارکۆز: لەبارەی ناسینی تواناکانەوە، ناکرێ تەسەوری ئەوە بکرێت چۆن دەکرێت سیستەمێکی وا بەهێز و یەکپارچە، سەرنگونبکرێت، چونکە بچوکترین جوڵەکان بەهەموو هێزی خۆی تێکدەشکێنێ. ئەگەر وابوایە، کەوابوو ئەمە یەکەم سیستەمی کۆمەڵایەتی دەبوو کە لەمێژوودا بەنەمری دەمایەوە. من بڕوامواید کە درزەکانی ئەمڕۆ بەپێی پێویست قوڵن. دژایەتیە دەرونیەکانی ئەم سیستەمە تووندترە لەهەر کاتێکی تر: یەکەم دژایەتی نێوان سامانی سەرسوڕهێنەری کۆمەڵایەتی لەلایەك و سودوەرگرتنی وێرانکەرانە و سەرکوتکەرانە لێی لەلایەکی دیەوە. دوهەم ئارەزووی ئۆتۆماتیکی بوون کە ئەگەر سەرمایەداری بیەوێت بەرهەمهێنانی پەرەپێبدات، دەبێت ئەم ئارەزووەی هەبێت. ئۆتۆماتیکیبوون بەئاراستەی سڕینەوەی هێزی کاری جەستەیی لەدیاردەی بەرهەمهێنان، دەچێتە پێشێ، ئەمەش بەبڕوای مارکس لەگەڵ مانەوەی سەرمایەداریدا لەئایندەی دوردا، گونجاو نییە. کەوابوو ناتوانرێ باسی پارێزگاریبوونی ئەم سیستەمە بکرێت.

هیوادارم وتارەکەم لەبارەی تەحەمولکردنەوە، ئەو بەدحاڵیبوونە دروستنەکات کە من رەتی هەموو جۆرە تەحەمولکردنێك دەکەمەوە. ئەمە بەبڕوای من زۆر ساویلکانەیە و نازانم چۆن ئەم تەفسیرە هاتۆتە ئاراوە. مەبەستم ئەوەبوو لەو بزوتنەوانەی کە سەرەڕای کردار، پڕوپاگەندە و هەراوهوریای زۆر ئەنجامدەدەن، بەئیحتیمالی زۆر دەکرێ بگوترێت کە دەبێتە هۆی زیادبوونی سەرکوتکردن و وێرانکردن. نابێت ئەم بزوتنەوانە لەچوارچێوەی دیموکراسیدا تەحەمولبکرێت.

سەرنج لەنمونەیەکی کلاسیکی بدەن: من بڕوامواید گەر لەکۆماری ڤایماردا یەکەم بزوتنەوەی نازیەکانیان کە تازە خەسڵەتەکانیان پیشاندەدا، تەحەمولنەکردایە و ئەگەر ئەم بزوتنەوەیە سودی لەبەهرەکانی ئەو دیموکراسیە وەرنەگرتایە، رەنگە ئەمڕۆ کارەساتەکانی جەنگی جیهانی دوهەم و کارەساتەکانی تری ئەم بزوتنەوەیە دروستنەبوایە. پێوەرێك لەکەناردا هەیە کە دەتوانین بڵێین: ئەگەر بمانەوێت ژیانی مرۆڤ بەپێشکەوتن و ئارامی ئارایشتبکەین، دەبێت تەحەمولی هەندێك بزوتنەوە نەکەین. ئەوەی بڵێن من تەحەمول بەهەموو شێوەیەك مەحکومدەکەم، بابەتێکە کە ناتوانم لێی تێبگەم.

لەبارەی پرسیاری یەکەمەوە: ئێمە ئەمڕۆ خۆمان لەهەلومەرجێکدا دەبینین کە زەرورەتی بابەتی گۆڕانکاری ئاشکرایە، بەڵام ئەو چین و گروپانەی دەبێت ئەم گۆڕانکاریە بەدی بێنن، پێویستیان بەم گۆڕانکاریە نییە. سەرەتا دەبێت میکانیزمێك کە ئەم پێویستیە لەناودەبات بسڕێتەوە کە ئەمەش خۆی پێویستی بەسڕینەوەی ئەم میکانیزمە هەیە. ئەمە دیالەکتیکێکە کە هیچ ڕێگەیەکی نییە.

ئایا هەستدەکەن چینی کرێکاری ئەورووپا دەتوانێت دەورێکی لەم گۆڕانکاریەدا هەبێت؟ یان ئێمە لەهەلومەرجێکداین کە شۆڕشی داهاتوو، شۆڕشێکی پرۆلیتاری نابێت و شۆڕشێکی مرۆڤانە دەبێت کە تیایدا بەهۆی سەندنەوەی دەسەلات لەچینی سەرمایەدار، دەبێ کۆی بەزەبر بەشۆڕشگێڕ بزانرێت؟

مارکۆز: نەریتی سیاسی کرێکاری ئەورووپا کە هێشتا لەهەندێك ولاتی ئەورووپیدا هەیە، سەردەمێك لەئەمەریکاشدا هەبوو، بەڵام هەنوکە لەناوچووە. بەڵام بێ لەبەرچاوگرتنی چەمکی ئاڵۆزی نەریتی سیاسی، وەڵامەکەی ئێوە پەیوەندی بەپرسیارێکی دیەوە هەیە کە ئەویش ئەوەیە: ئایا ئەو ئارەزوانەی لەویلایەتە یەکگرتووەکاندا بااڵدەستبوون، لەئەورووپاشدا دەتوانن دۆخێکی لەمچەشنە وەربگرن، بەشێوەیەك کە ئەو ئارەزووە نەیارانەی بناغەیان لەسەر نەریتی سیاسی چینی کرێکاری ئەورووپا دامەزراوە، لەبەرامبەر ئەم ئارەزووە تازانەدا لەناوبچن یان نا. ئەمە پەیوەندی بەو کاتەوە هەیە کە چالاکی سیاسی دەستپێدەکات. ئەگەر لەدواجاردا قۆناغی ئەمریکاییبوون دەستپێبکات، ڕەنگە نەکرێ وێنای ئەمجۆرە دەورە شۆڕشگێڕیە بۆ چینی کرێکاری ئەورووپا بکرێت. بەڵام ئەگەر دۆخێك دەستپێبکات کە

ئەم ئارەزوانە هێشتا بااڵدەست نەبووبن، بەشێوەیەك كە قۆناغەكانی گەشەكردنی سەرمایەداری ئەوروپا، وەك ئێستا بەتەواوی لەگەڵ قۆناغەكانی گەشەكردنی سەرمایەداری ئەمەریكادا جیاواز بێت، شانسێكی زیاتری دەبێت. ئایا ئابوری سەرمایەداری ئەوروپا بەتەواوی ڕێگەی ئابوری سەرمایەداری ئەمەریكا دەگرێتە بەر؟ ئایا نفوزی ئابوری ئەمەریكا لەئەوروپادا بەردەوام دەبێت یان لەخاڵێكدا ڕادەوەستێت؟

ئێوە باسی دواهەمین قەیرانی سەرمایەداریتان كرد كە هەم دەبێت هیوادار بین ڕووبدات و هەم دەبێت لێی بترسین – چونكە ڕەنگە كرێكاران بەرەو فاشیزم ڕاكێشێت. من هەستەكەم فاشیزم دروست نابێت، چونكە پەیدا بوونی فاشیزم لە١٩٣٣دا پەیوەندی بەكۆمەڵگایەكەوە هەبوو كە وەك ئەمڕۆ چونیەك نەبووەو لەنوسینەكانیەوە كاریگەری دەكرایە سەر. لەلایەكیدیەوە پەرەسەندنی دوایی سەرمایەداری بەتایبەتی وەك درێژەی قوتابخانەی كینز پیشانیدەدات، تەنانەت گەر ئۆتۆماتیكی بوون لەبەرچاو بگرین، تیۆرەی كلاسیكی ئیمپریالیزم دامەزراوە. ئەم تیۆرەیە و هیواكانی، ئەمڕۆ گومانلێكراو دێنە پێشچاو. بەڵام ئایا دەزگاكان نەك جەماوەر، دژی ئێمە نین؟ ئایا هێزە ئینسانیەكان، لایەنگری ئێمە نابن؟

مارکۆز: هەموو تاكەكان بەزەبر لایەنگری ئێمەن. بەڵام ئایا دەتوانین سود لەم توانایە وەربگرین؟ فاشیزمی نوێ گەر دروستبێت، بەتەواوی جیاواز دەبێت لەگەڵ فاشیزمی كۆندا. مێژوو وا بەئاسانی دوبارە نابێتەوە. كاتێك بۆ نمونە باسی فاشیزم لەئەمەریكادا دەكەم، مەبەستم ئەوەیە، ئازادیە سیاسی و مەدەنیەكان ئەوەندە كەمدەكرێنەوە كە دواجار ڕۆژێك كۆنگرێس یاساگەلێكی سەركوتكەرانە دادەڕێژێ كە دەسەڵاتێكی تەنفیزی زۆری دەبێت. واتە پێویستناكات بناغەی جەماوەری، لەتاكەكان پێكبێت كە بڕژێنە ناو شەقامەكانەوە و لەیەكدی بدەن، بەڵكو ڕەنگە خەڵكی هێواش هێواش بەتوانا دیموكراسیە هەبووەكان قانع بن، لەئەنجامیشدا دەسەڵاتی یاخیبوون كەمبێتەوە.

هەمیشە لەبەر ئەم بەدبینیە ترسناكەی كە هەمە، سەرزەنشتمدەكەن. بەڵام دەبێ بڵێم پاش قسەكەی ئێوە من خۆم بەخۆشبینێكی نامولتەزیم دەبینم كە چەندان ماوەیە لەواقع دورکەوتۆتەوە. من هەرگیز ناتوانم وێنای ئەوە بكەم كە

تەنانەت باشترین سەرمایەداریەكانیش، بتوانێت تا هەمیشە بەنەمری بمێنێتەوە. ئەو ڕەخنەیەی ئێوە لەئۆتۆماتیكی بونتان گرت، تەنها لەكاتێكدا راستە كە ئێوە ئۆتۆماتیكی بوون بەجیا لەهۆكارە كۆمەاڵیەتیەكانی تر كە دەیگۆڕێت بەهێزێكی شۆڕشگێڕانە، لەبەرچاو بگریت: بۆ نمونە یەكەم: ڕوون بونەوەی هوشیاریەكان، دووەم: فێركردن، بەتایبەتی "چینی كرێكاری تازە"، سێهەم: داڕمانی دەرونی – ئەخلاقی (ئەمەش بەلگەیەكی تر بۆ ئەوەی كە بۆچی من بڕوامواید ئەخلاقیات ئیدی تەنها ئایدۆلۆژیایەك نییە) و چوارەم شتێك كە تا ئێستا قسەمان لەبارەیەوە نەكردووە كە ئەویش بوونی دنیایەكی ترە، واتە بلۆكی سۆڤیەت كە هەر ساتێك ركەبەرایەتی ئابوری خۆی لەگەڵ سەرمایەداریدا چڕتر دەكات. دەبێت ئەم پێویستیانە لەبەرچاو بگرین.

ئایا پێویست ناكات نەفیەكانی سیستەمی جێگیر، ئەناتۆمی بكەین؟ ئەگەر واش نەكەین ئایا ئێمە لەكەمایەتیدا نامێنینەوە لەكاتێكدا كە زۆرینە بەلەدەستدانی سیستەمی هەبوو، زۆر شت لەدەستدەدەن؟ تا چ ئاستێك دەبێت تەحەمولی ریفۆرمیستەكان و پیاچونەوە خوازان بكەین؟ ئایا سۆشیال دیموكراسی لەگۆڕانكاریدا دەورێكی پۆزەتیڤی هەیە؟

مارکۆز: لەبارەی ڕێگەچارەسەری بابەتیەوە، نازانم لەبەرلیندا چۆن دەشێت كارێكی وا ئەنجامبدرێت، چونكە ماوەیەكی كورت لێرە بووم. ئەگەر لەئەمەریكادا ئەم پرسیارەم لێكرایە بەقوتابیەكانم دەگووت: دەبێ دۆخێك دروستبكرێ كە ئیدی ئێوە ناچار نەبن كورەكانتان بۆ ڤێتنام بنێرن بۆ ئەوەی بكوژرێن، دەبێ كۆمەلگایەك دروستبكرێ كە تیایدا چیدی لەگەڵ ڕەشەكان و پۆرتریكەكاندا وەك كەسانی چینی دووهەم ڕەفتار نەكرێت (ئەمڕۆ زۆرجار ئەوانە بەمرۆڤ دانانێن) و كۆمەلگایەك كە تیایدا هەمووان نەك تەنها كوڕانی كەسانی دەوڵەمەند، بتوانن خاوەنی پەروەردەیەكی دروستبن. ئێمە دەتوانین بۆ دروستكردنی دۆخێكی وا، هەنگاوی ئارام بنێین. ڕەنگە ئەمە بەهەنگاوێكی پۆزەتیڤ نەزانن، بەڵام من بڕوامواید ئەمە بەڕاستی هەنگاوێكی پۆزەتیڤە و ئەم هەنگاوەش بەتایبەتی بۆ ئەو كەسانەی لەجەنگی ڤێتنام نارەحەتن، سودبەخشە.

من بڕوامواید نابێت كۆمەلگای سۆڤیەت لەگەڵ كۆمەلگای سەرمایەداری

پێشکەوتووەدا، لەژێر ناوی "کۆمەلگای پیشەسازی پێشکەوتوو" لەئاستێکدا دابنرێ و ئەم چەمکە لەبارەی بنەما سەرەکیەکانی ئەم دوو کۆمەلگایەوە، دادپەروەرانە نییە. لەگەڵ ئەوەشدا جۆرێک هاوکاری لەنێوان یەکێتی سۆڤیەت و ویلایەتە یەکگرتووەکاندا هەیە کە دەکەوێتە سەرو واقعیەتی سیاسیەوە (ریال پۆلیتیک). پێدەچێ بەتەواوی پەیوەندی بەتیۆرەیەکی نامارکسیەوە هەبێت. ئەم تیۆریە بڕوایوایە هاوبەشی بەرژەوەندیەکان لەنێوان گەلە دەوڵەمەندەکاندا لەبەرامبەر گەلەفەقیرەکاندا هەیە، کە جیاوازی نێوان کۆمەلگای سەرمایەداری و سۆشیالیزمی لەناوبردووە و هەردوکیان دەگرێتەوە.

لەئەمەریکادا ئەگەرپێشنیاری سۆشیالیزم وەک ڕێگەچارەیەک بکەن، وەڵام وەردەگرنەوە کە: "ئەگەر ڕێگەچارەی ئێوە ئەمەیە، کەوابوو هیچمان ناوێت. هەرچیەک ئێوە لەبارەی سیستەمی جێگیرەوە بیلێن، بەڵام بارودۆخی ئێمە لەبارودۆخی خەڵکی یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتە سۆشیالیستەکانی تر، باشترە". پاشان ئەستەمە تێیان بگەیەنیت ئەوەی لەیەکێتی سۆڤیەت و وڵاتەکانی دیدا رووەدات، بەڕاستی سۆشیالیزم نییە.

بەڕاستی وتوێژکردن لەگەڵ خەڵکێکی زۆردا، بێ سودە. قسەکردن لەگەڵ ئەمانەدا تەنها کات و وزە بەفیڕۆدانە. ئەمە مانای ئەوە نییە کە تەحەمولی ئەمانە نەکەین یان هێرشبەربین، بەڵکو ماناکەی ئەوەیە نابێت وتوێژ لەگەڵ ئەمانەدا بکرێت. ئەمە بەڕاستی شتێک نییە تەحەمول نەکرێت، چونکە ئاشکرایە لەم وتوێژەدا بەهیچ شتێک ناگەین.

ئێمە دەبێت کات و هێزی خۆمان بۆ ئەو چینانە بەکاربهێنین کە گوێ لەقسەکانمان دەگرن و هێشتا توانای بیرکردنەوەیان هەیە. کاری ڕاستەقینەی خوێندکاران لێرەدا مومکینە، بەڵام بەبەرنامە: چونکە شێوازی تەلقینکردن، ئیدی سودی نییە.

لەبارەی پیاچونەوەخوازی کە لەپرسیاری پێشوودا باسکرا: پیاچونەوەخوازان کەسانێکن کە بیردەکەنەوە هاوکات لەگەڵ پاراستنی دەزگا هەبووەکاندا، دەتوانن کۆمەلگا بگۆڕن. لەکاتێکدا زۆرێک لەخوێندکاران بڕوایان بەنەیارێتی دژی دەزگایی و سەر و پەرلەمانی هەیە.

مارکۆز: پێویستە لەجیاوازییە گرنگەکان تێبگەین: ڕێگەمبدەن شتێکی شەخسی بڵێم. ئەگەر مەبەستان پیاچونەوەخوازی حیزبی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیایە، دەبێ بڵێم من لەسەرەتای خوێندنی سیاسیمەوە واتە لە١٩١٩وە، نەیاری ئەم حیزبەبووم. من لە١٩١٧ وە تا ١٩١٨ ئەندامی حیزبی سۆشیال دیموکرات بووم، بەڵام پاش کوشتنی ڕۆزا لۆکسۆمبرگ و کارل لایبنیخت، دەستم لەکار کێشایەوە و ڕەخنەم لەسیاسەتەکانی ئەم حیزبە گرتووە. نەک لەبەرئەوەی کە بڕوامواپە لەچوارچێوەی سیستەمی هەنوکەدا ناتوانرێ کار بکرێت – چونکە ئێمەش هەر ئەو کارە دەکەین و بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری لەناوەوە، سود لەبچوکترین تواناکانی سیستەم وەردەگرین – هۆی نەیارێتی من لەگەڵ حیزبی سۆشیال دیموکراتدا، ئەمە نەبوو. هۆکەی ئەوەبوو کە ئەم حیزبە هاوکاری کۆمەڵێ هێزی وێرانکەر و سەرکوتکەر دەکات.

لەساڵی ١٩١٨وە هەمیشە باسی هێزە چەپەکان لەحیزبی سۆشیال دیموکراتدا کراوە، بەڵام دەبینین کە ئەم چەپانە زیاتر و زیاتر نزیک دەبنەوە، تا ئەو جێگەیەی ئیدی هیچ شتێک لەچەپیان تیا نامێنێت، لەبەرئەوە دەبینین کە لایەنیکەم هەندێک کارە سەرەکیەکانی حیزب، ناتوانن بڕوا بەمن بهێنن.

ئایا گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیە سەرەکیەکان، وەک گۆڕانی بارودۆخی یەکێتی سۆڤیەت لەسەردەمی ستالینەوە بۆ بارودۆخی ئێستا، ناکرێن بەدەرئەنجامی ناچاری سیستەمەکە بزانرێت و ئایا ئەگەر جەنگی ڤێتنام کۆتایی پێبێت، ناکرێ ئەوەش بەبەدیهیات بزانرێ؟ ئایا دەکرێ مەسەلەی تۆندوتیژی تەنها بەمەسەلەیەکی تاکتیکی نەزانرێ و بگەڕێنرێتەوە بۆ بنەما ستراتیژی و مرۆییەکان؟ و ئایا ئایدیا پێشکەوتوخوازەکانی وەک لینینیزم مومکینە لابدەن (ئینحراف بکەن)؟

مارکۆز: لەوتارەکەمدا جەختم لەوەکرد کە لەبەرگریکردن و هێرشکردندا، تۆندوتیژی جیاواز بەکار دەهێنرێت. بۆ نمونە تۆندوتیژی پۆلیسی کە نیشانە لەتاوانبارێک دەگرێتەوە، چ لەرووی دەرەکی و چ لەرووی بونیادی غەریزیەوە، لەبنەڕەتەوە جیاوازە لەگەڵ ئەو تۆندوتیژیە پۆلیسیەی کە بەکێبڵ لەخۆپیشاندەرێک دەدات. هەردووکیان تۆندوتیژین، بەڵام کاری تەواو جیاوازیان هەیە.

هەموو ئەو شتانەی لێرەدا لەبارەی تاکەوە راستە، لەبارەی کۆمەلگا و هێزیشەوە

راستە. بۆ نمونە تۆندوتیژی تیرۆری شۆڕشگێڕانە لەتیرۆری سپی پێستەکان بەتەواوی جیایە، چونکە تیرۆری شۆڕشگێڕانە لەڕێگەی خولقاندنی کۆمەڵگایەکی ئازادا خۆی لەناو دەبات، لەکاتێکدا تیرۆری سپی پێستەکان وا نییە – تیرۆرێك کە لەبەرگریکردن لەفێتنامی باکوریدا هەیە، لەبنەڕەتەوە جیاوازە لەو تیرۆرەی کە لەهێرشکردندا هەیە.

ئەوەی چۆن ڕێگە لەتیرۆری شۆڕشگێڕانە بگیرێت، بۆ ئەوەی نەبێت بەدڵڕەقی و درندەیی، ئەمە خۆی مەسەلەیەکی ترە. لەشۆڕشێکی ڕاستەقینەدا هەمیشە ڕێگایەك بۆ ئەمکارە هەیە. لەسەرەتای شۆڕشی بەلشەفیەکاندا هیچ درندەییەك یان دڵڕەقیەك نەبووە، و ئەو تیرۆرەی دەکرا لەسنوری بەرگریکردن لەبەرامبەر هێزە هەبووەکاندا، تێنەدەپەڕی. کاتێك لەشۆڕشێکدا ئەمجۆرە تیرۆرە لەکرداردا دەبێت بەدڵڕەقی، درندەیی و ئەشکەنجەکردن، ئەوا ئەو کاتەیە کە شۆڕش لەڕێگەی خۆی لایداوە.

چەند پرسیارێکم هەیە:

یەکەم: ئایا نابێت سود لەو هەلانە وەربگرین کە دێنەپێشێ و پەیوەندی بەڕێکخراوە هەبووەکانەوە بکەین، بەشێوەیەك بتوانین هوشیاری چینەکانی خوارەوەی ئەم ڕێکخراوانە، هوشیاربکەینەوە؟

دووەم: لەبارەی هەقانیەتی بەرگریکردنەوە، لەوتارەکەتاندا لەبارەی تەحەمولکردنەوە، ئەمەتان بەتایبەتی ناوهێنا و لەکەوانەدا داتاننا، لەکاتێکدا ئێستا وەك بنەمایەکی دێرین باسیدەکەن. ئەم هەقانیەتە لەسەر چ بناغەیەکە؟ ئایا یادگاریەکی ڕۆمانسیە لەیاسا سروشتیەکان و یان لەسەر خۆی ڕاوەستاوە و لەمحاڵەتەدا چۆن یاخیبوون دەتوانێت مافێك چالاکبکات کە سەرەتا دەبێت خۆی دروستیبکات؟

سێیەم: ئەوە سیاسەتە کە دەبێت ڕونکردنەوەی بیرەکان و ڕوناککردنەوەی ویژدانەکان، لەڕێگەی خۆپیشاندان و وتوێژەوە ئەنجامبدات. بەڵام چۆن دەکرێت یاخیبوونی ناچەکدارانە ڕێکبخرێت و بەو هەوڵەی کە بیرۆکراسی بۆ لەناوبردنی کاری جەستەیی ئەنجامیدەدات، چۆن دەکرێت نەرمیەك کە ئاشکرایە، بەکاربهێنرێ. یاخیبوونی ئێمە لەبنەڕەتدا بۆ پاڕێزگاریکردن لەمافە هەبووەکان دروستبووە، ئەو

مافانەی هەمیشە بەهۆی تۆندوتیژی دەوڵەت و دەستێوەردانەکانیەوە، دەستدرێژی دەکرێتە سەر. ڕەنگە ئێمە لەبری سودوەرگرتن لە"مافی بەرگریکردن"، خەریکە یاساکانی ئاستی خوارەوە دەکەینە قوربانی بەرگریکردن لەدەستوری سەرەکی. سەرەڕای ئەمە، ئەو بەڵگانەی دژی بنەماکانی نەرمین، ناکۆکن لەگەڵ ئەو هۆکارە مرۆییانەی کە گونجاون لەگەڵیدا.

مارکۆز: من بەکورتی وەڵامی پرسیارەکانی ئێوە دەدەمەوە.

ئەو دژایەتیەی باستانکرد، تەنها لەبەدحاڵیبوونێکەوە دێت. من نەمگوتووە سود لەنەرمی وەك بنەمایەکی ستراتیژی وەربگیرێ و ئامۆژگاریبکەین. من بە هیچشێوەیەك مرۆڤایەتی و نەرمیم بەهاوتا وەرنەگرتووە. بەپێچەوانەوە، من قسە لەهەلومەرجگەلێك دەکەم کە تیایدا مرۆڤایەتی بەتوندوتیژی کۆتاییدێت:

ئایا هەلومەرجێك هەیە کە تیایدا بکرێ لەگەڵ حیزبە هەبووەکاندا، گۆڕانکاری سیاسی ئەنجامبدرێ یان نا؟ ئەگەر پرسیارەکەی ئێوە بەمشێوەیە بکرێت، دەمگووت بەڵێ.

ئەمە بەڕاستی پرسیارێکی پراکتیکیە. ئەگەر لەهەڵسەنگاندنی بارودۆخی هەبوودا، بەئەزموون بەوە گەیشتن کە گروپ و ڕێکخراوی ناوچەیی هەن گوێ لەقسەکانتان دەگرن و دەیانەوێت ئەمکارە بکەن، کەوابوو دەبێت کاریان لەگەڵدا بکرێت. من تەنها گوتم ئەزمونەکانی من دەریدەخەن، مومکین نییە حیزبە سەرەکیە هەنوکەیەکان بتوانن گۆڕانێك ئەنجامبدەن و بەدبینی من لەمبارەیەوە هێشتا بەئەندازەی چل ساڵ پێشووە.

سەبارەت بەپرسیارەکەتان لەبارەی هەقانیەتی بەرگریەوە: ئەوەی لەوتارەکەمدا لەبارەی تەحەمولەوە، لەکەوانەدا هێنامەوە، تەنها لەبەر ئەوەبوو کە دەریبخەم زاراوەیەکی کۆنی تیورەی سیاسیە.

پرسیارەکەتان لەبارەی ئەوەوە کە ئایا ئەوانەی سود لەمافی بەرگریکردن بۆ بەرژەوەندی خۆیان وەردەگرن، خۆیان بنەمایەك دروستناکەن کە لەسەر بناغەکەی لەبەرامبەر یاسا پۆزەتیڤەکاندا، بەرگریبکەن، مەسەلەیەکی زۆر سەرنجڕاکێشەرتان هێنایە ئاراوە. واتە ئایا ئەو جازبیەت و ڕاکێشانەی لەمافی بەرگریکردندا هەیە، ڕێژەیی نییە، و تەنها وەك بەرژەوەندی تایبەتی گروپێکی تایبەت، دەرناکەوێت؟

دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەم لەرووی مێژووییەوە، چەمکی بەرگریکردن ئەمە نییە. تیۆرەی هەقانیەتی بەرگریکردن بەردەوام بڕوای بەوەبووە، جازبیەت و راکێشانی ئەم مافە بەرەو یاسای بااڵترە کە نرخێکی جیهانی هەیە، واتە لەسنووری مافە فەردیەکان و بەرژەوەندی گروپێکی تایبەت، تێدەپەڕێ. بەاڵم بەڕاستی پەیوەندیەك لەنێوان مافی بەرگریکردن و یاسای سروشتیدا هەیە. ئێوە دەاڵێن هەنوکە یاسایەکی جیهانی بااڵتر نییە. من بڕوامواید کە هەیە. ئەمڕۆ ئیدی بەیاسای سروشتی ناوی نابەین، بەاڵم بڕوامواید گەر بااڵیین ئەو شتەی رەوایەتی بەبەرگریکردنی ئێمە لەبەرامبەر سیستەمی هەبوودا دەدات، بەر لەبەرژەوەندی ڕێژەیی گروپێکی تایبەت و بەر لەشتێك کە خۆمان وەسفمان کردووە، دەتوانین پیشانیبدەین. ئەگەر قسە لەجازبیەت و راکێشانی مافی مرۆڤایەتی بۆ ئاشتی، مافی مرۆڤایەتی بۆ تاوانبارکردنی بەهەرەوەرگرتن و گەڕان بەدوای قازانجدا دەکەین، تەنها لەسنووری بەرژەوەندی گروپێکی تایبەتدا قسەناکەین، بەاڵکو باسی بەرژەوەندیگەلێك دەکەین کە وەك مافی جیهانین. لەبەر ئەمەیە ئەمڕۆ دەتوانین و دەبێت نرخ بۆ مافی بەرگریکردن زیاد لەمافێکی ڕێژەیی دابنێین.

سەبارەت بەوەش کە تەحەمول لەهەندێك هەلومەرجی تایبەتدا دەبێت بگۆڕێت بۆ هەندێك کرداری تایبەتی، ئەوا من بەتەواوی لەگەاڵتا هاوڕام. لەوتارەکەمدا گوتم ماوەیەیەکی زۆرە لەبارودۆخێکداین کە وتوێژەکان دەبێتە هۆی خۆپیشاندان و کاری دیکە. بە بێئەوەی سەرنج لەنەرمی خۆپیشاندانەکانمان بدەین، دەبێ چاوەڕێبکەین کە خۆپیشاندانەکانمان ڕووبەڕوی تووندوتیژی بونیادی ببنەوە. ناتوانین خۆمان بەو بیرە هەاڵخەاڵتێنین کە لەبەرئەوەی خۆپیشاندانەکانمان ئارام و نەرمن، کەوابوو یاساین و هیچ روداوێکی خراپ ڕوونادات. لەم ڕوانگەیەوە هیچ ڕێکخراوێکی گشتی بۆ "نەرمی مادی ئاشکرا" نییە، ئێمە دەبێت هەمیشە چاوەڕێی ئەوە بین کە سیستەمی جێگیر سود لەو تووندوتیژیە بونیادیەی کە لەژێر دەستیدایە، دژی ئێمە وەربگرێ. هیچ پێویست ناکات ئێمە خۆپیشاندانێك بدۆزینەوە کە پێکدادانێکی وا تووندوتیژ دروستناکات، چونکە لەحاڵی حازردا ئێمە ناچارین کە شکست بێنین. ئەگەر دروست گوێم لێ بووبێت، خۆپیشاندانێکی لەمچەشنە لەبەرلین ئەنجامدەدرێت و تاقیدەکرێنەوە. خۆتان دەزانن کە چی دەاڵێم و پێویست ناکات زیاتر لەمبارەیەوە

قسەبکەم.

شتێك بەبڕوای من ترسناکە. ئێوە راستەکەن کە بەڕاستی ئێمە بەرگری لەیاسا پۆزەتیڤە هەبووەکان دەکەین. ئەگەر لەدیموکراسیەکدا ئێمە بەرگری لەئازادیە مەدەنیەکان بکەین، لەڕاستیدا بەرگریمان لەیاساکانی سیستەمی هەبوو کردووە، بەاڵم بەداخەوە ئەمە زۆر سادەیە. بۆ نمونە پۆلیس و حوکمەکانیش لەو یاسا پۆزەتیڤانەن. بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بااڵیین ئێمەومانان بەرگری لەدیموکراسی دەکەین، بەاڵم ئەمە بە هیچشێوەیەك گۆڕانێك لەو هەقیقەتەدا ناکات کە لەهەمانکاتدا هوشیارین کە دەستدرێژی دەکەینە سەر یاسا پۆزەتیڤەکان و بڕواشمانوایە راستەکەین.

چەند پرسیار و سەرنج لەبارەی مەسەلەبابەتیەکانەوە:

لەبارەی کرێکارانەوە – دەوری چینی کرێکاری ئەوروپا جیاوازە لەدەوری چینی کرێکاری ئەمەریکا، چونکە ناکرێ ململانێی کرێکاران بگوێزینەوە بۆ ململانێی کەمایەتیەکان، چونکە لێرەدا ململانێیەك نییە. مانای ئەم قسەیە ئەوەیە دەکرێت چینی کرێکار رادیکالیزە بکرێت. لەبارەی زانکۆکانەوە – لەروی هەلومەرجی مێژووییەوە هەنوکە لەقۆناغێکداین کە ئازادی بەدەستهاتوو،بەشێکە لەتەحەمولێك کە هاوکاتی سەرکوتکردنە. چونکە زۆر رووبە ئەمڕۆ هەرکەس بیەوێت دەتوانێت کۆلێجەکان و دامەزراوەکانی زانکۆیەك بکرێت. کەوابوو ئەرکی ئێمە ئەوەیە زانکۆیەکی ڕەخنەگرانە دروستبکەین کە وەك زانکۆیەکی نەیار کاربکات و پیشانیبدات ئاستی تەحەمولی ئێمە بەجێگەیەك گەیشتووە کە بەکارهێنانی نابەجێی زانین بەمەبەستی تێرکردنی ئامانجە نامرۆڤانە و وێرانکارەکان، تاوانبار دەکەین. ئایا ئێوە لەبااڵوکراوەکانی خۆتاندا، پێشنیارێك بۆ ناوەندێکی پشتگیری بۆ بەکارهێنانی نابەجێی زانست و زانین دەکەن؟

لەبارەی خوێندکاران و رادیکاڵەکان لەپۆستی کاردا – چۆن خوێندکاران بە هێزێکی شۆڕشگێڕ دادەنێن، لەکاتێکدا ئەوان زانکۆیان واز لێهێناوە و لەلێواری غەرقبوون لەناو ژیانێکی بۆرژوازیدان؟ ئەوە گرنگ نییە ئێستا ئەوان بەچ جۆرێك ڕێکخراون، ئێمە لەئەوروپادا هەوڵدەدەین ڕێکخراوێکی وا دروستبکەین، بەاڵکو گرنگ ئەوەیە پاش ئەوەی شەهادەکانیان وەرگرت، چۆن ڕێکدەخرێن؟.

مـــارکۆز: بەڕاســـتی ئەمـــە یـــەکێك لـــەگرفت ئـــامێزترین پرســـیارەکانە و لەئەمەریکاشـــدا زۆر لێـــرە کێـــشەئامێزترە. لێـــرە کەســـێك دەتوانێـــت بێئـــەوەی شەهادەیەك وەربگرێت، چەندان ساڵ بخوێنێت و لەزانکۆیەکەوە بچێت بۆ زانکۆیەکی تر، بەڵام لەئەمەریکادا ئەمکارە مومکین نییە. لەبری ئەمە ئەو کەسە دەبێت هـەوڵ بدات کارێك پەیدا بکات و بەمـشێوەیەش رۆژە خۆشەکانی یـاخیبوونی خوێندکاری، کۆتایی پێدێت. لێرەوە ئەمە زۆر گرنگە کە ئەو کەسانەی لەسەردەمی خوێندکارياندا لـەناو ریـزی یاخیبووەکانـدا بـوون، هـەروا بـەیاخیبوو بهێڵێنـەوە. چـۆن ئـەم کـارە ئەنجامـدەدرێت؟ دەبـێ لەجێگـەی جیـاواز و بەشـێوەی جیـاواز کـاری لەسـەر بکرێـت. بـەڵام بەتایبـەت بەسـەرنجدان لـەو دەورە یـەکجار گرنگـەی رۆشـنبیران لـە دیـاردەی کۆمەڵایـەتی بەرهـەمهێنانی ئایننـدا هەیانـە، بـەردەوامی ئـەمجۆرە نەیارێتیـە پـاش ڕۆژەکانی خوێندن، زۆر گرنگە.

من جیاوازی نێوان چینی کرێکاری ئەوروپا و ئەمەریکام باسکرد. لەگەڵ ئێوەدام. نـاتوانم بڵـێم سـەرمایەداری ئەمـەریکا، دژایەتیـەکانی خـۆی بـۆ کەمایەتیـەکان گواستۆتەوە. ئەم بابەتە پەیوەنـدی بـەبارودۆخی هەنوکـەیی سـەرمایەداریەوە نییـە. لەماوەیـەکی درێـژدا ناکرێـت دژایەتیـەکانی سـەرمایەداری بـۆ کەمایەتیـەکان بگوازرێتەوە.

لەلایەکەوە بەرگری لەمافە هەبووەکان و لەوانە ئـازادی خوێنـدن دەکـەین. ئێمـە دەبێـت زۆر جـەخت لـەم ئـازادی خوێندنـە بکـەین کـە یـەکێك لەرەگـەزەکانی مـافی خوێندکارانە بۆ وتوێژ و خۆپیشاندان – وتوێژ و خۆپیشاندان لەهەموو شارەکەیاندا، نـەك تـەنها لەپۆلەکانیانـدا. لایەنیکـەم لەئەمـەریکادا ئـەم مافـە دەناسـن و ئەمـەش بەبەشێك لەئازادی خوێندن دادەنێن.

بـەڵام سـودی نابـەجێ لـەئازادی خوێنـدنیش وەردەگـیرێ: سـودوەرگرتنی نارێـك لەزانـست بەمەبەسـتی لـەناوبردن و وێرانکـردن، بەتایبـەتی بـۆ مەبەسـتی سـەربازی، ڤێتنام نمونەیـەکی سەرنجڕاکێشەرە. لەئەمـەریکادا ئـەوە روونبۆتـەوە کـە ژمارەیـەك لەزانکۆکان چیدی لەشێوەی دەزگایەکدا نین کە لەگەڵ دەوڵەت و پیشەسازیەکاندا بـن و مـادەی زینـدوو و کیمیاییـان بـۆ ئامادەبکـەن. بەڕاسـتی ژمارەیـەکی کـەمی خـەڵك ئـەمکارەیان ئەنجامـدا کـە بـێ هـیچ یارمەتیـەك دانیـشتن و بابەتەکـەیان هێنـاو بـرد

پاشـان گروپێکیـان پێکهێنـا. لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە زۆر گرانـە، بـەڵام خـەڵکی خەریکـە سودوەرگرتنی نابەجێ لەزانست دەسەلێنن و ڕێگرتن لەم بەکارهێنانـە نابەجێیـەش، بەڕاستی کارێکی گرنگە.

تێبینی:

مـارکۆز ئـەم وتـارەی لەکۆڕێکـدا لەبـەرلین پێـشکەش کـردووە و لـەم کتێبـەی خوارەوەدا بڵاوکراوەتەوە:

هربرت مارکوز. پنج گفتار. ت: دکـتر محمـود جزایـری. چـاپخانه کاویـان، تهـران بهمن ماه ١٣٤٩.

مۆدێرنە و ڕۆشنگەری

زیهنی ڕۆشنگەر.....ئرنست کاسیرەر

مۆدێرنە و فەلسەفەی ئەخلاق.....بابەکی ئەحمەدی

ئەفسانەی مەکیاڤیلی.....ئرنست کاسیرەر

پێداویستیەکانی تیۆرەی تازە لەبارەی دەوڵەتەوە.....ئرنست کاسیەر

مۆدێرنە.....زیگمۆند باومان

زیهنی ڕۆشنگەر

ئرنست کاسیرەر

دالامبێر نامەی "بنەماکانی فەلسەفە" بە دیاریکردنی وێنەیەکی گشتی بۆ زیهنی سەدەی هەژدەهەم دەست پێدەکات. لەسەرەتای ئەم وێنەیەدا دەڵێت لەژیانی عەقڵی سێ سەدەی رابردوودا، هەمیشە ئاستی ناوەڕاستی سەدە گەڕانەوەیەکی گرنگبووە. رینسانس لەناوەڕاستی سەدەی پانزەدا دەست پێدەکات، ریفۆرمی مەزهەبی لەناوەڕاستی سەدەی شانزەدا دەگاتە لوتکەی

خـۆی، و لەناوەڕاسـتی سـەدەی حەڤدەهەمـدا فەلسـەفەی دیکـارت سـەرکەوتن بەدەستدێنێت و کۆی وێنەی جیهان دەگۆڕێت. ئایا لەسەدەی هەژدەهەمیشدا دەکرێ بزوتنەوەی هاوشێوەی ئەوانە دیاریبکرێت؟ ئەگەر وابێت چۆن ئاراستەو ئـارەزووە گـشتیەکانی ئـەم بزوتنەوەیـە وەسـفبکەین؟ دالامبێـر بـەدوای ئـەم بیرکردنەوەیەدا دەڕوات و دەنوسێت:

"ئەگەر ئێمە زیهنی ئەو سەدەیەی تیای دەژین بە وردی تاوتوێبکەین، ئەگەر ئەو رووداوانەی کە دەمانهەژێنن یان لایەنیکەم هزرمان بەخۆیانەوە خەریکدەکەن، ئەگـەر نەریتـەکان و دەسـتکەوتەکان و تەنانـەت سـەرگەرمیەکانی ئێمـە تاوتوێبکرێن، ئەستەمە لەو خاڵە غافڵبین خەریکە لەهەندێك رووەو گۆڕانێکی گـرنگ لـەتێڕوانینی ئێمـەدا روبـدات. خێرایـی ئـەم گۆڕانـەش پیـشانیدەدات کـە گۆڕانێکی گەورەتریشمان لەپێشە. تەنها تێپەڕینی زەمەن دەریدەخات کە ئامانج و ماهیەت و سنوری ئەم شۆڕشە چیە و ئایندەکان باشتر لەئێمە کـەموکوڕی و باشیەکانی دەناسن.. لەبەرئەمە سەدەی ئێمەیان بە سەدەی فەلسەفە بەفۆنتی گەورە راگەیاندووە..ئەگەر دۆخی هەنوکەیی زانینی خۆمان بێ هیچ مەبەستێك لەبەرچـاوبگرین، نـاکرێ نکـوڵی لـەوەبکرێت فەلـسەفە لـەناو ئێمـەدا زۆر پێشکەوتووە. زانستی سروشتی رۆژبەرۆژ دەوڵەمەندتر دەبێت، ئەندازیاریی سنورەکانی خۆی فراوانکردووە و مەشخەڵی خۆی بەنزیکترین ناوچەکان، واتە زانستی فیزیا گەیاندووە، سیستەمی هەقیقی جیهان ناسراوەو پەرەیسەندووە و گەشـەیکردووە..بـەکورتی لەزەویـەوە تـا زوحـەل، لەمێـژووی فەلەکـەوە تـا مێژووی جانەوەران، فەلسەفەی سروشت گۆڕاوەو کەمتازۆر هەموو بوارەکانی دی زانستیش شێوەیەکی تازەیان بە خۆیانەوە وەرگرتووە.

لێکۆڵینـەوەی سروشت خۆبـەخۆ کـارێکی سـارد و بێزارکـەرە، چـونکە ئـەو خۆشـنودیەی لێـوەی بەدەسـتدێت هەسـتێکی یـەك ریـتم و بـەردەوام و بـێ وەستانە، و لەکاتێکدا لەزەتەکانی ئەو کاتە بـەهێزە کـە بـەدوای یەکدا بێت و لـەناکاوبێت..لەگـەڵ هـەموو ئەمانەشدا کەشفکردن و بـەکارهێنانی شـێوازێکی تـازە لەبیرکردنـەوەی فەلسەفیدا، ئـەو جـۆرە هەسـت و شـەوقەی کـە هـاوڕێی دۆزینەوەیـەکی تازەیـە، ئـەو بڵندبونـەوەی بیرکردنـەوە کـە لـەبینینی دیمـەنی

جیهـانی بـوون لەناومانـدا دروسـتدەبێت، هـەموو ئەمانـە جـۆش و خرۆشـێکی تـازەی بـە هزرەکـان بەخـشیوە کـە بەهـەموو ئاراستەکاندا بلاوەدەبێتـەوە و وەك روبارێـك کـە بەنداوەکـەی خـۆی شـکاندبێت، هەرچـیەك لەسـەر ڕێگـای بێـت دەشـواتەوە و لەگـەڵ خۆیـدا دەیبـات..بەمـشێوەیە لەبنـەماکانی زانـستە دنیاییەکانـەوە بیگـرە تـا بنـەماکانی وەحـی دینـی، لەمیتافیزیکـەوە تـا بابەتـە زەوقیـەکان، لەمۆسـیقاوە تـا ئـەخلاق، لەوتوێـژی سـکۆلاریانەی حەکیمـە ئیلاهیەکانـەوە تـا پرسـەکانی بازرگـانی، لـەمافی فەرمانڕەوایانـەوە تـا مافـەکانی خەڵك، لەیاساکانی سروشتەوە تا یاسا دانراوەکانی نەتەوەکان..هەمووشتێك باسـدەکرێت، شـیدەکرێتەوە یـان لایەنیکـەم نـاوی هاتۆتـە ئـاراوە. بەرهـەم و دەرئەنجامی ئەم خرۆشە گشتیەی هزرەکان ئەوە بووە کە تیشکی تازە خراوەتە سەر کۆمەڵێك بابەت و کۆمەڵێکی بابەتی دیش سێبەری کەوتۆتە سەر. ڕێك وەك چۆن بەهۆی داکشانوهەڵکشانی دەریاوە هەندێك شت لەکەناردا دەمێننەوە و هەندێکی دی دەچنە ناو ئاوەکەوە."

ئەمە قسەی یەکێك لەگرنگترین بیریاران و یەکێك لەقسەکەرانی بیرکردنـەوەی ئەو سەردەمەیە. هەر لەبەرئەمەش ڕاستەوخۆ ماهیەت و ئاراستەی ژیـانی فکری ئەو سەردەمە دەردەبڕێت. سەردەمی دالامبێر هەستەکات بزوتنەوەیەکی گەورە بەرەو پێشەوە پاڵی پێوە دەنێت، بەاڵم ئامادەنیە خۆی بەدەستەوەبدات و خۆی تەسلیمی ئەم هێزەبکات. دەیەوێت بزانێت ئەم فشارە لەکوێوە دێت و بۆ کوێ دەچێت، سەرچاوە و ئامانجی چیە؟ لەروانگەی ئەم سەردەمەوە ناسینی چالاکی خـود، لێکۆڵینـەوەی لـەبارەی ئـەوەی چـی لەبیرکردنـەوەدا رووەدات و بینـینی ئـەوەی لەپێـشەوەیە، ئـەرکی راسـتەقینە و بنـەڕەتی بیرکردنـەوە پێکـدەهێنێت. بیرکردنەوە نەك تەنها ئامانجە تازە و نەناسراوەکان دەپشکنێت، بەڵکو دەیەوێت بزانێت بۆ کوێ دەڕوات، دەیـەوێت خـۆی ڕەوتـی سـەفەرەکەی دیاریبکـات. بـە شـادیەکی نـوێ و بـە شـەهامەتی دۆزینـەوەوە روبـەڕوی دنیـا دەبێتـەوە و هـەر ڕۆژێـك چـاوەڕێیە پـەردە لەسـەر کۆمـەڵێك نهـێنی تـازە لاببرێـت. لەگـەڵ هـەموو ئەمانەشدا تینوێتی زانین و تامەزرۆیی فکری ئەو تەنها ڕووی لەجیهانی دەرەوە نیـە، ئـەو پرسـیارەی دی کـە ماهیـەت و هێـزی خـودی بیرکردنـەوە چـیە،

بیرکردنەوەی ئەم سەردەمە بە شەوقێکی زیاترەوە بۆ پشکنین هاندەدات. چەندانجار ئەوە دێتەپێشێ کە بیرکردنەوە لەو سەفەرە جیاوازانەی بۆ فراوانکردنی ئاسۆکانی واقعی بابەتی گرتوێتیە بەر، بگەڕێتەوە بۆ بنەماکەی خۆی. ئەلکسەندەر پۆپ ئەم هەستە رەگ داکوتاوەی ئەو سەردەمە لەدێرێکی پڕ مانادا کورتدەکاتەوە: "بابەتی راستەقینەی لێکۆڵینەوەی مرۆڤایەتی، خودی مرۆڤە". ئەم سەردەمە هەستدەکات لەناو دەرونی خۆیدا، هێزێکی تازە کەوتۆتە کار، بەڵام چالاکیەکانی خودی ئەم هێزە تەنانەت پتر لەبەرهەمەکانی ئەم چالاکیە ئەفسونیدەکات. نەک هەر شەیدای ئەنجامەکانی کار دەبێت، بەڵکو هەوڵدەدات سەر لەوشێوە رەوتەش دەربکات کە ئەم دەرەنجامانەی بەرهەمهێناوە. مەسەلەی پێشکەوتنی فکری لەسەرتاسەری سەدەی هەژدەهەمدا، لەژێر تیشکی ئەم روناکیەدا دەردەکەوێت. رەنگە چەمکی پێشکەوتنی فکری لەهیچ سەردەمێکدا هێندەی سەردەمی رۆشنگەری، رۆنەچوبێت. بەڵام گەر ئەم وێنایە تەنها بە مانای چەندایەتی و وەک فراوانبوونی بێکۆتایی دامێنی زانین رەچاوبکەین، هەڵەمانکردووە. هەمیشە جۆرێک دیاریکردنی چۆنایەتیش هاوکاتی پەرەسەندنی چەندایەتیە. گەڕانەوەی هەرچی دیاری بیرکردنەوە بۆ ناوەندی تایبەتی زانین، هاوکاتی پەلهاویشتنی لێکۆڵینەوەیە بۆ دەرەوەی بواری زانین. ئێمە بۆ بەدەستهێنانی دڵنیایی لەیەکێتی، فرەیی دەپشکنین، و پانتایی دامێنی زانین بەو ئومێدە بەبەڵگەنەویست قبوڵدەکەین کە ئەم پانتاییە رێگری بیرکردنەوەی ئێمە نابێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە بیرکردنەوەی ئێمە دەگەڕێنێتەوە بۆ خۆی و بە خۆیەوە سەرقاڵیدەکات. چونکە چەندانجار دەبینین کە جیاوازی ئەو رێگایانەی بیرکردنەوەی ئێمە بۆ لەئامێزگرتنی هەموو واقعیەت دەیگرێتە بەر، جیاوازیەکی روکەشیە. راستە ئەم رێگایانە لەدیدی بابەتیەوە بەجیاواز لەیەکدی دێنە بەرچاو، بەڵام ئەم جیاوازیە بەمانای ناکۆکی نیە، بەڵکو هەموو وزەکان لەیەک ناوەندی هێزدا ئامادە دەکرێن. هەمەڕەنگی و جیاوازی شێوەکان هیچ نیە، جگە لەفراوانکردنی تەواوی هێزێکی دروستکەری چونیەک. کاتێک سەدەی هەژدەهەم دەیەوێت ئەم هێزە لەیەک وشەدا پێناسبکات، ناوی دەنێت "عەقڵ". "عەقڵ"

وەک ناوەندی یەکێتی بەخشی ئەم سەدەیەی لێدێت و دەربڕی هەموو ئەو شتانەیە کە ئەم سەدەیە دەیەوێت و بۆ بەدەستهێنانیان هەوڵبدات و بەدەستیشی دێنێت. بەڵام ئەگەر مێژوونوسی سەدەی هەژدەهەم هەر بەم وەسفە رازی بێت و بە سەرەتای دڵنیای باسەکەی خۆی بزانێت، توشی هەڵەبووە. چونکە لەو جێگەیەدا کە لەدیدی خودی سەدەکەوە کۆتایی روداوەکەیە، لەلای مێژوونوس سەرەتای باسەکەیەتی. لەو شوێنەدا کە پێدەچێت خودی سەدەکە بە وەڵام دەگات، بۆ مێژوونوس خودی مەسەلەکە دێتە ئاراوە. بڕواکردن بە یەکێتی و نەگۆڕی عەقڵ بەسەر سەرتاسەری سەدەی هەژدەدا زاڵە. بۆ هەموو ویژدانێکی بیرکەرەوە، هەموو نەتەوەکان، هەموو قۆناغە مێژووییەکان، هەموو کلتورەکان، عەقڵ هەر هەمان شتە کە هەبووە. دەکرێ لەگۆڕانکاری دینەکان و نەریتەکان و بڕوا ئەخلاقیەکان و بیروباوەڕ و حوکمە تیوریەکان، ڕەگەزێکی پتەو و سەقامگیر دەربهێنرێت کە خۆبەخۆ نەمرە و بەم نەمریە خودی واقعی عەقڵ ئاشکرادەکات. بۆ ماوەیەکی زۆر وشەی "عەقڵ" سادەیی و راشکاوی خۆی لەدەستداوە، تەنانەت ئەگەر لەبنەڕەتدا لەگەڵ ئامانجە بنەڕەتیەکانی فەلسەفەی ڕۆشنگەریدا هاوڕابین. ئێمە چیدی ناتوانین ئەم وشەیە بەبێ سەرنجدان لەمێژوو بەکاربهێنین و چەندانجار دەبینین کە مانای ئەم وشەیە گۆڕانی گرنگی بەسەردا هاتووە. ئەم دۆخە بەردەوام ئەوەمان بە بیردا دەهێنێتەوە کە زاراوەکانی "عەقڵ" و "عەقڵانیەت" چیدی مانایەکیان نیە – تەنانەت بە مانای خەسڵەتە مێژوویی روتەکان. چەمکی هەمەکی وشەکە ئاڵۆزە، تەنها کاتێک روون و دیاردەبێت کە بەشە نزیک راستەکەی بۆ زیاد بکەین. دەبێ لەکوێی سەدەی هەژدەدا بۆ ئەم بەشە نزیکە بگەڕێین؟ ئەگەر ئەم سەدەیە حەزیدەکرد ناوی بنرێت "سەدەی عەقڵ" یان "سەدەی فەلسەفە"، ئایا خەسڵەتی دیاری ئەم ناونیشانە لەچیدایە؟ وشەی "فەلسەفە" لێرەدا بە چ مانایەک بەکاردەهێنرێت؟ کارە تایبەتیەکانی چیە و چ ئامێرێکی بۆ ئەنجامدانی ئەم کارانە بە مەبەستی بیناکردنی کۆمەڵێک بۆچوون لەبارەی جیهان و مرۆڤە لەسەر بناغەیەکی پتەو، لەبەردەستدایە؟

ئەگەر ئەو وەڵامانەی سەدەی هەژدەهەم بەم پرسیارانەی داوەتەوە، لەگەڵ

ئەو وەڵامانەدا بەراوردبکەین کە لەسەرەتاکانی کاری فکری ئەم سەردەمەدا باوبوو، بەجۆرێك جیاکردنەوەی نیگەتڤانە دەگەین. سەدەی حەڤدەهەم کاری واقعی فەلسەفەی بە بیناکردنی "سیستەم"ی فەلسەفی دەزانی. پێدەچوو زانینی "فەلسەفە"ی هەقیقی تەنها کاتێك بەدەست دێت کە فەلسەفە لەبەرزترین بوون و لەبەرزترین بێگومانی شهودیەوە دەست پێبکات، و بتوانێت نوری ئەم بێگومانیە بەسەر تەواوی بوونی لێوەرگیراو (اشتقاقی) و بەسەر هەموو زانینی لێوەرگیراو (اشتقاقی)دا بدرەوشێنێتەوە. ئەمکارە بە میتۆدی بورهان و بەرهێنانی لۆژیکی ئەنجامەدرا کە کۆمەڵێك مەسەلەی تازە بۆ ئەو بێگومانیە بنەڕەتیە زیاددەکات و بەمشێوەیە ئەڵقە بە ئەڵقە هەموو زنجیرەی زانینی مومکین بەیەکەوە گرێدەدات. نەدەکرا هیچیەك لەئەڵقەکانی ئەم زنجیرەیە، لەگشت جیابکرێتەوە، هیچ یەکێکیان خۆ بە خۆ روون نەدەکرانەوە. تەنها رونکردنەوەی شیاو هەر هەمان "لێوەرگرتن" (اشتقاق)ی مەسەلەکە بوو، واتە بەرهێنانی ورد و رێکخراو کە بە هۆیەوە بکرێت هەر ئەڵقەیەك بگەڕێنرێتەوە بۆ بنەمای بوون، و بێگومان و ماوەی نێوان ئەڵقە و بنەماکە دیاربکرێت، و ژمارەی ئەو ئەڵقانەی دەکەونە نێوان بنەما و ئەڵقەکەوە بژمێرین. سەدەی هەژدەهەم ئەمجۆرە بورهان و بەرهێنانە دەخاتەلاوە. چیدی وەك دیکارت و مالبرانش یان لایبنیتز و سپینۆزا، بەدوای دەستگەیشتن بە پێویستی لۆژیکی کەمالّی رێکخراودا نیە. بەدوای چەمکێکی دی هەقیقەت و فەلسەفەدا دەگەڕێت کە کاری بریتیە لەفراوانکردنی سنورەکانی هەردوکیان و دەرهێنانی هەردوکیان بەشێوەیەکی نەرمتر و زیندوتر. بزوتنەوەی رۆشنگەری ئامانجی خۆی لەسەر پرۆژە و نمونەی زانستی سروشتی هاوچەرخەوە دروستدەکات.

هەوڵدان بۆ چارەسەری مەسەلەی سەرەکی میتۆدی فەلسەفی، پێویستی بە پشتبەستنە بە "ڕێساکانی بیرکردنەوەی فەلسەفی" نیوتن، نەك پەیڕەویکردنی "نامەیەك لەبارەی میتۆدەوە"ی دیکارت. دەرئەنجامی ئەم کارەش ئەوەیە فەلسەفە یەکسەر ئاراستەیەکی تەواو تازە پەیدا دەکات. چونکە میتۆدەکەی نیوتن بەرهێنانی ڕووت نیە، بەڵکو میتۆدێکی شیکاریە. نیوتن باسەکەی خۆی بە قایلبوون بە چەند بنەمایەکی دیاریکراو، چەند چەمکی گشتی و بەدیهی،

دەست پێناکات تا بەهۆی بەرهێنانی ئەبستراکتەوە ڕێگە بۆ گەیشتن بە زانین لەبارەی شتە هەندەکیەکان و شتە "واقعیەکان"ەوە ئامادەبکات. ڕێبەری نیوتن ڕێك پێچەوانەی ئەم ئاراستەیەیە. دیاردەکانی نیوتن پێدراوەکانی ئەزمونن، و بنەماکانیشی ئامانجی لێکۆڵینەوەکانێتی. ئەگەر ئەم بنەمایانە "بۆ سروشت" لەپێشن، ئەوا دەبێت دیاردەکانیش "بۆ ئێمە" لەپێش بن. لێرەوە میتۆدی ڕاستەقینەی فیزیا هەرگیز ناتوانێت ئەوە بێت کە بیناکە لەسەر بناغەی شتێکی پێشینەیی خۆبەخۆ، لەسەر جۆرێك گریمانە دابنێین و دەرئەنجامە لۆژیکیە شاراوەکانی ئەو گریمانەیە، بەشێوەیەکی کاملّ لێوەربگرین. چونکە دەتوانین ئەمجۆرە گریمانانە چۆن دەمانەوێت دروستبکەین و بیگۆڕین، بایەخی لۆژیکی هەر هەموشیان لەرووی لۆژیکیەوە هەر یەك شتە. لەم بێگوێدانە لۆژیکیەوە، تەنها کاتێك دەکرێت بەرەو هەقیقەت و وردبینی زانستی فیزیا بڕۆین کە سەرە دەزووی ئەندازەگیری لەشوێنێکی دیدا بپشکنین. ناکرێت ئەبستراکتی زانستی یان "پێناسە"، وەك سەرەتایەك کە دورە لەئالۆزیەوە بەکاربهێنین، چونکە دەتوانین ئەم سەرەتایە تەنها لەئەزمون و بینینەوە بە دەست بێنین. ئەمە بەو مانایە نیە کە نیوتن و قوتابیەکانی لەنێوان ئەزمون و بیرکردنەوەدا – لەنێوان بواری واقعی ڕووت و بیرکردنەوەی پەتیدا – ناکۆکیەك دەبینین. ناکۆکیەکی وا لەشێوەی بایەخدان بە شتەکان، ئەو دوالیزمەی نێوان "پەیوەندیەکانی بیرکردنەوە" و "شتە واقعیەکان" کە لە"لێکۆڵینەوە لەبارەی تێگەیشتنی مرۆڤ"ی بەرهەمی هیومدا تێبینی دەکەین، لای بیریارانی پەیڕەوی نیوتن نادۆزرێتەوە. چونکە ئامانج و پێشگریمانەی لێکۆڵینەوەی نیوتنی بریتیە لەڕێکخستن و یاسای هەمەکی لەجیهانی مادیدا. ئەمجۆرە یاساریژیە بەو مانایەیە کە مەسەلە واقعیەکان، مادەی ڕووت نین، ناکرێ ئەوانە بە مشتێك ڕەگەزی لەیەکجیا بزانرێت، بە پێچەوانەوە لەسەرتاسەری مەسەلە واقعیەکاندا وێنەیەکی یەکسان تێبینی دەکرێت. ئەم وێنەیە لەبەڵگەنەویستە ماتماتیکی و لەریزکردنی شتەکان بەپێی ئەندازە و ژمارەدا دەردەکەوێت. بەڵام ناکرێت ئەم ریزبەندیانە لەچەمکێکی ڕوتدا پێشبینی بکرێت، بەڵکو بونیان دەبێ لەناو خودی شتە واقعیەکاندا بسەلمێنرێت. کەوابوو میتۆدی لێکۆڵینەوە ئەوە نییە

که لەچەمك و بنەما بەدیهیەکانەوە بەرەو دیاردەکان بجوڵێین، بەڵکو ئاراستەی جوڵە پێچەوانەی ئەمەیە. بینین دیاردەکانی زانست بەدەستەوە دەدات، ڕێسا و یاسا ئامانجی لێکۆڵینەوەیە.

ئەم ڕێکخستنە میتۆدۆلۆجیە تازەیە، بەشێوەیەکی کامڵ سیمای دیاری بیرکردنەوەی سەدەی هەژدەیە. بەهای سیستەم یان هەمان "ڕۆحیەتی سیستماتیك" نە فەرامۆش دەکرێتو نە بەجێدەمێنێ. بەڵام ئەم بەهایە لەعەشق بۆ سیستەم لەبەرخاتری سیستەم – یان "ڕۆحیەتی سیستەم دروستکردن" – بە وردی جیا دەبێتەوە. کۆی تیورەی زانینی سەدەی هەژدەهەم هەوڵدەدات ئەم جیاکاریە تۆمار بکات. دالامبێر لە"وتاری پێشەکیدا" بۆ ئەنسکلۆپیدیای فەرەنسا ئەم جیاکاریە دەکاتە ناوەندی بەڵگاندنەکانی خۆی، کۆندیاك لە"نامەیەك لەبارەی سیستەمەکانەوە" ئەم جیاکاریە ئاشکرا دەکات و ڕەوایەتی پێدەدات. کۆندیاك هەوڵدەدات سیستەمە گەورەکانی سەدەی حەڤدەهەم لەمەحەکی ڕەخنەی میژوویی بدات و دەریبخات کە یەك بەیەکیان بێهودەن، چونکە لەبری ئەوەی بەشتە واقعیەکانەوە بنوسێن و چەمکەکانی خۆیان لەم واقعەوە وەربگرن، هەریەکێکیان چەمکێکی تایبەتیان تا ئاستی حوکمێکی دۆگمایی بەرزکردۆتەوە. لەبەرامبەر ئەو "ڕۆحی سیستەم دروستکردنەدا" هەنوکە ڕێکەوتنێکی تازە لەنێوان ڕۆحی "پۆزەتڤیزمی" و ڕۆحی "عەقلانیەتدا" (راسیۆنال) پێویستە. شتە پۆزەتڤیزم و عەقلانیەکان دژی یەك نین، بەڵام پێکهاتنیان تەنها بەهۆی هۆکارێکی ڕاستەوە ڕوودەدات. ئێمە نابێت ڕێکخستن و یاسا و "عەقڵ" وەك ڕێسایەك بپشکنین کە تێگەیشتن و دەربڕینیان پتر لەدیاردەکان – وەك سەرەتایەك بۆ پێشبینی کردنیان– لەبەردەستدایە، بەڵکو دەبێت ئەم یاسا ڕێژیانە لەناو خودی دیاردەکاندا وەك پەیوەندی دەرونی نێوانیان بدۆزینەوە. هەروەها نابێت لەسەرەتاوە چاوەڕێی ئەوە بکەین ئەم "عەقڵە" بەشێوەی جۆرێك سیستەمی داخراو دەربکەوێت، بەڵکو دەبێ ڕێگە بدەین کە بە پێشکەوتنی زانینی ئێمە لەبارەی شتە واقعیەکانەوە، ئەم عەقڵە هێواش هێواش خۆی دەربخات و لەهەر هەنگاوێکدا ڕونتر و کاملتر بێت. لۆژیکێکی تازە کە بڕوامانوایە لەسەرتاسەری ڕەوتی زانینیدا بوونی هەیە و

لەسەر بناغەی ئەم بڕوایەش بەدوایدا دەگەڕێین، نە ئەو لۆژیکەی سکۆلائیستەکانە و نە چەمکێکی ماتماتیکی ڕووت، بەڵکو "لۆژیکی شتە واقعیەکانە". زیهن دەبێت لەبەردەم فرەیی دیاردەکاندا خۆی لەبیر بەرێتەوە و بەردەوام لەژێر سێبەریاندا پشکنینی خۆی بکات. چونکە دەتوانێت لەوە دڵنیا بێت کە گومڕاە نابێت، بەڵکو لێرەدایە کە هەقیقەت و پێوەری واقعی خۆی دەدۆزێتەوە. تەنها لەم ڕێگەیەوە پێکەوەبەستنی دولایەنەی هزر و بابەت، هەقیقەت و واقعیەت، بەراستی ڕوودەدات، تەنها بەمشێوەیەیە کە دیالۆگی نێوان ئەم چەمکانە، کە مەرجی هەموو جۆرە زانینێکی زانستیە بەرهەمدێت.

ڕەوتی بیرکردنەوەی زانستی لەکاتی تازەبوونەوەی ژیانیدا لەسەردەمی تازەدا، ئەو هۆ بەڵگەدارە دەخاتە بەردەست فەلسەفەی ڕۆشنگەری کە پێکهاتەی شتە "پۆزەتڤیزم" و "عەقلانیەکان" گریمانەیەکی ڕووت نیە، بەڵکو ئامانجێکی دیاریکراو و قابلی دەست پێڕاگەیشتنە، و ئامانجەکانی ئێمە شتێکە بە تەواوی دەتوانێ بێتە دی. فەلسەفەی ڕۆشنگەری لەڕەوتی پێشکەوتنی زانستی و ئەو قۆناغە جیاوازانەی کە ئەم زانستە گرتوێتیە بەر، بڕوای بەوە هەیە دەتوانێت ئامانجەکەی خۆی بەدەست بێنێت. چونکە ئەم فەلسەفەیە دەتوانێت لێرەدا هەنگاو بە هەنگاو بەدوای سەرکەوتنی ڕۆحی شیکاری تازەدا بڕوات. هەر ئەم ڕۆحە بوو کە لەماوەیەکی نەك زیاتر لەسەدە و نیوێك، هەر هەموو واقعی داگیر کردبوو، هەنوکەش پێدەچوو کاری مەزنی ڕاڤەکردنی فرەیی دیاردە سروشتیەکانی بۆ یەکێتی یەك ڕێسای هەمەکی، ئەنجامداوە. ئەم ڕێسا گەردوننناسیە بەو شێوەیەی لەیاسایی ڕاکێشانی نیوتندا شاراوەیە، نەك بەڕێکەوت بە دەستهاتووە و نە دەرئەنجامی تاقیکردنەوەی ڕێکەوت و هەندێکجارە. دۆزینەوەی ئەم یاسایە بەکارهێنانی وردی میتۆدی زانستی پیشاندەدات. نیوتن ئەو کارەی کە کپلەر و گالیلۆ دەستیان پێکردبوو، بە ئەنجام گەیاند. ئەم سێ ناوە نەك تەنها سێ پیاوی مەزنمان لەجیهانی زانستدا بە بیردا دێنێتەوە، بەڵکو نوێنەری سێ ڕوداوی مەزنن لەمێژووی زانستو بیرکردنەوەدا. کپلەر ڕەسەدکردنی دیاردە ئاسمانیەکانی بە پلەیەك لەوردی گەیاند کە بەر لەو وێنەی نەبووە. کپلەر بە هەوڵێکی زۆر بە کۆمەڵێك یاسا

گەیشت کە شکڵی جوڵەی هەسارەکان وەسفدەکات و گونجانی نێوان ماوەی سوڕانەوەی هەسارەکان بە دەوری خۆرداو ماوەی هەریەکێکیان لەخۆرەوە، دیاریدەکات. بەڵام ئەم بینینەی واقعیەت تەنها هەنگاوی یەکەمە. گالیلۆ مەسەلەیەکی گرنگتر تێبینی دەکات: رای ئەو لەبارەی جوڵەوە ئاشکراکەری گەیشتنە بە رەهەندێکی فراوانتر و قوڵتری لۆژیکی چەمکە زانستیەکان. لێرەدا چیدی مەسەلەکە وەسفی مەیدانی دیاردە سروشتیەکان نیە. چەند ئەم مەیدانە فراوان و گرنگیش بێت، هەنوکە دەبێت بونیادی گشتی زانستی دینامیک، یان تیورەی خودی سروشت، دابڕێژرێت. گالیلۆ دەزانێت ئەمکارە تەنها بە بینینی راستەوخۆی سروشت ئەنجامنادرێت، بەڵکو دەبێ پشت بە هۆکانی ناسین ببەستڕێت.

دیاردەکانی سروشت وەک کۆمەڵێک روداوی یەکدەست، بەشێوەی کۆمەڵێک هەمەکی یەکپارچە، خۆیان لەبەردەم هوشیاری ئێمەدا دادەنێن. هوشیاری تەنها ڕوکەشی ئەم روداوانە وەردەگرێت و دەتوانێت لەهێلەگشتیەکانیدا و بەو شێوەیەی کە رودەدەن، وەسفبکات. بەڵام ئەمجۆرە وەسفکردنە بۆ ڕونکردنەوەی واقعی بەس نیە. چونکە ڕونکردنەوەی روداوێکی سروشتی تەنها ئەوەنیە کە تێبینی ئەوە بکەین ئەو دیاردەیە بە فلاّن و فیسار شێوە بوونی هەیە. مەرجی ڕونکردنەوەی واقعی بریتیە لەدیاریکردنی مەرجەکانی بوونی دیاردە و ناسینی ئەوەی بە وردی دیاردەکە چۆن بەو مەرجانەوە بەستراوەتەوە. ئەم مەرجە تەنها کاتێک دەتوانێت ڕوبدات کە وێنەی یەکدەستی روداوەکە بەو شێوەیەی کە لەبەردەم هوشیاریو بینینی راستەوخۆدا دەردەکەوێت، شیبکەینەوە تا بۆ ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ورد بێتەوە. بە بڕوای گالیلۆ ئەم ڕەوتەی شیکردنەوە، پێشمەرجی هەر جۆرە زانینێکی وردە لەبارەی سروشتەوە. میتۆدی دروستبوونی چەمکە زانستیەکان لەهەمانکاتدا هەم شیکاریە و هەم پێکهاتەیی (ترکیبی)یە. تەنها بە دابەشکردنی روداوێکی سادە بۆ ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی، و بە دروستکردنەوەی روداوەکە بەهۆی ئەم ڕەگەزانەوەیە کە دەتوانین لەروداوەکە تێبگەین. گالیلۆ بە دۆزینەوەی ڕەوتی ئاراستەی شکڵی هەڵدان (شتێکی هەڵدراو) نمونەی کلاسیکی ئەم ڕەوتەمان دەخاتە بەردەست. وێنەی

ڕەوتی هەڵدراو لەرووی بینینەوە ڕاستەوخۆ نەدەکرا، واتە مومکین نەبوو ئەم ڕەوتە لەکەڕەتە زۆرەکانی بینینی هەڵدراوەکاندا، تەجرید بکەن. دیارە بینین هەندێک خەسڵەتی گشتیمان دەداتێ، پێشانمان دەدات کە ئەو شتەی هەڵدەدرێت سەرەتا بەرز دەبێتەوە و پاشان دەکەوێتە خوارێ و لەمبابەتە، بەڵام ڕەوتە وردەکەی ناتوانین لەبینینەوە بەدەست بێنین. ئێمە کاتێک بە وێنەی ڕاستەقینەی ماتماتیکی روداوێک دەگەین کە دیاردەکە بۆ مەرجە تایبەتیەکانی بگەڕێنینەوە. ئەمکارەش بە جیاکردنەوەی پۆلی ئەو مەرجانەی هاوکات پێکەوە کار لەروداوەکە دەکەن، دەستەبەر دەکرێت و بە لێکۆڵینەوە لەیاساکانی هەریەک لەم پۆلانە. هەرکاتێک دەرکەوت دیاردەی هەڵدان، دیاردەیەکی پێکهاتەییە کە دیاریکردنی پەیوەندی بە دوو هێزی جیاوازەوە — هێزی فڕێدانی یەکەم و هێزی قورسایی — هەیە، دەکرێ یاسای ڕەوتی ئاراستەی شتی هەڵدراو پەیدا بکرێت و زیادبوون و کەمبوونەوەی خێراییەکەی دیاریبکرێت. لەم نمونە سادەیەیدا وەک پڕۆژەی سەرەتای وێنەیەک، تێبینی تەواوی روداوی پەروەردەکردنی ئایندەی فیزیا و بونیادی میتۆدۆلۆجیە کاملەکەی، دەکەین. تیورەکەی نیوتن هەموو ئەو خاڵانەی لێرەدا قابیلی دیاریکردنن، لەخۆیدا هەڵگرتووە و بە دوورو درێژ دەیسەلمێنێت. چونکە ئەم تیورەیە لەسەر بناغەی پێکەوە بەستنی دولایەنەی میتۆدە شیکاری و پێکهاتەییەکان دامەزراوە. نیوتن بینای کارەکەی لەسەر سێ یاساکەی کپلەر دادەمەزرێنێ. بەڵام تیورەکەی ئەو تەنها بە دەربڕینی ئەم یاسایانە بەپێی ئاشکراکردنی دەرئەنجامەکانی بینینی واقعیەتەوە راناوەستێت، بەڵکو هەوڵدەدات ئەم دەرئەنجامانە لەپێشگریمانەکانیەوە دەربهێنێتو دەریبخات کە ئەمانە دەرئەنجامی پێویستی کۆبونەوەی کۆمەڵێک مەرجی جیاوازن. هەریەک لەم پۆلەمەرجانە دەبێ دانە دانە تاوتوێبکرێنو دەوریان بناسرێت. بەمشێوەیە دەردەکەوێت دیاردەی جوڵەی هەسارەکان کە بە بڕوای کپلەر دیاردەیەکی سادە بوو، لەڕاستیدا بونیادێکی ئاڵۆزە. ئەم دیاردەیە بە دوو شێوەی سەرەکی لەیاساکانی سروشتدا ڕاڤە دەکەن: یەکێکیان کەوتنە خوارەوەی ئازادی تەنەکان و ئەویدیان یاساکانی چەقە هێز. گالیلۆ و هۆیگنس هەردوو شێوەکەی یاسایان بە جیا تاوتوێکردووە

و بـە وردی دەستنیـشانیان کردبـوو. هەنوکـە مەسـەلەکە ئـەوەبوو کـە ئـەو دۆزینەوانە بە بنەمایەکی گشتگیر، راڤە بکەن. دەستکەوتی گەورەی نیوتن هەر ئـەم راڤەکردنـە بـوو. ئـەو کـارەی ئـەو ئـەنجامی دا دۆزینـەوەی واقعیـەتێکی نەناسراو و کۆکردنەوەی کۆمەڵێك کەرەسەی تازە نەبوو، بەڵکو پتر بریتیبوو لەدەستکاری عەقڵیانەی کەرەسە ئەزمونیەکان. لەو کاتە بەدواوە چیدی ئێمە تەماشای بونیادی گەردون ناکەین، بەڵکو دەچینە ناویەوە. ئەو پرۆسەیە کاتێك دەکرێـت کـە ماتماتیـك بـەکاربهێنین و بابەتەکـە بـە شـێوازی ماتمـاتیکی، شیبکەینەوە. لەو رووەوە کە تیورەی دیفرانسێلی نیوتن و حسابی "بێ" سنور بـچوکەکانی" لایبنیـتس، هۆکـارێکی گـشتی بـۆ ئـەم کـارە دەخەنـە بەردەسـت، پێدەچـێت بـۆ یەکـەمجار پیـشاندرابێت کـە سروشـت بـە تـەواوی قـابیلی تێگەیشتنە. زانستی سروشتی لەرەوتی خۆیدا ماوەیەکی نادیار دەبڕێت، بەڵام ئاراستەکەی جێگیرە، چونکە سەرەتا و دەرئەنجامەکەی تەنها ماهیـەتی جیهانی بابـەتی دیـاری ناکـات، بـەڵکو ماهیـەت و هێزەکـانی عـەقڵیش دەسـتیان تیایـدا هەیە.

فەلـسەفەی سـەدەی هەژدەهـەم ئـەم بابەتـە تایبەتـە، واتـە پـرۆژەی میتۆدۆلۆجیـای فیزیـای نیـوتن، دەخاتـە پێشـچاوی خـۆی، ئەگەرچـی یەکسەر دەستدەکات بە گشتگیرکردنی. ئەم فەلسەفەیە قانع نیـە بـەوەی شیکردنەوە وەك ئـامێرێکی عـەقڵی زانـینی ماتمـاتیکی و فیزیـایی لەبەرچـاو بگرێـت، بـەڵکو بڕوایوایـە شـیکردنەوە بـە شـێوەیەکی گـشتی، ئـامێری پێویـست و ناچـاری بیرکردنەوەیە. ئەم ڕوانگەیە لەناوەڕاستی سەدەدا سەردەکەوێت. فەیلەسوفەکان و قوتابخانە فەلسەفیەکان چەند لەبارەی ئەنجامەکانەوە لەگەڵ یەکدیدا جیاواز بن، لەم پێشەکیە ئەبستمۆلۆجیەدا، هاوڕان. "نامەیەك دەربارەی میتافیزیك"ی بەرهەمی ڤۆلتێر، "گوتاری پێشەکی" بەرهەمی دالامبێر و "لێکۆڵینەوە لەبارەی بنـەماکانی ئیلاهیـاتی سروشـتی و ئـەخلاق"ی بەرهـەمی کانـت هـەر هـەموویان لەسەر ئەم خالەهاوڕان. هـەموو ئـەم بەرهەمانە میتۆدی راستەقینەی میتافیزیك لەبنەڕەتدا بە هاوڕا دەزانن لەگەڵ ئەو میتۆدەدا کە نیـوتن لەزانستی سروشتیدا بـەکاریهێناو بەهۆیـەوە بـە کۆمـەڵێك دەرئـەنجامی دەوڵەمەنـد گەیـشت. ڤـۆلتێر

دەڵێت مرۆڤ گەر بیەوێت تێبینی ژیانی شتەکان بکات و وەك چۆن بەراستی هەن بیاننـاسـێت، راسـتەوخۆ لەسـنوردارێتی هێـزە عەقڵیـەکانی خـۆی دەگـات، وەك مرۆڤێکـی نابینـا کـە دەبێـت لـەبارەی ماهیـەتی ڕەنگـەوە داوەری بکـات. بـەڵام شیکردنەوە هەر هەمان ئەو گۆچانەیە کە سروشتی میهرەبان بـە مرۆڤـی نابینـای داوە. مـرۆڤ بـە هـۆی ئـەم ئـامێرەوە دەتوانێـت ڕێگـای خـۆی لـەناو دیاردەکانـدا بدۆزێتەوە و بەرەو پێشەوە بچێت و دەست بە دۆزینەوەی ڕێکخستن و ئارایشی شتەکان بکـات، بـۆ ئاراستە وەرگـرتن لـەپانتایی ژیـان و زانینـدا، هـەر ئەوەنـدە بەسە. "ئێمە نابێت هەرگیز گریمانە دروستبکەین، هەرگیز نابێت بڵێین لێگـەڕێ با کارەکە بە داهێنانی بنەمایەك بونیاد بنێین کە دەمانەوێت هەموو شتێك بەپێی ئەوانـە رونبکەینـەوە. لـەبری ئەمـە دەبـێ بڵـێین: لێگـەڕێ شـتەکان بـە وردی شیبکەینەوە.. کاتێك ناتوانین هێمانۆمای ماتماتیك یان مەشخەڵی ئەزموون و فیزیـا بـەکاربێنین، ئاشـکرایە کـە نـاتوانین تەنانـەت یـەك هـەنگاویش بـچینە پێشەوە". بەڵام لەبەرئەوەی ئەم ئامێرانەمان لەبەردەستدایە، دەتوانین و دەبێت بـچینە نـاو شەپۆلەخرۆشاوەکانی زانینـەوە. دیـارە دەبێـت بـۆ هەمیشە واز لـەو ئومێدە بهێنین کە دەکرێت نهێنی کۆتایی شتەکان لەدڵیانەوە دەربهێنین و بـەناو دڵـی بـوونی ڕەهـای مـادە یـان ڕۆحـی مرۆڤـدا ڕۆبـچین. بـەڵام ئەگـەر مەبەسـت لـە(نـاوکی دەرونـی) هـەمان ڕێکخستن و یاسـا بێـت، دەبینـین کـە ئـەم ناوکـەی سروشت بە هیچ شێوەیەك دوردەست نیە. دەتوانین لەم سنورەدا نیشتەجێبین و بۆ هەر ئاراستەیەك کە ویستمان بچینە پێشێ. دەسـەڵات ئەوە نیـە کـە توانای ئەوەمان پێببەخشێت لەسنوری جیهانی ئەزمونی زیـاتر بڕۆین، بـەڵکو ئەوەیـە فێرمان بکات هەست بـە ئاسودەیی لـەم جیهانـەدا بکـەین. لێرەشدا جارێکی دی گـۆڕانێکی بەرجەسـتە لەچـەمکی عەقڵـدا بـەراورد بـە بـەکارهێنانی لەسـەدەی حەڤدەدا، ئاشکرا دەبێت، لەسیستەمە میتافیزیکیە مەزنەکانی ئەو سەدەیەدا – سیـستەمەکانی دیکـارت و مـالبرانش، لایبنیـتسو سـپینۆزا – عـەقڵ بریتیـە لـەبواری "هەقیقەتە سـەرمەدیەکان"، واتـە ئـەو هەقیقەتانـەی لای زیهنی مرۆڤ و زیهـنی خوداوەنـد، لای هـەردوکیان بایـەخی هەیـە. هـەموو ئەوانـەی بـەهۆی عەقڵـەوە بیـزانین، لەبـەر هـەمان هـۆ "لای خوداوەنـد"یـش دەیبیـنین و هـەر

کارێکیش لەعەقڵەوە سەرچاوە بگرێت، بە مانای بەشداریکردنە لەخودی ئیلاهیدا و رێگەیەکە کە بە هۆیەوە دەستمان بە جیهانی مەعقول دەگات. سەدەی هەژدەهەم عەقڵ بە مانایەکی خاکیتر لەبەرچاو دەگرێت. عەقڵ چیدی بەرهەمی کۆی "وێناگەلێکی فتری" بەر لەهەر ئەزمونێك و ئاشکراکەری زاتی رەهای شتەکان نیە. هەنوکە عەقڵ شتێکی بەدەستهاتووە، نەك میراتێکی بەڵگەنەویست، چیدی کۆگای زیهنی مرۆیی نیە کە تیایدا هەقیقەت وەك پارچەی ئاڵتون کۆکرابێتەوە، عەقڵ ئەو هێزە فکریە رەسەنەیە کە بۆ دۆزینەوەو دیاریکردنی هەقیقەت، رێنمایمان دەکات. ئەم دیاریکردنەی هەقیقەت، ناوك و پێشگریمانەی پێویستی هەموو جۆرە بێگومانیەکی واقعیە. سەرجەم سەدەی هەژدە عەقڵ بەم مانایە دەناسێت، نەك وەك جەستەی پتەوی زانین و بنەماکان و راستیەکان، بەڵکو بە مانای جۆرێك هێز کە تەنها لەرووی بەرهەمەکانیەوە بە تەواوی قابیلی تێگەیشتنە. ئەوەی عەقڵ چیە و چی دەتوانێت بکات، هەرگیز بەهۆی دەرئەنجامەکانیەوە دەرناکەوێت، بەڵکو تەنها بەهۆی بەکارهێنانیەوە قابیلی ناسینە. گرنگترین بەکارهێنانیشی بریتیە لەبەستن و کردنەوە. عەقڵ واقعی روت شیدەکاتەوە، هەموو پێدراوەکانی ئەزموون و هەموو ئەو شتانەی کە ئێمە بەپێی وەحی و نەریت و مەرجەعیەتەوە بڕوامان پێکردوون، لەبەرکەوتن بە عەقڵدا لەیەك هەڵدەوەشێن و عەقڵ ئۆقرە ناگرێت گەر هەموویان بۆ سادەترین رەگەزە دروستکەرەکانی، بۆ دوا بنەماکان باوەڕی ئێمە، شینەکاتەوە. پاش ئەم شیکردنەوەیە کاری بیناکردن دەست پێدەکات. عەقڵ ناتوانێت کاری خۆی بەهەمان پارچە پەرش و بلاوانە کۆتای پێببێنێ، بەڵکو دەبێت بونیادێکی تازەیان لێ دروستبکات، هەمەکیەکی هەقیقی پێکبهێنێ. بەڵام لەو روەوە کە عەقڵ ئەم هەمەکیە لەرووی ڕێساکانی خۆیەوە دروستەکات و پارچەکانی لەناویدا پێکەوە ڕێکدەخات، (کەوابوو) لەبونیادی دروستکراوی خۆی، زانینی تەواو بەدەست دێنێت. عەقڵ ئەم بونیادە دەناسێت، چونکە دەتوانێت سەرجەمی بە تەرتیب کردنی یەك بەیەکی بەشەکانی سەرلەنوێ بینا بکاتەوە. چەمکی عەقڵ تەنها دەکرێ لەم جولەعەقڵیە دولایەنیەدا بە تەواوی دەستنیشان بکرێت، واتە بە مانای جۆرێك چەمکی

کردار، نەك بوون.

ئەم بڕوایە لەهەموو زەمینە کلتوریەکانی سەدەی هەژدەدا رەگی داکوتاوە. ئەو وتە بەناوبانگەی لیسینگ کە توانای راستەقینەی عەقڵ دەبێت لەبەدەستهێنانی هەقیقەتدا ببینین، نەك لەخاوەندارێتیدا، لەسەرتاسەری مێژووی سەدەی هەژدەدا، بونێکی لێکچووی هەیە. مۆنتیسیکۆ هەوڵدەدات جۆرێك ڕەوایەتی تیوری بۆ تینوێتی زانینی فتری ڕۆحی مرۆڤ ئامادە بکات – بۆ ئەو فزوڵیەتە فکریە بێ کۆتاییەی کە هەرگیز ڕێگە نادات ئێمە بە وێنای هەنوکەیی خۆمان رازی بین و ئێمە لەبیرکردنەوەیەکەوە بۆ بیرکردنەوەیەکی دی دەبات. مۆنتیسیکۆ دەڵێت: "ڕۆحی ئێمە بۆ بیرکردنەوە دروستبووە، واتە بۆ دەرککردن، بەڵام بونەوەرێکی وا دەبێت خاوەن فزوڵی بێت، چونکە وەك چۆن هەموو شتەکان زنجیرەیەك پێکدەهێنن کە تیایدا هەر بیرکردنەوەیەك پاش بیرکردنەوەیەکی دی دێت و پێش بیرکردنەوەیەکی دی جێگیر دەبێت، مرۆڤیش دەتوانێت یەکێك لەمانە ببینێت و ئارەزووی بینینی ئەوی دیانی نەبێت". شەهوەتی زانین کە موتەکەلیمە دۆگماکان بەناوی غروری فکریەوە قەدەغەیان کردبوو، هەنوکە بەیەکێك لەچۆنایەتیە پێویستەکانی ڕۆح ناودەنرێت و دیسانەوە بە مافی خۆی دەگات. ئامانجی سەرەکی کلتوری سەدەی هەژدەهەم بریتیە لەبەرگریکردن لەم شێوە بیرکردنەوەیە و بەهێزکردن و سەقامگیرکردنی.ئەو سەدەیە ئەرکی سەرەکی خۆی لەم جۆرە بیرکردنەوەیەدا دەبینێت، نەك تەنها لەکۆکردنەوە و فراوانکردنی زانیاریدا، لەئەنسکلۆپیدیای فەرەنساشدا کە وەك کۆگای ئەمجۆرە زانیاریانە بوو، هەر ئەم ئاراستە سەرەکیە بە ڕوونی دەبینرێت. خودی دیدرۆ کە بونیادنەری ئەنسکلۆپیدیا بوو، دەڵێت مەبەست لەم نوسینانە تەنها ئەوە نیە کە کۆمەڵێك زانین ئامادەبکات، بەڵکو ئەوەشە کە شێوەی بیرکردنەوەی باو بگۆڕێت. هوشیار بوون بەم ئەرکە بەناو هەموو هزری ئەو سەردەمەدا بلاودەبێتەوەو دەبێتە هۆی دەرکەوتنی هەستی خرۆشێکی دەرونی تازە. تەنانەت ئارامترین و نەرمترین بیریاران، واتە "زانایان" (سیانیستە) واقعیەکان، دەبنە هاوڕێی ئەم بزوتنەوەیە. لەم ڕۆژانەدا ئەم زانایانە هێشتا بوێری ئەوە ناکەن ئامانجە کۆتاییەکانی بزوتنەوەکە ڕابگەیەنن، بەڵام

ناتوانن خۆیان لەدامێنی دەسەلآتی بخەنە لاوە و بڕوایان وایە کە لەم بزوتنەوەیەدا ئایندەیەکی تازە بۆ رەگەزی مرۆڤ هەڵدێت. دۆکلۆر لەکتێبی " چەند بیرکردنەوەیەك لەبارەی نەریتەکانی ئەم سەدەیەوە" دەنوسێت: "من بڕواناکەم لەبارەی سەدەکەی خۆمەوە بێهودە بیردەکەمەوە، بەلآم پێدەچێت جۆرێك جۆش و خرۆشی گشتی لەئارادا بێت کە بە پەروەردەی راستەقینە دەکرێ پێشکەوتنی، دەستنیشان یان خێرا بکرێت، چونکە مرۆڤ نایەوێت پەیڕەوی لەنەریتی باو بکات و بە چاوی بەستراوەوە بە فشاری هەر هێزێك کە لەو نەریتەدا حەشاردراوە، بەرەو پێشەوە پاڵی پێوەبنێت. مرۆڤ دەیەوێت ئەم هێزانە بناسێت و لەژێر تیشکی ئەم ناسینەدا بیانخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. مرۆڤ حەزناکات بێهودە فڕێ بدرێتە ناو روداو و گێژەڵوکەی بیرکردنەوە تازەکان، بەڵکو پێی باشترە سوکانی بیرکردنەوە بە دەستەوە بگرێت و بەرەو مەبەستی دیاریکراو، رێنمایی بکات.

یەکەم هەنگاو کە سەدەی هەژدە لەم ئاراستەیەدا هاویشتی ئەوەبوو کە هێڵێکی جیاکەرەوەی روون لەنێوان رۆحی فەلسەفی و رۆحی ماتماتیکدا بپشکنێت. ئەمەش کارێکی ئەستەم و لەهەمانکاتدا ناکۆکیئامێز بوو. چونکە دوو ویستی جیاوازی بە روکەش ناکۆك بەیەك، دەبوو بەشێوەیەکی یەکسان تێر بکرێن. بڕین یان تەنانەت لاوازکردنی پەیوەندی نێوان ماتماتیك و فەلسەفە کارێکی نەکردە بوو، چونکە ماتماتیك "تاجی شانازی عەقڵی مرۆڤ"و مایەی دڵنیایی و زامنی واقعی ئەم عەقلەبوو. لەگەڵ ئەمەشدا هێواش هێواش ئەوە روون دەبۆوە کە لەم دەسەلآتە سەربەخۆیەی ماتماتیکیشدا، سنوردارێتیەك هەیە، واتە ماتماتیك نمونەی عەقڵی مرۆڤە، بەلآم لەهەمانکاتدا لەرووی ناوەرۆکەوە هەموو پانتایی عەقڵ پیشاننادات. لێرەدا جۆرێك بیرکردنەوەی نامۆ دروستدەبێت کە پێدەچێت لەدوو هێزی تەواوی بەرامبەر بەیەك وروژاوە. بیرکردنەوەی فەلسەفی هەوڵدەدات هەم خۆی لەدەسەلآتی ماتماتیك رزگار بکات و لەلایەکی دیەوە هەوڵدەدات بەمکارە نکوڵی لەم دەسەلآتە نەکات، بەڵکو لەروانگەیەکی دیەوە رەوایەتی پێببەخشێت. فەلسەفە لەهەردوو کاردا سەردەکەوێت، چونکە لەسەردەمی تازەدا شیکردنەوەی روت لەمانا

بنەڕەتیەکەیدا بە ناونیشانی بناغەی بیرکردنەوەی ماتماتیکی دەناسرێت، لەهەمانکاتدا ئەمجۆرە شیکردنەوەیە رێك لەبەر بەکارهێنانی گشتی، لەسنوری بابەتی ماتماتیکی روت – لەسنوری چەندایەتی و ژمارەوە – تێدەپەڕێنرێت. دەکرێ لەهەمان سەدەی حەڤدەدا سەرەتای ئەم ڕێ و ڕەسمە دیاری بکرێت. باسکال لەکتێبی "لەبارەی رۆحی ئەندازیاریەوە" بە شێوەیەکی جدی هەوڵدەدات هێڵێکی ئاشکرا لەنێوان زانستی ماتماتیك و فەلسەفەدا بکێشێت و "رۆحی ئەندازیاری" لەبەرامبەر "رۆحی ناسکدا" دادەنێت و دەیەوێت پیشانیبدات کە ئەم دوو رۆحە، چۆن لەرووی بونیادەوە لەیەکجیاوازن. بەلآم ئەم هێڵەئاشکرا سنوریە، زۆر بە زووی پێشێلدەکرێ. بۆ نموونە فۆنتێل لەپێشەکی کتێبەکەیدا "لەبارەی سودی ماتماتیك و فیزیادا" دەنوسێت: "رۆحی ئەندازیاری تەنها تایبەت نیە بە ئەندازیاری کە نەتوانرێ لەئەندازیاری جیابکرێتەوەو لەبوارەکانی دیدا بەکاربهێنرێت. کتێبێك لەبارەی ئەخلاق، سیاسەت، ڕەخنەی ئەدەبی یان تەنانەت هونەری ڕەوانبێژیەوە ئەگەر بە رۆحی ئەندازیاری بنوسرێت زۆر جوانتر و کاملتر دەبێت". سەدەی هەژدە ڕووبەڕوی ئەم کێشەیە دەبێتەوە و بەو دەرئەنجامە دەگات کە "رۆحی ئەندازیاری" مادام کە مەبەست لێی رۆحی شیکردنەوەی ڕووت بێت، لەرووی بەکارهێنانەوە بەهیچ شێوەیەك سنورێکی نیە و بەهیچ شێوەیەك نەبەستراوە بە بوارێکی تایبەتی زانینەوە.

هۆی ئەم حوکمە لەدوو ئاراستەی جیاوازدا دەپشکنن. شیکردنەوە کە تا ئەو کاتە هێزەکەی لەبواری ژمارە و چەندایەتیدا تاقیدەکرایەوە، لەلایەکەوە بۆ چارەسەری پرسەکانی دەروناسی بەکاردەهێنن و لەلایەکی دیەوە بۆ چارەسەری پرسەکانی کۆمەڵناسی. لەهەردوو حاڵەتدا دەبوو پیشانیبدەن کە ئاسۆی تازە دەکرێتەوە و زەمینەیەکی تازە کە یەکجار گرنگە، دەکەوێتە بەردەست عەقڵ. ئەمکارەش کاتێك دەستەبەر دەکرێت کە عەقڵ فێربێت چۆن میتۆدی ئەناتۆمی شیکاری و سەرلەنوێ بونیادنانەوەی پێکهاتەیی لەو بوارەدا بەکاربهێنێت. بەلآم پێدەچێت واقعیەتی دەروناسی وەك پێدراوێکی ئەزمونی راستەوخۆ، مل بۆ هەوڵێکی لەم چەشنە نەدات. ئەم واقعیەتە بە زۆریەکی

بێئەندازەو بە هەمەڕەنگیەکی بێ کۆتاییەوە، بۆمان دەردەکەوێت. هیچ ڕەگەز و هیچ وێنەیەکی ئەزمونی دەروننناسی وەك ئەوی دی نیە و ناوەڕۆکەکەشی بەیەك ریتم دوبارە نابێتەوە. لەرواوەکانی دەروننناسیدا هیچ دوو شەپۆلێك بە یەك شێوە دەرناکەون، وەك ئەوەی هەر شەپۆلێك لەهیچەوە دروستببێت و ترسی ئەوەش هەیە دوبارە لەهیچدا وون ببێت. لەگەڵ ئەمەشدا بەپێی تێڕوانینی باوی سەدەی هەژدە بۆ دەروننناسی، ئەم هەمەڕەنگیە ڕەهایە، ئەم جیاوازیە، لەوەهمێك زیاتر نیە. بە وردبینیەکی زیاتر دەردەکەوێت کە لەژێر گۆڕانی بێ سنوری دیاردە دەروننناسیەکاندا، زەمینێکی پتەو و کۆمەڵێك ڕەگەزی سەقامگیر ڕاوەستاوە. ئەرکی زانست ئەوەیە کە ئەو ڕەگەزانەی ئەزمونی ڕاستەوخۆ غافڵ دەبێت لێیان، بدۆزێتەوە و بە ڕوونی یەك بەیەکیان بخاتە بەرچاوی ئێمە. لەرواوە دەروننناسیەکاندا هیچ جیاوازی و هەمەڕەنگیەك بوونی نیە کە نەتوانرێ بە کۆمەڵێك پارچەی تەنیا ڕاڤە نەکرێت، هیچ بونەکی (صیرورە)یەك لەئارادا نیە کە لەبوونی بەردەوامەوە سەرچاوەی نەگرتبێت. ئەگەر ئێمە بەدوای وێنەکانی دەروننناسیدا تا بنەماکان و سەرچاوەکانیان بچین، هەمیشە بەم یەکێتی و سادەییە دەگەین. سەدەی هەژدەهەم لەم بڕوایەدا هەنگاوێك لەمامۆستاکەی خۆی، لۆك، زیاتر دەڕوات. لۆك بەوە قانع بوو کە دوو سەرچاوەی سەرەکی بۆ دیاردە دەروونناسیەکان هەیە: سەرەڕای "هەست"، وێنەیەکی سەربەخۆ و قابلی ڕاڤەنەکردنیش لەئەزمونی دەروننناسیدا هەیە کە لای لۆك "بیرکردنەوە"یە. بەڵام قوتابیان و پەیڕەوانی لۆك لەڕێگەی جیاوازەوە هەوڵدەدەن ئەم دوالیزمە لەناوبەرن و بە بنەمایەکی یەکتا لەدەروننناسیدا بگەن. بارکلی و هیوم دوو زاراوەی "هەست" و "بیرکردنەوە" لە"هوشیاری"دا تێکدەئاڵێنن و هەوڵدەدەن دەریبخەن ئەم وشەیە هەم ئەزمونی دەرەکی و هەم ئەزمونی دەرونی ئێمە بە تەواوی لەخۆ دەگرێت و هەردوو دەستە پێدراوەکانی سروشت و پێدراوەکان هزری خودی ئێمە، ئاشکرا دەکات. کۆندیاك بڕوای وایە گرنگی ئەو بەسەر لۆکدا و ئەو هەنگاوەی لەلۆك زیاتری هەڵهێناوە بریتیە لەوەی میتۆدی گشتی لۆك دەپارێزێت و ئەم میتۆدە لەزەمینەیەکی تازەی فاکتە دەروننناسیەکاندا پەرەپێدەدا. هونەری شیکاری لۆك دەتوانێت ئەناتۆمی

خەیاڵەکان بکات، بەڵام پتر لەمە ناڕوات. ئەم شیکردنەوەیە پیشانیدەدات کە چۆن هەر بیرکردنەوەیەك، چەند ئاڵۆزیش بێت، لەکەرەسەی هەست و بیرکردنەوە پێکهاتووەو چۆن ئەم کەرەسانە دەبێت پێکەوە بگونجێنرێت تا وێنەی جیاوازی دیاردە دەروننناسیەکان بەدەست بێت. بەڵام وەك کۆندیاك پیشانیدەدات، لۆك لەسەر شیکردنەوەی وێنە دەروننناسیەکان دەوەستێتو بە سنوردارکردنی لێکۆڵینەوەکەی خۆی بەم وێنانە، ناچێتە ناو هەموو بواری ڕوداوەکان و چالاکیە دەروننناسیەکان یان بۆ سەرچاوەکانیان. کەوابوو لێرەدا زەمینەیەك هەیە بۆ لێکۆڵینەوە، بە زەخیرەیەکی زۆرەوە کە پێشتر هێندە لێی نەکۆڵیونەتەوە. لەدەروننناسی لۆکدا ئەو دوو دەستە چالاکیە دەروننناسیانە وازیان لێدەهێنرێت: ئەمانە هەمەکی ڕەسەن و قابیلی ڕاڤەکردن نین، وەك پێدراوە سادەکان هەست پێدراوەکانی بینین، بیستن، لەمسکردن، چەشتن و بۆنکردن. بینین و بەراوردکردن، پاککردن، پێکهاتن، خواستن و ویستن لەروانگەی لۆکەوە کرداری تاکانە و سەربەخۆن کە تەنها لەئەزمونی سەربەخۆدا بونیان هەیە و قابیلی ڕاڤەکردن نین بۆ شتێکی دی. بەڵام ئەم ڕوانگەیە هەموو سودەکانی میتۆدی لێوەرگرتن (اشتقاق) لەناو دەبات. چونکە بوونی دەروننناسی وەك شتێکی چەند ڕەهەند کە قابلی ڕاڤەکردن نیە، دەمێنێتەوە کە دەکرێ وێنە جوزئیەکانی وەسفبکرێت، بەڵام چیدی نە دەکرێت ڕوونبکرێتەوە و نە دەکرێت لەچۆنایەتیە سادە سەرەتایەکانەوە وەربگیرێت. ئەگەر ئەم لێوەرگرتنە (اشتقاق) بە شتێکی جدی وەربگرین، کەوابوو ئەو ڕێبازەی لۆك لەبواری بیرکردنەوەکاندا بەکاری دێنێ، دەبێت لەبارەی هەموو کردارەکانی هزرەوە، بەکاربهێنرێت. هەروەها دەبێت دەربخرێت کە ڕاستەوخۆیی ئەم بیرکردنەوانە شتێکی وەهمیە کە لەبەرامبەر شیکردنەوەی زانستیدا ناتوانێت خۆی ڕابگرێت. کرداڕە تاکانەکانی هزر کاتێك شیدەکرێنەوە، بەهیچ شێوەیەك ڕەسەن نین، بەڵکو لێوەرگیراو و ناڕاستەوخۆن. دەبێ بۆ ناسینی بونیاد و ماهیەتی ڕاستەقینەی ئەم کردارانە، ڕەوتی دروستبونیان تاوتوێبکەین، دەبێ ببینین هزر چۆن لەکۆمەڵێك پێدراوی هەستی سادە کە وەریدەگرێت، هێواش هێواش توانای تێبینیکردنی ئەم دیاردانە و توانای بەراوردکردن و پاککردنەوە

و جیاکردنەوە و پێکهاتنیان پەیدا دەکات. ئامانجی "وتارێک لەبارەی هەستەکانەوە" کە بەرهەمی کۆندیاکە، هەر ئەمەیە. لێرەدا پێدەچێت میتۆدی شیکاری بە سەرکەوتنێکی تازە لەرونکردنەوەی زانستی سروشتیدا. هەنوکە جیهانە مادی و مەعنەویەکان بەحساب بە دەرگایەکی هاوبەش ڕاڤەکراوون و هەردوو جیهانەکە لەرەگەزی چونیەك دروستکراون و پێکهاتنیان بەپێی کۆمەڵێك یاسای چونیەك ئەنجامدراوە.

بەڵام سەرەڕای ئەم دوو جیهانەی واقع، جیهانێکی سێهەمیش هەیە کە دیسان نابێت بەهەمان شێوە بە دروستکراو لەپێدراوە هەستیە سادەکانی بزانین، بەڵکو دەبێت بە بنەماکانی بگەین. چونکە ڕاڤە کردنی ئەم واقعە بە حکومەتی یاسا و عەقڵ، تەنها بە لێکۆڵینەوە لەسەرچاوەکانی دەستەبەر دەکرێت. ئەم جیهانە سێهەمەی واقع هەمان ئەو شتەیە کە لەبونیادی کۆمەڵگا و دەوڵەتدا تێبینی دەکرێت. مرۆڤ لەجیهاندا دێتە دنیاوەو لەخوڵقاندن و فۆرمەلەکردنی ئەم جیهانەدا دەستی نیە، بەڵکو بە دەوری خۆیدا بەدروستکراوی دەیبینێت و چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێت کە خۆی لەگەڵ سیستەمی هەبوودا بگونجێنێ. بەڵام لێرەشدا تەسلیم بوون و رازیبوون سنوری تایبەتی خۆی هەیە. هەر ئەوەندەی توانای بیرکردنەوە لەمرۆڤدا پەیدا بوو، بە ویست و ناویست لەبەرامبەر ئەم شێوەیەی واقعدا رادەپەڕێت و بۆ دادگای بیرکردنەوەی رادەکێشێت و بانگەشەی لەسەر هەق بوون و ڕەوایەتیەکەی دەخاتە ژێر ڕەخنەوە. کۆمەڵگاش دەبێت لەبەرامبەر لێکۆڵینەوەدا وەك واقعی مادی سەری تەسلیمبوون نەوی بکات. جارێکی دی شیکردنەوەی بابەت بۆ بەشە پێکهێنەرەکانی دەست پێدەکات، و ئیرادەی گشتی دەوڵەت بەشێوەیەك دەخاتە ژێر باسەوە وەك ئەوەی لەئیرادەی تاکەکان دروست بووبێت و لەسەر بناغەی یەکێتی ئەم ئیرادانە دروست بووبێت. تەنها لەسەر بناغەی ئەم گریمانە سەرەکیەیە کە ئێمە دەتوانین دەوڵەت وەك "چوارچێوەیەك" لەبەرچاو بگرین و هەمان ئەو میتۆدە لەبارەیەوە بەکاربهێنین کە سودەکەی لەدۆزینەوەی یاسای هەمەکی لەجیهانی مادیدا، سەلمێنراوە. هۆبز پێشتر ئەم کارەی کردبوو. بنەمای سەرەکی تیورە سیاسیەکەی، ئەوەی کە دەوڵەت جۆرێك "چوارچێوەیە"، ڕێك

بەم مانایەیە: واتە هەمان ئەو ڕەوتی بیرکردنەوەیەی ئێمە بۆ دیاریکردنی وردی ماهیەتی جیهانی واقعی ڕێنمایی دەکات، دەکرێت بێ دوو دڵی لەبارەی دەوڵەتیشەوە بەکاربهێنرێت. ئەو وتەیەی هۆبزیش کە بیرکردنەوە بەشێوەیەکی گشتی "حسابکردنە" و ئەوەی هەر حسابکردنێکیش یا کۆکردنەوەیە و یان دەرکردن، دیسان لەبارەی بیرکردنەوەی سیاسیەوە راست دەردەچێت. ئەم بیرکردنەوەیەش دەبێت زنجیرەی پەیوەندی ئیرادە تاکەکەسیەکان پارچە پارچە بکات تا بە میتۆدی تایبەتی خۆی جارێکی دی پێکەوەیان بنێت. بەمشێوەیە هۆبز "دۆخی مەدەنی" دەگۆڕێت بۆ "دۆخی سروشتی" و لەئاستی بیرکردنەوەدا بە سڕینەوەی هەموو پەیوەندیەکانی ئیرادە تاکەکەسیەکان، جەنگی کاملی هەموویان یان "جەنگی هەموو دژی هەموو"ی بۆی دەمێنێتەوە. بەڵام هۆبز بەهۆی ئەم نەفیەوە، ناوەڕۆکی پۆزەتڤیزمی یاسای ولاّت و بایەخی بێسنور و بێمەرجی ئەم یاسا هەڵدەهێنجێنی. هۆبز ڕونیدەکاتەوە کە چۆن ئیرادەی دەوڵەت لەوێنەی پەیمانێکدا دەردەکەوێت، چونکە ئەم ئیرادەیە تەنها لەسەر بناغەی پەیمان ڕاوەستاوەو تەنها بەهۆی پەیمانەوە دەناسرێت. ئەمە هەمان ئەو زنجیرەیەیە کە ڕای هۆبز لەبارەی سروشتەوە بەرای ئەو لەبارەی دەوڵەتەوە پێکەوە دەبەستێتەوە. ئەم ڕایانە بەکارهێنانە جیاوازەکانی گریمانە سەرەکیەکەی هۆبزن کە دەڵێت هزری مرۆڤ تەنها ئەو شتەی بەراستی ناسیووە کە بتوانێت لەرەگەزە سەرەکیەکانی دروستیبکات. کەوابوو هەر فۆرمەلەیەکی ڕاستگۆیانەی چەمکێك، هەر پێناسێکی کامڵ، دەبێ لەم خاڵەوە دەست پێبکات و تەنها دەتوانێت پێناسێکی "هۆکاریی" (علی) بێت. فەلسەفە بەشێوەیەکی گشتی بە بەرهەمی کۆی ئەمجۆرە پێناسە هۆکاریانە دەناسرێت، واتە فەلسەفە هیچ نیە جگە لەزانینێکی تەواو لەبارەی هۆکارەکان لەرێگەی هۆکانەوە، لەبارەی دەرەنجامەکانەوە لەرێگەی پێشەکیەکانی و مەرجەکانیەوە.

ڕای سەدەی هەژدەهەم لەبارەی دەوڵەت و کۆمەڵگاوە بەدەگمەن ناوەڕۆکی بۆچونەکەی هۆبز بێ چەند و چون قبوڵدەکات، بەڵام ئەو شێوەیەی کە هۆبز ئەم ناوەڕۆکەی تیا پێشکەش کرد، کاریگەرییەکی بەهێز و سەقامگیری هەبوو. بیرکردنەوەی سیاسی سەدەی هەژدەهەم لەسەر تیورەی پەیمان ڕاوەستاوە کە

گریمانە بنەڕەتیەکانی لەبیرکردنەوەی کلاسیکی و سەدەکانی ناوەڕاستەوە، وەرگیراوە. بەڵام سەدەی هەژدەهەم ئەم گریمانانە بەشێوەیەک کە نیشانەی کاریگەری تایبەتی تێڕوانینی زانستی جیهانیە لەسەردەمی تازەدا، پەروەردە دەکات و گۆڕانی بەسەردا دێنێت. لەم بوارەشدا میتۆدی شیکردنەوە و پێکهێنان، بەسەر مەیدانەکەدا زاڵە. کۆمەڵناسی لەسەر رووی نمونەی فیزیا و دەروناسی شیکاری، بینا دەکرێت. کۆندیاك لە"نامەیەك لەبارەی سیستەمەکانەوە" دەڵێت میتۆدی کۆمەڵناسی ئەوەیە فێرمان بکات کۆمەڵگا وەك "چوارچێوەیەکی دروستکراو"ی پێکهاتوو لەکۆمەڵێك بەش بناسین کە بەشێوەیەکی دولایەنە کار لەیەك دەکەن. کۆی ئەم چوارچێوەیە دەبێ بەشێوەیەکی لێببێت کە هیچ چینێکی هاوڵاتیان بە ئیمتیازە تایبەتیەکانی خۆیان، هاوسەنگی و هاوئاهەنگی هەموو چوارچێوەکە تێکنەدەن، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەموو بەرژەوەندییە تایبەتیەکان، لەخزمەتی کۆی کۆمەڵگادا بێت و ملکەچی ئەو بێت". فۆرمەلەکردنی بابەتەکە بەمشێوەیەیە، بە مانایەك پرسی کۆمەڵناسی دەگۆڕێت بۆ مەسەلەیەك لەزانستی ستاتیك (وەستاو). مۆنتیسیکۆ لە"رۆحی یاساکاندا" ئەم گۆڕانە بە بەرزترین ئەرکی خۆی دەزانێت. ئامانجی کتێبەکەی مۆنتیسیکۆ تەنها ئەوە نییە کە وەسفی شێوە و جۆرەکانی حکومەتی دیسپۆتیزم، پاشایەتی دەستوری و کۆماری بکات و بەشێوەیەکی ئەزمونی پێشکەشیان بکات، بەڵکو ئامانجێکی دی ئەوەیە ئەم شێوانەی حکومەت بەهۆی هێزە پێکهێنەرەکانیەوە دروستبکات. ئەگەر بمانەوێت ئەم هێزانە بە دروستی بەکاربێنین، ئەگەر بمانەوێت دەرییخەین چۆن ئەم هێزانە لەبونیادی حکومەتدا بەکاربهێنرێت کە مەرجی دابینکردنی زۆرترین رادەی ئازادی مسۆگەر بکات، دەبێت بیانناسین. بەو شێوەیەی مۆنتیسیکۆ هەوڵدەدات دەرییخات، ئەم ئازادیە تەنها کاتێك دەشێت کە هەر دەسەلاتێك بەهۆی دەسەلاتێکی دیەوە سنوردار و کۆنترۆڵ بکرێت. رای بەناوبانگی مۆنتیسیکۆ لەبارەی "جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان" هیچ نیە جگە لەپەروەردەکردنی رێکخراو و بەکارهێنانی ئەم بنەما سەرەکیە. ئەم ڕایە دەیەوێت ئەو هاوسەنگیە ناسەقامگیرەی کە لەشێوە کەموکوڕەکانی دەوڵەتدا هەیە و روی ئاشکرای ئەم گرفتەیە، بەجۆرێك

هاوسەنگی سەقامگیر بگۆڕێت. هەروەها هەوڵدەدات پیشانی بدات کە لەنێوان یەك بەیەکی دەسەلاتەکاندا، چ جۆرە پەیوەندیەك هەبێت، بۆ ئەوەی هیچ یەکێکیان بەسەر ئەوی دیدا زاڵ نەبێت، و بە خونساکردنەوەی کێشی یەکدی، فراوانترین دەرفەت بۆ ئازادی دروستبکەن. ئەو ئامانجەی مۆنتیسیکۆ لەتیورەی دەوڵەتەکەیدا وێنەی دەکات، بەمشێوەیە ئامانجی "حکومەتی تێکەڵاوە" کە تیایدا بۆ ڕێگەگرتن لەدیسپۆتیزم، شێوەی تێکەڵاو بە وریایی و زیرەکیەکی واوە هەڵدەبژێرێت کە هەر ئەوەندەی دەسەلاتێك بە ئاراستەیەکدا کەوتە کار، هێزێکی بەرامبەر دەکەوێتە کار و بەمشێوەیە هاوسەنگی پێویست دەپارێزرێت. مۆنتیسیکۆ بڕوای وایە بەم پرۆسەیە دەتوانێت هەمەڕەنگی و جیاوازی گەورەی شێوە هەبوەکانی حکومەت، لەبونیادێکی عەقڵی پتەودا بگونجێت و لەم بونیادەشدا کارکردنیان لەژێر کۆنترۆڵ و ویستی مرۆڤدا بێت. ئەم بینا و ئارایشە سەرەکیە، ئامانجی مۆنتیسیکۆیە. لەپێشەکی "رۆحی یاساکاندا" دەنوسێت: "من بنەماگەلێکم داناوە و تێبینیم کردووە کە بابەتە جیاوازەکان دەڵێی خۆ بەخۆ پەیڕەوی لەم بنەمایە دەکەن. بینیومە مێژوەکانی هەموو نەتەوەکان هیچ نیە جگە لەکۆمەڵێك فەسڵی بەدوای یەکدا هاتوو. هەر یاسایەك پەیوەندی بە یاسایەکی دیەوە هەیە یان بە یاسایەکی گشتی تەرەوە بەستراوەتەوە".

بەمشێوەیە لەم لقەی زانستیشدا میتۆدی عەقڵ هەمان میتۆدی زانستی سروشتی و دەروناسیە. واتە لەفاکتی پتەوی دامەزراو لەسەر تێبینیکردنەوە دەست پێدەکات، بەڵام لەسنوری فاکتی روتدا نامێنێتەوە. تەنها هاوکاتبوونی ئەم فاکتانە، دەبێت ببێت بە جۆرێك حەدس، دەبێت لەپێکەوەبوونی ئەم فاکتانەوە لەسەرەتای کاردا، پاش تاوتوێکردنی وردتر، جۆرێك پەیوەستبوونی دولایەنە ئاشکرا بێت. بنەماگەلێك کە دەبێت لەهەموو جێگەیەکدا بۆیان بگەڕێین و بێ بوونیان هیچ زانینێکی راست لەهیچ بوارێکدا، مومکین نیە، سەرەتاگەلێك نین لەبواری بیرکردنەوەدا کە بەشێوەیەکی بێهودە هەڵبژێرابن و بەزۆر بەسەر تاقیکردنەوەی کراودا بسەپێنرێن و ئەزمون بەپێی پێویستیەکانی (ئەو بنەمایانە) بگۆڕێت. بنەماکان بریتین لەکۆمەڵێك هەلومەرجی هەمەکی کە

شیکردنەوەی کاملّی فاکتە دیارەکان، دەبێت پێیان بگات. کەوا بوو لەفیزیادا وەك دەروناسی و سیاسەت، رەوتی بیرکردنەوە جولّەیە لەبەشەوە بۆ هەمەکی، بەلاّم هەر ئەو جولّەیەش مومکین نابێت مەگەر ئەو کاتەی هەر بەشێك وەك بەش ملکەچی رێسایەکی هەمەکی بووبێت، مەگەر ئەوەی لەسەرەتاوە هەمەکی لەبەشدا هەبوبێت. چەمکی "بنەما" خۆبەخۆ ئەو خەسلّەتە رەهایەی نیە کە لەسیستەمە میتافیزیکیە مەزنەکانی سەدەی حەڤدەدا دەرکەوت. هەنوکە ئیدی ئەم چەمکە بایەخێکی رێژەیی هەیە و تەنها پیشاندەری دوا خالّی کاتیە کە رەوتی بیرکردنەوە پێیگەیشتووە – ئەویش بە کۆتی ئەو تێبینیەی کە ئەندێشە دەتوانێت واز لەم خالّەش بهێنێت و تێپەڕێنێت. لێرەوە رێژەگەری، بنەمای زانستی پشتی بە پایە و وێنەی زانین بەستووە، وەك چۆن مومکینە بابەتێك لەزانستێکدا وەك بنەما دەرکەوێت و هەمان بابەت لەزانستێکی دیدا وەك دەرئەنجام دەرکەوێت. "کەوابوو بەو دەرئەنجامە دەگەین کە سنوری پشکنینی بنەماکانی هەر زانستێك، بەپێی ماهیەتی خودی ئەو زانستە دیاری دەکرێت، واتە بەپێی ئەوەی ئەو زانستە تایبەتە لەکوێوە بە باسەکەی خۆی دەگات.. من بڕوامواید لەم دۆخەدا ئەو بنەمایانەی کە جولّەکەی خۆمانی لێوە دەست پێدەکەین، رەنگە خۆیان شتێکی ئەوتۆ نەبن مەگەر دەرئەنجامی زۆر دوری کۆمەلّێك بنەمای راست، کە بۆ ئێمە ئاشکرا نین، رەنگە هەر لەبەر ئەمەش پتر شایستەی ئەوەبن بە دەرئەنجام ناویان بەرین تا بە بنەماکان. بەلاّم پێویست ناکات کە ئەم دەرئەنجامانە خۆبەخۆ ناو بنێن بنەماکان، ئەوەندە بەسە بۆ ئێمە وابن". ئەمجۆرە رێژەگەریە لەسنوری خۆیدا مەترسیەکانی گۆمانکاری تێدا نیە، بەلّکو بە پێچەوانەوە تەنها دەرکەوتنی ئەو راستیەیە کە عەقلّ لەرەوتی بەردەوامی خۆیدا، رێگرێکی پتەو و سەخت ناناسێت و هەر ئامانجێکی روکەشی کە عەقلّ بە دەستی دێنێت، هیچ نیە جگە لەسەرەتای رێگەیەکی تازە.

بەمشێوەیە ئاشکرایە گەر ئێمە بیرکردنەوەی سەدەی هەژدە بە بیرکردنەوەی سەدەی حەڤدە هەلّسەنگێنین، هیچ درزێکی راستەقینە لەنێوان ئەم دوو قۆناغەدا نابینین. ئامانجی زانین بەشێوەیەکی بەردەوام و رێکخراو لەو پێشگریمانانە پێکدێت کە لۆژیك و تیورەی زانینی سەدەی حەڤدە – بەتایبەتی

لەبەرهەمەکانی دیکارت و لایبنیتسدا – بونیادیان نابوو. جیاوازی لەشێوەی بیرکردنەوەدا بە مانای ئەوە نییە جۆرێك گۆڕانی بنەڕەتی رویدابێت. ئەم گۆڕانە تەنها بە مانای گواستنەوەی جێگەی جەختکردنە. ئەم جەختکردنە بەردەوام لەهەمەکیەوە بەرەو بەش‌و لەبنەماکانەوە بەرەو دیاردەکان، دەجولّێت. بەلاّم گریمانەی سەرەکی لەجێی خۆیدا دەمێنێتەوە – واتە ئەو گریمانەیەی کە لەنێوان دوو بواری بیرکردنەوەدا، ناکۆکی نیە، بەلّکو پەیوەندیەکی دولایەنە هەیە، مەگەر لەگومانکاری هیومدا کە پرۆسەیەکی تەواو جیاواز دەهێنێتە پێشێ. بڕوابوون بە عەقلّ لەهیچ حالّەتێکدا زیانی پێناکەوێت. گریمانەی عەقلاّنی یەکێتی، بەسەر هزری ئەم سەردەمەدا زالّە. چەمکی یەکێتی و چەمکی زانستی بەشێوەیەکی دولایەنە پێکەوە بەستراون. دالامبێر لەدووبارەکردنەوەی رستە سەرەتایەکانی "رێساکانی رەفتاری تێگەیشتن"ی بەرهەمی دیکارتدا دەلّێت: "هەموو زانستەکان پێکەوە هیچ نین مەگەر هوشیاری مرۆیی کە هەمیشە هەمان شتە کە هەبووە و هەمیشە لەگەلّ خودی خۆیدا هاوشوناس بووە، هەرچەندە ئەو بابەتەی کە هوشیاری تیا بەکاردێت جیاوازیش بێت". سەدەی حەڤدەهەم پتەوی دەرونی خۆی – بەتایبەتی پتەوی بینراو لەکلتوری کلاسیکی فەرەنسادا – قەرزاری ئەو هێز و سەقامگیریەیە کە لەنوسان بە گریمانەی یەکێتی و بلاّوبونەوەی بەکارهێنانی لەهەموو بوارەکانی زانین و ژیاندا، پیشاندەدات. ئەم گریمانەیە نەك لەزانستدا، بەلّکو لەدین و سیاسەت و ئەدەبیاتیشدا زالّ بوو. "یەك پاشا، یەك یاسا، یەك دین"، ئەمە بوو دروشمی ئەو قۆناغەی باسی دەکەین. بە گەیشتنی سەدەی هەژدە زالّبوونی رەهای بنەمای یەکێتی بە روکەش لاواز دەبێت و هەندێك سنوردارێتی قبولّدەکات‌و خاکیتر دەبێت. بەلاّم ئەم گۆڕانکاریانە لەگەلّ ناوەڕۆکی بیرکردنەوەی سەدەکەدا پەیوەندی دروستناکات، چونکە یەکێتی بەخشین بە شتەکان هەروا بە دەوری سەرەکی عەقلّ دەناسرێت. رێکخستن و دیسپلینکردنی پێدراوەکانی ئەزمون بێ یەکێتی بەخشینی ورد، مومکین نییە. "ناسین"ی پۆلێك ئەزموون واتە دانانی بەشە دروستکەرەکانی لەپەیوەندیەکی وادا لەگەلّ یەکدی کە بە دەستپێکردن لەخالّێکی دیاریکراوەوە، بکرێت بەپێی رێسایەکی هەمەکی لەهەر هەموویان

تێپەڕین. دیکارت پێشتر ئەمجۆرە ناسینە بەڵگاندنەی بەناوی پێوەری سەرەکی زانینی ماتماتیکیەوە سەقامگیر کردبوو. بەپرۆای دیکارت هەر کارێکی ماتماتیکی لەدوا شیکردنەوەدا دەیەوێت رێژەی نێوان چەندایەتیەکی نەناسراو و چەندایەتیە ناسراوەکان، دیاری بکات و ئەم رێژەیەش تەنها کاتێك بەوردی دیاریدەکرێت کە ناسراو و نەناسراو لە"ماهیەتی هاوبەشدا" بەشداربن. هەردوو رەگەزی ناسراو و نەناسراو دەبێت قابیلی راڤەکردن بن بۆ چەندایەتیەك. لەمڕۆوە دەبێ بکرێ لەدووبارە بونەوەی یەکەیەکی ژمارەییدا، بەدەستبێن. بەمشێوەیە زانینی بەڵگاندنی لەجۆرێك ڕاڤەکردن بۆ بنەما دەچێت، واتە لەئاڵۆزەوە بۆ سادە و لەفرەیی روکەشیەوە بۆ یەکێتی سەرەکی، دەجوڵێت. بیرکردنەوەی سەدەی هەژدە بە تۆندی بەم میتۆدەوە دەنوسێت و هەوڵدەدات لەبواری فراوانتری زانیندا، بەکاری بهێنێت. بەمشێوەیە "حساب" (calculus) مانا ماتماتیکیە روتەکەی لەدەست دەدات. "حساب" تەنها لەگەڵ چەندایەتی و ژمارەکاندا ناگونجێت، بەڵکو لەبواری چەندایەتیەکانەوە دەچێتە ناو بواری چۆنایەتیەکانەوە. چونکە دەکرێ چۆنایەتیەکانیش لەپەیوەندیەکدا بەیەکەوە دابنرێن کە هەریەکێکیان لەوی دیەوە بە تەرتیبێکی ورد، وەربگیرێت. هەرکاتێك ئەم شتە دەستەبەر بکرێت، دیاریکردنی یاسا گشتیەکانی ئەم تەرتیبە ئەو توانایەمان پێدەبەخشێت، روانگەیەکی روونی هەموو دامێنی بایەخی ئەم یاسایانە بهێنینە پێشچاوی خۆمان. لێرەوە دامێنی چەمکی "حساب" لەگەڵ خودی چەمکی زانستدا بەیەك ئەندازە بلاوە و لەهەر شوێنێکدا کە بکرێت هەلومەرجەکانی پۆلێك ئەزمون بەهۆی کۆمەڵێك پەیوەندی دیاریکراوەوە راڤە بکرێن و لێرەوە بە تەواوی دیاریبکرێن، "حساب" بەکاردەهێنرێت. کوندیاك کە ئەم چەمکە زانستیە گشتیەی بۆ یەکەمجار لەوتاری "زمانی حسابدا" بەرونی فۆرمەلەکرد، لەدەروننناسیەکەیدا هەوڵیدا نمونەیەکی دیار و بەکارهێنانێکی پڕ بەرهەمی ئەم چەمکە بەدەستەوە بدات. لەلای کوندیاك کە لایەنگری چەمکی دیکارتی دەرونی نامادی و رۆحانیە، گۆمانێك لەوەدا نیە کە تێڕوانینی راستەوخۆی ماتماتیکی بۆ ئەزمونە دەرونیەکان مومکین نیە، چونکە بەکارهێنانی راستەوخۆی چەمکەکانی چەندایەتی تەنها لەجێیەکدا بایەخی

هەیە کە خودی بابەتی پشکنین لەکۆمەڵێك بەش پێکهاتبێت و بکرێت بابەتەکە لەو بەشانە دروست بکرێت. ئەمکارەش تەنها لەبواری جەوهەرە جەستەیەکاندا قابیلی کردنە کە وەك بلاوبنەوەی روت پێناسدەکرێت، نەك لەبواری جەوهەری بیرکەرەوە "قابیلی دابەشنەکردن". بەلاّم ئەم روبەروبونەوە بنەڕەتی و نەگۆڕەی نێوان جەستە و دەرون، ناتوانێت ڕێگرێکی بەهێز بێت لەبەردەم بەکارهێنانی رووتی زانینی شیکاریدا. ئەم بەکارهێنانە، جیاوازیە مادیەکان فەرامۆش دەکات، چونکە بەهۆی ئەبستراکتی شێوەکەی و روکەشبونی ماهیەتی کارکردنیەوە، لەرووی ناوەڕۆکەوە بە هیچ گریمانەیەك سنوردار ناکرێت. تەنانەت گەر نەکرێ ئەزمونی دەرونی وەك ئەزمونی جەستەیی بۆ چەند بەشێك دابەشبکرێت، لەرووی خەیاڵەوە ئەم ئەزمونە بۆ رەگەزە پێکهێنەرەکانی شیدەکرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە ئەوەندە بەسە فرەیی روکەشیانەی ئەم دیاردەیە لەناوبەرین، لەو رێگەیەوە کە دەریبخەین ئەم ئەزمونە خولّقاوێکی بەردەوامی سەرچاوەیەکی هاوبەشی هەموو دیاردە دەروننناسیەکانە. کۆندیاك بۆ بەڵگاندن ئەو نمونە بەناوبانگە دەهێنێتەوە کە دەکەوێتە ناوەندی دەروناسیەکەیەوە. واتە گریمانەی پەیکەرێکی مەرمەڕی دەکات و رونیدەکاتەوە چۆن ئەم پەیکەرە هێواش هێواش زیندوو دەبێتەوە و لەسەرخۆ ناوەڕۆکێکی رۆحانی دەوڵەمەندتر پەیدا دەکات، چونکە یەك بەیەکی هەستەکان، چۆنایەتیە تایبەتیەکانی خۆیان لەسەر مەرمەڕەکە دەکێشن.

کۆندیاك هەوڵدەدات دەریبخات کە زنجیرەی بەردەوامی "کاریگەریەکان" و تەرتیبی زەمەنی دەرکەوتنیان، بۆ دروستکردنی کۆی ئەزمونێکی دەرونی و دروستکردنی ئەم ئەزمونە بەهەموو دەوڵەمەندی و ناسکیەکانیەوە، بەسە. ئەگەر ئێمە بتوانین ئەزمونی دەرونی بەمشێوەیە دروستبکەین، لەهەمانکاتدا ئەم ئەزمونەمان بەهۆی چەمکی چەندایەتیشەوە، راڤە کردووە. بەلاّم هەموو ئەو شتانەی ئێمە ناوی دەنێین واقعی دەرونی و بەو ناونیشانەشەوە ئەزموونی بکەین، لەبنەڕەتدا دوبارەکردنەوە و گۆڕانی جۆرێك چۆنایەتی دیاریکراو دەریەت کە لەسادەترین تێگەیشتنی هەستیدا هەیە. تێگەیشتنی هەستی سنوری نێوان مەرمەڕی بێگیان و بونەوەری زیندوە کە خاوەنی دەرون بێت.

بەڵام هەر ئەوەندە لەم سنورە تێپەڕی، چیدی پێویستمان بە گریمانەی زیاتر یان داهێنانێکی لەبنەڕەتدا تازە نیە. ئەوەی ئێمە بەشێوەیەکی باو بە توانا "مەزنترەکانی" هزری ناودەبەین و لەبەرامبەر هەستدا دایدەنێین، لەبنەڕەتدا تەنها گۆڕانی ڕەگەزی سەرەکی تێگەیشتنی هەستییە. بیرکردنەوە و داوەریکردن بەشێوەیەکی گشتی، ویستن و ئیرادەکردن بەشێوەیەکی گشتی، هەموو تواناکانی خەیاڵ و هەموو داهێنانە هونەریەکان، ئەگەر لەڕووی چۆنایەتیەوە تاوتوێبکرێن، هیچ شتێکی تازە و لەبنەڕەتدا جیاواز، بۆ ئەم ڕەگەزە سەرەکیە زیاد ناکەن. هزر نە شتێك دەخوڵقێنێ و نەشتێك دادەهێنێ، کاری هزر دوبارەکردنەوە و بینایە. بەڵام دەتوانێت لەم دوبارە کردنەوەیەدا دەسەڵاتێکی بەگشتی بێسنور لەخۆی پیشانبدات. ژیان دیاردەیەك تا هەر کوێیەك بووە پەرەپێدەدا، لەبێسنوری کات و شوێن تێدەپەڕێت، لەگەڵ ئەمەشدا لەدەرونی خۆیدا سەرقاڵی دروستکردنی شکڵی تازەیە. بەڵام هزر لەهەموو چالاکیەکانیدا تەنها سەرنج لەخۆی و "خەیاڵەسادەکانی" خۆی دەدات. ئەمانە کۆمەڵێك زەمینەی پتەون کە هەموو ئەو بینایەی هزر دروستی دەکات – چ لایەنە "دەرەکیەکان" و چ لایەنە دەرونیەکان – لەسەر ئەو دامەزراون و هزر هەرگیز ناتوانێت لەم زەمینە بچێتە دەرەوە.

هەوڵدانی کۆندیاك بۆ پیشاندانی ئەم مانایە کە واقعی دەرونی بەشێوەیەکی گشتی بریتیە لەگۆڕان و گۆڕانکاری تێگەیشتنی هەستی سادە، لەکتێبی "لەبارەی هزرەوە" بەرهەمی هلۆسیۆس، بەردەوام دەبێت. کاریگەری ئەم کتێبە لاوازە و ناداهێنەرە، بەسەر نوسینە فەلسەفیەکانی سەدەی هەژدەدا بەمشێوەیە روندەکرێتەوە کە ئەم کتێبە ڕەگەزێکی سەرەکی بیرکردنەوەی ئەو سەردەمە بە رونیەکی پڕ ماناوە، ئاشکرا دەکات، و تەنانەت لەم ئاستەشدا زیادەڕەوی دەکات و وێنەیەکی پڕوپوچی ئەو بیرکردنەوەیە پیشاندەدات. لەم زیادەڕەویەی هلۆسیۆسدا سنورداریێتی ئەبستۆلۆجی و مەترسی شاراوەی ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە بە ئاشکرا دیارە. سنورداریێتیەکەی لەجۆرێك ڕەوتی بەیەك ریتم کردندایە کە دوور نیە نکوڵی لەدەوڵەمەندی هۆشیاری مرۆڤ بکات و بەجۆرێك بەرگی گۆڕینی لەبەرچاو بگرێت. بیرکردنەوەی شیکاری ئەم بەرگە گۆڕاوە لەبەر

دیاردە دەرونیەکان دادەکەنێت، ئەم دیاردانە ڕووت دەکاتەوەو بەمکارەش چونیەکییان لەڕوتیدا، لەبری فرەیی ڕوکەشی و جیاوازی دەرونیان، ئاشکرا دەکات. جیاوازییە ڕوکەشی و جیاوازی بەهاکانیان لەناو دەچێت. لەئەنجامدا لەبواری دیاردە دەرونیەکاندا چیدی ناکرێ باسی پلەی "مەزن" و "کەم" یان "بڵند" و "نزم" بکرێت. هەموو شتێك لەیەك ئاستدایە و لەڕووی بەها و بایەخەوە، یەکسانن. هلۆسیس ئەم هێڵی بیرکردنەوەیە بە تایبەتی لەبواری ئەخلاقدا دەباتە پێشێ. مەبەستی سەرەکی ئەو لەناوبردنی هەموو جیاوازیە دروستکراوەکانە کە ڕێکەوتن دروستیکردوون و بە تۆندی هەوڵی پاراستنی دەدەن. لەهەر شوێنێکدا کە ئەخلاقی کلاسیکی باسی پۆلێکی تایبەتی لەهەستە "ئەخلاقیەکان" دەکات، لەهەر شوێنێکدا ئەم ئەخلاقە جۆرێك "هەستی هاوەردی" ڕەسەن لای مرۆڤ دەدۆزێتەوە کە بەسەر شەهوەتە جەستەیی و خۆویستیەکانی مرۆڤدا زاڵ دەبێتو کۆنترۆڵیان دەکات، هلۆسیوس هەوڵدەدات پیشانیبدات ئەمجۆرە گریمانیە لەگەڵ واقعی سادەی هەست و کرداری مرۆییدا، نایەتەوە. هەر کەسێك بێ پێشداوەری لەم واقعە نزیك بێتەوە، دەبینێ ئەو دوالیزمە ڕوکەشیە ڕاست نیە. هەمیشە و لەهەموو شوێنێکدا هەمان وروژێنەری چونیەك دەبینێ. دەبینێ هەموو ئەو چۆنایەتیانەی بە لێبوردن و گەورەیی و فیداکاری ناودەبەین، جیاوازیان لەگەڵ ئارەزوە سەرەتاییەکانی سروشتی مرۆڤدا، لەگەڵ شەهوەتە "دزێوەکاندا"، تەنها لەناودایە نەك لەواقعدا. هیچ مەزنیەکی ئەخلاقی بڵندتر لەم ئاستە بوونی نییە، چونکە ئامانجەکانی ئیرادە چەند بڵندیش بن، و هەر بەهایەکی سەرو سروشتی سەرو هەستی کە ئیرادە وێنای بکات، ئەوا هەر مەیدانی کارەکەی هەمان بازنەی بەرتەسکی خۆویستی، زۆرویستن و لەخۆڕازیبوونە. کۆمەڵگا لەسەرکوتکردنی ئەم ئارەزووە سەرەتایانەدا سەرناکەوێت، بەڵکو تەنها بڵندیان دەکاتەوە و تا ئەو جێگەیەی کە کۆمەڵگا کارکردنی خۆی دەناسێت، ئەمە دوا ئاستی چاوەڕوانی یان تکایە کە کۆمەڵگا کارکردنی خۆی دەناسێت، ئەمە دوا ئاستی چاوەڕوانی یان تکایە کە کۆمەڵگا لەتاکەکەسی بکات. لێکۆڵینەوەی تیوریش دەبێت هەر لەم دیدەوە ئەنجامبدرێت. بەبڕوای هلوسیۆس نە لەپۆلی بەها ئەخلاقیەکاندا پلەوپایەی

سەرەکی هەیە، و نە وێنەی تیوریش خاوەن پلەی بونیادیە. بە پێچەوانەوە هەموو ئەم جۆرە جیاوازیانە بەهەمان بێلایەنی هەست، راڤەدەکرێن. هێزەکانی هەڵسەنگاندن و ناسین، خەیاڵکردن و بیرەوەری، تێگەیشتن و عەقڵ، بەهیچ شێوەیەک هێزگەلێکی رەسەن و تایبەتمەندی دەروونی مرۆیی نین. لێرەشدا ئێمە دیسان توشی هەمان هەڵەبووین. واتە وا دەزانین لەپلەی تێگەیشتنی هەستی، سەروتر رۆیشتووین، لەکاتێکدا تەنها روکەشی ئەم هەستەمان کەمێك گۆڕییوە. ئەو رەخنەیەی نکوڵی لەم گۆڕانە دەکات، لەجیاوازی تیوریش دەگیرێت. دەکرێ هەموو کردارەکانی هزر بە هەڵسەنگاندن راڤە بکەین و هەڵسەنگاندنیش هیچ نیە جگە لەتێگەیشتن لەچونیەکی و جیاوازی وێنا تاکانەییەکان. بەڵام ناسینەوەی چونیەکی و جیاوازی، رودانی کرداری هوشیاری رەسەن، بە پێشگریمانە وەردەگرێت کە لەگەڵ چۆنایەتی هەستیدا لەیەکدەچێت، یان چونیەکە. " من داوەریدەکەم یان تێدەگەم کە لەنێوان دوو شتدا ئەوەی من ناوی دەنێم "قۆڵ" کاریگەری لەسەر من جیاوازە لەو شتەی کە ناوی دەنێم "بست"، ئەو رەنگەش کە من ناوی "سوری" لێدەنێم کاریگەریەك لەچاوم دەکات جیاواز لەوەی کە ناوم ناوە "زەرد". کەوابوو لێرەوە دەگەمە ئەو ئەنجامەی کە لەم حاڵەتانەدا هەڵسەنگاندن هەمان دەرککردنە". وەك دەبینین لێرەدا بینای بەها ئەخلاقیەکان و بونیادی پلەلۆژیکیەکانی زانین، هەردوکیان وێران دەبن. هەردوو بونیادەکە تەخت دەبن، چونکە وادەزانرێت کە تاکە بینای پتەوی زانین بریتیە لەهەست.

هەڵەیە گەر وا بزانین ئەو دیدە سەرەکیەی هلۆسیوس دەریدەبڕێ، ناوەڕۆکێکی نمونەیی فەلسەفەی رۆشنگەریە. ئەمە هەڵەیەکە زۆر رودەدات. هەروەها هەڵەیە ئەم دیدە بە نمونەی بیرکردنەوەی نوسەرانی "ئەنسکلۆپیدیا"ی فەرەنسا بزانین. چونکە توندترین رەخنەکان لەکاری هلۆسیۆس هەر لەم قوتابخانە فکرییەوە ئەنجامدرا، و سەرچاوەی ئەم رەخنانەش باشترین هزرەکانی ئەدەبیاتی فەلسەفی فەرەنسا بوون، وەك تۆگۆ و دیدرۆ. بەڵام ناکرێت نکوڵی لەخاڵێك بکرێت کە ئەویش ئەوەیە لەکاری هلۆسیۆسیش وەك کۆندیاك، شێوازێکی تایبەت دەردەکەوێت کە خەسڵەتی تایبەت و دیاریکراوی

سەرتاسەری سەدەی هەژدەهەمە. لێرەدا ئێمە رووبەرووی شێوەیەك بیرکردنەوەین کەدەستکەوتە پۆزەتیڤ و سنورداریە دەرونیەکانی، سەرکەوتن و شکستەکانی، وەك ئەوە وایە لەپێشەوە لەچارەی نوسرابێت.

سەرچاوە

وەرگێڕانی بەشێکی فەسڵی یەکەمی ئەم کتێبەی خوارەوەیە: (ارنست کاسیرەر: فلسفه روشن اندیشی. ترجمه: نجف دریابندری. انتشارات خوارزمی چاپ اول. تهران اسفندماه ١٣٧٢.

مۆدێرنەو فەلسەفەی ئەخلاق

بابەکی ئەحمەدی

-١-

لەڕۆژی ١٨ شەریوری ١٣٧٦دا کچێکی هەشت ساڵە لەنەخۆشخانەی منالأنەی موفیدی تاران کۆچی دواییکرد، ناوی ئارین گوڵشەنی بوو. رۆژی پێشوو بە سەد حاڵەتی شکاندی ئێسقان و برینی قوڵ لەلەشیدا – نیشانەی لێدان و بریندارێو سوتان- لەحاڵەتی بێهۆشی تەواودا بۆ نەخۆشخانەکە هێنرا. کێشی تەنها ١٥ کیلۆ بوو و پەرەسەندنی ئێسکەکانیش لەسنوری منالێکی ٤ ساڵەدا راوەستابوو. کچەکە پاش جیابونەوەی دایك و باوکی، بە باوك و ژنە تازەکەی سپێردرا بوو، هەر هەموو ئەشکەنجەکانیشی لەخێزانی باوکیدا بینیبوو. پێشتر ئارین دوابەدوای جیابوونەوەی دایك و باوکی بەحوکمی دادگا نەك بە دایکە بەرپرسیار و تەندروستەکەی، بەڵکو بە باوکی سپێررا بوو کە پێشتر رابردوی تاوانکاری هەبووە و ئەمرۆش تاوانبارە بە "لێدان و بریندارکردنی زیاد لەسنور (سنورەکەی چ کەسێك دیاریدەکات؟) و شکاندنی هەردوو باڵی منداڵەکە". ئەم پەروەندە تاوانکاریە بۆتە هۆی ئەوەی دەنگی ژنانێك کە رەخنەیان لەنادادپەروەرانە بوونی یاسا هەبووەکانو بەتایبەتی رێساکانی "حەزانەت" هەیە ببیسترێت. لەڕاستیدا کەموکوڕی یاساکانی بەرگری لەمنالأن ئاشکرا بووە. بابەتی لێکۆڵینەوەی دادگا پرسیاری جدی یان باشتر بڵێین مەترسیگەلێکی لەبارەی واقعیەتی تاڵی ژیانی کۆمەلأیەتیەوە وروژاندووە. منالأنی ئێرانی تا چ سنورێك لەخێزانەکانی خۆیاندا خاوەن ماف و حورمەت و ئازادین؟ ژمارەی منالە ئەشکەنجەدراوەکانی دی کە هێشتا کارەساتەکانیان ئاشکرا نەبووە، چەندە؟ ئەو یاسا و رێسایانەی بەشێوەیەکی راشکاوانە و بڕاوە، رێگری لە"لێدانو بریندار کردنی" منالأن لەلایەن سەرپەرشتیارانەوە دەکەن، کامانەن و تا چ سنورێك کارایان هەیە؟ لێرەدا ناتوانم بچمە ناو باسێکی سیاسی و یاساییەوە، ئەگەرچی

گرنگیەکی زۆری هەیە.

کاتێك هەواڵی مردنی ئارین گوڵشەنیم بیست، لەناو پیاچونەوە بە یاداشتەکانی ئەم نوسینەدا بووم و لەبەر هۆیەك هەواڵەکەم لەسەرەتای ئەم نوسینەدا دانا: دەنگی ئەشکەنجە دیدەی ئارینی بچوك لەو ژیانە کورت و پڕ ئازاردا کە بەسەریبرد، ئاوای ناڵەکانی کە لەدڵی دۆزەخێکەوە دەهات کە تیای دەژیا، تەنانەت بێدەنگیەکەی لەساتەوەختی ئەو مردنە ترسناکەی کە هەیبوو، دەنگی نوسەرێکی گەورەی سەدەی نۆزدەهەمی دەهێنایەوە یاد کە پێشتر دەمویست وتارەکە بە قسەکانی ئەو دەست پێبکەم.

لەفەسڵی چوارهەمی کتێبی پێنجەمی بەشی دووی رۆمانی برایانی کارمازۆفدا کە نوسینی فیۆدر دۆستۆفیسکیە، لەو بەشەدا کە ناوی "یاخیبوونە"، ئیڤان کارمازۆف لەگەڵ ئالیوشای برایدا کە قەشەیەکی جوان و دڵپاکە، وتوێژ دەکاتو هەوڵدەدات وەڵامی ئەو پرسیارەی بداتەوە کە لەبەرچی قبوڵی دنیاناکات. ئیڤان دەڵێت رقی لەوەیە وا پیشانبدەیت کە باشیت، " بە بڕوای من عەشقی مەسیحیانە بۆ مرۆڤەکان، لەسەر زەوی مۆجیزیەکی مەحاڵە.. وا وێنای بکە من بێئەندازە ئازار دەبینم، بەڵام کەسێکی دی ناتوانێت هەرگیز تێبگات کە من چەند لەئازاردام. چونکە ئەو کەسێکی دیە و من نیە". مرۆڤ دەتوانێت دراوسێکانی بەشێوەیەکی ئەبستراکت خۆشبوێت، لەدوورەوە خوشویستنیان شتێکی مومکین، بەڵام لەنزیکەوە مەحاڵە. ئیڤان دەڵێت وای بەباش دەزانێت لەبری باسکردنی ئازار بە مانای هەمەکی و مرۆڤانە، باسی ئازاری منالأن بکات. منالأن بێگوناهن و ئەو ئازارەی دەیبینن بەهیچ لۆژیکێك قابیلی ڕەوایەتی پێدان نیە. بەڵام منالأن توشی گەورەترین ئازارەکان دەبن. ئیڤان باسی پیاوێکی خوێندەوار و رۆشنبیر دەکات کە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا بەداری درەختی غان لەمنالە حەوت ساڵەکەیان دەدەن. هەرچی زیاتر لەمنالەکەی دەدا، شەهوەتی لێدان تیایدا زیادیدەکرد. یەك دەقیقە، پێنج دەقیقە و دە دەقیقە لێیدەدا و بەردەوام درندەتر دەبوو. منالەکە ئەینالأند و دەیگوت "بابە.. بابە". بەڕێکەوت کاری کابرا بە دادگا دەگات و پارێزەرەکەی بە رەخنەگرتنەوە گوتی "ئەمە مەسەلەیەکی سادەیە، ڕوداوێکی سادەی خێزانیە، باوکێك خەریکە منالەکەی پەروەردەدەکات. جێگەی شەرمە کارەکەی بەدادگا بگات".

ئیڤان بەردەوام دەبێت: "بەڵام گێڕانەوەی باشتر لەمەشم لەسەر منالأن لایە". باوك و دایکێك کچە پێنج ساڵەکەی خۆیان ئەشکەنجە دەکرد. ئەم ئەشکەنجەدەرانە کاریان بەسەر خەڵکی دیەوە نیە، درندەیی ئەوان لەبەرامبەر منالأندا دەردەکەوێت: بەوردی ئەوە بێ بەرگریبوونی منالە کە وەسوەسەی ئەشکەنجەدەر دەکات. دڵنیایی فریشتەئاسای منالأن کە پەنایەکیان نیە، خۆینی پیسی ئەشکەنجەدەر دەهێنێتە جۆش. لەهەر مرۆڤێکدا جانەوەرێکی درندە هەیە". باوك و دایکەکە قامچیان لەکچەکە دەدا، جەستەیان دەئاوسان، لەسەرما و سەهۆڵبەندااندا لەئاودەستێکدا زیندانیان دەکرد، پاشەرۆییان دەکرد بەدەموچاویدا و ناچاریان دەکرد لێی بخوات. منالەکە "لەو جێگە تاریك، پیسو ساردەدا بە مستە بچوکەکانی سنگی دەردناکی دەکوتا و فرمێسکە بێ رقەکانی ئاراستەی خوداوەندی ئازیز و میهرەبان دەکرد، تاکو پارێزگاری لێبکات". ئیڤان باسی منالێکی لادێیشی کرد کە رۆژێك لەبەرخاتری یاریکردن و لەروی بێ فکرییەوە، بەردێکی هاویشت و سەگی راوی ئاغاکەی بریندار کرد. ئاغا روتی کردەوە و فەرمانی بەسەگەکانی دا تا دوای بکەون و لەبەرامبەر چاوی دایکیدا، پارچە پارچەی بکەن. ئیڤان دەپرسێت "باشە ئاغا شایستەی چیە؟" و ئەلیوشا لەژێر لێوەوە دەڵێت "لەسێدارەدان". هەرچەند قەشە دڵپاکەکە خێرا لەقسەکەی خۆی پاشگەز دەبێتەوە، بەڵام بۆ ساتێك توانیبووی ببێتە هاودەردی دایکی کوڕەکە و لەتوندوتیژیەکدا کە وەڵامدانەوەی تووندوتیژیەکی دیە، تێزەکەی مەسیحی لەبیر بچێتەوە و گوناهکار نەبەخشێت.

ئیڤان بەردەوام دوبارەیدەکاتەوە کە دەیەوێت "لەراستیەکان جیا نەبێتەوە" و راستی خراپەکاری مرۆڤ، واتە ئەو خاڵەی مرۆڤەکان خراپە هەڵدەبژێرنو ستەم لەهاوڕەگەزەکانی خۆیاندەکەن، دەهێنێتە پێشێ. ئەو دەڵێت ناتوانێت دەستنیشانی بکات "بۆچی جیهان بەمشێوەیەی کە هەیە، شکڵی وەرگرتووە". بەڵام هەستەکات مرۆڤەکان لەبەرئەوەی مەیلیان بەلای خراپەدا هەیە، شایستەی سەرزەنشتن. لەلایەکی دیەوە دەبینێت لەراستیدا ئەوان سوچێکیان نیە، ئاوەها دەژین، لەبەرئەوەی ئاوەها دروستبوون. ئیڤان بە تەشەردان لەزانستباوەڕی سەردەمی خۆی دەڵێت "بە تێگەیشتنی ئەقلیدیسیە ناسك و زەمینیەکەم، هەموو ئەو شتەی دەیزانن ئەوەیە کە ئازار بوونی هەیە و هیچ کەسێکیش خەتای لەمەدا نیە". بە "پۆخڵەواتی

ئەقلیدیسیش" لەبارەی هۆ و هۆکارەوە، مەسەلەکە چارەسەر ناکرێت. ئیڤان ئارەزووی ئەوە دەکات سزایەك لەئارادا بێت، نەك لەئایندەیەکی دوردا، بەڵکو لەسەر زەوی. ئەو ئازار و دەردەی منالأن دەیچێژن، لەسەرو تێگەیشتنەوەیە. مرۆڤەکان بەهۆی بەشداریان لەگوناهدا، بۆ جێبەجێکردنی بەشی خۆیان لەهاوئاهەنگی ئەبەدیدا، بەهەر هۆیەکی عیرفانی و دینی بێت، گوناهکارن و دەبێ سزا بدرێن. بەڵام منالأن بۆچی؟ ئەوان خۆ بێگوناهن و بڕیارە مەلەکوتی ئاسمان بۆ ئەوان بێت. لەسەرو تێگەیشتنەوەیە منالأن ئازار ببینن. بابلێین ئەشکەنجەدارانی منالأن لەدۆزەخدا سزا دەدرێن، بەڵام ئەی چارەنوسی ئەو کارەسات و ئەشکەنجانەی منالأن بینیویانە چی دەبێت؟ من چ کارم بە تۆڵەسەندنەوە لەو فرمێسکانە هەیە؟ "ئەگەر ئازارەکانی منالأن، رادەی ئەو ئازارانە زیاد بکات کە مرۆڤ پێویستە بۆ هەقیقەت ببەخشێت، ئەو کاتە من ناڕەزایی دەردەبڕم و دەڵێم کە هەقیقەت شایەنی ئەم بەهایە نیە.. لام باشترە لەگەڵ ئازارێکی سزا نەدراو و تووڕەییەك کە خۆی خواردۆتەوە بمێنمەوە. تەنانەت گەر لەسەر هەقیش نەبووبم. جگە لەمە داوای چ بەهایەکی گران بۆ هاوئاهەنگی دەکرێت. بەخشینی ئەم بەهایە لەسەرو توانای ئێمەوەیە. ناکرێت بۆچونە ناو هاوئاهەنگیەوە، بەهایەکی لەو چەشنە بدەین. لێرەوەیە من وازدەهێنم و بلیتی چونەژورەوەی خۆم دەگەڕێنمەوە. ئەگەر مرۆڤێکی بەشەرەف بم، ئەرکی منە هەرچی زوتر بیگەڕێنمەوە. ئەمەش ئەو کارەیە کە من دەیکەم. ئەلیوشا وانیە من خودا قبوڵناکەم، بەڵکو من تەنها بە ئەدەبێکی تەواوەوە، بلیتەکەی بۆ دەگەڕێنمەوە". ئەلیوشا کە تەماشای کۆتایی دەکرد، گوتی "ئەمە یاخیبوونە".

بێگومان یاخیبوون سەرچاوەیەکی ئەخلاقی هەیە. ئیدی ئەم خاڵە پاش دۆستۆڤیسکی و ئەلبێر کامۆ ڕوونە. لەبەشی چوارهەمی تاعونی نوسینی کامۆدا پارچەیەك هەیە لەمردنی منالێك بەهۆی تاعونەوە. لەم پارچە کورتەدا کە ڕونکردنەوەی گیاندانی بێئەندازە دەردناکی منالێکە و لەرووی تیورەی ئەدەبیەوە یەکێك لەجوانترین نوسینە ئەدەبیەکانی سەدەی بیستەمە، دکتۆر ریو و قەشە پانلو بە ئازار و نابڕوای و ترسەوە لەپاڵیدا وەسفدەکرێن: "بەڵام لەناکاو نەخۆشەکانی دی خامۆشبوون. ئەو کاتە دکتۆر تێگەیشت کە دەنگی منداڵەکە لاواز بووە، دیسان

لاوازتر بووەو بێدەنگبووە. لەدەوروبەری ئەودا ئاھ و نالە دەستی پێدەکردەوە، بەڵام هێواشتر و وەك دەنگدانەوەیەکی دوردەستی ئەم نەبەردە کە کۆتایی پێهاتبوو. چونکە نەبەردەکە کۆتایی پێهاتبوو". ریو بەڵای قەشەدا دەڕوات: "قەشەکە قۆڵی هێنایە پێشێ بۆ ئەوەی ڕێگەی لێبگرێت و پێی گووت: "سەبرکە دکتۆر!" ریو بە هەمان جۆڵەی توڕەییەوە گەڕایەوەو بە تۆندوتیژیەوە قیژاندی بەسەریا: "ئاخ! ئێوە خۆتان باش دەزانن کە لایەنیکەم ئەم یەکەیان بێگوناهە". هاواری دکتۆرەکە، دەنگدانەوەی دەنگی ئیڤانە. منالەکە بەهۆی چارەنوسی شومەوە ئەشکەنجە دەبینێت و دەمرێت. ئەمجارە مرۆڤێك ئەشکەنجەی ناکات، بەڵام پێدەچێت چارەنوسە تاڵەکەی بێ هیچ بەزەییەك، مەرگێکی ئەشکەنجەئاسای لەچارەنوسی نوسیبێت. ریو دەچێتە حەوشە و لەروناکی بەربەیاندا لەژێر درەختە کورتە تۆزاویەکاندا دادەنیشێت. قەشەکە دەگاتە لای: "بۆ بەو تۆندوتیژیە قسەی لەگەڵمکرد؟ بۆ منیش ئەو دیمەنە قابیلی تەحەمولکردن نەبوو". ریو بەڵای پانلۆدا گەڕایەوە و گوتی: "راستە. بمبورە. بەڵام هیلاکی جۆرێك شێتیە. لەم شارەدا چەندان کاتژمێر هەیە کە من تیایدا جگە لەیاخیبوون هیچ هەستێکی دیم نیە". ئەو کاتەی قەشە دەڵێت کە راستە، ئەم هەلومەرجە یاخیبوون ئاسایە، چونکە لەپێوەرەکانی ئێمەی تێپەڕاندووە، بەڵام ڕەنگە پێویست بەوە بکات ئەو شتەمان خۆشبوێت کە تێیناگەین، ریو لەوەڵامیدا دەڵێت: "نا، من تێگەیشتنێکی دیم بۆ عەشق هەیە، و تا مردن سیستەمێك ڕەددەکەمەوە کە منالآن ئەشکەنجەی تیا دەبینن ". لەم یاخیبونەوە بە پاردۆکسی ئیڤان کارمازۆف دەگەین کە هەستدەکەم گرنگترین پارادۆکسی ئەخلاقیە کە تا هەنوکە هێنراوەتە ئارا و تیورە ئەخلاقیەکانیش وەلآمێکیان بۆی نییە.

"ئیڤان بەحاڵەتێکی جدیەوە وتی یاخیبوون؟ بەداخەوە تۆ ناوی یاخیبونی لێدەنێیت. خەڵکی بە زەحمەت دەتوانن لەیاخیبووندا بژین و منیش دەمەوێت بژیم. بەڵام خۆت وەڵامم بدەرەوە. تەماشاکە! تەحەدات دەکەم، وەڵام بدەرەوە. وا بزانە سەرقاڵی بونیادنانی چارەنوسی مرۆڤی، ئامانجیشت ئەوەیە مرۆڤ خۆشبەخت بکەیت و دواجار ئارامی و ئاشتیان پێببەخشی. بەڵام بۆ ئەمکارە پێویست و ناچاریە، تەنها بونەوەرێکی لاوازو بچوك.. هەمان ئەو منالەی سنگی خۆی دەکوتی.. تا دەمی مەرگ ئەشکەنجە بکەیت و ئەو بینای خۆشبەختیە لەسەر بناغەی فرمێسکە

سزانەدراوەکەی ئەو بینا بکەیت. ئایا قەبوڵیدەکەیت بەو مەرجە ئەندازیاری ئەو بینایە بیت؟ پێمبڵێ و ڕاستیش بڵێ. ئەلیوشا بەئارامی گوتی نا، من قەبوڵیناکەم. (ئیڤان گوتی) ئایا دەتوانی بڕوا بەو خاڵەبکەیت کە ئەو مرۆڤانەی دەتەوێت بیناکەیان بۆ دروستبکەیت، ڕێکبکەون کە خۆشبەختی خۆیان لەسەر بناغەی خوێنی سزانەدراوی، قوربانیەکی بچوك قەبوڵبکەن؟ بە قبوڵکردنیشی بۆ هەمیشە خۆشبەخت بمێننەوە؟". ئیڤان لەدرێژەی ئەم پاردۆکسەدا چیرۆکێك بۆ ئەلیوشا دەگێڕێتەوە کە خۆی نوسیوێتی. ڕەنگە ئەم پارچەیە بەناوبانگترین پارچە لەئەدەبیاتی سەدەی نۆزدەهەمی ڕوسیادا بێت: "موفەتیشی مەزن". ئیڤان چیرۆکی گەڕانەوەی مەسیح بۆ زەوی، بۆ سۆیل لەسەردەمی پشکنینی بیروڕادا دەگێڕێتەوە: "موفەتیشی مەزن کە مەسیح دەستگیر دەکات لێی دەپرسێت: "بۆچی گەڕایتەوە؟". پاشان وێنەیەك لەژیانی مرۆڤەکان پێشکەشدەکات کە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەرو سەیر لەڕوسیای سەدەی دوایی، واتە سەردەمی ستالین، ئۆردوگاکانو حکومەتی کۆمنیستیەوە نزیکە. بە ناوی یەکسانی و دادپەروەریەوە، بە پارچە نانێك تەنها ئەوەندە تێردەبن کە کار بکەن و جێگەیەك بۆ دادپەروەری ڕاستەقینەو باشی ئەخلاقی نامێنێتەوە.

هەرچەندە دەکرێ بە سادەیی لەو وێنەیەدا کە موفەتیشی مەزن دروستیدەکات، ڕوسیای سەدەی بیستەم ببینرێت، بەڵام ئەمە تەنها بەشێکە لەواقعی ژیانی مرۆڤی مۆدێرن لەسەردەمی ئێمەدا. لەڕاستیدا موفەتیش باسی مۆدێرنەو ڕۆژگاری مۆدێرن دەکات. باسی ئۆردوگاگەلێك دەکات کە لەوڵاتانی جگە لەڕوسیاش بەرپاکران. باسی ڕەنجی منالآنێك کە لەسەرتاسەری ئەم ئەستێرەیەدا ژیان، ڕەنجگەلێك کە ناتوانرێ هۆیەکیان بۆ بدۆزرێتەوە. ئەگەر ئەخلاقی پێشمۆدێرن دەیتوانی هەموو شتێك ببەستێتەوە بەچارەنوسێکی بالآتر لەئیرادەو عەقڵی مرۆڤەوە، (ئەوا) ڕۆژگاری مۆدێرن کە بەبانگەشەی سالاری عەقڵی مرۆڤەوە هاتۆتە مەیدانەوە، چۆن دەتوانێت ئەم هەموو کارەساتە ئاراستە بکات؟ پرسیاری ئیڤان لەبارەی بیناکردنی خۆشبەختی گشتییەوە، بەبەهای نادادپەروەری لەبەرامبەر لاوازترینو بێگوناهترین تاکەکان، بە ناچار وەڵام لەمێژووی ئەخلاقدا نادۆزێتەوە. ئەرستۆ بەوێناکەی خۆیەوە بۆ خۆشبەختی وەڵامێکی پێ نییە. کانتیش زیاتر سەرقاڵی کاملبوونی ڕوکەشی حوکمە

تراسندنتالەکانی خۆیەتی، نەك بیر لەوەڵامبکاتەوە. ئەم کێشەیە لەژیانی مۆدێرنەوە سەرچاوەی گرتووەو دەبێت لەناو دەروونی ئەم ژیانەشەوە بەدوای چارەسەریدا بگەڕێین، ئەگەر چارەسەرێك هەبێت.

-٢-

پرسیاری سەرەکی ئەخلاق، لەڕوانگەی زۆرێك لەنوسەرانی ئەمڕۆوە ئەوەیە: ئێمە دەبێت چۆن بژین؟ هەندێك پرسیارەکە بەمشێوەیە دادەڕێژن: ئایا دروستترین شێوەی ژیانکردن، بوونی هەیە؟ و ئەگەر هەشە، ئایا دەستمان پێیرادەگات؟ بەبڕوای بیریارانی پۆستمۆدێرن یەك شێوەی دروستی ژیان، ناتوانێ لەبەردەم هەموانداا بێت. حەکایەتی یەك ئەخلاقیش وەك حەکایەتە مەنەلۆگەکانی تری مۆدێرنە، کۆتایی پێهاتووە. بەپێچەوانەوە رۆشنگەرانو کانت بۆ ئەم پرسیارە وەلامێکی پۆزەتیڤیان هەبوو. لەهەنگاوی یەکەمدا ئەوەیان قبوڵدەکرد کە شێوەیەکی دروستی ژیان دەبێت لەبەردەم هەموانداا هەبێت و بەڵگەیان دەهێنایەوە کە ئەمشێوەیە پشتئەستووە بە عەقڵی مرۆڤ و گەڕانی عەقڵانی دەتوانێت هەموو مرۆڤەکان بە یەك دەرئەنجام بگەیەنێت. ئەوان پاش قبوڵکردنی بوونی شێوەیەکی دروستی ژیان، لەهەنگاوی دواییدا باسی ئەوەیان دەکرد کە ئەم شێوەیە چییە؟ زۆربەی بیریارانی رۆشنگەری بەر لەهەوڵدان بۆ دۆزینەوەی وەلام و لەراستیدا بە ئاڕاستەی وەلام، سەرەتا بە پێویستیان دەزانی تیورەیەك لەبارەی سروشت و ماهیەتی مرۆڤەوە پێشکەشبکەن، تا هەنوکەش هەندێك بیریار هەروا دەکەن. ئەلیسۆن جەگر لەکتێبی "سیاسەتی فەمەنیستی و ماهیەتی مرۆڤ" دا هەوڵیداوە رەهەندە جیاوازەکانی دەستپێکردن لەمجۆرە پێناسەیەوە رونبکاتەوە.

کاتێك وەك مرۆڤێکی مۆدێرن دەپرسین: "من چۆن دەبێت بژیم؟ لەگەڵ ئەوەشدا کە راناوی یەکەمی تاکەکەس بەکاردەهێنین، بەلاّم لەراستیدا مەسەلەیەکی سەروتر لەتاکەکەس دەهێنینە پێشێ. هاوکات لەگەڵ ئەم پرسیارەدا رێنماییەك بۆ کەسانی دی (بەشێوەیەکی شاراوە) خۆی حەشارداوە. ئەگەر من بزانم چۆن دەبێت بژیم تێگەیشتووم کە دەبێت چۆن ژیان بکرێت. دۆزینەوەکەی من خۆی لەخۆیدا پیشانیدەدات کە کەسانی دیش دەبێت وەك من بژین. من لەرێگەیەکی عەقلاّنیەوە

بە ئەنجامێکی عاقلاّنە گەیشتووم و ئەم دەرئەنجامەش دەبێت بۆ هەمووان راست بێت. بەلاّم لەراستیدا رێگاکە بەپێچەوانەوەیە. عەقلاّنیبوون و راستی شێوەی ژیانی من، کاتێك دەسەلێنرێت کە بتوانێت وەك نمونەیەك لەبەردەم کەسانی دیدا رابوەستێت. کێشەکە لەوەدایە کە لەرۆژگاری مۆدێرندا و سەرەڕای عەقڵباوەڕیە بەهێزەکەی، رادەی لایەنی گەردوونی یان هەمەکی ئەو دەرئەنجامەی من پێیگەیشتووم، بەوردی روون نیە. کانت دەیگوت ئەوەی بۆ من لەرووی ئەخلاقیەوە راستە، بەشێوەیەکی لۆژیکی دەبێت بۆ هەموو کەسێك راست بێت، بەلاّم بە ئاسانی دەکرێت هاوڕای ئەو بیریارانە بین کە بازنەی دروستی ئەو دەرئەنجامە سنوردار بۆ چەند گروپێکی مرۆڤ دەکەن. کەسانێك کە لەگەڵ منداا لەهەلومەرجی کۆمەلاّیەتی، کلتوری، چینایەتی، نەتەوەیی، و ئیمانیدا.. هاوبەش و هاوڕان.

کێشەکە لەوەدایە "ئێمە" شتێکی بڕاوە و پێدراوێك نیە بۆ یەکجار و بۆ هەمیشە دەستنیشان بکرێت. من ئەندامی گروپی جیاوازم. دەتوانم بێخێزان یان خێزاندار بم، لەڕێگەی پیشە یان رادەی خوێندەواریەوە سەر بەچین و گروپی کۆمەلاّیەتی بم، لەرووی بڕوای سیاسیەوە لەگەڵ کەسانێکدا هاوڕێ و لەرووی بڕوای مەزهەبی یان بێباوەڕیەوە، لەگەڵ کەسانی دیدا هاوبەشبم. ئەندامی "ئێمە"یەکم کە لەهەندێك مەسەلەدا لەگەڵ ئەندامەکانی دیدا هاوبەشم. بەلاّم لەهەمانکاتدا رۆڵی کۆمەلاّیەتی دی قبوڵدەکەم کە یەکسەر دەمکات بە ئەندامی گروپی جیاواز، و لە"من"، "ئێمە"یەکی دی دروستدەکات. زۆر ئەوە دێتە پێشێ کە بنەمایەکی ئەخلاقی لەیەکێك لەم گروپانە قبوڵکراوە و لەگروپێکی دیدا ڕەدکراوەتەوە. ئەو شێوە ژیانەش کە لەنێوان ئەندامانی ئەم گروپەدا خواستراو و جێی بایەخە، لەلای ئەندامانی گروپەکەی دی قبوڵکراو نیە و دەبێت شێوازی جیاواز لەوە بگرێتە بەر. خودی ئەم راستیە پیشانیدەدات کە "من" ئەو سوبژێکتە تاکانەیە نیم کەلەفەلسەفەی دیکارت یان ئەخلاقی کالڤینیدا بە گریمانە وەردەگیرێت. لەمۆدێرنەدا "ئێمە" بەردەوام کێشە ئامێز بووە. ئەو هەموو هەوڵە بۆ چارەسەر و لەزۆربەی جاردا بۆ شاردنەوەی مەسەلەکە، سەرکەوتوونەبووە. هەنوکە لەسەردەمی پۆستمۆدێرند،ا سەردەمی یەك رێگەچارە بۆ هەمووان بەسەرچووە. چیدی ناکرێت بەشێوەی دڵنیایی عەقڵباوەڕان، زۆربەی مارکسیەکان و زۆرێك لەمەزهەبەکان، باسی

یەك رێگە چارەی هەمەکی بکرێت کە بۆ هەموو کەس دروستبێت و وەلأمی هەموو مەسەلەکان بداتەوە.

ئێمە بەپێی سەرمەشقگەلێك، نموونەگەلێك بەراست دەزانین. بەپێی ئاسۆی هوشیاریەکی تایبەت، هەقیقەت دروستەکەین یان وێنادەکەین. دیدی کرێکار و خاوەنکار، پیاو و ژن، بڕوادار و بێبڕوا بۆ مەسەلەکان جیاوازە، چونکە پێش خەیاڵەکانیان لەیەك جیاوازە. شێوەی ژیان، نەخشەکێشان بۆ ژیان، جۆری ناسین، و ڕاڤەکردنیان جیاوازە. زۆری ڕەگەزە جیاواز و ناکۆکەکان دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانین تەنانەت باسی ئاراستە چونیەکەکانی تاکەکانی گروپێکیش بکەین. زۆربەی خەڵکی دەژین بێئەوەی بۆ ساتێکیش لەخۆیان بپرسن کام شێوەیە "دروستترە". بەلأم گەر ئەوە بە گریمانە وەربگرین کە لەبەر هەر هۆیەك بووە بیر لەم مەسەلەیە دەکەنەوە، ئەوا ئێمە ڕووبەڕووی هەمەڕەنگی بێسنووری وەلأمەکان دەبینەوە. پرسیاری ئەوەی "من چۆن دەبێت بژیم؟" دەبێ لەژێر سێبەری پرسیارێکی دیدا بێت: چ کەسێك و لەبەرچی ئەم پرسیارە دەهێنێتە پێش؟ چ شتێك لەپەیوەندی هەقیقەت بە ئاراستە وەرگرتن بەرەو ژیان، واتە لەپەیوەندی بوون بە نەخشەڕێژی بۆ خود وەك بونەوەرێك تێدەگات؟ لەگەڵ پرسیاری لەم چەشنەدا کە چۆن دەبێ ژیان بکرێت، هەلومەرجی فەلسەفی، مێژوویی و کۆمەلأیەتی دێتە ئاراوە کە ڕێگە لەوەلأمێکی تاکانە و بڕاوە و دوا وەلأم دەگرێت.

لەمۆدێرنەدا لەلایەکەوە دژواری و پێداویستیەکانی ژیانی کۆمەلأیەتی، بەردەوام پێویستی بیرکردنەوەی ئەخلاقی دەهێنێتە ئاراوە، و لەلایەکی دیشەوە بەشێوەیەکی بەردەوام لەئەگەری پێشکەشکردنی وەلأمێکی تاکانە بۆ هەر پرسیارێکی تایبەت کەمدەکاتەوە. هەمەڕەنگی و فرەیی ژیانەکان، ئەخلاقی تاکانەیان خستۆتە لاوە. سەرنجبدەین کە نوسەرانی ئەمڕۆ تا چ ڕادەیەك لەبارەی مەسەلەی سەرەکی ئەخلاقەوە، لەیەکدی جیاوازن. هەندێك هاوڕێیەتی بەگرنگترین مەسەلەی ئەخلاقی دادەنێن، هەندێك هاودەردی، هەندێك دڵنیایی و هەندێك بە دایکبوون، یەکێك باسی ئەخلاقی تیمارکاری دەکات و ئەوی دی تاکە مەسەلەی ئەخلاقی بە خۆکوشتن دادەنێت. ئەم بیروڕا جیاوازانە ڕێگەی باسی فەلسەفیان نەگرتووە، بەلأم بەرهەمی ئەم باسە بەردەوام ئەو دەرئەنجامەی بەهێزکردووە کە ئەخلاقی تاکانە و بڕاوە و

دوا ئەخلاق بوونی نیە، بە هەمانشێوەش ناکرێ لەبوونی مەسەلەیەکی ئەخلاقی سەرەکی دڵنیابین. مومکین نیە "کە ناوەڕۆکی سەرەکی ئەخلاق" وەك خاڵی ئەرشمیدس لەدەرەوەی ئەم جیهانە وێنابکەین و بە تاکە پشتی سەرەکی دابنێین.

ئەم ڕەهەندە ڕێژەگەریە لەزۆر حاڵەتی گرنگ و زیندوودا لەبەرامبەر پێویستی ژیانی مۆدێرن بۆ بوونی پێوەرێکی ئەخلاقی کە پشتی بەتیورەیەکی ئەخلاقی یەکتا بەستووە یان لایەنیکەم قبوڵکراو لەلایەن زۆرینەی خەڵکەوە، ڕادەوەستێت. لەلایەکەوە مەسەلەی ئێمە لەسەر ئەم هەساردا مەسەلەی مەرگ و ژیانە (ئەو دژواریانەی پەیوەندیان بە قەیرانی ژینگەوە هەیە، دەرکەوتنی نەخۆشیگەلێکی وەك ئایدز، چاودێریکردنی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان، چەکە کۆکوژەکان و کیمیاییەکان و گەلێك مەسەلەی دی) لەلایەکی دیشەوە تەوەرەی عەقڵباوەڕیانەی ئەخلاقی یەکتا لەناوچووە، یان بەخێرایی ڕەوایەتی خۆی لەدەستەدات. کاتێك فینگشتاین لەکۆنفڕانسێکدا لەبارەی ئەخلاقەوە ڕایدەگەیاند: "من تەنها دەتوانم هەستی خۆم لەڕێگەی خوازەیەکەوە ڕابگەیەنم. ئەگەر کەسێك کتێبێك لەبارەی ئەخلاقەوە بنوسێت کە بەڕاستی کتێبێك بێت لەبارەی ئەخلاقەوە، ئەم کتێبە دەیتوانی وەك تەقینەوەیەك هەموو کتێبەکانی دی لەدنیادا وێرانبکات"، دەیویست جەخت لەسەر ڕەهەندی ناوەندی پێویستی دیدی ئەخلاقی بکات. فینگشتاین لەهەمانکاتدا دودڵبوو لەوەی کەسێك بتوانێت "کتێبێك لەبارەی ئەخلاقەوە بنوسێت کە بەڕاستی لەبارەی ئەخلاقەوە بێت". وەرگرتنی شێوەیەکی ئەخلاقی دروست یان تەنانەت شێوەی دروستتر لەوەی هەنوکە لەژیانی سیاسی و کۆمەلأیەتی مۆدێرندا قبوڵکراوە، پەیوەندی بە مەسەلەی سەرەکی مانەوەی مرۆڤەوە هەیە، بەلأم هەر ڕۆژێك زیاتر ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە شێوەیەکی وا بونیادی، قابیلی دۆزینەوە نیە.

عەقڵباوەڕی مۆدێرن بە وتەی ئیچ. جی. ویلز لەبری دروشمی کلاسیکی "دەبێ مرۆڤ ئەرکی خۆی بزانێت و کاری پێبکات"، دروشمی "مرۆڤ دەبێ تێبگات و بەپێی تێگەیشتنی خۆی کاربکات"ی دانا. لەمۆدێرنەدا تێگەیشتنی عەقڵانی زۆر لەهەر ئەرکێکی ئەخلاقی و ئاینی و دینی دی، سەرنجڕاکێشتر بوو. بەلأم فەلسەفەی عەقڵباوەڕ و مۆدێرن دواجار ئەرکێکی تازەی دەخستە ئەستۆی مرۆڤ. ئەرکێکی ئەخلاقی کە لەهەمان "مرۆڤ دەبێت تێبگات" وە دەستی پێدەکرد. لەهەلومەرجی

پۆستمۆدێرندا جارێکی دی مەسەلەی سەرەکی ئەرك کە لەراستیدا لەگریمانەی ئەگەری شێوەی دروستی ژیانەوە بۆ هەمووان سەرچاوە دەگرێت، خراوەتەلاوە. دیارە لەرودانی پەرەسەندنی مۆدێرنەشدا بەشێوەیەکی روو لەزیاد، شێوەی دروست کەم بایەخ دەبوو، وە تێگەیشتن لەشێوەی ئاساتر، کەم خەرجتر، لەبەردەستاتر، لەبری ئەو دادەنیشت. ئەمە بە مانای جێگرتنی عەقڵی پراکتیك بە مانای لایبنیتزی و کانتیەکەی لەبری شتێك بوو کە ماکس فیبەر ناوینابوو عەقڵئامێری. عەقڵێك کە سروشت بە سەرچاوەی کەرەسە و سود دەبینێت و رەوایەتی بە بەهرەکێشی مرۆڤ لەمرۆڤ دەدات.

دەکرێت تیورە ئەخلاقیەکان لەرەهەندی جیاوازەوە پۆلێنبکەین. لەدەیەکانی دواییدا هەمەڕەنگی ئەم پۆلێنکردنانە بۆتە هۆی نوسینی کتێبگەلێکی گرنگ لەمێژووی ئەخلاقدا. یەکێك لەگرنگترین ئەم پۆلێنکردنانە دوالیزمی فکری فەلسەفی لەمەسەلەی ئەخلاقدا پیشاندەدات. جیاوازی لەنێوان دیدی تیولۆجیانە و دینتۆلۆجیانەدایە. تیورە تیولۆجیەکان لەسەر بناغەی ئەو پێشگریمانەیە دامەزراون کە هەم راستی و هەڵە و هەم سروشتی ئەخلاقی یان نائەخلاقی کردارەکان، دیدەکان و تیورە تایبەتیەکان بەستراوە بەو دەرئەنجامانەوە کە دەیخەنەوە. دەبێ سەرنجبدەین کە هەر کردارێك چی بەرهەمدێنێت، ئایا بە ئامانجێك دەگات یان ناگات، تا بتوانین لەرووی ئەخلاقیەوە هەڵیسەنگێنین. دیارە ئەو ئامانج و دەرئەنجامانەی بەپێوەرەکانی هەڵسەنگاندن دەژمێرێن، جیاوازن و فەیلەسوفان لەبارەیەوە هاوڕا نین. هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی چەندان تیورەی ئەخلاقی تیۆلۆجیانە دروستببن. لای ئەرستۆ ئامانجی ژیانی مرۆڤ بریتیە لەeudaimonia یان "خۆشبەختی". بە بڕوای هیوم و میل ئەم ئامانجە سەرەکیە لەزەت، شادی و سود وەرگرتنە لەنیعمەتەکان. تیورە تیۆلۆجیەکان بەدەر لەو جیاوازیانەی لەبارەی ئامانج و دەرئەنجامەوە لەنێوانیاندا هەیە، لەیەك خاڵدا هاوڕان: هەر حوکمێکی ئەخلاقی دروستی خۆی لەرادەی نزیکیەوە لەئامانجەوە بەدەستدێنێت. لەبەرامبەر ئەمەدا تیورە گەلێکی دی هەن کە ناومانان دێنتۆلۆجی. ئەو تیورانەی لەسەر ئەم بناغەیە دامەزراون، رایدەگەیەنن کە کردارە مرۆییەکان یان لەخۆیاندا راستن یان هەڵەن و ناکرێت بە پێی ئەو دەرئەنجامانەی

دروستیدەکەن، بەراست یان هەڵەیان دابنێین. دزی بەهەر جۆرێك بێت کارێکی ناڕاستو نائەخلاقیە، تەنانەت ئەگەر دز بەمکارەی بیەوێت ببێتە هۆی خۆشبەختی کەسێکی دی. "دەکالۆگ" یان دەفەرمانە بە ناوبانگەکەی کتێبی پیرۆز، نمونەیەك لەکۆمەڵێك حوکمی بڕاوەن کە رونیدەکەنەوە چ کارێك بە دروست بژمێرێت و چ کارێك بەهەڵە. هەوڵی کانت بونیادنانی میتافیزکیای ئەخلاق، بۆ دەستگەیشتن بە حوکمی بڕاوە و کۆتایی بوو کە بە پێی حوکمی عەقڵ، لەهەر قۆناغێکی مێژوویدا و بۆ هەر کەسێك، راستە و پێویستە جێبەجێ بکرێت. حوکمە دینتۆلۆجیەکان، پێویستی کردارگەلێك روندەکەنەوە و هاوئاهەنگن لەگەڵ یاساکان و رێسا بڕاوەکاندا: یاساکانی خوداوەند، یاساکانی ئەخلاق، یاساکانی سروشت و ئەوانی دیدا.

دەکرێت پۆلێنکردنی دیش بدۆزینەوە. یەکێك لەوانە جیاوازی نێوان دیدی خودی و دیدی بابەتیە. لایەنگرانی دیدی یەکەم لەراستیدا هەمان وتەی بەناوبانگی هامپیتی دامپتی لە"ئالیس لەسەر زەمینی سەیر و سەمەرە"دا دوبارەدەکەنەوە کە "کاتێك من وشەیەك بەکاردێنم، رێك ئەو مانایەی هەیە کە من بۆم هەڵبژاردووە، نە زۆرتر نە کەمتر". خودگەر جیهان بە پێی پێوەرەکانی خۆی دەناسێت، ڕاڤەدەکات و لەبارەیەوە حوکمدەدات. ئەو بڕوایەی بەوە هەیە بڕواکانی خۆی پێوەری کۆتایی و ستانداردی دروستی و ناتەندروستی کردارەکان، تیورەکان و حوکمە ئەخلاقیەکانە. ئەوە هەستی کەسایەتی ئەو و نەخوازراوەکانی ئەو و پێویستی و ناپێویستیەکانی جێی قبوڵکردنی ئەوە کە دەستنیشانکەری دروست و نادروست و ئەخلاقی و نا ئەخلاقیە. لەراستیدا دیدەکانی ئەمڕۆی ئەخلاق کە لەسەر بناغەی ردکردنەوەی بڕاوەی حوکمە دێنتۆلۆجیەکان دامەزراون، و وەك کاردانەوەیەك لەبەرامبەر عەقڵباوەڕی مۆدێرندا دروستبوون، دەکرێت تارادەیەك بەخودگەر ناوببرێن. دیارە بەو مەرجەی کە تاکی خودگەر بازنەی راستی ئەو دەرئەنجامە ئەخلاقیانەی بەدەستیهێناوە، تەنها بەکردارەکانی خۆی سنوردارکات و بە زاراوە "زیهنیگەرێکی رادیکال" بێت.

لەبەرامبەر ئەمەدا دیدی بابەتگەر هەیە کە بڕوای بە ستاندارد ئەخلاقیەکان و جۆرێك ژیانی ئەخلاقیە کە سەربەخۆ لە هەڵبژاردنە فەردی و کەسێتی و زیهنیەکانە. بابەتگەری مەترسی دیدی خودگەری لەئاژاوەی ئەخلاقیدا دەبینێت و

بەڵگەدێنێتەوە کە ئەگەر هەرکەس رێگەی هەبێت چی دەیەوێت بیکات، ئەو کات لەبەردەم مەترسی کەوتنە ناو نیهیلیزمەوەین. دۆستۆڤیسکی بە سەرنجدان لەم مەترسیە بوو کە دەیگووت هەر کاتێك وتەی کافرەکان قبوڵبکەین و بڵێین خوداوەند، ئەم باڵاترین هێزە دروستکەرەی پێویستە بابەتیانەی ئەخلاق بوونی نیە، ئەو کات رێگەمان دەبێت هەموو کارێك بکەین. بابەتگەر جەخت لەوە دەکات کە بە پێچەوانەی دیدی زیهنگەرەکانەوە، هەندێك کاری دیاریکراو ناتوانن باش و دروستبن (بۆ نمونە کوشتنی کەسێکی دی، دزی، دەستدرێژیکردنی جنسی) و ئەمەش حوکمێکی بڕاوەیە. وەك هەقیقەتێکی بابەتیە کە بەشێوەی فەرمان، حوکم یان یاسا دێت و هەموان دەبێت لەکردارەدا جێبەجێی بکەن. لەراستیدا لەنێوان بابەتگەری و دینتۆلۆجیدا نزیکیەکی لۆژیکی هەیە. هەردووکیان لەیەك سەرەتاوە دەستپێدەکەن. بەڵام لەنێوان زیهنیگەری رادیکالانە کە بڕوای بەڕەسەنایەتی هەمەڕەنگی رەوایەتیە ئەخلاقیەکان هەیە، لەگەڵ دیدی تیۆلۆجیدا، ناتوانرێ هیچ هاوئاهەنگیەك بدۆزرێتەوە. چونکە لەدیدی زیهنیگەری رادیکاڵدا یەك ئامانجی دوایی و قابلی قبوڵی هەموان، بوونی نییە.

تیۆرەی خودگەری رادیکاڵ رێگە بۆ دیدی رێژەگەریانە دەکاتەوە. لەبەرامبەردا بابەتگەری بە گشتی بە حوکمە دیۆنتۆلۆجیەکان واتە یاسا ئەخلاقیە یەکتاکان دەگات. دیارە دەشێت تیۆرەیەك هەم بابەتگەر بێت و هەم رێژەگەر. کۆمەڵگا و یاسا، دروستی یان نادروستی کرداری کوشتنی کەسێکی دی دیاریدەکەن. بەپێی هەلومەرجە کۆمەڵایەتیە – کلتوریە جیاوازەکان یاساکان جیاواز دەبن، بەڵام بەهەرشێوەیەك بووە جێبەجێکردنی یاساکان پێویستە. بەمانایەکی دی بەپێی هەلومەرجەکان و مەرجە تایبەتیەکان و لەسەر بناغەی دیدی رێژەگەریانە، دەکرێت یاساگەلێکی بابەتی و رەها دابڕێژرێ کە چیدی ملکەچی خودگەری و رێژەگەری نەبن، و جێبەجێکردنیان بەشێوەیەکی رەها پێویست بێت.

لێرەدا مەسەلەیەکی ئاڵۆز دێتەئاراوە. گریمان کردارێك بەپێی یاسا رێگە پێدراو یان پێویستە. کوشتنی کەسێکی دی لەپێناوی بەرگریکردن لەخود، لەخێزانی خود و تەنانەت لەپێناوی بەرگریکردن لەبێگوناهان، لەیاساکانی زوربەی ولاتەکاندا رێگەپێدراوە. هەر بەمشێوەیە کوشتنی سەربازی دوژمن لەسەر بناغەی

ئاراستەکردنی سیاسی، کۆمەڵایەتی و سەربازی (ئەوەی کە من لەپێناوی بەرگریکردن لەوڵاتدا بەو کارە هەڵساوم) بە شێوەیەکی گشتی رێگەپێدراوە. ئایا کاری ئەو کۆمەڵە سەربازە ئەمریکییەی کە بەشداریان لەجەنگی فێتنامدا نەکرد و کۆچکردن و زیندانکردنیان لەکوشتنی خەڵکی بێگوناە پێباشتر بوو، کارێك کە بەپێی دیدی رەهاگەری و دینتۆلۆجیانە رەوا نییە، لەرووی ئەخلاقییەوە کارێکی نادروستبوو؟ ئایا سەرپێچیکردن لەحوکمگەلێکی وەك: "تۆ دەبێت لەکاتی جەنگدا خزمەت بە وڵاتەکەت بکەیت؟"، "تۆ دەبێت یارمەتی سەرکەوتنی سوپاکەی خۆت لەجەنگدا بدەیت"، "تۆ دەبێت سەربازی دوژمن بکوژی"، لەنمونەی ئەو سەربازانەی بەشداریان لەجەنگی فێتنامدا نەکرد، ئاژاوەیەکی ئەخلاقییە؟.

جگە لەمە ئایا هەمان ئەو حوکمە هەمەکی و رەها و دینتۆلۆجیانە، وەك حوکمی یاسا مەدەنیەکان لەرێگەی رافەکردنە شەخسیەکانەوە، واتە بەپێی تاوتوێکردنی ئەگەرە پراکتیکیەکانی بەدیهاتنی پێشگریمانەکانی ئێمەوە نیە کە دەرکدەکرێت و جێبەجێدەکرێت؟ چەمکی بەرگری لەخود کە دەکرێ رەوایەتی بە کوشتنی مرۆڤێکی دیش بدات، تەنها لەسەر بناغەی رافەکردنێکی تایبەت دەتوانێت لەبارەی جەنگەوە بەکار بهێنرێت؟ سەربازێکی ئیسرائیلی بڕوایوایە کوشتنی کەسێکی ناڕازی فەلەستینی، لەپێناوی بەرگریکردن لەئیسرائیل و هاوڵاتیانی ئیسرائیلدایە. ئایا ئێمە ناچارین بۆ داوەریکردن لەبارەی کاری بەرجەستەی ئەو سەربازەوە، واتە کوشتنی لاوێکی بێگوناە، بەرافەکردنی ئەو بۆ "بنەمای" بەرگریکردن لەخود وازبهێنین؟ لەراستیدا دیدی زیهنیگەری رادیکال و رێژەگەر دەریدەخات کە سەرسەختترین حوکمە دینتۆلۆجی‌و رەهاکانیش، کۆمەڵێك حوکمی رافەیین. نوسینەکەی هانائارنێت "ئایشمان لەئۆرشەلیم"دا و پرۆژەکەی لەبارەی "داڕزانی خراپەوە"، ئەم لایەنە روندەکاتەوە. هەر کەسێك بەپێی تەسلیمبوون بە حوکمە ئەخلاقیە رەهاکان (لەراستیشدا بەپێی رافەکردنەکانی بۆ ئەو حوکمانە کە دەکرێت رافەکردنێك بن لەخزمەتی تاواندا)، دەکەونە هەڵوێستی هەڵبژاردنی خراپەوە. لەهەلومەرجی ئەخلاقی دینتۆلۆجیانەدا، بە پێچەوانەی روکەشی زانستی و رەهاگەرانەی حوکمەکانیەوە، کرداری رافەکردن بەردەوامدەبێت. هەرکەسێك دەتوانێت رەوایەتی بۆ کارەکانی خۆی بدۆزێتەوە، و هەموانیش هەروا دەکەن.

بناغەی بڕوای ئەو کەسانەی لەوتوێژە ئەخلاقیەکاندا، "سروشتگەرن"، واتە ئەو بابەتگەرانەی کە بڕوایانوایە داوەریە ئەخلاقیەکان، دەرخەری "کۆمەڵێك راستین" لەبارەی جیهانەوە، بەهۆی دیدی هێرمۆنتیکی سەرەوە دەچیتە ژێر پرسیارەوە. سەربازێك کە دێهاتیەکی بێگوناە ناکوژێت، لەسەر ڕاڤەکردنێك بۆ باشە و دیارە بۆ ئەنجامدانی ئەرك، خزمەتکردن بە وڵاّت و ئەمجۆرە شتانە، وا ڕەفتار دەکات. ئەم ڕاڤەکردنانە ناگەڕێنەوە بۆ مەسەلە سروشتیەکان، بەڵکو دەگەڕێنەوە بۆ ڕاڤەکردنی دی. دواجار هەڵسەنگاندنی ئێمە لەبارەی دروستی و نادروستی کاری سەربازە ئیسرائیلەکەوە کە فەڵەستینیەکە و سەربازە ئەمریکیەکە کە فێتنامیەکە و فەرمانبەری ئاشفێتز کە یەهودیەکە دەکوژێت، بۆ ڕاڤەکردنی ئێمە بۆ کوشتن و بۆ کاری تایبەتی

ئەو سەربازانە و بۆ ئەو ڕاڤەکردنانەی بۆ ڕەوایەتیدان بە کارەکەیان کردویانە، دەگەڕێتەوە، نەك بۆ مەسەلە سروشتیەکان. نارازیبوونی من بۆ سزادانی لەسێدارەدان، دەکرێت لەبەرئەوە بێت کە توانای گەڕاندنەوەی نیە. واتە لەسەر بناغەی ئەو تێڕوانینە یان ڕاڤەکردنانەی بۆ ڕەوایەتیدان بە کارەکەیان کە ئەنجامدانی کارێکی کە نەتوانین بۆی بگەڕێینەوە و چاکیبکەین، ڕاست نیە. ئەگەر کەسێك لەسێدارە بدرێتو پاش مردنەکەی دەرکەوێت بێگوناە بووە، ڕێگەیەك بۆ گێڕانەوەی ژیان بۆ ئەو مرۆڤە نیە. لەسەر بناغەی ئەم تێڕوانینە، من حوکمێکی ئەخلاقی بۆ دژایەتیکردنی حوکمی لەسێدارەدان دەدەم.

-٣-

"پێدەچێت هەر پیشە و هەر لێکۆڵینەوەیەك، هەروەها هەر کردار و نەخشەیەك ڕووی لە باشە بێت. لێرەوەیە باشە وەك شتێك پێناسەدەکرێت کە هەموو شتەکات ڕویان تێکردووە" کتێبێك کە پێدەچێت سەربەخۆترین تێکست بێت کە لەبارەی ئەخلاقەوە لە فەلسەفەی ڕۆژئاوا نوسراوە، بەم ڕستە ڕاشکاو و بڕاوەیە دەست پێدەکات. ئەخلاقی نیکۆماخۆسی ئەرستۆ دەستپێکی تێڕوانینێکی باڵادەستە لە مێژووی ئەخلاقدا کە پێشتر بە "ئامانجخوازانە" ناومانهێنا. بەپێی ئەم تێڕوانینە هەموو کردارەکانی ئێمە ڕووی لە مەبەست، ئەنجام و ئامانجێکە (بە یۆنانی Telos).

هەموو یەکێك لەئێمە ژیانی خۆمان بەشێوەیەکی زانراو یان نەزانراو بەئاراستەی دەستگەیشتن بە ئامانجێك ڕێکدەخەین. ئەم ئامانجەش ئاراستەکەری دروستی یان نادروستی، ئەخلاقی یان نائەخلاقی کردارەکانمانە. ئەم پەیوەستبونەی ئامانج و ژیان، لەباسکردنی ئەخلاقدا یەکجار گرنگە، چونکە ئەوەش پیشاندەدات کە ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمە بەستراوە بەئامانجێکەوە. ئەخلاق ئاشکراکەری ئاراستەوەرگرتنە فەردیەکانیو سیاسەت ئاشکراکەری ئاراستە وەرگرتنە کۆمەڵایەتیەکانی ئێمە بەرەو باشەن. لەئاستی ئەخلاقیدا ئەم باشیە لەچاوی ئێمەدا خۆشبەختیە(Eudaimonia) لەئاستی کۆمەڵایەتیشدا بەدەستهێنانی خۆشبەختیە لەکۆمەڵگایەکدا کە بەباشترین شێوە بەڕێوە دەبرێت. ڕەنگە لەبەر ئەم هۆیە بێت کە دەگوترێت ئەرستۆ کتێبی سیاسەتی وەك درێژە پێدانی بەرهەمەکانی لەبارەی ئەخلاقەوە نوسیوە.

پەیوەستبوونی سیاسەت و پرسی کۆمەڵایەتی لەناو خودی وشەی یۆنانی (πολητικοο) دا ئاشکرایە. مرۆڤ وەك بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی بەردەوام بەدوای دۆزینەوەی شێوەی دروستی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوەیە. شێوەیەك کە لەگەڵ وێناکانی مرۆڤدا بۆ خوشبەختی فەردی هاوئاهەنگ بێت. لە ئەخلاقی نیکۆماخۆسیشدا وەك هەر بەلگەیەك کە لەژیانی فکریو کرمەڵایەتی یۆنانیەکاندا بەجێماوە، گریمانەی سەرەکی ئەوەیە مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتیەو لەنێوان

بەرژەوەندیەکانی تاکەکەسو بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگادا هاوئاهەنگی هەیە. لەئەنجامدا داواکردنی خۆشبەختی لەلایەن تاکەکەسەوە، دەتوانێت بەمانای ئارەزوی خۆشبەختی بۆ گشت بێت. خۆشبەختی راستەقینەی تاکەکەس وەك یەکێك لەئەندامەکانی دەوڵەتشار، دەبێتەهۆی خوشبەختی کەسانی تریش. لەهەمان ئەو ڕستانەی یەکەمی کتێبەکەدا کە لەسەرەتادا هێنامانەوە پیشەسازی لەبەرامبەر تخنە بەمانای پیشە، هونەر هاتووە کە هاوکات لەگەڵ هەموو جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی مرۆییدا وکردار و نەخشەیەکدا ڕوو لە ئامانجێك بکەن. هیچ یەك لەمانە خەسڵەتێکی فەردیان نیە. گەڕان بەدوای باشەو خۆشبەختیدا بەشێوەیەکی ناچارانە خەسڵەتێکی کۆمەڵایەتی هەیە.

ڕەنگە لەبەرئەمە بێت ئەفلاتۆن هەرگیز دیالۆگێکی لەبارەی ئەخلاقەوە نەنوسی. لەکۆماردا کە باشترین جۆری حکومەت بۆ دەستگەیشتن بە باشترین جۆری

ژیانی مرۆڤ هێنراوەتە ئاراو بڕیارە کە دادپەروەری بناسرێت و پێناسبکرێت، باسەکە بەردەوام لەسنوری نێوان سیاسەت و ئەخلاقدا دەڕواتە پێشێ. ئەفلاتوێن زۆر باسی مەسەلە ئەخلاقیەکان دەکات، بەڵام بەشێوەیەکی پەرشوبلاو و لەدیالۆگی جیاجیادا. لەدیالۆگی فیلبسدا سوکراتی بەتەمەن لەگەڵ دوو فەلەسوفی لاو پرۆتارخۆس و فیلیبسدا لەبارەی مەسەلەیەکی زۆر گرنگی فەلسەفەی ئەخلاقەوە قسەدەکەن. لەروانگەی فیلبس و پرۆتارخۆسەوە شتی باش بۆ هەموو گیانلەبەران چ مرۆڤ و چ ئاژەڵ مایەی لەزەت و

خۆشیە. سوکراتی ئەفلاتوێن ئەم رایە قبوڵناکاتو بڕوایوایە کە "باشی" لەبیرکردنەوە و زانایی و هێزی یادەوریەوە نزیکە: "ئیمە خەیاڵی دروست و هەڵسەنگاندنی عەقڵانیانە بۆ هەرکەسێك کە بتوانێت سودیان لێوەربگرێت، بەباشتر و گرانبەهاتر لە خۆشی و لەزەت دەزانین". سوکرات بڕوایوایە ئەو چۆنایەتیە رۆحیەیی دەبێتەهۆی ئەوەی ژیانی مرۆڤ هاوڕێی شادی و خۆشبەختی بێت، زانایی و خودی خۆشی ناتوانێت یەکسان بەباشی بێت. سوکرات دەڵێت ئەگەر کەسێك لەشادی بەهرەمەند بێت، بەڵام نازنێت کە شادە، خوشبەخت نابێت، و ئەگەر لەهێزی یادەوەریش بێبەش بێت، ئیدی وێنایەکی بۆ خۆشبەختی نابێت. چونکە بەبیریدا نایەتەوە کە سەردەمێك شاد بووە و سەردەمێکیش غەمگین. توانای بەراوردکردنیشی لەنێوانیاندا نابێت، وەك روەکەکان دەژی.

هەرئەم شکڵەی زانایی، عەقڵ و ناسینیش ئەگەر هاوڕێی لەزەت نەبن، بەکار نایەن و لەئەنجامدا ئەمانە خودی باشی نین. بانگەشەی سوکرات ئەوەیە کە ماوەی نێوان زانایی و باشی، چەندانجار لەماوەی نێوان لەزەت و باشی کورتترە. کۆی دیالۆگەکە بۆ سەلماندنی ئەم خاڵە تەرخانکراوە، و لە کۆتایدا لەکۆبەندی سوکراتدا دەخوێنینەوە کە نەمری یەکەم شتە کە لەباشەوە نزیکە، میانڕەوی و کەماڵ و بەسبوون لەپلەی دوهەمدان، عەقڵ و روناکبینی و خەیاڵی دروست لە پلەی سێهەمدان، و پلەی چوارهەمیش سەربە جیهانی رۆحە، واتە زانین و هونەر و خەیاڵی دروست و دواجار لەزەت لە پلەی پێنجەمدا دێت. ئەمانە فەزیلەتەکانی مرۆڤن. بەڵام لەپارچەی ٤٢٨ی کۆماری ئەفلاتوێندا تەنها باسی چوار "فەزیلەتی سەرەکی" کراوە: زانایی، ئازایەتی، میانڕەوی و دادپەروەری.

لەدیدی ئەرستۆوە مەسەلەی دۆزینەوەی فەزیلەتەکانی مرۆڤ گرنگە. بەڵام ئەرستۆ بۆ دۆزینەوەی وەڵام ڕێگەیەکی دی دەگرێتەبەر، وەهەوڵدەدات لەفەسڵەکانی چوارەم تا دوانزەهەمی کتێبی ئەخلاقی نیکۆماخۆسدا بیسەلمێنێت کە ئامانجی دروستی مرۆڤ، کە دەکرێت بە ئامانجێکی ئەخلاقی بزانرێن و بەدواداچوونی ببێتەهۆی ژیانی دروستی مرۆڤ خۆشبەختیە. تەنانەت هاوڕێیەتی، یان ئەو سیفەتانەی لە مرۆڤدا جێی ستایشن وەك ئازایەتی، میانڕەوی، راستگۆیی، دادپەروەری و لەمبابەتە شتانە، تەنها لەپەیوەندیە بە خۆشبەختیەوە مانا وەردەگرن. لەراستیدا ئەرستۆ زۆر سەرقاڵی ئەو خاڵە نیە کە خۆشبەختی چیە، و بەشتێکی کەمتازۆر بەدیهیو ئاشکرای دەزانێت. ئەرستۆ زیاتر لەو ڕێگەو شێوازانەی کە خەڵکی بۆ گەیشتن بە خۆشبەختی هەڵیدەبژێرن، قوڵدەبێتەوە. دیارە ئاشکرایە "خۆشبەختی" لەلای ئەرستۆ بەمانای حاڵەتی دەرونی نیە، و لەزەتو خۆشی بەنوێنەری وردی خۆشبەختی نازانرێن. خۆشبەختی ئامانجێکە کە هەلومەرجی ئەنتۆلۆجی مرۆڤ دیاریدەکات. شێوەیەك لەژیانی ئێمە نزیکە لە خۆشبەختیەکەوە کە بەشی ئێمەو ئەوانی دی، واتە تاکەکانی دی دەوڵەتشار دەبێت. هەڵبژاردن یان دۆزینەوەی ڕێگەیەك کە ڕێنمایم بۆ حۆشبەختیبکات، لە حوکمی گەشانەوەی کەماڵی سیفەتی مرۆیی منداید، و فەزیلەتی منیش هەر لەم هەڵبژاردنەدا شکڵوەردەگرێت. لەزەت یەکێك لە دەرئەنجامەکانی ئەم هەڵبژاردنەیە. ڕەنگە بکرێ بگوترێت پرسیاری سەرەکی ئەخلاقی ئەرستۆ بریتیە لە: من چۆن بژیم بەشێوەیەك بتوانم بڵێم باش و دروست ژیاوم، و توانا مرۆییەکانم تا بەرزترین ئاست پشکوتووە؟

لەلایەکی دیەوە بەهێنانە ئارای مەسەلەی ئامانج، جۆرێك کارکردن و دواجار ئاراستەکردنی کارەکان و بیرکردنەوەکانی ئێمەش دێتەئاراوە. مەگەر ئامانجی پزیشك گیڕانەوەی تەندروستی نەخۆش نیە؟ کەوابوو کاری پزیشکەکە بەم ئامانجە ئاراستە دەکرێت، تائەو جێگەیەی لەزوربەی حاڵەتەکاندا تەنانەت سەرنەکەوتنیشی نابێتە هۆی ئەوەی هێرشی بکرێتەسەر یان تۆمەتبار بکرێت. ئامانجی دروستکردنی کەشتی، سەفەرکردنە. سەفەر بەهەر دەرئەنجامێك بگات، تا ئەوکاتەی بەکەشتیەکی باشو چاك دروستکراودا ئەنجامدەدرێت، کاری دروستکەری کەشتی ئاراستە دەکرێت. هەوڵی مرۆڤ ئەگەر لەپێناوی خوشبەختی و باشیدا بێت، بەومانایەی مەبەستی خۆشبەختی

تاکەکەس و کۆمەڵگا بێت، هەوڵێکی ئاراستەکراو و ئەخلاقی. خۆشبەختی ئامانجێکە کە بونەوەرێکی ئەخلاقی بەدوایدا دەڕوات، و تەنهاش بۆ خودی خۆی داوای دەکات. ئەرستۆ پیشانیداوە ژیانێکی باش چالاکانە دەڕواتە پێشێ، کۆکەرەی سیفەتەکانی باشیە، خۆی ئامانجو مەبەستەو بڕیار نیە بەهەڵبژاردنی بەجێگەیەکی دی بگەین و شتێکی دی بەدەستبێنین. ئەوەی ئەرستۆ ناوینانەوە تەکبیرکردن، لەخزمەتی ئەم ئامانجەدایە. من بەردەوام دەبێت لەبارەی ئەو رێگایانەی بەرەو ئامانجم دەبەن، قوڵبمەوە. ئەم قوڵبونەوەو تەکبیرکردنە تیوریییە، دواجار راستبوون و ناراستی ئامانجەکانم روندەکەنەوە. تەکبیرکردن بەپێی نمونە بەناوبانگەکەی ئەرستۆ وەك هێڵێکی چەماوەیە کە بۆ گونجان لەگەڵ شێوە پڕ پێچوپەناکاندا شکڵی خۆی دەگۆڕێت. گونجاندنی شێوازە جیاوازەکانی ژیان لەگەڵ یەکدا، وشێوەکانی ژیانی مرۆڤ پێکەوە بۆئەوەی رێگە بۆ هاوسەنگی سەرەکی، واتە دروست ژیان تاکەکەس و هەموان بکرێتەوە، کاریکە کە لەسەر بناغەی دۆگمەکان و ڕێسا نەگۆڕەکانەوە ئەنجامنادرێت. چەندانجار رووەدات کە خێرێك دەکەینە قوربانی خێرێکی دی. دیارە ژیانی دروست و باش ئامانجی دوایی ئێمەیە، بەڵام قابیلی زیان پێگەیاندنەو بەردەوام لەپێناوی گەیشتن بەم ژیانەدا هەوڵدەدەین، وهەندێکجاریش لەم رەوتەدا بۆ دواوە دەگەڕێینەوە.

ئەرستۆ بەپێچەوانەی ئەوەی لەسەرەتای کتێبەکەیدا دەردەکەوێت، خۆشبەختی بەخاڵێکی بەدیهی نازانێت. سەرنجبدەن کە بەبڕوای ئەرستۆ ئێمە ناتوانین باسی خۆشبەختی بەمانا ئەفلاتۆنیەکەی بکەین، و "خۆشبەختی بەمانای هەمەکی و گشتی" واتە بەمانایەك کە هەموان قبوڵیان بێت، بوونی نیە. ئەرستۆ لەئاماژەیەکی زمانناسیانەدا دەریدەخات وشەی eudaimoniaش لای هەموان یەك مانای نیەو لەزەمینەی جیاوازدا، ئاشکراکەری ئامانجی جیاوازە. مرۆڤی زانا باشی بە ئامانجی کۆتایی خۆی دادەنێتو لەگەڵ کەسانی زانای تردا لەبارەی پێناسێکەوە بەو رێکەوتنە دەگات کە باشی بۆ خودی خۆی داوادەکرێت. مرۆڤی داناو جیا و سەربەخۆ لە رووداوەی ساتەوەختەیەکانو ئەو رێکەوتنانەی لەژیانیدا دێنە پێشێ، خۆشبەختی لەگەڵ باشیدا بەیەکشت دەناسێت.

گەڕان بەدوای خۆشبەختیدا لەچالاکیەکانی مرۆڤدا بەرچاو دەکەوێت. عەقڵی

پراکتیکی کە لەسەرجەم میژووی میتافیزیکدا لەگەڵ گەڕانی ئەخلاقیدا بەیەکشت دادەنرێت، سەرچاوەی لێرەوە وەرگرتووە. خواست و داواکردنی خۆشبەختی مەسەلەیەکی پراکتیکیو لەراستیدا چالاکیەکی مرۆییە. جۆرێك کرداری عەقڵانیە کە کۆتاییو ئامانجێکی زیاتر لە بەدیهاتنی خواستەکان، ئارەزوەکانو غەریزەکانی مرۆڤ، داوادەکات. کاتێك لەباسەکەی ئەرستۆ لەبارەی فەزیلەتەوە ورددەبینەوە، ئەم خاڵە باشتر روندەبێتەوە. فەزیلەت گەڕانە بەدوای شتێکدا کە نیمانە، ئامانجێکە لەکۆتایی رێگاکەدا، شتێکی سەر بە ئایندەیە، بەڵام مانا بە ئەمڕۆی ئێمە دەبەخشێتو پاساوی پراکتیکی و عەقڵانی بۆ چالاکیەکانمان دێنێتەوە. ئەرستۆ نالێت ئێمە دەبێت چیبکەین، بۆ ئەوەی بەخۆشبەختی بگەین. ئەرستۆ دەریدەخات کە راستی یان هەڵەی کرداریك بەستراوە بەوشتەوەی بەرهەمیدێنێت. دەبێ لەوە بکۆڵینەوە ئایا ئەم دەرئەنجامە هەنگاوێکە بەرەو پێشەوە لەپێناو بەدەستهێنانی خۆشبەختیدا بەمانا هەمەکیەکەی یان نا. چالاکیەکانی ئێمە لەخۆیاندا راست یان هەڵە نین، بەڵکو بەپێی ئەو دەرئەنجامانەی هەیانە راست یان هەڵەن. دەرئەنجامەکانیش پەیوەستن بەهەندێك هۆکاری تری جیاواز لە مەبەست نیتەکانی ئێمەوە. لەکتێبی دوهەمی ئەخلاقی نیکۆماخۆسدا فەزیلەتی ئەخلاقی خراوەتە بەرباسو بەسروشتێکی مرۆیی دانراوە. سروشتێك کە لەهەڵبژاردنی هۆکاری پێویست بۆ گەیشتن بەئامانجی کۆتایی واتە خۆشبەختی، خۆی پیشاندەدات. فەزیلەتی ئەخلاقی یەکێك لە خەسڵەتە سروشتیەکانی مرۆڤ نیە. هیچکەس بە فەزیلەتەوە لەدایك نابێت: فەزیلەت بەدەستدێتو دەبێت بەخەسڵەتێکی هەڵبژێرراوی ئێمە. ئێمە ئەم فەزیلەتە بەهۆی پەروەردەوە بەدەستدێنین، چونکە هێواش هێواش فێردەبین کام هۆکارانە رێخۆشکەری خوشبەختی ئێمەن. فەزیلەت دۆزینەوەی میانڕەوییە. دۆزینەوەی هاوئاهەنگیە لەنێوان هەلومەرجی هەبوداو هەلومەرجی مەبەستدا.

ئەرستۆ دەیویست بەدەر لەحاڵەتە دەرونیەکانی مرۆڤ، لەرێگەی عەقڵانیەتی فەلسەفیەوە ئامانجی ژیانی مرۆڤ بدۆزێتەوەو لەم ئاراستەیەشدا بە چەمکی خۆشبەختی گەیشت. ژمارەیەك لە لایەنگرانی دیدی ئامانجخوازانە لە ئەخلاقی مۆدێرندا، باسەکەیان بەرەو هەمان ئەو حاڵەتە دەرونیانە وەرگێڕا کە ئەرستۆ

خستبویە لەلاوە. لەدیدی بیریارانی رۆژگاری مۆدێرنەوە مەسەلەکە نەیدەتوانی لەگونجانی تاکەکەس‌و کۆمەلگاوە دەست پێبکات کە لەلایەن ئەرستۆوە قبوڵکرابوو. لێرەوە کاری فەیلەسوفی ئەزمونگەری رۆژگاری مۆدێرن لەبواری ئەخلاقدا بەمشێوەیە دەربڕا: من چۆن دەتوانم خۆشبەخت بم و تادوا سنور لەزەت لە ژیان وەربگرم و قازانج بکەم؟. ئیدی من واتە سۆبژێکتی زانا، بناس، سەربەخۆ و چەقگرتوو لەئارادا بوو. پرسیارەکە وادەهێنرایە ئارا: "ئێمە چۆن دەتوانین قازانج بکەین". تاکگەری مولکدارانە لەئارادا بوو. دواسنوری شادی و قازانجکردن بە ئامانجی سەرەکی هەر مرۆڤێك دەزانرا. ئەگەر باسی بەرژەوەندی گشتیش لەئارادا بوایە، ئەوا نەك باسی واقعی دیموکراسی راستەوخۆو هاوئاهەنگی تەواوی هاوڵاتی ئازادو کۆمەلگا، بەڵکو باسی هێزێکی نهێنیئامێز و غەیبی دەکرا. رێك وەك ئەو "دەستە غەیبیەی" ئادام سمیس لەباسە ئابوریەکانی خۆیدا بۆ بەرگریکردن لە کاروکردەوەی بازاڕی ئازاد، و"چاودێرێکی بێلایەن" کە لەباسە ئەخلاقیەکانی خۆیدا دەیهێنایە ئاراوە. تەنها کاتێك وێنای خۆمان لەدەرەوەی خۆمان بکەین دەتوانین بیر لەفەزیلەتە ئەخلاقیەکان بکەینەوە. لەدنیای واقعی رکەبەرایەتی سەرمایەداری‌و خەبات لەپێناوی مانەوەدا، گریمانیەکی لەمچەشنە مانایەکی نهێنی ئاشکرادەکات: هەموو کەسێك بەدوای قازانج‌و خۆشگوزەرانی خۆیەوەیە.

فەیلەسوفانی ئەخلاق لەنیوەی سەدەی هەژدەدا (کە بە ئەرکی خۆیان دەزانی وەڵامی ئەو چەمکەی هۆبز بدەنەوە کە مرۆڤی وەك بونەوەرێکی خۆویست و بەرژەوەندیخواز دەبنیی کە لەرێگەی دەسەلاتێکی رەهای حکومەتەوە نەبێت، نایەتە ژێربار) جەختیان لەسەر بوونی هەستی ئەخلاقی"Moral Sense" دەکرد. هەستێك کە دەکرێت لەرێگەیەوە جیاوازی نێوان خراپە و باشە باشە بزانرێت. لۆرد شافتەر بۆری و فەرانسیس هاچسن لە بەرجەستەترین ئەو بیریارانە بوون کە ئەم چەمکە ئاڵۆزەی هەستی ئەخلاقیان هێنایەئاراوە. ئەوە "هەستی دەرونیە" کە شتە جوان و ئەخلاقیەکان کاری تێدەکات‌و کاردانەوەی تیا دروستدەکەن. هەر بەهۆی ئەم هەستی دەرونیەشەوەیە کە مرۆڤ ئەوەی بەشێویەکی بەرجەستە لەبەرژەوەندی‌و قازانجێتی، دەناسێتەوە. مرۆڤ نەك بەهۆی عەقڵ‌و لۆژیکەوە بەڵکو بەهۆی ئەم هەستەوە، ژیانی ئەخلاقی دەگرێتەبەر. زانستی ئەخلاق دەبێت ئەو بابەتانە

تاوتوێبکات کە پەیوەندی بەهەستی ئەخلاقیەوە هەیە. چەمکی هەستی ئەخلاقی لەباسەکانی هیومدا درێژەی پێدرا. هیوم فەلسەفەی ئەخلاقی بە زانستی خەسڵەتی مرۆڤ دادەنا، و لەراستیدا سنورێکی ناوردبینی لەنێوان ئەخلاق‌و دەروناسیدا دەکێشا. بەبڕوای هیوم لەژیانی پراکتیکی ئێمەدا ئەو باوەڕە بنەڕەتیانەی دەبنە هۆی پێشکەوتن، لەعەقڵەوە دروستنابن. ئەو باوەڕانەی خەڵکی بەشێوەیەکی پێشینە و بەشێوەیەکی هەستیاری پێیگەیشتوون و بە راستیان دەزانن، دەبنە سەرچاوەی ژیانی ئەخلاقی مرۆڤەکان. ئەو جیاوازیانەی ئێمە لەنێوان باشەو خراپەدا دایدەنێن، بەو وێنایەوە کەبۆ بابەتە سودمەندەکان هەمانە، دەرئەنجامی کاری عەقڵ نیە، بەڵکو دەرئەنجامی هەستی ئەخلاقی ئێمەیە.

لەدیدی جرمی بنتامەوە ..بایاشناسی یان زانستی ئەخلاق کە پاش مردنی بلاوکرایەوە، لەزەت و رەنج هەمان ئەو مانا ئاساییانەی کە هەیە کە خەڵکی مەبەستیانە لێی. ئەمانە کۆمەڵێك پێدراوی دەرونین و لەو روشەوە کە مرۆڤ بەدوای زۆرترین لەزەتەوەیە‌و هەوڵدەدات تادوا سنوری شیاو لە رەنجی خۆی کەمبکاتەوە، پێویستی بە ئەخلاق دەبێت. سودخوزای رونکەرەوەی رێگەو شێوازێکە کە زۆرترین لەزەت مومکین دەکات. لەراستیدا حوکمی ئەخلاقی تاوتێوێکردنی رادەی زۆرترین لەزەت یان زۆرترین رەنجە کە بابەتی حوکمەکە بەرهەمیدێنێت. ئەم خاڵە لەوتاری بەناوباگی سودخوازی جۆن ستیوارت میلدا تاوتوێکراوە. ئەم وتارە لەچەند وتارێکی پێکەوەگرێدراو دروستبووە، هەرچەند تیاییدا چیدی ئەو شێوازە ڕەوان و درەخشانەی لەبارەی ئازادیەوە نابینرێت، بەڵام خاوەن خەسڵەتی راشکاوی و سادەیی دەربڕینە. حوکمی سەرەتایی میل زۆر بەناوبانگە: سودخوازی بڕوایوایە کردارەکانی مرۆڤ تا ئەو جێگەیە راست و شایستەیە کە بەئاراستەی زیادکردنی شادی بێت، لەو شوێنەشدا ناراست‌و ناپەسەندە کە بەئاراستەی کەمکردنەوەی شادی بێت. شادی ئامانجی ئەخلاقی هەموانە. سودخوازی سەرچاوەی هەموو مەسەلە سەرەکیەکانی ئەخلاقە، و دیارە دەبێ ئەمەش بەفراوانترین مانای خۆی وەربگرین کە لەسەر بناغەی بەرژەوەندی هەمیشەیی مرۆڤ دامەزراوە. راجر کریسپ لەکتێبی میل‌و سودخوازیدا دەنوسێت چەمکی سود بەدەر لەو گرنگیە زۆرەی لە باسی ئەخلاقی میلدا هەیەتی، زۆر ورد نەکراوەتەوە و باشترە لەبریئەم چەمکە سود لەچەمکی

خوشگوزەرانی (Welfare) ڕێك وەك بەو مانایەی کە ئەمڕۆ هەیەتی، وەربگرین. ئەوکاتەی تێزی ئەوپەڕی سود، بە ئەوپەڕی خوشگوزرانی بزانرێت، باشتر ئەو مانایە روندەبێتەوە کە میل مەبەستێتی. دەبێت ئەزموونی لەزەت، ملکەچی خۆشگوزەرانی بێت. خۆشگوزەرانی بەسەر لەزەتدا بالادەستە. کاتێك نەخۆشێکی جگەر لەزەت لەخواردنەوەی مەی وەردەگرێت، خۆشگوزەرانی خۆی دەخاتە مەترسیەوە. ئێمە بۆیە بەدوای لەزەتەوەین، چونکە وا هەستدەکەین سودی بۆ ئێمە هەیە. بەڵام سود یان خۆشگوزەرانی بەپێی ڕێسایەکی جیاواز لە لەزەت دیاریدەکرێت. لە فەسڵی دوهەمو سێهەمی سودخوازیدا میل باسی "هەستێکی سروشتی بەهێز" لە مرۆڤدا دەکات کە لەراستیدا هەستی کۆمەڵایەتی مرۆڤە و ئارەزووە بۆ دروستکردنی یەکێتی لەگەڵ ئەوانی دیدا و ژیان لەم یەکێتی و هاوئاهەنگیەدا. لەراستیدا ژیانو هەستی کۆمەڵایەتی ژیانی سروشتی مرۆڤە. ئەو ناتوانێت خۆی بەیەکێك لەئەندامەکانی هەمەکیەك ببینێتو هەرگیز ناتوانێت دواکاری خۆشگوزەرانی بۆ خۆی بە تێزی ڕەهاگەرانەی هەموو شتێك بۆ من، کۆتایی بێت. هرچەند کۆمەڵگا زیاتر پێشبکەوێت و لە کەمی کەرەسە مادی و پێویستەکان کەمبێتەوە، تاکەکان زۆرتر تەبایی و بەرژەوەندی هاوبەشیان دەبێت. بەدەربڕینێکی دی خۆشگوزەرانی، شادی و سودوەرگرتن، بەرنامەی مۆدێرنەیە.

نیتچە ڕەخنەگری سەرسەختی مۆدێرنە، گاڵتە بەم وتەیەی میل دەکات. نیتچە لەپارچەی یەکەم و دوهەمی یەکەم وتاری جینالۆجیای ئەخلاقدا هەوڵی "هەندێك دەروننناسی ئینگلیزی" کە هەوڵدەدەن باشی لە سودو خۆشگوزەرانیەوە بەرهێنن، ڕەد دەکاتەوە. تەنها کەسێك کە خۆی لە خۆشگوزەرانیدا بژی، لەگەڵ ئەمجۆرە باشی و ئەخلاقەدا هاوڕا دەبێت. چەمکی ئەمڕۆیانەی باشی بەوشێوەیەی سودخوازان دەیهێننە ئاراوە، هیچ تازە نیە، و دروستکراوی ئەرستۆکرات و نەجیبزادەکانی سەدەکانی ناوەڕاستە. ئەوان خۆیان بە باش دەزانی، و هەوڵیاندا لەڕێگەی پێناسی خۆیانەوە بۆ "باشی" خۆیان لەخەڵکی بێسەروبەر، واتە فەقیرەکان جیابکەنەوە. لە ڕوبەڕوبونەوەی ئەم چەمکەی باشیدایە کە تۆڕەیی _ نەفرەت (Resssenitment) دروستدەبێت. هەستێك کە خەڵکانی بێدەسەلات بەرامبەر بەو کەسانە هەیانە کە لە پلەوپایەکانی دەسەلاتی کۆمەڵایەتیدان. لەبەر هۆی کارکردنی

ئەم تۆڕەیی-نەفرەتەوەیە کە پۆلبینەکان، واتە خەڵکانی ئاسایی بەهاکانی خۆیان بونیاددەنێن، وتەنانەت شێوەیەکی سیستماتیکی پێدەبەشخن. ئەمڕۆ نەجیبزادە ئینگلیزیەکان لەبیریان چۆتەوە کە ئێمە دوو جۆر ئەخلاقمان هەیە: ئەخلاقی کۆیلەکانو ئەخلاقی ئاغاکان. لێرەوە زاراوەکان باشو خراپ، مانای ناکۆك بەیەك وەردەگرن. ئەخلاقی ئاغاکان دەسەڵاتو ڕەسەنایەتیو پشبەستن بەخۆ بە باش دادەنێن، و کۆیلە هاودەردی و لێکبوردنو تەحەمول بە باش دەزانێت، واتە ئەو سیفەتانەی لە مەسیحیەتدا ستایشیانکراوە. کۆیلەکان سیستەمی بەهای خۆیان دروستدەکەن، و موسیحیەکان و سودخوازان و فەیلەسوفانی ئینگلیزی پلەبەندی بەهاکانی ورد دەکەنەوەو وادەزانن فۆرمیان بەسیستەمکی هەمەکیو گەردونی ئەخلاقی داوە. ئەوەش کە ئەم دوو زنجیرە بەهایە و ئەم دو شێوە دواليزمەی باش و خراپە دەتوانێت لەناو دەرونی یەك کەسیشدا جەنگێك بەرپابکات، لەدیدی دەروناسە ئەخلاقیەکانەوە دور دەبێت. ئەمڕۆ لەناو "خەسڵەتە مەزنەکانی" مرۆڤیشدا، هەر ئەم جەنگە بێبەزەییانە لەئارادایە و چیدی جێگەیەك بۆ پەرەپێدانی ئەخلاقی ڕەهاو گەردوونی نەماوە.

نیتچە لەدوا فەسڵی "هەنوکە مرۆڤ"دا، واتە دوا کتێبێك کە ئامادەی کردبوو، دەپرسێت: "ئایا من دەرککراوم؟ ئەو شتەی پێناسی من دەکات، ئەو شتەی لەمرۆڤەکانی دی جیامدەکاتەوە، ئەوەیە کە دەمامکم لەسەر ئەخلاقی مەسیحی هەڵگرت؟". نیتچە گوتی کە گرنگترین کاری خۆی بەوە دەزانێت دواجار قسەیەك بکات کە ئەوانی دی خۆهەڵخەڵەتێنەرانەو تاوانکارانە لەبەرامبەریدا بێدەنگبوون. کوێربوون لەبەرامبەر ئەخلاقی مەسیحیدا، تاوانێکە دەرهەق بە ژیان. ئەمجۆرە ئەخلاقە دەبێت بخرێتە لاوە. زەردەشتی پێغەمبەر بوو کە "مەرگبارترین هەڵەکان، واتە ئەخلاقی داهێنابوو". ئەخلاقی درۆ، هەڵەو خواستی درۆ. بەڵام خواستی خودی نیتچە کامەیە؟ دەڵێت "هەقیقەتێکی ترسناك": سەرلەنوێ پیاچونەوە بەسەرجەم بەهاکاندا. فەیلەسوف دەبێت بەهادانانی یەکلایەنە، لوسو بێتام بخاتە لاوە، دەوری خۆی بگۆڕێت، و چیدی ئەندازەگیری باشەو خراپە لەبواری بەهاکاندا نەمێنێتەوە. فەیلەسوف دەبێت لە "ئەخلاقی مێگەلی" خۆی بەدور بگرێت، و بچێتە ئەودیوی چاکەو خراپەوە. دەبێت بەهایەکی مەزنتر لە بەها ئەخلاقیە هەبوەکان بخوڵقێنێت،

یان لانیکەم هەواڵەکە بهێنێت: ئەخلاقی سەر بە مەزنە مرۆڤ.

سەرچاوە:

بەشێك لەفەسڵی دوهەمی ئەم کتێبە:

بابك احمدی: معمای مدرنیته. تهران. نشر مرکز. چاپ اول . ۱۳۷۷".

ئەفسانەی مەکیاڤیلی

نوسینی: ئەڕنست کاسیرەر

لەسەرتاسەری میژووی ئەدەبیاتدا چارەنووسی میری مەکیاڤیلی باشترین بەڵگەی ئەو قسەیەیە کە دەڵێت: "بەختی هەر کتێبێك بەستراوە بە ڕادەی خوێنەرەکانیەوە"(۱). ناوبانگی کتێبەکەی مەکیاڤیلی بێوێنە بوو. ئەم کتێبە وتارێکی لاهوتی نەبوو کە تەنها تووێژەوەکان بیخوێننەوە و فەیلەسوفانی سیاسی ڕوونیبکەنەوە. کتێبەکە بۆ تێرکردنی فزوڵیەتی فکری نەدەخوێنرایەوە. میری مەکیاڤیلی لە بەردەستی یەکەم خوێنەرەکانی خۆیدا ڕاستەوخۆ دەخرایە ناو پراکتیکەوە. ئەم کتێبە وەك چەکێکی بەهێز و ترسناك لە ململانێ سیاسیەکانی جیهانی نوێدا بەکارهێنرا. کاریگەریەکانی دیار و حاشاهەڵنەگر بوو. بەڵام ماناکانی هەروا بە نهێنی مانەوە. تەنانەت ئێستاش و پاش ئەوەی کتێبەکەی مەکیاڤیلی لە هەموو ڕوویەکەوە تاوتوێکراوە و فەیلەسوفان و کۆمەڵناسان چەندان لێکۆڵینەوەیان لە بارەیەوە کردوە، هێشتاش نهێنیەکانی ئەم کتێبە بە تەواوی نەزانراوە. سەدە دوای سەدە و تەنانەت نەوە دوای نەوە هەڵسەنگاندن لە بارەی میرەوە نەك هەر دەگۆڕێت، بەڵکو بە تەواوی لنگەوقوچ دەبێتەوە. ئەم قسەیە لە بارەی نوسەرەکەشیەوە ڕاستە. وێنەی مەکیاڤیلی لە میژوودا بە هۆی خۆشەویستی و بوغزی حیزبیەوە، هەمەڕەنگ و جۆراوجۆر بوە. لەبەرئەوە زۆر ئەستەمە لە پشت ئەم هەموو بیروڕا جیاوازەوە سەبارەت بە مەکیاڤیلی و کتێبەکەی، سیمای ڕاستەقینەی ئەم نوسەرە و بابەتی کتێبەکەی بناسین.

کاردانەوەی یەکەم جۆرێك لە ترس و تۆقین بوو. ماکوڵی لە سەرەتای وتارەکەیدا لە بارەی مەکیاڤیلیەوە، نووسی:

"گومانم هەیە هیچ ناوێك لە میژووی ئەدەبیاتدا هێندەی ناوی ئەو کەسەی دەمانەوێت خەسڵەتی خۆی و نوسینەکانی تاوتوێبکەین، ئەوەندە بەدناو بێت. ئەو

زاراوانەی کە ئەویان پێ وەسفکردوە، دەلالەت لەوە دەکات کە ئەو شەیتان، ڕەگی خراپە، دۆزەرەوەی چاوچنۆکی و تۆڵەسەندنەوە و داهێنەری بنەڕەتی فرتوفێڵ بووە. وەك ئەوەی پێش بلاوبوونەوەی کتێبە بەدناوەکەی مێر، هەرگیز هیچ مرۆڤێك ڕیاکار و ستەمکار و خائین نەبوە یان فەزیلەتێکی درۆزنانە و ئەنجامدانی تاوان لە پێناوی بەرژەوەندیدا لە ئارادا نەبوە.. لە ناوی خێزانی ئەو، نازناوێکیان دروستکرد بۆ مرۆڤێکی بێبار و ساختەچی و ناوە بچوکەکەشی بۆتە هاومانای شەیتان"(٢).

پاشان ئەم حوکمە هەڵگەڕایەوە، پاش قۆناغێك لە سەرزەنشتکردنی لەڕادەبەدەر، قۆناغێك لە ستایشکردنی زیادەڕەو دەستی پێکرد. تاوانبارکردن و زەمکردن جێگەی خۆیدا بە جۆرێك لە حورمەت و پەرستن. مەکیاڤیلی کە بەراوێژکاری ستەمکاران ناسرابوو، بوو بە شەهیدی ڕێگەی ئازادی. ئەو کە بەرجستەبووی شەیتان بوو، بوو بە قارەمان و قەدیس.

لە بارەی کەسێکی وەك مەکیاڤیلیەوە هەردوو تێڕوانینەکە کەموکوڕ و گومڕا کەرە. نالێین کتێبەکەی مەکیاڤیلی نابێ لە دیدی ئەخلاقیەوە بخوێنرێتەوە و هەڵسەنگێنرێ، لە بەرامبەر کتێبێکدا کە هێندە کاریگەری ئەخلاقی بەجێهێشتوە، هەڵسەنگاندنی ئەخلاقی ناچاریە و بگرە پێویستیشە. بەڵام نابێت بە زەمکردن یان دەستخۆشی، بە ناشرینکردن یان جوانکردن دەست بە هەڵسەنگاندن بکەین. لە بارەی مەکیاڤیلیەوە ڕەنگە لە هەر نوسەرێکی تر زیاتر پێویست بێت کە ئەو پەندەی سپینۆزامان لە یاد بێت: "نە گاڵتە پێکردن، نە نرخاندن، نە تاوانبارکردن و نە نەفرەتکردن، بەڵکو تێگەیشتن". بەرلەوەی مێر و نوسەرەکەی هەڵسەنگێنین، دەبێ هەوڵبدەین کە بابەتەکانی کتێبەکە تێبگەین. بەڵام ئەو دوو ئەفسانەیەی بۆ مەکیاڤیلیان دروستکردوە، ڕێگرە لە بەردەم تێگەیشتنی بێلایەنەی کتێبەکەیدا. لە کاتی خوێندنەوەی میردا بەردەوام دەبێ بەرامبەر بەم دوو ئەفسانەیە هوشیار بین: یەکێکیان ئەفسانەی ڕق لە مەکیاڤیلی و ئەوی دیان ئەفسانەی عاشقبوونی مەکیاڤیلی. ئەفسانەی ڕق لە مەکیاڤیلی لە ئینگلتەرا و لە سەدەی حەڤدەدا دروستکرا. نەك هەر سیاستەمەداران یان فەیلەسوفان بەڵکو هەروەها شاعیرە گەورەکانی ئینگلیزیش بەشداریان لە دروستکردنی ئەفسانەی مەکیاڤیلیدا کرد. ئەستەمە نوسەرێکی بەناوبانگ لە سەردەمی مەلیکە ئەلیزابێتدا بدۆزرێتەوە کە

ناوی مەکیاڤیلی نەبردبێ و تیۆرە سیاسیەکەی ئەوی هەڵنەسەنگاندبێ. ئەدوارد مایر لە کتێبەکەی خۆیدا "مەکیاڤیلی و شانۆنامەکانی سەردەمی ئەلیزابێت"(٣) دەریدەخات کە لە ئەدەبیاتی سەردەمی ئەلیزابێتدا ٣٩٥ جار ناوی مەکیاڤیلی هاتوە. لە شانۆنامەکانی مارلۆ، بنجۆنسۆن، شکسپیر، ڤێبستەر، بومۆنت و فلچەردا مەکیاڤیلیسم(٥) لە هەموو شوێنێکدا بەرجەستەکەری فرتوفێڵ و ڕیاکاری و دڵڕەقیە. خراپەکاری هەموو شانۆنامەیەك بە گشتی خۆی بە پەیڕەوی مەکیاڤیلی وەسف دەکات(٦). ڕەنگە بکرێ ڕاچڵەکێنەرترین دەربڕینی ئەم هەستە گشتیە لە مەنەلۆگی ڕیچارد، دۆك گلاوستەردا بدۆزرێتەوە کە لە بەشی سێهەمی شانۆنامەی شکسپیر، شا هێنری شەشەمدا، هاتوە:

بۆچی دەتوانم زەردەخەنە بکەم و بە زەردەخەنەوە مرۆڤ بکوژم
و نەفیزە لەو شتە بدەم کە دڵم تەنگ دەکات
گۆناکانم بە فرمێسکی درۆزنانە تەڕ دەکەم
و بە پێی هەلومەرج ڕەنگی خۆم دەگۆڕم
من بەر لە پەریە دەریایەکان، دەریاوانەکان لە دەریادا غەرق دەکەم
من بەر لە ئەژدیهای باسیلیسك(٧) بینەرەکانی خۆم دەکوژم
من دەوری وتاربێژ و.. بە تەنیا لە ئەستۆ دەگرم
لە تەڕدەستیدا، دەستی ئۆلیش لە پشتەوە دەبەستمەوە
و وەکو سینۆن(٨) تروایەکی تر داگیردەکەم
بۆقلەمون سیفەترم لە بۆقلەموون
لە گۆڕینی وێنەدا وەك ئەوەی لە پرۆتۆئۆس(٩) بەرمەوە
مەکیاڤیلی تاوانباریش بۆ قوتابخانە دەنێرم(١٠)

ئەوەی کە ڕیچاردی سێهەم باسی مەکیاڤیلی دەکات هەڵگەڕانەوەی تەرتیبی زەمەنی مێژوویە. بەڵام هەڵگەڕانەوەی تەرتیبی زەمەنی مێژوویی نەجێی سەرنجی شکسپیر بوو، نە جێی سەرنجی تەماشاکەرانی. چونکە ئەو کاتەی شکسپیر شانۆنامەکەی دەنوسی، ناوی مەکیاڤیلی بە گشتی مێژوویی بوونی خۆی لە دەست دابوو، وە بۆ وەسفکردنی جۆرێکی بیرکردنەوە بەکاردەهات. تەنانەت دواتر وشەی مەکیاڤیلی یان مەکیاڤیلیزم هەمیشە بە خەرمانێك لە نەفرەت و ڕق دەورە درابوو.

لە شانۆنامەیەکدا کە لیسینگ بە ناوی ئەمیلیا گالوتیەوە نوسیوێتی، مارینلی(١١) وەزیری ڕاوێژکاری میر، زۆرێك لە خەسڵەتەکانی مەکیاڤیلی ئەفسانەیی بەرجستەتە دەکات. میر لە کۆتایی تراژیدیاکەدا هاواردەکات "بەس نیە کە پاشاکان مرۆڤن؟ ئایا دەبی شەیتانەکانی خۆیان بخەنە جلوبەرگی دۆستانی شاوە؟"(١٢).

بەڵام سەرەڕای ئەم نەفرەت و بێزاریە هەرگیز تیۆرەکەی مەکیاڤیلی نەلەرزی. ئەم تیورەیە جێی سەرنجی سەرەکی ڕای گشتی بوو. سەیر لەوەدایە کە زۆربەی دوژمنە سوێندخواردوەکانی مەکیاڤیلی، سەرنجی گشتیان زیاتر بۆ ئەو ڕاکێشا. ڕق لە مەکیاڤیلی هەمیشە تێکەڵ بووبوو بە جۆرێك لە شەیدابوون و ڕێز. هەمان ئەو کەسانەی کە دیدگایان ڕێك پێچەوانەی ڕژێمی سیاسی مەکیاڤیلی بو، نەیانتوانی بلیمەتی سیاسی ئەو نەنرخێنن. یۆستۆس لیپسیۆس لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی "سیاسەت"ەوە نووسی: "مەکیاڤیلی لەبەر هوشیاریەکی وا، سوك ناکەم. ئەو تیژبین و وردبین و زیرەکە"(١٣). لەم ڕوەوە جیاوازیەکی ئەوتۆ لە نێوان لایەنگرانی مەکیاڤیلی و سەرسەختڕین نەیارەکانیدا نیە. ئەم یەکێتیە سەیرو سەمەرەیە یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی دەسەڵاتی نەمری مەکیاڤیلیزمە لە بیری سیاسی تازەدا. خودی مەکیاڤیلی مردبوو، بەڵام تیورەکەی بەردەوام لە بەرجەستەبوونی تازەدا ڕووی دەدا. بۆ نمونە مالرۆ لە سەرەتای شانۆنامەکەیدا "یەهودی مالتا" مەکیاڤیلی بەم شێوەیە دەناسێنێ:

گەرچی هەموان وا دەزانن مەکیاڤیلی مردوە
بەڵام ڕۆحی ئەو فڕی بۆ ئەوسەری ئۆڵپ
هەنوکە کە گیز(١٤) مردوە، ڕۆحی مەکیاڤیلی لە فەرەنساوە گەڕاوەتەوە
بۆ ئەوەی سەر لەم سەرزەمینە بدات و لەگەڵ دۆستەکانیدا گەمە و شەیتانبازی بکات
ڕەنگە ناوی من بۆ هەندێك کەس نەفرەت ئامێز بێت
بەڵام ئەوانەی کە عاشقی منن، من لە گەزەندی ئەوان دەپارێزن.
و لێگەڕی ئەوانە بزانن کە من مەکیاڤیلیم
نرخ بۆ مرۆڤەکان دامەنێ و بەهایەك لە قسەکانیان مەدە
جێگەی ستایشی کەسانێکم کە زۆر ڕقیان لێمە

ئەگەرچی هەندێك کەس بە ڕاشکاوی خراپ باسی کتێبەکانم دەکەن
بەڵام هەر بەرهەمەکانم دەخوێننەوە تاکو دەستیان بە جێگەی پتۆس بگات
بەڵام هەر ئەوەندەی کە بەرهەمەکانم فڕێ دەدەن
پەیڕەوانم کە گەیشتونەتە پلەی باڵا، ئەوانە ژەهر دەرخوارد دەکەن

زۆری ویست تا ئەم وێنە ئەفسانەیەی مەکیاڤیلی بخرێتە لاوە، فەیلەسوفانی سەدەی حەڤدەهەم یەکەم کەسانێك بوون کە هێرشیان کردە سەر ئەم هەڵسەنگاندنە گشتیە. بیکۆن لە مەکیاڤیلیدا ڕۆحێکی ئاشنای دۆزیەوە. ئەو لە مەکیاڤیلیدا فەیلەسوفێکی دەبینی کە هەموو شێوازێکی لاهوتی خستبوە لاوە و هەوڵیدابوو سیاسەت بە شێوازی ئەزمونگەرانە بخوێنێتەوە. بیکۆن دەڵێ:

ئێمە قەرزارێکی گەورەی مەکیاڤیلی و نوسەرانی وەك ئەوین. ئەمانە بە ڕاشکاوی و ڕاستگۆییەوە ئەو شتانەیان ڕاگەیاندوە یان وەسف کردوە کە خەڵکی ئەنجامیدەدەن، نەك ئەو شتانەی کە دەبێ خەڵکی ئەنجامیبدەن(١٥).

بەڵام هێچ بیریارێکی گەورەی سەردەمی تازە هێندە سپینۆزا بۆ پیاچونەوە بە هەڵەسەنگاندنی گشتی لە بارەی مەکیاڤیلیەوە و پاك کردنەوەی ناوی لە نەنگ و ڕیسوایی، هەوڵی نەداوە. سپینۆزا لە گەڕان بە دوای ئەم مەبەستەدا بە گریمانەیەکی سەیر گەیشت. ئەو دەبوو ئەو هەقیقەتە ڕوون بکاتەوە بۆچی مەکیاڤیلی کە ئەو وەك قارەمانی ئازادی دەیناسی، توانی کتێبێك بنوسێ کە هەڵگری ترسناکترین پەند و ڕێنماییەکانە بۆ ستەمکاران. سپینۆزا بەو دەرئەنجامە گەیشت کە میری مەکیاڤیلی تەنها بە پێی ئەم گریمانەیە دەتوانین تێیبگەین کە کتێبەکە مانایەکی شاراوەی هەیە. سپینۆزا لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی "وتارێك لە بارەی سیاسەتەوە" دەنوسێ:

"میرێك کە پاڵنەرێکی جگە لە شەهوەتی دەسەڵات نیە، دەبێ چ ئامێرێك بەکاربهێنێ بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی سەقامگیر بکات؟ مەکیاڤیلی زیرەك ئەم ئامێرانەی ڕونکردۆتەوە، بەڵام دیار نیە مەکیاڤیلی بە دوای چ مەبەستێکدا گەڕاوە.. ڕەنگە ویستبێتی دەریبخات خەڵکی ئازاد دەبی تا چەند وریا بن بەرامبەر بە بەخشینی ڕەهای چارەنوسی خۆیان بە دەستی یەك کەس.. چونکە ئەم کەسە دەبێ بەردەوام لە ترسی دەسیسەدا بژی، لەبەرئەوە ناچارە کە زۆرتر بە دوای قازانجی

خۆیدا بگەڕێ و لەبری ئەوەی بە دوای خێر و چاکەی خەڵکدا بگەڕێ، دژی ئەوان پیلان دابڕێژێ. من لە بارەی مەکیاڤیلی دووربینەوە زیاتر لەسەر ئەو بڕوایەم، چونکە ئاشکرابوە کە ئەو خوازیاری ئازادی بوە و بۆ جێگیربوونی ئازادیش بە سودترین ڕێنمایی پێشکەش کردوە"(١٦).

سپینۆزا ئەم ڕایەی بە گومانەوە پێشکەشکردوە چونکە زۆر لە گریمانەکەی خۆی دڵنیا نەبوو. لە ڕاستیشدا لە خاڵێکدا هەڵە بوو. ئەو بە مانایەك لەژێر کاریگەری هەمان وەهمدا بوو کە هەوڵی دەدا لە ناوی ببات. چونکە لە دیدی سپینۆزادا مەکیاڤیلی نەك هەر نوسەرێکی زیرەك و وردبین، بەڵکو نوسەرێکی فێڵزانیش بوە. سپینۆزا مەکیاڤیلی بە مامۆستای ساختەکاری (تەزویر) دەناسێ. بەڵام ئەم هەڵەسەنگاندنە تەبا نیە لەگەڵ واقعی مێژوویدا. ئەگەر مەکیاڤیلیزم بە مانای هەڵخەڵەتاندن و ڕیاییە، مەکیاڤیلی خۆی مەکیاڤیلیست نەبوو. چونکە ئەو هەرگیز هەڵخەڵەتێنەر و ڕیاکار نەبوو. کاتێك نامە بەناوبانگەکانی مەکیاڤیلی دەخوێنینەوە، سەرمان دەسوڕمێ. چونکە تیایدا کەسێك دەدۆزێتەوە کە تەواو جیاوازە لە وێنە باو و پێشداوەریەکانی ئێمە. مەکیاڤیلی کەسێکە کە بە ڕاشکاوی و بیری فراوان و تا ڕادەیەك بەبێ ڕیا و بێ پەروا قسە دەکات. ئەوەی لە بارەی مەکیاڤیلیەوە ڕاستە، لە بارەی مەکیاڤیلی نوسەریشەوە ڕاستە. ئەم مامۆستا گەورەیەی فێڵ و تەڵەکەبازی سیاسی، ڕەنگە یەکێك لە بێ ڕیاترین نوسەرانی سیاسی بێت. زۆرجار ئەو قسە بەناوبانگەی تالیران کە دەڵێ "وشەکانیان لەبەرئەوە بە مرۆڤ داوە تاکو بیری بشارێتەوە" وەك پێناسێکی واقعی هونەری دیبلۆماسی ستایش کردوە. ئەگەر ئەم قسەیە ڕاست بێت ئەوا مەکیاڤیلی هەموو شتێك بوە جگە لە دیبلۆمات. مەکیاڤیلی هەرگیز سیمای واقعی خۆی نەدەشاردەوە و بیروڕا و هەڵەسەنگاندنەکانی پەنهان نەدەکرد. ئەو تێڕوانینی خۆی بە تونڈی و بێ پەردە دەردەبڕی. لە ڕوانگەی مەکیاڤیلیەوە جەسورانەترین قسە، باشترین قسەیە. تێڕوانینەکان و شێوازی نووسینی هیچ ئاڵۆزیەکی تیا نیە، ڕوون، و وردن.

بیریارانی سەدەی هەژدە، فەیلەسوفانی سەردەمی ڕۆشنگەری، بە دیدێکی دۆستانەتروە تەماشای خەسڵەتەکانی مەکیاڤیلیان دەکرد. لە ڕوویەکەوە مەکیاڤیلی بە هاوپەیمانی سروشتی ئەوان دەردەکەوت. کاتێك ڤۆڵتێر دەستی بە هێرشەکەی

خۆی بۆ سەر کەنیسەی کاسۆلیك کرد و دروشمە بەناوبانگەکەی خۆی دژی کەنیسە بەرز کردەوە: "ئەم نەنگیە لەناوبەرین" دەیتوانی لەسەر ئەو باوەڕە بێت کە درێژەپێدەری کاری مەکیاڤیلیە. مەگەر مەکیاڤیلی نەیگوتوە کەنیسە بەرپرسیاری هەموو بەبەدخیتەکانی ئیتالیایە؟ مەکیاڤیلی لە "وتارەکاندا" گوتبووی:

"ئێمەی ئیتالیایەکان یەکەم قەرزاریمان بۆ کەنیسەی ڕۆم و قەشەکان ئەوەیە کە ئەوان ئێمەیان فاسد و بێ دین کردوە. و جگە لەمەش قەرزاریەکی گەورەتری ئەوانیشمان لە ئەستۆیە کە ئەویش ئەوەیە ئەوان هۆی ڕاستەوخۆی وێرانی وڵاتی ئێمەن، بەو مانایەی کەنیسە وڵاتی ئێمەی بە پارچە پارچەیی هێشتۆتەوە"(١٧).

قسەی لەم چەشنە وەك ئاوێك بوو کە ڕژایە ناو ئاشی فەیلەسوفانی فەرەنسی سەدەی هەژدەوە. بەڵام ئەم فەیلەسوفانە هەرگیز نەیاندەتوانی جگە لەم خاڵانە، لە مەسەلەکانی تردا لەگەڵ تیورەکانی مەکیاڤیلیدا تەبا بن. ڤۆڵتێر لەو پێشەکیەدا کە بۆ کتێبی "وەڵامی مەکیاڤیلی" نوسینی فردریکی دوهەمی نووسی، باسی "مەکیاڤیلی ژەهراوی" دەکرد(١٨). فردریکی دوهەم کاتێك ئەم وتارەی نوسی کە وەلیعەهدی پرۆس بوو. ئەو لەم وتارەدا هەست و هەڵەسەنگاندنی گشتی بیریارانی ڕۆشنگەری دەردەبڕی:

"شەهامەتی دەوێت کە بۆ بەرگریکردن لە مرۆڤایەتی دژی ئەم دێوە و ئەم دوژمنە دیارەی مرۆڤایەتی ڕاپەڕین و لە بەرامبەر سەفسەتە و بەڵگاندنە خراپەکارەکانیدا، خۆمان بە ئەقڵ و دادپەروەری چەکدار بکەین.. بۆ ئەوەی خوێنەری وتارەکەی منیش یەکسەر لوقاحێك وەربگرێ بۆ نەهێشتنی کاریگەری ئەو ژەهرەی کە لە میردا دەیدۆزێتەوە"(١٩).

ئەم بابەتانە لە ساڵی ١٧٣٩دا نوسرا، بەڵام لە نەوەی دواییدا ئاوازێکی تەواو جیاواز لە بارەی مەکیاڤیلیەوە بەکاردەهێنری. هەڵسەنگاندنی مەکیاڤیلی لە پرێکدا دەگۆڕێت. هەردەر لە "چەند نامەیەك بۆ پێشخستنی مرۆڤایەتی"دا دەڵێت کە ناسینی میری مەکیاڤیلی وەك بەرهەمێکی هەجوئامێز یان زیانبەخش یان تێکەڵێك لەم دوانە، هەڵەیە. مەکیاڤیلی پیاوێکی کردار ڕاست و بینەرێکی وردبین و دۆستێکی دڵسۆزی وڵاتی خۆی بوە. لە هەر دێرێکی کتێبەکەوە دەکرێ ئەوە بدۆزینەوە کە ئەو خیانەتەی لە دروشمی مرۆڤایەتی نەکردوە. ئەو هەڵەتێگەیشتنەی لە بارەی

کتێبەکەیەوە دروستبوو، لەبەرئەوە بوو کە هیچکەس لە جێگەی ڕاستەقینە و گونجاوی خۆیدا داینەنا. ئەم کتێبە نە بەرهەمێکی هەجوکەرە و نە دەقێکی ئەخلاقیە. مێری مەکیاڤیلی شاکارێکی سیاسیە کە بۆ هاوچەرخانی مەکیاڤیلی نووسراوە. ئامانجی مەکیاڤیلی ئەوە نەبوە کە تیورەیەکی گشتی لە بواری سیاسەتدا پێشکەشبکات. ئەو تەنها نەریت، شێوەی بیرکردنەوە و کرداری سەردەمی خۆی وێنە کردوە. هیگڵ ئەم هەڵسەنگاندنەی هردەری قبوڵکرد و بە ئاوازێکی زۆر بڕاوەترەوە لەم بارەیەوە قسەیکرد. هیگڵ یەکەم کەس بوو کە ستایشی مەکیاڤیلی کرد. بۆ تێگەیشتن لەم بابەتە پێویستە بە بیر خۆمان بهێنینەوە کە هیگڵ لە چ هەلومەرجێکی تایبەتدا دەستیکرد بە خوێندنەوەی تیۆرەی سیاسی مەکیاڤیلی. ئەم هەلومەرجە سەردەمی جەنگەکانی ناپلیۆن بوو، پاش ئەوەی کە فرانسیسی دوهەم وازی لە تەخت و تاجی ئیمپراتۆری ئەڵمانیا هێنابوو. لەناو هەلومەرجێکی وادا ڕوخانی سیاسی ئەڵمانیا بە ڕوداوێکی ئەنجامدراو دەزانرا. هێگڵ لە وتارێکی بلاونەکراوەدا کە لە بارەی یاسای بنەڕەتی ئەڵمانیاوە لە ساڵی ١٨٠١دا نوسی بووی، باسەکەی خۆی بەم دەستەواژەیە دەست پێدەکات: "ئەڵمانیا چیدی وەک ولاتێک بوونی نیە". هیگڵ لە هەلومەرجێکی ڕۆحی لەم چەشنەدا و لە هەلومەرجێکی سیاسی تەواو نائومێدکەردا، میری مەکیاڤیلی خوێندەوەو پێدەچێ کە کلیلی تێگەیشتنی ئەم بەرهەمە زۆر زەمکراو و مەتحکراوەی دۆزیوەتەوە. ئەو کە لە نێوان ژیانی گشتی ئەڵمانیا لە سەدەی نۆزدەدا و ژیانی نەتەوەیی ئیتالیا لە سەردەمی مەکیاڤیلیدا، لێکچوونێکی نزیك دەدۆزێتەوە، ئارەزوو و خەیاڵێکی بەرزەفڕی تازەی تیا زیندوو دەبێتەوە. هیگڵ دەیەوێت ببێتە مەکیاڤیلی دوهەم، واتە ببێتە مەکیاڤیلی سەردەمی خۆی. هیگڵ دەنوسێ:

ئەوکاتەی ئیتالیا لە بەدبەختیدا دەژیا و بە خێرایی بەرەو هەڵدێری ڕمان دەڕۆیشت و بووبوە مەیدانی جەنگی شازادە بێگانەکان، ئیتالیا هەم پێداویستیەکانی ئەم جەنگەی ئامادە کرد، هەم خۆی بووبوو بە نێچیریان و ئەڵمانیەکان و فەرە نسیەکان و سویسرایەکان تاڵانیان دەکرد و حکومەتە بێگانەکان چارەنووسیان دیاریدەکرد. لەناو گەرمەی ئەم هەستە قوڵەی بەدبەختی و نەفرەت و ئاژاوەو سەرلێشێواندا، سیاسەتمەدارێکی ئیتالیایی بە بیرکردنەوەیەکی هێمنانە بەو

دەرئەنجامە گەیشت کە ڕێگەی ڕزگاربوونی ئیتالیا، یەکگرتنێتی لە چوارچێوەی ولاتێکدا. بەڵام زۆر ناعەقڵانی دەبێ ئەگەر بیرکردنەوەیەك کە بە هۆی بینینی هەلومەرجی ئیتالیاەوە دروستبوە بە شێوەیەك تاوتوێ بکەین وەك ئەوەی کە کورتکراوەی بنەما ئەخلاقی و سیاسەیکان بێت، کە بە شێوەیەکی بێلایەنانە بە دەست هاتوە و دەگونجێ لە هەموو هەلومەرجێکدا بەکاربێت (و هەر لەبەرئەمەش لە هیچ هەلومەرجێکدا بەکارنایەت). خوێنەر دەبێ لە کاتی خوێندنەوەی میرِدا میژووی ئیتالیای سەردەمی مەکیاڤیلی لەبەرچاو بێت، ئەوکاتە نەك هەر ئەم کتێبە ئاراستەی خۆی وەردەگرێ، بەڵکو وەك بەرهەم و تێڕوانینێکی ڕاستەقینە و درەوشاوەی بلیمەتێکی سیاسی ڕەسەن دەردەکەوێت کە خاوەن مەزنترین و باڵاترین زیهن بوە.

ئەمە هەنگاوێکی تازە بوو، هەم کارێکی ترسناك و سەرسوڕهێنەر، چونکە مەکیاڤیلیزم کە تا ئەوکاتە لە دەرەوەی جیهانی ئەخلاقدا بوو، هەنوکە لەناو سیستەمێکی ئایدیالیستیدا جێگەی دەگرت کە هەوڵیدەدا پاڕێزەری هەموو بەها ئەخلاقیەکان بێت. ئەوەی ڕویدا وەك ئەوە وابوو کە حەرامزادەیەك، ڕەوا بکەن(٢١).

هەمان ئاراستەش لە فەلسەفەی سیاسی فیختەدا دەبینرێ، لە ساڵی ١٨٠٧دا فیختە لە گۆڤاری "ڤستا"(٢٢) چاپی کونیگزیرکدا وتارێکی لە بارەی مەکیاڤیلیەوە نووسی(٢٣). وەك فیخنە خۆی ڕایگەیاندوە، تێبینیەکانی لە بارەی مەکیاڤلیەوە بۆ ئەو مەبەستە بوە کە "ناوبانگی پیاوێکی دروستکار لە ﴿بەدناوی﴾ ڕزگاربکات". ئەو فیختەیەی کە لێرەدا دەیبینین جیاوازیەکی زۆری لەگەڵ ئەو فیختەیدا هەیە کەلایەنگرێکی سەرسەختی ئەخلاقیە، بەڵام لە هەڵسەنگاندنیدا بۆ مەکیاڤیلی هیچ جۆرە سەختگیریەکی ئەخلاقی نابینین. ئەو واقعبینی مەکیاڤیلی ستایشدەکات و هەوڵدەدا لە هەموو تۆمەتێکی ئەخلاقی پاکیبکاتەوە. فیختە قبوڵیدەکات کە مەکیاڤیلی کافرێکی سەرسەخت بوە و بە ڕق و نەفرەتەوە باسی دینی مەسیحی کردوە، بەڵام ئەم مەسەلانە نە هەڵسەنگاندنی فیختە بۆ مەکیاڤیلی وەك بیریارێکی سیاسی دەگۆڕێت و نە ستایشی ئەو بۆ مەکیاڤیلی دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

هەر ئەم تەفسیرە بۆ کتێبەکەی مەکیاڤیلی لە سەدەی ١٩دا ڕەواجی پەیداکرد. لێرە بەدواوە دەورەکان ئالۆگۆڕیان بەسەردا هات. ناوی مەکیاڤیلی کە پێشتر وەك

جنێو وابوو، لە ناکاو بوو بە نازناوێکی جێی شانازی. دوو دەسەڵاتی بەهێزی فکری و کۆمەڵایەتی دەستیان لە گۆڕانی ئەم هەلومەرجەدا هەبوو. لە سەدەی نۆزدەدا زانستی مێژوو وردە وردە دەورێکی ڕێبەرایەتیکردنی بە دەستهێنا و پاش ماوەیەکی کەم جێگەی تەوژمە فکریەکانی دی گرتەوە یان بە گشتی هەمویانی خستە ژێر کاریگەری خۆیەوە. لەم ڕوانگە تازەیەوە ئەو هەڵسەنگاندنانەی پێشتر لە بارەی مێری مەکیاڤیلیەوە کرابوو، چیدی قابیلی قبوڵکردن نەبوو. چونکە پێشینان بە تەواوی لە زەمینەی مێژوویی نوسینی کتێبەکە غافڵ بوبوون. لە لایەکی دیەوە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە ناسیۆنالیزم بوو بوو بە دینەمۆ و بزوێنەری ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی. ئەم دوو بزوتنەوەیە ﴿واتە مێژووگەری و ناسیونالیزم﴾ کاریگەریەکی قوڵیان لەسەر ناسین و تێگەیشتنی تیۆرەی مەکیاڤیلی هەبوو. لە ئەدەبیاتی سەدەی حەڤدەدا مەکیاڤیلیان بە شەیتانی بەرجەستە وەسف دەکرد و پاشان لە لێکچواندنێکی سەیردا خودی شەیتان بە مەکیاڤیلیست ناوبانگی دەرکرد کە ئالودەی مەکیاڤیلیزم بوە(٢٤). بەڵام دوو سەد ساڵ دوای ئەمە، ئەم هەڵسەنگاندنە بە تەواوی هەلگەڕایەوە. مەکیاڤیلی کە شەیتانی بەرجەستە بوو، هەنوکە پایە و پلەیەکی خودایی وەردەگرت. هەمیشە نیشتیمان پەروەرانی ئیتاڵیا بە تامەزرۆییەوە ئافەرینی دوا فەسڵی میریان دەکرد. کاتێک ڤیچۆریۆ ئەلفێری کتێبەکەی خۆی بە ناوی "مێر و ئەدەبیات"ەوە بڵاوکردەوە، هیچ دودڵ نەبوو لە گوتنی "مەکیاڤیلی ئاسمانی". ئەو لە کتێبەکەی خۆیدا فەسڵێکی تایبەتی نووسی کە بە تەواوی لە قسە ئاگراویە بەناوبانگەکەی مەکیاڤیلی دەچوو کە لە بارەی ڕزگارکردنی ئیتاڵیاوە بوو لەژێر دەسەڵاتی بەربەریەکان(٢٥).

بەڵام من بڕوامایە کە مێژووگەری و ناسیۆنالیزم بەم بارەیەوە، زۆرتر بونەتە هۆی سەرلێشێواندن و ئاڵۆزی توانای هەڵسەنگاندنمان، لەبری ڕوناککردنەوەیان. لە سەردەمی هەردەر و هیگڵەوە وایان پێگوتوین کە هەڵەیە "مێر" وەک بەرهەمێکی سیستیماتیک بناسین و بە هەڵگری تیۆرەیەکی سیاسی بزانین. دەڵێن مەکیاڤیلی هەرگیز مەبەستی پێشکەشکردنی تیورەیەکی لەم چەشنە نەبوە و ئەم کتێبەی بۆ مەبەستێکی تایبەت و بۆ خوێنەرانێکی دیاریکراو نوسیوەو. ئەل. ئەرتۆر بۆرد لەو دەروازەی چاپەدا کە لە کتێبەکەی مەکیاڤیلیەوە ئامادەی کردوە، دەڵێت:

مێر تەنها بۆ خوێندنەوەی ئیتاڵیەکان نووسراوە، ئەویش ئیتالیەکانی سەردەمێکی تایبەت ﴿واتە ئیتالیەکانی سەردەمی مەکیاڤیلی﴾ و لە ڕاستیدا دەکرێ لەمە زیاتر بڕۆین و بپرسین کە ئایا ئەم کتێبە بۆ هەموو ئیتاڵیایەکان نووسراوە(٢٦).

بەڵام ئایا بەلگەیەك هەیە بیسەلێنێ کە ئەم بڕوا باوە، ڕونکردنەوەیەکی دروستی تێڕوانینەکانی مەکیاڤیلی و مەبەستی سەرەکی ئەو بوە؟ ئایا مەکیاڤیلی هیچ جۆرە بەرزەفڕین و مەبەستێکی نەبووە جگە لەوەی تەنها قسەکەری ئیتاڵیا بێت؟ هەموو پەند وئاموژگاریکانیشی تەنها بە کەڵکی ساتەوەختێکی تایبەتی مێژووی ئیتاڵیا دێت؟ ئایا مەکیاڤیلی خۆی بڕوای بەوە هەبوو کە هیچ یەك لە تێڕوانینەکانی لە ژیانی سیاسی نەوەکانی داهاتوودا و مەسەلەکانی ئەواندا، بەکار نایەت؟

بەڵام من نەمتوانیوە تەنانەت یەك بەلگەی بڕاوە بۆ ئەم تێڕوانینە بدۆزمەوە. کاتێك بەم شێوەیە داوەری دەکەین، لەوە دەترسم کە نەوەکا توشی جۆرێك هەڵەی بینین بووبین. ئێمە لە بەردەم کردنی هەڵەیەکداین کە دەکرێ ناوی بنێین "هەڵەی مێژوونووس". ئێمە چەمکەکانی خۆمان بۆ مێژوو و شێوازی مێژوو، دەگێڕینەوە بۆ نوسەرێك کە ئەم چەمکانە بۆ ئەو نوسەرە، بە تەواوی نەناسراو بوە و ئەستەمە بتوانین بڵێین توانیوێتی لەو چەمکانە بگات. بۆ ئێمە بە تەواوی بوە بە شتێکی سروشتی کە هەموو شتێك لە زەمەن و شوێنی خۆیدا دابنێین و بە سەرنجدان لە پێشزەمینەکەی لێی تێبگەین. ئێمە بۆ تەفسیرکردنی کارەکانی مرۆڤ و دیاردە کلتوریەکان ئەم بنەمایە بە جۆرێك لە فەرمانی پێویست دەزانین. بە پێی ئەم بنەمایە لە بارەی تایبەتمەندی هەر دیاردەیەك و هەروەها ڕێژەییبوونی هەڵسەنگاندنی بابەتەکان، هەستێك لەناواندا زیادی کردوە کە زیاد لە پێویست هەستیاری کردووین بەرامبەر بە شتەکان. هەر لەبەرئەوە چیدی بە زەحمەت دەوێرین حوکمێکی گشتی دەربکەین و بەدگومانین بەرامبەر بە هەموو فۆرمەلێکی ڕاشکاو و بڕاوە . گومان لەبوونی هەقیەتە نەمرەکان و بەها گەردونیەکان دەکەین. بەڵام مەکیاڤیلی و رینسانس ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە بۆیان نامۆ بوو. هونەرمەندان و زانایان و فەیلەسوفانی سەردەمی ڕێنسانس. ڕێژگەری مێژووییان کە میتۆدێکی

تازەیە، نەدەناسی و هێشتا بڕوایان بە جوانی ڕەها و هەقیقەتی ڕەها هەبوو.

دەربارەی خودی مەکیاڤیلی هۆیەکی تایبەتی تر هەیە کە هەموو ئەم سنوردارێتی و کۆت و بەندانەی کە تەفسیرکارانی تازە بۆ تێزە سیاسیەکەی ئەو دایانناوە، پوچەڵ دەکاتەوە، مەکیاڤیلی میژوونووسێکی گەورە بوو. بەڵام تێگەیشتنی ئەو بۆ میژوو یەکجار جیاوازە لە تێگەیشتنی ئێمە بۆ میژوو. ئەو زیاتر حەزی لە لایەنە وەستاوەکانی ژیانی سیاسی دەکرد، نەك لە لایەنە دینامیك و گۆڕاوەکەی. ئەو سەرنجی لە خەسڵەتە تایبەتیەکانی سەردەمێکی میژوی نەدەدا، بەڵکو بە دوای لایەن و خەسڵەتە دوبارەبوەکانی میژوەوە بوو. بە دوای دۆزینەوەی ئەو شتانەدا بوو کە لە هەموو سەردەمەکاندا یەکسانن ﴿و ناگۆڕێن﴾. شێوەی لێکۆڵینەوەی ئێمە لە بواری میژوودا تاکگەریانەیە ﴿و اتە سەرنج لە لایەنە تایبەتمەندیەکانی ڕوداوێکی میژووی دەدەین﴾ بەڵام شێوەی لێکۆڵینەوەی میژووی مەکیاڤیلی هەمەکیگەریانە بوو. ئێمە بڕوامان وایە میژوو هەرگیز دوبارە نابێتەوە، بەڵام ئەو بە پێچەوانەوە بڕوای وابوو کە میژوو بەردەوام دوبارە دەبێتەوە، مەکیاڤیلی دەڵێت:

"هەر کەسێك ئێستا بە ڕابردوو بەراورد بکات بۆی دەردەکەوێت کە لە هەموو شارەکاندا و لە ناو هەموو نەتەوەکاندا هەر ئەم سۆز ئارەزوانە بالادەست بوون کە هەمیشە و لە هەموو شوێنێکدا فەرمانڕەوا بوون. کەوابوو گەر یەکێك ڕوداوەکانی ڕابردوو بە وردی تاوتوێ بکات، بەئاسانی دەتوانێت پێشبینی ئایندەی هەر دەوڵەتێك بکات و هەر هەمان ئەو چارەسەریانە بەکاربهێنێت کە خەڵکی ڕابردوو لە بارودۆخی هاوشێوەدا کاریان هێناوە، بەڵام لەبەرئەوەی خوێنەران ئەم وانانە لەبەرچاو ناگرن یان تێیناگەن یان گەر ئەوان تێبگەن ڕەنگە بۆ فەرمانڕەویان ئاشکرا نەبێت، دەرئەنجامەکەی ئەوە دەبێت کە هەمان ئەو پەشێویانەی ﴿کە لە ڕابردوودا ڕوویان داوە﴾ دووبارە ڕوو بدەنەوە، ﴿و میژوو دووبارە بێتەوە﴾(٢٧).کەوابوو یەکێك کە دەیەوێت پێشبینی ڕوداوەکانی ئایندە بکات، دەبێ هەمیشە سەیری ئەو شتانە بکات کە لە ڕابردوودا ڕوویداوە، چونکە هەموو ڕوداوە مرۆییەکان چ ئەوانەی لە ئێستادا ڕوودەدەن و چ ئەوانەی کە دوایی ڕوودەدەن، هاوشێوەیەکی وردیان لە ڕابردوودا هەیە.

ئەمەش لەبەرئەوەیە کە هۆکاری ڕودانی ئەم ڕوداوانە مرۆڤەکانن کە هەمان سۆز

و خۆزگەیان هەیە کە هەمیشە هەیان بوە"(٢٨).

لەم دیدە وەستاوەوە بۆ میژووی مرۆڤایەتی، ئەو دەرئەنجامە بەدەست دێت کە هەموو ڕوداوە میژوویەکان دەتوانن بچنە جێی یەکدی. ڕوداوە میژوویەکان لە ڕووی فیزیایەوە جێگەیەکی تایبەتیان لە فەزا و زەمەندا هەیە، بەڵام مانا و خەسڵەتەکانیان نەگۆڕە. کەوابوو ئەم بیریارە کە دەیتوانی پەند و تیۆرە سیاسیەکانی خۆی لە دوو تۆپی شەرحی کتێبەکەی تیتۆس لویدا پێشکەش بکات(٢٩)، بێگومان تێڕوانینێکی جیاواز لە تێڕوانینی میژوونووسە تازەکانی بۆ میژوو هەبوو کە بڕوایان وایە هەر سەردەمە و دەبێ بە پێوەرە تایبەتیەکانی ئەو سەردەمە بپێورێ. لە ڕوانگەی مەکیاڤیلیدا هەموو مرۆڤەکان و هەموو سەردەمەکان لە یەك ئاستدان. ئەو بچوکترین جیاوازی لە نێوان ئەو نمونانەی کە لە میژووی یۆنان و ڕۆم و ئەوانەی کە لە میژووی هاوچەرخی خۆیەوە دەیهێنێتەوە، ناکات.مەکیاڤیلی بە شێوەیەکی چونیەك باسی ئەسکەندەری گەورە، سیزار بورژیا و هانیبال و لۆدۆڤیکۆ ئەیل مۆرۆ(٣٠) دەکات و لە هەمان فەسڵدا کە باسی "میرنشینە تازەکان"ی ڕینسانس دەکات، باسی مۆسا و کورش، ڕۆمۆلۆس تزئیوسیش دەکات. تەنانەت هاوچەرخانی خودی مەکیاڤیلی، میژوونووسە مەزنەکانی ڕێنسانس، تێبینی ئەم کەموکوڕیان لە شێوازی میژوونووسی مەکیاڤیلیدا کردوەو ڕەخنەیان لێگرتوە، بە تایبەتی گیچاردینی(٣٤) لە بارەی ئەم کەموکوڕیەوە خاڵی سەرنج ڕاکێشەر و گونجاوی باسکردوە.

ئەگەر بیریارێکی لەم چەشنە بە نیازی دامەزراندنی تیۆرەیەکی تازە و دروستکەر، واتە زانستی واقعی سیاسەت بێت، بێگومان ناتوانێ ئەم زانستە کورت بکاتەوە بۆ هەندێك بابەتی تایبەت. گەرچی ڕەنگە ئەم قسەیە وا دەرکەوێت کە ناکۆکی ئامێزە (Paradoxical) بەڵام ڕەنگە بتوانرێ بگوترێ کە لە بارەی مەکیاڤیلیەوە هەستی میژووناسی ئێمە تووشی نابینایی بوە و ناهێڵی کە هەقیقەتی ڕووتی میژوو ببینین. مەکیاڤیلی بەرهەمەکانی بە تەنها بۆ خەڵکی ئیتاڵیا نەنووسی، تەنانەت تەنها بۆ خەڵکی سەردەمی خۆشی نەنووسی، بەڵکو ئەو بۆ هەموو جیهانی نوسی و خەڵکی جیهانیش قسەکانی ئەویان گوێ لێبوو. ئەو گوێی لە هەڵسەنگاندنی ڕەخنەگرانی تازە بوایە لە بارەی بەرهەمەکانیەوە، هەرگیز نەیدەتوانی

تێڕوانینیـنـەکانیان قبووڵبکـات. ئـەو شـتـەی ڕەخنـەگرانی تـازە لـە مەکیاڤیلـدا ستایشیدەکەن، لای خۆی بـە کـەموکوڕی دەزانـرا. مـەکیاڤیلی بـۆ بەرهەمەکـەی خـۆی هەمان بەهای دادەنا کە توسیدۆس بۆ بەرهەمەکەی خۆی دایدەنا، واتە هـەردووکیان وەك "سامانێکی نەمر" ﴿ی کلتوری مرۆیی﴾ تەماشای بەرهەمەکانی خۆیـان دەکـرد، نەك وەك شتێکی کاتی و تێپەڕ. لە ڕاستیدا مـەکیاڤیلی زیـاد لـە سـنور دڵنیـابوو لـەو هەڵـسەنگاندنەی کـە دەیکـرد. ئـەو عاشـقی گـشتگیریکردنە ﴿تـەعمیم﴾ زۆر جەسورانەکان بـوو. مـەکیاڤیلی لـەو چـەند نمونـە کەمـەی کـە لـە مێژووی کـۆن یـان تـازەوە دەیهێنێتـەوە، یەکسەر دەرئـەنجامی زۆر دوور وەردەگرێـت. ئەگـەر بمانـەوێت دەرئەنجامـەکانی تیۆرەکـانی مـەکیاڤیلی تێبگـەین، دەبـێ هەمیـشە ئـەم شـێوازی بیرکردنـەوە بـەراوردکاری (قیاسـی) و بەلگاندنی بەراوردکارنـە (بورهـانی قیاسـی)ی ئـەومان لـەیاد بێـت. مەبەسـتی مـەکیاڤیلی لـە نوسـینی مـیر ئـەوە نـەبوو ئەزموونـە تایبەتیەکانی خۆی وەسفبکات و بـۆ گروپێکی تایبـەت قسە بکات. دیـارە مـەکیاڤیلی ئەزمونەکانی خۆی لە نوسینەکانیدا بەکارهێناوە. بۆ نمونە لە پێشەکی "وتارەکانـدا" بـە بۆنـدلۆمۆنتێ(٣٦) و کۆزیمـۆ ڕۆچـلایی(٣٧) هاوڕێیـانی دەڵێـت ئـەو کتێبـەی کـە پێشکەشی ئەو دوانەی دەکات هەڵگری هەموو ئەو زانیاریە سیاسیانەیە کە لە ڕێگـەی خوێندنەوەی زۆر و هەروەها ئەزموونی دوور و درێژی لـە مەسـەلەکانی جیهانـدا، بـە دەسـتی هێنـاوە، بـەڵام ئـەزموونی تـا ڕادەیـەك کـەمی مـەکیاڤیلی ئـەو توانایـەی پـێ نەدەبەخشی کە بەرهەمێك لە پایە و پلە و گرنگی میردا بنوسێ. چونکە پێداویستی نوسـینی کتێبێکـی لـەم چەشـنە هـەبوونی توانایـەکی فکـری تـەواو جیـاوازە، وەك توانستی بەراوردکاری و شیکردنەوەی لۆژیکی و هەبوونی زیهنێکی کۆکەرەوە.

پێشداوەریەکی دیش هەیە کە ڕێگەی لەوە گرتوە زۆرێك لە تەفسیرکەرە تازەکان، مـیر لـەژێر تیـشکی واقعـی خۆیـدا ببیـنن. زۆربـەیان لێکۆڵینەوەکـەی خۆیـان بـە تـاوتوێکردنی ژیـانی مـەکیاڤیلی دەسـت پێدەکـەن.. ئومێـدیان وایـە لـە ژیاننامـەی مەگیاڤیلیـدا، کلیلـی تێگەیـشتن لـە تیـۆرە سیاسـیەکەی بدۆزنـەوە، ئـەوان ئـەوە بـە بـەدیهی دەزانـن کـە ناسـینی تـەواوی کەسـی مـەکیاڤیلی، بەسـە بـۆ بەدەسـتهێنانی بینینێکـی تـەواو بـۆ بەرهەمـەکانی. بـە پێـی ئـەو لێکۆڵینەوانـەی لەسـەر ژیـانی مـەکیاڤیلی کـراوە، مـەکیاڤیلی سـەردەمەکانی پێـشوو، واتـە مـەکیاڤیلی "تاوانبـار"ی شـانۆنامەکانی سـەردەمی ئـەلیزابێت بـە تـەواوی ون بـوە. هەنوکـە مـەکیاڤیلی بـەو

شـێوەیە دەبیـنین کـە بـە ڕاسـتی هـەبوو، واتـە پیـاوێکی شـەریف و ڕاسـتکردار، نیشتیمانپەروەر و خزمەتگوزارو هاوڕێی نیشتیمانەکەی، دۆسـتێکی بـەوەفا، پیـاوێکی فیداکار بۆ هاوسەر و منداڵەکانی(٣٨). بەڵام ئەگەر هەموو ئەم خەسڵەتە تایبەتیانـەی مەکیاڤیلی لە کتێبەکەیدا بخوێنێنەوە واتە لە میردا، ئـەوا تووشـی هەڵـە دەبـین و بـە هـۆی ئەمەشـەوە هـەم لـە بینینـی باشـیە سـەرەکیەکانی کتێبەکـە و هـەم لـە بینینـی لایەنـە کـەموکوڕەکانی غافـڵ دەبـین. زۆرجـار نـەك هـەر زیـادەڕەوی لـە دیـدی مێژوگەریانەدا، بـەڵکو هـەروەها زیـادەوەڕی لـە دیـدی دەروناسیانەشـدا، دەبێتـە هـۆی سەرلێـشێواندن و ئـاڵۆزی هەڵـسەنگاندنەکانمان. نـەوەکانی پێـشو تێبینـی خـودی کتێبەکـەیان دەکـرد و ناوەڕۆکـەکانیان دەخوێنـدەوە، بـەڵام ئێمـە لـە دەروونـشیکاری نوسەرەوە دەست پێدەکەین. زۆربەی تەفسیرکەرانی تازە لـە بـری ئـەوەی بیروڕاکانی مـەکیاڤیلی ڕەخنـە و شـیبکەنەوە، بـە دوای پاڵنـەرەکانی مەکیاڤیلیـدا دەگـەڕێن بـۆ نووسـینی مـیر و هـەوڵێکی سـەیر دەدەن بـۆ ئـەوەی ئـەم پاڵنەرانـە ڕوونبکەنـەوە. پرسـیاری پاڵنـەرەکانی نوسـەری مـیر، بـوە بـە یـەکێك لـە گـەرمترین وتوێـژی ئـەو بەرهەمانەی لەسەر مەکیاڤیلی نووسراون.

مـن نیـازم نیـە بـچمە نـاو وردەکاریـەکانی ئـەم باسـەوە. پرسـیاری پاڵنـەرەکان، هەمیـشە پرسـیارێکی گرفتئـامێز و مەترسـیدارە. تـەنها لـە چـەند حاڵـەتێکی کەمـدا دەکرێ بـە یـەقینی ڕەها بگـەین. تەنانـەت ئەگـەر بکرێ بـە شـێوەیەکی ڕەزامەنـد و ڕوون، پاڵنـەرەکانی نوسـەرێك بـۆ نووسـینی بەرهـەمێك دیاریبکـەین، ئـەم کـارە یارمەتیـەکی ئـەوتۆمان بـۆ تێگەیـشتن لـە بەرهەمەکـە نـادات. چـونکە پاڵنـەرەکانی نووسینی کتێبێك یان ئەو مەبەستەی بۆی نووسراوە، خـودی کتێبەکـە نـین. ئەوانـە تـەنها کۆمـەڵی هۆکـاری ڕێکـەوتن و یارمـەتیمان نـادەن بـۆ تێگەیـشتن لـە مانـای سیستیماتیکی بەرهەمەکە. زەمەنەکانی پێشوو تا ڕادەیەك کێشەیان لـە ڕووی کەرەسـە و زانیاری لە بارەی ژیانی نوسەران و دانەرانەوە هەبوە، بـەڵام ڕەنگـە ئێمـە لـە ڕووی زۆری ئـەم زانیاریانـەوە تووشـی کێـشەی زیهنـی بـووبین. ئێمـە نامـە تایبەتیـەکانی مـەکیاڤیلیمان خوێندۆتـەوە، پێـشینەی سیاسـی ئـەومان خـاڵ بـە خـاڵ و مـوو بـە وو خوێندۆتەوە، نەك هەر میر بـەڵکو نوسـینەکانی تـری ئەویـشمان خوێندۆتـەوە، بـەڵام کاتێك دەمانەوێت لە بارەی میرەوە هەم لە ڕووی مانای سیستیماتیکی و هەم لە ڕووی کاریگەری مێژوویـیەوە، داوەریـەکی بڕاوە بکەین، خۆمان بە سەرلێـشاوی دەدۆزینـەوە.

زۆرێـك لـە مەکیاڤیلیناسـان ئەوەنـدە لـە وردەکـاری ژیانیـدا ونبـوون کـە توانـای دەستگەیشتن بە هەمەکیان لە دەستداوە. ئـەوان تاکە تاکەی درەختـەکان دەبینـن و توانای بینینی جەنگەڵیان نیە. ئـەوان بـۆ ڕزگارکردنی ناوبـانگی مـەکیاڤیلی، گرنگی کتێبەکـەی دادەبـەزێنن. یـەکێك لـە ژیاننامەنوسـەکانی مـەکیاڤیلی لـەم دواییانـەدا نوسیوێتی:

"لە کتێبی میردا چ شتێك هەیە کە ئەوەندە وتوێژ و سۆزی وروژاند؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئێستاش هـەر ئەوەیـە کـە لـە ڕاستیدا هەمیشە هـەبوە: هیچ. لـە مـیری مەکیاڤیلیـدا هیچ شتێك بـوونی نیـە کـە ئـەم هـەموو ڕق و سـوکایەتیکردن و ترسـە بوروژێنێ. هەروەها شتێکی تێدا نیە شایستەی ستایشی شەیدایانی بێت کـە تەفسیری کـار و ئامانجـەکانی خۆیانیـان تیـا دەدۆزیـەوە. مـیر و ئـەو کارانـەی بـۆ مـیر پێشنیار دەکرێت تاکو ئەنجامیبدات و ئەو ئامانجەی کە فێری دەکرێت بـۆ ئـەوەی لەبەرچاوی بگرێـت، هـەموویان بەرهـەمی سـەردەمی مـەکیاڤیلین و ئـەو پەنـدەی کـە مـەکیاڤیلی دەیدات شتێکە کە ئەزموون فێری کردوە و لەو سەردەمەدا بە باشترین پەنـد دەزانـرا و پەندێکی قابیلی تێگەیشتن و بەڕێز بوو(٣٩).

ئەگـەر ئـەم حوکمـە ڕاسـت بێـت، ئـەوا تـا ڕادەیـەکی زۆر سـەرجەم ناوبـانگی مەکیاڤیلی ئـەنجامی هەڵە بـوە. نـەك مـەکیاڤیلی خـۆی، بـەڵکو خوێنـەرەکانی بوونـە هـۆی ناوبـانگ دەرکردنـی و ئـەوانیش تـەنها لەسـەر بناغـەی تێنەگەیـشتن لـە مانـای بەرهەمەکەی. بە بڕوای مـن ئاشکراکردنی ئـەم مەسـەلانە ڕاکردنێکی ناشیانەیە لـە مەتەڵەکە (dilemma). ئەم مەتەڵە هەیە. لە نێوان تێزە سیاسیەکانی مەکیاڤیلی و خەسڵەتە کەسێتی و ئەخلاقیەکانیدا، ناکۆکیەکی ئاشکرا هەیە. ئێمە دەبێت بـۆ ئـەم کێـشەیە بـە دوای ڕونکردنەوەیـەکی باشـتردا بگـەڕێین ، نـەك ئـەوەی نکـوڵی لـە ڕەسەنایەتی و گـەردونی بـوونی تیۆرەکانی مـەکیاڤیلی بکـەین. ئەگـەر ئـەم تەفسیرە ڕاسـت بوایـە، دیـارە دەمـانتوانی مـەکیاڤیلی بـە پیـاوێکی کۆمەڵایـەتی وتەبێـژی بەرژەوەندی سیاسی و نەتەوەیی تایبەت، بناسین. بەڵام ئێدی نەمانـدەتوانی ئـەو بـە دامەزرێنـەری زانـستی سیاسـەتی تـازە و بیریـارێکی داهێنـەری گـەورە بـزانین کـە تێـڕوانین و تیۆرەکـانی ، جیهـانی مۆدێرنیـان هەڵگەڕانۆتـەوە و بونیـادی ڕێکخـستنی کۆمەڵایەتیان هێناوەتە لەرزین.

سەرکەوتنی مەکیاڤیلیزم و دەرئەنجامەکانی مەکیاڤیلی و رینسانس

سەرەڕای جیاوازی بیروڕا لە بارەی میر و کەسایەتی مەکیاڤیلیەوە، لانیکەم لەسەر خاڵێـك ڕێکـەوتنی تـەواو هەیـە. هـەموو نوسـەران دەیـسەلێنن مـەکیاڤیلی "کـوڕی سەردەمی خۆیەتی" ئەو شایەتی جۆرێـك ڕێنسانسە. بـەڵام تـا کاتێـك تێگەیـشتنێکی ڕوون و بـێ ئاڵۆزیمـان بـۆ ڕینـسانس نـەبێت، ئـەم قـسەیە مانایـەکی ئـەوتۆی نابێـت. لەمڕووەوە هەلومەرجەکە بە شـێوەیەکی نائومێدانـە، تێکـەڵ و پێکەڵە. لـەم دەیانـەی دواییـدا ئـارەزووی لێکۆڵینـەوە لـە ڕینسانـسن هێـواش هێـواش زیـادیکردوە. هەنوکـە زانیاری زۆر و سەرسوڕهێنەرمان لەبەردەستدایە، بەڵام سەرەڕای ئـەو بەڵگـە تازانـەی کە مێژوونوسانی سیاسی و مێژوونووسانی ئەدەبیات، هونەر، فەلسەفە و دیـن کۆیـان کردۆتەوە. هێشتا لە ڕووی پرسیاری سەرەکیەوە، واتە "مانـای" ڕێنسانس، دەڵێـی لـە تاریکیـدا دەژیـن. هـیچ نوسـەرێکی تـازە ناتوانـێ ئـەو فۆرمەلـە بەناوبانگانـە دوبـارە بکاتـەوە کـە یـاکوب بۆرکهـارت هەوڵیـدا بـە هۆیانـەوە شارسـتانیەتی ڕێنـسانس، وەسـفبکات. لـە لایـەکی دیـەوە هـەموو ئـەو وەسـفانەی کـە ڕەخنـەگرانی بۆرکهـارت پێشکەشیان کردوە، بـە هـەمان ئەنـدازەی فۆرمەلـەکانی بۆرکهارت جێگـەی ڕەخنـەن. زۆرێك لە لێکۆڵەرەوانەکان کە لـە بوارەکـانی خۆیانـدا خـاوەن پلەوپایـەی بـەرزن، بـە نیاز بوون هەرچۆنێك بووە ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن. ئەوان ئاگادارمان دەکەنـەوە لە بەکارهێنانی زاراوەی ڕینسانسدا وریابین. لین تورندایك لە باسێك کـە بـەم تازانـە لە بارەی ڕێنسانسەوە کردوێتـی، دەنوسـێ:"چ قازانجێکمـان لـە خـستنە ژێـر پرسـیاری ڕێنسانس دەست دەکەوێت؟ هیچ کەس تا ئێستا بوونی ڕێنسانسی نەسـەلماندوەو هـیچ کەسیش بە ڕاستی هەوڵی نەداوە ئەم کارە بکات"(١).

بـەڵام ئێمـە نابێـت تـەنها باسـی نـاو و زاراوەکـان بکـەین. ئـەوەی ڕێنـسانس ناونیشانێکی وەهمی نیەو ئەم زاراوەیە بەسەر واقعێکی مێژووییدا دەگونجـێ، شـتێکی نکوڵی لێنەکراوە. ئەگەر پێویستمان بـە سـەلماندنی بـوونی ئـەو واقعـە هەبوایـە، ئـەوا

هەر ئەوەندە بەس بوو کە ناوی دوو شایەتی کلاسیکی ڕێنسانس بهێنین و پشت بەم دوو بەڵگەیە ببەستین: کتێبەکەی گالیلۆ بە ناوی "وتوێژ لە بارەی دوو زانستی تازەوە" و کتێبەکەی مەکیاڤیلی بە ناوی "میر"ەوە. ڕەنگە سەرەتا دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان ئەم دوو بەرهەمەدا ناڕەوا دەرکەوێت، چونکە ئەم دوو کتێبە بابەتی تەواو جیاواز لە یەك تاوتوێ دەکەن و سەر بە سەدەی جیاوازن. پیاوانێکیش نووسیویانە کە لە ڕووی بیرکردنەوە و ئارەزووی زانستی و توانست و کەسایەتیەوە، تەواو لە یەك جیاواز بوون. بەڵام ئەم دوو کتێبە سەرەڕای جیاوازیان، لایەنی هاوبەشیشیان هەیە. لەهەر دووکیاندا ئاراستەیەکی فکری تایبەت دەبینین کە ئەم دوو بەرهەمە وەك دوو ڕووداوی گەورە و زیندوو لە مێژووی شارستانیەتی تازەدا جیادەکاتەوە. لێکۆڵینەوە تازەکان دەریدەخەن کە هەم مەکیاڤیلی و هەم گالیلۆ، پێشڕەوانێکیان هەبووە. ئەم دوو بەرهەمە لە مێشکی نوسەرەکانیەوە بە ئامادەیی و زەڕە بە زەڕە و بە یەکجار نەهاتۆتە دەرێ، بەڵکو پێویستیان بە ڕێخۆشکردنی ورد و دوورو درێژ هەبووە. بەڵام هەموو ئەمانە لە نوێخوازی ئەم دوو کتێبە کەمناکەنەوە. ئەوەی گالیلۆ لە "وتوێژ لە بارەی دوو زانستی تازە" و مەکیاڤیلی لە کتێبی "میر"دا هێناویانەتە ئارا، بە ڕاستی "زانستی تازەن". گالیلۆ دەڵێت: "ئامانجی من دامەزراندنی زانستێکی زۆر تازەیە، کە بابەتێکی زۆر کۆن تاوتوێدەکات. ڕەنگە لە ﴿لێکۆڵینەوەی﴾ سروشتدا هیچ بابەتێك کۆنتر نەبێت لە مەسەلەی جوڵە، کە فەیلەسوفەکان چەندان کتێبیان لە بارەیەوە نووسیوە، کە نە ژمارەیان کەمە و نە قەبارەیان بچوکە. بەڵام سەرەڕای ئەمانە من لە ڕێگەی تاقیکردنەوەوە هەندێك خەسڵەتی جوڵەم دۆزیوەتەوە کە زانینیان پێویستە. تائێستاش کەسانی تر نە ئەم خەسڵەتانەیان دۆزیوەتەوە و نە سەلماندویانە"(٢). مەکیاڤیلیش بەگشتی لە جێگەیەکدا بوو، کە بتوانێ بەمشێوەیە باسی کتێبەکەی خۆی بکات. ڕێك بەو شێوەیەی کە دینامکیەتی گالیلۆ بوو بە \بناغەی زانستی مۆدێرنی سروشت ﴿فیزیای تازە﴾، میری مەکیاڤیلیش ڕێگەیەکی تازەی بۆ زانستی سیاسەت کردەوە.

دەبێ بۆ تێگەیشتن لە تازەیی ئەم دوو کتێبە، سەرەتا شیکردنەوەیەك بۆ بیرکردنەوەی سەدەکانی ناوەڕاست پێشکەشبکەین. ئەوەی ناتوانین بە مانایەکی تەواو ڕۆژمێریانە، ڕێنسانس لە سەدەکانی ناوەڕاست جیابکەینەوە، شتێکی ئاشکرایە.

سەدەی پانزە بە زنجیرەیەکی بێئەژماری دیار و نادیار، بەستراوە بە بیرکردنەوەی سکولاستیك و بە کلتوری سەدەکانی ناوەڕاستەوە. هیچ کاتێك لە بەردەوامی و پەیوەندی مێژووی مۆدێرنی ئەوروپادا، دابڕانێك ڕووی نەداوە. دۆزینەوەی خاڵێك لەم ڕەوتە مێژووییەدا کە تیایدا سەدەکانی ناوەڕاست "کۆتایی بێت" و سەردەمی تازە "دەستپێدەکات"، کارێکی مەحاڵە"(٣). بەڵام باسکردنی ئەم ڕاستیە پێویستی دۆزینەوەی هێڵێکی جیاکەرەوەی فکری لە نێوان سەدەکانی ناوەڕاست و سەردەمی تازەدا نەفی ناکات.

بیریارانی سەدەکانی ناوەڕاست لە ڕووی بیرکردنەوەوە سەر بە قوتابخانەی جیاواز بوون. لە نێوان ئەم بیریارانەدا: دیالەکتیکیەکان و عارفەکان، واقعیەکان و ناوگەرەکان ﴿اسمیین﴾ وتوێژی بێپایان ڕووی دەدا. بەڵام سەرەڕای بوونی ئەم قوتابخانانە، نێوەندێکی فکری هاوبەش هەبوو کە بە درێژایی چەندان سەدە بە نەگۆڕی مایەوە. ڕەنگە بۆ تێگەیشتن لە یەکێتی بیرکردنەوەی سەدەکانی ناوەڕاست ڕێگایەکی باشتر و ئاسانتر لە خوێندنەوەی ئەم دوو کتێبە نەبێت: "لە بارەی زنجیرە پلەی ئاسمانیەوە" و "لە بارەی زنجیرە پلەی کەنیسەییەوە". نوسەری ئەم دوو کتێبە نەناسراوە. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەم دوو بەرهەمەیان دەگەڕانەوە بۆ دیونیسیۆس ئاریپاگیتا(٤) کە موریدی قەدیس پۆلس بوو، هەر ئەویش کردبووی بە مەسیحی و غەسلی تەعمیدی کردبوو. بەڵام ئەمە لە ئەفسانەیەك زیاتر نیە. نوسەری ئەم کتێبانە ڕەنگە نۆ ئەفلاتۆنیەکی پەیڕەوی پرۆکلس بووبێ(٥). ئەم دوو بەرهەمە لەسەر بناغەی قبوڵکردنی تیۆرەی لافاو "emaanation"ی فلۆتین کە دامەزرێنەری قوتابخانەی نۆ ئەفلاتۆنیە، نووسراوون. بە پێی تیۆرەی لافاو دەبێ بۆ تێگەیشتن لەهەر شتێك بگەڕێینەوە بۆ بنەما سەرەتاییەکەی و دەبێ دەریبخەین بە چ ڕێگەیەك ئەم شتە لەم بنەمایەوە دەرچوە. بنەمای سەرەتایی کە هۆ و سەرچاوەی هەموو شتەکانە، یەکتایە و شتێکی ڕەهایە. ئەم یەکتاییە ڕەهایە، لەناو فرەیی شتەکاندا گەشە دەکات. ئەم گەشەکردنە پرۆسەیەکی پەرەسەندن بە مانای تازە نیە، بەڵکو پتر ڕەوتێکی ڕوو لە دوای هەیە. زنجیرێکی ئاڵتونی کۆی جیهانی پێکەوە گرێدراوە و بە سەقامگیری دەیهلێتەوە.

هومیرۆسیش لە پەرەگرافێکی بەناوبانگی ئەلیادەدا، باسی ئەم زنجیرە دەکات.

هەموو شتێك جا چ مادی بێت یان مەعنەوی، مەلایکەتە نزیکەکان، فریشتەکان، ئەسرافیل، کروبیەکان و هەموو خزمەتکارەکانی "legions" بارەگای ئاسمانی، مرۆڤ، سروشتی گیاندار، مادەی بێگیان، هەموو ئەمانە بەم زنجیرە ئالتونیەوە لە بەردەم خواوەندا بەند کراون. دوو زنجیرە پلەی جیاواز هەیە، یەکێکیان زنجیرە پلەی بوون و ئەوی دیان زنجیرە پلەی بەها. بەڵام ئەم دوانە ناکۆك نین لەگەڵ یەکدا. ئەم دوانە تەریب بە یەك و بە تەواوی لەگەڵ یەکدیدا هەماهەنگن. پلەی بەها، بەستراوە بە پلەی بوونەوە. ئەوەی کە لە خوارەوەی پەیژەی سەرەتاییەوە، واتە لە سەرچاوەی هەموو شتەکانەوە دوورتر بێت، هێندەش پلەی کەمالّی کەمتر دەبێت.

بە درێژایی سەدەکانی ناوەڕاست کتێبەکانی دیونیسیوسی درۆزنانەیان "لە بارەی زنجیرە پلەی ئاسمانی و لە بارەی زنجیرە پلەی کەنیساییەوە" بە شێوەیەکی فراوان و بە تامەزرۆییەوە دەخوێندەوە. ئەم دوو بەرهەمە لە سەرچاوە بنەڕەتیەکانی فەلسەفەی سکۆلاستیك بوون. ئەو سیستەمەی لەم دوو کتێبەدا دروستکرابوو، نەك هەر کاریکردە سەر بیرکردنەوەی خەڵکی، بەڵکو پەیوەندی لەگەڵ قوڵترین سۆزەکانی خەڵکیدا دەبەست. ئەم سیستەمە بە ڕێگەی جیاواز خۆی لە کۆی سیستەمە ئەخلاقی، دینی، زانستی و کۆمەڵایەتیەکاندا، دەردەخست. لە گەردوونناسی ئەرستۆییدا خودا وەك "جوڵێنەری بێ جوڵە"ی گەردوون وەسفکراوە. ئەو سەرچاوەی غائی جوڵەیە. بەڵام خۆی لە سکوندا بەسەر دەبات. ئەو هێزی جوڵەی خۆی بۆ یەکەمجار دەگوێزێتەوە بۆ ئەو شتانەی کە لەو نزیکترن و هەر لەوێوە ئەم هێزە ڕەوتی ڕوو لە خواری خۆی دەسپێدەکات و بە پلەی جیاواز بە جیهانی ئێمە، بە زەمین و جیهانی خوار مانگ دەگات. بەڵام لە جیهانی ژێر مانگدا چیدی کەمالّی ئاسمانی نادۆزینەو جیهانی بەرین، جیهانی مادە ئاسمانیەکان، لە مادەیەکی نەمر کە هەرگیز لەناوناچێ، واتە لە ئەسیر یان ڕەگەزی پێنجەم دروستبووە، جوڵەی ئەم مادە ئاسمانیانە نەمرە. جیهانی ژێر مانگ جێگەی فەسادە، هەموو شتێك لەناودەچێ و خراپ دەبێت. هەر جوڵەیەك، پاشماوەیەك ڕادەوەستێت. جیاوازیەکی ئاشکرا لە نێوان جیهانی بەرین و جیهانی ژێرەوەدا هەیە. ئەم دوو جیهانە لە یەك مادە دروست نەبوون و پەیڕەوی لە یەك یاسای جوڵە ناکەن. هەر ئەم بنەمایەش بۆ بونیادی جیهانی سیاسی و کۆمەڵایەتیش ڕاستە. زنجیرە پلەیەکی کەنیسایی لە ژیانی

دینیدا دەبینین، لە پاپاوە کە لە لوتکەی کەنیسەدایە دەستپێدەکات و بەکاردینالّەکان، سەرۆك قەشەکان و قەشەکان و ڕۆحانیە پلە نزمتر‌ەکان دەگات. لە دەوڵەتدا بەرزترین دەسەڵات لە بوونی ئیمپراتۆردا کۆبۆتەوە کە ئەویش ئەم دەسەڵاتە بۆ ژێر دەستەکانی خۆی واتە شازادەکان، دۆکەکان و خزمەتگوزارانی دی دەگوێزیتەوە. ئەم سیستەمە فیئودالیە هاوتا و سێبەری سیستەمی زنجیرە پلەیی هەمەکیە. ئەم سیستەمە فیئودالّیە دەربڕین و ڕەمزی ئەم سیستەمە گەردونیە هەمەکیەیە کە خواوەند بەرپای کردوە و هەر لێرەوە سیستەمێکی نەمر و نەگۆڕە. سیستەمی فیئۆدالی لە سەرتاسەری سەدەکانی ناوەڕاستدا حوکمڕان بوو، وە هێزی خۆی لە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤدا پێشاندەدا. بەڵام لە یەکەم سەدەکانی ڕێنسانسدا، واتە لە سەدەکانی پانزەهەم و شانزەهەمدا، شێوەی ئەم سیستەمە گۆڕا. ئەم گۆڕانە لە ناکاو و بە یەکجار ڕوی نەدا. ئێمە داڕمانی تەواو و سڕینەوە یان ڕەدکردنەوەی ئاشکرای بنەما سەرەکیەکانی بیرکردنەوەی سەدەی ناوەڕاستی، نابینین. بەڵام لەناو ئەم سیستەمە زنجیرە پلەییەدا کە ئەوەندە پتەو و سەقامگیر دەهاتە پێش چاو، درز لە دوای درزی دەرکەوت. ئەم سیستەمە لەناو نەچوو، بەڵام هێواش هێواش دیارنەما و بایەخی بێ چەند و چونی خۆی لە دەستدا. گەردوونناسی کۆپرنیکۆس جێگەی گەردوونناسی ئەرستۆیی گرتەوە. لە سیستەمی کۆپرنیکۆسدا چیدی جیاوازی لە نێوان جیهانی "بەرین" و جیهانی "ژێرەوە"دا نیە. جوڵەی هەموو مادەکان جا چ جوڵەی زەمین بێت یان جوڵەی مادە ئاسمانیەکان، پەیڕەوی لە ڕێساگەلێکی یەکسان دەکەن. جۆردانۆ برۆنۆ(٦) یەکەم بیریار بوو کە تەفسیرێکی میتافیزیکی بۆ سیستەمی کۆپرنیکۆس پێشکەشکرد. بە پێی باوەڕی جۆردانۆ برۆنۆ جیهان هەمەکیەکی بێ کۆتاییە کە سەرتاسەری ڕۆحی ئیلاهی پڕی کردۆتەوە و گیانداری دروستکردوە. لە گەردوندا هیچ خاڵێکی جیاکەرەوە بوونی نیە نە "سەرەوەیی" هەیەو نە "ژێڕەوەیی". لە بواری سیاسیشدا سیستەمی فیئۆدالی هەڵوەشایەوە و بناغەکانی سست بوون. لە ئیتالیادا چوارچێوەی سیاسی تەواو جیاواز دەرکەوت. حکومەتە ستەمکارەکان لە سەردەمی ڕێنسانسدا یان لەسەر دەستی پیاوانی تەنیا کە فەرمانڕەوایانی مەزنی سەردەم بوون، جێگیر بوون یان لەسەر دەستی بنەماڵە گەورەکان بونیاد نران، وەك: بنەماڵەی ویسکۆنتی(٧) یان سفۆر تزاس(٨) لە میلان،

بنەماڵەی میدچی لە فلۆرانس و بنەماڵەی گۆنتزاگاس(٩) لە مانتۆئا(١٠).

دەوڵەتی دنیایی مۆدێرن

ئەو وێنەیەی وەسفمان کرد، پێشزەمینەیەکی سیاسی و فکری هەمەکی دروستدەکات کە مێری مەکیاڤیلی لەناویدا دروستبوو. ئەگەر لەم ڕوانگەیەشەوە تەماشای مێری مەکیاڤیلی بکەین، ئەوا لە دەستنیشانکردنی ماناکەی و جێگەی ڕاستەقینەی لە گۆڕانی کلتوری ئەوروپادا، توشی هیچ کێشەیەك نابین. کاتێك مەکیاڤیلی نەخشەی کتێبەکەی دادەڕشت، نێوەندی قورسایی جیهانی سیاسی ئالۆگۆڕی بەسەردا هاتبوو. هێزی سیاسی تازە لە شانۆی سیاسیدا دەرکەوتبوون کە دەبوو حسابیان بۆ بکرێت –هێزگەلێك کە بە تەواوی لە سیستەمی سەدەکانی ناوەڕاستدا نەناسراو بوون. کاتی خوێندنەوەی مێری مەکیاڤیلی، لەوە سەرمان دەسوڕمێ کە تا چ ئەندازە هەموو بیرکردنەوەی مەکیاڤیلی لەسەر ئەم دیاردە تازەیە ڕاوەستاوە. هەرکاتێك باسی شێوە ئاساییەکانی حکومەت دەکات، وەك شارە کۆماریەکان یان سەڵتەنەتە میراتیەکان، ئەوا قسەی زۆر کورت و موختەرەسە. وەك ئەوەی هەموو ئەم شێوە کۆن و سەردەمێك جێی شانازیانەی حکومەت، بە سەختی بتوانن سەرنجی مەکیاڤیلی ڕابکێشن، وەك ئەوەی ئەم حکومەتانە لە ڕووی ئارەزووی زانستی مەکیاڤیلیەوە، شایەنی سەرنج لێدان نەبن. بەڵام کاتێك دەستەکات بە وەسفی پیاوانی تازە و کاتێك "میری تازە Principality" شیدەکاتەوە، بە ئاوازێکی تەواو جیاواز قسەدەکات. ئەو نەك ئارەزومەند، بەڵکو شیفتە و شەیدا بوە. ئەم شەیدابوونە سەیر و سەمەرەیە لەهەر وشەیەکدا مەکیاڤیلی لە بارەی سزار بۆرژیاوە نوسیوێتی ، هەست پێدەکەین. شێوەی نووسینی مەکیاڤیلی لە وەسفی شێوازێکدا کە سزار بۆرژیا بەکاری دەهێنێ بۆ ئەوەی لە دەستی دوژمنەکانی ڕزگاری بێت، هەم لە ڕووی شێوازی نووسین و هەم لە ڕووی دەوڵەمەندی فکریەوە، باشترین نمونەی نوسینەکانی مەکیاڤلیە(١١). تەنانەت پاش ماوەیەکی زۆر لە کەوتنی سزار بۆرژیا، مەکیاڤیلی هێشتا هەر شەیدای دەوڵەتی تازە بوو. "دوکا ڤالنتینۆ" هەمیشە لە زیهنی مەکیاڤیلیدا وەك نمونەی کلاسیکی دەوڵەتی تازە مایەوە. ئەو بە ڕاشکاوی دان بەوەدا دەنێت کە ئەگەر بڕیار بێت خودی ئەو دەوڵەتێکی تازە بونیاد بنێت. هەمیشە

پەیڕەوی لە نمونەی سزار بۆرژیا دەکات(١٣).

ناکرێ ئەم قسانە تەنها وەك هاوسۆزی مەکیاڤیلی لەگەڵ سزار بۆرژیادا لێکدەینەوە. مەکیاڤیلی هۆیەکی نەبوو کە ئەوی خۆشبوێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە هۆیەکی زۆری هەبوو بۆ ئەوەی لێی بترسێ. ئەو هەمیشە ڕەخنەی لە دەسەڵاتی دنیایی پاپ هەبوو، چونکە بۆ ژیانی سیاسی ئیتاڵیا بە گەورەترین مەترسی دەزانی. هیچ کەسیش هێندەی سزار بۆرژیا هەوڵی پەرەسەندنی دەسەڵاتی دنیایی کەنیسەی نەدابوو. سەرەڕای ئەمە مەکیاڤیلی زۆر باش ئاگایی لەوە بوو کە ئەگەر سیاسەتی سزار بۆرژیا سەرکەوتایە، وێرانی کۆماری فلۆڕانسی بەدوادا دەهات. کەوابوو چۆن بوو کە سەرەڕای ئەم هەموو شتانە هێشتا مەکیاڤیلی ئەم دوژمنەی زادگاکەی خۆی نەك ستایش دەکرد، بەڵکو بە جۆرێك حورمەتەوە باسیدەکرد، حورمەتێك کە ڕەنگە هیچ کاتێك میژوونوسێکی دی بۆ سزار بۆرژیا، هەستی پێ نەکردوە؟ بەڵام دەکرێ ئەوکاتە لەم کێشەیە تێبگەین کە ئەوەمان بیرکەوێتەوە ستایشی مەکیاڤیلی بۆ سزار بۆرژیا بۆ خودی سزار بۆرژیا نەبوە، بەڵکو بۆ ئەو دەوڵەتە تازەیە بووە کە دروستیکردوە. مەکیاڤیلی یەکەم بیریار بوو بە تەواوی لەوە تێگەیشت کە ئەم بونیادە سیاسیە تازەیە بە ڕاستی هەڵگری چ مانایەکە. ئەو سەرچاوەی ئەم بونیادە تازەیەی بینی بوو، هەروەها دەرئەنجامەکانیشی پێشبینی دەکرد. مەکیاڤیلی لە بیرکردنەوەی خۆیدا سەرجەم ڕەوتی ئایندەی ژیانی سیاسی ئەوروپایی لە پێشەوە دەبینی. واقیعبوونی ئەم بونیادە بوو کە ئەوی ناچار کرد تا شێوەی ئەم میرنشینە تازانە بە وردیەکی زۆر و بە شێوەیەکی هەمەلایەنە تاوتوێ بکات. مەکیاڤیلی تەواو هوشیار بوو بەوەی هەرکاتێك بەراوردێك لە نێوان تیۆرەکانی خۆی و ئەوانی پێشودا بکرێت، تیۆرەکەی ئەو بە نائاسایی دادەنرێ. هەر لەبەرئەمە داوای لێبوردنی لە نائاساییبوونی ڕەوتی بیرکردنەوەی دەکات. مەکیاڤیلی لە میردا دەنوسێ:

"هیچ کەس نابێت سەری لەوە بسوڕمێ کە لە لێکۆڵینەوەی میرنشینەکان، پاشایەتیەکان و ئەو دەوڵەتانەی خەسڵەتی تەواوو جیاوازیان هەیە، خەسڵەتە بەرجەستە و مەزنەکانیان بە نمونە بهێنمەوە.. لێرەوە دەڵێم کە لە میرنشینە تازەکاندا کە خودی میری تازە دروستیکردوە، پاراستنی فەرمانڕەواییەکەی کەم تا زۆر زەحمەتە و ڕوبەڕوبونەوەی لەگەڵ ئەم کێشەیە پەیوەستە بە توانا تایبەتیەکانی

خۆیەوە. لەبەرئەوەی ئەم کەسەی لەجێگەی هاوڵاتیەکی سادەوە گەیشتووە بە پلەی مێرێتی، ئەوا هەر ئەمە بەڵگەی دلاوەری و زیرەکی، یان لانیکەم بەختی باشی ئەوە و ڕەنگە هەر ئەم شتانەش یارمەتی بدەن بۆ ئەوەی بەسەر زۆرێك لەو گرفتانەی کە دێنە پێشێ، زاڵ ببێ(١٤). مەکیاڤیلی بە سوکایەتیکردن و گاڵتەجاڕیەکی ئاشکراوە باسی ئەو دەوڵەتانە دەکات کە لەسەر نەریتی ڕووت یان بنەمای شەرع دامەزراون. مەکیاڤیلی ڕایدەگەیەنێ کە ئەو دەوڵەتانەی کەنیسە دروستی کردوون، بەختێکی زۆریان هەیە. چونکە یاسا کۆنەکانی شەرع و مەرجەعیەتێکی پیرۆز وەك سوپەرێك دەیانپارێزێت. لەم ڕووەوە حکومەتە دینسالاریەکان بە ئاسانی پارێزگاری لە خۆیان دەکەن. مەکیاڤیلی دەنوسێ:

"بەڵام لەبەرئەوەی ئەم حکومەتە دینسالارانە لەژێر سەرپەرشتی و ڕێنمایی ڕاستەوخۆی خوداوەندی مەزندان کە هەم بەرپای کردوون و هەم پارێزگاریانە، و لەبەرئەوەی کردارەکانی خودا لە سنوری تێگەیشتنی ئێمە زۆر باڵاترە، کەوابوو بێ پەروایی و بێ شەرمی دەبێ گەر مرۆڤی فانی وابزانێ دەتوانێ ئەم مەسەلانە ڕوون بکاتەوە. لێرەوە وا باشترە کە لە چوونە ناو ئەم باسەوە بمبورن(١٥).

بۆ وروژاندنی ئارەزووی مەکیاڤیلی هیچ شتێك لەم شێوە ئارام و ئاشتیخوازانەی حکومەت پێویست نیە، ئەو پێویستی بە چوارچێوەیەکی سیاسی هەبوو کە بە زۆر دروستکرابێت و بە زۆریش بپارێزرێ.

بەڵام لایەنی سیاسی تاکە لایەنێکی تیۆرەکەی مەکیاڤیلی نیە. بۆ ئەوەی سەرجەم ئامانج و مەبەستی تیۆرەی مەکیاڤیلی تێبگەین، دەبێ لە ڕوانگەیەکی فراوانترەوە تێی بڕوانین. دەبێ بۆ دیدگا سیاسیەکەی، دیدگا فەلسەفیەکەشی زیاد بکەین. ئەم لایەنە لە تیۆرەکەی مەکیاڤیلی بە ناهەق، لەبەرچاو نەگیراوە. سیاسەتمەداران و کۆمەڵناسان و مێژوونووسان لەسەر شیکردنەوە و تەفسیر و ڕەخنەی میری مەکیاڤیلی لەگەڵ یەکدا پێشبڕکێیان

دەکرد. بەڵام لە کتێبە دەرسیەکانی مێژووی فەلسەفەی تازەدا هیچ فەسڵێك نیە کە تایبەت بێت بە تیۆرەی مەکیاڤیلی. ئەم مەسەلەیە لە ڕوویەکەوە قابیلی تێگەیشتنە. مەکیاڤیلی بە مانای کلاسیك و سەدەکانی ناوەڕاستی فەلسەفە، فەیلەسوف نەبوو. ئەو سیستەمێکی تیۆری نەبوو. تەنانەت سیستەمێکی سیاسیشی

پێشکەشنەکرد. لەگەڵ ئەمەشدا کتێبەکەی مەکیاڤیلی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەریەکی زۆری کردە سەر گۆڕانی سەرجەم بیرکردنەوەی فەلسەفی مۆدێرن. چونکە مەکیاڤیلی یەکەم کەس بوو کە سەرسەختانە و بێ چەندوچون لە کۆی نەریتی سکۆلاستیك بڕا و بناغەی ئەم نەریتەی تێکشکاند کە زنجیرە پلەیی بوو.

فەیلەسوفانی سەدەکانی ناوەڕاست بەردەوام ئەو قسەیەی پۆلیسی قەدیسیان دوبارە دەکردەوە کە هەموو دەسەڵاتێك لە خوداوەندەوەیە(١٦). سەرچاوەی خودایی دەوڵەت بە شێوەیەکی گشتی قبوڵ و سەلێنراو بوو، تا سەرەتای سەردەمی مۆدێرنیش هێشتا ئەم تێزە بە هێزی خۆیەوە مابۆوە. بۆ نمونە ئەم تێزە لەوپەڕی کاملبوونیدا لە تیۆرەکەی سوئارزدا(١٧) دەبینێتەوە(١٨). تەنانەت سەرسەختزین خەباتگێڕانی سەربەخۆی و دەسەڵاتدارێتی دەسەڵاتی دنیایی، جورئەتی نکوڵی کردنیان لە تیزی دەسەڵاتدارێتی خودایی (theocrathc) نەبوو. بەڵام مەکیاڤیلی تەنانەت هێرشناکاتە سەر ئەم تێزە، بەڵکو تەنها فەرامۆشیدەکات و لەبەرچاوی ناگرێ. مەکیاڤیلی لەسەر بناغەی ئەزموونی سیاسی خۆی قسەدەکات. ئەزموونەکەشی فێری کردبوو کە دەسەڵاتی سیاسی ڕاستەقینە و واقعی هەموو شتێکە، بەڵام خودایی نیە. ئەو پیاوانێکی بینی بوو کە بونیادنەری "میرە تازەکان" بوون. ئەویش بە تامەزرۆییەوە شێوازەکانی ئەم میرانەی ﴿بۆ بە دەستهێنانی دەسەڵات و پاراستنی﴾ تاوتوێ کردبوو. ئەو بیرۆکەیەی کە دەسەڵاتی ئەم میرە تازانە لە لایەن خواوەندەوە بەم فەرمانڕەوایانە بەخشراوە، نەك هەر پوچ و بێمانا بوو، بەڵکو کفرکردن بوو. مەکیاڤیلی دەبوو وەك واقعبینێکی سیاسی بۆ یەکجار و بۆ هەمیشە بناغەی سیستەمی سەدەکانی ناوەڕاست بە تەواوی تورهەڵدات. بە بڕوای مەکیاڤیلی ئەو تێڕوانینەی کە پێیوایە پاشاکان لە لایەن خوداوەندەوە بە فەرمانڕەوایی گەیشتوون، بەتەواوی پڕوپۆچ بوو. مەکیاڤیلی لە فەسڵی پانزەهەمی میردا دەڵێت:

"ئەوەی ماوەتەوە ئەوەیە دەربیخەین میر چۆن دەبێت لەگەڵ ژێردەستان و دۆستانی خۆیدا ڕەفتار بکات. بەڵام لەبەرئەوەی لەم بوارەدا زۆر شت نوسراوە، ڕەنگە قسەکانی من لەم بارەیەوە بە لوتبەرزی لێکدەنەوە، بە تایبەتی کە تێڕوانینی من لە تێڕوانینی کەسانی دی زۆر جیاوازە. بەڵام لەبەرئەوەی تەنها بۆ ڕێنمایکردنی ئەو

کەسانە دەنووسم کە خوازیارین و لەبەرئەوەی کە لە نزیکەوە تەواو ئاشنای مەسەلە سیاسیەکان بووم، وام بە باشزانی مەسەلە سیاسیەکان بەوجۆرە پیشان بدەم کە بە ڕاستی هەن، نەک ئەوەی بە مۆدێلی خەیاڵی ئەو کۆمار و میرانەی کە هەرگیز بوونیان نەبوە و بوونیان نابێ، هێزی خەیاڵ (وەک چۆن هەندێک نوسەر کردوویانە) سەرسام بکەم(١٩).

مەکیاڤیلی پەیڕەوی لە شێوازە ئاسایی و باوەکانی دیالەکتیکی سکۆلاستیکی ناکات. ئەو هەرگیز لە بارەی تێزە سیاسی یان پەندە سیاسیەکانەوە، وتوێژ یان ئیستیدلال ناکات. بە بڕوای ئەو مەسەلەکانی واقعی ژیانی سیاسی، تاکە بەلگاندنێکی بایەخدارە. هەر ئەوەندە بەسە ئاماژە بۆ "سروشتی شتەکان" بکەین، تا سیستەمی زنجیرە پلەیی کەنیسە و سیستەمی حکومەتی ڕۆحانیەکان، دابڕمێ.

لێرەشدا پەیوەندیەکی نزیک لە نێوان گەردوناسی تازە و سیاسەتی تازەی سەردەمی ڕێنسانسدا، دەبینین. لە هەردوکیاندا ﴿واتە لە گەردووناسی تازە و زانستی سیاسەتی تازەدا﴾ جیاوازی نێوان جیهانی ژێرەوە و جیهانی بەرین لەناوچوە. دیاردەکان هەم لە ئاستی سیستەمی فیزیایی و هەم لە ئاستی سیستەمی سیاسیدا هاوئاستن. مەکیاڤیلی بە هەمان زیهنیەتەوە لە بزوتنەوە سیاسیەکانی کۆلێوە، کە سەدەیەک دوای ئەوە گالیلۆ جولەی تەنەکانی لە کاتی کەوتنە خوارەوەدا خستە ژێر لێکۆلینەوەوە. بەمشێوەیە مەکیاڤیلی بوو بە دامەزرێنەری جۆرێکی تازەی زانستی ستاتیکی (Statice) سیاسی و زانستی دینامیکی (dynamics) سیاسی.

لە لایەکی دیەوە ئەوە ڕاست نیە گەر بڵێین تاکە ئامانجی مەکیاڤیلی ئەوە بوە تا ئەو شوێنەی دەتوانێ، واقعە سیاسیەکان بە شێوەیەکی ورد و ڕاشکاو وەسفبکات. ئەگەر ئەمە تەنها مەبەستی ئەو بوایە، ئەوا دەبوو بە مێژوونووس، نەک بە تیۆریزەنی سیاسی. تیۆرە پێویستی بە زۆر شتی تر هەیە، تیۆرەیەک پێویستی بە بنەمایەکی دروستکەر هەیە کە شتە واقعیەکان کۆبکاتەوە و پێکەوە بیانگونجێنێ و یەکیان بخات. دەولەتی دنیایی چەندان وەخت پێش مەکیاڤیلی هەبووە. یەکێک لە سەرەتاترین نمونەکانی دنیاییبوون (Secularization)ی تەواوی ژیانی سیاسی، ئەو دەولەتەیە کە فردریکی دوهەم لە باشوری ئیتاڵیادا دروستی کردبوو. ئەم دەولەتە ٣٠٠ ساڵ بەرلەوەی مەکیاڤیلی کتێبەکەی بنووسێ، دروست بووبوو. ئەم

حکومەتە بە مانای مۆدێرن حکومەتێکی ڕەهای سەڵتەنەتی بوو کە خۆی بە تەواوی لە دەسەڵاتی کەنیسە ڕزگار کردبوو. کارگێڕانی ئەم دەولەتە نەک ڕۆحانیەکان، بەڵکو خەڵکی ناڕۆحانی هەبوو.مەسیحیەکان، یەهودیەکان و موسڵمانان بەشی لەبەڕێوەبردنی کاروبارەکانیدا هەبوو. هیچ کەسێک تەنها بە هۆی مەزهەبەکەیەوە، نەدەخرایە لاوە. لە دەرباری فردریکی دوهەمدا مەسەلەی چەوساندنەوەی نێوان مەزهەبەکان و ڕەگەزەکان، شتێکی نەناسراو بوو، ئەوەی گرنگی هەبوو بەرژەوەندیەکانی دەولەتی دنیایی یان دەولەتی زەمینی بوو.

ئەمە واقعێکی تەواو تازە بوو، واقعێک کە وێنەی لە شارستانێتی سەدەکانی ناوەڕاستدا نەبوو. بەڵام ئەم واقعە هێشتا دەربڕینی و ئاراستەی تیۆری خۆی نەدۆزیبۆوە. فردریکی دوهەمیان هەمیشە بە مورتەد دادەنا. کەنیسە دوجار ئەوی تەکفیر کرد. دانتێ بە دیاریکراوی ئافەرینی دەکرد و ئەوی بە نمونەی پاشایەکی مەزن دادەنا، بەڵام سەرەڕای ئەم هەستە، دانتێ لە کۆمێدی خواوەند: دۆزەخدا، ئەوی لە ڕیزی مورتەدەکان دانا و مەحکومی کردبوو بە ئاگری دۆزەخ. کتێبی یاسای فردریکی دوهەمیان بە "شوناسی بیرۆکراسی مۆدێرن" ناونا. ئەگەرچی فردریکی دوهەم لە کارە سیاسیەکانی خۆیدا تازەگەر بوو، بەڵام لە بیروڕاکانیدا بە هیچ شێوەیەک تازەگەر نەبوو. کاتێک باسی خۆی و سەرچاوەی ئیمپراتۆرەکەی دەکرد، قسەکانی قسەی مورتەد یان گومانکارێک نیە، بەڵکو قسەی عارفێکە. ئەو هەمیشە دەیگوت پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە خوداوە هەیە و هەر ئەم پەیوەندیەشە کە لە کۆت و بەندی دەسەڵات و خواستەکانی کەنیسە، ئازادیکردوە. ژیاننامەنووسی فردریکی دوهەم بیروڕا و هەستەکانی، بەمشێوەیە وەسفدەکات:

"خواستی خودا ئەو و تەنها ئەوی هەڵبژاردوە بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ لەسەر تەختی سەڵتەنەت دانیشێت. فەیزی خودایی دواکەس لە زنجیرەی هۆمونشتاوفن(٢١)ی لە خەرمانێکی ئەفسوناویەوە ئاڵاندبوو کە لە هەر فەرمانڕەوایەکی تر زۆر زیاتر سەرسوڕهێنەر و بینینیشی بۆ خەڵکی خاکی مومکین نەبوو. دورئەندێشی.. خواوەند، ئیمپراتۆری نەدەگرتەوە، بەڵکو خودا وەک عەقڵێکی باڵا لەودا بەرجەستە دەبوو. لێرەوە ئەویان ناونا "ڕابەری ڕێی عەقڵ"(٢٢).

دین و سیاسەت

لە ڕوانگەی مەکیاڤیلیدا ئەمجۆرە تێڕوانینە عیرفانیانە بە تەواوی بێ مانا بووبوون. لە تیۆرەکەیدا هەموو ئایدیا و ئایدیالی حکومەتی ڕۆحانیەکان "theocratic" لە ڕەگەوە دەرهێنرابوون. بەڵام مەکیاڤیلی هەرگیز لایەنگری جیابوونەوەی سیاسەت لە دین نەبوو. ئەو دژی کەنیسە بوو، بەڵام دوژمنی دین نەبوو. بەڵکو بە پێچەوانەوە بڕوای وابوو دین یەکێك لە ڕەگەزە پێویستەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤە. بەڵام لە سیستەمی مەکیاڤیلیدا دین ناتوانێ لافی خاوەندارێتی هەقیقەتێکی ڕەها و سەربەخۆ و دۆگمایی بکات. بەها و بایەخی دین، بە تەواوی بەستراوە بە دەسەڵاتیەوە لە ژیانی سیاسیدا. بەڵام بەم پێوەرە مەسیحیەت لە نزمترین پلەدا دێت. چونکە مەسیحیەت بە توندی دژی دلاوەری و ڕەشادەت و هەموو فەزیلەتە واقعیە سیاسیەکانە. مەسیحیەت پیاوان سست و ژنانی دەکات. مەکیاڤیلی دەڵێت "دینی ئێمە لە بری ئەوەی قارەمانەکان بگەێنێتە پلەی قەدیسی، کەسانێکی گەیاندۆتە ئەم پلەیە کە لاواز و زەبوون بوون". لە کاتێکدا "کافران ﷺ کەسانێکیان دەگەیاندە پلەی خودایی کە شان و شەوکەتی دنیاییان هەبوو، پیاوانی وەك فەرماندەکان و فەرمانڕەوایانی گەورەی وڵات"(٢٣). بە پێی تێڕوانینی مەکیاڤیلی بەکارهێنانی کافرانەی دین، تاکە بەکارهێنانی ئەقڵانی دینە. لە ڕۆمدا دین دەیتوانی لەبری ئەوەی سەرچاوەی لاوازی دەوڵەت بێت. ببێ بە سەرچاوەی سەرەکی مەزنێتی. ڕۆمیەکان هەمیشە سودیان لەدین بۆ ریفۆرمی دەوڵەت، بەدواداچوونی جەنگ و دروستکردنی ئاژەوە وەردەگرت(٢٤) . ئەوەی ئایا ئەوان ئەمکارەیان بە نیەتی خێر دەکرد یان حسابیان بۆ کردبوو، هیچ گرنگیەکی ئەوتۆی نیە. هەر ئەمەش هۆی عەقڵانیەتی مەزنی سیاسی، نۆماپۆ مپیلیۆس(٢٥) لە کاری سیاسیدا بوو. ئەو دەیگوت یاساکانی خۆی لە سەرچاوەیەکی میتافیزیکیەوە وەرگرتووە و خەڵکی قەناعەت پێکردبوو کەئەم یاسایانە بە هۆی وتوێژ لەگەڵ فریشتە ئەگریادا(٢٦) بۆی هاتۆتە خوارێ(٢٧) کەوابوو تەنانەت لە سیستەمی مەکیاڤیلیشدا، دین پێویستە. بەڵام دین چیدی ئامانجێك نیە لەناو خۆیدا، بەڵکو تەنها بوە بە ئامێرێك بە دەست فەرمانڕەوایانەوە. دین بناغە و بونیادی ژیانی

کۆمەڵایەتی مرۆڤ نیە، بەڵام چەکێکی بەهێزە لە ململانێ سیاسیەکاندا. ئەم چەکە دەبێ توانای خۆی لە کرداردا پیشانبدات. دینی بەرکار واتە دینێك کە لە جێی ڕێکخستنی جیهان، لێی ڕابکات و ڕووی لێ وەربگێڕێ، بۆتە هۆی وێرانی زۆرێك لە پاشاو دەوڵەتەکان. دین تەنها کاتێك باشە کە سامانێکی باش دروستبکات و سامانی باشیش بە گشتی هاوکاتی بەختی باش و سەرکەوتنە لە کارەکاندا(٢٨). لێرەدا دوا هەنگاو نراوە. دین چیدی هەڵگری هیچ پەیوەندیەك بە ڕێکخستنی تراسندنتالی شتەکانەوە نیە، هەموو بەها ڕۆحی و مەعنەویەکانی خۆی لە دەستداوە. پرۆسەی دنیاییبوون گەیشتووە بە ئامانجی خۆی، چونکە هەنوکە دەوڵەتی دنیایی نەك وەك واقعێك ناسراو (de facto)، بەڵکو بە شێوەیەکی یاسایی (de jure)یش بە ڕەسمی ناسراوە. دەوڵەتی دنیایی ڕەوایەتی بڕاوەی تیۆری خۆی بەدەستهێناوە.

تێبینی:

ئەم نوسینە وەرگێڕانی فەسڵی ١٠ و ١١ ی ئەم کتێبەی خوارەوەیە:

ارنست کاسیرر؛ئەفسانەی دەوڵەت. ت: یدالله موقن. انتشارات هومس. چاپ اول ١٣٧٧

پێداویستیەکانی تیۆرەی تازە لەبارەی دەوڵەتەوە جیابوونەوەی دەوڵەت لە دین، میتافیزیکیاو ئەخلاق و شێوەکانی تری ژیانی کلتوری و مەترسیەکانی ئەم جیابوونەوەیە

نوسینی: ئرنست کاسیرەر

کۆی بەلگاندنەکانی مەکیاڤیلی ڕوون و گونجاو و لۆژیکەکەشی بێ خەوشە. ئەگەر قبوڵی پێش گریمانەکانی بکەین، ناتوانین دەرئەنجامەکانی قبوڵنەکەین. لەگەڵ مەکیاڤیلیدا لەبەردەم دەرگای جیهانی مۆدێرندا ڕاوەستاوین. مەبەستی سەرەکی هاتۆتە دی بەو مانایەی دەوڵەت تەواو سەربەخۆی خۆی بەدەستهێناوە. بەڵام ئەم ئامانجە بە بەهایەکی زۆر بەدەستهاتووە. دەوڵەت بە تەواوی سەربەخۆیە، بەڵام لە هەمان کاتدا جیایە. چەقۆی تیژی بیری مەکیاڤیلی هەموو ئەو پەتانەی پەچڕیووە کە نەوەکانی پێشوو دەوڵەتیان بە کۆی بوونی مرۆییەوە دەبەستەوە. جیهانی سیاسەت پەیوەندی خۆی نەك هەر بە دین یان میتافیزیکیاوە، بەڵکو بە شێوەکانی تری ژیانی ئەخلاقی و کلتوری مرۆڤەوە لەدەستداوە. جیهانی سیاسەت بە تاك و تەنیایی لە چۆڵاییدا هەڵواسراوە.

ناتوانرێ نکوڵی لەوە بکرێ کە ئەم جیابوونەوە تەواوە، هەڵگری دەرئەنجامی زۆر ترسناك بووە، فەرامۆشکردن و لەبەرچاونەگرتنی ئەم دەرئەنجامانە، سودێکی نیە. ئێمە دەبێ ڕوبەڕوو ئەم دەرئەنجامانە ببینین. دیارە نامەوێت بڵێم مەکیاڤیلی بە تەواوی هوشیار بووە بە دەرئەنجامەکانی تیۆرە سیاسیەکەی خۆی. لە مێژووی بیردا ئەوە شتێکی نائاسایی نیە کە بیریارێك تیۆرەیەك پێشکەشبکات و ئامانج و ماناکەی لە چاوی خۆی ونبووبێت. لێرەوە لەڕاستیدا دەبێ جیاوازی لە نێوان مەکیاڤیلی و مەکیاڤیلیزمدا بکەین. لە مەکیاڤیلیزمدا گەلێك شت هەیە کە مەکیاڤیلی نەیدەتوانی پێشبینیبکات. ئەو لەسەر بناغەی ئەزموونی خۆی، داوەری و قسەیی لەبارەی

ئەزموونی بەڕێوەبەری ﴿ئەنجومەنی فەرمانڕەوای﴾ دەوڵەتی فلۆرانسەوە دەکرد. مەکیاڤیلی بە تامەزرۆییەکی زۆرەوە دەرکەوتن و ڕوخانی "میرە تازەکانی" تاوتوێدەکرد. بەڵام ئەو حکومەتە ستەمکار و بچوکانەی ئیتاڵیای سەدەی شانزەهەم لە کوێ و سەڵتەنەتە ڕەهاکانی سەدەی حەڤدەهەم و شێوەکانی دیکتاتۆری مۆدێرن لە کوێ؟ ﴿مەکیاڤیلی ستایشی ئەو شێوازانەی دەکرد کە سزار بۆرژیا بۆ سەرکوتکردنی نەیارەکانی بەکاری دەهێنا، بەڵام ئەم شێوازانە بە بەراورد.. بەو شێوازە خراپکاریە سیاسیە زۆر پێشکەوتوانەی سەردەمی ئێمە، تەنها وەك یاریەکی منالانە دێنە پێشچاو، مەکیاڤیلیزم سیمای ڕاستەقینەو مەترسیە واقعیەکانی خۆی کاتێك پیشاندا.. ﴿کە شێوازەکانی﴾ لە شانۆیەکی فراوانتر و لە هەلومەرجێکی تەواو تازەدا بەکارهێنرا﴾ ڕەنگە بتوانین لەم ڕوەوە بڵێین کە دەرئەنجامەکانی تیۆرەکەی مەکیاڤیلی تا سەردەمی ئێمە ڕوون نەبووبوونەوە. هەنوکە پێدەچێ بکرێ مەکیاڤیلیزم لەناو ئاوێنەیەکی گەورەدا بخوێنینەوە.

هۆکارێکی دیش هەبوو کە ڕێگر بوو لە پێگەیشتنی تەواوی مەکیاڤیلیزم. لە سەدەکانی دوای مەکیاڤیلدا، واتە لە سەدەکانی حەڤدەو هەژدەدا، تێزەکانی ئەو دەورێکی گرنگیان لە ژیانی سیاسیدا بینی. بەڵام لە پراکتیکدا هێشتا هێزی عەقڵانی و ئەخلاقی مەزن لە ئارادا بوون کە نفوزی مەکیاڤیلیزمیان ڕادەگرت. بیریارانی سیاسی ئەم قۆناغە جگە لە هۆبز، هەموویان لایەنگری "تیۆرەی مافی سروشتی" لە بارەی دەوڵەتەوە بوون. گرۆتیوس، پۆفندرۆف، ڕۆسۆو لۆك تەماشای دەوڵەتیان وەك ئامرازێك دەکرد، نەك ئامانجێك لە خۆیدا. چەمکی دەوڵەتی تۆتالیتار لە ڕوانگەی ئەم بیریارانەدا، چەمکێکی نەناسراو بوو. لە ڕوانگەی ئەم بیریارانەدا هەمیشە بواریك بۆ ژیانی فەردی و ئازادی فەردی هەبوو کە دەوڵەت مافی نەبوو دەستدرێژی بکاتەسەر. دەوڵەت و فەرمانڕەوا بە تەواوی لە یاسا سەربەخۆ بوون. بەڵام ئەم قسەیە تەنها بەو مانایە بوو کە ئەوان ئازادن لە ناچارکردنی یاسا، نەك ئەوەی کە مولزەم بە ڕەچاوکردنی ئەرکە ئەخلاقیەکان نین. بەڵام لە ناکاو لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە هەموو ئەم شتانە کەوتنە بەر گومان. ڕۆمانتیزم هێرشێکی توندی کردە سەر تیۆرەی مافە سروشتیەکان. نوسەران و فەیلەسوفانی ڕۆمانسی وەك باوەڕدارانی سەرسەختی "ڕۆحباوەڕی و مەعنەویەت" قسەیاندەکرد. بەڵام ڕێك ئەم ڕۆحباوەڕی

و مەعنەویەتە میتافیزیکیە بوو، کە ڕێگەی بۆ ماتریالیزمی تۆندو خەباتگێڕ لە ژیانی سیاسیدا خۆشکرد. لەم بارەیەوە هەقیقەتی سەرنجڕاکێشەر و نائاسایی ئەوەیە کە بیریارانی ئایدیالیزمی سەدەی نۆزدەهەم وەکو فیختە و هیگڵ، بوون بە لایەنگری مەکیاڤیلی و بەرگریکەر لە مەکیاڤیلیزم. پاش داڕمانی تیۆرەی مافە سروشتیەکان﴾لە بارەی دەوڵەتەوە﴿ دوا ڕێگر لە بەردەم سەرکەوتنی مەکیاڤیلیزمدا لاچوو. چیدی هێزێکی عەقڵانی یان ئەخلاقی نەبوو کە لە بەردەم مەکیاڤیلیزمدا ڕابوەستێت و هێوری بکاتەوە. سەرکەوتنی کامڵ بوو وە پێدەچوو کە هیچ هێزێکی نەیار توانای ڕووبەڕووبونەوەی نەبێت.

مەسەلەی ئەخلاق لای مەکیاڤیلی:

لەو مەسەلەیەدا کە میری مەکیاڤیلی هەڵگری ئائەخلاقیترین ڕێنماییەکانەو مەکیاڤیلی پێشنیاری هەموو جۆرە فرت و فێڵێك، پەیمانشکێنی و دڵڕەقیەك بۆ فەرمانڕەوا دەکات، هیچ جێی گومان نیە. بەڵام زۆرێك لە نوسەران بە ئەنقەست چاوی خۆیان لەم ڕاستیە حاشاهەڵنەگرە دەپۆشن و لەبری ڕونکردنەوەی، هەوڵی زۆر دەدەن بۆ ئەوەی نکوڵی لێبکەن. ئەوان دەڵێن ئەگەرچی ئەو هەنگاوانەی مەکیاڤیلی پێشنیاریدەکات، خۆی لە خۆیدا شایەنی ڕەخنەگرتنن، بەڵام مەبەست لەم هەنگاوانە تەنها "خێرو بەرژەوەندی گشتی"یە. فەرمانڕەوا دەبێت ڕێز لە خێرو بەرژەوەندی گشتی بگرێت. بەڵام لە کوێی میردا دەتوانرێ ئەم کۆت و بەندە زیهنیە پەیدا بکرێت؟ بە پێچەوانەوە میر بە شێوەیەکی تەواو جیاواز و ڕاشکاو قسەدەکات. کتێبەکە بە بێلایەنیەکی تەواوەوە، ئەو ڕێگاو ئامێرانە ڕوونەدەکاتەوە کە لە ڕێگەیانەوە دەکرێ دەسەڵاتی سیاسی بەدەست بهێنرێت و بپارێزرێ. بەڵام لە بارەی بەکارهێنانی دروستی ئەم دەسەڵاتەوە، وشەیەك چیە نالێت. کتێبەکە بەکارهێنانی ئەم دەسەڵاتە نابەستێتەوە بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیەکانی ولاتەوە. تەنها چەندان سەدە دوای مەکیاڤیلی، نیشتیمانپەروەرانی ئیتاڵیایی دەستیانکرد بە خوێندنەوەی کۆی ئایدیالیزمی سیاسی و نەتەوەیی خۆیان لە کتێبی مەکیاڤیلیدا. ئەلفێری دەڵێ لە یەك بە یەکی وشەکانی مەکیاڤیلیدا هەر ئەم ڕۆحە دەبینین، واتە ڕۆحی دادپەروەری، عەشقێکی حەماسی بۆ ئازادی، بەرزی خەسڵەت و

هەقیقەتخوازی. ئەو کەسەی کە بە دروستی لە بەرهەمەکەی مەکیاڤیلی تێبگات، دەبێ شەیدای ئازادی و عاشقی ڕۆشنگەری هەموو فەزیلەتە سیاسیەکان بێت(٣).

بەڵام ئەم وەڵامە جۆرێك شانازیکردنە، نەك وەڵامێکی تیۆری. ناکرێ میری مەکیاڤیلی بە وتارێکی ئەخلاقی یان کتێبێك لە بارەی فەزیلەتە سیاسیەکانەوە بزانرێت. لێرەدا پێویست ناکات بچینە ناو ئەو باسە وتوێژ ئامێزەوە کە ئایا دوا فەسڵی میر کە بانگەشەی بەناوبانگی مەکیاڤیلیە بۆ ڕزگاری ئیتاڵیا لەژێردەستی بەربەریەکان، بەشێکی دانەبڕاوی کتێبەکەیە یان دواتر بۆی زیادکراوە. زۆرێك لە توێژەرەوانی مۆدێرن بە شێوەیەك باسی کتێبی میری مەکیاڤیلیان کردوە، وەك ئەوەی کۆی کتێبەکە هیچ نەبێت جگە لە پێشەکیەك بۆ دوا فەسڵی کتێبەکە. وەك ئەوەی ئەم فەسڵە نەك لوتکەی بیرکردنەوەی سیاسی مەکیاڤیلیە، بەڵکو کورتکراوەشێتی. بەڵام بە بڕوای من ئەوان هەڵەن و تا ئەو شوێنەی کە لەم بارەیەوە دەزانم سەلماندنی ئەم بابەتە (onus probandi) لە ئەستۆی ئەو کەسانەیە کە بڕوایان پێیەتی، چونکە لە نێوان بابەتی فەسڵەکانی دی وەك هەمەکیەك و دوا فەسڵی کتێبەکەدا، جیاوازیەکی ئاشکرا هەم لە ڕووی بیرکردنەوەو هەم لە ڕووی شێوازی نوسینەوە هەیە. مەکیاڤیلی لە فەسڵەکانی دیدا بە زیهنێکی ئەوتۆ کراوەوە قسە دەکات، هەموو کەسێك دەتوانێ گوێی لێبگرێت و لە پێشنیارەکانی هەرچیەکی دەوێت، بەکاری بهێنێت. ئەو پێشنیارانە تەنها لەبەردەستی ئیتاڵیایەکاندا نیە، بەڵکو لەبەردەست ترسناکترین دوژمنەکانی ئیتاڵیاشدایە. مەکیاڤیلی لە فەسڵی سێهەمی میردا بە دورو درێژی باسی ئەو هەڵانەی کردوە کە لوی دوانزەهەم لە هێرشەکەیدا بۆ ئیتاڵیا، ئەنجامیداوە. ئەگەر لوی دوانزەهەم ئەو هەڵانەی نەکردایە، ئەوا هیچ کێشەیەکی لە گەیشتن بە ئامانجەکەیدا نەدەبوو کە بریتی بوو لە دەستەمۆکردن و کۆنترۆڵکردنی ئیتالیا. مەکیاڤیلی هەرگیز لە شیکردنەوەکانی خۆیدا بۆ کارە سیاسیەکان، نەدەکەوتە ژێر کاریگەری هەستی تایبەتی خۆی واتە ڕق و خۆشەویستیەوە. بە قسەی سپینۆزا مەکیاڤیلی بە شێوەیەك باسی کارە سیاسیەکان دەکات، وەك ئەوەی هێڵ و ڕوبەرو بارستە بن. ئەو هێرشی نەدەکردە سەر بنەما ئەخلاقیەکان، بەڵام بڕوای وابوو لە کاتی سەرقاڵبوون بە مەسەلەکانی ژیانی سیاسیەوە، ناتوانرێ سود لە بنەما ئەخلاقیەکان وەربگیرێ. مەکیاڤیلی بە جۆرێك

تەماشای ململانێ سیاسیەکانی دەکرد، وەك ئەوەی گەمەی شەترەنج بن. ئەو بە تەواوی ڕێساکانی گەمەکەی تاوتوێ کردبوو. بەڵام نیازی ئەوەی نەبوو کە ئەم ڕێسایانە بگۆڕێت یان ڕەخنەیان بکات. ئەزموونی سیاسی فێریان کردبوو کە گەمەی سیاسی هەرگیز بێ فرتوفێڵ و خیانەت و خراپەکاری ئەنجامنادرێ. ئەو ئەم شتانەی نە بە خراپ دادەنا و نە پێشنیاری ئەنجامدانیان دەکات. پرسیاری سەرەکی زیهنی مەیکیاڤیلی بریتی بوو لە دۆزینەوەی باشترین جۆڵە، جۆڵەیەك کە یاریەکە بەرێتەوە. کاتێك قارەمانی شەترەنج دەست بە چنینێکی جەسورانە دەکات، یان کاتێك هەوڵدەدات بەرامبەرەکەی بە چەندان فێڵ و تەڵە هەڵبخەڵەتێنێ، دڵخۆش دەبین و ستایشی لێزانینی دەکەین. مەکیاڤیلیش کاتێك لە بەرامبەر شانۆ گۆڕاوەکانی ئەو نمایشە سیاسیە گەورانەدا ڕادەوەستا کە لە پێشچاویدا ئەنجامدەدرا، ڕێك ئەم هەستەی هەبوو. ئەو نەك هەر زۆر حەزی لە تەماشاکردنی دەکرد، بەڵکو شەیدای خودی یاریەکە دەبوو وە نەیدەتوانی بیرۆڕای خۆی لە بارەیەوە نەڵێت. هەندێکجار سەری خۆی بۆ جۆڵەیەکی خراپ بادەداو هەندێك جاریش هاواری ئافەرینی لێ بەرز دەبۆوەو چەپڵەی لێدەدا. هەرگیز بە بیریا نەدەهات بپرسێ گەمەکەران کێن، ڕەنگە ئەرستۆکرات یان کۆماریخواز، ئیتالیەکان یان بەربەرەکان، شازادە یاساییەکان یان داگیرکەران بووبن. ئاشکرایە بۆ کەسێك کە حەزی لە خودی گەمەکەیە نەك هیچ شتێکی دی، هیچ جیاوازیەکی نیە گەمەکەران چ کەسانێکن. مەکیاڤیلی ئارەزووی لەوەیە فەرامۆشی بکات گەمەکە نەك بە داشەکانی شەترەنج، بەڵکو بە مرۆڤە ڕاستەقینەکان ئەنجامدەدرێ، مرۆڤگەلێك کە لە گۆشت و خوێنن و خۆشبەختی و بەدبەختیان بەستراوە بەم گەمەیەوە.

دیارە ئەوە ڕاستە کە لە دوا فەسڵی میردا، ئاراستە ساردو سڕەکەی مەکیاڤیلی جێگەی خۆی دەدات بە ئاراستەیەکی تەواو تازە. ئەو لەناکاو میتۆدی لۆژیکی خۆی واز لێدێنێ، شێوازی گوتارەکەی چیدی شیکاری نیە، بەڵکو وروژێنەرە. بێ هۆ نیە ئەم دوا فەسڵەیان بەراورد کردوە بە ئاموژگاریەکەی ئیزۆکراتیس بۆ فیلیپ(٤) ڕەنگە ئێمە ئاوازی سۆزداریانەی دوا فەسڵی کتێبەکەمان لا باشتر بێت، لە ئاوازی ساردو بێلایەنی بەشەکانی تر. بەڵام ڕاست نیە وا بزانین مەکیاڤیلی بیرەکانی خۆی لەم کتێبەدا شاردۆتەوەو ئەوەی کە گوتوێتی، درۆ بوە. کتێبەکەی مەکیاڤیلی بێ ڕیایی و

ڕاستگۆیانەیە، لەسەر بناغەی تێڕوانینی خودی مەکیاڤیلی بۆ ماناو ئەرکی تیۆرەی سیاسەت نوسراوە. بەبڕوای مەکیاڤیلی کاری تیۆرەی سیاسەت دەبێ شیکردنەوەو وەسفکردن بێت، نەك سەرزەنشتکردن و ستایشکردن. هیچ کەسێك تا ئێستا گومانی لە نیشتیمانپەروەری مەکیاڤیلی نەکردوە. بەڵام نابێت مەکیاڤیلی فەیلەسوف لەگەڵ مەکیاڤیلی نیشتیمانپەروەردا، تێکەڵ بکەین.

مەر بەرهەمی بیریارێکی سیاسیەو ئەویش بیریارێکی ڕادیکاڵ. زۆرێك لە لێکۆڵەرەوان دەیانەوێت ڕادیکاڵیزمی تیۆرەکەی مەکیاڤیلی فەرامۆشبکەن یان لانیکەم لە تونديەکەی کەمبکەنەوە. بە هۆی ئەو هەوڵانەوە کە بۆ پاکردنەوەی ناوی مەکیاڤیلی لە هەموو تۆمەتەکان داویانە، مانای کتێبەکەشیان تەمومژاوی و تاریك کردوە. ئەوان مەکیاڤیلیەکی بێ زمان و بێ ئازاریان وێنە کردوە کە لە هەمانکاتدا مەکیاڤیلیەکی بێ مایەیە. مەکیاڤیلی ڕاستەقینە زۆر مەترسیدارترە، لە مەکیاڤیلی ئەمانە، مەترسیدارتر لە ڕووی بیرەکانیەوە، نەك لە ڕووی خەسڵەتە شەخسیەکانیەوە. میانڕەوکردنی تیۆرەکەی، بە مانای پوچەڵکردنەوەیەتی. وێنەی مەکیاڤیلی نەرم و میانڕەو، وێنەیەکی میژوویی دروست نیە. ئەمە ئەفسانەیەکە بەپێی پێداویستی هەلومەرج دروستکراوەو هەر ئەوەندە لەگەڵ هەقیقەتی میژوویيدا ناکۆکە کە وێنەی مەکیاڤیلی "دێو سیفەت". مەکیاڤیلی کەسێك بوو لە سازشکردن بێزار بوو. لە هەڵسەنگاندنەکانی خۆیدا لەبارەی کارە سیاسیەکانەوە، چەندانجار لە دودڵی و بێبڕیاری، ئاگادارمان دەکاتەوە. مەزنی و گەورەیی ڕۆم لەوەدا بوو کە لە ژیانی سیاسیدا، خۆی لە هەنگاوە نیوەیەکان دور ڕادەگرت(٥). تەنها دەوڵەتە لاوازەکان لە بڕیارەکانی خۆیان دودڵ دەبن و هەمیشەش دواکەوتن لە بڕیاردان شتێکی نەفرەت ئەنگێزە(٦) ڕاستە پیاوان بە شێوەیەکی گشتی بە دەگمەن دەزانن کە چۆن دەبێ بە تەواوی باش یان خراپ بن. بەڵام ڕێك لێرەدایە کە سیاسەتمەداری واقعی یان دەوڵەت پیاوی مەزن لە مرۆڤی مامناوەندی جیادەبێتەوە. سیاسەتمەداری واقعی ڕوو لە ئەنجامدانی ئەو تاوانانە وەرناگێڕێ کە مۆر و نیشانی مەزنێتیان پێوەیە. ڕەنگە سیاسەتمەدار زۆر کاری باش ئەنجامبدات، بەڵام کاتێك هەلومەرج پێویستی بە کارێکی جیاواز هەیە، دەبێ "خراپەکارێکی لێهاتوو" بێت(٧). ئا لێرەدایە کە گوێمان لە مەکیاڤیلی واقعی، نەك ڕێکەوتنامەیی دەبێت.

تەنانەت گەر ئەو تێڕوانینەش ڕاست بوایە کە هەموو پەندەکانی مەکیاڤیلی بە مەبەستی "بەرژەوەندی یان خێری گشتی" بووە، ئەو پرسیارە دێتە پێشێ کە چ کەسێك دەستنیشانی "خێری گشتی" دەکات؟ گومانی تیا نیە ئەو کەسە لە فەرمانڕەوا زیاتر، کەسی دی نیە. هەمیشەش ئەو ئەگەرە هەیە کە ئەو خێری گشتی و بەرژەوەندی تایبەتی بە یەك شت دابنێت. ئەو بەپێی ئەم بنەمایە کاردەکات: دەوڵەت منم. جگە لەمەش ئەگەر خێری گشتی هەموو ئەو کارانە ئاراستە بکات کە مەکیاڤیلی لە کتێبەکەی خۆیدا پیشنیاری دەکات، بەو مانایەی کە ئەگەر خێری گشتی بە بیانویەك بزانین بۆ تاوان و تۆندوتیژی و فرتوفێڵ، کەوابوو خێری گشتی بە ئەستەم لە خراپەی گشتی جیادەکرێتەوە.

بەڵام ئەوەی چۆن پیاوێکی شەریفی وەك مەکیاڤیلی بە زیهنێکی ڕوناکەوە، دەبێت بە لایەنگری "خراپەکاری لێهاتویانە"، ئەوا ئەمە یەکێکە لە مەتەڵە گەورەکان لە مێژووی شارستانێتی مرۆڤدا. ئەم مەتەڵە کاتێك ئاڵۆزتر دەبێت کە میر لەگەڵ نوسینەکانی تری مەکیاڤیلیدا بەراورد بکەین. لەم نوسینانەدا بابەتگەلی وا هەیە کە بە ئاشکرا ناکۆکە لەگەڵ ئەو تێڕوانینانەدا کە لە میردا شیکراونەتەوە. مەکیاڤیلی لە "تیزەکاندا" وەك کۆماریخوازێکی سەرسەخت قسەدەکات و لە ململانێی نێوان ئەرستۆکرات و خەڵکی ڕەش و ڕوتی ڕۆمدا، بە ئاشکرا هاودەردی خۆی بۆ خەڵکی ڕەش و ڕووت دەردەبڕێ و لە بەرامبەر ئەو تۆمەتەدا کە دەڵێت خەڵکی بێبارن و لە بیرووڕاکانیاندا سەقامگیر نین، بەرگریان لێدەکات(٨) و ڕایدەگەیەنێت کە خەڵکی ڕەش و ڕووت بۆ پاڕێزگاریکردن لە ئازادی گشتی لە ئەرستۆکراتەکان مسۆگەرتر و دڵنیاترن(٩). ئەو بە نەغمەیەکی زۆر سوکایەتیکردنەوە باسی نەجیبزادەکان "gentiluomini" دەکات، واتە کەسانێك کە بە هۆی دەرامەتی مولکەکانیانەوە لە بێکاری و بەتواناییدا دەژین.

مەکیاڤیلی دەڵێت ئەمجۆرە کەسانە لە هەر کۆمار یان وڵاتێکدا بن، زیانبەخشن. بەڵام لەمانە زیانبەخشتر ئەو کەسانەن کە لە مولکەکانی خۆیاندا خاوەنی حەسار و بورج و قەڵان و نۆکەر و فەڕاشیان هەیە کە ملکەچ و گوێڕایەڵیانن. لە پاشایەتی ناپۆلی، ڕۆمانیاو لۆمبارديدا لەم دو چینە زۆر هەن. لێرەوە هەرگیز هیچ جۆرە حکومەتێکی ئازاد لەم ویلایەتانەدا بەرپا نەبووە. چونکە ئەم دوو چینە دوژمنی

سوێندخۆری هەموو جۆرە دەزگایەکی ئازادن(١٠). مەکیاڤیلی ڕایدەگەیەنێت گەر هەموو شتێك لەبەرچاو بگرین، ئەوا خەڵکی عەقڵانیتر و سەقامگیرترن لە میرێك(١١).

لە میردا شتێکی ئەوتۆ لەم بیروڕایانە، لە ئارادا نیە. هەڵخەڵەتێنەری سزار بۆرژیا ئەوەندە بەهێزە کە هەموو ئایدیا کۆماریخوازەکانی مەکیاڤیلی خستۆتە ژێر تیشکی خۆیەوە. شێوازەکانی سزار بۆرژیا بۆتە ناوەندی نادیاری بیرکردنەوەی سیاسی مەکیاڤیلی. بیری بە شێوەیەکی موگناتیسی بەرەو ئەم ناوەندە ڕادەکێشرێ. مەکیاڤیلی دەڵێت:

لە پیاچونەوە بە کار و ڕەفتارەکانی دۆکدا، شتێکی شایەنی سەرزەنشتکردن نابینم، بەڵکو بە پێچەوانەوە وەك پێشتر پێشنیارم کردوە، لێرەشدا دوبارە پێشنیار دەکەم کە کارەکانی دۆك ببێ بە نمونەیەك بۆ لاسایکردنەوەی هەموو ئەو کەسانەی کە بە هۆی شانس و بەختەوە بە دەسەڵات دەگەن یان بە هۆی سودوەرگرتن لە هێزی بازووی کەسانی دی. چونکە دۆك ڕۆحێکی مەزن پرۆژەو نەخشەی گەورەی لەسەردا بوو. ئەو نەیدەتوانی لەو هەلومەرجەدا بە شێوەیەکی دی ڕەفتار بکات، ئەگەر لە جێبەجێکردنی پرۆژەو نەخشەکانیشیدا سەرکەوتوو نەبوو، بە هۆی مەرگی لەناکاوی باوکیەوە بوو. لەو هەلومەرجە سەخت و نائومێدکەرەشداو لەو بارودۆخە قەیراناویدا، خودی ئەویش نەخۆش کەوتبوو"(١٢).

کاتێك مەکیاڤیلی سزار بۆرژیا سەرزەنشت دەکات، لەبەر بێڕەحمی و تۆندی و تاوانکاری و تەماعکاری سزار نیە، مەکیاڤیلی لە بواری سیاسیدا ئەم جۆرە کردارانە بە سەرزەنشت ئامێز نازانێت. ئەوەی لە سزار بۆرژیادا شایەنی ڕەخنە و سەرزەنشتکردنە، ئەو هەڵە گەورانەیە کە لە پیشەی سیاسی خۆیدا ئەنجامیدا. واتە ڕێگەیدا کە پاش مردنی ئەلکساندەری شەشەم، ژۆلیسی دوهەم کە دوژمنی سوێندخواردووی بوو، بە پلەی پاپایی هەڵبژێرێت.

چیرۆکێك دەگێڕنەوە کە پاش ئەوەی بە فەرمانی ناپلیۆن بۆناپارت، دۆك ئانژین لە سێدارە درا، تالێران هاواری کرد: "ئەمە لە تاوان خراپتر، چونکە ئەم کارە هەڵەیە". ئەگەر ئەم چیرۆکە ڕاست بێت، ئەوا دەبێ بگوترێ کە تالێران وەك موریدێکی واقعی میر قسەی کردوە. هەموو هەڵسەنگاندنەکانی مەکیاڤیلی سیاسین،

نـــەك ئـــەخلاقی. بـــە پێـــی هەڵـــسەنگاندنی مـــەکیاڤیلی ئـــەوەی لـــە کـــرداری سیاسەتمەدارێکدا جێگەی ڕەخنەو گازندەیەو شایەنی لێبوردن نیـە، تاوانـەکانی نیـە، بەڵکو هەڵەکانێتی.

ئـەوەی کۆماریخوازێـك دەیتـوانی دۆك ڤـالانتینۆ بـە قارەمـان و نمونـەی تیـۆرەی سیاسـی خـۆی دابنـێ، شـتێکی سـەیر دەهاتـە پێشـچاو. چـونکە لـەژێر دەسـەڵاتی فەرمانڕەوایی کەسێکی وەك سـزار بۆرژیـادا، چی بەسـەر کۆمارەکـانی ئیتاڵیـاو دەزگا ئازادەکانـدا دەهـات؟ بـەڵام دەکـرێ بـۆ ئـەم ناکۆکیـەی بـیری مـەکیاڤیلی دوو هـۆ بهێنرێتەوە، یەکێکیان گشتی و ئەوی دیان تایبەتی. مـەکیاڤیلی بـڕوای وابـوو هـەموو بـیرە سیاسـیەکانی واقعبینانـەن. بـەڵام کاتێـك دروشمـە کۆماریخوازەکـانی تـاوتوێ دەکەین، هـیچ لـەم واقعبینیـە نـابینین. کۆمـاریخوازی مـەکیاڤیلی زۆرتـر ڕەهەنـدێکی "ئاکادیمی" هەیە تا ڕەهەندێکی پراکتیکی، زۆرتر گریمانکارانەیـە (Speculative) تا واقعی. مەکیاڤیلی دڵسۆزانە و ڕاستگۆیانە خزمەتی دەوڵەتشاری فلۆرانسی کردبـوو، وەك بەڕێوەبەر ﴿ی شورای فەرمانڕەوایی﴾ لەگەڵ بنەماڵەی میدچیدا جـەنگی بـوو. بەڵام کاتێك بنەماڵەی میدچی جارێکی دی دەسـەڵاتیان گرتـەوە دەست، مـەکیاڤیلی هیوادار بـوو کـە ئیشەکەی خـۆی بپارێزێ. ئـەو هـەوڵێکی زۆریـدا بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ فەرمانڕەوا تازەکاندا، ئاشت بێتەوە، بە ئاسانی دەتوانین لەم مەسەلەیە تێبگەین. ئەو سوێندی وەفاداری بۆ هیچ بەرنامەیەکی سیاسی داڕێژراو نـەخواردبوو. کۆمـارخوازی مـەکیاڤیلی سەرسـەخت و وتوێـژ هەڵنـەگر نـەبوو. مـەکیاڤیلی دەیتـوانی بـە باوەشی کـــراوەوە، حکومـــەتی ئەرســـتۆکراتیش قبوڵبکـــات، چـــونکە هـــەرگیز لایـــەنگری ئاژاوەســـالاری جـــەماوەری یـــان دەســـەڵاتدارێتی خـــەڵکی ڕەش و ڕووت نـــەبوو. ئـــەو ڕایدەگەیەنێت بێ هۆ نیە کە دەنگی خەڵکیان بە دەنگی خـودا شـوبهاندوە(١٣). بـەڵام لـە لایـەکی دیکـەوە بڕوایوایـە کـە دروسـتکردنی دەزگـای تـازە لـە وڵاتێکـدا یـان بونیادنانەوەی دەزگا کۆنەکان لەسەر بناغەیەکی تـەواو تـازە، دەبـێ تـەنها بـە دەسـتی یەك کەس ئەنجامبدرێ(١٤). هیچ لە دەست خەڵك نایەت بەبێ ڕابەرێك(١٥).

تەنانەت ئەگەر مەکیاڤیلی ستایشی خەڵکی ڕەش و ڕووتی ڕۆم دەکات، ئەوا ئەمـە بـە مانـای ئـەوە نیـە هـەمان باوەڕی بەرامبـەر بـە دەسـەڵاتی هاوڵاتیـانی دەوڵـەتێکی مۆدێرن، لە حکومەتکردن بەسەر خۆیاندا هەیە. مەکیاڤیلی بە پێچەوانەی بیریـارانی

دی ڕینسانسەوە ئومێدێکی بە گەڕانەوەی ژیانی کلاسیکی نەبوو. ئەو بڕوای وابوو کە بونیادی کۆماری ڕۆم، لەسەر بناغەی فەزیلەتگەلێك بوە کە بۆ هەمیشە لەناوچوون. بە بڕوای مەکیاڤیلی هەوڵدان بـۆ زیندوکردنـەوەی ژیـانی سیاسـی قۆنـاغی کلاسـیکی، خـەونێکی بێهودەیـە. زیهنـی ئـەو زیهنێکـی ڕوون و تیـژو سـارد بـوو، نـەك زیهنێکـی پەڕگیر و شەیداو هەژاوی وەك زیهنی کۆلادی رینتزی(١٦). لـە ژیـانی سـەدەی پـانزەی ئیتالیادا شتێك نەبوو ببێتە هـۆی دڵگـەرمی دروشمـە کۆماریخوازانەکـەی مـەکیاڤیلی. ئەو وەك نیشتمانپەروەرێك هەستێکی هـاودەردی زۆری بـۆ هاوڵاتیـانی هـەبوو، بـەڵام وەك فەیلەسوفێك لە بارەی ئەوانەوە سەختگیرانە هەڵیدەسەنگاندن و سوك تەماشای دەکردن. تەنها لە باکوری (ئەوروپا)دا دەیتوانی هەندێك نیشانەی عەشق بۆ ئازادی و فەزیلەتە کلاسـیکیەکان ببینـێ. دەبـێ نەتـەوەکانی بـاکوری ئـەوروپا، تـا ڕادەیـەك لـە داڕمـان پـارێزراو بـن، چـونکە ئـەوان فێـری دابونـەریتی فەرەنـسی و ئیتـاڵی و ئیسپانیەکان، واتە ئەم نەتەوە گەندەڵانەی جیهان، نەبوون(١٧). ئەم هەڵسەنگاندنەی مـەکیاڤیلی لـە بـارەی سـەردەمی خۆیـەوە قـابیلی پاشـگەزبونەوە نـەبوو. مـەکیاڤیلی تەنانەت ئەوە قبوڵناکات کە ڕەنگە کەسانێك هەڵسەنگاندنەکەی ئـەو ڕەت بکەنـەوە. ئەو دەنوسێت:

"نـازانم ئایـا شـایەنی ئـەوەم بـە یـەکێك لـەو کەسـانە بـزمێرێم کـە خۆیـان هەڵدەخەڵەتێنن، چـونکە لـەم وتارانـەدا زیـاد لـە سـنور ستایـشی زەمـەنی کلاسـیکی ڕۆمەکان دەکەم، لە کاتێکدا ڕەخنە لە زەمانی خۆم دەگـرم. لـە ڕاستیـشدا ئەگـەر ئـەو فەزیلەتانەی لەسەردەمی کلاسیکیدا باڵادەستبوون و ئەو کەموکوڕیانـەی کـە هەنوکـە باڵادەستن، لە ڕۆژ ڕوناکتر نەبونایە، ئەوا لە بۆچونەکانمدا زۆرتر وریا دەبـووم. بـەڵام لەبەرئەوەی مەسەلەکە ئەوەندە دیارە کە هـەموو کەسـێك دەتوانـێ بـە چاو ببینـێ، کەوابوو دەبـێ جەسوربم و ئەوەی بڕوام پێیەتی هەم لە بارەی سـەردەمی کلاسـیکی و هەم لە بارەی سەردەمی تازەوە، بە ئازادانە دەربڕم، بۆ ئەوەی زیهنی ئەو لاوانەی کـە بە ڕێکەوت ئەم نوسینانەی منیان بەردەست دەکەوێت، نمونە مۆدێرنەکان وەلاوە نێن و هـەرکاتێك هـەلێك هاتـە پێـشەوە، ئامـادەبن کـە پـەیڕەوی لـە نمونـەکانی قۆنـاغی کلاسیکی بکەن(١٨).

مـەکیاڤیلی بـە هـیچ شـێوەیەك لایـەنگری مـیرە تازەکـان ﴿یـان حکومەتـە تـازە

ستەمکارەکان﴾ نەبوو. ئەو هەموو کەموکوڕی و خراپیەکانی دەدین، بەڵام بە بڕوای ئەو لە هەلومەرج و بارودۆخی ژیانی تازەدا، بوونی ئەم خراپیانە شتێکی ناچاری بوو. گومانی تیا نیە خودی مەکیاڤیلی بێزی لە زۆربەی ئەو هەنگاوانە کردۆتەوە کە بۆ فەرمانڕەواکانی دەوڵەتە تازەکان، پێشنیاری دەکرد. ئەو لە زۆر جێگەدا گوتوێتی ئەم هەنگاوانە چارەسەرگەلێکی بێ بەزەییانەن کە نەك هەر لە ڕوانگەی مەسیحیەکەوە، بەڵکو بەپێی ڕێساکانی ڕەفتاری هەموو شارستانیەتێك، قێزەونن. لەبەرئەوە هەرکەسێك گەر دەیەوێت خۆی لە ئەنجامدانی ئەمجۆرە کارانە بپارێزێ، باشترە کە پێ بنێتە ناو ژیانێکی تایبەتیەوە، نەك ئەوەی ببێ بە شاو لەسەر بناغەی ئەم جۆرە چارەسەرانە کە زیانی بۆ ڕەگەزی مرۆڤ هەیە، حکومەت بکات. بەڵام مەکیاڤیلی بە ڕوونی ئەوە زیاد دەکات کە هەرکەس نایەوێت لە شەقامی فەزیلەتە باشەکاندا بمێنێتەوە، بۆ مانەوەی خۆی پێ بنێتە ناو ئەم ڕێگا دزێوەوە(١٩). "یان سزار یان هیچ" یان دەبێ ژیانێکی تایبەتی و بێ زیان و بێ ئازار بگرینە بەر، یان دەبێ بچینە ناو چاڵی سیاسەتەوەو بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات بجەنگین و پاش بەدەستهێنانیشی بەبێ بەزەییانەترین و مسۆگەرترین هۆکارەکان، ببپارێزین، لە نێوان ئەم دوو ڕێگەیەدا، ڕێگەیەکی سێهەم نیە.

بەڵام کاتێك باسی "نائەخلاقی" بوونی (immoralism) مەکیاڤیلی دەکەین، نابێ ئەو زاراوەیە بە مانا تازەکەی تەفسیر بکەین. مەکیاڤیلی کردارەکانی مرۆڤ لە دیدی "ئەودیوی چاکەو خراپە" هەڵناسەنگێنێ. ئەو ئەخلاق سوك و ڕیسوا ناکات، بەڵام بایەخێکی ئەوتۆ بۆ مرۆڤەکان دانانێت. ئەگەر مەکیاڤیلی گومانکار بووە، ئەوا گومانەکەی زۆرتر بەرامبەر بە مرۆڤە تا بەرامبەر بە مەسەلە فەلسەفیەکان. باشترین بەڵگە بۆ ئەم گومانکاریە هەمیشەیی و ئەم بەدگومانیە بەرامبەر بە خەسڵەتی مرۆڤ، دەبێ لە کۆمیدیاکەیدا ، واتە ماندراگۆلا(٢٠)، بدۆزینەوە. ئەم شاکارەی ئەدەبیاتی کۆمیدی، ڕەنگە زۆر زیاتر لە هەموو نوسینە سیاسی و مێژوویەکانی مەکیاڤیلی، ئاشکرای هەڵسەنگاندنەکانی لە بارەی هاوچەرخەکانیەوە بکات. مەکیاڤیلی هیچ ئومێدێکی بە نەوەی خۆی و ولاتەکەی نەبوو. لە میردا هەوڵدەدات ئەو باوەڕە لە زیهنی فەرمانڕەواکانی دەوڵەتە تازەکاندا جێگیر بکات کە مرۆڤەکان بە تۆندی لە ڕووی ئەخلاقیەوە داڕزاون. بەدگومانی بەرامبەر بە

خەسڵەتی مرۆڤ، بەشێکی جیانەکراوە لە عەقڵانیەتی سیاسی مەکیاڤیلی بوو. یەکەم مەرجی فەرمانڕەوایی کردنی مرۆڤ بریتیە لە ناسینی مرۆڤ. تا ئەوکاتەش کە خۆمان لە وەهمی "پاکی خۆڕسکی" مرۆڤ ڕزگار نەکردبێ، هەرگیز دەرکی مرۆڤ ناکەین. ڕەنگە وێنای پاکی خۆڕسکی مرۆڤ، زۆر مرۆڤ دۆستانەو خێرخوازانە بێت، بەڵام لە ژیانی سیاسیدا پوچی ئەم وێنایە سەلمێنراوە. مەکیاڤیلی دەڵێت ئەو کەسانەی لە بارەی حکومەتی مەدەنیەوە قسەیان کردوە، یەکەم بنەما کە دایانناوەو هەموو مێژوونوسانیش سەلماندویانە، ئەوەیە هەرکەس دەیەوێت دەوڵەتێك بونیاد بنێو یاساگەلێکی گونجاو بۆ حکومەتەکەی دابڕێژێت، دەبێ ئەوە بە گریمانە وەربگرێ کە مرۆڤەکان بە شێوەیەکی خۆڕسك خراپن، و هەرکاتێك هەلێکی گونجاویان دەستبکەوێت، لە پیشاندانی خەسڵەتی خراپی خۆیاندا کەمتەرخەمی ناکەن(٢١).

ناتوانرێ بەدخەسڵەتی مرۆڤ بە یاساکان چارەسەر بکرێت، بەڵکو دەبێ لە ڕێگەی کرداری تۆندوتیژو زۆرەوە، چارەسەر بکرێت. لە ڕاستیدا بوونی یاساکان بۆ هەر وڵاتێك پێویستە، بەڵام فەرمانڕەوا دەبێت بورهانێکی قەناعەتپێکەرتریش بەکاربهێنێ. باشترین بناغە بۆ هەر دەوڵەتێکی کۆن یان تازە، یان تێکەڵێك لە هەردوکیان، یاساگەلی چاك و شمشێری تیژێتی. بەڵام لەبەر ئەوەی یاسای چاك بێ سەرەنێزە کاریگەری نیەو لە لایەکی دیکەوە خودی سەرەنێزە بایەخ بۆ ئەم یاسایانە پەیدا دەکات، کەوابوو لێرەدا زیاتر لەمە قسە لە یاساکان ناکەم، بەڵکو قسە لە بارەی هێزی چەکدارەوە دەکەم(٢٢). تەنانەت قەدیسەکان و پێغەمبەرانیش هەر ئەوەندەی بە دەسەڵات گەیشتن و بوون بە فەرمانڕەوا، هەر بە پێی ئەم بنەمایە کاریان کردوە. بێ بەکارهێنانی ئەم بنەمایە، واتە بێ بەکارهێنانی زۆر هەر لە سەرەتای کارپانەوە، لەناودەچوون. ساوونارۆلا(٢٣) نەیتوانی بە ئامانجی خۆی بگات، چونکە نە ئەو دەسەڵاتەی هەبوو ئەو کەسانە بە وەفاداری بۆ خۆی ڕابگرێ کە دابویانە پاڵی و نە توانی ئەو کەسانە ناچار بە قبوڵکردنی پەیامەکەی بکات کە نکوڵیان لێکردبوو. هەر لەبەر ئەم هۆیە هەموو ئەو پێغەمبەرانەی کە هێزێکی چەکدار پشتیوانیان بوو، پەیامی خۆیان بە سەرکەوتوویی ئەنجامدا، لە کاتێکدا ئەو پێغەمبەرانەی خاوەنی هێزی چەکداری نەبوون کە پشتی پێببەستن، شکستیان هێناو لەناوچوون(٢٤).

دیارە مەکیاڤیلی فەرمانڕەوای چاك و عەقڵانی و شەریفی، لە فەرمانڕەوایانی خراپ و بێبەزەیی پێ باشتر بوو، ئەو ئیمپراتۆری وەك مارکۆس ئاۆرولیسی لە ئیمپراتۆری وەك نیرۆن، پێ باشتر بوو. بەڵام ئەگەر ئێوە کتێبێکتان نوسی کە تەنها فەرمانڕەوا چاك و دادپەروەرەکان لەبەرچاو بگرێ، ڕەنگە خودی کتێبەکە بەرهەمێکی مەزن بێت، بەڵام ئەم کتێبە خوێنەرانێکی ئەوتۆی نابێت. میرە چاك و دادپەروەرەکان ئاوارتەن نەك ڕێسا. هەموو کەسێك ئەوە قبوڵدەکات ئەو میرەی کە بە ئیمانە و بە ڕاستی و دروستی دەژی، چەند شایستەی ستایشکردنە، بەڵام لەم هەلومەرجەی ئێستادا، میر دەبێ هونەرێکی دیش فێربێت: هونەری فرتوفێڵ و خیانەتکردن. مەکیاڤیلی لە میردا دەنوسێ:

"میرێك دەبێ بزانێت لە کاتی پێویستدا چۆن دەبێت بە جانەوەرێکی درندەو چۆن دەبێت بە مرۆڤ. نوسەرانی سەردەمی کلاسیکی هەر ئەم بابەتەیان بە شێوەیەکی تەومژاوی لە ئێمە گەیاندووە. ئەوان هێناویانەتەوە کە چۆن ئاشیل و ژمارەیەك میری تر لە سەردەمە کۆنەکاندا بۆ فێربوون نێرراوون بۆ لای چیرۆن سەنتور (Chiron the Centaur) کە بونەوەرێکی ئەفسانەییە نیوەی لەشی لە شێوەی ئەسپدایە و نیوەکەی تریشی لە شێوەی مرۆڤدا. لەبەرئەوەش کە فێرکارەکەیان نیوەی مرۆڤ و نیوەکەی تریشی ئاژەڵ بوو، ڕەنگە بەم ڕێگەیە ئەوەیان فێرکرابێت کە لاسایی هەردوو خەسڵەتەکە بکەنەوە. چونکە فەرمانڕەوا بێ خاوەندارێتی خەسڵەتێکی ئاژەڵی، ناتوانێ بۆ ماوەیەکی درێژ لەسەر دەسەڵات بمێنێتەوە. ئێستا کە سەلێنرا لە گرنگترین ئەرکەکانی میر ئەوەیە فێربێت چۆن لە کاتی پێویستدا خەسڵەتی ئاژەڵی خۆی پیشانبدات، ئەوا دەبێ لەم بارەیەوە شێرو ڕێوی بکاتە نمونەی خۆی. چونکە شێر ئەوەندە فێڵزان نیە کە نەکەوێتە ناو تەڵەکانەوەو ڕێویش ئەوەندە هێزی نیە کە دەرەقەتی گورگ بێت، کەوابوو فەرمانڕەوا دەبێت ڕێوی بێت، بۆ ئەوەی تەڵەکان بدۆزێتەوە، شێریش بێت بۆ ئەوەی گورگەکان بترسێنێ"(٢٥).

ئەم شوبهاندنە بەناوبانگە، زۆر دیارو ڕونکەرەوەیە. دیارە مەکیاڤیلی نایەوێت بڵێ فێرکاری فەرمانڕەوایان دەبێ ئاژەڵێکی درندە بێت. بەڵام فەرمانڕەوا دەبێ لەگەڵ مەسەلە ئاژەڵیەکاندا سەروکار پەیدا بکات و لە بینین و ڕوبەڕونەوەیان

ڕانەکات و ناوی هەقیقیان بهێنێت. لە سیاسەتدا مرۆڤایەتی بە تەنها هیچ کارێك ناباتە پێشەوە. لێرەوە فێرکاری سیاسەت دەبێ هەم لە خەسڵەتی مرۆیی تێبگات و هەم لە خەسڵەتی ئاژەڵی: ئەو دەبێ نیوەی مرۆڤ و نیوەی ئاژەڵ بێت.

بەر لە مەکیاڤیلی هیچ نوسەرێکی سیاسی بەمشێوەیە لە بارەی سیاسەتەوە قسەی نەکردبوو. ئا لێرەدایە کە جیاوازی ڕوون و ئاشکراو هەمیشەیی تیۆرەی مەکیاڤیلی لەگەڵ تیۆرەکانی پێشی خۆیدا، چ نوسەرانی کلاسیك (یۆنان و ڕۆم) و چ نوسەرانی سەدەکانی ناوەڕاست، ئاشکرا دەبێت. پاسکال دەڵێت هەندێك وشە هەن کە بە شێوەیەکی لەناکاو و چاوەڕوان نەکراو، مانای کتێبەکە ڕوندەکەنەوە. هەر ئەوەندەی بەر ئەو وشانە بکەوین، ئیدی لە بارەی تایبەتمەندی کتێبەکەوە، هیچ گومانێکمان بۆ نامێنێتەوەو هەموو تەمومژەکان دەڕەوێنەوە. ئەو وتەیەی مەکیاڤیلی کە فێرکاری فەرمانڕەوایان دەبێ نیوەی مرۆڤ و نیوەیان ئاژەڵ بێت، لەمجۆرە وتانەیە. ئەم وتەیە وەك بروسکەیەکی لەناکاو، ماهیەت و ئامانجی تیۆرەی سیاسی مەکیاڤیلی، ئاشکراو ڕوون دەکاتەوە. هیچ کەس هەرگیز گومانی لەوە نەبوە کە ژیانی سیاسی لە هەلومەرجی باودا، پڕ لە تاوان و خیانەت و خراپەکاریە. بەڵام بەر لە مەکیاڤیلی هیچ بیریارێك فێرکردنی ئەم هونەرەی لە ئەستۆ نەگرتبوو. فەرمانڕەوایان ئەم کارانەیان ئەنجامدەدا، بەڵام کەسێك پەیدا نەبووبوو کە بیەوێت ئەم کارانەیان فێربکات. ئەوەی مەکیاڤیلی بەڵێنیداوە کە لە هونەری فێڵبازی و پەیمانشکێنی و بێڕەحمیدا ببێ بە فێرکاری سیاسەتمەداران، بابەتێك بوو کە تا ئەوکاتە کەس دەستی بۆ نەبردبوو. ئەو لە فێرکردنیشدا زۆر وردە. مەکیاڤیلی لە پەروەردەکردنی فەرمانڕەوادا، ڕێگەی هیچی گومان و دودڵیەك بە خۆی نادات، بە فەرمانڕەوا دەڵێت لەبەرئەوەی پیشاندانی تۆندوتیژی و بێڕەحمی پێویستن، کەوابوو دەبێ خێراو بێ تۆزقاڵێك بەزەیی، دەست بەکاری دڵڕەقانە بکرێت. لەم حاڵەت و تەنها لەم حاڵەتەدایە کە ئەوان بەدەرئەنجامی پێویست دەگەن. ئەم هەنگاوانە، تۆندوتیژی بەجێ و لە کاتی خۆیدان. تەسەوری هیچ سودێك لە دواخستنی هەنگاوەکە یان کەمکردنەوە لە تۆندیەکەی، ناکرێت. ئەم هەنگاوە دەبێت بڕاوەو بروسکە ئاساو بێ ڕەچاوکردنی هەستی مرۆڤانە ئەنجامبدرێ. داگیرکەرێك کە سەڵتەنەتێکی داگیرکردوە، نابێ بهێڵێ هیچ پیاو یان ژنێکی تر سەر بەرز بکاتەوە،

ئەو دەبێ هەموو ئەندامانی خێزانی فەرمانڕەوایی یاسایی، لەناوببات(٢٦). ڕەنگە هەموو ئەم کارانە بە قێزەون بزانرێ، بەڵام لە ژیانی سیاسیدا هێڵێکی جیاکەرەوە لە نێوان "فەزیلەت" و "دزێویدا" نیە. ئەم دوانە جێگەی خۆیان بەیەك دەدەن. ئەگەر هەموو شتێك لەبەرچاو بگرین، تێدەگەین هەندێك هەنگاو کە زۆر بە چاکە دەزانرێن، ئەگەر ئەنجامبدرێن، بۆ میر دەبنە هۆی خراپە، لە کاتێکدا ئەو کارانەی دی کە بە خراپە دەزانرێن، بۆ فەرمانڕەوا سودمەند دەبن(٢٧) لە سیاسەتدا هەموو شتەکان جێگەی خۆیان دەگۆڕنەوە، جوانی دەبێ بە ناشرین و ناشرین دەبێ بە جوان.

ئەوە ڕاستە کە هەندێك لە لێکۆڵەرەوان کاتێك لە بارەی مەکیاڤیلی و کتێبەکەیەوە لێکۆڵینەوە دەکەن، بەرهەمەکەی بە جۆرێکی دی دەبینن. بڕوایانوایە لە کتێبەکەی مەکیاڤیلیدا هیچ تازەگەریەکی واقعی نیە، و میر بەرهەمێکی ئاساییەو لە ئاست جۆرێکی ئاشنای بەرهەمی ئەدەبیدایە، ئەم لێکۆڵەرەوانە دڵنیامان دەکەن کە میر تەنها یەکێك لەو کتێبە بێ ئەژمارانە بووە کە لەژێر ناونیشانی جیاوازدا بۆ ڕێنمایی شاکان دەنوسرا. دەکرێ زۆر لەم جۆرە وتارانە لە نێوان بەرهەمە ئەدەبیەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و ڕێنسانسدا بدۆزرێتەوە. لە نێوان ساڵەکانی ٨٠٠ و ١٧٠ ی میلادیدا نزیکەی هەزار کتێب لەبەردەستدا بوو کە بە شایان دەگوت چۆن ڕەفتار بکات تا "لە جێگەی بەرزی خۆیەوە ئاگایەکی ڕوونی لە شتەکان بێت". هەموو کەسێك ئەم بەرهەمانەی دەناسی و دەیخوێندەوە، وەك: لەبارەی دەزگای فەرماندەییەوە، لە بارەی ئەرکی مەقامی سەڵتەنەت، ڕێبازی میران. مەکیاڤیلی تەنها ناونیشانێکی بۆ ئەم لیستە دورو درێژە زیادکردوە. ئەوان بڕوایانوایە کتێبەکەی بە هیچ شێوەیەك تازەگەریەکی واقعی تێدا نیە، نە تازەگەری لە ئەندێشەدا و نە تازەگەری لە شێوازی نوسیندا(٢٨).

بەڵام دەکرێ لە بەرامبەر ئەم هەڵسەنگاندنەدا، دوو شایەت بهێنرێتەوە: یەکێکیان مەکیاڤیلی و ئەویدیشیان خوێنەرەکانی کتێبەکەی. مەکیاڤیلی بە قوڵایی بڕوای بە ڕەسەنایەتی بیروڕا سیاسیەکانی خۆی هەبوو. ئەو لە پێشەکی "تێزەکاندا" دەنوسێ: "بە هۆی ئارەزویەکەوە کە سروشت لە منداوێتی، بێئەوەی ڕێگە بە هیچ دڵەڕاوکێیەك بدەم، دەستم بە کارێك کردوە کە بڕوامواید بەرژەوەندی هەموانی

تێدایە، لێرەوە پێم ناوەتە ناو ڕێگەیەکی تازەوە کە هیچکەس پێش من پێی تێنەخستوە، ئەگەرچی ئەمە کارێکی تەواو ئەستەم و سەختە، بەڵام ڕەنگە کەسانێك کە بە دیدی لوتفەوە تەماشای هەوڵەکانم دەکەن، بەرهەمەکانم پەسەند بکەن"(٢٩).

ئەم ئومێدە نەبوو بە نائومێدی: خوێنەرانی بەرهەمەکانی مەکیاڤیلی بە پێی چاوەڕوانی ئەو هەڵسەنگاندنیان کرد. بەرهەمەکەی ئەویان نەك هەر لەلایەن لێکۆڵەرەوەکان و توێژەرەوەکانی زانستی سیاسەت خوێندرایەوە، بەڵکو بە شێوەیەکی بەرفراوان بلاوبۆوە. بە ئەستەم دەکرێ سیاسەتمەدارێکی مەزنی تازە بدۆزرێتەوە کە کتێبەکەی مەکیاڤیلی نەناسیبێ و بە خوێندنەوەی ئەفسوون نەبووبێت. لە نێوان خوێنەران و ستایشکەرانی مەکیاڤیلیدا ناوی ئەم کەسانە هەیە: کاتاریانداڤ میدچی(٣٠)، چارلزی پێنجەم، ریشیلۆ(٣١)، کریستینا مەلیکەی سوید، ناپلیۆن بۆناپارت. بۆ ئەمانە میر شتێکی زیاد لە کتێبێك بوو، میر ڕێنماو ئەستێرەیەك بوو بۆ کارە سیاسیەکانیان.

ئەگەر میر لە ژمارەی ئەو بەرهەمە ئەدەبیانەدا بوایە کە بە تەواوی ناسراون، ئەوا کاریگەریە قوڵ و سەقامگیرەکەی، قابیلی تێگەیشتن نەبوو. ناپلیۆن بۆناپارت دەیگوت کە لە هەموو بەرهەمە سیاسیەکاندا تەنها بەرهەمەکانی مەکیاڤیلی شایستەی خوێندنەوەن. ئایا دەکرێ کەسانی وەك ریشیلۆ، کاتارینادۆ، میدچی و ناپلیۆن بوناپارت بە شەیدایانی بەرهەمگەلێکی وەك "ڕێبازی میران" نوسینی تۆماس ئەکویناس یان "لە بارەی دەزگاکانی فەرمانڕەوایانی مەسیحی" بەرهەمی ئەراسمۆس یان تلماك بەرهەمی فنلون، بزانرێ؟ بۆ ئەوەی جیاوازی ئاشکرای نێوان میری مەکیاڤیلی و بەرهەمی وەك "ڕێبازی میران" تێبگەین، پێویستمان بەوە نیە پشت بە هەڵسەنگاندنی تایبەتی خۆمان ببەستین، بەڵگەی باشتر و چاکتر لەبەردەستدان کە پیشانیدەدەن لە نێوان تیۆرەکانی مەکیاڤیلی و نوسەرانی سیاسی بەرلەودا، درزێکی واقعی هەیە، دیارە میر پێشڕەوانێکی هەیە، بەڵام چ کتێبێك هەیە کە پێشەنگی نەبووبێت؟ ڕەنگە لە نێوان میرو بەرهەمی نوسەرانی تردا، گەلێك لێکچوون بدۆزینەوە. لەچاپی بورت(٣٢)دا زۆربەی ئەم جۆرە لێکچونانە بەوردی کۆکراونەتەوەو لە پەراوێزەکانی کتێبەکەدا هاتوون. بەڵام لێکچونە ئەدەبیەکان، بە ناچاری لێکچونە فکریەکان ناسەلێنن. بابەتی میر سەر بە "ئاو و هەوایەکی فکری"

تره که به تەواوی لەگەڵ بابەتی بەرهەمی نوسەرانی پێش مەکیاڤیلیدا، جیاوازە.

ڕەنگە بکرێ ئەم جیاوازیە بە دوو وشەدا وەسفبکرێ: وتارە کلاسیکیەکانی وەک "لە بارەی فەرمانڕەوایان و یاساکان"، "لە بارەی سەلتەنەتەوە"، "لە بارەی شاو ڕێبازی میر" وتارگەلێکی پەروەردەیی بوون کە بۆ سودی شازادەکان دەنوسران. بەڵام مەکیاڤیلی نە کارێکی وای لەسەر بوو، نە ئومێدی بە کارێکی لەم چەشنە هەبوو. کتێبەکەی مەکیاڤیلی باسی کۆمەڵێك مەسەلەی سەرلەبەر جیاوازی دەکرد. ئەم کتێبە تەنها بە فەرمانڕەوا دەڵێت چۆن دەسەڵات بەدەست بهێنێت وچۆنیش لە هەلومەرجی سەختدا بیپارێزێ. مەکیاڤیلی ئەوەندە ساویلکە نەبوو کە وا بزانێت فەرمانڕەوایان میرنشینە تازەکان، پیاوانی وەك سزار بۆرژیا، ئامادەبوون کە "پەروەردە" بکرێن. ئەو بەرهەمانەی کە پێش و دوای میر نوسران و بە ئاوێنەی شا ناودەبرێن، بڕوایان وایە وەك چۆن شا سەیری ئاوێنە دەکات و وێنەی خۆی دەبینێ، هەرواش لەم کتێبانەدا ئەرك و واجیباتی خۆی دەبینێ. بەڵام لە کوێی میری مەکیاڤیلیدا، شتی وا دەدۆزینەوە؟ لە کتێبەکەی ئەودا خودی زاراوەی "ئەرك" نەهاتووە.

هونەری سیاسەت

بەڵام ئەگەر میر هەموو شتێکە جگە لە وتارێکی ئەخلاقی یان پەروەردەیی، ئەوا لەم قسەیەوە ناتوانرێ ئەو ئەنجامگیریە بکرێ یان بە بەلگەیەك بزانرێ بۆ ئەوەی کە میر بەرهەمێکی ئەنتی ئەخلاقیە. ئەم کتێبە تەنها بەرهەمێکی هونەریە. لە کتێبێکی هونەریدا بەدوای ڕێساکانی ڕەفتاری ئەخلاقی یان ڕێساکانی خراپەو باشەدا ناگەڕێین. هەر ئەوەندە بەسە کتێبێکی هونەری پێمان بڵێت چ شتێك سودمەندو چ شتێك بێسودە. دەبێ یەك بە یەکی وشەکان لە میردا بەمشێوەیە بخوێنرێتەوەو تەفسیربکرێ. ئەم کتێبە نە هەلگری دەستوری ئەخلاقیە بۆ فەرمانڕەوا، نە هانی دەدا ناپاکی و تاوان بکات. ڕووی قسەی کتێبەکە بە تایبەتی لە "میرنشینە تازەکانە" کە هەوڵدەدات بۆ پاراستن و پارێزگاری کردنی خۆیان لە بەرامبەر مەترسیەکاندا، ڕێنمایی پێویستیان بکات. ئەم مەترسیانە بە ئاشکرا زۆر گەورەترن لەو مەترسیانەی هەڕەشە لە دەوڵەتە ئاساییەکانی وەك دەوڵەتی قەشەیی یان سەلتەنەتە میراتیەکان

دەکات. میرنشینە تازەکان دەبێ بۆ خۆپاراستن لەم مەترسیانە پەنا بۆ ئامێرو هۆکاری نائاسایی بەرن. بەڵام ئەگەر خراپە هێرشی کردبێتە سەر چوارچێوە سیاسیەکە، ئیدی زۆر درەنگە بۆ ئەوەی بە دوای چارەسەردا بگەڕێین. مەکیاڤیلی دەیەوێت بەراوردی هونەری سیاسەتمەدارێك لەگەڵ هونەری پزیشکێکی لێهاتوودا بکات. هونەری پزیشکی لە سێ بەش پێکهاتوە: دەستنیشانکردنی نەخۆشی، پێشبینی دەورەی نەخۆشیەکەو چارەسەرکردنی. لەم سێ بەشەدا دەستنیشانکردنی دروستی نەخۆشیەکە، گرنگترین کارە. مەسەلەی سەرەکی ناسینی نەخۆشیەکەیە لە کاتی گونجاودا، بۆ ئەوەی بکرێت ڕووبەڕوی دەرئەنجامەکانی ببینەوە. ئەگەر لە دەستنیشانکردنی نەخۆشیەکەدا هەڵە بکەین یان لە کاتی خۆیدا نەخۆشیەکە دەستنیشان نەکەین، بارودۆخی نەخۆشەکە نائومێدکەر دەبێت. مەکیاڤیلی دەڵێت:

"پزیشکەکان باسی تایەکی سیلی ئێسقانی دەکەن کە تیمارکردنی لە سەرەتای نەخۆشیەکەدا، کارێکی زەحمەت نیە، بەڵام دەستنیشان کردنی زەحمەتە. بەڵام بە تێپەڕینی کات لەبەرئەوەی نەخۆشیەکە دەستنیشان نەکراوەو تیمار نەکراوە، پەرەدەسێنێت و لێرەوە بە ئاسانی دەدۆزرێتەوە. بەڵام ئا لەم کاتەدا تیمارکردنی نەخۆشیەکە زۆر ئەستەم دەبێت. هەر ئەمەش بەسەر چوارچێوە سیاسیەکاندا دێت. چونکە ئەو پریشك و ئاژاوانەی ڕەنگە لەهەر حکومەتێکدا ڕووبدەن، ئەگەر لە کاتی خۆیدا پێشبینی بکرێن، ئەوا بەرپێگرتنیان ئاسانە. پێشبینی کردنیشیان لە کاتی خۆیدا تەنها لەدەست پیاوانی لێزان و دوربین دێت. بەڵام ئەگەر ئاژاوەو پریشکەکان گەیشتنە ئەوەی دەرکەون و بەو شێوەیە پەرەبسێنن کە هەموو کەسێك دەرئەنجامەکانی ببینێت، لەم قۆناغەدا بە دەگمەن چارەسەرێك بدۆزرێتەوە کە کاریگەریەکی بەهێزی هەبێت و بتوانێت ئاژاوەکان بنیشێنێتەوە"(٣٣).

هەموو پێشنیارەکانی مەکیاڤیلی دەبێ هەر بەم ڕۆحیەتەوە تەفسیر بکرێت. ئەو مەترسیگەلێك پێشبینی دەکات کە ڕەنگە شێوە جیاوازەکانی حکومەت بەرەو ڕووی ببنەوەو چارەسەریش بۆ ڕێگە لێگرتنیان دەدۆزێتەوە. مەکیاڤیلی بە فەرمانڕەوا دەڵێت چی بکات بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی بەرپا بکات و سەقامگیری بکات و چۆن خۆی لە ململانێ ناوخۆییەکان بپارێزێ و پێشبینی دەسیسەکان بکات و ڕێگەیان لێبگرێت. هەموو ئەم پەندانە "فەرمانی گریمانەیین" یان بە وتەی کانت "فەرمانی

لێهاتوویین" کانت دەڵێت:

لێرەدا ئەو پرسیارە لە ئارادا نیە کە ئایا ئامانجی خوازراو، عەقڵانی و باشە، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە کە چی دەبێت بکرێت بۆ ئەوەی بە ئامانج بگەین؟ بۆ پزیشك "فەرمانی لێزانین" ئەوەیە کە نەخۆشەکەی خۆی تەندروست بکاتەوەو بۆ ژەهردەرخوار، "فەرمانی لێزانین" ئەوەیە کە دڵنیا بێت کە مردن حەتمیە. فەرمانەکانی لێزانین لە هەردوو حاڵەتەکەدا بەهایەکی یەکسانیان هەیە. هەر فەرمانێکی لێزانین بەکاردەهێنرێت بۆ ئەوەی بە تەواوی بە مەبەستی بگات"(٣٤).

ئەم قسانە بە وردی وەسفی ئاراستەی زیهنی مەکیاڤیلی و شێوازەکەی دەکەن. ئەو هەرگیز کارە سیاسیەکان ئافەرین یان تاوانبار ناکات، بەڵکو تەنها شیکارێکی وەسفیان بۆ پێشکەش دەکات، بە هەمان ئەو شێوەیەی پزیشکێك نیشانەکانی فلان نەخۆشی بۆ نەخۆش وەسف دەکات. لەم جۆرە شیکردنەوانەدا تەنها پەیوەندی بە ڕاستبوونی وەسفەکەوە دەکەین، نەك بەو شتانەوە کە وەسف کراون. تەنانەت دەکرێ لە خراپترین مەسەلەکان، وەسفێکی ڕاست و بەرز بە دەستەوە بدرێ. مەکیاڤیلی کارە سیاسیەکان بە هەمان شێوە تاوتوێ دەکات کە زانای کیمیا کاردانەوە کیمیاییەکانی پێ تاوتوێ دەکات. بێگومان زانای کیمیا کاتێك لە تاقیگەکەی خۆیدا ژەهرێکی بەهێز ئامادە دەکات، بەرپرسیار نیە لە دەرئەنجامەکانی ئەم ژەهرە. پزیشکێکی زیرەك دەتوانێ بەو ژەهرە گیانی کەسێك لە مردن ڕزگار بکات و بە پێچەوانەوە ئەگەر ئەو ژەهرە بەردەست تاوانکارێك بکەوێت، دەتوانێ مرۆڤێك بکوژێت. لە هەردوو حاڵەتەکەدا ناکرێت زانای کیمیا سەرزەنشت یان ستایش بکرێ. ئەگەر زانای کیمیا هەموو ئەو پرۆسانەمان فێر بکات کە بۆ ئامادەکردنی ژەهرەکە پێویستەو هاوکێشە کیمیاییەکەی بخاتە بەردەستمان، ئەوا بە باشترین شێوە ئەرکی خۆی جێبەجێ کردوە. میری مەکیاڤیلی هەڵگری زۆر مەسەلەی ترسناك و ژەهراویە، بەڵام ئەو بە ساردی و بێلایەنی زانایەکەوە، تەماشای ئەم مەسەلانە دەکات. مەکیاڤیلی ڕەچەتە سیاسیەکەی خۆی دەپێچێتەوە و پێشنیارە پێویستەکان پێشکەشدەکات. بەڵام چ کەسێك ئەم پێشنیارانە بەکاردەهێنێ و ئایا لە خزمەت ئامانجێکی باش یان خراپدا بەکاریان دێنێ، ئیدی ئەمە پەیوەندی بە مەکیاڤیلیەوە نیە.

ئەوەی مەکیاڤیلی ئارەزووی دەکرد پێناسی بکات تەنها زانستی تازەی سیاسەت

نەبوو، بەڵکو هونەری تازەی سیاسەتیش بوو. ئەو یەکەم نوسەری مۆدێرنە کە باسی "هونەری دەوڵەتداری" دەکات. ڕاستە بیرۆکەی هونەرێکی وا گەلێك دێرینە، بەڵام مەکیاڤیلی تەفسیرێکی تەواو تازە لەم بیرۆکە کۆنە دەدات بە دەستەوە. لە سەردەمی ئەفلاتۆنەوە هەموو بیریارە سیاسیە مەزنەکان جەختیان لەوە کردوە ناکرێ سیاسەت بەکارێکی ئاسایی دابنرێ، بەڵکو دەبێ ڕێساگەلێکی دیاریکراو و دەستنیشانکراو هەبێت کە ببێ بە ڕێنمای کارە سیاسیەکان. دەبێ تەکنیکی "techne" سیاسەت، لەدایك بێت. ئەفلاتۆن لە دیالۆگی گۆرگیاسدا، تیۆرەی خۆی لە بارەی دەوڵەتەوە لە بەرامبەر تیۆرەی سۆفیستەکان: پرۆتۆگۆراس، پرۆدیکوس و گورگیاسدا، دادەنێت. ئەفلاتۆن دەڵێت ئەم پیاوانە بۆ ڕەفتاری سیاسی ئێمە ڕێساگەلێکی زۆریان پێشکەش کردوە. بەڵام ئەم ڕێسایانە هیچ جۆرە ماناو بەهایەکی فەلسەفیان نیە، لەبەرئەوەی کە خاڵی سەرەکیان نەبینیوە. ئەم ڕێسایانە لە ڕێگەی تەجریدکردنی مەسەلە تایبەتیەکانەوە بەدەستهاتوون و پەیوەندیان بە ئامانجی لاوەکیەوە هەیە. لەبەرئەوە خاوەن خەسڵەتی سەرەکی تەکنیك نین، بەو مانایەی ئەم ڕێسایانە ڕەهەندی هەمەکی و گشتیان نیە. ئا لێرەدا جیاوازی بنەڕەتی و هەمیشەیی نێوان "تەکنیك"ی جێی مەبەستی ئەفلاتۆن و هونەری دەوڵەتداری "Arte dello stato" مەکیاڤیلی، تێدەگەین. "تەکنیك"ی جێی مەبەستی ئەفلاتۆن بە مانای هونەرێك نیە کە جێی مەبەستی مەکیاڤیلیە. ئەویان ناسینە (episteme) کە لەسەر بناغەی بنەما هەمەکیەکان دامەزراوەو ئەم بنەما هەمەکیانەش نەك تیۆری بەڵکو پراکتیکیشن، نەك تەنها لۆژیکی، بەڵکو ئەخلاقیشن. هیچکەس ناتوانێ بێ بوونی هوشیاری بەرامبەر بەم بنەمایانە، ببێ بە دەوڵەتمەدارێکی ڕاستەقینە. کەسێك ڕەنگە خۆی لە مەسەلە حەیاتیەکانی سیاسەتدا بە ئەزموون بزانێ، چونکە بە هۆی ئەزموونی دورو درێژەوە بیرۆڕای دروستی لە بارەی مەسەلە سیاسیەکانەوە بەدەستهێناوە. بەڵام ئەم مەسەلەیە نایکات بە فەرمانڕەوایەکی واقعی و یارمەتی نادات بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنێکی پتەو بکات، چونکە ئەو "تێگەیشتنێکی بۆ هۆ" نیە(٣٥).

ئەفلاتۆن و پەیڕەوانی هەوڵیاندا تیۆرەی دەوڵەتی دامەزراو لەسەر یاسا، پێشکەشبکەن. مەکیاڤیلی یەکەم کەس بوو تیۆرەیەکی پێشکەشکرد کە ئەم لایەنە تایبەتیەی ﴿واتە یاساییبونی دەوڵەت﴾ وەلاوە دەنا یان لە گرنگی کەمدەکردەوە. ئەو

هونەرە سیاسیەی مەکیاڤیلی پێشکەشی دەکرد، بە یەکسان لەبەردەم دەوڵەتی یاسایی و دەوڵەتی نایاساییدا بوو، وە بە کەڵکی هەردوکیان دەهات. خۆری حیکمەتی سیاسی مەکیاڤیلی هەم بەسەر میرە یاساییەکاندا دەدرەوشایەوە و هەم بەسەر داگیرکەران و ستەمکاراندا، هەم بەسەر فەرمانڕەوا دادپەروەرەکاندا دەدرەوشایەوەو هەم بەسەر زاڵمەکاندا. مەکیاڤیلی هەموو پەندەکانی خۆی لە کاروباری دەوڵەتدا، بە ئازادانەو سەخیانە پێشکەش بە هەمویان دەکات. نابێت مەکیاڤیلی لەبەر ئاراستە زیهنیەکەی، سەرزەنشت بکرێ. گەر بمانەوێت میر لە فۆرمۆلێکدا کورت بکەینەوە، ڕەنگە هیچ شتێك لەوە باشتر نەبێت کە پشت بە قسەکانی میژوونووسێکی سەدەی نۆزدە ببەستین. هیپۆلیت تن(٣٦) لە پێشەکی کتێبەکەی خۆیدا: "میژووی ئەدەبیاتی ئینگلیزی" دەڵێت کە میژوونووس دەبێت بە هەمان شێوە باسی ڕەفتارەکانی مرۆڤ بکات کە زانای کیمیایی باسی پێکهاتە کیمیاییە جیاوازەکان دەکات. فەزیلەت و خراپی بەرهەمی وەك سۆلفات و شەکرن و دەبێ بە هەمان ڕۆحی زانستی ساردو بێلایەنەوە تاوتوێ بکرێن. شێوازی مەکیاڤیلی ڕێك هەر بەم شێوەیە بوو. بێگومان ئەویش هەستی تایبەتی خۆی و دروشمی سیاسی و ئارەزووی تایبەتی خۆی هەبوو، بەڵام ڕێگەی نەدەدا کە کار بکەنە سەر هەڵسەنگاندنی سیاسی خۆی. هەڵسەنگاندنی مەکیاڤیلی هەڵسەنگاندنی زانایەك و کارشناسێکی ژیانی سیاسی بوو. ئەگەر میر بە شێوەیەکی دی بخوێنینەوە و ئەگەر بە بەرهەمی پڕوپاگەندەکەرێکی سیاسی بناسین، جەوهەرەکەیمان لەدەستداوە.

ڕەگەزی ئەفسانەیی لە فەلسەفەی سیاسی مەکیاڤیلیدا: بەخت

زانستی سیاسەتی مەکیاڤیلی و زانستی سروشتی گالیلۆ، لەسەر بنەمایەکی هاوبەش بونیاد نراون. ئەم دوانە لەسەر بنەمای تێزی هاوتەبایی و یەك ڕیتمی سروشت دامەزراون. سروشت هەمیشە هەر ئەمەیەو هەموو دیاردە سروشتیەکان پەیڕەوی لە یاساگەلێکی نەگۆڕو هەمیشەیی دەکەن. ئەم بنەمایە لە جیهانی فیزیاو گەردوونناسیدا، بوە هۆی نەمانی جیاوازی لە نێوان جیهانی "بەرین" و جیهانی "ژێرەوە". هەموو دیاردە فیزیکیەکان لەسەر یەك ئاستن. ئەگەر فۆرمۆلێکمان دۆزیبێتەوە کە جوڵەی تاشە بەردێك وەسف دەکات، دەکرێ هەر هەمان فۆرمۆل بۆ

جوڵەی مانگ بەدەوری زەوی و جوڵەی دورترین ئەستێرەکانیش بەکاربهێنرێ. لە سیاسەتیشدا تێدەگەین هەموو قۆناغەکان بونیادێکی سەرەکی یەکسانیان هەیە. هەرکەسێك قۆناغێکی میژوویی بناسێ، هەموو قۆناغەکانی ناسیووە. سیاسەتمەدارێك کە ڕوبەڕووی مەسەلەیەکی واقعی بۆتەوە، لە میژوودا هەمیشە هاوشێوەی ئەو مەسەلەیە دەدۆزێتەوەو دەتوانێ بە بەراوردکردنیان، بە شێوەیەکی دروست مامەڵە بکات. ناسینی ڕابردوو، ڕێنمایەکی دڵنیاییکەرە. ئەو کەسەی دیدو تێڕوانینێکی ڕوونی بۆ ڕابردوو بەدەستهێناوە، دەزانێ چۆن دەست و پەنجە لەگەڵ هەنوکەدا نەرمبکات و چۆن خۆی ئامادە بکات بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ڕوداوەکانی ئایندە. لێرەوە بۆ میر هیچ شتێك لەوە مەترسیدارتر نیە کە نمونەکانی میژوو لەبەرچاو نەگرێت. میژوو، کلیلی سیاسەتە، مەکیاڤیلی دەڵێت:

ئەگەر لەبری ئەوەی دەمەوێت لە بارەی میرنشین و میرەکان و ئەو دەوڵەتانەی کە بە تەواوی تازەن بیڵێم، دەستبکەم بە گواستنەوەی نمونەی ﴿پیاوە﴾ مەزن و دیارەکان، ئەوا نابێ بەلای هیچ کەسەوە سەیر بێت. چونکە بە شێوەیەکی گشتی ڕەگەزی مرۆڤ ئامادەیە پێبخاتە جێی پێی کەسانی دی و لاساییان بکاتەوە.. پیاوی عەقڵانی دەبێ هەمیشە بە ڕێگەی ئەو کەسایەتیە ناودارانەدا بڕوات کە کردارەکانیان شایستەی لاسایکردنەوەن. لێرەوە ئەگەر پیاوێکی عەقڵانی نەیتوانی شان لە شانیان بدات، ئەوا لایەنی کەم دەتوانێ لە هەندێك ڕوەوە وەك ئەوانی لێبێت(٣٧).

بەڵام لە بواری میژوودا ئەم جۆرە لێکچونانە، سنوردارێتی دیاریکراوی خۆی هەیە. لە زانستی فیزیادا دەکرێ بە پێی ئەم بنەمایە بەڵگە بهێنرێتەوە کە هەمیشە هۆی چونیەك، دەرئەنجامی چونیەکیان هەیە، واتە دەکرێ بە یەقینێکی ڕەهاوە پێشبینی هاتنەدی ڕوداوێك لە ئایندەدا بکرێت: بۆ نمونە خۆرگیران و مانگگیران. بەڵام هەر ئەوەندەی ئەم بنەمایە لە بارەی مرۆڤەوە بەکارهات، لەناکاو ڕاستیبوونی دەکەوێتە بەر گومان. دەکرێ تا ڕادەیەك ڕوداوەکانی داهاتوو پێشبینی بکرێت، بەڵام ناکرێت پێشبینی ئایندە بکرێت. لێرەدا چاوەڕوانیەکانی ئێمە نایەنە دی و ئومێدەکانمان دەبن بە نائومێدی. تەنانەت باشترین هەنگاوی نەخشە بۆ داڕێژراوی ئێمەش، ناتوانن ئەو دەرئەنجامە پێویستەیان هەبێت. چۆن دەکرێ جیاوازی نێوان فیزیاو زانستی سیاسەت، ڕوون بکرێتەوە؟ ئایا دەبێ بنەمای دیترمنیزمی گەردوونی،

لە بواری سیاسەتدا وەلاوە بنرێ؟ ئایا دەبێ بگوترێ کە لە بواری سیاسەتدا، شتەکان قابیلی حسابکردن نین؟ و بە پێچەوانەی جیهانی فیزیاییەوە، جەبر بەسەر ڕوداوە سیاسیەکاندا بالادەست نیەو لە جیهانی مرۆیی و کۆمەلایەتیدا، بەختی پەتی حوکم دەکات؟

ئەم مەسەلەیە یەکێك لە کێشە گەورەکان بوو کە تیۆرەی سیاسی مەکیاڤیلی دەبوو چارەسەریبکات. لەمڕووەوە مەکیاڤیلی ئەزمونی سیاسی خۆی، لە ناکۆکیەکی ئاشکرادا دەبینیەوە لەگەڵ بنەما زانستیە گشتیەکانی خۆیدا. ئەزموون مەکیاڤیلی فێرکردبوو کە تەنانەت باشترین پەندی سیاسی، ناتوانێ کاریگەری لەسەر ڕوداوەکان هەبێت.

ڕوداوە سیاسیەکان ڕێگەی خۆیان دەگرنە بەر و هەموو ئارەزوو و مەبەستەکانی ئێمە، پوچەڵ دەکەنەوە. تەنانەت نەخشە زۆر زیرەك و لێهاتوەکانیش، لەبەردەم ئەگەری شکستدان، ڕەوتی ڕوداوەکان دەتوانێت بە شێوەیەکی کتوپڕو چاوەڕوان نەکراو، ئەو نەخشانە تێکبشکێنێ. پێدەچێ ئەم نادڵنیاییە لە کاروباری مرۆڤدا، کاری بونیادنانی زانستێکی سیاسەت ناومکین بکات. لێرەدا لە جیهانێکی ناپایەدار، ڕێك نەخراو و بێ ڕێسادا دەژین کە لەدژی هەموو هەوڵەکانی ئێمە بۆ حسابکردن و پێشبینی کردن، یاخی دەبێت.

مەکیاڤیلی ئەم ئەنتی نۆمیە (antinomy)ی بە ڕوونی دەبینی، بەڵام نەیدەتوانی چارەسەریبکات و تەنانەت نەیدەتوانی بە شێوەیەکی زانستی دەری ببڕێ. شێوازە لۆژیکی و عەقڵانیەکەی لەم خاڵەدا ڕادەوەستا. مەکیاڤیلی ناچار بوو قبوڵیبکات کە عەقڵ فەرمانڕەوای کاروباری مرۆڤ نیەو لەبەرئەوەش ناکرێ وەسفی شتەکان بە تەواوی لە قاڵبی زاراوە عەقڵانیەکاندا بکرێ. لێرەوە دەبێ بۆ وەسفکردنی ئەو شتانە پەنا بۆ هێزێکی تر ببرێ، هێزێکی نیمچە ئەفسانەیی. پێدەچێ "بەخت" فەرمانڕەوای کاروباری مرۆیی بێت و بەخت لە هەموو شتێك هەوەسبازترە. هەر هەوڵێك بۆ کورتکردنەوەی بۆ کۆمەڵێ ڕێسای دیاریکراو، مەحکوم بە شکستە. ئەگەر بەخت لە ژیانی سیاسیدا ڕەگەزێکی پێویست بێت، کەوابوو بێهودەیە بە تەمای بیناکردنی زانستی سیاسەت بین. قسەکردن لە "زانستی بەخت" ناکۆکی نێوان بابەت و مەحمولە.

ئا لێرەدا تیۆرەکەی مەکیاڤیلی بە خاڵێکی قەیراناوی گەیشتبوو. مەکیاڤیلی نەیدەتوانی ئەم کەموکوڕیە ئاشکرایە لە بیرکردنەوەی عەقڵانیدا قبوڵبکات. زیهنی مەکیاڤیلی نەك هەر زیهنێکی ڕوون، بەڵکو زیهنێکی پڕ مایەو بەهێزیش بوو. ئەگەر بەخت دەوری ڕابەری لە کاروباری مرۆییدا دەبینێ، کەوابوو لە ئەستۆی بیریاری فەلسەفیە لەم دەورە تێبکات. هەر لەبەر ئەمە مەکیاڤیلی ناچار بوو لە میردا جێگەی فەلسێکی تازە بکاتەوە، فەلسێك کە لە سەرسوڕهێنەرترین فەلسەکانی کتێبەکەیە. بەخت چیەو چ مانایەکی هەیە؟ بەخت چ پەیوەندیەکی بە هێزە مرۆییەکان و عەقڵ و ئیرادەی مرۆڤەوە هەیە؟

مەکیاڤیلی بە هیچ شێوەیەك تاکە بیریارێکی ڕێنسانس نەبوو کە دەست و پەنجەی لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا نەرمدەکرد، چونکە بۆ بیریارانی ئەو سەردەمە خودی پرسیارەکە ئاشنا بوو. ئەم پرسیارە لە هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی کلتوری ڕێنسانسدا، هاتبوە پێشێ. هونەرمەندان و فەیلەسوفان و زانایان بە تامەزرۆییەوە بە دوای دۆزینەوەی وەلامێکدا دەگەڕان. ئەم بابەتە چەندان جار لە ئەدەبیات و شیعری ڕێنسانسدا، دوبارە دەبۆوە. لە هونەرە ستاتیکیەکاندا، سمبولگەلێکی بێ ئەژمار بۆ "بەخت" دەدۆزینەوە(٣٨). لە پشتی میدالیایەکدا کە سیمای سزار بۆرژیای تیا هەڵکەنرابوو، سومبولێکی وا هەبوو(٣٩)، بەڵام شێوەی مامەڵەکردنی مەکیاڤیلی لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا، جارێکی دی تازەگەری مەکیاڤیلی پیشاندەدات. مەکیاڤیلی بە پێی ئەو ئارەزوەی کە بەسەر زیهنیدا بالادەست بوو، لە گۆشەی ژیانی کۆمەلایەتیەوە تەماشای ئەم مەسەلەیە دەکات، نەك لە گۆشەی ژیانی تایبەتیەوە. بەخت دەبێت بە یەکێك لە جەمسەرەکانی فەلسەفەی مێژووی مەکیاڤیلی. دەسەلاتی بەختە کە سەردەمێك ئەم و سەردەمێکی دی ئەو نەتەوەیە بەرەو پێشەوە دەبات و دەسەلاتگرتنی بەسەر دنیادا بۆ مەیسەر دەکات.

مەکیاڤیلی لە پێشەکی کتێبی دوهەمی "تێزەکاندا" دەڵێت کە لە هەموو زەمانەکاندا، جیهان هەر بەم شێوەیە بووەو خراپەو چاکە هەر بەم ڕێژەیە بوونیان هەبووە. بەڵام هەندێکجار چاکەو خراپە بارەگای خۆیان گۆڕیوەو لە ئیمپراتۆریەتێکەوە بۆ ئیمپراتۆریەتێکی تر ڕۆیشتوون. فەزیلەت کە سەردەمێك وا دەزانرا لە ئاشورداجێگیرە، بۆ سەرزەمینی ماد ڕۆیشت و لەوێوە گەیشتە پارس و

دواجار هات بۆ ڕۆم و لەوێ مەنزڵی کرد. لەژێر هەتاودا هیچ شتێك نەگۆڕو جێگیر نەبووەو نابێت. خراپە جێی چاکە دەگرێتەوەو چاکەش جێی خراپە، یەکێکیان هەمیشە هۆیە بۆ ئەوی دیان. بەڵام ئەم قسەیە بە مانای ئەوە نیە، مرۆڤ واز لە تێکۆشان بهێنێت. تەسلیمبوون بە قەزاو قەدەر بۆ ژیانێکی چالاك، کارێکی کوشندەیە. تەنها ژیانێکی شایستەی مرۆڤ، ژیانێکی چالاکە.

ڕێنسانس لە ڕووی ئەندێشەو هەستەوە لەژێر کاریگەری بەهێزی تاڵع بینیدا بوو. جگە لە پیکۆ دلا میراندولا(٤٠). هیچ بیریارێکی ڕێنسانس نەیدەتوانی خۆی لەم کاریگەریە بپارێزێ یان بە سەریدا زاڵبێت. تەنانەت ژیانی کەسایەتیەکی گەورەو مەزنی وەك فیچینۆ(٤١) پڕ لە ترسی خورافی تاڵعبینی بوو(٤٢) تەنانەت مەکیاڤیلیش نەیتوانی بە تەواوی خۆی لە وێناکانی تاڵع بینی، ڕزگار بکات. مەکیاڤیلیش گونجاو لەگەڵ شێوە بیرکردنەوەی سەردەمەکەی و هاوچەرخەکانیدا، بیری دەکردەوەو قسەیدەکرد. مەکیاڤیلی لە "تێزەکان"دا دەڵێت زۆرجار چ لە مێژووی کلاسیکی و چ لە مێژووی سەردەمی تازەدا، دەبینم کە بەر لەوەی ڕوداوێکی ناخۆش ڕووبدات، چەند نیشانەگەلێك لە ئاسمان دەرکەوتوە. ﴿وەك دەرکەوتنی ئەستێرەی کلکدار﴾ مەکیاڤیلی دان بە نەزانینی خۆی لە ڕونکردنەوەی ئەم جۆرە ڕوداوانەدا دەنێت، بەڵام نکوڵی لە خودی ڕوداوەکان ناکات(٤٣). بەڵام مەکیاڤیلی تەسلیمی هیچ جۆرە قەدەریەتێك نابێت. پەندی "مرۆڤ ملکەچی سوڕانەوەی ئەستێرەکانی بەختە" لە سەردەمی ڕێنسانسدا زۆر جار دەگوترایەوە(٤٤). بەڵام مەکیاڤیلی ئاراستەیەکی تازەی بەم پەندە بەخشی. بۆ زاڵبوون بەسەر کاریگەری شومی ئەستێرەکاندا، سەرەڕای عەقڵانیەت، سەقامگیری و هێزی ئیرادەش پێویستە. دەسەڵاتی بەخت، مەزن و گەورەیە، بەڵام دەکرێ لە بەرامبەریدا ڕابوەستێ. ئەگەر دەسەڵاتی بەخت وا دەردەکەوێت کە بەرگری لێناکرێت، ئەوا سوچی مرۆڤە کە هێزەکانی خۆی لە دژی بەکارناهێنێت یان ئەوەندە ترسنۆکە کە دژی بەخت چەك هەڵناگرێت. مەکیاڤیلی دەنوسێ:

"دەزانم کەسانێکی زۆر هەبوون و ئێستاش هەن بڕوایانوایە خوداوەند یان بەخت بەسەر مەسەلەکانی ئەم دنیایەدا فەرمانڕەوایە. هەلومەرجی جیهانیش بەو شێوەیەیە کە حیکمەتی مرۆیی هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر کاروبارەکانیدا نیەو لێرەوە

بەو دەرئەنجامە دەگەن کەوا باشترە لە بارەی کاروباری جیهانەوە هیچ زەحمەتێك نەکێشین، بەڵکو لە حاڵەتی سروشتی خۆیاندا وازیان لێبهێنین.. لە ڕاستیدا منیش هەرکاتێك کاروباری جیهان بە شێوەیەکی جدی تاوتوێ دەکەم، بە گشتی هەر بە هەمان دەرئەنجام دەگەم. بەڵام ڕەنگە ئیرادەی ئازاد بە شێوەیەکی ڕەها لە ئێمە نەستێنرابێت. پێدەچێ بەخت تەنها نیوەی کارەکانی ئێمەی لەژێر دەستدا بێت و نیوەکەی تری تا ڕادەیەکی زۆر بۆ تەکبیری خودی ئێمە بەجێهێشتبێ.

دەکرێ بەخت بە ڕووبارێکی بە تەوژم بشوبهێنرێ کە لە کاتی لافاودا لە بەنداوەکانی خۆی تێدەپەڕێنێ و هەموو بەرگریەکان تێکدەشکێنێ. بەڵام نابێت لەم هەلومەرجە بتۆقێین و واز لە دروستکردنی بەنداو و جۆگەلە بهێنین. لە وەرزێکدا کە ئاو و هەوا گونجاوەو ڕوبارەکە لافاوی هەڵنەساندوە، دەبێ هەندێك هەنگاو بنرێت و ئەو ئامادەگیە بەدەست بهێنرێ کە هەرکاتێك ڕوبارەکە دوبارە لافاوی هەڵساندەوە، ئەگەر نەکرێت بە تەواوی ڕێگە لە ئاوەکە بگیرێت، لایەنی کەم بتوانرێ بۆ هەندێك جوگەلەی تر ڕەوانە بکرێت و لافاوی ئاوەکە تا ڕادەیەك کەمبکرێتەوە(٤٥).

ئەم ڕێگەچارەیە بە زمانی ئیستیعاری، شیعری یان ئەفسانەیی دەربڕاوە. بەڵام لەژێر پەردەی ئەم دەربڕینە ئەفسانەییەوە، ئەو ئاراستە زیهنیە دەدۆزینەوە کە فۆرمەلەی زیهنی مەکیاڤیلی کردوەو زیهنی تێرکردوە. چونکە ئەوەی مەکیاڤیلی لێرەدا دەیڵێت هیچ نیە جگە لە بەدنیاییکردنی (Secularizaiton) سمبولی بەخت. بەخت تەنانەت لە ئەدەبیاتی سەدەکانی ناوەڕاستدا، سمبولێکی ئاشنا بوو. بەڵام مەکیاڤیلی گۆڕانێکی مانای تایبەتی پێبەخشیوە. دەربڕینێکی کلاسیکی ئەو دەورەی بەخت لە سیستەمی بیرکردنەوەی سەدەکانی ناوەڕاستدا بینیوێتی، دەکرێ لە پارچەیەکی بەناوبانگی کتێبەکەی دانتێدا، واتە لە کتێبی دۆزەخدا، بدۆزینەوە. لەوێدا فێرژیل خەسڵەتی هەقیقی و دەوری بەخت، فێری دانتێ دەکات. فێرژیل ڕونی دەکاتەوە کە خەڵکی ڕاهاتوون بە شێوەیەك باسی بەخت بکەن، وەك ئەوەی بوونێکی سەربەخۆی هەبێت. بەڵام ئەم جۆرە وێنایە بۆ بەخت، تەنها دەرئەنجامی کوێربوونی مرۆڤە. هەرچی بەخت ئەنجامیدەدات نەك بەناوی خۆیەوە، بەڵکو بە ناوی هێزێکی بااڵترەوە ئەنجامی دەدات. خەڵکی تا ئەو شوێنەی بەخت یاریان دەبێت، ستایشی دەکەن. بەڵام هەرکە بەهۆی بەختەوە زیانی پێبگات، دەست دەکەن

بە سەرزەنشتکردنی. هەردوو کارەکە ئەحمەقانەیە. بەخت نە دەکرێ سەرزەنشت بکرێ و نە دەکرێ ستایشبکرێ. چونکە بەخت خۆی دەسەلاتی نیە، بەڵکو هۆکە بنەمایەکی بالاترە. ئەگەر کار بکات ئەوا بە پێی ئیرادەی خوداوەندە کە ئەرکێکی لەو چەشنەی لە ژیانی مرۆڤدا، خستۆتە ئەستۆی. لێرەوە بەخت پلەیەکی بالاتری هەیە لەوەی خەڵکی هەڵیدەسەنگێنن. بەخت لە سەرزەنشت و ستایشکردن، پارێزراوە(٤٦). لە وەسفەکەی مەکیاڤیلیدا ئەم ڕەگەزە مەسیحیە ون بوە. مەکیاڤیلی دەگەڕێتەوە بۆ وێنای یۆنان و ڕۆم بۆ بەخت. واتە دەگەڕێتەوە بۆ وێنا کافرانەکەی. مەکیاڤیلی ڕەگەزێکی بیرکردنەوەو هەست دەهێنێتە باسی باسکردنی بەختەوە کە بە تەواوی تازەیە. ئەو وێنایە ڕاستە کە بەخت فەرمانڕەوای کاروباری جیهانە، بەڵام تەنها نیوەی ڕاستیە. مرۆڤ ملکەچی بەخت نیەو کۆیلەی ڕەشەباو لافاوەکان نیە. مرۆڤ دەبێ خۆی ڕێگەی خۆی هەڵبژێرێ و لە دوتوێیدا بەرەو پێشەوە بچێت. ئەگەر مرۆڤ کەمتەرخەمی لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا بکات، بەخت لاواز و سوکی دەکات و بەجێی دەهێڵێ.

مەکیاڤیلی لە فەسڵی بیست و پێنجی میردا، ڕێساگەلێکی تاکتیکی بۆ ململانێکردن لەگەڵ بەختدا، ڕوون دەکاتەوە. ئەم ڕێسایانە زۆر ئاڵۆزن و بەکارهێنانیان بە شێوەیەکی دروست ئاسان نیە. چونکە ئەم ڕێسایانە دوو ڕەگەزی ناکۆک لەخۆ دەگرن. ئەو مرۆڤەی دەیەوێت لەم ململانێیەدا لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێت، دەبێ لە سروشتی خۆیدا دوو سیفەتی ناکۆکی پێکەوە هەبێت. ئەو دەبێت هەم ترسنۆک و هەم ئازا، هەم وریا و هەم هەڵەشە بێت. تەنها بە پێکهاتەیەکی وا ناکۆکەوە، دەکرێ هیوامان بە سەرکەوتن لەم ململانێیەدا هەبێت. شێوازێکی یەکسان نیە بۆ ئەوەی بکرێ لە هەموو کاتێکدا، بەکاربهێنرێ. لە یەک ساتدا دەبێ هەم وریا بین و هەم هەڵەشە. دەبێ وەک پرۆتۆس(٤٧) بین و هەر ساتەو شکڵێکمان هەبێت. ئەم ئامادەییە لە نێوان خەڵکیدا زۆر دەگمەنە.

هیچ کەسێک چەند داناش بێت، ناتوانێ خۆی لەگەڵ هەموو گۆڕانەکاندا بگونجێنێ. چونکە مرۆڤ نازانێت چۆن بە پێچەوانەی شتێکەوە کە ڕەنگە بە سروشت ئارەزوویەکی زۆری بۆ ئەنجامدانی هەبێ، ڕەفتار بکات. مرۆڤێکی دیش ناتوانێ خۆی بۆ وازهێنان لە کارێک هانبدات کە هەمیشە تیایدا سەرکەوتوو بوە. لەبەرئەوە

هەرکاتێك پێویست بێت مرۆڤێکی وریاو هێمن، گورجی و حاسم بوون لە خۆی پیشانبدات، نازانێت چۆن ئەم دەورە ببینێ و بە گشتی دەست لەسەر ئەژنۆ دادەنیشێ و هیچ کارێك ناکات. بەڵام گەر ئەو بیتوانیایە بە پێی هەلومەرج ڕەفتاری خۆی بگۆڕێت، ئیدی هۆیەك نەدەبوو بۆ ئەوەی گلەیی لە بەخت بکات کە بۆچی وازی لێهێناوە(٤٨).

ئەو کەسەی دژی بەخت دێتە مەیدانەوە، دەبێت دوو شێوەی جەنگ کردن بزانێت: هەم شێوەی جەنگی بەرگریکارانە و هەم شێوەی جەنگی هێرشبەرانە. ئەو دەبێت بە شێوەیەکی کتوپڕو چاوەڕوان نەکراو، لەم شێوە جەنگەوە بۆ ئەوی دیان بڕوات. مەکیاڤیلی خۆی زۆرتر لایەنگری جەنگی هێرشبەرانە بوو. ئەو دەڵێت: "باشترە مرۆڤ ئازابێت تا ترسنۆك. چونکە بەخت وەك ژنێکە. ئەو کەسانەی دەیانەوێت دەستی بەسەردا بگرن، دەبێ وەك جەنگاوەرێك بەرەو ڕووی ببنەوەو تەنگی پێهەڵچنن(٤٩).

ئەم مەکیاڤیلیەی کە تیۆرەی بەخت پێشکەشدەکات، دەڵێی ئەو کەسە نیە کە فەسڵی پێشووی نوسیوە. ئەوەی لە تیۆرەی بەختدا دەیدۆزینەوە شێوازی لۆژیکی و ڕوونی مەکیاڤیلی نیە، بەڵکو شێوازێکی خەیاڵاوی و هەژێنەرە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا تیۆرەی بەخت، بێ گرنگی فەلسەفی نیە. ئەم تیۆرەیە جۆرێك لادان نیە لە بابەتەکانی تری میر، بەڵکو پەیوەندی بە سەرجەم بەرهەمەکەوە هەیە. مەکیاڤیلی هەوڵدەدات خوێنەرانی کتێبەکەی قەناعەت پێبکات کە لە ململانێکردن لەگەڵ بەختدا، ئەوە بەس نیە کە تەنها پەنا بۆ چەمکە مادیەکان ببرێ. بێگومان مەکیاڤیلی گرنگیەکی کەمی بەم چەکانە نەدەدا، مەکیاڤیلی لە سەرتاسەری کتێبەکەی خۆیدا ئاموژگاری میر دەکات لە هونەری جەنگ غافڵ نەبێت. میرێك دەبێت هەموو بیرکردنەوەو سەرنجی خۆی ئاراستەی هونەری جەنگ بکات(٥٠). ئەگەر جبەخانەکەی لە هەلومەرجێکی باشدا بێت، پێویست ناکات نیگەرانی هەڵسەنگاندنی جیهان بێت بۆ خۆی. میر هەمیشە دەبێ بە پێی ئەم بنەمایە کاربکات: گرنگ نیە کە نەفرەت بکەن، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە بترسن(٥١). ئەگەر جبەخانەی میر پڕبێت و هاوپەیمانی باشیشی هەبێت، ئەوا دەرەقەتی هەموو مەترسیەکان دێت. دەبێ لەوەش دڵنیا بێت کە تا ئەوکاتەی بەرقی سەرنێزەکەی،

حورمەتی لە دڵی خەڵکیدا بۆ دروستدەکات، ئەوا هاوپەیمانی باشیش دەبێت(٥٢).
لێرەدا مەکیاڤیلی وەك لایەنگری میلیتاریزم قسەدەکات و تەنانەت دەکرێ لە قسەکانیدا، یەکەم بەرگریکەری فەلسەفی میلیتاریزمی سەرسەخت و حاسم، بدۆزرێتەوە. مەکیاڤیلی وتارێکی تایبەتی لە بارەی هونەری جەنگەوە نوسی کە تیایدا زۆر لە وردەکاریە تەکنیکیەکانی جەنگ تاوتوێ دەکات، وەك ئەو مەترسیانەی کە بەکارهێنانی بەکرێگیراوان دروستی دەکات و پێویستی خزمەتی سەربازی بۆ هەموان و هەروەها گرنگی زیاتری پیادە بەسەر سوارەو تۆپخانەدا. بەڵام هەموو ئەم بابەتانە تەنها لە ڕووی ئاگادارببوون لە ژیانی مەکیاڤیلی، سەرنجڕاکێشەرن، بەڵام نرخێکی سەربازی و زانستیان نیە. مەکیاڤیلی لە وتارەکەی خۆیدا بەناوی تەکنیکی جەنگەوە تەنها توانی وەك ئاماتۆر ﴿هاوی﴾یێکی سادە قسەبکات. ئەزموونی لەم بوارەدا کەم و بە پێی پێویست نەبوو. پیاوێك کە تەنها چەند ساڵ فەرماندەی نیمچە سەربازیەکانی شاری فلۆرانس بوو، لە ئاستێکدا نیە کە بتوانێ وەك کارشناسی جەنگ قسەبکات و بیرۆڕا دەربڕێ. دەبێ بگوترێ کە وتاری تەکنیکی جەنگ بە بەراوردکردن بە کۆی بەرهەمەکانی، شتێکی ئەوتۆ نیە.

بەڵام لە بەرهەمەکانی مەکیاڤیلیدا شتێکی دی هەبوو کە زۆر گرنگترە لە هەموو ئەمانە. مەکیاڤیلی جۆرێك ستراتیژی تازەی کەشف کردبوو کە پشت ئەستورە بە چەکە زیهنیەکان، نەك ئامێرە فیزیکیەکان. هیچ نوسەرێك بەر لە مەکیاڤیلی دەستی بۆ فێرکردنی ئەم ستراتیژیە نەبردبوو. ئەم ستراتیژە لە دوو ڕەگەز پێکهاتبوو. ڕەگەزێکیان بەرهەمی زیهنێکی لۆژیکی، هێمن و ڕوون بوو، وە ڕەگەزەکەی دی دەستکەوتی پیاوێك بوو کە هەم ئەزمونێکی تایبەتی زۆری لە کاروباری دەوڵەتدا بەدەستهێنابوو و هەم ناسینێکی قوڵی بۆ سروشتی مرۆڤ هەبوو.

پەراوێزەکان:

١) Grotius

٢) Pufendorf

٣) Alfireri,deiprincipe edelle Iettere, Cap. VIII.

٤) L A.Burd notes in his edition of PRINCIPE,P... ٣ ٦٦.

٥) Discourses.Bk.II.chap.XXIIL

٦) Idem,BkII,chap.xv;bk.I,chap.XXXVIIL.

٧) Iden,Bk I.chap.XXXVIL.

٨) Iden, Bk I.chap.LVIIL.

٩) Iden, Bk I, chaps, IV,V.

١٠) Iden, Bk l,chap, LV.

١١) Iden, Bk I, chap. LV.

١٢) The prince, chap. VII (VI in Farneworth trans.is a misprint), cf, chap.XIIL farnewortransp. p.٢٤٧,cf. ٣٠٤.

١٣) Discourses, Bk I,chap. LVIII.

١٤) Iden, Bk I, chap. IX.

١٥) Iden, Bk I,chap. XLIV.

١٦) Coladi Rienzi.

١٧) Iden, Bk I, chap. LV.

١٨) Iden, Bk II, preface. thomson trans, p. ١ ٩١.

١٩) Iden, Bk I, chap. XXVL.

٢٠) Mandragola

٢١) Iden, Bk I, chap. Ill.

٢٢) The prince,chap. XIL.

٢٣) Savonarola.

(٢٤ Iden, chap.VL

(٢٥ Iden, chap.XVIII,op. cit, ١١,٣٤٠.

(٢٦ Discoureses, Bk Ill chaps. IV,XXX.cf The prince.chap.III.

(٢٧ The prince, chap.XV.

(٢٨ AIIan H. Gilbert. Machiavellis ‘prince’ and ltsForenunners. ‘The prince’ as a Typical Book’ de Reginine principum’ (Duke University press, ١٩٣٨)

(٢٩ Thomson trank.p. ٣.

(٣٠ Gatarina de Medici.

(٣١ Richelieu.

(٣٢ Burt.

(٣٣ The prince,chaplll,op, cit,,ll, f ٢٠٠.

(٣٤ Kant, Fundamental Princcipales of the Metaphysics of Morals. English trans. by T.K Abbort,Kants Critique of th ed. New ٦reason and other Works an the Theory of Ethics (York and London, Longmans, Green and Co, p.١٩٢٧ (٢ ٢.

(٣٥ plato, Republic, B ٥٣٣.

(٣٦ Hippolyte Taime.

(٣٧ The Prince, VI,op.cit, ١١,٢٢٣f.

٣٨-بۆ ئاگاداری زیاتر بگەڕێوە بۆ فەسڵی سێهەمی ئەم کتێبەی نوسەر:

E.Cassirer, Individnum und Kosmos in der Philosophie der Renaissance ,‘Studien der Bibliothek Warburg’ (Leipzing B G. Teubner, ١٩٢٧) X ١٢٩-٧٧.

٣٩-دەکرێ وێنەی ئەم میدالیایە لەم کتێبەی خوارەوەدا بدۆزرێتەوە:

D.P.Ersking Muir, Machiavelli and His Times(New York, E. P. Dutton and Co. ١٩٣٦). ١ ٥٠.

(٤٠ pico della Mianadola.

(٤١ Ficino.

(٤٢ Cassirer,op,cit,pp.١٠٥ ff. and journal for the History of ideas.III, Nos, ٢and ٢, (١٩٤٢)،١٣٣-١٤٤ and ٣١٩_٣٤٦.

لە بارەی حەزی ڤیچینۆ بۆ تاڵعبینی، بگەڕێوە بۆ:

Paul Oskar Kristelle, The Philosophy of marsilio Ficino (New York, Columbia Universiy press, ١٩٤٢) pp,٣١٠_٣٤٦.

(٤٣ Discourses, Bk l,chap. LVI.

(٤٤ Jacoob Burckhart, Die Kulnir Der Renaisance in ltahien. English trans by S.G.C. middiemore (New York, Oxford University press, ١٩٣٧) p.٢٦٩.

(٤٥ The Prince, chap XXV,op, cit,II, ff٤١١.

(٤٦ Dantelnfemo,VII, ٦٧ff.

(٤٧ Proteus.

(٤٨ The Prince, chap, XXV op, cit,II, ٤١٤.

(٤٩ Iden,op,cit,II, ٤١ ٦.

(٥٠ Hdem, chap,XVL.

(٥١ Hdem,chap.XVII

"باشترە لە میر بترسن یان خۆشیان بوێت؟ ئەگەر لە نێوان ئەم دوانەدا ناچاربین یەکێك هەڵبژێرین، ئەوا دەبێ بڵێین کە باشترە لە میر بترسن"

(٥٢ Iden, chap, XL.

تێبینی: ئەم نوسینە وەرگێڕانی فەسڵی دوانزەهەمی ئەم کتێبەی خوارەوەیە:

اسگورە دولت. ارنست کاسیرر. ت: یدالە موقن- تهران، هرمس ١٣٧٧.

مۆدێرنە

زیگمان باومان

مۆدێرنە چییە؟

وشەی مۆدێرن لە سەدەی حەڤدەهەمدا هاتە ناو وتوێژی رۆشنبیرانی رۆژئاوای ئەوروپاوە (گەرچی لەسەدەی پانزەهەم بەدواوە بەشێوەی پەرشوبلاو بەکارهێنراوە و سودی لێوەرگیراوە) لایەنی بەرجەستە و ئاشکرای ماناکەی شتێکی هاواتای "باو"، هەبوو یان (شتێکی خاوەن خاڵی دەرچوون یان سەرچاوەی کۆتای و هاوچەرخ) بوو. بەڵام زەمینەی دەرکەوتن و بەناوبانگبوون و بایەخی روو لە زیادبوونی ئەم وشەیە ، ئەوە ئاشکرادەکات کە مانایەکی فراوانتر و قوڵتری لەمانا تەکنیکیەکەی هەیە. چۆنایەتیەك یان حاڵەتێك کە دەلالەت لە"هەبوونی خاڵی دەرچوونی هاوچەرخبوون" و "تازە خەڵقبوون" کە لەناکاو وەك بابەتێکی جێی سەرنجی لێهاتبوو، و بەروکەش گرنگ و بایەخێکی هەمەلایەنە و نایابی پەیداکردبوو. ئەم گرنگی و بایەخە لەو بەها روو لە گۆڕانانەوە سەرچاوەیدەگرت کە هەنوکە بەپێچەوانەی سەدەکانی پێشوەوە، پشتگیری لە وتەزای"نوێ" و "تازە" لەبەرامبەر "کۆن" و "دێرین"دا دەکرد، نکوڵی لەهەرجۆرە دەسەڵات و بایەخێك بۆ رابردوو دەکرد، هیچ حورمەت و رێزێکی بۆ نەریت و رابردوو دانەدەنا، و پشتگیری لە ئارەزوو و ئامادەیی بۆ داهێنان و نوێکردنەوە و "رۆیشتن بەرەو ئەو شوێنانەدەکرد کە پێشتر کەس تەنانەت لە خەیاڵیشدا جورئەتی پێ تێنانی نەبوو". ئایدیای مۆدێرن رێك لەساتەوەختی هاتنی سەرکەوتوانە و شکۆمەندانەی خۆیەوە بۆ بواری گوتاری گشتی، کەوتە لەقاڵبدانی سەرلەنوێ و هێنانە ئارا و دوبارە نوسینەوەی دیاردەی "کۆن" وەك رووداوێکی بەجێهێڵراو و سڕاوەو بێکەڵك و پەككەوتە. رووداوێك کە بەراستی لەسەر لێواری لەبیرکردن و فەرامۆشی راوەستاووە و دەبوو جێگەی خۆی بە دیاردەیەکی تازە و نوێبدات. ئایدیای مۆدێرن لەسەدەی حەڤدەهەمدا وەك

چەمکێکی پڕ لەحەماسەت و ناکۆك، وەك ناوکی ململانێ و رکەبەرایەتی لەروداوی بەناوبانگی "خەبات و ململانێی دێرینەکان و مۆدێرنەکان" کە بەگشتی ماوەی سەدەیەك لەفەرەنسا و ئینگلتەرادا درێژەیکێشا، سەریدەرهێنا. هونەر و ئەدەبیات وەك یەکەم بواری ململانێی و مەیدانی رکەبەرایەتی دێرینەکان و مۆدێرنەکانی لێهات: دوا بەدوای دەستکەوتە بەرچاوەکانی زانایانی وەك نیوتن و دیکارت و ئامادەبوونی ئەنجومەنی سەڵتەنەتی لە ئینگلتەرا و ناوەندە فکریە کاریگەرەکان، بەڵام تارادەیەك پەرشوبلاو لە فەرەنسادا، کە ئازایانە هیمەتیان بۆ پێشخستن و پەرەسەندنی باڵادەستی چاوەڕوانەکراوی زانست و فەلسەفەکرد، دەبوو درەنگ یان زوو ئەم پرسیارە بێتە پێشەوە کە ئایا ئەم جوڵەو بازدانە بەرەو پێشەوە تەنها بەرهەمی هەوڵەکانی زانستبووە، یان کۆی بوارەکانی دی چالاکی مرۆیی بەشداریان تیاکردووە؟ بەتایبەتی داهێنانەکانی وەك وێنەکێشی و هۆنراوە. نەریتخوازان (وەك نیکۆلاس بۆلیئاو N. Boileau و ژتن دۆلافونتن لە فەرەنسا، سێر ویلیام تەمپڵ و جۆناتان سوئیفت لە ئینگلتەرا) بەرگریان لەو بڕوا دێرینە دەکرد کە دەکرێ لوتکەی دەستکەوتەکانی مرۆڤ لە یۆنان و رۆمی دێرینداا بدۆزرێتەوە، و هەرچی دەستکەوت و کاڵاو بەرهەمە بەناچار دزێو و سوکەکانی نەوەکانی دوایشە، نەیدەتوانی جگە لەخەباتێکی بێهودە و بێبەرهەم بۆ نزیکبونەوە لە قۆناغی کەماڵ و پێگەیشتووی خۆی، هەوڵ یان هەنگاوێکی دی بنێت.

پێشتر ئەمجۆرە گریمانەیە بەشێوەیەکی ئاسایی وریکخراو پێشکەشدەکران و تاڕادەیەك بە راستگۆ و هەقیقی دەزانران و هیچ جۆرە نەیارێتی یان رەخنەیەکیشی لێنەدەگیرا. بەڵام هەنوکە بە ئیلهاموەرگرتن لە دۆزینەوە سەرسوڕهێنەرەکانی زانستی تازە، دیدە ناکۆکەکان بلاوبونەتەوە و پەرەیانسەندووە و ناوبانگ و بایەخیانوەرگرتووە. لەراستیدا بڕواداران و پارێزەرانی دیدە کلاسیکیەکان بە پەرەسەندی دێرینەکان - چەمکێك کە لەدیدی مۆدێرنەکانەوە هەمیشە هاوکاتی سوکایەتیپێکردن و ئیهانەکردن و گاڵتەجاڕی بوو- دەژمێرران. شارل پرۆ و برناندۆ فۆنتێنلێ بە کەسانێك لەسەرسەختڕین و پڕئاژاوەترین پارێزەرانی مۆدێرنە دەژمێرڕان کە دیدی و تێڕوانینی ئازایانەیان دەخستە روو، ئەوەی متمانە ودڵنیای پێدەبەخشین بریتیبوو لە: یەکەم ئەو بڕوایەی کە لەبواری زانست و هەموو

بواڕەکانی داهێنانی مەعنەویدا، نوێ چەندانجار لە کۆن (هەقیقیتر، بەسودتر، ڕاستر و جوانتڕە)، دوهەم ئەوەی توانست، هێزی داهێنان و کارکردنی عەقڵ و لێزانی مرۆڤ بێکۆتاییە و دواجار ئەوەی کە مێژووی مرۆڤ، هەمیشە هەنگاوی ڕانەوەستاوە بەرەو سەرەوە و پێشەوە.

ململانێ لەنێوان مۆدێرنەکان و نەریتخوازاندا هەرگیز بەشێوەیەکی بڕاوە و بەشێوەیەك کە جێی ڕەزامەندی هەموو لایەك بێت نەخراوە بەلایەکدا (سەدەیەك دوای ئەوە بزوتنەوەی ڕۆمانتیك بووە هۆی زیندووبوونەوەی بیروبۆچوون و بڕواگەلێك کە مۆدێرنەکان هەوڵیاندابوو بۆ یەکجار و بۆ هەمیشە ڕایبگرن). بەڵام ململانێی ناوبراو تەنها هەوڵێکی قوربانیکەرانە بوو، چونکە نوکی فەلسەفی مەسەلەکە لەئەنجامی هەنگاوە خێرا و پەلەکانی گۆڕانکاری کلتوریەوە، خاوبوو بۆوە. دەکرێ ململانێی ناوبراو وەك دەربڕین یان تەعبیرێکی کورتی شۆڕشێك بزانرێت کە خەریکبوو لە زیهنیەتی ئەوروپیدا رووبدەدا، دەربڕینێك بۆ هەستێکی نوێ و تێڕوانینێکی تازە بۆ دڵنیابوون و پشتبەستن بە خود، ئارەزو و ئامادەیی بۆ گەڕان و ئەزمونکردنی ڕێگەچارەی نافەرمی بۆ کێشەکان و نیگەرانیە هەبووەکان، بڕوابوون بەمەیلی ڕوو لەزیادبوون بەرەو مێژووی مرۆڤ، ودڵنیایی ڕوو لەزیاد بە توانای عەقڵی مرۆڤ. لەسەدەی نۆزدەهەمدا زیهنیەتی تازە دەرکەوتوو وەك دیاردەیەکی مۆدێرن وەسفدەکرا، و باڵادەستی ئەم زیهنیەتە بەیەکێك لەدەرئەنجام و نیشانە بڕاوە و دیاریکەرەکانی قۆناغی تازەی مۆدێرنە دەژمێررا.

دەکرێ مۆدێرنە بە باشترین شێوە بە سەردەمێك وەسفبکرێ کە خەسڵەتی سەرەکی بریتیە لە گۆڕانی هەمیشەیی - بەڵام سەردەمێك کە هوشیارە بەم خەسڵەتەی خۆی، سەردەمێك کە شێوە یاساییەکانی خۆی، داهێنانە مادی و مەعنەویەکانی خۆی، زانست و بڕواکانی خۆی بە روداوێکی دینامیکی و تێپەڕو گۆڕاو و ناسەقامگیر و نەبڕاوە دادەنێت، روداوگەلێك کە دەبێت تا "ئاگاداری دوایی" بڕوایان پێبهێنرێ و کاریان پێبکرێ، روداوگەلێك کە دواجار بایەخ وبەهای خۆیان لەدەستدەدەن و جێگەی خۆیان بە روداوی تازە و باشتر دەسپێرن. بەدەربڕینیکی تر مۆدێرنە سەردەم یان قۆناغێکە و هوشیارە بە مێژوویی بوونی خۆی. دەزگا مرۆییەکان بە روداوگەلێکی دروستکراو و خۆ خوڵقێنەر و ملکەچی پێشکەوتن و

باشتربوون دادەنرێن، تەنها لەحاڵەتێکدا دەکرێت پارێزگاریان لێبکرێت کە بتوانرێت خۆیان لەگەڵ ڕوبەڕوبونەوەی خواستە ورد و سەختگیرەکانی عەقڵدا بگونجێنن و ئاراستەبکەن. ئەگەر توانای ئەم ئەزمونەشیان نەبێت، دەکرێت بخرێنەلاوە. دەکرێت جێگرتنەوەی پرۆژە تازەکان لەبری پرۆژە کۆنەکان، بە بزاوتێکی پێشکەوتوخوازانە بزانرێت، هەنگاوێکی تازە بەرەو فراوانبوون و زیادبوونی ڕەوتی پەرەسەندن و گەشەکردنی مرۆڤ.

پێشکەوتن لەبنەڕەتدا هەنگاوێکی مرۆڤانەیە. پێشکەوتن هەڵگری بەکارهێنانی عەقڵی مرۆڤە لەبواری ئەرك یان پەیامی دروستکردنی دنیایەکی باشتر کە لەگەڵ پێداویستیە مرۆییەکاندا گونجاو بێت. هەموو ئەو شتانەی بە پێداویستی مرۆڤ دەستنیشان دەکرێن، یان بە هەلومەرج و بارودۆخی گونجاو لەگەڵ ژیانیدا دادەنرێن، لەپێش هەموو سەرنجەکانی دیەوەن: بەشی نامرۆیی جیهان (واتە سروشت) بەتەنیا هیچ چەمك و مانایەکی نیە، هەر مانا یان چەمکێکی کە بۆی دایاریبکرێت یان پێیبدرێت، تەنها بەهۆ و لەرووی ئەو سودوەرگرتنە مرۆییەوەیە کە لێی وەردەگیرێت. نەخشەکێشان و دروستکردنی ڕێکخستنێکی دروستکراو و عەقڵانی لەبارەی نیشتەجێگاو بوونی مرۆڤەوە هەڵبژاردنێکی ئیرادی نین، بەڵکو پێویستیەکە، هەلومەرجێکی ناچاری مرۆییە. چونکە جیهان بۆئەوەی جێگەیەکی قابیلی نیشتەجێبوون بێت، دەبێت لەڕێگەی تەکنەلۆژیایەکی پشتبەستوو بەزانستەوە بۆ بەدیهێنانی پێداویستیەکانی مرۆڤ ، ئامادە بکرێت. لێرەوە زانست و بابەتەکانی بەکارهێنان و سودوەرگرتنی تەکنەلۆژی لەزانست، بە سەرچاوە و ئامرازە سەرەکیەکانی پێشکەوتنی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کلتوری و ئەخلاقی دەژمێرێت. زانست و تەکنەلۆژی و بەکارهێنانەکانیان، هەم بەبەرهەمی زاڵبوونی مرۆڤ بەسەر سروشتدا و هەم بە داینامۆی دەژمێرێن. بۆ ئەوروپای مۆدێرن هوشیاربوون بە مێژوویی بوونی خود، شێوازەکانی ژیان، شێوەکانی ژیان و دەزگاکانی خۆی کە لەگەڵ مێژووییبوون، شێوازی ژیان و شێوەی ژیان و ئەو دەزگایانەی کە لەم دواییانەدا گرتبویە بەر، بەتەواوی جیاواز بوو، تەنها هەنگاوگەلێك بوون کە ڕێنمای ئەوروپای مۆدێرنی بەرەو هەلومەرج یان بارودۆخێکی بڵندتری تایبەت کرد. کلتورەکانی دی وەك کۆمەڵێك شکڵ تەماشادەکران کە بەشێوەیەکی کاتی لەپرۆسەی گەشەکردن و

پەرەسەندن راوەستاون و لەم هەلومەرجە "وەستاو و بەستوەشدا"، توشی دواکەوتوویی بوون و پرۆسەی گەشەکردن و پەرەسەندنیان دواخراوە و دواکەوتووە. ئەم بڕوایە بووە هۆی ئەوەی ئەورووپای مۆدێرن تایبەتمەندی یان خەسڵەتی بڕوابوون بە خۆی، وەك هەڵگر و کارگوزاری چارەنوسی مێژووی خۆی بدۆزێتەوە: لیژنەیەکی تەبشیری و پڕوپاگەندەی گشتی کە ئەرکی بریتیبوو لەراگەیاندن، بڵاوکردنەوەی مژدەی عەقڵ و عەقڵانیەت و راکێشانی بەشەکانی تری جیهان بۆ ئیمان و شکڵ و ژیانی ئەورووپایی. لەحاڵەتی دەرکەوتنی بەرگیرشدا، کەسانێك کە دەبوو ئەم گۆڕانەیان بەسەردا بێت، بە روداوی دواکەوتوو، سەرەتایی و قوربانیانی جەهل و خورافە دەژمێران و هەر لەپێشەوە نکوڵی لەتوانای عەقڵانیان (بەتایبەتی دەسەڵاتی بڕیاردانیان لەبارەی ئەوەی چ شتێك بۆیان باشە) دەکرا. بەمشێوەیە سەردەمی مۆدێرن لە مێژووی ئەوروپادا (لەو وڵاتانەشدا کە پرۆسەی سەرەتای ئەوروپایبونیان تەواوکردووە) سەردەمێکی حیزبی و مەسلەکی بوو، سەردەمێك کە خەسڵەتی سەرەکی بریتیبوو لە کۆڵۆنیالیکردنی دنیایی نائەوروپی و دوبارەکردنەوەی جەنگە سەڵیبی و کلتوریەکان کە ئامانجەکەی رووی لەنەریتە ناوچەیی، ئەتنی، رەگەزیی یان چینایەتی لەناو خودی کۆمەڵگا ئەوروپییەکاندا بوو.

دەوڵەتی مۆدێرن بەرپرسیاری کارکردن وئەرکگەلێك بوو کە هەرگیز حوکمڕان و فەرمانڕەوایانی پێشوو بیریان لێ نەکردبۆوە و هەرگیز بە خەیاڵیاندا نەهاتبوو. دەوڵەتی مۆدێرن دەبوو رێکخستنێکی یەکتاو هاوئاهەنگ بۆ سنورگەلێکی بەرفراوانو بواره فراوانەکان جێبەجێبکات کە پێشتر بە هاوکاری شێوە کلتوریە ناوچەییەکانەوە ئەنجامدەدرا. سەرەڕای ئەمە دەوڵەتی مۆدێرن دەبوو داهێنان و پارێزگاری رێکخستنی کۆمەڵایەتی وەك بابەتێکی قابیلی بیرلێکردنەوە بکات، و وەك پرۆژەیەکی هوشیارانە، ورد وچاودێریکراو وبەڕێوبردنی رۆژانەی تەمشایبکات، نەك ئەوەی خۆی بە رەچاوکردن و سەرنجدان لەدابونەریت و ئیمتیازاتە نەریتیەکان، سنوردار بکات. (دەکرێ بگوترێت دەوڵەتی مۆدێرن دەبوو دەوری باخەوانی کۆمەڵگا بگرێتە ئەستۆ نەك پاسەوان) ئەرك و پەیامە تازەکان بریتیبوون لە یەکدەستکردنی یاسا و دەزگا یاساییەکانی لەپەیوەندیدا بەدەوڵەت و حکومەتەوە: هاوئاهانگکردن و بەگشتی بەڕێوەبردنی راستەوخۆی پرۆسەی پەروەردەی گشتی، دابینکردنی ئەوەلیەت و

لەپێشەوە بوونی دیسپلینێکی یاسایی یەکتا بەسەر هەموو شێوەکانی تری پەیمان و وەفاداری لاوەکیدا. هەر لەبەر ئەمەش دەوڵەتە مۆدێرنەکان بەگشتی کە سەرقاڵی پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە بوون، شکڵ و قاڵبی دەوڵەتە نەتەوەییەکانی بەخۆیانەوە گرت، نەك شێوەی زنجیرەیی و سەڵتەنەتی. دەوڵەتە مۆدێرنەکان یەکێتی نەتەوەیان لەبەرامبەر جیاکاریە ئەتنیکیەکاندا بەهێزکردووە، ناسێۆنالیزمیان خستۆتە خزمەت دەسەڵاتی دەوڵەتەوە و پەرەسەندن و پێشخستنی بەرژەوەندیە نەتەوایەتیەکانیانن، بە پێوەر و ئامانجی سیاسەتەکانی دەوڵەت ئەژمارکردووە. هەر لەبەرئەمەشە دەوڵەتی مۆدێرن هەقی دەسەڵاتداریێتی کلاسیکی (وەك دێرینەیی و هەمیشەیی بوونی مافەکان) و دەسەڵاتداریێتی کاریزمی (کە لەسەر بناغەی چونایەتی و خەسڵەتە تایبەتیەکانی کەسایەتیەکی تایبەت و نایابی فەرمانڕەواییەکی دیارکراو ڕاوەستاوە) نەفیکردووە و خوازیاری رێکخستن و دیسپلین و ملکەچی لەو یاسا و فەرمانانەی خۆیەتی کە لەسەر بناغەی زەمینە فەرمی و یاسایی دامەزراون: واتە گەڕانەوە بۆ ئەو راستیەی یاسا و فەرمانەکان لەلایەن کەسانێکی خاوەن توانا و لەلایەن ناوەندەکانی بەڕێوبەرایەتی و پلە و پایەکانەوە دانەنراوە کە خاوەن مافی دەسەڵاتداریێتی و بەڕێوبردنی مەسەلە ناوچەیە دیاریکراوەکانن.

مۆدێرنە بەپێی هەموو پێوەرە مێژوویەکان (کە زۆرجار وەك "شارستانیێتی مۆدێرن" ناوی دێت تا بەمشێوەیە جێگەی وەك تایپێکی سەربەخۆ لە رێکخراوە کۆمەڵایەتیی و کلتوریەکان لەناو شارستانیە کلاسیکییەکان، سەدەی ناوەراست و یان هاوچەرخدا دیاربێت)، بە سەرکەوتنێکی درەوشاوە دەژمێرێت. مۆدێرنە یان شارستانی مۆدێرن بەر لەهەر شارستانیەتێکی ناسراوی تر، لەجێگەی هەمەکیبوون و گەردونیبوونی واقعی و رەسەن نزیکبۆتەوە. مۆدێرنە خەریکە دەبێت بە یەکەم شارستانیەتی گەردونی لەمێژوودا. دەکرێت دەوڵەتە دنیاییەکانی مۆدێرن لەرووی سیاسی و ئایدۆلۆژیەوە پۆلێنبکرێن و تەنانەت لەهەلومەرجێکی ناکۆکدا بەرامبەر یەك دابنرێن، بەڵام هەر هەموویان کۆدەنگن لەسەر پێشکەوتن و باڵاتربوونی شێوەی مۆدێرنی بەڕێوبردنی مەسەلە مرۆییەکان و سود لە \شێواز و ئامرازە مۆدێرنەکان بۆ سەقامگیری پێگەی خۆیان و بەدواداچوونی ئامانجەکانیان، وەردەگرن. پێدەچێت شێوەی مۆدێرنی ژیان هچ رەقیبێکی جدی لەو شێوانەدا نەدۆزێتەوە کە بۆتە هۆی

جیگۆڕکێ و جێگرتنەوەیان. سەرەڕای ئەمە ژیانی مۆدێرن لەروبەروبونەوە لەگەڵ ئەو کێشانەی روبەروی دەبۆوە، هەروەها لەروبەروبونەوەی مەسەلەکانی "پەرەسەندن"دا، هێندە سەرکەوتووبووە کە بۆتە هۆی بەهێزبوون و سەقامگیری بالاتربوونی جیهانبینی و هەڵوێستی پراگماتیک کە بە خەسڵەتە تایبەتیەکانی مۆدێرنە دەژمێرێن. لێرەوە مۆدێرنە بەشێوەیەکی ئاسایی وەک شکڵی ئایدیالی پرۆسەی پەرەسەندن و گەشەکردن وەسفدەکرێت. شارستانیەتی مۆدێرن کە خۆبەخۆ دینامیکی و چالاکە، بەردەوام شوناسی خۆی پاراستووە. شارستانیەت نوێ دروستکەری داهێنان و خوڵقاندنی بەردەوامە و بە پێچەوانەی شارستانیەتیەکانی تر‌ەوە، توانا و قابلیەتی روبەروبونەوەی داهێنەرانە و خوڵقێنەرانە خۆی بۆ ناکۆکی و هەڕەشە تازەکان لەدەستنەداوە. بەهاتنە ئارای شارستانیەتی مۆدێرن جیهان دابەشبوو بۆ دوو بەشی مۆدێرن و باقی جیهان کە روبەروی هەڕەشەی نوێکردنەوە بونەتەوە.

زوربەی نمونە تیوریەکانی مۆدێرنە، دینامیکیەت و جوڵەی دەروونی و قابلیەتی گۆڕان و خۆ پەرەسەندن یان چاککردنی خۆی، بەخەسڵەتی سەرەکی و سەرچاوەی کۆتایی بڵندبوون، و بالاتربوون و جەزابیەتی مۆدێرنە دەژمێرن. ئەم نمونانە لەو خاڵەشدا کۆدەنگن کە رونکردنەوە و شیکردنەوەی دینامیکیەت و جوڵەی ناوبراو، گرنگترین پەیام و ئەرکی هەر تیورەیەکی مۆدێرنەیە. زوربەی شیکەرەوان بەدانانی سەدەی نۆزدەهەم وەک خاڵی دەستپێکردنی شیکردنەوەکانی خۆیان، بەدوای دۆزینەوەی نهێنی دینامیکیەتی مۆدێرن بۆ ئازادی و رزگاربوونی کرداری مرۆیی لە رێگر و تابۆکانی دابونەریت و بەرپرسیاری کۆمەڵایەتی و بۆ ملکەچی پاوانخوازانەی بۆ پێوەری جێبەجێکردنی کاریگەری ئەرکەکان، دەگەڕان. بەدەربڕینە جوان و بێوێنەکەی کارل مارکس هەموو شتێکی جامد دەتوێتەوە و دەبێت بە دوکەڵ و حورمەتی هەر شتێکی پیرۆز، ئەتکدەکرێت. کاتێک دەسەڵاتی نەریت لاواز ونکوڵی لێکرا، هیچ شتێک ناتوانێت رێگە لەشەهامەتی مرۆڤەکان بۆ قبوڵکردنی پەیامە بەرزەفڕەکان و لەبەرچاوگرتنی شێوە کاریگەرەکان بۆ جێبەجێکردنیان بگرێت. هەنوکە هاوئاهەنگی و هاوسەنگی نێوان ئامراز و ئامانجەکانە کە ئەوە دیاریدەکات کام شێوە کرداره دەبێ هەڵبژێرێت. وەک تالکۆت پارسنۆزی زانای کۆمەڵناسی

ئەمەریکی گوتوێتی (تیورەکانی پارسنۆز لەسەر بناغەی تێڕوانینەکانی فردینانت تۆنیز بونیادنراوە) لە رۆژگاری مۆدێرندا شێوە کلاسیکیەکانی هەڵسەنگاندنی کارکردن و رەفتاری گەمەکەرەکان و کردارەکانیان پێچەوانە بۆتەوە. هەنوکە کردار "لەدەرەوەی بازنە" و سەربەخۆ لە کۆمەڵەی کۆمەڵایەتی- کلتوری ، کە کرداری ناوبراو تیایدا رووەدات هەڵدەسەنگێنرێ، و پێگەی کۆمەڵایەتی بابەتە مرۆییەکانیشی تەنها گونجاو لەگەڵ رێسا گشتیەکانی توانا و کارایی، هەڵدەسەنگێنرێن. لەبری ئەمە گەمەکەران بەپێی کارکردن و شێوەزای تایبەتی خۆیان بۆ جێبەجێکردن کە پەیوەندی بە پەیامی خێرای ئەوانەوە هەیە، هەڵدەسەنگێنرێن. نەک لەسەر بناغەی خەسڵەتە گشتیەکانی خود. ئەو شتەی گرنگی هەیە ئەوەیە چ شتێك ئەنجامدراوە یان لە دۆخی بەئەنجامبوندایە و چۆن و بەهۆی چ کەسێکەوە و بۆچی. هەڵبژاردنی کردار سەربەخۆ لە هەموو پێوەرەکانەـ بۆنمونە وەفاداریەکان و پەیمانە شەخسیەکان، بەرپرسیاری و ئیلتیزاماتی سیاسی و سروشتە ئەخلاقیەکان کە پەیوەندی بە ئەنجامدانی پەیامە خێراکانەوە نییە.

لەراستیدا لە گوتاری تیوری مۆدێرنەدا شیتالکردن (تەفکیك) و دابەشبوون و جیابونەوە بە ناوەڕۆکی نەگۆڕ دادەنرێن. ماکس فیبەری کۆمەڵناسی ئەڵمانی بڕوایوابوو جیابونەوە و شیتالکردنی ئابوری و کارکردن لە بواری خێزان، بە کرداری سەرەکی ئابوری مۆدێرن دەژمێرێت. بەهۆی ئەم جیابونەوەیە بڕیارە ئابوریەکان لە فشاری پەیمانە ئەخلاقی و وەفاداریە شەخسیەکان رزگاری بووە کە ژیانی خێزانی بەڕێوە دەبرد و رێنمای دەکرد. دیارە بە دەربڕینێکی وردتر گرنگی ئەم جیابونەوەیە بەهۆی ئیمانوێل کانتەوە دەربڕا و نوسرا. زۆرێك لە تیوریزەنانی مۆدێرنە (لەهەمویان بەرجەستەتر یۆرگن هابرماس لە ئەڵمانیا و ئەرنست گلنەر لە بریتانیا) لەگێڕانەوەدا بۆ دابەشکردنە سێ رەهەندیەکانی کانت لەنێوان عەقڵی پەتی و عەقڵی پراکتیکی و عەقڵی داوەری (هەڵسەنگاندن)، جیابونەوە و سەربەخۆی دولایەنەی گوتارەکانی هەقیقەت، خەسڵەتە ئەخلاقیەکان و داوەری یان حوکمی ستاتیکی (بەدەر لە بوارەکانی زانست و ئەخلاقیات و هونەر) بە دیارترین و بڕاوەترین خەسڵەتی زیهنیەت و کارنامەی مۆدێرن دەزانن. دابەشکردنی کار و کارکردن و ئەرکە ئالۆزەکان بۆ ئەرکی بچوکتر، سادەتر و زیاتر قابیلی کۆنترۆڵکردن

که به ئادام سیمس دەستپێدەکات، به بەهێزترین و بەرجەستەترین هۆکاری کارایی و داهێنانی مۆدێرن دەژمێرێت. ئەمیل دۆرکایمی کۆمەڵناسی فەرەنسی سااڵەکانی دەیەکانی ١٩٠٠، جەوهەر و هێزی بزوێنەری هەموو الیەنەکانی پەرەسەندن و گەشەکردنی مێژوویی، لەپرۆسەی دابەشکردنی کاری روو لەپێش و چەندانجار وردتر و ناسکتردا دەبینی. هەرچەند دابەشبوونی کار ئاڵۆزتر بێت، بەهەمان ئەندازە ئەرکەکان، کارەکان و کارکردنەکانیش سادەتر و راستەوخۆ تر دەبن. لێرەوە دەکرێت باشتر بەڕێوە ببرێن، ئیدی پسپۆران و کارشناسان کە لەهەنوکەدا دەتوانن بەتەواوی تەرکیز بکەنە سەر چارەسەرکردنی کێشەکان، بەشێوەیەکی کاریگەر دەتوانن جێبەجێی بکەن. راگەیاندنی تێڕوانینی تەکنیکی و کارشناسانە وەک نیشانەی بازرگانی ئابووری مۆدێرن، زانستی مۆدێرن، هونەر و سیاسەتی مۆدێرنی لێدێت.

کۆی بوارەکانی ژیانی مۆدێرن وەک فیبەر جەختی لێکردووە، ئارەزویەکی روو لەزیادیان بۆ عەقاڵنیبوون هەیە. کردار کاتێک عەقاڵنیە (بەمانا ئامێریەکەی عەقڵ) کە رووی لە ئامانجێکی روون و باش وەسفکراو و دیاریکراو بێت و دواجار لەسەر بناغەی حسابکردنی کارایی و بەسبوونی رێژەیی هۆکارە ئەڵتەرناتیڤەکان بۆ گەیشتن بەو ئامانجە بێت. کرداری عەقاڵنی لەژێر رێنمایی ئەنگیزە و ئامانجەکاندایە، و لە رووی بنەماکانەوە ملکەچی چاودێرکردنی ورد و هوشیارانە و راستکردنەوە و ریفۆرمە، و بەهۆی هیچ هێزێکەوە دیاری ناکرێت کە گەمەکەر یان بکەر هیچ جۆرە هوشیاری یان کۆنترۆڵێکی لەبارەیانەوە نییە. کرداری عەقاڵنیی بازنە و بواری جێبەجێکردن بۆ بواری ئامانجەکان و بواری ئامرازەکان دابەشدەکات و ئەوەشی رێنمایی دەکات تەنها هەوڵدانە بۆ هاوتاکردنی دووهەم (واتەبواری ئامرازەکان) لەبەرامبەر یەکەمدا(واتە بواری ئامانجەکان). کردار کاتێک عەقاڵنییە (لێرەشدا هەر بەمانا ئامێرییەکەی عەقڵ) کە هەڵگری بڕیاردان و هەڵبژاردن بێت، ئەگەرچی هەڵبژاردنێکی تایبەت لەالیەن گەمەکەرێکەوە قبوڵکراوترین بڕیار نەبێت یان تەنانەت هەڵەی پەتی بێت. لەراستیدا زوربەی هەڵبژاردنەکان لەئاستێکی ئایدیالدا ئەنجامنادرێن. رەنگە بەهۆی کەمی ناسین یان هەڵەوە، بەووردی حساب بۆ ئامڕازەکان یان هۆکارەکان نەکرابێت. لێرەوە چالاکی ئاراستەکراو بەرەو ئەرک یان پەیام، زۆر بەدەگمەن لە دەستکاری هۆکاری "ناپەتی" بەدوور دەبێت، واتە لە

دەستێوەردانی هۆکارە ناعەقاڵنیەکان کە پەیوەندی یان نزیکایەتیەکیان لەگەڵ پەیامی خێرا و لەبەردەستدا نییە، وەک رەفتار و خووی کۆنترۆڵنەکراوی گەمەکەر و وەفادارییە نەریتیەکان، هەستیاری و کاریگەریەک کەوەک ریگرێک دێنە پێشەوە، یان بەرپرسیاری لەبەرامبەر ئەو بەهایانەی دەستدەخەنە ناو جێبەجێبوونی کاریگەری پەیامێکی دیارکراوەوە. کەوابوو عەقاڵنیەت پتر جۆرێک مەیل و ئاراستە وەرگرتنە، تا جۆرێک واقعیەتی ئەنجامدراو یان تەواوبووی مۆدێرنە، مەیلێکی بەردەوام و هەمیشەیی کە لەهەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا قابیلی دەستنیشانکردنە. بۆنمونە بەگونجان لەگەڵ تێڕوانینی فیبەردا دەزگا ڕێسارێژەکانی سەر بە بەرپرسیاری کە بە شێوەیەکی ناشەخسی کاردەکەن، پەیڕەوی دابەشکردنی کاری ورد، زنجیر پلەی تونـدی فەرمانەکان و هاوئاهەنگکردنی وەسوەسەی لێهاتوویی شەخسیەکانی بکەرانن، لەگەڵ پێداویستیە مادی و بەرجەستەکاندا، بە شکڵی دیاریکراوی مۆدێرن و عەقاڵنی حکومەت دەژمێرێن.

دیارە الیەنێکی تری عەقاڵنیزم (راسیۆنالیزم) بریتیە لە سڕینەوە یان سەرکوتکردنی هەر شتێکی ناعەقاڵنی، هەر شتێک کە دەست لە کاری عەقڵەوە بدات و ببێتە هۆی کەمبونەوەی کارایی پراگماتیکی کردار. ئەم رەگەزە ناعەقاڵنیە لە رەفتاری مرۆڤدا ناوی شەهوەتە کە بە رێگری سەرەکی لەبەردەم فەرمانڕەوایی عەقڵدا دەژمێرێت. شارستانێتی مۆدێرن بەهەمان ئەندازەی لەرووی سەرکوتکردنی شەهوەتەوە گرنگە، بەهەمان ئەندازەش لەرووی گەشەکردن و پەرەسەندنی عەقاڵنیەتی رەفتاری مرۆڤیشەوە، سیمایەکی دیاری هەیە. رێکخراوە عەقاڵنیەکانی کۆمەڵگا بەر لەهەر بوارێکی دی لەبیری کرداری چاودێری و کەمکردنەوەی تونـدی، لەکارخستن و بە الڕێدا بردنی ئاراستەی ئەنگێزە و تەوژمە غەریزیەکان و زەمینە پێشوییەکانە: شیکردنەوە و تاوتوێکردنی ورد و سەرتاپاگیری ئەم الیەنەی مۆدێرنە کە رویەکی بەرچاوو وروژێنەرە، بەرلەهەر شتێک تێکەڵ بە بەرهەمەکانی فرۆید بووە. بەپێی تێڕوانینی فرۆید شارستانێتی مۆدێرن "بنەمای واقعی"خستۆتە جێگەی "بنەمای لەزەت"، بنەمای واقع بە مەرجی پێویست بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتیانە و ئاسایشانە دەژمێرێت، و بنەمای لەزەت زەمینە یان دەستمایەی سروشتی مرۆڤەکانە کە لەبەرامبەر بنەمای واقعدا رادەوەستێت. بەدەربڕینێکی عەمەلی ئەم

جێگرتنەوەیە بە مانای سنوردارێتیە: هەوڵدان و گەڕان بۆ بەختیاری لەئەنجامی سەرنجدان لەوەی چ شتێك بێ بەخشینی بەهایەکی زۆر بۆ وەرگرتنی هەوڵ و هەنگاوەکان وەك هەوڵێکی بەنرخ مومکینە، روبەروی ڕێگر و بەربەستگەلێك دەبێتەوە. ئاسایشیی ڕێژەیی تا ڕادەیەك بە بەها یان بە ئاڵۆگۆڕکردن لەگەڵ لایەنیکەمی بەشێك لە ئازادی فەردی، بەدەست دێت. یەکێك لە خەسڵەتەکانی ڕەفتاری گونجاو لەگەڵ نمونەی شارستانیەتدا بریتیە لە خۆ سنوردارکردن، بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵگا لەشکڵی ویژدان یان هەستی فەردی و هوشیاری فەردی کە بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتی دروستبوون و تاکەکەس بۆ سەرکوتکردنی ئەنگێزەکان کە ڕەنگە بکەونە ناکۆکی لەگەڵ خەسڵەتە کۆمەڵایەتیەکاندا هاندەدەن، (بنکەیەك لەناو شاری داگیرکراودا بەجێدەهێڵن).

فرۆید لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا لەبارەی هەلومەرجی مۆدێرنەوە، لەژێر ناونیشانی "شارستانێتی و ناخۆشیەکانی" لەسەر ئەو بڕوایەیە کەشارستانێتی مۆدێرن بەناچار نارازیبوون و بەرگری دروستدەکات، و بەردەوامبوونی هەلگری ڕەگەزی قەهر و ناچارکردنی زیهنی یان جەستەی (دەرونی یان فیزیایی)یە. ئەو وێنەیەی مۆدێرنە کە لە شیکردنەوەکانی فرۆیدەوە دێتە دەرێ، وێنەیەکی ئەوەندە ئاشتیئامێز، ئارام و میهرەبان نییە. فەرمانڕەوایی عەقڵ چەندان دەرئەنجامی زیانبەخشانەی (traumatic) دەروناسیانەی هەیە. لەدیدی فەردیەوە عەقڵ ناتوانێت بەهرەیەکی نائاڵۆز بێت، چونکە بۆ بەشێك لە پێداویستیە مرۆییەکان گرنگی و بایەخێکی ئەوتۆی دانەناوە، ئەو پێداویستیانە بەکەم دەگرێت بە بێ نرخیان دەزانێت، و هیچ جۆرە سەرنجێك لەم پێداویستیانە نادات، و بەمشێوەیەش زەمینە بۆ لەناوبردنیان ئامادەدەکات. هەر لەبەرئەمەشە فەرمانڕەوایی عەقڵ هەمیشە بابەتی توڕەیی و بێزاری بووە و هیچ کاتێك ناتوانێ کامڵ بێت، لەئەنجامدا دەبێتە هۆی ئەوەی شۆرش دژی خۆی بکرێت. مرۆڤەکان کە ناچارن بەرگەی دەسەڵاتی دەسەڵاتدارێتیە سارد و بێ هەستەکانی بودجە و دەرئەنجامەکان بگرن، بەشێوەیەکی دوبارە لەپێناوی بەرگری لە هەست و سۆزە سەرکوتکراوەکان، ئەنگێزە سروشتی و پێویستی پەیوەندی مرۆیی رادەپەڕن.

دەکرێ تەفسیرێکی تر بۆ ناکۆکی دەرونی و کاریگەری ئاڵۆزی شارستانیەت

(بەتایبەت شارستانێتی مۆدێرن) لە تێڕوانینی فردریك نیتچەدا بۆ شۆڕشی ئیرتیجالی و غەریزەی دیونیزوسی وەك هەڕەشەیەکی هەمیشەیی بدۆزینەوە، شۆڕشێك کە چەندانجار روبەروی هەوڵی ئاپۆلۆنی بۆ دروستکردنی ڕێکخستنێکی جیهانی لۆژیکی، عەقڵانی و هاوسەنگ و هاوئاهەنگ بۆتەوە. ئەم ناوەڕۆکە لە ریوایەتی فرۆیدی- نیتچەییەکەیدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە هەموو ئەوجۆرە ڕەخنانەدا ئامادەیی هەیە کە لە مۆدێرنە گیراوە و مۆدێرنە بە پرۆژەیەکی بەرزەفڕ، بەڵام لەزۆر ڕووەوە کەموکوڕو پێنەگەیشتوو دەزانێ کە ئامانجی عەقڵانیکردنی هەموو لایەنەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری فەردی مرۆڤە. بەتایبەتی دوو جۆر ڕەخنە لەهەموویان زیاتر گرنگە: یەکێك لەم ڕەخنانە (کە نوێنەرەکانی دەکرێ لە بواری جیاوازدا ببینین: لەوانە تیورەی "سیاسەتی مێگەلی" ئەو تیورەزسازانەی کە ئیلهامیان لە "تیورەی دەستەبژێرەکان"ی دیلفرد دو پارتۆ وەرگرتووە، تیورەی "شۆڕشی مێگەلەکان" کە بەهۆی خۆزی ئۆرتێگا دی کاستەوە بەناوبانگ بوو، وە تیورەی "یاسایی ئاسنینی ئۆلیگارشی" کە بەهۆی ڕابرت میخلزەوە دارێژرا) دڵنیامان دەکات کە هەلومەرجی مۆدێرن بەپێچەوانەی ریتۆریقا و دەربڕینی بڕوادارن بە عەقڵانیەتی مۆدێرنە، بۆتە هۆی زیادبوونی سیاسەتی مێگەلی زیاد لە سنور ناعەقڵانی و بەتوندی لەژیر کاریگەری ستاتیکادا دەبێت و لەبری پەرەسەندن و پێشکەوتنی هەڵبژاردە عەقڵانیەکان، بۆتە هۆی دواکەوتن، و دواجار نەزۆکی عەقڵ. ڕەخنەیەکی دی (کە بەشێوەیەکی سەرەکی لەژیر کاریگەری نەریتی ڕەخنەگرانەی قوتابخانەی فرانکفۆرتدایە کە بە بەرهەمەکانی تێۆدۆرۆ ئادرنۆ و ماکس هۆرکهایمەر دەستی پێکرد، بەڵام ڕەگوڕیشەی زۆرێك لەم بیروبۆچونانە دەگەڕێتەوە بۆ تیۆرانینەکانی جورج زیمیلی کۆمەڵناسی سەرەتاکانی سەدەی بیستەمی ئەڵمانیا) ناکۆکیە چارەسەر هەڵنەگرەکانی نێوان ئەنگێزە و تەوژمی پەیوەندیدار بەعەقڵانیکردنی بونیادە دەزگاییەکانی بان تاکەکەس و مژدەی بونیادنراو لەسەر لەئەستۆنانی بڕیارە فەردیەکان بۆ ئەستۆی هەڵبژاردە عەقڵانیە ئازادەکان، ئاشکرا دەکات.

بەکورتی بەرگری لەبەرامبەر عەقڵانیبووندا، بەئەندازەی خودی عەقڵانیبوون بە خەسڵەتی دیاری مۆدێرنە دەژمێرێت. مێژووی مۆدێرنە هاودەمی ڕەخنەگرتنە لە

زیادەڕەوییەکان، یان تەنانەت بێکاری، بێهودەییەکان و زیانە ئەنگێزەییەکانی و بەرزەفڕینە میژوویییەکانی (مۆدێرنە). لەپاڵ هەموو تەعبیرێکی رۆشنبیریدا لەبارەی شەوق و تامەزرۆی زۆر بۆ ئەو روانگە فکریی و ناوەرۆکە وروژێنەرانەی کە زانستی مۆدێرن، تێڕوانینی پسپۆری تەکنیکی و بەرژەوەندی سیاسی بەروی مرۆڤدا کردۆتەوە، هەمیشە ناڕازیبوون دژی لەناوچونی فەردی و هەستیاری و سۆزی ڕەسەنی مرۆڤ، ئەنجامدراوە. ڕەخنەگران لەبەرامبەر مژدەی مۆدێرندا بۆ داهێنانی شێوە مرۆڤێك کە خاوەن دەسەڵات بێت بۆ خەباتکردن لەپێناو دنیایەکی باشتر و میهرەبانتردا، بە خێرایی دڵنیایان کردووین کە تەنانەت گەر ئەم شێوانە بتوانن وەك یەك هەمەکی بەئازادی بگەن، ئەوا ئەندامە تاکەکانی ئەم هەمەکیە ناتوانن ئەمکارە ئەنجامبدەن. ئەوان بە زیندانبوون لە چوارچێوەی "کردارەکاندا" و بوون بە "چەرخی دانەکانی" ئامێر، توانای ئەنجامی هەڵبژاردنی ڕاستەقینە و عەقڵانی لەدەستدەدەن. لەبەرامبەر بانگەشەی سود و خوازیاری ڕێگەچارە عەقڵانیەکاندا، ڕەخنەگران دەستیان بە بەرگریکردن لە بەها فەردیەکان، هەمەکیەك کە قابیلی دابەشکردن نیە، و مافی مرۆڤەکان بۆ جیاوازبوون، قابیلی پێشبینی نەکردن و تەنانەت ناعەقڵانیبوون کردووە. ئەنگێزە و تەوژمی عەقڵانیبوون یان بەدەستهاتنی عەقڵانیەتی مۆدێرن بە دروشمەکانی ڕۆمانتیکیەکانی سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم دەستی پێکرد، قۆناغێکی داڕمانی بەجێهێشت، و پاشان لەقاڵبی ڕوداوە پێشڕەو و ئافانگاردی خەباتگێرانی سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، دادایزم، سوریالیزم، تا بگەین بە کلتوری پۆستمۆدێرنی ئەمڕۆ (کە بێ ڕێسایی و نەبوونی بەهاکانی بە تەنها ڕێسای کلتوری زانیوەو بانگی هەموان بۆ بەرگریکردن لەبەرامبەر هەموو شێوە هەمەڕەنگەکانی دەسەڵاتدا دەکات، بەڵام تەنانەت توانای دروستکردن یان پێشکەشکردنی بنەمایەك بۆ کارکردنی خۆی نییە) سەری دەرهێنا. تەوژمی عەقڵانیبوونی مۆدێرن هاوەمی جۆرێك کلتوری ئۆپزسیۆن و ناڕازی بوو کە هەموو خەم و گرنگی خۆی بۆ بەرگریکردن لە ئازادی فەردی و ئەزموونی سۆزداری تەرخانکردبوو. لێرەوە ڕاپەڕین و نارازیبوونی کلتوری دژی واقعیەتی کۆمەڵگا، ناکۆکی قابیلی ئاشتنەکردنەوەی بەڕاستی هەمیشەیی نێوان کاربەدەستە کۆمەڵایەتی و سیاسی و داهێنانی کلتوری پێشکەوتوو، چ لەبواری فەلسەفە، هونەر یان ئەدەبیاتدا،

بە بەرجەستەترین، سەرسوڕهێنەرترین و گیژکەرترین و پێدەچێ هەمیشەیترین، خەسڵەتی مۆدێرنە بژمێرێت.

یەکێك لە ڕونکردنەوەکانی ئەم پاردۆکسە دەکرێ لە بونیادی مۆدێرنی ژیانی ڕۆژانە و ئەزمونە فەردیەکاندا بدۆزینەوە. بەرجەستەترین خەسڵەتی ئەزمونی فەردی چەند پارچەیی و پەرشوبلاویەتی. تاك لە کۆمەڵگای مۆدێرندا کە لەفەزایەکی قەرەباڵغی شاریدا ڕاوەستاوە و ناچارە بەشێکی گەورەی ژیانی خۆی لەنیوان غەریبە و بێگانەکاندا بەسەربەرێت، ئەستەم و ڕەنگە مومکین نەبێت بۆی ئەزمونەکانی خۆی لە قاڵبی ئەزمونەکانی هەمەکیەکی مانادارا تێکەڵبکات. زەمەن لەبواری ئاسۆی وێنەکراو بەهۆی ئەزمونە فەردییەکانەوە، دابەشدەبێت بۆ ڕوداوگەلێك کە پەیوەندیان پێکەوە نیە، و شوێنیش بۆ کۆمەڵێ خاڵ و جێگەی زۆر پەیوەندیدار بەیەکەوە. ئەگەر پەیوەندیەك بوونی هەبێت کە دەلالەت لە پێکەوە گرێدانی دوولایەنە بکات کە لە هەمەکیەکدا پێکەوەیان دەبەستێتەوە و یەکیان دەخات، ئەوا پەیوەندیەکی لەم چەشنە تاکی تەماشاکەر لەبەرچاو ناگرێت و کەمترین بایەخی پێنادات، لەبری ئەمە ڕوبەڕووی قۆناغ و پارچەی کورت و سنوردار لەڕوی شوێنی درامای ناوبراو، دەبێتەوە. یەکەمجار شارل بۆدلێری شاعیر و ڕەخنەگری فەرەنسی ئاماژەی بۆ ئەو خاڵە کرد کە ئەزمونی مۆدێرن لەراستیدا دیمەنێکی تەماشایی ساتەوەختێکی تێپەڕە. هونەر بەمەبەستی هاوهەنگاوی و هاوئاهەنگی لەگەڵ ئەزمونی مۆدێرندا دەبێت جیهان بەشێوەی دیاردەیەکی دابەشبوو، چەند پارچە، جیابۆوە، گواستنەوەیی، بزێو و تێپەڕ. وەك کۆمەڵێك "ساتی مەلەکردن" وێنە بکات.

وەك جۆرج زیمیل پیشانیداوە خەسڵەتی دیاری ئەزمونی مۆدێرن هاوئاهەنگی و پەیوەندیە لەنێوان شارستانێتی وەك بەرهەمێکی کلتوری گشتی و وردە دەستکەوتە کلتوریەکان کە تاکەکان توانای تیکەڵکردن و گونجانیانی لەگەڵ یەك و سودوەرگرتن لێیان وەك بەرژەوەندی بونیادی لە بیناکردنی شوناسەکانی خۆیاندا، هەیە. کۆی گشتی بەرهەمە کلتوریەکان چەندانجار فراوانتر لە توانای ڕاکێشانی تاکەکان. ئەم ڕاستییە لەلایەکەوە داهێنانی کلتوری لە کۆتوبەندی پەیوەندیەکانی بە ژیانی ڕۆژانەوە ڕزگاردەکاتو بەمشێوەیە ئەگەری پسپۆریبوون روو لە زیاد و بێ سنور و

هەروەها پەرەسەندنی بێ سنوری بواره پسپۆڕیەکان ئامادە دەکات (هەر بەمشێوەیە پەلەی لۆگاریتمی لە ئاهەنگی پەرەسەندنی زانست، تەکنەلۆژیا و هونەرەکاندا چەندانجار لەپێشوو زیاتر ناکۆکیەکان توند دەکات). بەلام لەلایەکی دیەوە پەیامی مەترسیداری جوتکردن و پێکەوەگرێدانی "ژیانە ماقوڵەکان" یان "ژیانە ماناداره‌کان" بەجیا لە وردەکاریە پوچەکان و بەشە نامەفهومەکانی هەمەکیەکان و شوناسە نەناسراو یان نادیارەکان، دەخاتە ئەستۆی تاکەکان. تاکەکان هاوکات لەگەڵ قبوڵکردن و جێبەجێکردنی ئەم پەیامە مەترسیدارە، دەبێ بتوانن ئەو رەگەزانەی قابیلی بەراوردکردن نین، بەراوردبکەن و ئەو رەگەزانەی کە بەروکەش پەیوەندیان بەیەکەوە نییە، بەیەکەوە گرێبدەن. بۆ ئەم مەبەستە پێویستیان بە ستراتیژیك هەیە کە بەشێوەیەکی گشتی بەراوردکاری و جێبەجێکردن لەنێوان ئەزمونە زۆر جیاوازەکاندا بکات، و لەم رێگەیەشەوە ئەو ئەگەرە دێنێتە پێشێ تا تاکەکان هاوکات لەگەڵ لەبەرچاو نەگرتنی جیاوازییە چۆنایەتیەکانی نێوان ئامانجەکانی هەڵبژاردن، دەست بە هەڵبژاردن بکەن. بەمشێوەیە هێزی قسەکردن، زیهن یان عەقڵ (هێز یان توانای بیرکردنەوەی ئەبستراکت و وێنەیی) و پاره لەیەککاتدا بە بەرهەمی ناچاری و هۆکاری پێویست بۆ ژیان لە هەلومەرجی مۆدێرندا دەژمێرێن. هەردوو وتەزای پاره و عەقڵ تەنها رەهەندی چەندایەتی دیارده ئەزمونیەکان تاوتوێدەکەن و لایەنە چۆنایەتیەکەی لەبەرچاو ناگرن.

ئەم خەسڵەتانە و خەسڵەتەکانی تری پەیوەندیدار بە ژینگەو جێگەی نیشتەجێبوونی مرۆڤەکان، لەسەرتاسەری قۆناغی مۆدێرندا بەردەوام بووە و بەردەوام هێزی خۆی زیاد کردووە. ئەم خەسڵەتانە تا ئەمڕۆش بە لایەنی دیاری کۆمەڵگا رۆژئاواییەکان و کۆمەڵگا بە رۆژئاوایبوەکان دەژمێرێن و تەنانەت لەحاڵەتی بلاوبونەوەدان بۆ بەش و ناوچەکانی تری جیهان کە تا ئەم دوایانەش بە بەشێك لە ناوچە "کلاسیکیەکان" یان "پێش مۆدێرنە"کان دەژمێران. لەگەڵئەمەشدا هەندێك لە چاودێران بڕوایانوایە مۆدێرنە لەشکڵە کلاسیکیەکەی خۆیدا، رەوتی خۆی بڕیوە و قۆناغەکەی کۆتایی پێهاتووە و جێگەی خۆی بە شکڵبەندییەکی کۆمەڵایەتی- کلتوری دی سپاردووە یان لەحاڵەتی ئەوەدایە بیسپێرێت، سیمایەك کە چاودێرانی ناوبراو ناویاننناوە "پۆستمۆدێرنە". وەسف و پێناسەکانی ئەم بەناو شکڵبەندیە تازەیە

(بەمانای پیشاندانی تازەیی و نایابی و جیاوازی چۆنایەتی لەگەڵ مۆدێرنەدا) بەگشتی جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ وەسفی سەرەوەدا بۆ مۆدێرنە و هەلومەرجی مۆدێرن نییە. بەڵام جیاوازییەکی بەرجەستە و بەرچاو هەیە کە بانگەشەکەرانی "کۆتایی مۆدێرنە" و سەرەتای پۆستمۆدێرنە هەوڵدەدەن تا بایەخی بانگەشەکانی خۆیانی لەسەری بونیاد بنێن، ئەم جیاوازیەش ئەوەیە کە : ئەگەر لەسەرتاسەری قۆناغی مۆدێرنەدا "پەرێشانی" "هاروهاجی" " بێ سەروبەری" "هەژان" "دڵەڕاوکێ" "دینامیکیەت" "مەلەکردن" "تێپەڕوکاتیبوون" ئالۆزی و چەند رەهەندی، هەمەڕەنگی و مەزاجیبوون، ئیرتیجالی و هەڵەشەیی و نەبوونی شتێکی بڕاوە کە بە خەسڵەتە جەوهەری و خودییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی دەژمێررا، بە هۆکاری بزوێنەر و ئازاربەخشی کاتی و تێپەڕ دادەنران کە دواجار دەکەوتنە ژێر کۆنترۆڵی مەیلی عەقڵانیبوون و باڵادەستی عەقڵانیەتەوە، هەنوکە ئیدی بە دیارەدەی ناچاری و قابیلی هەڵنەکەندن و تێنەپەڕ دەژمێرران، نەك بە هۆکاری بزوێنەر. هەنوکە هەموو ئەوەیان قبوڵە کە: یەکەم پرۆسە مێژوویەکان ئامانج، مەبەست و یان ئاراستەیەکی دیاریکراویان نییە، دووهەم فرەیی و هەمەڕەنگی بەها و شێوەکانی ژیان دەمێننەوە، و سێهەم ناوەندەکانی دەسەڵاتی سیاسی بەتایبەتی حکومەتە ویلایەتییەکان، هەم سەرچاوەکان و هەم ئەو بەرزەفڕیانەی لەدەستداوە کە خەسڵەتی "سیفەتی باخەوانیە". پرۆژە هەمەگیر و هەمەلایەنەکان لەبارەی "کۆمەلگای عەقڵانیەوە" پرۆژەکانی پەیوەندیدار بە ئەندازیاری کۆمەڵایەتی جیهانی و جەنگە سەلیبیە کلتوریەکان کە پشتیوانیان لێدەکرد، لەلێواری ڕیسوایی و بەدناویدان و هەر هەموویان خراونەتە لاوە. کەوتن و داڕمانی رژێمە ئابوریە کۆمنیستیەکان و دەوڵەتە دەستێوەر دەرەکان لەهەموو بواره‌کانی ژیانی مرۆڤدا، وێنەیەکی دیار و بەرچاوی ئەم مەیلەی کێشاوە.

سەرچاوە

مدرنیته و مدرنیسم: ترجمه و تدوین: حسین علی نوزری تهران، نقش جهان ۱۳۷۸. ص۲۲.

پۆستمۆدێرنیزم

پۆستمۆدێرنیزم چیە؟.....چارلز چنگز

پۆستۆدێرنیزم لەهەموو جێگەیەکدا هەیە.....گلن ورد

سەرنجێك لەژیان‌و بیروباوەڕو .....حسین بششیریە

بەرهەمەکانی ژان فرانسوا لیوتار لەدەسەڵاتی سەرکوتەوە بۆ دەسەڵاتی

چاودێریکراو بەسەر ژیاندا..... هیوبرت دریفوس – بول رابینو

میراتی نیتچە..... کیت ئانسل پیرسۆن

نیتچە و فەمەنیزم.....کیت ئانسل پیرسۆن

ئایا بیرکردنەوە بە راستی گرنگە....چاوێکەوتن لەگەڵ میشل فۆکۆ

پۆستمۆدێرنیزم چییە؟*

چارلز چنگز

سەردەمی مۆدێرن کە سەردەمێك بوو وا دەردەکەوت بۆ هەمیشە لە رووبەری مێژودا دەمێنێتەوە، بەخێرایی بەرەو ئەوە دەڕوا ببێت بە بەشێك لە رابردوو، دەچێتە ناو لاپەڕەکانی مێژووەوە و ئەرشیفدەکرێت، چیدی لەمێژوو و روبەریدا ئامادە نییە. پیشەسازیبوون بە خێرایی جێگەی خۆی بەسەردەمی پاش پیشەسازی دەدات، کارکردن لە کارخانەکاندا جێگەی خۆی بە کارکردن لە ماڵەوە و لە ناو بەڕێوبەرایەتییەکانەوە دەدات. لە بواری هونەردا "نەریتی نوێ" دەبێتە هۆی پێکهاتەیەك لەنەریتە بێشومارەکان. تەنانەت کەسانێکیش کە تا هەنوکە خۆیان بە هونەرمەند و بیناسازی مۆدێرن دادەنێن، تەماشای دەوروبەری خۆیان دەکەن بۆ ئەوەی بزانن دەبێت بە دوای چ شێوازگەلێك و چ بەهاگەلێکدا بڕۆن.

سەردەمی پۆستمۆدێرن سەردەمی هەڵبژاردنە بێشومار و ڕوو لە زیادەکانە. سەردەمێکە ناکرێ هیچ روداوێکی ئەرسۆزۆکسی بە بێ خودهوشیاری و تەنز قبوڵبکرێت، چونکە هەموو نەریتەکان بۆ خۆیان نرخ و بەهایان هەیە. ئەمە خۆی تارادەیەك دەرئەنجامی ئەو شتەیە کە پێیدەڵێن: سەردەمی تەقینەوەی زانیاری، دەرکەوتنی زانینی ڕێکخراو و پەیوەندی جیهانی و سیبرنیتیك. نەك هەر دەوڵەمەندەکان بەڵکو هەموو هاوڵاتیان وەك کۆکەرەوە و موسافرانی زەمەنیان لێهاتووە، کە لەبەردەم فرەیی بابەتی هەڵبژاردندان. پۆلۆرالیزم ڕێبازی بالادەستی سەردەمی ئێمە، هەم گەورەترین کێشە و هەم گەورەترین ئارامگایە: هەر پیاوێك دەبێت بە هاوڵاتیەکی گەردوونی و هەر ژنێك دەبێت بە کەسێکی ئازاد، ئاژاوە و دڵەڕاوکێ بەسەر حاڵەتە ڕۆحیەکانی تاکەکاندا زاڵدەبێت، و تاوان دەبێتە شێوەی باوی کلتوری جەماوەری.

ئەمە ئەو بەهایەیە ئێمە بۆ سەردەمی پۆستمۆدێرن دەیدەین، بەهایەك کە

هێندەی یەکڕەنگی، نەبوونی هەمەڕەنگی، دۆگماتیزم و فەقیری و نەگبەتی سەردەمی مۆدێرن، زەحمەت و گرانە. بەڵام سەرەڕای ئەو هەوڵە زۆرانەی کە لە ئێران و شوێنەکانی دیدا دەدرێت، گەڕانەوە بۆ کلتوری رابردوو، یان شێوەیەکی پیشەسازی، یان سەپاندنی مەزهەبێکی بونیادگەر یان جۆرێك رووداوی ئەرسۆزۆکسی مۆدێرنیزمی (یان مۆدێرنیزمی ئەرسۆزکس) ناومکینە. سیستمی پەیوەندی جیهانی و شێوەی بەرهەمهێنانی سیبرنیتیك، لەگەڵ دەرکەوتنی خۆیاندا پێداویستی تایبەتی خۆشیان دروستکردووە، ئەمانە جگە لەجەنگی ئەتۆمی، کۆمەڵێك رووداون کە قابیلی گۆڕان و گەڕانەوە بۆ دواوە نین.

تەحەداکردن بۆ دۆزینەوەی هاملێتی پۆستمۆدێرن، روویەڕوبونەوەی ئەو کێشە و گرفتانەی دەرئەنجامی سامانن، بریتیە لە هەڵبژاردن و تێکەڵکردنی نەریتەکان بەشێوەیەکی هەڵبژاردە و وەرگرتنی هەندێك لایەنی رابردوو و ئێستا، کە پێدەچێ بۆ ئەم مەبەستە گونجاو دەرکەون. دەرئەنجام و بەرهەمی ئەمکارە ئەگەر سەرکەوتوو بێت، تێکەڵێکی سەرنجڕاکێشەرە لە نەریتەکان، و لە کاتێکیشدا سەرنەکەوێت شتێکی تێکەڵو پێکەڵ دەبێت. بە گشتی بەڵەمە هەوایەکانی پۆستمۆدێرن ڕێگەی خۆیان لە هاتن و چوون لە نێوان پێکهاتەی داهێنان و لاسایکردنەوەی شێواودا گومکردووە، و توشی کارەساتدەبن، بەڵام هەندێکجار مژدەی مەزنی کلتورێکی فرەخواز بە ئازادیگەلێکی بێشومار، جێبەجێدەکەن.

پۆستمۆدێرنیزم لە بنەڕەتدا تێکەڵەیەکی گیراوەیە لەهەر جۆر نەریتێك لەگەڵ نەریتەکانی رابردوودا: هەم بەردەوامی مۆدێرنیزمە و هەم تێپەڕاندن و پەرەسەندنێتی. دەکرێ خەسڵەتی سەرەکی بەرهەمە پۆستمۆدێرنەکان لەکۆد و ڕەمزی چەند ڕەهەندی، ئاڵۆز، تەنزئامێز، هەجوەکان، هەڵبژاردنی هەمەڕەنگو پەرشوبلاو، و ناکۆکیو نابەردەوامی یان دابڕان لە نەریتەکاندا بدۆزینەوە، چونکە ئەم نەگونجانو ناچونیەکیانە دەوری هەموو فەزای پلۆرالیزمی ئێمەیانداوە. شێوازی تێکەڵەو هەمەڕەنگی بەشەکانی، لەبەرامبەر کورتکردنەوەی ئایدۆلۆژیای مۆدێرنی دوایو هەموو ئەو ڕەقیبانەدا ڕادەوەستێ کە لەسەر بناغەی سەلیقە یان بنەمای دۆگمایی پاوانکراو ڕاوەستاون.

ئەمە لایەنیکەم هەمان ئەو شتەیە کە من لەسەر بناغەکەی پۆستمۆدێرنیزم بە

بزوتنەوەیەکی کلتوریی‌و قۆناغێك یان سەردەمێکی مێژوویی دەزانم. بەڵام مانای ئەم زاراوەیە لەم پەنجاساڵەی دوایدا گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە، و تەنها لە دەیەکانی ١٩٩٠دا مانایەکی روونی پەیداکرد. هەندێك بەڕووداوێکی پێشکەوتوخوازو هەندێك بەڕووداوێکی کۆنەپەرستانەی دەزانن، کە شایەنی ڕەدکردنەوەیە. هەندێك لەبەر واقعیبوونی کۆمەڵایەتی‌و تەکنەلۆژیەکەی، بەرگری‌و پشتگیری لێدەکەن،و هەندێکیش وەك ڕووداوێکی کۆنەپەرستانە،و دژی فەلسەفەو ئاراستەکەر، مەحکومیدەکەن. تەنانەت لە زۆرێك شوێندا کە لەبەر ڕەهەندە شیزۆفرینیەکەی تاوانباریدەکەن، زۆرێك لەوانەی بەرگری لێدەکەن، ئەم کەموکوڕیە بە بەهای پۆزەتیڤی دادەنێن. هەندێك نوسەر هەڵسەنگاندنێکی نێگەتیڤیان بۆی هەیەو پێناسی ناخۆشی بۆدەکەن‌و جەخت لە ڕەهەندی ئاوساو پەرەسەندنی کۆنترۆڵنەکراوی دەکەن کە خەسڵەتی ئابووریی چەند لایەنەو فرەخوازە. بەڵام لێکۆڵینەوەی ئابووری‌و وردی بەلگە هەبوەکان پیشانیدەدەن کە بەرهەمهێنانی سەرسوڕهێنەرو مەسرەفی شێتئاسایانە، هەموو بوارەکانی ژیانی هاوچەرخی خستۆتە چنگی خۆیەوەو تایبەت نین بەبزوتنەوەیەکی تایبەتی.

یەکەمجار کە پێشگری "پاش" (Post) بە مانایەکی پۆزەتیف بەکارهێنرا بە هۆی لزلی فیدلەر لەساڵی ١٩٦٥دا بوو کە وەك وتەیەکی سیحراوی‌و ئەفسوناوی بەکاریدەهێناو دەیبەستەوە بەو ڕوداوە ڕادیکالانەی بە دژی کلتور دەژمێرێن: پاش هیومانیستی، پاش نێرینە، پاش سپی-، پاش قارەمان- پاش یەهود. ئەم ڕووداوە ئەنارشیستی‌و داهێنەرانە بە مەبەستی جیابوونەوە لەڕووداوە ئەرسۆزکسیەکان، ئەم هێرشە تۆندانە بۆ سەر دەستەبژێرخوازی مارکسیزمی، ئەکادمیزمو سەرکوتی پیوریتانی، لە ڕاستیدا وەك ئەندریاس هۆیسن لە ١٩٨٤دا پیشانیدا، بە ئاشکراکەری یەکەم بزوتنەوە وروژێنەرەکانی پۆستمۆدێرن دەژمێرێن. پێدەچێ فیدلەرو ئەوانی دی لە ساڵی ١٩٦٠دا هەرگیز بە نیازی ئەوە نەبووبن ئەم باسانە بەمشێوەیە بکەن‌و ئەم نەریتە لەمجۆرە قاڵبەدا چەمکرێژی بکەن. بەدیهاتنی ئەم مەسەلەیە پێویستی بە کات بوو، دەبوو تا ساڵەکانی دەیەی ١٩٧٠و دەرکەوتنی نوسین‌و بەرهەمەکانی ئیهاب حەسەن ڕابوەستین، واتە کاتێك ئەو بزوتنەوە ڕادیکالانەی سەردەمێك فیدلەر لە دەیەی ١٩٦٠دا ستایشی کردبوو، کۆن بووبێت‌و مردنیان ڕاگەیەنرا بێت.

ئیهاب حەسەن لە ناوەڕاستەکانی دەیەی ١٩٧٠دا خۆی بە قسەکەری پۆستمۆدێرن ڕاگەیاند. ئیهاب ئەم ناونیشانەی بەستەوە بە بۆچوون‌و بیروڕای ئەزمونگەری لە هونەرو فراتکنۆلۆژی لە بیناسازیدا: ویلیلم باروزو باکمینستەر فولەر، ئەنارشیزم، کۆنبوون/ بێدەنگی.. دامالێنی داهێنان/ تەفکیکیەت.."و بەیەك وشە ڕوداوگەلێك کە مەن‌و کەسانی دی دواتر بە خەسڵەتەکانی "مۆدێرنەی دوایی"مان ناونا. لە ئەدەبیات‌و پاشتر لە فەلسەفەدا دوا بە دوای دەرکەوتن‌و نوسینەکانی لیوتارو ئارەزوو بۆ جێگرتنەوەی پۆستمۆدێرن لەبری بونیاشکێنی، ئەم زاراوەیە بەگشتی پەیوەندی نزیکی خۆی بەو شتەوە پاراست کە ئیهاب حەسەن ناوینا "نا بەردەوامی، دیارینەکردن، دەروون خودی، دەرون بونی". کتێبەکەی مارك. س. تایلۆر بە ناونیشانی سەرسوڕهێنەری "هەڵسەنگاندنی نادروست، یەك پۆستمۆدێرن/ یەك ئیلاهیات" بە بەرهەمە دیارەکانی ئەم ژانرە دەژمێرێت کە ئیلهامی لەبیروڕاکانی دێریداو بونیادشێکنیەوە وەرگرتووە.

هەروەها ئاراستەیەك لە فەلسەفەدا هەیە کە هەموو بیریارانی پۆست پۆزەتڤیزم بە پۆستمۆدێرن دادەنێت، ئەگەرچی تەنها خاڵی هاوبەشیان بریتیبێت لە نەفیکردنی پۆزەتڤیزمی لۆژیکی مۆدێرن. بەمشێوەیە دوو مانای تەواو جیاواز بۆ ئەم وشەیەو تێکەڵکردنێکی گشتی هەیە کە تەنها تایبەت نییە بە خەڵکی ئاسایی. ئەم ڕووداوانەو هەروەها پێشزەمینەکانی کۆنفڕانسە جۆراو جۆرەکانی ئەم دواییە لە بارەی ئەم بابەتەوە، بووە هۆی نوسینی ئەم وتارە بچوکەی "پۆستمۆدێرنیزم چییە؟". ئەمە پرسیارو لە هەمانکاتدا وەلامێکە کە من پێشکەشیدەکەم. لە ئەنجامی خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی قوڵتروە، دەکرێت سەرنج لەوە بدەین گەشەکردن‌و پەرەسەندنی بەردەوام‌و جوڵەی هەمیشەیی ئەم دیاردەی خۆبەخۆ ئەوە دەسەلمێنێ کە پێشکەشکردنی وەلامێکی بڕاوەو ڕوون بۆ ئەم پرسیارە نییە. لایەنیکەم تا ئەو کاتەی پەرەسەندن‌و گەشەکردنی ڕانەوەستا بێت، ئەمکارە عەمەلی‌و مومکین نییە.

کلتوری پۆستمۆدێرن لە سەرەتای منالی خۆیدا لە ساڵەکانی دەیەی ١٩٦٠دا بەڕوداوێکی ڕادیکال‌و ڕەخنەگرانە دەژمێرا، هەڵوێستێکی کەمایەتی بوو کە بۆ نمونە لەلایەن هونەرمەندانی پۆپ‌و تیۆرەی پۆپ دژی دیدگای کورتکەرانەوەی هونەری مۆدێرن‌و ستاتیکای بالادەست بەسەر دەزگاگەلێکی وەك مۆزەی هونەرە مۆدێرنەکاندا

وەرگیرا. لە بیناسازیدا تیپی *تێن*، *حبین یاکۆبز*، *رابرتو نتۆری*و...هێرشەکانی خۆیان دژی بیناسازی مۆدێرنی ئۆرسێزێکس لەبەر دەستەبژێریەکەی، و لە ناوبردنی شارەکانو بیرۆکراسیەکەی و زمانە سادەکەی دەستپێکرد. بەدەستپێکردنی دەیەکانی ١٩٧٠ هاوکات لەگەڵ گەشەکردنو پەرەسەندنی ئەم نەریتانەو بەهێزبوونیانو رودانی گۆڕان تیایاندا، و داهێنانی وشەی پۆستمۆدێرنیزم وەك دەربڕینێك بۆ ناونان لە چەندان رووداو، هێواش هێواش ئەم بزوتنەوەیە رەهەندە رادیکاڵو رەخنەگرانەکەی سەردەمی منالّی خۆی لەدەستداو بەرەو پاڕێزگاری زیاتر رۆیشتو لە ئەنجامدابوو بە رووداوێکی عەقلانّیو ئەکادیمی. زۆرێك لە لایەنگرانی دەیەکانی ١٩٦٠ وەك *ئەندی وارهۆڵ* بە راکێشان بەرەو بازاڕی هونەریو روکردنە کاری پڕوپاگەندەو پڕ دەرامەت، پەیامی رەخنەگرانەی خۆیان لەدەستدا. دواجار پۆستمۆدێرنیزم لە کارو پیشەی جیاوازو ناوەندی زانستیو ئەکادیمیو هەروەها لە ئاستێکی بەربلاوتر لە کۆمەڵگادا قبوڵکرا، وەك باوکی خۆی واتە مۆدێرنیزمو بڕا رەقیبەکەی واتە مۆدێرنیزمی دوایی، بوو بە بەشێك لەدەزگا بالاّدەستە هەبووەکان. لەرەخنەی ئەدەبیشدا لەرووی ماناییەوە لەمانای خۆی لەنەریتە بیناسازیو هونەریەکان نزیکتر بۆوە.

*جان بارت*و *ئیمبرتۆ ئیکۆ* لەپاڵ نوسەرانی تردا، پۆستمۆدێنیزم بە جۆرێك نوسین دەزانن کە بۆ باسکردنی ناوەڕۆکە هەمیشەییو سەقامگیرەکان، سود لەشێوەکانی نەریت بە شێوەیەکی تەنزئامێزو خوازەیی یان بە شێوەی جیاواز وەردەگرێت. ئەمجۆرە نوسینە وەك *جان بارت* دەڵێت هاوکات لەگەڵ سەلماندی بایەخی مۆدێرنیزم — گۆڕانکاریەك لەجیهانبینیدا کە بە هۆی *نیتچە*، *ئەنیشتاین*، *فرۆیدو* کەسانی دیەوە ئەنجامدرا- ، هیواداره کە لەهۆکارو گوێگرە سنورداره‌کان کە بە خەسڵەتی رۆمانە مۆدێرنیستەکان دەژمێرێت، زیاتر بڕوات:

"نوسەری پۆستمۆدێرنیستی ئایدیالو جێی مەبەستی من، باوکانی مۆدێرنیستی سەدەی بیستەم یان باوانی پێشمۆدێرنیستی سەدەی نۆزدەهەمی خۆیان، نە بەشێوەیەکی دروست نەفیدەکەنو نە بەشێوەیەکی دروست لاساییاندەکەنەوە. نوسەری پۆستمۆدێرن نیوەی یەکەمی سەدەی ئێمەی لەژێر پێدایە، نەك لە پشتی خۆیەوە. نوسەری پۆستمۆدێرن بێخزان بەرەو دامێنی ساوێلکەی ئەخلاقی یان

هونەری، یان کەوتنە ناو داوی نوسەری پڕوپوچەوە، یان بوونە کۆیلەی پارەپەرستنو بەرتیلوەرگرتن، بەوشێوەیەی لەشەقامی مدیسۆنکراودا باوە، یان توشی سادەگیو خاوی درۆزنانە یان واقیعیبوون، خوازیاری چیرۆکێکە کە چەندانجار زیاتر لەبەرهەمە سەر سوڕهێنەرە مۆدێرنیستەکانی دوایی (دیارە بە پێی هەڵسەنگاندنی من) وەك "چیرۆکگەل‌و دەقگەلێك بۆ هیچ"ی سامۆئیل بیکیت، یان "ئاگری کەمەرەنگ"ی ناباکۆف، خاوەن هێزی راکێشانی دیموکراتیانە بێت.

نوسەری پۆستمۆدێرنیستی ناتوانێ هیوادار بێت بە پێی موریدانی شەیدای *حیمز جویزو ئیرۆینگ ڤالاس* بگاتو پێبەپێی ئەوان بجوڵێت — پێویست ناکات باسی خەڵکە رەشوڕوتە نەخوێندەوارەکە بکەین کە دەزگاکانی راگەیاندن مێشکیانی شتۆتەوە. بەڵام ئەو دەبێت هیوادارو خۆشحاڵبێت کە بە "ناوەندی مەسیحیەکانی سەرەتا"(بەتەعبیری تۆماس مان)بگات: واتە بەرزتر لە موریدانی پسپۆری هونەری بالاّو پێشکەوتوو...رۆمانی داواکراوو ئایدیالی پۆستمۆدێرنیستی بە جۆرێك سەروتر لە ململانێی نێوان ریالیزمو دژی ریالیزم، فۆرمالیزمو ناوەرۆکخوازی، ئەدەبیاتی روتو ئەدەبیاتی بەرپرسیار، چیرۆکەکانی ناوەندە ئەدەبیەکانو چیرۆکە پڕوپوچەکان.. سەردەردێنێ. وێنەی جێی مەبەستی من جازی باش یان مۆسیقای کلاسیکیە: تاك لەئەنجامی گوێگرتنی لەداوی یەك‌و بەردەوام، یان بەخوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی وردی پارچەیەکی مۆسیقا، سەرنجی بۆ چەندان شتی زیادە دەچێت کە جاری یەکەم سەرنجی لێنەداون، بەڵام جاری یەکەم دەتوانێت ئەوەندە هەڵخەڵەتێنەر بێت‌و تاکە کەس — نەك هەر تەنیا پسپۆرەکان — ئەوەندە هەستیاربکات کە تاکە کەس لە دووبارەکردنەوەی توشی سۆزێکی زۆربێت".

ئەم هەوڵدان‌و گەڕانە بۆ دۆزینەوەی گوێگرانی بەربلاوتر لە مەسیحە سەرتاییەکان، بیناسازان‌و هونەرمەندانی پۆستمۆدێرنزمی دەکاتە هاوتای مۆدێرنە دواییەکان‌و لە دڵەراوکێ سیحراوی‌و شەیداکەرانەی کە ئیهاب حەسەن لە دەیەکانی ١٩٧٠دا وەسفیکردبوو، جیادەکاتەوە. دیارە گەلێك ئامانجی دیاریکراو تایبەتی تر هەیە کە ئاراستەیەکی تایبەتی بە پۆستمۆدێرنیزم دەدەن.

بەڵام لەبەرئەوەی بەردەوام ماناو نەریتی پۆستمۆدێرنیزم دەگۆڕێت، لەبەرئەوە

نەك هەر دەبێت ئەم چەمكە پێناسبكرێت، بەڵكو پێویستە مێژووە زەمەنی و بوارە شوێنیەكانی دیاریبكرێت. بۆ ئەم مەسەلەیە من پۆستمۆدێرنیزم بە جۆرێك دوالیزمی ناكۆك یان رەمزدانانی دوالیزمی دەزانم كە لەناو یان ناونیشانی دوولایەنەو ناكۆكیدا شاراوەیە: بەردەوامی مۆدێرنەو بڵندبونەوە لێی. گونجاو لەگەڵ ئەم لۆژیكەدا "پۆستمۆدێرن"ی جێی سەرنجی حەسەن بەشێوەیەكی سەرەكی مۆدێرنی دواییە، واتە بەردەوامی مۆدێرنەیە لەشكڵە تونڕەوو زیادەڕەوەكەیدا. هەندێك لەنوسەرانی وەك بارتو ئیكو لەگەڵ ئەم پێناسەیەدا دەبن، وەك چۆن هەندێك نوسەرو رەخنەگری وەك حەسەنو لیوتار، قبوڵیناكەنو رەدیدەكەنەوە. لەمجۆرە رێكەوتنو رێنەكەوتنانەدا، تێگەیشتنو لێكتێنەگەیشتنانەدا جۆرێك دیالەكتیكی مارئاسا هەیە كە بزوتنەوەی ناوبراو بەردەوام پیشانیداوە، جێگەی گومانە بەر لە كۆتایی ئەم بزوتنەوەیە پێچوپەنای گەلێك زۆر لەم هەڵقەیەدا بدۆزینەوە. بەڵام دەتوانین لەیەك شت دڵنیابین راگەیاندنی مردن، تا ئەو كاتەی مۆدێرنیزمەكانی تر لەناو نەچوون، هەنگاوێكی پەلەو خێرایە.

پەراوێزەكان:

1-Jencks, The language of Post-Modern Archiecture (London, Academy Editions,1991).p.23.
2-Charles Newman, the Post-modern Aura, The Actof Fiction in an Age of Infation (Evanston IL:Norhwestern Universtiy press, 1985)
3- Lesti FLedLer, "The New Mutants" (1965) in the Collected Essays of Leslie Fiedeler, Vol. II (N.Y.:Stein & Day, 1970), and A Fiedler Reader (Stein & day,1977),

pp.189-210.
4-Andreas Huyssen, "Mapping the Postmodern" New German Critique, No.33, Fall 1984, devoted to Modernity and Postmodernity (Millwaukee: University of Fall 1984).
5- Ihab Hassan, "The Question of Postmodernism", in Harry R.Gravin, ed, Romanicism, Modernism (Lewisberg, Toronto &London: Bucknell Univrsity of Chicago press, 1980) pp.117-26.
6- Mark C.Taylor. ERRING: A Postmodern AlTheology (Univrsity of Chicago press, 1984).
7) John Barth, "The Literaure of Repenishment: Postmodernist Ficition" The Atlanntic, Jan.1980, pp. 65-71.& Umberto Eco, " Postnodernist Fiction" The Atlantic, Jan.1980, pp.65-71& Umberto Eco,"Postmodernism, Irony. The Enjoyable" in Postscript to the Name of the Rose (New York: Harcourt, Brace Jovanovich, 1984).
8- Barth, op. cit,pp.70-71>

سەرچاوە

پست مدرنیتەو پست مدرنیسم: ترجمەو تدوین: حسینعلی نوژری، تهران — نقش جهان ١٣٧٩ — ص ٩٨.

پۆستۆدێرنیزم لەهەموو جێگەیەكدا هەیە

گلن وارد

زاراوەی پۆستمۆدێرنیزم سێ دەیە زیاترە بەشێوەیەکی بەرفراوان سودی لێوەردەگیرێت.، بەڵام تاڕادەیەك چیرۆکی بڵاوبونەوەی لەرێگەی کلتورەوە ئاڵۆزە. بەدەر لەهەندێك بەکارهێنانی سەرەتایی ئەم زاراوەیە (کەهەندێکیان دواتر لەم بەشەدا باسدەکەین) پۆستمۆدێرنیزم ژیانی خۆی بەشێوەیەکی سەرەکی وەك وتەزایەکی زانکۆیی و پەیوەست بە هەندێك گۆڕانکاری دیاریکراو لەبواری هونەردا دەست پێکرد، بەڵام بەخێرایی وەك زاراوەیەکی وەسفی بۆ هەموو جێگۆڕکێ و گۆرانە پێشهاتووەکان لە کۆمەڵگا و کلتوری هاوچەرخدا بەکارهات. بۆ نمونە بانگەشەی ئەوەکرا جیهان باوەڕی خۆی بە پێشکەوتنی تەکنیکی لەدەستداوە. لەوروەوە کە باوەڕبوون و باوەڕهێنان بە پێشکەوتنی تەکنیکی، سەربەقۆناغی مێژووی دیاریکراوی "مۆدێرنیزمی دەزانرا، زاراوەی "پۆستمۆدێرنیست" وەك وەسفێکی گونجاو بۆ قۆناغێکی شومی تازە لەبەرچاو دەگیرا. بەڵام پۆستمۆدێرنیزم لەناوەڕاستی دەیەی ١٩٨٠دا بوو بە کەرەسەیەکی فەڕەنسی کە بەگشتی بەکەڵکی هەموو "کارێك" دەهات.

لەناوەراستی هەمان دەیەدا لەبەرنامەکانی شەوی درەنگی تەلەفیزیۆن، بەرنامە هونەرییەکانی رادیۆ و لەپەڕەکانی رۆژنامەکاندا، بەردەوام باسی پۆستمۆدێرنیزم لەبواره جیاوازەکاندا (وەك تەلارسازی، سیاسەت و ئەدبیات) دەکرا. زۆرجار ئەم باسانە هەڵگری چەندان هەوڵدان بوون بۆ تێگەیشتن لەماناکانی پۆستمۆدێرنیزم، یان وەك زاراوەیەکە مۆدی رۆژ و پڕ هەراوهوریا کە زۆر زوو گەشەیکردووە، رەد دەکردەوە.

ئەمڕۆ لێشاوی ئەو کتێبانەی پەیوەندیان بە پۆستمۆدێنزمەوە هەیە، جێگەی خۆی بە بارانێکی ئارامداوە و وتوێژە ئاگراویەکانی لەوبارەیەوە، گۆڕاوە بە هەڵسەنگاندنێکی جدی و هوشیارانە. ئەم زاراوەیە لەهەندێك شوێندا (بۆ نمونە لەجیهانی هونەردا) و ئەگەر نەڵێین ئەو بابەتانەش کە ئاماژەی بۆ دەکات، لەحاڵەتی فەرامۆشکردنی بەئەنقەستدان. لەهەمانکاتدا لەجیهانی رۆژئاوادا، چەند رەهەندێکی تیورەی پۆستمۆدێرن، لە لقەکانی زانستە مرۆییەکاندا ئاوێتەبوون.

لێرەوە پۆستمۆدێرنیزم بەشێوەیەك بەردەوام دەبێت کە ئێمە (دیارە بەکەمێك

زیادەڕەویەوە) دەتوانین بڵێین بووە بە بەشێك لە قسەوباسەکانی رۆژانەمان. ئەمە پیشانیدەدات کە بایەخی ئەوەیی هەیە سەرنجێکی ورد لە دەورەبەری بدەین.

مانا چەندلایەنیەکان

دەکرێ تەماشای بواری دەرونشیکاری بکەین، زیگمۆند فرۆید وەك سیمای دامەزرێنەری ئەم زانستە بناسینو دەستبکەین بە ناساندنی کەرەسە چەمکیە سەرەکیەکانی. بەڵام ناکرێت بەهەمان ئاسانی باسی پۆستمۆدێرنیزم بکەین. پرستمۆدێرنیست هەمەکیەکی فکری بەمانای وردی وشە نیە. بزوتنەوەیەکی فکری یەکپارچە، بە ئامانج و روانگەیەکی بڕاوەوە نیە و خاوەنی تیورەساز و وەڵامدەرەوەیەکی باڵادەست نیە.

ئەمە لەبەرئەوەیە کە بەگشتی هەر لقێك لە فەلسەفە بیگرە تا خوێندنەوە کلتوریەکان، لە جوگرافیاوە تا مێژووی هونەر، هەر هەمویان ئەم وشەیەیان وەرگرتووە. هەریەك لەم بوارانە چەندان کتێب و بڵاوکراوەیان لە گۆشەنیگای دیدی خۆیانەوە لەبارەی ئەم بابەتەوە بەرهەمهێناوە، پۆستمۆدێرنیزمیان بە زمانی خۆیان پێناسکردووە. بەکورتی پۆستمۆدێرنیزم پەرەیسەندووە. پرستمۆدێرنیزم بە بەکارهێنانی لەبواری جیاوازدا و ئاماژەکردنی بۆ شتگەلێکی جیاواز، مانای چەند لایەنی وەرگرتووە، و ئەو تێکستانەی لەمبارەیەوە بەرهەمهاتوون، لەبری ئەوەی ماناکەی رونبکەنەوە، زیاتر ئاڵۆزیان کردووە. کێشەکەش لێرەدایە کە مانای شێمانەی پۆستمۆدێرنیزم لە بواریکدا، هیچ لەو مانایە ناچێت کە لە بواریکی دیدا هەیەتی.

لێرەوە پۆستمۆدێرنیزم ئەمڕۆ بووە بە رێنمایکەری ژیانێکی ئاڵۆز. ئەوەندە ئاڵۆز کە لەراستیدا چەندان پۆستمۆدێرنیزم یان لانیکەم زۆر جۆری جیاوازی هەیە. پۆستمۆدێرنیزم لەلایەکەوە بەشێوەیەکی تەنزئامێز بۆتە ویردی زمانی کلتوری خەڵکی ولەلایەکی دیشەوە بۆتە بابەتی چەندان کتێب و بڵاوکراوەی زانکۆیی. هەندێك بوار لەم زاراوەیە بێزاربوون و بەدوای ئەڵتەرناتیڤیدا دەگەڕێن، هەندێك بواری تریش تازە پێیراهاتوون. هەندێك پۆستمۆدێرنیزم بە زاراوەیەکی کورتوپوخت بۆ دەربڕینی کۆمەڵێك گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و کلتوری دەزانن، و هەندێکی دی لەبارەی سودمەندی ئەم زاروەیەوە، دوودڵن.

تەنانەت لە قسەی رۆژانەی کەسانێکدا کە بە "چینە زۆربلێکان" ناودەبرێن، پۆستمۆدێرنیزم بەکارهێنانی جیاوازی هەیە. بۆ نمونە دەکرێت بەزاراوەیەکی ئالۆز بزانرێت بۆ دەربڕینی هەر بابەتێکی هاوچەرخ کە بەشێوەیەکی تەمومژاوییں. یان دەکرێت بەشێوەیەکی تەمومژاویتر و وەك ناوێکی باو بۆ دەربڕینی ساتەوەختێکی دیاریکراو لەمێژوودا، بەکار بهێنرێت. سەرەڕای ئەمانە بواره جیاوازەکان، لەوانە رەخنەی ئەدەبی کە لانکەی پۆستمۆدێرنیزمە، سەبارەت بەماناکانی بانگەشەی تایبەتی خۆیان هەیە و پێدەچێت تەنیا شتێکی مسۆگەر کە دەکرێت لەبارەی پۆستمۆدێرنیزمەوە بیلێین ئەوەیە کە رونکردنەوەی کارێکی ئەستەمە.

زاراوەیەکی نەرم و گۆڕاو

رەنگە کۆی ئەو قسانەی کردمان گریمانەی ئەوە دروستبکات کە پۆستمۆدێرنیزم هەرچیەکە کە بمانەوێت، و رەنگە هەقیقەتێکی کەمی تێدا هەبێت. ئەم کتێبە لەرووی جیاوازەوە پیشانیدەدات کە پۆستمۆدێرنیزم دەتوانێت:

هەلومەرجێکی واقعی بێت لەناو کۆمەلگادا.

★ کۆمەلێك بیرۆکە بێت کە هەوڵدەدات پێناسی ئەم هەلومەرجە بکات یان رونیبکاتەوە.

شێوازێکی هونەری، یان میتۆدێك بێت بۆ دروستکردنی شتەکان

وشەیەك بێت کە لەبواره جیاوازەکاندا و بۆباسکردنی زۆرێك لەو مەسەلانەی سەرەوە، سودی لێوەردەگیرێت

ئەمانە تەنها چوار شێوەی بیرکردنەوە لەبارەی چیەتی پۆستمۆدێرنیزمەوەن. رەنگە شێوەی دیش هەبێت. دیارە جیاکردنەوەی ئەم شێوانە لەکرداردا، هێندە کارێکی ئاسان نیە. بۆ نمونە ئەگەر شتێك بەناوی شێوازی هونەری پۆستمۆدێرنەوە هەبێت، ئەوا تیورەسازێك پۆستمۆدێرنیزم رەنگە بیر لەوەبکاتەوە کە چۆن ئەو شێوازە پەیوەندی بە هەلومەرجی پۆستمۆدێرن لە کۆمەلگادا هەیە یان سەرچاوەی لێوە گرتووە.

گەرچی لەم کتێبەدا تاڕادەیەك سود لەهەموو شێوازەکانی سەرەوە وەرگیراوە، بەڵام شێوازی دوهەم نزیکترین شێوازە کە لەم کتێبەدا وەرگیراوە. لەبری ئەوەی

هەوڵبدەین پێناسێکی گشتگیر پێشکەشبکەین، پۆستمۆدێرنیزم وەك کۆمەلێك دیدی هەمەڕەنگ لەبارەی هەلومەرجی هەنوکەمانەوە لەبەرچاوگیراوە. ئەمە بەمانای ئەوەیە کە ئێمە پۆستمۆدێرنیزم نەك وەك شتێك، بەڵکو وەك کۆمەلێك چەمك و باس لەبەرچاودەگرین. تەنانەت رەنگە لەمە زیاتریش بڕۆین و بڵێین دەکرێ پێناسی پۆستمۆدێرنیزم، وەك کۆمەلێك چەمك و باس لەباری خودی پۆستمۆدێرنیزمەوە بکەین.

سەردەمی تازە

پۆستمۆدێرنیزم سەرەڕای نەرمی زۆر، بەڵام بێمانا نیە و تێگەیشتنیشی هێندە سەخت و دژوار نیە، دیارە ئەم چەمکە هەروا مانای تەمومژاوی و دەستەبژێرانەی هەیە کە دەبێت بەردەوام لەگەڵ ئەو وشانەدا کە رەگوریشەی بەمانا رۆشنبیرانەی هەیە، دەستوپەنجە نەرمبکەین ئەگەرچی ئەو تیورانەی پەیوەندیان بە پۆستمۆدێرنیزمەوە هەیە بەشێوەیەکی زۆر ئەبستراکت تاوتێدەکرێن، بەڵام دەکرێ بەهەمان ئەندازە باسی بابەتە دیاریکراوەکانیش بکات. چەندان بابەتی قابیلی ناسین هەن کە بەردەوام خوێندنەوە جیاوازەکانی پۆستمۆدێرنیزم لەسەر تەوەرەیان دەسوڕێنەوە و فەسڵەکانی ئەم کتێبەش بەشێوەیەکی گشتی لەسەر بناغەی ئەو تەوەرانە رێکخراوە. ئەم بابەتانە هێندە فراوان لەبەرچاو گیراون کە لەگەڵ مانای ژیان لەزەمەنی هەنوکە و باشترین شێوەی وەسفکردنی بگونجێن.

ئەوان گریمانەکەیان لەسەر ئەوە دادەمەزرێنن کە کۆمەلگا، کلتور و شێوازی ژیانی ئەمرۆ جیاوازیەکی بەرچاوی لەگەڵ سەد یان پەنجا یان تەنانەت سی ساڵی رابردودا هەیە.

ئەوانە گرنگی بەبابەتی دیاریکراوی وەك گۆڕانی دەزگاکانی راگەیاندن، کۆمەلگای مەسرەفکەر و تەکنیکبوونی زانیاریەکان دەدەن

ئەوان بڕوایانوایە ئەم گۆڕانانە کاریگەری لەسەر تێگەیشتنی ئێمە بۆ بابەتی ئەبستراکتر، وەك مانا، شوناس و تەنانەت واقع دادەنێت.

ئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن شێوازە کۆنەکانی شیکردنەوە چیدی سودیان نیە، و دەبێت بۆ تێگەیشتن لەسەردەمی تازە، شێواز و زمانێکی گفتوگۆی تازە دابهێنرێت.

پێش مێژوو

رەنگە گەورەترین کێشەی پۆستمۆدێرنیزم، خودی ئەم وشەیە بێت. Post بەمانای "پاش"ە و دەکرێت مۆدێرنیش بەمانای هەنوکەیی وەربگرین. کەوابوو دەکرێت پاش مۆدیرن بین. چۆن دەتوانین دەستوپەنجە لەگەڵ چەمکێکی ئاوا ناکۆکئامێزدا نەرمبکەین؟ یەکێك لەو کارانەی دەتوانین بیکەین، ئەوەیە سەیری مێژووی ئەم زاراوەیە بکەین.

ئەگەرچی تەقینەوەی پۆستمۆدێرنیزم بەدرێژای دەیەی رابردوو رویدا، بەڵام ئەم هەلومەرجە مۆدێرنە سەردەمێکی پێشوتریش لەئارادا بووە. ئەم زاراوەیە دەرکەوتنی سەرەتایی و تاکانەی هەبووە و ئەمەش خۆی بە " پێش مێژووی" پۆستمۆدێرنیزم دەژمێرێت. بەرلەوەی باسی هەندێك لەم شتانە بکەین، دەبێت ئەوەمان لەبیر بێت کە نابێت ئەم نمونانە "پێش مێژوویانە" بە بەشتێکی بڕاوە بزانین. ئەنجامدانی ئەمکارە دەبێتە هۆی ئەوەی کۆیرانە رێگەکە ببڕن. چونکە مانای پۆستمۆدێرنیزم لەو سەردەمەدا، هەمیشە لەمانای هەنوکەیی پۆستمۆدێرنیزم ناچێت. لەگەڵ ئەمەشدا ئەو شەش نمونەیەی لەخوارەوە هێنراونەتەوە بایەخی تاوتوێکردنیان هەیە، چونکە لەهەندێك روی سەرنجڕاکێشەوە ، لەگەڵ جۆرەکانی ئەمڕوی پۆستمۆدێرنیزمدا یەك چەتریان هەیە. وەك دواتر دەبینین ئەوانە تاڕادەیەك پێشەنگی زاراوەکان و ئەو باسانە بوون کە پەیوەندیان بە پۆستمۆدێرنیزمەکانی دواتر و پەرەسەنوترەوە هەیە. هەوڵەکانی مێژوونوسان بۆ دۆزینەوەی یەکەمین سودوەرگرتن لەم زاراوەیە، هێشتا بەری نەگرتووە، بەڵام دەرکەوتەکانی ئەم بابەتانەی خوارەوە دەگرێتەوە.

دەیەی ١٨٧٠

یەکێك لە هونەرمەندە ئینگلیزیەکان بەناوی جۆن واتکینیز جیمن ئەم زاراوەیەی بۆ وەسفکردنی وێنەکێشانێك بەکارهێنا کە بەبڕوای خۆی لەوێنەکێشانی ئەمپرسیۆنیست فەڕەنسی وەك کلۆد مۆنە یا ئۆگۆست رتوا کە دیبونی،

پێشکەوتوترە. بەرهەمی هونەرمەندانی ئەمپرسۆنیست بەتازەترین دەرکەوتی سەردەمی مۆدێرن _بەدەربڕینێکی دی بەمۆدێرنترین هونەری مۆدێرن- دەزانران. پۆستمۆدێرنیزم لەسەردەمی جیمندا ئاماژەی بۆ هونەری تازەی (پاش ئەمپرسیۆنیستی) دەکرد کە پێ بۆ لەهەوڵدانی ئەمپرسیۆنیستی بۆ بەدەستهێنانی دەرکەوتە ساتەوەختیەکانی سروشت لە وێنەکیشاندا، زیاتر دەنێت.

١٩١٧

نوسەری ئەڵمانی رۆدۆلف پانۆویتز باسی "مرۆڤە پۆستمۆدێرن"ە نەهلیستیەکان و نائەخلاقیەکانی دەکرد کە لەبەها سەقامگیریەکانی شارستانێتی ئەوروپا دورکەوتنەتەوە.

١٩٤٧

دی. سی. سامرۆل لەکورتکراوەیەکدا کە بۆ بەرگی شەشەمی کتێبی خوێندنەوەی مێژوو(١٩٤٧)ی ئارنۆڵد تۆین بی مێژوونوسی ئینگلیزی پێشکەشی دەکات، وا باسیدەکات کە دەکرێت شێوەی وردبونەوەی تۆین بی بۆ مێژوو بە "پۆستمۆدێرنانە" ناوبنرێت. پاشان تۆین بی ئەم زاراوەیەی لێوەرگرت، و لەبەرگەکانی تری بەرهەمەکەی خۆیدا، چەمکی "سەردەمی پۆستمۆدێرن"ی هێنایە ئاراوە. ئەم سەردەمە قۆناغێك بوو کەدوابەدوای سەردەمی تاریکی (١٠٠٠-٤٧٦) و سەردەمی ناوەڕاست (١٤٧٥-١٠٧٥) و سەردەمی مۆدێرن(١٧٨٥-١٤٧٥) دەهات. "مۆدێرن" لەروانگەی تۆینی بیەوە قۆناغی سەقامگیری و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بوو. بەڵام لەنزیکی ١٨٧٥دا شارستانێتی رۆژئاوا هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی شارە پیشەسازیەکاندا، روبەڕوی کێشەی ئاژاوە، ترس و تۆقاندن و شۆڕش بۆوە.

١٩٥٧

برنارد رۆزنبرگ مێژوونوسی کلتوری ئەمەریکایی هەلومەرجی تازەی ژیانی لەکۆمەڵگای ئەو کاتەدا ناونا "پۆستمۆدێرن". ئەو بڕوای وابوو گۆڕانی کۆمەڵایەتی و

کلتوری گرنگ لەحاڵەتی رووندایە. ئەم گۆڕانانە دەرکەوتنی دەسەلاتی تەکنیکیانە و دروستبوونی کلتوری جەماوەری یان "لێکچوو" دەگرێتەوە.

بەرهەمەکانی رۆزەنبرگ و توین بی و ئەوانی دی نمونەگەلێکی باشمان دەدەنێ بۆئەوەی تێبگەین چۆن شێوەی بەکارهێنانی سەرەتایی زاراوەی پۆستمۆدێرنیزم، هەمیشە لەگەڵ شێوەی بەکارهێنانی هەنوکەی ئەم زاراوەیەدا یەکسان نیەو ناگونجێت. لەبەرهەمەکانی ئەم نوسەرانەدا گۆڕانی بەهاکان و هەلومەرجی کۆمەلگا، بەشێوەیەکی کاریگەر بەدەرئەنجامی پەرەسەندنی پیشەسازی دەزانرێت. سودوەرگرتنی ئەم نوسەرانە لەزاراوەی پۆستمۆدێرنی پسپۆریانە و بەزەبر ئالۆز و تێکەڵ و پێکەڵ بوو. لەو روەوە پسپۆریانە بوو کە هەوڵیدەدا جیاوازی جیهانی هاوچەرخ لەرەهەندە دیاریکراوە سیاسی، ئابووری و فەلسەفیەکانی سەردەمی "مۆدێرن"دا پیشانبدات. لەو روەشەوە بەزەبر ئالۆز و تێکەڵوپێکەڵ بوو کە قۆناغی تێپەڕ لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دی (لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەوە تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم) زۆرتر بەقۆناغی مۆدێرنە بەناوبانگە.

١٩٦٤

لسلی فیدلەر دەست بەوەسفی "پاش" کلتوری دەکات کە بەها دەستەبژێریانەی هونەر و ئەدەبیات پڕ بەرهەمی مۆدێرن، ردەدەکاتەوە.

١٩٦٨

رەخنەگری ئەمەریکی لیو شتاین برگ سەرنجی لەوەدا کە لەهونەری دیداری هاوچەرخدا (وەك هۆنەری پۆپ) ئارەزوی رەنگدانەوەی سروشت گۆڕاوە بە ئارەزوی رەنگدانەوەی "بێگیانی" پڕۆژە دروستکراوەکانی دەستی مرۆڤ. شتاین برگ ئەم ئارەزووە بە پۆستمۆدێرن ناودەنێت، چونکە لەکاتێکدا جۆرە کۆنەکانی هونەری مۆدێرن (لە ئەمپرسیۆنیزم بەدواوە) گرنگیان بە بەچنگهێنانی هەقیقەتی دیداری یا هەستی دەدا، هونەری پۆپ ئارەزوی لە شتە دروستکراوەکان هەبوو.

دوو بواری گرنگ هەن کە تیایاندا پۆستمۆدێرنیزمە جیاوازەکانی (پێش مێژوو) لەگەڵ مانا هەنوکەییەکانی پۆستمۆدێرنیزمدا لەژێر چەترێکدا بوون. یەکەم بوار

پەیوەندی بەو ئایدیایەوە هەیە کە ئێمە چوینەتە ناو قۆناغێکی مێژوویی‌یەوە کە خاوەن خەسڵەتی تایبەت بەخۆیەتی. دوهەم بوار گرنگی بەدابەشکردنێکی گرنگ‌و(بەهەمان ئەندازەش ئاویتەیەکی گرنگ) لەنێوان تیورەکانی پۆستمۆدێرنیزم لەکۆمەڵگاداو تیورەکانی پۆستمۆدێرنیزم لە هونەرەکاندا دەدات. لەکۆتایی ئەم بەشەدا تاوتوێی ئەم دوو لایەنە دەکەین.

مۆدێرنە و ڕۆشنگەری

هەندێك لە پێشەنگانی پۆستمۆدێرن باسی چوونی کۆمەڵگا بۆ قۆناغێکی تازە دەکەن. ئەوان بڕوایانوایە لەقۆناغێکی مێژوویدا بەخەسڵەتی بێ وێنەوە دەژین کە لەهەموو لەهەر قۆناغێکی تری مێژوویی جیاوازە. بەتایبەتی دەبێت لەقۆناغی مۆدێرنی پێشوی جیابکرێتەوە. مێژوونوسان لەرووی جیاوازەوە وەسفی چیەتی وردو مێژووی وردی سەرەتا و کۆتایی ئەم سەردەمەیان کردووە. ئەم وەسفە هاوکاتە لەگەڵ بڕوابوون بەم شتانەی خوارەوە:

⋆پێشکەوتن

⋆خۆشبینی

⋆عەقڵانیەت

⋆گەڕان بەدوای هوشیاری رەها لە زانست، تەکنیککاری، کۆمەڵگا و سیاسەتدا.

⋆بڕوابوون بەوەی بەدەستهێنانی هوشیاری لەبارەی خودی واقعیەوە، تەنها بناغەیەکی تری بەدەستهێنانی هوشیاریەکانی تره.

لەباسەکانی پەیوەندیدار بەپۆستمۆدێرنیزمەوە، ئەمجۆرە بەهایانە زۆرجار بەدروشمەکانی رۆشنگەری ناودەبرێن. بەدەربڕینێکی تر ئەم بەهایانە هاوکاتە لەگەڵ سەردەمی عەقڵ (یان رۆشنگەری) کە رەگی لەئەوروپای سەدەی حەڤدەو هەژدەهەمدا هەیە، و بەخێرایش کاریگەری لەسەر سەرجەم بیرکردنەوەی رۆژئاوا دانا. وەك پێڕستەکەی سەرەوە پیشانیدەدات، دروشمە سەرەتاییەکانی رۆشنگەری بە گوتارێکی عەقڵانیەوە وەك بنەمای رێنماکەری سەرجەم زانین، و باوەڕ بەوەی تەنها پێشکەوتن لەشێوازی فکری دەتوانێت جیهانێکی پڕ لەرێکخستن، ئاسایش، تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و خۆشبەختی دەستەبەر بکات، دەستوپەنجەی نەرمدەکرد.

دیارە ئەم زاراوەیەی پرۆژەی رۆشنگەری یا پرۆژەی مۆدێرنە روبەروی چەندان نەیارێتی لەناوخۆدا بۆتەوە، ئەم قۆناغەش وەك هەر قۆناغێکی مێژوویی دی هەڵگری دودڵی و وتوێژگەلێك بوو. پێدەچێت باسکردنی سەردەمی مۆدێرن (بەو مانایەی مەبەستی توین بی بوو)کە هەڵگری یەك پرۆژە بووە یان خۆی یەك پرۆژەی یەکتا بێت، کارێکی زێدەڕەوانە بێت. لەگەڵ ئەمەشدا فەلسەفەی گشتی ئەم قۆناغە زۆرجار لەرووی باوەڕەوە بەو بابەتە پێناسەدەکرێت کە پێشکەوتنی کۆمەڵگا لەڕێگەی کاملبوونی لەسەرخۆی زانستە مرۆییەکانەوە (لەرێگەی زیادکردنی خودهوشیاری و شێوازی وردی عەقڵیەوە) بەدەست دێت. بیریارانی وەك کانت، هیگڵ و فۆڵتێر هاوڕێی ئەم نەریتە بوون. لەژێرخانی ئەم فەلسەفەیدا سەرمایەگوزاری لەسەر مافە گشتگیرەکانی مرۆڤ هەیە، کە دواجار بووە هۆی شۆرشی فەڕەنسی و راگەیاندنی مافەکانی مرۆڤ لە ویلایەتە یەکگرتوەکاندا. لەژێرخانیدا بیریارانی رۆشنگەری هەن کە هاوکات لەگەڵ بروابونیاندا بەگشتگیری بەهاکانی خۆیان، خۆبەزل زانانە ئەوروپا بە روناکترین و پێشکەوتوترین بەشی دنیا دەزانن. ئەوروپا بە شارستانیتر لە شوێنەکانی دنیا دەزانرا، ئەمەش دەبووە هۆی هەستێکی ترسناك لەسەر بناغەی ئەوەی دەکرێت ولاتەکانی دی و رەگەزەکانی دی کۆلۆنیال بکرێن و وەبەربهێنرێن، یان باشتر بکرێن. وەك لای ئارنۆلد توین بی تێبینیمان کرد، هەندێك لێکۆڵینەوەی سەرەتای لەبارەی پۆستمۆدێرنیزمەوە، وەسفی لەناوچوونی ئەم بەهایانە و دابڕانی بنەڕەتی لەم بەهایانە دەکات.

ئەم لەناوچون یان دابڕانە باسکراوە، تا ئەمڕۆش بەشێکی گرنگی باسەکانی ئەمڕۆیە لەبارەی پۆستمۆدێرنیزمەوە. زۆرجار بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆ توانای بینینی ئەم دروشمانەی لەدەستداوە. کۆمەڵگای پۆستمۆدێرن لە دژایەتی راستەوخۆدا لەگەڵ خەسڵەتەکانی سەردەمی مۆدێرن کە لەسەرەوە باسکرا، زۆرجار بەشێوەیکی نێگەتیف و هاوکاتە لەگەڵ ئەم تایبەتمەندیانەی خوارەوە:

★کۆتایهاتن

★بەدبیبنی

★ناعەقڵانیبوون

★ڕەخنەگرتن لەزانینی ڕەها.

ڕۆمانووسی ئیتاڵی و تیورەسازی کلتور ئەمبرتۆ ئیکۆ لەتایبەتمەندیە بەربلاوەکانی ساتەوەختی مێژوویی هەنوکەدا، گەڕانەویەك بۆ دیدی سەردەمی ناوەڕاست دەبینێتو بەمشێوەیەش بۆتە هۆکاری تێکئاڵانی هەرچی زیاتری مەسەلەکان. لەلایەکی دیەوە زۆرێك لەبیریارانی پۆستمۆدێرن لەبری حەسرەت خواردن بۆ رمانی رۆشنگەری، چالاکانە بەگژ ئەو پێشگریمانانەدا دەچنەوە کە لەرۆشنگەریەوە هاتوون، یان لەناوچونی وەك فاڵێکی باش تەماشادەکەن. وەك دواتر دەیبینین ئەم قسەیە لەبارەی زوربەی ئەو بیریارانەوە راستە کە لەم کتێبەدا باسیاندەکەین. هەرچی زیاتر بچینە پێشی، بەلگەکانی ئەوان بۆ ئەنجامدانی ئەمکارە رونتر دەبێتەوە، بەڵام لە ئێستادا دەتوانین تێبینی ئەم بابەتە بەربلاوانەی خوارەوە بکەین:

★لەناچوونی جیاوازی باوی نێوان کلتوری باڵا و نزم

★سەرنجدان لەو خاڵەی کە ژیانی ئێمە بەشێوەیەکی ڕوو لەزیاد دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی دەزگا دیداریەکانەوە.

★ پرسیارکردن لەبارەی ئایدیاکانی پەیوەندیدار بەمانا و پەیوەندیەکانەوە، و لەبارەی ئەوەشەوە کە نیشانەکان چ ئاماژەیەك بۆ دنیا دەکەن.

★هەستێك لەسەر ئەو بناغەیەی پێناسەکانی شوناسی مرۆیی، لەگۆڕاندایە یان دەبێت بگۆڕێت.

★گۆمان لەو چیرۆکانەی کە بۆ ڕونکردنەوەی " ڕەگەزی مرۆیی" و لەبارەی ئایدیای پێشکەوتنەوە دەیڵێن.

مۆدێرنەو نوێکردنەوە

ناوێکی دی سەردەمی مۆدێرن، مۆدێرنەیە. مۆدێرنە لەگەڵ بیرۆکەی

نوێکردنەوەدا پەیوەستبووە. نوێکردنەوە پیشاندەری رۆژانەکردنی شتێك، یان بەڕێخستنی لەگەڵ شتێکدایە کە بە مۆدە و پێویستی ئەمرۆ دەزانرێت. بۆ نمونە ئەگەر باسی تازەکردنەوەی مەتبەخەکەی خۆمان بکەین، مەبەستمان ئەوەیە یەتازەترین ئامرازەکان و دیکۆرەکانی شێوازی "ئەمڕۆ" دەوڵەمەندی بکەین- دیارە ئەم رۆژانە رەنگە شێوازی "ئەمڕۆ" بەمانای خاوەندارێتی شێوازی "بەیانی"(ئایندەگەرانە) یان "دوێنێ"(کۆن) بێت. تازەکردنەوەی شوێنی کار (دوکان، پۆلی وانەخوێندن، خەستەخانە یان بەڕێوبەرایەتی)یش بەگشتی بەمانای رۆژانەکردنێتی بە داهێنراوە تەکنیکیەکانی هەنوکە و جێبەجێکردنی دوا ئایدیا لەبارەی بەدەستهێنانی کارایی و زیادکردنی بەرهەمهێنان تادوا سنوری شیاو. دەکرێت ئەم پرۆسانەی تازەکردنەوە لەزوربەی بەشەکانی ژیاندا، لە پزیشکیەوە بیگرە تابەرنامەرێژی شار، لەپەروەردەوە تا پەیوەندیەکان رێگەی دوردا ببینین. دیارە ئەم پرۆسەیە کۆتایی نایەت. هێشتا هیچ بەسەر بەکارهێنانی شتێکی تازەدا نەڕۆیشتووە، کە لەگەڵ مۆدێلێکی تازەتر و باشتردا چاکیدەکەین یان دەیگۆڕین. لێرەوە شێوازەکانی جلوبەرگ و مەتبەخ بەردەوام لەمۆدە ئەکەون، تۆزەکانی جلشتن بەردەوام "نوێ دەبنەوە" و "باشتر دەکرێن" و فەرمانبەرانیش بەردەوام رێگەی باشتر بۆ "باشترکردنی" هێزی کاری خۆیان پەیدا دەکەن. گۆڕانێکی ئاوەها دینامیکی بەردەوام و خێرا، بەتایبەتی لە کۆتای سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، خێرایەکی زۆرتری وەرگرتووە.

لە مۆدێرنەدا یان پاش ئەو؟

ئەم هۆکارانە و هۆکاری دیش هەرهەمویان پێکەوە بە بەشی دانەبڕاوی قۆناغێکی تایبەتی لەمێژووی کۆمەڵایەتیدا لەبەرچاو گیراون، قۆناغێك کە پیشاندەری جیاوازیگەلێکی زۆرە لەنێوان کۆمەڵگای کلاسیکی و کۆمەڵگای هاوچەرخدا. دەکرێت ئەو کۆمەڵگایەی ئەمرۆ ئێمە لەناویدا دەژین، بەهۆی بوون یان تۆندبوونی خەسڵەتە گرنگەکانی مۆدێرنە کە لەسەرەوە هێنامانەوە، تەفسیر بکرێت، بۆ نمونە رووبەرووی پەیوەندی هێشتا لەحاڵەتی گەشەکردن و پەرەسەندندان (ئەنتەرنێت و مۆبایل دوو نمونەی ئەم دواییانەن)، شارەکان درێژە بە

پەرەسەندی ئاسۆی و شاقوڵی خۆیان دەدەن، و ئەم پرۆسەیەی رۆژانەبوون (لانیکەم لەبوارەکانی وەك مۆدەدا) بەخێرایی لەئارادایە.

لەبەر ئەم هۆیانە هەندێك خوێندنەوەی پۆستمۆدێرنیزم (چ لایەنگران و چ نەیارانی)، پۆستمۆدێرنیزم نەك بە دابڕان لەمۆدێرنە، بەڵکو بەدەرئەنجامی گەشەکردنی دەزانن. لەم خوێندنەوەیەدا پۆستمۆدێرنیزمیش چارەنوسێکی وەك نوێکردنەوەی دەبێت، و لانیکەم بەدوا خاڵی پێشکەوتنی نوێکردنەوە دەناسرێت. بۆ نمونە لە فەسڵی شەشەمی ئەم کتێبەدا دەبینین چۆن دەکرێت گۆڕانەکانی ئەم دواییانە لە تەکنیکی سیبرنیتکدا، بە تیورەکانی پۆستمۆدێرنیزمەوە ببەستینەوە. لەگەڵ ئەمەشدا دەکرێت ئەم گۆڕانانە بە دوا بەرهەمی پرۆسەی نوێکردنەوەیەکی بێکۆتایی بزانرێت کە بەرلەوەی بەشێك لەقۆناغێکی مێژووی تایبەتی هاوچەرخ و دابڕاو لەرابردوو بێت، بە شۆڕشی پیشەسازی دەستی پێکردووە.

نمونەیەکی دی تەلەفیزیۆنە کە هەندێکجار وەك هێمای پۆستمۆدێرنیزم دەزانرێت. ئەمڕۆدەکرێت تەلەفیزیۆن بەتواناکانی پەخشی فەزایی، خاوەندارێتی کەناڵە جیاوازەکان و ڕاپۆرتە راستەخۆکان لەناوچەکانی جەنگەوە، بە تازەگەریەکی تایبەتی بزانرێت. بەڵام بەهەمانشێوە دەکرێت بە بەرهەمی دەرکەوتنی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بزانین کە لە چارەکی دوایی سەدەی نۆزدەوە دەست پێکرد. بۆ نمونە لەو سەردەمەدا بوو کە مارکۆنی تلگرافی داهێنا و برایانی لۆمبر لەکۆمەڵێك ئەزمون و دۆزینەوەی وێنەگری، سینەماتۆگرافیان دروستکرد. بەمشێوەیە دەکرێ تەلەفیزیۆن بەهۆی سەرجەم تازەیی و ئاڵۆزی تەکنیکیانەی ئاشکرای، بەبەرهەمێکی تری مۆدێرنە بزانرێت.

ئەو پرسیارە کە ئایا پۆستمۆدێرنیزم دابڕانێکە لە قۆناغێکی کۆنتر، بەشێك لەسوڕانەوەی بێکۆتایی گۆڕان، یان رەهەندێکی تری سەردەمی مۆدێرنە (ورەنگە قۆناغی پەتی پۆستمۆدێرن هێشتا بەڕێوە بێت) بابەتی چەندان باسی جێی سەرنج بووە. بیروڕای جیاواز لەبارەی پۆستمۆدێرنیزمەوە بەشێوەیەکی سەرەکی پەیوەندی بە شێوەی وێنەکردنی جەدوەلی زەمەنی مێژوەوە هەیە. پەیوەندی بەوەوە هەیە خەڵکی هێڵەکانی نێوان قۆناغە مێژوویەکان لەکوێدا دەکێشن. وەك هەر تیورەسازێکی پۆستمۆدێرنیستی رەنگە بانگەشەی بۆ بکات، ئەم قۆناغانە بەرلەوەی

دریژکراوە واقعیەکانی زەمەن یان سەرەتا و کۆتاییە واقعی و گرنگەکان بن، شێوەی دروستکراوی مرۆڤن بۆ پێکەوەلکانی هەنوکە و رابردوو.

وەک چۆن ناکرێت هێڵێکی جیاکەرەوە لەنێوان سەردەمی ناوەڕاست و مۆدێرندا بکێشین، هیچ جیاکردنەوەیەکی رون و دیاریکراویش لەنێوان مۆدێرن و پۆستمۆدێرندا نیە. ناتوانین پەنجە بۆ یەک میژوو دریژ بکەین و بڵێین کە ئەم میژووە پیشاندەری دابڕان یان خاڵی تێپەڕینێکە لەنێوان ئەو دوو قۆناغەدا.

جیاکاریەک

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دواوە و تەماشای شەش بەکارهێنانی سەرەتای پۆستمۆدێرنیزم بکەین، دەبینین کە دەکرێت هەمویان بەسەر دوو وتەزای سەرەکیدا دابەشبکەین: لەلایەکەوە پۆستمۆدێرنیزم بە رووداوێکی کۆمەڵایەتی و ئابوری دەزانرا کە بەشێوەیەکی سەرەکی بەرهەمی گەشەکردنی پیشەسازی فرە بووە. لەلایەکی دیەوە پۆستمۆدێرنیزمێك هەبوو کە ئێمە بەئاسانگیریەوە، بەمەسەلەیەکی کلتوری، واتە بە مەسەلەیەکی پەیوەندیدار بەوگۆڕانانەی لەهونەرەکاندا رویداوە، ناوبنێن.

ئەم جیاکاریە لەنێوان مەسەلەی کۆمەڵایەتی و مەسەلەی کلتوریدا، لەهەندێك رووەوە بەتەواوی دروستکراوە. ئەم دوانە تارادەیەك زانیاری بەیەك دەگەیەنن کە لەواقعدا ناکرێت لەیەك جیابکرێنەوە. بۆ نمونە ئایا ئێوە تەلەفیزیۆن بە وتەزایەکی کۆمەڵایەتی دادەنێن یان کلتوری؟ هەرەوەها بۆ دەبێت هونەرەکان بەجیا لەمەسەلە کۆمەڵایەتیەکان بزانرێت؟ لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کاتێك باسی پۆستمۆدێرنیزم دەکەیت، سودمەند دەبێت گەر ئەم جیاکاریەت لەزیهندا هەبێت. بۆ نمونە رۆمانەکانی ئەم دواییانە کە بە پۆستمۆدێرنیزمی ناودەبرێن (وەك ئەو رۆمانانەی فۆڵز، کۆرت ونگات یان دن دبلیو نوسیویانە) دەکرێ بەدروستی بەم ناوە ناوببرێن، چونکە ئەم رۆمانانە رەنگدانەوەی یان ئاشکراکەری هەلومەرجە کۆمەڵایەتیەکانی پۆستمۆدێرنن، یان لەبەرئەوەی کە لەگەڵ هەندێك رەگەزی پۆستمۆدێرن کە لەشێوەکانی تری هونەردا هەیە، لێکچونیان هەیە. بەڵام دەکرێت ئەوانە لەوروەوە بە پۆستمۆدێرنیستی ناوببرێت کە دەکرێ بگوترێت پاش مۆدێرنیزمی ئەدەبی رێگەیان بۆ شوێنێکی گرنگ کردۆتەوە. هەنوکە بێ ئەوەی بمانەوێت مۆدێرنیزمی ئەدەبی

پێناسبکەین (ئەمەش مەسەلەیەکی هەمیشەییە)، تێبینیکردنی ئەم خاڵە پێویستە کە مۆدێرنزیمی ئەدەبی بەناچار وەك مۆدێرنە نیە لەکۆمەڵگادا بەشێوەیەکی گشتی.

بەزمانێکی تەکنیکی مۆدێرنیزمی ئەدەبی ئاماژە بۆ گۆڕانە کلتوری و هونەریەکان (بۆ نمونە لە مۆسیقا، ئەدەبیات، هونەر، فیلم، تەلارسازیو لەم باباتە شتانە) دەکات، لەکاتێکدا مۆدێرنە ئاماژە بۆ هەلومەرجە کۆمەڵایەتیەکان و ئەو"فەزایەی لێی بەرهەمهاتووە" دەکات.

لەتیورەکانی پۆستمۆدێرندا هەندێکجار لایەنگری لەم جیاکاریە کراوە و هەندیکجاریش دژایەتیکراوە. بەڵام ئەمرۆ پۆستمۆدێرنیزم خزمەت بەهەردوکیان دەکات. من بۆ ڕەچاوکردنی هاوئاهەنگی لێرەدا، دەمەوێت پۆستمۆدێرنیزم بۆ وەسفکردنی هەر دوو ئەم شتە بەکاربهێنم.

ئەنجامگیری

تائێرە پۆستمۆدێرنیزمان بەشێوەیەکی سەرەکی بەدیدێکی نێگەتیڤەوە تێبینیکردووە. تێبینی ئەو تێکەڵیانەی کە بەناچار یان بەهۆی بەناوبانگبوونی پۆستمۆدێرنیزمەوە لەناویدا هەیە کردووە. هەندێك هێڵی هەمەکی ڕەوتەکانی تیورەی پۆستمۆدێرنمان پیشاندا و گوتمان کە پۆستمۆدێرن چی نیە. ئەوەی کۆ خۆمان لێپاراستووە، پێشکەشکردنی پیناسێکی رون و یەکتایە لەبارەی چیەتی پۆستمۆدێرنیزمەوە.

کاتێك خەڵك دەپرسن پۆستمۆدێرنیزم چیە، پتر بەدوای شتێکی یەکتا و قابیلی بینینەوەن، بۆ ئەوەی ئەم ناوەی لێبنێن. ئەو شتە دەشێت شتێك، هەلومەرجێکی مرۆیی یان هەر شتێکی دی بێت. بەهەرحاڵ شتێکە کە گریمانە لەسەر بوونی دەکرێت. لێرەوە گریمانەکە بەوشێوەیە کە دەکرێت لەزگەی پۆستمۆدێرنیزم بێ چەند و چون پێوەی بلکێنرێت. دەکرێ ئەو شتە پێناسبکرێت و پاشان خۆشحاڵ و بەدڵناییەوە لەوەی هوشیاریمان بە چیەتی پۆستمۆدێرنیزم پەیداکردووە، بگەڕێینەوە مااڵێ. بەڵام زۆرێك لە تیورەسازانی پۆستمۆدێرنیزم بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە روانی شتێکی وا لە جیهانی واقعدا مومکین نیە. ئەوان بڕوایانوایە کە شتەکانی بێ چەندوچون پۆستمۆدێرن، لەجیهاندا ناسوڕێنەوە تا چاوەڕێ بن کە من

و ئێوە بەشێوەیەکی بابەتی پێناسیان بکەین و بایەخی پۆستمۆدێرنیان پێببەخشین. ئەوەی شتێك (جا چ تیورەیەك، بەرهەمێکی هونەری یان رەهەندێکی کۆمەڵگا بێت) ناوبنێین پۆستمۆدێرن، تەنها لەرێگەی دۆزینەوەی هەقیقەتی بابەتی هەبوو لەچوار دەوریدا، مومکین نیە. هیچ شتێك نیە کە هەڵگری "رەگەزی پۆستمۆدێرنیزم" بێت و بیدۆزنەوە و بتوانن لەبەرامبەر رووناکیدا رایگرن و بەدوای سەرە دەزووکانی چیەتی سەرەکی یان نهێنی ژێنیکی پۆستمۆدێرنیزمدا بگەڕێن. بەڵکو کاتێك ئێوە شتێك ناودەنێن پۆستمۆدێرن، ئەوا ئەو شتە لەوتەزایەکی دیاریکراودا دادەنێن یان بەشێوەیەکی تایبەت قاڵبەندی دەکەن. لەبری ئەوەی چۆنایەتیەکی تیا بدۆزنەوە، بیرۆکەیەکی بەسەردا بار دەکەن و دواجار بەمکارە کۆمەڵێك بیرۆکە سەبارەت بەجیهان، و پەیوەندی ئێمە بەجیهانەوەی پێوە گرێدەدەن.

لێرەوە دەکرێت پۆستمۆدێرنیزم لەسودمەندترین شێوەدا، بەوتەزایەکی رەخنەی نەرم و بەدامێنێك بەکارهێنان و تێگەیشتنی بەزەبرەوە بزانرێت. پۆستمۆدێرنیزم زاراوەیەکی "قایبلی بارکردنە"، کە توانای ئەوەمان پێدەبەخشێت بچینە ناو زۆرێك لەو بیرۆکە گرنگانەی پەیوەندیان بەخەسڵەتە تایبەتیەکانی جیهانی ئەمڕۆمانەوە هەیە.

شێوەی جیاواز بۆ دابەشکردنی ئەم بیرۆکانە هەیە. یەکێك لەم شێوانە پێناسی پۆستمۆدێرنیزمە وەك "مردنەکان" یا "کۆتاییەکان" کە دەگوترێت پیشاندەری ئەم بابەتانەی خوارەوەیە:

کۆتایی میژوو: ئەم بابەتە دەرئەنجامی گۆمانی پۆستمۆدێرنیستەکانە سەبارەت بە بیرۆکەی پێشکەوتن و هەروەها دەرئەنجامی ئەو باسانەیە لەبارەی چۆنێتی میژوونوسی و ئەو بیرکردنەوەیەی کە روداوەکان خاوەن یەکێتی و ئاراستە نین.

کۆتای مرۆڤ: ئەم بابەتە بەرهەمی پرسیارکردنی پۆستمۆدێرنیزم لە "مرۆڤایەتی؟ وەك داهێنانێکی کۆمەڵایەتی و میژوویی، و هەروەها پەیوەندی بەو بیرۆکەیەوە هەیە کە تەکینککاری تازە، ئێمە بەرەو "پاش –مرۆڤی" پەرەسەندن دەبەن.

مردنی شتی واقعی: ئەم بیرۆکەیە دەرئەنجامی رو وەرگێڕانی پۆستمۆدێرنیزمە لەگەڕان بەدوای هەقیقەتی رەهادا و پێباشتربوونی مەسەلە کاتی، دروستکراو و

روکەشیەکانە لەلایەن پۆستمۆدێرنیستەکانەوە، و بەدواداچوونی فەلسەفی لەبارەی پەیوەندی واقع و رەنگدانەوە، پەیوەندی بەو دیدەوە هەیە کە واقع لە ئاماژەکانەوە دروستبووە.

وەرگێڕانی فەسڵی یەکەمی ئەم کتێبەی خوارەوەیە
گلن وارد: پستمدرنیسم. ت: علی مرشدی زاد. تهران قصیده سرا ١٣٨٤.

سەرنجێك لەژیان و بیروباوەڕو بەرهەمەکانی ژان فرانسوا لیوتار

حوسێن عەلی نەوزەری

یەکێك لەبەرجەستەترین کەسایەتیەکان لەبواری وتوێژی فەلسەفی "پۆستمۆدێرنە"دا، ژان فرانسوا لیوتارە. لیوتار لەساڵی ١٩٢٤ لەفێرسای فەرەنسا لەدایکبوو. لای مۆریس میرلۆپۆنتی دەستی بە خوێندنی دیاردەناسیکردو یەکەم بەرهەمی فەلسەفیشی لەژێر ناونیشانی "دیاردەناسی"دا کە لەساڵی ١٩٥٤دا لەلایەن دەزگای بلاوکردنەوەی زانکۆی پاریسەوە چاپو بلاوکرایەوە، تەرخانکراوە بۆ لێکۆڵینەوەی بەرهەمو بیروڕاکانی مامۆستاو فێرکارەکەی، واتە بۆ "میرلۆپۆنتی". لەساڵی ١٩٥٢دا دەستیکرد بەوانە وتنەوەی فەلسەفە. سەرەتا لەجەزائیرو چەند ساڵێکیش لەزانکۆی پاریس. جگە لەمیرلۆپۆنتیش بیریارانی دیاردەناسی وەك هایدگەرو لیڤیناسیش کاریانکردۆتە سەر روکردنی رەخنەگرانەی لیوتار بەرەو شیکردنەوەی پەیوەندیە ئاڵۆزەکانی نێوان نمونە ئەبستمۆلۆژیەکانی زانستو ژینی جیهانی کلتورو سیاسەت. ئەو روکردنەی لیوتار بەرەو ئەو بواره دینامیکیو ئافرێنەرانەی لەپرۆژەکانی خۆیدا سودیانی لێوەردەگرێ، نەك هەر کاریکردۆتە سەر بواری فەلسەفەو بیرکردنەوەی فەلسەفی، بەڵکو کاریکردۆتە سەر پانتاییەکی بەرفراوانی زانستە مرۆییەکانیش. لیوتار بۆ یەکەمجار لەولاتانی ئینگلیزی زماندا بە وەرگێڕانی کتێبە بەناو بانگەکەی "هەلومەرجی پۆستمۆدێرن.. راپۆرتێك لەبارەی زانینەوە" (١٩٧٩) بۆ زمانی ئینگلیزی لەساڵی ١٩٨٤دا ناوبانگی دەرکرد. (Pane, 1997, 320).

دەکرێ لیوتار بە بەرجەستەترین بونیادنەرو رونکەرەوەو تەفسیرکەری پۆستمۆدێرنە بزانرێ. فەیلەسوفێکی سیاسی، زمانناس، فەیلەسوفی زمان، جوانناسو تیوریستی کلتوری کە پانتایی راوبۆچونەکانی لەحەفتاکان بەدواوە بەخێرایی لەئاستێکی بەربلاودا سنورەکانی ئەوروپای بەزاندووە. لیوتار لەژێر کاریگەری بیروڕاکانی مارکس، فرۆید، لاکان، نیتچە، کانت، هایدگەرو.. دایە. خوێندنی لەزانکۆی پاریس تەواوکردو لەساڵی ١٩٧١دا بەرگری لەدکتۆرانامەکەی خۆی کرد. لەساڵی ١٩٧٢دا کورسی مامۆستای فەلسەفەی زانکۆی پاریسی بەدەستهێنا. ماوەیەك لەزانکۆی

کالیفۆرنیا لەئێرڤین Irvin وانەی گوتەوە. یەکێکە لەبونیادنەرانی کۆلیژی نێونەتەوەی فەلسەفە لەپاریس کە ماوەیەکیش پۆستی سەرۆکایەتی ئەو کۆلیژەی گرتەدەست. پۆستی جۆراوجۆری لەزانکۆکانی ولاتە یەکگرتووەکاندا گرتە ئەستۆ. وەك مامۆستایەکی بانگهێشتکراو لەزانکۆکانی ڤیسکانسین، کالیفۆرنیا، مینە سوتا، مۆنتریال، ساوپالۆ تۆرینۆدا، وانەی گوتۆتەوە. لەدوا ساڵەکانی ژیانیدا سودی لەو هەلانەی لێکۆڵینەوە وەرگرتووە کە خرابوونە بەردەستیو وانەو لێکۆڵینەوەی لەزانکۆی بیلو زانکۆی ئیموریدا، پێشکەشکردووە، لیوتار لە٢٢ ئاڤریلی ١٩٩٨دا کۆچی دواییکرد.

لیوتار لەساڵەکانی دەیەکانی ١٩٥٠ وە تا ساڵی ١٩٦٤ هاوکاری گروپێکی چەپی مارکسی دەکرد کە ناوی "سوشیالیزم یان بەربەریت" (Socialisme ou barbarie) بوو. لەراستیدا گروپی ناوبراو هاوپەیمانیەتێکی ناسەقامگیر بوو لەنێوان کرێکاران، خوێندکارانی زانکۆ، لاوانی پڕ حەماسەتو شۆڕشگێڕ، ڕۆشنبیرانو بڕێك لەنوسەرانو تیوریزەنانی کۆمەڵایەتی. لیوتار جگە لەبەشداریکردنی لەچالاکیە سیاسیەکانی چەپەکان لەدەیەی ١٩٥٠و ١٩٦٠دا، پشتگیری جدیو حەماسی لەشۆڕشی جەزائیر دەکاتو لەهەمانکاتدا ڕەخنەی لەهەنگاوە سەربازیو سەرکوتکەرانەکەی فەرەنسا لەجەزائیردا دەگرت (Pane, 1997, 320). لیوتار لەپاش ڕووداوەکانی مانگی مەی ١٩٦٨ کە خودی خۆی بەشداربوو تیایدا، بەشێوەیەکی جدیو قوڵ دەستیکرد بە سەرلەنوێ بیرکردنەوە لەدەوری تیۆرە گەورەکانی مێژوو لەچالاکی سیاسیدا.. وەك تیۆرەی مارکسیزم. لیوتار بڕوایوابوو ئەو خوێندکارانەی زانکۆ کە بەشداریان لەرووداوو ڕاپەڕینەکانی ساڵی ١٩٦٨دا کرد لەژێر کاریگەری هیچ یەك لەمچەشنە تیۆرە گەورانەدا نەبوون، بەڵکو لەسەر بناغەی دژایەتیکردنی ڕوتی سیستەمی جێگیری بالادەست، کاریاندەکرد. هەر ئەم هاوڕێیەتیو هاودەردیە روو لەزیادەی سەبارەت بە تێڕوانینیو دیدی خوێندکاران هەستی پێدەکرد، دواجار رایکێشا بۆ نەیارێتی [مخالف] لەگەڵ "مۆدێرنیزمدا"و ڕەخنەکردنیو شیکردنەوەی ئەو چوارچێوە فکریو کۆمەڵایەتیەی پێوەی بەستراوە (Matthewsm, 1996, 180).

لیوتار لەنێوان ئەو ڕۆشنبیرو بیریارو فەیلەسوفە فەرەنسیانەی کە سەرقاڵی

ناساندنو بلاوکردنەوەی چەمکی فەلسەفەی پۆستمۆدێرنیزم بووون، لەهەموان دیارترو بەرجەستەترە، و بەراستی دەکرێ بەیەکەم کەس دابنرێ کە چەمکەکانی "پۆستمۆدێرنیزم"و "پۆستمۆدێرن"ی هێناوەتە ناو بواری وتوێژی فەلسەفیەوە. ئەگەرچی نیگەرانیە فەلسەفیەکان لەبەرهەمەکانی لیوتاردا ئەوەندە جدیو قوڵ نیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند ئاماژەیەکی هەرچەند کورتیش بۆ شێوازی کاری لەبەکارهێنانی چەمکە فەلسەفیەکاندا بۆ بواری رەخنەی کۆمەڵایەتی، بێسود نیە.

دەکرێ بەدبینیو بەدگومانی لیوتار بەرامبەر بەناسین یان زانینی بەدەزگایکراوو چاودێریکردنو کۆنترۆڵی بیرۆکراسیەت بەسەر بواری ئەندێشەو بیرکردنەوەدا، لەو رەخنە تووندانەدا ببینینەوە کە ئاراستەی "ملکەچی ناچارانەی ناوەرۆکە کلتوریەکانو پەیوەندی پەروەردەو فێرکاری بە وتەزا[مقولات] ئابوریە روتەکانەوە دەکرد: واتە بە بەرهەمهێنانو مەسرەفکردنەوە" (Pane, 320).

پۆستمۆدێرنیزم چەمکێکە کە درزی نێوان وەسفی ئەزمونگەرانەی سوسیولوجیانەو تەفسیری فەلسەفی فراوانتر دەکات. (لەراستیشدا رەنگە هەر ئەم خاڵە بەسەرچاوەی سەرەکی ئەو گرفتو مەسەلانەی دوای دابنرێ کە چەمکی پۆستمۆدێرنیزم لەئەنجامی لێشاوی گەورەی رەخنەو دژایەتیکردندا، رووبەڕووی بۆوە). بەهەرحاڵ پۆستمۆدێرنیزم ئاماژە بۆ "شتێك دەکات کەپاش مۆدێرنیزم دێت" (Matthewa,1996,180). لەروی سوسیولوجیەوە بڕوا لەسەر ئەوەیە کە گۆڕانکاریەکی گرنگ لەبواری بەهاکان، دەزگا کۆمەڵایەتیەکانو رووداوە تەکنەلۆژیەکان لەدەیەکانی دوایدا، رووبداوە. فەلسەفە لەم نێوەدا چ لەیارمەتیدانی رونکردنەوەی گۆڕانە ناوبراوەکانو چ لەئامادەکردنی زەمینەو هەلومەرجی گونجاو بۆ بیرکردنەوە لەبارەی ئەوەی کە بەلگەی گونجاو بۆ سەلماندنی نەتوانینو کەموکوڕی بیرکردنەوەی مۆدێرنیزم هەیە، دەورێکی گرنگی بینیوە. لیوتار لەکتێبی "هەلومەرجی پۆستمۆدێرن"دا بڕوایوایە چەمکی پۆستمۆدێرن دەتوانێ بە راشکاویو بە رۆشنیو تونديەکی تەواوەوە، هەم لەبواری فەلسەفەو هەم لەبواری سوسیولوجیادا، رۆشنگەرو کاریگەر بێت.

بەرلەوەی زیاتر بچینە ناو بواری تیۆرەکانی لیوتارەوە چاکترە کەمێك لەبارەی چەمکی مۆدێرنیزمەوە قسەبکەین. مۆدێرنیزم بە زمانی فەلسەفی بریتیە لەو

کۆمەڵە بیروڕاو دیدگاو بەهاو خەسڵەتانەی کە لەلایەن فەیلەسوفانی سەردەمی رۆشنگەریەوە- لایبنیتس، هیوم، کانتو نوسەرانی ئەنسکلۆپیدیای "فەرەنسیی"، لەگەڵ پێشڕەوە سەدە هەڤدەهەمینەکانیان واتە: دیکارت، لۆکو نیوتنەوە نوسراو پێشکەشکرا. ئەم فەیلەسوفانە چ ئەوانەی بە فەیلەسوفانی "ئەزمونگەر" ناسراونو چ ئەوانەی بە فەیلەسوفانی "عەقلانیەت" بەناوبانگن، تێڕوانینێکی تایبەتو بەڕێژە چونیەکیان بۆ وتەزای "عەقڵ" هەبوو: عەقلانیەت هێزو توانایەکە سەرجەم مرۆڤەکان لەبەر مرۆڤبونیان لەنعیمەتەکانی بەهرەمەندنو [ئەم نیعمەتەش] هیچ پەیوەندیەکی بەتایبەتمەندیو خەسڵەتە جیاوازە تاکە کەسیەکانو خەسڵەتە کلتوریو نەژادیو نەتەوەییو مێژوویەکانەوە نیە. دەکرێ دەرکەوتنی ئاشکرای بەهرەی عەقڵ لەتوانای مرۆڤدا ببینین بۆ بیرکردنەوەی لۆژیکیو ماتماتیکانە. لۆژیکانە بیرکردنەوەو ماتماتیکانە ئەندێشەکردن، توانا هێزێکە کە مرۆڤەکان دەتوانن بە بەکارهێنانی "عەقڵی" خۆیان بەدەستیبهێنن. لەبەرئەوەی عەقڵ بەهرەیەکە —تایبەت بە مرۆڤ، ئەوا دەرکەوتەکانو نیشانەکانی ئەم عەقلەکورت ناکرێنەوە بۆ ئاشکراکردن یان پیشاندانەوەی شێوەو میتۆدە زیهنیە تایبەتەکان بۆ بیرکردنەوەو بینینی تاکەکان، بەڵکو عەقڵ ئاشکراکەری شێواز گەلێکە بۆ بیرکردنەوەو بینینی واقعیەتی بابەتی لەبارەی جیهانەوە. لێرەوە نمونەی باڵای عەقڵی چالاك هەمان ماتماتیکی روتو بەکارهێنانی ماتماتیکە لەزانستە مادیەکاندا. ئەم بوارانە بەتەواوی بابەتیبوونو زانستە سروشتیەکانیش کە لەسەر بناغەی ماتماتیك دامەزراون، جیهانیان بەو شێوەی هەبوو، وێنە دەکرد (یان بە دەربڕینی کانت: لایەنیکەم بەو شێوەیەی کاتێك لەروانگەی عەقڵی مرۆڤەوە سەیری دەکەین خۆیمان پیشاندەدات).

کاتێ زانستە سروشتیەکان، بەتایبەتی ئەو زانستە سروشتیانەی پەیوەندیان بەرەفتاری مرۆڤەوە هەیە، گەیشتنە قۆناغی پێگەیشتنو کاملی خۆیان، هێواش هێواش لەشکڵی تەکنەلۆژیادا سودیان لێوەرگیراوو ژیانی مرۆڤیان رۆژ لەدوای رۆژ ئاسودەترو خۆشبەختر کرد، و بەهۆی کاریگەرترین ئەو شێوانەی کە زانستەکان توانیبویان دروستیبکەن، سەرجەم پێداویستیەکانی مرۆڤیان جێبەجێکرد. لەبەرئەمە ئەوەی دەبوو ئەنجامیبدات بریتیبوو لەرێکخستنی پرۆتۆکۆڵو دەزگا

کۆمەڵایەتیەکان بەشێوەیەك کە بکرێ زانستەکان لەسەر بناغەیان لەسەرجەم بوارەکانی ژیانی مرۆڤدا بەکاربهێنرێت، و دڵنیابوونیش لەوەی هەموو مرۆڤەکان دەتوانن بەشێوەیەکی یەکسانو بەرابەر سود لەو توانستو ئیمکاناتانە وەربگرن کە زانستە ئاڵۆزەکان پێشکەشیاندەکرد. هەر کۆمەڵگایەك کە خاوەن رێکخستنو رێکخراوێکی عەقڵانیەو لەسەر بناغەی زانستەکان راوەستاوە، دەتوانێ زامنی ئەوە بکات هەموو تاکەکەسەکان بەشێوەیەکی عەقڵانیو لۆژیکی رەفتار دەکەنو نابنە هۆی ناڕەحەتیو گرفت بۆ خۆیانو کەسانی دی. ئەمە لەراستیدا هەمان ئەو "زانستی کۆمەڵگا"یە بوو کە مارکسیزم بانگەشەی پێشکەشکردنی دەکرد (MatthewS.182).

بەمشێوەیە عەقڵ، زانست، بابەتیبوون، خۆشبەختی بەناوە رەمزیەکانی مۆدێرنیزم دەژمێران. لیوتار بڕوایوایە ئێمە لەروی سوسیۆلوجیەوە چوینەتە قۆناغێکەوە کە لەروانگەی [ئەو قۆناغەوە] مۆدێرنیزم بە مانای قەیرانێکی قوڵە: دەرکەوتنی جۆرێك لەدژایەتی عەقڵو ناباوەڕی بە عەقڵو زیهنیەتگەری، بەدگومانی خەڵك بەرامبەر بە زانستو بەرامبەر بەوەی کە هەوڵی خۆشبەختی رۆژبەرۆژ وەك خەونێکی رو لەناوچوی رابردوو، لەپاشەکشەدایە. بەگشتی هونەرو کلتور پیشاندەرەوەی ئەم خەسڵەتە یان هەلومەرجو حاڵەتەن. بەڵام ئەگەر ئەم دیاردەیە تەنها دیاردەیەکی سوسیولۆجی بوایە، ئەوا دەبوو لەروی بەهاو شێوازەوە بێلایەن بوایە، ئەم قۆناغە خۆی لەخۆیدا نە باشەو نەخراپ، بەڵکو تەنها بە قۆناغ یان ساتەوەختێکی تازە لەمێژودا دادەنرێ. لەلایەکیدیەوە ئەم گۆڕانی حاڵەت یان گۆڕانی خەسڵەتە، کاردانەوەیەکە لەبەرامبەر هەڵە یان کەموکوڕیە فەلسەفیەکانی مۆدێرنیزم. لەم حاڵەتەشدا دەکرێ بەجۆرێك لەپێشکەوتنو چاککردنی بارودۆخ دابنرێ: لەراستیدا ئەم هەلومەرجە تازەیە، هەلومەرجی "پاش" مۆدێرنیزمە، نەك هەر تەنها بەمانا کاتیو تێپەڕەکەی، بەڵکو بەمانای زیاتر رۆیشتن لێی و رۆیشتن بەرەو روی شتێك کە بناغەو بونیادێکی فکری قوونڵترو گونجاوتری هەیە.

ئەم کەموکوڕە فەلسەفیانەی مۆدێرنیزم کامانەن؟ رونتاکترین پێگەیەك کە لێیەوە دەبێ مامەلەلەگەڵ ئەم پرسیارە بکەین، ئەو وتوێژو بەلگاندنانەیە [استدلال] کە چەمکی رۆشنگەرانەی عەقڵی هەمەکی (کلی) خستۆتە ژێر گومانەوە. لیوتار تا

رادەیەك ئەو وتوێژو بەلگاندنە گومانکارەیە، لەو روداوو تەوژمە بونیادگەرو پاش بونیادگەریەدا دەبینێتەوە کە لەسەر بناغەی میتۆدەکانی زمانناسی هەڵوێست لەرێژەگەری [نسبیت] کلتوری وەردەگرێت: ئاراستەگەلێك کە تا رادەیەك دەکرێ لەبەرهەمەکانی لۆدڤیك فینگشتاینو تیۆرەی "کرداره ئاخاوتنەکان"ی "جان لنگشاف ئاستین"دا ببینرێتەوە (Matthews,182). ئەم دوو روداوە فکریە یەکێکیان لەنەریتی فەلسەفی فەرەنساو ئەویدیان لەنەریتی فەلسەفی ئەنگلۆساکسۆندا، تارادەیەکی زۆر بەدوای یەك ئاراستەی هاوبەشەوەن. لەمڕووەوە زۆربەی بیریارانی هاوچەرخ بەشی زیاتریان بۆ نەریتی فەلسەفی فەرەنسا داناو لەبەرهەمو کارەکانیاندا باس‌و خواسێکی سەربەخۆو زۆریان لەبارەیەوە ئەنجامداو لەم ئاراستەیەشدا بەرهەمی زۆر مەزنیان بەرهەمهێنا. ئێمە لێرەدا تەنها ئاماژەیەکی کورت بۆ سود وەرگرتنەکانی لیوتار لەبیروبۆچونەکانی فنگشتاین دەکەین.

لیوتار سود لەتیۆرەی "گەمە زمانیەکان"ی فینگشتاین زیاد لەهەر بەشێکی تری فەلسەفەکەی وەردەگرێ. بەبڕوای فینگشتاین لەراستیدا فەیلەسوفان بە پرسیارکردن لە"مانای" دەربڕینە بێگومانەکان (given expressions) توشی گومڕاییبوون‌و بەلاڕێدا چوون. چونکە دەربڕینە بێگومانەکان ئەوە ئاشکرادەکەن کە مانای خۆیان تەنهاو تەنها لەیەك ڕێگەوە دەدۆزنەوەو ئەو ڕێگەیەش رەنگە لەرێگای پەیوەستبوون یان پەیوەستکردنی خود بەو شتەوەی بێت کە ئاماژەی بۆ دەکەن، ئەوەی دەبێ بە دوایدا بگەڕێین "مانای" دەربڕینێك نیە، بەڵکو "سودو بەکارهێنانی" ئەو دەربڕینەیە لەچالاکیە مرۆییەکاندا. زمان شتێکە مرۆڤەکان لەچالاکیە تایبەتیەکانی خۆیاندا بەکاریدەهێنن (گەمەزمانیەکان)و دەربڕینەکانیش بەهۆی جۆری بەکارهێنانەوە لەناو "گەمە زمانیە" جیاوازەکاندا، "مانای" جیاواز وەردەگرن.

لیوتار بڕوایوایە مەبەستی فینگشتاین لەبەکارهێنانی زاراوەی "گەمەی زمانی" ئاماژەکردنە بۆ بەکارهێنانە جیاوازەکانی زمان: وەك رستەسازی، فەرمانکردن، پێشکەشکردنی بابەتە زمانی —کرداریەکان (بەچەمکە ئاستینیەکەی بە مانای "ئەنجامدانی شتێك یان وتنی شتێك" وەك بەڵێندان بە وتنی "من بەڵێندەدەم")،

پێشکەشکردنی وەسفێکی ئەدەبی، چیرۆکبێژی، وتنەوەی حیکایەت یان ریوایەتێك..و لەم بابەتانە. هەریەك لەم گەمە زمانیانە لەگەڵ ئەویدیدا جیاوازە. هەر گەمەیەکی زمانی لەژێر کۆنترۆڵی ڕێسای تایبەتی خۆیدایە، ڕێك وەك چۆن گەمەی شەترنج بە ڕێسایەکی جیاواز لەڕێسای تۆپێن، ئەنجامدەدرێت. باشە! بەم وەسفەوە ئەگەر ئەم تێڕوانینە بۆ زمان قبوڵبکەین، ئەوا هیچ "گەمەیەکی زمانی" تایبەت ناتوانێ بانگەشەی گەورەتربونی خۆی بەسەر گەمە زمانیەکانی دیدابکات یان بانگەشەی ئەوەبکات "ئاشکراکەری شتێکە کە دیاردەو شتەکان بەکردەوە لەودەچن" یان بانگەشەی ئەوەبکات بە شێوەیەکی بابەتی توانای پێشکەشکردنی "گوزارەیەکی ڕاستی (هەقیقی) هەیە". کەوابوو بە هیچ شێوەیەك بەکارهێنانی زمان لەزانستە سروشتی و ماتماتیکیەکاندا، ناتوانێ بانگەشەی گەورەتر بونێکی لەمچەشنە بکات. لێرەوە دیدو شێوەی تێگەیشتنی سەردەمی ڕۆشنگەری بۆ زانست وەك پارادیمێکی بابەتی و عەقڵانی، دەچێتە ژێر پرسیارەوە. زانست لەنێوان گەمە زمانیەکانی دیدا تەنها یەك "گەمەی زمانیە" کە مەبەستی دیاریکراوو تایبەتی لەبەردەم خۆی داناوە (Matthews,183).

ئەگەر بە ئاسانی نەتوانین بابەتیبوون و عەقڵانیبوونی تایبەتی زانست وەك عەقڵانیەتێکی بەدیهی و بێگومان قبوڵبکەین، ئەوا دەبێ لەجێگەیەکی دیدا بەدوای هۆی ئەو مەسەلەیەدا بگەڕێین کە بۆچی کۆمەڵگا مۆدێرنەکان بەگشتی ئەم تێگەیشتنەیان بۆ زانست قبوڵکردووە. خەسڵەتی تایبەتی گەمەی زمانی زانست کە لەگەمە زمانیەکانی دی جیای دەکاتەوە ئەوەیە کە ئامانجی بەتەواوی ڕوو لە"ڕاستیبوون" بە مانای ئەو گوزارانەی کە هەموو گەمەکەرانی لەبارەی دروستی و ڕاستیەوە، کۆکن. ئەم گەمەکەرانە لەدەستنیشانکردنی ئەوەی چ شتێك "ڕاست"و چ شتێك "درۆیە"، پەیڕەوی لەکۆمەڵێ ڕێسای تایبەتی دەکەن کە لەگەمەی زمانی زانستیدا بەکاردەهێنرێ. لیوتار لەبەرامبەر ئەمەدا بەشی زۆری گەمە زمانیەکانی دی بە "ڕیوایەت" ناو دەنێ: ڕیوایەتە ئیداریەکان پێوەری جیاوازی بۆ ڕاستو هەڵە، لەپێوەرەکانی ڕاستو هەڵەی لەزانستەکاندا هەیە. ڕیوایەتەکان بۆ هەڵسەنگاندنو تاوتوێکردن، سود لەپێوەری جیا لەهەقیقەت یان "ڕاست" وەردەگرن. لەبەکارهێنانی ڕیوایی زماندا، پێوەرە ئەخلاقی و ستاتیکیەکانو هەروەها پێوەرەکانی ناسین،

لەیەککاتداو پێکەوە سودیان لێ وەردەگیرێ. هەر لەبەرئەمانەش لەکلتورێکدا کە لەژێر دەسەڵاتی زانستدایە یان لەکلتورێکی باڵا دەستی زانستی وەك مۆدێرنیزمدا، ئەم بەکارهێنانە جیاوازانەی زمان، خاوەن بەهایەکی ئەوتۆ نین.

ئەفسانەو چیرۆکە جەماوەریەکان بە چەند نمونەیەکی بەرجەستەی بەکارهێنانی زمانی ڕیوایی دادەنرێن. ئێمە ئەم ئەفسانانە بەیارمەتی پێوەری جیا لەزانست بۆ ڕاستو هەڵە هەڵدەسەنگێنین. هەروەها بەیارمەتی پێوەرەکانی دی وەك. لەزەتی ستاتیکی، پێشکەوتنی ئەخلاقی و پەیامی کۆمەڵایەتی و لەم بابەتانە، هەڵیان دەسەنگێنین. بەکارهێنانی کۆمەڵایەتی ئەم ئەفسانانە، ڕەوایەتی بەخشینە بەدەزگاو جۆرەکانی چالاکی و جێگەی تاکەکان لەکۆمەڵگاداو ڕێك وەك چۆن ئەفسانەی گەڕانەوەی نەژادی پاشا بۆ حەزرەتی ئادەم وەك باوکی مرۆڤەکان، بە مەبەستی ڕەوایەتی بەخشین بە دەوری پاشا لەپلەوپایەی "باوکی وڵاتی خۆیدا" سودی لێ وەردەگیرا. مۆدێرنیزم لەسەر بناغەی بابەتیبوون و عەقڵانیەت، دەورێکی ڕەوایەتی بەخشی بە زانستەدا. بەڵام شیکردنەوەی مانا، شیکردنەوەی جۆرەکانی پەیوەندی هەبوو لەنێوان شتەکاندا کە بە زمان دەیڵێینو ئەو دنیایەی کە لەبارەیەوە قسە دەکەین، [دەبێتە هۆی ئەوەی] هەوڵی ناوبراو بۆ ڕەوایەتی بەخشین ڕابوەستێت. بەشێوەیەکی خوازەیی دەبێ بگوترێ کە تەنانەت زانستیش پێویستی بە یارمەتی ئەفسانە هەیە، بۆئەوەی ڕەوایەتی ببەخشێ. لەم ئاراستەیەدا لیوتار پشت بە دوو ئەفسانەی بنەڕەتی دەبەستێ کە هەرکامێکیان شێوەی جیاواز بەخۆیانەوە دەگرن: ئەفسانەی زانست وەك ڕزگارکەری مرۆڤایەتی و ئەفسانەی هیگڵی زانست وەك سیستەمێکی هەمەکی زانینی مرۆیی (Matthews.184).

بەڵام ئەم ئەفسانانە لەکۆمەڵگای هاوچەرخدا بەکارهێنانو بایەخو بەهای خۆیان لەدەستداوە، بەشێوەیەك کە "زانست"یش "ڕەوایەتی" خۆی لەدەستداوە. لێرەوە مۆدێرنیزم بە پشتبەستن بەو گریمانەیەی تەنها بیرکردنەوەی زانستی ڕەوایە، بایەخو بەهای خۆی لەدەستدەدا. ناکرێ ئەفسانەکان بە بایەخدارو ڕەسەن دابنرێن، چونکە هەنوکە چیدی ناکرێ ئەمچەشنە لەچیرۆکە ئاراستەبەخشە گەورانە قبوڵبکرێ. لەبەرئەمە چیدی ئەو بیرۆکەیەی کە زانست لەڕوی بابەتیەوە هەقیقیە، ناتوانێ هۆیەکی بەهێز بێت بۆئەوەی دوای زانست بکەوین. کەوابوو دەبێ

مـۆدێرنیزم جێگـەی خـۆی بـە پۆسـتمۆدرنیزم بـدات، چـونکە چـیدی نـاکرێ ژیـانی خۆمـان بەیارمـەتی پـرۆژەی رۆشـنگەری لەسـەر بناغـەی عەقڵانیـەتی زانـستی دامەزرێنین. هەنوکە بەهای عەقڵانیەتی زانستی لەژێر پرسیاردایە: ئێمـە نـاتوانین {عەقڵانیەتی زانستی} بە نـەیار یـان بـەرزترو گـەورەتر لەشـێوەکانی تـری ریوایـەتی سادەی بیرکردنەوەی بزانین. چونکە هەنوکە دەبینین رەوایـەتی خـودی عەقڵانیـەتی زانـستی، پەیوەسـتە بەهـەمان ئـەو ریوایەتانـەوە [واتـە بـە ریوایەتـە سـادەکانەوە]. لەهەمانکاتدا ناتوانین ریوایەتە گومانکارەکان قبوڵبکـەین، چـونکە پێوەرگـەلێکی زۆر بەربڵاوو کـراوەو فـراوانو نـاتوانین قبوڵیانبکـەین یـان بڕوایـان پێبهێـنین. کـەوابوو دەبێ بگەڕێینەوە بۆ کلتورێکی پۆستمۆدێرن کـە تیایـدا ئـەمجۆرە ئەفسانە گەورانـەو ریوایەتـە گـشتگیرو ئـەو مژدانـەی بـاس لـەگۆڕانی کۆمـەڵگای مرۆڤایـەتیو بەختەوەرکردنی بەهۆی زانستەوە دەکـەن، بـوونی نیـە..کلتورێـك کـە تیایـدا زانـست تـەنها لەبـەر ئامانجـە دزێوەکـانی خواسـتگەری پـەیڕەو دەکـرێ (Matthews.184).

بەمشێوەیە پۆستمۆدێرنیزم بەو شێوەیەی لەسەرەوە وێنـەمان کێشا، بەراشکاوی کۆمەڵێك زەمانەتو بەرپرسیاری بۆ سیاسەتو کلتـوری گـشتی بـەدوای خۆیـدا دێنـێ. پۆسـتمۆدێرنیزم لەسیاسـەتدا ئاشـکراکەری بـەدبینیو بەدگومانیـە بەرامبـەر بـەو ریوایەتانـەی کـە لیوتـار نـاوی "سیاسـەتی رزگـاریخواز"یـان (Politics of reclemption) لێدەنێت.. لـەجۆری ئـەو تیـۆرە هەمـەکیخوازو جیهانیانـەی وەك مارکسیزم کە لەهەوڵی خوڵقاندنی کۆمەڵگایەکی مرۆیـی کامڵدایـە کـە تیایـدا دواجـار مرۆڤایەتی بە کەماڵو پێگەیشتنی خۆی دەگـات. تەنانـەت خوێندنـەوە ئاڵۆزتـرەکانی ئەم تیۆرانە، وەك چەمکی هەلومـەرج یـان کۆمـەڵگای ئاخـاوتنی یـۆرگن هابرمـازیش، دەکەوێتە بـەر رەخنـەو سـەرنجەکانی لیوتـار. بـەبڕوای لیوتـار ئـەم دیـدە خەیاڵیانـە، تـەنها بەرهـەمێکی تـری ئـەو وەهمـە مۆدێرنیـستەیە کـە بڕوایوایـە بـەکارهێنانی عەقڵانیـەتی زانـستی لـەبواری ژیـانی مرۆڤـدا، دەتوانێـت مرۆڤـەکان بەختـەوەرو خۆشبەختبکات. لـەبری ئەمـەش ئـەوەی کۆمـەڵگای پۆسـتمۆدێرن پێویـستی پێیـەتی، بریتیە لەهەنگاوو داهێنانە لۆکاڵیو ناوچەییەکان لەئاستێکی بـچوکدا، [ئەمـەش] بـە سـودوەرگرتن لـەکلتورە خودیـەکانو هەوڵـدان بـۆ نەهێـشتنی نادادپەروەریـە

بەرجەستەکان.

پۆسـتمۆدێرنیزمو هـەروەها خـودی لیوتـار لەئاسـتی کلتوریـدا لایـەنگری فرەیـی (پلۆرالیزم)و دەستێوەرنەدانی دەوڵەوتن لەبواری هونـەردا. هەلومـەرجێك کـە تیایـدا هونەرمەنـدان ئـازادن کارەکانیـان بـەپێی خواسـتی خۆیـانو بەوشـێوەو سـیاقەی دەیانەوێت، ئەنجامیبدەن، نەك ئەوەی خـودو هونەرەکـەیان لەخزمـەتکردنی ئامانجـە گەورەکان یان بەرژەوەندیە بازرگانیەکاندا بێت.

بێگومـان ئـەمجۆرە بـەدبینیو بەدگومانیـە بەرامبـەر بـە تیـۆرە گـەورەکان، رەواجێکی بەربڵاوی لەکۆمەڵگای هاوچەرخدا پەیداکردووە. بەڵام ئەگەر بڕیارە باس لە"هەلومەرجی پۆستمۆدێرن" بکەین، ئەوا دەبێ لەکاردانەوەو وەڵامە ئیحساسیەکان لەبەرامبـەر نادڵنیـای ژیـانی مۆدێرنـدا دەستهەڵگرین، و لـەوە زیـاتر بـڕۆین. ئـەوەی ئێمـە پێویـستمان پێیـەتی —وەك خـودی لیوتـار بەدروسـتی دەرکیکـردووە، شیکردنەوەیەکی فەلسەفیە کە دەریبخات شتێك بەناوی "مۆدێرنیزمە"وە هەبوو کـە بەهۆی ناهاوڕێکی [نا منسجم] لۆژیکی خۆیـەوە شایـستەی رمـانو لەناوچـونە. دیـارە بەداخـەوە لیوتـار تائێـستا شـیکردنەوەیەکی لەمـچەشنەی پێـشکەشنەکردووە. لـەبری ئەمە تێکەڵـەو پێکهاتەیـەکی لەهەڵسەنگاندنە سۆسـیۆلۆجیو مێژوویـیەکان لـەبارەی رەوتـی گۆڕانکـاریو پەرەسـەندنی مێـژووی بیرکردنـەوەی مـرۆڤ لەسـەدەی هـەژدە بەدواوەی پێشکەشکردووە (کە لەراستیدا ئەوەندە کۆو وردبین نەبووەو مانی بابەتەکە لەبەرامبەر دەوڵەمەندیواقعیەتی مێژویدا، بەتەواوی نـادات). هـەروەها رەخنەیـەکی فەلسەفی لەو شتە پێشکەشکردووە کە ناوی ناوە "ئامانجەکانی رۆشنگەری" (دیارە ئەم هەوڵدانەشی لەسەر بناغەی بەلگاندنێکی [ئیستدلال] وردی فەلسەفی نیە).

بە یەکسانکردنی بیرکردنەوەی مۆدێرن لەگەڵ ئەو تێڕوانینەدا کە تـەنها شـێوەی عەقڵانیبوون یان مەعقولبوون بریتیە لەعەقڵانیەتی ماتماتیك ئاساو زانستی، لـەروی مێژوویـیەوە ناڕاسـتو هەڵەیـە. دیـارە ئـەم روداوە یـەکێك بـوو لـەگرنگترین هێڵەکان لەرەوتی بیرکردنەوەی ئەوروپاو ئەمریکا لەسەدەی هەژدە بەدواوە. بەڵام ئەمە تـەنها یـەکێك لـەو هێڵانەیـەو فەیلەسـوفانی دی لەبەرامبـەر ئەمـەدا بـەرگریان لەدیـدو تێـڕوانینی جیـاواز لەمـەکردووە. ئـەو دیـدو تێڕوانینانـەی بـوون بـە بەشـێك لەهوشیاریو هەستی گشتی. تەنها ئەوەندە بەسە ئاماژە بۆ هیومو رۆسۆ بکەین. هیوم

ئەوەی قبوڵنەدەکرد کە بیرکردنەوەی ئەخلاقیو پراکتیکی دەتوانرێ بەهۆی عەقڵی پشتبەستوو بە ماتماتیکەوە، ڕێگەی خۆی بڕێ (عەقڵ کۆیلەی ئارەزووو شەهوەتەکانەو دەبێ واش بێ). ڕۆسۆش بەرگری لەژیانێکی گونجاو لەگەڵ سروشتو هەستە سادەکاندا دەکرد.

هەر بەمشێوەیەش نەفیو نکوڵی کردنە فەلسەفیەکانی لیوتار لەبارەی "ئامانجەکانی ڕۆشنگەری"ەوە (یان بەشێوەیەکی وردتر شێوازەکانی بیرکردنەوەی پۆزەتیڤزمی) لەسەر بناغەی کۆمەڵێ بەڵگاندنی وردو پتەو نیە، بەڵکو پشت بەهەندێك بانگەشەی نەسەلمێنراو دەبەستێ کە دەڵێ شێوەکانی بیرکردنەوەی زانستی ڕەوایەتی خۆیان لەیەك ئەفسانەوە وەردەگرنو ئەم ئەفسانەیەش هەنوکە بایەخی خۆی لەدەستداوە. تەنانەت ئەگەر ئەم بانگەشەیەی دوایش ڕاستبوایە، ئەوا نەیدەتوانی بەم دەرئەنجامە بگات: لەبەرئەوەی خەڵکی لەئێستادا بە سەختی بڕوا بە چیرۆکە ئاراستەبەخشە گەورەکان دەکەن، کەوابوو هەقیانە سەرپێچی لەقبوڵکردنی بکەن. بەدەربڕینێکی دی کۆمەڵگا ڕەنگە بەسەختی باوەڕێکی بەزانست هەبێت، بەڵام بێئەوەی ئەو خاڵە ڕاستبێت کە زانست جێی باوەڕو قبوڵکردن نیە.

دیارە دەشێ هەندێ لەپرۆژە خەیاڵیەکان لەبارەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیەوە وەلاوە بنرێ، بێئەوەی باوەڕ بە زانست وەك گەڕانێك بە دوای هەقیقەتدا یان پەیمانبەستن لەگەڵ ئامانجەکانی مرۆڤایەتیو عەقڵانیەت کە وەرگیراوە لەڕۆشنگەریەوە، وەلاوەنێن. گەرچی ڕەنگە لەدیدی شیکردنەوەی سوسیۆلۆجی کۆمەڵگای هاوچەرخەوە، بونی چەمکی "هەلومەرجی پۆستمۆدێرن" سودبەخش بێت، بەڵام هیچ زەمینەیەکی فەلسەفی پێویست بۆ دۆزینەوەی جیاوازی نێوان "مۆدێرنیزم"و "پۆست مۆدێرنیزم" بونی نیە. لەڕاستیدا بڕوای لیوتار بەوەی زەمینەگەلێکی لەمچەشنە هەن، پشتئەستوورە بە جۆرێك تێکەڵکردن لەنێوان ئەوەی خەڵك وەك واقعیەت قبوڵیدەکەن، وئەوەی کە بەزەمینەگەلێکی گونجاو بۆ باوەڕبوون بە شتێك دەژمێرێن.

لەلایەکیدیەوە زۆر لەبیریاران پۆستمۆدێرنیزم بە شکڵێکی بەدبینانەی فەلسەفە دەزانن کە دۆگمایەتی گوتارەکانی دی دەخاتە ژێر گومانو پرسیارەوەو لیوتاریش بە یەکێك لەبەرجەستەترین تیوریزەنانی ئەم بزوتنەوەیە دادەنێن. گەرچی لیوتار

زۆرتر لەبەر ئەو بەرهەمانەی لەبارەی پۆست مۆدێرنیزمە نوسیویتی، بەناوبانگەو لەبواره جیاوازەکانی فەلسەفەدا وەك فەلسەفەی زمان، فەلسەفەی سیاسیو ستاتیکاشدا بەرهەمی نوسیووە، بەڵام کارو بەرهەمە سەرەتاییەکانی دەچێتە ناو چوارچێوەی نەریتی مارکسیزمەوە. بەڵام ئەمیش وەك زۆربەی ڕۆشنبیرانی چەپی فەرەنسا دوابەدوای دەرئەنجامە وێرانکارەکانی ڕووداوەکانی (١٩٦٨) بە توندی کەوتە دژایەتیکردنی مارکسیزمو لەکتێبی "ئابوری لیبیدۆی"دا کە وتوێژێکی زۆری وروژاند، هەڵوێستێکی سەرلەبەر پاش مارکسیانەی وەرگرتو کەوتە نەفیکردنی گریمانە بنەڕەتیەکانی میتۆدی مارکسیزم. ئەم هێڵە فکریە لەکتێبی "هەلومەرجی پۆستمۆدێرن"دا گەیشتە لوتکەی خۆی. لیوتار لەم کتێبەدا لەگەڵ ڕەدکردنەوەی تیورە گشتیو جیهانیەکاندا، بەڵگە دەهێنێتەوە کە ئەمجۆرە "تیۆرە گەورانە" (بۆ نمونە مارکسیزم) بایەخو ئاراستەی خۆیان لەدەستداوە، لیوتار لەبەرامبەر "ڕیوایەتی گەورە"و مانا دەسەڵاتاویەکانیدا، ئامانجی "ڕیوایەتی بچوك"ەکان بەتایبەتی ڕیوایەتی بونەوەرە مرۆییە تاکە کەسەکان، دەهێنێتە ئاراوە کە پێویستی بەهیچ جۆرە ئاراستەکردنێکی بونیادی نیە (لیوتار لەو بەرپرسیارانەیە (مولتەزم) کە دژی فەندەمینتالیزمن (anti- foundaionalist).

بەشی گەورەی بیرکردنەوەی سیاسی لیوتار لەساڵەکانی پاش ٦٨دا لەدەوری خەبات دژی خراپ سودوەرگرتن لەئازادیە فەردیەکان دەسوڕێتەوە. نیگەرانیو سەرقاڵی سەرەکی بەرهەمەکانی دوایی لیوتار لەبارەی ماهیەتی ڕێساکانی هەڵسەنگاندن یان داوەریەوەیە. لەم ئاراستەیەدا هێڵی بەڵگەکانی ئەوەیە کە لەبنەڕەتدا هەڵسەنگاندن ڕوداوێکی پراگماتیکیەو پەیوەندی بە گوتارێکەوە، حاڵەتێکی تایبەتیە. یان بەدەربڕینێکی دی [هەڵسەنگاندن] خەسڵەتو تایبەتمەندی گوتارێکە. بەبڕوای لیوتار گوتارەکان ئاڵۆزو دژ بەیەکنو لەنێوان دو گوتاردا بوارێکی وتوێژی چارەسەر هەڵنەگر یان (جیابونەوە) هەیە. لیوتار لەم بەرهەمانەدا بەردەوام بۆ کانت دەگەڕێتەوەو بە ڕواڵەت بە شێوەیەکی هوشیارانە لەهەوڵی گەڕانەوەدایە بۆ چوارچێوەی مارکسیزمو هیگڵی بیرکردنەوەی دیالکتیکانە. ئەو ئارەزوە بت شکێنیەی لەکتێبی "هەلومەرجی پۆستمۆدێرن"دا باڵادەستە، کاریگەریەکی بەهێزی لەناو نێوەندە ڕۆشنبیریە هاوچەرخەکاندا بەجێهێشتووەو بۆتە ئیلهام بەخشی نەوەیەکی

کاملّی تیورەسازە کلتوریەکان. [بەلّام] بیریارانی چەپی ئەرسۆزیکس کاردانەوەی توندیان دژی تێڕوانینو هەلّوێستە بەدبینە پۆستمۆدێرنیزمەکانی لیوتار، پیشانداوە (Brown, 1997. 40).

وەك پێشتر باسمانکرد لیوتاریش وەك زۆربەی رۆشنبیرانی دی فەرەنسا بەشداری لەراپەڕینو بزوتنەوە کرێکاری-خوێندکاریانەی سالّی ١٩٦٨دا کرد. بەلّام پاش شکستی ئەم بزوتنەوەیە نەك هەر تەنها لەبزوتنەوەکە، بەلّکو لەهەرشێوە چالاکیەکی سیاسی رێکخراوو بەدەزگاکراو دورکەوتەوە. بەتایبەتی لەپەیوەندیکردن بە حیزبی کۆمۆنیستو مارکسیزمی بیرۆکراتی دەولّەتیەوە. لەوتارێکدا کە لەسالّی ١٩٨٩دا نوسی، چەند دەرئەنجامێکی لەبنەماو بناغەکانی گروپی "سوشیالیزم یان بەربەریەت" وەرگرت کە لەراستیدا پێشزەمینەو سەرەتای نیگەرانیە بنەڕەتیەکانی بەرهەمەکانی دوایی پێکدەهێنا، و بونە هۆی دورکەوتنەوەی لەو گروپە:

بیرۆکەی بالّادەست بەسەر گروپی "سوشیالیزم یان بەربەریەت"دا دواجار ئەو بیرۆکەیە بوو کە لەناو هەر سیستمێکدا شتێك هەیە ناتوانێ لەروی ئسولّیەوە بەرەو روی بێیتەوە یان بەشێوەیەکی ئسولّی هەلّوێستی لێوەربگرێ. لەناو دلّی نهێنیئامێزی هەر شتێکدا کە لەگەلّ سیستمدا ناگونجێ، شتێکی سەرسەختو یاخیو شاراوە هەیە کە جێی خۆی خۆشدەکات.. شتێك کە ناتوانێ کەمتەرخەمی لەئەنجامدان یان بەڕێوەبردنی هەندێ کاروباردا کە لەسیستمەکەدا روودەدەن، بکات (لیوتار، نوسینە سیاسیەکان ١٩٣٣، ص ٧-١٦٦).

بەشی زۆربەی بەرهەمەکانی تری لیوتار بەشێوەیەکی سەرەکی سەرقالّی وەسفو شیکردنەوەی ئەوجۆرە "روداوە" قابیلی وەسفنەکردن و ناسیستماتیك، و بەلّام لەرووی" سیاسیەوە" بەهێزانەن، کە لەناو دەروونی سیستمە سیاسیە فەرمی یان فەلسەفیەکاندا جێگیرن. لیوتار لەدوو بەرهەمی تری خۆیدا واتە (١٩٧١) Discoutse/ figur (گوتار فیگۆر)و Litidinal Economy (ئابوری لیبیدۆی) (١٩٧٤) وەرگێڕانی بۆ ئینگلیزی ١٩٩٣) هەولّدەدات بە پشتبەستن بە بنەماو رێساکانی دەرونشیکاریو لەسەر بناغەی هێزو توندی بروسکە دەرونیو ئەنگێزە جەستەییەکان، نەك لەسەر بنەمای پۆلێنکردنی رووکەشانەی ئەو ئەنگێزەو بروسکانە، سیاسەتێکی رادیکالّ دابڕێژێو پێشکەشبکات. بۆ نمونە بەهۆی زمانەوە کە

فرۆید ناوی دەنا پرۆسە لاوەکیەکان. لەکتێبی "گوتار/ فیگۆر"دا جیاوازی لەنێوان سنوری "فیگۆر" یان پرۆسەی دەرونی سەرەتاییو "گوتار"دا دەکات کە هۆکارو هەلگری هێزی خرۆشێنەرو سەردەرهێنەری فیگۆرە. لەبەرهەمەکانی لیوتاردا چەشنی بەرهەمی بیریارە هاوچەرخەکانی وەك جیل دۆلۆز، فیلکس گاتاریو ژولیا کریستیڤا، ئەزمونی ستاتیکی بەتەوەرە سەرەکیەکانی "سیاسەتی توندی (شدّت)" دادەنرێن (Brown.1971, 321).

لیوتار لەکۆتاییەکانی دەیەی حەفتاو سەرەتاکانی دەیەی هەشتادا هەمووجۆرە تەوەهومێکی سەبارەت بە جیهانیبوون Universalism یان هەمەکیگەری مارکسیزمی فەرمی لەخۆی دورخستەوە. لەهەمان سەردەمداو لەبەرهەمەکانیدا نیگەرانیگەلێك لەبارەی مەسەلەی ئەخلاقو رەوایەتی (مشروعیت) دەبینین کە لەمەیلە پاش چەپیە نامەعقولو سەرسوڕهێنەرو (لەهەمانکاتدا) ناجێگیرەکانی بەرهەمەکانی دەیەی حەفتادا نەدەبینرا. بۆ نمونە ئەم تەوەهوم دامالّینە سەبارەت بە جیهانگیری مارکسیزمو نیگەرانی سەبارەت بە وتەزای وەك ئەخلاق، دادپەروەریو رەوایەتی لەکتێبی "هەلومەرجی پۆستمۆدێرن"ی (١٩٧٩/ وەرگێڕانی بۆ ئینگلیزی ١٩٨٤) لیوتاردا خۆی دەردەخات. لەم کتێبەدا لیوتار بەلگە دێنێتەوە سەردەمی مۆدێرن لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدەوە لەژێر دەسەلاّتداریّتی هێزی کۆمەلّێك "ریوایەتی گەورە"ی جیهانیسازو هەمەکی بەخشی مانا لەفەلسەفەو سیاسەتدا بوە، بە تایبەتی ریوایەتە هیگلّیەکان بۆ چەمکی "پرۆسەی رزگاری رۆحی خودهوشیار لەمێژوداو بەهۆی مێژوەوە" لەگەلّ ئەو ریوایەتە مارکسیزمە بۆ چەمکی "پرۆسەی رو لەپێشکەوتنی رزگاری سیاسی گشتیو جیهانی". لیوتار بڕوایوایە ئەو دەسەلاّتەی ئەم ریوایەتانە خستیانەگەڕ، بەئامانجی راکێشان یان توانەوە یان بەمەبەستی وەلاوەنانی هەموو شوناسو مێژووو زەمانەکانی دی بوبێت، دەسەلاّتێکی تۆتالیتارانە بووەو دواجار لەهەنگاوە کارەساتاویو ترسناکەکانی وەك کوشتارە دەستە جەمعیەکانەوە، سەریدەرهێناوە.

هەلومەرجی پۆستمۆدێرنی جۆرێك هەلومەرجی بێبڕوایو نابامەڕیە بەریوایەتە گەورەکان. لیوتار لەبری "ئێمەی" بالّادەستو دەسەلاّتخوازو خۆ ڕەوایەتی بەخشی مرۆڤایەتی جیهانی کە بەگریمانە وەرگیڕاوەو جێی باوەڕی ئەمجۆرە ریوایەتە

گەورانەیە، لەبری ئەمە بە خۆشبینیەکی تەواوەوە دەستەکات بە وێنەکردنو بەرجەستەکردنی زیهنیی دنیایەك کە لەکۆمەڵە فرەو بچوکەکان دروستبووە، و تیایدا هیچ گروپێك مافی دەسەڵاتگرتنی بەسەر ئەوانی دیدا نیە. چەمکی سەرەکیو بنەڕەتی شیکردنەوەکەی لیوتار، هەمان چەمکی "گەمە زمانیەکانە" کە لیوتار لەفینگشتاینەوە وەریگرتووەو پێشتریش قسەمان لەبارەیەوە کرد. بەڵام ئێستا لەدیدێکی دیەوە باسیدەکەین. دەکرێ گەمەی زمانی بە شکڵێکی یەکتاو هاوبەشی کرداری ڕەمزی (Symbolic action) دابنرێ کە لەکرارە پەیوەندیخوازە جۆراوجۆرەکانەوە دروستدەبێت. دەکرێ گەمە زمانیەکان کرداری وەك: وەسفکردن، ڕونکردنەوە، چیرۆککگوتن، خوتبە، وەعزدان، ئامۆژگاریکردن، هاندان، ڕاوێژکردنو زۆربەی کرارە ئاسایی و ڕۆژانەکانی مرۆڤ بگرێتەوە.

لیوتار لەیەکێك لەدوا بەرهەمەکانی خۆی لەژێر ناونیشانی "جیاوازی"دا ٩٨٤ (the Differend) (وەرگێڕانی بۆ زمانی ئینگلیزی لە١٩٨٨دا) ئەم شیکردنەوەیەی گەورەو فراوانکردووە. باسی سەرەکی ئەم کتێبەو هەروەها کتێبێکی تری واتە "بەس یاری" (Just- Gaming) (کە بەرهەمی هاوبەشی ئەوو "ژان-لوپ"ە کەلەساڵی ١٩٨٥دا بۆ ئینگلیزی وەرگێڕرا، زنجیرە باسێکە سەبارەت بە ماهیەتی دادپەروەری (کە لەراستیدا بەپێشزەمینەی پێویست بۆ کتێبی جیاوازی دادەنرێ) بریتیە لەچەمکی نادادپەروەری بنەڕەتی کە ئەو دەمە دێتە دی کە گەمەیەکی زمانی ببێتەهۆی ملکەچی گەمەیەکی زمانی دی یان بەهۆی ئەو گەمەزمانیەوە تەفسیرو ڕونبکرێتەوە. یان بە دەربڕینێکی وردتر لیوتار {بڕوایوایە] بە دریژایی میژوو هەموو نادادپەروەریەکان، ستەمو سەرکوتکردنەکان، چەوساندنەوەکانو بەیەك وشە سەرجەم کرارە نامرۆڤانەکان، تەنها کاتێك ئەگەری دەرکەوتنو ڕودانیان هەیە کە گەمەیەکی زمانی تایبەتیو دیاریکراو بەسەر جۆرەکانی تری گەمەی زمانیدا، دەسەڵاتدارو باڵادەست بێت یان خواستو نیەتو ئامانجی سەرجەم گەمەکانی دی تەنها بەهۆی ئەو گەمە زمانیە باڵادەستەوە تەفسیرو ڕونبکرێتەوە.

لیوتار بڕوایوایە بەردەوامی دادپەروەری بەستراوە بەوەوەی سەرنج لەهەلومەرجە "جیاوازەکان" یان هەلومەرجە نەگونجاوەکانو ناتەباییە ڕەهاکان بدات.. ئەو هەلومەرجانەی لەنێوان گەمە زمانیەکاندا هەیەو بێ بوونی گەمەیەکی

زمانی سێهەم وەك ناوبژیکەرێك، دژی یەکن. ئەرکی پاڕێزگاریو هێشتنەوەو هێنانەوەی بەلگە بۆ ئەم نەگونجانو ناتەباییەی زمانەکانو فرەیی شێوەکانی بوون، بەر لەهەر شتێك لەئەستۆی هونەرە. بە تایبەتی هونەری پۆستمۆدێرنیستی کە لیوتار لەکۆتاییەکانی دەیەی ١٩٧٠دا بەهێزێکی تەواوەوە هێنایە ئاراوە.

ڕەگەزی سەرەکی ئەم نیگەرانە لەبارەی بەرپرسیارێتی ئەخلاقی هونەر، هەمان سەرلەنوێ خوێندنەوەی لیوتارە بۆ فەلسەفە ترانسندنتالی کانت لەکتێبی "ڕەخنە لەداوەری"دا. کانت ئەزمونی بابەتی باڵا (The Sublime) یان ترانستدنتالی بە چەمکێکی سەرسوڕهێنەری شکستو ناکامی لەدۆزینەوەی گونجانو وتوێژکردنی نێوان ئەزمون یا بیرۆکەیەك لەگەڵ بونیادە چەمکیەکاندا دەزانێت کە ئێمە بۆ تێگەیشتنی لەبەر دەستماندایە. بەبڕوای لیوتار بنەمای بابەتی باڵا خاوەن ئەو فراوانیو گشتبوونەو قابیلی دەرککردنە نیە کە فەلسەفەی ستاتیکای ڕومانسیەت بۆی دادەنێت. هەروەها لیوتار بابەتی باڵا بەخاوەنی هەمان ئاڵۆزی کۆنترۆڵنەکراوی پەیوەندیە مرۆڤایەتیەکانو ڕوداوەکان نازانێت. ئامانجو نیەتی سەرەکی لیوتار لەبڵاوکردنەوەی هونەرێکی باڵای پۆستمۆدێرنی بریتیە لەپاراستنو هێشتنەوەی ئەو دوبارە پیشاندانەوە دژایەتی ئاسایەی ڕاستی نادوبارە پیشاندانەوە (نەتوانینی دوبارە پیشاندانەوە).

لیوتار لەیەکێك لەدوا بەرهەمەکانی خۆیدا کە کۆمەڵە وتارێکە لەژێر ناونیشانی "نامرۆڤانە-تێڕامانێك لەبارەی زەمەنەوە" کە لەساڵی ١٩٨٨دا چاپو بڵاوکرایەوە لە١٩٩١دا بۆ ئینگلیزی وەرگێڕا". لەقاڵبی شێوەیەك دەربڕیندا کە ئاماژە بۆ ئەزموونە گۆڕاوەکانی زەمەن لەدنیای پۆستمۆدێرندا دەکات، سەرەڕای سەرنجدانی دوبارە لەهەندێك لەم مەسەلانە، دەستدەکات بەبەلگەهێنانەوە بۆ هونەرو فەلسەفەیەك کە لەبەرامبەر ئارەزوکردنی دەسەڵاتی ڕەها بەسەر زەمەندا، بەرگریدەکاتو ڕادەوەستێت.

لایەنێکی تری گرنگی بیرکردنەوەی لیوتار بەرەنگاریکردنە لەبەرامبەر چەند لایەنێکی دیاریکراوی پارادیمی بونیادگەریدا کە لەساڵەکانی دەیەی ١٩٥٠دا واتە لەکاتێکدا کە لیوتار چالاکیە فەلسەفیەکانی خۆی دەست پێدەکرد، لەلوتکەی دەسەڵاتو درەوشانەوەی خۆیدا بوو. بەبڕوای لیوتار هەمیشە لەنێوان ئەزمونی ئێمە

لەجیهانی ژین‌و ئەو زمانەی بۆ قسەکردن لەبارەی ئەم ئەزمونانەوە بەکاریدەهێنین، "درزێك" هەیە. باسکردنی ئەم بابەتانە لەکتێبی "گوتار/ فیگۆر"دا، ناڕەحەتی‌و ناخۆشنودی لیوتار لەو هێڵە تیوریانە ئاشکرادەکات کە مێژوو لەپێناوی ئەو بونیادە هەمەکیانەدا کە زەمەنیان نیە، وەلاوە دەنێن.. ئەو بونیادانەی کە بێ گەڕانەوە بۆ تایبەتمەندیە بان زمانیەکانی جیهانی ژین، خۆ ڕێکخەر (Self- regulating) دەمێننەوە. هاوکاری‌و هاوڕێیەتی گروپی مارکسی "سوشیالیزم یان بەربەریەت" ئەم بێباوەڕی‌و بەدگومانیەی لیوتاری بەرامبەر بە هەر تیۆرەیەك کە ڕەخنەگرتن لەماتریالیزمی مێژووی‌و ئازادی کاری ئامانجخوازی سیاسی (ئازادی پراکتیکی سیاسی) فەرامۆشدەکات، پتەوو بەهێز ئەکرد. وەك پێشتر تێبینیمان کرد گەلێك روداوی فکری جیاواز دەوریان لەفۆرمەلەبوون‌و پێکهاتنی بیرکردنەوەکانی لیوتاردا هەبووە. ژمارەیەکی فراوان لەبیریارانی بەرجەستەی وەك: فرۆید، نیچە، کانت، هایدگەر، مارکس، لیڤیناس، فینگشتاین.. هتد کاریان کردۆتە سەر بیروڕا تیۆری‌و فەلسەفیەکانی لیوتار. دەکرێ کاریگەری فرۆید لەکتێبی "ئابووری لیبیدۆی"دا ببینین.. روداوێك کە لیوتاری پەیوەستکرد بە کەسانی وەك "دۆلۆزو گاتاری"وە. لەلایەکیدیەوە دەکرێ کاریگەری بەهێزی ڕەخنەی سێهەمی کانت واتە "ڕەخنە لەداوەری" لەبەرهەمێکی دی لیوتاردا واتە "چەند وانەیەك لەبارەی شیکردنەوەی بابەتی باڵاوە" ببینرێ، کە لەراستیدا شیکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانەیە لەهەڵوێست وەرگرتن لەبەرامبەر "بابەتی باڵا"ی کانتدا. جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین کە سەرەڕای ئەو ڕەخنانەی لەئاراستە تیۆری‌و هەڵوێستە فکری‌و فەلسەفیەکانی لیوتار گیراوە، بەڵام ئەو دەورێکی گرنگی لەوتوێژە هاوچەرخەکانی فەلسەفەو سیاسەت‌و هونەردا هەیە. لەکتێبی "جیاوازی"دا چەمکێك یان تێگەیشتنێکی تازە بۆ جیاوازی بنەڕەتی پێشکەش دەکات.. جیاوازیەکی بنەڕەتی‌و رادیکاڵانە کە ناکرێ بەهۆی کۆدەنگی گشتی (اجماع عام)و گشتیبوونی کرداری توندوتیژی‌و زۆرداری دژی بەرژەوەندیەکانی لایەنی لاوازتر، لەناو ببرێ. ئا لێرەدایە کە جیاوازی نێوان لیوتارو هابرماس ئاشکرا دەبێت‌و لەمڕۆوە بە ئاشکرا دژی هابرماس ڕادەوەستێت. چونکە بەقسەی لیوتار هابرماس بەهۆی بڕوابوون بە "هێزی بەلگاندنی باشتر"، کەمترین گومان یان پرسیاری ڕەخنەگرانە لەبارەی "روبەرو ناوەرۆکی بەلگاندنەوە" بەڕەوا

نازانێت.. ناوەرۆکێك کە نەك هەر هیچ کاتێك کاملّو ئایدیاڵ نیە، بەڵکو بەردەوام لەژێر کاریگەری هۆکاری وەك هەلومەرج، پایە، پلە، هێز، دەسەڵات، ڕێکخراو بایەخ [اعتبار] دایە. لیوتار لەو پێشگریمانەیەدا کە دەڵێ هەندێ "ریوایەتی گەورە" لەکلتوری ڕۆژئاودا، وەك ئاراستەوەرگرتنی عەقڵانیانەی ڕۆشنگەری، ڕێگە چارەیەك پێشکەشدەکەن کە تێکەڵ بە بەرژەوەندیەکانی دەسەڵات نابێت‌و لەبەرامبەریدا بێلایەن دەبێ، مەترسیەکی گەورە دەبینێ. لیوتار لەکتێبی "هەلومەرجی پۆستمۆدێرن"دا دەستیکردووە بە لێکۆڵینەوەی دارمان‌و کەوتنی ئەو ریوایەتە گەورانەو دەڵێت پێویستە ریوایەتە گەورەکان ڕێگە بۆ "هەڵسەنگاندنە بچوکەکان" کە بەرز نافڕن‌و بۆ "ریوایەتە بچوکەکان" بکەنەوە. ئەو هەڵسەنگاندن‌و ریوایەتە بچوکانەی لەبەرامبەر بەسبوون‌و هەمەکیدا بەرگریدەکەن‌و جەخت لەتاکانەیی هەر، "روداو" یان "دیاردەیەك" جا چ ئەخلاقی یان سیاسی یان ستاتیکی بێت، دەکەن. دواجار دەبێ ریوایەتە گەورەکان جێی خۆیان بۆ ئەمجۆرە ریوایەتە بچوکانە بکەنەوە. بە بڕوای لیوتار چیدی جێگەیەك بۆ دەسەڵات نواندنێك نیە کە بتوانێ لەدیدێکی هەمەکی‌و جیهانیەوەو بێ پشتبەستنی پێشینە بە هەندێك چوارچێوەی ئایدۆلۆژی، بۆ سەرجەم مرۆڤەکان قسەبکات. تەنها بەهۆی سەلماندنی دوپات بۆوە لەشێوەی هەڵسەنگاندنە بچوکەکاندایە کە دەتوانین قابیلی تەحویل نەکردن irredvedvcibility‌و وردەکاری Particularity "بەسەرهاتە" ڕوداوەکان لەژیانماندا کە لەبەرامبەر پۆلێنکردنی جیهانیدا بەرگریدەکەن، بە بیربهێنینەوە.

لیوتار جەخت لەوە دەکات مەبەست لەسودوەرگرتن لەوشەی "پۆستمۆدێرن" جۆرێك بەدواهاتنی زەمەنی ڕاستەهێڵی نیە، واتە "مۆدێرنەیەك" کە لەدوایەوە "پۆستمۆدێرنە" دێت یان بە دەربڕینێکی تر {مەبەست لەپۆستمۆدێرنە] جۆرێك "مۆدێرنەی باڵا" high modernity نیە، بەڵکو بە پێچەوانەوە خودی چەمکی مۆدێرن، بەشێوەیەکی پێشینەیی هەڵگری چەمکی پۆستمۆدێرنەیە. پۆستمۆدێرن لەناو دەروونی چەمکی مۆدێرندا شاراوەو حەشاردراوە. چونکە مۆدێرنە بەشێوەیەکی بەردەوام لەحاڵەتی جوڵەو پێشکەوتندایە بەرەو سەرووخۆی بۆ ئەوەی بگۆڕێت بۆ شتێکی جیاواز لەخۆی. دەکرێ تێڕوانینە هاوشێوەکانی لیوتار لەپرۆژەکانی تری دەیەی دوایدا وەك "پاش بونیادگەری بونیادشکێنی" دا ببینین کە

بـەهۆی نوسـەرانو بیریـارانی وەك میـشیل فۆکـۆ، رولان بـارت، ژولیـا کریـستیڤا، ژاك دێریداو جیل دۆلۆز" وە پێشکەشکراون.

سەرچاوەکان:

Brown, stuart (et al) Bioyrahphicnl Dicitionary of Twentieth- centvry Phebsophers (London & N. Y: Rovte ledge 1997). P.P 484- 85.
Lyotard, teun- Francois, Phenomlogy, tr. Brain Beakly (Albuny: state University of New york Press 1991).
Lyotard…… Discourse/ Figurc, tr. Mary Lydon. (camberidge, MA: Harvurd Univarsity Press, 1996).

…… , The Postmodern condition: A Report on Knowledge, tr. Geoff Bennington & Brian massumi, (Minneu pois uviversty of minnesota press, 1984).
……. , The Differend: phrases in Disputes, tr. Gorge Van Den Abbeele (Minneupolis: University of Minnesatu Press, 1988).
…….. , The Inhuman: Reftections on time, tr. Geoff Bennington and Rachcl Bowlty. (London. Polity press, 1991)
…….. , Toward the Postmoders, ed. By Rotert Harvey and Marks. Roberts (New Jersey and London: Humanities press- 1993).
Matthews, Eric, Twentieth- century French Philosphy (oxford: oxford Universtty Press, 1996).
Pane, Michail (ed), A Dictionary of cultural and Criticul Theory, (oxford, UK and cumridge, USA. BlacKwell, 1997).

ئەم وتارە نوسینی: حسین علی نوزری"یە کە لەم کتێبەی خوارەوە هاتووە:
حسین علی نوزری: پست مدرنیتەویست مدرنیسم. انتـشارات نقـش جهان/ چاپ اول ۱۳۷۹-ص ۱۷۰-۱۵۳

لەگریمانەی سەرکوتەوە بۆ دەسەڵاتی چاودێریکەر بەسەر ژیاندا

هیوبرت دریفوس – بول رابینو

فۆکۆ جارێکی دی لەوانەو چاوپێکەوتن و کتێبەکانی دەیەکانی 1970ی خۆیدا، دەستیکرد بەشیکردنەوەی کرداره کۆمەڵایەتیەکان. لە"چاودێری و سزا 1975" ومێژووی سێکسوالیتەدا 1977 بەشێکی سەرەکی لەتەفسیر و ڕافەی خۆی بۆ مۆدێرنبوون بەدەستەوە دەدا. لەم بەشەی ئەم کتێبەدا کورتەیەکی گشتی لەبارەی تیورەی هەمەکی فۆکۆ بەپێی هێڵە سەرەکیەکانی بەڵگاندنە سەرەکیەکانی خۆمان لەم کتێبەدا دەهێنینەوە. دەبێ جەخت لەوە بکەین هیچ کاتێك فۆکۆ تێڕوانینەکانی خۆی بەمشێوەیە نەخستۆتە روو. بیری فۆکۆ تاهەنوکەش لەحاڵەتی گۆڕان و

پیاچونەوەدایە.. هەندێك بواری ئاڵۆز و گشتگۆیی لەبەرهەمەکانی فۆکۆدا هەیە کە یان دەبێت بە پەشێوی و پەریشانی فکری دابنێین و یان بەهاودەردیەکی زیاترەوە بە بوارگەلێکی بزانین کە بۆ تاوتوێکردنی زیاتر لەبەرهەمەکانی دوایی خۆیدا یان کەسانی تردا، هێناویەتیە پێشێ.

نەگونجانی ئەو وردەکاریە میژوویانەی فۆکۆ جەختی لەسەر دەکات، لەگەڵ میژوونوسی باودا، هەم کێشەئامێز و هەم وتوێژئامێزە. لەبەرئەوە ئێمە لەهەلومەرجێکدا نین کە بتوانین وردەکاریە میژوویەکانی تیورەی فۆکۆ هەڵسەنگێنین، لەبەرئەوە تەنها هەوڵدەدەین، بابەتە میژوویەکانی تا ئەو شوێنەی کە پێویستە بەروونی دەربڕین. لێرەوە ژمارەیەکی زۆری ئەو باباتە ورد و بچوکانەی فۆکۆ وەك رەگەزناسێك بەهۆیانەوە خەسڵەتی تایبەت و هەمەڕەنگی لۆکاڵی و بونیادەکان روندەکاتەوە، فەرامۆشدەکرێت. هەروەها لێرەدا شێوەی پڕ پێچوپەنای لێکۆڵینەوەکانی فۆکۆ لەبواری میژوودا فەرامۆشدەکرێت. ئامانجی ئێمە چارەسەری مەسەلەکانی واقع نیە، بەڵکو دەمانەوێت شێوەی روانینی فۆکو رونبکەینەوە ئەگەر تێگەیشتنێکی باشتر بۆ ئەم روانینە بەدەستبێت، ئەوسا دەشێت ئەو باسانەی پەیوەندیان بەشێوازی کاری تایبەتی فۆکۆوە لەبواری پێشکەشکردنی روداوە میژوویەکاندا هەیە ، لانیکەم لەچوارچێوەیکدا جێی بێتەوە کە سنورەکانی بۆ ئەو کەسانەی ئەم باسانە دەهێننە ئارا، لەهەموو رویەکەوە رون بێت.

بێگومان فۆکۆ دەبوو رونکردنەوەیەکی رونتری لەبارەی شێوەی کاری خۆیەوە لەزۆرێك لەبوارەکاندا، بەدەستەوە بدایە. پێوەرە پێویستەکان بۆ سەلماندن، نەفیکردن و تەفسیری شیکردنەوە تەعبیریەکانی یان روانینی ئەو بۆ میژووی هەنوکە، بەروکەش لەبەرهەمەکانیدا دەدۆزرێتەوە، بەڵام دەبێ ئەمشتانە مەزەنە(حدس) بکرێن. مەبەست ئەوەنیە فۆکۆ قەرزێکی لەئەستۆیە کە تیورەیەك لەبارەی میژوو یان کتێبێك لەبارەی میتۆدۆلۆجیەوە بە ئێمە بدات. بەڵام هێواش هێواش کە تیورەکانی لایەنگری زیاتر بۆ خۆی پەیدا دەکات و ئەنگێزەگەلێك بۆ لێکۆڵینەوە دروستدەکات، دەبێت ئەم مەسەلانە بەروونی بخرێنە بەرباس، ئەگینا لەناو شێوازە میژوویە ئەزمونگەریەکاندا، دەتوێنەوە. (بێگومان فۆکۆ ناتوانێ رێگری لەم ئاراستەیە بکات، بەڵام لەهەمانکاتدا نایەوێت پشتیوانی لەم گۆڕانە بکات...

لەبەرئەوە بێدەنگی ئەو لەمبارەیەوە یارمەتی ئامانجەکانی نادات. ئەوەی مومکینە لەبواری رۆشنبیری پاریسدا تاکتیکێکی کاریگەر بێت، لەزانکۆکانی ئەمەریکادا، کرداریکی جیاواز دروستدەکات).

دوو چەمکی پێکەوە گرێدراو، بنایتنەری بەرهەمەکانی دەیەکانی **1970**ی فۆکۆیە: یەکێکیان چەمکی گریمانەی سەرکوتکردن و ئەویدیان چەمکی دەسەلات و تەکنیکی چاودێرکەرە بەسەر ژیاندا. فۆکۆ لەمیژووی سێکسوالیتەدا دژی گریمانەی سەرکوتکردن بەلگەی هێناوەتەوە.. بەپێی ئەم گریمانەیە هەقیقەت خۆ بەخۆ دژی دەسەلاتە و لێرەوە خۆ بەخۆ دەورێکی رزگاریخوازانە دەبینێ. ئەم تێڕوانینە راستەوخۆ ناگەڕێتەوە بۆ هیچ بیریار یان قوتابخانەیەکی فکری، بەڵکو وەك هەڵسەنگاندنێکی نیتچەیی تانەئامێز لەبیرۆرای باو و لایەنیکەم لەبیرۆرای ناوندە چەپەکانی فەڕەنسادا، پێشکەشدەکرێت (نەك تەنها لەتەفسیرە میژوویەکاندا، بەڵکو لەبانگەشە تیوریەکانی فۆکۆشدا جۆرێك ئاراستەی نیشتمانی و سنوردراو دەبینرێ.. ئەگەرچی نمونە لەوڵاتانی تری وەك ئینگلتەرا و ئەمریکا دەهێنێتەوە، بەڵام بەشی سەرەکی بابەتە میژوویەکان، چوارچێوەی باس و ئەو نەیارانەی کە فۆکۆ لەزیهنی خۆیدا ململانێیان لەگەڵ دەکات، هەر هەموویان پەیوەندیان بەفەرەنساوە هەیە). بەڵام دەبێ لەهەمانکاتدا ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە میژووی سێکسوالیتە کورتەی پرۆژەیەکی بەربڵاوترە کە جێبەجێکردنی پێویستی بەچەندان ساڵ هەیە. لێرەوە دەبێ دیدی هەمەکی فۆکۆ وەك زێدەڕەویەکی تیوری دابنێین کە ئامانجەکەی دیاریکردنی وێنەیەکی گشتی پانتایی باسەکە، وتوێژە شیمانەیەکانی و دوبارە پیاچونەوە بە بیرۆڕا و بابەتە باوەکانە.

فۆکۆ لەبەرامبەر گریمانەی سەرکوتکردندا، تەفسیرێکی زۆر جیاواز بۆ پەیوەندی نێوان سێکسوالیتە، هەقیقەت، دەسەلات ، جەستە و تاك پێشکەشدەکات. فۆکۆ دەرئەنجامی ئەم هۆکارانە بە دەسەلات و تەکنیکی چاودێرکەر بەسەر ژیاندا ناودەنێت. لێرەدا دانانی گریمانەی سەرکوت و دەسەلاتی چاودێریکەر بەسەر ژیاندا لەپاڵیەکدا، شێوەیەکی گونجاوە بۆ پێشکەشکردنی باسە سەرەکیەکانی بەرهەمەکانی فۆکۆ. ژیل دۆلۆز بەزمانێکی نهێنیئامێز گوتوێتی فۆکۆ دەبێ نەك وەك

مێژوونوسێك، بەڵكو وەك نەخشەكێشێكی تازە دابنێین، بەڵام ئەو نەخشانەی كە دەیكێشێت بۆ وێنەكیشانی سەرزەمینێك نیە.

گریمانەی سەركوتكردن

بەشێوەیەكی گشتی بەپێی گریمانەی سەركوتكردن مێژووی ئەوروپا شایەتی گواستنەوە بووە لەسەردەمێكی ئازادی و راشكاوی رێژەییەوە سەبارەت بە جەستە و قسەی مرۆڤ، بۆ سەردەمێكی تر لەسەركوتكردن و دووڕوویی روو لەزیاد. بەپێی ئەم ریوایەتە بەدرێژایی سەدەی حەڤدەهەم هێشتا جۆرێك راشكاوی ئاشكرا و زیندوو بااڵدەست بوو. «ئەم سەردەمە سەردەمی جولّەو ئاماژەی ئاشكرا و راستەوخۆ، و گوتاری خاڵی لەشەرم و گوناهكاری ئاشكرابوو، سەردەمانێك كە تیایدا جەستەكان نمایشدەكران و ئازادانە تێكەڵ بەیەكدەبوون و منااڵنی هوشیار (لەمەسەلە جنسیەكان) لەنێوان پێكەنینی گەورەكاندا، دەتریقانەوە (مێژووی سیكسوالیتە. ل 3.) بەڵام تاپێش ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم هەلومەرجەكە بەشێوەیەكی بەرچاو گۆڕا وبەرەو خراپی رۆیشت. ئەو پێكەنینانە جێگەی خۆی دا بە «شەوە بێ هەراوهوریاكانی بۆرژوازی سەردەمی ڤیكتوریا». سیكسوالیتە یان ئەوەی لێیمایەوە، هەنوكە لەماڵدا سنوردراو تەنانەت لەویش لەناو ژوری نوستنی دایك و باوكدا زیندانكرا. یاسایی بێدەنگی سەپێنرا و سانسۆر بااڵدەستبوو. ئەو سێكسوالیتەی بەحێمابوو، خاڵی لەسۆز و لەزەت بوو، بوو بوو بەشتێكی بەرژەوەندیخوازانە. سێكسوالیتە لەخێزاندا تەنها هۆكارێكی لەدایكبوون بوو. هەموو ئەو كردار و خواست و گوتارانە كە هاوئاهەنگنەبوون لەگەڵ رێسا سەختگیر و سەركوتكەر و ریاكارانەدا، بەناچار سڕانەوە و سەركوتكران. لەبەرامبەر ئەمەدا یاسا، سەركوت و دزێوترین لەزەتەكان، بااڵدەستیان پەیدا كرد. هەر ئەم لۆژیكە تەنانەت بەناو دەوروبەری كۆمەڵگای سەردەمی ڤیكتوریاشدا بااڵوبۆوە، بەو مانایەی سەرسەرێتی و خۆشگوزەرانی هێواش هێواش و بەزۆر، چاوپۆشی لێكرا. تەنانەت لەمڕۆوە و بەتایبەت لەمڕۆوە رێگە بە بازرگانیەكی چاودێریكراو و سودهینەر درا، كەوەك ئاوارتنێك رێسای (ژیانی خێزانی) دەسەلماند. نەیارانی سەردەمی ڤیكتوریا بەنۆبەی خۆیان سەركەوتنی ئەخالقیاتێكی سەختگیرانە كە لەسیمای عەبووس و بێ

زەردەخەنەی مەلیكەدا دەردەكەوت، سەرلەنوێ دەسەلەماندەوە.

جازبیەتی ئەمجۆرە تێڕوانینە بۆ كەسانێك كە بڕوایان پێیبوو، ئەوەیە كە دەكرێت بەئاسانی ببەسترێتەوە بە پەیدابوونی سەرمایەداریەوە. «مێژوچكەی كورتی سیكسوالیتە و بەاڵكانی، چووە ناو مێژووی پڕ تەشریفاتی رەهەندەكانی بەرهەمهێنانەوە، رەهەندی سوكایەتیەتی ئامێزی لەچاو ون دەبێت" (ه.س.پ. ال٥) لەوڕووە سێكسوالیتە سەركوتكرا، چونكە لەگەڵ ئەخالقی كاركردنی سەرمایەداریدا نەدەگونجا. دەبوو هەموو هێزەكان بۆ خزمەتی بەرهەمهێنان، كۆنترۆڵبكرێن. دیالەكتیكی مێژوو بەمشێوەیە مەسەلە الوەكی و سەرپێیەكان، لەگەڵ مەسەلە قوڵ و گرنگەكاندا لەناو یەك پێكهاتەی هەمەكیدا پێكەوە گرێدەدات. لەم روانگەیەوە سێكسوالیتە تەنها پەراوێزێكە بەسەر چیرۆكی واقعی مێژووەوە.. واتە بەسەر پەیدابوونی سەرمایەداریەوە، بەاڵم لەگەڵ ئەمەشدا پەراوێزێكی گرنگە، چونكە لەسیستەمی سەرمایەداریدا، سەركوتكردن شێوەی گشتی دەسەاڵتە.

لەگەڵ ئەمەشدا دەكرێت بەئاسانی لێرەدا ئەم بەلگەیە دژی خودی فۆكۆ بەكاربهێنین. .ئەگەر لەرستەكانی سەرەوەدا لەبری وشەی «بەرهەمهێنان» وشەی «دەسەاڵت» دابنێین، وەسفێكی بێویژدانانەی بیری فۆكۆمان نەكردووە. ئەگەرچی فۆكۆ بەدوای دۆزینەوەی یاساكانی مێژوو یان نكوڵیكردن لەگرنگی سەرمایداری نیە، بەاڵم خاڵی سەرەكی ئەوەیە فۆكۆ هەوڵدەدات گرنگیەك كە سێكسوالیتە بەم دواییانە لەشارستانێتی ئێمەدا بەدەستیهێناوە، پیشانبداتەوە و دەریبخات كە ئەم گرنگیە، پەیوەندی سێكسوالیتەیە بە دەسەاڵتەوە. لەوڕوەوە كە فۆكۆ وەك دواتر دەیبینین، بڕوای بە سێكسوالیتەیەكی بان مێژوو و نێو كلتوریی نیە، لەبەرئەوە بەهەموو هێزی خۆی هەوڵدەدات دەریبخات، سێكسوالیتەی ئێمە پەیوەندی بەشتێكی دیەوە هەیە. ئەم «شتە دی» الیەنیكەم تا سنورێك هەمان شێوە تایبەتیەكانی دەسەاڵتە. ئەوەی چۆن دیدێك بۆ دەسەاڵت دەستەبەر بكەین كە نەبێت بەخودێكی بونیادی یان چەمكێكی میتافیزیكی و یان بەدەربڕینێكی تر پوچ و خاڵی، گرنگترین مەسەلەیەكە روبەرووی بەرهەمە كۆتاییەكانی فۆكۆ بۆتەوە.

یەكێك لەجازبیەتەكانی تری گریمانەی سەركوتكردن ئەو ئەنجامگیریەیە كە

رزگاربوونی جنسی یان بەرەنگاری سەرکوتکردن، خەباتێکی گرنگ و پڕ بایەخە، هەرچەندە سەرکەوتن تیایدا ئەستەمە. (تەنانەت بیری فرۆیدیش دەستکەوتێکی کەمی لەم بوارەدا هەبوو، چونکە بەخێرایی لەناو دەزگای زانستی پزیشکی و دەروناسیدا توایەوە و شێوەیەکی تازەی بەخۆیەوەگرت). بێگومان لەسەدەی نۆزدەهەم بەدواوە قسەکردن لەبارەی سیکسوالیەتەوە بەشێوەیەکی ئاشکرا و جەسورانەوە ، خۆ بەخۆ بە هێرشێك دژی سەرکوتکردن و بەکردارێکی خۆبەخۆ سیاسی دادەنرا. رزگاری سێکسی و روخانی سەرمایەداری هێشتا بە بەشەکانی یەك بەرنامەی سیاسی دادەنرێن. بەپێی ئەم بەڵگاندنە کاتێك ئێمە لەبارەی سێکسوالیتەوە قسەدەکەین، نەق و نکوڵی لەدەسەڵاتی جێگیر دەکەین. ئێمە رێگە بەخۆمان دەدەین «تاکو دژی دەسەڵاتە باڵادەستەکان قسەبکەین، راستیەکان بڵێین و مژدەی خۆشبەختی و خۆشبدەین. رۆشنگەریو رزگاربوون و لەزەتە جیاوازەکان بەیەکەوە گرێبدەین (رێگە بەخۆمان دەدەین) گوتارێك دەربڕین کە سۆزی ناسین، ئیرادەی گۆڕینی یاساکان و هیوای بەهەشتێکی زەمینی، پێکەوە گرێدەدات" (هـ.س.پ. لا ٧) چ کەسێك دەتوانێ بەرگری لەبەرامبەر ئەم هەموشتەدا بکات؟

گریمانەی سەرکوتکردن رەگی لەکلتورێکدایە کە دەسەڵات تەنها بەسنوردارێتی، نەفیکردن و ناچارکردن دەزانێت. دەسەڵات وەك بەرگریەکی رێکخراو لەبەرامبەر واقعدا، وەك هۆکاری سەرکوتکردن و وەك رێگری هەقیقەت، رێگە لەزانین و ناسین دەگرێت، یان لایەنیکەم دەیشێوێنێت. دەسەڵات ئەمکارە لەرێگەی سەرکوتکردنی ئارەزووەکان، دروستکردنی هوشیاری درۆزنانە، بلاوکردنەوەی نەزانین و ناهوشیاری و بەکارهێنانی گەلێك فێڵی دی، ئەنجامەدات. دەسەڵات لەبەرئەوەی لەهەقیقەت دەترسێت، سەرکوتیدەکات.

لەم روانگەیەوە وادێتە پێشچاو کە دەسەڵات وەك سەرکوتکردن لەلایەن هەقیقەتی گوتارەوە بە باشترین شێوە بەرەنگاری و دژایەتی دەکرێت. کاتێك هەقیقەت دەگوترێت، کاتێك دەنگی نارەزایی رزگاربوون بڵند دەبێتەوە، بەروکەش هەڕەشە لەدەسەڵاتی سەرکوتکەر دەکرێت. هەقیقەت خۆشی بەتەواوی خاڵی لەدەسەڵات نیە، بەڵام دەسەڵاتەکەی لەخزمەتی راشکاوی و راستی و جۆرێك خێری

باڵادایە، هەرچەند ئەو خێری باڵایە شتێکی چۆنایەتیتر و هەقیقیتر لەراشکاوی و روونی نەبێت. هەرچەند فۆکۆ لێرەدا بە تانە و تەشەر قسەدەکات، بەڵام قسەکانی لەئامانجەکەیەوە دور نین. رەنگە ئەمڕۆ ئاڵۆزترین فکری نەیاری هەبوو لەبەرامبەر فکری فۆکۆدا، فکری یۆرگن هابرماس بێت کە لەتێڕوانینێکی ترانسندنتالیەوە بەرگری لەعەقڵ وەك هۆکارێکی رەخنەکردنی ئەو لاریانە دەکات کە دەرئەنجامی دەسەڵاتن و بەرگری لەبەرەنگاری لەبەرامبەریاندا دەکات.

فۆکۆ ئەم تێڕوانینە لەبارەی دەسەڵاتەوە بە «یاسایی- گوتاری» ناو دەبات (هـ.س.پ.لا ٨٤) ئەم دیدە سەرتاسەر نیگەتیڤە، دەسەڵات و هەقیقەت بەتەواوی سەبارەت بە یەکدی دەرەکین. دەسەڵات جگە لە«سنوردارێتی و کەمێتی» هیچی دی بەرهەمناهێنێت. دەسەڵات یاسا دادەنێت و پاشان گوتاری یاسایی (بابەتەکان) سنوردارەدکات. سزادانی سەرپێچی، هەمیشە مومکینە. دەسەڵات لەهەموو شوێنێکدا یەکسانە: و بەپێی کارکردنی سادە و بێسنورە دوبارەبووەکانی یاساکان، تابۆکان وسانسۆر کاردەکات" (هـ.س.پ.لا ٨٤) دەسەڵات، دەسەڵاتە و کاری تەنها رێگرتن و فەرمانەکەی تەنها ملکەچییە. دەسەڵات دواجار سەرکوتە و سەرکوتیش دواجار سەپاندنی یاسایە و یاساش دواجار خوازیاری تەسلیمبون و ملکەچییە.

فۆکۆ دوو هۆی دی دەهێنێتەوە بۆ ئەوەی کە بۆچی ئەم تێڕوانینە بۆ دەسەڵات بەم ئاسانیە لەناوگوتاری سەردەمی ئێمەدا قبوڵکراوە. یەکەم فۆکۆ باسی شتێك دەکات کە ناوی دەنێ "بەرژەوەندی قسەکەر" (هـ.س.پ.لا ٦). قسەکەر لەهەلومەرجی رۆشنبیرێکی هەموو شتزاندا کە بۆ مرۆڤایەتی قسەدەکات، بەجدی ئاماژە بۆ ئایندەیەك دەکات کە بەبڕوای ئەو، بێگومان لەهەنوکە باشتر دەبێت. ئاوازی پێغەمبەرانە و لەزەتە چاوەروانکراوەکان بە باشی پێکەوە دەگونجێن. بێگومان دەربڕینی راستیەکان و مژدەی خۆشبەختی و شادی، بابەتێکی ناخۆش نیە بۆ قسەکردن. رۆشنبیر وەك قسەکەری ویژدان و هوشیاری، خۆی لەجێگەیەکی وا گرنگدا دەدۆزێتەوە. ئەو لەدەرەوەی دەسەڵات و لەناو هەقیقەتدایە. ئاموژگاری و پەندەکانی لەبارەی زوڵم و ستەمەوە و بەڵێنی رێکخستنێکی نوێ، بۆ ئەو شتیکی لەزەت بەخشەو بۆ کەسانی دیش قابیلی قبوڵکردنە. دیارە دەکرێت هەر ئەم وەسفە بۆ

خودی فۆکۆش بەکاربێنین، خودی ئەویش تارادەیەك لەم تۆمەتە بەدەر نیە. لەگەڵ ئەمەشدا فۆکۆ وەك جینالۆجیستێك بانگەشەی ئەوە ناکات کە لەدەرەوەی بواری دەسەڵاتە یان مژدەی دەستگەیشتن بە یۆتۆپیا و خوشبەختیدەدات.

هۆی دووهەم کە فۆکۆ دەیهێنیتەوە زۆرتر شیاوی قبوڵکردنە. ئەو بەڵگە دێنێتەوە کە دەسەڵاتی مۆدێرن شیاوی تەحەمولکردنە، بەمەرجێك سیمای خۆی بشارێتەوە و هەر ئەمکارەشی بەجۆرێکی کارا ئەنجامداوە. ئەگەر هەقیقەت لەدەرەوەی دەسەڵات بێت و دژی بێت، لەم حاڵەتەدا «بەرژەوەندی قسەکەر» تەنها بە ئیمتیازێکی شاراوە دادەنرێت. بەڵام ئەگەر هەقیقەت و دەسەڵات سەبارەت بەیەکتر دەرەکی نەبن، وەك فۆکۆ بەئاشکرا بڕوایوایە، لەم حاڵەتەدا «بەرژەوەندی قسەکەر» و گەمەکانی تر، بەشێك دەبن لەشێوە سەرەکیەکانی کارکردنی دەسەڵات. دەسەڵاتی مۆدێرن خۆی بە بەرهەمهێنانی گوتارێك کە بەروکەش دژی دەسەڵاتە، بەڵام بە بەشێك لەبەکارهێنانی فراوانتری دەسەڵاتی مۆدێرن دەژمێرێت، خۆی دەشارێتەوە. وەك فۆکۆ دەڵێت: "دەسەڵات وەك سنورێکی پەتی کە لەسەر ئازادی دانراوە، لایەنیکەم لەکۆمەڵگای ئێمەدا، شێوەی هەمەکی شیاوی قبوڵکردنی ئازادیە" (هەس.پ .لا ٨٦)

رەگی ئەم مەسەلەیە، مێژوویی. بەبڕوای فۆکۆ دەسەڵات بەرلەوەی سێکسوالیتە بکاتە ئامانجی خۆی، لەراستیدا لەرێگەی دروستکردنی سنوردارێتی و قەدەغەکردنەوە کاریدەکرد. گرنگترین دەزگاکانی دەسەڵات، واتە پاشا و دەوڵەت لەناو دەرونی کۆمەڵێکی مەزن لەهێزە ئۆپۆزسێۆنەکان و ناوچەییەکان دروستبوون. بە پەیدابوونی پاشایەکی موتەمەرکز لەناو هەزاران سازش و ململانێی ناوچەییدا، ئەگەری دانانی ڕێسا داوەریکردن و دیاریکردنی سنور بەشێویەکی هەمەکی پەیدابوو. لەهەمانکاتدا پادشای موتەمەرکز دەستیکرد بە تێکشکانی دابونەریتە فیودالیەکان و هەوڵیدا بە کونترۆڵکردنی تیوللداره پەرشوبلاوە ناوچەییەکان، سیستەمێکی موتەمەرکزتر بەرپابکات. ئەمجۆرە شکڵە مەزنانەی دەسەڵات کە روبەڕوی ژمارەیەکی زۆر لەهێزە جەنگیەکان دەبۆوە، وەك بنەما و بنەڕەتی مافێك کاریدەکرد کە لەهەموو بانگەشە جۆراوجۆرەکان زۆرتر دەڕۆیشت و خەسڵەتە سێ لایەنیەکانی رژێمێکی موتەمەرکز و

یەکگرتووی ئاشکردەکرد کە (بریتیبوون لە) بەیەکسان دانانی ئیرادەی خاوەن دەسەڵات و یاسا، هەنگاونان لەرێگەی ڕێبازی رێگەنەدان و دروستکردنی قەدەغەبوون، و بەکارهینانی سزادان" (هـ.س.پ. لا٨٧) بەڵام ئەو دەسەڵاتەی پەیدابوو، بەهیچ شێوەیەك یەکپارچە نەبوو، و ئەگەرچی گەلێك چەکی بەکاردەهێنا، بەڵام زمانی زمانی یاسا بوو. یاسا پاشای هەم بۆ خۆی و هەم بۆ هاوڵاتیەکانی ئاراستەدەکرد و ڕەوایەتی پێدەبەخشی. دیارە راستیە مێژوویە وردەکان کە پەیوەندی بەمجۆرە ڕەوایەتبەخشینە یاسایەوە بە دەسەڵات هەیە ، زیاد لەسنور ئاڵۆزن. بەسەرنجدان لەبەرهەمەکانی ژۆرژ دوبی و قوتابیانی سەبارەت بە مێژووی ئەم سەردەمە و بەسەرنجدان لەگرنگی ئەم باسانەش، چاوەڕواندەکرێت لەئایندەدا لێکۆڵینەوەی زیاتر لەم بوارەدا بکرێت.

یەکێك لەخاڵە سەرەکیەکانی بەڵگاندنەکانی فۆکۆ ئەوەیە کە گوتاری یاسایی وەك سیستەمێکی ڕەوایەتیبەخش، شێوەیەکی پەیداکرد کە تا هەنوکەش باوە. فۆکۆ ئاماژە بەوە دەکات کە تەنانەت نەیارانی رژێمێکی یاسایی، بەهەمان گوتار لەبارەی یاساوە قسەدەکەن کە خودی رژێم قسەی پێدەکات. لەسەردەمی کلاسیکیدا ڕەخنەگرتن لەسیستەمی پاشایەتی، لەچوارچێوەی هێرشکردن بۆ خراپ بەکارهێنانی پاشا بۆ یاسا ئەنجامدەدرا. پاشان ڕەخنە بنەڕەتیەکانی تر لەدەوڵەت دەریخست رژێمە بۆرژوازیەکان چۆن بۆ بەرژەوەندی خۆیان دەستدەخەنە ناو یاساکانەوە. ئەمجۆرە دەستێوەردانە نارەوا بوو، لەبەرئەوەی دەسەڵاتی حکومەتی یاسای دەشێواند. بەمانایەك لەماناکان ئەم خاڵە لەبارەی خودی فۆکۆشەوە راستە، چونکە ئەویش دەزگاو گوتارەکانی دەسەڵاتی مۆدێرن بەو بەڵگاندنە ڕەخنە دەکات کە ئایدیالەکانی یاسا لەگەڵ ئەو ڕێکخستنە کۆمەڵایەتیەی دەرئەنجامی تەکنەلۆژیە سیاسیەکانن، لەناکۆکی و دژایەتیدان.

فۆکۆ بەئاشکرا گریمانەی سەرکوتکردن وەك گریمانەیەکی هەڵخەڵەتێنەر لەبەرچاو دەگرێت کە دەبێت ریسوا بکرێت. بەڵام ناتوانێت بە پێشنیارکردنی پێچەوانەی ئەم مەسەلەیە، واتە تەنها بە گۆڕینی شێوەی گوتار، لەهێرشەکەی خۆیدا سەرکەوتوو بێت، چونکە مەسەلەکە ئەوەنیە کام گوتارە راستە یان تەنانەت (کام

گوتار) بەراستی دەسەڵات ڕەخنەدەکات. سەرەڕای ئەوە فۆکۆ نالێت کە چەمکی گریمانەی سەرکوتکردن دوا پێشکەوتنەکانی لەبواری لیکۆڵینەوەی ئەزموونگەریدا، فەرامۆشکردووە و لێرەوە دەکرێت بە بەدەستهێنانی زانیاری، گریمانەکە چاکسازی بکرێت. بەڵکو فۆکۆ ئەو هەڵوێستانەی کە لەهەمانکاتدا بەهۆی لایەنگرانی ئەو هەڵوێستانەوە بەجدی وەردەگیران، بەجدی دەگرێت، ئامانجی فۆکۆ جینالۆجیای چۆنێتی دروستبوونی گریمانەی سەرکوتکردن و ئەو کارە تایبەتیانەیە کە ئەم گریمانەیە لەکۆمەڵگای ئێمەدا پێیهەڵدەستێ. فۆکۆ بەشە جیاوازەکانی گریمانەی سەرکوتکردن نەک وەک کۆمەڵێک فێل و تەڵە، بەڵکو وەک بەشە سەرەکیەکانی پەیوەندیەکانی نێوان هەقیقەت و دەسەڵات دەزانێت کە دەیەوێت شیبکاتەوە. بەمحاڵەوە ڕەهەندی شیکاری باسەکە هێشتا لەمێژووی سێکسوالیتەدا، کاملنەبوو، بەڵکو سنورەکانی ئەم باسە لەپاش بڵاوبونەوەی بەرهەمەکانی دواییدا ڕوون دەبێتەوە.

فۆکۆ خۆی بە ڕوونی نالێت جێگەی خۆی لەم وەسفەدا بۆ گریمانەی سەرکوتکردن لەکوێدایە. ئەو لەو مەسەلەیە رادەکات کە ئایا خۆی لەو وەسفانەی بەدەستیەوە دەدات بەریە یان نا؟ بەئاشکرا دیارە کە ئەو شیکردنەوەکانی خۆی لەبارەی دەسەڵات و هەقیقەتەوە لەبەر ئەو هۆیە پێشکەشدەکات کە بەبڕوای ئەو کێشەگەلێك لەبواری پەیوەندی ئەو دوانەدا لەناو کۆمەڵگادا هەیە. ئەو بەشێوەیەکی جینالوجیانە ئەو شێوازەی کە بیریارانی دی ئەم وتەزایانەیان پێکەوە گرێدەدا بۆ ئەوەی دەریبخەن کە ئەم پەیوەندیانە بە هیچ شێوەیەك ڕەها نین، وەك کێشەیەك دەخاتە ڕوو. ئەم وتەیە ڕەنگە بەو گریمانەیە بگات کە فۆکۆ خۆی لەدەرەوەی دەسەڵاتی ئەم وتەزایانە ببینێت. بەڵام وەك بەدرێژای ئەم باسە بەڵگەمان هێناوەتەوە، فۆکۆ وەك ڕۆشنبیرێك چیدی خۆی لەدەرەوەی ئەو شتە نابینێت کە خۆی شیدەکاتەوە. ئەو بە میتۆدی ئەرکۆلۆژیا دەتوانێت تا ئەندازەیەك خۆی دور بگرێت، بەڵام ئەم دور ڕاگرتنە کامڵ نیە. سەرەڕای ئەمە میتۆدی جینالۆجیا خۆی دەبێتە هۆی دەرگیری و دەستێوەردان. بەڵام هەوڵدان بۆ سەلماندنی ئەو خاڵەی کە پەیوەندیەکانی دەسەڵات و هەقیقەت بەهۆی چەند هۆکارێکەوە، بەهەڵە

بەپەیوەندیەکی دژ بەیەك دانراون، هێشتا هەڵگری بەکارهێنانی شێوەیەکی تازە و چاککراوی عەقڵن، دژی تەفسیرێکی زۆر ئالۆز بۆ دەسەڵات (کە هەڵگری ڕەگەزێکی هەقیقەتە وەك یەکێك لەگرنگترین و بەرجەستەترین ڕەگەزەکانی خۆی). لەمبارەیەوە فۆکۆ هێندە لەئادرنۆ و تەنانەت لەفیبەر دوور نەکەوتۆتەوە.

بەڵام فۆکۆ کارەکەی خۆی لەروی میتودۆلۆجیەوە لەدیدی فیبەر بەجیاواز دەزانێت. بەبڕوای فۆکۆ نمونەی ئایدیالی فیبەر ئامێرێکە کە سەرنجە مێژوویە جیاوازەکان بەگەڕانەوە بۆ ڕابردوو ئامادەدەکات، بۆئەوەی جەوهەری ئەو بابەتە مێژووییەی لێکۆڵینەوەی لەسەردەکات (وەك کاڵڤینیزم، سەرمایەداری و گوشەگیری دنیایی) ڕونبکاتەوە. بەمشێویە نمونەی ئایدیالی دیاردەی پەرشوبلاو لەنمونەیەکی ماناداردا جێدەکاتەوە، کە مێژونوس بەهۆیەوە دیاردە ناوبراوەکان ڕوندەکاتەوە. فۆکۆ میتۆدی خۆی بەجیاواز دەزانێت، بەومانایەی مەیلی بۆ دەستنیشانکردنی «بەرنامە ئاشکراکانی» وەك پڕۆژەی کۆمەڵگای سەرتاسەر بینراوی (بنتهامەوە) هەیە کە وەك بەرنامەیەکی پراکتیکی بۆ چاکسازی خراونەتە ڕوو. ئەم بەرنامانە لەهیچ دیدێك شاراوە و ون نین و مێژونوسانیش دایاننەهێناوە بۆئەوەی ڕونیبکەنەوە. لەمڕووەوە فۆکۆ وەك بۆ کۆمەڵێك مێژونوسی فەرەنسی ڕونیکردەوە «دیسپلین، دەربڕینی "نمونەی ئایدیالی" (نمونەی ئایدیالی مرۆڤی ژیر دیسپلین) نیە، بەڵکو بریتیە لەگشتگیری و پەیوەندی تەکنیکە جۆراوجۆرەکان کە خۆیان کاردانەوەن لەبەرامبەر ئامانجی سنوردراو و لۆکاڵیدا (وەك خوێندکارێك لەقوتابخانە، ڕاهێنانی سەربازگەلێك کە توانای هەڵگرتنی چەکیان هەبێت) (زیندان لا ٤٩). لەهەمانکاتدا ئەمجۆرە بەرنامانە هیچ کاتێك بەشێوەیەکی ڕاشکاو و ئاشکرا لەناو دەزگاکاندا جێبەجێ نەبوون. هۆی ئەمە ئەوە نەبوو کە واقع هیچ کاتێك بەشێوەیەکی کامڵ پەیڕەوی لەئایدیال ناکات، بەڵکو بەرنامەی نەیار و ململانێی ناوچەیی و ستراتیژگەلێکی دی لەئارادا بوون کە بەتەواوی قابیلی شیکردنەوە بوون، هەرچەند دواجار لەگەڵ بەرنامەی سەرەتاییدا جیاواز بوون. فۆکۆ وەك جیانالۆجیەك هەوڵدەدات تائەو شوێنەی دەشێت لەئاستی ڕوکەشی شتەکاندا بمێنیتەوە و خۆی لەماناکانی ئایدیالی، نمونە گشتیەکان و جەوهەری دیاردەکان

بەدور بگرێت. لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر لەو سەرنجە میتۆدیە کەمانە تیپەڕین کە فیبەر دەیدرکاند (ئەو چەند دێرە کەمەی فیبەر لەبارەی نمونەی ئایدیالیەوە داوێتی لەگەڵ ئەو گرنگیدانە زۆرەدا ناگونجێت کە بەم وتەزایە دراوە)و روبکەینە شیکردنەوە میژوویییەکانی، دوری نێوان فۆکۆ و فیبەر بەشێوەیەکی بەرچاو کەمدەبێتەوە.

لەرووی چونایەتیشەوە ئەو قسەیەی فۆکۆ کە دەڵێت «دەبێ بەشێوەیەکی میژووی بەرخورد لەگەڵ عەقڵدا بکەین، نەك بەشێوەیەکی میتافیزیکی»، بێگومان لەلایەن فیبەر و ئادرنۆوە دەسەلێنرێت. فۆکۆ بە راشکاوی دەڵێت «بە بڕوای من دەبێ مانای وشەی «عەقڵانیبوون» بەمانای ئامێری و رێژەیی سنوردار بکرێت...و ببینرێ کە چۆن شێوەکانی عەقڵانیبوون لەناو دەرونی کردارەکان و سیستەمی کردارەکاندا، بەرجەستە دەبێت" (ھ.س.پ لا ٤٧) پیشکەوتنی فۆکۆ لەنیتچە و فیبەر و ئادرنۆ ئەوەیە کە ئەو ئەم وەسفەی بەجدی گرت و شیکردنەوەی دیار و دەستنیشانکراوی لەکردارە میژوویە تایبەتیەکان بەدەستەوەدا، کە تیایاندا هەقیقەت و دەسەڵات مەسەلەی سەرەکی پێکدەهێنن. فۆکۆ بەشیکردنەوەیەکی وردتر لەشیکردنەوەی فیبەر میکانیزمەکانی دەسەڵاتی عەقڵانیبوونی دەستنیشانکرد و ناسی. بەڵام ئەم قسەیە بە مانای نەفیکردنی فیبەر نیە، بەڵکو بەمانای پێشکەوتنێتی.

دواجار فۆکۆ هێرشناکاتە سەر عەقڵ، بەڵکو دەریدەخات کە چۆن عەقڵانیەت لەشکلە میژوییەکەیدا کاریکردووە. وەك خۆی دەڵێت «ئەگەر لەم شیکردنەوەیەدا رەخنە لەعەقڵ بەمانا گشتیەکەی ببینین، بەمانای ئەوە دێت گریمانەی ئەوە بکەین کە عەقڵ تەنها دەتوانێت دروستکەری خیر بێت و خراپە لەنەفیکردنی عەقڵەوە بێت. بەڵام ئەم قسەیە بێمانایە. عەقڵانیەتی شتە خراپەکان، واقعێکی میژووی هاوچەرخە. بەڵام ئەم بابەتە هیچ مافێکی تایبەتی بەناعەقڵانیەت نادات" (ھ.س.پ لا ٤١) بەڵگاندنی ئێمە لەسەرتاسەری ئەم کتێبەدا ئەوەیە میتۆدی شیکرنەوەی فۆکۆ، هۆکارێکی بەهێز و پێویستە بۆ خۆ لادان لەهەندێك کێشە. لەم ناوەشدا مەسەلەی بێلایەنی بەهایی کە بەتوندی بیری فیبەری بەخۆیەوە خەریککردبوو..هەروەها

مەسەلەی وەسوەسەی دژایەتی عەقڵ و روکردنە نائومێدی (بە پەنابردن بۆ هونەر) کە بیریارانی قوتابخانەی فرانکفۆرتی بەلای خۆیدا راکێشابوو، شایەنی باسە. فۆکۆ بەشێوەیەکی زۆر ماقوڵ بەرخورد دەکات. هەر لەبەرئەمەش شیکردنەوەکانی خۆی لەسەر کارکردی هەقیقەت لەرژێمەکانی دەسەڵاتی مۆدێرندا، چڕکردۆتەوە.

دەسەڵاتی بالادەست بەسەر ژیاندا

فۆکۆ بەدیاریکردنی جێگەی میژووی بەشەکانی گریمانەی سەرکوتکردن، سەرلەنوێ ئەو گریمانەیە بەشێوەیەکی جینالۆجی بونیاددەنێتەوە. ئەم بەشانە لەرووی میژوییەوە دەگەڕێنەوە بۆ دەوڵەت شاری یۆنانی، لەشکری رۆم، کۆماری رۆم، ئیمپراتۆریەتی رۆم و بونیادە رۆژهەڵاتیەکانی مەسیحیەت. لەگەڵ ئەمەشدا تەنها لەسەدەی حەڤدەهەمدا بوو، دەسەڵاتی بالادەست بەسەر ژیاندا وەك تەکنەلۆژیایەکی سیاسی هاوڕێك پەیدابوو. هەرچەندە تەنانەت لەوکاتەشدا، واتە لەسەردەمی کلاسیکدا هێشتا لەرووی پراکتیکیەوە بەتەکنیکی بالادەست دانەدەنرا. لەگەڵ ئەمەشدا ئەمە ئەو سەردەمە بوو کە تیاییدا سەرپەرشتیکردنی ژیان و پەرەسەندنی سەرژمێری دانیشتوان و چاودێریکردنی، بوو بەیەکێك لەمەیلە سەرەکیەکانی دەوڵەت و جۆرێکی تازەی عەقڵانیەت و کرداری سیاسی لەشکڵێکی هاوڕێکدا دەرکەوت. فۆکۆ ناوەڕۆکی شێوازی تازەی عەقڵانیەتی سیاسی لەگەڵ ئەو شۆڕشەدا بەراوردەکات کە گالیلۆ لەزانستە سروشتیەکاندا ئەنجامیدا. لەزانستە سروشتیەکاندا ئازادکردنی مەسەلەو شتەکان لەدەست بونیادە تەقلیدیەکانی زانین، گۆڕانکاریەکی تیوری سەرکەوتوانە و زۆر گرنگی بەرهەمهێنا. بەڵام لەبواری سیاسیدا فەیلەسوفەکان هەروا بڕوایان بە تیورە تەقلیدیەکانی دەسەڵاتداریتی، مافە سروشتیەکان و پەیمانی کۆمەڵایەتی هەبوو، و بەجدی وەریاندەگرت. فۆکۆ بەلگە دێنێتەوە کە ئەمجۆرە گوتارە، ئەو گۆڕانکاریە بنەرەتیانەی کە لەرووی پراکتیکیەوە لەئاستی کرداری کلتوریەکاندا، لەئارادا بوو، دەشاردەوە. «دەسەڵاتی (مۆدێرن) تەنها بەومەرجە شیاوی تەحەمولکردنە کە بەشێکی گرنگی خۆی بشارێتەوە. سەرکەوتووی (ئەمدەسەڵاتە) پەیوەندیەکی راستەوخۆی بە توانای شاردنەوەی کارو

کردارەکانیەوە هەیە" (مێژووی سێکسوالیتە .لا ٨٦)

لەهەمانکاتدا کە تیورە سیاسیەکانی پێشوو بەردەوامدەبوون، سەردەمی کلاسیک عەقڵانیەتێکی سیاسی و ئامێرێکی تازەی بەرهەمهێنا. لەناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەمدا لێکۆڵینەوەی رێکخراو و ئەزمونگەریانە لەبارەی هەلومەرجی مێژوویی، جوگرافی و ژمارەی دانیشتوان، بووە هۆی پەیدابوونی زانستە کۆمەڵایەتیە تازەکان. ئەم زانینە نوێیە پەیوەندی بەشێوە بیرکردنەوە ئەخلاقی و پراکتیکیی کۆن و تەنانەت بە شێوازی ئامۆژگاریکردنی مەکیاڤیلی بۆ دەسەڵاتدارانی سیاسیەوە نەبوو. لەبری ئەمە زانستە کۆمەڵایەتیە پسپۆرەکان، لەپەراوێزی سەرنجە ئیداریەکاندا دروستبوون. ئەم زانستانە بەپێچەوانەی زانستە سروشتیەکانەوە زانستگەلێکی گەردونی، سەربەخۆ لەزەمینەی کۆمەڵایەتی، هەمەکی و «ئامادەی قاڵبەندی وێنەیی» نەبوون، بەڵکو لەبری ئەمە بریتیبوون لەشێوە تێگەیشتنێک کە رووی لەوردەکاریەکان بوو.. زانستە کۆمەڵایەتیە تازەکان لەتیورەی سیاسی تەقلیدی حیکمەتی پراکتیکی و تیورەیەکی گشتی لەبارەی کۆمەڵگاوە دروستبوون کە هۆبز بە لاسایکردنەوەی زانستە سروشتیەکان پێشکەشیکردبوو. لەفەسڵی حەوتەمدا دەبینین کە ئەمجۆرە هاوپەیمانیە لەنێوان زانستە مرۆییەکان و بونیادەکانی دەسەڵاتدا چ دەرئەنجامێکی بۆ زانستە کۆمەڵایەتیە هاوچەرخەکان دەبێت. لێرەدا تەنها تاوتوێی ئەو شێوازەدەکەین کە هەندێک لەزانستە کۆمەڵایەتیەکان پەیوەندیان بە تەکنەلۆژیەکانی دەسەڵاتی بالادەست بەسەر ژیانداکرد. "دەسەڵاتی بالادەست بەسەر ژیاندا، ژیانو کارو کردارەکانی ژیانی هێنایە ناو بواری ئەژمارکرنی ئاشکرا، و زانین/ دەسەڵاتی کرد بەهۆکاری گۆڕانی شکڵی ژیانی سیاسی..مرۆڤی مۆدێرن ئاژەڵێکە کە سیاسەتەکەی، بوونی دەخاتە ژێر پرسیارەوە" (هەس.پ لا ١٤٣).

لەگێرانەوەکەی فۆکۆدا دەسەڵاتی بالادەست بەسەر ژیاندا لەسەردەمی کلاسیکیدا، لەدەوری دوو جەمسەر گەڵالەبوو. ئەم دوو جەمسەرە تا سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم لەیەکجیابوون، بەڵام لەو سەدەیەدا تێکەڵبوون و تەکنەلۆژیاگەلێکی دەسەڵاتیان پێکهێنا کە تا هەنوکەش خەسڵەتی ئاشکرای هەلومەرجی هەنوکەیی ئێمە دەستنیشان دەکات.

یەکێك لەم دوو جەمسەرە تەرکیزکردن لەسەر رەگەزی مرۆڤ بوو. بۆ یەکەمجار لەمێژوودا وتەزای زانستیی وەك رەگەز، ژمارەی دانیشتوان و شتی دی لەبری وتەزا یاساییەکان، بەشێوەیەکی پێکەوە گرێدراو و بەردەوام، بوو بە جێی گرنگییپێدانی سیاسی. بەمشێوەیە هەوڵدان بۆ تێگەیشتنی پرۆسەکانی تازەکردنەوەی ژیانی مرۆڤ، لەنزیکەوە بە ئامانجە سیاسی ترەکانەوە گرێدرا. وا بڕیارە کونترۆل و رێکخستنی جوڵەی ژیان بەمشێوەیە ناوەڕۆکی بەشی شەشەمی مێژووی سێکسوالیتەی فۆکۆ بێت. ئێمەش شیکردنەوەکانی ئێستای فۆکۆ بۆ سێکسوالیتە لەفەسڵی هەشتەمی ئەم کتێبەدا دەخەینە روو.

جەمسەری دوهەمی دەسەڵاتی بالادەست بەسەر ژیاندا، سەیری جەستە نەك وەك ئامێری دوبارە بەرهەمهێنانەوەی مرۆڤ، بەڵکو پتر وەك بابەتێك بۆ وەبەرهێنانکردووە. زانستی تازە یان بە وتەیەکی دروستتر تەکنەلۆژیای جەستە وەك بابەتی دەسەڵات، لەبواریکی پەرشوبلاو و پەراوێزیدا، دروستبوو. فۆکۆ ئەم زانستە تازەیە بە دەسەڵاتی کۆنترۆڵ ناو دەنێت و بەدرێژی لەکتێبی کونترۆڵ و سزادا شیدەکاتەوە (بگەڕێوە بۆ فەسڵی ٧) ئامانجی سەرەکی دەسەڵاتی کۆنترۆڵ بەرهەمهێنانی مرۆڤێك بوو کە بە «جەستەیەکی رامکراو و گوێڕایەڵ» دابنرێت. ئەم جەستە رامکراوە دەبوو لەهەمانکاتدا جەستەیەکی بەرهەمهێنیش بێت. تەکنەلۆژیای کۆنترۆڵ لەکارخانەکان، لەشکرگاکان و زیندان و خەستەخانەکاندا پەرەیسەند و کامڵ بوو، لەهەریەکێك لەم دەزگایانەدا ئامانجی گشتی «زیادبوونی سودمەندی و گوێڕایەڵی» تاکەکان و کۆمەڵەکان بوو لەهەمانکاتدا. تەکنیکە پێویستەکان بۆ کرداری کۆنترۆڵکردنی جەستەکان، بەتایبەتی بەسەر چینی کرێکار و چینەکانی خوارەوەدا جێبەجێکرا، گەرچی تەنها تایبەت نەبوو بەوان، بەڵکو لەزانکۆکان و قوتابخانەکانیشدا بەکارهێنرا.

بێگومان کونترۆڵی دیسپلینکردن و دروستکردنی جەستەی رامکراو و گوێڕایەڵ، پەیوەندی بە پەیدابوونی سەرمایەداریەوە هەیە. گۆڕانکاریە ئابوریەکان کە بوونە هۆی کەڵەکەبوونی سەرمایە و ئەو گۆڕانکاریە سیاسیانەی بوونە هۆی کەڵەکەبوونی دەسەڵات، بەتەواوی لەیەکجیا نین، بەڵکو لەپێشکەوتن و پەرەسەندنی خۆیاندا

پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە. بۆ نمونە « داسەپاندنی شێوازە سەربازیەکان بەشێوەیەکی چڕ بەسەر رێکخستنی پیشەسازیدا، نمونەیەکە لەگونجاندنی دابەشکردنی کار لەسەربناغەی خەسڵەتە دەسەڵاتەویەکان. بەڵام ئەم شێوانەی دەسەڵات لەبەشە ئابوریەکاندا پەیدا نەبوون و تەنها تایبەت بەو بوارە نەبوون" (کۆنترۆڵ و سزا.لا ٢٢١) فۆکۆ ئەم دوو گۆڕانکاریە بەشێوەیەکی تەریب بەیەك، نەك بەشێوەی هۆ و دەرئەنجامەکەی لەپاڵیەکدا دادەنێت، بەڵام بەئاشکرا ئاماژە بەوە دەکات کە بەبڕوای ئەو تەکنەلۆژیە سیاسیەکان بەر لەتەکنەلۆژیە ئابوریەکان، پەیدابوون. فۆکۆ بەلگە دێنێتەوە کە تەکنەلۆژیای کۆنترۆڵ بناغەی پەرەسەندن و گەشەکردن و سەرکەوتنی سەرمایەداری وەك بزوتنەوەیەکی ئابوری، پێکدەهێنێ. بێ ئامادەبوونی تاکە رێکخراو دیسپلینکراوەکان لەناو دەزگای بەرهەمهێنانەدا، پێداویستیە تازەکانی سەرمایەداری جێبەجێ نەدەبوون. بە هەمانشێوە سەرمایەداری بێ لەقاڵبدان، کونترۆڵ و دابەشکردنی عەقڵانی دانیشتوان لەئاستێکی بەربڵاودا، مومکین نەبوو. بەپێی بەلگاندنەکانی فۆکۆ ئەمجۆرە تەکنیکانەی کۆنترۆڵ، پشتیوانی لەگۆڕانکاریەکی مەزنتر و دیارتری لەبواری بەرهەمهێنانەدا دەکرد. لایەنیکەم لەفەرەنسادا پەرەسەندنی تەکنەلۆژیای کۆنترۆڵ هەم لەڕووی میژووی و هەم لەرووی لۆژیکیەوە، بەر لەپەیدابوونی سەرمایەداری دەستی پێکرد. ئەم تەکنەلۆژیانە هۆی دروستبوونی سەرمایەداری نەبوون، بەڵکو بە زەمینەی تەکنەلۆژیەکانی سەرکەوتنی سەرمایەداری، دەژمێرران.

وەك پێشتر گوتمان فۆکۆ بڕوایوایە کە تەکنەلۆژیاکانی کۆنترۆڵ لەهەمانکاتدا کە بەرێژە بەشاراوەیی مانەوە، پەرەیانسەند. ئەم تەکنەلۆژیانە بەئاسانی گوتاری تیۆرەی سیاسی، یاسا و بەرپرسیارێتیەکان و نادادپەروەریان لەناو نەبرد. ئەو کەسانەی تەکنەلۆژیای دەسەڵاتیان جێبەجێکرد، لەراستیدا چەند تیۆرەیەکیان لەبارەی دەوڵەتەوە بەکارهێنا کە هەریەکێکیان لەکاتێکی تایبەتدا لەرابردودا پێشکەشکرابوون. ئەم تیۆرە جیاوازانە دەیانتوانی لەجێگە جیاوازەکانی دەرکەوتنی دەسەڵاتدا واتە لەکارخانە، قوتابخانە، زانکۆکان و بەڕێوبەرایەتیەکانی دەوڵەتدا، پێکەوە بژین. مەبەست ئەوە نیە کە ئەم تیۆرانە گرنگیان نەبوو، بەڵکو ئاڵۆزی و

تەنانەت ململانێ لەنێوان هەڵوێستە تیۆریەکاندا، ئەو راستیەی دەشاردەوە کە کۆمەڵێك کرداری تەواو تازە لەبواری دەسەڵاتی باڵادەست بەسەر ژیاندا، بەشێوەیەکی بەربڵاو لەلایەن گشتەوە قبوڵکراوە. بۆ نمونە گوتاری هیومانیستی سەدەی هەژدەهەم لەبارەی یەکسانیەوە، بزوتنەوەیەکی سیاسی تەواو بێ وێنەی وروژاند. بەڵام لەهەمانکاتدا دیسپلینی توند لەکارخانە پیشەسازیەکان، ناوەندەکانی بێگاریکردن بە بێکاران چاودێریکردن و کونترۆڵی روو لەزیادی پۆلیس بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگادا، پەرەسەندنی ئارام و بێ هەراو هوریای کۆمەڵێك پەیوەندی زامندەکرد کە دیارە نەیاندەتوانی پەیوەندی یەکسانی و برایەتی و ئازادی بن. لەو کاتەدا کە بێگومان پێشکەوتنێکی نکوڵی لێنەکراو لەبواری نوێنەرایەتی سیاسی و یەکسانیدا بەدەستدەهات، بەڵام تەکنیکەکانی کۆنترۆڵ پیشانیاندەدا کە ئەندامانی کۆمەڵگا نە یەکسان بوون و نە بەیەك ئەندازە دەسەڵاتیان هەبوو: "کۆنترۆڵە واقعی و جەستەییەکان، بناغەی ئازادیە روکەشی ویاساییەکانی پێکدەهێنا. رەنگە پەیمانی (کۆمەڵایەتی) بە بناغەی ئایدیالی یاسا دانرا بێت، بەڵام تەکنەلۆژیای کۆنترۆڵ، تەکنیکێکی ناچارکردن وملکەچکردنی لەئاستێکی بەربڵاودا پێکدەهێنا" (کۆنترۆڵ و سزا، لا ٢٢٤، بەهەندێك دەستکاریکردنی وەرگێڕان).

ئەگەرچی ئەم تەکنەلۆژیا سیاسیە لەناو تۆڕی ئاڵۆزی تیۆرەی سیاسی تەقلیدیدا جێی نەدەبۆوە، بەڵام ناعەقڵانی و بێ بابەت نەبوو، بەڵکو لەراستیدا عەقلانیەتی تایبەتی خۆی هەبوو. رێك ئەم عەقڵانیەتە لەگەڵ تەکنەلۆژیا تازەکانی دەسەڵاتی باڵادەست بەسەر ژیاندا، ئەو بابەتەیە کە فۆکۆ شیدەکاتەوە. بۆ تێگەیشتن لەخەسڵەتەکانی ئەم شێوازە فکریە سیاسیە تازەیە، دەبێ جیاوازی بکەین لەنێوان ئەو روانگەیەی لەسەردەمی کلاسیکیدا دەرکەوت، لەگەڵ ئەو تیورانەی رابردوو لەبارەی سیاسەت و زانینەوە.

بەشێوەیەکی تەقلیدی فکری سیاسی لەرۆژئاوادا گرنگی بە دادپەروەری و خۆشگوزەرانی هاوڵاتیان دەدا. عەقڵی پراکتیکی هەوڵیدەدا خەسڵەتی فەردی و ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەسەر بناغەی تێگەیشتنێکی میتافیزیکی بۆ سیستەمی گەردوون رێکبخات. تێکستە مەسیحیەکان وەك تێکستەکانی سەن تۆماس لەهەمان هێڵی فکری ئەرستۆدا بوون. سەن تۆماس ئارەزووی سیستەمێکی چاکیدەکرد کە

ڕەگی لەجیهانبینیەکی تیوری بونگەریدا بوو. سیاسەت خزمەتی ئامانجیکی باڵاتری دەکرد کە پشتی بەسیستەمێکی هەمەکیتر بەستبوو..و ئەم سیستەمەش شیاوی ناسین بوو. بیرکردنەوەی سیاسی، هونەرێك بوو کەلەجیهانێکی کەموکوڕدا، ڕێنمایی مرۆڤەکانی بۆ ژیانێکی خۆشبەختر دەکرد، هونەرێك لەسەر ئەو شێوازەی کە خوداوەند سروشتی پێ ڕێکدەخست.

جۆری دوهەمی عەقڵانیەتی سیاسی لەسەردەمی ڕێنساسدا پەیدابوو، کە لەگەڵ ناوی مەکیاڤیلیدا دێت. مەکیاڤیلی ئامۆژگاری میری دەکرد کە چۆن دەوڵەتەکەی خۆی بپارێزێت. بەمشێوەیە پەیوەندی نێوان میر و ئەو جۆرە دەوڵەتەی کە حوکمیدەکات، بوو بە بابەتی بیرکردنەوەی سیاسی. ئەم گۆڕانە وەك مێژوونوسانی دیش ئاماژەیان بۆ کردووە، بەدابڕانیکی سەرەکی لەنەریتی بیرکردنەوەی سیاسی ڕابردووی ڕۆژئاوا دادەنرێت. لێرەدا چیدی هیچ سەرنجێکی میتافیزیکی لەئارادا نەبوو..وە هیچ شتێك جگە لەپاراستنی دەسەلاتی میر، جێگەی سەرنج نەبوو. ئامانجی سەرەکی نوسینەکانی ئەم سەردەمە زیادکردن و تەبایی دەسەلاتی سیاسی بوو، نەك ئازادی یان خۆشبەختی و یان تەنانەت ئارامی و ئاسایشی هاوڵاتیان. بەمشێوەیە زانینی پراکتیکی و هونەری بەسەر سەرنجە میتافیزیکیەکاندا سەرکەوت، بوو بە مەسەلە ستراتیژیە سەرەکیەکان.

گۆڕانیکی دی لەبیرکردنەوەی سیاسیدا ڕویدا کە بە پەیدابوونی تیورەی بەرژەوەندی باڵای دەوڵەت دەناسرێت و لەدوو گۆڕانەکەی سەرەوە جیاوازە. گەرچی تیورەسازانی سەرەتایی بەرژەوەندی باڵای دەوڵەت، لەهەمان سەردەمی مەکیاڤیلیدا پەیدابوون و بەشێوەیەکی ئاسایی ناویان لەگەڵ ئەودا دێت، بەڵام فۆکۆ لەروانگەیەکی جیاوازەوە سەیریاندەکات و بەتایبەتی گرنگی بە نوسەرانی نامیلکە و دەستوری کاری پۆلیس لەو سەردەمەدا دەدات. ئامانجی فۆکۆ ئەوەیە دەریبخات ئەم نوسەرانە کە بەشێوەیەکی گشتی ناویان بۆ ئیمە نەناسراوە، سیاسەتگەلێکیان بۆ بەکارهێنانی پراکتیکی دانا و تەکنیکگەلێکی وردیان بۆ سەپاندنی ڕێکخستن و دیسپلینکردنی تاکەکان پێشکەشکرد و لەهەمانکاتدا نەریتی سەرەکی بیرکردنەوەی سیاسیان لەرۆژئاوادا بۆ شاردنەوەی شێوازە تایبەتیەکانی خۆیان بەکارهێنا. لەگەڵ

هەموو ئەمانەشدا ئەم نوسەرانە نوێنەری گۆڕانکاریەکن لەفەلسەفەی سیاسیدا. کەسانێك کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی باڵای دەوڵەت چەند تەکبیرێکیان پێشکەشکرد، دەوڵەتیان بەئامانجێك لەخۆیدا دادەنا و چارەنوسی ئەم دەوڵەتەیان لەهەرجۆرە سیستمێکی ئەخلاقی فراوانتر و هەروەها چارەنوسی میرەکان، بەجیا دەزانی. بەپێی بەلگاندنەکانی فۆکۆ ئامانجی ئەوان مۆدێرنترین و بونیادیترین ئامانج بوو، چونکە لەدیدی ئەوانەوە عەقڵانیەتی سیاسی ڕووی لەدەستگەیشتن بە ژیانی خۆشبەختانە یان تەنها پاراستنی میر نەبوو، بەڵکو دەیویست لەرێگەی کردەی کۆنترۆڵکردنی سەختڕی جەستەی هاوڵاتیان، پانتایی دەسەلات لەبەر خودی دەسەلات پەرەپێدا.

یەکەم بنەمای ئەم عەقڵانیەتە سیاسیە تازەیە ئەوە بوو کە ئامانجەکەی خودی دەوڵەت بوو، نەك یاساکانی باڵادەست بەسەر مرۆڤەکان و سروشتدا. بوونی دەوڵەت و دەسەلاتی دەوڵەت، بابەتی ڕاستەقینەی زانینی تەکنیکی و بەڕێوبەڕایەتی تازە بوو، لەبەرامبەر گۆتاری یاسایی کۆندا کە دەسەلاتی بە ئامانجیکی تری وەك دادپەروەری، خۆشبەختی و یان مافی سروشتیەوە گرێدەدا. مەبەست ئەوە نیە کە مافەکان بێسود یان لەناوچوون، بەڵکو هێواش هێواش کارکردنی دی لەکۆمەڵگای مۆدێرندا پەیداکرد.

هەنوکە ئیدی بابەتی تیگەیشتنی زانستی بەڕیوبەرایەتی، نە مافەکانی خەڵك و نە ماهیەتی خودایی یا مرۆیی یاساکان، بەڵکو خودی دەوڵەت بوو. لەگەڵ ئەمەشدا ئامانجی ئەم زانینە ئەوە نەبوو کە تیورەگەلێکی گشتی پەروەردە بکات، بەڵکو مەبەست ئەوە بوو ماهیەتی تایبەتی هەر دەوڵەتێکی مێژوویی تایبەت پێناسبکات. ئەمەش خۆی پێویستی بەکۆکردەنەوەی زانیاری لەبارەی فەزای دەوروبەری دەوڵەت و ژمارەی دانیشتوان و سەرچاوەکان و ئەو مەسەلانەوە هەبوو کە پەیوەندیان پێیانەوە هەیە. وەك پێشتر بینیمان بۆ بەرهەمهێنانی زانینێکی لەمچەشنە، دەبوو کۆمەڵێك شێوازی ئەزمونگەری لیکۆڵینەوە و تاوتوێکردن، دروستبکرێت. بەمشێوەیە خوێندنەوە لەناو مێژوو، جوگرافیا، هەلومەرجی هەریمایەتی و ژمارەی دانیشتوانی هەر ولاتێك لەسنوری هەستی فزولیەتی تیوری ئاسایی تێپەڕی و بوو بە ڕەگەزێکی سەرەکی لەپێکهاتەی تازەی دەسەلات و زانیندا. حکومەت و بەتایبەتی دەزگای بەڕێوەبردنی، بەمەبەستی ئەوەی بەشێوەیەکی چالاك کاربکات، پێویستی بە

زانینێکی بابەتی، دیاریکراو و شیاوی ئەندازەگیری بوو. هەرئەم زانینەیە ئەو توانایەی بەحکومەت دەبەخشی تا بەوردی هەلومەرجی هێزەکانی خۆی بەوردی دیاریبکات و خاڵی لاواز و چۆنێتی لەناوبردنیان بزانێت. بەمشێوەیە عەقڵانیەتی تازەی دەسەڵاتی باڵادەست بەسەر ژیاندا، پەیوەندی بە زانستە کۆمەڵایەتی ئەزمونگەرەکان و تازە پێگەیشتوەکانەوە هەبوو. بۆ نمونە ئەوەی لەسەرەتادا خوێندنەوەی ژمارەی دانیشتوان بوو، بە زووبی بوو بەزانستی ژمێریاری سیاسی. لێرەدا بیری ئەو بەشە جیاوازانەی «رۆحی یاساکانی» مۆنتیسیکۆمان دەکەویتەوە کە لەبارەی ئاو و هەوا ، جوگرافیا، ژمارەی دانیشتوانی و شتی لەم بابەتەوەیە کە زۆرجار لەلایەن شیکەران و تەفسیرکارانی تازەوە کورت یان سڕاونەتەوە. لەدیدی فۆکۆدا ئەم بەشانە گرنگترین بەشەکانی وتارەکەی مۆنتیسیکۆن، نەك ئەو بەشانەی کە باسی چاکیەکان دەکات.

دەرئەنجام ئەوەیە کە بەڕیوبەرەکان و کارگوزارە دەوڵەتیەکان پێویستیان بە ناسینێکی ورد نەك تەنها لەبارەی دەوڵەتی خۆیان، بەڵکو لەبارەی وڵاتانی دیشەوە هەبوو. ئەگەر ئامانجی ئەم عەقڵانیەتە سیاسیە دەسەڵاتی دەوڵەتی بوو، لەم حاڵەتەدا ئەم دەسەڵاتە دەبوو بەپێی هێز و توانا، ئەندازەگیری بکرێت. لەوروەوە کە هەموو دەوڵەتەکانی تریش هەمان گەمەی سیاسیان دەکرد، بەراوردکردن لەنێوانیاندا شتێکی بنەڕەتی و سەرەکی بوو. خۆشگوزەرانی و تەنانەت مانەوە نەك دەرئەنجامی فەزیلەت، بەڵکو بە بەرهەمی هێز و توانا دەزمێررا. لێرەشدا رەگەزی سەرەکی زانینی ئەزمونگەری بوو، نەك تیورەی ئەخلاقی.

بەمشێوەیە سیاسەت گۆڕا بۆ "سیاسەتی باڵادەست بەسەر ژیاندا (Bi0-Politics)". هەرئەوەندەی کە دەسەڵاتی باڵادەست بەسەر ژیاندا پەیدابوو، ژیانی دانیشتوان و لەناوچونیان، بووە پەیڕەوی هەڵبژاردنە سیاسیەکان. لەو روەوە کە ئەم دانیشتوانە شتێك نەبوو جگە لەوەی «دەوڵەت لەبەرخاتری خۆی گرنگیان پێدەدا»، کەوابوو دەوڵەت دەیتوانی بەپێی بەرژەوەندیەکانی خۆی جێگۆڕکێیان پێبکات یان ملیان بپەڕێنێت. بەکورتی:

«دەکرێ دەستێوەردانی روو لەزیادی دەوڵەت لەژیانی تاکەکەسدا، لەگواستنەوە

لەم بیرەوە کە دەوڵەت خاوەن خەسڵەت و ئامانجێکی تایبەتی خۆیەتی، بۆ ئەو بیرەی تر کە مرۆڤ بابەتی راستی دەسەڵاتی دەوڵەتە ببینین. مرۆڤ تا ئەو شوێنەی بەرهەمهێنی دەسەڵاتە، تا ئەو شوێنەی بونەوەرێکی زیندووە و کرێکار و قسەکەرە، تا ئەو شوێنەی کۆمەڵگا پێکدەهێنێت، تا ئەو شوێنەی لەناو فەزایەکی سەر بە کۆمەڵدایە (بابەتی راستی دەسەڵاتی دەوڵەتە). گرنگی ژیان بەهۆی ئەم مەسەلە پەیوەندیدارانە بەدەسەڵاتی سیاسیەوە زیاددەکات، جۆرێك ئاژەڵسازی مرۆڤ لەرێگەی ئاڵۆزترین تەکنیکە سیاسیەکانەوە ئەنجامدەدرێ. هەم پەیدابوونی توانای زانستە کۆمەڵایەتیو مرۆڤایەتیەکان و هەم پەیدابوونی توانای پاراستنی ژیان و توانای کوشتنی دەستەجەمعی لەهەمانکاتدا، لەشانۆی مێژوودا دەردەکەون" (وتارخوێندنەوەی زانکۆی ستانفۆرد تشرینی یەکەم / ئوکتۆبری ١٩٧٩).

فۆکۆ لەشیکردنەوەی ئەمجۆرە تازەیەی عەقڵانیەتی سیاسیدا، پەیوەندیەکی تازە لەنێوان سیاسەت و مێژوودا دەستنیشاندەکات. داڕێژەری یاسای زانا و هوشیار چیدی ناتوانێ هەموو رەگەز و جەمسەرەکانی دەوڵەت جێبەجێبکات و هاوئاهەنگیەکی کامڵ و بێ کەموکوڕ دروستبکات. لەبری ئەمە دەبێ چاودێری کۆمەڵێك هێز لەحاڵەتی گۆڕاندا بکات کە بەنۆبەت بەهۆی بڕیاردانی سیاسی رژێمەوە، بەهێز یان لاواز دەبێت. لەو روەشەوە کە چیدی هیچ جۆرە بنەمایەکی یەکسانی یان سنورێك لەدەرەوە ناتوانێت داسەپێنێت، کەوابوو هیچ سنورێکی دەرونی بەسەر هێز و توانایدا کە دەشێت بەدەستی بێنێت، بوونی نیە. دەسەڵات کە لەسنورەکانی سروشت و ئاینزا بەتاڵ بۆتەوە، دەچێتە ناو جیهانێکەوە کە لایەنیکەم توانای پەرەسەندنی بێ سنوری هەیە. ئەم پەرەسەندنە (یان وێرانی) لەشانۆی مێژوودا رووەدات. دیارە هێزە مادیەکان هەن کە کار لەرەوتی مێژوو دەکەن. پەیدابوونی ئەم سەردەمە لەژیانی سیاسیدا پەیوەندی بە گۆڕانە سەرەکیە ئابوریەکان و ژمارەی دانیشتوان و بەتایبەتی بە پەیدابوونی سەرمایەداریەوە هەیە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پاش ئەوەی زیاد لەسەدەیەك بەسەر مێژوونوسی مارکسیانەدا تێدەپەڕێت، دیسان گرنگی تایبەتی ئەم عەقڵانیەتە سیاسیە تایبەتە، بەپێی پێویست شینەکراوەتەوە. دیاریکردن و شیکردنەوەی ئەم کرداره سیاسیە

دیاریکراوەکانە، جەوهەری گرنگییێدانی فۆکۆ پێکدەهێنێت.

بۆ نمونە گەرچی سەرنجی نەوەی تازەی بەڕێوبەران و کارگێڕانی دەوڵەتی لەسەر ژمارەی دانیشتوان بوو، بەڵام لەهەمانکاتدا لەروانگەی بەڕێوبەرایەتیەوە پێناسێکی تازە بۆ سیاسەت و تاك باو بوو. لەبواری روو لەپەرەسەندنی دەوڵەتی مۆدێرن ودەزگای بەڕێوبردنیدا، مرۆڤەکان لەهەر بواریکدا وەك یەکێك لەسەرچاوەکان تەماشادەکران. تاکەکەس تا ئەو کاتە گرنگی پێدەدرا کە بەشداری هەبێت لەبەهێزکردنی دەوڵەتدا. ژیان، مردن، چالاکی، کار، بەدبەختی و خۆشی تاکەکەسەکان تا ئەوجێگەیە بەگرنگ دادەنران کە لەرووی سیاسیەوە سودمەند بن. هەندێکجار ئەوەی تاکەکەس دەبوو لەروانگەی دەوڵەتەوە ئەنجامیبدات، بریتیبوو لەوەی بەشێوەیەکی تایبەت بژی یان کاربکات یان بەرهەمبهێنێت، و هەندێکجاریش تاکەکەس دەبوو بۆ بەهیزکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت بمرێت. پەیدابوونی تاکەکەسی مۆدێرن وەك بابەتی گرنگییێدانی سیاسی و زانستی و دەرئەنجامەکانی ئەم گۆرانکاریانە بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی، هەنوکە وەك مەسەلەی سەرەکی جێی شیکردنەوەی فۆکۆی لێهاتووە.

ئەرکی پۆلیس بریتیبوو لەرێکخستن و جێبەجێکردنی تەکنیکەکانی بالادەست بەسەر ژیاندا، بە مەبەستی چاودێریکردنی دەوڵەت بەسەر ژمارەی دانیشتواندا. گەرچی پۆلیسی فەرەنسا لەسەدەکانی حەڤدە و هەژدەدا بەبەشێك لەدەزگای یاسایی دەژمێررا، بەڵام لەگەڵ تاکە کەسەکاندا نەك وەك خودێکی یاسایی، بەڵکو وەك بونەوەرێکی زیندوو کە خەریکی کار و بازرگانیە مامەڵەدەکات. (ئەم رەهەندەی باسەکە بەدورودرێژی لە«سیستەمی شتەکاندا» بەشێوازێکی جینالۆجیانە تاوتوێکراوە). فۆکۆ لەسەر بناغەی نامێلکە و دەستوری کاری بەڕێوبەرایەتیەکانی ئەو سەردەمە، دەریدەخات کە ئەرکی پۆلیس کە بەشێوەیەکی روو لەزیاد پلەی یەکەم داگیردەکات، چاودێریکردنی تاکە تایبەتیەکان و کۆی خەڵکی تا ئەو جێگەیەی بوو کە پەیوەندی بە بەرژەوەندی دەوڵەتەوە هەبوو. لێرەوە ئەرکەکانی پۆلیس زۆر گەورەتر و بەرفراوانتر بوو: "مرۆڤ و شتەکان لەو پەیوەندیانەدا کە بە مولکایەتیەوە هەیانە، ئەوەی بەرهەمی دێنن، پێکەوە ژیانی مرۆڤەکان لەیەك سەرزەمیندا، ئەوەی

لەبازاردا ئالۆگۆڕ دەکرێت (هەموو ئەمانە لەئەرکەکانی پۆلیسن). ئەم ئەرکانە هەروەها چاودێری پۆلیس بەسەر شێوەی ژیانی مرۆڤەکان، ئەو نەخۆشی و رووداوانەی توشیان دەبێت، دەگرێتەوە. بابەتی چاودێری پۆلیس، مرۆڤی زیندووی چالاك و بەرهەمهێنە. نامیلکەیەکی سەردەمی سەڵتەنەتی لوی چواردەهەم دەڵێت "بابەتی کاری راستی پۆلیس، مرۆڤە" (هـ.س.پ) پێشتر دەسەڵاتی دەوڵەت بەسەر مرۆڤەکاندا وەك کۆمەڵێك تاکەکەسی خاوەن ماف و ئەرك جێبەجێدەکرا. بەڵام لەم کاتەدا پۆلیس لەگەڵ مرۆڤەکاندا، لەچالاکیە رۆژانەیەکانیاندا وەك رەگەزی سەرەکی هێز و چالاکی دەوڵەت سەروکاری پەیداکرد. پۆلیس و بەڕێوبەرایەتیە هاوکارەکانی، هەنوکە بەرپرسیاری چاککردن و خوشگوزەرانی و لەهەمانکاتدا کونترۆڵی مرۆڤەکان لەئەستۆ دەگرێت.

دەزگای بەڕێوبردنی دەوڵەت مەسەلەی خوشگوزەرانی لەژێر ناونیشانی دابینکردنی پێداویستیەکان و خوشبەختی خەڵکیدا، دەخاتەڕوو. دیارە ئەمە هەمان ئەو ئامانجانە بوو کە حکومەتەکانی پێشووش خۆیان بۆ دابینکردنی تەرخانکردبوو، بەڵام پەیوەندیەکان هەنوکە هەڵگەڕاونەتەوە. هەنوکە پێداویستیە مرۆییەکان چیدی وەك ئامانجێك لەخۆیاندا یان وەك بابەتگەلێکی فەلسەفی کە بەدوای دۆزینەوەی ماهیەتی زاتی شتەکاندان، وێنا ناکرێن، بەڵکو لەدیدێکی ئامیرگەریانە و ئەزمونگەرانەوە بە هۆکاری زیادکردنی دەسەڵات دەژمێرێن. فۆکۆ بەمشێوەیە پەیوەندی نێوان تێڕوانینی بەڕێوبەرایەتی تازە بۆ خۆشگوزەرانی مرۆڤ و پەرەسەندنی دەسەڵاتی بالادەست بەسەر ژیاندا، پیشاندەدات. بەڕێوبەران و کارگێڕانی دەوڵەتی تێڕوانینی خۆیان بۆ خوشگوزرانی و دەستێوەردانی دەوڵەت، بەپێی وتەزا بایەلۆجیەکانی وەك بەرهەمهێنانی مرۆڤ، نەخۆشی، کار و یان ئازار و رەنج، ئاراستە دەکرد.

دوو جەمسەری دەسەڵاتی بالادەست بەسەر ژیاندا واتە کرداری کونترۆڵکردنی جەستە و رەگەزی مرۆڤ کە لەسەدەی هەژدەدا بەجیا لەیەك پەرەیانسەند، لەسەدەی نۆزدەهەمدا لەچوارچێوەی گرنگیدانێکی روو لەزیاددا بە سێکسوالیتە پێکەوە گرێدران. سەرەڕای دەوڵەت هەندێك شکڵی تری دەسەڵاتیش هاتنە مەیدانەوە و ئەوانیش بە مەبەستی کونترۆڵکردنی کرداری جنسیەکان، شێوازگەلێکی تازە و هەروەها

گوتارێکیان لەبارەی سێکسوالیتەوە بەکارهێنا. سێکسوالیتە بوو بە بونیادێك کە لەرێگەیەوە دەسەڵات، چالاکی زیندووی جەستەی بە چالاکی زیندووی رەگەزی مرۆڤەوە گرێدەدا، سێکسوالیتە و ئەو مانایەی کەپێی بەخشرا، هەنوکە دەبوون بە رێرەوی سەرەکی پەرەسەندنی دەسەڵاتی بالادەست بەسەر ژیاندا.

ئێمە باسە سەرەکیەکانی فۆکۆ لەبارەی سێکسوالیتەوە (یان بەوتەی خۆی "بلاوبونەوەی سێکسوالیتە") لەفەسلی هەشتەمی ئەم کتێبەدا دەهێنینەوە. لێرەدا تەنها جەخت لەوە دەکەین کە بابەتی سێکسوالیتە وەك بەشێك لەبواری روو لەپەرەسەندنی دەسەڵاتی بالادەست بەسەر ژیاندا دەرکەوت. ئەمجۆرە گوتارە لەبارەی سێکسوالیتەوە نابێت بەچەمکە فیبەریەکەی، واتە وەك پەیدابوونی جۆرێك تەسەوق نادینی وەربگرین. لەناو تۆڕی تەفسیری دەسەڵاتی بالادەست بەسەر ژیاندا، بلاوبونەوەی سێکسوالیتە نەك بەکەمبونەوەی ئارەزوو بۆ سێکسوالیتە، بەڵکو بووە هۆی پەیدابوونی گوتار و ئارەزوو بۆ چالاکی زیندووی جەستە بەئەندازەیەکی زۆر گەورە. بەپێی بانگەشەی فۆکۆ ئامانج «قوڵکردنەوەی گرنگی جەستە و خستنەرووی تەندروستی و شێوەی دابینکردنی بوو وەك مەسەلەیەك کە شیاوی پێراگەیشتنە، مەبەست بریتیبوو لەتەکنیکگەلێکی تازە بۆ درێژکردنەوەی تەمەن.. بابەتی سەرەکی بریتیبوو لەجەستە، تەندروستی، درێژی تەمەن، زاد و وەلەد و ئەسڵ و فەسڵی چینایەتی" (مێژووی سێکسوالیتە. لا۱۲۳) پێدەچێ هیچکات ئەوەندە گرنگی بە لایەنەکانی جەستە و رەهەندە جیاوازەکانی سێکسوالیتە نەدراوە. بەمشێوەیە لەناو دەرونی سێکسوالیتەدا، مانا و دەسەڵات و زانستێکی تازە بە وەدیعە دانرا.

تا پێش کۆتای سەدەی نۆزدە بەکارهێنانی گشتی سێکسوالیتە لەسەرتاسەری کۆمەڵگادا بلاوبوبۆوە. چینەکانی ناوەڕاست کە لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا خۆیان لەئەرەستۆکراتەکان و رەمزەکانی ئەسڵ و فەسڵی ئەو چینە جیاکردبۆوە، هەنوکەش خۆی لەچینی کرێکاری کە بەرەو ناوەوەی تۆڕی سێکسوالیتە و دەسەڵاتی بالادەست بەسەر ژیاندا، رادەکێشران، جیادەکردەوە. لەسەرەتای سەدەی نۆزدەدا ئەخلاقگەرەیانی بۆرژوازی ئامۆژگاری هاوچینەکانی خۆیان دەکرد، بەوردی گرنگی بەسێکسوالیتە و ژیانی شاراوەی سێکسوالیتە و مەترسیەکانی بدەن. تا پێش کۆتای

سەدەی نۆزدەهەم مەترسیەکانی سێکسوالیتە گرنگی زیاتری پێدرا و پێشنیاری سەرکوتکردن و شاردنەوە، لەرووی ئەخلاقیەوە دەکرا. فۆکۆ ئەم گوتارە تازەیە بەمشێوەیە وەسفدەکات: "سێکسوالیتە نەك وەك رێنماکەرانی وێژدان و ئەخلاقیەکان، پەروەردەکاران و پزیشکان بەردەوام بە نەوەکانی پێشویان دەگوت کە نهێنیەکی گەورەیە، نەك هەر دەبێت ئێمە ئەو هەقیقەتەی کە سێکسوالیتە دەشارێتەوە بدۆزینەوە، بەڵکو ئەگەر ئەم هەموو مەترسیەی لەخۆ گرتووە، لەبەرئەوەیە ئێمە ئەم هەموو ماوەیە لەبارەیەوە بێدەنگ بووین جا یان لەبەر هۆی ئەخلاقی یان هەستی توندی گوناه یان دوڕوویی و یان هەر هۆیەکی تر" (هەس.پ . لا ۱۲۸ و ۱۲۹) پاش ئەوەی کە سێکسیکردنی تاکەکان و کۆمەڵەکان لەسەرتاسەری کۆمەڵگادا بلاوبۆوە، ئیدی خەریکبوونی خەیاڵی بۆرژوازی بە سێکسوالیتەوە نەیدەتوانی ئاماژەی جیاوازی چینایەتی بێت، هەنوکە سێکسوالیتە لەچالاکیەکی مانادارەوە بوو بەئامێرێکی کونترۆڵکردنی ئیداری.

هەر لەم قۆناغەی پەرەسەندن و بلاوبونەوەی دەسەڵاتی بالادەست بەسەر ژیاندا بوو کە بەرنامە کۆمەڵایەتیەکان، بەرەسمی دەرکەوتن. بۆرژوازی لەکاتیکدا قسەی لەبارەی خەیاڵکردنەوەکانی زیناکردن لەگەڵ مەحرەمەکاندا دەکردو شتی دەنوسی، بەرنامەگەلێکی خۆپارێزی کۆمەڵایەتی لەناوچە لادێیەکان و گەڕەکە پەراوێزیەکانی شاردا بەرێدەخست. ئەنجومەنە ئیسلاحیە جیاوازەکان هەوڵیاندەدا کرداری حەرامکراوەکان و خووە شازەکان لەناو چینی کرێکاردا لەناو بەرن. لەژمارەیەکی زۆری وتار و راپۆرت و رۆژنامەکاندا، خەڵکیان لەم مەترسیانە ئاگادار دەکردەوە. سەرەڕای شارەوانیەکان، دەرمانخانەگەلێکیان بۆ روبەڕوبونەوەی نەخۆشیە جنسیەکان دامەزراند و لەهەمانکاتدا لەرێگەی ئامادەکردنی کۆمەڵێك راپۆرتی ئالۆزی پزیشکی و دروستکردنی سۆزانیخانە رێگەپێدراوەکان، هەوڵدانێك بۆ رێکخستن و چاودێریکردنی سۆزانیەت، ئەنجامدرا. بەمشێوەیە تۆرێکی کونترۆڵکردن بەناوی تەندروستی گشتی و پاراستنی پاکی رەگەزەوە پەرەیسەند. پێدەچێت بانگەشە بۆ بەرگریکردن لەچارەنوسی رەگەز و نەتەوە، مەبەستی بەتایبەتی مومارەسە جنسیەکان بوو بێت.

پاش ماوەیەکی کەم دەرونشیکاریش بۆ مەسەرەڤی بۆرژوازی هاتە ئاراوە.

دەرونـشیکاری لوتکـەی گریمانـەی سـەرکوتکردن، پەیوەنـدی نیـوان ئـارەزوو و یاسـا لەپەتیرین شکڵیدا، و تێکئاڵانی مانای شاراوە و سەرسوڕهێنەر بـوو. دەرونـشیکاری لایەنیکەم بۆ هەندێك دەرمـانی سـەرکوتکردن بـوو. بـەپێی دەرونـشیکاری پەیوەنـدی نێـوان سێکـسوالیتە و یاسـا وەك سـەرکوتکردن، پەیوەندیـەکی تـەواو گـشتی و سەرتاسـەری بـوو، و هـەر ئـەم پەیوەندیـە بناغـەی شارسـتانیەتی پێکـدەهێنا. بـەڵام ئارەزوە زیناکاریەکان کە بونە هۆی بەرپابوونی سەرکوتکردن لەهەموو کۆمەڵگاکاندا، هەنوکـە بەشـێوەیەکی بـێ مەترسـی لەرێگـەی دەرونـشیکاریەوە، لـەگوتاردا شـیاوی خـستنە رووبـوون. بـۆرژوازی کـاتێکی دەسـەڵاتی پاوانکارانـەی خـۆی بەسـەر سێکسوالیتەدا لەدەستدا، ئیمتیازێکی تری بۆخۆی دەستەبەر کرد: هەنوکە بۆرژوازی دەیتوانی لـەبارەی سێکسوالیتەی سـەرکوتکراو و قـوڵترین ئارەزوەکانـەوە قسە بکات. لایەنیکـەم بـۆ بـۆرژوازی "هەنوکـە ئـەرکی هەقیقـەت بەسـترایەوە بـەدۆزینـەوەی قەدەغەکراو و دانپێنانیش هەنوکە بەسترایەوە بەقسەکردن لەبارەی ئـەو شتەوە کـە دەسەڵات قەدەغەی دەکات".

هەردوو بەشی دەسەڵاتی باڵادەست بەسەر ژیاندا، واتە کـونترۆڵکردن و دانپیانـان، هەرچـەند لـەرووی بـەکارهێنانی چـینایەتیەوە جیـاواز بـوون، بـەڵام لـەو گریمانـە هاوبەشانەی کە لەبارەی گرنگی سێکسوالیتەوە هـەیانبوو، یەکسانبوون. یـەکێك لـەو نمونانـەی فۆکـۆ دەیهێنێتـەوە، ئـەم خاڵـە روندەکاتـەوە. لەسـەرەتای سـەدەی نـۆزدەدا لەرووی زانستیەوە راگەیەنرا کە تابۆی زیناکردن لەگەڵ مەحرەمەکاندا رێسای گشتی هەموو کۆمەڵگاکانە، لەهەمانکاتدا دەزگاری بـەڕێوەبردنی دەوڵـەت هەوڵیـدا سـنورێك بۆ ئەم کردارە قەدەغەیە لەناو دیهاتیەکان و چینی کرێکاردا دابنێت، و رۆشنبیرانیش لەریگەی زانستی دەرونشیکاریەوە توانیان خۆیان قەناعـەت پێبکـەن کـە بەقسەکردن لـەبارەی ئـەم تابۆیـەوە، لەبەرامبـەر سـەرکوتکردندا بەرگریدەکـەن. بەمـشێوەیە مەسـەلەکە کۆتـایی پێهـات و گریمانـەی سـەرکوتکردن بـوو بـە بناغـەی پێـشکەوتنی دەسەڵاتی باڵادەست بەسەر ژیاندا.

بەمشێوەیە گەر بگەڕێینـەوە بـۆ پرسیارە بەدیهیەکـەی فۆکـۆ لەسـەرەتای کتـێبی مێژووی سێکسوالیتەدا کە ئایا گوتاری رەخنەگرانە لەبارەی سەرکوتکردنەوە رێگرێك

بوو بۆ دەسەڵات یان بەشێك بوو لەمیکانیزمی ئەو دەسەڵاتەی کە رەخنەی لێدەگیرا، دەتـوانین هەنوکـە وەڵام بدەینـەوە کـە گوتـاری رەخنەگرانـە خـۆی بەشـێك بـوو لەدەسـەڵات. فۆکـۆ ئـەم خاڵـە بـەکورتی بەمـشێوەیە دەردەبـڕێ "بەمـشێوەیە یاسـا، تەنانـەت لەزانـستی میکـانیکی تـازەی دەسـەڵاتدا، لەئەمانـدا دەبێـت و بەسـەقامگیری دەمێنێتـەوە. چـونکە ئەمـە مەتـەڵی کۆمەڵگایەکـە کـە لەسـەدەی هەژدەهەمـەوە تـا هەنوکـە تەکنەلۆژیاگـەلێکی دەسـەڵاتی زۆری دروسـتکردووە کـە سـەبارەت بـە یاسـا نامۆن. (ئەم کۆمەڵگایە) لەدەرئەنجام و بڵاوبوونەوەی ئەو تەکنەلۆژیانـە دەترسـێت و هەوڵـدەدات تـا ئـەم تەکنەلۆژیانـە لەشـکڵێکی یاسـاییدا دابرێـژی" (مێـژووی سێکسوالیتە.لا ١٠٩)

بەڵگاندنەکانی فۆکۆ گەڕاوتەوە بـۆ خاڵی دەست پێکردنـی. دەسـەڵاتی باڵادەست بەسەر ژیاندا، گریمانەی سـەرکوتکردنی لەناوخۆیـدا جێکردۆتـەوە. هەلومەرجـەکانی پەیدابوونی گریمانەی سـەرکوتکردن، واتـە ئـەو کۆمەڵـە کـرداره کلتوریانـەی کـە ئـەم تیورەیـەیان لـەبارەی سێکـسوالیتەوە دروسـتکرد، هەنوکـە لەگـەڵ مەرجـەکانی قبـوڵکردنی ئـەو گریمانەیـەدا یـەکیگرتووە. بـەپێی رێـسا تەفسیریە زۆر کۆنـەکان، هـەردوکیان کاتێـك شـیاوی تێگەیـشتنن کـە لـەناو« تـۆڕێکی مێـژووی فـراوانتردا بـۆ دۆزینەوەی رەمزەکان» دابنرێن. لەبەرئەوەش کە ئێمە هەنوکە ئەم تۆرەمـان هەیـە، هەنوکە دەتوانین بگەڕێینە دواوە بۆ ئەوەی بەشـێوەیەکی دوروردرێـژتر تـاوتوێی ئـەو تەکنەلۆژیانەی دەسەڵات و ئەو عەقڵانیەتە بکەین کە پێوەی گرێدراوە.

سەرچاوە:

ئەم وتارە وەرگێڕانی فەسڵی شەشەمی کتێبی

(هیوبر دریفۆس .پۆل رابینۆ :میشل فۆکۆ :فراسوی ساختگرایی و هێرمۆنیك .ت :حسین بشیریه . نشر نی .چاپ اول . تهران ١٣٧٦).

هەروەها سودیکی زۆرم لەوەرگیرانی عەرەبی ئەم وتارە وەرگرتووە:

میشیل فوکو مسیرة فلسفية، مركز الانهاء القومي، ص١١٦.

میراتی نیتچە

کیت ئانسل پیرسۆن

"گومانی تیا نیە ئێمە هێشتا گوێگری یەك "تۆدەبێ"یین، ئێمە هێشتا پەیڕەوی کۆمەڵێ یاسای زبرو رەق دەکەین —ئەمەش دوا یاسایی ئەخلاقیە کە دەتوانێ خۆی بەگوێمان بگەیەنێت.. ئێمە پیاوانی ویژدان کە نامانەوێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو شتەی تەمەنی بەسەرچووەو بۆگەنی کردووە [ئێمە کە نامانەوێت بگەڕێینەوە] بۆ شتێك کە "نرخی باوەڕپێکردنی" نیە، جا ئیدی ناوی هەرچیەك بێت: خودا، چاکە، هەقیقەت، دادپەروەری، رەگەزدۆستی، ئێمە کە ڕێگە نادەین پردێك لەدرۆ بەدروشمە کلاسیکیەکانەوە بمانبەستێتەوە، ئێمە کە دوژمنی هەموو جۆرە باوەڕ [ئیمان]، مەسیحیەتی ئەمرۆ و دوژمنی هەموو جۆرە رۆمانسیەتێك و وڵات پەرستیەکین"

نیتچە، بەرەبەیان، پێشەکی ١٨٨٦

نیتچەو چارەنوسی سیاسەتی ئەڵمانیا

وەك "گۆلۆمانی" مێژوناسی ئەڵمانی گوتوێتی، ئەڵمانیای بیسمارك نەك لەسەر بناغەی ڕێسا بەرزەفڕەکانی فەلسەفەی سیاسی کە یەکێتی ئەمەریکای لەسەر دامەزرابوو، بەڵکو لەسەر بناغەی پراگماتیزمێکی شێرانە بنیاد نرا"[1] بنیادنانی رایشی ئەڵمانیا نەك لەسەر بناغەی تێڕوانینە فەلسەفیە قوڵەکان لەبارەی خەسڵەتی مرۆڤ و کۆمەڵگاوە، بەڵکو لەسەر بناغەی جەنگ و داگیرکردن و هاوپەیمانی و پەرلەمانی گومرگی کە لەسەر بناغەی باجوەرگرتن بوو، دامەزرابوو. بسمارك بەراگەیاندنی ئەو خاڵە دەسەڵاتی گرتە دەست کە حکومەتی "ئاگرو ئاسن" دەکاتە جێگری سیاسەتی "گوتاربێژی‌و بەیاننامە".

نیتچە لەسەردەمی حکومەتی بیسمارکدا کتێبەکانی خۆی نوسی و بەرگری لەفەلسەفە دیونیوسیسەکەی خۆیکرد. کاتێك بیسمارك دەسەڵاتی گرتەدەست، نیتچە تەمەنی ١٧ ساڵ بوو ٢ ساڵێکیش بەر لەلابردنی "سەرەك وەزیری ئاسنین" لەدەسەڵات، لەشێتیدا غەرقبوو. پەروەردەکردنی لەقوتابخانەی "پفورتا" پەروەردەکردنێکی لیبرالیزمی کلاسیکی بوو. بەڕێوەبەری قوتابخانەکە لایەنگری سەرسەختی ژیانەوەی لیبرالیزم بوو کە بەبڕوای ئەو بەهۆی ئاوێتەکردنی دروشمی کلتور [Bildung] (بەمانای هەوڵدانی تایبەتیکراو بۆ پەرەسەندنی دەرونی) لەگەڵ ئەو ناسیونالیزمە کلتوریەی لەلایەن یوهان گوتفرید هیردەرەوە (١٨٠٣-١٧٤٤) پێشکەشدەکرا، بەئەنجامدەگەیشت[2]. فێرکارانی نیتچە لەلیبرالە کلاسیکیەکان بوون بەو مانایەی بەنەریتەکانی کلاسیزمی ڤایمارو ناسیونالیزمی پرۆسی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا، دەناسرانەوە. هەروەها بیروباوەڕەکانی نیتچە بەیاخیبوون لەپەروەردە دینیەکەی فۆرمەلە دەبوو. نەوەی پێش خۆی دەیتوانی دابڕانی خۆی لەپاکژخوازی Pitism بەخەباتێکی دەرونی دلێرانە پێناسەبکات. بەڵام بەهۆی پاشەکشێی جیهانی پاکژخوازیەوە لەدەیەکانی ١٨٥٠ و ١٨٦٠دا ئیدی ئەم پێناسەیە مومکین نەبوو. نیتچەش وەك یاخیبوانی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە کە لەناو نەریتی پاکژخوازیدا لەدایکبوو بوون، وەك ستریندبێرگ و ڤان کوخ، بەگران جێگەی خۆی لەخەبات دژی دیندا دۆزیەوە، ئەوانەی لە١٨٤٨دا شایەتی نەمانی دەسەڵاتی روحانیەت

بـووون، لەسـەردەمێکدا گەیـشتنە تەمـەنی کـاملّی کـە مەسـیحیەت دامـاڵین لـەنێوان پرۆتـستانتەکاندا خێـرا بووبـوو. شکـستی سیاسـەتی دیـنی دەریخـست، کێـشەی چارەنوسـسازی روبەڕووبوونـەوەی نیتـچەو هاوچـەرخانی، نـادینی بـوونی هەلومەرجەکانـە. یـەکێك لەژیاننامەنوسـانی نیتـچە پـاش تـاوتوێکردنی نیگـەرانی رۆحی نەوەی نیتچە، دەنوسێت: "نادینی بوونی هەلومەرج هەڕەشەی سـەرگەردانی و نارەسەنی لێدەکردن، بەڵام لەهەمانکاتدا ئەوانی بەرەو ئەڵتەرناتیڤی شوناسێکی پاش دیـنی لەیەکـەم "مرۆڤـە تازەکـان" دەبـردە پێـشێ"[٣]. لایـەنی دیـاری گـۆڕانی فکـری سەرەتایی نیتچە، گۆڕانی هەڵوێست وەرگرتنی بوو لەبەرە سیاسی و دینیەکان.

نیتچە لەناو رودانی دەسەڵاتگرتنی بیسمارك و رووداوە سەیرەکانی دەیـەی ١٨٦٠دا بـوو کـە گەیـشتە کـاملّی سیاسـی. هاوچـەرخانی نیتـچە خۆیـان بەپێـشڕەوانی بێقەیدوشـەرتی سـەردەمی سیاسـی و کلتـوریی تـازە دەزانـی. نیتـچە لەسـەرەتاکانی دەیـەی ١٨٦٠دا لـەرووی سیاسـیەوە لایـەنگری رەهـای پاشـایەتی بـوو، پاشـایەتیخوازی نیتـچە کـە ئاوێتـەی پێـشینەی لیبرالیزمـی کلاسـیکەکەی بـوو بـوو، رێزلێنـان لـەقارەمانانی مێـژو، نەتـەوە، رابـەرانی مـەزن و بیریـارانی کلاسـیکی بڵاوەدەکـردەوە. جـەنگی پـرۆس لەگـەڵ نەمـسا لەسـاڵی ١٨٦٦دا، دیـدی سیاسـی نیتـچەی لەمەحەکـدا. چەند هاوڕێیەکی بەشداریان لەخۆپیشاندان دژی جەنگ و دژی پرۆسدا کرد و یەکەم کاردانەوەی ئەویش لەبەرامبەر ئەم قەیرانەدا، پشتگیریکردنی بانگەشـەی لیبرالانـەی کرانەوەی پەرلەمانی ئەڵمانیا بوو بۆ ڕێگەگرتن لەمەترسی جەنگ. نیتچە ئـەمکارەی بەنیـشانەی "سـەرەڕۆی بـسمارك بـۆ دروسـتکردنی ئەڵمانیایـەکی یـەکگرتوو بـەو شێوەیە"[٤] دەزانـی. بـەڵام کاتێـك جـەنگ دەسـتی پێکـرد نیتـچە بـەرگری لەماشـێنی سـەربازی پـرۆس کـرد. لـەم سـەردەمەدا نیتـچە بـەهۆی فەلـسەفەی بەدبینانـەی "شوپنهاوەر"وە تەفسیری ئەو پەشێویە گەورانەی دەکرد، کە بەچاوی خۆی دەیبـینی. نیتـچە لەگـەڵ سـەرکەوتنە یـەك لـەدوای یەکـەکانی "پـرۆس"دا بیریـدەکردەوە "کـە دەکـرێ لـەم کاتانـەدا شـتگەلێکی زۆر فێـربین. زەوی کـە ئەوەنـدە ئـارام و سـەقامگیر دەردەکەوت، دەلەرزێ. دەمامکـەکان دەکـەون، خۆپەرسـتی ئاشـکرا دەبێـت و لەهـەموو ئەمانـەش گرنگتر بۆمان دەردەکەوێت کە هێزی بیرکردنەوە چەند لاوازە"[٥].

نیتچە ئارەزوی دەکـرد لـەریزی براوەکانـدابێت. وەك پـرۆسـیەك لـە"لایپـزیگ"ی

داگیرکراو، چووە ناو گروپێکی بچوکی لیبرالیە بیسمارکیەکانەوە کە خوازیـاری دەسـت بەسەراگرتنی "زاکسن" لەلایەن پرۆسەوەبوون. رابەری بزوتنـەوەی لایـەنگری دەسـت بەسەراگراتن هاینریش خون ترایچکە بـوو کـە ئافـەرینی شۆڕشـی بـسمارکی کردبـوو وەك "شۆڕشێك لەسەرەوە" کە دواجار بەدروستکردنی ئەڵمانیایـەکی مەرکـەزی تـازە، دووپارچـەیی پـرۆس و نەمـسای لـەناوبردبوو. نیتـچە لەدوایـدا بەتونـدی ڕەخنـەی ترایـچکەی کـرد کـە چارەنوسـی وابـوو، ببـێ بەمێژوناسـی ناسیونالیـستی بـەناوبانگی رایشی نوێ، بەڵام لەم وێستگەیەی ژیانیدا هەمان دیدی ترایـچکەی بـۆ دەوری پـرۆس لەئەڵمانیادا هەبوو. نیتچە لەهاوینی ١٨٦٨دا راستەوخۆ لەگـەڵ یەکـەمین و دواهـەمین خەباتی سیاسـیدا دەسـتەوێەخە بـوو. نیتـچە بـۆ یارمەتیـدانی دروشمـی پـرۆس بـووە پـشتگیریکەری پـڕ حەماسـەتی "ناسـیونال- لیبرالـەکانی زاکسن" و لایـەنگری گـەرم و گـوڕی نوێنەرەکـەیان، واتـە شـتیڤانی لەهەڵبـژاردنی ناوچـەیی "رایـشتاگ" دامەزرێنـەرانی کونفدراسـیۆنی بـاکوری ئـەڵمانیا.. هەڵبـژاردنێك کـە گـۆڕا بـۆ هەمەپرسیەك لەبارەی دەوڵەتی نوێی بیسمارکەوە. "حیزبـی ناسـیونال- لیـبرال" بـەو مانایـە ناسـیونال بـوو کەبـەرگری لـەئیمپراتۆری ئـەڵمانیا دەکـردو بـەو مانایـەش "لیبرال" بوو کـە بەرنامەکـەی هـەڵگری خواسـتە کلاسـیکیەکانی لیبرالیـزم بـوو، وەك ئـابووری ئـازاد، بازرگـانی ئـازاد، دەوڵـەتی مەشـروتە. خەسـڵەتی دیـاری ئـەم خەباتـە تاوانبار کردنـی دولایەنـە بـوو لەلایـەن هـەموو حیزبەکانـەوە، چـونکە وڵاتپەرسـتانی ناوچەیی چەپڕەو و راستڕەو دژی "خائینان"ی لایەنگری پرۆسـی یـەکگرتوو، یـەکیان گرتبـوو. ئـەم هەڵبژاردنـە کارەسـاتێك بـوو بـۆ دروشمـەکانی لیبرالیـزم، بەشـێوەیەك ترایـچکە رایگەیانـد لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە لەئاینـدە نائومێـد نیـە، بـەڵام هێـشتا کـاتی فـەرمانڕەوای لیبرالیـزم نـەهاتووە. لەچـەند سـاڵی دواییـدا بـسمارکگەری نیتـچە وەك دڵسـاردی و بێـزاری لەسیاسـەتی حیزبـی خـۆی پیـشاندا. سـەرقاڵی سـەرەکی نیتـچە لەدەیەی ١٨٧٠دا بریتیبوو لەسود وەرگرتن لەفەزای سیاسی تازە بۆ ژیانـەوەی کلتـوری تراژیدیاو بەدبینی کە لەفەلسەفەی شوپنهاوەرو موسیقای ڤاگنـەرەوە وەری گرتبـوو.. فەلـسەفەو موسـیقایەك کـە بـەبڕوای نیتـچە قوڵاییـەکی تازەیـان بەئامانجـە کلاسیکیەکانی پەروەردەو کلتوری ئەڵمانی دەبەخشی.

نیتـچەی دەیـەی ١٨٨٠ لەگـەڵ نیتـچەی لاوی ١٨٦٠ و ١٨٧٠ دا زۆر جیـاوازە. لـەم

قۆناغەدا نیتچە دەبێ بەرەخنەگرێکی توندی سیاسەتی مۆدێرنی ئەڵمانیا، بەوتەی یەکێك لەمێژونوسانی ئەڵمانیا، ڕەخنەگری وا وردبین لەهیچ جێگەو هیچ زەمەنێکدا هەرگیز بونی نەبووە"[٦]. هەنوکە نیتچە رایشی ئەڵمانیی بیسمارك وەك دەوڵەوتێك دەبینێ کە شانازی بەبێکلتوری خۆیەوە دەکات و سیاسەتی دەسەڵاتی خۆی بەڕەوتگەلێکی نەژادپەرستانە، دەوڵەتخوازیانەو ناسیونالیستانە دەباتە پێشێ. بەبڕوای نیتچە دروشمەکانی ناسیونالیزم بەها کلاسیکیەکانی لیبرالیزمی خراپکردووەو کلتوور چۆتە ژێر دەستی بێ کلتوریەکی ترسناکەوە.

هۆیەکانی گۆڕانی قۆڵی هەڵوێستی نیتچە سەبارەت بەرایشی تازەی ئەڵمانیا بەئەندازەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ پێگەیشتنی فکری و تێگەیشتن لەو خاڵەی کە هیواکانی سەرەتای بەتازەکردنەوەی ژیانی کلتوریی ئەڵمانیا، دروشمئامێز بون. ناڕازی بونی رووو لەزیادی نیتچە لەرایشی ئەڵمانیا، پەیوەندیشی بەپچڕانی پەیوەندی لەگەڵ ریچارد ڤاگنەردا هەیە. ڤاگنەر خۆی سیمایەکی زۆر ئاڵۆز بوو کە لاوێتی خۆی بە بەرگریکردنی شۆڕشگێڕانە لەماف مرۆڤەکان بۆ ژیان بەپێی ڕێساکانی خۆیان دەستپێکرد. نیتچە لەساڵی ١٨٦٠ دا بووە دەست پەروەردەو نوری چاوی باڤاریا کە ڤاگنەر ئامۆژگاری دەکردو وتاری لەبارەی سیاسەتی ئەڵمانیاو مانای ئەڵمانی بۆ دەنوسی. ڤاگنەر دواجار لەگەڵ رایشی بیسمارکدا ئاشتبۆوەو لەساڵی ١٨٧٢دا دەستیکرد بەدروستکردنی کۆشکی موسیقای خۆی لەبایرۆت. بڕیاربوو ئەم کۆشکە ببێ بەپەرەستگای هونەری ئەڵمانیاو ناوەندی یەکێتی نەتەوەیی. نیتچە لەسەرەتا تا ناوەڕاستی دەیەی ١٨٧٠ بەردەوام هاودەمی مامۆستاو ستایشکەری بوو، توانا فکریەکانی خۆشی بۆ پشتگیرکردن لەدروشمی ڤاگنەر بەکارهێنا. نیتچە ئومێدە سەرەتاییەکانی خۆی بۆ ژیانەوەی کلتوری تراژیدیا، بەکۆشکەکەی ڤاگنەرەوە بەستەوە. ئەم کۆشکە بالگۆنیکی نەبوو کە نوێنەرایەتی جیاوازیە کۆمەڵایەتیەکان بکات، ئامانجیشی تەنها پێشکەشکردنی نمایشە بازرگانیە پەتیەکان نەبوو، بەڵکو هونەرەکانی بەشێوەی یەکێتیەکی نوێ کە شیعرو فەلسەفە، موسیقاو وێنەکێشان و پەرەستنی دینی دەگرتەوە، ئاوێتە دەکرد. هەر لەبەرئەمەش بوو نیتچە لەسەرەتادا بڕوایوابوو هونەری ڤاگنەرو ئەزمونی دیونیوسیس یەکپارچەیی و هاوئاهەنگی جیهان بۆ مرۆڤی مۆدێرن مومکینەکات. بەڵام نیتچە هێواش هێواش لەو شتەی کە

بەبڕوای خۆی ڕۆمانسیەت وشێتیی خۆپەرستی ڤاگنەرە، ڕەنجاو لەدژ بەیەهودیبوونی ڤاگنەریش نیگەرانبوو. جیابونەوەی نیتچە لەڤاگنەر، لەهەمانکاتدا جیابونەوە بوو لەدروشمخوازی سیاسی و ڕۆمانسیانەی سەردەمی لاوی.

لەگەڵ ئەوەشدا کە نیتچە لەدەیەکانی ١٨٨٠دا گۆڕا بەرەخنەگری بێپەردەی رایشی بیسمارك، بەڵام هەر لەهەمان سەرەتاکانی دەیەکانی ١٨٧٠دا بێمتمانەیی خۆی سەبارەت بەحەساسیەتی ئەڵمانی ئاشکراکردبوو. نیتچە لێرە بەدواوە لایەنی دیاری ئەم حەساسیەتەی بەرەقی، بێگیانی و حەماقەت زانی. نیتچە لەنوسینە سەرەتاییەکانی خۆیدا بەوردی ئەو خاڵە دەلێت کە مەسەلەی بنەڕەتی ئەو یەکپارچەیی بەمانای سنوردراوی سیاسی نیە، بەڵکو یەکێتی ڕۆح و ژیانی ئەڵمانیە بەمانای کلتوری. ئەو هەڵوێستی خۆی لەیەکەم لاپەڕەی یەکەم بیرکردنەوەی ناکاوی خۆیدا لەبارەی دێڤید شتراوسەوە بەرونی دەردەبڕێ، هەڵوێستێك کە تیایدا لەنێوان "ڕۆح" (Geist)ی ئەڵمانی و "رایشی" ئەڵمانیدا جیاوازی گەلێك هەیە کە دەبێتە هۆی ڕوبەڕوبونەوەیان. نیتچە لەکاتێکدا تەنها چەند ساڵێك بەسەر جەنگی فەڕەنساو پڕۆس و دامەزراندنی ئەڵمانیا وەك دەوڵەت و نەتەوەیەکی مۆدێرندا تێپەڕیوە، دەنوسێ رای گشتی ئەڵمانیا ڕێگە بەقوڵبونەوەی ورد لەبارەی مانای سەرکەوتن بۆ خەڵکی ئەڵمانیا نادات. بەبڕوای ئەو یەکێك لە"دەرئەنجامە خراپەکانی" جەنگ، ئەو هەڵە بەربلاوەی رای گشتی ئەڵمانیایە کە پێیوایە گوایە لەجەنگی فەرەنسادا کلتور (Kultur)ی ئەڵمانی سەرکەوتوە. نیتچە دەنوسێ "ئەم خەیاڵە[تۆهم] لەهەموشتێ وێرانکەرترە" نەك لەو ڕوەوەی کە خەیاڵە-چونکە بەبڕوای نیتچە خەیاڵ و هەڵە دەتوانن بەرهەمهێنبن- بەڵکو لەبەرئەوەی سەرکەوتن دەکات بەشکست و "لەناوچونی ڕۆحی ئەڵمانی بەسودی رایشی ئەڵمانیا" دەگۆڕێت. (دێیڤید، ١، ص٣). لەئەڵمانیادا "چیدی هیچ تێڕوانینێکی ڕون بۆ ئەوەی کلتور چیە، بونی نیە" (هـ.س پ. ص٥). نابێ ئەو شتانەی بوونە هۆی سەرکەوتنی ئەڵمانیا بەسەر فەرەنسادا وەك: لێهاتوی سەربازیانەی فەرماندە جەنگیەکان، دیسپلینی تونددو یەکێتی و گوێڕایەڵی ریزەکانی سەربازان، لەگەڵ کلتوردا تێکەڵبکەین.

نیتچە لەبەرهەمەکانی سەردەمی پێگەیشتنی فکری خۆیدا خۆی بە"دوا ئەڵمانیەکی دژ بەسیاسەت" ناو دەهێنێت، بۆ ئەوەی خۆی نەك لەسیاسەت

بەشێوەیەکی گشتی، بەڵکو لەسیاسەتی دزێوی ناسیونالیزم و دەوڵەتخوازی کە بەبڕوای نیتچە بەسەر ئەڵمانیادا بالادەستە، جیابکاتەوە. نیتچە لە"ئێوارەی بتەکان"دا لەوە دەترسێ کە هاواری "ئەڵمانیا، ئەڵمانیای بەرزتر لەهەموان "نیشانەی کۆتایی هاتنی بیرکردنەوەی جدی و کۆتایی هاتنی فەلسەفە لەئەڵمانیادا بێ. (ئێوارە، "ئەوەی ئەڵمانیەکان خاوەنی نین"). جگە لەمەش نیتچە لەژیانناممەی خۆنوسی خۆیدا [واتە] لە"هەنوکە مرۆڤ"دا کە لەساڵی ١٨٨٨ داو چەند مانگێك بەر لەکەوتنی نوسیوێتی و خوشکە دژ بەیەهودیەکەشی تا ١٩٠٨ شاردبۆیەوە، بەتوندی هێرشدەکاتە سەر ترایچکە. نیتچە دەنوسێ "ئەڵمانی" [بوون] بووە بەبەڵگەیەك و "ئەڵمانیا، ئەڵمانیای بەرزتر لەهەموان" بووە بەتێزێك و "توتن"* ە کان بون بەنوێنەری "سیستەمی جیهانی ئەخلاقی لەمێژودا.. ئێستا مێژونوسێك هەیە کە تایبەتی ئەڵمانیایە، تەنانەت بیردەکەمەوە مێژونوسینێکی دژ بەیەهودیەتیش هەبێ، مێژونوسینێکی دەربارەی هەیەو "ڤۆن ترایچکە"ش هیچ لێی تەریق نابێتەوە (هەنوکە "مەسەلەی ڤاگنەر"). بەبڕوای نتیچە "ناسیونالیزم" بەتەواوی مانا، دەربڕینی "نەخۆشیەکی دژ بەکلتور"ە.

نیتچە لە"لەسەرو چاك و خراپەوە" هەموان بۆ داڕشتنی "سیاسەتێکی مەزن" بانگهێشتدەکات کە تیایدا نوخبەیەکی فەیلەسوف-یاسادانەر ئەوروپا، بۆ سەرو سیاسەتی دزێوی ناسیونالیزم رێنماییدەکەن و پەروەردەکردنی "ئەوروپاش باش" بلاو دەکەنەوە. ئەم بەرهەمە سەرەڕای زیادەڕەویەکانی لەدەربڕیندا، بەردەوام دژی سیاسەتێکە کە نەژادپەرستی هاندەدات و بەتایبەتی هێرشی توند دەکاتە سەر ئەو سیاسەتمەدارانەی ئەڵمانیا کە لەپێناوی بەرەوپێشخستنی سیاسەتی ناسیونالیزمدا، سود لەدژایەتی یەهودیەکان دەگرن (لەسەرو، ٥٢، ١٩٥، ٢٤٨، ٢٥٠، ٢٥). ئەم کتێبە لەکاتی بلاوبونەوەیدا بەکتێبێك ناسرا کە سوکایەتی بەئەڵمانیەکان دەکات، چونکە لەسەر بناغەی "ڕێزلێنان لەیەهودیەکان" دامەزراوە[٧]. تەوەرەی سەرەکی بیرکردنەوەی نیتچە بریتیە لەپێداویستی "خۆبالادەستی مرۆڤ" و لەگەڵ ئەوەشدا

* ناوی یەکێك لە تیرە دێرینەکانی نەژاد ژەرمەنە کە لە هەمان کاتدا بە هەموو ئەم نەژادەش دەوترێت. (و. ف).

کە رەنگە دژایەتی هیومانیزم لەلایەن نیتچەوە سوکایەتی پێکردن بێت بەحەساسیەتە ئەخلاقیەکانی لیبرالەکان، سوشیالیزمەکان و مەسیحیە چاکەخوازەکان، بەڵام هەرگیز بەهۆی نەژادپەرستی یان ناسیونالیزمەوە خۆی ئاراستەناکات.

تێڕوانینی بەربلاو بۆ نوسەرێك کە دروشمی ئەوروپا لەبەرامبەر دروشمی ئەڵمانیادا بەرز دەکاتەوەو هەموو شێوەکانی سیاسەتی نەژادپەرستی و بەتایبەتی دژایەتیکردنی یەهود رەخنەدەکات، وەك یەکێك لەبونیادنەرانی ئایدیۆلۆژیای نازیزم کەمتازۆر نەگونجاوە. سەرەڕای هەموو ئەو شتانەی لەپاش جەنگی جیهانی دوهەم بەدواوە لەبارەی نیتچەوە نوسراوە، بەردەوام بەرەو روی ئەو مەسەلەیە دەبینەوە کە هەر کەسێك بۆ یەکەمجار رودەکاتە بەرهەمەکانی بەتایبەتی لەبواری سیاسەتدا، هەر ئەم مانا شاراوانەی نازیستی لەنوسینەکانیەوە بەردەهێنێت. ئەم پێکەوەگرێدانە چارەنوسسازەی نیتچە لەگەڵ نازیزمدا چۆن دروستبوو؟

بلاوبونەوەو وەرگرتنی فەلسەفەی نیتچە لەپاش تێکشانی دەرونیەوە لەساڵی ١٨٨٩دا زۆر جۆراوجۆر بوو. بەرهەمەکانی یەکسەر لەلایەن راستڕەوەکانەوە پێشوازی لێدەکرا، لەگەڵ ئەوەشدا کە بانگەشە ئەرستۆکراتیەکانی و بێزاری لەسوسیالیزم زەمینەیەکی یارمەتیدەر بوو بۆ ئەم پێشوازیە، بەپێچەوانەوە بەرهەمەکانی نیتچە تا دوو دەیەی پاش تێکشکانی دەرونی، جێی بایەخ و سەرنجی سوسیالیزمەکان، ئانارشیزمەکان و فەمەنیستەکان بوو کە هەموویان سەرقاڵی سەرەکی نیتچەیان بەخواستی خۆدروستکردنی فەردی دەزانی. بەبڕوای سوسیالیزمەکان بیروباوەڕەکانی نیتچە لەبارەی کەسایەتی خولقێنەرەوە (Personlihkeit) دەیتوانی چەمکی زۆر پێویستی تاکەکەسی رەسەن بۆ تێزی سوسیالیزم زیادبکات[٨]. هەندێك لەهاوچەرخانی نیتچە ئەویان بەسیمایەکی چەند رەهەندی دادەنا کە بەینی لەگەڵ هەڵوێستەکانی لایەنگری ناسیونالیزم و دەوڵەتخوازی ئەڵمانیاش نیە. باوەڕ نەبونیشی بەخوا، لەپاریزگارانی ئەڵمانی نامۆ دەکرد. لێرەوە هەڵوێستی نیتچە ئاڵۆز بوو، هەر ئەم ئاڵۆزیەش دەریدەخات کە بۆچی نوسینەکانی دەیتوانی جێی سەرنج و بایەخی ژمارەیەکی زۆری خەڵك بێت. وەك ئرنست نولتەی مێژوزانی ئەڵمانی دەڵێ، ناوی نیتچە لەم سەردەمەدا ئاشکراکەری "مەیدانی خەبات" (Schlachtfeld)

بوو. خوێندنەوەی بەرهەمەکانی بۆ هەموو خوێندکارێکی ئەوروپی پێویست بوو، زۆرێکیش لەگرنگترین پیاوانی ئەم قۆناغە (لەوانە گۆستاف لاندویر، بنیتۆمۆسولونی، کلاگیز، تۆماس مان، شتیفان، گتورگەو گابریل دانوتسیو) ئەو بەرهەمانەیان دەخوێندەوە[٩].

ناوبانگی نوسینەکانی نیتچە لەئەڵمانیای سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەمدا بوو کە سودوەرگرتنی نازیەکان لەنیتچە ئەوی وەك لایەنگری ئایدیۆلۆژی نازیزم لەسەردەمی جەنگدا مومکینکرد (لەراپۆرتەکاندا هاتووە سەربازە ئەڵمانیەکان لەکاتێکدا بۆ بەرەکانی جەنگ دەچون لەگیرفانێکی پاڵتۆکانیاندا کتێبی پیرۆزو لەوی دیاندا "زەردەشت وای گوت" یان پێبوو). نیتچە بوو بە ئامانجی دروشمی نازیزم، بۆ ئەوەی رەوایەتی فەلسەفی بەم بزوتنەوەیە بدات. نیتچە هەنوکە لەئاستی جیهانیدا بوو بوو بەفەیلەسوفێکی بەناوبانگو وتوێژ وروژێنەر کە بیروباوەڕەکانی بایەخ و هێزی فکری بەبیروڕای نازیەکانی دەبەخشێ. ئەلیزابێتی خوشکی نیتچە رۆڵێکی چارەنوسسازی بینی لەسڕانەوەی بیروباوەڕی نیتچەو گۆڕینی بۆ فەیلەسوفی میلیتاریزم و ئیمپریالیزمی ئەڵمانی. ئەو کۆنترۆڵێکی تەواوی پاشماوەی بەرهەمەکانی براکەی کردبوو، هەنوکەش بەشێوەیەکی بڕاوە ئاشکرابووە کە ئەو نەك هەر رێگەی لەبڵاوبونەوەی دەستنوسە تایبەتیەکانی وەك "هەنوکە مرۆڤ" گرتووە، بەڵکو دەستی بۆ بابەتەکانی نیتچەش بردووەو نامەی بەناوی ئەوەوە نوسیوە[١٠]. ئەلیزابێت چەند جار هیتلەری بۆ ئەرشیفەکەی نیتچە بانگهێشتکردو لەجارێکدا گۆچانەکەی نیتچەی بەدیاری پێشکەشکرد (بەچ مەبەستێك؟ ئاشکرا نیە). پێدەچێ ویستبێتی بەپێشکەشکردنی نیتچە بەوشێوەیە، گرنگی و ناوداری خۆی زیادبکات.

نازیەکان بەهاوکاری ئیلیزابێت نیتچەیان کرد بەناودارترین و پڕخوێنەرترین فەیلەسوفانی ئەڵمانیاو جیهان. ئەوان نوسینەکانی نیتچەیان لەبەرنامەی پەروەردەی خۆیاندا گونجان و تەفسیرو کەشکۆڵ و گوڵبژێری هەرزانیان لەبەرهەمەکانی بلاوکردەوە. ژمارەیەك فەیلەسوفی زانکۆییو پسپۆڕی ئەڵمانی وەك ئالفرێد بویملەر و ئالفرێد رۆزنبرگ کران بەلێپرسراوی پڕوپاگەندەکردن بۆ ئەندێشەکانی نیتچە، و ئامادەکردنی تەفسیرێکی نازیانەی دروست بۆ بەرهەمەکانی. بۆ نمونە بویملەر

یەکێك لەیەکەمین بەرهەمەکانی لەبارەی سیاسەتی نیتچەوە نوسی کە لەساڵی ١٩٣١دا بەناوی نیتچەی فەیلەسوف و سیاسەتمدار بڵاوبۆوە. ئامانجی ئەم کتێبە تەفسیرکردنی نیتچە بوو وەك فەیلەسوفێ نەژادی نۆرد*. ئەمکارە بەهۆی کۆمەڵێ سادەکاری و شێوانی بیروباوەڕەکانی نیتچەوە ئەنجامدرا. هێرشی نیتچە بۆ سەر خەڵکی ئەڵمانیا کە لەسەرتاسەری نوسینەکانیدا بەرچاو دەکەوێت، وەك هێرشی بۆ سەر رەگەزی مەسیحی و نائەڵمانی خەسڵەتی ئەڵمانیا رونکرایەوە و هێرشی سەرزەنشت ئامێزی نیتچە بۆ سەر هونەرمەندی مەزنی ئەڵمانیا واتە ڤاگنەر، بەدەرئەنجامی حەسودی زانرا. فەیلەسوفانی دی تەفسیری ناشیانەتریان کردو یەکێکیان بەناوی "هایدنیش هێرتلە"وە کتێبێکی رێنمایکەری بەناوی "نیتچەو ناسیونال سوسیالیزم"ەوە نوسی کە تیایدا ستایشی بیروباوەڕەکانی نیتچە، وەك بناغەی فەلسەفەی نازی کرابوو.

نازیەکان بۆ سەرکەوتن لەبەنازیکردنی نیتچەدا، سودیان لەئامێری گومانلێکراو، بەڵام زۆر کاریگەر وەرگرت، کاریگەرترین فێڵیان چاپی کۆمەڵێك گوڵچنی بچوك بوو لە"وتە نازیەکانی نیتچە"[١١]. ئەمانە بەناوی نیتچەوە، بەڵام بێ ئاماژەکردن بەوەی رێکخراون، بڵاوەدەکرانەوە. لەئەنجامدا خەڵك وایاندەزانی بەراستی وتەکانی نیتچە دەخوێننەوە، نەك هەڵبژێراوو تەفسیری رێکخەر. بۆ نمونە یەکێك لەم گوڵبژێرانە بەناوی "یەهودیەت، مەسیحیەت، ئەڵمانیەت"ەوە چەند پارچەیەك لەیاداشتە بڵاوکراو و بڵاونەکراوەکانی نیتچە کە لەسەر بناغەی ناوەڕۆك پۆلێنکراون، پێشکەشدەکات. ئەو پارچە دەقانەی پەیوەندی بەیەهودیەکانەوە هەیەو پارچە دەقی بەناوبانگی "ئاژەڵی موبور" لە"جینالۆجیای ئەخلاق"دا لەدەق هێنراونەتە دەرێ، بەشێوەیەك کە رێگە بۆ تەفسیری هەڵەی بەڵگاندنەکانی نیتچە دەکاتەوە. نازیەکان ناچاربوون بۆ پیشاندانی نیتچە وەك فەیلەسوفی ئەڵمانیا، ژمارەیەکی زۆر لەنوسینەکانی وەك ستایشکردنی کلتوری لاتین و هێرشەکانی بۆ سەر ناسیونالیزمی ئەڵمانی سانسۆربکەن. بۆ نمونە چەمکی "ئاژەڵی موبور" چەمکێکی نازیانە نیە،

* نۆرد: نەژادی بڵند بااڵ و سپی پێست و چاوشینی باکوری ئەوروپاو ئەڵمانیا کە بە لقێکی نەژادی ئاریەکان دەژمێررێت (و. ف).

چونکە بەتایبەتی عەرەبەکان و ژاپۆنیەکانیش دەگرێتەوە. (جینالۆجیا، ١ و ٢). نیتچە هەرگیز بەهای تاکەکەس بەپێی بایەلۆژیا یان نەژاد پێناسەناکات، بەڵکو ئەو بەهایە هەمیشە لەگەڵ "کلتور"دا پێناسە دەکات.

نمونەیەك بۆ ئەوەی چۆن نازیەکان بیروباوەڕو تێڕوانینەکانی نیتچەیان بەنادروستی پیشاندەدا، لەلایەن "ژورژوباتای"ەوە کە بیریارو شاعیرێکی گەورەی فەرەنسایە، ئاشکراکراوە. ئەو نمونەی ریچارد ئولیر دەهێنێتەوە کە کۆڕی مام و هاوکاری خوشکە دژ بەیەهودەکەی نیتچە بوو لەئەرشیفدا. ئولیر لەکتێبەکەی خۆیدا بەناوی "نیتچەو ئایندەی ئەڵمانیا" هەوڵدەدات نزیکایەتی قوڵی تێزەکانی نیتچەو ئەو تێڕوانینانە پیشانبدات کە هیتلەر لە"خەباتی من"دا بەرگری لێدەکات.

باتای ئەم پەرەگرافە لەکتێبەکەی ئولیر دەهێنێتەوە:

"گرنگترین خاڵ بۆ ئێمە بریتیە لەم ئاگادارکردنەوەیەی خوارەوە "هیچ یەهودیەکی دی قبوڵمەکەن، بەتایبەتیش دەرگاکان لەسەر خۆرهەڵات دابخەن".. "ئەوەی لەئەڵمانیا بەئەندازەی خۆی یەهودی هەیەو ئەوەی کە تەنانەت گەدەی ئەڵمانی و خوێنی ئەڵمانی بۆ هەرسکردنی ئەم هێندە "یەهودی"ەش کێشەی هەیە (تا ماوەیەکی زۆریش کێشەی دەبێت) ئەمە لەکاتێدا کە ئیتالی و فەرەنسی و ئینگلیزەکان کە دەزگایەکی هەرسکردنی بەهێزیتریان هەیە، توانیویانە ئەمکارە بکەن- هەر ئەم گەواە و زمانە رۆشنەی غەریزەی گشتیە کە دەبێ گوێی لێبگرین و بەپێی ئەویش کاربکەین"[١٢].

وەك باتای -کە بەناوبانگترین بەرگریکەرو تەفسیرکەری نیتچەی دژ بەفاشیستە- پیشانیدەدا، ئەوەی لێرەدا بەرەو روی دەبینەوە نەك تەنها ساختەکاریەکی بێشەرمانەیە، بەڵکو "درۆیەکی ناشیانەو هوشیارانەی دروستکراوە". ئەم رستانە لەپارچە دەقی "٢٥١"ی "لەسەرو چاکەو خراپ"ەوە هێنراونەتە دەرێ. کاتێك بۆ ئەم پارچە دەقە دەگەڕێینەوەو بەدروستی دەیخوێنینەوە سەرنجدەدەین کە ئەو بڕوایانەی راگەیاندراون، تێڕوانینەکانی نیتچە نین، بەڵکو بیروباوەڕی دژ بەیەهودین کە نیتچە هەڵیبژاردون بۆ ئەوەی گاڵتەیان پێبکات:

هێشتا هیچ ئەڵمانیەکم نەبینیوە کە دڵخۆشیەکی لەیەهودیەکان هەبێت، هەرچەند هەموو ئەو کەسانەی کە زیهنێکی ئارام و سیاسیان هەیە، دژایەتیکردنی

یەهودیان Antisemiterei بێ چەندو چون رەد کردۆتەوە، ئەگەرچی ئەم سیاسەت و ئارامیە لەگەڵ بونیادی ئەم هەستەدا جەنگ ناکات، بەڵکو لەگەڵ زیادەڕەوی ترسناکی ئەم هەستەدا نیە، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو شێوە شەرمئامێزو تونەدا کە ئەم هەستە توندڕەوە خۆی تیا دەردەخات- لەمبارەیەوە مافی ئەوەمان نیە خۆمان هەڵخەڵەتێنین. ئەوە کە ئەڵمانیا.. هتد*

پاشان ئەو وتانە دێت کە "ئولیر" دەیگەڕێنێتەوە بۆ نیتچە. ئەوەی لەهێنانەوە پاش و پێشخراوەکەی "ئولیر"دا پەرێندراوە، ئەم پێشنیارەی نیتچەیە "دەرکردنی هاوارکەرانی دژ بەیەهود لەوڵات، رەنگە سودمەند و بەویژدانانە بێت". ئەوەی نیتچە بەلگەی بۆ دەهێنێتەوە راکێشان [یان تواندنەوەی] یەهودیەکانە، نەك "لەناوبردن"یان.

هەر ئەم رونکردنەوە کورتە دەبێ پیشانیدابێت کە دەستکارییکردنی نازیانەی بیروباوەڕەکانی نیتچە، ناشیانەو بەتەواوی هەڵبژێراوانە [انتقائی] بووە. ئایا دەکرێت نیتچە لەدەست ئەم خراپ سودوەرگرتنە بەربلاوە رزگار بکرێت؟ یەکێك لەتەفسیرکەران پەنجە دەخاتە سەر خاڵێك کە بەبڕوای من وەڵامێکی شیاوە بۆ ئەم پرسیارە:

"بێگومان بەرهەمەکانی نیتچە من نیگەراندەکات، بەڵام ئەم نیگەرانیە بەهۆی خراپ سودوەرگرتنی نازیەکان لەنیتچە نیە. بەبڕوای من لەزگەی باوی نیتچەی نازی تەنها لەو روەوە مومکین بووە، کە ئێمە ئەم لەزگەیەی وەك ئامێرێکی بەرگری، وەك ستراتیژێك، وەك دەستگرەیەك بۆ سەروکارنەکردن لەگەڵ نیتچەدا بەکاریدەهێنین.. ئێمە ئەڵبەتە لەزگەیەکی دیش بۆ ڕێگەگرتن لەروبەڕوبونەوەی بەرهەمەکانی نیتچە بەکاردەهێنین: نیتچەی شێت"[١٣].

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا زۆرێك لەنوسەرانی بەناوبانگ نیتچە بەبەرپرسیاری نازیزم و پریشکەکانی دەزانن. ج.پ. ستڕن گوتوێتی ئادولف هیتلەر لەهەموو کەسێکی

* ئەم پەرەگرافەم لە دەقی کتێبەکەوە وەرگێڕاوە کە لەلایەن "داریوش ئاشوری"ەوە کراوەتە فارسی.. واتە لەم کتێبەوە: نیچە: فراسوی نیك و بد ت: داریوش اشوری، انتشارات خوارزمی. تهران چاپ سوم: ١٣٧٥. ص ٢٣٦.

دی زیاتر لەتێڕوانینی نیتچەوە بۆ ڕەسەنایەتی تاکەکەسی کە بەمانای دروستکردنی بەهاکانی خۆتە، نزیکترە[١٤]. بەڵام ئەوەی لەم وێنەیەی هیتلەردا وەك کەسێکی خۆ دروستکەر فەرامۆشکراوە، ئەوەیە کە بەبڕوای نیتچە گۆڕان بۆ ئەوەی کە هەین (بۆ نمونە بۆ ئەوەی کەسایەتی خۆمان خاوەن شێواز بکەین (زانین، ٢٩٠)، بۆ رزگارکردنی خۆمانە لەو بێزارییەی کە تیایدا مرۆڤ تەنها بەنەفیکردنی ئەوانی دی و ڕاگەیاندنی "بڵندیێتی" خۆی بەسەریاندا، دەتوانێ نرخ بۆ خودێتی خۆی دابنێت. بەبڕوای نیتچە ئەمجۆرە لەخۆدروستکردن نەك بەرجەستە بوونی ڕەسەنایەتی کەسایەتی، بەڵکو بەرجەستەبوونی ئەوجۆرە ئەخلاقەیە کە نیتچە ناوی "ئەخلاقی کۆیلەیەتی" لێدەنێت. ئەخلاقێك کە تیایدا کەسێك یان گروپێکی کۆمەڵایەتی ئەوانی دی بە"خراپ" دەزانێت و تەنهاش پاش ئەم نەفیکردنەیە، کە خۆی بە"باش" دەزانێت. بەدەربڕینێکی دی کەسایەتی بەخشینی ئەوان بەشوناسی خۆیان نەك لەسەر بناغەی دانپیانان بەخودا، بەڵکو لەسەر بناغەی نەفیکردنی کەسانی دیە. هیتلەر کەسێك بوو کە سەرتاپای بوونی پڕ بوو لەهەستی بێزاری و هەستی تۆڵەسەندنەوەی ژەهراویانە، [لێرەوە] ئەستەمە بەنمونەی وێنەی نیتچەی بزانین بۆ کەسی شەریف.

تەفسیرکەرێکی دی گوتوێتی ئەو دەرئەنجامەی کە بڕوایوایە لەنێوان دیدگای نیتچەو فاشیزمدا نزیکایەتی هەیە، دور نیە لەراستیەوە[١٥]. ڕەنگە هۆی نزیکی بیروڕاکانی نیتچە لەشێوازی فاشیەتی سیاسەتەوە، ئەو باوەڕەی نیتچە بێت کە سیاسەت خۆبەخۆ "مەکیاڤیلیانەیە"، لەبەرئەوەی کە هەرجۆرە ئەخلاقێك لەسەر بناغەی دژ بەئەخلاقی، دامەزراوەو هەموو جۆرە خەباتێك بۆ دادپەروەری، لەڕێگەی نادادپەروەرانەوە ئەنجامدەدرێت (خواستن ٣٠٤)[١٦]. دەگوترێت بەرگری نیتچە لەنوخبەگەری و بێرەحمی وەك هۆکارێك بۆ دەستگەیشتن بەئامانجە سیاسیەکان و هەروەها دابڕانی لەرابردوو، و هێرشکردنی بۆ سەر روحیەتی بەزەیی و بەزەیی مەسیحیانە، ڕێگەی بۆ فاشیزم خۆشکرد. بەڵام زۆر شت لەنیتچەدا هەیە کە نەفرەت لەسیاسەتی فاشیستی دەکات: لەوانە نەیارێتی لەگەڵ ناسیونالیزم، پان ئەورپیزمی نیتچە، و پەیمانبەستنی لەگەڵ کلتور لەبەرامبەر سیاسەتدا و هێرشی بۆ سەر دەوڵەتی بیرۆکراتی مۆدێرن، لەبەر خنکاندنی خوڵقاندن و فەردیەت. وەك "باتای" بەوردبینیەوە گوتوێتی:

"مارکسیزم، نیتچەیزم و ناسیونال سوسیالیزم هەرسێکیان ئەخلاقی کلاسیکی ڕەد دەکەنەوە. تەنها تێزی سەرەکی بۆ ئەوان بەهایەکە کە ژیان بەناویەوە مافێکی بەڵاتر داوا دەکات. هەر ئەوەندە ئەم بنەمای داوەریە ئاشکرا بێت، دەبینین کە لەزەمینەی گشتیدا بەها نیتچەییەکان لەبەرامبەر بەها نەژاد پەرستیەکاندا، ڕادەوەستێت، بەبڕوای نیتچە هەموو شتێك پەیڕەوی کلتورە، لەکاتێکدا لەرایشی سێهەمدا ئامانجی کلتورێکی دزێو، تەنها هێزی سەربازیە"[١٧].

مەسەلەی واقعی سەبارەت بەلێدانی لەزگەی فاشیست یان خراپتر لەو لەزگەی نازیەت بەنیتچەوە ئەوەیە، لەزگەلێدەران ئەو راستیە لەبەرچاو ناگرن کە نیتچە دەیەوێت بەئەرستۆکراتیخوازی خۆی تێگەیشتنێکی دێرین بۆ سیاسەت زیندوبکاتەوە. تێگەیشتنێك کە لەسەر کێشی یونانیدا دەیدۆزیەوە، وەك دواتریش دەیبینین لێکچونی بەرچاوی لەگەڵ فەلسەفەی کاری "هانا ئارنت" لەسەردەمی ئێمەدا هەیە. هەر ئەوەندەی لێکچونێکی وا بدۆزێتەوە، ئیدی پووچی "فاشیست" یان "نازی" ناونانی بیروڕا سیاسیەکانی نیتچە بەئاسانی ڕوندەبێتەوە.

بێگومان نیتچە خۆی دڵەراوکێی ئەوەی هەبوو ڕۆژێك ناوی بەشتی ترسناکەوە بەبیر بهێنرێتەوە..شتێك کە ئەو بەمشێوەیە دەری بڕی "قەیرانێکی بێوێنە نە بەسەر گۆی زەویدا، سەنگین ترین ڕێکەوتی ویژدان" (هەنوکە، "بۆچی من یەك چارەنوسەم، ١). هەروەها دەیزانی کە چارەنوسی وایە "پاش مەرگ لەدایك بێت". کەوابوو نیتچە بەرپرسیاری ئەو خراپیانە نیە کە بۆ نوسینەکانیان گەڕانۆتەوە. بەممانایە هەموومان پاش مردن لەدایك دەبین، چونکە هەرچیەك بەدرێژایی ژیانمان دەیڵێین یان دەینوسین، ڕەنگە پاش مەرگ بەهەڵە، دەرك و تەفسیربکرێ. بەڵام هەقیقەت ئەوەیە نیتچە بەدرێژایی ژیانی جگە لەماوەیەکی کورت لە١٨٦٦دا نەبێت، بەرگری لەحیزبی سیاسی نەکردو جگە لەمەش تەنانەت بۆ یەکجاریش سودوەرگرتنی لەنوسین و بیروباوەڕەکانی لەخزمەتی ناسیونالیزم و نەژادپەرستی ئەڵمانیادا نەسەلماند..بەپێچەوانەوە ئەو هەرچیەکی توانی کردی، بۆ ئەوەی هاورۆژگارانی لەمەترسیەکانی رایشی ئەڵمانیا ئاگادار بکاتەوە.

پەراوێزەکان

١- Gold Mann, The History of Germany Since 1789 (Middlesex: Penguin 1985), PP. 328- 9.

رونکردنەوەکانی من لەسەر بناغەی ئەو لێکۆڵینەوە فێرکەرانەیە کە پێتر برگمان لەم سەرچاوەیەی خوارەوەدا کردونی:

Nietzsche. The 'Last Anti- Political German' (Bloomington: Indina University press, 1987), especially pp. 19-59.

ی. گز هیردەر لەکوینگی بزگ و لەژێر چاودێری کانتدا خوێندنی تەواو کرد، بەڵام ئەندێشەی ئەو چەند لەژێر کاریگەری کانت و بزوتنەوەی رۆشنگەری ئەڵمانیدا بوو، هێندەش لەژێر کاریگەری ی. گ. هامانی پاکژخوازو دژ بەعەقڵدا بوو. هیردەر پاش دو ساڵ سەفەر کە تیایدا چەندجارێك چاوی بەگۆتە کەوت، بوو بە

بەڕێوەبەری کەنیسەی لوتەری لەڤایماردا. بەبڕوای ئەو حەقیقەت نەك بەرهەمێکی عەقڵ، بەڵکو بەرهەمی سەرجەم هێزی داهێنەری تاکەکەسەو کە لەزمان، ئەفسانە، و شیعردا دەردەبڕێ، بۆ وردەکاری زیاتر بڕوانە:

H. Holborn, A History of Modern Germany 1648- 1840 (London 1965). Pp 325-8.

٢- P. Bergmann, Nietzsche, 'The Last Anti- Political German' p. 29.

٣- Quoted in ibid, p. 64.

٤- Ibid, p. 47.

٥- G. Mann, The History of Germary Since 1789, p 396.

٦- On this point see R. Hinton- Thomas, Nietzsche in German politics and Sociery 1890- 1918 (Manchester: Manchester Universty press, 1983) , p.122.

بۆ شیکردنەوەی پەندئامێزی کاریگەری نیتچە لەسەر بزوتنەوەی چەپ پاش تیکشانی دەرونی نیتچە تەماشای بەرهەمی ناوبراوی ر. هینتون -توماس (ژمارە٧) بکەن.

٧- See Ernst Nolte, Nietzsche und der Nietzscheanismus (Frankfurt: Propylaen, 1990). P. 268. See also his study. Der Faschismus in seiner Epoche (Munich: R. Piper Verlag. 1979, fifth edition), PP. 529- 35.

بۆ وردەکاری زیاتر لەبارەی بێباکی خوشکەکەی نیتچە بەرامبەر بەرهەمەکانی بڕوانە:

Walter Kaufmann, Nietzsche, Philosopher, Psychogist, and Antichrist (New Jersey: Princeton University Press, 1974, fourth edition), PP. 4-8, 15- 18, 442-5; H. F. Peters, Zarathustra's Sister, The Case of Elisabeth Forster- Nietzsche)New York 1977); and the recent study by Ben Mac Intyre, Forgotten Fatherland: The Search for Elisabeth Forster- Nietzche (London: Macmillan, 1992).

تەماشای بەڵگەکراوەکان لەم بەرهەمەی خوارەوەدا بکەن:

R. E. Kuenzli. 'The Nazi Appropriation of Nietzsche', Nietzche- Studien, 12 (1983), 428- 35.

See ‘Nietzsche and Fascists’ in G. Bataille, Visions of −٨
Excess: Selected Writings 1927- 1939 (Manchester: Manchester University Press, 1989), PP. 183-4.

Kuenzli, ‘The Nazi Appropriation of Nietzsche’, P. −٩
435.

See. J. P. Stern, Nietzsche (Glasgow: Collins, −١٠
1978), P. 79.

See Howard Williams, ‘Nietzsche and Fascism’,−١١
History of European ldeas, 11 (1989), 897-8. See also Margaret Canovan, ‘On Being Economical with the Truth: Some Liberal Reflections’, Political Studies, 38 (March 1990), 520.

لەدوا بەرهەمدا نوسەر ئەوەی کە نیتچە زنجیرە سروشتی لەیەکسانی سروشتی پێ باشتر بووە بە"باوکی رۆحانی فاشیزم" و "سەرچاوەی پێش نمونە فراوانەکانی ئەندێشەی فاشیستی" ئەو دەزانێ.

فەرهەنگی ئینگلیزی ئوکسفۆرد "مەکیاڤیلیەت" بەکارێکی هەڵخەڵەتێنەرانە، خائنانە و فێڵبازانە پێناسەدەکات. لەمێژووی ئەندێشەی رۆژاوادا "مەکیاڤیلیگەری" بەمانای باوەڕهێنانە بەبنەمای سیاسەتی واقع بینانە (reulpolitik) واتە ئەوەی لەسیاسەتدا دەبێ بەرژەوەندی بخرێتە پێش ئەخلاقەوە. بەشێك لەمۆدێرنەی مەکیاڤیلی بریتیە لەجیاکردنەوەی سیاسەت لەئەخلاق و دین.. بۆ ئاگاداری زیاتر بڕوانە:

Perspective, Political Theory, 12 (Novermber 1984). PP. 491- 506. See also Bernard Crick’s introduction to N. Machiavelli, Discourses trans, L. Walker (Middlesex: Penguin, 1970).

See Georges Bataille, On Nietzsche, trans. B. Boone−١٢
(London: Athlone Press, 1992), Appendix I. ‘Nietzsche and National Socialism’, P. 171.

ئەمە بەشێکە لەفەسڵی دوهەمی ئەم کتێبەی خوارەوە
کیت اسنل -پیرسون: هیچ انگار تمام عیار. ت: محسن حکیمی. انتشارات خجسته- چاپ اول : ١٣٧٥

نیتچەو فەمەنیزم

ن: کیت ئانسل –پیرسون

"هەڵەی بنەڕەتی و بونیادی کوێربوونی زیهنی مرۆڤ ڕێگەگرتن لە قبوڵکردنی مەرگ نیە، بەڵکو ڕێگەگرتنە لە یادەوەری لەدایکبون و هاتنە ناو دنیاوە"

پیتر سلاتریج "تا ئۆگەری ئەوروپی" (١٩٨٨)

پێشەکی

ئەگەر نیتچە بە سەرچاوەیەکی دور دابنێین بۆ لیبرالیزمی رادیکال بوو، ئەوا دەبێ بوونی بەسەرچاوەیەك بۆ فەمەنیزمی رادیکال چەندانجار بە دورتر بزانین. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لەسالانی دوایدا و لە هەندێك جێگەدا بەرهەمەکانیان بەم ئاڕاستەیە (واتە وەك سەرچاوەیەك بۆ فەمەنیزم) تەفسیرکردووە. من پیشانیدەدم کە چۆن هەندێك نووسەری فەمەنیست دەستو پەنجەیان لەگەڵ بەرهەمەکانی نیتچەدا نەرمکردووەو روویەڕووی پێچوپەناکانی بونەتەوە. پێدەچێ ئەوتەباییەی خەریکە بەدەستدێت ئەوەبێت کە سود بەخشترین لایەنی نوسینەکانی

نیتچە بۆ پەیکەری فەلسەفی فەمەنیستی، لەو هەڵوێستە راشکاوانەدا نیە کە لە بارەی ژنەوە درکاندوێتی، بەڵکو دەبێ لە "شێواز" (کانی) نیتچەدا، لە هەوڵێدا بۆ راگەیاندنی فەلسەفەیەك لەبارەی جەستەوە، لە دەمامك لادانیدا لەسەر خوازەی گوتاری فەلسەفی و لە شێوەی نمونەی نیتچەدا بۆ بونیادشکێنی پێشداوەری "نێر سەنتەریانەی" (Phullogocentric) ئەندێشە و عەقڵی رۆژئاوادا بدۆزرێتەوە.(١) رەنگە رێکەوت نەبێ سودوەرگرتنی نوسەرانی فەمەنیست لە نیتچە، وەك "جیل دۆلۆز"ی فەیلەسوفی جیاوازی(٢) دەڵێ لە کاتێکدا ئەنجامدەدرێ، کە تیورەسازانی سیاسی رادیکاڵ لەوانە فەمەنیستەکان، هەوڵدەدەن فەلسەفەیەکی لەبارەی ئەویدیبوون و جیاوازیەوە پێشکەشبکەن. ژمارەیەك لە فەمەنیستەکان گوتویانە دەبێ بنبەستی یەکسانی کە تیایدا ژنان تەنها بە یەکسانبوون لەگەڵ پیاواندا و لێرەوە سڕینەوەی جیاوازی جنسی (نێوانیان) بەیەکسانی دەگەن، بەجێبهێڵین. بەبڕوای ئەوان شێوەیەکی تازەی بیرکردنەوە پێویستە، شێوەیەك کە بتوانێ جیاوازی بسەلمێنێ و نرخ بۆ ئەوی دیبوون دابنێ، و بێ ئەوەی یان بەرگری لە سیاسەتێکی تۆتالیتارانە بکات کە لەسەر بناغەی گشتیبوونی درۆزنانە دامەزراوە، یان بەرگری لە سیاسەتی زنجیرە پلەییانە بکات کە تیایدا بەهای پیاوانە و ژنانە لەیەکدی جیادەکرێنەوە و یەکێکیان بەسەر ئەوی دیدا زاڵدەکرێت. هەر ئەم گەڕانە بەدوای ئەخلاق و سیاسەتێکی نوێی فەمەنیستیدایە کە تێگەیشتن لە بیروباوەڕەکانی نیتچە بەزەبر (بالقوە) سودبەخش و خەباتگێڕانە دەکات. لێرەشدا هێرشەکانی نیتچە بۆ سەر هیومانیزمی لیبراڵی بە هەڵگری سودێکی پۆزەتیڤی شێمانەی (احتمالی) بۆ لیبرالیزمی رادیکاڵ بوو، دەزانن. فەمەنیزمی رادیکاڵ -وەك چۆن لە بیروباوەڕەکانی فۆکۆدا دەیبینین- سوبژێکتی مرۆیی عاقڵ و نامێژوویی بیروباوەڕی سیاسی لیبرالیزم رەخنە دەکات. ئامانج نەك وازهێنانە لە دروشمە لیبرالیەکانی خودسالاری و فەردیەت، بەڵکو دوبارە بیرلێکردنەوەو ژیاندنەوەی بناغەکانیانە.

دەبێت لەبارەی ئەمجۆرە بەکارهێنانەی نیتچەوە، پرسیارێکی زۆر بهێنرێتە ئاراوە: بەسەرنجدان لە پەیمانبەستنی نیتچە لەگەڵ حکومەتی ئەرستۆکراتی و لایەنگرێتی بۆ پیاوەتی ناپلیۆن، تا چ ئەندازەیەك بیروباوەڕەکانی دەتوانن بۆ پێشکەشکردنی سیاسەتی فەمەنیستی جیاوازیخوازی، سودمەند بن؟ ئایا

سەروکارکردن لەگەڵ نیتچەدا تەنها لە روانگەی شێوازەوە بۆ فەمەنیزم و بە شێوەیەکی گشتیش بۆ بیرکردنەوەی سیاسی رادیکال بەسە؟ یان دەبێ قسە لە ناوەڕۆکی وتەکانیشی بکەین؟ ئامانجی من لەم فەسڵەدا ئەوەیە نەسیتیماتیکانە کاربکەمو نە گشگیرانە، بەڵکو دەمەوێ تێگەیشتنێك بۆ وتوێژە سەرەکیەکان و مەسەلە کلیلیەکان، بەدەستەوەبدەم.

نیتچە و فەمەنیزمی ئەوروپی

دیدگاکانی نیتچە لە بارەی ژنەوە هەم جۆراوجۆرن و هەم ئاڵۆز. ناکرێ "فەلسەفەیەکی ژنی" ڕێکوپێکی لێبەربهێنرێت. ئەم دیدگایانە کۆمەڵێك ئاڕاستەوەرگرتن و پێشداوەری دژ بەیەك درەدەخەن، کە تیایدا نیتچە هەم رەگەزی ژنانە وەك شتێکی بەهێزو سەرەو ژێرکەر ستایشدەکات، هەم کاتێك لە ئەرکە کۆمەڵایەتیەکانی منداڵداریو دایکایەتی جیا دەبێتەوە لێی دەترسێت.

نیتچە فەمەنیزمی "لیبراڵی" ئەوروپی رەخنەدەکات و دەکەوێتە دژایەتی ئەو شتەی ناوی دەنێت خەسانی ژیانی کۆمەڵایەتی و پەیدابوونی سیاسەتی ئیحساساتی لەسەر بناغەی بەها رەگەز دۆستیەکان. ئەو هێرشدەکاتە سەر ئەو بیرۆباوەڕانەی دەڵێن ژنان هەر ئەوەندەی خاوەن ماف یەکسان بن، ئیدی رزگار دەبن. هەندێك پارچە دەقی بەرهەمەکانی بەڕاشکاوانە دەریدەخات کە نیتچە سەرجەم مەسەلەی رزگاری ژنانی بەشتێکی گومڕاکەرانە زانیووە. بەبڕوای نیتچە بیروباوەڕە مودێرنەکان لەبارەی کۆمەڵگاو سیاسەتەوە، بونەتە هۆی دابەزینی ئاستی بیرکردنەوەی ئێمە لەبارەی دەورو ئەرکی ژن و پیاوانەوە. ژنانی مۆدێرن بۆ خەباتکردن لە پێناوی "ماف یەکسان"دا هاندەدرێن، بەڵام ئەم خەباتە گەر سەربگرێت دەبێتە هۆی لە ناوچوونی لەسەرخۆی دەسەڵات و هێزی ژنان. نیتچە لە پارچەیەکدا لەبارەی "ژنی یۆنانی"ەوە کە لەسااڵەکانی ١-١٨٧٠ دا نوسراوە رووبەڕووی ئەو دیدگایەی ئەفلاتۆن دەبێتەوە کە پێیوایە ژنان دەبێت لە ڕووی "ماف و زانین و ئەرکەوە" خاوەن بەشێکی کامڵ و یەکسان بن (ژن، ص٢١، سەرجەمی بەرهەمەکان، ٧، ص١٧٠)(٣). نیتچە دەڵێت ئەفلاتۆن بە بەرگریکردن لە روخانی پەیوەندی زنجیرە

پلەیی ژنان و پیاوان کە تیایدا پیاوان لە بواری "کلتور"دا چالاکن و ژنانیش لە بواری "سروشت"دا، بە تەواوی فریوی بەهێزترین ژنانی سەردەمی کلاسیکی خواردووە...ژنانێك کە خۆیان نەیاندەزانی تەنها بەسنوردارکردنی چالاکی خۆیان لە بواری دایکایەتیدا، بەهێز دەمێننەوە. نیتچە دەڵێت ژنان لە کۆمەڵگای یۆنانیدا لە پلەی دایك و خاوەن منااڵدا، خاوەن جێگەیەك بوون "کەبڵندترین ئیرادەی دەوڵەت (hochste stautswile) پێی بەخشیبوون" (هـ. س. پ ص٢٤، ص١٧٢)(٤) ژنان لە یۆنانی کلاسیکدا خاوەن ڕێزێکبوون کە ئیدی لەدوایەوە هەرگیز خاوەنی نەبوون. گرنگی ئەوان دەگەڕایەوە بۆ خۆفیداکردنیان لەبواری "گومناوی" ژیانی تایبەتیدا و تەرخانکردنی ژیانی خۆیان بۆ منااڵبون و پەروەردەکردنی کوڕانی مەزن. نیتچە دەنوسێ "ژنی یۆنانی وەك دایك دەبێ لە گومناویدا (Dunkel) بژی، چونکە غەریزەی سیاسی (Politische Trieb)و مەزنترین ئامانجەکانی ئەوەی دەیوست" (هـ. س. پ ص٢٣، ص١٧٢).

ئەم دیدگایە چەند سااڵێك دوای ئەمە لە "مرۆیی، زیاد لە سنور مرۆیی"شدا، ڕاگەینرا. نیتچە لەپارچەی "٢٥٩"ی ئەم بەرهەمەدا کلتوری کلاسیکی یۆنان بە "کلتورێکی پیاوانە" (Cultor de manner) کە وەرگێڕانی وشە بە وشەی بریتیە لە "کلتوری پیاوان") ناودەنێت کە تیایدا گرنگترین پەیوەندی، پەیوەندی هاوجنسبازی پیاوانی بە تەمەن و کوڕانی لاوە. ئەوەی حوکمڕانی پەیوەندی ژن و پیاوی دەکرد "پەروەردەکردنی منااڵ و لەزەتی جەستەیی بوو". "ئااڵوگۆڕی ڕۆحی" یان "عەشقی" ژنو پیاو هان نەدەدرا. چونکە بە بڕوای نیتچە ئەم مەسەلەیە ژێر پێی کلتوری یۆنانیەکانی خااڵیدەکرد. نیتچە لەسەری دەڕواو دەڵێت کردنی ژنانی وەك "ئەلەکترا" و "ئەنتیگۆنە" بە سیمای سەرەکی تراژیدیای یۆنانی تەنها "لە هونەردا تەحەمولدەکرا، لە ژیاندا کەس نەیدەویست". نیتچە ئەم پارچەیە بەمشێوەیە کۆتای پێدێنێت:

"ژنان ئەرکێکی دیان جگە لە بەدنیاهێنانی جەستەی جوان و بەهێز نەبوو، کە تا ئەو جێگایەی دەشێت خاوەن خەسڵەتەکانی باوك بن و هەر لێرەوە (ئەرکیان) ڕێگەگرتن لەو هەژانە نێوروتیکیە بوو، کە خەریکبوو لە کلتورێکی وا پێشکەوتودا بەهێز بێت. هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کلتوری یۆنانی بۆ سەردەمێکی بەڕێژە

درێژ بەاڵوی بمێنێتەوە. چونکە مەزنییێتی یۆنانی لە بونی دایکانی یۆنانیدا بەردەوام بۆ سروشت دەگەڕایەوە" (مرۆیی، ٢٥٩).

نیتچە لەگەڵ بزوتنەوەی فەمەنیزمی ئەوروپیدا نیە، چونکە بەسەرەو ژێرکەری بەرهەمهێنانی کلتوری دەزانێت. بەمشێوەیە نیتچە ژنانی خوازیاری سەربەخۆی ئابوری و مافی سیاسی بە "مێینە نەزۆکەکان" ناودەبات کە بێزارن لەو ژنانەی باش دروستبوون (واتە ئەو ژنانەی توانای زایینیان هەیە) (هەنوکە، "بۆچی ئەم کتێبە باشانە دەنوسم؟" ٥٠). مەسەلەی نیتچە ئەوەیە لەکاتێکدا هێزی جنسیانەی ژنان دەناسێتەوەو بە قازانجی لەزەتی جنسی ژنان و دژی پاکژی لەهاوسەریدا قسە دەکات، (بەاڵم) ئاوسبونو منااڵداریش کە بەبڕوای ئەو سروشتی ژنان کاملدەکات و بێ بوونیشی دەیانکات بە کەسانی قین لەدڵ، بە ئەرکە پێویستیەکانی ژنان دەزانێت.

بەبڕوای نیتچە یەکێك لە مەترسیە گەورەکانی بزوتنەوەی ژنان ئەوەیە کە لەهەوڵدانیاندا بۆ ڕوناککردنەوەی ژنان سەبارەت بە ژنێتی خۆیان، فێریاندەکەن ترس لە پیاوان فەرامۆشبکەن. ئەو دەڵێت بەمکارە ژن واتە "ڕەگەزی لاواز" لە ژنانەترین غەریزەکانی خۆی دور دەکەوێتەوە. (لەسەرو، ٢٣٩). نیتچە دەپرسێت بۆچی ژنان دەبێ بیانەوێت وەك پیاوان بن لە کاتێکدا "وەزن و هونەر"ی ژنان لە دڵڕفێنی و شۆخ و شەنگی و ساویلکەییاندایە؟ بۆچی دەبێت ئەوان بەدوای دۆزینەوەی "هەقیقەت"ی ژندا بن لەکاتێکدا هونەری گەورەیان درۆزنی و گرنگترین مەسەلەی جێی سەرنجیشی "سەروسیما و جوانیە". (هـ. س. پ ٢٣٢). نیتچە دەڵێت بەپێچەوانەی "بیروباوەڕە مۆدێرنەکان" لەبارەی ژن و پیاوەوە، دەبێ پەروەردەی واقیعی سەبارەت بە پەیوەندی ڕەگەزەکان لە کلتوری ڕۆژهەاڵتدا بدۆزرێتەوە.(٥) بەبڕوای نیتچە پیاوی ئیدراك "لەوانە ئیدراکی کاری باشی سەختگیرانەو سەخت کۆشانە" دەبێ ژن بە "سامان (Besitz) یان دارایی (Eigenthum) بزانی کە دەکرێ لە جێگەیەکی ئاسایشدا هەڵبگیرێ.. شتێك کە مەحکومە بە خزمەت و گەیشتن بە کەمااڵ لەخزمەتکردندا" (هـ.س. پ، ٢٣٨). نیتچە لەبزوتنەوەی ژنانداً "کەرێتیەکی پیاوانە" دەبینێت، کە تەنها دەتوانێ ببێتە هۆی فاسدبوونی ژن. هیچ شێوەیەکی "پەیمانی کۆمەاڵیەتی" ناتوانێ نایەکسانی ژن و پیاو و نادادپەروەری نێوانیان لەناوببات. (زانین، ٣٦٣). نیتچە دەڵێت ئەم مەسەلەیەش وەك زۆر مەسەلەی

پەیوەندیدار بە "بیروباوەڕە مۆدێرنەکان"ەوە دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی فەرەنسی و دروشمی یەکسانیەکەی. دەبێ بۆ راوەستان لەبەرامبەر ئەم فاسدبونەی ژندا، رەگەزەکان فێربن کە ئەوەی پیاو ناچار بە ئافەرین گوتن بە ژن دەکات "خەسڵەتی ژن.. واتە چنگاڵی پڵنگ لە دەستکێشدا، ساویلکەیی خوپەرستی ئەو، توانای پەروەردە نەبون و زاتی دڕندانەی ئەوە" (لەسەرو، ٢٣٩). نیتچە لەمروەوە ستایشی ناپلیۆن دەکات کە بەسەر دروشمە ساویلکەکانی شۆڕشدا سەرکەوت و جارێکی دی "سەروەری مرۆڤی بەسەر بازاڕیبوون، زۆرینەی بێ کلتورو "ژن"دا سەقامگیرکرد کە مەسیحیەت و روحیەتی سەدەی هەژدەهەمو لەمەش زیاتر "بیروباوەڕە مودێرنەکان" لوس و نازپەروەریان کردبوو" (زانین، ٣٦٢).

نیتچە شوناسەکانی ژن و پیاو بەدیدێکی واقیعیەوە تاوتوێدەکات، وەك ئەوکاتەی لەپارچە دەقی "١٣"ی "لەسەر و چاکەو خراپە"وە دەڵێت پیاو و ژن هەردوکیان خۆیان لەبارەی یەکدیەوە فریودەدەن، چونکە ئەوەی بۆ ئەوان پیرۆز و شایانی ڕێزە، تەنها ئارەزوەکانی خۆیانە. هەر لەمڕوەوەیە کە پیاو ئارام و گوێڕایەڵی دەوێت، ئەمەش لەکاتێکدا ژن "لە خۆیدا نائارام" و "درندەیە". نیتچە هەروەها بەشێوەیەکی پۆزەتیڤانە رووبەڕووی مەسیحیەت دەبێتەوە کە نەفرەت لە بنەماکانی ژیان دەکات و لێرەوە مەسەلە جنسیەکان بە پیس و ناپاك دەزانێت (خۆرئاوای، "ئەوەی من قەرزاری بیریارانی کلاسیکیم"،(٤). لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا و سەرەڕای هەندێك لایەنی پۆزەتیڤ لە بیروڕاکانی نیتچەدا لە بارەی ژنەوە، بەڵام ئاراستەی باڵادەست بەسەر بیرکردنەوەیدا ئەوەیە کە ژیانی ژنان لە بنەڕەتدا کورتدەبێتەوە بۆ دایکایەتی و منداڵداری و ژنان سەبارەت بە ئەنجامی ئەرکە کۆمەڵایەتیەکان ناچار بە بینینی "دەورێکی لاوەکین" (لەسەرو، ١٤٥). ئەو هەر ژنێك کە بیەوێت کارێکی جیاواز لەمنداڵداری بکات -وەك لێکۆڵینەوە- لە ڕوی جنسیەوە بە "نەزۆك" ناودەبات. (لەسەرو، ١٤٤).

نیتچە، خود، شێوازو ژن

ئەستەمە بڕوابکەین ئەو فەیلەسوفەی دەڵێت دۆستی واقیعی ژنان ئەو کەسەیە کە پێیان دەڵێت "ژن دەبێ لەبارەی ژنەوە خامۆشبێت" (لەسەرو، ٢٣٢) و وەك

بینیمان بەسوکایەتیەوە "ژنانی ئازاد بوو" ناو بنێت "مێینە نەزۆکەکان"، دەتوانێت سودێکی بۆ فەمەنیزم هەبێت. بەڵام تێڕوانینە تازەکانی ژمارەیەك لە ژنانی فەیلەسووف و چالاکی سیاسی بۆ بیروباوەڕەکانی نیتچە، هەڵگری خاڵی پۆزەتیف و بەهێزی ئەوتۆیە کە ڕێگە بۆ سودوەرگرتن لەدیدو دەقەکانی نیتچە بە ئاراستەی فەمەنیزم و پراکتیکی سیاسی دەکاتەوە. بۆ نمونە "ڕۆزالین دیپروز" گوتوێتی ڕەخنەی نیتچە لە خودی هیومانیزمی مەسیحیەتو لیبرالیزم، واتە ڕەخنەی نیتچە لەو بیروباوەڕەی (کە پێیوایە) لەپشت هەموو کارێکی مرۆڤەوە خودێکی نەگۆڕو جێگیر و سەقامگیر بوو هەیە، هەڵگری "شێوەیەکی پۆزەتیڤی بەرگریکردنە لەبەرامبەر دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و پرۆسەی گونجانکاریدا" کە بەتایبەتی بۆ خاڵە جێی سەرنجەکانی فەمەنیستەکان و خەباتیان دژی "خودگەری" گونجاوە.(٦) بیروباوەڕی نیتچە لەبارەی "خود"ەوە هەڵگری جەختکردنە لە گومان، فرەشوناسی و سەلماندنی "خودی" خۆرسك وەك کارێکی هونەری کەتیایدا مرۆڤ ئازادانە کەسایەتی خۆی خاوەن "شێواز" دەکات، هەموو ئەمانەش یارمەتی پێشکەشکردنی شێوەیەکی بیرکردنەوەی فەمەنیستی دەدات، شێوەیەك کە هەوڵدەدات خودێتی کردنی شوناسی مرۆڤ، چ ژن و چ پیاو، کە "جیاوازی" سادەیان لەناو دەبات، بڕوخێنێت. ئەو سوبژێکتە ئەفسانەییەی کە دەبێت بەمشێوەیە بکەوێتە بەر هێرش و بونیادشکێنی، سۆبژێکتی پیاوی کۆمەڵگای بۆرجوازی و مێژوی بورجوازیە:

"بۆ نیتچە "ئەوی دی" کە زۆرجار بەهۆی ئەخلاقی یەکسانیەوە دەکەوێتە بەر مەترسی نەك ژن، بەڵکو ڕۆحی ئەرستۆکراتیە کە هەندێکجار ستەمکار، هەندێکجار نهێنیئامێز و هەمیشەش ئاوارتنە (استثناء). شێوەی نیتچە بۆ هەڵبژاردنی قوربانیەکی ئەرستۆکراتی، تەنها بۆ خوێنەری هاوچەرخ کەمێك سەرسوڕهێنەرەو هەندێك تەفسیرکەری ناچار بە ڕەخنەکردنی کردووە. بەڵام هەوڵی نیتچە بۆ ڕزگارکردنی سیمای نوخبە و کەمتازۆر بە هەیبەت، لەدەست کارەکانی دەوڵەتی دیموکراسی تائەندازەیەك بەرهەمی زەرورەتی مێژوییە. نمونەی ڕزگاری لەسەردەمی دەرکەوتنی تاکەکەسی لیبڕاڵی سەدەی نۆزدەدا بەر لە هەرکەسێکی دی، مرۆڤی شەریفی رازاوە بە بیرەوەری ئەرستۆکراتی یۆنان بوو. بەڵام ئێستا چیدی وانیە: سەدەیەك "یەکسانی"، زنجیرە بەهای خۆی دروستکردووە و لێرەوە سیستەمێکی

پێکهێناوە کە جیاوازیەکان پەراوێزدەکات و لەناویدەبات. لەمڕەوەوە هیچ بەهانەیەك بۆ سڕینەوەی ئاشکرای ژنان بەهۆی نیتچەوە، نەماوە."(٧).

بڕێکی زۆر لە خەسڵەتی "کاردانەوەی" رادیکالیزمی ئەرستۆکراتیانەی نیتچە لە بێزاری (ressentiment) پیاوێکی شەریفەوە سەرچاوەدەگرێ کە هەستەکات ئیمتیازەکانی لەمەترسیدایەو ئەو بەهایەش کە بۆ جیاوازی و ماوەی (فاصلە) دادەنێت، لە حاڵەتی لەناوچوندایە. دیپرۆز دەڵێ دژ بە فەمنیسمی نیتچە "ئەوەندە ناهاوئاهەنگ (نامنسجمە) نیە، بەڵام نیشانەی بێزاری خودی ئەوە"(٨). بەبڕوای دیپروز ڕەخنەی نیتچە لە یەکسانخوازی سەدەی نۆزدە بۆ بزوتنەوەی فەمەنیستی فێرکەرانەیەو ئەم لایەنەش ڕۆژ بەڕۆژ و لەگەڵ کاملبونی بزوتنەوەی فەمەنیستیدا، زیاتر کەوتۆتە بەر سەرنجی فەمەنیستەکان. گروپە ستەملێکراوەکان لەهەوڵیاندا بۆ بەدەستهێنانو سەقامگیری یەکسانی –بەر لەهەموشتێك یەکسانی لەبەردەم یاسادا- زۆرجار توشی ئەو هەڵەیە دەبن کە دەیانەوێت جلوبەرگی ستەمکاران یان سەروەرانی خۆیان لەبەربکەن. ئەوان بەشێوەیەکی پاکی قابیلی تێگەیشتن، خوازیاری بەشێك لەدەسەڵاتی سەروەرەکانی خۆیانن. بەڵام ئەم گروپانە لەهەوڵیاندا بۆ بەدەستهێنانی ئەم خواستە زۆر مرۆڤانەیە، ناتوانن لەو خاڵە تێبگەن کە ئەو "یاسا"یەی ئەوان یەکساندەکات، یاسایەکە دەسەڵاتداران پێناسیانکردووەو دایانناوە: بۆ نمونە بۆ ژنانی سەردەمی پیاوسالاری، یاسا بریتیە لەیاسای "پیاوانە".

ژاك دێریدای فەیلەسوفی فەرەنسی لەوتارەکەی خۆیدا لەبارەی نیتچەو ژنەوە بەناوی "قامچیەکان"دوە دەڵێ رادیکالبونی نیتچە دەگەڕێتەوە بۆ خودیی شێوازەکانی بیرکردنەوە و پراکتیکی نوسینی کە لەقبولکردنی شوناسگەلێکی نەگۆڕ یان پێشکەشکردنی خودە جێگیرەکان رادەکات. کاتێك نیتچە لەپێشەکی "لەسەرو چاکەو خراپیەوە" دەڵێ سەرجەم فەیلەسوفانی (پیاو) لە گریمانەیاندا بۆ هەقیقەت دۆگمابوون و ئەمەش بەراوردەکات بە هەڵسوکەوتی ناشیانەیان لەگەڵ ژناندا، ئەو خاڵە دوبارەدەکاتەوە کە وەك چۆن "هەقیقەت"ێکی یەکتاو یەکپارچە لەبارەی ژیانو واقیعەوە بوونی نیە کە بیدۆزینەوە، هەرواش "هەقیقەت"ێك لەبارەی ژنیشەوە نیە، چونکە ژنیش وەك "هەقیقەت" بوونی نیە. خاڵە وروژێنەرەکەی تێڕوانینی دێریدا بریتیە لەوەی ڕەخنەکانی نیتچە لە فەمەنیزمی کلاسیکی هەڵگری ئەم پەیامە

"پاش فەمەنیستیە"یە کە هەوڵی ژنان بۆ پێناسکردنی "ژن بەشێوەیەکی هەمەکی" دوبارەکردنەوەی هەمان هەڵەکانی خودگەری نەریتی پیاوانەی فەلسەفەی ڕۆژئاوایە. ئەو دەنوسێت "فەمەنیزم هیچ نیە جگە لە کاری ژنێك کە دەیەوێت وەکو پیاوبێت...ئەم بزوتنەوەیە ژن دەخەسێنێ و بێ شێواز (بێ ئسلوب)ی دەکات"(٩).

ڕەنگە گرنگترین تێڕوانینێك کە لە" قامچیەکان"دا دەربڕاوە ئەوەبێت کە هەوڵی فەلسەفی بۆ زاڵبون بەسەر واقعدا، ناتوانێت "حەقیقەت" وەك کارێکی "ژنانە" پێناسەبکات. نابێت "ژنانە" لەگەڵ ژنێتی ژن یان جنسیەتی ژن تێکەڵبکەین، واتە نابێت تێکەڵیبکەین لەگەڵ هیچ یەك لەو "بتە خودێتی کراوەنەی کە ڕەنگە هێشتا ئارەزووی فەیلەسوفی دۆگما و هونەرمەندێکی بێتوانا یان گومڕاکەرێکی بێئەزمون ببزوێنێت کە هێشتا لە چنگ هیوا ساویلکەکانی بۆ دەست بەسەراگرتنی سروشت، رزگارینەبووە"(١٠). بەبڕوای دێریدا دەکرێ لەبەرهەمەکانی نیتچەدا سێ سیمای ژن بناسینەوە. ئەو نەخشە سیانیەی کە بەسەر نوسینەکانی نیتچەدا بالادەستە بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

پیاو بوو، پیاو لەم ژنە خەسیوە دەترسا.

پیاو بوو، پیاو لەم ژنە خەسێنەرە دەترسا.

پیاو بوو، ئەو ئەم ژنە ئەئیدکەرەی خۆش دەویست.★

کیلی ئولیوار ئەمجۆر ناسینەی ژنی لە نیتچەدا بەهاوجوتی سێ خواست زانیووە: خواستی هەقیقەت، خواستی خەیاڵو خواستی دەسەڵات. مەبەست لەژنی خەسیو "فەمەنیستێکە کە ژن نەفیدەکات بۆ ئەوەی خۆی وەك پیاو بسەلمێنێ"(١٢). ژنی خەسیو لەبری خولقاندنی هەقیقەت و فرەشوناسی، بانگەشەی دۆزینەوەی هەقیقەت دۆزینەوەی ژن وەك بونەوەرێك "لەخۆیدا و بۆخۆی" دەکات. ئەو لە هەوڵدانیدا بۆ دۆزینەوەی "هەقیقەتی بابەتی" ژن، نەفی ئازادی سەلماندنی گومان و هەمەڕەنگی مانا دەکات. بەمشێوەیە ئەو فەمەنیستەی کە بەدوای بابەتیبوندا دەگەڕێ، دوژمنی شەپۆلی ژیان و ژیان وەك خواستی دەسەڵاتە(١٣) "ژنی خەسێنەر" هونەرمەندێکە کە گەمە بەهەقیقەت دەکات، بۆ ئەوەی سیمای خۆی بگۆڕێت و بەرگری لە بەرامبەر هەوڵی میتافیزیکزاندا بکات کە دەیەوێت لەخاکێکی دیاریکراودا دایبنێت و ماناکەی جێگیربکات. بەڵام ئەمجۆرە ژنە بە ئاسانی دەتوانێت فریوی خەیاڵەکەی بخوات کاتێك

بە دەمارگیریەوە بە دروشمەکانی خۆیەوە دەنوسێت و فەرامۆشی ئەوەدەکات کە خۆی دروستیکردوون: "ئەو ئەکتەری دەوری ژنێکی گرگنی هیستریيە. ئەو هۆکاری خۆی، واتە خەیاڵەکەی خۆی لەگەڵ ئامانجدا لێتێکدەچێت. ژنی خەسێنەر ریوایەتێکی تری ژنی خەسیووە (١٤). "ژنی تەئیدکەر" دەلالەت لە خۆبالادەستی خواستی هەقیقەتو خواستی تەوەهم دەکات. ئەو هێزێکی دیونیوزیسیە کە دەست لە هەموو بونیادەکان ودڵنیایەکان هەڵدەگرێ، "دایکێکی رەسەنە، واتە خواستی ماندو نەناسی لەدایکبونی ژیانە کە هەمان خواستی دەسەڵاتە"(١٥). سەرەڕای ئەمە:

"ئەو منداڵدانێکی خاڵیە، ئەو فەزاو منداڵدانێکە کە هەموو شتێك سەرچاوەی لێوە وەردەگرێت. ئەم فەزایە، ماوەیە (فاصلە)؛ ژنی تەئیدکەر ئوبژێکتێك نیە لەم ماوەیەدا، ئەو خۆی ماوەیە. ئەو بونی نیە وەك ماوە، وەك فەزا- منداڵدانێکی روت. ژن بوونی نیە وەك چۆن هەقیقەت بوونی نیە"(١٦).

دێریدا شێواز (هکانی) نوسینی نیتچە (وەك دەرئەنجامی کاری ژنانە) بۆ پشتیوانیکردنی لە شێوازی دیستراکشن و رەخنەی ئەو شتە بەکاریدەهێنێت کە ناویدەنێت "میتافیزیکای ئامادەبوون" کە تیایدا بوون یان خودهوشیاری هەمیشە لەبەرامبەر خۆیدا "ئامادە"یە. دێریدا مەسەلەی شێواز دەکات بەمەسەلەیەکی ستراتیژی کە تیایدا "بۆ خۆلادان لە هەرجۆرە خودگەری و وتەزاگەلێکی نەگۆڕ" ئەگەری "شێوازێکی نوسین کە لە بنەڕەتدا دواخەر و دیارینەکراوە"، تاوتوێدەکرێت(١٧). دێریدا ئەم خاڵە بەمشێوەیە دەردەبڕێت:

"خوێندنەوە لە چنگی ئاسۆی مانا یان هەقیقەتی بوون ئازاد دەبێت، لەدەستی بەهاکانی بەرهەمهێنان یان ئامادەبوونی هەنوکە، رزگاری دەبێت. بەمشێوەیە مەسەلەی نوسین یەکسەر دەگۆڕێت بۆ مەسەلەی شێواز"(١٨).

تێڕوانینی دێریدا بۆ نیتچە سەرەڕای درەوشانەوەی ئاشکرای، (بەڵام) تێڕوانینێکی گرفتئامێزە. بەبڕوای من ئەو خاڵە (بەشێوەیەکی سەرەکی لەبەر هۆو ئامانجی سیاسی و پراکتیکی) گرنگە کە مەسەلەی ژن کورتنەکەینەوە بۆ ئاستی وێنە یان خوازەیەکی روت کە تەنها خەسڵەتی مەجازێکی بەیانی هەیە. ئەو قسەیەی دێریدا کە نیتچە بەدەستی ژن دەنوسێت، لەگەڵ بەهێزبوونی خامۆشی زیانبەخشی فەلسەفە سەبارەت بە ژنان، ئەو مەترسیەی لەگەڵدایە کە سوکایەتی پێکردنی ژنان

دو چەندان بکات. ئەگەر فەیلەسوفانی پیاوی وەك نیتچە و دێریدا دەتوانن بەدەستی ژن بنوسن، ئەی فەیلەسوفانی ژن چ دەورو ئامانجێکیان هەیە؟(١٩) وەك "رۆزی برایدۆنی" نوسیوێتی: "ئایا سەیرنیە رێك لەسەردەمێکی مێژویدا کە ژنان لە روی کۆمەڵایەتی و سیاسی و تیۆریەوە، دەنگی خۆیان بە کەسانی دی دەگەیەنن، گوتاری فەلسەفی واتە بواری بەتەواوی مانا (Parexcellence) پیاوانە، "مەسەلەی ژن" بۆ خۆیان پاوان دەکەن؟(٢٠). ئایا ئەوە خودی دێریدا نیە کە بە دورخستنەوەی مەسەلەی ژنان لە شانۆی سیاسەت (دەسەڵات) و گۆڕینی بەمەسەلەی شێواز، ژن دەخەسێنێ؟ دێریدا لە"قامچیەکاندا" بۆ جارێکیش ئاماژە بۆ خەباتی تیۆری و پراکتیکی بزوتنەوەی فەمەنیزم ناکات. دریدا ئەو راستیە بەجدی وەرناگرێت کە دیدی نیتچە هەر هەمان ئەوەیە کە وتوێتی و بەڕاستی بڕوایوایە ژنان دەبێت نە دەسەڵاتی سیاسیان هەبێت و نە نفوزی کۆمەڵایەتی. وەك یەکێك لە تەفسیرکەران ئاماژەی پێکردووە، تاوتوێکردنی دێریدا لەبارەی مەسەلەی ژن لای نیتچە وەك مەسەلەی شێوازی دەربڕین، "مەسەلەی کۆمەڵایەتی ژن لە بواری کلتوریدا دەسڕێتەوە"(٢١). ئەم تاوتوێکردنە! ستراتیژیکە کە لەئەنجامدا دەگاتە پیاوێکی ئایدیالیکراو، ژنێکی ئایدیالیکراو وچەمکێکی ئایدیالیکراویش بۆ شێوازی دەربڕین. لەکاتێکدا خوێنەری بەرهەمەکانی نیتچە دەزانێت کە خەریکە چی دەخوێنێتەوە و دەتوانێت گەر بیەوێت هەڵوێستێکی رەخنەگرانە بەرامبەر بەو بەرهەمانە وەربگرێت، ئەوا خوێنەری بەرهەمەکەی دێریدا مەحرومە لەدەستگەیشتن بە مەسەلەی جنسیەت.. چ لە بەرهەمەکانی نیتچە و چ لە نەریتی فەلسەفی رۆژئاوادا بەگشتی. خەسڵەتی دیاری هەڵوێستی دێریدا ئالۆزی و پەرشوبلاوی ڕوتە.(٢٢)

مەترسی قبوڵکردنی ئاڕاستە وەرگرتنی "گالتە جاڕانە"ی دێریدا لەوەدایە کە دەتوانێت جنسیەت واتە هەمان ئەو مەسەلەیەی کەدەیهێنێتە پێشێ، بگۆڕێ بە نامەسەلەیەك یان بیگۆڕێت بەمەسەلەیەك کە تەنها گرنگیەکی گومانلێکراوی بۆ ئەو فەیلەسوفە دۆگمایانە هەیە کە هیچ ناسین و ئاشنایەتیەکی واقیعیان لە جوانیەکان و دڵڕفێنەکانی ژنان نیە.

نیتچە و"ژن": کۆفمان و ئیریگاری

ڕەخنەی نیتچە لە فەمەنیزم ڕەخنەکردنی خەسڵەتی دوانەیی ئەم ڕەخنەیەیە. بۆ نمونە نیتچە تەحەدای شیوەی میتافیزیکی لە بە بەرزتردانانی عەقڵ بەسەر هەست یان سۆزدا دەکات. بەمشێویە دەکرێت ئەم ڕەخنەیە بەشێوەیەك یان شکلێکی ڕەخنە بزانرێت کە دەیەوێت پلەی "ژن" لەفەلسفەدا بگەڕێنێتەوە بۆی. ئەمکارەش بەجۆرێك ئەنجامەدات کەدواجار هەڕەشە لەهەموجۆرە زنجیرە پلەیەکی نێوان "ژن"و"پیاو" دەکات. ئەگەر تێکستەکانی نیتچە بەوردی بخوێنینەوە، تەنیا قسە دژبە ژنەکانی نابینین، بەڵکو تێدەگەین کە ئەم قسانە بەشێوەیەکی سەرەکی بەستایشکردنی ژن وەك خوازەی هێزە داهێنەرەکانی ژیان (ژیانو ژن وەك هێزێکی دروستکەری جیاوازی)، بونیادی بانگەشە نێر سەنتەری خۆی، تێکدەشکێنێت.

ڕەخنەی نیتچە لەنەریتی فەلسەفە لە ئەفلاتۆنەوە تا کانت، لەسەر ئەو دیدە دامەزراوە کە ئەم نەریتە دەرکێکی دروستی بۆ جەستە نیە. فەیلەسوفان لەئەفلاتۆن بەدواوە پەیوەندی بیرکردنەوەی خۆیان لەبارەی ژیانەوە لەگەڵ جەستەی ئەزمونکەردا کە ژێرخانیان پێکدەهێنێت، بڕاندووە. جیهانبینی بنەڕەتی ئەم فەیلەسوفانە لەسەر میتافیزکی بێزاری دامەزراوە: بێزاری لەژیانی هەستی، لە ئارەزوو، لەجەستە. بەبڕوای نیتچە فەلسەفە دەورێکی دایکانەی هەیە، چونکە لەسەر یەکێتی جەستەو گیان دامەزراوە. کاری فەیلەسوف ئەوەنیە وەك ئەفلاتۆن گیان لەزیندانی جەستە ئازادبکات، بەڵکو ناسینەوەی ئەو خاڵەیە "گیان تەنها وشەیەکە بۆ دەربڕینی شتێك لە جەستەدا" (زەردەشت، "لەبارەی سوکایەتی پێکەرانی جەستەوە"). فەیلەسوفی راستەقینە کەسێکە دەزانێت بیرکردنەوەکانی لەناو دەرونی ئازاری ئەزمونەوە لە دایکدەبن، ئازارێك کە وەك ئەزمونی منالبون پێویستی بە "خوێن، دڵ، گەرما، لەزەت، سۆز، ڕەنج، ویژدان، چارەنوسو کارەسات" هەیە (زانین، پێشەکی، ٣). تەنها ئازاری گەورەیە کە بەقوڵترین تێڕوانینەکان لەبارەی چارەنوسی مرۆڤەوە، چەکدارماندەکات. نیتچە ئەو خاڵە گرنگە بەبیر دەهێنێتەوە کە ئەزمونکردنی ئازارێکی لەمچەشنە ئێمە ناکات بە مرۆڤێکی "باشتر"، بەڵکو تەنها دەمانگۆڕێ بۆ مرۆڤێکی "ئەندێشە قوڵتر". دەبێت ئامانجی ئەم "ڕاهێنانە مەترسیدارانە بۆ بااڵدەستی بەسەر خوددا" نەك بۆ فەرامۆشکردنی خود، بەڵکو بۆ گۆڕانی مرۆڤ بێت بۆ مرۆڤێکی "گۆڕاو" و "جیاواز". نیتچە دەڵێت ئێمە هێشتا

دەتوانین عاشقی ژیان بین، بەاڵم دەبێت ئەم عەشقە بەعەشقی ئێمە بۆ کەسێك (بۆ ئەو، عەشق بۆ ژنێك) بەراوردبکرێت کە هەنوکە گومان و دودڵی تیا دروستکردوین (ه. س. پ).

ساراکۆفمان ئاگادارماندەکات کە بەشێوەیەکی پەلەو هەڵنەسەنگێنراو نیتچە بەفەیلەسوفێکی ئاشکرا دژ بە ژن ناو نەنێین. سارا کۆفمان دەڵێت ئەوەی نیتچە لەپێشەکی چاپی دوهەمی "زانینی شاد"دا (١٨٨٧) باوبۆ، واتە دەڵەدێوی یۆنانی بە ڕەمزی "هەقیقەت" دەزانێت، زۆر پڕمانایە...چونکە لە ڕێگەی باوبۆوەیە کە چەمکەکانی بەرهەمهێنی و بەپێتی ژنانە دەهێنرێتە ئاراوە. سیمای باوبۆ لەرازەکانی ئولیسیسدا دەدرەکەوێت وەك پوری "دیمیتر"کە خوای بەپیتیەو وەك ژنێکی نەزۆك لەخەمی لەدەستدانی ("پرسە خونە"ی کچی)دا دانیشتووە. "باوبۆ" بە بردنە سەرەوەی کراسەکەی و پیشاندانی سکی خۆی کە وێنەیەکی تیا کێشراوە، دیمیتر دەهێنێتە پێکەنین. جوڵەی بردنە سەرەوەی کراسەکە بەمەبەستی بزواندنی "دیمیتر" و گێڕانەوەی بۆ دنیای بەپیتی ئەنجامەدرێ. کۆفمان لە خوێندنەوە پڕ داهێنەرەکەی خۆیدا بۆ نیتچە، بەپێتی ژنانە دەبەستێتەوە بە ئەندێشەی بەرهەمهێنی هەقیقەتەوە. نیتچە لەو بەشەدا کە باسی ئەم دەڵەدێوە هەرزەیە دەکات، دەنوسێ ئازایانە لە ئاستی روبەر، روو و ڕووکەشو ستایشکردنی دیاردا ڕابوەستین* و بەمشێوەیە لە "قوڵ ڕوانینەوە" بگەیەن بە "ڕوکەش بینی". کۆفمان ئەفسانەی "باوبۆ" گرێدەدا بە تێگەیشتنی نیتچەوە بۆ فەلسەفە و هەقیقەت؛ سیمای باوبۆ پیشانیدەدات کە لۆژیکی سادە هەرگیز ناتوانێت تێبگات، کە ژیان نەقوڵە و نە سادە و لەپشت هەر پەردەیەکەوە، پەردەیەکی دی هەیە. هەروەها ئەم سیمایە دەاللەت لەوە دەکات کە دەبێت دیار ئێمە نەك بۆ بەدبینی و گومانکاری، بەڵکو بۆ پێکەنینی سەڵینەرانەی (ئەئیدکەری) بونەوەرێکی زیندوو ڕابکێشێت، کە دەزانێ ژیان سەرەڕای مەرگ بەشێوەیەکی نەبڕاوە دەگەڕێتەوە".(٢٣)

نیتچە بە پیشاندانی حیکمەتی ژیان لە باوبۆدا "هەقیقەت" لە ئەندامەکانی منداڵبونی ژندا پیشاندەدا کە نمونەی بە پیتی و خوڵقاندنی ژیانی نەمرانەو تایەی خوڵقاندن و پوکانەوەی خوڵقاندنە...تایەیەك کە بەمانای خواستی دەسەاڵت، خواستی پاکێتی و خواستی خودبااڵدەستیە لەڕێی بەرهەمهێنانی ڕەگەزەوە (تولید

میل). کۆفمان ئاماژە بەوەدەکات کە "لەرازەکانی ئولیسیسدا ئەندامی جنسی ژن، وەك سیمای بەرهەمهێنان و زامنکەری تازەکردنەوەی ژیان و گەڕانەوەی نەمرانەی هەموو شتێك ستایشدەکرێت"(٢٤). بەڵام ئەوەی کۆفمان فەرامۆشیدەکات ئەوەیە کە گەرچی نیتچە چەمکی بەرهەمهێنی و بەپیتی ژنانە بەشێوەیەکی پۆزەتیف بەکاردەهێنێت، بەڵام ڕێگە بە خودی ژنان نادات ببن بە فەیلەسوف (ئەوان گەر ئارەزوویەکی لەم چەشنەیان هەبێت، لەزگەی "لێکۆڵەرەوە نەزۆکەکان" یان پێوە دەلکێنرێ). کەوابوو دەبێت بەهای پۆزەتیف تێڕوانینەکانی نیتچە بۆ فەلسەفەو هەقیقەت، لەبارەی "نووسینی ژنانەوە" بەجدی بخەینە ژێر پرسیارەوە.

دواجار لەو بڕوایەدام پێویستە گومانێکی واقعی لەدڵی بیرکردنەوەکانی نیتچەدا پیشانبدەین، گومانێك کە زۆرجار ئەم بیرکردنەوەیە لەنێوان دوجۆری ئابوری لیبیدۆیی تەواو جیاوازدا دیلدەکات. بیرکردنەوەی نیتچە لەلایەکەوە پیشاندەری "ئابوری کۆکردنەوەیە" (کە دەلالەت لەچەمکی مولکایەتی، خاوەندارێتی و سودوەرگرتن و لەم بابەتە دەکات) و لە لایەکی دیەوە ئاشکراکەری "ئابوری بەخشینە" کە جەخت نەك لە "خاوەندارێتی" یان "بەدەستهێنان"، بەڵکو جەخت لە"دەست بلاوی"و "بەخشین" دەکات. بۆ نمونە ئەم خاڵە دەتوانێت رونیبکاتەوە بۆچی تێزی "خواستی دەسەلات" لە نوسینەکانی نیتچەدا، دو شکڵی تەواو جیاوازو نەگونجاو بەخۆیەوە وەردەگرێ؛ خواستی زاڵبون و دەسەلات و خواستی ئازاد هێشتن و وازلێهێنان (Gellassenheit). بەڵام سەرەڕای پیشاندانی ئەم جیاوازیەش لەبەرهەمەکانی نیتچەدا، تێگەیشتنی ئەم خاڵە پێویستە کە خواستی دەسەلاتی نیتچە، تەنانەت لە شکڵی بەخشینیشدا هێشتا بەئاشکرا چەمکێکی "پیاوانە"یە.. چونکە خواستی هێزێکی پشتبەستو بەخود، سەربەخۆو خودسالارە کە لەسەر بناغەی نەفیکردنی هێزەکانی ئەوی دی سالار (بە دیاریکراوی ژن وەك "ئەوی دی") راوەستاوە. (بەتایبەتی تەماشای "زەردەشت" بکەن "لەبارەی چاکەی بەخشینەوەوە" پارچە دەقی(١)).

لوس ئیریگارای لەنێوان بیریارانی هاوچەرخی فەرەنسیدا زۆرترین هەوڵی بۆئاشکراکردنی "مەسەلەی ژن" لە فەلسەفەدا ئەنجامداوە. ئەگەرچی رەنگە ئەم هەوڵە گرفتئامێز بێت. لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار "ئیرگاری"یان بەخودگەریەکی

بایەلۆجیانەی خۆ –هەڵوەشێنەرەوە تاوانبارکردووە، بەڵام دەکرێت بۆ بەرگریکردن لێی بگوترێت کە کارە زۆر هەڵە دەرککراوەکەی ئیریگاری، بریتیە لە ئاشکراکردنی ئەزمونێکی ئاڵۆز و نازنجیرە پلەیی لەجیهان، کە تیایدا بۆ یەکەمجار دەنگی ژن کە لەگوتاری فەلسەفی وەلاوەنراوە، دەبیسترێت (٢٥) ئیریگارای بەشێوەیەکی فێرکەرانە سەرچاوەی گرفتەکانی خۆی و هەر هەوڵێك بۆ ئاشکراکردنی دەنگی ئەوی دی پیشاندەدات:

ژن هیچ دیدێکی کراوەو هیچ گوتارێکی نیە، شوناسی پێ ببەخشێت.. بەمشێوەیەیە ژن دەورێکی چالاکی لەگوڕانکاریەکانی مێژودا نیە، چونکە (ژن) هیچ نیە جگە لەسێبەرێکی هێشتا جیانەکراوە لەمادەیەکی بەهەست، زەخیرەیەك بۆ نەفیکردن و بااڵبوونی "خود"، یان بونەوەرێکی دروستکراو بۆ هەنوکە.)(٢٦).

هەوڵی ئیریگارای بۆ "نووسین لە بارەی جەستەوە" بە ئاماژەکردن بۆ ئەندامە زاینیەکانی (تناسلی) ژن، بۆ وەسفکردنی ئابوری لیبیدۆی لەسەر بناغەی بەرکەوتن، هەست، جوڵە و گەمەی هەمیشەیی، تەحەدای پێشداوەریو گریمانە نێر سەنتەریەکانی عەقڵ و عەقڵانیەتی پیاوانە دەکات کە هێشتا بەسەر گوتاری فەلسەفیو دەزگاکانی ژیانی سیاسی ئێمەدا زاڵە.

ئیریگارای لەمامەڵەی عاشقانەی خۆی لەگەڵ نیتچەدا، بانگەشەکانی نیتچە وەك فەیلەسوفی دایکانەو جەستە، دەخاتە ژێر پرسیارەوە. تێگەیشتنەکانی ئەو بۆ نیتچە تەحەدای تێگەیشتنەکانی کۆفمان دەکات. ئەو ترس و نیگەرانی وخەون و کابوسەکانی نیتچە لەبارەی ژنەوە، دەخاتە ژێر پرسیارەوەو "بێزاریە"کی بنەڕەتی لە بیروباوەڕەکانی نیتچەدا پیشاندەدات:

"تۆ دەڵێیت پیاوێك کە بەراستی عاشق بێت لە کەمتەرخەمیەکانی مەعشوقەکەی نابورێت. هەر ئەمەش دەریدەخات کە تۆ چەند تێگەیشتنێکی لاوازت بۆ ڕێگەگرتن لە شەڕکردن لەگەڵ ژنەکەتدا هەیە. تۆ حەسودی و نەفرەتی خۆت بۆ شەو هەڵدەگری.

بەڵام من دەمەوێ خەوەکانی نێوەشەوی تۆ تەفسیربکەم و دەمامك لەسەر ئەم دیاردەیە: واتە شەوی تۆ لابدەم. تۆش ناچار بەسەلماندنی ئەو خاڵە بکەم کە ئەوەی پەنجەی دەخەمەسەر، ترسناکترین وەسوەسەی تۆیە. بۆ ئەوەی دواجار تێبگەیت لە چ

شتێك له هەموو شتێك زیاتر، بێزاری. منیش بتوانم لەگەڵ تۆدا بجەنگم و زەوی بکەمە مولکی خۆم و چیدی کۆیلەی سروشتی تۆ نەبم، تۆش دواجار نەتەوێت تەنها خودایەك بیت كە هەیە"(٢٧).

نیتچە تەنها بەنکوڵیکردن لە واقعیەت و ئەزمونی سەربەخۆی ژن لەبارەی جیهانەوە، ژن بە سەرچاوەی ژیان دەناسێت. دەستگەیشتنی ژن بە جیهان لە رێی پیاوەوە، هەمیشە شکڵی هەڵوێستێکی نزم بەخۆیەوە دەگرێ، هەڵوێستی کۆیلەیەتی و ناچاری. هەر لێرەوە تەئیدکردنی ژن لەلایەن نیتچەوە، هەڵگری نەفیکردنی بونی خود سالارانەی ژنە: ئەو واز لە ژن ناهێنێت و رێگەینادات بۆخۆی قسەبکات. ئیریگارای لەبارەی سڕینەوەی ژن لەلایەن نیتچەوە دەنوسێت:

"ئەگەر ژنت بۆ تەئیدکردنی بوونی خۆت دەوێت، ئەوا بۆچی رێگە نادەی کە پێچوپەناکانی ئەم بونە بپشکنێ؟ بۆچی رێگەی ئازادی قسەکردنی پێ نادەی؟ لێگەڕێ ژن لەو جێگەیەوە کە گۆرانی کۆتایی کاری تۆ دەخوێنێت، بەتۆ بڵێت؛ نا".(٢٨)

نیتچە بە هۆی خواستی خۆیەوە بۆ دەستگەیشتن بە مەحاڵ واتە (خواستی خۆی بۆ) لەدایکبونی خود وەك فەیلەسوفێکی خۆ دروستکەر، بێزاری بنەڕەتی خۆی لەو شتەی کە زۆرترین جێگەی شایەنی رێز و گرنگی پێدانێتی، واتە (بێزاری خۆی لە) خوڵقاندنی دایکانە، ئاشکرا دەکات. ئەم بێزاریە دەکرێ بەو بێزاریە بەراوردبکرێت کە نیتچە لەخواستی ئیرادەی گەڕانەوە رابردوو، واتە خواستی رابردوو و هەموو ئەوانەی کە هەبووە، دەیدۆزێتەوە. ئیریگارای لەبارەی ئەم خاڵە ئاڵۆز، بەڵام چارەنوسسازەوە دەڵێت:

"بێگومان دوا خواستی تۆ ئەمەیە: کۆنترۆڵکردنی مەحاڵی خواستی خود. کورتەی مێژوی تۆ بریتیە لەدایکبونی فلان و فیسار بەرهەم، یان فلانو فیسار مناڵ. بەڵام دوا ئەندێشەی تۆ لەدایکبونی خودی خواستە. گەورەترین بێزاری تۆش ئەوەیە کە ناتوانی وابکەی. چونکە تۆ یان کارێکدەکەیت بەکەڵکی خواستت بێت، یان خودی خواست بەکاردەهێنی. بەڵام کەرەسەی لەدایکبووی منالێیەکی لەمچەشنە، چۆن دەدۆزیتەوە؟ "

ئیریگارای بەدیدێکی قوڵەوە ماهیەتی بێزاری پیاوانەی نیتچە لە ژیان و ژن

تاوتوێدەکات:

"تۆ بەگەڕانەوە بۆ سەرچاوەی سەرجەم منالّەکانی خۆت، دەتەوێ سەرلەنوێ بژیتە دنیاوە؛ وەك باوك؟ یان وەك منالّ؟ ئایا بونیشت بەشێوەی ئەم دوانەو لە هەمانکاتدا، هەمان ئەوشتە نیە کە ریسی خواستی تۆ دەکاتەوە بەخوری؟ چونکە تۆ بۆ باوکبوون دەبێ زاووزێبکەیت، دەبێ تۆوەکەت لە تۆ بچێتە دەرەوە و برژێتەدەرەوە. دەبێ بەرۆژ، بەیانیان و ئێواران ئەوانە دروستبکەیت کە نیتن.

بەڵام ئایا لەراستیدا خواستی تۆ ئەوە نیە خێرا هەموو شتێك راکێشیتە دەرونی خۆتەوەو یەك خۆر بیت و یەك خۆریشت هەبێت؟ زەمەنیش تەنها بۆ خۆت راوەستێنیت؟ و بزوتنەوەی سەرکەوتن و هاتنە خوارەوەی جینالۆجیاش دوابخەیت؟ و سەرەتاو کۆتایی هەموو شتێکیش لە سنورێکی کامڵ و بازنەیەکی کاملدا، بەیەکەوە گرێبدەی؟"(٢٩).

نیتچە دەیەوێت دەستی بەمەحاڵبگات، و بەگەڕانەوە بۆ دواوە پێ بنێتە دنیاوە. بۆ بەدەستهێنانی ئەمەش ناچارە بە تەفسیرکردنی ژن، وەك بونەوەرێك کە کاملبونی بەستراوە بە پیاوەوە بێ نرخبکات (ئەمەش لەکاتێکدا کە لەراستیدا هاتنە دنیای هەر پیاوێك و بوون بەخاوەن بەهرەی ژیانی، بەستراوە بە ژنەوە).

بێزاری نیتچە لەسەربەخۆی داهێنەرانەی ژنان لەو وەسفەدا دەردەکەوێت کە بۆ ژنی رزگار بوی دەکات: وەك مێینەیەکی نەزۆك، بەڵام سەرنجبدەن هیچ شتێکی تایبەتی و تاکانە لە بێزاری نیتچەدا نیە: نمونەیەکە لە هەمان بێزاری پیاوسالارانە. وەك "پیتر سلاتریج" گوتوێتی تێگەیشتنی نیتچە بۆ خودسالاریو خۆدروستکردن لەرێی خۆ بەرهەمهێنانەوە، تێگەیشتنێکی پیاوانەیە. بەو مانایەی کە ئەو سوبژێکتەی دەیهێنێتە پێشێ، سوبژێکتێکە کە دەبێ سەربەخۆ و مەغرور لەسەر پێی خۆی رابوەستێت و ئەوەش سەرکوتبکات، کە لە دیدی ئەوەوە لەدایکبونی دزێو و نەفرەت ئەنگێزکردووە (واتە ژن): لەدایکبونێك کە پەیوەستی دەکات بە ژنەوە. نیتچە باس لە پێویستی رزگاربوونی خود لەدیدی دلّ تێکهێنەری مرۆڤی لەبارچوو، گرگن و ژەهراوی دەکات.(٣٠) "سلاتریج" پرسیارێکی چارەنوسساز دەهێنێتە پێشێ، کاتێك دەپرسێت: ئایا "ئەم خۆ بەرهەمهێنانە..تەنها هەوڵێك بۆ راکردنێکی رەسەن لەخاڵی دەرچونێکی تەحەمولنەکراو نیە)(٣١). راکردنی نیتچە لەخاڵی دەرچونی

مرۆیی زیاد لەسنور مرۆیی خۆی –و ئێمە، دەبێتە هۆی نەفرەتی ئەو لە مرۆڤی میانڕەو، نەخۆش و سروشتی و ژن.

نیتچە لە "زەردەشت وای گوت"دا پەیوەندیەکانی ژن و پیاو بەپێی پێشداوەریە ئەرستۆکراتیەکانی خۆی تەفسیردەکات. بۆ نمونە لە گوتاری "لەبارەی ژنانی پیرولاوەوە" پیاو بە "قولایی" و ژن بە "روکەش" ناودەنێت. پەیوەندی نێوانیان لەسەر بناغەی بەرزونزمی یەکێکیانە. پیاو بۆ ژن تەنها یەك ئامێرە (ئامانج منالە:"هەموو مەسەلەکانی پەیوەندیدار بەژنەوە تەنها رێگە چارەیەکی هەیە کە ئەویش ئاوسبوونە"). بۆ پیاو، ژن هەم مەترسی و هەم یاریە "پیاو دەبێت بۆ جەنگ پەروەردە بکرێت و ژنیش بۆ بەرهەمهێنانەوەی جەنگاوەر: هەر شتێکی دی حەماقەتە". سەرەڕای ئەمە "خۆشبەختی پیاو لەوەدایە بڵێت: "من دەمەوێت"، خۆشبەختی ژن لەوەدایە کە بڵێت "پیاو دەیەوێت". پێشگریمانەکانی نیتچە لێرەدا لەسەر بناغەی چەوساندنەوەی جنسی راوەستاوە..چونکە "روکەشیبوونی" ژن لەو رووەوە نیە کە یەك نهێنیو یەك گومانە (وەك دێریدا دەڵێت)، بەڵکو لەو رووەوەیە کە دەزانێت ئەو "هیچ"ە: ژن بۆ بەخشینی قولایی و مانا بەبونی خۆی، پێویستی بە پیاوە.

تێڕوانینی ئیریگارای دەریدەخات کە چەمکی خولقاندنی ژنانەی نیتچە زۆر کێشەئامێزە. دەبێ بزانرێ کە پیرۆزکردنی دایکایەتی لە کلتوری پیاوسالاریدا وەك ئامێرێکی سودمەند بۆ هێشتنەوەی ژنان لەدیلێتی و "ژێردەستیدا" کاریکردووە (ئەهلی بەیت، مەحرەمەکان و هتد). بەڵام سەلماندنی بەرهەمهێنان وخولقاندنی ژنانە، بەناچار مانای کورتکردنەوەی ژن نیە بۆ ئاستی دایك. مەسەلەی چەمکی خولقاندنی "ژنانە" ئەوەیە کە کەوتۆتە دەست فەیلەسوفانێکی پیاوەوە کە ژنانیان بەدناو کردووەو بە شێوەیەکی گشتیش یارمەتی سڕینەوەی ژنانیان لە گوتاری فەلسەفی و دەزگاکانی ژیانی گشتیداوە، گوتاری داهێنەرانەی ژنانیان نەفیکردووە و ئەوانیان بۆ بێدەنگی راکێشاوە؛ ئەگەریش لەهەندێك بابەتی ئاوارتەدا رێگەی بەشداریان پێدراوە، ئەوە ئەمە بەو مەرجەبووە کەوەك پیاوان قسەبکەن.

ئەنجامگیری

دەکرێ بگوترێ نیتچە تەنها کاتێك بۆ بیرکردنەوەی رادیکال لەبارەی خەسڵەتی ژن و پیاوەوە گرنگی دەبێت کە مەسەلەی شێواز بگۆڕرێت بەمەسەلەی سیاسەت و مێژووی کاریگەر. دەبێ بەر لەهەموو شتێك مەسەلەی "ژن" و "پیاو" بەمێژووی ستەملێکراوی ژنان و پیاوسالاریەوە ببەسترێتەوە. ئەم دو مەسەلەیە لەیەك جیانین: وەلاوەنانی ژنان لەفەلسەفە، دەبێتە هۆی وەلاوەنانیان لەژیانی گشتی و زاڵبونی بەها "پیاوانە"کان بەسەر بەها "ژنانەکان" لەژیانی سیاسیدا. تەنانەت ئەو کاتانەی بۆ نمونە فەیلەسوفێکی وەك ئەفلاتۆن بەپێچەوانەی ئارەزوی خۆیەوە، یەکسانی ژنان بەفەرمی دەناسێت، (ئەوا) ژنان دەبێ تایبەتمەندی ژنانەی خۆیان (هەست، سۆز، شەهود و لەم بابەتە) کۆنترۆڵبکەن و خاوەن تایبەتمەندیەکانی پیاوانە بن. وەك "دیاناکۆل" ئاماژەی پێکردووە "ژنانی رزگاربوو، ژنانێکن کە لەخەسڵەتی پیاوانەوە نزیکبن، واتە عەقڵانی و لەسەرخۆ، رێکو پێك، خود سالار و ململانێخواز و لەم بابەتە بن"(٣٢)

گوتاری فەلسەفەی سیاسی لەسەر کۆمەڵێك دوالیزمی (پیاو/ ژن، عەقڵ/ ئارەزوو، گشتی/ تایبەتی) راوەستاوە کە بایەخی پێکهاتەی میژویی خۆی وەك سوبژێکتێکی یاسایی بە بەڵگەنەویست، وەردەگرێت. ئەم خودە، (بێلایەن یان نێرەموك) نیە، بەڵکو "پیاو"ەکە پڕە لەفەزیلەت و بەهای "پیاوانە". وەك چەندانجار فەمەنیستەکان جەختیان لێکردووە: ئێمە نەك "سروشت" بەڵکو "میژوین". ئەندێشەی فەمەنیزمی نوێ، تێڕوانینی لیبرالی و هیومانیستانە بۆ شوناسی مرۆڤ، بۆ ململانێیەکی زیندوو بانگەدەکات. بیرکردنەوەی سیاسی لیبرالیانە بونی سوبژێکتێکی مرۆیی بەشتێکی بەدیهی عەقڵانیەت و خودسالاریش بە پێشگریمانە وەردەگرێ. بەڵام ئاشکرایە کە شوناسەکانی ئێمە وەك سوبژێکتێکی سیاسی و یاسایی لەسەر بناغەی نەفیکردنی "ژن" و "میینە" واتە (نەفیکردنی) رەگەزەکەی دی دروستکراوە. کەوابوو سیاسەتی پاش مودێرن (وەك "پاش پیاو") دەبێ مەسەلەی جیاوازی جنسی لە پێشەوەی بەرنامەکانی خۆی دابنێت.

بێگومان ئەم مەسەلەیە زۆر ئاڵۆزترە لەوەی کورتیبکەینەوە بۆ سڕینەوەی ژن و سەلماندنی پیاو. بۆ نمونە دەکرێ بگوترێت مەسەلەی "ژن" لە فەلسەفەو هونەری رۆژئاوا نەسڕاوەتەوە بەڵکو تەنها کەوتۆتە دەست پیاوانەوە (بۆ نمونە نیتچە).

لەکاتێکیشدا ئەو فەیلەسوفو هونەرمەندە پیاوانە لەبەر پیشاندانی لایەنەکان وسیفەتەکانی "ژنانە" ستایشدەکرێن، (ئەوا) لەگەڵ هونەرمەندانی (هەر هونەرمەندان) ژندا کە بەهاو رەهەندە "پیاوانە"کان پیشاندەدەن، بە "ناژن"و لادەرانی نامەعقول لەسروشت تاوانباردەکرێن. لێرەوە پیاوان دەتوانن شوناسی خۆیان لەروانگەی سیفەتی پیاوانەو ژنانەوە پیشانبدەن، بەڵام ژنان ئەم ئازادیەیان نیەو ئەرکی ئەوان بینینی رۆڵی نەگۆڕ و خاوەندارێتی شوناسە سنوردارەکانی کلتوری پیاوسالارە. من لێرەدا شوناسی "ژن" بەخەسڵەتی بەرکاری (انفعالی) "کۆیلەئاسا" وەك دەستەمۆیی، کەوتویی و سەبرکەر و لەم بابەتە..،دیاریناکەم. وەك چیرۆکی باوبۆ پیشانیدەدات "ژن" ئەو دەسەلاتەی هەیە کە بە پیشاندانی شەهوەتاوی و دزێوی ژێروژورکەرەوەی تێڕوانینە باوەکان بۆ ژنێتی، بلەرزێنێ و تێکیبدات.

یەکێك لەو نوسەرانەی تەحەدای لکاندنی شوناسە جنسیە نەگۆڕەکان بە ژن و پیاوەوە دەکات، "هیلنە سیکۆس"ە.

ئەویش وەك ئیریگارای لە هەوڵی خۆیدا بۆ ئاشکراکردنی "نوسینی ژنانە" روبەڕوی تۆمەتی خودگەری بایەلۆجیانە بۆتەوە. یەکێك لەگرفتەکانی سیاسەتی رادیکاڵی جنسی لەو راستیەوە سەرچاوەدەگرێت کە "ئەوی دیبوون" هەرگیز لەمێژودا تەحەمولنەکراوە، بەڵکو هەمیشە لەبەردەم هەڕەشەی دەست بەسەراگرتن و تواندنەوەدا بووە. سیکۆس سورە لەسەر ئەوەی داوامان لێبکات بەئاگاداریەوە قسە لەسەر مەسەلەی جیاوازی جنسی بکەین و دەڵێت دەبێ دوالیزمەکانی "پیاو – نێر" و "ژن – مێ" بە بەڵام و ئەگەر بەکاربهێنین و تێبگەین کە هەموو پیاوان ژنێتی خۆیان سەرکوتناکەن، لە حاڵەتێکدا کە هەندێك لە ژنان تەنها پیاوەتی خۆیان پیشاندەدەن و (بەپێچەوانەوە). کەوابوو (جیاوازی.. لەسەر بناغەی ئەو "رەگەزانەی" لە روی کۆمەڵایەتیەوە دیاریکراون، دابەشنابێت)(٣٣). سیکۆس ئەم خاڵە دروست لەبەر ئەوە دەهێنێتە پێشێ کە لەمەترسی کەوتنە ناو داوی تەفسیری خودگەرانەوە، ئاگادارمانبکاتەوە:

"پێشبینی ئەوەی کە جیاوازی جنسی لە زەمەنێکی دیدا (دوسەد یان سێ سەد سالّی دی؟) بەچ شێوەیەك دەبێت مەحاڵە. بەڵام نابێت هەڵە بکەین: پیاوانو ژنان لە تۆڕێك دەستنیشانکردنی کلتوری دێرینەدا، گرفتار بوون کە بەهۆی ئاڵۆزیانەوە

رەنگە لەناونەچن. ناتوانین باسی "ژن" لەبەرامبەر "پیاو"دا بکەین، بێ ئەوەی بکەوینە داوی شانۆگەریەکی ئایدۆلۆژیەوە کە تیایدا فرەیی مەزهەنەکان، خەیاڵەکان، ئەندێشەکان، ئەفسانەکان و شوناس وەرگرتنەکان، خەیاڵی هەر کەسێك گۆڕاو و لادەر و بەردەوام دەگۆڕێت و هەر لەپێشەوە هەموجۆرە چەمك سازیەك بێبایەخ دەکات."(٣٤)

مەبەست چیە؟ سیکۆس ئێمە بانگدەکات بۆ گۆڕانی بناغەیی رەفتار و رۆڵی و زهنیەت و سیاسەتەکان. گۆڕانێك کە ناتوانرێ کاریگەریەکانی لە ئاسۆی تەنگی روانگەکانی هەنوکەوە ببینرێ. سیکۆس بۆ چاکسازی ریشەیی، پەنجە دەخاتە سەر سێ شت: یەکەم: گۆڕانێکی بنەڕەتی لەبونیادەکانی پەروەردەکردندا (گۆڕانێك کە کار دەکاتە سەر بەرهەمهێنانو دووبارە بەرهەمهێنانەوەی مانا، ئەفسانەو وێناکردن) دووهەم: ئازادی جنسی بە ئامانجی گۆڕانی پەیوەندی هەر کەسێك بە جەستەی خۆیەوە بە ئاڕاستەی سەلماندنی دوو جنسیەتی و نزیکبوونەوە لە "جیهانی فراوان، مادی، ئۆرگانیکی و هەست پێکراوی کە ئێمەین". و سێهەم: گۆڕانی سیاسی دەزگاو بونیادە کۆمەڵایەتیەکان، چونکە بێ گۆڕانی ئابوری سیاسی، هیچ گۆڕانێك لە ئابوری لیبیدۆیدا ناتوانێت دروست ببێت. بە بڕوای سیکۆس لەئەنجامی هەموو ئەمانەدا نە ئەو شتانە دەمێنێتەوە کە ئێمە ئەمڕۆ بە ناونیشانی "پیاوانە" و "ژنانە"وە دەیان ناسین، نە لۆژیکی جیاوازی لە سنووری دوالیزمی باڵادەستی شێوەی نێر سەنتەریانەی بەلگاندنو شکڵی پیاوانەی سیاسەتدا، دەمێنێتەوە.

ئەوەی بۆ جێبەجێ بوونی ئەم شتە پێویستە هاتنە ناو دنیاو لەدایکبوونی ئەو شتەیە کە نیتچە ناوی نا سۆپەرمان، مرۆڤگەلێکی نوێ کە مرۆڤی هەنووکەیی ئەم ئاژەڵە نەخۆشەی بەجێهێشتووە. نیتچە فێریکردین "ئێمە دەبێ ببین بەکەسانێك کە هەین" بەوتەی سیکۆس: پیاوان و ژنانێك کە "ئاڵۆز، جوڵەکەرو کراوە"ن. سۆپەرمانەکان کە دەبن بەشتێك کە "هەن"، پیاوان و ژنانێك دەبن کە شوناسیان لە هەموو شتێك تەنانەت لەوەی کە نیتچە دەیتوانی لە تۆفانیترین خەونەکانی خۆیدا بەخەیاڵیدا تێپەڕێ، زیاتر دەڕوات.

پەراوێزەکان:

*He was, He dreaded This castrated woman.
He was, He dreaded this castrating woman.
He was, he loved this affirming woman.

***دەقی نوسینەکەی نیتچە لەو پێشەکیەدا بەم شێوەیەیە "ئاە! ئەم یۆنانیانە چەند ژیانیان دەزانی! ئەم جۆرە ژیانە پێویستی بە ئیرادەی دلێرانەی لەروکەشدا مانەوە هەیە، (پێویستی) بە ئیکتیفاکردن بە پەردە و چارشیو و روکەش هەیە، (پێویستی بە) ستایشکردنی دیار هەیە.." (و. ك)**

١٣٧٥.

1-See James A. Winders. Gender, Theory, and the Canon (Madison:
University of Wisconsin Press, 1991), PP. 120-3
2-Gilles Deleuze, Nietzche and Philosophy (1962), trans. H. Tomlinson (London: Athlone Press, 1983).

٣-وەرگێڕانی ئینگلیزی ئەم پارچە دەقە لە بەرگی دوهەمی کۆی بەرهەمەکانی فردریك نیتچەدا، (لندن، ت. ن. فولیس، ١٩١١) دا نیە. دەقی تەواوی ئەم پارچە دەقە لە بەرگی حەوتەمی ئەم کۆمەڵەیەی خوارەوەدا دەتوانین ببینین:

G. Colli's and M. Montinar's Kritische Studienausgabe (Munich, Berlin/ New York, Deutscher Taschenbuch Verlag, Walter de Gruyter, 1988), 7 (122), pp. 170-6.

ئەم پارچە دەقە لە بنەڕەتدا فەسڵی سیانزەهەمی ریوایەتی سەرەتای "زانینی تراژیدی" پێکهێناوە. بۆ خوێندنەوەی نەخشەی سەرەتای ئەم پارچە دەقە بڕوانە

کۆی بەرهەمەکان، ٢٧ ص١٣٥.

٤-تێگەیشتنی ئەو خاڵە گرنگە کە کاتێك نیتچە باسی "دەوڵەتی یۆنان" دەکات، مەبەستی "دەولەت"، "نەتەوە یان نەژاد" نیە.

لێرەوەیە کە بۆ نمونە لە یاداشتی ساڵی ١٨٧٠-١ کە لەبەرهەمە بلاونەکراوەکانی پاش مردنیدا (Nochluss) هاتووە دەڵێت: "بنەمای نەتەوایەتی" (Nationaliaenprincip) لە بەراوردکردن بە دەوڵەتشاردا (Studt–Stuat) "تفتیەکی بەربەریانەیە". بڕوانە کۆی بەرهەمەکانی، ٧، ٧ (٣٧)، ص ١٤٧. رەنگدانەوەی قسەکانی نیتچە دەتوانین لەو پارچەیەدا بدۆزینەوە کە نیل ئاشرسۆن لە بلاوکراوەی Independent on Sunday ٣١ ژانویەی ١٩٩٣ دا لە بارەی نا ئارامی و ململانێکانی یۆگسلاڤی پێشوەوە نوسیوێتی: "ئێمە وشەیەکمان بۆ وەسفکردنی رەگ و ڕیشەکانی ئەم قەیرانە نیە، بەڵام ئەفسانەکانی ئیمپراتۆرە مردووەکان و ئەفسانە بێ بایەخبوەکانی نەتەوایەتی نەژادیانە دوبارە دەکەینەوە. ئاتنی سەدەی پێنجی میلادی (لە کاری ئێمە) سەری دەسوڕمێ. بۆ ئەو دەوڵەت شار یان پۆلیس بونیادێك بوو نەك پەیوەندیەکی خوێنی.. لەمەش گرنگتر.. ئاتن لە بێ توانایی ئێمە بۆ وەسفکردنی نەتەوەکان بە دەربڕینی مەعقول، و نەك بە دەربڕینێك کە بە خورافات و نیمچە زانست، تەمومژاوی بووە، سەری دەسوڕمێ. چونکە پەرێشانی دنیای نویش، بەر لە هەرشتێك، لەسەری ئێمەدایە".

٥-دوژمنایەتی نیتچە لەگەڵ تیۆرانینی ئەوروپای مۆدێرندا بۆ "ژن" تارادەیەك لە شوپنهاوەرەوە وەرگیراوە کە دەنوسێت: "ژنی رۆژئاوایی، واتە "خانم" لە پێگەیەکی درۆزنانەدا راوەستاوە، چونکە ژن بە هیچ شێوەیەك شایانی ئەوە نیە کە بابەتی رێزگرتنی ئێمە بێت و سەری خۆی لە پیاو بڵندتر رابگرێ یان خاوەن مافی یەکسان بەو بێت... خانمی ئەوروپی مەخلوقێکە کە لە بنەڕەتدا نابێ بونی هەبێت: ئەوەی دەبێ هەبێ ژنانی ماڵەوەو کچانێکن کە هیوادارن ببن بە ژنی ماڵەوە و هەرلێرەوە پەروەردەکراون نەك بە غرورێکی لوتبەرزانە، بەڵکو بەشێوەیەکی مانی و دەستەمۆ. هەر لەبەر بوونی خانمەکانە کە ژنانی ئەوروپی بێ پایەو پلە کەدەبێ بوترێ زۆرینەی ئەم رەگەزە پێکدەهێنن، زۆر نابەختەوەرترن لە ژنانی رۆژهەلات" وەرگیراوە لە:

Essays and Aphorisms, trans. R. J. Hollingdale (Middlesex: Penguin, 1970), p. 87.
6-Rosalyn Diprose, ‘Nietzsche, Ethics, and Sexual Difference’ , Radical Philosophy, 52 (summer 1989), pp. 27-33, p.31.
7-Ibid.
8-Ibid., p. 32.
9-Jacques Derrida, Spurs. Nietzsche’s Styles, trans . B. Harlow (Chicago: University of Chicago Press, 1979), p. 65.
10-Ibid., p. 55.
11- Ibid., p. 101.
12-Kelly Oliver. "Woman as Truth in Nietzsche's Writing”, Social Theory and Practice, 10:2 (1984), 185-99, at 187.
13- Ibid., p. 188.
14- Ibid., p. 193.
15- Ibid., p. 195.
16- Ibid., p. 196.
17-Winders, Gender, Theory, and the Canon, p. 121.
18-Derrida. Spurs, p. 107.
19-Kelly Oliver. “Nietzsche’s Woman: the Poststructuralist Attempt to do away with Women’ , Radical philosophy, 48 (Spring 1988); 25-9.
20-Rosi Braidotti, “The Ethics of Sexual Difference: the Case of Foucault and Irigary' Australian Feminist Studies, 3 (1986), 1-13, at 2.
21-Adrian Del Caro, “the Pseudoman in Nietzsche, or the Threat of the Neuter', New Gennan Critique, 50 (Spring/ Summer 1990), 133-56, at 145.
22- Ibid., p. 156.
23-Sarah Kofman, “Baubo: Theological Perversion and Fetishism', trans. T. B. strong, in T. B. Strong and M. A. Gillespie (eds.), Nietzsche’s New Seas (Chicago: University of Chicago Press, 1988), pp. 175-202. at p. 197.

24- Ibid.
25-See Toril Moi, Sexual / Textual Politics (London: Routledge, 1988), pp. 127-50 for such a critique of Irigaray.
26-Luce Irigaray, Speculun of the other Woman (1974), trans. G. C. Gill (New York: Columbia university Press, 1985), p. 224.
27-Luce Irigaray, Marine Lover of Friedrich Nietzsche, trans. G. C. Gill (New York: Columbia University Press, 1991), p. 25.
28- Ibid., p. 23.
29- Ibid., p. 34.
30-See Peter Sloterdijk, “Eurotaoism’, in Tom Darby et at. (eds.), Nietzsche and the Rhetoric of Nihilism (Ottowa, Ontario: Carleton University Press, 1988), pp. 99-116, at 110-11.
31- Ibid., p. 110.
32-Diana Coole, Women and Political Theory (Brighton: Harvester Press, 1988), p. 3.
33-Helene Cixous and Catherine Clement, The Newly Born Woman, trans. B. Wing (Minneapolis: University of Minnesota Press, 1986), p. 81.
34- Ibid., p. 83.

***ئەم وتارە فەسڵی نۆهەمی ئەم کتێبەی خوارەوەیە:**

کیت ئانسل پیرسون: هیچ انگار تمام عیار. ت: محسن حکیمی –انتشارات گجستە.

چاپ اول

ئایا بیرکردنەوە بە راستی گرنگە:

پاش هەڵبژاردنی فەرانسوا میتران بە سەرۆکایەتی کۆماری فەرەنسا لە ١٩٨١دا، دیدیە ئەریبۆن (Didier Eribon) کە پاشتر ژیاننامەی میشل فۆکۆی نوسی، لە

لایەن رۆژنامەی فەرەنسی لیبراسیۆنەوە، چاوپێکەوتنێکی لەبارەی دەرئەنجامی هەڵبژاردن و مەسەلەکانی کۆمەڵگای فەرەنسی و دەوری رۆشنبیران، لەگەڵدا سازکرد کە لەژمارەکانی ٣٠ و ٣١ی مەی ١٠٨١ی ئەو رۆژنامەیەدا بڵاوکرایەوە، وەرگێڕانی بەشێك لەو چاوپێکەوتنە دەخەینە بەرچاوی خوێنەر.

عزت الله فولادوند

ئەریبۆن: پێدەچێت شێوەیەکی تازە بۆ حکومەتکردن لە دوروستبووندا بێت؟

فۆکۆ: بەڵێ، ئەمە خاڵێکی گرنگە کە ئەمڕۆ یەکەمجارە بەهۆی هەڵبژاردنی میترانەوە دەردەکەوێت، بە بڕوای من زوربەی تاکەکان هەستدەکەن ئەم هەڵبژاردنە جۆرێك سەرکەوتنەو پەیوەندی نێوان حوکمڕان و حوکمکراوان دەگۆڕێت، نەك بەو مانایەی کە خەڵکی حوکمکراو جێگەی ئەو کەسانە بگرنەوە کە حوکمدەکەن، چونکە ئەوەی هاتۆتە پێشێ، جگە لەشێوەیەکی جێگۆڕکێی دەسەلات هیچی دی نیە. بەڵام ئەمڕۆ ئێمە دەچینە قۆناغێکەوە کە تیایدا حیزب حوکمدەکات، بە هەموو ئەو مەترسیانەوە کە ئەمکارە لەخۆی گرتووەو هەرگیزیش نابێت ئەم مەترسیانە فەرامۆشبکەین.

بەڵام دواجار ئەو مەسەلەیەی ئەم گۆڕانکاریە تازەیە دەیهێنێتە پێشێ، ئەوەیە ئایا ئەگەری ئەوە هەیە پەیوەندیەکی تازە لە نێوان ئەو کەسانەی حوکمدەکەن و ئەو کەسانەی حوکمکراون دروستببێت. پەیوەندیەك کە بنەماکەی نەك فەرمان و ملکەچی، بەڵکو کارکردن بێت؟

ئەریبۆن: مەبەستان ئەوەیە ئایا ئەگەری کارکردن لەگەڵ ئەم حکومەتەدا بوونی دەبێت؟

فۆکۆ: ئێمە دەبێ خۆمان لەو دوڕیانە رزگار بکەین کە هەردوکیان بە بنبەستمان دەگەیەنن: یان لایەنگری کەسێك دەبین، یان دژی دەبین. نابێ لە بیرمان بچێت کە دەتوانین لە بەرامبەر حکومەتدا هەڵوێستێکمان هەبێت و هەڵوێستەکەشمان بپارێزین. کارکردن لەگەڵ حکومەتدا نە بەمانای ملکەچیەو نە بەمانای قبوڵکردنی کامڵ. کەسێك دەتوانێت لەگەڵ حکومەتدا کاربکات و لە هەمانکاتدا نائارام بێت و سەرسەختیش بکات، من تەنانەت بڕوامایە ئەم دوانە پێکەوەن.

ئەریبۆن: کەوابوو بەمشێوەیە پاش ئەوەی ماوەیەکی زۆر میشل فۆکۆمان وەك رەخنەگرێك بینیووە، ئایا ئێستا دەبێت لە جلوبەرگی ریفۆرمیستدا ببینین؟ ئەوەمان لەیاد بێت کە ئەو رەخنەیەی زوربەیجار دەگیرێت ئەوەیە کە رەخنەکانی رۆشنبیران بە هیچ ناگات؟

فۆکۆ: سەرەتا با وەڵامی ئەوە بدەمەوە کە "بە هیچ شوێنێك ناگات". بۆ ئاشکرا بوونی ئەو مەسەلانەی ئەمڕۆ لەدەستوری کاردایە، سەدان و بگرە هەزاران کەس زەحمەتیانکێشاوە. کەوابوو هەڵەیە گەر بڵێین ئەم هەموو کارو زەحمەتە، هیچ دەرئەنجامێکی نەبووە. ئایا پێتانوایە بیست ساڵ پێش ئێستا کەس بیری لە مەسەلەگەلێکی وەك پەیوەندی نەخۆشی دەرونی و بارودۆخی ئاسایی دەرونی، یان مەسەلەی زیندانەکان یان مەسەلەی ئەو دەسەلاتەی پزیشك پراکتیکیدەکات، یان مەسەلەی پەیوەندی ژن و مێردو ئەم بابەتەشتانە دەکردەوە؟. لەمە تێپەڕێ، ریفۆرمی خۆبەخۆ بوونی نیە. ریفۆرم لە هەوادا و سەربەخۆ لەریفۆرمیستەکان بوونی نیە. ناکرێ حساب بۆ ئەو کەسانە نەکرێ کە ئەرکی ئەنجامدانی گۆڕانکاریەکانیان لە ئەستۆدایە. لەمانەش گرنگتر بەبڕوای من دەشێ لە نێوان رەخنەو گۆڕان و رەخنەی "ئومێداوی" و گۆڕانی "واقیعدا" بە یەکگەیشتنێك هەبێت.

رەخنە ئەوە نیە بڵێین هەلومەرج بەوشێوەیەی کە هەیە دروست نیە. رەخنە ئەوەیە کە بە بیربهێنینەوە ئەو شێوەو کارانەی کە قەبوڵمانە، لەسەر چ شتگەلێك دامەزراون کە بێ سێ و دوو بە بەلگەنەویست وەرگیراون، لەسەر بناغەی چ شێوە بیرکردنەوەیەکی باو و هەڵنەسەنگێنراو دامەزراون کە هیچکەس گومانیان لێناکات.

ئێمە دەبێ خۆمان لەو کۆتە رزگاربکەین کە پیرۆزی بە کۆمەڵگا وەك تاکە واقعێکی هەبوو ببەخشین، و فکریش ئەوەندە لەژیانی مرۆیی و پەیوەندیە مرۆییەکاندا گرنگە، بەشتێکی زیادە بزانین. فکر بەدەر لە سیستەم و بونیادەکان بونێکی سەربەخۆی هەیە. فکر بە چاو نابینرێت و شاراوەیە، بەڵام ئەوەی دەبێتە هۆی رەفتاری رۆژانەمان، جگە لە فکر هیچیدی نیە. تەنانەت لە هەماقەتزین داب و نەریت و گەمژانەترین خەسڵەتەکان و بێدەنگترین عاداتەکانیشدا، هەمیشە کەمێك فکر هەیە. رەخنەگرتن بە مانای ئەوەیە هەمان ئەو فکرە لە کون بهێنینە دەرێ

هەوڵبدەین بیگۆڕین، بە مانای ئەوەیە کە پیشانیبدەین مەسەلەکان بەوشێوەی کە دەزانرا بەدیهی و بەڵگەنەویست نین، بەمانای ئەوەیە چاومان بکەینەوەو ببینین ئەوەی کە ئەمڕۆ قبوڵدەکرێ، لەبەر ئەوەی بەبەدیهی و بەڵگەنەویست دەزانرێ، چیدی قبوڵناکرێ لەبەرئەوەی چیدی بەبەدیهی و بەڵگەنەویست نازانرێ. ڕەخنەگرتن واتە ئەوەی کارێکبکەین کە ئەو بزاوتانەی ئەمڕۆ سادەو ئاسان ئەنجامدەدرێن، چیدی بە ئاسانی ئەنجامنەدرێن.

لەم هەلومەرجەدا ڕەخنەگرتن (ڕەخنەگرتنی توندو ڕیشەیی) لەرووی هەر جۆرە گۆڕانکاریەکەوە زەرورەتێکی ڕەهای هەیە، گۆڕان کە لەسنوری شێوەی فکری پێشوو تێنەپەڕێت، گۆڕانێك کە تەنها وەك شێوازێك بۆ گونجاندنی زیاتری هەمان بیروڕای هەمیشەیی لەگەڵ واقعی هەبوودا بێت، جگە لە گۆڕانێکی ڕوکەشی هیچیدی نیە.

لەلایەکی دیەوە هەر ئەوەندەی نەتوانیت بە هەمان شێوەی ڕابردوەوە بیر لە شتەکان بکەیتەوە، مەسەلەی گۆڕان دەبێ بە شتێکی هەنوکەیی و لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەستەمە، بەڵام قابیلی ئەنجامدانە.

کەوابوو ڕاست نیە سەردەمێك کاتی ڕەخنەگرتن بێت و سەردەمێکیش کاتی گۆڕان. یان کەسانێك خۆیان بۆ ڕەخنەگرتن تەرخانبکەن و کەسانێکی دیش بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری، یان کەسانێك هەڵوێستی توندو سەرسەختانە وەربگرن و هیچکەس لە نێوان خۆیاندا جێنەکەنەوەو کەسانێکیش ناچاری سازشکردنی ناچاری بن لەگەڵ واقعدا، لە ڕاستیدا بەبڕوای من گۆڕانکاری قۆڵ تەنها لە فەزای ئازادا مومکینە، فەزایەك کە ڕەخنەگرتنی بەردەوام پاڵی پێوەبنێت.

ئەریبۆن: بەڵام ئایا بڕواتانوایە ڕوشنبیر دەبێ دەورێکی بەرنامەیی لەم گۆڕانکاریانەدا ببینێ؟

فۆکۆ: ریفۆرم هەرگیز تەنها دەرئەنجامی ناکۆکی و ڕوبەڕوبونەوەو خەباتی و بەرگری نیە.. ئەوەی یەکێك سەرەتا لە خۆی بپرسێ: چ ریفۆرمێك بە من دەکرێ؟ ئەمە بە بڕوای من ئامانجێك نیە کە ڕۆشنبیر بە دوایدا بگەڕێ. ڕۆشنبیر بە تایبەتی لە بواری فکردا کاردەکات و لەبەر ئەوە دەبێ ببینێ کە ئازادکردنی بیرەکان تا کوێ دەتوانێت ئەوەندە مەسەلەی گۆڕان بکات بە شتێکی هەنوکەیی کە خەڵك بیانەوێت

ئەو گۆڕانکاریانە بکەن بەشتێکی فعلی و تا کوێ دەتوانێت ئەنجامدانی گۆڕانکاری بۆ خەڵك گرانبکات، بۆ ئەوەی گۆڕان ڕەگێ قۆڵ لەواقعدا بۆ خۆی داکوتێت.

دەبێ ناکۆکیەکان بخرێنە بەرچاو، دەبێ سەرنج بۆ ئەوە ڕاکێشرێ کە ئەم ناکۆکیانە بنەڕەتیترە لە پێکدادانی بەرژەوەندیە ڕووت یان بێ جوڵەی دەزگاکان. لە ناوجەرگەی ئەم ناکۆکی و پێکدادانەدا دەبێت پەیوەندیگەلێك لەبواری دەسەلاتدا بێتە ئاراوە کە یەکەم دەرکەوتنی ڕوکەشیی بریتە لە ریفۆرمەکان، ئەگەر لە بنەڕەتدا فکر لەسەرخۆی کاری نەکردبێت، گەر شێوەی بیرکردنەوەکان، واتە شێوەی ڕەفتارەکان بە ڕاستی نەگۆڕابێت، ئەوا دەزانین کە بەرنامەی ریفۆرمەکان هەرچیەك بێت، غەرق دەبێت و هەمان ئەو ڕەفتارو خەسڵەتانەی کە هەمیشە هەبوون، ئەو بەرنامەیە قوتدەدەن و هەرسیدەکەن.

ئەریبۆن: ئێوە بەشداریتان لە چەند بزوتنەوەیەکدا کردووە، بەڵام لەم ماوەیەدا کشاونەتە دواوە، ئایا هەنوکە دەتانەوێت جارێکی دی لەمجۆرە بزوتنەوانەدا بەشداریبکەن؟

فۆکۆ: من هەر کاتێك ویستومە کارێك لە بواری تیوریدا بکەم، بناغەکەی ئەزمونی شەخسی خۆم بووە، ئەوکارە پەیوەندی هەبووە بەو ڕوداوانەی لە دەوروبەمدا بینیومە. لەبەرئەوە سەرقاڵی فلان لێکۆڵینەوە بووم، چونکە بەمەزەنەی خۆم لەو شتنای کە بینیومە یان ئەو دەزگایانەی سەروکارم لە گەڵیاندا بووە یان لە پەیوەندیمدا بەکەسانی دیەوە، چەند درزو شکستگەلێك و کەموکوڕیەکم بەدیکردووە.. کارەکانم هەمیشە وەك پارچەکانی ژیاننامەی منن کە بە قەڵەمی خۆم نوسراون. من لەو چالاکانە نەبووم کە لە پێکدادان کشاومەتە دواوەو هەنوکە دەبێ بگەڕێمەوە بۆ خزمەتکردن، شێوەی کارکردنی من ئەوەندە نەگۆڕاوە، بەڵام چاوەڕێدەکەم کە بەردەوام خۆم بگۆڕێت.

ئەریبۆن: خەڵکی دەڵێن ئێوە بەدیبینن، بەڵام کە گوێ لە قسەکانتان دەگرم دەبینم کە تەنانەت تا ئەندازەیەکیش خۆشبینن.

فۆکۆ: جۆرێك خۆشبینی هەیە کە بریتیە لەوەی بڵێیت هەلومەرجی لەمە باشتر مومکین نیە. بەڵام خۆشبینی من لەوەدایە دەڵێم ئەم هەموو شتانەی کە هەیە گەرچی شکێنەرە، بەڵام زۆرتر ملکەچی هەلومەرج و بارودۆخە تاملکەچی شتێکی

جەبری، زۆرتر خوازراوە تا بەڵگەنەویست و بەدیهی بێت. زۆرتر لقی هەلومەرجی مێژوویی کاتیە، تا بەسترابێت بە مەسەلەی نەگۆڕو سەقامگیرەوە لە رووی ئە نسرۆپۆلۆجیەوە.. راستت بوێت وتنی ئەوەی ئێمە چەندانجار دواکەوتوترین لەوەی کە دەزانین، بە مانای ئەوە نیە هەموو باری مێژومان لە کۆڵ بگرین. بەو مانایەیە کە لەوەی پێشکەشمان دەکرێ و پێمان دەگوترێ کە لە دەرەوەی توانای تێگەیشتنمانە، زۆرترین بەش بۆ کارێك تەرخانبکەین کە بۆخۆمان لە دەستمان دێت.

ئەم چاوپێکەوتنە لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:
عزت الله فولادوند. خرد درسیاست. طرح نو، ص۷۰

چەند تێکستێکی فکری

قوتابخانەی فرانکفۆرت، دیدی رەخنەگرانە.....زحسین بەشیریە
کتێبی رەشی کۆمنیزم.....جورج تەرابیشی
پەرەسەندنی تێروانی فرۆید بۆ توندوتیژیو وێرانکاری.....ئەریك فرۆم
رەخنە لە فاشیزم.....ستیوارت هیوز
ناسیۆنالیزم چیە؟.....ستانلی بن

قوتابخانەی فرانکفۆرت، دیدی رەخنەگرانە: رەخنە لەپۆزەتیڤزم و کۆمەڵگای نوێ

نووسینی: د. حسین بشیریە

قوتابخانەی فرانکفۆرت یەکێ لەرووداوە گرنگ و کاریگەرەکانی فکری سیاسی رۆژئاوا بووە. ئەم قوتابخانەیە بەهۆی "دەزگای لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتیەوە" پەرەیسەند، کە وەك دەزگایەکی سەربەخۆی زانکۆی فرانکفۆرت بۆ خوێندنەوەی فکری مارکسی دامەزرا. دامەزراندنی دەزگای ناوبراو وەڵامێك بوو بۆ پێداویستی هەڵسەنگاندنی سەرلەنوێی مارکسیزم، بەتایبەتی لەبواری پەیوەندی نێوان فکرو کاری سیاسی لەهەلومەرجی مێژووی پاش جەنگی جیهانی یەکەمدا- و لەهەلومەرجێکدا کە شۆڕشەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا بەتایبەتی شۆڕشی ١٩١٨ لەئەڵمانیا تێکشکابوون.

ئەگەرچی هەندێك لەبیریارانی ئەم قوتابخانەیە بڕێك لەچەمکە مارکسیەکانیان خستبووە ژێر گومان و پرسیارەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم قوتابخانەیە دەورێکی کاریگەری لەبەهێزکردنی بزوتنەوەی فکری مارکسی رۆژئاوادا بینیووە، گرنگترین ئامانجی بیریارە سەرەکیەکانی ئەم قوتابخانەیە، واتە: ماکس هۆرکهایمەر (١٩٧١-١٨٩٥) تیودۆرو ئادۆرنۆ (١٩٦٩-١٩٣٠) و هربرت مارکیوز (١٩٧٩-١٨٩٥) بریتیبوو لەپێشکەشکردنی تیۆرەی رەخنەگرانەو رەخنەگرتن لەکلتوورو شێوەی بیرکردنەوەی بۆرژوازی. لەم ئاراستەیەداو بەهۆی رەخنەگرتنێکی رەشبینانەوە لەپرۆسەی عەقڵانییبوونی کۆمەڵگای نوێ، بەخێرایی لەفکری مێژووی کۆمەڵایەتی مارکس دورکەوتنەوەو رووبانکردە رەخنەگرتن لەکلتوور و ئایدۆلۆژیا وەك هۆکارێکی گرنگ بۆ رزگاربوون لەدەسەڵات.

خەسڵەتی فەلسەفیانەی تیۆرەی رەخنەیی قوتابخانەی فرانکفۆرت لەدوو دەیەی دوایداو بەهۆی بڵاوبوونەوەی تەفسیرە بونیادگەرو مێژوویەکانەوە بۆ مارکسیزم، زیاتر ئاشکرا بووە، "دەزگای لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی" لەسەرەتای دامەزراندنیەوە تا ساڵی ١٩٣٣ لەژێر کاریگەری تێڕوانینێکی تایبەتدا نەبوو بۆ مارکسیزم و [کارەکانی] زۆرتر خەسڵەتێکی ئەزموونگەریانەی هەبوو. لێکۆڵینەوەکانی "کارویتفیگل" لەبارەی شێوەی ئاسیای بەرهەمهێنانەوە کە دواتر لەکتێبی

"دیسپۆتیزمی رۆژهەلاتی"دا بلاوکرایەوە، لەم ماوەیەی ژیانی دەزگای ناوبراودا ئەنجامدرا. پاش سەرکەوتنی نازیەکان، دەزگا گواستیەوە بۆ ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو تا ساڵی ١٩٥٠ لەوێ مایەوە.

لەم قۆناغەدا بابەتی سەرەکی فکری فرانکفۆرت بریتیبوو لەرەخنەگرتنێکی فەلسەفی لەسەرمایەداری دوایی و بەها کلتووریەکانی. پاش گەڕانەوەی دەزگاکە بۆ فرانکفۆرت لەساڵی ١٩٥٠دا ئارەزووە فەلسەفی و ستاتیکیەکانی ئادۆرنۆ بەسەر قوتابخانەکەدا، باڵادەستبوو. لەدوای ئەمەوە بیری فرانکفۆرتیەکان لەهەموو جێیەکی ئەوروپاو ئەمەریکادا بلاوبۆوە. ئەمڕۆ چیدی قوتابخانەی فۆانکفۆرت نەماوە، بەڵام هەندێك لەچەمکە بنەڕەتیەکانی بیرکردنەوەیان لەبەرهەمەکانی یۆرگن هابرماس (بیریاری هاوچەرخی ئەڵمانی) بەشێوەیەکی دی خراونەتەڕوو(١).

لەڕووی ئەبستمۆلۆژیەوە رەخنەگرتن و رەتکردنەوەی پۆزەتیڤزم و هەموو چەمکێك لە"زانستی کۆمەلگا"، جێگەیەکی گرنگی لەبیرکردنەوەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرتدا داگیرکردووە. بەبڕوای ئەم بیریارانە پۆزەتیڤزم بەشێوەیەکی گشتی بۆ ناسینی واقعی کۆمەلایەتی نەگونجاو و گومڕاکەرە، و لەبەرئەوەش کە تەنها سەرنج لەوەدەدات کە هەیە، ئەوا بەرگری لەرێکخستنی کۆمەلایەتی جێگیردەکات و دەبێتە بەربەست لەبەردەم گۆڕانکاریداو [هەروەها] هۆکارێکی گرنگ و کاریگەرە بۆ پاراستنی جۆرێکی تازە لەدەسەلاتی کۆمەلایەتی لەسەردەمی سەرمایەداری دوایدا.

بیریارانی ئەم قوتابخانەیە لەبەرامبەر رێبازی پۆزتڤیزمدا، بیری فەلسەفی عەقڵ دادەنێن. [عەقڵ بەمانای] توانای تێگەیشتن لەجەوهەری دیاردە کۆمەلایەتیەکان. ئەم تێگەیشتنە بۆ عەقڵ بەمانا هیگڵیەکەی (کە مەبەستی بیریارانی ناوبراوە) پەیوەندیەکی دەروونی بەئازادیەوە هەیە. لێرەوە بەپێی ئەم تێڕوانینە ناسینی جیهانو دەستنیشانکردنی بەها راستەقینەکان، لەیەك جیانابنەوە. بە دیاریکراوتر بڵێین تیۆرەی دیالەکتیکی لەبەرامبەر پۆزەتیڤزمدا دەهێنەپێشێ، کە بەپێچەوانەی پۆزەتیفزمەوە چەمکەکانی خۆی لەشیکردنەوەی پرۆسەی ئاڵۆزی کۆمەلگای نوێوە بەبەردەهێنێت. لەکتێبی "دیالەکتیکی رۆشنگەری"دا کە لەنووسینی هۆرکهایمەرو ئادۆرنۆیە، رەخنە لەپۆزەتیڤزم لەگەڵ تاوتوێکردنی رەخنەگرانەی عەقڵانیەتی زانستیو تەکنەلۆژی وەك شێوەیەکی تازەی دەسەلات لەکۆمەلگای سەرمایەداری

دوایدا، لێك دەئاڵێن. لێرەوە [واتە لەدیالەکتیکی رۆشنگەریدا] بە بڕوای ئەوان هۆی سەرەکی پاراستنی دەسەلات تەنها پۆزەتیڤزم نیە، وەك فەلسەفەی زانست و بەشێك لەبیرکردنەوەی بورژوازی، [بەڵکو هۆی ئەم دەسەلاتە] خودی زانست و تەکنەلۆژیاو هۆشیاری تەکنەلۆژی یان "عەقڵئامێری"یە.

ئەمجۆرە تازەیەی دەسەلات لەکۆمەلگای سەرمایەداری پێشکەوتوودا چیدی دەسەلاتی چینایەتی نیە، چونکە بەهۆی گۆڕانە مێژوویەکانەوە پێکهاتەی چینایەتی سەرەکی لەکۆمەلگای سەرمایەداری پێشکەوتوودا، بەشێوەیەك گۆڕاوە کە چینەکان چیدی بەهۆکاری سەرەکی گۆڕانی سیستەمی کۆمەلایەتی ناژمێرێن، و هەردوو چینە بنەڕەتیەکە بۆ پاراستنی هەلومەرجی باو یەکیانگرتووە. لەم ڕوانگەیەوە قوتابخانەی فرانکفۆرت لەبەردەم دوو تەفسیری سەرەکی ماتریالیزمی مێژوویدا واتە: مارکسیزمی ئەرسۆزکسیو مارکسیزمی هیگڵی راوەستا. لێرەدا سەرەتا باسی رەخنەی ئەم قوتابخانەیە لەپۆزەتیڤزم دەکەین و پاشان تاوتوێی ئەو بیرکردنەوانە دەکەین کە لەمارکسیزمی ئەرسۆزکسیو هیگڵی جیایاندەکاتەوە.

رەخنەگرتن لەتێڕوانینی پۆزەتیڤزم و پێشکەشکردنی دیدی رەخنەگرانە

پۆزەتیڤزم کە لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەو سەرەتاکانی سەدەی بیستدا لەسەر بنەمای بیرکردنەوەکانی ئۆگۆست کۆنت وەك بزوتنەوەیەکی فەلسەفی بەهێز سەریهەڵدا، بڕوایوابوو زانست تەنیا زانینێکی جێی باوەڕە کە هەیە، و رووداو و دیاردەکانیش تەنها بابەتی شیاوی زانینن. پۆزەتیڤزم نکوڵی لەبوون یان قابیلی تێگەیشتنی ئەو هێزو جەوهەرانە دەکات کە دەکەونە میتازانستەوە، و لەبەرئەمەش دژی هەموو شێوەیەکی میتافیزیکوهەموجۆرە میتۆدێکی لێکۆڵینەوەی دیە جگە لەمیتۆدی زانستی. وەك دەزانین رەگ و ریشەی ئەم بیرکردنەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ فرانسیس بیکۆن و ئەزمونگەرە ئینگلیزیەکان.

کۆنت لەژێر کاریگەری ئەم نەریتە فکریەدا، بڕوایوابوو گۆڕان و پێشکەوتن بەسێ قۆناغدا تێدەپەڕێت: قۆناغی ئەفسانەیی، قۆناغی میتافیزیك و قۆناغی پۆزەتیڤزم. خەسڵەتی قۆناغی سێهەم وازهێنانە لەگەڕان بەدوای هۆی ئامانجی [علل

غائی] شتەکان و سەرنجدانە لەدۆزینەوەی یاسای دیاردەکان. بە بڕوای کۆنت ئەم سێ قۆناغە، قۆناغەکانی گۆڕانی مێژووی مرۆڤایەتی‌و پەرەسەندنی هزری تاکەکەسی‌و هەروەها قۆناغەکانی پەرەسەندنی هەر لقێکی زانستەکانن. بیرۆکەی یاسای پەرەسەندنی سێ قۆناغی‌و وێناکردنی زانست وەك وەسفکردن و پێشبینی، کاریگەریەکی سەرەکی کردە سەر فەلسەفەی زانست. پۆزەتیڤزم لەڕووی مێژوویی‌یەوە لەناو جەرگەی ئەو خۆشبینیەوە پەیدابوو، کە سەرکەوتنەکانی شۆڕشی پیشەسازی و متمانەکردن بە عەقڵی مرۆڤ هێنایە ئاراوە، و پرۆژەیەکی گشتی پێشکەش بەژیانی مرۆڤ کرد.

بە بڕوای پۆزەتیڤزمەکانی وەك کۆنت فەلسەفەی پۆزەتیڤزم دەتوانێ لەسەردەمی ڕمانی بنەما تەقلیدیەکانی کۆمەڵگادا، بنەمایەکی تازە بۆ دروستبوونی سیستەمێکی سیاسی‌و ئەخلاقی دەستەبەر بکا. زانست دەبێتە دەسەڵاتی "رۆحانی" کۆمەڵگای نوێ‌و پیشەسازیش دەبێتە دەسەڵاتی "نارۆحانی" کۆمەڵگا. لەکۆتایی پرۆسەی ناچاری پێشکەوتندا "سۆسیۆکراسی" کە هەمان حکومەتی زانست و فەیلەسوفانی پۆزەتیڤزمە(٣)، پەیدادەبێت.

ڕێبازی پۆزەتیڤزم لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا شێوەیەکی رەخنەگرانەی لەبیرکردنەوەکانی ئەرنست ماخدا بەخۆیەوە وەرگرت و ناونرا "ئیمپریوکریتیسیزم". بەبڕوای ماخ رووداو و شتەکان کۆمەڵێکی پێکەوە گرێدراوی ژیانن و لەبەرئەمەش لەنێوان حسیاتی فیزیای و دەروناسیدا، جیاکردنەوەیەکی واقعی بوونی نیە. هەرشتێك کۆمەڵێکە لەژیان و زانست تەنها هۆکارێکە بۆ روویەڕووبوونەوەی لەگەڵ زۆری ژیاندا. بەبڕوای ماخ حسیات کۆمەڵێك رەگەزی بێلایەنن کە هەموو هەقیقەت و رووداوەکانی جیهان دروستدەکەن.

بیرکردنەوەکانی ماخ سەرچاوەی ڕێبازی پۆزەتیڤزمی لۆژیکی یان بیرکردنەوەکانی ئەلقەی ڤێنا بوو کە کەوتە بەر هێرشی راستەوخۆی قوتابخانەی فرانکفۆرت. ئەلقەی ڤێنا لەدەیەی ١٩٢٠دا چالاکبوو. دەبێ بۆ بیریارە بەناوبانگەکانی ئەم ئەلقەیە، ناوی مۆریتس شلیك وڕودلف کارناپ بهێنین. ئەلقەی ڤێنا بەتایبەتی لەژێر کاریگەری بیرکردنەوە فەلسەفیەکەی لۆدفیك فینگشتایندا بوو. بەبڕوای ئەلقەی ڤێنا مانای حوکمێك کۆمەڵە ئەزموونێکە کە هەقیقەتی ئەو حوکمە

پێکدەهێنێت. بیریارانی ئەم قوتابخانەیە هەوڵیاندا زانست لەهەموو رەگەزە میتافیزیکیەکان جیابکەنەوەو بە نەفیکردنی هەموو پرسیارە فەلسەفیەکان جا چ میتافیزیکی یان ئەخلاقی یان ئەپستمۆلۆژی، بواری زانست وەك بواری سەرجەم هەقیقەت رابگەیەنن. لەتێڕوانینی ئەواندا میتافیزیك لەبەر ئەوە قبوڵناکرێت، چونکە حوکمەکانی لەسەرجەمدا بێمانایە، چونکە ئەگەری سەلماندنیان لەئەزموندا نیە. هەروەها ئەوان نکوولیان لەبوونی ئەخلاقێکی باڵاو بان مێژوویی دەکرد. هەموو هەوڵێکیشیان بۆ ناسینی بواری بەهاکانی ئەودیو جیهانی ئەزمونیان، ڕەدئەکردەووە. بۆنموونە بەبڕوای کارناپ حوکم و مەسەلە ئەخلاقیەکان لەبنەڕەتدا حوکم نین، بەو مانایەی خاوەن مانای ئیدراکی نین و بە پێچەوانەی زانستەوە کە هوشیاری دەبەخشێ، زانیاری لەبارەی بوونی شتێکی تایبەتەوە پێشکەشناکەن. بەکورتی بیریارانی ئەلقەی ڤێنا سەبارەت بەمەسەلەی جیاوازی زانست لەمیتافیزیك و ئەخلاق، مەسەلەی جیاوازی حوکمە مانادار و بێماناکانیان هێنایە پێشێو بڕوایانوابوو کە سەلماندنی ئەزموونگەلێك وەسفدەکەن. بەم مانایەش بابەتی زانست لەناو ئەزموندایە(٤).

تێڕوانینی بیریارانی قوتابخانەی فرانکفۆرت بۆ ڕێبازی پۆزەتیڤزم وەك تیۆرەیەکی زانین و فەلسەفەی زانست، چوونیەك و یەکسان نەبووە. هربرت مارکیوز لەکتێبی "عەقڵ و شۆڕش"دا (سالی ١٩٤١) هێرشیکردە سەر ڕێبازی پۆزەتیڤزمی ئۆگست کۆنت و بەتیۆرەیەکی دژ بەشۆڕش و پەرچەکردارێکی دانا دژ بە عەقڵانیەتی ڕەخنەگرانە. بەبڕوای مارکیوز فەلسەفەی پۆزەتیڤزم لایەنگری ئەوەیە خوێندنەوەی کۆمەڵگا یەکسانبکات بەخوێندنەوەی سروشت. بە پێی بنەمای دیدی پۆزەتیڤزم خوێندنەوەی کۆمەڵایەتی دەبێ یاساگەلێك بدۆزێتەوە، کە بایەخیان وەك بایەخی یاسا فیزیایەکان بێت. بە بڕوای مارکیوز زانستێك کە بە دوای دۆزینەوەی یاساکانی کۆمەڵگادا دەگەڕێ، ڕێگرێکی سەرەکی بۆ کارو گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی

دروستەدەکات. لەبەرامبەر ئەمەدا مارکیوز لەسەر بنەمای تیۆرەی کۆمەڵایەتی دیالەکتیکی خۆی، جیاکاری لەنێوان خواستە درۆزنەکان کە بابەتی زانستی پۆزەتیڤزمەو خواستە راستەقینەکان دەکات کە بابەتی ناسینی عەقڵانیە وەك دوو ڕووبەری بوونی کۆمەڵایەتی(٥).ماکس هورکهایمەر لەبەرهەمە سەرەتاییەکانی خۆیدا هێرشیکردە سەر ئەو مانایەی ڕێبازی پۆزەتڤیزم، کە لەئەڵقەی فێنادا پێشکەشکرابوو. وەك گوتمان بیریارانی ئەڵقەی فێنا بەهێنانە ئارای بیرکردنەوەی (زانستی یەکپارچە) لایەنگری میتۆدێکی زانستی هاوبەشبوون بۆ زانستە سروشتیەکان و زانستە کۆمەڵایەتیەکان. لەبەرامبەر ئەمەدا هۆرکهایمەر بیرکردنەوەی "فەلسەفەی کۆمەڵایەتی" هێنایە ئاراوە، وەك سەرچاوەی سەرەکی پرسیارگەلێك کە دەبێ بەهۆی زانستە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکانەوە بهێنرێتەئاراوە. بەبڕوای هۆرکهایمەر "فەلسەفەی کۆمەڵایەتی" چوارچێوەیەکی ئەبستمۆلۆژی تەواو دروستەدەکات، کە تیایدا سەرجەم واقعی کۆمەڵایەتی دەخرێتە ژێر سەرنجەوە.

بەبڕوای هۆرکهایمەر لەڕوانگەی کۆمەڵناسی زانینەوە، پەیوەندیەکی نزیك لەنێوان شێوەی بیرکردنەوەو هەلومەرجی گرووپە کۆمەڵایەتیەکاندا هەیە. بەم پێیە دەبێ بۆ ڕەگوڕیشەی ڕێبازی پۆزەتیفزم بەناو هەلومەرجی نالەباری کرداری [فعلی] چینی ناوەڕاستدا بگەڕێین. بەبڕوای هۆرکهایمەر سەرجەم سیستەمی ئەمپریسیزمی نوێ سەر بەجیهانی لیبرالیی لەحاڵەتی گواستنەوە (یان تێپەڕین)دایە. هۆرکهایمەر لەرەخنەگرتنی ڕێبازی پۆزەتیڤزمدا وەك تیۆرەیەکی زانین، بڕوایوابوو ئەم ڕێبازە مرۆڤ لەناو نموونەی ئامێرئاسای خۆیدا لەریزی روداوەو شتەکان دادەنێتو بەمشێوەیەش جیاوازی بنەڕەتی نێوان زانستە کۆمەڵایەتیو زانستە سروشتیەکان دەسڕێتەوە.

هەروەها قوتابخانەی پۆزەتیفزم جیهان وەك چۆن لەئەزموندا بێ هیچ ناوەندێك ئاشکرا دەبێت، وێنادەکات و خواست و نیازە واقعیو ڕۆژانەیەکان لەیەك جیاناکاتەوە. ڕێبازی پۆزەتیفزم دەبێتە هۆی کۆکردنەوەو ئەرشیفکردنی حەقیقەتە تاك و پەرشوبلاوەکان لەناو دەریای روداوەکاندا، ئەمە لەکاتێکدا تێگەیشتنی دروستی کۆمەڵگا پێویستی بەبوونی تیۆرەیەکی دروست و دۆزینەوەی تیۆرەیەکی دروستیش پێویستی بەخواست و ئیرادەیەکی دروستە.

هەروەها ڕێبازی پۆزەتیفزم جیاکاریەکی ڕەها لەنێوان شتی واقعی و بەهاکاندا دەکات و بەمپێیەش زانست و ناسین لەخواست و پەیوەندیە مرۆییەکان جیادەکاتەوە. "دیدی دیالەکتیکی" لەبەرامبەر ڕێبازی پۆزەتیفزمدا بەدوای ناسینی واقعیەت لەهەمەکی خۆیدایە و بەشە پەرشوبلاوەکانی ئەزموون لەناو بنەمای گشتی ئەزموونی مرۆڤدا دادەنێت. کاتێك ئێمە لەم دیدەوە وەك بوونەوەرێکی چالاك وێنای هەلومەرجی نالەباری جیهان دەکەین، ئەوا ئارەزووی گۆڕینی دەبێ بە بنەمایەکی ڕێنمایکەر کە بەهۆیەوە هەقیقەتە هەبووەکان ڕێکدەخەین و لەچوارچێوەی تیۆرەیەکیشدا فۆرمەلەی دەکەین(٦).

هۆرکهایمەر بەمشێوەیە جیاوازی دەکات لەنێوان "دیدی تەقلیدی" و "دیدی ڕەخنەگرانە"دا. دیدی تەقلیدی دیدی زانستە سروشتیەکانە کە لەفەلسەفەو زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا لەشکڵی ڕێبازی پۆزەتیفزمدا دەرکەوتوە. بەهۆی بلاوبوونەوەی ئەم دیدەوە، زانستە کلتووری و مرۆییەکان بووە بە پاشکۆی زانستە سروشتیەکان. لەبەرامبەر ئەمەدا دیدی ڕەخنەگرانە لەزانستە مرۆییەکاندا جەخت لەوە دەکات، کە هەقیقەت و مەسەلەکان "دەرەکی" نین و شێوازی دیاریکردنی هەقیقەتە بابەتیەکان لەڕوانگەیەکی دەرەکییەوە شتێکی راست نیە. هۆرکهایمەر لەڕووی داڕشتنی چەمکەکانەوە جیاوازی لەنێوان دیدی تەقلیدیو دیدی ڕەخنەگرانەدا دەکات. بەو مانایەی دیدی تەقلیدی دەست بە پۆلێنی لۆژیکی چەمکەکان بە شێوەیەکی دژایەتی هەڵنەگرو وەستاو دەکات و چەمکەکانیش بەوشێوەیە بەبەردەهێنێت(ئیستنتاج دەکات). بەپێچەوانەوە دیدی ڕەخنەگرانە بۆ تێگەیشتن لەکۆمەڵگای نوێ، چەمکەکان لەشیکردنەوەی ڕەوتی ئاڵۆزی ئابووری ئاڵوگۆڕەوە بەردەهێنێت. کەوابوو چەمکەکانی دیدی ڕەخنەگرانە جگە لەکۆمەڵێك چەمکی کورتکراوەو سادە بۆ یاساڕێژکردنی واقعیەتی ئاڵۆز هیچیدی نیە، ئەگەرچی هەردوو دیدی تەقلیدیو ڕەخنەگرانە بەشێوەیەکی ئەبستراکتانە چەمکەکانیان بەردەهێنن، بەڵام ڕەوتی ئەبستراکتو بەرهێنان لەتیۆرەی ڕەخنەگرانەدا خۆی ڕەوتی ئەبستراکتی کۆمەڵگایەك دووبارە بەرهەمدێنێتەوە کە لەسەر بناغەی بەرهەمهێنانی ئاڵوگۆڕ دامەزراوە(٧).

ئەو جیاوازیەی هۆرکهایمەر لەنێوان دیدی تەقلیدیو ڕەخنەگرانەدا دەیکات،

لەسەر بناغەی تێڕوانینێک بۆ زانست راوەستاوە، کە زانست وەک چالاکیەکی کۆمەڵایەتی سەیردەکات. لەتێڕوانینی هۆرکهایمەردا دیدی تەقلیدی بناغەی چالاکی کۆمەڵایەتی زانایان و حەکیمە تەقلیدیەکان لەناو سیستەمی دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتیدا بووە، کە لەپاڵ چالاکیە کۆمەڵایەتیەکانی دیدا رووێداوە، بەڵام پەیوەندیەکی ئاشکراو روونی لەگەڵیاندا نەبووە. کاری کۆمەڵایەتی فەیلەسوف رەخنەگر بە پێچەوانەی زانای بۆرژوازیەوە ئەوەیە کارە فکریەکانی یەکێتیەکی دینامیکی لەگەڵ ئارەزووی چینە سەرکوتکراوەکانی کۆمەڵگادا پەیدا دەکات، بەشێوەیەك کە پێشکەشکردنی دژایەتیە کۆمەڵایەتیەکان بەهۆی ئەوەوە نەك تەنها بۆ دەربڕینی هەلومەرجێکی بابەتی مێژوویی، بەڵکو وەك هێزێکە لەناو ئەو هەلومەرجەدا بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری. بەمشێوەیە هۆرکهایمەر هەوڵدەدات لەنێوان ناسین و ئامانج و نێوان عەقڵی تیۆریو عەقڵی پراکتیکیدا یەکێتیەك دروستبکات و هەر ئەم بیرکردنەوەیەش خۆی یەکێکە لەخەسڵەتە سەرەکیەکان بیرکردنەوەی فرانکفۆرتیەکان(٨).

تیۆدرۆ ئادۆرنۆ دیدی فەلسەفی سەرەتایی خۆی کە بەمانای رەخنەی هەموو تێڕوانینە فەلسەفی و تیۆرە کۆمەڵایەتیەکان بوو، ناوناوە "دیالەکتیکی نیگەتیڤ" و نکوولیش لەئەگەری وەرگرتنی هەموو خاڵی دەرچوونێکی رەهاو بنەماو بناغەی ئامانجی (اساس غائی) بۆ بیرکردنەوەی مرۆڤ دەکات. ئادرنۆ بەپێچەوانەی هۆرکهایمەرەوە هیچ مەیلێکی بۆ شیکردنەوەی ئابووریو تیۆرەی چینایەتی مارکس پیشاننەداو نکوڵی لەئەگەری تیۆرەکانی زانستی مێژوودەکرد. لەبەرئەمەش سەرقاڵی رەخنەی هۆشیاری چینایەتی بۆرژوازی بوو.. بابەتی سەرەکی دیالەکتیکی رۆشنگەری" کە هۆرکهایمەر و ئادۆرنۆ پێکەوە نووسیان، رەخنەی کلتووری بوو. لەو کتێبەدا کە دواتر زیاتر رونیدەکەینەوە، مێژووی شارستانی لەبنەڕەتدا بە شێوەیەکی فیبەریانە، وەك پێشکەوتنی دەسەلاتی عەقڵئامێزی دەخوێنرێتەوە کە لەپرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا، لەبواری رەفتارو کاری کۆمەڵایەتیدا رەنگدەداتەوە.

کۆمەڵگای نوێ بەهۆی ئەو رووبنیە درۆزنەی بەرهەمی بلاوبوونەوەی فەلسەفەی پۆزەتیڤزمی زانستە، توشی دارمانێکی کلتووری بەربلاوبووە. ئەگەرچی ئادۆرنۆ لەئەمەریکادا رووبکردبووە بەکارهێنانی شێوازی ئەزموونگەری (بەرهەمی ئەمەش

کتێبی "کەسایەتی دەسەلاتخواز"(٩) بوو کە پەیوەندیەکی بنەڕەتی بەتیۆرە رەخنەگرەکەیەوە نەبوو)، بەڵام دواتر پاش گەڕانەوە بۆ ئەڵمانیا دووبارە دەستیکردەوە بەرەخنەگرتن لەکۆمەڵناسی ناتیۆریو رەخنەکردنی رێبازی پۆزتفیزمی وەك دیدێك کە نەك تەنها رووئەکاتە ئەوەی کە هەیە، بەڵکو بەشێوەیەکی پۆزەتیفانەش سەیریدەکات.

ئادۆرنۆ لەتیۆرەی ئەبستمۆلۆژی خۆیدا پێشنباری "رەخنەی دولایەنەی هەمەکیو هەندەکی" یان چەمك و راستمانا denotation [مصداق] دەکات. بەو مانایەی کە دەبێ ببینرێ ئایا چەمك مانق راستمانای خۆی پێشکەشدەکات و هەروەها ئایا راستماناش چەمکی خۆی بەکاردەهێنێ یان نا. بۆ نمونە ئادۆرنۆ لەچەمکی "کۆمەلگا"دا کە لەوێنای پۆزەتفیسمەکاندا تێکشکێنراوەو دابەشدەبێت بۆ کۆمەڵێك بەش، جەخت لەوە دەکات کە ئەم چەمکە لەمێژووی ئەوروپادا رەگی لە "پلەی سیهەمی" کۆمەلگای فەرەنسای پێش شۆڕشدایە. لەبەرئەوە خۆبەخۆ چەمکێکی رەخنەگرانەیە، چونکە بەڵێنی ئازادیوشادیو خۆشبەختی مرۆڤی لەخۆیدا هەلگرتووە. بەڵام کۆمەلگا هاوچەرخەکان ئەم بەڵێنەیان جێبەجێنەکردوە. لەدیدی رەخنەگرانەوە ناکرێ بە یەکسانی زانینی "چەمکی کۆمەلگا" لەگەڵ هەلومەرجی جێگیرو باودا، فەزای مێژووی ئەم چەمکە وەلاوە بنێین، کەوابوو کۆمەلگا بە پێچەوانەی تێڕوانینی پۆزەتقیزمەکانەوە چەمکێکی مێژوویە کە هەم جێگەی لەواقعدایە و هەم رائەکات لەوەی لەگەڵیا ببێت بەیەکشت.

هەروەها دیاردە کلتووریەکان هەلگری کۆمەڵێك چەمکن کە لەسنوری شکڵی کرداریان [شکلی فعلی] زیاتر دەڕۆن و هەلگری رەخنەی واقعی ژیانی کۆمەڵایەتین، واقعیێك کە ئەو چەمکانە لەناویدا تواونەتەوە. بەرگری ئادۆرنۆش لە"چەمکی" پرۆلیتاریا هەر لەبەرئەمەیە، تەنانەت ئەگەر شیکردنەوەی واقعی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دەریخات کە چینی کرێکار چیدی بوونی نیە، یان کرێکاران خۆیان بە پرۆلیتار نازانن، یان وەك لەتیۆرەکانی هەندێك لەریفۆرمیستەکاندا دەگوترا، ئەم چینە توانای شۆڕگێڕانەی خۆی لەدەستداوە، هیچ یەك لەمانە نەبوون و گرنگی چەمکی پرۆلیتاریا وەك چەمکێکی ئازادیخواز ناسەلێنن.

بەپێی ئەم تێڕوانینە راستمانا دەبێ بەرپرسیاری چەمك بێت، کۆمەلگای هەبوو

دەبێت لەکەموکوڕی خۆی لەبەرامبەر چەمکی بنەڕەتی کۆمەڵگادا بەرپرسیار بێت. بەمشێوەیە فەیلەسووفی رەخنەگر، واقع کە لەرێبازی پۆزتڤیزمدا بەشێوەیەکی ناڕەخنەگرانەو دژایەتی هەڵنەگر دەرکدەکرێ، دەخاتە ململانێووە لەگەڵ خودی چەمکدا. کەوابوو لەدیدی رەخنەگرانەدا خودی چەمك لەسنووری واقعی زەروری زیاتر دەڕوا، لەکاتێکدا مەرجی بەکارهێنانی سەرکەوتوانەی میتۆدی رێبازی پۆزەتیفیزم، قبوولکردنی هەلومەرجی راوەستاوو بەستووە(١٠).

تیۆرەی رەخنەگرانەی ئادۆرنۆ بە تەواوی وەك تیۆرەیەکی رەخنەگرو خاڵی لەهەموو توانایەك بۆ دروستکردنی وێنەیەکی پۆزەتیڤ، واتە پێشنیاری ئەڵتەرناتیڤ بۆ هەلومەرجی باو، راگەیەنرا. چونکە بەپێی تێڕوانینی ئادۆرنۆ وێنەکێشانی هەلومەرجێکی داواکراو لەڕووی ئەبستمۆلۆژیەوە مومکین نەبوو. بەو مانایەی کە کارێکی لەمچەشنە پێویستی بە قبوولکردنی خاڵی دەرچونێکی رەها بۆ فەلسەفە هەیەو هەروەها پێویستی بە وێناکردنی جیهان هەیە، وەك کۆمەڵێك مەسەلەو شتی ئەزموونی کە بەهۆی چەمکگەلێکی گونجاوەوە قابیلی دەرککردنن. دیارە بیرۆکەی نەبوونی ئەگەری پێشنیارکردنی ئەڵتەرناتیڤ بۆ هەلومەرجی باو، بیرکردنەوەی ئادۆرنۆی بە سەختی لەمارکسیزم دور دەخستەوە(١١).

"کۆمەڵناسی" سەرمایەداری دوایی؟

سەرەتا وەك پێشتر گوتمان قوتابخانەی فرانکفۆرت رێبازی پۆزەتیفیزمی بەشێوەیەکی بیرکردنەوەی بورژوازی دادەنا، و بەها سوودخوازو پۆزەتیفزمەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری پێشکەوتویان بە یەکێك لەهێزە سەرەکیەکانی پارێزەری دەسەڵات دەزانی، وهەر لەبەرئەمەش رەخنەگرتن لەئایدۆلۆژیاو بەهاکان، بە هۆکارێکی گرنگ دەزانرا بۆ رزگاربوون لەدەسەڵات. بەڵام دواتر بەتایبەتی لەکتێبەکانی "دیالەکتیکی رۆشنگەری" و "مرۆڤی تاك رەهەند"ی (مارکیوز)دا هۆی سەرەکی دەسەڵات گەڕێنرایەوە بۆ زانست و تەکنەلۆژیاو عەقڵانیەتئامێری. لەم ڕوانگەیەوە قوتابخانەی فرانکفۆرت بۆ شیکردنەوەی سەرمایەداری دوایی، تەفسیرێکی جیاوازی لەدەربڕینەکانی مارکسیزمی ئەرسۆزکس و مارکسیزمی هیگڵی پێشکەشکرد.

مارکسیزمی ئەرسۆزکس کە رەگی لەبیرکردنەوەکانی ئەنگلز و بە تایبەتی

لە"ئەنتی دۆرینگ"دا بووە، بڕوایوایە پرۆسەی مێژوویی پرۆسەیەکی ناچاریانەی پەرەسەندنی هێزەکانی بەرهەمهێنانە کە بەهۆی ناکۆکیەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداریەوە، دەبێتە هۆی رزگاری و نەمانی لەخۆنامۆبوون. لەڕووی ئەبستمۆلۆژیەوە مارکسیزمە ئەرسۆزکسەکان بڕوایانوابوو هوشیاری و چەمکەکان، رەنگدانەوەی شتەکانو هەلومەرجە دیاریکراوەکانن. ئیکۆنمیزم (ئابووریگەری) و دترمینزم (جبریەت) بە دوو بنەمای سەرەکی ئەرسۆزکسی دەژمێرێن. گۆڕانی مادی بەهۆی جوڵەی شۆڕشگێڕانەو گۆڕانی لەناکاوی گۆڕانکاریە چەندایەتیەکان بۆ گۆڕانکاریە چۆنایەتیەکان، دروستدەبێت. کۆمەڵگا لەسەر بنەمای جوڵەی دیالەکتیکی کە هەم لەبواری سروشت و هەم لەبواری زیهن و کۆمەڵگادا یاسای سەرەکی گۆڕانە، ناکۆکیەکانی خۆی چارەسەر دەکات و بە ئازادیو رزگاربوون لەنامۆبوون دەگات. قوتابخانەی فرانکفۆرت لەبەرامبەر مارکسیزمی ئەرسۆزکسدا بەڵگەی دەهێنایەوە کە پێشکەوتنی بەردەوام لەبواری دەسەڵاتی عەقڵانی بەسەر سروشتدا، لەهەمانکاتدا دەبێتە هۆی پەیدابوونی شێوەیەکی تازەی "بەشتبوون" Refication کە هەموو شێوە هوشیاریەکی شۆڕشگێڕانەو خەباتی چینایەتی لەناودەبات. لەم هەلومەرجەدا سیستەمی سیاسی سەربەخۆ لەچینەکان دەبێت و کۆمەڵگا دەچێتە ژێر دەسەڵاتی هێزێکی ناشەخسیو ناچینایەتیەوە. ئەم بەشتبوونە لێکچوونێکی ئاشکرای لەگەڵ بیرکردنەوەی ماکس فیبەر لەبارەی عەقڵانیبوون و پەیدابوونی "قەفەسی ئاسنین" ی کۆمەڵگای نوێوە هەیە.

مارکسیزمی هیگڵی لەبیرکردنەوە جۆرج لۆکاشدا گەیشتە لوتکەی خۆی. لۆکاش لەکتێبی "مێژوو و هوشیاری چینایەتی"دا تێڕوانینی ئەنگلزو لینین بۆ دیالەکتیك وەك کۆمەڵێك یاسا کە بۆ سروشت بەکاردەهێنرێ، ردد کردەوە. لۆکاش هەروەها بیرکردنەوەی ئیکۆنۆمیستانەی بەرهێنانی سەرجەم ژیانی کۆمەڵایەتیو ئەخلاقی لەژێرخانی ئابووریەوە، خستە ژێر پرسیارەوە. پەیوەندی ناسین لەزانستە کۆمەڵایەتیەکاندا وەك پەیوەندی ناسین لەزانستە سروشتیەکاندا نیە، و خودو بابەت "چرکە گەڵێك" و بەشەکانی کۆمەڵگان، و دەزگا کۆمەڵایەتیەکانی زیهن، لەخۆ نامۆن.

لەسەدەی نۆزدەدا هێزە مادیەکان بەهۆی گەشەکردنی پیشەسازیەوە پڕبوون

لەژیانی رۆحانی، لەکاتێکدا کە بوونی مرۆیی گۆڕا بۆ هێزێکی مادی. بەمشێوە رۆح بوو بە شت و شتەکانیش لەرۆحدا غەرقبوون. پەیوەندی دیالەکتیکی خودو بابەت بەتایبەتی سەبارەت بە پرۆلیتاریا ئاشکرایە. چونکە پرۆلیتاریا بەهۆی سەرمایەداریەوە، گۆڕاوە بۆ کار یان کالایەکی ئابوری، بەڵام دەتوانێت بەهۆی بەدەستهێنانی هوشیاری چینایەتیەوە، هوشیاربێت بە هەلومەرجی خۆی وەک کالایەک. بەمپێیە پرۆسەی مێژوو بریتیە لەدروستبوونی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی پرۆلیتاریا کە دەبێتە هۆی خودهوشیاری تیۆریانە. بەبڕوای لۆکاش کار پرۆسەیەکی هەمەکیەو وەک ئایدیا لەفەلسەفەی هیگڵدا ئەو دەزگایانەی کە بەرجەستەی [یان بابەتی] دەکەن، بەشێوەیەکی کاتی دەبنە بەربەست لەبەردەم پەرەسەندنیدا، بەڵام دواجار بەهۆی ئەوەوە، وەلاوە دەنرێن.

ئەم دەزگا یان ئەم بەشانە لەهەمەکی لەبەرامبەر گشتدا، بابەتی زانستە درۆزنانەکانن، لەکاتێکدا زانستی واقعی بیر لەپرۆسەی هەمەکی لەمێژوو یان لەپراکتیکدا دەکاتەوە. هەمەکی یان کاری مرۆڤ تا هەنووکە ناهوشیار بووە بە ماهیەتی خۆی، بەڵام ناهوشیارییەك کەوەك ناهوشیاری رۆحی هیگڵی لەکاری تێگەیشتندا تەواو دەبێت. بەدەستهێنانی خودهوشیاری چینایەتی بەهۆی پرۆلیتاریەوە، بەمانای پەیدابوونی هوشیاری مێژوویی و یەکێتی خودو بابەتە. کەوابوو کار وەک رۆحی هیگڵی بەتێپەڕین بەناو جیهانی لەخۆنامۆدا دەگەڕێتەوە بۆ خۆی و سەرجەم پرۆسەی مێژوویش، لەپرۆلیتاریادا بە ناسینی خۆیدەگات(١٢).

قوتابخانەی فرانکفۆرت لەبەرامبەر ئەم تەفسیرەدا بەلگە دێنێتەوە کە لەخۆنامۆبوون و بەشتبوون لەکۆمەلگای سەرمایەداری دوایدا سەرتاپاگیرە، وپرۆلیتاریاش ناتوانێ لێی دەربازبێت، و دەکرێ رەوتی گۆڕانی مێژوویی تەنها وەک پێکهاتنی عەقڵانیەتی ئامێری تەفسیربکەین. بەمپێیە دیدی رەخنەگرانەی قوتابخانەی فرانکفۆرت لەم ڕوانگەیەوە لەدوو ئاراستە خەباتیدەکرد: یەکەم: دژی بەیانی میتافیزیکی هەمەکی وەک بواریکی میتایی (ماوراوی) بەشێوەی مارکسیزمی هیگڵی. قوتابخانەی فۆانکفۆرت لەبەرامبەر ئەم تێڕوانینە میتافیزیکیەدا بۆ "هەمەکی،" تیۆرەیەکی کۆمەڵایەتی" گرتەبەر، بەو مانایەی هەمەکی تا ئەو شوێنە مانای هەیە کە ئاماژە بۆ کۆمەلگا دەکات، دووهەم وەک رووونمانکردەوە دژی دیدی

پۆزەتیڤزم کە هیچ مانایەك بۆ هەمەکی ناهێڵێتەوە.

قوتابخانەی فرانکفۆرت بۆ شیکردنەوەی کۆمەڵناسانەی سەرمایەداری دوایی تێگەیشتنی ماکس فیبەری بۆ پرۆسەی عەقڵانیەت وەك لەدەستدانی ماناو ئازادی، لەگەڵ شیکردنەوەی مارکسدا بۆ بەکالاییبوون تێك دەئاڵێنێ. عەقڵانیەت بەمانای لەدەستدانی ئازادی و مانا، دەبێتە هۆی پەیدابوونی بەشبوونی سەرتاپاگیرو بالادەستی روو لەزیادی بەهاکانی ئابووری کالایی، بۆ ناو کۆمەلگاو کلتوور.

هۆرکهایمەر لەبەرهەمە سەرەتاییەکانیدا بڕوایوابوو دەبێ بۆ پێگەی واقعی خاڵی دەرچوونی ئازادیخوازانەی دیدی رەخنەگرانە، بەناو هەلومەرجی پرۆلیتاریا لەکۆمەلگای نوێدا بگەڕێین. مارکسیش تیۆرەی رەخنەگرانەی خۆی لەسەر بناغەی هەلومەرجی پرۆلیتاریا دامەزراندبوو. بەڵام بەبڕوای هۆرکهایمەر هەلومەرجی فیعلی پرۆلیتاریا زامنی ناسینێکی دروست نیە، چونکە رەنگە جیهان لەڕوانگەی ئەم چینەوە جیاواز لەوەی کە هەیە دەرکەوێت (واتە رەنگە ئەو چینە خاوەن هوشیاری درۆزنانە بێت). لێرەدا بیریاری رەخنەگر ئەرکی ناسینی دروستی واقعیەتی دەکەوێتە ئەستۆ. بەڵام دواجار لەبیرکردنەوەی هۆرکهایمەردا پێگەی واقعی یان کۆمەڵایەتی بەدیهاتنی یەکێتی نێوان بیریاری رەخنەگرو چینە سەرکوتکراوەکان روون نیە، چونکە نائومێدی هۆرکهایمەر سەبارەت بە رۆڵی چینی کرێکار، هێواش هێواش بەرەو رەشبینیەکی قوڵی سەبارەت بە بوونی هەر جۆرە هێزێکی بەڕاستی رزگاریخوازو شۆڕشگێڕ لەکۆمەلگای مۆدێرندا برد (١٣).

هۆرکهایمەر و ئادۆرنۆ لەیەکێك لەوتارە سەرەتاییەکانی خۆیاندا "پیشەسازی کلتوور" دەسەڵاتی عەقڵئامێریان بە یەکێ لەتایبەتمەندیە سەرەکیەکانی سەردەم دانا کە بەبڕوای ئەوان بۆتە هۆی لەناوبردنی سەربەخۆیی رێژەی تاکەکەس. لەسەردەمی سەرمایەداری دوایدا ئاوێتە بوونی کلتوورو سەرگەرمی بۆتە هۆی دروستبوونی کلتوورێکی میگەلی دزێو. مەسرەفکەرانی پیشەسازی کلتوور ناچار بە کڕین و سوودوەرگرتن لەبەرهەمەکانی کردووە. دەکرێ ئاستی بەهێزی "پیشەسازی کلتوور" بەئاستی بوونی نەیارێتیکردن [مخالفت] لەکۆمەلگادا بپێوین، تایبەتمەندی "پیشەسازی کلتوور" لەسەردەمی سەرمایەداری پێشکەوتودا ئەوەیە کە ئەگەری دژایەتی بنەڕەتی لەگەڵ پێکهاتەی جێگیرو بالا دەستدا نادات(١٤).

بەمـشێوەیە لەسـەردەمی دەسـەڵاتی عەقڵانیـەتی ئامێریـدا بـەهای تاکەکەسـی دەکەوێتـە ژێـر هەڕەشـەوە. هۆرکهایمـەریش رایگەیانـد کـە پاراسـتن و گەشـەپێدانی بەهاو ئازادی سنووردار ی مرۆڤ، تەنها بـەهۆی گێڕانـەوەی ئـارەزووە مەزهەبیەکانـەوە دێتـە دی، هۆرکهایمـەر بڕوایوابـوو ئـەوەی لەئیلاهیاتـدا گـرنگ دەردەکـەوێت، ئـەو هوشیاریەیە کە جیهان "دیاردەیە" و هەقیقەتی ڕەهاو ئامانجی غـائی نیـەو ئەمـەش خـۆی ڕێگـەمان لێـدەگرێت لەبەرامبـەر واقعیـەتی نالـەباردا، خۆمـان بەدەسـتەوە بدەین.(١٥).

ئـادۆرنۆ و هۆرکهایمـەر لـە"دیالـەکتیکی ڕۆشـنگەری"دا فاشـیزم کـە زەمینـە خۆشـکەری ئەفـسانەو بیرکردنـەوەی دژ بـە عەقڵانیـە، بەدەرئـەنجامی پرۆسـەی عەقڵانیەت دەزانن. بەبڕوای ئەوان پەیدابوونی کۆمەڵگا سـەرکوتکەرو وێرانکـەرەکان کە سەربەخۆیو ئازادی تاکەکەس لەناودەبەن، دەرئەنجامی هەمان ئەو هێزانەیـە کـە کۆی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی سـەردەمی ڕۆشـنگەری پێکـدەهێنن. کـەوابوو فاشـیزم وەك لوتکـەی گەشـەکردنی کۆمـەڵگای نـوێ، بـە ڕێکـەوتێکی مێـژوویی یـان بەدەرئـەنجامی بـەردەوامی پاشماوەکـانی کۆمـەڵگای ئەرسـتوکراتی لـەناو دەروونـی دەوڵەتی پیشەسازی نوێوە نازانرێت.

بزوتنـەوەی ڕۆشـنگەری کـە بـە پرۆسـەی عـەقڵانی دەسـەڵات بەسـەر سروشـتدا دەست پێدەکات، بەهۆی پەرەسەندنی خودی ئەو پرۆسـەیەوە توشی شکست دەبێت. ڕۆشـنگەری وەك دیـدێکی عـەقڵانی بـۆ جیهـان و وەڵامدانەوەیـەك بـۆ پێداویـستی پاراستنی ژیانی مرۆڤ، پەیدابوو. لەم پرۆسـەیەدا زیهنی مـرۆڤ خـۆی لەسروشت جیا دەکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت، وەك بابەتی دەسـەڵات مامەڵـەی لەگـەڵبکات. بـەڵام ئـەم پەیوەندیـە ژێرخانیـە بەسروشـتەوە، لەئاسـتی سـەرخانی کلتووریـدا کۆمـەڵێك زیـان دروسـتدەکات. لـەم پرۆسـەیەدا چـەمك و وتـەزا ئەبـستراکتەکان دەبنـە ئەڵتـەرناتیڤی جیهانی بێ ناوەندی [بێ واسگە] ئەزموون. "بەهای سود" جێگای خۆی بـە "بـەهای ئالۆگۆڕ" دەدات و مەسەلە بێوێنەو تایبەتەکان دەبنە کۆیلەی بڕیارو یاسا گشتیەکان. دەسـەڵات بەسـەر سروشتی دەرەکیدا، بە بەهای نکـوڵیکردن لەسروشـتی دەرونـی مـرۆڤ بەدەستدێت. دەسـەڵاتگرتن بەسـەر سروشـتدا، پێبـەپێی بـەردەوامبوونی کۆیلـەکردنی زهنیەتی مرۆڤ ئەنجامدەدرێت. رزگاربوون لەلۆژیکی دەسـەڵات، پێویـستی بـە ناسـینی

خودی زیهن هەیە وەك سروشت. بەڵام بەهۆی دەسەڵاتی پیشەسازی کلتوور، زهنیـەت ناتوانێـت بەرهـەمی پێـشکەوتنی تـەکنیکی رکێفبکـات. پرۆسـەی مێـژوویی مـەیلێکی بەرجەسـتەی [یـان دیـاریکراوی] بـۆ بەشـتبوونی هـەموو پەیوەندیـەکان هەیـە. دەسەڵاتی پەیوەندی ئالۆگۆڕی کالا لەئاستی ژێرخاندا، هاوڕێیە لەگەڵ بـەکالاییبوونی دیاردەکانی سەرخاندا(١٦).

سـەرەکیترین بیرکردنـەوەی کۆمەڵناسـیانەی ئـادۆرنۆ، تێـزی سـەرتاپا گیربـوونی بەشـتبوونە کـە دواجـار هـەموو جوولانەیـەکی پێـشکەوتنی کۆمەڵایـەتی چ لەشـکڵی هوشیاری چینایەتی و چ لەشێوەی دروستبوونی پێکهاتەی زیانبەخشی سەرمایەداریدا لەناودەبات. لەتێڕوانینی ئادۆرنۆدا فاشیزم لوتکـەی پرۆسـەی بەشـتبوون بـوو. بـەڵام فاشـیزم تـەنها ڕەهەنـدی دەرونـی هەلومـەرجی هەنوکـەیی [یـان فیعلـی] جیهـانی سەرمایەداری دوایی، ئاشکراکردووە. پاش کۆتایی هاتنی فاشیزمیش ئـادۆرنۆ جـەختی لەبـەهای دیـدی مێـژووی خـۆیکردوە، بـەو مانایـەی پرۆسـەی گـۆڕانی مێـژووی جگـە لەدروستبوونی عەقڵانیەتی ئامێری هیچدی نیـە. بەمـشێوەیە دەبـوو ئـادۆرنۆ بـیری ماتریالیزمی مێژووی کە لەسەر بنەمای ئەگەری کاری سیاسی دامەزراوە، ڕەدبکاتەوە، بـەڵام وەك بینیمـان بـەرگری لەئەگـەری بـوونی چـەمکە تیۆریـەکان بـە شـێوەیەکی سەربەخۆ لەبەرژەوەندیو ئارەزووی کۆمەڵایەتیو سیاسیدەکرد و بەمپێیەش بەدوای پێشکەشکردنی شێوەگەلێکی تازەی هوشیاریدا دەگەڕا.

لەدیدی ئادۆرنۆوە پەیدابوونی هوشیاری ئازادیخوازانە بە مانا لۆکاشـیەکەی، بـەر بەربەسـتی پرۆسـەی هەمـەکی عەقڵانیـەت ئـامێری کـەووتووە. تـەنها فۆرمـە پەرشوبڵاوەکانی هوشیاری ستاتیکیانە دەتوانێت بەشێوەیەکی بنـەڕەتی لەبەرامبـەر ئەم پرۆسـەیەدا ڕاوەسـتێت. کـەوابوو فەلسـەفەی ڕەخنـەگر بەسـەرنجدان لەپرۆسـەی گشتی بەشـتبوون لەکۆمـەڵگای نوێدا، تـەنها ئومێـدی بـە سـتاتیکایە. تـەنها هونـەرو فەلسەفەی ڕەخنەگر، واتە ڕەخنەگرتنی فەلسەفەی هەمەکی درۆزن، دەتوانـێ فـۆرمی تـازە بـۆ هوشـیاری پێـشکەشبکات. هونـەری ڕاسـتەقینە خـاوەن توانـای وێرانکـردن و بناغـە هەڵتەکاندنـە. لـەم ڕوانگەیـەوە هونـەر لەبەرامبـەر زانـستی پۆزەتیڤزمـدا ڕادەوەستێت، چونکە سـیمایەکی بـاڵاتری ناسـینە کـە بـەدوای هەقیقـەت لـە ئایندەدا دەگـەڕێت. شـێوەی هەڵوەسـتەکردنی هونەرمەنـدان لەبـەردەم واقعـی کۆمەڵایەتیـدا،

هاوڕێیە لەگەڵ تێڕوانین و پێشنیارگەلێك بۆ هەلومەرجی گونجاو [یان لەبار] بۆ ئایندە، لەکاتێکدا زانست تەنها واقعی هەبوو پیشاندەداتەوە.

دیدی ستاتیکانە هۆکارێکە کە بەهۆیەوە دیدی رەخنەگرانە دەتوانێت وێنەی سەرتاپاگیربوونی عەقڵانیەتئامێری بکات کە لەسەر بنەمای ئابووری کاڵایی دامەزراوە. تەنها کاری هونەری تاکەکەس دەتوانێت، ئەگەری پەیدابوونی عەقڵانیەتێك ئامادەبکات کە لەبەرامبەر بەشتبووندا رابوەستێت. بەمپێیەش هەلومەرجی رزگاری ئەوەندە بااڵو دورەدەستە کە لەبەر دەست خەڵکدا نیە. هونەرو دیدی ستاتیکانە بە بزوتنەوەیەکی کۆمەاڵیەتی رزگاریخواز ناژمێریت و بەگشتیش تێزی پێشکەوتن لەپشت بەشتبوونی گشتی کۆمەلگاوە، دواجار ناومکین دەبێو بەسەرنجدان لەسروشتی کۆمەلگای جێگیر، دیدی رەخنەگرانەی ئادۆرنۆ وەرگرێکی [مخاگب] واقعی نادۆزێتەوە. هونەر وەك فۆرمێکی یەکێتی خودو بابەت، دەکەوێتە دەرەوەی بواری زەرورەت و لەدیسپۆتیزمی سەرتاپاگیری رۆشنگەریو دەسەاڵتی عەقڵانیەت رادەکات. هونەر بۆ ئەوەی نەڤی هوشیاری بەشتبووی جیهانی ئەزموونی بکات، پەنا بۆ دەروونی خۆی دەبات. هونەر لەجیهانێکی لەمچەشنەدا خەسڵەتێکی پەروەردەیی [تعلیمی] نیە، بەڵکو نموونەی بونێکی دی پێشکەشدەکات. هونەر بۆ هونەر بەمانای هونەر دژی بازارە(١٧).

مارکیوز وەك گوتمان لەسەر بنەمای وێنای هیگڵی، جیاوازی لەنێوان خواستە راستەقینەو خواستە درۆزنەکاندا دەکرد. بە بڕوای مارکیوز تاخواستە راستەقینەکان لەبەرچاو نەگیرێن، ژیانی کۆمەاڵیەتی تاك رەهەندانە دەبێتو تەنها خواستە رۆژانەی و درۆزنەکان لەخۆدەگرێت. بەاڵم بەدەر لەوەی چینێك خواستە راستەقینەکانی مرۆڤ هەست پێبکات یان حیزبێك پروپاگەندەی بۆ بکات، پانتایی مێژوو هیچ کاتێك لەم خواستە راستەقینانەی مرۆڤ خاڵی نابێت. مارکیوز لەساڵی ١٩٣٤ دا بڕوایوابوو بزوتنەوەی کرێکاری وەك نوێنەری خواستە راستەقینەکان لەبەردەم مەترسیدایە، پاش ئەمەش لەساڵی ١٩٣٨دا رایگەیاند کە کرێکاران ناتوانن خواستی راستەقینە و درۆزنانە لەیەك جیابکەنەوە و دواجار لەساڵی ١٩٤١ بڕوایوابوو عەقڵ هەلگری خواستە راستەقینەکانەو قوتابخانەی هیگڵی قوتابخانەیەکی

شۆڕشگێڕە، چونکە لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە ئەوەی لەروانگەی مرۆڤەکانەوە هەقیقیو عەقڵانیە، دەبێت بەهۆی رێکخستنی کۆمەاڵیەتیەوە بێتەدی.

مارکیوز پاش کۆچکردنی بۆ ئەمریکا بە زمانێکی دی بیرکردنەوەکانی خۆی دەربڕی. نەبوونی بزوتنەوەی کرێکاریو بااڵوبوونەوەی دەروونشیکاری فرۆیدی لەو وااڵتەدا، مارکیوزی بەرەو ئەوە برد تا ئەمجارە خواستە راستەقینەکان بەهۆی چەمکی ئیروس و یۆتۆپیای ئیرۆسی ئازادکراوەوە دەربڕێ. مارکیوز بەزمانی فرۆید دەیگوت، خواستە راستەقینەکان خواستە ناهوشیاریەکانی پرۆلیتاریان و هەر لەبەر ئەم هۆیەش ئەم چینە شۆڕشناکات. ئەو بەربەستانەی لەبەردەم هوشیاری راستەقینەی کرێکاراندا هەیە، لەهەلومەرجی هەبووەوە سەرچاوە دەگرن. مارکیوز بە دوورودرێژی ئەم هەلومەرجەی لەکتێبی "مرۆڤی تاك رەهەند"دا لەژێر ناونیشانی "دەسەاڵتی عەقڵانیەتی ئامێری"دا رووونکردۆتەوەو گوتی دەسەاڵتی مرۆڤ بەسەر سروشتدا بەهۆی زانست و تەکنەلۆژیاوە، بۆتە هۆی پەیدابوونی فۆرمێکی تازە لەدەسەاڵت بەسەر مرۆڤدا.

لەم پرۆسەیەدا وەبەرهێنانی [اسپمار] مرۆڤ و سروشت بە شێوەیەکی روو لەزیاد زانستیو عەقڵانی بووە، و مرۆڤ وەك ئامێرێك سوودی لێوەردەگیرێ. ئەو شتانەی مرۆڤ دروستیکردووە، بوون بە فەرمانڕەوای مرۆڤ. عەقڵانیەتی ئامێری هێزێکە لەدەستێوەردان و کۆنترۆڵی مرۆڤ چۆتە دەرێو رەوتی عەقڵانیەتی ئامێری بەدەر لەوەی چ فۆرمێکی دیاری سیستەمی سیاسی یان ئابوری بااڵدەستە، دەسەاڵت پەیدادەکات. کەوابوو کۆمەلگای نوێ خۆی لەخۆیدا کۆمەلگایەکی ئامێریەو ماهیەتی بەهۆی سیستەمی سیاسی یان ئابووریەوە دیاری ناکرێت. بەمشێوەیە بەگشتی فرانکفۆرتیەکان لەچارەنووسی مرۆڤ لەسەردەمی دەسەاڵتی عەقڵانیەت ئامێریدا، نیگەران بوون. بە بڕوای ئەوان ئەستەمە هێزێك بدۆزێتەوە کە توانای رووبەڕوبوونەوەی لەگەڵ ئەم دەسەاڵتەدا هەبێت(١٨).

وەك بینیمان عەقڵانیەت (بەمانا فیبەریەکەی) هاوڕێ لەگەڵ رەوتی بەکاڵایبوون و بەشتبووندا (بەمانا مارکسیەکەی)بە تایبەتمەندیە سەرەکیەکانی بیرکردنەوەی رەخنەگرانەی قوتابخانەی فرانکفۆرت دەژمێرێت.

پەراوێزەکان:

١- T. Bottomore, The Frankfurt School (Laondon: Tavisttock 1984), PP. 15-27.
T. Adorno and M. Horkheimer, Dialectic of Enligtenment, (N.Y: Herder & Herder, 1972).
See R. Nisbet, The Sociolgical Tradition. Heineman, London, 1966.
A. Ayer (ed) Logical Rositivism, (Glenee: III, 1959), Introduction.
H. Marcuse, Reason and Revolution: Hegel and the Rise of Social theory, (oxford u.p,1941), PP.343-5.
M. Horkheimer, Critical (Theory: Selected Essays (N.y: Herder & Herder, 1927). PP. 160-92.
A. Honneth, "Communication and Reconeiliation: Habermas Critique of Adorno", Telos, spring 1927, No. 39. PP.45-61.
Horkheimer , op. Cit, PP. 208-210.
The Authortarin personality, (N. y: Harper& Row, 1950).
Honneth, op. Cit.
Bottommore, op. Cit, PP. 31-32.
"Lukacs" in Mclnnes, The western Marxists.
Bottomore, op. Cit, PP. 29-30.
Dilectic of Enligtenment. PP. 120-160.
Bottomore, op. Cit, PP. 41-42.
Dilectic of Enlightenment, Passim.

R. Berman, "Adorno, Marxism and Art", Telos, Winter 1977-78, No. 34. PP. 157-166.
"Marcuse" in Mclnnes, op. Cit.

سەرچاوە:

بەشێکە لەفەسڵی کتێبێکی دکتۆر حسین بشیریە بەم ناونیشانەی خوارەوە:

دولت عقل- ده گفتار در فلسفەو جامعه شناسی سیاسی –دکتور حسین بشیریه- مۆسسه نشر علوم نوین چاپ اول ١٣٧٤ فصل چهارم ص ٩٣-١١١.

کتێبی ڕەشی کۆمۆنیزیم*

جورج تەرابیشی

ئەم کتێبە لەسەرەتای دەرچونیەوە لەکۆتایی ١٩٩٧دا، هەرایەکی ناوەتەوە: سەرەتا لەرۆژنامەو هەفتەنامەو رادیۆکانداو پاشانیش لەو گۆڤارانەدا کە سەنگینیان زیاترە.

واتە لە گۆڤارە مانگانەو وەرزیەکاندا.

من ئەوە لەخۆیەر ناشارمەوە کە زۆر دوو دڵ بووم بەرلەوەی لەسەر ئەم کتێبە بنوسم، چونکە ئەمە کتێبێکی دژەو لەبەرئەوەش حەزت ئەورۆژێنێ، حەزیش هەڵبژاردنێکی پێشینەیەو کەمجار خوێندنەوەی کتێب دەیگۆڕێت. تەنانەت ئەگەر وەك (کتێبی رەش) ئەوەندە گەورەبێت کە ٨٥٠ پەڕەی گەورە داگیردەکات. پاشان مەبەستیش حوکمێکی پێشینەیە (مسبق) و دەشێ بابەتی ئەم حوکمە پێشینەیەش هەر خودی کتێبەکە نەبێت، بەڵکو خوێنەرو رەخنەگرەکەشی بێت. چونکە خوێندنەوەی وەك نەخوێندنەوەی هەڵوێستێکە. نوسین لەسەریشی هەڵوێستێکی دووچەندانە.. جا چ بەسلبی یان ئیجابی. یەکەم شت کە لەم کتێبەدا دەتوروژێنێ ناونیشانەکەیەتی: (چونکە) جگە لەوەی دەیەوێت کتێبێکی رەش بێت لەسەر کۆمنیزم، هەروەها لەناونیشانی دوهەمیدا بابەتی کتێبەکە بەمشێوەیە دەستنیشان دەکات (تاوان، تیرۆر، سەرکوتکردن).

بەمانایەکی دی کتێبەکە دەیەوێت، ئەمەش لەناونیشانەکەدا دەتوروژێنێ - باسی کۆمونیزم بکات وەك ئەوەی وەك تاوانی نازیەکانو کولونیالیزم، تاوانباربێت. بەڵام پرسیاری گەورە ئەوەیە ئایا دەکرێت قسە لەسەر تاوانی کۆمونیزم بەهەمان ئەو قسانە بکەین کە لەسەر تاوانی نازییەکان دەیکەین؟ ئەگەر تاوانەکانیش یەکسان بن، ئایا هەردوو ئایدۆلۆژیاکەش وەك یەکن؟

لێرەدا پارادۆکسێکی گەورە هەیە.. چونکە نازیزم وەك ئایدۆلۆژیایەکیش تاوانبارە، تەنانەت بەرلەوەی تاوانەکانیشی بکات، لەکاتێکدا کۆمنیزم لایەنیکەم لەئاستی تیوریدا بەڵێنی ئازادیو برایەتی جیهانیە. بەمانایەکی دی تاوان لەنمونەی نازیزمدا پتر وەرگێڕانێکی یەکسەریە، بەڵام لەنمونەی کۆمنیزمدا پتر لە وەرگێڕانێکی پێچەوانە دەچێت. چونکە واقعی پراکتیکی کۆمنیزم تائاستی خیانەت یان تائاستی هەڵگەڕانەوە بۆ دژی، لەجەمسەری دژ بەئایدیالەکەیدا بوو. هیچ تیورەیەك نیە هێندەی کۆمنیزم بەڵێنی دابێت و هیچ تیۆرەیەکیش نیە هێندەی کۆمنیزم بەڵێنەکانی لەپراکتیکدا بەدرۆ خستبێتەوە. کەوابوو لەحاڵەتی کۆمنیزمدا بەپێچەوانەی نازیزمەوە، ئەگەر باسی بێگوناهی ئایدۆلۆژیش نەکەین، لایەنیکەم دەتوانین باسی نیەتپاکی بکەین، ئەگەرچی راستە ئەم بێگوناهیە لەهەموو

حاڵەتەکاندا راست نیەو رەنگە هەندێك رەگی خراپە لەناو خودی تیۆرەدا هەببێت، بەڵام دەتوانین لەئاستی تیۆریدا بەدیاریکراوی باسی پاکێتی سەرەتایی بکەین. چونکە کۆمنیزم مژدەی بەرهەم بوو، نەك مژدەی ئەو کرمەی کە لەناو بەرهەمەکەدایە. هەر ئەم بەڵێنەشبوو وایکرد ملیۆنەها مرۆڤ لەپاکترین دەرونەکانو لەو کەسانەی زیاتر لەخەڵکی دی ئامادەیی گیانفیدایین، لەدەوری کۆببنەوە. هەزاران کەس لە پێناوی بەدیهاتنی ئەم بەڵێنەشدا کوژرانو ئەشکەنجەدرانو زیندانیکران. بێگومان باسکردنی (کتێبی رەشی کۆمنیزم) سوکایەتی بە شەهیدانی بەڵێنەکە دەکاتو لەئازیزترین ئازیزەکانی بیرەوەریاندا، بریندارياندەکات. جگە لەمەش کارێکی وا جەلادەکانیان خۆشحاڵدەکاتو بە بێگوناە دەریاندێنێ. بێگومان هەموو یەکسانکردنێکی شەهیدەکانی کۆمنیزمو جەلادەکانیشی ، یەکسانکردنێکی قبوڵنەکراوە. وەك چۆن یەکسانکردنی کۆمنیزم وەك جەستەیەکی تیوری بە نازیزم، قبوڵناکرێت.

لەبەرئەوەی ئەم تێکەڵکردنەش رونەدا واباشتر بوو ناوی کتێبەکە لەبری (کتێبی رەشی کۆمنیزم)، (کتێبی رەشی رژێمەکانی کۆمنیزم) بێت. چونکە ناونیشانێکی وا رەنگە ئەو تێکۆشەرە کۆمنیزمە تیۆریانە رازیبکات کە دەستیان نەبووە لەپراکتیکە دەسەڵاتاویەکاندا (الممارسة السلطوية) پتر خۆشیان بوونە قوربانی ئەو رژێمە دەسەڵاتاویانەی تێکۆشانی خۆیان بەرهەمیهێنا. ئەم حاڵەتە لە (کتێبی رەشی کۆمنیزم)دا رەنگیداوەتەوە: چونکە زۆربەی نوسەرانی کە شەش کەسن، لەکومنیستەکانن یان لە کومینیستە کۆنەکانن. لەپێش هەمویانەوە ستیفان کۆرتوا کە سەرنوسەری گۆڤاری (کۆمنیزم) و نوسەری بەشدارە لە(مێژووی حیزبی کومینیستی فەرەنسی)دا، رەنگە هەر ئەمەش تۆنێکی راستگۆیانە بە (کتێبی رەش) بدات. واتە ئێمە لەبەردەم چاپێکی تازەی ئەدەبیاتی دژی کۆمنیزمدا نین کە کاتی بەسەرچووە، بەڵکو ئەو پێشەکیو پاشکۆیەی ستیفان کۆرتوا بۆ ئەو مەلەفە مێژووی و مەلەفی رووداوەکان نوسیوێتی کە کتێبەکە پێك دەهێنن، پتر لەپیاچوونەوەیەکی دیموکراتیانەی چەپ دەچێ بەتیورەی تۆندوتیژی مارکسدا. ئێمەش دەڵێین پیاچوونەوە، نەك هەوڵدان بۆ بێگوناهکردنی مارکس. چونکە گەر بەرێکەوت نیە مژدەی بەهەشتی سەر زەوی کۆمنیزم لەپراکتیکدا گۆڕا بۆ دۆزەخ،

رەنگە کەموکڕی وەك میکرۆبێك لەناو جەرگەی خودی تیورەداو لەناو خودی چەمکە تیورەکاندا بێت، نەك تەنها بگەڕێتەوە بۆ خیانەتکردن لەتیۆرەو دورکەوتنەوەی واقع لەئایدیالەکەی.

ئاشکراشە بۆ ئەو کەسەی دەیەوێت زانیاریەك لەبارەی (تاوان، تیرۆرو سەرکوتکردنەکانەوە) بەدەستبهێنێ، ناچارە بگەڕێتەوە بۆ مەلەفەکانی کتێبەکە لەسەر؛ کۆلاگی سۆڤێتیو چینیو ئاسیایی (کۆریایی، ڤیتنامی، کەمبودیای، لاوسی) و ئەوروپای خۆرهەلاتی (بولندای، مەجەری، چیکۆسلوڤاکی، ئەلمانی، بولگاری، رۆمانی) و ئەمریکای لاتینی (کوبای، نیکاراگوای، پیرۆی) و جیهانی سێهەمیش (حەبەشی، ئەنگۆلی، موزانبیقی، ئەفغانستانی). ئەم مەلەفانە پسپۆرە بەناوبانگەکان لەمێژووی کۆمنیزمدا، ئامادەیان کردووە. زۆربەشیان لەکۆمنیستەکانن یان سەر بەچەپی تازەی دیموکراتین. لەوانەش (نیکۆلای ورس) نوسەری (مێژووی یەکێتی سۆڤێت، لەئیمپراتۆری روسیاوە بۆ یەکێتی دەوڵەتە سەربەخۆکان) ۱۹۲۲ و (ئەندرێ بازوفسکی) بریکاری بەڕێوەبەری پەیمانگای لێکۆڵینەوە سیاسیەکانی سەر بە ئەکادیمیای زانستەکانی پۆڵەندا، و (کارل بارتوسك) میژوونوسی چیکی کە پسپۆرە لەمێژووی تازەی ئەوروپای خۆرهەلاتو ناوەڕاستداو سەرنوسەری گۆڤاری (ئەڵتەرناتیڤی تازە) یە. ئامانجی ئەم کۆمەڵە میژونوسو زانکۆییو لێکۆڵەرەوانەش ئەنجامدانی گەورەترین (سەرژمێری) ئابڕوچون و ستەمەکانە کەلەژێر دروشمی کۆمنیزمدا کران.. لەگەڵ دەستنیشانکردنی جێگاو کاتو ناوی جەلادو قوربانیەکان، تا ئەو جێگایەی دەستیان بەو ناوانە گەیشتووە. جەلادەکان پێکدێن لەدەیان هەزار کەسو قوربانیەکانیش لەوڵاتی بچوکی وەك کۆریاو کەمبودیادا، ملیونەها کەسنو لە وڵاتی گەورەی وەك روسیاو چینیشدا دەیان ملیۆن کەسن. بەڵام بەدەر لەم لایەنە بەلگەییە، ئەو وانەیەی (کتێبی رەشی کۆمنیزم) هەوڵدەدات دەریبهێنێ، کورتدەکرێتەوە بۆ سێ ئاست:

١)چەندایەتی تۆندوتیژی (عنف) کۆمنیزم.

٢)چۆنایەتی تۆندوتیژی کۆمنیزم.

٣) بۆچی تۆندوتیژی کۆمنیزم.؟

چەندایەتی تۆندوتیژی کۆمنیزم:

بێگومان تۆندوتیژی کۆمنیزم-دیارە هەمیشە باسی تۆندوتیژی دەسەڵاتاوی (العنف السلطوي) دەکەین- دەچێتە ڕەوتێکی گەورەترو بەرفراوانترەوە کە ڕەوتی سەدەی بیستەمە.. سەدەیەك کە دەتوانین لەمێژووی مرۆڤایەتیدا بەسەدەی تۆندوتیژی وەسفیبکەین. مێژوو لەم سەدەیەدا وا دەرکەوت وەك ئەوەی (زانستی ئازاری مرۆڤ)بێ، سەدەی بیستەم سەرەڕای دوو جەنگی جیهانی کە نزیکەی ٦٠ ملیۆن کەسی کردە قوربانی خۆی، چەندان کارەساتی گەورەی لەتۆندوتیژی دەستە جەمعیەوە بەخۆیەوە بینی، کە لەهەندێك حاڵەتدا شێوەی جینۆسایدی بەخۆیەوە گرت. وەك کوشتاری ئەرمەنیەکان لەسەرەتای ئەم سەدەیەداو هۆڵۆکۆست لەناوەڕاستەکانیداو دواجار کوشتارگای ڕەواندیەکان لەکوتاییەکانیدا.

بەڵام ئەگەر تۆندوتیژی کۆمنیزم دەچێتە خانەی تۆندوتیژیەکی بەفراوانترەوە، ئەوا لەبەرامبەردا ئەمە یەکێکە لەگەورەترین گرفتو چڕترین دەلالەتەکانی. ئەمەش هەر بەبەراوردێکی چەندایەتی.(کتێبی ڕەش) ژمارەی قوربانیەکانی کۆمنیزمی دەسەڵاتاوی بەسەد ملیۆن کوژراو دادەنێ کە لەرووی جوگرافیو ئەزمونیەوە بەمشێوەیە دابەشدەبن:

- ٢٠ ملیۆن کوژراو لەیەکێتی سۆڤێت.
- ٦٥ ملیۆن کوژراو لە چین
- ٢ ملیۆن کوژراو لەکەمبۆدیا
- ٢ ملیۆن کوژراو لەکۆریا
- ١و٧ ملیۆن کوژراو لەئەزمونەکانی کۆمنیزم لەئەفریقادا،
- ١و٥ ملیۆن کوژراو لەئەوروپای خۆرهەلات
- ١و٥ ملیۆن کوژراو لەئەفغانستان
- ١و٥ ملیۆن کوژراو لەڤێتنام.
- ١٥٠٠٠٠ کوژراو لەکوباو ئەزمونەکانی تری کۆمنیزم لەئەمەریکای لاتیندا.

ئاشکرایە ئەم ژمارانە جیاوازی گەورە لەپراکتیکی تۆندوتیژیدا پیشاندەدەن. بۆ نمونە ئەزمونی روسی لینینیزم، ستالیزم پێکەوە ـ وەك (ستیڤان کۆرتوا) دەڵێت

بەسیمای (ئەزموونی) و عەقڵانیەتی ساردیەوە (موی مرۆڤ راست دەکەنەوە). ئەزمونی مائویزم بەژمارەی بەرفراوانی قوربانیەکانیو بارستەی ئەو جەماوەرەی ئەشکەنجەیداو تا ئاستی مردن برسی کرد، دەمانحەپەسێنێ. بەڵام (لەهەمویان پێشتر) لەچڕی کوشتارەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ (خەمیرە سورەکان) کە توانیان بەسەرۆکایەتی پۆڵ پۆت لەماوەی سێ ساڵو نیودا چوار یەکی گەلی کەمبودی لەڕەگەوە دەربهێنن.

بەبەراوردکردنی ئەمەش لەگەڵ تۆندوتیژی نازیزمدا کە ئیدی لەسەدەی بیستدا بەپێوەری رەهای تۆندوتیژی ئایدۆلۆژی دادەنرێت، ئەوا (بۆمان دەردەکەوێت) تۆندوتیژی کۆمنیزم چوار ئەوەندەی ئەو ژەهراویە. هەرچەندە بەراوردکردنی چەندایەتی خۆی لەخۆیدا (ناشرینە)، بەڵام تاڕادەیەکی زۆر ژمارەی ١٠٠ ملیۆن لەقوربانیەکانی کۆمنیزم بە متکراوی ((مسکوتاعنه)) هێڵرایەوە. لەکاتێکدا تاوانەکانی نازیزم لەپاش جەنگی جیهانی دووهەمەوە قۆزرایەوە بۆ ناو زڕاندنێکی جیهانی. پێدەچێ پێویستی ناو زڕاندنی نازیەکان بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بەهۆڵۆکۆستەوە هەیە، یەکێك بێت لەو هۆیانەی کە یارمەتی شاردنەوەی تۆندوتیژی کۆمنیزمی دەسەڵاتاویو ونکردنی رەهەندی تاوانە دەستە جەمعیەکانی دابێت. هۆیەکی دیش پەیوەندی بەوەوە هەبوو کە یەکێتی سۆڤێتو بەهۆیەوە تیپە (کتیبە) بەرگریەکانی کۆمنیستەکان بەشداریەکی ئەگەرچی درەنگ، بەڵام چالاکانەیان لەجەنگدا دژی نازیەکانو تێکشکانیاندا کرد. وەك ئەوەی بەمکارە یەکێتی سۆڤێت پاکانەیەکی پێشینەی وەرگرتبێو بە بیانووی پاراستنی کەرامەتی شەڕی جیهانی دژی نازیزم، ناکرێت بخرێتە ژێر گومانەوە.

دواجار هۆی سێهەمیش کە لەهۆکانی دی زیاتر بۆ پرۆسەی شاردنەوەی تاوانەکان چارەنوسسازە، بریتیە لە: (ئەفسانەی شۆڕشگێڕی). چونکە ئایدیای شۆڕش تا پێش راپۆرتە نهێنیەکەی خرۆشۆف لەبەردەم کۆنگرەی بیستەمی حیزبی کۆمنیستی سۆڤێتیدا، ئایدیایەکی پیرۆزو لەسەرو هەموو رەخنەو هەڵسەنگاندنێکەوە بوو. تەنانەت پاش بڵابونەوەی راپۆرتە نهێنیەکەی خرۆشۆفیش، هەر رەخنەگرتنێك لەبیرۆکەی شۆڕش لەرزۆكو دو دڵبوو لەوەی بگات بەڕەگی ئەفسانەکە. دەکرێت بڵێین راپۆرتەکەی خرۆشۆف لەبری ئەوەی هەستی رەخنەگرانە بوروژێنێ، بەپێچەوانەوە پتر هەوەسی شۆڕشی بزواند. لەشەستەکان و حەفتاکاندا ئەدەبی پیاهەڵدان بەسەر

کۆمنیزمدا، زیاتر پەرەیسەند. تەنانەت لەناوەندی جیابوەکان (منشقین) و هەراتیقەشدا. لەوکاتەدا کە هەموو بەرپرسیاریەکانی (لادان) دەخرایە ئەستۆی ستالین، لەهەمانکاتدا پاکانە بۆ دەوری لینینو ماو کرا. واتە ئەگەرچی واقعی پراکتیکی کۆمنیزم تاوانبارکرا، بەڵام لەهەموو کاتێك زیاتر گۆرانی بەسەر ئایدیالەکەیدا وترا. بەمشێوەیە تاوانەکانی پراکتیك لەبەرامبەر ئایدیادا، وا دەردەکەوێت وەك ئەوەی شتێکی لاوەکی میژوو بێت. نوسەرانی (کتێبی رەشی کۆمنیزم)یش دان بەوەدا دەنێن ـ ئەمەش خۆی ئازایەتیەکەو بۆیان دەژمێردرێت ـ کە ئەوان خۆشیان بەشداربوون لەو گەمەیەدا: تاوانبارکردنی واقع بەئامانجی پاکانەکردن بۆ ئایدیالو بەئامانجی پاراستنی بیرۆکەی (شۆڕش)، وەك چارەسەرێك بۆ رزگاری مرۆڤایەتی ـ ئەگەرچی لەسەر حسابی ئازارە ترسناکەکانیش بۆ مرۆڤایەتی بێت.

چۆنایەتی تۆندوتیژی:

کاتێك باسی تۆندوتیژی کۆمنیزم وەك تۆندوتیژیەکی سیاسیدەکەین، یەکسەر خەیاڵمان بۆ: ئەشکەنجەدانو هێرشەکانی (پاکتاوکردن) و دادگایکردنە درۆزنەکان کە لەسەرەتاوە دەرئەنجامەکانی زانراوەو زیندانەکانو پۆلیسی نهێنی کە لەسەرو یاساوە رەفتار دەکەن، دەڕوا. بەڵام رژێمە کومونیستەکان لەهەمانکاتدا پەرەیان بەچەند شێوازێکی تایبەتیو جۆرێکی تۆندوتیژی سیاسی دەستەجەمعیدا کە بەشێوەیەکی تایبەتی لە ئۆردوگاکانی کارو برسیکردنی (بەرنامە بۆ دارێژراوا) دەردەکەوێت.

(کتێبی رەشی کۆمنیزم) سەبارەت بەئۆردوگاکانی کار، دوودڵ نیە لەوەی باسی (ئیمپراتۆریەتی ئۆردوگاکان) بکات. ساڵانی سیەکان وەك چۆن سەرکەوتنی ستالینیزمی بینی، هەروەها شێوە گەلێکی تۆندڕەوانەو بێ پێشینەی لە دەستدرێژیکردنو سەرکوتکرندا دژی کۆمەڵگا بینی. لەپێش هەموشیانەوە ئەو شێوە تازەیەی لەکاری کۆیلەیەتی کە کۆمنیزم دایهێنا: ئۆردوگاکانی کار. دادگاکانی پۆلیسی سیاسی ناسراو بە (غیبیهو) لەساڵی ١٩٢٩دا بە بەهانەی سەر لەنوێ ئاوەدانکردنەوەی (سوشیالیستی) بڕیاری کاری ناچارانەی بەسەر ٥٦٠٠٠ گیراودا دەرکردو لەساڵی ١٩٣٠دا بەسەر زیاد لە ٢٠٨٠٠٠ گیراودا. ئۆردوگاکانی کار لەساڵی ١٩٣٢دا ٣٠٠٠٠٠ دانیشتووی هەبوو. هەندێك لەو ئۆردوگایانە بەڕاستی ئۆردوگای مردن بوون، چونکە رێژەی ساڵانەی مردن تیایدا

هەندێك جار دەگەیشتە ١٠٪.. وەك لەئۆردوگای کاری (ناوچەی بەلتیق ــ دەریای سپی)دا. ئوردوگاکان لەساڵی ١٩٣٥داو پاش یەکێتی سیستمی کۆلاگ، کە ئەمە ناوی روسی بەرێوەبەرایەتی سەرەکی ئوردوگاکانەو سولوژنتسین لەرۆمانەکانیدا ناوبانگێکی جیهانی بۆ دروستکرد، ٧٢٥٠٠٠ دانیشتووی لەخۆ دەگرت. جگە لە (هیستۆکەکانی (مستوطنات) کار) کەپتر ئەو خەڵکانەی لەخۆدەگرت کە (کەمتر لەڕوی کۆمەڵایەتیەوە مەترسیداربوون) واتە ئەو کەسانەی حوکمەکەشیان لەسێ ساڵ تێپەڕی نەدەکرد.. ژمارەی ئەمانەش لەهەمان ساڵدا گەیشتە ٢٤٠٠٠٠ زیندانی. لەکۆتای سییەکاندا دانیشتوانی کولاگ بوو بەدوو ئەوەندەو لەسەرەتای ١٩٤١دا گەیشتە ١٩٣٠٠٠٠. ئەم ژمارە زۆرەی دانیشتوانی کولاگ زیانی لە (سیستمی کار)داو تا ئەو رادەیەی لەساڵی ١٩٣٧داو بەهۆی هێنانی ٧٠٠٠٠٠ دانیشتوی تازە لەدەرئەنجامی هێرشی گەورەی پاکتاوکردندا، بەرهەمەکانی لەچاو ساڵی رابردودا (١٩٣٦) بەڕێژەی ١٣٪ هاتە خوارەوە. هەر لەبەرئەمەش لافرنتی بیریا (نوێنەری گەل بۆ ناوخۆ (مفوض الشعب للداخلیە) بۆ دوبارە رێکخستنەوەی کۆلاگەکانو عەقڵانیکردنی سیستمی کارو بەرهەمهێنان تیایدا، بەسیفەتی شەخسی دەستی خستە ئەمکارەوە. لەو راپۆرتە فەرمیەشدا کە لە ١٠ نیسانی ١٩٣٩دا بۆ مەکتەبی سیاسی نارد، هاتووە بەرێوەبەری پێشوو (نیکۆلای ئیوف) (گەڕان بەدوای دوژمنە چینایەتیەکانی) خستۆتە پێش (بەرێوەبردنی کاروبار بەرێك‌وپێکی). لێرەوە بڕی خۆراکی رۆژانەی گیراوەکان، تەنها ١٤٠٠ حەریرەیە کە ئەم بڕە دانراوە بۆ (گیراوە دانیشتووەکان) نەك بۆ (گیراوە کرێکارەکان)، لەدەرئەنجامی ئەمەدا ٢٥٠٠٠٠ دانیشوو توانای کارکردنیان لەدەستداوەو رێژەی مردنیش لەریزەکانیاندا ساڵانە بۆ ٨٪بەرزبۆتەوە.

ئەگەرچی بیریا لەراپۆرتەکەیدا داوای بڕی خۆراکی زیادە دەکات، بەڵام لەهەمانکاتدا پێشنیاری درێژکردنەوەی کار لەئوردوگاکاندا دەکات بۆ ١٠ کاتژمێرو کەمکردنەوەی رۆژانی پشوو لەچوار رۆژەوە بۆ سێ رۆژ لەمانگێکدا. بەگشتیش لەساڵی ١٩٣٤و ١٩٤٠دا ژمارەی حاڵەتی مردن لەئۆردوگاکاندا گەیشتە پتر لە ٣٠٠ هەزار، لەکاتێکدا ژمارەی دانیشتوان لەهەمان ماوەدا گەیشتە ٦ ملیۆن.

بەڵام شێوەی دووهەمی تۆندوتیژی دەستە جەمعی کە کۆمنیزمی دەسەڵاتاوی دایهێنا، برسیکردنی رێکخراو و بەپێی بەرنامەیەکی داڕێژراو بوو. دەتوانین بڵێین

چەکی برسیکردن بە رێکەوت دۆزرایەوە. مەرگەساتو قاتوقڕی ئەو شەڕی ناوخۆییەی لەساڵی ١٩١٩ ـ ١٩٢١دا لەنێوان (سپیەکان)و(سورەکان)دا بەتوندوتیژی رویداو تیایدا سپیەکان ئابلۆقەی سورەکانیان لەشارە سەرەکییەکاندا دابوو، لەلادێکانەوە دەستی پێنەکرد، ئەو کاتە نەبێت کە قاتوقڕی (المجاعە) ٣٠ ملیۆن کەسی گرتەوەو بەتایبەتی بووە هۆی مردنی ٥ ملیۆن کەس لەریزی (دوژمنانی شۆڕشدا). لینین پێشتر سەرنجی لەمەترسی (تیوری) ئەم چەکەدا بوو.. ئەوکاتانە کە هێشتا پارێزەرێکی لاو بوو لەشاری سمارە، پایتەختی یەکێك لەهەرێمەکانی روسیا کە لەساڵی ١٨٩١دا قاتوقڕیەکی ترسناك گرتیەوە. لەوکاتەدا لینین هەڵوێستێکی رەخنەگرانەو سوکایەتی پێکرانەی لەو چینە رۆشنبیرە ناوخۆیە گرت کەخۆی سازدابوو بۆ پێشکەشکردنی یارمەتی کۆمەڵایەتی بە برسیەکان. وەك بلیاکۆف (کە دانەری ژیاننامەی لینینی لاوە) دەڵێ ئەوەندە ئازایەتی تیابوو (بۆئەوەی بەڕاشکاوی رایگەیەنێ کە قاتوقڕی دەرئەنجامی پوزەتیفی جیاجیای هەیە. لەپێش هەموویانەوە دەرکەوتنی پرولیتاریای پیشەسازی.. (گۆڕهەڵکەنی سیستمی بورجوازی). قاتو قڕی بەوێرانکردنی ئابووری جوتیاری دواکەوتوو، لەڕوی بابەتیەوە نزیکمان دەخاتەوە لەدوا ئامانجمان: سوشیالیزم. چونکە قاتوقڕی نەك هەر بەتەنها باوەڕ بەقەیسەر لەناو دەبات، بەڵکو باوەڕ بەخوداش دەکوژێ). لینین جارێکی دی ئەم تێزەی لەقاتوقڕی ١٩٢١دا کە ترسناکترین قاتو قڕی بوو کە روسیا بەخۆیەوە بینی، خستەوەگەڕ. لینین ئەم قاتوقڕیەی قۆزتەوە بۆئەوەی دەست بەهێرشێکی دەستبەسەراگرتنی بەرفراوان بکات بۆ مۆڵکی کەنیسە ئەرسوزوکسیەکان، (دەماغی) دوژمنی چینایەتی. لێرەوە لە ١٩ ئازاری ١٩٢٢دا نامەیەکی ئاراستەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیکرد کە تیایدا بەئاشکرا هاتووە (ئێمە ئێستا ٩٩٪ بەختمان هەیە بۆئەوەی بەسەرکەتووی جەزرەبەیەکی کوشندە لەدەماغی دوژمن بدەین، چونکە ئێستاو تەنها ئێستا بەهۆی ئەو هەموو مرۆڤە برسیەوە کە گۆشتی مرۆڤ دەخۆنو بەهۆی ئەو ڕێگایانەوە کەپڕن لەهەزاران لاشە، دەتوانین (و پێویستە لەسەرمان) بەهیمەتێکی پۆڵاینەوە کە بەزەیی نازانێت، دەست بەسەر مولکەکانی کەنیسەدا بگرین، ئێستاو تەنها ئێستا دەشێ زۆربەی زۆری جەماوەری جوتیاری پشتمان بگرێت یان بەدەربڕینێکی وردتر، واز لەپشتگیری کۆمەڵێك پیاوی دینی کۆنەپەرستو بورژوازی بچوك بهێنێت. بەمشێوەیە دەتوانین دەست بەسەر

خەزێنەیەکدا بگرین کە چەند ملیۆن رۆبلی ئالتونی تێدایە (بیر لەخەزێنەی هەندێك کەنیسە بکەنەوە!). بێ ئەم خەزێنەیەش ناتوانین وێنای هیچ چالاکیەك لەدەوڵەت بەشێوەیەکی گشتی و هیچ بونیادنانێکی ئابووری بەشێوەیەکی تایبەتی و هیچ بەرگریەك لەجێگاکانمان بکەین. پێویستە لەسەرمان چەند لەسەریشمان بکەوێت، ببینە خاوەنی ئەو خەزێنەیە کە چەندان ملیۆن رۆبلە (رەنگە چەندان ملیاردیش بێ!) هەموو ئەمەش ناکرێت بەسەرکەوتووی ئەنجامبدرێت، ئێستا نەبێت. هەموو شتێکیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ئێمە هەرگیز لەکاتێکی تردا ناتوانین بەئامانجەکانمان بگەین. چونکە رەنگە تەنها ئەو نائومێدیەی بەهۆی قات و قڕیەوە دروست دەبێ، هەڵوێستێکی لایەنگرانە یان لایەنیکەم بێلایەنمان لەجەماوەردا بۆ دروستبکات).

ئەم تۆندوتیژەیە (عنف) (تیۆریە) بێوێنەیە، لەسەر دەستی ستالین بوو بەتۆندوتیژەیەکی کرداری. لینین لەوە زیاتری نەکرد کە ئەو (هەڵەی) قۆستەوە کە قات‌وقڕی دروستیکردبوو، بەڵام ستالین لەهەل قۆستنەوە تێدەپەڕێو خۆی هەڵەکە دروستەدکات، واتە چەکی برسێتی وەك خۆی بەکاردێنێ. بەمانایەکی دی لەو شۆینانەدا کە پێویستە دەستەکات بەرێکخستنی برسێتی بۆئەوەی جەزرەبەیەکی کوشندە نەك هەر لەدەماغ، بەڵکو لەسەرجەم جەستەش بدات.. واتە لەخودی جەماوەری جوتیاری. بۆ نمونە ئەمە لە(قاتوقڕی گەورەدا) لە ساڵانی ۱۹۳۲ ـ ۱۹۳۳دا رویدا کە شەش ملیۆن کەسی کردە قوربانی. ئەم قاتوقڕیە وەك ئەو قاتوقڕیانە نەبوو کە روسیای قەیسەری و بەلشەڤی بینیبویان، بەڵکو دەرئەنجامی راستەوخۆی سیستمی چەوساندنەوەی چینی جوتیار بوو کە بە(سروشت) دوژمنی شۆڕشەو هەروەها دەرئەنجامی جێبەجێکردنی کۆکردنەوەی زۆرەکیە، وەك دەروازەیەك بۆ بونیادنانی سوشیالیزم لە لادێکاندا. (ئامانجی قۆناغەکە) کە رەوتی (سیاق) قاتوقڕی دەستنیشاندەکات، دەستبەسەراگرتنی مولکەکانی کەنیسە نەبوو، بەڵکو دەستبەسەراگرتنی گەنمی جوتیاران بوو. بەمشێوەیە بەتاوانی (دەستدرێژیکردنە سەر مولکیەتی سوشیالیزمی) واتە شاردنەوەی گەنمو جۆ بەکرداری (عەمەلی)، لەماوەی ۱۰ ساڵدا حوکمی زیندان لەگەڵ کارکردندا بەسەر زیاد لە ۱۰۰۰۰ جوتیاردا دراو لەماوەی نێوان ئابی ۱۹۳۲ و کانونی یەکەمی ۱۹۳۳یشدا حوکمی لەسێدارەدان بەسەر ۵۴۰۰ جوتیاردا جێبەجێکرا، بەڵام لەبەرئەوەی هەموو ئەم کردارانە هیچ دەرئەنجامێکی

نەبوو، بڕیاریدا لەتۆڵەی (برسیکردنی شارەکاندا)، (لادێکان برسی) بکات. بەمشێوەیە لەکاتێکدا دەستبەسەر گەنمو مەڕو ماڵاتی جوتیاراندا گیرا، لەهەمانکاتدا ڕێگای چوون بۆ شاریان بەهۆی کونترۆڵکردنی هاتوچۆیانەوە لەڕێی وەرەقەیەکی ڕەسمیەوە، لێگیرا. ئیدی (دژە هێرش بۆ سەر تێکدەران) نەك هەر کۆلاگەکان، بەڵکو کۆنخوازەکانیشی گرتەوەو بگرە کۆمنیستەکانی ناوچەکانیش. وەك لەو بەیانەدا کە سەرۆکایەتی حیزب لەهەرێمی قەفقازی باکووردا دەریکردو داوای لە (رێکخراوە ناوچەییەکانی حیزب کرد، پاش شکستی شەرمەزارانەی نەخشەی کۆکردنەوەی گەنم، تێکدانی رێکخراو لەلایەن هەندێ ئەندامی کۆلاگەکانەوە کە دوژمنی شۆڕشن، تێك‌وپێك بشکێنن‌و هەروەها پاکتاوی بەرگری کومنیستە لادێیەکان‌و سەرۆکی کولخۆزەکان بکەن کە رابەرایەتی پرۆسەی تێکدانیان کرد).

لەماوەی مانگی تشرینی دووهەمی ۱۹۳۲دا کە مانگی یەکەمە لە (خەبات دژی تێکدان)، ۵۰۰۰ کۆمنیستی لادێی بەتاوانی (دەستتێکەڵکردن) لەگەڵ (دەسیسەی تێکدان)دا ڕەوانەی زیندانکران، هەروەها ۱۵۰۰۰ کۆلخۆزی گیران.. هەموو ئەمانەش تەنها لەناوچەی قەفقازی باکووردا کە گرنگیەکی ستراتیژی هەیە لەڕووی بەرهەمهێنانی خۆراکەوە. بەڵگە فەرمیەکانی بەڕێوەبەرایەتی کۆلاگ ئاماژە بۆ ۲۳٦۷۱ دانیشتووی تازە لە۱۹۳۲داو ۲٦۸۰۹۱ دانیشتووی تر لە۱۹۳۳دا دەکەن کە زۆربەیان ئەو جوتیارانەن کە لەدێکانیان دورخراونەتەوە.

بەڵام پێدەچێ هەنگاوەکانی دژ بەتێکدان لەدێکانی ئۆکرانیادا کە تاوانبارکرابوون بەجێبەجێنەکردنی (پێویستیەکانی دەوڵەتی پرولیتاری) بۆگەنم، گەیشتبێتە لوتکەی خۆی. ئەگەر ملیۆنەها ئۆکرانی ناچارکران نەك هەر بەرهەمەکانیان، بەڵکو خەزێنەی تۆوی پێداویستیەکانیشیان تەسلیمبکەن‌و ڕێگەی چوون بۆ شاریان لێگرتن‌و تەنانەت سواربوونی شەمەنەفەریشیان لێقەدەغە کردن، ئەوا ڕێژەی مردن بەشێوەیەکی ترسناك لەناویاندا بەرزبۆوە. بەتایبەتی پاش ئەوەی برسێتی‌و وەبای تیفۆئید پێکەوە لەناویاندا بلاوبۆوە. ڕێگاکان لەزستانی ۱۹۳۳ی ترسناکدا بەهەزاران لاشە داپۆشرابوو، لەهەندێ شوێنیشدا حاڵەتی خواردنی گۆشتی مرۆڤ بینراربوو. نوسەری بەناوبانگ میخائیل شولوخۆف نوسەری ڕۆمانی (دونی ئارام) ڕوداوەکانی ئەم قاتوقڕیەی لە ناوچەی (کوبان)ی قەفقازیدا کە دەکەوێتە لای سنوری ئۆکرانیەوە، بینی بوو.

لەبەرئەوە نامەیەکی بۆ ستالین نوسیبوو کە تیایدا بە درێژی باسی ئەو شێوازی ئەشکەنجەدانی (سارد)و(گەرمەی) (وەك خوی ناوی ناوە) دەکات کە بۆ دەست بەسەراگرتنی خەزێنەی یەدەکی جوتیاران بەکارهاتووە (تەماشای دەقی نامەکەی شولوخوف‌و وەڵامەکەی ستالین، لەپاشکۆی ئەم وتارەدا بکەن). قاتوقڕی جگە لەسەرجەم ئوکرانیا، بیابانەکانی روباری دون‌و کوبان و قەفقازی باکوری کازاخستانیشی گرتەوەو ٤٠ ملیۆن کەس برسێتیان چەشت. قاتوقڕی لەناوچەی (خارکۆف)دا چەقیگرت کەپایتەختی ئوکرانیای کۆنە، بەشێوەیەك کە ژمارەی مردووەکان لەحوزەیرانی ١٩٣٣دا گەیشتە ١٠٠٠٠٠ کەس لەبەرامبەر ٩٠٠٠ کەس لە ساڵی ١٩٣٢دا. هەر بەتەنها لەشاری خارکۆفداو لەماوەی ساڵێکدا ١٢٠٠٠٠ کەس مردن. پێدەچێ جوتیارانی ئۆکرانیا لەهەموو کەسێك زیاتر زیانیان لێکەوتبێت، چونکە ژمارەی قوربانیەکان لەناویاندا گەیشتە چوار ملیۆن. لەبەرئەوە هەندێك مێژوونوسی ئۆکرانی باس لە پرۆسەی جینۆسایدێکی بەمەبەست دەکەن لەپێناوی (برسیکردندا)، بەڵام بەهەرحاڵ ئەوەی جێی گومان نیە ئەوەیە ستالین کە لەبنەڕەتدا جورجباییە، رقێکی تایبەتی لەئۆکرانیەکان هەبوو. ساخاڕۆف باسی (قۆبیای ئۆکرانی لای ستالین دەکات).

بەڵام نابێ ئەوەمان لەیادبچێت کازاخستانیەکانیش کەزۆربەی دانیشتوانی لادێین، زیانی گەورەیان لێکەوت: یەك ملیۆن قوربانیانداو دوو ملیۆنیش ناچاربوون کۆچ بۆ چین‌و ئاسیای ناوەڕاست بکەن.

بەکورتی لەقۆناغی ستالینیزم‌و درێژکراوە مائویزمەکانیدا، (برسیکردن) بوو بەتەکنیکێکی جێگیر لەپراکتیکی کۆمنیزمی دەسەڵاتاوییدا. لەچیندا‌و ساڵانی ١٩٥٨ ـ ١٩٦٠و لەئەنجامی هێرشی بازدانی گەورەدا بۆ پێشەوە، بەپێی تەقدیرە نیمچە فەرمیەکان ٢٠ ملیۆن کەس لەبرسا مردن‌و بەپێی تەقدیراتی تریش ٤٣ ملیۆن کەس. ئەمەش لەهەردوو حاڵەتەکەدا گەورەترین ژمارەی قوربانی برسێتیە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا. هەروەها لەم ئاڕاستەیەدا (خەمیرە سورەکان) بەسەرۆکایەتی پۆل پۆت، کوشندەترین قاتوقڕیان لەلاپەڕەکانی مێژودا رێکخست، شارە کەمبودیەکان لەدانیشتوانی چۆڵکران، بۆئەوەی لەڕێی کارکردنەوە لەسەر زەوی، سەرلەنوێ بەشێوەیەکی (سوشیالیستی) ئاوادان بکرێنەوە، دەرئەنجامی ئەمەش ئەوەبوو رێژەی مردن لەساڵانی ٧٥ ـ ١٩٧٩دا لەریزی ژناندا بەرزبۆوە بۆ٧،١٥ ٪ و لەریزی پیاوانیشدا بۆ

٩،٣٣٪. بەپێی دانپیانانی پۆل پۆت خۆی ٥،١ ملیۆن کەس بەهۆی برسێتی‌و لەسێدارەدان‌و تیرۆرکردنەوە کۆژراون‌و بەپێی تەقدیری فۆیتنامیەکانیش ٣ملیۆن کەس. لەکاتێکدا سەرچاوەکانی (CIA) باس لە زیانێکی دیمۆگرافی سەرتاسەری دەکەن کە ٨،٣ ملیۆن کەس کەمترنیە، بەمەرجێك تەنها بەرزبونەوەی رێژەی کوژراوەکان لەبەرچاو نەگرین، بەڵکو رێژەی دابەزینی ترسناکی لەدایکبونەکانیش کە لە (٣٪) وە لەساڵی ١٩٧٠دا، دابەزی بۆ رێژەی (١٪) لەساڵی ١٩٧٨دا. بەگشتی لەهەموو حاڵەتەکاندا لەساڵی ١٩٧٩دا ژمارەی گەلی کەمبۆدی دابەزی بۆ ٢،٥ ملیۆن کەس، لەکاتێکدا سەرژمێرەکەی بەر لەشەڕی ناوخۆ بەتەقدیر ٨ ملیۆن کەس بوو.

بۆچی تۆندوتیژی کۆمنیزم: وەك چۆن نازیەکان چەمکی (دوژمنی رەگەز) یان داهێنا، هەرواش کۆمنیزمەکان چەمکی (دوژمنی چینایەتیان) داهێنا. دیارە دیسان بەراوردەکە (ناشرینە)، بەڵام لێکچونی ئەو دەرئەنجامانەی پراکتیك کردنی ئەم دوو چەمکە لەواقیعدا خستیانەوە ناچار بەم بەراوردەمان دەکات. نازیەکان بە بەهانەی شوناسی رەگەزی چەندان ملیۆنیان لەناوبرد، وەك چۆن کۆمنیزمی دەسەڵاتاویش بەبیانووی شوناسی چینایەتیەوە دەیان ملیۆن کەسیان لەناوبرد. تاکە جیاوازیەك ئەوەیە یەهودی نازیەکان بوو بەبورجوازی کۆمنیزم. ئەوەشی لەقوربانیدا لەهەردوو حاڵەتەکەدا شایەنی سزادانە کرداری مرۆڤێك نیە، بەڵکو چۆنایەتی ((کیفیت)) رەگەزی یان چینایەتیە. بەڵام ئەگەر لە پراکتیکی نازیەکاندا ئەم چۆنایەتیە جێگیرە، ئەوا لەپراکتیکی کۆمنیزمی دەسەڵاتاویدا جێگیرنیە. لەئەزموونی نازیزمدا یەهودیەکان دەکوژرێن، لەبەرئەوەی یەهودین، بەڵام قوربانی کۆمنیزمی دەسەڵاتاوی دەشێ سەرەتا بکوژرێ پاشان چۆنایەتیەکی چینایەتی وەك (بورژوازی) یان تەنانەت (بورژوازی بچوك) و لەهەموو حاڵەتەکانیشدا وەك (ئەندامێکی دژی بەشۆڕش)ی بۆ دابهێنرێ. (سیرگی مولغونوف) مێژونوسی سوشیالیستی لەساڵی ١٩٢٤ لەکتێبێکدا لەبەرلین لەژێر ناوی (ئیرهابی سور لەروسیا) یەکێك لەئاموژگاریەکان دەهێنێتەوە کە لاتزیس سەرۆکی پۆلیسی سیاسی بەلشەفیەکان کە ئەو دەمە بە (تشیکا) دەناسرا، لەتشرینی دووهەمی ١٩١٨دا بۆ دەستەو دایرەکەی ناردووە (ئێمە جەنگ دژی کۆمەڵێ کەسی دیاریکراو ناکەین.. بەڵکو بورژوازی وەك چینێك لەناودەبەین. . . لەبەرئەوە لەکاتی لێپرسینەوەدا بەدوای ئەو بەلگەو شتانەدا مەگەڕێن کە تاوانبار بەقسە یان

کـردار دژی دەسـەڵاتی سـۆڤێتی چـیکردووە، پرسـیاری یەکـەم کەپێویـستە لەسـەرتان ئاڕاستەی بکەن ئەوەیە: سەر بە چ چینێکە، ئەسڵی چیەو پـەروەردەکردنو خوێنـدنو پیشەی چیە؟)

ئەوەی لەئەزموونی بەلشەفیدا زۆر تایبەتیەو دواتر ریتمی ئـەزموونی کـۆمنیزمی دەسەڵاتاوی پاش خۆشی دەستنیشان دەکات، گواستنەوەیە لەتوندوتیـژی ڕەمزیـەوە بـۆ توندوتیژی کرداری (عملی) و دامەزرانـدنی دەسـەڵاتێکی چەوسـێنەرانەی ڕەها کـە بـە (دیکتاتۆری پـرۆلیتاریا) ناونـرا.. چەمکێك کە لەدەربڕینێکەوە وەرگیراوە کە بەرێکەوت لەیەکێك لەنامەکانی مارکسدا هاتووە. لەراستیدا لینین بەتایبـەتی لـە کتـێبی (شۆڕشـی پرولیتاریـاو کاوتـسکی هەلگـەڕاوە)دا کـە لەسـاڵی ١٩١٨دا دەرچـوو، تیورەسـازی گـەورەی چەمکی (دیکتاتۆری پرۆلیتاریا) بوو.

لـەو کتێبـەدا کـەناومان هێنـا گـوتیو چـەندانجاریش دووپـاتیکردەوە کـە (دەوڵـەت لەدەستی چینی بـاڵا دەسـتدا ئامێرێکـە بـۆ تێکوپێکدانی دوژمنـە چـینایەتیەکانی. لـەم ڕوانگەیەوە دیکتاتۆری پرۆلیتاریا جیاوازی نیە لە دیکتـاتۆری چـینەکانی تـر). چـونکە دەوڵەتی پرۆلیتاریای ئامێرێکـە بـۆ تێکشکاندنی بورژوازیـەت. ئاشکراشـە دیکتـاتۆریو توندوتیـژی کـرداری، هـاوڕێی هەمیـشەیی یـەکن. لیـنین دەڵێـت (دیکتاتۆریـەت دەسـەڵاتێکە، پـشت بەتوندوتیـژی دەبەسـتێتو هـیچ یاسـایەکیش کۆنترۆڵیناکـات. دیکتـاتۆری شۆڕشـگێڕانەی پرۆلیتاریـاش دەسـەڵاتێکە بەتوندوتیـژی دەگیرێـتو بەتوندوتیژیش پارێزگاری لێدەکرێ. ئـەو توندوتیژیـەی پرۆلیتاریـا لەسـەر بـورژوازی پراکتیکی دەکات.. بێئەوەی هیچ یاسایەك کۆنترۆلێبکات).

ئەم توندوتیژیە کە بەهیچ یاسایەك ڕێی لـێناگیرێ، جگـە لـە لـەناوبردنی دوژمـنی چینایەتی، تیورەسازی دووهەمی خۆی لەترۆتسکیدا دەدۆزرێتەوە کە لەشەڕی نـاوخۆدا سـەرۆکی لەشـکری سـوربوو. تروتـسکی لـەکاتی شـەڕەکەداو بـۆ بـەرگریکردن لـەئیرهاب نوسی (دەتـوانین و لەسـەرمانە لەخـەڵك بگەیـەنین ئێمـە لەسـەردەمی شـەڕی نـاوخۆدا (حەرەسی سپی) لـەناو دەبـەین بۆئـەوەی کرێکاران لەناونەبـەن، یەکـەم شت پێویـستە بیکـەین ئەوەیـە دوژمـن بخەینـە حاڵەتێکـەوە کـە توانـای ئـازاردانی نـەمێنێ، ئەمـەش تەرجومە ناکرێت بۆ واقع بەلەناوبردنی دوژمن نەبێت. لەشۆڕشدا وەك جەنگ ئـەوەی پێویستە بکرێت، تێکشکانی ئیرادەی دوژمنو ناچارکردنی بەتەسـلیمبوونو قبـوڵکردنی

مەرجەکانی سەرکەوتووە. مەسەلەی ئەوەش ئایا دەسەڵات لەوڵاتدا بۆ کێ دەبێت، واتـە مەسەلەی زانینی ئەوەی ئایا بورژوازیەت بەزیندوی دەمێنێتـەوە یـان دەمرێـت، شـتێك نیە کە بەگەڕانەوە بۆ مادەکانی دەستور چارەسەربکرێت، بـەڵکو تـەنها بەگەڕانـەوە بـۆ هەموو شێوەکانی توندوتیژی چارەسەر دەکرێ).

ئەم وێنایە بۆ نەیاری سیاسی وەك ئەوەی دوژمنەوەو دەبێ لەڕێی توندوتیژیـەوە لەناوببرێ، دەبێتـە هـۆی ئـەوەی شـەڕی نـاوخۆ ببێـت بەشـێوەی هەمیـشەیی خـەباتی سیاسی. بەهەرحاڵ هەمیشە شەڕی ناوخۆ پێویستی بەداهێنانی دوژمن هەیە. لێـرەوە جەنگی سور دژی سپی لە ١٩١٨ ، ١٩٢١دا هەر لەسەرەتاوە لەناوخۆیدا کۆمەڵێك جـەنگی تری حەشاردابوو: شەڕی بەلشەفیەکان دژی سوشیالیزمە شۆشگێڕەکانو مەنەشـفیکە چەپەکان، جەنگی حیزب دژی جوتیارن لەسەردەمی قاتوقڕی گـەورە لـە ١٩٣٣،١٩٣٢داو دواجار جەنگی دەوڵەتی ستالینی دژی سەرجەم کۆمەڵگا.

لەو فەزا هیزائیەشدا کـە بیرۆکـەی جـەنگی چـینایەتی هەمیـشەیی دروسـتیدەکات، بەوشـێوەی لـەپراکتیکو تیـۆرەی بەلـشەفیدا چـووە جێـی بیرۆکـەی مارکـسیزم بـۆ ململانێی چـینایەتی، دەکرێـت خـودی (هاوڕێکـانی) دوێنـێش بـبن بـە(دوژمنـەکان)و هەموو رقێکی چینایەتی (پیرۆزیان) بەسەردا دابارێنێتو ڕاپێچکرێن بـۆ پاکتـاوکردنو لەناوبردن. بەمشێوە ستالین هـەزاران لیستەی لـەکاتی پاکتـاوکردنی گـەورە لـە (١٩٣٦ ـ ١٩٣٨)دا بـەئیمزای خـۆی مـۆرکرد، کـە نـاوی ئـەو هاوڕێیانـەی تیـابوو کـە دەبـوو لەسـێدارەبدرێن. دەرئـەنجامی ئەمـەش لـەناوبردنی ٦٩٠٠٠٠ کـەس‌و گـرتنی ٨،١ ملیـۆن کەسیتر بوو. لـەو ڕۆژگـارە ڕەشـەدا وەك (یـۆری مـارتۆف) مەنـشەف پێـشبینیکرد، ئیـدی (جەلاد) بوو بە (سیمای ناوەندی ژیانی ڕوسی). بەمشێوەیە بەپێی دەربـڕینی نوسـەری مارکـسی (فاسـیلی غروسمـان) کـە پۆلیـسی نهـێنی سـۆڤێتی دەستنوسـەکانی لـەناوبرد، (چەقۆ) بوو بـە (تیورەسـازی گـەورەی) ئـەو کوشـتارگا گەورەیـەی کـە (ولاتـی یەکـەمی سوشیالیزم) لەسەردەمی ستالیندا بەسەریهات.

خـاڵی ترسـناك ئەوەیـە تەنانـەت (پـارێزەرانی هوشـیاری)ش کـە ئەنـدامی ئەنتلجنسیای ڕوسین، نەیانتوانی خۆیان لـە وەبـای ئـەم جەنگـە چـینایەتیو ناوخۆییـە هەمیشەییە بپارێزن. بەمـشێوەیە نوسـەرێکی (هیومـانی) گـەورەی وەك گـۆرگی تـوانی بنوسێ (سەرجەم ئەو شتانەی کاتیان بەسەرچووە، دژمـان رادەوەسـتن، لەبەرئـەوە مـافی

خۆمانە، خۆمان لەجەنگێکی ناوخۆی بەردەوامدا ببینین. لێرەوە ئەو دەرئەنجامەی بەشێوەیەکی سروشتی خۆیمان بەسەردا دەسەپێنێ ئەوەیە: ئەگەر دوژمن تەسلیم نەبێت، پێویستە لەڕەگەوە دەریبهێنین) هەر لەبەر ئەمەش گورگی لەنامەیەکی کراوەدا ولامی لایەنگرانی مافی مرۆڤی دایەوە کە ناڕەزایینامەیەکیان بەئیمزای ئەلبێرت ئەنیشتاینو توماس مانو کەسانی دی، لەسەر حوکمی لەسێدارەدانەکانی مۆسکۆ بلاوکردبۆوە، لەو نامەیەدا دەڵێ (من ئەم لەسێدارەدانانە تەواو بەڕەوا دەزانم، چونکە بۆ دەسەلاتی کرێکاریو جوتیاری زۆر سروشتیە کە دوژمنەکانی وەك مێرولە قەلاچۆ بکات). بگرە گورگی خۆی نامەیەکی بۆ (رومان رولانی) هاوڕێی کە یەکێکە لەو کەم نوسەرە گەورە فەرەنسیانەی کە هیومانی و پێشکەوتنخوازن، نوسیبوو کەتیایدا دەڵێ (هەستدەکەم رولان بەوریاییو ویژدانانەتر بڕیارت لەسەر ئەو روداوە ناوخۆیانە دەدا کە لەیەکێتی سۆڤێت رووەدەن، ئەگەر بڕوا بەم راستیە سادەیە بهێنی: رژێمی سوڤێتیو پێشەنگی چینی کرێکاران، خۆیان لەشەڕێکی ناوخۆ واتە لەشەڕی چینایەتیدا دەبینن. ئەو دوو دوژمنەی کەجەنگی لەگەڵدادەکەن، و دەشبێ بیکەن ــ ئەنتلجنسیایەیە کە هەوڵدەدا رژێمی بورژوازی بژێنێتەوە.، و جوتیاری دەوڵەمەندە کە بەبەرگریکردن لەمۆڵکایەتی بچوکی خۆی دەبێتە بەربەستی رەوتی کۆکردنەوە)[1]

هەر لەو ساڵەشدا ئاراگۆن قەسیدەیەکی نووسی کە لەدیڕێکدا دەڵێ (چاوە شینەکانی شۆڕش لەتوندوتیژیەکی پێویستدا، دەدرۆشێتەوە)

کەوابوو توندو تیژی تەنها لەعەقڵودڵی ستالیندا نەبوو. بەڵکو هەروەها بەشێوەیەکی سەرەکی لەخودی عەقڵی شۆڕشدا بوو، واتە لەتیورەکەیدا.

ئەمەش ئەو شتەیە کە لەخوێندنەوەی ئەم کتێبە رەشەی کۆمنیزمدا کە شۆڕشگێڕە کۆنەکان نوسیویانە، ئازارتدەداو دەتتۆقێنێ.

لەبەرئەوە ستیفان کۆرتوا لەدەمی هەمویانەوە وانەکە بەمشێوەیە کۆتایی پێدێنێ:

هەرچیەك نامرۆڤانەیە، شێتیە

هەرچیەکیش توندوتیژی بەرهەم دێنێ، نامرۆڤانەیە

کەوابوو هەموو توندو تیژیەك، شێتیە.

لە نامەکەی شۆڵۆخۆف نوسەری (دونی ئارام) بۆ ستالین لە ٤ ی نیسانی ١٩٣٣ دا

هاوڕێ ستالین:

پارێزگای فیشنسکی وەك زۆربەی پارێزگاکانی قەفقازی باکور، نەخشەی تەسلیمکردنی گەنمی جێبەجێ نەکرد، نەك لەبەر (تێکدانێکی کۆلاگیانە) بەڵکو بەهۆی خراپی سەرۆکایەتی ناوچەیی حیزبەوە..لەکانونی یەکەمی رابردوودا لیژنەی هەرێمی حیزب پەیامێکی بۆ (پەلەکردن) لە هێرشی کۆکردنەوە بەنوێنەرێکدا نارد کە هەموو دەسەلاتێکی پێبەخشرابوو کە ئەویش هاوڕێ ئۆفتشنکۆفە، ناوبراو ئەم هەنگاوانەی خوارەوەی نا:

دەستبەسەراگرتنی سەرجەم گەنمەکان تەنانەت بەو (سلفە) یەشەوە کە بەڕێوەبەرایەتی کۆلخۆزەکان وەك تۆو بۆ بەرهەمی ساڵێکی دی، پێشکەش بە کۆلخۆزیەکانی کردووە.

دابەشکردنی ئەو بڕە داواکراوەی کە دەبێ کۆلخۆزیەکان بیدەن بە دەوڵەت، بەسەر هەر خێزانێکی جێی مەبەستدا. دەرئەنجامی ئەمکارانە چیبوو؟ جوتیارەکان هەر کە دەسبەسەراگرتن دەستیپێکرد، هەڵسان بە شاردنەوەی گەنمو دفنکردنی. ئەمەش هەندێك ژمارە کە دەرئەنجامی ئەو هەموو دەستبەسەراگرتنەیە: ٥٩٣٠ قنتار گەنم کە (دۆزرایەوە) .. ئەمەش هەندێك لەو شێوازانەیە کە بۆ کۆکردنەوەی ئەو ٥٩٣ (تەنە) کە هەندێکی دفنکرابوو، بەکار هێنرا.. لە ١٩١٨ وە!

شێوازی سارد: کۆلخۆزی رووت دەکرێتەوە و (لە سەرمادا) دادەنرێت.. بە رووتی لە مەخزەندا. زۆرجاریش کولخۆزیەکان بەکۆمەڵ روت دەکرێنەوەو بە کۆمەڵیش لەسەرمادا دادەنرێن.

شێوازی گەرم: پێکانی کۆلخۆزیەکانو دامێنی تەنورەکانیان بەگاز ئاورشێن دەکرێتو ئاگری تێبەردەدرێ، پاشان ئاگرەکە دەکوژێنەوەو جارێکی دی لەسەرەتاوە دەست پێدەکەنەوە. (بلۆتکین) لەکۆلخۆزی (نابۆلۆفسکی)دا کە نوێنەری لیژنەی پارێزگایە و خاوەنی هەمو دەسەلاتەکانە، کۆلخۆزیەکان ناچاردەکات لەسەر زۆپایەك راکشێن کە تا ئاستی سوربوونەوە گەرمە، پاشان بە زیندانیکردنیان بە رووتی لەمەخزەندا، (ساردیان دەکەنەوە). لە کۆلخۆزی لیبیانسکیدا کۆلخۆزیەکان لەبەردەم دیوارێکدا ڕیز دەکرێن و حوکمی لەسێدارەدانی درۆزنانەیان بەسەردا جێبەجێدەکرێ.

دەتوانم ئەم نمونانە تا بێکۆتای درێژ بکەمەوە. ئەمە ناچێتە ناو خانەی خراپ بەکارهێنانی دەسەلاتەوە، بەڵکو ئەمە شێوازی باوە لەکۆکردنەوەی گەنمدا.

ئەگەر نامەکەمت بە شایەنی بایەخدانی لیژنەی ناوەندی زانی، ئەوا کۆمۆنیستی حەقیقی بنێرە کە ئازایەتی ئەوەی تیابێت دەمامك لەسەر سیمای ئەو کەسانە لابدات کە لەم پارێزگایەدا جەزرەبەی کوشندەیان لە بینای کۆڵخۆزیدا.

تۆ تەنها هیوامانی.

دڵسۆزت: میخائیل شۆلۆخۆف.

وەڵامەکەی ستالین بۆ شۆلۆخۆف لە (٦ ی ئایاری ١٩٣٣) دا:

هاوڕێی ئازیز شۆلۆخۆف

نامەکتم بەدەست گەیشت. رازیبووین بەو یارمەتییەی داوات کردبوو. هاوڕێ (شکر یاتۆف) م ناردووە بۆئەوەی چارەسەرێك بۆ ئەوکێشانە بدۆزێتەوە کە بۆت باسکردوم. داوات لێدەکەم یارمەتیبدەی. بەڵام هاوڕێ شۆلۆخۆف: ئەمە هەموو ئەو شتانە نیە کە دەمەوێ پێتی بڵێم. چونکە نامەکەت وێنەیەك دروستەکات کە ناتوانم بە بابەتی وەسفیبکەم. بەم بۆنەیەوە دەمەوێ چەند رستەیەکت بۆ بنووسم.

سوپاسمکردی بۆ نامەکەت کە ئاشکرای نەخۆشیەکی بچوك لە دەزگاکەماندا دەکات و دەریدەخات کە هەندێ فەرمانبەری حیزب بەهۆی ئارەزووی پێشکەشکردنی کاری باشەوە، واتە بۆ چەککردنی دوژمنەکانمان، دەستدرێژی دەکەنە سەر هاوڕێکانمانو رەنگە تا ئاستی سادیەت زیادەڕەویبکەن. بەڵام ئەم سەرنجانە مانای ئەوە نیە بۆ هەموو شتەکان لەگەڵتام. تۆ تەنها لایەکی شتەکان دەبینیو بەوشێوەیە نایبینی کە پێویستە. بەڵام ئەوە تەنها لایەنێکە. بۆئەوەی هەڵەش لەسیاسەتدا نەکەیت نامەکانیشت بابەتی ئەدەبی نین، سیاسی رووتن — دەبێ رووکەی تری واقع ببینی. رووکەی تریشی ئەوەیە جوتیارە بەڕێزەکانی پارێزگاکەت — بەتەنها هەر پارێزگاکەی ئێوە نا — دەستیان بە مانگرتن و تێکدانکردو بەمەبەست سوپای سوریان بەبێ نان هێشتەوە! ئەگەر ئەم تێکدانەش لەروکەشدا بەبێدەنگی (و بێ رژانی خوێن) بەڕێوەچوو، ئەوا ئەمە هیچ لەجەوهەری مەسەلەکە ناگۆڕێت کە ئەویش ئەوەیە جوتیارە بەڕێزەکان جەنگێکی تێکدەرانەیان دژی دەسەلاتی سۆڤێتی بەرپاکردووە.

جەنگ تا مردن، ئەی هاوڕێ شۆلۆخۆڤی ئازیز!

بێگومان ئەم دیاریکردنانە رەوایەتی بەو شێوازە توندوتیژانە نادات کە بەپێی تەقدیری تۆ، فەرمانبەرەکانمان ئەنجامیانداوە. لەبەرئەوە لەسەر ئەو رەفتارانە لە تاوانباران دەپێچێنەوە. بەڵام ئەوەی وەك رۆژی روون دیارە ئەوەیە جوتیارە بەڕێزەکانمان مەڕی مردوو نین وەك ئەوەی یەکێ نامەکەی تۆ بخوێنێتەوە، واتێی دەگات.

داوای باشترین تەندروستیت بۆدەکەم. تەوقەت لەگەڵ دەکەم.

دڵسۆزت: ج. ستالین.

پەراوێز:

بۆئەوەی ستەم لەگورگی نەکەین دەبێ ئەوەش بڵێین کە پێش ١١ ساڵ و بەدیاریکراوی لە ٦ ی ئەیلولی ١٩١٩ دا و لەسەر گرتنی دەیان زانا لەوکاتەدا، نامەیەکی ناڕەزایی بۆ لینین نارد کە تیایدا هاتووە (بە بڕوای من سامان و هێزی هەر گەلێك بە چەندایەتیو چۆنایەتی وزەی فکری، دەپێورێ.

شۆڕشیش هیچ مانایەکی نیە ئەگەر هانی پێشکەوتن و پەرەسەندنی ئەم وزەیە نەدات. دەبێ پیاوانی زانست بەحورمەتو رێزێکی زۆرەوە مامەڵەیان لەگەڵبکرێ. ئێمە لەکاتێکدا وادەزانین خۆمان رزگاردەکەین، ئەوا سەری گەل دەبڕینو دەماغی لەناو دەبەین).

لینینیش بەهەمان تونديڕەوی ناسراوی خۆیەوە لەسەر رۆشنبیران، وەلامیدایەوە (هەڵەیە گەر هێزە فکرییەکانی گەلو هێزە ئەنتلجنسیای بورژوازی تێکەڵبکەین. هێزی فکری کرێکاران و جوتیاران لە تێکۆشاندا لەدایك و گەورە دەبێت بۆ رمانی بورژوازیو نوێنەرانی: ئەو رۆشنبیرە زەرپانەی، خزمەکاری سەرمایەدارنو بەخەیاڵی خۆیان دەماغی گەلن.. بەڵام لەڕاستیدا ئەوانە دەماغی نین، بەڵکو گووەکانین).

تێبینی: ئەم وتارە لە گۆڤاری (ابواب – عدد ١٨ – ساڵی ١٩٩٨) دەوە وەرگیراوە کە (دار الساقی) دەریدەکات.

Stephan courtois et Autres Lelivere Noir du commnisme *
Pages، 84، Paris – 1997،Edition Laffont،

پەرەسەندنی تێڕوانینی فرۆید بۆ توندوتیژیو وێرانکاری

ن. ئەریك فرۆم

رەنگە بەرجەستەترین رەگەز لەلێکۆڵینەوەی فرۆیدا دەربارەی توندوتیژی

ئەوەبێت کە تا ساڵی ١٩٢٠ کەمتر سەرنجی لەتوندوتیژی و وێرانکاری مرۆیی داوە. خودی فرۆید چەند ساڵ دواتر لە"ژیارو خراپەکانیدا" ١٩٣٠ ئەم سەرگەردانیەی بەمشێوەیە دەربڕی "بەڵام چیدی ناتوانم تێبگەم چۆن توانیومانە ئامادەبوونی هەمەلایەنی وێرانکاریو توندوتیژی ناسێکسی لەبەرچاو نەگرین و نەمانتوانیوە لەتەفسیری خۆماندا بۆ ژیان جێگەی شایستەی خۆی پێبدەین"(١).

بۆ تێگەیشتن لەم کوێربوونە سەرسوڕهێنەرە، وا باشە خۆمان لەجێی چینە ناوەراستەکانی کۆمەڵگای ئەوروپی پێش یەکەمین جەنگی جیهانی دابنێین. لەساڵی ١٨٧١ وە هیچ جەنگێکی سەرەکی لەئارادا نەبوو. بورژوازی هەم لەرووی سیاسیو هەم لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە بە شێوەیەکی بەردەوام پێشدەکەوت و بەهۆی باشبوونی بەردەوامی هەلومەرجی چینی کرێکاریشەوە، دوژمنایەتی نێوان چینەکان کەمتر دەبینرا. جیهان ئاشتیخوازانە دەردەکەوتو هەرچی زیاتر شارستانیتر دەبوو. بەتایبەتی کاتێك هیچ سەرنجێك لەبەشی گەورەتری نەژادی مرۆڤ نەدەدرا کە لەئاسیاو ئەفریقاو ئەمریکای باشوردا لەهەلومەرجێکی فەقیری ئاشکراو دزێودا دەژیان. وێرانکاری مرۆڤ وەك هۆکارێك دەردەکەوت کە لەسەدە تاریکەکان و پێش ئەوانیدا دەورێکی هەبوە، و بەڵام ئەم سەردەمە جێی خۆیداوە بە عەقڵ و خێرخوازی. ئەو گرفتە دەروونیانەی دەردەکەوتن ئەو گرفتانە بوون کە سەرچاوەکەیان دەگەڕایەوە بۆ بنەما ئەخلاقیە لەرادەبەدەر سەختگیرانەی چینی ناوەڕاست، و فرۆید ئەوەندە لەژێر کاریگەری ئەو بەلگانەدا بوو کە پەیوەندی بە دەرئەنجامە خراپەکانی سەرکوتکردنی جنسیەوە بوو، کە نەیتوانی گرنگی مەسەلەی توندوتیژی بزانێت، تا ئەوکاتەی کە بەهۆی یەکەمین جەنگی جیهانیەوە چیدی نەیدەتوانی فەرامۆشیبکات، ئەم جەنگە هێڵێکی دابەشکەرە لەپەرەسەندنی تیۆرەی فرۆیدا دەربارەی توندوتیژی.

فرۆید لە"سێ وتار لەبارەی تیۆرەی جنسیەوە" (١٩٠٥) توندوتیژی بە یەکێك لە"غەریزە لاوەکیەکان"ی غەریزە جنسیەکان دادەنا. دەنوسێت "بەمشێوەیە سادیزم پەیوەستە بە بەشی توندوتیژی غەریزەی جنسیەوە کە سەربەخۆ بوەو زیادیکردوە و بە [هۆی میکانیزمی] جێگۆڕکێوە، جێگەیەکی بالادەستی داگیرکردووە"(٢).

بەهەرحاڵ وەك زۆربەی بابەتەکانی دی لەنووسینەکانی فرۆیددا بە پێچەوانەی

هێڵی سەرەکی تیۆری خۆیەوە، بیرۆکەیەکیش هەبوو کە دەبوو تا ماوەیەکی زۆر بەدەست لێنەدراوی بمێنێتەوە. لەبەشی چواری سێ وتاردا دەنوسێت "دەکرێ گریمانەی ئەوە بکەین ئەنگێزەکانی تۆندوتیژی لەو سەرچاوانەوە هەڵدەقوڵێن کە لەراستیدا لەئارەزووی جنسی سەربەخۆن، بەڵام لەقۆناغە سەرەتاییەکاندا لەگەڵیدا یەکدەگرن"(٣).

بەڵام لەگەڵ ئەم دەربڕینەشدا چوار ساڵ پاش ئەمە، فرۆید لەبەسەرهاتی هانزی بچوکدا زۆر راشکاوانە لەشیکردنەوەی ترس لەمنالێکی پێنج ساڵەدا گوتی: "ناتوانم خۆم بەوە قایلبکەم کە لەبەرامبەر غەریزە ئاشناکانی پاراستنی خودو غەریزەی جنسیدا، بەهەمان گرنگیەوە بوونی غەریزەیەکی تۆندوتیژی بەگریمانەوەربگرم"(٤). لەم یاسارێژکردنەدا دەکرێ بوونیی دوودڵییەکی دیاریکراو لەدەربڕینەکەی فرۆید دەستنیشان بکەین. "ناتوانم خۆم قایل بکەم" بەتەواوی و بە هێزەوە بەمانای نەفی سادەو کامڵ نیە، وەسفی زیادەی "بەهەمان گرنگیەوە" پێدەچێ کە ئەو ئەگەرە بهێڵێتەوە کە رەنگە تۆندوتیژیەکی سەربەخۆ هەبێت، ئەگەرچی هەمان ئەو گرنگیەی ئەو دوانەی دی نەبێت.

فرۆید لە"غەریزەکان و ئاڵۆگۆڕەکانیدا" ١٩١٥ درێژەی بەهەردوو هێڵە فکریەکە دا [واتە] وێرانکاری وەک بەشێک لەغەریزەی جنسی و وەک هێزێکی سەربەخۆ لەئارەزووی جنسی.

" سەرەتاترین قۆناغەکانی عەشق وەک ئامانجە جنسیە تێپەڕەکان دەردەکەون، لەکاتێکدا کە غەریزە جنسیەکان بە پەرەسەندی ئاڵۆزی خۆیاندا تێدەپەڕەن. وەک سەرەتای ئەم ئامانجانە، دەستنیشانی قۆناغی خۆگونجاندن یان قوتدان دەکەین. نمونەیەک لەعەشق کە بە لەناوبردنی بوونی جیاوازی شتەکەوە خۆگونجێنەرەو لێرەوە دەکرێت وەک دوو هەستی دژبەیەک و هاوکات پێناسەی بکەین. لەقۆناغی بالآتردا دەزگای "پێش تەناسولی سادیستی- کۆمی"دا، هەوڵدان لەپێناوی شتدا وەک ئارەزوویەک بۆ دەسەلاتداری دەردەکەوێت کە لەناوبردن یان زیانگەیاندن بەشت هیچ گرنگیەکی بۆی نیە. لەم قۆناغە سەرەتاییەدا جیاکردنەوەی ئەمشێوەیەی عەشق لەرق لەسەیرکردنیدا بۆ شت، ئەستەمە. تا کاتێک کە دەزگای تەناسولی دروست

نەبووبێ، عەشق لەبەرامبەر رقدا ناوەستێت" (٥).

بەڵام فرۆید هەر لەم وتارەدا هەڵوێستێکی دیش هەڵدەبژێرێ کە لەسێ وتاردا بەیانکراوە -ئەگەرچی تا ساڵی ١٩١٥ گۆڕانی بەسەردا هاتبوو- واتە قبوڵکردنی تۆندوتیژی سەربەخۆ لەغەریزەی جنسی. ئەم گریمانەیەی دی بڕوایوایە غەریزەکانی خود سەرچاوەی تۆندوتیژین. فرۆید دەنوسێت:

"رق وەک پەیوەندیەک بە شتەکانەوە دێرینترە لەعەشق. سەرچاوە لەنکوڵیکردن لەیەکەم جیهانی دەرەکی لەگەڵ لێشاوی بزوێنەرەکانیدا، بەهۆی خودێکی نەرجسیەوە دەگرێ. وەک دەربڕینێک لەکاردانەوەیەکی ناشاد کە بە هۆی شتەکانەوە وروژێنرابێ، هەمیشە لەپەیوەندیەکی نزیکدا دەبێت بە غەریزەکانی پاراستن لەخودەوە، بەشێوەیەک کە غەریزەکانی خودو غەریزە جنسیەکان دەتوانن ئانتی تزێک پێشکەشبکەن، کە ئانتی تزی عەشق و ڕق دووبارە دەکاتەوە. کاتێک غەریزەکانی خود بەسەرکرداری جنسیدا زاڵ دەبن، وەک لەقۆناغی رێکخراوی سادیستی کۆمیدا شتێکی وا دێتەپێشەوە، خەسڵەتەکانی رق بە ئامانجی غەریزی دەدات" (٦).

لێرەدا فرۆید گریمانەی ئەوە وەردەگرێ کە رق دێرینترە لەعەشق و رەگی لەغەریزەکانی خود یان غەریزەکانی پاراستن لەخود دایە، کە بەر لەهەر شتێک "پرۆسەی بزوێنەرە" هەبووەکانی جیهانی دەرەوە ئینکار دەکات و ئانتیتزی ئەنگێزە جنسیەکانە. لێرەدا باشتر وایە ئاماژە بەوە بدەین ئەم هەڵوێستە، گرنگیەکی زۆری بۆ سەرجەم نموونەی مرۆڤی فرۆیدی هەیە. منالێ بە شێوەیەک دەرکدەکرێ کە بەر لەهەر شتێک نکوڵی لەبزوێنەرەکان دەکات و رقی لەجیهانە لەبەر دەستێوەردانەکانی. ئەم هەڵوێستە لەگەڵ هەڵوێستێکی دیدا کەبە بەڵگەی کلینیکی زۆر سەلێنراوەو بەتازەیی پەیدابووە، جیاوازە. هەڵوێستەکەی دی پیشانیدەدات مرۆڤ و تەنانەت ئەو کۆرپەلەیەی کە چەند رۆژێک بەسەر لەدایکبوونیدا تێدەپەڕێ، ئارەزوومەندی بزوێنەرەکانەو پێویستی پێیانە، هەمیشە رقی لەجیهان لەبەر دەستێوەردانەکانی نیە.

فرۆید لەهەمان ئەو وتارەدا لەیاسارێژی خۆیدا بۆ رق، هەنگاوێک لەمەش زیاتر دەنێت:

خود رقی لەهەموو ئەو شتانەیە کە سەرچاوەی هەستێکی ناخۆشن، لەو شتانە دەترسێتو بە مەبەستی لەناوبردنیان بەدویان دەکەوێت، بێئەوەی رەچاوی ئەوەبکات ئایا ئەوانە بە مەبەستی ناکامکردنی خۆشنوودی جنسی یان تێرکردنی پێداویستیەکانی پاراستن لەخود دەبن یان نا. لەراستیدا دەکرێ بگوترێت کە نموونەی سەرەتای و راستەقینەکانی پەیوەندی نەك لەژیانی جنسیەوە، بەڵکو لەململانێی خودەوە بۆ پارێزگاریو پاراستنی خۆی سەرچاوە دەگرێت"(٧)

یەکەم قۆناغی بیرکردنەوەی فرۆید لەبارەی وێرانکاریەوە، بە وتاری غەریزەو ئاڵوگۆڕەکانی تەواو دەبێت. بینیمان فرۆید هاوکات دوو تێڕوانینی بەیەکەوە دەبردە پێش: وێرانکاری وەك بەشێك لەئارەزووی جنسی (سادیسمی دەمی و کۆمی) و وێرانکاری کە سەربەخۆ لەغەریزەی جنسییە، وەك خەسڵەتێکی غەریزەکانی خود کە دژی دەستێوەردانی بزوێنەرە دەروونیەکانەو رقی لێیەتی و رێگرە لەتێرکردنی پێداویستیە جنسیو پێداویستیەکانی پارێزگاری خود.

لەساڵی ١٩٢٠دا بە میتابنەڕەتی لەزەت" Beyond the Pleasure principle فرۆید دووبارە پیاچوونەوەیەکی بنەڕەتی لەبارەی تیۆرەی غەریزەکانەوە دەستپێدەکات. لەم بەرهەمەدا فرۆید خەسڵەتەکانی غەریزە دەگەڕێنێتەوە بۆ "وەسواسی دووبارەکردنەوە" کە خەسڵەتەکەی بەشێوەیەکی درێژتر لە"من و ئەو"دا (١٩٢٣) و لەنووسینەکانی تریدا دەخاتە ژێر باسەوە. ئەم دوالیزمە تازەیەی غەریزەکانی ژیان (عەشق) و مەرگ دەبێتە جێنشینی دوالیزمی یەکەمی غەریزەکانی جنس و خود. گەرچی فرۆید هەوڵدەدات ئیرۆس لەگەڵ وزەی دەروونی جنسیدا بەیەك شت دابنێت، بەڵام دوو جەمسەریە تازەکەی بۆ ئارەزوو چەمکێکی یەکسەر جیاواز لەتێڕوانینی پێشوو دەخاتە ڕوو.

فرۆید لە**ژیارو ناخۆشیەکانی**دا (١٩٣٠) خۆی روونکردنەیەکی کورت لەبارەی پەرەسەندنی تیۆرە تازەکەیەوە پێشکەشدەکات. دەنوسێت:

لەسەرەتادا غەریزەکانی خودو غەریزەکانی بابەت لەبەرامبەر یەکدا راوەستان. وشەی لێبیدۆم بۆ ئاماژەکردن بە وزەی دووهەمیو تەنها بۆ غەریزەکانی دووهەم بوو کە بەکارمهێنا. بەمشێوەیە ئانتی تزی نێوان غەریزەکانی خودو غەریزەکانی "جنسی" عەشق (بە فراونترین مانای خۆی) کە رووی لەبابەتەکان کردووە.. بەڵام

[بە سەرنجدان لەسادیزم] توانرا بەسەر ئەم پەرش و بڵاویەدا زاڵبین. بەدەر لەهەر شتێك سادیزم بەئاشکرا بەشێکە لەژیانی جنسی کە لەچالاکیەکانیدا دڵڕەقی دەتوانێت جێگەی سۆز بگرێتەوە.. هەنگاوی کاریگەر بۆ پێشەوە بە ناسینی چەمکی نەرجسی بوو.. واتە ئەو دۆزینەوەیە کە وزەی دەروونی دەتوانێت لەسەر "**خود**" چەقبگرێت کە لەراستیدا خۆی جێگەی سەرەکی وزەی دەروونیە و تارادەیەك وەك ناوەندی بەڕێوەبردنی وایە.. هەنگاوی دوای من لەکتێبی "میتابنەڕەتی لەزەتەوە" (١٩٢٠) نرا. کاتێك کە وەسوەسەی دووبارە بوونەوەو خەسڵەتی پارێزگارانەی ژیانی غەریزی بۆ یەکەمجار سەرنجی راکێشام. بە دەستپێکردن لەئەندێشە تیۆریەکانەوە لەبارەی سەرەتای ژیان و هاوکات [بە دەسپێکردن لە] سەرنجە بایەلۆجیەکانەوە بەو ئامانجە گەیشت کە سەرەڕای غەریزەی پارێزگاری ماوەی گیاندارو پەیوەستبوونی بە یەکە گەورەترەکانەوە، دەبێ غەریزەیەکی دی بوونی هەبێت کە لەهەوڵی دابڕانی ئەو یەکانەو گەڕانەوەیانە بۆ حاڵەتی سەرەتاییو نا ئۆرگانیمان. واتە سەرەڕای ئیرۆس، غەریزەی مەرگیش بوونی هەیە"(٨).

کاتێك فرۆید کتێبی " **میتا بنەڕەتی لەزەتی**" نووسی، بەهیچ شێوەیەك بڕوای بەوە نەبوو گریمانە تازەکەی بایەخێکی هەبێت. فرۆید دەنوسێ: "دەکرێ بپرسرێ ئایاو تا چ ئەندازەیەك خودی خۆم بڕوام بە حەقیقەتی ئەم گریمانانە هەیە کە لەم پەڕانەدا پێشکەشمکردوە. وەڵامی من ئەوەیە کە من خۆم قەناعەتم نەکردوە و بە دوای قەناعەت پێکردنی کەسیشدا نیم بۆ ئەوەی قبوڵیان بکات.؟ یان بەشێوەیەکی وردتر نازانم تا چ ئەندازەیەك بڕوام پێیانە"(٩).

پاش ئەوەی هەوڵیدا بینایەکی تیۆری تازە دابمەزرێنێ، بینایەك کە هەڕەشەی لەزۆربەی چەمکەکانی پێشوویدەکرد، و پاش ئەنجامدانی ئەمکارەش بەکۆششی بیرکردنەوەیەکی مەزن، ئەم راستگۆییەی فرۆید کە بەمشێوەیە لەسەرتاسەری نووسینەکانیدا دەدرەوشێتەوە، بەتایبەتی کار لەمرۆڤ دەکات. فرۆید هەژدە ساڵی دوایی تەرخانکرد بۆ ئەم تیۆرە تازەیەو هێواش هێواش بە چەمکێکی باوەڕ گەیشت کە لەسەرەتادا خاوەنی نەبوو. نەك بەو مانایەی هەندێك لایەنی تەواو تازەی بەم گریمانەیە بەخشی بێت، ئەوەی کردی پتر "تاو توێکردنی" بیرکردنەوە بوو کە

باوەڕی پێهێنا. رەنگە زۆر نائومێدکەرانەش بێ گەر بزانین، ئەو لایەنگرانەی بە راستی لەروانینەکانی تێگەیشتن و دەستیان تیایدا هەبوو، زۆر نەبوون.

تیۆرە تازەکە یەکەم دەربڕینی کاملّی خۆی لە"من و ئەو"دا (١٩٢٣) دۆزیەوە. ئەم گریمانەیە خاوەن گرنگیەکی تایبەتە کە:

"پرۆسەیەکی فیزیولۆژی تایبەت پەیوەندی بەهەر یەك لەدوو چینە غەریزەییەکانەوە دەکات، لەهەر ناوکێکی مادەیەکی گیاندارا هەردوو جۆری غەریزە هەرچەند بەڕێژەی نایەکسان، چالاکدەبن، بەشێوەیەك کە یەك مادە دەشێت نوێنەری بنەڕەتی ئیرۆس بێت. بەهەرحاڵ ئەم گریمانەیە هیچ تیشکێك ناخاتە سەر شێوەی پێکهاتن و تێکەڵاوبوون هەردوو چینی غەریزەکان. بەڵام ئەمە بەشێوەیەکی ڕێکخراو و زۆر فراوان بۆ ئەو گریمانەیەی کە بۆ تێڕوانینی ئێمە پێویستە. روودەدات. پێدەچێ بەهۆی پێکهاتەی ئۆرگانیزمە یەك خانەیەکان لەشێوەی فرەخانەی ژیاندا، غەریزەی مەرگ [وەك] خانەیەکی جیابۆوە دەتوانێت بەشێوەیەکی سەرکەتووانە لەکار بخرێت و ئەنگێزە وێرانکەرەکان بەهۆی هاوکاری ڕەگەزێکی تایبەتەوە، بگەڕێنرێتەوە بۆ جیهانی دەرەوە. پێدەچێ ئەم ڕەگەزە تایبەتە دەزگای عەزەڵات بێت و بەمشێوەیە غەریزەی مەرگ -ئەگەرچی ڕەنگە تەنها تا ڕادەیەك-وەك غەریزەی وێرانکردن دەردەکەوێت کە دژی دنیای دەرەوەو ئورگانیزمەکانی دی، ئاراستەی وەرگرتوە"(١٠).

فرۆید لەم یاسابەندیەدا لایەنی تازەی بیرکردنەوەی بەشێوەیەکی ئاشکراتر لە **میتابنەڕەتی لەزەت**دا ئاشکرا دەکات. لەجێی ڕەوتی فیزیۆلۆژی -میکانیکی تیۆرەی پێشوو کە لەسەر بناغەی نمونەی هەژان بەشێوەیەکی کیمیایی دروستکراوە و پێداویستی بە کەمکردنەوەی ئەم هەژانە بۆ ئاستی ئاسایی (بنەڕەتی شادی) خۆی هەیە، ڕەوتی تیۆرەی تازە ڕەوتێکی بایەلۆجیانەیە کە بە پێی ئەمە، هەر خانەیەکی زیندوو بە خاوەن دوو خەسڵەتی سەرەکی مادەی گیاندار دادەنرێ. ئیرۆس و ململانێ بۆ مەرگ. بەهەرحاڵ تێزی کەمکردنەوەی هەژان بە شێوەیەکی بونیادی تر پێشکەش دەکرێت: کەمکردنەوەی هەژان بۆ سفر (بنەڕەتی نێرڤانا).

فرۆید ساڵێك پاش ئەمە (١٩٢٤) لە"**مەسەلەی ئابووری مازۆشیزم**"دا هەنگاوێکی دی بۆ ڕوونکردنەوەی پەیوەندی نێوان دوو غەریزەکە دەنێت. دەنوسێ:

"ئەرکی وزەی دەروونی جنسی ئەوەیە کە غەریزەی وێرانکەری بێزیان بکات و ئەم ئەرکەش بەئاراستەکردنی ئەم غەریزەیە تا ئەندازەیەك بەرەو دەرەوە، بەرەو شتەکانی جیهانی دەرەوە -پاشان بەیارمەتی سیستەمێکی ئۆرگانیکی تایبەت بە ناوی دەزگای عەزەڵاتەوە، ئەنجامدەدات. کەوابوو ئەم غەریزەیەیان بە غەریزەی وێرانکاری، غەریزەی پەیوەست بە دەسەڵاتداریەوە یان ئیرادەی روو لەهێز ناوناوە. بەشێك لەم غەریزەیە ڕاستەوخۆ لەخزمەت کرداری جنسیدایە کە تیایدا کاریگەریەکی گرنگی دەبێت. ئەم سادیزمە کاملّە. بەشێکی دی لەجیگۆڕکێی روو لەدەرەوەدا بەشدار نیە، [بەڵکو] لەناو ئورگانیزمدا دەمێنێتەوەو بە یارمەتی ورژانی جنسی هاوڕێی، کە ڕوونمانکردەوە، لەرووی جنسیەوە لەوێدا دەستبەسەر دەمێنێتەوە. لەم بەشەدایە کە دەبێ مازۆشیزمی شەهوەتئامێزی بنەڕەتی بدۆزینەوە.(١١).

فرۆید لە"وتاربێژی پیشەکیە نوێکاندا" ١٩٣٣ هەڵوێستی پێشوو دەپارێزێ، فرۆید باس لەغەریزەکانی عەشق دەکا کە "لەهەوڵی پێکەوەگرێدانی هەرچی زیاتری مادەی زیندووەدایە بەشێوەی یەکەگەلێکی گەورەترو غەریزەی مەرگ کە ڕووبەڕووی ئەم هەوڵە دەوەستێتەوەو ئەوەی کە زیندووە دەگەڕێتەوە بۆ حاڵەتی نائۆرگانی"(١٢). فرۆید لەهەمان وتاربێژیدا لەبارەی غەریزەی وێرانکاری سەرەتاوە وای نووسی:

"تەنها لەدوو هەلومەرجدا دەتوانرێ دەرکبکرێ: ئەگەر لەگەڵ غەریزەکانی عەشقدا یەك بگرن بەشێوەی مازۆشیزم یان ئەگەر -بە بڕێك شەهوانیەتی زۆرتر یان کەمتر- دژی جیهانی دەرەوە ئاراستە وەربگرن، بەشێوەی توندوتیژی. ئەو کاتەش بەهۆی گەورەیی ئەم ئەگەرەوە هوشیاربووینەتەوە، کە ڕەنگە توندوتیژی بەهۆی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بەربەستە واقعیەکاندا، نەتوانێت لەڕێی جیهانی دەرەوەوە تێر بکرێت، لەحاڵەتی ڕووداوێکی وادا ڕەنگە پاشگەز بێتەوە و ئاستی خۆ وێرانکاری کە بەردەوام لەدەروواندا کاریگەرە، زیادبکات. دەبینین ئەمە لەراستیدا هەمان ئەو شتەیە کە ڕوو دەدات و چ پرۆسەیەکی گرنگیشە. پێدەچێ تووندوتیژی ڕاگیراو هەلگری زیان پێگەیاندنێکی جدی بێت، لەراستیدا وا دێتە پێشچاو، وەك ئەوەی پێویست بێت، شتێکی دی یان کەسێکی دی لەناوبەرین بۆ ئەوەی خۆمان لەناو

نەبەین. [دواجار] بۆ ئەوەی خۆمان لەئەنگێزەی خۆ وێرانکاری بپارێزن. [ئەمەش] لەراستیدا پەردە هەڵمالێنێکی جێی داخە بۆ مامۆستایانی ئەخلاق!"(١٣)

فرۆید لەدوا دوو نوسیندا کە دوو سالێك پێش مردنی خۆی نووسی، گۆڕانکاریەکی گرنگی لەو چەمکانەدا نەکرد، کە لەو ساڵانەی پێشودا پێشکەشی کردبوو. لە"**شیکردنەوەی کۆتادار و ناکۆتایدا**" ١٩٣٧ دیسان زیاتر جەختی لەهێزی غەریزەی مەرگ کرد. وەك چۆن "ستراچی" لەیاداشتەکانی ڕێکخەر [ویراستار] دا دەیهێنێتەوە "بەڵام بەهێزترین هۆکاری ڕێگر، هۆکارێك کە لەسەرو هەموو ئەگەرێکی کۆنترۆڵەوە دەبێت.. غەریزەی مەرگە"(١٤). فرۆید لە"نەخشەی دەروونشیکاری"دا لەساڵی ١٩٣٨دا نووسراوە، لەساڵی ١٩٤٠دا بڵاوبۆوە، بە شێوەیەکی ڕێکخراو گریمانەکانی پێشووی خۆی بێ هیچ گۆڕانکاریەك سەرلەنوێ دەسەلێنێتەوە.

سەرچاوە:

١- Freud. S. (1930). Civilization and its Pisontents S. F. Vol. 21.

٢- Freud, S. (1905). Three Essays and the theory of sexuolity. S. E, Vol. 7.

٣- I bid.

٤- Freud. S. (1909). Abalysis of a Phobia in a Five- Year- old boy. S. E. Vol. 10.

٥- Freud. S. (1915) Instincts and Their vicissitvdes. S.E, Vol. 14.

٦- I bid.

٧- I bid-7

٨- Freud. S. (1930) Civilization..

٩- Freud. S. (1920) Beyond the Pleusure Principle. S. E. Vol. 18.

١٠- Freud. S. (1923): the Eyo and thelld. S. E. Vol. 19.

١١- Freud. S. (1924). Economic Probem of Masochism. S. E. Vol. 19.

١٢- Freud. S. (1933). New Introductory Lectures S. E. Vol. 21.

١٣- I bid.

١٤- FrEUD. S. (1937). Analysis Terminable and Interminutle. S. E. Vol. 23.

ئەم وەرگێڕانە لەبەشی یەکەمی ئەو پاشکۆیەوە وەرگیراوە کە لەکۆتایی ئەم کتێبەدا هاتووە:

أناتومی وێرانسازی: ئەریك فرۆم-ت: ١. جبوری. نشر فرهنگ. چاپ دوم ١٣٦٤ ص. ٦٦٠-٦٧٠.

ڕەخنە لەفاشیزم

ستیوارت هیوز

"هیچ پێشبینیەك بەدرێژایی سەدەیەك پێشبینی، هەرگیزوێنای شتێکیوەك فاشیزمی نەدەکرد. لەدامێنی ئاسۆی داهاتوودا، کۆمنیزمو سەندیکالیزم هاوشێوەکانی هەبوون، جەنگو ئاشتیو تۆفانی نوحو پان ژیرمانیزمو پان سلاڤیزم هەبوو، فاشیزم نەبوو. فاشیزم هەمووانی حەپەسان" ئەمە قسەی جۆزێ ئانتۆنیۆ بۆرگسێیە کە بیری لەو جموجوڵە دەکردەوە کە لەولاتەکەی راوی نابوو، (لەهەمانکاتدا) سەرلێشێواوو سەرسوڕمانی ڕۆشنبیرانی لەبینینی دیاردەیەك دەردەبڕی کە هیچ

یەکێکیان پێشبینی نەکردبوو.. شتێکی ئەوتۆ نەمابوو کە هەموو ئەو ئایندەبینیە ئالتونیانە لەناوبەرێت کە لەسەدەی نۆزدەوە بە سەدەی بیست گەیشتبوو.

ڕۆشنبیرانی ئەوروپا حەپەسابوون، چونکە نەیاندەزانی بزوتنەوەکانی پەیڕەوی هیتلەرو مۆسۆلۆنی لەکوێوە بگرن‌و هەڵیسەنگێنن. نوسەران‌و مامۆستایانی زانکۆ راهاتبوون بە قسە بچنە ناو هەر بگرەو بێنەیەکەوە، بەڵام لەبارەی فاشیزمەوە قسە کەسی ڕێنمایی نەدەکرد کە چ شتێك روودەدات. زمان چوبووە دۆخی هەڵخەڵەتاندن‌و وروژاندن‌و خەوتنەوە، نەك رونکردنەوەو دەرخستن. درز لەنێوان رەفتارو گوتاردا، سنورە ئاساییەکانی ڕێورەسمی سیاسەتی بە چەندان فرسەخ بڕیبوو. بەتایبەتی روون نەبووبۆوە ئایا فاشیزم بزوتنەوەیەکی کۆنەپەرستە یان شۆڕشگێڕ؟ ئایا ڕاستڕەوە یان چەپڕەو. زۆربەی ئەو کەسانەی دەستیاندەکرد بەشیکردنەوەی، دەیانبینی فاشیزم لەچ خاڵێکی ڕەوتی مێژووی هاوچەرخەوە سەرچاوەیگرتووە: دەیانبینی سەرچاوەکەی یەکێتی نەتەوەیی ناتەواوی ئیتاڵیاو ئەڵمانیاو شکست‌و نائومێدی خەڵکی ئەو دووڵاتە لەجەنگی جیهانی یەکەم‌و لێکترازانە ئابوریەکانی دوابەدوای جەنگ‌و بێکاری گشتی لەسەرەتاکانی دەیەی ١٩٣٠دا. کەسانێك کە زۆرتر دەچونە قوڵای مەسەلەکانەوە باسی جۆرێك نەگونجانی کۆمەڵگاکانی ئیتاڵیاو ئەڵمانیایان دەکرد، جیاواز لەکۆمەڵگاکانی فەرەنساو ئینگلتەرا‌و قبوڵکردنی سنوردارتری بەها دیموکراتیەکان لەلایەن چینی ناوەڕاستەوە. بەڵام ئاشکرا بوو ئەم هۆکارە پەرتوبڵاوو دابڕاوانە بەس نییە. فاشیزم خاوەن دینامیکیەت‌و هێزێك بوو کە لەهیچ پێوەرێکی سادەدا جێی نەبۆوە.

بەڵام شتێك هەبوو کە هەموان — چ کەسانێك کە لەئەوروپا مابونەوەو چ ئەوانەی کە کۆچیان بۆ ئەمەریکا کردبوو — لێی دڵنیابوون، ئەویش ئەوەبوو کە ئەو ڕژێمەی لە١٩٢٢ لەئیتاڵیاو یانزە ساڵ دوای ئەوە لەئەڵمانیادا هاتە سەر حوکم، ناوێك زیاتری نەبوو. دیارە بێ هۆ نەبوو مۆسۆلۆنی دەیەیەك پێش هیتلەر سەرکەوتبوو، هەروەها بێگومان هیتلەر رکێفی شتەکانی تونتر گرتبوو، چەندانجاریش لەمۆسۆلۆنی کە نمونەی هیتلەر بوو، زیاتر باوەڕی بە "ڕەگەز" هەبوو. بەڵام ئەمانە هەمووی مەسەلەی زەمانەندی‌و تونديو لاوازی بوو.. هیچکەس لەو ڕۆژگارانەدا گومانی لەوە نەبوو ناسیۆنال سۆشیالیزمی ئەڵمانی شێوەیەکی تری -دیارە شێوەیەکی

تونڕەوانەتری- هەمانجۆر ئەو حکومەتەیە کە "دۆچە" لەئیتاڵیا دایهێنابوو. مۆسۆلۆنی ناوی حکومەتەکەی نابوو "فاشیزم"و دواجار ئەم ناوە بۆ هەموو لاسایکەرەوەکانی لەسەرتاسەری ئەوروپادا بەکاردەهێنرا. لەو سەردەمەدا کە فاشیزم لەسەر کار بوو، کەسانێك کە ئەزمونیان کردبوو، لەهەلومەرجێکدا نەبوون بەجۆرێك هەمەکیگۆیی ئاڵۆز وێنایبکەن. ئەو سەختیانەی دەرئەنجامی فاشیزم بوو، ئەوەندە واقعیبوون کە جێگەیەکی بۆ ئەمجۆرە وێنایانە نەدەهێشتەوە. بێگومان لەو کاتەدا هەرە ساوێلکانەو کۆمیدی دەهاتە پێشچاو، گەر کەسێك بیویستایە بچێتە ناووتوێژی لەفزی‌و شیکردنەوەی ئەو تاریکبیرانەی کە کەسانێك لەسەر بناغەی ئەو هەر هەڵێکیان بەمەبەستی بەراوردکردنی ڕژێمە فاشیستیەکان ردەدەکردەوە، چونکە دەیانگوت مەسەلەکە ئەوەندە ئاڵۆزە کە ناکرێ گشتگیر (تەعمیم) بکرێت. راستە لەم ناوەدا بە تایبەتی لەجەنگی جیهانی دوهەمدا سود لەزاراوەی "فاشیست"و "فاشیزم" بۆ ناونانی هەڵنەسەنگێنراو وەردەگیرا، بەڵام ئەمکارە زۆرتر لەوتوێژە گروپبەندەیەکاندا ئەنجامدەدرا تا لەشیکردنەوەیەکی زانایانەدا. کەسانێك کە بەوێژدانی زانستیەوە لەفاشیزم دەکۆڵینەوە، بەدوای وردبینی‌و پتەوی فکریەوە بوون،و لەگەڵ ئەوەشدا کە لەژێر دەسەلاتی رژێمە فاشیەکاندا چەندان ڕەنجیان کێشابوو، بێزاری خۆشیان لەڕژێمی فاشیسم نەدەشاردەوە، تا دەیانتوانی هەوڵیاندەدا بەڵگەو سەنەد کۆبکەنەوە، وبەڵگە کۆکراوەکان بە پێوەری پسپۆریانەی قبوڵکراو هەڵسەنگێنن.

لەبەرئەوە ئەو بزوتنەوەو ڕژێمانەی کە سەردارانی مامۆستایانی هونەری گێژکردنی خەڵکی‌و ئاڵۆزکردنی مەسەلەکان بوون‌و ئایدۆلۆژیاکانیان پڕ لەناکۆکی بوو، بوون بە بواریك بۆ تاقیکردنەوەی توانای کۆچبەران. فاشیزم نەك هەر ئەو کەسانەی دەستیان کردبوو بە لێکۆڵینەوەی لەناو زۆنی لەفزیدا غەرق نەکرد، بەڵکو ڕەخنەگرانی بۆ هەوڵی قارەمانە بۆ روونکردنەوەو دەرخستنی‌وروژاندو تیورەسازی کۆمەڵایەتی بەرەو مەسەلە واقعیە پەلەکان ئاراستە کردو ئەو مەسەلەیەی بە تونديی هێنایە پێشێ کە خەسڵەتە سەرەکیەکانی کۆمەڵگا پیشەسازیە ئەمڕۆییەکان چییەو تیورە مارکس‌و نیمچە مارکسیەکان تا چەند بەکەڵکی شیکردنەوەی کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆ دێن. بەشێوەیەکی گشتی ڕژێمە فاشیەکان ئەو مەسەلەیەیان دەهێنایە پێشێ

که کاتێك شیکردنەوەکانی پێشوو، چ ناچارانە بەهۆی هەلومەرجەوەو چ بە هۆی خەسڵەتی لێکۆڵەرەوە، خاڵی بەهادانان نەبێت، ئایا دەشێت هەڵسەنگاندنێك بکرێت که بایەخێکی درێژخایەنی هەبێت؟

١)یەکەم تێڕوانینەکان: بۆرگێسیۆ و مانهایم و فرۆم

سێ کەس لەرەخنەگرانی فاشیزم لەهەمووان زیاتر کاریگەریان هەبوو، کاریشیان لەکەسانی دی کرد، بەڵام ئەوەی لەمبارەیەوە نوسیان بە پێی ئەو ماهیەتەی هەیبوو نەگرنگترین نوسینەکانیان بوو، نە تەوەرەی سەرەکی لەژیانی فکریاندا پێکدەهێنا.

رەهەندی هاوبەشی بۆرگێسیۆ و مانهایم و ئەریك فرۆم ئەوەبوو هەرسێکیان یان لەکۆتایی یان سەرەتای چالاکی ژیانیاندا دەستیانکرد بە تاوتوێکردنی فاشیزم و چالاکیان بە گشتی رووی لەشتی دی بوو. ئەوەی لەمبارەیەوە گوتیان بە ناچار کاتی بوو. هەرسێکیان تێڕوانین و بنەمایەکیان پێشکەشکرد، بەڵام هیچیان دەستیان بەشیکردنەوەیەکی تەواو و کامڵ نەکرد.

جۆزپێ ئانتۆنیۆ بۆرگێسیۆ هێشتا پەنجا ساڵ تەمەنی نەبوو کە لەساڵی ١٩٣١دا کاتێك سەفەری بۆ ئەمەریکا بە نیازی هەندێك سمینار کرد، لەسوێندی وەفاداری (بۆ ڕژێمی مۆسۆلۆنی) کە بەسەر هەموو مامۆستایانی زانکۆی ئیتاڵیادا سەپێنرابوو، سەرپێچیکردو بڕیاری مانەوەی لەئەمەریکا دا. بۆرگێسیۆ لە١٨٨٢دا لەسیسیل لەدایکبوو. رەخنەگرو مامۆستای ستاتیکاو شاعیرو رۆمانوس بوو کە بە **enfant terrible** (منداڵی بزێوو عەجولی) ئەدەبیاتی ئیتاڵیا بەناوبانگ بوو. بۆرگێسیۆ هەروەها پڕوپاگەندەکەرێکی خاوەن راو نهێنی ئاشکراکەر لەبواری مەسەلە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکاندا بوو کەوازی لەبیروڕا فەلسەفیەکەی مامۆستاکەی خۆی، واتە کرۆچە هێنابوو، رەوتی تایبەتی و نائاسایی خۆشی دژ بە فاشیزم گرتبوە بەر.

سەرەتا بۆرگێسیۆ لەئەمەریکادا لەکۆلێجی سمیس و پاشان لەزانکۆی شیکاگۆ سەرقاڵی وانە گوتنەوە بوو، لەم زانکۆیەدا بوو لەگەڵ یەکێك لەکچەکانی تۆماس ماندا ئاشنایی پەیداکردو هێنای. تۆماس مان سەرەتا بەهۆی سی و شەش ساڵ جیاوازی تەمەنەوە، ئەم پەیوەندییەی پێخۆش نەبوو، بەڵام زۆری پێنەچوو کە لەم ناخۆشیە هاتە دەرێ و بۆ براکەی هاینریش نوسی کە بۆرگێسیۆ "پیاوێکی زۆر

هوشیارو ڕۆح سوکەو زۆر باش ماوەتەوە..و تا دوا پلەرقی لە"دۆچە"یە.

زەمینەو پێشەکی فکری بۆرگێسیۆ زۆرتر ئەدەبی بوو، لێرەوە وەك لەکەسێکیوا پێشبینی دەکرێت، ڕەخنەی لەفاشیزم لەسەر بناغەی کاریگەری حسی دامەزرابوو. نوسینەکانی لەمبارەیەوە زۆر دڵڕفێنو شیرین بوو. بۆرگێسیۆ دەسەلاتێکی بەسەر نوسینی ئینگلیزیدا پەیدا کردبوو کە بۆ کەسێك ئەوەندە درەنگ دەستی بەمکارە کردبێت، یەکجار سەرسوڕهێنەر بوو. نوسینەکانی تێکەڵەیەك لەحکایەتە شیرینو کاریگەرەکانو پەخشانەکەی پڕ بوو لەهونەری جوانی سەرسوڕهێنەر. هەر ئەم توانای نمایشە دەبووە هۆی ئەوەی زیاتر جەخت لەرەهەندە دیارەکانی فاشیزم بەشێوەیەکی هونەری —وەك هەورازو نشێوی ئاراستەی فاشیزم بەرەو دەسەلاتو سەرچاوە کلتوریو میژوویەکەی — بکات. بۆرگێسیۆ لەئەزمونی حکومەتی مۆسۆلۆنیەوە بەو دەرئەنجامە گەیشتبوو کە قبوڵکردنی لەلایەن خەڵکی ئیتاڵیاوە، زۆرتر دەرئەنجامی لاوازی کەسایەتیو خەسڵەتە. ئەو بڕوایوابوو "پایە بەرجەستەکانی فاشیزم خاوەن ماهیەتێکی دەرونیو هەستیە" و فاشیزم شتێك بووە کە "سەرەتا لەدەرونەکاندا رویداوە (پاشان) ڕێگەی خۆی لەناو واقعیەتی میژووی جەماوەردا کردۆتەوە".

ساڵێك پاش دەرکەوتنی هیتلەر بۆرگێسیۆ لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەی سەرچاوە فکریەکانی فاشیزمەوە بلاوکردەوە کە ئەگەرچی بەشێوەیەکی سەرەکی پەیوەندی بە ئیتاڵیاوە هەبوو، بەڵام بەگشتی ئاماژەی بۆ ئەو شتانەش دەکرد کە لەئەڵمانیادا ڕوودەدەنو ئەو بزوتنەوانەشی کە هیتلەرو مۆسۆلۆنی بونیادیان نابوو، دەگەڕانەوە بۆ یەك سەرچاوەی کلتوری. بۆرگێسیۆ ئەم سەرچاوانەی لەو "پێشینانەدا" دەدۆزیەوە کە لەڕووی "ئایدیالیو سۆزداریەوە" لەنێوان ئەو تاکانەدا هاوبەشبوو کە خاوەن خوێندنێکی "مامناوەندی" بوون. ئەو دەیگووت فاشیزم شتێکی نییە تا لەلایەن دێهاتی یان لای کەسانێکی "بەڕاستی بیریار" کە "خۆراکێکی فکری پاکیان دەوێت"، قبوڵبکرێت. بەڵام بۆ کەسانێك کە تێشویەکی فکریان نییەو برسێتی دەچێژن، " خۆراکێکی ڕۆژانەی ڕۆحی" ئامادە دەکات. فاشیزم "لەچرکەی یەکەمدا چ لەڕووی کلتوریو چ لەڕووی سیاسیەوە، جۆرێکی ڕۆمانسیەتی پەستو دزێوو سوکە.. شۆڕش نییە.. خۆ خواردنەوەیە". فاشیزم دەیەوێت خەڵك فێربکات کە

"گۆڕان" "جەوهەری" شتەکانو "سۆزو گەرمی.. فەزیلەتە" چونکە لەسەر ئەو بڕوایە دامەزراوە کە زۆر، هەق دروستدەکاتو "دەسەلاّت لەبری دادپەروەری" دادەنێت، بووە بە "مەرامی چینی ناوەڕاستی خوارەوە".

بۆچی فاشیزم لەئیتالیادا سەرکەوت؟ بۆرگێسێ وەلاّمێکی سادەی نەدەدایەوە، بەلّکو زۆرتر بەلای ئەو بڕوایەدا دەچوو کە هۆی ئەمە تێکەڵبونێکی سەرسوڕهێنەری مەزنیو لاوازیە لەمێژووی ئیتالیادا. بۆرگیسێ دەنوسێت:

"ئیتالیەکان دوو هەزار سالّ ئیمپراتۆریەتێکی جیهانیو مەزهەبێکی گەردونیان هەبوو.. خویان بە بەرزەفڕی خەیالّی سیاسیو لەهەمانکاتدا وازهێنان لەکەسایەتی "خود" لەژیانی کۆمەلاّیەتیدا بە خەمناکترین شێوە گرتبوو..و لێرەوە ئامادەی قبولّکردنی هەرشتێکی سەیرو تازەبوون. بەتایبەتی ئەگەر بکرێ ئومێد بەوە هەبێت کە ئەم نوێو تازەییە، گیانێکی تازە بە گرێی مەزنێتی کە لەرۆمانەکانەوە بە میرات ماوەتەوە، بکاتەوەو گرێی مەزنێتی سەرسەختی بەرهەمی سەردەمی تازە کۆنترۆڵ بکات."

هەڵسەنگاندنە دەرونیەکانی بۆرگێسێ لەسنوری گوتارە دوبارە کلێشەیەکانی خوێندەوارە ئاسایەکانی دەیەکانی ١٩٣٠ تێپەڕی نەدەکرد، بەلاّم باسی ئاگاداری بۆرگیسێیان لەسەرگەردانیو بێ شوناسیو پەرێشانی رابەرو پەیرەوانی بزوتنەوەی فاشیزم دەکرد. بۆرگێسێ پاشان رایگەیاند کە دەبێ مۆسۆلۆنی لە"دەروازەی چاوی رۆماننوسێکی باشەوە" تاوتوێبکەین، و گوتی دورە شتێك هەبێت کە فرۆید بتوانێت لەبارەی "دۆچە"ی ئیتالیاوە پێمان بلێت. "فرۆید بە ئیحتیمالێکی زۆر فایلی مۆسۆلۆنی بۆ یۆنگی هاوکاری دەنارد" (کە دیارە ئەگەری کارێکیوا پاش چارەکە سەدەیەك لەپچڕانی پەیوەندی ئەو دوانە(واتە پەیوەندی فرۆیدو یونگ)، شتێکی دوور بوو) چونکە بە بڕوای بۆرگێسێ رووبەڕووبونەوە لەگەڵ ئاوەها "کێشەی خۆپەرستی هەمەلایەنە"دا تەنها لەتوانای نهێنیبینو غەیبگۆیەکی (وەك یۆنگدا) بوو.

کتێبەکەی بۆرگێسێ جالوت، سێ سالّ پاشوتارەکەی لەبارەی رەگوڕیشە فکریەکانی فاشیزمەوە بلاّوبۆوە. بۆرگیسێ لەم کتێبەدا زیاتر هەندێك بابەتی لێکۆڵینەوەکانی پێشووی پەرەپێدەدات، بەلاّم کەمتازۆر تەنها سەرنجی لەسەر

ئەزموونێك بوو کە لەئیتالّیادا رووبدابوو. بۆرگێسێ بەوردی هەوڵیدەدا تەفسیری مارکسیەکان بۆ فاشیزم کە لەو سەردەمەدا باو بوو، ڕەدبکاتەوە. دەیگوت: "چەند ئەو قارچکانەی لەژێر درەختدا دەڕوێن یان ئەو دڕك و دالّەی کە بە لقەکانیدا سەردەکەوێت، دەتوانێت بۆمان رونبکاتەوە کە خودی درەخت چییە، هەر هێندەش هۆکارە کۆمەلاّیەتیو ئابورییەکان دەتوانن فاشیزم رونبکەنەوە". پێشتر بۆرگێسێ گوتوبووی فاشیزم "کەفوکولّی هەژانو خۆ بەرۆشنبیر زانینە". لەچالوتدا هێشتا بڕوایوابوو ئەو پێناسەیە راستەو دەیگوت "گوناە لەزیهنو دەروندا بووە، رزگاریو ئازادبوونیش دەبێت لەزیهنو دەرونەوە بجۆشێت" لێرەوە بڕوایوابوو هۆکاری هەستیارو چارەنوسساز ئەوەبوو کە هاوکارە ڕۆشنبیرەکانی چۆن کاردانەوەیان بەرامبەر حکومەتی مۆسۆلۆنی پیشانداوە، و بە تالّیەوە دەلّێت زۆربەی ڕۆشنبیران ترسنۆکانە کاریانکردووە. تەنانەت کرۆچێ کە جیهانی دەرەوە بە رەمزی بەرگری فکریان دادەنا، لەڕێنمایکردنێك کە کەسانی بچوکتر چاوەڕێیان لێیدەکرد، کورتی هێنا: سەرەتا لەوڕووەوە کە ماکیاڤیلیزمی ناو نوسینە پێش فاشیەکانی خۆی وەرنەگرتەوەو دووهەم لەوڕووەوە کە لاوانی لەو دلّنیا کردبوو "کە زەحمەتکێشان لەپێناوی کلتوردا" کاردانەوەیەکی بەسە لەبەرامبەر حکومەتی زۆرداریو ستەمداو بەمشێوەیە ویستبوویوێژدانیان ئارامبکات.

بۆرگێسێ ئەو دەرئەنجامەی وەردەگرت کە "هەموو پایەکانی هەستی ئیتالّیایی رووخان، چونکە لەبنەڕەتەوە بەهیچ شێوەیەك پتەو نەبوون". ئەمڕۆ دەزانین ئەم بەدبینیە زیادەڕەوی تێدایە، بەلاّم لەوەش تێدەگەین کە بۆرگێسێ لەبەر چ هۆیەکی شەخسی ئەم قسانەیکردووە. ئەو پیاوێکی تەنیا بوو لەسەرزەمینێکی غەریبدا، بێ هیچ پەیوەندیەك لەگەڵ هیچ بزوتنەوەیەکی سیاسی کۆچکردواو بێ بوونی پەروەردەیەکی پێویست بۆ شیکردنەوەی وردی ئایدۆلۆژی یان سیاسی. لێرەوە هیچ چارێکی نەبوو جگە لەپشتبەستن بەو تێشووە عەقڵیو فکریەی کە هەیبوو، واتە قەریحەی خۆیو ئەز زانینە زانکۆییەی لەمێژووی کلتوری ئەوروپاوە فێری بووبوو. کتێبەکەی جالوت ریوایەتێکی مێژووی شیرین بوو لەروداوە مرۆییەکانو بەرهەمی ئایدیالیزمێکی بالاّ، هەم بە مانای فەلسەفیو هەم بە مانای ئاسایی بوو کە راستەوخۆ لای هەموانەوە پێشوازی لێکرا. ئەگەریش لەسنوری دەربڕینی مەعنەوی فاشیزم

زیاتر نەدەڕۆیشت، لایەنیکەم پیشانیدەدا فاشیزم لای چ کەسانێك دڵنشینە، واتە هەمان ئەو کەسانەی کە بوونە جێی سەرنجی لێکۆڵەرەوانی دوایی.

کارل مانهایم لەدوو دەیەی دوایی تەمەنیدا، چیدی هەرگیز بە لوتکەی سەرکەوتن لەجیهانی ئەندێشەدا نەگەیشتە ئەو ئاستەی کە لە١٩٢٠دا بە هۆی کتێبی "ئایدۆلۆژیاو یۆتۆپیا"وە داگیریکردبوو. کۆچکردن بۆ ئینگلتەرا لە١٩٣٣دا بووە هۆی غافڵبوون لەچەند مەسەلەیەکی تیوری کە باسکردنی (کارل مانهایمی) لەپاش مردنی ماکس فیبەرەوە گەیاندبووە داهێنەرترین کۆمەڵناسی ئەڵمانی. مانهایم وازی لەکۆمەڵناسی زانین هێنا کە گەلێك حەزی لێدەکردو رووی‌کردە شتە وەزیفی‌و تەنانەت پڕۆپاگەندەکان، یەکێك لەپەخشکار(ناشر)ە لەندەنیەکانی رازیکرد، وەك بەڕێوەبەری کۆمەڵەیەك بەناوی "کتێبخانەی نێو نەتەوەیی کۆمەڵناسی‌و چاکسازی کۆمەڵایەتی" پشتیوانی لێبکات. ئەو بەرهەمانەی لەم کۆمەڵەیەدا بلاوکرایەوە بریتیبوو لەزنجیرەیەك وتار کە بەشێوەیەکی سەرەکی قەڵەمی نوسەرانی ئەمریکی‌و ئەورووپایی‌و نا ئینگلیزی لەبوارەکانی سەرژمێری‌و پەروەردەو یاساکان‌و ئەنترۆپۆلۆجیاو دینداو دەیانوسی. خودی مانهایمیش سەرقاڵی پڕۆپاگەندەکردن بوو بۆ "بەرنامەڕێژی دیموکراتیك" کە بڕوایوابوو تاکە ڕێگەی ڕزگاری رۆژئاوایە لەچنگی دیکتاتۆری‌و جەنگ‌و لەم ئاستەشدا چەندان سمیناری گێڕاو چەندان شتی نوسی.

لەنوسینەکانی قۆناغی دوایی مانهایمدا هەم کاریگەری ئینگلتەرا بەسەریەوە دیاربوو، واتە دیاربوو کە ئاراستەی بیریارانی کۆمەڵایەتی ئینگلیز بەرەو بەرژەوەندی پراکتیکی‌و چاکسازی کۆمەڵگا، پاڵیان پێوەنا کە بیروڕاکانی خۆی بە شێوازێکی سەر ڕاستڕو ئاسانتر بۆ تێگەیشتن دەربڕێ — هەم دەبینرا کە ئەم هەستە تازەیەی پەیام بۆتە هۆی گەڕانەوە بۆ سەرچاوە سەرەکیەکانی بیری خۆی. مانهایم لەلاویدا پێش جەنگی جیهانی یەکەم‌و لەبۆدابێستدا ئەندامی کۆمەڵێك نوسەری لایەنگری چەپ بوو، کە زوربەیان‌وەك خۆی یەهودی بوون‌و بە پەیڕەوکردنی لۆکاش، ڕۆشنبیرانیان بە ڕزگارکەری ئایندەی کۆمەڵگا دەزانی. دیارە ئەم تێڕوانینە لەهەلومەرجێکی وەك ئەو ڕۆژەی مەجەرستاندا بە تەواوی دەرکەدەکرا: چینی حوکمڕانی ئەرستۆکرات‌و بەڕێزەکان، سەرسەختانە دژی هەموو گۆڕانێك بوون‌و بۆرژوازیە خوێندەوارەکان نەك هەر ژمارەیان کەمبوو، بەڵکو خاوەن هیچ

دەستڕۆیشتنێکی ئەوتۆ نەبوون. ئەم هەلومەرجە بووە هۆی ئەوەی مانهایم لەسەرتاسەری تەمەنیدا پەیوەست بێت بە کۆمنیزمەوە، ئەگەرچی پەیوەندی بەمارکسیزم‌و باڵی چەپی سیاسیەوە ناسکتر‌و پڕ لەسەروژێری زیاتر بوو لەکەسانی دی. مانهایم هەلومەرجی خۆی بەهەلومەرجی بیریارێکی "ئازاد لەلایەنگری" دەبینی. ئەم تێڕوانینە پاش کۆچکردنی بۆ ئەڵمانیا لەو چەمکەدا دەرکەوت کە ڕۆشنبیر زۆرتر ناوبژیوان یان هۆکارێکی نێوان چین‌و بەرژەوەندییە جیاوازەکانە لەکۆمەڵگادا، تا ئەوەی یەکێك بێت لەنوێخوازە کۆمەڵایەتییەکان. یەکێك لەپایەکانی بانگەشەکانی لە"ئایدۆلۆژیاو یۆتۆپیادا" هەر ئەم بیرۆکەیە بوو، بەڵام پاش دووهەم کۆچکردنی بۆ ئینگلتەرا، هەستی کۆنی رزگارکەر دووبارە تیایید‌ا تازە بووەوە. مانهایم هەڵوێستی لێکۆڵەرەوانەو ئازاد لەلایەنگری ساڵەکانی ناوەڕاستی ژیانی لەئەڵمانیادا بە بازدانێکی گەورە بەجێهێشت‌و تێکەڵەیەکی سەرسوڕهێنەری لەسەلیقەی تایبەتی خۆی بۆ دەستەبژێرخوازی سالانی ژیانی لەمەجەرستان‌و ئەو باوەڕە ئەنگلۆساکسۆنەی کە بۆ هەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی، بێگومان دەبێت چارەیەکی گونجاو هەبێت، دروستکرد.

کتێبی "مرۆڤو کۆمەڵگا لەسەردەمی چاکسازیدا" دەریدەخست کە مانهایم لەبواری بیروڕاکاندا قۆناغی ئەڵمانیای بەجێهێشتووەو چۆتە قۆناغی ئینگلیزیەوە. ئەم کتێبە پاش دوو ساڵ کۆچکردنی نوسەر بۆ ئینگلتەرا، سەرەتا بە زمانی ئەڵمانی لەهۆڵەندا بلاوکرایەوەو پاشان بە دەستکاری‌و خستنەسەری لە١٩٤٠دا بە ئینگلیزی بلاوکرایەوە. لەسەرەتای کتێبەکەدا مانهایم ئەوە ڕوونەدەکاتەوە کە هەلومەرجی بالادەست لەکاتی نوسیندا، کاریکردۆتە سەر بابەتی کتێبەکە. دەیگوت من یەکێك بووم لەو کەسانەی دەستی چارەنوس ئەوەی "بۆ ڕەخساند لەزۆر ولاتدا بژین‌و ببینن کە بیروبۆچونە جیاوازەکان لەگەڵ بیروبۆچوونی ئەواندا چونیەکە"و لەبەرئەوە بە ئەرکی خۆم زانیووە ئەم بۆچونانە لە"سەنتزێکی تازەدا" پێکەوە تێکەڵبکەم‌و، بە تایبەتی ئەو هەستەی کە سەرچاوەیەکی ئەڵمانی هەیە "لەسەر لوتکەی بورکانێك دانیشتووم" لەگەڵ ئەو خوشبینیەی کە دەرئەنجامی ژیانمە لەئینگلتەرەدا تێکەڵبکەم کە "لەولاتێکدا دەژیم دیموکراسی لیبڕاڵ بە گشتی بێ هیچ کەموکوڕیەك کار دەکات".

مانهایم دەیگوت ئەگەرچی نیشتەجێبونم لەئینگلتەرا یارمەتیداوم "خۆم

لەکۆتوبەندی گومانی خۆم بەرامبەر بە چالاکی‌و هێزی زیندووی دیموکراسی رزگاربکەم"، بەڵام بڕواکەی پێشووم هەروەك خۆیەتی کە گۆڕانکاریە قوڵە بونیادیەکان، دەبێتە هۆی داڕزان‌و خوسانی ئەو بناغانەی کە لایەنگران‌و بەرگریکاران لەدیموکراسی بوونیان لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بە بەڵگەنەویست دەزانن.

مانهایم هەستیکرد بۆ پێناسەکردنی ئەم گۆڕانکاریانە "کوێرانە دەچێتە پێشێ"و ئەو کارەی قۆڵی بۆ لێهەڵماڵیووە، ناتەواوو دووەر لەهەموو جۆرە "وەهمێکی بڕانەوەو بەڵگەی رەهاوە". لەگەڵ ئەمانەشدا مانهایم لەسەر ئەو بڕوایەبوو کە "دەیەکانی رابردوو" لەڕووی "ئەخلاق‌و عەقڵ"ەوە شایەتی جۆرێك پێشکەوتنی پێچەوانە بووە. وهاوڕا لەگەڵ هێگڵیەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت، ئادرنۆو هۆرکهایمەردا دەرکەوتنی حکومەتە دیسپۆتیزمەکانی بەجۆرێك لەداڕمانی عەقڵەوە دەبەستەوەو مەترسی ئاوەها داڕمانێکی دەگەڕانەوە بۆ خەسڵەتی کۆمەڵگا مەزنە پیشەسازیەکان. ماکس فیبەر پێشتر گوتبووی، ئەمجۆرە کۆمەڵگایانە بوونەتە هۆی دروستکردنی "زنجیرەیەك کردار" کە "لەڕووی عەقڵەوە تا دوا پلە قابیلی حسابکردن‌و پێشبینیکردنن" و ئەمەش پەیوەستە بە "ڕێگەکانی بەرگرتن لەتێرکردنی خواستە هەنوکەییەکان‌و وازهێنان لەتێرکردنی یەکسەری خواستەکان"و "میکانیزمە کۆمەڵایەتیان" بە ئاستێك لەناسکی گەیاندووە، کە "بچوکترین خەلەلی ناعەقڵانی ڕەنگە فراوانترین کاریگەری لەسەر دابنێ"، و لەهەمانکاتدا کۆمەڵێك "وزەی دەرونی کۆنترۆڵنەکراوو کەڵەکەبویان" دروستکردووە کە رەنگە "یەکسەر دەزگای ناسکی ژیانی کۆمەڵایەتی، تێکبشکێنێ". مانهایم ڕەهەندی دەرونی – کۆمەڵایەتی بزوتنەوە فاشیستیەکانی لەم ململانێ چارەنوسسازەی نێوان عەقڵ پیشەیی تەکنیکی‌و بزواندنی جەماوەردا – یان بە دەربڕینێکی تر لەکارو کاردانەوەی دیالەکتیکی نێوان ئامێرە ناسکەکان‌و دڕندایەتی شاراوەو بەزەبردا، دەبینی.

مانهایم بڕوایوابوو "تا هەنوکە" خەڵکی بڕوایانوابووە کە "ململانێی بە ڕێژە ئازاد لەنێوان شێوازە جیاوازەکانی پەروەردەو ڕاگەیاندندا، لەڕێگەی هەڵبژاردنی سروشتیەوە، ئەگەری گەیشتن بە بەرزترین پلەی بۆ تاکە عەقڵانی‌و خوێندەوارو شایستەتر لەکەسانی دی لەهەلومەرجی ئەمڕۆدا، ڕەخساندووە"، بەڵام ئەزمونەکانی

دەیەکانی ١٩٢٠و ١٩٣٠ بێ بناغەیی ئەم باوەڕەی سەلماندووەو "میکانیزمە ئاساییەکانی" هەڵبژاردن نەیتوانیوە کاربکات. لەبری ئەمە جۆرێك "هەڵبژاردنی نێگەتیڤی دەستەبژێرەکان" پەیدابووە. بەو مانایەی "کەسانێك کە لەرابردوودا خاوەن‌و پارێزەری نەریتە کلتوریەکان بوون، هەنوکە هێواش هێواش شەرم لەبەهاکانی خۆیاندەکەن‌و ئەو بەهایانە بە نیشانەی لاوازی..و جۆرێك ترسنۆکی دەزانن"و لەهەمانکاتدا "نوێنەرانی کلتورە ناوچەییەکان" بە پشتبەستن بە ترسان لەبێگانە (xenophobia)و ئەوەی لەکۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا بە هونەر دادەنرێت، دەستیانکردووە بەبێ بایەخکردنی دروشمە گەردونیەکان.

مانهایم هەرگیز وازی لەو بڕوایەنەهێنا کە کلتوری مەزن پەیوەندی بە بەها ئەرستۆکراتیەکانەوە هەیە. لەئینگلتەرادا هێشتا ئەو ئەگەرەی دەبینی کە چینی سەرەوە لەگەڵ هەرسکردن‌و ڕاکێشانی ئەو تاکانەی هێواش هێواش لەچینەکانی خوارەوە دێنە ناوی، توانای بەرگریکردن لەپلەو پایەی تەقلیدی خۆشی هەبێت، بەڵام لەوڵاتانی تری ئەوروپادا دەیبینی گروپە کۆنەکان‌و ڕۆشنبیران هێواش هێواش "توانای هەرسکردن‌و ڕاکێشان" لەدەستدەدەن‌و بە بەرامبەرەکەیان دەدۆڕێنن‌و ڕکێفی رابەرایەتی سیاسی‌و کلتوری بە تاکەکانی چینی ناوەڕاستی خوارەوە –واتە "کارمەندانی ئاستی خوارەوەی دەوڵەت‌و پیشەوەران‌و بازرگانان‌و جوتیارانی بچوك‌و دەست کورتەکانی خاوەن دەرامەتی جێگیر" – تەسلیمدەکەن. مانهایم بڕوایوابوو ئەم گروپە تێکەڵە خۆبەخۆ کۆنەپەرستە: لەهەموو لایەکەوە لەژێر مەترسیدایە‌و هەوڵدەدات بە "پشتبەستن بە هەموو ئەو هونەرە سیاسیانەی لەبەردەستدان‌و بەمەبەستی سنوردارکردنی پەرەسەندنی شێوازە عەقڵ پەسەندو لۆژیکیەکان لەپیشەسازیداو ڕێگرتن لەدروستبوون‌و پەروەردەبوونی تاکە عەقڵ پیشەکانی ئەمڕۆیی‌و چەکدار بە دروشمە مرۆڤ دۆستەکان، خۆی ڕزگار بکات".

بەمشێوەیە مانهایم لەڕێگەیەکی یەکجار جیاوازەوە بەهەمان ئەو دەرئەنجامە گەیشتبوو کە بۆرگێسێ پێی گەیشتبوو، دواجاریش چاوی بڕیبووە هەمان ئەو چینەی کۆمەڵگا کە بۆرگێسێ چاوی تێبڕیبوو. نوسەری ئیتاڵیای (واتە بۆرگێسێ) بەدوای سەرچاوەکانی ڕۆمانسیزمی تازەی تاکەکەسە نیمچە خوێندەوارەکاندا گەڕابوو، گەیشتبووش بە سەدەی نۆزدەهەم، لێکۆڵەرەوە مەجەری‌و یەهودی‌و ئەڵمانی‌و نێشتەجێی ئینگلتەرا تێزەکانی ماکس فیبەری هەڵگرت‌و ڕەنگێکی فرۆیدی

پێبەخشی. بەمشێوەیە روونیکردەوە کە مەبەست لە"هەڵبژاردنی نێگەتیڤی دەستەبژێرەکان" چییە. مانهایمیش وەك بۆرگێسێ پەنجەی خستە سەر چینی ناوەڕاستی خوارەوەی کۆمەڵگا، بەڵام تەنها بە دەرککردنی ئەو ترس و پەشێویانە وازینەهێنا، کە تاکەکانی ئەم چینەی کردووە بە گروپی سەرەکی خزمەتکارانی بەزەبری فاشیزم. ئەو هەروەها پەردەکەی لابرد بۆ ئەوەی ببینێت لەپشت ئەو تاکە تۆقیوانەوە، چ کەسانێك ڕەنگە لەتاریکیدا کەمینیان دانابێت، و بەو تێڕوانینە گەیشت کە بێگومان لەکاتی شێتبوونی جەماوەردا، دەبێت کەسانێك هەبن هێمن بمێننەوە و هێزی خۆیان بۆ حسابکردنی عەقڵانی بپارێزن. ئەمجۆرە کەسە بەهێز و خاوەن نیعمەتانە، هەمان سەرکردەکانی سوپاو بازرگانە سەرمایەدارو بەرپرسیارە گەورەکانی دەوڵەتن کە هەندێکجار هێشتا دەیانەوێت سود لەم نەبوونی زەمانەتی گشتیە بۆ خۆیان وەربگرن و ڕەنگە کەسانێك بدۆزنەوە و پشتیوانی لێبکەن کە باشتر لەخۆیان خاوەن توانای ڕابەریکردنی جەماوەر بن. مانهایم دەنوسێت:

"ناکرێ چاوەڕێبین هەمان ئەرستۆکراتە کۆنەکان..یان رکێفکەرانی پێشووی بازرگانی و پیشەسازی کە بە شێوازەکانی حسابکردنی عەقڵانیانەوە بە بارهاتوون، نهێنی دەستکاری ڕەمزەکانیش بەدەستبێنن.. ئەوان پێویستیان بە یەکگرتنە لەگەڵ جۆرێکی تازەی ڕابەردا. ئەم ڕابەرو ڕابەرە تازانەش دەبێت لەهەمان کونجو کەلەبەری کۆمەڵگاوە بێنەدەرێ کە تەنانەت لەڕۆژگارە ئاساییەکانیشدا دیدی ناعەقڵانی بەسەریاندا زاڵەوویناى ئاڵۆزو پەرشوبلاوی نەبوونی زەمانەت لەناویاندا لەهەموو شتێکی دی تووندترو درێژخایەنتر. کەوابوو دەبێت خودی ڕابەریش هەمان ئەو هەڵچوون و داچونەی سۆزداریەی ئەزموون کردبێت کە ڕەهەندی هاوبەشی هەموو ئەو کەسانەیە کە کۆتو بەندەکانی دارمانی چەند بەشێکی کۆمەڵگایان هەست پێکردووە".

ڕابەرانی فاشیست بە ئەزمونێکی ڕاستەوخۆ فێر بووبوون کە چۆن گەمە بە پەشێوی سەرتاپاگیری هاوڵاتیانیان بکەن. بەڵام لەهەمانکاتدا ناچاربوون هێزەکانی خۆیان بۆ حسابکردنی عەقڵانیش پەروەردە بکەن و کەسانێك کە لەبەرزترین ئاستدا خاوەن توانایەکی وابوون، بۆ لای خۆیان ڕاکێشن. مانهایم تەنها پڕۆژەی گشتی یەکگرتنی ئەم هاودەستە ناچونیەك و شاراوەیەی پشت دەمامکی فاشیزمی وێنەکردو شیکردنەوە دەرونی و کۆمەڵایەتیەکەی خۆی کورتکردەوە بۆ هێڵە هەمەکی و

پەراوێزیەکانی ئایدیالی نمونەیی **ideal type**. وردەکاریەکانی ئەم پڕۆژە گشتیە دەبوو لەلایەن بیریارێکی تەوە درێژەی پێبدرێت و وردەکاریەکان ببینێ و باوەڕی بەوە بێت کە تەنها کاتێك شیکردنەوەی دیاردەی فاشیزم هەقی خۆی وەردەگرێت کە بە لێکۆڵینەوەی سەرتاپاگیری ئەزمونی دەوڵەمەند بکرێت.

مانهایم ١١ ساڵ لەبۆرگێسێ بچوکتر بوو، بەڵام لەڕووی ئەزمونی مێژووییەوە بەهاونەوەی ئەو دەژمێررا. هەردوکیان بەر لەجەنگی جیهانی یەکەم گەیشتبونە کەماڵی فکری و وەك پەروەردەکراوەکانی پێش جەنگ، سودیان لەهەستی زەمانەتی ئابوری و ڕێزی کۆمەڵایەتی وەرگرتبوو. جیاوازی تەمەنی مانهایم و ئەریك فڕۆم کەمتر بوو، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لەڕووی دەرونیەوە ماوەی دەخستە نێوان ئەو دوانەوە. فڕۆم لە١٩٠٠دا هاتبووە دنیاوەو سەر بە نەوەیەك بوو کە تاکەکانی لەسەردەمی جەنگدا، هەرزەکاریان بەسەر بردبوو، پاشانیش لەساڵە پڕ پێچوپەناکانی دەیەی ١٩٢٠دا بەرخوردی فکری چارەنوسسازیان توشبوو بوو.

فڕۆم دەرونشیکاری خوێند، بەڵام کەمکەم بە جۆرێك گۆڕا کە لەفرۆید دورکەوتەوە. هەم پێش کۆچکردن بۆ ئەمەریکا لە١٩٣٤داو هەم پاش ئەو، هاوکاری لەگەڵ هیگلیەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرتدا هەبوو. بەڵام پاشان لەوانیش جیابۆوە لەبەرئەوە کاتێك دوای حەوت ساڵ دەستیکرد بە بلاوکردنەوەی یەکەم کتێبی خۆی بە ئینگلیزی (بەناوی) "ڕاکردن لەئازادی"، پێشتر بەسەلیقەی تایبەتی خۆی تێکەڵەیەکی لەفرۆیدیزمی چاکسازیکراوو مارکسیزمێکی تەنك دروستکردبوو، کە لەئەمەریکادا کە بووبوو بە ولاتە تازەکەی، زۆر جێگیرت. "ڕاکردن لەئازادی"وەك "جالوت"ی بۆرگێسێ ڕەوانو خۆشخوێنو گونجاوی سروشتی خوێندەوارە ناپسپۆرەکان بوو. ڕەهەندێکی هاوبەشیشی لەگەڵ کارەکانی مانهایمدا هەبوو کەوەك نوسەرە ئەڵمانیەکان خاوەن ژێر خانێکی تیورەی کۆمەڵایەتیو دەروناسی بوو.

فڕۆم بەتەنیا لەرونکردنەوە دەروناسیەکان رازی نەبوو، هەروەها نەیدەویست هیچجۆرە نەخشەیەکی سەرەتایی مارکسیزم قبوڵبکاتو لێرەوە هەوڵیدا بناغەو ڕەگەزەکانی هەردووکیان لەهەڵسەنگاندنێکی مێژووییی درێژخایەندا، بۆ هۆکانی قبوڵکردنی فاشیزم کۆبکاتەوە، ئەو ئەزمونەی لەئیتاڵیای فاشیزمەوە بەدەستهاتبوو، خستیە لاوەو دەرکەوتە تووندو تیژی نائارامیەکانی ئەمڕۆی لەقۆناغێکی مێژووی ولاتەکەیدا (ئەڵمانیا) خستە بەرچاو. تازەترین خەسڵەتی کتێبەکەی فڕۆم ئەو بڕوا

سادەو جیاوازە بوو لەگەڵ تەرتیبی زەمەنی رووداوەکاندا کە سەردەمی چاکسازی دینی (ریفۆرم) لەئەڵمانیادا، هەر لەسەرەتاوە هەوالّی مێژووی کۆمەلاّیەتی کۆماری ڤایمارو قۆناغی نازیزمی دابوو. بەلگاندنەکەی فرۆم ئەوەبوو کە گۆڕانکاریە لەناکاوەکانی بواری ئابوری چ لەسەردەمی کۆنو چ لەسەدەی بیستدا، بونیادی تەقلیدی کۆمەلگای سەروژێرکردووە. لەهەریەك لەم دوو سەردەمەدا "هەستی بێتوانایی‌و تەنیایی تاکی گۆشەگیر زیادیکرد، "ئازادی" تاك لەکۆتو بەندە کۆنەکان ئاشکراتربوو، تواناکانیشی بۆ خۆشنودی فەردی لەمەسەلە ئابورییەکاندا سنوردارتر بوو، خۆشی لەبەرامبەر هێزە دێوئاساکاندا هەستی بە مەترسیکرد". چ لەسەدەی شانزەهەم‌و چ لەسەدەی بیستدا، دەرئەنجامی ئەم شتە "داواکردنی‌وەسواس ئامێزی یەقین" بوو، "راکردنێك بوو لەپەشێوی" بۆ باوەشی رابەری مەزهەبی یان ئایدۆلۆژی، واتە لۆسەر یان هیتلەر.

فرۆم بڕوایوابوو ئەمجۆرە راکردنە لەئازادیە روکەش‌و درۆزنانەیە، لەخەسڵەتەکانی چینی ناوەڕاستی خوارەوە بوو. "تەنیایی تاك‌و سەرکوتکردنی زیندوێتی‌و هەستی تێکەڵبوون لەتاکەکاندا.. لەبارەی ئەم چینەوە لەهەموو چینەکانی دی زیاتر راست بووە". نازیزم توانی بەهۆی هەوڵی وێرانکارانەی تاکەکانی ئەم چینەوە، لای ئەم چینە قبوڵبکرێت‌و سوددیان بۆ دژایەتی دوژمنان لێوەربگرێت. چونکە تاکی ئاسایی چینی ناوەڕاستی خواروو، هەلومەرجی خۆی دەرکنەدەکردو بڕوایوابوو سەرچاوەی کێشەکانی دەگەڕێتەوە بۆ شکست‌و شەرمەزاری ولاّتەکەی، نەك بۆ ئەوەی خۆی لەبواری ئابوریدا لەسەردەم دواکەوتووەو بەجێماوەو تێنەدەگەیشت کە حکومەتەکەی هیتلەر چەند لەڕووی مانەوەی کۆمەلاّیەتیەوە، زیانبەخشە. بە کورتی ئاوەها کەسێك دەرکەوتی کلاسیکی شتێك بوو کە مارکس ناوی نابوو "هوشیاری درۆزنانە".

بەمشێوەیە هۆکارو رووکردنەوەکانی فرۆمیش وەك مانهایم باسی ناکۆکی نێوان ئایدۆلۆژیاوواقعی ئابوری لەبزوتنەوە فاشیستیەکاندا دەکرد. دیارە فرۆم جیهانی سۆزداری چینی ناوەڕاستی خوارەوەی وردتر لەبۆرگێسێ‌و مانهایم‌وێنە دەکێشا. وەك ئەو دوانە بڕوایوابوو نهێنی سەرکەوتنی فاشیزم دەگەڕێتەوە بۆ دنیایی ناسکی تاکی ئاسایی‌و بێ توانای کۆمەلگاو لێرەوە دەیزانی مەسەلەکە هەر کورت نابێتەوە بۆ ئەمە. بەلاّم نوسینەوەی درێژەی چیرۆکەکە پێویستی بە ئاگاداری لەوردەکاری

رووداوەکان‌و پسپۆڕیەك لەئابوریدا هەبوو کە فرۆم خاوەنی نەبوو. بابەتەکانی "راکردن لەئازادی" پەرشوبلاّوو ئاوازەکەی ئاموژگاریکارانە بوو. کتێبەکە پڕ بوو لەروونکردنەوەی سادەی دەرونشیکاریانەو پاش چەند ساڵ چیدی وەك سەرەتا کە سەرنجەکانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا، کاری لەخوێنەران نەدەکرد. ئەندێشەکانی دوایی پیشانیاندا کە فرۆم بە بەراورد بە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا، زیادەڕەوی کردووەو ئەو پێکهاتەیەی کە بە مەبەستی دەستنیشانکردنی هۆکارەکان دروستیکردووە، زۆر سادەیە.

سەرچاوە

بەشێکە لەفەسڵی سێهەمی کتێبی (ستیوارت هیوز: هجرت اندیشه اجتماعی. ت: عزت اللەفولادوند. چاپ اول.. تهران.. گرح نو ١٣٧٦).

ناسێۆنالیزم چیە"١"

ستانلی بن

دەکرێ لایەنیکەم وشەی ناسێۆنالیزم بە پێنج مانای جیاوزدا پێناسبکرێ :

1-جۆرێك هەستی وەفاداری بۆ نەتەوەیەکی تایبەت (واتە جۆرێك لە نیشتیمانپەروەری)

2-لەبارەی رێباز و سیاسەتێکەوە، مەیل بۆ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیەکانی نەتەوەی خۆ، بەتەنیایی، بەتایبەتی کاتێك پێی ململانێ لەگەڵ بەرژەوەندی نەتەوەکانی دیدا لەئارادا بێت.

٣_ گرنگیدانی سەرەکی بە خەسڵەتە تایبەتیەکانی هەر نەتەوەیەك و لێرەوە

٤- قسەکردن لە پێویستی پاراستنی کلتوری نەتەوەیی.

٥- بڕوابوون بەو تیورەیە لە سیاسەت و مرۆڤناسیدا کە رەگەزی مرۆڤ بەشێوەیەکی سروشتی دابەشبووە بۆ چەند نەتەوەیەک، هەندێك پێوەری دیاریکراو هەیە بۆ دیارکردنی نەتەوە و تاکەکانی و هەر نەتەوەیەك مافی خۆیەتی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەبێت و دەوڵەتەکانیش تەنها تا ئەوکاتە رەوایەتیان هەیە کە بەپێی ئەم بنەمایە دروستبووبن و دواجار جیهان لەرووی سیاسیەوە تەنها ئەوکاتە دەتوانییێت بەشێوەیەکی دروست رێکبخرێ کە هەر نەتەوەیەك دەوڵەتێکی هەبێت و هەر دەوڵەتێك لە کۆی نەتەوەیەك پێکبێت.

ماهیەت و پێوەرەکانی نەتەوە

بنەما و تیورەکانی سەر بە بەشی ٤ و ٥ لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەوە رەواجیان پەیداکرد. ئەڵبەتە بێگومان پەیوەندی هەستی کەسێك بە نەتەوەکەی خۆیەوە و بڕوابوون بەوەی بۆ نمونە ئینگلیزەکان هەموویان نەتەوەی ئینگلیز پێکدەهێنن، رابوردویەکی زۆر لەمە دورتری هەیە. مرۆڤەکان هەمیشە هەستیان بە پەیوەندی لەگەڵ جۆرێك "گروپی خودی"- چ عەشیرە یان خێڵ و شار و نەتەوە بێت- کردووە. هاوکات لەگەڵ ئەمەدا هەستیانکردووە بەوەی هەرکەسێك لەخۆیان نیە، بێگانەیە (هەندێکجار بەچاوی دوژمنیشەوە تەماشایاندەکرد). بەڵام دەبێت ببینین خەسڵەتی نەتەوەکان چیە و چ شتێك لە گروپەکانی دی جیایان دەکاتەوە.

پێناسی نەتەوە بە پێی دەوڵەت:

ئایدیۆلۆژیستی شۆڕشی فەرەنسی "ئابێ سێ یەس" لە ١٧٨٩دا نوسی نەتەوە"یەکێتی تاکەکەسانێکە کە یاسایەك فەرمانڕەوایان دەکات و یەك ئەنجومەنی یاسادانانیش نوێنەرایەتیان دەکات". کەوابوو بەپێی ئەم وێنایە یەکێتی و شوناسی نەتەوە لقی رێکخستنی سیاسیە و دەوڵەت پێشینەیەکی لۆژیکی بەسەر نەتەوەدا هەیە. تیورەکەی سێ یەس هاوجووت بوو لەگەڵ بنەمای دانانی تاك یان بەشی دابەشنەبوو لە تیگەیشتنی گروپدا و ئەم بڕوایە کە لۆك بەیەکێك لە تەفسیرکەران و بەرگریکەرانی سەرەکی دادەنرا، خەسڵەتی زۆربەی تیورە کۆمەڵایەتیەکان بوو لە

بزوتنەوەی رۆشنگەری سەدەی هەژدەدا. نوسەرانی وەك دیدرۆ و کۆندریسە لەو بڕوایەدابوون دەبێت گریمانەی ئەوە بکەین تاکەکان لەگەڵ دامەزراندنی سیستەمی سیاسیدان، لەبەرئەوەی (لەو روەوە) کە ئەمکارە لەبەرژەوەندی تاك و کۆیانە. بەرژەوەندی یان سودی گشتی کە بەمشێوەیە دروستدەبێت، بناغە و هۆی ئەرکی سەرشانە بۆ پاراستنی رژێمی ناوبراو و بەرگریکردن لێی. دەوڵەتیش بەتایبەتی وەك بابەتی ئەم بەرژەوەندیە، دەبێتە بابەتی وەفاداری. کەسانێك کە لەم بەرژەوەندیە گشتیەدا بەشدار دەبن، نەتەوە یان گەلێك پێکدەهێنن. سەلێنەری ئەم تێڕوانینە بۆ نەتەوەوە، بەکارهێنانی هاومانای دوو وشەی "تەبعیەت" و "نەتەوەیە"ە لە زۆریك لە حاڵەتەکانی قسەی باوی رۆژانەدا. (رۆژگارێك ئەم حوکمە لەبارەی زاراوە یاساییەکانیشەوە راستبوو، بەڵام هەنوکە زۆرێك لە دەوڵەتەکانی جیاوازیدەکەن لەنێوان ئەو ئەرکانەی دەرئەنجامی تەبعیەت و نەتەوەن). ئەگەر بمانەوێت جیاوازیبکەین لە نێوان تەبعیەت و نەتەوەدا، ئەمکارە بەشێوەیەکی سەرەکی بەوشێوەیە ئەنجامدەدەین کە تەبعیەت سنوردار دەکەین بە مەسەلە سیاسی و هەلومەرجە یاساییەکانەوە و لە دیارکردنی نەتەوەشدا پێوەرگەلێك بەکاردێنین وەك شوێنی لەدایکبوون و دایك و باوك و زمان و نەریتی کلتوری.

پێناسی نەتەوە بەپێی زمان و کلتور:

وێنای نەتەوە بەمانای زمان و کلتور لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەدا و بەشێوەیەکی سەرەکی بەهۆی بەرهەمی هەندێك بیریار و نوسەری ئەڵمانی وەك هێردەر، نۆڤالیس و شلایر ماخەر وفیختە وەك جەمسەرێك لە جەمسەرەکانی ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیستی، دەربڕا و بلاوبۆوە. شۆڕشگێڕانی فەرەنسی بڕوایانوابوو نەتەوە کۆمەڵێك کەسە کە هەر هەموویان سەر بە رژێمێکی سیاسین. بەڵام ئەڵمانیەکان لەسەر ئەو بڕوایەبوون کە خوداوەند و سروشت نەتەوەکانی لێکجیاکردۆتەوەو هەر نەتەوەیەك خاوەن خەسڵەتیکی تایبەتیە کە پەیوەندیەکی نزیکی بە زمانی هاوبەشی ئەو نەتەوەیەوە هەیە. لەبەرئەوەش کە زمان هەڵگری نەریتەکان، هەستەکان و ڕەمزەکانە و پەیوەندیە سۆزداری و ئەفسانەیەکان دەگوێزێتەوە، کەوابوو بەشداربوون لەهەر زمانێکی خۆییدا، بەمانای بەشداربوونە

لەکلتورێکی هاوبەشدا. بە نوسینی شلایر ماخەر "هەر زمانێك یەکسانە بە شێوەیەك بیرکردنەوەی تایبەت، ئەوەی بەزمانێك بیری لێدەکرێتەوە، هەرگیز مومکین نیە بەوشێوەیە بەزمانێکی دی دوبارە بێتەوە". ئەم وێنایە بۆ نەتەوە کەم کەم لەگەڵ تیورەیەکی میتافیزیکیدا پەیوەست بوو کە پەیڕەوەکانی بڕوایانوابوو هەر نەتەوەیەك دەرکەوتی رۆح یان مانایەکی هەمەکی تەرە کە ئەویش بە نۆبەتی خۆی دەرکەوتێکی جوانی راستیە. جیاوازی نەتەوەکانیش فرەیی بوون پیشان دەداتەوە و هەر نەتەوەیەك بەشی خۆی هاوکاری پێشکەوتنی رەگەزی مرۆڤ دەکات و لێرەوە تاکەکانی نەتەوە لەرووی ئەخلاقیەوە، پاراستن و پەروەردەکردنی نەتەوەیان لەئەستۆیە. لێرەوە بوو ناسیۆنالیستە کلتوریە ئەڵمانیەکان، لە کاردانەوە بەرامبەر بە جیهان نیشتیمانی **Aufklarung** (یان بزوتنەوەی رۆشنگەری لەو سەرزەمینەدا) کە مەیلی بەلای فەرەنسادا هەبوو، لەگەڵ رەهەندی ناسیۆنالیستی بیرکردنەوەیاندا، هەروا تەماشای نەتەوەکانیان لە دیمەنی گشتی مرۆڤایەتیدا دەکرد و بڕوایان وابوو هەر نەتەوەیەك دەبێت بەشی خۆی لە چارەنوسی پڕ هەوراز و نشێوی مرۆڤدا بدات.

ئەم دەستەیە لە بیریاران و نوسەران بڕوایانوابوو بوونی نەتەوە نەبەسترواوە بە ویستی تاکەکانیەوە، تاکەکان ناتوانن بڕیاربەدەن ئەندامی نەتەوەکەی خۆیان نەبن. چونکە بوونی نەتەوەیە کە فۆرمەلەی هوشیاریاندەکات. نەتەوەی ئەڵمانیا لەبەرئەوە بونێکی سروشتی هەیە کە کەسانێك بەپێی نەریتی ئەڵمانی لەدایکبوون، خۆبەخۆ لە ئینگلیز یان فەرەنسیەکان جیاوازن. کەوابوو ئەڵمانیەك گەر بیەوێت مەیمون ئاسا لاسایی فەرەنسیەکان بکاتەوە، دەبێتە رێگر لەبەردەم گەشانەوەی خود و سروشتی خۆی و دەبێت قەناعەت بەو شتە بکات کەلای ئەو لاوەکی و شتیکی دروستکراوە.

پێناسی نەتەوە بەپێی میراتی هاوبەش:

وێنای نەتەوە بەمانای زمان و کلتور، لە ١٨٨٢دا لە وتاری بەناوبانگی"نەتەوە چیە"دا بەتوندی کەوتە بەر رەخنەی ئەرنست رینان. رینان دەیگوت هەڵەیە گەر کەسانێك نەتەوەکان لەگەڵ گروپە زمانیەکاندا تیکەڵبکات. بنەما و رەگی هاوبەشی نەژاد یا زمان یان دین یان بەرژەوەندی ئابوری هاوبەش یان راستیە جوگرافیەکان،

بۆ دروستبوونی نەتەوەیەك بەس نین. نەتەوەگەلێك هەن وەك سویسریەکان کە لەم خەسڵەتانەدا هاوبەش نین، و هەندێك گروپی زمانیش هەن وەك نەتەوە ئینگلیز زمانەکان کە خاوەن ئەم خەسڵەتانە هەن و بەڵام پێکەوە نەتەوەیەك پێکناهێنن. رینان بڕوایوابوو ئەوەی لەپلەی یەکەمدا دەبێتە هۆی دروستبوونی دەوڵەت، بوونی میژووی هاوبەشە، بەتایبەت میژووی رەنج و ئازارەکان، واتە گەنجینەیەکی هاوبەشی یادەوەری کە مایەی هاودەردی و شانازی بێت. بەڵام رینان لەهەمانکاتدا بڕوایوابوو گرنگە هەندێك شتەکان لەبیر بچنەوە، چونکە تا برینە دێرینەکان سارێژ نەبن، هەستی بەشداربوون لە نەریتێکی هاوبەشی قارەمانیدا، پەیدا نابێت. کەوابوو دوهەم مەرجی بوونی نەتەوە خواست و ئیرادەی پێکەوەژیانو بە زیندوو هێشتنەوەی میراتی هاوبەشە. بەوتەی رێنان ("دوو" مەرجی پێویستنی دروستبوونی نەتەوەیەك ئەوەیە کە "خەڵکی" بەڕێکەوت کاری گەورەیان کردبێت و بیانەوێت دیسان لەو کارانە بکەن...بوونی نەتەوە...وەك "وەڵامێکی پۆزەتیڤە" بە راپرسیەکی رۆژانە).

بەڵام تەنانەت بەگریمانەی گرنگی ئەوەی کەسێك خۆی بە نەریتێکی هاوبەشەوە گرێبدات لە ژیانی نەتەوەیەکدا، دیسان جێی گومانە تەعبیری مەجازی یادەوەری هاوبەش، ئەوەندە کاریگەری لە رونکردنەوەی ئەو مەسەلەیەدا هەبێت کە ئەو شتەی یەکێتی و بەردەوامی بە نەریتی نەتەوەیی دەدات، چیە؟ یادەوەری لەرووی خودناسی و شوناسی فەردیەوە گرنگە، بەڵام تاکەکان ناتوانن بەم مانایە بیریان بێتەوە کە پێش لەدایکبوونی ئەوان چی رویداوە. هەروەها مەرج نیە پەیوەندیەکی فسیۆلۆجیان بە پێشینانی قارەمانەوە هەبێت. فەرەنسیەك تەنها بەمانایەکی مەجازی دەتوانێت بڵێت ژاندارك نەنکی ئەوە، تەنهاش لەبەرئەوە دەزانێت چ کەسێك بە باپیرانی خۆی بزانێت کە پێشتر لە نەریتی نەتەوەدا هاوبەشبووە. هەر هەلومەرجێك پێویستی بە جۆرێکی تری وەفاداری هەیە و رەنگە بەپێی هەلومەرج ئەو باوانەی تاکەکەس بەمولکی خۆی دەزانێت، بگۆڕێت. ئەمەریکیەکی یەهودی بە رەگەز ئەڵمانی رەنگە هەندێکجار خۆی لەگەڵ جفرسن و هەندێکجار لەگەڵ یەهودای مەکابێدا و هەندێکجاری دی لەگەڵ فردریکی مەزندا، بەیەك رەگەز بزانێت. پاشان رەنگە تاکەکان تەنها لەبەرئەوەی لە فلان رووداودا پێکەوە بوون، لە یادەوەریەکدا هاوبەش بن. بەڵام بوونی میژووی هاوبەش تەنها بەوە نیە هەموان هەمان رواوی میژووی

بـزانن، بـەڵکو بەوەیـە کـە خۆیـان لەگـەڵ کۆمەڵەیـەك رەمـزی مێـژووی هاوبەشـدا بەگرێـدراو ببیـنن و لەبـەردەم خۆیانـدا بەیـەك هونەرنوانـدن بنـازن و هەسـت بـە تووڕەیی لەبەرامبـەر سوکایەتپێکردنێکدا بکەن.

فەڕەنسیەك رەنگە ئەوەنـدەی لـەبارەی ژاندارکـەوە دەزانێـت، هێنـدەش لـەبارەی فردریکی گەورەوە بزانێـت، بـەڵام لەبەرئـەوە فەڕەنسیە کـە ژانـدارك مـوڵکی ئـەوە و فردریکیش موڵکی کەسانی دی. کەوابوو نەتەوە لەشوێنێکدا هەیە کە کۆمەڵێك کەس بەمشێوەیە مـەیلیان بـۆ کۆمـەڵێ رەمـزی هاوبـەش هـەبێت و خۆیـان بـە هـاوگروپ و بەشـدار لـەتێڕوانینێکی هاوبەشـدا بەرامبـەر بـەو رەمزانـە بـزانن و هەسـتێکی خەمخۆرییان بۆ یـەك هـەبێت کـە نەیانـەوێت کەسـانی دی بەشـدار تیـا بکـەن. دیـارە رەنگە لەرووی زمـان و دیـن و شکڵیـشەوە هەنـدێك خەسـڵەت هـەبن کـە دەستنیـشانی بکـات چ کەسـانێك دەبێـت بـەم وەسـفانە بناسـرێنەوە و گرنگـی هـەر یـەکێك لـەم سیفەتانەش بەپێی گۆڕان هەلومەرج دەگۆڕێت.

هەلومەرجی نەتەوە بەپێی سەرزەمین:

یـەکێك لـە خەسـڵەتەکانی نەتـەوە کـە لەهـەموو بەشـەکانی تـری پەیوەنـدی کۆمـەڵیی گـرنگتزە، پەیوەنـدی نەتـەوە و سـەرزەمینە. ئەگـەر کۆمـەڵێك لـەرووی سەرزەمینەوە پەیوەندییەکی تایبەتیان نەبێت، هۆیەك نیە لەپاش ئەمەوە بە دەستە یان خێزان یان چینێکی کۆمەڵایەتی دابنرێن. کەوابوو پێدەچێت وێنای وڵات یـەکێك بێت لە خودێتی وێناکانی نەتەوە. کەسێك کـە بەڕاسـتی جیهان نیـشتیمانە، سـەر بـە هیچ شوێنێکی دیاریکراو نیە. ئەم مەسـەلەیە ئـەوە رووندەکاتـەوە کـە پەیوەندیـەکی نزیـك لـەنێوان دوو چـەمکی نەتـەوە و دەوڵەتـدا هەیـە، چـونکە بناغـەی دەوڵـەتیش سەرزەمینە و دەوڵەتیش کەسانێك سەر بـەخۆی نـەبن، تـەنها لـەژێر هەلومەرجێکدا قبوڵدەکات کە خۆی دیاریدەکات.

لە هەلومەرجێکدا کە مێژووی ناوچەیی باس لە ناکۆکی نێـوان گروپـە مەزهـەبی یـان زمـانی یـان رەگەزیـە جیاوازەکـان دەکـات، هـەر گـروپێکیش لـە سـەرزەمینێکی دیارکراودا جێگیر بێت، تاکەکانی گروپ خۆیان بە گروپـی جیـاواز و خـاوەن مێـژووی

پەیوەندیـدار بـەو سـەرزەمینەوە دەزانـن و هەسـت بـە بڵنـدی یـان بەرگـەگرتنی سـەختیەکان دەکـەن. خەسـڵەتەکانی گروپێـك لەگروپـەکانی دەوروبـەر جیادەکاتـەوە، بەخەسـڵەتی خـەڵکی ئـەو سـەرزەمینە دەزانرێـت، ئەگەرچـی لـەدەرەوەی ئـەو ناوچەیەش خەڵکی وا پەیدا ببن. دەکرێ چاوەڕێی ئەوەبین هەر گروپێکی لەمچەشنە کە لەدەسەڵات مەحروم بێت، ئارەزووی سەربەخۆی بکات و بیەوێت خۆی راستەوخۆ مەرجەکانی بەهرەمەندبوون لە دەسەڵات و بایەخ، لەسەرزەمینی خۆیدا دەستنیشانی بکات. هەر گروپێکی نەتەوەیی رەنگە شوناسی خـۆی و تاکـەکانی خـۆی بـە کۆمـەڵێك خەسـڵەتەوە گرێبـدات. ئـەوەی لەهـەر حاڵەتێکـدا کـام خەسـڵەت دەبێتـە تـەوەرەی سەرەکی نەتەوایەتی، پەیوەستە بەوەوە گروپەکە لەچ ڕێگەیەکەوە بـە خودهوشـیاری گەیـشتووە. زۆرجـار پێـوەری گـروپ بۆئـەوەی بڵێـت زوڵمـی لێکـراوە، هـەمان ئـەو خەسـڵەتە دەبێـت، هـەروەها دەگوترێـت وڵاتـی گروپـی سـتەملێکراو هـەمان ئـەو سەرزەمینەیە کە گروپی ناوبراو تیایدا باڵادەستە یان تا ئەو جێگەیەی کـە یـادەوەری هاوبەش پیشانیدەدات، ڕۆژگارێك لە رابردوودا(لەو سەرزەمینەدا) باڵادەستبووە.

پێناسی نەتەوە بەپێی ئامانجی هاوبەش:

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لەبەرئەوەی زۆرجار ناسـێۆنالیزم شـێوەیەکی نـاڕەزایی دەربڕینـە، چـەمکی نەتـەوە کـە پێـوەی گرێـدراوە، ڕەنگـە تـەنها نـەك پەیوەنـدی بـە ژماردنی خەسڵەتە پۆزەتیڤە هاوبەشەکانی گروپەوە هەبێت، بەڵکو بەهەمان ئەندازە پەیوەندی بە دەستنیشانکردنی "گروپی بێگانە"ی ئامـانجی پیکدادانـەوە هـەبێت. بـۆ نمونە لەسەدەی بیستەمدا ناسیۆنالیزمەکانی ئەفەریقا و ئاسیا بەتوندی پشتیان بەوە بەستبوو کە کۆڵۆنیالیکردنی سپیپێستەکان ڕەدبکەنـەوە و بیانـەوێت لەگـەڵ ئەوانـدا بەیەکسان دابنرێن. بەڵام ئەمە بەتەنها بـۆ دروسـتبوونی نەتـەوە بـەس نیـە، چـونکە ئەگەرچـی ئـەم هەسـتانە لـە زوربـەی ئەفـەریقای ڕەشـدا دەبینرێـت، بـەڵام تـەنها ژمارەیەکی ئەفەریقیەکان خۆیان بە یەك نەتەوە دەزانن و ئارەزوو دەکـەن هـەمویان پێکەوە لەیەك دەوڵەتدا یـەکبگرن. لەڕاسـتیدا ڕەنگـە ناسـێۆنالیزم لـەپێش نەتـەوەوە بوونی هەبێت، ئەگەر بەمانای ئارەزووی گروپێکی دەسـتەبژێری خـاوەن پـەروەردەی ئـەوروپی بـۆ سـەربەخۆی سـەرزەمینێك بـژمێرێت کـە سـنورەکانی یـەکێك لـە

ئیمپراتۆریەکان بە سەرنجدان لەرووی ئیداری و تەنفیزیەوە دەستنیشانی کردووە، نەك هیچ جۆرە نەریتێکی خۆیی یان ئارەزویەکی رەمزی. ناسیۆنالیزمی ولاتانی وەك غینیا دەبێ پاش گۆڕانی کۆلۆنی پێشوو بۆ دەوڵەتێکی نوێ، تازە دەستبکەن بە دروستکردنی نەتەوە. بوونی دەوڵەت رەنگە هەرئەوەندە لەرووی دروستبوونی نەتەوەوە گرنگی هەبێت کە بوونی نەتەوە بۆ دروستبوونی دەوڵەت هەیەتی. بەڵگەی ئەم قسەیە سەرکەوتنی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا و یەکێتی سۆڤێتە. ئیمپراتۆری نەمسا، هەنگاریا لەبەرئەوە لێکهەڵوەشایەوە کە لە دروستکردنی نەتەوەیەکدا شکستیهێنا.

مافی چارەی خۆنوسین

تیورەی ناسیۆنالیزمی هاوچەرخ لە دوو سەرچاوەی هاوتاوە دێتەدەرێ: یەکێکیان وێنای فەرمانڕەوایەتی خەڵکی و ئەویدیان ناسیۆنالیزمی رۆمانسی ئەڵمانیایە کە بناغەکەی ئەنتۆپۆلۆجی بوو. بیریارانی زانستی سیاسەت لە سەدەی هەژدەدا فەرمانڕەوایەتیان لەبری پاشا، بە مولکی خەڵك دادەنا و بەمشێوەیە مافیان بەخەڵکیدەدا کە راستەوخۆ جۆری حکومەتەکەی خۆیان دەستنیشان بکەن. ئەمکارە هەڵگری هیچ مەترسیەك بۆ رژێمی ئەو ولاتانە نەبوو، لە فەرانسا و ئینگلتەرەدا خەڵکی هوشیاربوون بە بوونی خۆیان و سنورەکانیان کەمتازۆر لەگەڵ سنورە جێگیرەکانی ولاتدا هاوڕێك بوو، دەوڵەتیش لەپێشەوە بوو بوو بە رەمزی نەتەوە، هیچ جۆرە یەکێتی خوازیەك لەئارادا نەبوو. بەڵام نەتەوایەتی لەئەڵمانیا و ئیتالیادا لەسنورەکان تێدەپەڕی. قسە لەسەر ئەوە بوو گەر خەڵك فەرمانڕەواییان هەیە، کەوابوو دەتوانن رژێمی سیاسی ئارەزومەندانەی خۆیان هەڵبژێرن. جگە لەمەش دەبێ گەر "خەڵکی" بەدەر لە هەلومەرجی ولاتەکانو بەپێی نەتەوایەتی پێناسبکرێن، کەوابوو ئیرادەی نەتەوەیی بۆ بەدەستهێنانی یەکێتی و سەربەخۆی خۆبەخۆ رەوایە، ئەگەرچی ببێتە هۆی کەرتبوونی دەوڵەتە هەبووەکان و تێکچونی رەوایەتی خێزانە سەڵتەنەتیەکان و ببێت بە رێگەپێدەرێك بۆ دەستدرێژی ئازادیخوازانەی نەتەوەیی ولاتێك بۆسەر ولاتێکی دی. ناسیۆنالیستی ئیتالی جۆزێف ماتزینی لەم مەسەلەیەدا تونڕەویکرد و گوتی بڕوایوایە خوداوەند وای ویستووە کە

هەر نەتەوەیەك لەناو سنوری سروشتی خۆیدا خاوەن یەکێتی و سەربەخۆی خۆی بێت. جۆن ستیوارت میل لە کتێبی "حکومەتی هەڵبژێراودا" بە پەیڕەوکردن لەسروشتی میانڕەوی خۆی، تێڕوانینێکی نەرمتری پێشکەشکرد و نوسی:

"لەهەر شوێنێك کەمتازۆر هەستی نەتەوایەتی بە تۆندی هەبێت، دەکرێ گریمانە لەسەر پێویستی یەکێتی کۆی تاکەکانی ئەو نەتەوەیە لەژێر حکومەتێکدا و دامەزراندنی حکومەتێکی جیا و تایبەت بە خۆیان بکرێت. مانای ئەم قسەیە لەوە زیاتر نیە کە بڵێین خەڵکی ژێر دەسەڵاتی حکومەتێك، شایستەی ئەوەن خۆیان مەسەلەی حکومەت بخەن بەلایەکدا. ئەگەر هەر بەشێك لە رەگەزی مرۆڤ لە دیاریکردنی ئەم مەسەلەیەدا ئازاد نەبێت کە دەیەوێت پەیوەندی بە کام کۆمەڵی مرۆڤەوە بکات، ئیدی دیاری نیە لە چ شتێکدا ئازاد دەبێت".

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا مافی چارەی خۆنوسینی فەردی و کۆیی هەڵگری گەلێك کێشەی گەورەیە. وێنای دەوڵەت وەك رێکخراوێکی بالادەست بەسەر هەموو تاکەکان لەناو سنوری ولاتدا، ناکۆکە لەگەڵ وێنای بەراست زانینی ئازادی هەرکەسێك لە وەفادار مانەوەدا بۆ ئەو ولاتە. ئەڵبەتە هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە کاریگەری لەوەدا هەبێت کە دەیەوێت چ کەسێك و چۆن حکومەتی بەسەردا بکات، بەڵام ئەمە بەمانای مافی بەشداریکردنە لە وەرگرتنی هەندێك بڕیاری یاساییدا کە تیایدا بوونی چوارچێوەی سیاسی بە بەڵگەنەویست دادەنرێ، نەك بە مانای ئەوەی هەر کەسێك چۆنی ویست رەفتاربکات. کێشەی مافی کۆیی لەمە کەمتر نیە. لە کرداردا هیچ سنورێك بۆ جیابونەوە و دابەشبوون مومکین نیە کە هەرکەسێك لە ناوچەیەکی وەك بالقاندا، لە ولاتی ئارەزومەندانەی خۆیدا دابنێ.

بەڵام مەسەلەی سەرەکی یەکلاکردنەوەی ئەو خاڵەیە کە لەرووی مافی چارەی خۆنوسینەوە گروپی نەتەوەیی بریتیە لەچی؟. وەك چۆن کۆنگۆیەکان مافی چارەی خۆنوسینیان لە کاتانگا مەحرومکرد، ئەمرۆش دیسان بە ناوی یەکێتی نەتەوەوە، ناسیۆنالیستەکانی غانا ئەم مافە لە ئاشانتیەکان زەوتدەکەن. ئەگەر ئەڵمانیەکان دەڵێن هەموو خەڵکی ئەڵمانی زمان، تاکەکانی نەتەوەی ئەڵمانن و لێرەوە دەبێ بەشێکی ئەڵمانیا بن، ئایا لەسەر بناغەی مافی چارەی خۆنوسینی نەتەوەیی بۆ کەسانی ئەڵمانی دەرەوەی ولات، هەڵبژاردنێك لەم زەمینەیەدا دەمێنێتەوە؟ ئەگەر

نکولیانکرد وەك تاکی ئەڵمانی نکولیانکردووە یان وەك نائەڵمانی؟ ئەگەر وەك ئەڵمانی، ئایا ئەمە ناکۆك نیە لەگەڵ مافی چارەی خۆنوسینی کۆی خەڵکی ئەڵمان؟ ئاشکرایە گەر بڕیار بێت بەپێی پێوەری بابەتی وەك زمان، لەبارەی نەتەوەوە داوەری بکرێت، بنەمای مافی چارەی خۆنوسین، بەدەر لە ئارەزوەکانی ورده گروپە **subgroup** پەیوەندیدارەکان، سەلیقەری سیاسەتی پاوانخوازی دەبێت، چونکە گریمانەکە لەسەرئەوەیە بۆ دەربڕینی خواست و ئیرادە، بەشی گەورەتر بنەمایەکی پتەوتر لە بەشی بچوکتر. بەڵام ئەگەر بڕیار بێت نەتەوە لەسەر بناغەی پێوەرە زیهنیەکانی وەك ئیرادەی ژیان لەژێر سایەی حکومەتێکدا، هەڵسەنگێنرێ، ئەوەی کە ورده گروپی ناوبراو، بەشداری نەکردووە، بەروکەش بەلگەیەك دەبێت بۆئەوەی بڵێین بەشێك نەبووە لەو نەتەوەیە. بەهەمان شێوە رەنگە کەمایەتیەکی نەیار لەناو ئەم گروپە بچوکەدا بانگەشەی شوناسێکی نەتەوەیی جیاوازبکات و بەمشێوەیە تادوایی..ئەگەر کەسێك پێوەرە زیهنیەکان بۆ مافی چارەی خۆ نوسینی کۆمەڵێك قبوڵبکات، ئیدی هیچ بەلگەیەکی بۆ ڕێگەگرتن لە گشتگیریان بۆ مافی چارەی خۆ نوسینی فەردی نابێت.

پێوەرە بابەتیەکان زۆرجار لەهەندێك حاڵەتی واقعیدا قابیلی بەکارهێنان نین، بەڵام بنەمایەکی ڕوون بۆ دامەزراندنی دەوڵەت بەشێوەیەکی دروستدەدەن بەدەستەوە. لەگەڵ ئەمەشدا ئەو تیوریەی خاوەنەکانی تاك بە بنەما دادەنێن و بڕوایانوایە کە بنەمای ئەرکە سیاسیەکان رازیبوون و قبوڵکردنی تاکەکەسە، سەلیقەری ئەو پێوەرانە نیە. بنەمای (رازیبوونی و قبوڵکردنی تاکەکەس)دەوری خۆی لە مێژووی ناسیۆنالیزمدا بینیوە. کانت بڕوایوابوو بنەمای هەڵبژاردن و ئۆتۆنۆمی"٢" ئەخلاقی پێویستی بەوەیە مرۆڤەکان لەڕووی پەیوەندیان بە مەلەکوتی غایات و لەو ڕووەوە کە خۆیان یاسا بۆ خۆیان دادەڕێژن، ئەرکی سیاسیش لە ئەستۆی خۆیان بنێن و دەبێت سەروەری و دەسەڵات بەجۆرێك کە لە یاساکاندا ڕەنگی داوەتەوە، سەرچاوە بگرێت و پێرەوی ئەو بێت. بەڵام ناسیۆنالیستانێکی وەك بیریاری ئابوری سیاسی ئەڵمانی، ئادەم مولەر دەستیان خستە ناو بەلگاندنەکانی کانتەوە بەو شێوەیە کە گوتیان تاك لەگەڵ نەتەوەدا یەك شتە، و ڕۆحی نەتەوەیی [Volksgeist] دەرکەوتی راستەقینەی ئیرادەی هەمیشەی تاکەکەسە، نەك

هەرجۆرە ئارەزوویەکی فەردی. بەمشێوەیە ئیرادەی گشتی کە بەبڕوای ڕۆسۆ و کانت ئۆتۆنۆمی ئەخلاقی فەردی لەگەڵ دەسەڵات و سەروەری سیاسیدا دەگونجان، بوو بە ئامرازێك بۆ بانگەشەی ئەوەی بڕیاری تاکێك کاتێك نەیاری ڕۆحی نەتەوەیی بێت، بێ هودە و نابابەتیە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ناسیۆنالیزم لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا بەچەندان نیەتی مرۆڤانە و ئازادیخوازانە ئارایشتکرابوو. فیختە و ماتزینی بڕواینوابوو تا نەتەوەیەك بەشێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و خاوەن دەسەڵاتدارێتی و یەکێتی پەیدا نەبێت، تاکەکانی خاوەن بایەخی یەکسان و جێی ڕێز نابن. لەڕوانگەی خۆشیاندا خاوەن کەرامەت و عیزەتی نەفس نابن. جوانی قەناعەتپێکەری ناسیۆنالیزم لە ئەفەریقا و ئاسیادا بەشێوەیەکی سەرەکی لەم بیرەوە سەرچاوە دەگرێت. چارە ڕەشانێك کە ناچنە ژێر رکێفی سپی پێستەکانەوە، هەستەکەن لەڕووی عیزەتی نەفسی خۆشیانەوە بووە، دەبێ خاوەن فەرمانڕەوایانێك بن لە پێست و ڕەنگی خۆیان کە پەیوەندیان پێیانەوە هەبێت و سەرانی دەوڵەتانی دی مافی حوکمڕانیان لەخۆیان نزمتر نەبینن ▪

بەڵام هەر کە یەکێتی و سەربەخۆی بەدەست دێت، هەمان دڵەڕاوکێی ئەخلاقی کە ناسیۆنالیزمی بەرهەمهێناوە و هەندێکجار گەورەترین هۆی ڕەوایەتی بووە، بە ئاسانی دەگۆڕێت بەشێوەیەکی جەسارەت و وێرانکاری و لەخۆ ڕازیبوونی نەتەوەیی. وەك ئەوەی شارل مۆرا لە فەرەنسادا ناوینا "ناسیۆنالیزمی تەواو" و لە وەسفیدا نوسی کە بریتیە لە "بەدواداچوونی پەتی سیاسەتە نەتەوەییەکان و پاراستنی ڕەهای سەرجەمێتی و زیادبوونی لەسەرخۆی دەسەڵاتی نەتەوەیی". دەوڵەتی تاك نەتەوەیی چیدی لە ئاسۆی فراوانی مرۆڤایەتیدا سەرنجنادرێ و هەنوکە پێویستی بەهیچ ئاراستەکردنێك جگە لەبوونی خۆی نیە. بێگومان ناسیۆنالیزم بەم ڕەنگ و بۆنەوە دژی بنەما عەقڵیەکانە وبە وتاربێژی ڕەمزی وەك "خوێن و خاك" دەوروژێت و گەرچی لە ڕوانگەی میژوونوس و کۆمەڵناسەوە گرنگیەکی زۆری هەیە، بەڵام هەڵەیە بەچاوێك تەماشابکرێت وەك ئەوەی شایستە ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی جدی عەقڵی بێت ▪

پەراوێزەکان :

1)Stanly i. Benn, Nationalism, Encyclopedia,ed.Paull Edwards, 1967.

٢-بە بڕوای کانت تەنها ئەو دەستور یان رێسایە بەهای ئەخلاقی هەیە کە سەرچاوەکەی ئیرادەی ئازادی مرۆڤ بێت و مرۆڤ بە پێی فیترەتی دروستی خۆی، بۆخۆی هەڵبژاردبێت. لێرەوە ئۆتۆنۆمی ئیرادە تەنها کاتێك رووەدات کە ئیرادە پەیڕەوی یاسای دانراو لەلایەن خودەوە، واتە بابەتی رەها، بێت، بەجیا لە پەیڕەویکردن لە یاسا و رێسای دانراو لەلایەن دەرەوە. (و.ف)

سەرچاوە

ئەم وتارە لەم سەرچاوەی خوارەوە کراوەتە کوردی :

عزت الله فولادوند. خرد در سیاست. گرح نو. ص٣٤٢